# تیشک

تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ٥٨ | ساڵی بیستودووەم | زستانی ٢٧٢٠

تەوەری ئەم ژمارەیە:

## میدیا و دەسەڵات



## میدیا و دەسەڵات ٣٢


٢٢٤
ئەرکی میدیا

١١٠
سینەما و کۆلۆنیالیزم

٤٣٤
وێناکردنی کورد لە مێژوونووسیی فارسیدا

٥٢
دەسەڵاتی چوارەم

پێشکەشە بە هونەرمەندی شۆڕشگێڕ:
نەمر تەیفوور بەتحایی

**نا، بۆ کوردێک کفرە ئێستا کوردستان وتن،**
**چەرچییەکانی ئیستعمارم لێ ئەبنە دوژمن!**

گۆران

**گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە**

ژمارە ٥٨ • ساڵی بیست و دووەم • زستانی ٢٧٢٠

سەرنووسەر:
ناسر مورادی

دەستەی نووسەران:
ئیدریس ئەحمەدی، سارۆ ئەردەڵان،
مەسعوود بابایی، بیریار ژاوەرۆیی، مانشت زاگرۆس
ئالان حەسەنیان، ئاگری ئیسماعیلنژاد، بابان ئەلیاسی
شەهلا دەبباغی، ڕزگار موکری

بەڕێوەبەری نووسین:
شەهاب خالیدی

بەڕێوەبەری وەرگێران:
ژینۆ ڕۆژبەیان، ڕێبوار ڕۆژهەڵات

پەیوەندییە کوردستانییەکان:
هادی عەزیزی

زمانەوان:
کامیل نەجاڕی

وێنەی ڕووبەرگ:
کەیوان فاتحی

دیزاین:
ڕێبوار

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا
بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاو دەبنەوە

https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk
https://govartishk.com/podcast/

## پێرست

**سەروتار** • ناسر موڕادی ۶

### سەکۆ

**مێدیا** • برایم فەرشی ۱۰

### تیۆری

**میدیا و دەسڵات** • حشمەت خوسرەوی ۲۲
**دەسەڵاتی چوارەم** • رزگار ئەمین‌نژاد ۵۲
**جیهانی سنووردارکراو بە هۆی سەروەریی وڵاتانەوە** • بەرزوو ئەلیاسی ۷۶
**فەزای مەجازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان** • کاروان موکریانی ۸۸
**دیکتاتۆرییەت و هەڵبژاردن: نموونەی کۆماری ئیسلامیی ئێران** • ئیدریس ئەحمەدی ۱۰۴
**سینەما و کۆلۆنیالیزم: پیشاندانەوەی کورد لە سینەمای ئێراندا** • سارۆ ئەردەڵان ۱۱۰
**کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان** • ڕەزا فەتحوڵڵانژاد ۱۳۶
**ململانێ و هەڵاواردنی ئێتنیکی لە ئێران** • کەیهان یووسفی ۱۴۶
**زوال ابدیت؛ نقد و بررسی سریال روزهای ابدی** • هیوا ڕۆژهەڵات ۱۶۰

### شیکاری

**گوتاری ڕۆژنامەنووسیی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی ...** • ڕەحیم سورخی ۱۸۲
**مانای «میللی دێمۆکراتیک»بوونی خەباتی کورد** • ئیسماعیل شەریفی ۲۱۴
**ئەرکی میدیا** • عەبدوڵڵا حیجاب ۲۲۴
**ڕەنگدانەوەی کورد لە زنجیرەی تەلەڤزیۆنیی «نون خ»ـدا** • هێرش ناسری ۲۳۴
**کورد لە میدیای کۆلۆنیالیزمدا** • ماردین ڕەحیم نژاد ۲۵۰
**لە چەند پرسیاری نائاساییەوە تا دۆخێکی جیاواز** • مامەند عەلیار ۲۷۲
**تارماییەکانی دۆزاک لە نیشتماندا** • ئاگری ئیسماعیلنژاد ۲۸۰
**ژیاننامە، خودنووسینەوە و جیاوازییەکانی نێوانیان** • بەیان سەلمان ۲۹۸
**هونەری بەرگری** • قادر ئەلیاسی ۳۰۸
**لێکدانەوەی لایەنی ئەخلاقی لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان** • ژیوان کوردستانی ۳۱۴
**بەرگریی لە هونەر** • حسێن شەبەق ۳۲۲
**هاوێنەی «جۆری کۆمەڵایەتی»** • ئەرسەلان ڕەحمان ۳۳۴
**شبکەی کُرد: مصداق بارز صنعت فرهنگ حکومت اشغالگر ...** • ڕامان ڕۆژهەڵات ۳۴۶

### ڕوانگە

**حیزبی هاوچەرخ: جیابوونەوە و دابڕانەکان** • مەعروف کەعبی ۳۵۲

### وتووێژ

**وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە** ۳۶۶
**وتووێژ لەگەڵ حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)** ۳۸۲
**وتووێژ لەگەڵ عەبباس وەلی** ۳۹۸
**وتووێژ لەگەڵ هەژار برینجی** ۴۱۶
**وتووێژ لەگەڵ نەعیم نەجەفی** ۴۲۴

### وەرگێران

**وێناکردنی کورد لە مێژوونووسیی فارسیدا «نموونەی سمکۆ»** ۴۳۴
**ئاڵنگاری خەباتی کوردان لە تورکیە** ۴۵۴
**دولتمردان فکری و ساختن دولت ـ ملت غیر لیبرال در ایران (۱۹۲۶-۱۹۲۱)** ۴۶۸
**نەتەوەی لەمێژینە و دێرینی ئێران؟** ۴۹۰
**ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ** ۵۱۶
**ئا.د. ژابا و کوردناسی** ۵۳۸
**سەد ساڵیی سیڤەر: مافی دیاریکردنی چارەنووس و کوردەکان** ۵۵۶

### هەڵسەنگاندن

**ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد...** ۵۶۴
**هەڵوەشاندنەوەی گابۆر** ۵۷۲

# سەروتار

ناسر مورادی

دۆخی نەتەوەیەکی بندەست دەکرێ لە جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنی سەردەست وێنا بکرێت.کاتێک باس لە دۆخی بندەستی دەکرێ، ئاماژە بە قەوارەیەکی دەسەڵات یان پێکهاتە و یەکەیەکی سیاسی دەدرێ کە لە ناوەندەوە پەیوەندییەکانی خۆی بە پەراوێزێکی داگیرکراوەوە دەبەستێتەوە. بۆ تێگەیشتن لە دۆخی کۆلۆنیالیزم پێویستە کە لە ڕووی تیۆرییەوە لێکدانەوەی ژێرخانی ئەم پەیوەندییە داگیرکارییە بکرێ و لەگەڵیدا تیشک بخرێتە سەر فاکت و واقیعی ئابووری - کۆمەڵایەتی، هەتا قووڵایی دۆخی کۆلۆنیالیستی زیاتر ڕوون ببێتەوە. تێگەیشتن لە سیاسەتی ناسنامە لە کۆمەڵگایکی بندەست یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم داگیرکارییەیە کە دەخوازێ بە وردی و بە شێوەیەکی هەمەلایەنە توێژەران ئاوڕی لێ بدەنەوە.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گومانێک لەم پەیوەندییە داگیرکارییە نییە کە بەو پێیە قەومییەتی سەردەست بە هەموو هێزیەوە هەوڵی سڕینەوە، نکۆڵی، تواندنەوە و شێواندنی ناسنامەی کوردستانی داوە، ئەگەرچی لایەنەکانی ئەم سیاسەتانە توێی ئاشکرا و زۆر جاریش ڕەهەندی شاراوەی هەیە. ئەنجام و ئاراستەی ئەم سیاسەتە ئەگەر لە سەردێڕێکدا کۆ بکەینەوە «سەرکوتی سیستەماتیک»مان لا وێنا دەبێ. یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم سەرکوتە، پەیوەستە بە ڕێوشوێنەکانی ڕاگەیاندنی ئایدیۆلۆژیک و بەکارهێنانی بۆ چڕترکردنەوەی سیاسەتی سەرکوت لە جوغرافیای ئێراندا کە بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو گەراکانی خۆی لە سەر بەستێنی شکۆی بە ناو وڵاتی گەورە و دێرین و حکومەتێکی شۆڤێنیست - ئایینی داناوە.

لەم ڕووەوە میدیای داگیرکەر کۆڵەکەیەکی گەورەی دەسەڵات بووە بۆ پاراستن وپەرەپێدان بە پەیوەندییەک لەسەر بنەمای کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوە.

پڕ ئاشکرایە کە میدیای ئایدیۆلۆژیک لایەنی نەرمئامێری دەسەلاتی خۆسەپێنی ئێرانییە کە دەیەوێ مەشروعیەت بۆ داگیرکاری لە کوردستان ساز بکا. ئامانج یان دەرهاوێشتەی ئەم هاوکێشەیە، پێکهێنانی مەترسی و هەڕەشە بووە بۆ سەر ناسنامەی نەتەوە بندەستەکان. ئەم هەڕەشەیە بە ڕێگای تێهەڵکێشێک لە دامودەزگای ئایدیۆلۆژیک (میدیا، پەروەردە و یاساکان) و دامودەزگای سەرکوت و زەبروزەنگ (سوپا و زیندان) خۆی نواندووە.

هاوکات لەگەڵ میدیا وەک ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیکی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە وشیاریی تاک، کۆمەڵگا و بەرپرسیاریەتی هێزە خەباتکارەکان لە کوردستان تا چ ڕادەیەکە؟ خەسارناسی و خوێندنەوەی نزیک لە واقعی پەیوەندیی نێوان میدیا و دەسەڵات لە چ ئاستێکدایە؟ خوێندنەوەی بیرمەندان و توێژی ئاکادیمیسییەن و خوێنەواری کورد لە بواری میدیایی و تێڕوانینیان بۆ پرسی میدیا و دەسەڵات بە چ شێوەیەکە؟ لە دەلاقەی زەرورەتی مێژووییەوە، کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو تاک و هێزانەی کە بەرپرسیارەتی گەورەی مێژوویییان لە ئەستۆیە، بە چ شێوەیەک و تا چ ڕادەیەک دەتوانن کار بە گوتاری کوردایەتی لە میدیای نیشتمانیدا بکەن؟ چۆن دەتوانن پێناسە، مانا و چەمکی زیندوو بۆ سیاسەتی میدیایی نەتەوەیەکی ڕزگاریخواز بدۆزنەوە؟ لە توێی توێژینەوەکانی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری تیشک وەڵام و خوێندنەوەی هەندێک لەم پرسانە بەردەستە.

# "سەکۆ"

# مێدیا

برایم فەڕشی

سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ. ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.

برایم فەڕشی (١٩٥٧) لە بواری شانۆ، دراما، شانۆپێداگۆگی و داڕێژەری سیستەمی فێربوون، خوێندوویە و نووسەری ٢٥ کتێب و سەدان وتارە لە بواری شانۆ، شانۆپێداگۆگی، شانۆنامە، مێدیا و بیر وهزر. جگە لە پیشەی شانۆگێری و ئاکتۆریی فیلم و دوبلۆری، وەکو شانۆپێداگۆک و ئەندامی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمان (www.butinfo.de) و بەرپرسی بەشی شانۆی ناونەتەوەیی و فرەکولتوری، دەیان پرۆژەی شانۆپێداگۆگی بەڕێوە بردووە(١٩٩٠-٢٠١١) .

لە کوردستان بەرپرسی شانۆی لاو لە شاری بۆکان(١٩٧٣-١٩٨٠)، لە تاران بەرپرسی ناوەندی «فیلم و نمایش»(١٩٨٠-٨٢)، لە شاری کۆڵن بەرپرسی ناوەندی شانۆی کۆچەر(١٩٨٩-٢٠٠٠)، ئەندامی ڕێداکسیۆنی گۆڤاری «Kurdistan heute»(١٩٩٣-١٩٩٧)(www.navend.de)، ئەندامی ڕێداکسیۆنی (www.colognelife.de)-(٢٠٠٣-٢٠٢٠)، ئەندامی ڕێداکسیۆنی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات ـ بۆکان (www.bokan.de) (١٩٩٨- ...) بووە.

ئەو وەک داڕێژەری سیستەمی فێربوون لە ساڵی ٢٠١١ەوە ئەنستیتۆی (Lernhaus)ی بۆ فێربوون دامەزراندووە کە جگە لە ئاڵمان لە فەڕانسە و ئیتالیاوە خوێندکار ڕووی تێ دەکەن. دوابەرهەمی هونەریی برایم فەڕشی بەڵگە فیلمی سینەمایی (Die Schule zwischen Hoff-nung und Aufbruch-2017)ە.

## مێدیا، لە نامەوە بۆ سمارتفۆن

[ئەم کورتە وتارە، گشتی و کراوەیە و ناتوانێ فرەلایەن باسی مێدیا و کۆمۆنیکاسیۆن لەخۆ بگرێ. وتارەکە لەم بەشانە پێکهاتووە: دەروازەی باس، دووبەری مێدیا، چاپ و یەکەم نیشانەکان، کتێب و ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، مێدیا و کات و شوێن، تیۆریی پێنج پرسیار، تیۆریی شەش مێتۆد، کورد و مێدیا. بەڵام باس لە ئینتەرنێت، مێدیای دیجیتاڵی، «لێهاتوویی دەستکرد KI»[1]، «مرۆڤ ـ ماشێن ـ مێدیا»، لە وتارەکەدا جێگایان نەبووتەوە.]

## دەروازەی باس

پرسی تێگەیشتن و تێگەیاندن، مێدیا و کۆمۆنیکاسیۆن، لە سەردەمی سوقرات و ئەفلاتون و بەر لەوانەوە بە پێی بەردەنووسەکان هەتا «کانت، هایدیگەر، ئادرنۆ، ئیدوارد بێرنایس، نیکلاس لومان، هارۆلد ئادامس ئینرس، ڕۆبێرت سیالدینی و ...»[2] جێگای مشتومڕ بووە، بەڵام تا ئێستا پێناسەیەکی زانستی ـ فەلسەفی هەمەلایەن و گشتگیر کە سنوورەکانی مێدیا ڕوون بکاتەوە، جێگیر نەبووە و بۆچوون و دانوستاندن و گەنگەشە بەردەوامە. هەرچۆنێک بێت، مێدیا هەمیشە دوو لایەنی بەرانبەر بە یەکی هەبووە، خاوەن مێدیا و بەکارهێنەری مێدیا.

## دوو بەری مێدیا

خاوەن مێدیا مەبەستی ئەوەیە، بەکارهێنەری مێدیا بە مێدیاکەیەوە ببەستێتەوە. سەرکەوتن و مان و نەمانی مێدیا، بەستراوەتەوە بە بەکارهێنەری مێدیا. بۆ بەستنەوەی بەکارهێنەر بە مێدیاوە، سوود لە زانست، کەرەسە و هونەر وەردەگیرێ. ڕەوتی بەستنەوەی کڕیار بە کاڵا و مرۆڤ بە مێدیا، پرۆسەیەکی ساکار نییە، هەمەلایەن، چڕوپڕ و تێکچڕژاوە!

بەکارهێنەری مێدیا لە ڕێگای چاو، گوێ و هەستی خۆیەوە سوود لە مێدیا وەردەگرێ. ئەو دەوری یەکسانی لە گەڵ خاوەن مێدیا نییە. بە وتەی ساکار، خاوەن مێدیا بەرهەم دەهێنێ، بینەر، بیسەر و خوێنەریش بەرهەم بەکاردەهێنن. چەشنێک قانوونی بازاڕ( کاڵا و کڕیاری کاڵا) لە نێوان هەردووکیاندا دەور دەگێڕێ. مەبەست لە کاڵا «شتومەک» نییە، مەبەست بەرهەمێکە کە خۆی لە فۆرم و شکل و مۆدێلی جیاوازدا دەنوێنێ و کار دەکاتە سەر هەست و دەروون و مێشک و تێگەیشتنی مرۆڤ و لە پرۆسەدا گۆڕان بەسەر کەسەکە و ژیان و تێگەیشتنیدا دەهێنێ. لە بنەڕەتدا بە پێی تیۆریی ڕێکلام و

تەبلیغاتـــی بازرگانی، ئەوەی لـــە ڕێگای مێدیاوە بە کڕیارڕ دەفرۆشـــرێ، کاڵا نییە، «ئیدە»یە. کڕیار ئیـــدە دەکڕێ کە خۆی لە فـــۆڕم، مارک و ناودا دەردەخـــات. مارکی بێنـــز، مەکدۆناڵـــد، ئەپل، مایکرۆسافت و بێژمار ناو و مارک و فۆرمی تر.

خـــاوەن مێدیا بۆ «بەرانبەرەکـــەی» بەرهەم دەهێنێ و گەرەکە لایەنەکانی گشـــتی-تایبەتی، فەرهەنگـــی، دەروونـــی، زمان، خولـــق و خوو، هەڵسوکەوت، هەســـت و نەست، خۆزیا، ویست، هیـــوا، ئـــارەزوو و نیاز و پێداویســـتییەکانی ئەو بەرانبەرە لەبـــەر چاو بگرێ و لایەنی کز و لاواز، بەهێـــز و بێهێز، بۆچوون، بیـــر وهزری بزانێ، بۆ ئەوەی گرێدراو بیهێڵێتەوە.

ئامانجـــی خـــاوەن مێدیا کە پەیوەســـتە بە سیســـتەمی ئابووری-بازرگانی، سیاسی، ئایینی، حیزبی وئیدئۆلۆژیک، پاش تێپەڕبوون لە پرۆسەی مێدیا-مـــرۆڤ، فرۆشـــیار-کڕیار، دێتە دی. ئەم پرۆسەیە لەبەرچاوی بەکارهێنەر، ون و نادیارە!

ناســـین و زانینی ئەو لایەنانـــە، کاری مێدیا دژوار دەکات و پێویســـت بە لێزان و شـــارەزا و پسپۆڕ لە بوارەکانی تیۆریک، پراکتیک، تەکنیک، نواندن، پێشکەشـــکردن، ڕێتۆریک و ئەو لایەنانە دەکا کە لە سەرەوە باس کران. کۆمەڵگا هەتا لە ساکارەوە بەرەو تێکچڕژاو و هەمەلایەن مل بنێ، کاری مێدیـــا و دەوری، گرنگتر و دژوارتر دەبێ. ســـەدەی بیست ویەک، دژوارترین و ئاڵۆزترین و کاریگەرترین سەردەمی مێدیا پیشان دەدات، کە هەم دامەزرێنەر و هەم دارڕێنەرە[٣]!

## چاپ و یەکەم نیشانەکان

بـــەر لـــە ســـازکردنی دەزگای چاپ لـــە لایەن گوتنبێرگەوە لە ســـەدەی پـــازدە، ڕاگەیاندن و کۆمۆنیکاســـیۆن لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ ڕووی دەدا، هەرچەند نووســـین لە ڕێگای نیشانەکان و دواتر ئەلفوبێ لە ســـەر دیوار، خشـــت، چەرم و پاپیرۆس باو بوو، بەڵام ئەوانە کەرەسە و دەرەتانی گونجاو بۆ ئاگادارکردنەوەی گشتی نەبوون، مرۆڤ کەرەســـە و ئامێری بۆ ئاگادارکردنەوەی خۆی لە دوور و نزیـــک هەبوو، کە ئامێرەکانی مۆســـیقا گونجاوترین و بەربڵاوترینیان بوون.

هـــەر وەک توێژینـــەوەکان بـــە تایبەت لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا، دەریانخستووە، مێزۆپۆتامیا(ناوچۆمـــان) یـــەک لـــە کۆنتریـــن شـــوێنەکانی نیشـــتەجێبوونی مرۆڤی سەر گۆی زەوی بووە و گوندنشـــینی و شارنشینی، لێرەوە دەســـتی پێ کردووە و بەم پێیە کۆمۆنیکاسیۆن و کەرەســـە ســـەرەتاییەکانیش هـــەر لێـــرەوە بەکارهێنراون، یەکەمین نیشـــانەکانی نووســـین لەسەر خشـــتی کاڵ کە لە ژێر تیشکی خۆرەتاو وشک کراون و سیستەمێک لە نیشانەکان لەخۆ دەگـــرن، دوازدە هەزار ســـاڵ بەر لە ئێســـتا لە ئەو شـــوێنەی کە ئەمڕۆ بە ناوی وڵاتی ســـووریا دەناســـرێ و شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی کـــورد و جـــوو، ئەرمەن و ســـومێر، ئاشـــوور و ... بووە، دۆزراوەتەوە کە بە ســـەرەتای کۆمۆنیکاسیۆن لە ڕێگای نووسینی نیشـــانەکان دەناسرێ و تابلۆی ئـــەم زانیارییانە لە مۆزەی کامپیۆتێر لە شـــاری پادابۆرنی ئاڵمان، هەڵواسراوە.

مێدیا و کەرەسە سەرەتاییەکان وەک مرۆڤ خۆی، گۆڕانیان بەســـەردا هاتووە و لە سەردەمی ئێستادا گەیشـــتوونەتە پلەیەکی بەرز. ئەو ڕەوتە بەردەوامـــە و مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەو پرســـیارانە بووەتـــەوە، کە ئایا مێدیا و کەرەســـەکانی بەرەو کوێـــی دەبـــەن و دەبێ چـــۆن مامەڵـــە لەگەڵ هێژێمۆنـــی مێدیا بکـــرێ، کە بـــەردەوام بەرەو مۆنۆپۆل و چەندپۆلی دیار لە جیهان دەکێشرێ؟

## کتێب و ڕۆژنامە

کتێـــب و ڕۆژنامـــە پـــاش ســـازکردنی دەزگای چاپ، پەرەیان ســـاند. بەکارهێنانی هەردووکیان گرێدراوی ویســـت و خواســـتی تاکەکەس بوو. خوێنـــەر لـــە کڕیـــن و نەکڕیـــن، خوێندنەوە و نەخوێندنەوە و هەڵبژاردنی بابەتی ناو ڕۆژنامەکان ئازاد بوو. بۆ وێنە شانۆ هەرچەند بەپێی هێندێک باوەڕ، لە چوارچێوەی مێدیادا ناگونجێ، بەڵام بە هەمان شـــێوە، تاک دەتوانـــێ بڕیار بدات بچێتە

هۆڵی شانۆ یان نەچێ. خوێندنەوەی لاپەڕەکانی کتێب و بەتایبەت ڕۆژنامە، دەکەوێتە سەر مەیلی خوێنەر، بەڵام لە هۆڵی شانۆ، بینەر تا ئەو کاتەی لە هۆڵەکەدا بمێنێتەوە، گرێدراوی ڕەوتی نواندن لە سەر سەکۆی شانۆ دەمێنێتەوە و هەڵبژاردن بۆ بینەر وەک خوێنەری ڕۆژنامە لە گۆڕێدا نییە. لە شانۆدا دووبارەبوونەوە بەو شێوەیەی کە لە کتێب و ڕۆژنامە و سینەما و تەلەفیزیۆندا هەیە، نابیندرێ.

کتێب، ڕۆژنامە و فیلم، پاش چاپکردن و چێکردن، وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە، بەڵام بۆ وێنە نە لە شانۆ و نە لە ژیانی ئاساییدا دووبارە بوونەوە، بوونی نییە. فیلم و کتێب و ڕۆژنامە، لەو ڕۆژەی دەردەچن، هەتا کاتی لەناوچوونیان، ئەوەی تێیاندا هاتووە وەک خۆی دەمێنێ، کە مێدیایی بوونی ئەوان بە پێی تیۆریی مێدیا دەگەیێنێت.

نامە، کتێب، ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن گرێدراوی تۆمارکردن و دووبارەبوونەوەن. دووبارەبوونەوە دەبێتە هۆی گۆڕین و نەگۆڕینی بیر و هزر و تێگەیشتن، دەبێتە هۆی ڕاکێشانی کەسان بۆ ئەنجامی کار و کردەوەیەک، کە ڕەنگە ویستی ڕاستەقینەی ئەوانی لە پشت نەبێ. مێدیا لە ڕێگای دووبارەبوونەوەوە، دەتوانێ ببێتە کەرەسەی خاپاندن، چەواشەکاری و گۆڕانی ڕاستی. ببێتە پێچەوانەکردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکان و گۆڕینی مێژوو بەم بار و ئەو باردا. مێدیا دەتوانێ کەرەسەی تێگەیاندن و پێگەیاندن و وشیارکردنەوەش بێ.

ڕۆژنامە ناوەڕۆکی هەمەجۆر و هەمەڕەنگی هەیە و گشتیترە لە کتێب. ڕۆژنامە بۆ تاقم و توێژ و دەستەیەکی تایبەت نانووسرێ. دراما، ڕۆمان، فەلسەفە، شیعر، چیرۆک، بابەتی کۆمەڵناسی، پزیشکی، بیرکاری، بیۆلۆژی و هەر بابەتێکی تر کە لە کتێبەکاندا دەهێندرێن، هەموو کەس نایانخوێنێتەوە. کەچی ڕۆژنامە، بۆ هەموو چین و توێژ و گرووپی ناو کۆمەڵگا بڵاو دەکرێتەوە و ئەو بابەتانەی سەرەوە و بابەتی تر لە خۆ دەگرێ. خوێنەرانی ڕۆژنامە هەمەجۆر و هەمەلایەن و خاوەنی گەلێک بۆچوونن، کە ئەوە بینەری تلەفیزیۆن و بیسەری ڕادیۆش دەگرێتەوە. ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن زۆر بەربڵاوتر و گشتی تر لە ڕۆژنامەن، هەموو کەس لە منداڵ هەتا گەورە لە خۆ دەگرن و مێدیای هەر کەس و هەموو کەسێکن.

کتێب، بیروبۆچوون و تێگەیشتنی تاکەکەس، یان چەند کەس لە بوارێک یان چەند بواری دیاریکراو لە خۆ دەگرێ و ڕەنگە پاش خوێندنەوە، ببێتە هۆی پێکهاتنی بیر و تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان خوێنەر و نووسەر، بەڵام ئەمە کاتێک ڕوو دەدات کە دووبارەبوونەوە و بەردەوامی لە گۆڕێدا بێ. بەردەوامی و دووبارەبوونەوە، دەبێتە هۆی تۆمارکردن و مانەوەی هەر شتێک لە بەشی درێژخایەنی «زەین» لە مێشکدا. ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن بە پێی ئەم بەردەوامبوونە زۆرترین کارگەرییان لە سەر مێشک و بیر وهزر وهەستی مرۆڤ هەیە و بوونەتە ئەندامی هەمیشەیی بنەماڵەکان. ئەوەی کە دەگوترێ مرۆڤ بیر و بۆچوون و هەڵبژاردنی خۆی لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و مێدیاوە وەردەگرێ، نزیک لە ڕاستییە.

کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار لە سەدەی شازدە هەتا کۆتایی سەدەی ١٩، دوو مێدیای بەرچاوی ناو کۆمەڵگا بوون. پاش ئەوەی دەسەڵاتی کلیسا لە کۆتایی سەدەی شازدە لە سەر خوێندنگەکان هەڵگیراو خوێندن و نووسین کرایە گشتی و خوێندنگە دەوڵەتی کران، کتێب و ڕۆژنامە خوێندنەوە زۆرتر پەرەی ساند. بەپێچەوانەی کتێب و ڕۆژنامە بەکارهێنانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن پێویستی بە خوێندن و نووسین نەبوو، پێویستی بە گوێ و چاو بوو.

## ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن

بە هاتنی ڕادیۆ لە ١٨٩٣ و تەلەفیزیۆن لە ١٩٢٨ کە ڕەوتەکەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە دەستی پێ کردبوو، تەقینەوەیەکی مێدیایی، بە پانتایی هەموو جیهان ڕووی دا. لە سەردەمی

دەســـەڵاتی نازییەکانـــدا هەر دوو مێدیا ســـاڵی ١٩٣٥ بـــۆ ١٩٤٥ کران بـــە دەزگای پرۆپاگەندە و گـــەورە و بچـــووک کەوتنە ژێـــر کاریگەریی فکـــری، فەرهەنگـــی، دەروونـــی ، کۆمەڵایەتی، سیاســـی، ئایینی و ئیدئۆلۆژیک! بەکارهێنانی ئەو دوو مێدیایە هەڵســـوکەوت و تێگەیشتنی مرۆڤی تووشـــی ئاڵۆزی کرد و لە گەڵ برەوپەیداکردنی ئەو دوو دەزگایە، بەتایبەت تەلەفیزیۆن، کۆمەڵگا ئاڵوگۆڕی خێرای بەسەردا هات.

بەکارهێنانی ڕادیۆ لە میانەی شەڕی یەکەمی جیهانـــی و بەکارهێنانـــی تەلەفیزیۆن لە لایەن حیزبی نازییەکانی ئاڵمانـــەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاســـتەوخۆی کۆنگـــرەی حیزبەکەیـــان و بـــۆ مەبەســـتی ئامادەکردنـــی خەڵـــک بۆ شـــەڕی دووهەمی جیهانی، کارتێکەریی ئەو دوو مێدیایە و کاریگەریی هەردوکیانی دەرخســـت. «ژۆسێف گۆبلز» وەزیری تەبلیغاتـــی «ئادۆلف هیتلێر» کە تێگەیشـــتن و مێتۆدەکانی «ئێدوارد بێرنایس»ی ئەمریکایی، نووســـەری کتێبی «پرۆپاگەندە»ی لە مەڕ پرۆپاگەندە بەکار دەهێنـــا، توانی لە ڕێگای ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەوە، بیری فاشیستی بگوێزێتەوە بۆ ناو ســـەری خەڵکی ئاســـایی. لـــەم ڕێگایەوە تێگەیشتنی ڕەگەزپەرستانەی کۆمەڵەکەسێک لە چوارچێوەی حیزبێکدا، کرا بە تێگەیشتنی هەموو ئەو خەڵکانەی کە بوون بە دەست و لاق و گوێی فاشیسم و بکەری پڕکوژراوترین و وێرانکارانەترین شەڕی مێژووی جیهان.

پرۆپاگەنـــدە، ئاژیتاســـیۆن و گۆڕینـــی تێگەیشتنی خەڵک و ڕەوانەکردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ و تەشـــەنەی بیری فاشیستی لە ناو سەری تاکەکەس و میللەتـــان و وێرانیی دەیان وڵات و کوشـــتنی دەیان میلیۆن کەس و بڵاوکردنەوەی بیری ڕەگەزپەرســـتی لە پانتاییـــی وڵاتان، تەنیا بەشـــێک لە کارەســـاتەکان بوو کە بەکارهێنانی خراپـــی دوو مێدیـــای ڕادیـــۆ و تەلەفیزیۆنـــی دەرخست.

لە ســـەردەمی شـــەڕی یەکەمی جیهانیدا، حکوومەتـــی قەیســـەریی ئاڵمان لـــە بێرلینەوە بەرنامەی بە زمانی فارســـی و تورکی و عەرەبی بڵاو دەکردەوە. بیری دژایەتیکردنی موســـڵمانان لەگەڵ وڵاتانی ڕووســـیا و بریتانیا لە ڕێگای ئەم ڕادیۆیەوە تەشـــەنەی ســـاند و پاش ســـەفەری قەیســـەری ئاڵمان بۆ دیمەشـــق و چوونەســـەر گۆڕی ســـەلاحەددینی ئەییووبـــی و ڕازیکردنی ســـوڵتانی عوســـمانی بۆ دەرکردنی جیهاد دژی ڕووس و ئینگلیـــس، مەبەســـتی ئاڵمانییـــەکان هاتە دی. وڵاتانی عوســـمانی و فارس و عەرەب و کوردەکان و نەتەوەکانی تری موســـڵمان، لەو شەڕە بە سوودی ئاڵمان و دژی ڕووسیە و بریتانیا وەردران. بە بێ ڕادیۆ و بڵاوکردنەوەی بەیان (کە ئەویش چەشنێک مێدیایە) دەنگی ئاڵمانییەکان نەدەگەیشـــتە ئـــەو خەڵکانە.[۳-۴] تێگەیشـــتنی فاشیســـمی ـ ئیســـلامیی خومەینـــی بە ڕێگای کاســـێتی دەنگ گوێزرایەوە بۆ ناو خەڵک. پاش وەرگرتنـــی دەســـەڵات، بەکەڵکوەرگرتن لە فرە چەشنیی مێدیا، بیری ئەو هەتا دووردەستەکانی ئافریقا و باڵکان پەرەی ساند.

### مێدیا و کات و شوێن

خوێندنەوەی کتێـــب و ڕۆژنامە گرێدراوی کاتی دیاریکراو لە لایەن نووســـەر و وەشـــانخانەکانی کتێـــب و ڕۆژنامـــەوە نەبـــوو. بـــەڵام بیســـتنی ڕادیـــۆ و بینینـــی تەلەویزیۆن گرێـــدراوی کاتی بڵاوکردنـــەوەی بەرنامەکان بوو. بیســـەر و بینەر بە کاتی دیاریکـــراو لە گەڵ مێدیا گرێ دەدران. سیستەمی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان و داڕشتنی بەرنامە و جـــۆری بەرنامـــە و ناوەڕۆکی بەرنامە دوور لە دەســـت و ئیرادەی بیســـەر و بینەر لە لایـــەن خاوەن مێدیا (حکوومەت و ناحکوومەت) ەوە ئامادە دەکران.

دەزگای ڕادیۆ لە ســـەرەتا بۆ گەورەیی وەک تەلەفیزیۆن گرێدراوی شوێن بوو، لە بەر گرانی، لە شوێنە گشتییەکانی وەک قاوەخانە، چێشتخانە، هۆتێل و شوێنی لەو چەشـــنە بەکاردەهێندران و دواتـــر دەرگای ماڵان بۆ هەر دوکیان کرایەوە. لە ڕێگای ڕادیـــۆ و تەلەفیزیۆنەوە هێدی هێدی

لەماوەی ساڵانێکدا پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ گۆڕدرا و بوو بە پەیوەندیی مرۆڤ و دەزگا.

بەسترانەوەی مرۆڤ بە کات و شوێنەوە بەر لە هاتنی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، لە ڕێگای سەنعەتی کردنی وڵاتانەوە دەستی پێ کردبوو. لە بریتانیا و ئاڵمان و وڵاتانی تر، لەگەڵ زۆر بوونی کارگا، کارخانە، ئیدارات، کۆمپانیا، مەدرەسە و زانستگا، «کات و شوێن» گرنگیی سەرەکیی بۆ «کار و بەرهەم» پەیدا کردبو. ژیانی خەڵک بە چەشنێک بە کات و شوێنەوە بەسترابووەوە کە بوو بە باسی بیرمەند و فەیلەسووفان. مارتین هایدیگێر بابەتی «کات»ی کردە دەستمایەی بیرکردنەوە و کتێبی «بوون و کات» (Sein und Zeit- 1927) بەرهەمی بیرکردنەوەی ئەو لەمەڕ کات و بوون بو. کارڵ مارکس وفریدریش ئینگلس (کە باوکی لە ناوچەی ویپێرتاڵ خاوەن کارخانە بوو) بەر لە هایدیگێر تێگەیشتبوون کە بەستنەوەی کرێکار بە کات و شوێنەوە، بۆ سیستەمی سەرمایەداری و بەرهەمهێنان گرنگە. بە هەمان شێوە دیاردەی کات و شوێن بۆ سیستەمی سۆسیالیسم-کۆمۆنیسم گرنگ بوو.

بەستنەوەی مرۆڤ بە کات و شوێن، هەروەک چۆن بۆ کارخانە-کاڵا پێویست بوو، بۆ ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنیش لازم بو. هەردوو سیستەمی سۆسیالیستی و کاپیتالیستی، پێویستیان بە بەستنەوەی مرۆڤ بە کات و شوێن و بەستنەوەیان بە ماسمێدیای ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە هەبوو. هەر دوو سیستەم ماسمێدیان کرد بە چەشنێک کارخانەی بەرهەمهێنانی تێگەیشتنی گشتی، کە زامنی وەگەڕخستنی چەرخی سیستەم، پایداریی حیزب و پارلەمان و حکوومەت و دامودەزگاکانیان بوو.

بیسەری ڕادیۆ و بینەری تەلەفیزیۆن، ئازاد بوون لەوەی ببنە بیسەر و بینەر یان نەبن، بەڵام کە دەبوونە بیسەرو بینەر، گرێدراوی کاتی بەرنامەکان دەمانەوە و ئازاد نەبوون لە هەڵبژاردنی کات و ئازادیش نەبوون وەک کتێب و ڕۆژنامە، لاپەڕەکان بە خواستی خۆیان هەڵدەنەوە و بە پێی ویست و تایبەتمەندیی خۆیان بەرنامەکان سەیر بکەن و گوێیان بدەنێ. ئەوان پەیوەست بە مێدیا، بەرنامەکان، بەرنامەساز، کەسانی مێدیا و بیر و هەست و تێگەیشتنی ئەوان دەمانەوە.

## تیۆریی پێنج پرسیار

هارۆڵد دویگت لاسوێل ئەمریکایی Harold Dwigt Lasswell (١٩٠٢-٧٨) تیۆریسیەنی کۆمۆنیکاسیۆن و پسپۆڕی زانستی سیاسی و نووسەری کتێبی «تەکنیکی پرۆپاگەندە لە جیهان»، پێنج پرسیار دەخاتە بەر دەست:

کێ دەبێژێ؟ چی دەبێژرێ؟ بە چ ڕێگایەک دەبێژرێ؟ بۆ کێ دەبێژرێ؟ بۆ چ مەبەستێک دەبێژرێ؟

گەر سەرنجی پرسیارەکان بدرێ، لایەنی مێدیا، ئامانجی مێدیا و بەکارهێنانی ڕێگا بۆ پێکانی مەبەست، تێیاندا خۆ دەنوێنێ. دەکرێ لە گۆشەنیگای بەکارهێنەری مێدیاشەوە، سەیری پرسیارەکان بکرێ بۆ ئەوەی دەرکەوێ، لە گەڵ کام مێدیا، خاوەن مێدیا، کام مەبەست و کام شێوەگەلی مێدیایی ڕووبەڕووین. گرنگیی وڵامی ئەم پرسیارانە ئەوکاتە دەردەکەوێ کە سەرنج بدرێتە سەر مێدیای سەردەم، کە بینەر و بیسەر و بەکارهێنەری ئاسایی، دژوارە بتوانن وڵامی پرسیارەکانیان پەیدا بکەن، بگرە وڵامدانەوە بەو پرسیارانە بۆ زۆرینەی بەکارهێنەرانی مێدیا، ناگونجێ. بۆ وێنە سمارتفۆن کە هەموو مێدیا دجیتاڵییەکان لە خۆ دەگرێ، گرێدراوی هەزاران ئەپ و پلاتفۆرم و مێدیای هەمەجۆر و هەمەلایەنە. کێ دەزانێ، کێ دەبێژێ و بۆ چ مەبەستێک دەبێژرێ؟

بینەر و بیسەر و خوێنەر، دەوری کاریگەر و ئازادانە لە پرۆسەی مێدیادا ناگێڕن و دوورن لە پرۆسەی چێکردنی بەرنامە و ئامادەکردنی هەواڵ و ڕاپۆرت و دەرەتانی ئەوەیان نییە بزانن «بە چ ڕێگایەکدا و لەبەرچی دەبێژرێ» و چ فێڵ و تەڵەکەیەکی تەکنیکی، هونەری و ڕیتۆریک بەکاردەهێندرێن [٣-٥].

مافــی وەرگرتنــی زانیاریــی دوور لــە ئاژیتاســیۆن، پرۆپاگەنــدە و شــێواندن، بــە مێتۆدی جیاواز ژێــر پێ دەخرێ. ئودۆ ئولفکۆتە ڕۆژنامەنــووس و نووســەر، کــە بــۆ ڕۆژنامەی «فرانکفۆرتەر ئالگەماینە»ی دەنووسی، لە کتێبی «ژۆرنالیستە بەکرێگیراوەکان»دا[۶] باس لە شەڕی کەنداو دەکات. ئەو دەگێڕێتەوە «لە بەغدا سواری ماشــێنیان کردین و بەرەو شوێنێکیان بردین و لەوێ کۆمەڵێک ماشــێن و کەلوپەلیان ئاگر دا و مەیدانی شەڕیان لێ ســازکرد و ڕیپۆرتێرەکانی تەلەفیزیــۆن بە تایبەت («ســی ئیــن ئێن» کە ئینحیســاری بڵاوکردنەوەی وێنەکانی شــەڕی کەنداوی پێ سپێردرابوو) ڕاستەوخۆ وێنەکانیان گواســتەوە». ئەم فێڵ و تەڵەکانە لە شــەڕەکانی باڵکان، ئەفغانســتان، ئوکراین، ســووریا، لیبی و دەیان شوێنی تر بەکارهێنراون و دەهێنرێن.

بەکارهێنانی مێدیا لە میانەی شەڕی یەکەم و دووهەمدا بۆ ئامانج و مەبەســتی دژ بە مرۆڤ و مافی مرۆڤ و دژ بە کەمینە ئایینی، ئیتنیکی، زمانــی و فەرهەنگییەکان و دژ بــە نەتەوەکانی تــر، زۆرینەی وڵاتانــی ڕۆژئــاوا و بیرمەندان و سیاســەتمەداران و تیۆریسیەنەکانی خستە سەر ئەو بــاوەڕە، کە مێدیای گشــتی، وەک ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و مێدیای هاوچەشــن، نابێ ببن بە مێدیای حیزب، کلیسا، حکوومەت و هەرچەشنە گرووپێکی ئیدئۆلۆژیک، ئایینی، سیاســی و هەر چەشنە مەسلەک و تێگەیشتنێکی فەلسەفی.

لــە هەمان کاتدا ڕادیــۆ و تەلەفیزیۆن وەک دوو مێدیای گشتی دەبێ مێدیا و دەنگ و ڕەنگی هەمــوو لایەنەکانی ناو کۆمەڵــگا و هاووڵاتیان و دوور لە هەر چەشــنە هەڵاواردن و دەمارگرژی بــن. مێدیا لــە کۆمەڵــگای ڕۆژئاوا لــە لایەن شــۆڕایەکەوە کە ڕەنگدانــەوەی پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵــگا بێت، بەڕێوەدەبرێــن و هیچ حیزب و کلیســا و دامودەزگایەکی ئیدئۆلۆژیک، ئایینی و هیچ ناوەندێکی زانســتی و فەلسەفی و سیاسی، ڕادیــۆ و تەلەویزیۆنی گشــتی و کراوەیان نییە، جگە لە واتیکان کە وەک دەوڵەت ناسراوە.

لە وڵامی ئەوەیدا کە کــێ دەبێژێ؟ هەموو لایەنەکانی نــاو کۆمەڵگا دەبێژن. چی دەبێژرێ؟ هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە هەمووانەوە هەیە. بە چ ڕێگایەکــدا دەبێژرێ؟ بە هەموو ئەو ڕێگایانەدا کــە بریندارکردنی بەرانبەرەکەی تێدا نەبێ. بۆ کێ دەبێــژرێ؟ بۆ هەر کەس و هەموو کەس. بۆ چ مەبەســتێک دەبێژرێ؟ بۆ مەبەستی بەخشــینی زانیاری، ڕاگەیاندن و سوودبردن لە هونەر، زانســت، فەرهەنگ، فەلســەفە، ئایین و بۆ پێراگەیشــتن بە باوەڕی خەڵــک و خەڵکان. ئــەوەی مێدیا چەندە لــە دەوری ئەو بۆچوونەدا دەخولێتەوە، وەک پرسیار دەمێنێتەوە.

## تیۆریی شەش مێتۆد

ڕۆبێرت سیالدینی ئەمریکایی، لایەنی دەروونیی مرۆڤ لە مەڕ بازاڕ و ویستی کڕین تاوتوێ دەکات و شــەش مێتۆد بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی کڕیاری کاڵا و بینەر و بیســەر و خوێنــەر بخزێنێتە ناو تەونی بازاڕ و مێدیا. ئەو، برەوپێدانی بازاڕ و چوونە سەری ویستی خەڵک بۆ کڕین، دەکاتە مەبەستی لێکۆڵینەوەکانــی و دوو لایەنی ئەمبەروئەوبەریان تێدا بەدی دەکات، کە کڕیار و فرۆشــیار، خاوەن مێدیا و بەکارهێنەری مێدیا دەگرێتەوە:

لایەنی یەکــەم مێدیــا وەک بەرهەمهێنەر (فرۆشــیار)، لایەنی دووهــەم بەکارهێنەر وەک کڕیار.

دووهەم مەسەلە بڕیاردانی کڕیار و دەرهێنانی ئــەو لە حاڵەتــی دوودڵییە بۆ ئــەوەی مەیل بە لای کڕیندا بشــکێتەوە. ئەوەش بە هەمان شێوە لــە کاری مێدیادا مەبەســتە کە چــۆن بڕیاری بەکارهێنەر بۆ لای مێدیا ڕابکێشرێ.

سێهەم پشتبەستن بەو لایەنە کۆمەڵایەتییەی کــە لای مــرۆڤ بەنرخە (کە ئــەوەش بە پێی کۆمەڵگا و فەرهەنگ جیاوازە)، بە کەڵکوەرگرتن لەو لایەنە، کڕیار بۆ لای مەبەستی خاوەن مێدیا یان فرۆشیار ڕادەکێشرێ.

چــوارەم پێکهێنانــی لایەنگری بــۆ فلان و فیســارە مێدیــا، مــارک، ناو، ســیمبۆل و هەر

نیشانەیەکی دیکە.

پێنجەم پێکهێنانی ئۆتۆریتەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی «کڕیار» پابەند بە فلان مێدیا، وڵات، شەریکە، فۆرم، مارک و مۆد بمێنێ. بۆ وێنە مارکی بێنزی ئاڵمان، مێد ئین جێرمەنی کە ئۆتۆریتەی جیهانیی پەیدا کردووە.

شەشەم سنووردار نیشاندانی بەرهەم، واتە، بوونی ژمارەیەکی دیار لە کاڵا و فرۆشتنی لە کات و شوێنی دیار، بۆ ئەوەی کڕیار بە هەڵەداوان بۆ کڕینی کاڵا بکێشرێ.

ئەم مێتۆدە بۆ هەر چەشنە بەرهەمێکی مێدیاییش بەکار دەهێندرێ. بۆ ئەوەی هەرکام لەو مێتۆدانە بچەسپن، پێویست بە لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، فەرهەنگی و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ناو هەر بازنەیەکی ناوچەیی و جیهانی دەکات.

چی وا لە مرۆڤ دەکات، بە قسە و بە دڵی ئەم و ئەو بکات؟ بەکارهێنانی کام تەکنیک، کام مێتۆد باشە بۆ ئەوەی فرۆشیار و خاوەن مێدیا، بە ئامانجی خۆیان بگەن و کاڵاکەیان بە کڕیار بفرۆشن؟ سیالدینی لە بەستێنی فرۆشتن و ڕیکلامی بازرگانی بە «تیۆریی باوەڕپێهێنان» دەگات و مێتۆدەکانی بەکار دەهێنێ بۆ ئەوەی کڕیار لە دوودڵییەوە بە ئەرخایەنبوون بگات.

بەو مانایەی کڕیار و بەکارهێنەری مێدیا، باوەڕیان پێ بهێنرێن بۆ ئەوەی بەردەوام کڕیاری بەرهەم و مێدیای تایبەت بن. لێرەوە خاوەن بەرهەم و خاوەن مێدیا دەکەونە کێبەرکێ بۆ ئەوەی کڕیار و بەکارهێنەری مێدیا بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و لای خۆیان بیانهێڵنەوە.

سیالدینی لە کتێبەکەیدا بە ناوی «سایکۆلۆجیای باوەڕپێهێنان» ئەم شەش مێتۆدە تیۆریزە دەکات بۆ ئەوەی کڕیار بەرەو بڕیاردان بۆکڕین ڕابکێشرێ، بەرەو سەندووقی هەڵبژاردن مل بنێ، بەهەڵەداوان بەرەو ئەم مێدیا و ئەو مێدیا، ئەم پرۆگرام و ئەو پرۆگرام ڕابکات، خۆی لە ناو ئەم سیاسەت و ئەو سیاسەت، ئەم حیزب و ئەو حیزبدا ببینێتەوە. ئەم شەش مێتۆدە بۆ باوەڕپێهێنان و گۆڕینی بۆچوون و بەکورتی بۆ داسەپاندنی بڕیارێکە کە ڕەنگە بۆچوون و ویست و خواستی کڕیار نەبێ، بەڵام بەرەو کڕینی کاڵا و دەنگدان لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی مێدیا بکێشرێ.

■ هەر مێدیایەک، هەر کڕین و فرۆشتنێک، دوو لایەنی هەیە. لەم مێتۆدەدا هەر دوو لا چالاک دەکرێنەوە، تۆ شتێک بدە هەتا شتێک وەربگری، پارە بدە هەتا ئەم شت و ئەو شت وەربگری. کاتی خۆت بدە هەتا لە بەر تەلەفیزیۆن، ڕادیۆ، ئینتێرنێت (فیلم، بەرنامە،هەواڵ و...) وەربگری. دەنگی خۆت بدە هەتا چی و چی وەربگری. سیالدینی وێنەیەک لە پەیوەندیی وێبلاگدا دەهێنێتەوە کە بۆ هەموو مێدیا و سۆسیال مێدیا بەکار دەهێندرێ. ئەو دەڵێ لەو وێبلاگەدا بابەتێکت بۆ خوێندنەوە پێ دەدرێ بۆ ئەوەی هێدی هێدی ببی بە خوێنەری بەردەوامی وێبلاگەکە. بێ پارەبوون هۆیەکی ترە بۆ ڕاکێشانی بەکارهێنەری مێدیا. کۆمپانیاکانی جیهانی سۆسیال مێدیا، ئەم مێتۆدە بەکار دەهێنن. لاپەڕەیەک، پلاتفۆرمێک بە بێ پارە دەدرێتە کەسان، کەسەکان بابەتی خۆیانی تێدا بڵاودەکەنەوە و لە بری ئەو لایک و جۆرە ڕەنگاوڕەنگەکانی «سمایلی»(سیمبۆل) وەردەگرن و بە پێشکەشکردنی کات، بەردەوامبوون، ئابوونەبوون، بەخشینی زانیاری بۆ وێنە بە فەیسبووک، ئینستاگرام، واتسئاپ، دەبنە هۆی کۆبوونەوەی سەرمایەی میلیاردی بۆ خاوەنەکانی سۆسیال مێدیا.

■ پابەندمانەوە بە بڕیار، گەر کڕیار و خاوەن مێدیا کارێک بکەن، بڕیارێک بدەن، لە سەر بڕیارەکەیان بەردەوام دەمێنن. ئەمە هەم لە لای خاوەن مێدیا و خاوەن کاڵا بەرپرسیارەتی سازدەکات، هەم لای کڕیار و بەکارهێنەری مێدیا. خاوەن کاڵا و مێدیا بەردەوام دەبن لە باشترکردن و ڕازاندنەوەی کاڵا و بەرنامەکانی خۆیان و کڕیار و بەکارهێنەری مێدیاش، بەردەوام دەبن لە کڕین و بەکارهێنانی مێدیا.

■ خۆگرێدانـــی کۆمەڵایەتـــی، مـــرۆڤ هـــەم چاولێکەریـــی یەکتر دەکـــەن و هەم خۆ لەگەڵ یەکتر ڕێکدەخەن، بۆ وێنە گەر دراوسێ، هاوکار و هاوپۆل، بەردەوام ســـەیری فلان زنجیرە فیلم دەکات و بـــەردەوام لە گەڵ ئەوانی تردا باســـی لێـــوە دەکات، منیش بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگایە و لەو کۆمەڵە کەسە بەجێ نەمێنم و تەریک نەبم، دەبمە بینەری هەمان فیلم و دەبمە یەکێک لەو کەسانەی بەردەوام بەشداریی باسی فیلم دەکەن. ئەم خۆگرێدانە بـــەم و ئەو، بەم کاڵا و ئەو کاڵا، دەبێتە هۆی کریـــن و بەکارهێنانی کاڵا، مێدیا، بەرنامە، پلاتفۆرم، ماڵپەر و وێبلاگ.

■ لایەنگری. ســـیالدینی پێی وایە ئێمەی مرۆڤ ڕێـــگا دەدەیـــن بکەوینە ژێـــر کاریگەریی ئەم و ئەو، ئەمە دەتوانێ لە فۆرم و شـــێوەی جیاواز لە بواری جیاوازدا خـــۆی دەربخات، بۆ وێنە هێندە باسی فلان گۆرانیبێژ، سیاسەتمەدار، وەرزشوان، مانکـــەن، ئاکتۆر، فیلـــم، کتێب، گۆڤـــار و کاڵا کراوە و دەکرێ و بـــەردەوام لایەنگرانیان خۆیان دەرخســـتووە، مرۆڤ بـــەرەو لایەنگریی کەس و کاڵا، مێدیا و ئەو شتانە دەکێشرێ. باشترین وێنە لایەنگری لە هیتلێـــر، خومەینی، دۆناڵد ترامپ، ئەردۆغـــان، فلان مارک و فـــلان مودێل و فلان شتە!

■ ئێمەی مرۆڤ لە خۆماندا هەست بەوە دەکەین کە ویستی وەرگرتنی چوونەژێر باندۆری ئەم و ئەو لە مرۆڤدا هەیە و دەکێشرێن بەرەو قەبووڵکردنی ڕابەریی ئەم و ئەو یان قەبووڵکردنی دەســـەڵاتی ئـــەم دەزگا و مێدیا و یانە و حیزب. دەکرێ تاک بکێشـــرێتە ژێر کارتێکەریی فـــۆرم و ئونیفۆرم و پیشە و کەسایەتیی کەسانی تر.

■ سنوورداربوون؛ یەکێک لەو شتانەی لە مرۆڤدا هەیـــە و ڕایدەکێشـــێ بۆ کرین، یـــان ئەنجامی کارێک، ئەوەیە بزانێ فلانە شـــت هەرزان کراوە و تەنیـــا ژمارەیەکی کەمی هەیە و لە فلان ڕۆژ و فلان کاتژمێر و فلان شوێندا، بۆ ماوەیەکی کاتی دەفرۆشـــرێ. فلان گۆرانیبێژی بەناوبانگ بلیتی کۆنســـێرتەکەی تەنیا لە یەک ڕۆژدا دەفرۆشرێ، فلان سیاســـەتمەداری ناودار بـــۆ چەند کاتژمێر لە فلان شـــوێن، دێتە شـــارەکەی ئێمە و تەنیا ئەوەندە کورسی هەیە کە دەبێ پێشوەخت ڕزێرو بکرێن. فلان فیلم یا شـــانۆی ناودار بۆ یەک جار لە فلان شـــوێن نمایش دەکرێ، فلان بەرنامەی تەلەفیزیـــۆن یان ڕادیۆ تەنیا لە فلان ڕۆژ و فلان کاتژمێر بۆ یەک جار بلاوەدەکرێتەوە. لە هەر کام لەو حاڵەتانەدا لە گەڵ هێرش و لێشاوی خەڵک ڕووبەڕوو دەبین.

ئەو شەش مێتۆدەی سیالدینی کە هەمووی لایەنی دەروونی و سایکۆلۆجیی مرۆڤی بە نیشانە گرتووە، مرۆڤ بەرەو بڕیاردانێک دەکێشـــن، کە ڕەنگە دەربڕی ویستی ڕاســـتەقینەی «بڕیاردەر» نەبێ.

## کورد و مێدیا

کـــورد کەوتۆتە ژێـــر باندۆری مێدیـــای وڵاتان، لێکۆڵینەوە لە بەردەســـت نییە بۆ ئەوەی بزانرێ کتێـــب، ڕۆژنامـــە، ڕادیۆ، تەلەفیزیـــۆن، مێدیای دیجیتاڵی و ئینترنێتیـــی وڵاتانی ئێران، عێراق، ســـوریا و تورکیـــا، چەندە کارگەریبان لە ســـەر تێکدانی کەســـایەتی، ناســـنامە، تێگەیشـــتن، و تێکشکانە سیاسییەکانی کورد هەبووە!

کـــورد لـــە حانـــد سیســـتەمی مێدیـــای دەوڵەتـــان، ڕادیـــۆی شـــەپۆل کورتـــی حیزبی هەبوو، ڕۆژنامـــە و بلاڤۆکی نهێنیی بەکاردەهێنا. پاش ساڵی ۱۹۹۲ باشـــووری کوردستان کەوتە ژێر پاراســـتنی هێزەکانـــی ناودەوڵەتی، ئێزگەی ڕادیـــۆ و تەلەویزیۆنی خۆجێیـــی حیزبی دەوری قووڵترکردنەوەی ناکۆکییەکانیان گێڕا و بوون بە دەزگای شەڕی نێوان حیزبەکان. ساڵی ۱۹۹۵ بە دەرکەوتنی دەنگ و ڕەنگی مەد تی ڤی لە ڕێگای ساتەلایت و دواتر کوردستان تی ڤی، کوردسات، زاگرۆس، ڕۆژهەلات و تیشـــک تی ڤی، کورد لە هەموو پارچەکان کەوتنـــە ژێر باندۆری مێدیای حیزبی.

ئێســـتا مێدیـــای حیزب و گرووپـــی کورد، مێدیای چوار دەوڵەتی ناوچە و جیهان، سیستەمی

جیهانیی ئینترنێت، سوسیال میدیا و میدیای تاکە کەسی، لە ماوەی بیست و چوارکاتژمێری شەو و ڕۆژ، مرۆڤی کورد بۆمباران دەکەن و سیمای نادیار و ئاڵۆز لە نەتەوەیەک دەنەخشێنن، کە نە کیانی خۆی هەیە، نە سیمای یەکگرتوو!

میدیای حیزبی-ئیدئۆلۆژیک لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهان، ئیزنی وەشانی نییە، بەڵام لە کوردستان زاڵە. ڕەنگە کورد لەم ناوچە و ئەو ناوچە، چەکی بۆ بەرگریکردن لە گیانی خۆی هەبێ، بەڵام میدیای بەرگریکەر لە کیان، کەسایەتی و ناسنامەی خۆی نییە و بە درێژایی سەدەکانی بیست و بیست و یەک، بە شێوەی سیستەماتیک پێکهاتە نەتەوەییەکان بەر هێرش کەوتوون و توانای بەرگریکردن لە خۆ و بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانەیان نەبووە و ئاڵۆزی و بشێویی ناسنامە و کەسایەتی بەرینتر کراوەتەوە و میدیای وڵاتان لە سڕینەوەی پێناسە و ناسنامەی کوردی هەر چوار جوغرافیای لە یەک دابڕاوی کوردستاندا، سەرکەوتوو بوون.

هەر نەتەوەیەک بۆ ناسینی خۆی، بۆ تێگەیشتن لە ڕەنگاوڕەنگییەکان، بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی نەتەوە، پێویستی بە ناسینی دەور و کاری میدیا و کۆمۆنیکاسیۆن هەیە. سەرکەوتنی سیاسی، سوپایی، ئابووری، فەرهەنگی، زمانی و کۆمەڵایەتی، گرێدراوی میدیا و سیستەمی میدیا و کۆمۆنیکاسیۆنی بەهێزە. تێگەیشتن لە میدیای سەردەم، گرنگترین ئەرکی ناوەندەکانی باڵادەست و ژێردەستی جیهانیی ئەمڕۆیە. جیهانی ئەمڕۆ بە بێ میدیا و کۆمۆنیکاسیۆن، دەبێتە جیهانێکی وەستاو.

کورد لەم جیهانەدا دەبوایە بەهێزترین میدیای نەتەوەیی و گشتی، دوور لە حیزب و دەستە و گرووپی ئایینی و ئیدئۆلۆژیکی بۆ دەرخستنی سیمای ڕاستەقینەی خۆی هەبایە، میدیایەک کە هەر تاکێکی کورد لە هەر شوێنێکی کوردستان و جیهان، خۆی تێدا ببینێتەوە. میدیایەک کە ببێتە دەم و چاو و گوێی هەر تاکێکی کورد بە هەر تایبەتمەندییەکەوە کە هەیانە. تا ئەو کاتەی کورد لە ڕێگای میدیایەکی نەتەوەیی گشتی و هەمەلایەنەوە، خۆی نەبینێتەوە و میدیاکەی پێگەی ناونەتەوەیی پەیدا نەکات، پرسی کورد وەک پرسیارێکی ناوچەیی دەمێنێتەوە. جیهانی ئەمڕۆ میدیای ئەمڕۆیی و تێگەیشتنی ئەمڕۆیی گەرەکە، ئەوە کوردیش دەگرێتەوە.

## پەراوێز

1- KI(Künstliche Intelligenz/Artificial Intelligence

2- Lampert Wiesing; Niklas Luhmann 1927-1998; Marshal McLuahn 1911-1980; Harold Adams Innrs 1814 -1952; Rudolf Stöber; Dirk Backe; Martin Heidegger; Ferdinand de Saussure 1857- 1913; Robert Cialdini; Paul Watzlawick 1921-2007; Claude Elwood Shannon 1916 -2001; Harold Dwight Lasswell 1902- 1978; Lasswell-Formel 1948

٣- کۆی ئەم باسانە لە کتێبی «تەلەویزیۆن لە نێوان دامەزراندن و دارڕزاندن»دا هاتووە.

٤- Die Deutschen und der Iran - Matthias Küntzel هاتووە. بەشێک لەم کتێبە بە زمانی کوردی پێشتر لە لایەن نووسەری ئەم دێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

٥- فێربوونی تەکنیک و هونەری ئاخافتن- گوندۆڵا هیرش وەرگێڕ- برایم فەرشی دەزگای ئاراس - ٢٠٠٧

6-Udo Ulfkotte Gekaufte Journalisten

ئودۆ ئولفکۆتە دواتر وازی لە میدیای زەبەلاحی گرێدراو بە ناوەندە سیاسی، ئابووری و سوپاییەکان هێنا و لە میدیای ئاڵترناتیڤ و لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی کتێبەوە، دەستی کرد بە لەقاودانی سیستەمی میدیا و بە شێوەیەکی ناڕوون مرد.

7- Propaganda Techniques in the World- Harold Dwight Lasswell

٨- ئەو بابەتانەی زۆربەی نووسەرانی کە ناویان لە سەرەوە هاتووە، خۆیان لەگەڵ خەریک کردووە و نەکرا لە نووسراوەکەدا باسیان بکرێ، بریتین لە : " بابەتەکانی پێگە و دیسیپلینی کۆمۆنیکاسیۆن، زانستی میدیا و کۆمۆنیکاسیۆن، مۆدێلەکانی باسکردن، تیۆری(میدیا، زانیاریی، کۆمۆنیکاسیۆن)، تیۆرییەکانی میکائیل ئەهانس، نیکلاس لومەن و سیستەم تیۆری، تیپۆلۆگی و فەنۆمەنۆلۆگی ماسمیدیا، پێکهاتەی ماسمیدیا - مۆدێلی ماڵێتسکەس و وێب ماسمیدیا، مێژووی میدیا، بەکارهێنانی میدیا، کارتێکردنی میدیا، کاردانەوەی میدیا، میدیا و بازار، هەستی مرۆڤ، دیسیپلین، تەکنیک، ڕێتۆریک، هونەر، دەور و ڕۆڵی خاوەن میدیا و بەکارهێنەری میدیا، دیجیتالیسم، گلۆبالیسم، ئینترنێت، سۆسیال میدیا، مۆنۆمیدیا(میدیای تاکەکەسی)، دەوری کۆنسێرنەکانی میدیا.

# ”تیۆری“

# میدیا و دەسڵات:

## میدیایی جموری ئسلامی، چەکێگ کۆلۆنیاڵیستی دژ وە ڕووژهەڵات کوردسان

حشمەت خوسرەوی

ئامانج تون و تیژی کۆلۆنیاڵیزم(داگیرکەر) تەنیا ئەڕا ئەوە نیە ک کویلەیل ژێر دەس خوەی ناچار بکەیت ک پەیڕەوی لە فەرمانەکانیٚ بکەن، بەڵکوو تەقالای سەرەکییان ئەڕا ئەوەسە ک تەنانەت ئەوان لە ئنسانیەت بخەن. دەسڵات کۆلۆنیالیستیٚ تەنیا وە ئەوە ڕازی ناوت ک فەرهەنگ و زوان کویلەکان ژێر دەس خوەی لە ناو بوەیتٚ، بەڵکەم توان کارێک بکەن ک کەرامەت ئەوان تا شوونێگ ئەڕایان کریەت بشکنن تا لەیوا ستاتویس یا کاراکتێریان بارنە ئاست گیاندارەگان.

## داچوڕیاگ(چکیدە)

ئی بابەتە ک ئیسە ها لە وەردەس، خوەندنەوەیێگ ئاکادیمیـــە لە باوەت مەفهووم دەســـڵات نەرم و میدیـــا لە جموری ئســـڵامی. ئامانج بنەڕەتی بابەتەگە ئەوەسە ک وە پشتیوانی چوارچوویێگ تئوری جوور دەسڵات نەرم، میدیا، کۆڵۆنیاڵیزم، موراڵخوازی، موراڵخوزایی پوویچ و موراڵخوازیی بێبەزەییانـــە، جـــوواو چەن پرســـیار گرنگ لە ســـەر میدیا جوور دەســـڵات نەرم و چەکێگ کۆڵۆنیاڵیســـتی دژ وە ڕووژهەڵات کوردسان و حزبەیل کوردی بیەتوە.

لـــە شـــوون گوزەریـــان چـــوار دەیـــە وە ســـەر دەســـڵات جموری ئســـڵامی لە ئێران و ڕووژهەڵات کوردسان ،هەمرایْ بەش فرەێگ لە هاووڵاتیەیل ســـڤیل کـــورد و تەنانەت حزبەیل سیاسی ڕووژهەڵات کوردسان پەی وەو ڕاسییە نەوردنەس ک جوقرافیایی سیاسی ڕووژهەڵات کوردســـان وە لایـــەن نزام ولایـــەت فەقییە یا ڕووحانیـــەت شـــیعەوە کۆڵۆنیـــاڵ کریاس. وە مانایێگ ڕووشنتر، ئیمە تا ئیسە نەتوانستیمە وە شـــێوەیێگ ئاکادیمی ڕوویەیل(ابعاد) دەسڵات ڕەژیم تەیـــران و کەرەســـتەیەیلێگ ک دژ وە کوردسان بەیتەی کار، هەلاجی بکەیمن. کورد لە ڕووژهەڵات کوردسان لە لایێگ هەوەجە وە ئـــەوە دێرێت ک هەر جوور جاران تێکوشـــان خوەیان ئـــەڕا وەدیهاتن دموکراســـی لە ئێران بەردەوام بکەن و لە لایێگ تروە بایەس جارێگ تر چەوو بخشێنن وە سیاسەتەیل ئستراتیژتکی، متود خەبات و دیســـکورس سیاســـی خوەیان وەرانوەر وە تەیران. کارێگ لەیوا فرە هەوەجەس چویکـــە وە باوەڕ برێـــگ لـــە مینەوانەیل بوار زانست سیاسی و کوومەڵناسی، هەڵسوکەفتەیل ڕەژیمەیل یەک لە دومـــای یەک ئێران هەڵگر تایبەتمەندیەیـــل کۆڵۆنیاڵیســـتی بینەس و تا ئەلانیچ ئی سیاســـەتە جوور جاران بەردەوامە. لە حاڵێکا فرەتر لە ســـاڵە دەسڵات و فەرهەنگ بـــاڵادەس وە یانکەیەیل پوویچ جوور ئەوەی ک کوردەکان خاون ئێرانن، ئەوان لە هەر ئێرانییک ئێرانـــی تـــرن، زوان کوردی ســـەر وە زوانەیل ئێرانییە و گێشـــتمان خاون یـــەی فەرهەنگ هاوبەشـــیمن، دەرزییێگ کۆڵۆنیاڵیســـتی لە ڕیْ دەســـڵات نەرم(Soft Power) و میدیا و زوان فارســـیوە دایەس لە بەدەن تاک کورد. شارەگ ئـــی مینەوانییە باس لـــەوە کەیت ک جموری ئسڵامی ئێران لە یەکمین ساڵەیل وە دەسڵات رەسینی تا ئیسە توانستیە لە میدیا(صدا و سیما) جوور چەکێگ سەرکوتکەر و کۆڵۆنیاڵیستی دژ وە ڕووژهەڵات کوردســـان و حزبەیل سیاســـی کورد کەڵک لە لیْ وەربگرێت. دەسکەفتەیل ئی مینەوانییە نیشـــانی دەیت ک سیاسەت تەیران لە تەمام ئی دەوارنە، سیاسەتێگ کۆڵۆنیاڵیستی، موراڵخوازیی پوویـــچ و پڕ لە پرۆپاگەندە و تون و تیـــژی دژ وە کوردســـان بیـــەس. هەر وەی بوونـــەوە، نوخبەیەیل سیاســـی و هاووڵاتیەیل ڕووژهەڵات کوردسان هەوەجە وە متودێگ نوو یا دیسکورس دژە-کۆڵۆنیاڵیستی دێرن وەرانوەر وە دەسڵات داگیرکەر ئێران.



## وشەیل کلیلی

میدیا، دەسڵات نەرم، کۆڵۆنیاڵیزم، موراڵخوزای، موراڵخوازەگان، موراڵخوازیی پوویچ، موراڵخوازیی بێبەزەیی، ڕووژهەڵات کوردسان

## Keywords

Media,Soft‹Power,Colonialism,Moral ism, Moralisers, Vain Moralism, Cruel Moralism ,Esat Kurdistan


## پێشوەتن

«ئامانج تون و تیژی کۆڵۆنیاڵیزم(داگیرکەر) تەنیا ئەڕا ئـــەوە نیە ک کویلەیل ژێـــر دەس خوەی ناچـــار بکەیـــت ک پەیڕەوی لـــە فەرمانەکانیْ بکەن، بەڵکوو تەقالای سەرەکییان ئەڕا ئەوەسە ک تەنانەت ئەوان لە ئنسانیەت بخەن. دەسڵات کۆڵۆنیالیســـتی تەنیا وە ئـــەوە ڕازی ناوت ک فەرهەنـــگ و زوان کویلەکان ژێر دەس خوەی

لــە ناو بوەیت، بەڵکەم تــوان کارێک بکەن ک کەرامــەت ئەوان تا شــوونێگ ئەڕایان کریەت بشــکنن تا لەیوا ستاتویس یا کاراکتێریان بارنە ئاست گیاندارەگان.» ( ژان پۆل سارتر)[۱]

سیســـتمەیل توتالیتەر، هەر ئەو جوورێگە ک(هانــا ئارنێــت) وە رووشــنی جــە کەتاو توتالیتاریزم»The Origins of Totalitarianism

" ئامــاژە وەپــێ کردیەس، سیســـتمگەیلێگ سیاســیین ک لە ســەر بنــەوای ئیدۆلۆژییگ وەرولاو و فرە جار جەهانشــمول بنیات نریاس. ئیەیچە مانای ئەوەســە ک سیســـتمێگ لەیوا خوەی ناوەســێتوە وە جوقرافیایی سیاســی و ناوخۆیی خوەیوە. وە باوەڕ ئارنێت،مەســەڵەگە ئەوە نیە ک سیستمگەیلێگ لەیوا قەیر قانوونی دەسڵات وەدەســوە گرتووین، بەڵکەم ئەوان لە ئەنجام پرووسەیێگ دموکراتیک و هەلوژاردنوە جڵەو دەسڵات گرنە دەس. نموونەی وەرچەوویچ لەی بارەوە سیســتم هیتلر بــی ک لە دویای سەرکەفتن حزب نازی لە هەلوژاردن ئەو وەخت ئەڵمان هاتە سەر کار. جێ باسە ک نزامگەیلێگ لەیوا لــە حوکمەت جوور کەرەســتەیێگ ئەڕا پێشختســن ئیدۆلوژی تایبەت وە خوەیان ک واحدێگ گەپتر لە حوکمەتە، ئسفادە مەکەن.

لــە نووڕگــەی کەســێگ جــوور ئارنێت، سیســـتمێگ توتالیتــەر پێکهاتگــەس لــە جوورێگ لــە حوکمڕانی ک حوکمەت و زوورم دامەزراوەیەیل وەڕێوەبردن لە کوومەڵگا ها لە ژێر کۆنترۆڵ خــوەی و دەوڵەت توتالیتەر وە لایەن یەی دیکتاتوروە وەڕێوە چووت. لە سیســـتمێگ وەیجوورە تاقە دەسەڵات و تاقە حزب پوستەیل کلیــدی دەوڵەت لە بەیــن خوەیانا بەش کەن و قســەی ئــەوەڵ و ئاخر هــا لای ڕەهبەر. وە گشــتی لە ناو نزامێگ توتالیتەر تەمام بوارگەل سیاسی، ئکنوومی و تەنانەت میدیا و مەسەڵەی تەسلیحاتیچ ها لە ژێر دەس ڕەهبەرا.

وە هەمان شێوە دوینیمن ک سیستم ولایەت فەقیە یا جموری ئسـلامی جوور سیســتمێگ توتالیتــەر و تئوکــرات ک پایەکانــی لە ســەر بنەوای دین و ترس دامەزریاس. لە ڕاســییا ئی نزامە تەنیا ئەڕا ئەوە دەســڵات نەگرتە دەس جە شــوورش ۱۳۵۷ خوەرەتاویی ک تەنیا حوکمەت دینی خــوەی لە تەیــران ســنووردار بکەیتوە، بەڵکەم وە دەسڵات ڕەسین ڕووحانیەت لە ئێران دەروەچ یا کەرەســتەیێگ بی ئــەڕا وەروانوبردن ئیدۆلۆژییگ گەورەتــر ک خود دامەزرێنەیل ئی سیســـتمە لە ژێر ناو» ئسـلام ســازی جەهانی) یاد لە لێ کەن. هەر وەی بوونەوە،ئی سیســـتمە ئــەڕا ئنتقــاڵ ئیدۆلــۆژی خــوەی بەتایبەت لە رووژهەڵات ناوەڕاس و بەشێگ لە ئاسیا و ئفریقا لــە چوارچوو دەســڵات نــەرم(Soft Power) و دەسڵات هۆشمەندانە(Smart Power)، کەڵک لە کوومەڵێگ مەفهووم جوور نموونە (ناردنە دەیشت شــوورش ئسـلامی و زەمینە خوەش کردن ئەڕا قەیام جەهانی ئیمام مێهدی) کەڵک وەرگرتیەس.

لە لایێگ تروە، لە ناوخۆ ئێران ئەڕا سەپانن ئیدۆلۆژی ئسـلامی خوەی کەڵک لە گێشــت متودێــگ وەرگرتیەس. یەکێــک لەو متودەیلە ک لە ۴۲ ســاڵ وەرین تا ئیسە ئەڕا سەرکوت موخالفەیــل خوەی و پێشخســتن سیاســەت کۆلۆنیاڵیســتی دژ نەتەوەیل ژێر دەس و کورد جوور نموونە و ئنسانەیل ئازادیخواز لە سەراسەر ئێران کەڵک لە لێ وەرگرتیەس، ماســمیدیا و خسوســەن دەنگ و ڕەنگ یــا تلیزوونە. لە بار تئورییــوە، لــە زوورم ولاتەیــل دموکراتیگ و پێشکەفتێ یەکیک وە ئەرکەیل بنەڕەتی میدیا ڕەســانن خــەوەر و زانیاری وە شــاروەندەیل، وەڵامدەر بیین کاروەدەسەیل و خاونداریەتی لەو دەنگەیلەســە ک دەنگیان تەنیا لە ڕێ میدیاوە ڕەسێتە سیاسەتمەدارەیل.وە ماناییگ تر، میدیا بایەس جوور چەوودێر و دەروازەبان دموکراسی بــووت. وەلێ لە سیســـتمێگ توتالیتەر لەوای جموری ئسڵامی، میدیا جوور هەرەشەیێگ ئەڕا سەر دەسەڵات خوەیان مەزانن.

وە پــای دەیتایەیــل جــێ ئتــوار ک لە درێژەی ئــی وتارە باس کریــەت، ماموریت و ڕەســالەت میدیایەیل سەر وە جموری ئسڵامی

وەپێچەوانـــەی ئـــەو پێناســـەس ک لە ئتیک ڕووژنامەنوویســـی جوور یەی پرنیسپ حقووقی جێ کەفتیەس. میدیایەیل ئێران هەمرای نەک نەوینەس وە دەنگ هاووڵاتی، بەڵکەم ئەوان وە لایەن بەیت ڕەهبەریوە ئەرکدار کریانەس ک وە پشتیوانی دەسڵات و کارگەری میدیا زندانییگ تاریک ئەڕا تەمام ئەو کەسەیلە دورس بکەن ک دژ وە نزام ولایەتن. میدیایی جموری ئسـلامی هــەر لەیوا ئەرکدار کریانەس ک ســکاندالەیل سیاســی و ئکنوومی کاروەدەســەیل بشــارنوە و دژ تەمــام ئــەو ئارگومێنتەیلە بووســن ک مەوجوودییەت نزام خەیتە خەتەروە.

ئایـــەم هەنای نووڕێتـــە حوکمەت جموری ئسلامی و ساختار سیاسی ئی نزامە کەفێتە فکر حوکمەت ئورولی(Orwellian State) و کاراکتێر ســـەرەکی نـــاو رومانەگە یانێ براگـــەورە(Big Brother).لەیـــرە مەیزوور لە حوکمەت ئورولی، جووریـــگ لە حوکمەتە ک هاوشـــێوەی رومان (١٩٨٤) جـــورج ئورولە(George Orwell ) ک لە ناویا تەشـــکیلاتێگ هـــەس وە ناو ( پولیس خەبات دژ وە تاوانەیل فکری) سەر وە دەزگای وەزارەت حەقیقـــەت ک لـــە ڕێ دەزگای (تلە ئســـکرین) بوویچکتریـــن جموجوویـــل خەیتە ژێـــر کونترول خوەی. لە ناو سیســـتمێگ لەیوا مەشیا گێشت کەسێگ وەو قەنائەتە برەسیاتان ک تەنیا قســـەی حزب و براگـــەورە لەو بەینە ئتـــوار نەیریت. لە رومان ١٩٨٤براگەورە بایەس موور خوەی بیەیت لە سەر گێشت ڕوویداوەیل دیرۆکی یا حەقیقەت ڕوویداوەگان. لە شـــوون گوزریـــان فرەتر لە ٧٠ ســـاڵ لە رومان ١٩٨٤ جـــورج ئـــورول دوینیمـــن ک مللەتەیل ناو ئێران هان لە نـــاو هەل و مەرجێگ هەر جوور رومانەگـــەی ناوبریـــاگ. ئەڕا وێنـــە وەختێگ تماشای هەلســـوکەفت ئورگانەیلێگ لە وێنەی وەزارەت ئتلائات، ســـپای پاسداران و « صدا و سیما» مەکەیمن ئەڕامان دەرکەفێت ک قسەی ئاخر ها لە لای بەیت ڕەهبەریی و ئوتاق فکریی نزام وە ڕەهبەری خود خامنەیی. پەس ناوبریای لەی کانتکستە توانێت هەمان براگەورە بووت لە رومان ١٩٨٤.

ئی بابەتە تەقالا کەیـــت ک پەیجوور ئەوە بووت ک جموری ئســـلامی ئێـــران چ جووری توانســـتیە لـــەی ٤٢ ســـاڵ وەرینـــە کەڵـــک لە دەســـەڵات نەرم و میدیا جـــوور چەکێگ کۆلۆنیاڵیســـتی دژ وە ڕووژهەڵات کوردسان لە تەمام بـــوارەگان وەربگرێـــت. هەڵبەت گاهس بابەتێگ لەیوا هەوەجـــە وە مینەوانی مەیدانی یا ئتنوگرافی(Ethnography) داشـــتوویت ئەڕا ئەوەی ک بتوانیمن بەش فرەێگ لە کارگەیەیل سیستم کۆلۆنیاڵیستی لە سەر تەمام سکترەیل ڕووژهـــەڵات کوردســـان جـــوور نموونە دەس نیشـــان بکەیمـــن. جـــێ باســـە ک وە دەلیل ئەمنیەتی و فرە دەلیل تر لە هەل و مەرج ئیسە کارێگ لەیوا ئمکان نەیریت. هەر وەی بوونەوە، ئـــی بابەتە هـــەم ســـنووردارە و هەمیچ ناچارە فوکوس بنەڕەتی خوەی بخەیتە ســـەر بەشێگ لەو بەرنامەیەیل کۆلۆنیاڵیســـتی ک جە لایەن ســـازمان « صدا و سیما»ی جموری ئسلامی دژ وە ڕووژهەڵات کوردسان ولاوبینەسوە.

## پرسیارەیل مینەوانی

ئایا میدیایەیل ئێران بەتایبەت « صدا و ســـیما» چ شـــوون و لوونێگ لە نزام جموری ئســـلامی دیرن و ئـــی دەزگا وە لایەن چ ئەکتورەیلێگوە چەرخیەت؟

ئایا سیستم کۆلۆنیاڵیستی ئێران ئەڕا کپەوکردن دەنگ موخاڵفەکانێ لـــە چ متودەیلێگ کەڵک وەرگرێت؟

ئایـــا حکومەت ئێران چەنێگ توانســـتیەس وە کەڵـــک وەرگرتن لە میدیا جوور دەســـەڵاتێگ کۆلۆنیاڵیستی و سەرکوتکەر دژ وە ڕووژهەڵات کوردســـان کەڵک وەربگرێت و چ ئامانجەیلێگ ها لە پشت ئی سیاسەتە؟

## متود(ڕەوش)

لە بار متودولۆژییوە، ئی بابەتە پشت بەستیەسە

وە ویرورای چەندین ویرمەند وە ناودەنگ جەهان ک هەرکامیان شوون دەسێان لە سەر مەسەڵەی میدیا و دەسـڵات نەرموە دیارە. هەر لەیوا ئەڕا پاراستن سـەروەخۆیی ئی مینەوانییە و هەمیچ لە وەرچەمگرتن لایەن بابەتیانەی مینەوانییەگە، تەقالا کریاس ک لە وەخت باسـکردن لە سەر میدیاگەل جموری ئسـڵامی وەتایبەت(صدا و سیما) پشت بوەسیەت وە سەنەت یا بەڵگەیل دڵنیاکەر ک وە لایەن خود جموری ئسڵامی و سازمانەیل حقووق بەشەرییوە وڵاوبیەسوە. ئەرا ئامادەکردن و هەلاجیکردن مەتریاڵ ئی بابەتە و لایەنەیل تئوریتیک، پشت بەسیاس وە کەتاو و بابەتەیـل ئاکادیمی و هەر لەیوا کاناڵ یۆتوب ک لە تورٍ ئێنترنیت بڵاوکریاسوە. لەلایێگ تروە ،ئەڕا جەمەوکردن مەتریاڵ ئی بابەتە لە متود یا ڕەوش وێژەیی یا ئەدەبیات(Literature Study) کەڵک وەرگریاس. لە بار سـنووردارکردن ئی مـژارە، نوویسـەر وە هوویچ شـێوەیگ تەقالا ئەرا ئـەوە نمەکەیت ک باس تاوانەیل جموری ئسڵامی لە چوار دەیەی وەرین تا ئیسە بکەیت ، بەڵکـەم فوکـوس بنەڕەتی ئـی مینەوانییە هـا لە سـەر نەخش میدیا جوور دەسـڵاتێگ کۆلۆنیاڵیستی دژ وە ڕووژهەڵات کوردسان. هەر وەی بوونەوە، نوویسەر ئەڕا پێشکەش کردن ئی پەیجوورییـە، تەنیا توانێت چەن نموونەیێگ لە تاوانەیل ڕەژیم تەیران دژ وە کورد بخەیتە وەر دەس خونەرەیل.

## مینەوانی وەرین

ئەڕا خاسـتر حالی بین و پەیا کردن شـوون پای میدیایەیل جموری ئسـڵامی خسوسـەن بەرنامەگـەل تلیزوونـی جـوور چەکێـگ سـەرکوتکەر دژ وە موخاڵفەیل خوەی، بایەس هەڵەوگەردیەیـم ئەڕا لایَ یەکمین سـاڵەیل وەدسڵات ڕەسـین ڕەژیم تئوکرات و توتالیتەر ئێران.ئەیـەر وە شـێوەیێگ نیوتـراڵ بنورٍیمە بەرنامەیەیـل تلیزوونی جموری ئسـڵامی هەر لە وەرین تا ئیسـە دەرکەفێت ک بەرنامەکان و شـێواز کەڵـک وەرگرتنیان لـە میدیا ئاڵ و گورٍ فرەیگ وەرسـەرایانا نەهاتیەس. ئەڕا وێنە، میدیایی ڕەژیـم تەێران هەمیشـە تەقالا ئەڕا ئـەوە کردیەس ک وە هـەر قیمەتێگ بیەس موخاڵفـەکان خوەی و ڕووژهەڵات کوردسـان جوور نموونە لە ڕێ جەهاد ئسڵامی، میلیتاریزە کـردن، دگان وەپێانـان ئجبـاری، دادگایەیل نمایشی و وە نیشان دان یەی ڕاوی بێ دەسڵات لە تاریخ سـازی بکەیت و لەو لایچووە خوەیان جـوور پارێزەر ئەرزشـەیل مۆراڵـی کوومەڵگا نیشان بیەن.

لە لایێـگ تروە، بەرنامەیـل پروپاگەندەی جمـوری ئسـڵامی دژ وە نەتەوەیل ژێردەس و ئنسانەیل ئازادیخواز جە سەراسەر ئێران چ لە بوار تکنیک و چ لە بوار کەیفیەتوە لە هەڵسەنگانن وەل وەرینا پێشکەفتن وەرچەوویێگ وەخوەیوە دیەس. وەلیَ تەمام داسـتانەیل و نمایشـەیل میدیایی جموری ئسڵامی یەی ئامانج هاوبەش دێـرن، ئەویـچ دانـان دەنـگ قوروانیەیل یا دەسـەیل بێ دەسڵات لە جێ دەنگ حوکمەت ئورولی(جموری ئسڵامی). لەیرە مەیزوورمان لە قوروانیـەگان خەڵک رووژهەڵات کوردسـان یا حزبەیل کوردی نیە، چویکە نە رووژهەڵات و نە حزبەکانێ خوەیان وە قوروانی نمەزانن و تا ئی دەقە لە هەر دەرووەچێگ ئەڕایان پێشهاتیەس دژ وە سیستم توتالیتەر ولایەت فەقیە تێکوشان یا پاوەگەزدان کردنەس. لە ڕاسییا قوروانییەگان یا دەس بێ دەسـڵات ئەو کەسەیلنە ک لە ژێر فشار شـکەنجەیل بێبەزەییانە ناچار کریەن ک لە جێ ڕەسانن دەنگ راسکانی خوەیان ئاڵشت بکریەن وە دەنگ و ڕەوایەت حوکمەت جموری ئسـڵامی. ئـی متودیچە جوورێگ لە ماشـین پروپاگەندەی نزام ولایەت فەقییە ک لە دەیەی ١٣٦٠ خوەرەتاویی تا ئیسـە خـود حوکمەت لـە جێ قوروانیەیل قسـە مەکەیـت و ئەوان ناچـار مەکەیـت ک وە نوێنەرایەتی حوکمەت و لە جەهەت پشـتیوانی لە ڕەوایەت حوکمەت هەڵسوکەفت بکەن.

ئـــی ڕەفتـــار جمـــوری ئســـڵامییە دژ وە موخاڵفەکانی و خسوسەن چالاکەیل سیاسی و مەدەنـــی کورد جوورێگ لە ژێر پانان قانوونەیل و پەیماننامەیـــل ناودەوڵەتییـــە ک دەوڵـــەت ئێران خوەیچـــی یەکێک لـــە ئمزاکەرەیل ئەو دکومنتەیلەســـە. ئەرا نموونە «اعتراف اجباری» جوور سەنەتێگ جیٚ ئتوار لە پرووسەیل قەزایی حەســـاو نمەکریەت و یا وەرگرتن و وڵاوکردن دگان پێانـــان ئجباری، وە مانـــای لە ژێر پانان حقووق ئنســـان تێتە ژماردن و نەفس ئی کارە جـــەزایٚ قانوونی وەل خوەیـــا تێرێت. جموری ئسڵامی تەنانەت وە نزامێگ ناسیاس ک ئەمەڵ وە قانـــوون بنەڕەتـــی خوەیچـــی نمەکەیت. لە ئەسڵ ٣٨ جە قانوون بنەڕەتی دەوڵەت ئێران وە رووشنی ئاماژە کریاس ک ئسفادە لە هەر جوور فشـــار یا ئجبار ئەرا وەرگرتـــن ئقرار یا زانیاری قەیەخەس:

«هر گونه شـــکنجه برای گرفتـــن اقرار یا کســـب اطلاع ممنوع اســـت.اجبار شخص به شـــهادت، اقرار یا سوگند، مجاز نیست و چنین شهادت و اقرار و سوگندی فاقد ارزش و اعتبار اســـت.متخلف از این اصل طبق قانون مجازات می شود.»

## شوون و لوون میدیا لە وڵاتەیل دموکراتیک

وەر لە هەر چشـــتێگ بایەس ئامـــاژە وە یەی ڕاسی هاشاهەلنەگر بکەیمن ئەویچ ئەوەسە ک لە دۆنیای مۆدرن، میدیا و دەســـڵات گوازرشت لە سیٚ پرسیار کلیدی لە باوەت پەیوەندی بەین میدیـــا و کوومەڵگە مەکەیـــت: میدیا چەنێگ دەســـڵات دێرێت؟ هەر وە ڕاســـی کۆنترۆڵ یا ریمـــۆت میدیـــا ها وەدەس چ کەســـانێگ؟ چ پەیوەندیێگ ها لە بەین میدیا و دەســـڵات لە کوومەڵگا؟

برێـــگ جـــە کارناســـەیل بـــوار میدیـــا و کۆمنیکەیشن و ئەرا نموونە کەسێگ لە وێنەی جەیمس کوران (James Curran) ها لە ســـەر ئەو باوەڕە ک کۆنترۆڵ ناوەندگەرا یا ناوەندی لە سەر کانالەیل ڕاگەیاندن فنوومن یا دیاردەیێگ تـــازەس. ئیەیچە وەو ماناســـە ک لـــە دەوران مودرنیتە وەیلاوە، کانالەیـــل ڕاگەیاندن بیەس وە هەوەجە ئەویچ لەوەر ئەو کارگەریەیلێگ ک میدیا لە ســـەر دەسڵات و ساختار کوومەڵگا وە گشـــتی دیرێتەی. وە مانایێگ رووشنتر، کوران بـــاس لەوە مەکەیت ک میدیای نوو بینەس وە سەنتەر تازەیێگ ئەرا دەسڵات و دورس کردن بشـــێوی لە پێکهاتـــەی وەرێوەبـــردن. نووڕگە و ئارگۆمێنت گشـــتی کوران لە ســـەر ڕەوڵ و کارگەری میدیا لە ســـەر دەسڵات جە دۆنیای دیجیتاڵـــی یا مـــودرن وەتایبەت لـــە وڵاتەیل دموکراتیک دەرێخەیـــت ک خود میدیا بیەس وە خـــاون جوورێگ لە دەســـڵات و هژموونی ک توانێت سیســـتمگەل دەسڵات بخەیتە ژێر کونترۆڵ خوەی. ئەنجام ئی پرووسە دەروەچێگ ئەرا هاووڵاتی واز کەیت ک سەرچەمەی هەواڵ و زانیاریەیل جڤاکی لـــە ڕیٚ کانالەیل میدیاوە وەربگرن نە ئەوەی ک تەنیا خەریک سازکردن پروپاگەندە وە قانجاز ئیدولوژی حوکمەت بووت.

ئـــی قســـەیەیل خومەینییە نیشـــانەی ئەو ڕاستیەســـە ک ناوبریاگ وە ئسفادە لە دەسلات نـــەرم توایت فکر و دڵ تاک کورد لە ڕووژهەڵات هـــەر ئەو جوورە ک جوزیف نای باس کەیت، وە قانجاز نزام ئســـلامی وەکار باریـــت، بێ ئەوەوی ک هەوەجـــە وە تـــون و تیـــژی داشـــتوویت یا هەزینەی فرەێگ ئەرا ڕەســـین وە ئارمانجەکانێ مەســـرەف بکەیت.لە ڕاســـیبا پەخش قسەیەیل خومەینـــی لـــە هەل و مەرج ئیســـە لـــە بارەی حزبەیل کوردی ک تاریخەگەی هەلەوگەردیەت ئەرا چـــوار دەیە وەر لە ئیســـە ،توانێت دەرخەر ئەو فاکتە بـــووت ک حوکمەت ئورولیی جموری ئســـلامی ئەرا سەرکوت و درێژەدان وە سیاسەت کۆلۆنیاڵیســـتی خـــوەی لە کوردســـان بەردەوام تومەت ئەوە خستیەسە پاڵ کوردەکان ک ئەوان خوازیار»تجزیەطلبی، افراطـــی گری ) و کارەیل تروریســـتین. هەڵبەت ئـــی پرۆپاگەندەیلە تەنیا دژ وە نەتـــەوەی کـــورد و حزبە سیاســـییەکانی جە لایەن میدیایەیل ئێرانـــوە وەرێوە نەمەچوت، بەلکـــەم دژ وە نەتەوەیەیل ترەگ قەیر فارســـیچ هەمان سیاســـەت میدیایی ئەنجام دریەت. ئەرا نموونە نەتەوەی بەلووچ یا عەرەو وە تروریستەیل بنیاتگەرایی توندڕەو مەزانن و تورکەکانیچ جوور تروریســـتەیل فاشیســـت یا شووینیست ناو بەن. ئارمانج بنەڕەتـــی دەزگای پرۆپاگەندەی جموری ئســـلامی ئەرا ئەوەسە ک شـــووناس نەتەوەیەیل

ژێــردەس و حزبەیلــی سیاســییان بپلکنێت وە کارەیــل تروریســتی ،بنایتگەرایی ئسلامی و فاشیســتی تا لەیوا ئەوان جــوور دوژمن مەردم و نــزام ئسلامی هەم لــە ئاســت ناوخۆیی و هەمیچ لە ئاســت ناودەوڵەتی بــێ ئتبار بکەیت. هەڵسوکەفت دەزگای پڕۆپاگەندەی ڕەژیم دژ وە نەتەوەی کورد و حزبە سیاسییەکانێ جوورێگ لە کەڵک خــەراو وەرگرتن لە موراڵ و موراڵخوزایی پوویچە ئــەرا ڕەســین وە ئارمانجەیلێگ ک وە قەوڵ ڕاســڵ ســەراپا گەندەڵن. لە لایێگ تروە، ســەراپای ئی دکومنتەرە وە رووشــنی ماهیەت و نەخش ســازمان(صدا و سیما) جوور چەکێگ کۆلۆنیاڵیســتی و بازو دەزگای پڕۆپاگەندەی ئی سازمانە نیشان مەیەت. نمادەیل و دیسکورسێگ ک لــەی ڤیدیوو جــوور جەنگ ڕەوانــی وەکار چووت، دەرخەر ئەو ڕاسییەســە ک بەرهەمێگ لەیــوا لە ســەر بنــەوای بڕیارێگ شەخســی و یەکلایەنە دورس نەویــەس ،بەڵکەم ئی کارە لە چوارچــوو ئەرکەیل دیاریکریای (صدا و ســیما) فورم گرتیەس ک وە پای (مصوبە مجلس شورای اسلامی) کەفتیەسە وەرەسەی ئی سازمانە.

**کەیــس ۳: تەوهیــن وە نمادەیــل کــورد و سیپاڵ(لەباس) کوردی جوور نموونە لە شەبەکەی ۲ (صدا و سیما)ی ڕەژیم**

ماوەیێــگ وەر لە ئیســە کوڵــە ڤیدیوێگ جە شەبەکەیل کوومەڵایەتی وڵاو بیوە ک پێشکەشکار یەکیک وە بەرنامەیل (صدا و ســیما) لە مێمان بەرنامــە پرســیار کەیت: « این لبــاس چوپانی چیســت؟» و مێمان بەرنامە لە جوواو مەوشێت: « ایــن لباس کاوە آهنگر و نماد آزادی از چنگال استبداد است.»[۱۶]

کۆلۆنیاڵیزمی فەرهەنگی یەکیک وە جوورەیل داگیرکارییە ک کەرەســتەیل کۆلۆنیاڵیستی ئەڕا نموونە لە ڕێ میدیا و دیســکورس زوانوە تەقالا ئــەڕا ئەوە مەکەن ک ئنســانەیل کۆلۆنیاڵکریای ناچار بکریەن ک نمادەیل خوەیان(لەباس کوردی) ک نمادیێــگ فەرهەنگــی و کوومەڵایەتییە، لە وەرچەوویــان بخەن. ئــەڕا نموونــە ناوهاوردن ســیپاڵ یا کــەل و پەل کوردی جــوور لەباس وەر شــوان لە لایێگ ئەڕا ئەووسە ک نمادەیل نەتەوەیی و فەرهەنگی کورد بێ قیمەت نیشــان بێریەت و لەو لایچووە نیشانەی ئەو حەقیقەتەسە ک سیاسەت کۆلۆنیالیســتی ئێران و فەرهەنگ ڕەگەزپەرەســتانەی نەتــەوەی بــاڵادەس لە ناو ئەقڵیەت و دڵ سازمان(صدا و سیما) ی دەوڵەت کۆلۆنیاڵیســتی ئێران ڕەگ و ریشە داکوتایەس. تەوهیــن وە نمادەیــل فەرهەنگی کــوردی و « شوان» جوور ئنســانێگ شەریف و نان دەرهاوەر لەو ڕاسیوە سەرچەمە مەگرێت ک ستەم سیستم کۆلۆنیاڵیستی تەنیا لە رووی سیاسی یا ئکنوومییوە نییــە، بەڵکەم لــە رووی ئیدۆلۆژیکیچوە خوەی دەرخەیت و ئــەڕا نموونە بابەت ناونیتکەژەنین ، خوەهەڵکیشان و حەســاو نەکردن ئەڕا ئسانەیل ژێردەس، توانێــت بخەیتەمانە فکر وتارەیل (ژان پوڵ سارتر» لە ســەر کەیس داگیرکریان جەزائر وە لایەن فەرانسەوە. سارتر لەی بارەوە هوویشێد: «ئیمرووژ گێشتمان زانیمن ک ئیمە بیمنەس وە بایس ئەوە نەتەوەیێگ تر ورسێ و کوومەڵکووش بکریەن تــا لە وەرانوەر ئیمەیا ســەر بخەفنن و تەســلیم بوون. ئی مللەتە هەمرایێ مانەس، وەلێ وە چ قیمەتێگ.»[۱۷]

**کەیس۴:نەخش(صــدا و ســیما) ئەڕا شــکانن کەرامەت ئنســان کورد لە ڕێ وەرگرتن (اعتراف اجباری)**

سیســتم کۆلۆنیاڵیستی ئێران لە زەمان وەدەسەو گرتن جڵەو دەســڵات تا ئیسە توانستیە ئسفادە لە «اعترافــات اجباری)، دادگایەیل نمایشــی و بەرنامەیــل پڕ لە ســکانداڵ موراڵی لە ڕێ (صدا و ســیما)جوور چەکێــگ کۆلۆنیاڵیســتی دژ وە موخالفەیل خوەی خسوسەن چالاکەیل سیاسی و مەدەنی کورد بکەیت. ئی ســازمان ڕســوا ک ریموتەگەی ها وە دەس ڕەهبەر جموری ئسلامی یانــێ خامنەییوە، تا هێمان ســەدان بەرنامە ک هەڵگــر «اعترافات اجباری) و شــکانن کەرامەت

ئنســانەگان چ لە ناوخۆ و چ لە دەیشــت وڵات ئەنجــام دایــەس. تاوانەیل ئی ســازمانە دژ وە رووژهەڵات کوردســان ئەو قەرە فرەس ک ئیمە ناتوانیمــن لەی بابــەت ســنووردارە نموونەیەل فرەیــگ بخەیمنە وەرچەمتان، وەلێ گێشــتمان داستان پاوەگەزدان زندانیەیل سیاسی ، مەدەنی و عەقیدەتی کورد لە ناو زندانەیل ڕەژیم ئالیگارشی ئێــران ژنەفتیمەس و گاهس ئی بابەتە چشــت تازەیــگ نەوت. هەر جوورێگ بــووت ئی بابەتە تەقالا کەیت ک یــەی نموونە لە هەزاران تاوان ڕەژیم دژ وە زندانیەیل کورد بخەیتە وەر دەستان.

## مەساحبەیێگ نمایشی و مەتنێگ لەیەوەر ئامادەکریای»جوورێــگ لە متود وەزارەت ئتلائات جموری ئســلامی ئەڕا شــکانن کەرامەت موخالفەکانێ)

یەکیــک وە نموونەیەیــل دگان وەپێانــان ناچاری»اعترافــات اجباری) لە ژێر شــکەنجەیا تایبــەت وە کەیس زندانیەیل سیاســی کوردی( لوقمــان و زانیــار) مرادییــە ک لــە ئاخرەیل ســاڵ ١٣٩٧ خوەرەتاویــی وە لایــەن دەوڵەت کۆلۆنیاڵیستی ئێرانوە ئدام کریان. جێ وەتنە ک یەکیک وە ســازمانەیل دەفا لە حقووق بەشــەر ک لە دەیشــت وڵات خەریــک کاروبار حقووق بەشەرییــن توانســتووین لە ڕێ ناردن موبایلێگ وە دزییوە ئەڕا ناو زندان، مســاحبەیێگ وەگەرد لوقمان و زانیار ئەنجام بیەن.

جێ باســە ک مانگ گەلاوێژ ١٣٨٨ لوقمان مرادی وەگەرد کوڕ مامــووێ یانێ زانیار مرادی وە لایەن نیرویەیل ئتلائاتی ئێرانوە دەسوەســەر کریان. ئی دوو کەســە وە یانکەی کووشتن سێ نەفەر و یەکیک لەوان کوڕ ئیمام جمەی مەریوان وەبێ هوویچ بەڵگەیێگ دڵنیاکەر ماکووم کریان. کاروەدەســەیل ڕەژێــم لوقمان و زانیــار لە ژێر شکەنجەیا ناچار کەن ک دگان وە تاوانێکا بنەن ک ئەوان هوویچ نەخشــێگ لە تیا نەیاشتنەس. ئەڕا نموونە ئەوان ناچار کەن ک بوویشــن ئیمە ئەندام کومەڵە بیمنەس و دەســتوور کوشتن ئەو کەســەیلە بەتایبەت کوڕ ئیمام جمەی مەریوان وە لایەن ســازمان ناوبریاێوە دەرکریاس. دەزگای ئتلائاتی ڕەژیم لە یەی نمایش سیاسی دوویر لە ئەرزشــەیل مورالی، کارێگ کــەن ک لوقمان و زانیار چەوویان بکەفێت وە ئیمام جمەی مەریوان و لە وەرانوەر دویربین داوای بەخشین بکەن.

وە پای ســەنتەیل جێ ئتــوار ک وە لایەن سازمان حقووق بەشەریی (عدالت برای ایران) وە دەسهاتیەس، کاروەدەسەیل ئتلائات ڕەژیم لە سنە وە تون ترین شێوە لوقمان و زانیار خستووینە ژێر شکەنجە. لوقمان لەیوا باس وەسەرهات خوەی لە زندان ئەڕا (عدالت برای ایران) کەیت:

*«بــرای اینکه ملاقات با امام جمعه را قبول کنم دو تا ســه روز مرا حد(کتک زدن) می زدنــد. خانواده‌ام را تهدیــد کردند و گفتند خواهرهایت را می گیریم، خانواده‌ات را می گیریــم، همه‌تان را نابود مــی کنیم، بهت تجازوز می کنیم.»* [۱۸]

جێ باسە ک لوقمان و زانیار وە نوویسان نامەیێگ تایبەت ئەڕا «ئەحمەد شــەهید»، خەوەر ڕەســان تایبەت سازمان مللەتەیل یەکگرتگ ئەڕا پەیجوور بین کەیس حقووق بەشــەر لە ئێــران ،باس لە شکەنجەیەیل جسمی و ڕووحی خوەیان وە لایەن کاروەدەســەیل زندانوە کەن. ئەوان تەنانەت باس لە هەڵســوکەفت دویر لە پرنســیپەیل مورالی وە لایەن شکەنجەدەرەیل ڕەژیم لە زندان مەکەن:

« بطــری آوردند و گفتند یا باید(اعتراف) *را قبول کنی ی اگر نکنی باید روی این بطری بنشــینی.آنها مرا به تجــاوز تهدید کردند و گفتند یا انتخاب می کنی یا دیگر این آخرین انتخاب تو خواهد بود.مجبور شدم قبول کنم چون تحمل چنین شــکنجه‌ای را نداشتم. روی آلت تناســلیم خونریزی و سوختگی شــدید داشتم و بیشــتر از این تحمل این شکنجه‌های وحشیانه را نداشتم.»* [۱۹]

جێ باسە ک لوقمان و زانیاری مرادی گەرد ئەوەی ک شکەنجە و بێ هورمەتیەیل فرەێگ تامول کردن و تەنانەت لە ژێر شکەنجەیا ئامادە بین ک دگان وە تاوانەیلێکا بنەن ک هوویچ پەیوەندیێگ وە ئەوانوە نەیاشتیەس گەرد تەمام ئیانە، ڕەژیم کۆلۆنیاڵیستی تەیران هەڵکەفت ٢٢ گەڵاڕێزان ١٣٩١خوەرەتاویی لە کاناڵ تلیزوونی پرس تێڤی(Press TV) سەر وە وەزارەت ئتلائات و سازمان (صدا و سیما) ی جموری ئسڵامی(اعترافات) لوقمان و زانیار و دیداریان وەگەرد ئیمام جمەی مەریوان جوور بەش تایبەتێگ لە بەرنامەی (ایران امروز) وڵاو کردوە. لوقمان و زانیار مرادی لە هەڵکەفت ١٧ی خەرمانان ١٩٩٧ وەبێ هوویچ تاوانێگ ئدام کریان.

لە ڕاسییا ئی جوورە لە هەڵسوکەفت دژ ئنسانی یا موراڵخوزایی بێبەزەییانە دژ وە (لوقمان و زانیار مرادی) دەرخەر هەمان ڕەوش یا ڕەفتارە ک نزام رووحانیەت و کۆلۆنیاڵیزم ئێرانی لە وەخت وە دەسڵات ڕەسینیان تا ئیسە دژ وە ئنسانگەل ئازادیخواز لە ئێران و خسوسەن رووژهەڵات کوردسان هاتیەسە ئسفادە کردن. ئەیەر وە وردبینیوە بنوڕیمە ماشین تاوانەیل ڕەژیم دژ وە خەڵک کوردسان، ئەرامان دەرکەفێت ک ڕەژیم ناوبریای لە تەمام ئی دەورانە لە هوویچ تاوانێگ دژ وە کورد درێغی نەکردیەس. یانێ وە گشتی توانیمن بوویشیمن ک کاروەدەسەیل تەیران وە ئازاردان کورد یا پێشخستن کوردفۆبیا(-هەراس جە کورد Kurdphobia) هەم تەقالا ئەڕا ئەوە کردنەس ک خوەیان وە سەر کوردا فەرز بکەن و هەمیچ لەیوا فکر کەنوە ک وە ئازاردان کوردگەل توانن فرەتر خزمەت وە ئارمانگەل ئسلام سیاسی و وەلایەت فەقی بکەن. گاهس هەر وەی بوونەوە بووت ک ئەوان وە ئسفادە لە موراڵخوازیی بێبەزەییانە لە ژێر ناو مەردم سالاریی دینی(Religious democray) وە دویای جوورێگ لە خوەیهەڵکیشان»-Self Validation“ ئەڕا نزامەکەیان گەردیەن تا دڵسوزی ئەڕا خەڵک کوردسان.

## دەسکەفت

لە ئاخرین بەش ئی مینەوانییە تەقالا کەیمن ک لە شوون وەدەسهاوردن دەیتا و مەتریاڵ دڵنیاکەر و هەڵاجیکردنیان وە پشتیوانی تئوری یا مەفهوومەیل پەیوەس، جوواو پرسیارەیل بنەڕەتی ئی مینەوانییە بیەیمنوە.

**ئایا میدیایەیل ئێران بەتایبەت « صدا و سیما» چ شوون و لوونێگ لە نزام جموری ئسڵامی دێرن و ئی دەزگا وە لایەن چ ئەکتورەیلێگوە چەرخیەت؟**

وە پای بەڵگەیەل وەسهاتێ، میدیا وە گشتی و تلیزوون وەتایبەت نەخشێگ کلیدی و حەیاتی لە سەردەم تکنولوژیا و پسا-مودرن دیرێت و وە قەوڵ جان پیلجر، سەردەم زانیاری لە بنەڕەتا سەردەم میدیاس و ئیمە بەش فرەێگ وە جەنگەیل خوەمان لە ڕێ ئی دەزگاوە ئەنجام دەیمن. هەر لەیوا دەیتاکان باس لە ڕەوڵ هاشاهەڵنەگر میدیا جوور دەروازەبان دموکراسی و پارێزەر دموکراسی حەساو مەکریەت.

لە وڵاتێگ نادموکراتیک و کۆلۆنیاڵیستی وە ناو ئێران، میدیاکان هەر لە تلیزوون بگر تا ڕەسێتە چاپەمەنی ها لە ژێر کونترۆڵ دەزگایەیل ئتلائاتی نزام و شەخس خامنەیی. سازمان (صدا و سیما) وە تەمامی ها لە ژێر دەس براگەورە(Big Brother) یانێ خامنەیی ڕەهبەر جموری ئسڵامی. ئی سازمانە بیەس وە چەکێگ کۆلۆنیاڵیستی دژ وە نەتەوەیەیل ژێردەس خسوسەن نەتەوەی کورد. لە لایێگ تروە، میدیایی دەوڵەت ئێران بیەس وە کەرەستەیێگ خەتەرناک و شوون دانەر ئەڕا سەرکوت، شکانن کەرامەت ئنسان، تاریخ سازیی ساختە، پرۆپاگەندە دژ وە موخاڵفەیل سیاسی ڕەژیم بە تایبەت حزبەیل کوردی . وە گشتی میدیایی جموری ئسڵامی یانێ کەرەستەیێگ ئەڕا شکەنجە، بێ موراڵی، ترسانن و شکانن کەرامەت ئنسانەیل ئازادیخواز.

**ئایا سیستم کۆلۆنیاڵیستی ئێران ئەڕا کپەوکردن دەنگ موخاڵفەکانێ لە چ متودەیلێگ کەڵک وەرگرێت؟**

له سەر بنەڕەت دەیتایەیل و زانیاریەیل هەلاجی کریای له بابەته، مەفهووم تون و تیژی ، جەنگ ڕەوانی و ئیدۆلۆژیکی، موراڵخوازیی بێبەزەییانه، پڕۆپاگەنده  دژ وه دوژمنەیل خوەی بەشێێگ بنەڕەتی له سیاسەتەیل گشتی میدیایی ئێرانن خسوسەن تلیزوون.ڕەژیم تەیران ئەڕا جێخستن ئی سیاسەتەیله کەڵک له دەسڵات نەرم(Soft Power)و برێگ جاریچ کەڵک له دەسڵات سەخت(Hard power) وەررگرتیەس. وەو مانایێگ تر، رەژیم تەیران له ڕێ دەزگایەیل ئتلائاتی خوەیوه دوژمنەیل یا موخاڵفەیل خوەی شناسایی مەکەیت و لەو لایچوه سازمان(صدا و سیما) ئەرکدار کەیت ک دژ وه هەر هەڵسوکەفت یا ئەڵترناتیڤێگ ک وەگەرد ساختار ئیدۆلۆژیکی ولایەت فەقییه ناتێیوه بووسن. شایەت بێخود نەوت ک خامنەیی پا له بان ئەو ڕاسییه دەیته گەز ک ناوت میدیا بکەفێته دەس دوژمنەیل جموری ئسلامی و ناوبریای میدیا جوور چەکەیل شیمیایی پێناسه کەیت.

**ئایا حوکمەت ئێران چەنێگ توانستیه وه کەڵک وەرگرتن له میدیا جوور دەسەڵاتێگ کۆلۆنیاڵیستی و سەرکوتکەر دژ وه ڕووژهەڵات کوردسان کەڵک وەربگرێت و چ ئامانجەیلێگ ها له پشت ئی سیاسەته؟**

هەر ئەو جووره ک له بەش یەکم هەلاجیکردن ئی بابەته باسکردیمن، جموری ئسلامی ئێران هەر له ساڵەیل یەکم وه دەسڵات ڕەسین خوەی، کوردەیل ڕووژهەڵات و حزبەیل سیاسی ئی بەشه له کوردسان جوور سەدر(کفار) حەساو کردییەس. فەرمان جەهاد خومەینی دژ وه کورد له چوارچوو ئی کۆنسپته وەرێوه چییەس. نزیک وه چوار دەیەس ک ڕووژهەڵات کوردسان وه لایەن نزام کۆلۆنیاڵیستی جموری ئسلامیوه داگیر کریاس.

بێگومان دەزگایەیل میدیایی ئی ڕەژیمه خسوسەن(صدا و سیما) ڕەوڵێگ کلیدی دیرێت ئەڕا گواستنەوەی فەرهەنگ کۆلۆنیاڵیستی و ئیدۆلۆژی جموری ئسلامی له کوردسان. گەورەترین بەڵگه ئەڕا ئی ئستدلاله ئەوەسە ک ئی سازمانه نه تەنیا ها له ژێر کونتروڵ و مودیرییەت ڕەهبەر جموری ئسلامی، بەڵکەم پەیوەندیێگ فره نزیک وەل سازمانەیل«قضایی، نظامی و اطلاعاتی»، جموری ئسلامیا دیرێت. وه گشتی له ناوخۆ ئێران دەزگایەیل میدیایی جموری ئسلامی جوور چەکێگ کۆلۆنیاڵیستی گەرد مەسەڵەی کورد له ڕووژهەڵات هەڵسوکەفت کەیت و زوان فارسی و شەبکەیەیل ئوستانی له کوردسان هەڵگر گواستنەوەی ئیدۆلۆژی و پلانەیل کۆلۆنیاڵیستی ئێرانن. ئەڕا رەسین وه ئارمانجەیل جموری ئسلامی له کوردسان بووجەیێگ کەڵێن له ئختیار سازمان (صدا و سیما) دانریاس و لەو لایچووه وەزارەت ئتلائات رەژیم و خود خامنەیی جوور پادشای کوییه وه قەوڵ جوزیف نای، لەو بان بانوه دانیشتیەس.

زانیارییەکان باس لەوه کەن ک ڕەژیم کۆلۆنیاڵیستی ئێران له هیچ تون و تیژیێگ دژ وه کورد دەس ناپارێزێت. هەر ئەو جووره ک ویرمەند فەرانسەوی یانێ (سارتر) باس کەیت ئارمانج تون و تیژی و داگیرکەرانه تەنیا ئەڕا ئەوه نیه ک ناچار بیت  و مل ئەڕا دەسلات کۆلۆنیاڵیستی بخەفنیت، بەڵکەم ئەوان توان کەسەیل ژێردەس خوەیان له ئنسان بین بخەن .هەر وەی بوونەوه، دەوڵەت کۆلۆنیاڵیستی ئێران تەنیا وه ئەوه ڕازی نمەوت ک کوردەیل ڕووژهەڵات جوور نموونه تەسلیم ئرادەی ئەو بوون، بەڵکوو ئەوان توان فەرهەنگ، شوناس و نمادەیل کورد له بەین بوون و زوان (فارسی) له جێ زوان کوردی دابنەن و وەیجووره توزه توزه فەرهەنگ کوردی له بنج و بناوانوه ژینوساید بکەن. دواره وه قەوڵ سارتر، چشتێگ ک جەلادەکان(جموری ئسلامی) فره هەوەجه وەپێ دیرن، سوکایەتیکردن وه (قورونیەیل) خوەیان و شکانن کەرامەت ئەوان تا شوونێگ ک شەکەت بوون و هەست بکەن  دی مانەوەیان هوویچ سوودێگ نەیرێت.

له ئاخروه، تەنیا ئەوه مایەسوه ک بوویشیمن گەرد تەمام ستەم، تون و تیژی، شکەنجه،

کووشتن، داگیرکاری، پروپاگەندە و مورالْخوازیی بێبەزەییانەی ڕەژیم کۆلۆنیالْیستی ئێران دژ وە کورد، وەلیٚ تا نوویسان ئی خەتەیلە خەبات و پاوەگەزدان نەتەوەی هەرگز نەچەمیای کورد لە تەمام بوارەیل کوومەڵگە ئدامە دیٚریٚت. هەڵبەت خەبات و تیٚکوشان ڕووژهەلاٚت کوردسان لە هەڵسانگانن وەگەرد نزامیٚگ کۆلۆنیالْیستی ک ٤٢ و ساڵە تەقالا ئەڕا لە ناوبردن فەرهەنگ و شوناس نەتەوەییٚگ وە ناو کورد کەیت، کافی نیە. کوردەیل ڕووژهەلاٚت و حزبەیل سیاسی بایەس ئەگەر جاریٚگ ئەڕا هەموویشە بیەس، تەمام پتانسیەڵ و توانابیەیل خوەیان لە تەمام بوارەگان دژ وە سیستم کۆلۆنیالْیستی ئێران بوەنە کار. لە لاییٚگ تروە، ئەگەر بگونجیەت حزبەیل ڕووژهەلاٚت کوردسان بایەس میدیاییٚگ هاوبەش دژ وە میدیایی کۆلۆنیالْیستی ئێران داشتووین.

وە کوڵی، ڕووژهەلاٚت کوردسان هەوەجە وە موبارزەییٚگ دژە کۆلۆنیالْیستی لە پاڵ تەلاٚش ئەڕا دموکراتیزەکردن ئێران. تاریخ موبارزاتی کورد لە باکوور، باشوور و ڕووژاوایی کوردسان وە پیمان هوویشیٚت ک ئەولوویەت دان وە مەفهوومەیلیٚگ جوور دموکراسی، حقووق شاروەندی و دوارە بنیات نان پایتەختەیل کۆلۆنیالْیستی و ژیان لە ناو جوقرافیایی سیاسی دەسلاٚت داگیرکەر لە نوایٚ خەبات دژە کۆلۆنیالْیستی وە هوویچ کورە نارەسنیٚتەمان. ئیە وەو مانا نیە ک من بوویشم ئەو مەفهوومەیلە گرنگ نیەن. هەر کام لەو مەفهوومەیلە گرنگن وەلیٚ نەک وە قیمەت فەراموش کردن تیٚکوشان دژە کۆلۆنیالْیستی. هەر لەیوا ناوت لە فکرمان بچووت ک کورد لە ناو هەر کام لە دەسلاٚتەیل کۆلۆنیالْیستیا کەمینەس(اقلیت) و ئەو وەخت ئەو ترسە هەس ک ڕوویە تاریگەکەی دموکراسی(The Dark Side Of Democracy) هەمان چارەنوویس وە سەرت باریٚت ک ئیسە(بەغدا) و «ئەنکارا) وە سەر کورد هاوردنەسەی.

## پێشنیار ئەڕا مینەوانی لە ئایندەیا

ئی مینەوانییە ک ئیسە ها لە وەردەستان هوویچ وەخت ناتوانیٚت گەزاف ئەوە لە لیٚ بیەیت ک توانستیە تەمام ڕەهەندەیل یا ڕوویەیل دەسلاٚت نەرم و جەنگ ڕەوانی و تەمام ئەیار جموری ئسلاٚمی لە ڕیٚ میدیاوە دژ وە ڕووژهەلاٚت کوردسان هەلاجی بکەیٚت. کاریٚگ لەیوا نە وەل لوژیکا تیٚتوە و نە تاقە نەفەریٚگ توانیٚت سیاسەتەیل کۆلۆنیالْیستی ئێران دژ وە کوردسان وە چاڵش بکەیشیٚت. تاوانەیل ڕەژیم تەیران لە ماوەی چوار دەیەی وەرین دژ وە ئنسانەیل ئازادیخواز لە سەراسەر ئێران وە گشتی و کوردسان بە تایبەت ئەو قەرە فرەس ک هەوەجە وە چەندین ناوەند زانستی هەس ک بتوانیٚت لە تەمام دەرووەچەکانوە جنایەتەیل ڕووحانیەت شییعە دژ وە کورد بکەیت وە دکۆمیٚنت و لە دادگای ناودەوڵەتی دژ نزام ناوبریای بوەیتەی کار.

یەکیک لە کارەیل پیٚویست ئەڕا پاوەگەزدان و تیٚکوشان دژ وە فەرهەنگ کۆلۆنیالْیستی ئەوەسە ک ناوەندەیل ئاکادیمی کورد وە چەک زانستی بچن وە گژ دیاردەی کۆلۆنیالْیزم لە کوردسان و لەیوا زەین و فکر تاکەیل کورد گەرد ئەو حەقیقەتە ئاشنا بکەن ک جوقرافیایی سیاسی ڕووژهەلاٚت کوردسان هەر لە کەلیٚن شار کرماشان تا ئەیاڵەت ورمیٚ وە لایەن ئێرانوە کۆلۆنیالْکریاس. لە شوونی حزبەیل سیاسی بایەس بتوانن لە سەر ئەنجامەیل وەدەسهاتیٚ لە رووی زانستیوە ئاڵ و گوڕ وە سەر دیسکورس سیاسی یا بەرنامەیل سیاسی خوەیانا بارن. بیٚگومان نەتیجەی ئی کارە بووت وە فاکتوریٚگ ئەڕا دورس کردن گفتمان دژە کۆلۆنیالْیستی یا لاخوارەگەی مەفهوومیٚگ وە ناو کۆلۆنیالْیست ئێرانی ئەڕا ئەوەی ک تاک کورد هەست وەو ڕاسییە بکەیٚت ک «کوردسان» نیشتمان یا ولاٚتیٚگ کۆلۆنیالْکریاگە.

وە باوەڕم لە پەیوەندی وەل خەبات دژ وە دەسلاٚت و میدیایی کۆلۆلۆنیالْیستی ئێران، ئەرک قورسیٚگ کەفیٚتە بان شان ئاکادیمیەیل ڕووژهەلاٚت کوردسان.ئیەیچە وەو ماناسە ک ئاکادیمیەیل

کــورد هەوەجــە وە کار مینەوانی و زانســـتی یا تئوری دژە-کۆلۆنیاڵیســـتی دێرن.چ جوورییە ک کەسێگ جوور «ئدوارد سەئید» توانست وە دانان تئــوری ئوریانتالیزم(Oriantalism) پێناســەی پەیوەندییەیل بەین رووژاوا و ڕووژهەڵات بکەیت، وەلیٚ ئاکادیمیەیل کورد نەتوانســـتنە تا ئیســە کارێگ لەیوا ئەنجام بیەن؟

له لاییٚگ تر، پەروەردەی دژە کۆلۆنیاڵیستی توانێت نەخشـــێگ کلیدی لە ســەر منتالیتیەت تاک کورد لە ڕووژهەڵات کوردســـان داشتوویت و مــن ئەڕا پشـــتیوانی ئی نووڕیــن خوەمە، وە هەوەجەی زانم پەنا بوەمە وەر قسەیێگ مەیشوور وە لایەن «ژان ژاک روسوو»، ویرمەند وەناودەنگ فەرانســەوی لــە پەیوەنــدی وەگــەرد خەڵک لەهســـتان. روســوو جارێگ وە ســەفەر چووت ئەڕا لەهســـتان تا وەپێیان دەسمیەت بیەیت ک بتوانن دەسڵاتێگ قەوی ئەڕا خوەیان بنەنەیەکوە. ناوبریای وەپێیان مەوشـــێت ئەگەر ئیوە بخوازین نیشتمان و دەسڵات دەرەقەت دارێگ داشتووین، بایەس هەر لە ئیسەوە سیٚ چشت یای منالەیلتان بیەن( تا هەڤدە ساڵان):

١ ئەدەبیات و ڕێزوان زوانتان.

٢ دیرۆک نیشتمانتان

٣ ناو ئوســـتان، شارەیل و ئاواییەیلێگ ک ئیسە دیرێن...

## پەراوێز

١. Mathieu, Anne.ژان پل سارتر و جنگ الجزایر
https://ir.mondediplo.com/2004/11/article468.html
٢. ایسنا، سهم حوزه رسانه و ارتباطات جمعی از بودجه سال ١٣٩٨ کل کشور
https://bit.ly/2WHWkcv
٣. قانون خط مشی کلی و اصول برنامه های سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران:
https://rc.majlis.ir/fa/law/show/90575
٤. قانون خط مشی کلی و اصول برنامه های سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران
https://rc.majlis.ir/fa/law/show/90575
٥. مەتن کامڵ سوخەنڕانی خامنەیی لە خوارەوە بووینن
https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=40645
٦. قانون خط مشی کلی و اصول برنامه های سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران
https://rc.majlis.ir/fa/law/show/90575
7. Nye, Joseph (2004) p.7
8. Ohiagu, Obiageli Pauline:The Internet: The Medium of the Mass Media(2011).
https://www.researchgate.net/publication/284733552_The_Internet_The_Medium_of_the_Mass_Media
9. A.Kupfer Schneider: International Media and Conflict Resolution(2010).
https://www.researchgate.net/publication/41372269_International_Media_and_Conflict_Resolution_Making_the_Connection
10. Ashjari Rad, J(2011) p.16
11. Leader`s Address to Members of Basij. Nov.25, 2009:
https://english.khamenei.ir/news/1211/Leader-s-Address-to-Members-of-Basij
12. Paul, Russel: Vice dressed as virtue(2020):
https://aeon.co/essays/how-the-cruel-moraliser-uses-a-halo-to-disguise-his-horns
13. Paul, Russel: Vice dressed as virtue(2020):
https://aeon.co/essays/how-the-cruel-moraliser-uses-a-halo-to-disguise-his-horns
١٤. بەشـــیٚ لە قســـیەیل خومەینی لە یوتوب لــە وەخت ڕاگەیاندن فەرمان جیهاد دژ وە کوردسان جە هەڵکەفت ٢٨ گەلاوێژ
Rashidi, Rahmi(2019):
https://www.youtube.com/watch?v=ME4MFCEUpPM
١٥. شبکه کردستان، مستند لبه دو تیغ، قسمت اول
https://www.telewebion.com/episode/2492781
١٦. توهین به لباس کردی در شبکه دو صدا و سیمای جمهوری اسلامی
https://www.youtube.com/watch?v=6vDxJwc5nRc
١٧. Mathieu, Anne.ژان پل سارتر و جنگ الجزایر
https://ir.mondediplo.com/2004/11/article468.html
١٨. گوش بگرن لە بەشـــێگ لە مســـاحبەی ســـازمان (عدالت برای ایران) وەگەرد مرادی
https://twitter.com/Justice4Iran/status/1053307411161890818
١٩. ڕاپورت بی بی ســـی فارســـی لە باوەت شـــایەتی مرادی لە سەر شکەنجە لە خوارەوە بووینن
http://www.bbc.com/persian/iran-45490264

## سەرچەمەیل ئنگلیزی


A.Kupfer Schneider: International Media and Conflict Resolution(2010). https://www.researchgate.net/publication/41372269_International_Media_and_Conflict_Resolution_Making_the_Connection(Accessed: 2021-01-11).
Arendt, Hannah (2004). The origins of totalitarianism. New York, N.Y.: Shocken Books
Asghari Rad, J.(2011).An Introduction to Public Diplomacy. Tehran: Kosar Educational Research Center.
Curran, James (1995). Media, power and politics.

Published in London by the Ethical Journalism Network. Available (Online) at: https://ethicaljournalismnetwork.org/wp-content/uploads/2016/08/untold-stories-full.pdf( Accessed:2021-02-05(

Zaghlami, Laeed: Colonial media and post independence experience in north. Available(Online) at: https://www.researchgate.net/publication/309094055_Colonial_Media_and_post_independence_Experience_in_North_Africa(Accessed: 2021-01-18)

Worth.F, Robert: Iran Expanding Effort to Stifle the Opposition.Nov.23, 2009. Available (Online) at: https://www.nytimes.com/2009/11/24/world/middleeast/24iran.html?ref=world( Accessed: 2021-02-07)

## سەرچەمەیل فارسی

ایسنا، ســهم حوزه رســانه و ارتباطات جمعی از بودجه سال ۱۳۹۸ کل کشور
https://bit.ly/2WHWkcv(Accessed:2021-01-14)

دەق قسەیل خامنەیی لە باوەت نەخش میدیا لە خوارەوە بوینن:
بیانات در همایش دەها هزار نفری «خدمت بســیجیان» در ورزشــگاه آزادی
https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=40645) Accessed:2021-02-04)

دەق نەخشەی مەهەندسی فەرهەنگیی جموری ئسلامی لە ڕێ لینک خوارەوە بوینن:
https://sccr.ir/UserFiles/entesharat/%D9%85%D9%87%D9%86%D8%AF%D8%B 3_%20%D9%81%D8%B1%D9%87% D9%86%DA%AF__opt.pdf)Accessed:2021-01-15)

قانون خط مشــی کلی و اصول برنامه های ســازمان صدا و ســیمای جمهوری اسلامی ایران
https://rc.majlis.ir/fa/law/show/90575(Accessed:2021-01-06)

ویژه برنامەهای دهه فجر در شــبکه کردستان وابسته به سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی علیه احزاب شرق کردستان در چهارچوب یک جنگ روانی:
قسمت اول
https://www.telewebion.com/episode/2492781(Accessed:2021-03-02)

توهین به لباس کردی در شبکه دو صدا و سیمای جمهوری اسلامی:
https://www.youtube.com/watch?v=6vDxJwc5nRc(Accessed: 2021-03-05)

بەشێک لە مساحبەی سازمان (عدالت برای ایران) وەگەرد مرادی :
https://twitter.com/Justice4Iran/status/1053307411161890818 (Accessed:2021-03-05)

ڕاپورت بی بی ســی فارسی لە باوەت شایەتی مرادی لە سەر شکەنجە لە خوارەوە بووینن
http://www.bbc.com/persian/iran-45490264 (Accessed:2021-03-06)

Routledge

Nilsson, Jakob& Wallenstein, Sven-Olov(ed), 2013: Foucault Biopolitics and Governmentality. Södertörn Philosophical Studies, Södertörn University.

Leader`s Address to Members of Basij. Nov.25, 2009.Available(Online) at: https://english.khamenei.ir/news/1211/Leader-s-Address-to-Members-of-Basij(Accessed: 2021-01-27).

Loomba, Ania. (2015). Colonialism/postcolonialism. Third edition. London: Routledge, Taylor & Francis Group

Mathieu, Anne.ژان پل سارتر و جنگ الجزایر
https://ir.mondediplo.com/2004/11/article468.html( Accessed: 2021-01-14).

Müller, Lisa: The impact of the mass media on the quality of democracy within a state remains a much-overlooked area of study. Available(online) at: https://blogs.lse.ac.uk/eurocrisispress/2014/12/10/the-impact-of-the-mass-media-on-the-quality-of-democracy-within-a-state-remains-a-much-overlooked-area-of-study/ ( Accessed: 2021-03-03)

Newton, Kenneth & Deth, Jan W. van. (2016[2005]). Foundations of comparative politics: democracies of the modern world. 3. ed. Cambridge: Cambridge University Press

Nye, Joseph S. (2004). Soft power: the means to success in world politics. New York, N.Y.: Public Affairs

Ohiagu, Obiageli Pauline:The Internet: The Medium of the Mass Media(2011). https://www.researchgate.net/publication/284733552_The_Internet_The_Medium_of_the_Mass_Media(Accessed: 2021-01-06)

Paul, Russel: Vice dressed as virtue, Aeon, 22 May 2020. Available(Online): https://aeon.co/essays/how-the-cruel-moraliser-uses-a-halo-to-disguise-his-horns( Accessed: 2021-01-18)

Pilger, John: War by media and the triumph of propaganda. Available(Online) at: https://www.belfasttelegraph.co.uk/opinion/columnists/john-pilger-war-by-media-and-the-triumph-of-propaganda-30803378.html( Accessed: 2021-02-15)

Rashidi, Rahim(2019):۲۸ مرداد سالروز جهاد خمینی علیه کردستان
https://www.youtube.com/watch?v=ME4MFCEUpPM(Accessed:2021-02-21)

White, Edian(ed). Untold Stories: How Corruption and Conflicts of Interest Stalk the Newsroom.

# دەسەڵاتی چوارەم

ڕزگار ئەمین‌نژاد

لەم وتارەدا بەشێک لە تێرمەکان بە زمانی زانستی دەکار کراون، هۆکارەکەش ئەوەیە کە وا هەست دەکەم وشە کوردییەکان کە پێشتر بۆ ئەم تێرمانە دەکار کراون، لە دەرخستنی نێوەرۆک و مانای تێرمە زانستییەکانی ئەم وتارەدا لاواز بن. کەوایە تێرمەکان وەک خۆیان دادەنێم و هیوادارم خوێنەرانم بە شرۆڤەکردنی مانای تێرمەکان ڕازی کردبێت. دواجار سپاسی تایبەت بۆ پرۆفسۆر «هاراڵد یارنینگ» لە زانکۆی ئۆسلۆ، کە لە دۆزینەوەی سەرچاوەی بەسوود بۆ نووسینی ئەم وتارە یارمەتیی دام و هەروەها بۆ باشتر تێگەیشتن لە دەقی سەرچاوە ئاڵمانییەکانی ئەم وتارە، بە پشوودرێژییەوە کاری لەگەڵ کردم.

## پێشەکی

هاوپێوەندیی لە نێوان مێدیا، سیاسەت و گەل، یەکێکە لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکان کە لە نیوەی سەدەی بیستەمەوە گرنگیی پێ دراوە. ئەگەرچی ئەم هاوپێوەندییە سیمبولیکە، بەڵام بێکێشەش نییە. هێندێ جار هاوئاراستەن و هێندێ جاریش دژبەیەک دیارن و جاری واشە هاوئاراستەیی و هاوپەیمانیی مێدیا و سیاسەت عەینیتر دەردەکەوێت، چونکە ئامانجی هەردووکیان پێوەندیسازکردن لەگەڵ هاووڵاتییانە. بەڵام ئامانج و ئامێری سازدانی هاوپەیوەندی بەلای ئەم دوو ئەکتەرەوە جیاوازن و ئەم جیاوازییەش وا دەکا کە زۆرجار مێدیا و ئەکتەرە سیاسییەکان ڕەگژ یەکتر ڕاچن. هۆکارەکەش ئەوەیە کە هەردوو لا مەنتق و ئەجێندای جیاوازیان هەیە. ستروکتۆری پرسیارەکە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسییانە دەخوازێت و بۆیە ئەم وتارە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر ئەو هاوپێوەندییە بەرگژاوییە[۱] و لە دەلاقەی چەند تیۆریی پێوەندیدار بەم مژارەوە خوێندنەوەیەک بۆ بەستێن و هۆکارەکانی بکاتت. دیاریکردنی پرۆبلێمتایز بۆ وەها پرسیارێک کارێکی ئاسان نییە ئەگەر لە گۆشەنیگای تیۆریی «مێدیاتایزاسیۆن»[۲] و هەروەها زەرووڕەت و بەربەستەکانی ئەم مێتاپرۆسێسەوە ئاوڕی لێ نەدرێتەوە. کەوایە ئەم وتارە لە دوای تێگەیشتن بۆ ئەم پرسیارە دەگەڕێ:

«تا چەند تیۆریی «مێدیاتایزینگ»[۳] و تیۆریی «جەغزی داخراو»[۴] دەتوانن شرۆڤەی بەرگژەکانی بەردەم پێوەندیسازکردن لە نێوان مێدیا، ئەکتەرە ساسییەکان و گەل بکات؟ و پرۆسەی مێدیاتایزاسیۆن تا چەند توانیویەتی مێدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم بسەلمێنێت.»

بێگومان تێگەیشتن لەم هاوپێوەندییە ئاسان نابێت ئەگەر لە کۆنتێکستی مێدیای کوردی و ئەکتەرە سیاسییەکانی کوردەوە چاو لێ بکرێت. هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەزموونی کاری مێدیایی کورد کەمە و ڕۆژنامەوانەکانیش کەمتر پرۆفێشیۆناڵن. بەهۆی بارودۆخی سیاسی و بە تایبەت ڕەوانیی ئەمنیەتیی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئێمە لەگەڵ دوو مۆدێلی مێدیایی بەرەوڕووین: «مێدیای دەسەڵات و مێدیای بەرگری». ئەم دۆخە وای کردووە کە مێدیای بەرگری یەکێک بێت لە ئۆرگانەکانی حیزبەکان. مێدیا بەناوبانگەکانی هەرێمی کوردستانیش، ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیانتوانیوە نەبەستراوەیی سیاسیی خۆیان بسەلمێنن. هەر بەم هۆکارانە، ئەم وتارە هەوڵ دەدات تیۆری و ڕوانگە جیاوازەکان بە شێوەیەکی گشتی و وەک دیاردە شرۆڤە بکات و داوەریکردن لەسەر دۆخی سیاسی و مێدیایی کورد بە خوێنەرانی ئەم بابەتە دەسپێرم.

لەم وتارەدا بەشێک لە تێرمەکان بە زمانی زانستی دەکار کراون، هۆکارەکەش ئەوەیە کە وا هەست دەکەم وشە کوردییەکان کە پێشتر بۆ ئەم تێرمانە دەکار کراون، لە دەرخستنی نێوەرۆک و مانای تێرمە زانستییەکانی ئەم وتارەدا لاواز بن. کەوایە تێرمەکان وەک خۆیان دادەنێم و هیوادارم خوێنەرانم بە شرۆڤەکردنی مانای تێرمەکان ڕازی کردبێت. دواجار سپاسی تایبەت بۆ پرۆفسۆر «هاراڵد یارنینگ»[۵] لە زانکۆی ئۆسلۆ، کە لە دۆزینەوەی سەرچاوەی بەسوود بۆ نووسینی ئەم وتارە یارمەتیی دام و هەروەها بۆ باشتر تێگەیشتن لە دەقی سەرچاوە ئاڵمانییەکانی ئەم وتارە، بە پشوودرێژییەوە کاری لەگەڵ کردم.

## ١- مێدیاتایزیشێن

کاتێ شارڵ مۆنتیسکیۆ (١٦٨٩- ١٧٥٥) لە کتێبی «روح القوانین»[۶] و لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، ئاماژە بە یاسا وەک بنەماییترین هۆکار بۆ سەقامگرتوویی و ئاشتی لە سیستەمێکی سیاسی دەکات، لە ڕاستیدا بەم

تێزە ڕەهەندێـــک بەنێو چەمکێکی بنەماییتردا لێ دەدات بە ناوی دێمۆکراســـی. گەڕانەوە بۆ نەریتی دێمۆکراســـیی ئاتێن، لە سەردەمێکدا کە بەشـــێک لە وڵاتانـــی ئورووپـــا و تەنانەت ئەمریکاش بەهۆی تەوژمی شـــۆڕش و ئیدەی ئینقلاب تووشـــی ئاڵۆزی و ناســـەقامگرتوویی بـــوون، کارێکی ســـادە نەبوو. ئێمـــە باس لە سەردەمێک دەکەین کە بەشێکی جیهان لەژێر ســـریمەی دوو نەریتی جیـــاوازی بیرکردنەوە لەمەڕ دەســـەڵات بوو، واتە: نەریتی «هابزی»[۷] و نەریتـــی «لاکـــی»[۸]. ئێمـــە دەزانین کە لە نەریتـــی هابزدا، تەنیـــا «ئەوتۆریتی» دەیتوانی دەســـتەبەری ســـەقامگرتوویی و تەناهـــی لە کۆمەڵـــگادا بـــکات، واتە دەســـەڵاتی زۆرتر بۆ حکومەت و تەناهیش بۆ گەل. بەڵام لە نەریتی لاکـــدا «تەعامـــول» وەک هـــۆکاری تەناهی و ســـەقامگرتوویی دیاری کراوە، واتە حکومەت و گـــەل لە ڕێگای دەنگدانەوە تەعامول لەگەڵ یەکتر بکەن. مۆنتیسکیۆ کاتێ لە کتێبی «روح القوانین»دا دەڵێت: دەسەڵاتی حکومەت دەبێ وەها داڕێژرێت کە خەڵک نیازیان بە هەڕەشە و تۆقانـــدن نەبێت، لە ڕاســـتیدا بەم بۆچوونە لەنێـــو نەریتی لاکـــی، واتـــە تەعامولگەراییدا بیـــر دەکاتەوە. بەڵام تەعامولکردن پێویســـتی بـــە میکانیزم هەیـــە و هەر بـــەم هۆیە تێزی دابەشـــکردنی دەســـەڵاتی دەوڵەت[۹] بەسەر ســـێ سیستەمی ســـەربەخۆ هاتە ئاراوە، واتە: «حکومەت[۱۰]، پارلمان و سیستەمی داد». ئەمڕۆ زۆربەی دەوڵەتانی جیهان ئەم دابەشکارییەی دەســـەڵات وەک نۆرمێکی سیاسی لە یاسای بنچینەییی خۆیاندا دیـــاری کردووە. بەڵام لە سیستەمە دێمۆکراتیکەکاندا زیاتر ڕەچاوی ئەم یاســـایە دەکرێت، چونکە ئـــەم تێزە هەر نۆرم نییە، بەڵکە میکانیزمێکیشـــە بۆ مەوداگرتن لە ئەوتۆریتی و دێمۆکراتیزەکردنی دێمۆکراســـی. بۆ ســـازکردنی هەماهەنگی و هاوســـەنگی لە نێوان ئەو دەسەڵاتانەدا پێویست دەکا یاسایەک هەبێـــت کـــە چوارچێوەیەک بـــۆ تەعامول و هەروەها باڵانسی دەسەڵاتی هەرکامیان دیاری بکاتت، واتە سنووری ئیختیارات و ئیجرائیاتی ئەو دەسەڵاتانە لە یاسادا ڕوون کرابێتەوە.

نەریتـــی تەعامولگەرایی کەم کەم جێگای بـــە نەریتی ئەوتۆریتی لێـــژ کرد، وەها کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی ئـــەو وڵاتانەی کە بەپێی تەعامولـــی دێمۆکراتیـــک دەســـەڵات بەڕێوە دەبـــەن زیاتر دەبێـــت، بەڵام ئاڕاســـتەی ئەم پێشـــوەچوونە هێندەش خێرا نەبوو. جوگرافیا لەو ســـەردەمەدا یەکێک بوو لـــە گرفتەکانی پەرەســـەندنی نەریتی تەعامولگەرایی. مەودای جوگرافی لە ســـەدەی هەژدەهەم و ســـەدەی نۆزدەهەمدا یەکێک بوو لە کێشە بنەمایییەکان بۆ ڕاگواستنی زانیاری و هزری مۆدێڕن. لێرەدا زەرورەتی پێوەندیســـازکردن[۱۱] و خێرایی لە کاری ڕاگەیاندنـــدا وای کرد کـــە مێدیا وەک مێدیۆمێکـــی گرنـــگ لە خزمەت سیاســـەت و پڕۆپاگانـــدای سیاســـی و ئایدۆلۆژیـــک چاو لێ بکرێـــت. مێژووی ڕۆژنامەگـــەری باس لە هەجمەی حیزب و لایەنە سیاســـییەکان دەکا بـــۆ داگیرکردن و کۆنترۆڵی مێدیا و نێوەرۆکی مێدیایی و هەروەها پێمان دەڵێت کە سیاسەت تا چەند گرنگیی بە مێدیا داوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵات. بەڵام مێدیا هەمیشە پاسیڤ نەبووە و لە ململانێیەکی ئازایانەدا بووە بۆ پاراســـتنی سەربەخۆیی خۆی. تەمای سەربەخۆیخوازیی مێدیـــا بەبێ دارشـــتنی مەنتـــق و ئەجێندای مێدیایی مســـۆگەر نەدەبوو و لەوەش گرنگتر؛ بەبێ دێمۆکراســـیش ئەم ســـەربەخۆییە تاقی نەدەکرایـــەوە و گرنگبـــوون و کارایی مێدیای ســـەربەخۆ لە کۆمەڵگاشدا نەدەســـەلمێندرا. ئیدەی سەربەخۆیی مێدیا وەک زەروورەتێک لەپێناو پەرەدان بە نەریتی جۆن لاک (نەریتی تەعامولگەرا) و هەروەها بۆ دێمۆکراتیزەکردنی دەســـەڵاتی سیاســـی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەهاتـــە ئاراوە. کاتێ مێدیـــا وەک بنەمایەکی گرنگ بۆ دێمۆکراســـی لە سەدەکانی نۆزدە و بیســـتەمدا دەرکەوت، لە ڕاســـتیدا قەرزداری

وەها گۆشەنیگایەکی مەعریفی بوو کە وای کرد مێدیا لەم سەردەمە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، وەک «دەسەڵاتی چوارەم» دەربکەوێت. هۆکارەکەش ئەوەیە کە بەبێ مێدیا ئاستەمە نیهادەکانی سیاسەت کاراییان هەبێت. مێدیا چاوەدێری هەڵبژاردنەکان دەکات و زووم لەسەر ڕەفتارە سیاسییەکان دەکات. کۆمەڵگای مەدەنی لە چاوی مێدیاوە ئاگاداری هەڵسوکەوتی ئەکتەرە سیاسییەکان دەبن و لە ڕێگای مێدیاوە چاوەدێریی گوتار و ئینتمای حیزبییان دەکەن. ئەکتەرە سیاسییەکانیش بە هەمان شێوە لە ڕێگای مێدیاوە ئاگاداری کاردانەوەی شەقام و کارتێکەریی گوتار و پلاتفۆرمە سیاسییەکانیان لەسەر ڕیزبەندییەکانی هەڵبژاردن دەکەن. بەڵام یەکێک لە کەمایەسییەکانی مێدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم لەوەدایە کە وەک سێ دەسەڵاتەکەی دیکە هیچ یاسا، یاخۆ میکانیزمێکی دیاریکراوی نییە کە مێدیا لە چوارچێوەی باڵانسی دەسەڵاتدا ڕابگرێت. یاسای ڕۆژنامەگەری لە زۆربەی وڵاتان هەیە و سرووشتییە کە مێدیاش وەک نیهادە سیاسی و مەدەنییەکان، پێناسە و سنووری بۆ دیاری کراوە. بەڵام وەک دەسەڵاتی چوارەم نەسەلمێندراوە و هەر ئەم دۆخەش وای لە مێدیا کردووە کە لەو باڵانسەدا نەگونجێت. ڕەنگە ئەم دۆخە پێوەندی بە ئەجێندا و مەنتقی مێدیاییەوە هەبێت کە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ ئەجێندا و مەنتقی سێکتۆرەکانی وەک حکومەت، پارلەمان و سیستەمی داد. بەڵام ئەو شتەی کە بە ڕوونی دیارە: دەسەڵاتی مێدیا و مەیدانی کارلێکردنی مێدیا وەها بەربڵاو بووەتەوە کە تەنانەت سێ دەسەڵاتەکەی دیکەشی خستووەتە ژێر سەیتەرەی خۆیەوە. ئۆستەروود، پرۆفسۆری بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئۆسلۆ دەڵێت: «مێدیا لەم سەردەمەدا نەک هەر کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی هەیە، بەڵکە دیارکەری ئاراستەی ڕۆژ، گەمەی سیاسی، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، کولتوور و تەنانەت نرخی دراویشە.» (Østerud 2003: 127). ئەوەی لەم بۆچوونەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئەجێندا و مەنتقی مێدیایی لە چوارچێوەی نیهادێکدا ناگونجێت، بەڵکە بۆ ئەوەی لە مێدیا تێ بگەین، دەبێت وەک دیاردەیەکی مێتاپرۆسێس ببینین و خوێندنەوەی بۆ بکەین.

هەتا سەردەمی کۆتایی شەڕی سارد، جیهان لەژێر سریمەی سێ مێتاپرۆسێسدا بوو کە بریتی بوون لە: ئەخلاق، دین و ئایدیالۆژی. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە بەهۆی ئینقلابی زانیاری، یاخۆ ئینقلابی دیجیتاڵییەوە جیهان بەرەو پارادایمێکی نوێ دەچێت کە پێشمەرج و زەمینەکانی، جیاوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ پارادایمەکانی پێش کۆتایی سەردەمی شەڕی سارد هەبوو. لەم قۆناغەوە ئێمە لەگەڵ چوار مێتاپرۆسێسدا نەک ئاشنا دەبین، بەڵکە کاریگەریشیان لەسەر ژیانمان دەبێت، واتە: «گلۆبالیزاسیۆن»، «ئیندیڤیدوالیزاسیۆن»، «کۆمێرسیالیزیاسیۆن»[١٢] و «مێدیاتایزاسیۆن». هەڵبەت ئەم دیاردانە لە پێوەندییەکی چڕوپڕدان و دەکرێ بڵێین کە هەرچواریان تەواوکەری دۆخی ئارایی جیهانن. جیهانیکردن، تاکگەراییکردن، بەبازرگانیکردن و بەمێدیاییکردن لەم سەردەمەدا باڵی بەسەر ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری، پەروەردە، لەشساخی و... هتددا گرتووە. ئەم دۆخە بەپێی بۆچوونی زۆربەیەک لە توێژەران، وەک هۆکار بۆ لەکزیدانی ئایدیالۆژی، کەمڕەنگبوونەوەی ڕۆڵی دین، ڕکوودی سیاسەت و غیابی ئەخلاق لە جیهاندا دێتە هەژمار. بۆ نموونە: کارکردی سیاسەت لەم سەردەمەدا چییە؟ یا شەڕ دەکات، یا نێوبژیوانی دەکا. ئەکتەرە سیاسییەکان لەمێژە دەستیان لە ڕاڤەکردنی جیهان کورت کراوەتەوە و هۆکارەکەش ئەوەیە کە مێدیاتایزاسیۆن لەم سەردەمەدا «پێشمەرجەکان» دیاری دەکا.

بــەڵام مێدیاتایزاســـــــــیۆن چییـــە؟ هەڵبـــەت کاتـــێ دەڵێیـــن گلۆبالیزاســـیۆن، ئیندیڤیدوالیزاســـیۆن، دیمۆکراتیزاســـیۆن و گشـــت ئەو تێرمانەی بە «ســـیۆن» کۆتاییان پـــێ دێ، مەبەســـت هەمەگیربوونـــی وەهـــا دیاردەگەلێکن. هەمەگیربوون، یانی خەڵک بە پانەوە دەســـتیان پێ ڕادەگا، کاریان لێ دەکا، کاری لەســـەر دەکەن و بەگشـــتی نەک هیچ کـــەس لە دەرەوەی ئەو پرۆســـانە نین، بەڵکە خۆشیان بەشێکن لە پرۆسەکە. ئەم دۆخە وای کرد کە لە ســـاڵی ١٩٩٠ی زایینییەوە پرسی مێدیا و کارکردی مێدیا، ببێ بە پرس و مژاری بەشێکی زۆر لە زانستەکان. توێژەرانی زانستی کۆمەڵایەتی، سیاســـی، ئابووری، مرۆڤناسی و هتد، لەم سەردەمەوە خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ پرسی مێدیا دەکەن و لەم پێوەندییە لەگەڵ زۆر تێرمی زانســـتی ئاشنا دەبین و بە گشتی، گرنگیدان بە مێدیا وەک بابەتێک بۆ توێژینەوە زانســـتییەکان دێتە ڕۆژەڤەوە. بە شـــێوەیەکی گشتی خوێندنەوەکان لەمەڕ مێدیا، بەسەر سێ ڕووکـــردی توێژینەوە دابـــەش دەکرێت کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەدەم.

- ڕووکردی یەکەم: خوێندنەوەیەکی ئاکادێمیک بوو لەمـــەڕ کارتێکەریی مێدیا لەســـەر ژیانی مرۆڤ کـــە یەکێکە لە کۆنترین توێژینەوەکان. لـــەم توێژینەوانـــەدا مێدیـــا وەک تێکنۆلۆژی پێناســـە کراوە کە لـــە پەنـــای داهێنانەکانی دیکە - کەم تا زۆر کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەبوو. کاتێ دەڵێن داهێنان، مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ سەربەســـت بـــووە و بەپێی دۆخی کۆمەڵایەتی سوودی لە ئامێرەکانی ڕاگەیاندن وەرگرتووە. لەم توێژینەوەیەدا مێدیا بەشـــێک نییە لـــە ســـترۆکتۆری ژیانی مـــرۆڤ، بەڵکە ئۆبژەیە و ئێمەش سەربەستین لە هەڵبژاردنیدا. کەوایـــە کاریگەریی مێدیا لـــەم قۆناغەدا هەر بەپێی زەروورەتـــی مێدیا نییە، بەڵکە ئیرادەی مرۆڤیش (ئازادیی هەڵبژاردن) ڕۆڵی هەیە.
- ڕووکـــردی دووەم: توێژینـــەوەی لەســـەر بەردەنگەکانی مێدیا کردووە. واتە بەردەنگەکان چۆن لە مێدیا تێ دەگەن، چۆنی ڕاڤە دەکەن، کارتێکەریـــی بەردەنـــگ لەســـەر ئەجێندای مێدیا چەنـــدە و مێدیا تا چەنـــد کاریگەریی لەســـەر ڕوانگـــە و موعاناتـــی بەردەنگ هەیە. ئەم خوێندنەوەیە تاکڕەهەنـــدی نەبوو، بەڵکە زوومی لەســـەر کاریگەریی مێدیا وەک ئەکتەر و کاریگەریـــی بەردەنگەکانیـــش وەک ئەکتەر کردووە.
- ڕووکـــردی ســـێیەم جیاوازییەکـــی زۆری لەگەڵ دووانەکەی دیکـــە هەیە. لەم قۆناغەدا پرســـی مێدیا لـــە فۆکووســـدا نییـــە، بەڵکە تیۆریی مێدیاتایزاســـیۆن دێتە ڕۆژەڤەوە. لەم توێژینەوەانەدا باس لەســـەر کارتێکەریی مێدیا لەســـەر ئێمە، یاخۆ کارتێکەریی ئێمە لەسەر مێدیا نییـــە، بەڵکە توێژینـــەوەکان باس لەوە دەکەن کە مێدیـــا خەریکی «گۆڕینی» مرۆڤە، داهێنەری زمانە، کولتوورســـازە و بە گشـــتی مێدیا بووەتە جیهانێکـــی هاوتەریب لە پەنای جیهانەکانی دیکە و ئێمە بە تاک و بە کۆمەڵ تێیدا دەژین.

تایبەتمەندییەکانی مێدیاتایزەیشـــێن کە لە گشـــت توێژینەوەکاندا ئاماژەیان پێ دراوە شـــتێکی سەیر و ســـەمەرە نین، چونکە ئێمە هەرئێســـتاش خەریکین تاقییـــان دەکەینەوە. ئێســـتا ئیتر مێدیـــا بۆ هەموو کەســـێ وەک هـــەوا گرنگە و ژیان بەبێ مێدیا زۆر ئەســـتەم بووەتەوە. مێدیا لەگەڵمان لە خەو هەڵدەستێ، لەگەڵمان دێ بۆ ســـەر کار، لەگەڵمان پشـــوو وەردەگـــرێ و تەنانـــەت لەگەڵمـــان دێتە بن لێفـــەوە. هەڵبەت مێدیا وەک ئامێر کارمان لێ ناکا، بەڵکە وەک نێوەرۆک و زانیاری. نێوەرۆکی مێدیـــا گرنگن بـــۆ ژیان، بۆ ســـەرقاڵبوون، بۆ فێربوون، بۆ ئاگاداربوون و بۆ پێوەندیسازکردن. یەکێک لـــەو تایبەتمەندییانەی کـــە گۆڕانی لە ماهیـــەت و کرداری ئێمـــەدا پێک هێناوە پرســـی خێراییی هاوپێوەندیسازی و تەعامولی دیمۆکراتیکە لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی دەیاننانسین

و ئەو ڕوخسـارانەی کە ئەگەر مێدیا نەبووایە قـەت نەماندەبینین. پێوەندیسـازکردن وەها لـە ژیانـی ئێمـەدا ناخێنەکراوە کـە ئەمڕۆ بووەتە بەشـێک لە ڕەفتاری کولتووریی ئێمە و ناسـنامەی هەرکامێکمـان بەپێی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە[١٣] پێناسە دەکرێت کە تێیاندا چالاکین. قەت مرۆڤ بە ڕادەی ئەم سەردەمە نەبـووە بە سـوبژە و عاملیەتی[١٤] مرۆڤ قەت هێنـدە بەهێز نەبووە. بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە لەسـەر مۆبایل، ئینتەرنێـت، تەلەڤزیۆن و هتـد کراون، یەک بە یەکی ئێمە جیهانێکین. ئەمـڕۆ هەرجووڵەیەکی ئێمە جیهانێک لەگەڵ خۆی دەجووڵێنێت، چونکە بیر و هەڵوێست و کردەوەکانمان، لە ڕاسـتیدا بیر و هەڵوێست و کولتووری کۆمەڵێک مرۆڤی دیکەشـە کە لە هەنـاوی هەمان تـۆڕی کۆمەڵایەتیدا خۆیان پێناسـە دەکەن کـە ئێمە ئەندامیـن تێیدا. بەپێی بۆچوونی کارناسانی کۆمەڵایەتی، پێش ئەم سـەردەمە مرۆڤ هەمیشە وەک ئۆبژە لە بەرچاو گیراوە و لە سەردەمی مێدیاتایزەیشندا عاملیەتی مـرۆڤ لەدایک دەبێت. مەبەسـت لە عاملیـەت چییە؟ یانی هـەرکام لە ئێمە، لە قوژبنێکی ئـەم جیهانەوە و لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە هۆکارێکین بۆ دەرکەوتە سیاسـی، کولتووری، کۆمەڵایەتـی، هزری و ئابوورییەکانـی ژینگەی مرۆیـی. یەکێک لە دەرکەوتەکانی مێدیاتایزاسـیۆن، گەردەلوولی زانیارییـە. هەمـوو ڕۆژێ لافـاوی زانیـاری بەسـەرماندا دەرژێت و وای لێ کردووین کە مرۆڤی ئـەم سـەردەمە وەک مرۆڤی فرەزان ناوبانگ دەربکات. مێدیاتایزاسیۆن وەها پەرەی سـەندووە کە تەنانەت باڵی بەسەر تێفکرینی ئاکادێمیکیشدا گرتووە. لەم سەردەمەدا ئاستی ڕۆشـنبیری و بازنەی تێرم و زمانی زانستیی کەمخوێندەوارتـرن کاربـەری ئینتەرنێت، تا ئاستی مامۆسـتایەکی زانکۆ بەربڵاو بووەتەوە و شـرۆڤەکانیان چـی وا لـە کارناسـانی بـوارە جیاوازەکانـی زانسـت کەمتـر نین.

مێدیاتایازاسـیۆن ئەمڕۆ کۆرسە زانستییەکانی لـە ژوورە داخراوەکانی زانکـۆ هێناوەتە دەر و لـە یوتیوب و لە ڕێگای پاکدەسـت، تێلەگرام و فەیسـبووکەوە بـڵاوی دەکاتەوە. زانسـتت گەرەکـە؟ عەوداڵـی مـەدرەک و خوڕانـان نیـت؟ وەرە بۆ یوتیوب کە دەریای زانسـت و مەعریفەیـە و بە خۆڕایی هەموو شـتێک فێر دەبیت. فێربوون گرنگتریـن پاڵنەر و یەکێک لـە غەریزەکانـی مرۆڤـە بۆ گەشـەکردن و پەرەسەندن،[١٥] وەک دەبینین لەم سەردەمەدا مێدیاتایزاسـیۆن کۆنترۆڵی ئەو غەریزەیەشی گرتووەتە دەست.

## ٢- دوو مەنتقی جیاواز

لە پێشەکیی ئەم وتارەدا باسمان لە ئەجێندای مێدیایـی و ئەجێندای سیاسـی کـرد. کاتێ دەڵێیـن ئەجێندای مێدیایـی واتە ئەو بابەت و مژارانـەی کە لە چوارچێـوەی کار و بەپێی ئامانجی مێدیا کلێشەبەندی دەکرێن. بە هەمان شـێوە سیاسـەتیش ئەجێندای خۆی هەیە و فۆرم و ناوەرۆکی ئەجێنداکەی جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەجێندای مێدیاییدا. کەوایە کاتێ باس لە ئەجێندا دەکەین لە ڕاسـتیدا باس لە دوو واقعـی جیاواز دەکەین کە بەپێی دوو مەنتقی جیاواز کار دەکەن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم خوێندنەوەیەکـی خێرا بۆ مەنتقی سیاسـی و مەنتقـی مێدیایـی بکەم، بەڵکـو ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو دوو منتقە ڕوون بێتەوە.

### ٢-١ مەنتقی سیاسی

مەنتقی سیاسـی[١٦] لە ڕاسـتیدا دەبووایە لە چوارچێوەی فەلسـەفەی سیاسـیدا پێناسـە بکرێت. بەڵام لەم سـەردەمەدا هزری سیاسی، مەنتقـی سیاسـییش دیـاری دەکا و دواتر باسـی جیاوازیی نێـوان فەلسـەفە و هزری سیاسـی دەکەم. مانای فەلسەفەی سیاسی و تایبەتمەندییە پرنێوەرۆکەکانی بەپێی بۆچوونی لێو سـتراوس (١٩٨٨)، جیاوازییەکی ئەوتۆی

نییە لەگەڵ سەردەمی «ئاتین»دا. واتە گشت کردەوە سیاسییەکان، یا لەپێناو گۆڕانی دۆخی ئاراییدایە، یاخۆ بۆ پاراستنی دۆخی ئاراییە. ئامانجی هەوڵدان بۆ پاراستنی دۆخی ئارایی ئەوەیە کە نەهێڵێ دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی و تێکچوون بچێت. بەڵام ئامانجی گۆڕان، باشترکردنی دۆخی ئاراییە. کەوایە ئاراستەی گشت کردەوە سیاسییەکان بەپێی دوو چەمکی «باشتربوون» و «خراپترنەبوون» دەڕواتە پێش. ئەگەر لە پێوەندیی دال و مەدلوولدا پێناسەی باش، یا خراپ بکەین، ئەوا «چاکە» وەک مەدلوولێکی پرواتای ئەو چەمکانە دێتە ئەژمار. کەوایە فەلسەفەی سیاسی گشت کردەوە سیاسییەکانی ئێمە بەرەو مەعریفەی «چاکە» ڕێنمایی دەکا. واتە ئاگابوون لەمەڕ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی باش و بەم پێیە ڕاهاتی فەلسەفەی سیاسی لە ڕاستیدا دامەزراندنی ژینگەیەکە مرۆڤ تێیدا هەست بە «شادی» و بەختەوەری بکات. ئەگەر مەنتقی سیاسی لە چوارچێوەی وەها فەلسەفەیەکدا ڕوون و شی کرابێتەوە، ئەجێندا و ڕەفتاری سیاسیش بەرەو وەها مەعریفەیەک هەنگاو دەنێت کە مەیلی لە چاکە و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بەختیارە. کاتێ دەڵێین فەلسەفەی سیاسی، مەبەستەکەمان ڕوونە، چونکە ئەم لقە لە زانست بەشێکە لە تێگەیشتنی فەلسەفی. فەلسەفییە چونکە مێتۆدی بەحس لەمەڕ سیاسەت بەپێی مەنتقی فەلسەفی دەچێتە پێش و سرنج بە ڕەگی پرسە گشتییەکان دەدا. سیاسییە چونکە ئەو مژارانەی کاری لەسەر دەکا پێوەندی بە تەعامولی ڕۆژانەوە هەیە کە ئاراستەکەی ژیانی سیاسییە (Strauss 1988). کەوایە پرسی فەلسەفەی سیاسی دەبێ جیاواز لە ئامانج و غایەتی سیاسەت نەبێت. خەونە بەرزەکانی مرۆڤ بۆ نموونە: ئازادی، عەداڵەت، ئاشتی، دەوڵەت، تەناهی و... لە ڕاستیدا بەستێنی تێڕامانی فەلسەفەی سیاسییە.

بەڵام فەلسەفەی سیاسی بە بۆچوونی ستراوس دەبێ لە هزری سیاسی هەڵاوێردرێت. مەبستی ستراوس لە هزری سیاسی؛ تێڕامان لەمەڕ ڕای سیاسی و ڕاڤە جیاوازەکانی سیاسەت و هەروەها ئوسوولە بنەماییەکانی ڕووکردی سیاسییە. کەوایە هزری سیاسی، یانی تێفکرین لەمەڕ هەلومەرجە سیاسییەکانی ڕۆژ کە دواجار هێڵ و بۆچوونی جیاوازی سیاسی لێ دەکەوێتەوە، وەک ئوسوولی سیاسی هەڵوێستەیان لەسەر دەکرێت و، ڕای گشتی، یاخۆ بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگا دەچنە پشت سەری وەها ئوسوولێکەوە (ibid). بەڵام دەرکەوتەی هزری سیاسی وایە کە هەمیشە تێکەڵاوێکە لە مەعریفەی سیاسی و گومانی سیاسی. ژینگەی سیاسەت لە هەوڵێکی بەردەوامدا بووە و هەشە؛ کە ئوسوول و هزری سیاسەت بەلای مەعریفەی سیاسەتدا پاڵ پێوەنێت، بەڵام تەنانەت لە دیمۆکراتیکترین ژینگەی سیاسیشدا جاری وایە لێکەوتەکانی سیاسەتکردن ئەرێنی دەرناچن و کۆمەڵگای مەدەنی تووشی گومانی سیاسی دەکەن. ئەو شتەی کە ئەمرۆ وەک سیاسەت دەیناسین، فەلسەفەی سیاسی نییە، بەڵکە هزری سیاسییە کە لە سەدەی نۆزدەمەوە، تا دێت لقوپۆی لێ دەبێتەوە و سرووشتییە کە مەنتقی سیاسییش بەپێی وەها ڕووکردێکی سیاسی دیاری بکرێت. کەوایە کاتێ باس لە مەنتقی سیاسی دەکەین لە ڕاستیدا باس لە شێوازی بەحسی سیاسی دەکەین. مەنتقی سیاسی ڕووکردێکی کۆنکرێت نییە کە لە جێگای فەلسەفەی سیاسی دانیشێت، بەڵکە ڕووکردێکی پلاستیکییە و زۆرتر لە چوارچێوەی هزری سیاسیدا دەگونجێت. مەبەست لە ڕووکردی پلاستیکی ئەوەیە کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقعەکان زیاتر نەرمی لە خۆی پێشان دەدات. پلاستیکیبوونی مەنتقی سیاسی بە مانای کشانەوە لە بەرانبەر دیاردە ئابستراکەکانیش نییە، بەڵکە یارمەتیمان دەدا کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردە

ئابســـتراکەکان، تووشـــی خەتای ئیستدلالی نەبین و لە چوارچێوەی مەعریفەی سیاســـیدا تێگەیشـــتنێکی ئوسوولی و ڕێســـامەندمان بۆ وڵامدانەوە بە پرسەکانی ڕۆژ هەبێت.

## ٢-٢ مەنتقی مێدیایی

بۆ تێگەیشـــتن لە مەنتقی مێدیایی، پێویست دەکا ســـرنج بە کارکردی مێدیا و ئەو شرۆڤانە بدەین کە لەم پێنـــاوەدا هاتوونە ئارا. هەڵبەت مەبەست لەوە نییە کە مێدیا فەلسەفەی نییە، بەڵکە لە ١٩٩٠ بەمـــلاوە گرنگیدان بە مێدیا وەک لقێکی زانستی، زەرورەتی خوێندنەوەی فەلسەفیشـــی بۆ خۆش کـــردووە و کاری زۆر لەسەر کراوە. بەڵام خوێندنەوەی دیاردەناسی[١٧] لەمەڕ مێدیا، ئەگەرچـــی کورتیش بێت، ئێمە لـــە کۆمەڵێ تیۆرتـــی ئینتزاعـــی و دژبەیەک دوور دەخاتەوە کە بە ناوی فەلســـەفەی مێدیا هاتووەتە ئاراوە.

مانای مێدیا لە وشەی «مێدیۆم» وەرگیراوە کە ماناکەی گەیاندن بە واســـیتەیە. هەڵبەت کاتـــێ دەڵێیـــن مێدیا لـــە ڕاســـتیدا باس لە کـــۆی ئـــەو ئامێرانە دەکەین کـــە لە خزمەت گەیاندنی پەیام، زانیـــاری، ئاگاداری، کولتوور، ناســـنامە، بیر و باوەڕی کـــەس، یاخۆ نیهادە کۆمەڵایەتییەکاندایە. کۆی ئەو نموونانە ئێمە لە تێرمێکی هەمەگیرتر نزیک دەکاتەوە بە ناوی ڕۆشـــنگەری. کەوایە یەکێک لە کارکردەکانی مێدیا ڕۆشـــنگەرییە. بەڵام لە ســـەدەی ١٩ و بـــەدوای داهێنانـــی کامێـــرای وێنەهەڵگرتن، کارکردێکی دیکە بـــۆ مێدیا زیاد دەبێت، واتە «تۆمارکردن» و پەرەدان بـــە «هێزی خەیاڵ». ئەم دیاردەیە بەپێی بۆچوونی والتێر بێنیامین: وەک ئینقـــلاب گۆڕانی لە تێگەیشـــتنی ئێمە لەمەڕ جیهان و ڕاڤـــەی گۆڕانکارییەکان پێک هێنا. ئەمە لەخۆیدا پێمان دەڵێت کە داهێنانی نـــوێ، یاخۆ تەکنیکی نـــوێ، واقعیەتی نوێش لەگەڵ خۆی دێنێت. داهێنانە ســـینەماییەکان لە نیـــوەی ســـەدەی بیســـتەمدا کارکردێکی نوێ بە مێدیا دەبەخشـــێت، واتـــە: داهێنانی «جیهانی ماتریـــس». گۆنتێر ئاندێرس، یەکێک لە دیاردەناسەکانی ئاڵمان، کاتێک دەچێت بۆ ئەمریکا لەگـــەڵ ئەزموونێکی نوێی ڕاگەیاندن ئاشنا دەبێت. لەم سەفەرەدا و لە ڕێگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی ئەمریکاوە لەگەڵ تەکنۆلۆژیی مۆدێرن لە کاری مێدیادا و کارتێکەریی مێدیا لەسەر جوانیناســـی ئاشنا دەبێت. یەکێک لەو شـــتانەی کە ســـرنجی ئاندێرس بۆ لای خۆی ڕادەکێشـــێت بەخشینی ڕوخسارێکی حەقیقی بە نموودەکانی جوانیناســـی بوو. گشـــت ئەو ڕووداوانەی لە شاشـــەی تەلەڤزیۆنەکانەوە بڵاو دەبوونـــەوە بەپێی وەهمێکـــی ئۆنتۆلۆژیک[١٨] دەردەکەوتن کە نە هەست بە بوونیان دەکەی و نە هەســـتیش بـــە نموودیـــان دەکەی. ئەم ماتریســـە بەردەنگەکانـــی مێدیای تا ئاســـتی شـــیزۆفێرنییەکی دەســـتکرد پاڵ پێـــوە دەنا (Anders 1980). لـــە کۆتاییەکانی ســـەدەی بیســـتەمەوە ئیتر ئێمە لەگـــەڵ دیاردەیەکی نوێ ئاشـــنا دەبین کە مەبەســـتی سەرەکیی ئەم وتارەیە، واتـــە: مێدیاتایزینگ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئـــەم دیاردەیە ئەوەیە کە مرۆڤ چیی دیکە ئازاد نییـــە لە هەڵبژاردندا. ئەگەر جاران ئێمە لـــە دەرەوەی مێدیا بووین و مافـــی هەڵبژاردنمان هەبوو کە کەرەســـەی مێدیامان هەبێت، یان نا، ئەمڕۆ مێدیا خزاوەتە نێو هەناوی ئێمە و بۆخۆشـــمان بەشێکین لە مێدیا. مێدیا لەم سەردەمەدا خەریکی گۆڕینی مرۆڤ بۆ ســـووژەیە. کەوایە ئـــەو کارکردانەی باسیان لێ کرا لە ڕاســـتیدا مەنتقی مێدیاش دیاری دەکەن.

## ٣-٢ مەنتقی مێدیایی لەهەمبەر مەنتقی سیاسیدا

بە پێویستی دەزانم لەژێر تیشکی بۆچوونەکانی ســـترۆمباک، باســـێکی کورت لەمەڕ هاودژیی نێوان مەنتقـــی مێدیایی و مەنتقی سیاســـی بکەم. سەبارەت بە مەنتقی مێدیایی سترۆمباک

دەڵێت: «مەنتقی مێدیایی، ئاماژەیەکە بۆ باندەستبوونی مێدیا لە ئامێر و تەکنیکەکانی ڕاگەیاندندا و هەروەها چۆنایەتیی خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی ئەو ڕووداو و دیاردەنەی کە ڕۆڵیان لە مێژووسازیدا هەیە. شێواز، ئاراستەکردن و گێڕانەوەی مێژوو لە کاری مێدیاییدا بەپێی فۆرم، زمانی نۆیتراڵ و شرۆڤەی بێلایەنانە کار دەکات، بەڵکو لە ململانێی مەرجەعەکانی زانیاریدا باندەست بێت و خەڵک زیاتر متمانەیان پێ بکەن» (Strömbäck 2008: 233). مەبەستی سترۆمباک لە گێڕانەوەی مێژوویی لێرەدا؛ بەرپرسبوون لەمەڕ شێوازی گێڕانەوەی واقعە عەینییەکانی کۆمەڵگایە کە دواتر دەبن بە بەشێک لە کولتوور و مێژووی جیهان. مەنتقی مێدیایی بەپێی ئەجێندای مێدیایی کار دەکات کە سترۆمباک ئاماژە بە حەوت کارکردی مێدیایی بۆ وەها ئەجێندایەک دەکات: پۆلاریزەکردن،[١٩] سادەسازی،[٢٠] حەسیاسیەتسازی،[٢١] شەخسیکردنەوە،[٢٢] بەرۆژەڤکردن،[٢٣] کلێشەسازی[٢٤] و هەروەها ڕووماڵکردنی سیاسەت وەک گەمەیەکی ستراتیژیکە سترۆمباک وەک «Horse race» پێناسەی دەکات، واتە پێشبڕکێی ئەسپەکان.

مەنتقی سیاسی بەپێی بۆچوونی سترۆمباک؛ لەدوای چارەسەری و زمانێکی سیاسی دەگەڕێت بۆ ئەو کێشانەی کە لە چوارچێوەی ئەجێندای سیاسیدا شرۆڤە و پێناسە دەکرێن. هەڵبەت نەخشەڕێگای چارەسەریش بەپێی بەرنامە و ڕەفتاری سیاسی نیهادە سیاسییەکان دەچێتە پێشەوە. بێگومان گرنگترین ئەکتەرەکانی چارەسەرکردن، حیزب و چالاکانی سیاسین و بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش بەپێی ئایدیالۆژیای حیزب ئەولەویەتبەندی دەکرێ. واتە دەبێ کام کێشەی سیاسی، یا کۆمەڵایەتی پێش بخرێت و ڕێکارەکان بۆ چاکسازی چۆن دەبن (ibid).

وەک دەبینین مەودا و جیاوازیی نێوان مەنتقی مێدیایی و مەنتقی سیاسی هەم لە باری سترۆکتۆرییەوە و هەم لە باری نێوەرۆکەوە زۆر بەرچاوە. لە کۆمەڵگایەکدا کە مەنتقی مێدیایی تێیدا باندەست بێت، مێدیا وەک ئەکتەری سەرەکی دەردەکەوێت بۆ کارتێکردن لەسەر پرسی دیمۆکراسی و هەروەها چەسپاندنی پێشمەرجەکانی لە ژینگەی سیاسیشدا. لەم سەردەمەدا ڕۆڵی مێدا چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ و هەروەها چ ئەرێنی بێت، یاخۆ نەرێنی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت؛ بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا. لە زۆربەی وڵاتانی دیمۆکراتیک و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە پرۆسەی مێدیاتایزینگ دەستی باڵای هەیە لە کاری ڕاگەیاندندا، ڕادەی متمانەی خەڵک بە مێدیا ڕوو لە هەڵکشانە. بەڵام یەکێک لە گرفتەکانی مێدیا لەو وڵاتانەی کە بە پرۆسەی مێدیاتایزینگدا تێ دەپەڕن، سەرچاوە ماڵییەکانی مێدیایە. هەتا مێدیا لە پرۆژە ئابوورییەکانی خۆی سەرکەوتوو بێت، بەو ڕادەیە لە مامەڵەکانی لەگەڵ ئەکتەرە سیاسییەکاندا دەستی باڵای دەبێت و لە مەرجەکانی گەمەی بازرگانیکردن بە زانیاری، ڕزگاری دەبێت و بەو ڕادەیە لە هێژمۆنی مەنتقی مێدیاییدا سەرکەوتوو دەبێت.

### ۴-۲- مۆدێلەکانی مێدیا

لەم بەشەی وتارەکەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە سێ مۆدێلی مێدیایی بکەم کە لەم سەردەمەدا وەک مۆدێل پێناسە کراون. هەڵبەت کاتێ دەڵێین مۆدێل لە ڕاستیدا مەبەستمان لە سێ نەریتی مێدیاییە و نموونەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لقێکن لەو سێ مۆدێلە. بۆ نموونە، ڕاگەیاندنی حیزبی، ڕاگەیاندنی سێلیبریتی، ڕاگەیاندنی بازاڕ و هتد.

**١** مۆدێلی مێدیای پۆلاریزەکراو[٢٥]

مێدیای پۆلاریزەکراو مۆدێلێکی مێدیاییە کە بە زۆری لەو وڵاتانەدا کاری پێ دەکرێت کە سیستەمەکەی بەپێی «ئابووریی دەوڵەتی»

کار دەکا و حکومــەت دەســتی ئاوەڵایــە بۆ دەســتێوەردان لە سیســتەمی داد، ئابووری و تەنانەت نیهادە سیاســییەکانیش. ئەم چەشنە مێدیایە زۆرجار وەک مێدیای حکوومی باسیان لێ دەکەن، چونکە ڕاســتەوخۆ سوبســید لە حکومەت وەردەگرن. لە باری چۆنایەتیشــەوە ئــەم مۆدێلــە لــە مێدیــا بەپێــی ڕۆتین و هاوئاراســتەیی لەگەڵ دەســەڵاتی سیاسیدا پرۆگرامەکانی دادەڕێژێت و مەودایەکی زۆری لەگەڵ ڕووکردی نوخبەگەرایانە هەیە. کادیری مێدیایــی و بــە تایبــەت ڕۆژنامەوانەکان لەم مۆدێلەدا زۆر پرۆفێشــیۆناڵ نیــن، هاودەنگی و هاوپەیمانــی لە نێوان مێدیــاکار و ئەکتەرە سیاســییەکاندا زۆر بەهێزە. مەنتقی مێدیایی لە وەهــا مێدیایــەک زۆرتر بەپێــی مەنتقی سیاســی کار دەکات و ڕۆتیــن و ئەجێندای مێدیــاش لەم مۆدێلەدا بەپێــی گۆڕانکاری لە ئاســتی کارگێڕانی باڵای مێدیا، دەگۆڕێت. بۆ نموونــە، لەگەڵ گۆڕانی کابینەکانی حکومەت، گۆڕان لە بەڕێوەبەریی مێدیاکانیشــدا دەکرێت و سرووشــتییە کــە ئەجێنــدای مێدیایــی بەپێی سیاسەت و مشــووری کابینەی نوێش دەستکاری دەکرێت.

**٢** مۆدێلی مێدیای لیبراڵ

لــەو وڵاتانەیدا کە نەریتــی دێمۆکراتیک زۆر بەهێــزە و مێژوویەکــی کۆنیــان لەگەڵ دێمۆکراســیدا هەیە، ئابووری ئازادە، پرۆسەی تاکگەرایــی لــە ئاســتێکی بەرزدا گەشــەی کــردووە، ئازادیی ڕادەربڕیــن و ڕۆژنامەگەری ناخێنەکــراوە و هەوەهــا دەســەڵات بەپێی زۆرینــەی دەنگوەرگرتــن دەستبەدەســت دەکرێت؛ مۆدێلی لیبراڵ لە هەوێڵدایە. مێدیا نیهادێکی ســەربەخۆیە کە لەژێر دەســەڵاتی هیچ لایەنێکی سیاســی نییــە، بەڵام مەنتقی بازرگانی لەم مۆدێلــەدا زۆر بەهێزە. مێدیاکار لــەم مۆدێلــە زۆر پرۆفێشــیۆناڵە، نێوەرۆکی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان بە بابەتی ڕۆژ، هەواڵی گشتپەسەند نێوئاخن کراون کە لەژێر سریمەی پلۆرالیزمی سیاســی و کولتوورییــە. مەنتقی مێدیایی لــەم مۆدێلەدا نەک بەهێزە، تەنانەت باڵ بەسەر مەنتقی سیاسیشدا دەگرێت.

**٣** مۆدێلی شەریکەی باکووری[٢٦] ئورووپا

ئــەم مۆدێلــەش وەک مۆدێلی لیبــراڵ لەو وڵاتانەدا گەشەی ســەندووە کە ڕابردوویەکی دوور و درێژیــان لەگەڵ نەریتی دێمۆکراتیک هەیــە، سیســتەمی داد لەو وڵاتانــەدا نەک ســەربەخۆیە بەڵکە زۆر بەهێزیشــە و دواجار کۆدەنگی سیاســی[٢٧] بەپێی ئوسوولی ئازادیی ڕادەربڕین و مافی بەشداریکردن لە سیاسەتدا دەچێتە پێش. کاراکتێرەکانی وەها مۆدێلێکی مێدیایی زۆر لە مۆدێلی مێدیای لیبراڵ نزیکە، بەڵام ئەو شتەی کە لە مۆدێلی لیبراڵی جیای دەکاتەوە «سوبسید»ە کە حکومەت چاوەدێریی دەکات. هەڵبەت سوبســید لــەم مۆدێلەدا بە پێچەوانــەی مۆدێلی مێدیــای پۆلاریزەکراو، بە بودجەی حکومەتــی دابین ناکرێت، بەڵکە بەپێــی کۆنتراکتێکــی نیشــتمانی لە خەڵک وەردەگیرێت، بەڵکو مێدیا و نێوەرۆکەکانی نێو ڕاگەیاندنەکان نەچێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت (هەرکــەس دەزگای تەلەڤزیۆن لــەو وڵاتانە بکڕێت، ساڵانە دەبێ ئابوونە بدات). سوبسیدی هاووڵاتییــان وای کردووە کە ئــەو مێدیایانە دەنــگ و پارێزەری هاووڵاتییان بن و لە نێوان ململانێــی ڕەنگاڵــە سیاســییەکاندا بێلایەن دەرکــەون. لەم مۆدێلەدا مەنتقی سیاســی و مەنتقــی مێدیایی هاوتریــب و بەپێی ئێتیکی ڕۆژنامەگەری لە مێدیادا بەرچاو دەکەوێ. ئەم مۆدێلە لە وڵاتانی باکووری ئورووپا و بەتایبەت وڵاتانــی ســکاندیناڤیا کاری پــێ دەکرێت. هەڵبــەت لێکۆڵینەوەکان دەری خســتووە کە ئەم مۆدێلــە تا دێت لە مۆدێلی لیبراڵی نزیک تر دەبێتەوە.

هــەرکام لــەو مۆدێلانەی کە بــە کورتی پێناســە کران، نــەک هــەر ژێرمەجموعەی خۆیــان هەیە، بەڵکــە مەنتــق و ئەجێندای مۆدێلەکانــی مێدیا بەپێی ئــەو وڵاتانەی کە

ئــەو مۆدێلانەی تێدا پراکتیــزە دەکرێت باڵی بەســەر بەرچاوگە و ئاراستەی سۆسیالمێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا گرتووە. بەڵام بەپێی بۆچوونــی توێژەرانی مێدیایی و کۆمەڵناســان کە لە بواری مێدیــادا لێکۆڵینەوەیان کردووە، مەنتقی مێدیای لیبراڵیستی تا دێت زیاتر پەرە دەستێنێت و کارتێکەریی لەسەر بەرچاوگەی مێدیایــی مۆدێلەکانی دیکەش کــردووە. ئەم پەرەسەندنە و پێشــوەچوونی وەها مەنتقێکی مێدیایی کە دواتر لە بەشــی شــرۆڤەکردنی مێدیاتایزینگــدا ئاماژەی پێ دەدەم، پێوەندیی بە بەربڵاویی پرۆسەی مێدیاتایزاسیۆنەوە هەیە. هەتا وڵاتان زیاتر دەکەونە ژێر ســریمەی وەها مێتاپرۆسێسێک، مەنتق و ئەجێندای مێدیاییش زیاتر مێدیاتایزە دەکرێت (Strömbäck 2008).


### ٣- دوو ڕووکردی مێدیایی[۲۸]

مێدیاتایزاســیۆن لەگەڵ خۆیدا دوو ڕووکردی مێدیایــی بەرهەم هێناوە کــە هەردووکیان بەپێــی مەنتقێکی هاوبــەش و ئەجێندایەکی هاوشــێوە کار دەکــەن. جیاوازییەکانــی ئەو دوو ڕووکردە، پێوەندیی بە بەســتێنی سیاسی و کولتووریــی ئەو وڵاتانەوە هەیــە کە مێدیا سەرپشــک دەکات بــۆ هەڵبژاردنی یەک لەو ڕووکردانە. ئەم جیاوازییە لە بەستێنی سیاسی و کولتووری، بەهۆی خێرایی و بەربەستەکانی ســەر ڕێگای ئــەو چوار مێتاپرۆسێســەی کە پێشــتر ئاماژەم پێ دا هەڵدەسەنگێردرێت. تا چەند مێدیاتایزاســیۆن و مێتاپرۆسێســەکانی دیکە توانیویانە کار لە سیســتەمی سیاســی و کولتووریــی ئەو وڵاتانە بکــەن، بەو ڕادەیە ئاڕاســتە و ڕووکــردی مێدیاییــش گەشــتر دەردەکەوێــت. لێرەوە هەوڵ دەدەم شــرۆڤە بــۆ تیۆرتی مێدیاتایزینــگ و تیۆرتی جەغزی داخراو لە کاری مێدیاییدا بکەم.

### ١-٣- مێدیاتایزینگ

سەبارەت بە مێدیاتایزینگ لێکدانەوەی جیاواز هەیە، بەڵام خاڵی هاوبەش لە گشت شرۆڤەکان ئەوەیە کە لە حەوزەی گشتیدا کێ دەسەڵاتی زیاتر بێت ئەوا دەســتی باڵای لە دیاریکردنی پێشــمەرجەکانی[۲۹] ڕۆژ دەبێت. بۆ وڵامدانەوە بەم پرســیارە دوو ئەکتەر لە ئارادایە: مێدیا و سیاســەتوان. لە بۆچوونی زۆربەی توێژەران و کارناســاندا، ئاماژە بە مێدیا کــراوە کە لەچاو سێکتۆرەکانی دیکە دەسەڵاتی زیاترە بۆ ئەوەی پێشــمەرجەکانی بخاتە چەقی پرسی ڕۆژەوە. لەم بەشەدا تیشکێکی زیاتر دەخرێتە سەر ئەم بۆچوونە.

چەمکی مێدیاتایزینگ لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ زۆر پرسی لێکاڵاو. هێندێک ئەم چەمکەیان لەگەڵ چەمکی «مێدیاییکــردن»[۳۰] لێ تێک دەچێــت. مانــای مێدیاییکردن لە ڕاســتیدا پێوەندیی بــە کۆمۆنیکاســیۆنەوە هەیە، واتە لەبری ئــەوەی خەڵک و نیهادە کۆمەڵایەتی و سیاســییەکان لەگەڵ یەک بەرەوڕوو ببنەوە، مێدیــا لە نێوانیاندا و لــە ڕێگای تەکنۆلۆژیای گەیاندنەوە ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە ساز دەکات. بەڵام مێدیاتایزینگ دیاردەیەکی پرۆسەمەندە، واتــە کاتێ دەڵێین کۆمەڵــگا مێدیاتایز کراوە، مەبەســت ئەوەیــە کــە مەنتقــی مێدیایی کاریگەریی لەسەر گشت ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا هەیە. کەوایــە کاتێ باس لــە مێدیاتایزینگ دەکەین لە ڕاســتیدا ئاماژە بە ململانێی نێوان دوو ئەکتەری سەرەکی دەکەین کە هەرکامیان هەوڵ دەدات دەســەڵات و قورســاییی خۆی لەســەر کۆمەڵگا بچەســپێنێت. وەک پێشتر ئاماژەی پــێ درا؛ ئەم دوو ئەکتــەرە مێدیا و ئەکتەرە سیاسییەکانن. هەتا مەنتقی مێدیایی بەســەر ڕای گشــتیدا زاڵ بێت، بــەو ڕادەیە ســەربەخۆیی مێدیا زیاتر دەسەلمێندرێت و ئەم دۆخە لە ڕاســتیدا ئاماژەیەکە بەوەی کە ئــەو کۆمەڵگایە تا چەند مێدیاتایز کراوە. بەڵام مێدیــا ناچارە لەگەڵ ســێکتۆرەکانی دیکەی کۆمەڵــگادا لە پێوەندیــدا بێت، بــۆ نموونە، ئەکتەرە سیاســییەکان. سازدانی هاوپەیوەندی




**فیگۆری ١**

لە نێوان مێدیا و سێکتورەکانی دیکە زۆرجار وا دەکات کە ئەو هاوپەیوەندییە تا ئاستی هاوئاراستەییش بچێتە پێش.

بە چاوخشاندنێک بەو پێوەندییانەی کە لە نێوان مێدیا و ئەکتەرە سیاسییەکاندا هەیە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە ڕواڵەت بەستراوەییەک لە نێوانیاندا هەست پێ دەکرێت. هەڵبەت ئەم بەستراوەییە بەپێی مەنتقی «داواودان»[٣١] کار دەکات، واتە ئەکتەرە سیاسییەکان تا چەند کۆنتڕۆڵیان بەسەر ئەو زانیارییانەوە هەیە کە مێدیا بۆی گرنگە و بەدوایدا دەگەڕێت و هەروەها، ئەو مێدیایە تا چەند لە ڕۆژەڤدایە و ڕێژەی بینەر و بیسەرانی تا چەند بەرز بووەتەوە کە ئەکتەرە سیاسییەکان ناچار بن مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوەندی مێدیاییە بکەن. بەپێی بۆچوونی توربیۆرنسرووود، زانیاریی کەم و شرۆڤەی لاوازی ئەکتەرە سیاسییەکان لە لایەک و، ناوبانگی کەم و کارایی نزمی مێدیا لە لاکەی دیکە، دەتوانن ئەو باڵانسە بە زەرەری ئەکتەرە سیاسییەکان تێک بدەن، چونکە لە ڕاگەیاندندا ڕۆڵی پاسیڤی دەبێت. یەکێک لە گرفتەکانی ئەکتەرە سیاسییەکان ئەوەیە کە کۆمەڵگای مۆدێرن تا دێت ڕوو لە ئێکسپێرتگەرایی دەکات و خوێندنەوە و شرۆڤەی کارناسیانە گرنگیی زیاتری پێ دەدرێت. ئەم دۆخە وا دەکات کارناس و توێژەران لە ڕۆژەڤدا بن و وەک مەرجەع و ڕەقیبێکی جیددی لەهەمبەر ئەکتەرە سیاسییەکان دەرکەون. دەرکەوتنی وەها ڕەقیبێکی جیددی کە بەپێی مەنتقی مێدیایی خوێندنەوە بۆ دیاردە و ڕووداوەکان دەکات، بەپێی بۆچوونی توربیۆرنسرووود، ئەکتەرە سیاسییەکان ناچار دەکات زیاتر بخزێتە ژێر باڵی ڕێسا و مەنتقی مدیاتایزینگ و سرووشتییە کە مێدیا دەستی ئاوەڵاتر دەبێت بۆ ئەوەی پێشمەرجەکانی بخاتە چەقی باسی ڕۆژەوە. ئەم ڕەوەندە هەمیشە لە هەڵکشاندایە و مێدیا زیاتر و خێراتر لە جاران لە هەجمەی سیاسی دوور دەکەوێتەوە (Thorbjørnsrud 2009). دەربازبوون لە کەشی سیاسی، بەپێی بۆچوونی سترۆمباک بە چوار فازی جیاوازدا تێ دەپەڕێت کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێ دەدەم. سەرەتا پێویست دەکات پێوەرەکانی مێدیاتایزینگ دیاری بکەین، بەڵکو کارئاسانی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو چوار فازەمان بۆ بکاتت.

## ٢-١-٣- چوار پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەی مێدیاتایزینگ

بەر لەوەی ئاماژە بەو چوار فازە بدەم بە پێویستی دەزانم لەژێر تیشکی بۆچوونەکانی سترۆمباک، باسێکی کورت لەمەڕ چوار پێوەر بکەم بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووکردی مێدیایی. ئەم چوار پێوەرە یارمەتیمان دەدا کە بزانین دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کام فازی مێدیاتایزینگ نزیکترن. سترۆمباک چوار پێوەر دیاری دەکا کە لە فیگووری ١ پێشانی دەدەم.

سرووشــــتییە کە هەتا مێدیــا زیاتر بەلای چەپــدا بکەوێت، سیاســـەت زۆرتــر دەچێتە کانوونی ڕاگەیاندن. ئەم فیگوورە و بۆچوونەکانی ســـترۆمباک لـــەم بارەیەوە تــا ڕادەیەکی زۆر ئابستراکن، چونکە لە زۆر قۆناغدا پارسەنگەکان هێنـــدەش فیکس نیـــن و هێنـــدێ پاڵنەری دیکــە هـــەن کە لـــەم پێوەرانەدا پێشـــبینی نەکراون. پرســـی ئایدیالۆژی و ئیرادەگەرایی، توانامەندییەکانی بەشداریکردن[٣٢] و دیاردەی جووتســـتاندارد کـــە ئەکتەرەکان تا ئاســـتی جووتبـــاوەڕی[٣٣] دادەبەزێن، وەک نموونە لەم پێوەرانەدا جێگایان بەتاڵە. جووتباوەڕی یەکێکە لەو ڕەفتارانـــەی کە لەم ســـەردەمەدا بووەتە دیـــاردە، واتە ئەکتەرەکان ســـەرەڕای ئەوە کە باوەڕیان بـــە مەرجەکانی مێدیاتایزینگ هەیە، لە هەمان حاڵدا و لە دۆخی تایبەتدا ئامادەییی ئەوەیـــان هەیە بـــە پێچەوانـــەی مەرجەکانی مێدیاتایزینـــگ بجووڵێنەوە. بـــە هەرحاڵ ئەو شـــتانە بە بۆچوونـــی من جێگای لـــەو چوار پێوەرەدا بەتاڵە. ئەم فیگوورە ســـنوورەکانی ئەو چوار فـــازەی مێدیاتایزینگ دیاری دەکات کە لە خوارەوە دێنە بەرباس.

### ٣-١-٣- فازەکانی مێدیاتایزینگ

■ فازی یەکەم پێوەندیی بە متمانەســـازییەوە هەیە، واتە تا چەند مێدیا وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکـــراو چاو لێ دەکرێـــت. بێلایەنبوون و هاوئاراســـتەنەبوونی مێدیـــا لەگـــەڵ ئەکتەرە سیاسییەکان مەرجێکی گرنگە بۆ متمانەسازی. لای خەڵـــک زۆر گرنگە ببینن کە مێدیا نەک مەودای لەگەڵ ئەکتەرە سیاســـییەکان هەیە، بەڵکـــە ئینتمای سیاسیشـــی نییـــە. بێلایەنی وا دەکا کـــە مێدیا بـــە وردی بەدواداچوون بۆ دەستە شاراوەکانی پشت سیاسەت بکەن. هەر ناوەندێکـــی مێدیایی، هەم لە باری ئایدیالۆژی و هەم لە بـــاری ڕووکردییەوە مەودا لە لایەنە سیاســـییەکان بگرێت، خەڵک زیاتر ڕووی تێ دەکەن و وەک ســـەرچاوەیەکی مەشـــرووع بۆ زانیـــاری متمانەی پێ دەکـــەن. کەوایە هەتا مێدیا بەرەو فرەدەنگی بڕوات و ببێتە مەیدانی ململانێـــی بۆچوونـــی جیاواز، ئـــەوا ئەم فازە ئامانجەکانـــی خۆی پێکاوە. لەم فازەدا مەنتقی سیاســـی و مەنتقی مێدیایی هاوسەنگن، بەڵام مێدیا هەوڵ دەدات بێلایەن دەردەکەوێت.

■ لـــە فازی دووەمدا مێدیا هـــەروا یەکێکە لە ســـەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی زانیـــاری، بەڵام هەنگاوێ زیاتر هەڵکشـــاوە، واتە کەمتر لەژێر کۆنترۆڵـــی مەنتقی سیاســـیدایە. لەم فازەدا و لەچاو فازی یەکـــەم، مەنتقی مێدیایی تۆختر دەردەکەوێـــت. بـــۆ گەنگەشـــەکردنی بابەتی ڕۆژ و بازرگانیکردن بـــە زانیارییەکان، ڕێژەی بەشـــدارکردنی ئەکتەرە سیاســـییەکان کەمتر نییە، بـــەڵام تەکنیکی ڕیپۆرتاژ و چوارچێوەی پرســـیارەکان وەها دارژاون کە بەردەنگەکانی مێدیـــا و تەنانەت ئەکتەرە سیاســـییەکانیش (واتە شەقامی گشتی) خۆیانی تێدا دەبیننەوە و وەک هاووڵاتییەکـــی ئازاد داوەری لەســـەر پرۆگرامەکانی مێدیا دەکەن. ئەو شـــتەی لەم فازەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەوەیە کە مێدیا هـــەوڵ دەدا مێدیۆم بێت و پێوەندیی لە نێوان خەڵک و سیاسەتواندا چێ بکات.

■ لە فازی ســـێیەمدا مێدیـــا وەک نیهادێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت. ئەکتەرە سیاسییەکان ناچارن بـــۆ گەیاندی پەیام و ئەجێندای کاری سیاسیی حیزب، خۆیان لەگەڵ چوارچێوەکانی مەنتقی مێدیایی بگونجێنن. شەڕ بۆ هێژمۆنی و سەپاندنی مەنتقی سیاسی لەم فازەدا دەبێتە هـــۆی تەریکبوونـــی ئەکتەری سیاســـی، بە چەشـــنێک کە بە تەواوی لە ڕۆژەڤدا نامێنێت. بە کورتـــی و بە کوردی؛ ئەکتەری سیاســـی لەم فازەدا چاولەبەری مێدیایە. ســـەربەخۆییی مێدیـــا لەم فـــازەدا مەجال بە مدیـــاکار دەدا کە لە کۆنتێکســـتدا دەرکەوێـــت. ئەو ئەکتەرە سیاسییانەی کە لە پەراوێزی مێدیادان، دەبێ زۆر مایـــە دابنێن بۆ ئەوەی لە پەراوێزەوە بێنە نێو کۆنتێکستەکە. بۆ سەرکەوتن لەم دۆخەدا

ئەکتەرە سیاسییەکان ناچارن ڕەچاوی مەنتق و ئەجێندای مێدیایی بکەن. ئەگەر حیزب، یا لایەنێکی سیاسی بەتەما بێت بانگەشە بۆ خۆی بکات، دەبێ ئەو ناوەندە مێدیاییانە فەراموش بکەن کە لە فازی سێیەمدان. ئایدیالی مێدیا لەم فازەدا ئەوەیە کە وەک دەسەڵاتی چوارەم دەرکەوێت، بەتایبەت کە ئەجێندای مێدیا لەم فازەدا وەها دارێژراوە کە وەک پارێزەری کۆمەڵگای مەدەنی دەرکەوێت و لە کاتی ململانێ سیاسییەکان و بە تایبەت هەڵبژاردندا کار بۆ شەفافسازیی کۆمەڵگا دەکات. مێدیای فازی سێیەم هەمیشە سەرئێشەیان بۆ ئەکتەرە سیاسییەکان زیاترە.

- لە فازی چوارەمدا مێدیا بۆخۆی ئەکتەرێکی سەربەخۆیە لە ڕاگەیاندن و چەمکسازییدا. بەردەنگەکان لە چاوی کەناڵەکانی مێدیاوە نەک هەر سەیری واقعەکانی جیهان دەکەن، بەڵکە بەپێی پرۆسەی ناسنامەسازیی مێدیا، بە جیهانبینی و وێنەی خۆشیاندا دەچنەوە. ڕۆڵی ئەکتەرە سیاسییەکان لە ڕێکخستنی خەڵک بە ڕادەیەک کەم دەبێتەوە کە تەنانەت ماهیەتی حیزبیش دەچێتە ژێر پرسیارەوە. ئەمڕۆ مێدیا زۆرترین ڕۆڵی هەیە لە ڕایەڵکەبەندی و ڕێکخستنی جەماوەری و باشترین مەرجەعن بۆ زانیاری، هەواڵ، کولتوور و ناساندنی ئیدەی نوێ. ئەکتەرە سیاسییەکان لەم فازەدا هەر بەپێی ڕەچاوکردنی مەنتقی مێدیایی دەرناکەون، بەڵکە بۆخۆشیان دەبن بە بەشێک لە مەنتقی مێدیایی. بەوجۆرەی من لە مەبەستەکەی سترۆمباک تێ گەیشتووم، مێدیا وەک هێزێکی کۆلۆنیالیست هەم مەیدانی کاری سیاسەت داگیر دەکا و هەم لە داڕشتنی واقعی سیاسیشدا ڕۆڵ دەگێڕێت.

### ۴-۱-۳- مێدیای گشتپەسەند[۳۴]

ڕاگەیاندن بۆ ئەکتەرە سیاسییەکان وەک دەریا وایە بۆ ماسی. بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە دەستڕاگەیشتن بە جەماوەر و سازدانی میتینگی سیاسی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دژوارتر دەبێت. کەوایە زەروورەتی دەرکەوتن لە مێدیاکاندا بۆ حیزب و ئەکتەرە سیاسییەکانیش تا دێت گرنگتر دەبێت. ئەکتەرە سیاسییەکان لە ڕێگای مێدیاوە هەوڵ دەدەن پەیام و ئەجێندا سیاسییەکانی خۆیان ڕابگەیەنن و بۆ ئەم مەبەستەش وەک پێشتر باسمان کرد، زۆر بۆیان گرنگە کە مەنتقی سیاسی بەسەر مەنتقی مێدیاییدا زاڵ بێت. بەو پێناسەی کە لە فازەکانی مێدیاتایزینگدا هاتە بەر باس، شانسی زاڵبوونی مەنتقی سیاسی، بە تایبەت لە فازی سێیەم و چوارەمدا، زۆر کەمە. بەڕواڵەت باشترین بەستێنی مێدیایی بۆ ململانێی مەنتقی سیاسی و مەنتقی مێدیایی، ئەو ڕاگەیاندنانەن کە لە فازی دووەم و بە تایبەت فازی یەکەمی مێدیاتایزینگدا پێناسە دەکرێن. بەڵام ئەو دوو فازەش گرفتی خۆی هەیە و یەکێک لە گرفتەکان پەرەنسیبی بێلایەنبوون و زمانی نۆیترالی مێدیاییە. واتە ئەگەرچی هاوسەنگییەک هەیە لە نێوان مەنتقی سیاسی و مێدیایی، بەڵام مێدیا ناتوانێت ببێت بە تریبۆنی ئەکتەرە سیاسییەکان.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە هەجمەی دامەزراندنی مێدیای گشتپەسەند دەستی پێ کرد و لە ڕاستیدا لە ئاکامی دەرکەوتنی ئەو چوار مێتاپرۆسێسانە بوو کە پێشتر باسمان کرد. وەک پێشتر باسمان کرد پرۆسەی بەجیهانیکردن، تاکگەراییکردن، بەبازرگانیکردن و مێدیاتایزاسیۆن وەهایە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە پتر لە جاران نێتوەرکیزە بکرێت و لە ئاکامدا سنوورە جوگرافیاییەکانی بەزاندووە. سرووشتییە کە مێدیاکانیش نێتوەرکیزە بکرێن و فرەمێدیایی لە خۆیدا دەرکەوتەی وەها پارادایمێکە. یەکێک لە دەرکەوتەکانی نێتوەرکیزەبوون ئەوەیە کە مرۆڤ بەپێی مشوور و ڕووکردی کولتووری دابەش دەکات و بەم هۆیە کاریگەریی کردووەتە سەر دێمۆکراتیزەکردنی کولتوور، وەها کە پرسی

دایکۆتۆمی «گشتپەسەند» و «تایبەتپەسەند» نەک وەک دوو هاودژ بەڵکە وەک دوو ڕووکردی کولتووری دەردەکەون کە زۆر جار بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک تەعامولیشیان پێکەوە هەیە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مێدیای گشتپەسەند ئەوەیە کە ڕووکردی هەستیارانە و لە هەمان کاتدا کەسپەرەستی لە کار و پرۆگرامەکانیدا بەهێزە. بەپێی بۆچوونی توربیۆرنسروود ئەم مۆدێلە لە مێدیا مەودایەکی زۆری لەگەڵ ڕوانگە و خوێندنەوەی نوخبەگەرایانەدا هەیە و زیاتر خۆیان بە بابەتی مێلۆدراماتیکەوە سەرقاڵ دەکەن. کاتێ پرسی سیاسی لە وەها مێدیایەکدا دەبێ بە پرسی ڕۆژ، بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە و بە تامی گشتپەسەندانە، ئاراستەی بەردەنگەکانی دەکرێت (Thorbjørnsrud 2009: 47). هەر بۆیە ناوەرۆکی هەواڵ و ڕووداوە گرنگەکان وەها دادەڕێژرێت کە تێکەڵاوێک بێت لە ڕیپۆرتاژ، زانیاریی سەرقاڵکەر[۳۵] و ئەو شتەی کە توربیۆرنسروود وەک «Soft News» ناوی دەبات.

زۆریەک لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و مێدیایی پێیان وایە پرسی سیاسی لە مێدیای گشتپەسەندا لە ڕادەبەدەر شەخسی کراوەتەوە و زیاتر بەلای ئاژاوەنانەوەدا دەڕۆن. واتە بە هێنانە ئارای ناکۆکی و ئاڵۆزیی نێوان ئەکتەرە سیاسییەکان، مەجالی سەرقاڵکردن بۆ بەردەنگەکانی دەرەخسێنێت. لیزبێت ڤان (۲۰۰۵) یەکێکە لەو توێژەرانەی کە پێی وایە مێدیای گشتپەسەند توانیویەتی مەودای نێوان ئەکتەرە سیاسییەکان و شەقام کەم بکاتەوە و هەروەها پاڵنەرێکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا. یەکێک لەو ڤاریابلانە کە لە تێزەکەی لیزبێتدا زۆرتر پێداگریی لەسەر کراوە؛ کاریزمای ئەکتەرە سیاسییەکان و چۆنایەتیی دەرکەوتنیان لە مێدیایە. بەپێی ئامارەکانی نێو توێژینەوەکەی لیزبێت سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، پرسی متمانەی خەڵک لەمەڕ ئەکتەرە سیاسییەکان بەپێی پلاتفۆرم و هێڵی سیاسیی ئەکتەرەکان بەرز و نزم نابێت، چونکە بەردەنگەکانی مێدیای گشتپەسەند نە کاتی ئەوەیان هەیە بەرنامە سیاسییەکان بخوێننەوە و نە هێندە ئاگاییی سیاسییان بەرزە کە بە چاوی ڕەخنەگرانە بەو پلاتفۆرمانەدا بچنەوە. کەوایە مێدیای گشتپەسەند لە ڕێگای شەخسیکردنی پرسەکانی ڕۆژ و هەستیارکردنی پرۆگرامەکانی، وێنەیەکی ئەرێنی لە ئەکتەرە سیاسییەکان دەدات بە دەستەوە کە خەڵک خێراتر متمانەیان پێ بکەن. بەرنامەی سیاسیی حیزب، یاخۆ هێڵی سیاسیی ئەکتەرەکان نە لە توانایدایە وەها وێنەیەک، یاخۆ وەها ڕووکارێک لە ئەکتەرە سیاسییەکان بدا بەدەستەوە و نە لە ئەجێنداشیاندایە، کەوایە مێدیای گشتپەسەند باشترین بەستێنە بۆ سازکردنی وەها وێنەیەک (هەمان سەرچاوە).

ئەو شتەی کە بە بۆچوونی من لەم توێژینەوەکەی لیزبێتدا بە ڕوونی دەبیندرێت ئەوەیە کە ئەگەرچی ئەکتەرە سیاسییەکان لە مێدیای گشتپەسەندا شانسی خۆرانانیان زیاترە، بەڵام مەنتقی سیاسی دیسان لەژێر سێبەری مەنتقی مێدیاییدا بزر دەبێت. لە وەها دۆخێکدا هەم سیاسەت وەک دیاردەیەکی ڕووکەشیانە دەردەکەوێت و هەم تا ئاستی سەرقاڵییەکانی کولتووری گشتپەسەند دادەبەزێت. ئەم دیاردەیە نەک بە پێچەوانەی پرستیژ و کاراکتێری سیاسیی ئەکتەرەکانە، بەڵکە زۆر لەگەڵ فەلسەفەی سیاسیش بێگانەیە.

### ۵-۱-۳- گەردەنەی مێدیاتایزینگ

ڕۆڵی پاسیڤی ئەکتەرە سیاسییەکان لە مێدیای گشتپەسەندا، لە بەرچاوی واقعبینانەی ئەکتەرە سیاسییەکان شاراوە نییە. وەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسم کرد، پێوەندیی نێوان مێدیا و سیاسەت وەک دوو ئەکتەری

گرنگـــی کۆمەڵگا - ئەگەرچـــی زۆرجار وەک ڕەقیـــب دەردەکـــەون، بـــەڵام پێوەندییەکی دیالیکتیکییـــە. نە مێدیا دەتوانێ چاوپۆشـــی لە ڕۆڵی سیاســـەت بکات و نە سیاسەت بەبێ مێدیا دەتوانـــێ ڕۆڵی لە کۆمەڵـــگادا هەبێت. کەوایە گرفتە سەرەکییەکە مەنتق و ئەجێندای ئـــەو دوو ئەکتەرەیـــە کـــە دەبێتە هـــۆکار بۆ بەریەککەوتن. بەڵام پێویستە ئەو واقعیەتەش لە بەرچاو بگرین کە ململانێی نێوان ئەجێندا و مەنتقـــی ئـــەو دوو ئەکتـــەرە، پێوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە و پێویست دەکات بە تیۆریی دەســـەڵات شـــرۆڤە بکرێت. چونکە ململانێکە لەپێناو ئەوەدایە کە کێ پێشـــمەرجەکانی ڕۆژ دەخاتە چەقی مەیدانەوە. پێشـــتر باسمان لە نەریتـــی هابزی و نەریتـــی لاکی بۆ ڕووکردی سیاســـی و پرسی دەســـەڵات کرد و باسمان لەوە کرد کـــە نەریتی تەعامولگەرایی (نەریتی لاک) تا دێت زۆرتر پەرە دەســـتێنێت و ڕۆڵی مێدیا لە پەرەدانی وەها ڕووکردێکی سیاســـی و کولتووریدا زۆر گرنگ بوو. مێدیاتایزاســـیۆن لە ڕاســـتیدا نەک بەرهەمی وەها ڕووکردێکی کولتوورییە، بەڵکـــە زەروورەتیش بوو. لەگەڵ پەرەســـەندنی مێدیاتایزینـــگ، ئەکتـــەرە سیاســـییەکانیش وەک گشـــت ڕەهەندەکانی کۆمەڵگای جیهانی، بەشێکن لەو مێتاپرۆسێسە و سرووشـــتییە کە ناتوانن لـــە دەرەوەی وەها پرۆســـەیەک بن. کەواتە سیاســـەتیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مێدیاتایزەتر دەبێتەوە و ئەم ڕەوەندە کار لـــە مەنتقی سیاســـیش دەکات. یەکێک لـــە کارتێکەرییەکانی مێدیاتایزینگ لەســـەر ئەکتەرە سیاســـییەکان، شـــێوازی تەعامولی ئەوان لەگەڵ مەنتقی مێدیاییە. مۆلدســـکرێد لـــە توێژینەوەیەکدا ئاماژە بـــە بەرزبوونەوەی ڕاوێژکارانی مێدیایی بۆ ئەکتەرە سیاسییەکانی وڵاتی نۆرویژ دەکات و دەڵێت: لە ساڵی ١٩٩٥ تا ســـاڵی ٢٠٠٨ ڕێژەی ڕاوێژکارانی مێدیایی لـــە پارلمانی نۆرویژ، لە ٨٥ کەســـەوە بۆ ١٩٢ کەس بەرز بووەتەوە (Moldskred 2010: 46).

بەرزبوونەوەی هەژمـــاری ڕاوێژکارانی مێدیا لە ڕاســـتیدا پێوەندیی بە بەرزبوونەوەی ئاســـتی ڕۆشنبیری، پســـپۆڕبوون لە بەشـــداریکردنی دیبەیـــت و شـــرۆڤەکردنی بابەتەکانـــی ڕۆژ و هەروەهـــا ڕۆڵگێرانی ئەکتەرە سیاســـییەکان لە مێدیـــادا هەیە. بەرزبوونەوەی شـــارەزایی ئەکتەرە سیاسییەکان لەمەڕ مەنتقی مێدیایی هـــەر ئەدەبیاتـــی مێدیایی ناگرێتـــەوە، بەڵکە دیاردەی لەشـــزمانییش[٣٦] دەگرێتەوە کە لەم سەردەمەدا زۆر گرنگە بۆ دەرکەوتن لە مێدیادا. چونکە مەنتقی مێدیایی، ڕوانگەی سیاســـی و هەروەها کولتـــووری تەعامولگەرایانەی مێدیا توانیویەتی کاریزمای ئەکتەرە سیاســـییەکان بەرەو پێرفۆرمانســـی ئەکتەرە سیاســـییەکان بگۆڕێت. ئەم پێشوەچوونە، یانی گەمەکردن لە مەیدانی مەنتقی مێدیایی بە قازانجی مەنتقی سیاسی.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ڕاوێژکارانی مێدیایی لە ڕاســـتیدا یەکێکە لە تاکتیکەکانی ئەکتەرە سیاسییەکان بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی مەنتقی مێدیاییدا ڕۆڵێکی باشـــتر بگێڕن. یەکێک لەو شـــتانەی کە وەهـــا توانایەکی بـــە ئەکتەرە سیاسییەکان داوە، ئەوەیە کە حیزبی سیاسی زیاتر لە جاران بیر لە شایستەسالاری دەکاتەوە و هەوڵ دەدات قـــەوارەی ڕێبەرایەتیی حیزب لـــە پاوانی کادێـــری سیاســـی ڕزگار بکات و جێگا بۆ کەســـانی پسپۆڕ و کارناس بکاتەوە لە ناوەندی بڕیاردانی حیزب. زۆربوونی ڕاوێژکارانی مێدیایی و زۆربوونی کارناســـانی بوارە جیاوازە زانســـتییەکان، دەستی ئەکتەرە سیاسییەکانی ئاوەڵاتر کردووە کە بۆ شـــرۆڤەکردنی پرســـی ڕۆژ لە مێدیادا دەســـتی باڵایـــان هەبێت. ئەم پێشـــوەچوونە بە ڕادەیەکە کە زۆرجار زانیاری و بەڵگەی ئەکتەرە سیاســـییەکان، مەیدان بە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی مێدیا تەنگ دەکات و کەمتر لە داوی پرسیارە ئاڵۆزاوەکانی مێدیاکار دەکەون (Thorbjørnsrud 2009: 51). کەوایە ئێکسپەرتگەرایی، یاخۆ پســـپۆڕبوون یەکێکە

لــە مەرجەکانی ســەرکەوتن بە جــادە پڕ لە پێچەکانی گەردەنەی مێدیاتایزینگ.

بەشــێک لە توێژەران بــاس لەوە دەکەن کە بەرزبوونەوەی ئاســتی پســپۆڕیی ئەکتەرە سیاســییەکان لەمەڕ ڕوانینــی ڕۆژ و هەروەها سیاســەتی کۆنتڕۆڵی زانیاری، توانیویەتی لە زۆر قۆناغدا مەنتقی سیاســی بەسەر مەنتقی مێدیاییــدا زاڵ بــکات و بــەم کارە ئەکتەرە سیاســییەکان پێش مێدیــا دەکەونەوە بۆ لە ڕۆژەڤخستنی پێشمەرجەکانی ڕۆژ (ibid). ئەو پێشــبڕکێیە لە ڕاستیدا پێوەندیی بە ڕوانگەی ڕیالپۆلیتیکی ئەکتەرە سیاســییەکانەوە هەیە. تەنانەت لە زۆریەک لە وڵاتانی دیمۆکراتیکیش وەهــا ڕوانگەیەکــی تەعامولگەرایانە لە نێوان ئەکتەرە سیاســییەکان و مێدیا دانەمەزراوە و ئێستایشــی لەگەڵدا بێت بەشێک لە ئەکتەرە سیاسییەکان نایسەلمێنن کە مەنتقی سیاسی دەبــێ لە تەعامول لەگــەڵ مەنتقی مێدیاییدا گەشــە بکات و پەرە بستێنێت. کاتێ ئەکتەرە سیاســییەکان بەم ئاکامە ناگەن، سرووشتییە کە دەرکەوتنیــان کەمرەنگتر دەبێت و پەیامە سیاسییەکانیان لە ڕۆژەڤدا نامێنێت.

## ٤- تیۆری جەغزیی داخراو

پێشــتر لەگــەڵ دوو مەنتقی جیــاواز و دوو ئەجێندای جیاوازدا ئاشــنا بووین کە هۆکاری ململانێی نێوان ئەکتەری سیاسی و ئەکتەری مێدیــای بوون. هەڵبەت ئــەو جیاوازییە نەک هەر لە ڕوانگەوە بۆ مێتۆد، بەڵکە لە نۆرمەوە بۆ کارکردیــش دیار بوو. فرەدەنگی لە ئەجێندای مێدیادایە و کۆدەنگی لە ئەجێندای سیاسەتدا، مێدیا هەوڵ بۆ سادەسازیی پرسی ڕۆژ دەدات و ئەکتــەری سیاســی کار لەســەر پرۆژەی درێژخایەن و پرسە لێکهاڵاوەکان دەکات. مێدیا کار بۆ بەکۆنکرێتکردنی دیــاردە کۆمەڵایەتی و سیاســییەکان دەکات و ئەکتەری سیاســی دیاردەکان بــە ڕوانینێکی ئابســتراکەوە ڕاڤە دەکات و دواجار مێدیا خەریکی شەخسیسازیی سیاسەتە و ئەکتەری سیاسی کار بۆ پرۆگرامی حیزبی دەکات. لە ڕاســتیدا دایکۆتۆمیی مێدیا ـ سیاســەت، بەرهەمــی ڕوانگــەی تیۆریــی مێدیاتایزینگە کە زۆرجار مێدیا و سیاســەت شــاخ بە شاخ دەکات و خەڵکیش لە دەرەوەی وەهــا ململانێیــەک چاوەدێریــی دەکەن. لە تیۆریــی جەغزی داخراودا کۆنتراســتی نێوان مێدیا و سیاســەت نــەک کەمرەنگترە، بەڵکە زۆرجــار وەک هاوپەیمــان و هاوئاراســتە لە بەرانبــەر خەڵکــدا دەردەکەون. بۆ تیشــک خستنەســەر ئــەو تیۆرییــە، خوێندنەوەیەک بــۆ بۆچوونەکانی ئاندێرســن[٣٧] دەکەم کە لە توژینەوەکانــی داڵتۆن و وێتەنبەرگدا (٢٠٠٠) بە وردی شی کراوەتەوە.

ئاندێرسن ئاراســتەی کۆنتراستی مێدیا ـ سیاسەتوان بەرەو کۆنتراستی جەماەر لە لایەک و دووانــەی مێدیا/سیاســەت لە لایەکی دیکە دەگۆڕێت. ئەم بۆچوونە لە ڕاســتیدا پێوەندیی بــە پارادایمشــیفتێک هەیە کــە گۆڕانێکی بنچینەیــی لە فــۆرم و هەروەهــا نێوەرۆکی چەمکی حیزب وەک نیهادێکی سیاسی پێک هێنــاوە. دیــاردەی «حیزبی جەمــاوەری»[٣٨] لەم پارادایمشــیفتەدا بەرەو دیاردەی «حیزبی مێدیایی»[٣٩] دەگۆڕدرێت.

حیزبی جەماوەری لە ڕاســتیدا تێرمێکی ئاکادێمیکە کە کاتی خۆی «مۆریس دۆریس»[٤٠] لە ســاڵی ١٩٦٣دا و لە توێژینەوەکانی خۆیدا دەکاری دەکرد. بەپێی بۆچوونی مۆریس حیزب نمادی بزووتنەوەیەکی سیاسی/کۆمەڵایەتییە، خەڵک، یا جەماوەر بەپێی ئینتمای چینایەتی، یا ئینتمای نەتەوەییەوە دەبن بە بەشــێک لەو بزووتنەوە سیاسی/کۆمەڵایاتییانە و سرووشتییە کە لەو حیزبانەدا دەبــن بە ئەندام کە ڕۆڵیان لە ڕێبەرایەتــی وەهــا بزووتنەوەیەکدا هەیە. هەژمــاری ئەندامانی حیزبی بۆ ئــەو حیزبانە زۆر گرنــگ بوو، چونکە هەم لە باری ماڵییەوە و هەم لــە بــاری ڕێکخســتنەوە دەبوون بە پاڵپشــت بۆ حیزبەکانیان. ڕێکخستن یەکێکە

لە میکانیزمەکانی حیزبی جەماوەری بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کە لە لایەن کادیرانی حیزبییەوە - کە پسپۆڕن لەو بوارەدا- کۆنترۆڵ دەکرا. کارکردی حیزبە جەماوەرییەکان وەک میدیۆم لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەسەڵاتی سیاسیدا پڕڕەنگتر دەبووەوە و ئەم کارکردە زۆرجار حیزبی جەماوەریی دەگەیاندە دەسەڵات (Dalton & Wattenberg 2000). حیزبە جەماوەرییەکان بەپێی نەریتی مۆدێرنیزم بەسەر چەپ و ڕاست، گەلی و بۆرژوازی، سۆسیالیست و لیبراڵ، سوور و شین... دابەش دەبوون کە هەرکامیان هەڵگری ئینتمای ئایدیالۆژیک و پلاتفۆرمی سیاسیی خۆیان بوون. کەوایە بەپێی بۆچوونی مۆریس، لەگەڵ ئەوەیدا کە ئایدیالۆژیی حیزب ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری حیزب، بەڵام ڕێکخستنەکانی حیزب میکانیزمێکی گرنگتر بوون بۆ گەیاندنی حیزب بە دەسەڵات. بەم چەشنە کۆبوونەوەی جەماوەر لە دەوری حیزب و زۆربوونی هەژماری ئەندامان هەمیشە لە ئەجێندای حیزبی جەماوەریدا بوو. حیزبی جەماوەری، بە ڕاست و چەپەوە، بەپێی بروکراسییەکی ڕێکخراوەیی ڕێبەری دەکرا کە زۆر لە نەریتی لنینیستی نزیکە، واتە سەنترالیزمی دێمۆکراتیک.

بە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و ڕەنگهەڵبزرکانی ئایدیالۆژییەکان، حیزب گرنگیی خۆی لە ژینگەی سیاسەتدا لە دەست نەدا، بەڵام بەپێی سروشت و مەنتقی سەردەم، گۆڕانی لە تەعامولی سیاسی، دێمۆکراسیی دەروونحیزبی، ڕووکردی دیپلۆماتیک و بە گشتی نۆرمی سیاسەتدا پێک هێنا. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پارادایمشیفت لەوەدایە کە نەک پرسیارەکان، بەڵکە گۆشەنیگا و ئامێرەکانیش لەمەڕ جیهانبینی دەگۆڕێت. ئەم پارادایمە حیزبی جەماوەری بەرەو فۆرمێکی دیکە لە حیزبایەتی پاڵ پێوە دەنا کە کاتی خۆی ئۆتۆ کریشهایمەر[41] (١٩٦٦) وەک «مەخزەنی گشت لایەنەکان»[42] ناوی دەبرد. واتە جێگای بۆ هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی، بیروڕا و ڕەنگی جیاوازی سیاسی و دینی هەبوو. لە سەردەمی کۆتاییی شەڕی ساردەوە، شەڕی ئایدیالۆژی جێگای خۆی دەدا بە پێشبرکێی حیزبی لە هەڵبژاردنەکاندا. ڕەنگاڵەی حیزبەکان هێندە تۆخ نەبوون کە خەڵکی شەقام بتوانن جیاوازیی ڕەنگی شین و سوور لێک بکەنەوە. لەوەها دۆخێکدا ڕای گشتی گەورەترین و بەهێزترین سەنگەرە کە سەرکەوتنی حیزب لە دەسەڵاتدا مسۆگەر دەکات، کەوایە کێ ئازایە با بێت داگیری بکات. بەپێی گشت توێژینەوەکان، ڕۆڵ و کارایی مێدیا بۆ دەنگهێنانەوەی بەربژێرە سیاسییەکان و لە ڕۆژەڤدابوونی حیزبەکان، زۆر لە ڕۆڵ و کارایی فەرئەندامی و فەرڕێکخراوەیی حیزبەکان بەهێزترە. هۆکارەکەش ئەوەیە کە بەردەنگی ڕێکخراوی حیزبی هەر ئەندامەکانیەتی، بەڵام بە بۆچوونی کارناسانی سیاسی، لە کۆمەڵگادا هەمیشە «ئامارێکی بێدەنگ» هەیە کە کەس نایبینێت و کەس دەنگی نابیستێت، بەڵام زۆر زیاتر لە نیوەی کۆمەڵن. کاتێ دەڵێین ڕای گشتی لە ڕاستیدا باس لەو ئامارە بێدەنگەش دەکەین. کەوایە کاتێ حیزبێکی جەماوەری نەتوانێ کۆنترۆڵی ڕای گشتی بکات، سرووشتییە کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەدۆڕێنێت و تەنانەت ڕێژەی ئەندامەکانیشی لە فریای ناکەوێت.

دوورکەوتنەوە لە حیزبی جەماوەری و ڕووکردن لە حیزبی مێدیایی بە بۆچوونی مۆریس؛ پێوەندیی بە ڕۆڵی ماسمێدیاوە هەیە کە لەم سەردەمەدا ڕۆڵیان لە ئۆرگانەکانی حیزبیش زیاترە. بەڵام حیزبی مێدیایی ـ وەک ئەو جۆرەی من لە بۆچوونەکانی مۆریس تێ گەیشتووم ـ قەرار نییە واز لە گشت ئۆرگانەکانی بێنێت و ڕوو لە دامەزراندنی کەناڵێکی ڕاگەیاندن بکات. بە دڵنیاییەوە بڕیارێکی وا بۆ حیزب وەک خۆکوژی وایە. ئەوەی

من لــه بۆچوونەکەی تێ گەیشــتووم ئەوەیە کــە مەیدانی ململانێی حیزبی لە شــەقامەوە بۆ مێدیــا ڕادەگوازرێت. پرســتیژی حیزب و هەروەها دەســتی باڵای ئەکتەرە سیاسییەکان لە شــرۆڤەکردنی پرســی ڕۆژ، نەخشەڕێگای حیزب بۆ چارەســەرکردنی گرفتــەکان، لەم ســەردەمەدا کاریگەرترە و بە دڵنیاییەوە مێدیا زیاتر زوومیان لەســەر دەکات. هاتنە ڕۆژەڤی ئەکتەرە سیاســییەکان لە مێدیاکان، شانسی کۆنترۆڵکردنی ڕای گشــتیش دەباتە سەرەوە و بێگومان ســەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا مســۆگەر دەکا. لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردەی مێدیاتایزاســیۆن سرووشــتییە کە نەک هەر مەنتقــی سیاســی، بەڵکە پێویســت دەکات ڕەفتاری سیاسیش پێداچوونەوەی تێدا بکرێت و وەک ئۆســتەروود دەڵێــت: «ناچارن خۆیان لەگەڵ ئەولەویەت و زەرورەتەکانی ســەردەم بگونجێنن کە لەژێر کارتێکەریی مێدیاکاندایە» (Østerud 2003: 29).

یەکێک لە گرفتەکانی حیزبی مێدیایی کە زۆریەک لە توێژەران ئاماژەیان پێ داوە، ئەوەیە کە هەتا حیزبی مێدیایی نوخبەگەراتر دەبێت، بەو ڕادەیەش لە جەمــاوەر دوور دەکەوێتەوە. تەنانــەت هێنــدێ لە توێــژەران هــۆکاری مەوداگرتنی خەڵک لە سیاســەت بۆ ئاســتی نوخبەگەراییی حیزبەکان دەگێڕنەوە و دەڵێن نوخبەگەرایی، حیزب بەرەو داخرانی سیاســی پاڵ پێوە دەنێت. ئاندێرســن لە توێژینەوەکەی خۆیدا ســەرنجی بەم کێشــەیە داوە و ئەویش پێی وایە مــەودای نێوان خەڵــک و ئەکتەرە سیاســییەکان ڕوو لە زیادبوونە. بەڵام پێی وا نییــە ڤاریابلەکانی توێژەران بۆ شــرۆڤەکردنی ئەم دۆخە بەهێز بێــت. هەڵبەت بە بۆچوونی مــن زۆر زەحمەتە توێژەرێکــی کۆمەڵایەتی لەم ســەردەمەدا باس لە جەمــاوەر بکات. لە سەدەی بیست و یەکدا مانای جەماوەر گۆڕاوە بــۆ هاووڵاتی. ئەم گۆڕانکارییە بە بۆچوونی من پێوەندیی بە بەرزبوونەوەی ئاگاییی هاووڵاتییان لەمەڕ ماف و پێگەی کۆمەڵایەتییان و هەروەها ڕۆڵــی هاووڵاتیبوونیــان لە گەشــەی پایەدار هەیە. بە هەرحاڵ ئاندێرسن دوو ڤاریابڵ، یاخۆ دوو هۆکار بۆ وڵامدانەوە بەم گرفتە سیاســییە دەدات بە دەستەوە:

۱ هــۆکاری یەکــەم، بنکــەی کۆمەڵایەتیی دەنگدەران و ڕێژەی هەستیاربوونی دەنگدەران لەهەمبەر پرســە سیاســییەکان وەک هۆکار دەستنیشان دەکات و پێی وایە کە دەنگدەران بەپێی ئینتمای کۆمەڵایەتیی خۆیان تەعامول لەگــەڵ ڕای ئەکتەرە سیاســییەکان دەکەن. واتە ڕیزبەندییە سیاسییەکان بەپێی فۆکووسی ئەکتــەرە سیاســییەکان ســەر هەڵــدەدات. فۆکووســی ئەکتــەری سیاســی لەســەر چ مژارێکــی کۆمەڵایەتی و سیاســی بێت، ئەو قەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دەچێتە پشت سەرییەوە و بەم چەشنە هۆکاری بەشداربوونی کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بە فۆکووسی ئەکتەرە سیاسییەکانەوە بەسراوەتەوە.

۲ هۆکاری دووەم، پێوەندیی بە سیســتەمی نوێنەرایەتییەوە هەیە. لە سیستەمی پارلمانیدا برۆکراسی دەســتی باڵای هەیە و سرووشتییە کە نوێنەرانی خەڵک لە پارلەمان تەنیا خاوەنی یەکدەنگــن. ئەگەر سیاســەت تەکنیک بێت، سیاســەتوانیش پێویســتە تەکنۆکرات بێت و سیستەمیش بەپێی ئوســوولی برۆکراسی کار دەکات. خەڵک پێیان وایە کە نوێنەرانەکانیان بێجگە لە دەنگــدان کارایەکی وایان نییە لە دارشــتنی بڕیارنامە و یاســا پێوەندیدارەکان. کەوایــە ئەوە نوخبەکانــی پارلمانن کە لەبری خەڵک بڕیار دەدەن و وەکالەتی خەڵک دەکەن نەک نوێنەرەکانیان.

هەڵبەت سیســتەمی پارلەمانی بە گشت گرفتــە برۆکراتیکەکانییەوە، هێشــتا یەکێکە لــە باشــترین سیســتەمە سیاســییەکان و سرووشــتییە کە ئاندێرســن نکوڵــی لە ڕۆڵی پارلەمــان بــۆ پراکتیزەکردنی دیمۆکراســی نــاکات. بــەڵام دەڵێــت: سرووشــتی کاری

پەرلەمانتاریزم وایە کە خەڵک و تەنانەت بەشێک لە ئەندامانی پارلەمانیش کەمتر لەو ئاستەدا بن کە لە ڕۆتینی کاری پارلەمانی تێ بگەن. کەوایە بڕیارە چارەنووسسازەکان و دارشتنی میکانیزمی حقووقی بۆ چەسپاندنی بڕیارەکان، دەکەوێتە پاوانی ئەو تەکنۆکراتانەی کە لە ڕێگای دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە هەڵنەبژێردراون، بەڵکە کادری پارلەمانن. پرسە چارەنووسسازەکان لەچاو پرسەکانی دیکە زیاتر پێویستیان بە ئانالایز و تیۆرییەوە هەیە و سرووشتییە کە ئانالایز و تیۆرەکان لە پاوانی پسپۆڕ و نوخبەکاندایە و بەم چەشنە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە دارشتنی بڕیارەکان هەیە، چونکە پرسەکان دەبێ بە فیلتێری کارشناسیانەدا تێ پەڕن، بەڵکو لە هەڵەی سیستەماتیک بێبەری بن و ئیحتمالی خەسارەکانی کەمتر بکەنەوە. یەکێک لە گرفتەکانی دیکە، پێوەندیی بە ڕاگەیاندنەوە هەیە. ئاندێرسن دەڵێت کاتێ بڕیارەکان دەنگیان بۆ کۆ دەکرێتەوە و وەک یاسا دەچەسپێن، مێدیاکان دەوریان لە ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارانەدا هەیە. سرووشتییە کە نوێنەرانی خەڵک کۆنترۆڵی مێدیایان لە دەستدا نییە و بەڵکە مێدیا لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە پارلەمان، کۆنترۆڵی دۆخەکە دەگرن بەدەستەوە و لە ڕێگای کارناسان و نوخبەکانی کۆمەڵگاوە لێکدانەوەی بۆ دەکەن. کەوایە زۆر ئاساییە کە خەڵک وا بیر بکەنەوە کە ئەکتەرە سیاسییەکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە و لە ڕاستیدا بڕیارە چارەنووسسازەکان لە پشت درگا داخراوەکانی پارلەمان و بە لێکدانەوەی نوخبەکان دادەڕێژرێن و پاوانی ڕووماڵکردنەکەشی لە دەستی مێدیاکانە. کەوایە ئەکتەری سیاسی و مێدیا وەک هاوپەیمانی سیاسی دێنە بەرچاو و خەڵکیش لەو بەینەدا وەک بەردەنگی ئەوان دەردەکەون.

ئەو شتەی کە لەم شرۆڤەکارییەدا دەردەکەوێت؛ هاوئاهەنگی و هاوئاراستەییی مێدیا و ئەکتەرە سیاسییەکانە کاتێ خەڵک لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە چاوەدێریی ڕووداو و بڕیارە چارەنووسسازەکان دەکەن. هەڵبەت ئەم هاوئاهەنگییە لە پێوەندی بە پرسە چارەنووسسازەکان شتێکی ئاسایی و لە هەمان کاتیشدا مەنتقییە. بەڵام کاتێ پرسی «گەندەڵی» دەبێ بە مژاری مێدیاکان، ئەو هاوپەیمانییە زیاتر دەردەکەوێت. توێژینەوەکان لە وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە پرسی گەندەڵی و شێوازی ڕووماڵکردنی گەندەڵی، ئینتمای سیاسیی مێدیاکانیش زیاتر ڕوون دەکاتەوە. ئەکتەرە سیاسییەکان بەردەوام لە کەمینی یەکتردان بۆ ئەوی خاڵە لاوازەکانی یەکتر لەقاو بدەن، بەڵکو لەم ڕێگایەوە دەرفەتی دەرکەوتنی زیاتریان لە مێدیادا بۆ برەخسێت. لە لایەکی دیکەشەوە، وەک پێشتر باسی لێ کرا، یەکێک لە کارکردەکانی مێدیا شڵەژاندنی ڕای گشتییە و بۆ ئەم مەبەستە بە ناوی ئازادیی ڕادەربڕین و شەفافسازییەوە بە بەردەوامی لە دوای نێچرەکانیان دەگەڕێن. هەڵبەت پرسی گەندەڵی دیاردەیەکی باش نییە و هەرەشەیەکە بۆ سەر گەشەی پایەدار، بەڵام پرسی گەندەڵی و چۆنایەتیی ڕووماڵکردنی گەندەڵی لە مێدیادا زۆر جار یەکێک لە پرەنسیبە گرنگەکانی مێدیایی خستووەتە ژێر پرسیار، واتە بێلایەنیی مێدیا. بۆ نموونە لە ئەمریکا ئەو ڕاگەیاندنانەی لە دێمۆکراتەکان نزیکترین و ئەو ڕاگەیاندنانەی لە کۆماریخوازەکان نزیکترن، لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵیدا جیاواز دەردەکەون. ئەگەر گەندەڵی پێوەندیی بە حیزبی کۆماریخواز بێت، ئەوا ئەو ڕاگەیاندنانەی ئینتمای سیاسییان بە دێمۆکراتەکان زۆرترە، زۆرترین و هەستیارترین ڕێپۆرتاژ و دیبەیت لەمەڕ ئەو گەندەڵییە ڕووماڵ دەکەن (Thorbjørnsrud 2009).

ئەم هاوپەیمانییە لە نێوان مێدیا و ئەکتەرە سیاسییەکان پێوەندییەکی تاکتیکییە. پێوەندیی تاکتیکی لە کاتێکدا زیاتر دەردەکەوێ کە مێدیاکار لە دوای سەرچاوەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەواڵ و


زانیارییەکانیان ڕوو لە ئەکتەرە سیاسییەکان دەکەن و، ئەکتەرە سیاسییەکانیش ئەو دۆخە وەک دەرفەتێک دەقۆزنەوە بۆ زیاتر دەرکەوتن لە مێدیا و گەیاندنی پەیام و ڕێکارە سیاسییەکانیان. بەڵام شێوازێکی دیکە لە هاوپەیمانی هەیە کە شێرازەی هاوپەیوەندیی مێدیا و ئەکتەری سیاسی لە تیۆریی جەغزی داخراودا زیاتر دەردەخات. بۆ نموونە ئەگەر سیاسەتی مێدیایی کار بۆ زۆرترکردنی ڕێژەی بەردەنگەکانی دەکات، بە هەمان شێوەش سیاسەتی ئەکتەرە سیاسییەکان کۆکردنەوەی دەنگی زیاترە. ئەم ڕووکردە سیاسییە وا دەکات کە مێدیا و ئەکتەرە سیاسییەکان پێوەندییەکی ستراتژیکیشیان هەبێت. بە کورتی؛ دەرکەوتەی پێوەندییە ستراتژیک و تاکتیکییەکانی مێدیا و ئەکتەرە سیاسییەکان، هاوپەیمانی و هاوئاراستەیی ئەو دوو ئەکتەرە لەهەمبەر جەماوەردا باشتر دەردەخەن و ئەم ڕووکردە بنەمای پێناسەی تیۆریی جەغزی داخراوە.

## ٥- وێکچوون و جیاوازییەکان

وەک لەم وتارەدا ئاماژەم پێ دا، ئەجێندای مێدیایی: سادەسازی، شەخسیسازی، زوومکردن لەسەر ڕووداوی تایبەت و هەروەها مینیاتۆرسازییە، واتە چکۆلەکردنەوەی وێنە گەورەکان لە قاڵبی چکۆلەدا. ئەو ئەجێندایە نەک بە پێچەوانەی مەیلی ئەکتەرە سیاسییەکانە، بەڵکە لە دژی چاوەڕوانییەکانی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی شەقامن کە بەپێی ڕوانگەی ئایدیالۆژیک و ڕووکردی ئەخلاقییەوە ڕوو لە سەندووقەکانی دەنگدان دەکەن. هەم لە تیۆریی مێدیاتایزینگ و هەم لە تیۆریی جەغزی داخراودا ئەو شێوازە لە کادربەندی[٤٣] و کلیشەسازییە هەن و بەپێی مەنتقی مێدیایی کار دەکات. یەکێک لە گرفتەکانی ئەو ئەجێندایە لەوەدایە کە پرسە سیاسییەکان تا ئاستی تێگەیشتنێکی ڕووکەشیانە دادەبەزێنێت و هەروەها دەبێتە هۆی شێواندنی بەرچاوگەی ئەکتەرە سیاسییەکانیش. واتە ئەکتەرە سیاسییەکان زیاتر لە جاران لە چاوی مێدیاوە سەیری شەقام دەکەن. بە هەمان ڕادە خەڵکیش پرسە سیاسییەکان وەک ململانێی نێوان حیزبەکان و شەڕی زێڕنگەری دەبینین بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەندێرسن لە توێژینەوەکانی خۆیدا ئاماژە بە بێمتمانەیی خەڵک لەهەمبەر مێدیا و ئەکتەرە سیاسییەکان دەکات. لە هەردوو تیۆرییەکاندا ئێمە هەست بەو مەودایە دەکەین کە لە نێوان خەڵک لە لایەک و دووانەی مێدیا و ئەکتەرە سیاسییەکان هەیە. دیاردەی بێمتمانەیی تەنانەت تا ئاستی بێزڕیزیکردن و ڕووشاندنی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانیش دابەزێت (Goul Andersen 1999: 67).

تیۆریی مێدیاتایزینگ زۆرتر پێداگری لەسەر مەنتقی مێدیایی دەکات و کاتێ سرنج بە ئەجێندا و ڕووکردە مێدیاییەکانی دەدەین، هەست دەکەین جێگایەکی وای بۆ مەنتقی سیاسی نەهێشتووەتەوە و هەر ئەم پێداگرییە وای لە ئەکتەرە سیاسییەکان کردووە کە نەک هەر ڕەچاوی مەنتقی مێدیایی بکەن، بەڵکە چاکسازی لە مەنتقی سیاسییشدا بکەن. ئەم پێشوەچوونە بە ڕادەیەک بەرچاوە کە کاتێ ئەکتەری سیاسی لە مێدیای مێدیاتایزەکراودا دەردەکەوێت، زۆر بۆ خەڵک زەحمەتە کە ئەکتەری سیاسی لە کارناسی سیاسی جیا بکاتەوە. لەم مۆدێلە مێدیاییەدا خەڵک زۆر بە ڕوونی هەست بە مەودای نێوان ئەکتەری سیاسی و مێدیا دەکەن، بەڵام وەک پێشتر باسمان لێ کرد، مانای وەها مەوداگرتنێک ئەوە نییە کە مێدیا لە خەڵک نزیک دەبێتەوە. بەڵکە مێدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم، سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت و بەپێی مەنتق و ئەجێندای خۆی کار دەکات.

لە تیۆریی جەغزی داخراودا مەودای نێوان ئەکتەرە سیاسییەکان و مێدیا کەمترە لە




**فیگۆری ٢**

مەودای نێوان خەڵک و ئەکتەرە سیاسییەکان.

لەم تیۆرییەدا هەر تیشک نەخراوەتە سەر کەمبوونەوەی مەوداکان، بەڵکە باس لە هاوپەیمانی و هاوئاراستەیی میدیا و ئەکتەرە سیاسییەکانیش دەکات. وەک پێشتر باس کرا، شیفتلێدان لە حیزبی جەماوەرییەوە بۆ حیزبی میدیایی وای کردووە کە ئەکتەرە سیاسییەکان هەم لە ڕێگای میدیاوە لەگەڵ بەردەنگەکانیان بەرەوڕوو ببنەوە و هەم لە چاویلکەی میدیاوە سەیری شەقام بکەن. کاتێ ئەکتەرە سیاسییەکان لە چاویلکەی مەجازیی میدیاوە سەیری شەقام بکەن، سرووشتییە بەو ڕادەیە لە وێنەی واقعیی شەقام دوور دەکەونەوە و خەڵکیش بە هەمان شێوە لە چاویلکەی میدیاوە سەیری وێنەی مەجازیی ئەکتەرە سیاسییەکان دەکەن.

لە گشت توێژینەوەکان کە وەک ڕێفرێنس بۆ نووسینی ئەم بابەتە هەڵبژێردراون، باس لە پێوەندییەکی کاوزاڵی[٤٤] لەمەر متمانە و ئاراستەی ئەکتەرەکان و شەقام کراوە. هەتا میدیا و ئەکتەرە سیاسییەکان زیاتر هاوئاراستە دێنە بەرچاو، بەو ڕادەیە خەڵک کەمتر متمانە بە میدیا دەکەن (جەغزی داخراو). ئەگەر مەودای بۆچوون و تێروانینی نێوان ئەکتەری سیاسی و میدیا زۆرتر دەرکەوێت و میدیا پرەنسیبەکانی بێلایەنبوون و ڕووکردی ڕەخنەگرانەی بپارێزێت، ئاستی متمانەکردنی خەڵک بە میدیا بەرز دەبێتەوە (میدیاتایزینگ، فازی ١ و ٢). بەڵام کاتێ میدیا لە بردنە پێشی ڕیفۆرمی سیاسی و بە گشتی وەک ناوەندێک بۆ بەهێزکردنی گەشەی پایەدار دەردەکەوێت، ئەوا میدیا وەک مەرجەعێکی گرنگ لە خزمەت میتاپرۆسێسەکان چاو لێ دەکرێت و لە ڕاستیدا وەک دەسەڵاتی چوارەم سەلمێندراوە و جێگیر بووە (میدیاتایزینگ، فازی ٣ و ٤). لە فیگووری ٢ هەوڵم داوە پێوەندییەکی کاوزاڵیانە لە نێوان متمانە و مەنتقی میدیایی و سیاسیدا وەک دەرەنجامی گشت ئەو توێژینەوانە پێشان بدەم کە وەک سەرچاوە بۆ ئەم وتارە دەکار کراون.

وەک لە فیگوورەکەدا دیارە، هەتا ئاراستەی میدیا ڕوو لە مەنتقی میدیایی دەکات، بەو ڕادەیە متمانەی بەردەنگەکان بەو میدیایانە ڕوولەهەڵکشانە (هێڵە شینەکە)، بەڵام کاتێ ئاراستەی میدیا دەکەوێتە بن باڵی مەنتقی سیاسی، ئەوا ڕێژەی متمانەی بەردەنگەکان ڕووی لە دادەبەزینە (هێڵە سوورەکە). هەڵبەت دەبێ ئەم فاکتۆرەش لە بەرچاو بگرین کە مەبەست لە بەردەنگ لێرەدا ڕای گشتی و ئەو ئامارە بێدەنگانەشن کە پێشتر باسی لەسەر کرا، دەنا ئەو بەشەی کۆمەڵگا کە ئینتمای حیزبییان هەیە و لەژێر سریمەی ئوسوولە بنەماییەکانی سیاسەتدا بەدواداچوون بۆ پرسی ڕۆژ دەکەن، بێگوومان لە نێوان بەرزی و نزمبوونی ئاراستەکانی فیگوورەکەدا لە هاتوچۆدا دەبن.

## دواسرنج

ئەوەی لەم وتارەدا هاتە بەرباس، خوێندنەوەیەک بوو بۆ کۆمەڵێ توژینەوە لەمەڕ هاوپێوەندیی نێوان میدیا، ئەکتەرە سیاسییەکان و گەل. ئەم هاوپێوەندییە بەپێی سەردەم و بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسی و جووڵە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. یەکێ لەو پاڵنەرانەی کە میدیای تا ئاستی دەسەڵاتی چوارەم گەیاندووە؛ دیمۆکراسی و ڕووکردی تەعامولگەراییە لە سیاسەت و کولتووردا. لەم قۆناغەدا مەنتق و ئەجێندای میدیا مەودایەکی پڕمانای لەگەڵ مەنتق و ئەجێندای سیاسی هەیە و لە ئاکامدا کۆنتراستی ئەو دوو ئەکتەرە تۆختر دەردەکەوێت. ئەجێندای میدیا وەها دادەڕێژراوە کە نێوەڕۆکی پرۆگرامەکانی و ڕووماڵکردنی هەواڵەکان زۆرترین کاردانەوەی لە لایەن هاووڵاتییانەوە لێ بکەوێتەوە و لە ئاکامدا ڕێژەی بەردەنگەکانی میدیا زۆرتر بکات. بەڵام کاتێ لە ئینقلابی دیجیتاڵی نزیک دەبینەوە، مەنتق و ئەجێندای میدیا بەرەو ئاراستەیەک دەڕوا کە ئەمڕۆکە بە ناوی میدیاتایزاسیۆن ناوی دەرکردووە. لەم قۆناغەوە ئەجێندای میدیا لە ڕێگای کادربەندیی پرۆگرامەکانییەوە؛ لە «کاردانەوە» بەرەو کارکردن لەسەر «بیرکردنەوە»ی خەڵک دەگۆڕێت.

لەکزیدانی ڕووکردی «جەغزی داخراو» لە کاری میدیاییدا، پێوەندیی بە نزمبوونەوەی ڕێژەی متمانەی بەردەنگەکانییەوە هەیە. مەنتقی میدیا لەم بەستێنەدا وەک هاوپەیمان و هاوئاراستەی مەنتقی سیاسی دەردەکەوێت و بەردەنگانی میدیاش وەک ئۆبژە. لە ڕووکردی «میدیاتایزینگ»دا ئەکتەرە سیاسییەکان لە کۆنتێکستەوە بەرەو پەراوێز پاڵ دەنرێن و ئەوانیش وەک خەڵکی شەقام دەبن بە بەشێک لە بەردەنگەکانی میدیا. لەم قۆناغەدا وێنای میدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم زیاتر لە جاران دەردەکەوێت. لەم ڕووکردەدا مەنتقی سیاسی دەچێتە ژێر سێبەری مەنتقی میدیاییەوە و بەرواڵەت میدیا دەستی باڵای هەیە بۆ ئەوەی پێشمەرجەکانی خۆی لە چەقی پرسی ڕۆژ دانێت. دەرەنجامەکانی میدیاتایزاسیۆن وەها هەمەگیر بووەتەوە کە ئەکتەرە سیاسییەکان ناچارن پێداچوونەوە بە مەنتقی سیاسیی خۆیاندا بکەنەوە و زیاتر لە جاران خۆیان لەگەڵ مەنتقی میدیایی بگونجێنن.

یەکێک لە گرفتەکانی مەنتقی سیاسی کە لەم وتارەدا ئاماژەی پێ درا، ئەوەیە کە؛ خۆگونجاندنی مەنتقی سیاسی، کاری لە ئەجێندا و هزری سیاسەتیش کردووە. داشکاندنی مەنتقی سیاسی لەهەمبەر مەنتقی میدیایی، دیاردەی سیاسەتی تا ئاستی سڕبوون بردووەتە پێشەوە و تا دێت مەودا لەگەڵ فەلسەفەی سیاسەت دەگرێت. وەها کە بە ڕاستی کەس نازانێت لەهەمبەر پرسیاری کارکردی سیاسەت و ئەکتەرە سیاسییەکان لەم سەردەمەدا چ وڵامێک بدۆزێتەوە. ئەوەی تا ئێستا دەبیندرێت؛ سیاسەت لە دەرەوەی مێتاپرۆسێسەکاندا خەریکی پەلەقاژەیە. ڕەنگە هۆکارەکەش ئەوە بێت کە لە سەدەی

نۆزدەم بەملاوە کارکردی هزری سیاسی هەر مشتومالکردنی ئاوێنەی ژەنگاویی خۆی بووە و تا دێت لە ئامانج و غایەتی سیاسەت دوور دەکەوێتەوە. لەگەڵ مەوداگرتنی هزری سیاسی لە فەلسەفەی سیاسەت، دەستی سیاسەت لە پرۆسەی داهێنان کورت کراوەتەوە و بەکردەوە لە بازنەی بەرتەسکی ریالپۆلیتیکدا لەسەر سەر دەخولێتەوە. بەرچاوگەی «چاکە» و گەڕاندنەوەی «عاملیەت» و «سوبژەبوون» بۆ مرۆڤ - کە دەبووایە لە ئەجێندای سیاسەتدا بووایە، ئەمڕۆ کەوتووەتە ئەجێندای مێدیایی و دەبێ چاوەڕوان بین و بزانین عاملیەتی تاکەکان تا کوێ لەگەڵ داهاتووی سیاسەت هەڵدەکات.

## پەراوێز

1. Challengeable چالشی
2. Mediatization
3. Mediatizing
4. The Closed-circuit
5. Harald Jarning
6. L›Esprit des Lois, (1748)
7. Thomas Hobbes; (1588 –1679)
8. John Locke; (1632 –1704)
9. State
10. Government
11. Communications
12. Commercialization
13. social Network
14. Agency
15. Evolution
16. Political logic
17. Phenomenology
18. Ontology هستی شناسی
19. Polarization
20. Simplification
21. Intensification
22. Personalization
23. Visualization
24. Stereotyping
25. Polarized Media
26. Nordic Corporatist model
27. Policy Consensus
28. Mediations approach
29. Premises
30. Mediation

٣١. عرضە و تقاضا

32. Participatory skills
33. Doublethink
34. Popular Media
35. Infotainment
36. Body language
37. Anderson
38. Massparti
39. Mediabassed parti
40. Maurice Daurice
41. Otto Krichheimer
42. Catch-all partis
43. Framing
44. Causal علیت

## سەرچاوەکان


Anders, Günther 1980: Die Antiquiertheit des Menschen. Über die Seele im Zeitalter der zweiten industriellen Revolution. Band 1. München: Beck. [Zuerst 1956]

Benjamin, Walter 1977: Das Kunstwerk im Zeitalter seiner technischen Reproduzierbarkeit [Zuerst 1936]; Kleine Geschichte der Photographie [Zuerst 1931]. Frankfurt am Main: Suhrkamp

Dalton, Russell J. & Martin P. Wattenberg 2002: Parties without partisans: Political change in advanced industrial democracies. Oxford University Press.

Goul Andersen, Jørgen 1999: Folket og eliterne. Om meningsdannelse pa□ masse- og eliteniveau, i Jørgen Goul Andersen, Peter Munk Christiansen, Torben Beck Jørgensen, Lise Togeby og Signild Vallga□rda 1999, Den Demokratiske Udfordring . Hans Reitzels Forlag, København.

Moldskred, Anine Dedekam 2010: Ra□dgivere i Norge - Politiske aktører? Masteroppgave ved Institutt for sammenliknende politikk, Universitetet i Bergen.Tilgjengelig 30.05.2011 pa□: https://bora.uib.no/bitstream/1956/4162/1/70297385.pdf

Thorbjørnsrud, Kjersti 2009: Journalistenes valg. Produksjon - interaksjon - iscenesettelse. Doktorgradoppgave ved Universitetet i Oslo.

Strauss, Leo 1988: What is Political Philosophy. Chicago: The university Press (, pp. 9-55).

Stro□mba□ck, Jesper (2008): Four Phases of Mediatization: An Analysis of the Mediatization of Politics. The International Journal of Press/Politics, vol. 13(3), 228-246. Tilgjengelig 30.05.2011 pa□ http://hij.sagepub.com/content/13/3/228.abstract

Van Zoonen, Liestbet 2005: Entertaining the citizen: When politics and popular culture converge. Lanhem: Ronham & Littlefield.

Østerud, Øyvind; Fredrik Engelstad og Per Selle 2003. Makten og demokratiet: en sluttbok fra makt og demokratiutredningen. Gyldendal Akademisk.

# جیهانی سنووردارکراو بە هۆی سەروەریی وڵاتانەوە

بەرزوو ئەلیاسی
و: کەیوان فاتحی

”

لە تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتدا، سەروەری و دەوڵەت دوو چەمکی لێک گرێدروان کە بە شێوەی بەرفراوان مشتومڕیان لە سەرە. بە گشتی لێرەدا تێگەیشتنێک هەیە کە زۆریەک لە بیرۆکەکان لە سەر دەوڵەت- نەتەوە بەربەستن لە بەردەم گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی جیهانی کە هەرکام لەم بەربەستانە، واتە دەوڵەت و ناسیۆنالیزم سەرچاوە و نۆرمێک نین بۆ هاوبەشکردنی شوناسی مرۆڤایەتی

“

## دەسپێک

بۆتێگەیشتن لە نەزم و بەها سیاسییەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە، کە پەیوەندیدارن بە پرسی ئەمنییەت، قازانج، ئەگەرەکان و بەربەستەکان، سەروەریی دەوڵەتەکان دەتوانێ لە شوێنێکدا نوێنەرایەتیی جیهانێک بکات کە ڕوانگەی دەوڵەت ـ نەتەوە حاکمە و بە بایەخەوە وەکوو پێوانەیەکی سیاسی بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان سەیر دەکرێ. هەر وەها بەو ڕادەیە گرینگە کە سەرنج بدرێتە ئەو شێوازانەی کە دەوڵەت بە زۆرینە و کەمینەوە پێک دێنن و پەیوەندیی سەردەست و ژێردەست، زاڵکردنی قەومی- فەرهەنگی و پاساوهێنانەوە بۆ کلتوورەکانی ئەوانیتر. بە واتایەکی دیکە، چۆن دەوڵەت یارمەتیدەر دەبێ بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەیەکی ناسیونالیستی و دەستنیشانکردنی شوناسی زاڵ لە بیاڤەکانی وەکوو ژیان، یاسا، سیاسەت، کلتوور، ئابووری وپیکهێنانی بارودۆخێکی نائەمن و مەترسیدار. بە هۆی زاڵبوون و پێداگریی دەوڵەت- نەتەوە، خەڵکانی بێ دەوڵەت بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی بە ئیلهام وەرگرتن لە فۆرمەکانی دیاریکردنی چارەنووس، وەکوو خودموختاری، فیدراڵیزم یان سەربەخۆیی، هەوڵ دەدەن. بە واتایەکی دیکە چارەسەری برینی بێ دەوڵەتی بە بەردەوامی وەکوو برینپێچێکی سیاسی بۆ کەمکردنەوە یان کۆتایی هێنان بە ئازار و مەینەتییەکانی ئەوان خۆی لە دەوڵەت ـ نەتەوەدا دەبینێتەوە. بوونی سەربەخۆیی دەتوانێ زامنی ئاشتی بێ و پێشگیری بکات لە دەستێوەردانی دەرەکی و ناوخۆیی بۆ ڕێگریکردن لە هەر چەشنە نائارامییەک و هەروەها دەتوانێ وەکوو ڕوانگەیەک بێ بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیەک. بۆ ئەو کەسانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە پەراوێز خراون، ڕوانگەی دەوڵەتی سەردەست دەبێتە بەربەست بۆ گەشەی بیری سیاسیی نەتەوەی ژێردەست بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی {Grzybowski & Koskenniemi 2015} و بەڕێوەبربردنی نیشتمانی خۆیان، سەرچاوە سروشتییەکان، شوناس، کلتوور، ئایین و زمان. ئەم وتارە دەپەرژێتە سەر ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندییان بە دەوڵەت و سەروەری لە سەردەمی بە جیهانیبووندا هەیە.

## سەروەری و دەوڵەت

لە تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتدا، سەروەری و دەوڵەت دوو چەمکی لێک گرێدروان کە بە شێوەی بەرفراوان مشتومڕیان لە سەرە. بە گشتی لێرەدا تێگەیشتنێک هەیە کە زۆریەک لە بیرۆکەکان لە سەر دەوڵەت- نەتەوە بەربەستن لە بەردەم گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی جیهانی کە هەرکام لەم بەربەستانە، واتە دەوڵەت و ناسیۆنالیزم سەرچاوە و نۆرمێک نین بۆ هاوبەشکردنی شوناسی مرۆڤایەتی {بڕوانە بارتلسون ٢٠٠٩}. کە واتە سەروەری چ شتێک لە خۆ دەگرێ و ئامانج لە دەستڕاگەیشتن بەو وەکوو بەرزترین ئاستی دەسەڵات چییە؟ سەروەری یەکێک لە بیرۆکە بنەرەتییەکانی پیکهێنانی نەزمە لە پاش- سەدە نێوەراستییەکان و پوختەی شێوەیەکی تایبەتە لە هێزی دەوڵەت. هەر دەوڵەتێک بە شێوەیەکی باو لە حەشیمەتێکی پەراوێزخراو و پایەدار پێک دێ کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە بەڕێوە دەبرێ {جەکسۆن ٢٠٠٧}. لە وەها بارودۆخێکدایە کە سکینەر لە {٢٠٠٩}دا، دەوڵەت و فەرمانڕەوایی، بە هاوتا لە قەڵەم دەدات. لە پاش پەیمانی وێسفالیا {١٦٤٨} لێک گرێدراویی سەروەری لەگەڵ دەوڵەت- نەتەوەدا کە زۆر جار حەشیمەت، قەلەمڕەو و باڵادەستی لە خۆ دەگرێ، هاتە ئاراوە. لە ڕاستییدا هەوێنی بیرۆکەی دەوڵەت- نەتەوەی مودێرن، داهێنانی ئەورووپییەکان بوو. فۆرمە جیاوازەکانی ڕێکخراوی سیاسی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە شکڵی دەوڵەت- نەتەوەدا خۆیان نواند {هۆڵستی ١٩٩٦؛ هەروەها

بڕوانە ... ٢٠١٣}. یەکێک لە کاریگەرییە سەرەکییەکانی نەزمی وێسفالیا ئەمەیە کە ئەم دەوڵەتە، لە لایەن خەڵکی دنیاوە دەبێنرێ و {لە لایەن ئەوکەسانەی کە لێی بێبەشن} وەکوو «بەرزترین چوارچێوەی سیاسیی خەڵک و هەر گرووپێکی گرێدراوی دیکە لە هەر قەومییەت یان مەیلێکی هاوشێوەدا» ئیلهامی لێ وەردەگیرێ {٢٠١٥، پ. ٢٢٤}. بەم پێیە، ناسیۆنالیزم وەکوو سەرەکیترین ئیدیۆلۆژی، پرەنسیپەکانی خۆبوون و ئەوانی دیکە ئاراستە دەکات و هەبوونی دەوڵەتیک وەکوو مەرجێکی بنەڕەتی بۆ مەوجودییەتی خەڵک لە جیهانی دەوڵەت- نەتەوەدا، ستایش دەکات {بڕوانە ... ٢٠١٥}. بوون بە ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە بێ بەفەرمی ناسینی سەروەریی دەوڵەت و قەڵەمڕەوێکی دیاریکراو لە کردەوەدا ئیمکانی نییە. بە فەرمی نەناسینی دەوڵەتێک لە ڕووی سیاسییەوە، پێگەیەکی لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ دەستەبەر نابێ. بەم شێوەیە، ئەم دەستنیشانکردنە فەرمییەی سەروەریی دەوڵەت، جیاوازیی جۆربەجۆر لە نێوان سازوکارە ئیداری و ڕێکخستنە دەوڵەتییە جیاوازەکاندا، بە شاراوەیی دەهێڵێتەوە {هۆڵستی ١٩٩٦}. ئەوەی کە سەروەریی دەوڵەتێک دەکاتە بوونێکی جێی ڕەزامەندی، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە پێی یاسایی نێودەوڵەتی، دەوڵەتەکان خاوەنداریەتی دەکەن و ئەوان بە دەسەڵات و بەرپرسیاریەتییەکی یاساییەوە، پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لە جیهاندا دەکەن. ئەم شتەش دەبێتە هۆی ئەوە کە سەروەریی دەوڵەت وەکوو بابەتێکی یاسایی چەسپاو لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا بمێنێتەوە {جکسون ٢٠٠٧، پ، ١٢٣- ١٢٤}. هاوکات جکسون {٢٠٠٧} بەڵگە دێنێتەوە کە ئەو خەڵکانە کە خاوەنی سەروەریی دەوڵەتن، خەڵکانێکن کە لە کاتی ئاخاوتندا بە هۆی پێگەکەیانەوە بالادەستن. ئەم پێگە تایبەتە دەتوانێ ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی خواستی سەروەریی دەوڵەت وەکوو مەرجێکی بنەڕەتی بۆ مانەوەی سیاسی لە جیهانی دەوڵەت- نەتەوەکاندا دێتە ئەژمار. سەروەری بە تەواوی گرێدراوی مودێرنیتەیە، لە بەر ئەوەی یەکێک لە بیرۆکە سەرەکییەکانی مودێرنیتە چەمکی سەربەخۆییە. پێڕەوی کردن لە مەفهوومی سەروەری، وەکوو نوێنگەی سەربەخۆیی واتە دەوڵەتداری، بە مەبەستی ئینکار کردن و ڕەدکردنەوەی دەستێوەردانی نەخوازراوی هێزەکان و ئەکتەرە دەرکییەکان لە قەڵەم دەدرێ. سەروەری وەکوو ئەبزارێک بۆ ئازادیی سیاسی لە هەمبەر دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆیی ولاتێکدا سەیر دەکرێ {جکسون ٢٠٠٧، بۆ ڕەخنە گرتن بڕوانە کۆکس ٢٠١٤}.

لە ڕووی مێژووییەوە، سەرەڕای بوونی ڕەواییی ئەخلاقی و سیاسیی جیاواز، زۆربەی ئەکتەرەکان، هەر لە پاشاکانەوە تا دیکتاتۆرەکان، هێزە داگیرکارەکان و بزووتنەوەی دژە داگیرکاریی ناسیۆنالیستی، بابەت و بانگەشەکانی خۆیان لە سەر سەروەری خستووەتە ڕوو {جکسون ٢٠٠٧}. ئەوەی لە سەروەریدا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە، پەیوەستە بە یاساوە. لە جیهانی هاوچەرخدا، نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی وەکوو فەلەستینییەکان، کوردەکان، کاتالۆنییەکان و سکاتلەندییەکان هەموویان بانگەشە دەکەن کە سەروەرییان هەیە تاکوو بە شێوەیەکی شوێندانەر نوێنەرایەتیی خەڵکەکەی خۆیان بکەن و بە گژ دەسەڵاتی زاڵدا بچنەوە، تاکوو بتوانن خاوەنداریەتیی خۆیان لە سەر زێد و سەرچاوە سروشتییەکانیان بەدەست بێننەوە. لە ڕوانگەی جەکسۆنەوە {٢٠٠٧} بۆ دەستەبەرکردنی پێگەیەک لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان، هەر دەوڵەتێک دەبێ خاوەن سەروەری و دەسەڵات بێ. تێفکرین کە تورکیە چۆن هێزی دیپلۆماسی خۆی بەکار هێنا بۆ سڕینەوەی نەخشەی کوردستان لە سەر گوگڵ مەپ. لە هەڵسوکەوتی ورد و ڕۆژانەی

کـــردەوە و دژکـــردەوەکان لە گـــەڵ خەڵکی سەردەستی تورک، عەرەب و فارس، بانگەشەی کـــوردەکان لە بارەی کوردســـتانەوە زۆر جار وەکوو شتێکی ساختە و خەیاڵ ڕەد دەکرێنەوە {بڕوانە ئەلیاسی ٢٠١٣}. لەم پەیوەندییەدا، بەڵگە دەخرێتە ڕوو کە بیرکردنەوە لەبارەی جیهانەوە، بـــێ لەبەرچاوگرتنـــی دەوڵەت، تـــا ڕادەیەک نامومکینـــە. بە ســـرینەوەی دەوڵەت، «وەکوو ئەوە وایە کە تەنیا بڕوانینە کۆمەڵێک مەلەوان- بە بێ بیرکردنەوە و هیچ چەشـــنە ئاماژەیەک بە ڕۆڵی کەشتییەکان لە ناو دەریا دا» (Man-ning cited in Grzybowski & Koskennie-mi 2015, p. 27). چاوەڕوانـــی لە دەوڵەتێکی خاوەن ســـەروەری دەکرێ کـــە ئەمنیەت و ئاشتی دەستەبەر بکات و هاوکات بۆ پاراستنی خەڵک، قەڵەمڕەو و دەسەڵاتی خۆی توندوتیژی بەکار بێنـــێ. هەر لەم ڕاســـتایەدایە کە هابز چەمکەکانـــی» شمشـــێری عەداڵـــەت» لـــە چوارچێـــوەی مەترســـییە ناوخۆییەکان و « شمشـــێری شـــەڕ» لە دژی دەســـتێوەردانی دەرکی و هەڕەشەکان دێنێتە بەر باس. بێجگە لەم « شمشێرانە»، دەوڵەت وەکوو شتێکی بێ کەڵـــک، بـــێ توانا وبـــێ هێز دێتـــە بەرچاو {جەکســـۆن ٢٠٠٧، پ ١٧}. پرســـی توندوتیژی وەکوو تایبەتمەندییەکی سەرەکیی پێکهاتەی دەوڵـــەت بەرجەســـتە دەبێتەوە. پـــاش وێبر {١٩٩٤}، کاتێک نەزمی سیاسی لە دەرەوەی پارامێترە دیاریکراەکان کە نەزمی سیاســـی ڕەنگرێژ دەکەن، دەکەوێتە بەر مەترســـییەوە، توندوتیـــژی دەبێتـــە ئەبزارێکی ســـەرەکیی سیاســـەت. لەم ڕووەوە، پێناسەی سەرەکیی دەوڵـــەت، پاوانکردنی توندوتیژیـــی ڕەوا یان کەڵک وەرگرتن لە هێزی ڕەقی لە قەڵەمڕەوی نیشـــتمانی خۆیـــدا دەســـتەبەر کـــردووە {وێبر١٩٩٤} هەروەها لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆشـــی ئەو کاتەی کە بانگەشـــە دەکرێ کە «تیرۆر» یان « جوداییخوازی» دەکەنە نیشـــانە. بـــۆ وێنە تورکیە لـــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتد

کوردەکان لە سوریە و عێراق دەکاتە ئامانج. لە ڕاســـتیدا، زۆربەی وڵاتەکان ناپاکی دەکەن لە هەمبەر ئەسڵی سەروەری، کە دەستوەرنەدان و ڕێزگرتن لە سنووری وڵاتەکان لەخۆ دەگرێ و زۆر جار وەکوو شـــتێکی پیرۆز باســـی لێوە دەکـــرێ. زۆر جـــار دەگوترێ کـــە دەوڵەت- نەتەوە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی دوورەپەرێز لە شەڕە {گیدێنز١٩٨٧؛مالێسڤیچ ٢٠١٠؛ ئەپادوریا ٢٠٠٦؛ پەندی ٢٠٠٦}. هـــەر لەم پەیوەندییەدا، مالێســـڤیچ {٢٠١٠} بەڵگـــە دێنێتـــەوە کە جێگرەوەی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری یان دابەش کردنـــی بۆ دوو یـــان چەنـــد چوارچێوە ڕێی تێدەچـــێ، بـــەڵام هەڵوەشـــانەوەی دەوڵەت- نەتەوە وەکوو ڕێکخراوێکـــی کۆمەڵایەتی زۆر دژوارە. بە پێی ئەزموون، ئەمە شتێک نییە کە زۆربەی خەڵک خواســـتی هەڵوەشـــانەوەیان هەبێ. هەربەوشێوەیە کە نموونەی هاوچەرخی ســـومالی و کۆمـــاری دێموکراتیکـــی کۆنگۆ دەریانخست، کاتێک کە دەوڵەت- نەتەوەیەک لـــە بەریـــەک هەڵدەوەشـــێتەوە، ئەکتـــەرە جۆراوجـــۆرەکان بـــە هەوڵـــی خوێنـــاوی و توندوتیژی بۆ داسەپاندنی پاوانخوازیی خۆیان لە ڕووی یاساییەوە بەرەو توندوتیژی هەنگاو دەنێن {مالێسڤیچ ٢٠١٠، ٣٣٢-٣٣٣}. یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی دەوڵەت، سازوکارە لە شـــەڕدا. لە گەڵ هەڵگیرســـانی شەڕەکان، دەوڵەت لە ئورووپا یەکگرتنی سیاسی، ئیداری و مالیی ڕێکخست. ئەو وتە بە ناوبانگ و لە بیر نەکراوەی تیلی کە دەڵێ: «شـــەڕ دەوڵەتەکان دروســـت دەکات و وڵاتەکانیش شـــەڕەکان» {١٩٨٥ پ، ١٧٠}. نموونەیەکی زەق و بەرچاو، کەیســـی ئیســـرائیلە کە لانیکەم چوار شەڕی گەورەی لەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆری عەرەبیدا کردووە؛ شەڕی ١٩٤٨، شەڕی ١٩٥٦، شەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧ و شەڕی یوم کیپوور لە ساڵی ١٩٧٣ دا. ئەم شەڕانە ئیسرائیلی وەکوو وڵاتێکـــی نیزامـــی لێکـــرد کە بە هـــۆکاری هەڕەشـــەی لەنـــاو بردنی لە لایـــەن وڵاتانی

عەرەبییەوە، یەکگرتنێکی سیاسیی قووڵی لە نێوان حەشیمەتی یەهودییەکاندا هێنایە ئاراوە. بەم پێیە، وتەکەی تیلی لە بارەی شەڕەکانەوە وەکوو خاڵێکی سەرەکیی دەوڵەتسازی ناتوانێ لە بواری سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیهانی بێتە بەر چاو. شوارتز{ ٢٠١٢} بەڵگە دەخاتە ڕوو کە وڵاتانی عەرەبی، بۆ پشتیوانیکردن لە پرۆژەکانی دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان، «شەڕگەلێکی نادروستیان» کردووە. لە کاتێکا لە ئورووپادا، وڵاتەکان قەڵەمڕەوکانی خۆیان لە هەمبەر دەستێوەردانە دەرکییەکان پاراست یان بۆ بەرفراوانکردنی قەڵەمڕەوەکانی خۆیان شەڕیان کرد، وڵاتانی عەرەبیش ئەم کارەیان ئەنجام دا بەڵام زیانێکی زۆری بەوان گەیاند. ئێراق و سووریە دوو نموونەی بەرچاون. شوارتز{٢٠١٢} پێی وایە هەبوونی وڵاتێک و خۆسەپاندن و فەرمانڕەواییکردنی کافی نییە. کارکردی دەوڵەتی مودێرن دەبێ تەناهی، خۆشبژێوی و نوێنەرایەتییش لە خۆ بگرێ { پ ١}. لە کاتێکدا دەکرێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پاراستنی ڕێژیمەکە، ئەمنیەت جێگیر بکرێ، بەڵام خۆشبژێوی و نوێنەرایەتی بنەجێ نەبووە، لە بەر ئەوە کە زۆریەک لە فەرمانڕەوایان، سەرەڕای بانگەشە کردن بۆ دێموکراسی، ڕەوایی دەسەڵاتەکەیان لە ژێر پرسیاردایە. بە ڕاشکاوی ئەگەر وشەی «سەروەری وەکوو ئیرادەی سیاسی و ڕەزایەتی خەڵکی وڵاتێک لەقەڵەم بدرێ» وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دژواری دەتوانن ئیدیعا بکەن کە دەسەڵاتێکی خەڵکین {جەکسۆن، پ ٧٨}. پێویست بە بیرهێنانەوەیە کە هەڵبژاردنی گشتی لە شکڵی دێموکراسییەکی ساختەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرێوە دەچێ، بەڵام ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا خەڵک لە بارەی چۆنیەتیی ئیدارەدانی وڵاتەوە قسەی ئاخر دەکەن. وایت {٢٠١٢} ئیستدلال دەکات کە ناتوانی دێموکراسی لە نمایشێکی دێموکراسییانەدا کورت بکەیتەوە. بە پێچەوانەوە، فەرمانڕەوایان ئیدیعا دەکەن کە نوێنەری خەڵکن و لە ڕێگەی ئەم نوێنەرایەتیکردنەوە، ڕێگری لە هاتنەئارای نوێنەرایەتییەکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە و بەرفراوان. ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەوێتە بەر چاو، ئەوەیە کە ڕێژیمە نا دێموکراتیکەکان، ئاگاداری هێزی نمایشی دروشمدانن و بە بەردەوامی بۆ سەرکوتکردنی گرووپە جیاوازەکان، کە لەوانەیە بیانهەوێ دەوڵەت ببێتە دامەزراوەیەکی سیاسیی بەرفراوان و نوێنەرایەتیکردن، کەڵک وەردەگرن {بڕوانە وایت ٢٠١٢}. ئەگەرچی دەوڵەتەکان و حکومەتەکان بە هاوتا لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام نەزمی سیاسی زۆر گرینگە کە ئایا دەوڵەت و حکوومەت هاوشێوەی یەکن؟ لە لیبراڵ دێموکراسیدا، حکوومەتەکان دەتوانن دەنگ بدەن و دووبارە هەڵبژێردرێنەوە یان بگۆڕدرێن، بەڵام دامەزراوە دێموکراتیکەکانی دەوڵەت کەم تا زۆر دەتوانن وەکوو خۆیان بمێننەوە، ئەگەر پارتە غەیرە لیبراڵەکان دەست بەسەر دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا نەگرن و نەیانخەنە خزمەت ڕوانگەی بەرژەوەندیخوازی و ئەجنداکانی خۆیانەوە، هەر بەو شێوەیە کە ئێمە شاهیدی ئەو مەیلانەین لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەوڵەتی ترامپدا. کاتێک باس لە کانتێکستی دەوڵەتی ئیستبدادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێ، بۆ وێنە وڵاتێکی وەکوو ئێران، دەوڵەت بە بەربڵاوی لە لایەن تاقە حیزبێکەوە کە خۆی بە پارێزەری دەوڵەت، میللەت و تەنانەت لە هێندێک بواردا خوداش دەزانێ، بەرێوە دەچێ. ئەمە سەرمەشقێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە، جێگایەک کە بنەماڵەیەک، هێزە چەکدار و ئەمنیەتییەکان، مێدیاکان و ئابووری پاوان

دەکات تاکوو لەم ڕێگەیەوە دەسەڵاتەکان لە نەسڵێکەوە بگوازنەوە بۆ نەسڵێکی دیکە {بڕوانە سەسوون ٢٠١٦}. لە وڵاتە ئیستبداد لێدراوەکاندا، سیاسەتی خۆشبژێوی {ڕفاه} لە پلەی یەکەمدا وەکوو ڕێوشوێنێک بۆ دابین کردنی عەداڵەت بە کار ناهێنرێ، بەڵکوو بۆ ڕام کردن و سزادانی خەڵکی نارازی لە هەمبەر حکوومەتی غەیرە دێموکڕاتیک، پێشێلکردنی یاسا و گەندەڵیی لەڕادەبەدەر، بنەجێ کراوە. ئەمەش بووەتە ئەبزارێک بۆ بەرتیل دان و کەم کردنەوە خەڵکی نارازی. دابین بوونی خۆشبژێوی پێویستی بە وەفاداریی تاقیکراو و بەردەوام بە فەرمانڕەوایان هەیە کە لە ڕێگەی پابەند بوون و پێڕەویکردن لە نەزمی کۆمەڵایەتی و دەستڕۆیشتووەکانی ئەو حکوومەتەوە، مسۆگەر دەبێ. مەترسیی تۆمەت لێدان وەکوو خائین یان دژی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دژایەتیکردن لەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆکاندا، بەرز دەبێتەوە. ئەوە مەنتقی دێتە بەرچاو کاتێک جەکسۆن لە {٢٠٠٧} ڕایگەیاند کە دەوڵەت دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی بەختەوەریی مرۆڤەکان، کە خۆی لە دابینکردنی ئازادی، تەناهی و کەرامەتی شارۆمەندەکاندا ببینێتەوە. جەکسۆن بەوپەڕی دڵنیاییەوە ڕایگەیاند، ڕاستە کە دەوڵەتە سەرەڕۆ و ناموتەعارفەکان دەتوانن مافەکانی مرۆڤ پشتگوێ بخەن و پێشێل بکەن، بەڵام بە وەلانانی دەوڵەت، ناتوانی بە سەر ناعەداڵەتی و پێشێلکارییەکانی مرۆڤدا زاڵ بی. بەم پێیە، ئیدعاکەی جەکسۆن {٢٠٠٧} جێگای مشتومڕە لە بەر ئەوە سەرنجی خەڵکانێک لەسەر دێموکڕاسیی ڕۆژئاوایی بە لاڕێدا دەبات. زۆریەک لە دەوڵەتە دێموکڕاتییەکانی ڕۆژئاوا کە لە کتێبی سەرووەریی جەکسۆن {٢٠٠٧} دا ستایش کراون، لە ڕووی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و کەمینەکانەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێبەری کراون. کەیسی پەنابەرانی سووووری لە ساڵی ٢٠٢٠ دا کە ڕوویان لە ئورووپا کرد، نموونەیەکی بەرچاوە کە ئەو خەڵکانەی کە لە دەستی توندوتیژی و شەڕی خوێناوی لە سووریەدا هەڵهاتبوون، مافی پەنابەرییان پێ نەدرا. جگە لەوە، پەنابەرە سوورییەکان بوونە قوربانیی شەڕی ژێئۆپۆلێتیک لە نێوان تورکیە، ڕووسیە و هەروەها یەکیەتیی ئورووپادا. لە کاتێکدا یەکیەتیی ئورووپا پشتیوانیی تورکیەی کرد بۆ ڕێگریکردنی پەنابەرەکان بۆ گەیشتن بە ئورووپا. تورکیە، کەڵکئاژۆیانە پەنابەرانی بۆ قازانج و بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی خۆی لە بەرانبەر یەکیەتیی ئورووپادا بەکار هێنا. ئەوانە هەر ئەو خەڵکەی سووریە بوون کە ئازار و مەینەتیان دەچێشت و لە نێوان بۆمب، سنوور و دیواری وڵاتە داگیرکەرەکاندا، گرفتار بوون. تەنانەت لە وڵاتیکی بە تەواوی دێموکڕاتیکی وەکوو سوید، پارتە سیاسییە بەرچاوەکان، دەرگیری کێبەرکێی سیاسین بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە کامیان سیاسەتێکی قورس و بەرفراونتر لە بەردەم پەنابەریدا، بە دورشمگەلی وەکوو «سوید پڕ بووە»، «سنوورەکان داخەن» سنوورەکان پۆشتەتر بکەن!» بەڕێوە دەبەن. لە ڕاستیدا پەناخوازی یەکێک لە نموونە زەق و بەرچاوەکانی چۆنیەتیی سازوکاری نابەرابەری و پەیوەندیی ژێئوپۆلیتیکی هێزەکان لە نێوان سەروەریی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە جیهانی باکوور و باشووری دنیادا بە دابەشکردنی جیاوازیی بیروڕای سیاسی، جموجۆڵ، پشتیوانیی یاسایی و مافی ئابووری لێک گرێ دەدرێ.

## هیرارشیی دەوڵەت ـ نەتەوەکان و کێبڕکێی بە جیهانیبوون

گەرچی هەموو وڵاتە ناسراوەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە بێ لەبەرچاوگرتنی قەڵەمڕەو و حەشیمەتەکەیان، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خاوەنی کورسی و پێگەن، ئەوان لە کردەوەدا بە پێی لۆژیکی داگیرکاری،

بە شێوەیەکی هیرارشی و پەیوەندیدار شکڵیان گرتووە. بارتڵسۆن {٢٠١٤} پێشنیار دەکات کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگە سنووردارەکاندایە کە سەروەری لە جیهانی ئێمەدا بەرجەستە دەبێتەوە و سەرەکیترین کارکردی ئیدئۆلۆژیی چەمکی سەروەری، ڕەوایی بەخشینە بە سیستەمی نێودەوڵەتی و سیستەمی دەوڵەت، کە سەروەری لەوێدا مانا پەیدا دەکات. سەرەڕای ئەمانە، بارتڵسۆن {٢٠١٤} ئەوەی خستەڕوو کە کردەوەی بە فەرمیی ناسین و نەناسینی دەوڵەتەکان و میللەتانی غەیرە ئورووپایی وەکوو سەروەرییەک، دەبێتە ئەبزارێکی سەرەکی بۆ پاراستنی هیرارشییەکی پەیوندیدارلە نێوان ئورووپاییەکان و غەیرە ئورووپاییەکاندا. بۆ وێنە، غەیرەئورووپاییەکان زۆر جار بۆ چوونە نێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە هۆکاری بیرو بۆچوونی» ناشارستانی بوون» و نەبوونی دامەزراوەی ڕێکوپێکی سیاسیی هاوشێوەی وڵاتانی ئورووپایی و ڕۆژئاوایی، بێبەش بوون. وەها پرۆسەگەلێکی تر، بواری بۆ باڵادەستی و پێڕەویکردنی ئورووپاییەکان لە لایەن غەیرەئورووپاییەکانەوە، ڕەخساندووە. تەنانەت ئەگەرغەیرەئورووپاییەکان توانیان بە شێوەیەکی فەرمییش بچنە ناو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە، بە چاوێکی هاوسانەوە لەوانیان نەدەڕوانی و بگرە سەروەرییەکی مەرجداریشیان پێ دەدرا {بارتڵسۆن ٢٠١٤، پ ٢٩}. لەم ڕوانگەیەوەیە کە ئەگنو {٢٠٠٩} لە نێوان ئەو دەوڵەت و سەروەرییانەی کە تەنیا ناوێکن و ئەو وڵاتانەی کە لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا کاریگەرییان هەیە، جیاوازی دادەنێ. وڵاتانی ناسراوی دنیا بە هۆکاری جیاواز لە بواری هێزی نیزامی، ئابووری و سیاسی، لە ڕێگەی جۆربەجۆرەوە سەربەخۆیی و سەروەرییەکی زیاتریان هەیە. زۆریەک لە وڵاتانی عەرەبی لە ناوچەی خەلیج ناتوانن ئیدیعا بکەن کە سەروەرییەکی بەهێزیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوان پێویستیان بە پشتیوانیی نیزامیی ئەمریکایە بۆ خۆپاراستن لە هەمبەر یەکتر و لە بەرانبەر وڵاتانی نەیاری وەکوو ئێراندا. لەوانەیە قەتەر وڵاتێکی بچووک بێت، بەڵام خاوەنی خەزێنەیەکی لەڕادەبەدەری گازی سروشتییە و لە کەناڵێکی میدیاییی وەکوو ئەلجەزیرەی عەرەبی و ئینگلیزی سوودی وەرگرتووە تاکوو ئەجێندا سیاسییەکانی خۆی لە سەرتاسەری دنیادا بباتە پێشەوە. قەتەر سەرەڕای هێزی نەرمی کەناڵە مێدیاییەکان و هێزی ئابووریی خۆی، خانەخوێی گەورەترین بنکەی نیزامیی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بێگومان، لەوانەیە بە قازانجی ئەمریکا نەبێ کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەکەکان بێدەنگ بن و ئاشتی بەرقەرار بێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە وڵاتانی خەلیج بە بەردەوامی کڕیارێکی بەڕۆژی چەکە ئەمریکییەکانن. ئەمە نموونەیەکە لەو ڕاستییە کە ئەم وڵاتانە بە هۆکاری نەزمی ژێئۆپۆلیتیکی ناهاوسان و ناجێگیر لە ناوچەدا، بۆ لەسەرپێ ڕاوەستان، دەستەوداوێنی هێزە ڕۆژئاواییەکانن. ئەمەش ئەو پرسیارە بەجێیە لەبارەی مۆدێلی دەوڵەتی وێستفالی لە بوارەکانی نارۆژئاوایی و دیسکۆرسی جیهانیبوندا دێنێتە ئاراوە.

دیسکۆرسی مافی سەروەری، لە ڕێگەی ئەو پرۆژانەی کە تەرخان کرابوون بۆ داگیرکاری، بە مەبەستی کپکردنی بانگەشە لۆکاڵییەکان بۆ بەرانبەری و پاساوهێنانەوەی خەڵکی خۆجێیی لە ئۆستراڵیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمریکای لاتین و کانادا، دارێژرابوو {بڕوانە ڕابینسون ٢٠٠٧؛ کۆکس ٢٠١٤}. ئەمە بەو مانایەیە کە لە بنەڕەتدا نەزمی جیهانی لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە و بایەخی شارۆمەندیی ڕێژیمەکان، لەو شوێنانەی کە دامەزراوە ڕۆژئاوایی و ئورووپاییەکان زۆر بەرز دەنرخێندران و یەکسانیخوازتر لە نائورووپاییەکان بوون، پێک دێ. {کاستڵ ٢٠٠٥} تەنانەت لە بارودۆخێکدا کە نائورووپاییەکان بە شێوەی فەرمی مافی

شارۆمەندی و یەکسانیان پارێزراو بێ {ئەلیاسی ٢٠١٣}. لە کاتێکدا کە سەرمەشقی وێستفالْ لە ئوروووپادا سەدان ساڵی خایاند تاکوو لە چوارچێوەی ئەزموونێکی دووروودرێژی دەرگیری و شەڕە خوێناوییەکاندا شکڵی گرت و بنەجێ بوو {بڕوانە ئەگنو ٢٠٠٩} ئەو بڕوایە لە ئارادایە کە هەمان مۆدێلی دەوڵەتی بەستەبەندی کراو وەکوو خەڵاتێکی بەردەست لە ڕێگەی زەریاکانەوە بگوازرێتەوە تاکوو چوارچێوەیەکی ئەرکدار بە مەبەستی بەرقەرارکردنی ئاشتی لە گەڵ لیبرالیزم لە باشوری جیهان دەستەبەر بکات {کارتس، ٢٠١٥ پ ١٠٩، ..}. لێرەدا دژبەیەکی لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی سەروەری لە دژی نائوروپاییەکان و چۆنیەتیی چەسپاندنی لە کانتێکستی لۆکاڵیدا دیتە ئاراوە. ئاشکرایە جیاوازیی قەومی و مەزهەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ئافریقا، وێڕای چەندین دەیەی هەوڵ بۆ بەرقەراکردنی ئاشتی و سەرخستنی سازوکاری پرۆژەی دەوڵەت لەسەربیرۆکەی ئوروپایی- ئەمریکایی لەگەڵ مۆدێلی وێستفالیدا یەک ناگرێتەوە {ئەگنو ٢٠٠٩، پ٢١٢}. لە بیاڤی قەوم-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەوڵەت، ئیدارەدانی لە شێوەی ئەمنی و پاوانکردندا بنەجێ کردووە و بە هەستیارییەوە لە ڕێگەی ئەم خۆسەپاندنەوە، پارێزگاری لە سەروەرییەکان دەکەن. ڕوانگەی ئەوان ئەوەیە کە دەنگە جێگرەوەکان، ئەزموونەکان، شوناسە بێ سەروەرییەکان وەکوو «دژە نەتەوەیی» و پیلانی دەرەکی یان دوژمنانی ناوخۆیی دەشوبهێنن. سەرەڕای ئەمانە، هەر بەو شێوەیە کە جەکسۆن {٢٠٠٧} پشتڕاستی کردووەتەوە، تێگەیشتنی نێودەوڵەتی بۆ سەروەریی وڵات، ئەنجومەنێکی کۆنەپارێزە کە نە خوازیاری هاندانە بۆ دروست کردنی وڵاتێکی نوێ و نە مەیلێکی هەیە بۆ بەفەرمی ناسینی داخوازیی خەڵکانێک کە بێ دەوڵەتن و مافی دروست کردنی دەوڵەت بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانن.

زۆر جار ڕەدکردنەوەی ئیدیعای قەبوڵکردنی دەوڵەت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی دابەشکارییەکی نادڵخواز و دژبەیەکی لە سنوورەکانیاندا، لە ڕێگەی « ئاشتی» و « سەقامگیرییەوە» پاساو دەدرێ، ئەمەش بە مەبەستی بەپیرۆز زانینی یەکپارچەییی وڵات لەقەڵەم دەدرێ. زۆریەک لە سنوورەکانی ئێستا لە باشووری جیهان لە لایەن هێزە ئیمپریاڵەکانی ئوروووپاوە دەستنیشان کراون و لەو کاتەوە نەخشەی سیاسیی جیهان تا ڕادەیەکی زۆر وەکوو خۆی ماوەتەوە. جەکسۆن دەستەواژەی کەوشی نالەباری بۆ شیکردنەوەی ڕاستییە دژوارەکان لە بواری قەڵەمڕەو وحەشیمەت کە وڵاتە سەقامگیر و ناسراوەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بە کار هێناوە:

تەنانەت لە زۆربەی کەیسەکاندا، کەوشەکانی ئەو ناوچەیە بە هیچ شێوەیەک بۆ لە پێ کردنی خەڵکەکەی نەدەبو و چاوەڕوانی گۆڕینی کەوشەکان جگە لە کێشەی پاراستنەکەی، دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکانی زیاتر دەکرد. بە تایبەتی ئەم بابەتەش کاتێک زیاتر خۆی دەنواند کە لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرا. ئەم سنوورانە، وەکوو میراتێکی پیرۆزیان لێهات و گۆڕینی سنوورەکان بەم شێوەیە دژوارتر بوونەوە {جەکسۆن ٢٠٠٧، پ ١٠٧}.

شیاوی ئاماژە پێ کردنە کە هیچ وڵاتێک بوونێکی پیرۆز و سەروو مێژووی نییە لە بەر ئەوەی خودی دەوڵەت پێکهاتەیەکە کە گرێدراوی مرۆڤە و هاوکات بەرئەنجامە ڕاستەقینەکەشی بۆ ئەو خەڵکەیە کە لەو چوارچێوەیە یان جیهانەدا دەژین. سەرەڕای جێگیربوونی قەڵەمڕەو و سنوورەکانی دەوڵەت و ئیدیعای نەگۆڕبوونیان، ئیدیعای جۆراوجۆر لە بارەی چۆنیەتیی گۆڕین و ئاڵۆزبوونی پرۆسەکان وکاریگەریی هێزی بازاڕی جیهانی لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئارادایە. زۆر جار جیهانیبوون لە پەیوەندی لەگەڵ

کەمکردنـــەوەی بایەخی فەزا و مەودایەک کە بازاڕیماڵیی جیهانی، پەیوەندیی تەکنۆلۆژی و بەرهەمهێنانی خێرای کەرەستەی هاتوچۆی لێ کەوتووەتەوە، کەوتووەتە بەر باس {ئەگنیو ٢٠٠٩}. پاش جیهانیبوون، هەڵوەشـــانەوە یان پاشەکشێی سەروەریی دەوڵەت کەوتووەتە ژێر پرسیار و هەڵسەنگاندنەوە {بڕوانە ١٩٩٦؛ سترانگ ١٩٩٦؛ لێڤی و سـزینایدەر ٢٠٠٦}. بەم شـێوەیە، کاریگەریی جیهانیبون، تەفسـیری جیاوازی بۆ کراوە. بە دروســتکردنی زەمینەی سیاســی لە فۆرمـــی نانەتەوەیی، مـــاف و ئەندامبوون، وەکوو هێزێکی سیاســـیی ڕزگاریدەرلەقەڵەم دراوە. لـــە کاتێکدا کە چەپـــەکان دەیانهەوێ هێـــزی فەرسایشـــی جیهانیبـــوون بخەنــە چوارچێوەی دەوڵەتی خۆشبژێوییەوە {رفاە}، پارتـــە ڕاســـتڕەوەکانی قەوم-نەتـــەوەکان لە سەرتاسەری دنیادا، جیهانیبون وەکوو هێزێک دەبینن کە شوناسی نەتەوەیی لاواز دەکات و دوکتورینێکی چەند فەرهەنگی دابەش دەکات و یەکگرتوویی نەتەوەیی پارچە پارچە دەکات {بڕوانە ئەلیاسـی ٢٠١٣}. هابســـون لە ٢٠١٥دا ڕایگەیانـــد کـــە جیهانیبون لە لایـــەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە بۆ ســـەرلەنوێ دارشتنەوەی دنیا، کە لە ڕاســـتای لۆژیـــک و بەرژەوەندیی شارستانیەتی ڕۆژئاوادایە، پەسند کراوە، گەرچی چین و ڕوسیا بە جددی بەرەورووی بوونەتەوە. ســـەرەڕای ئەمانە، دیسکۆرسێکی جیهانی کە بە بەرفراوانی پەســـند کراوە کـــە لە بنەڕەتدا ســـەرچاوەکەی لە ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە، ئەو مەیلەی هەیە کە شوناسە ناڕۆژئاواییەکان وەکوو بوونێکی مەترسیدار بۆ سەر دێموکڕاسی، بەرابەریی ڕەگەزی و پێکەوە هەڵکردن نیشان بدات کە ڕۆژئاواییەکان ئیدیعا دەکەن ئەوان خاوەنداریەتـــی لەو بابەخانە دەکـــەن {بڕوانە بارون ٢٠٠٦}. ئەم بەجیهانیکردنەی ئەوانیترکە موسوڵمانەکان وەکوو جەوهەرێکی دەمارگرژ، دژە ژن، توندوتیـــژ و پێکـــەوە هەڵنەکـــردن لەقەڵـــەم دەدا، بەرئەنجامێکـــی خوێناویـــی بۆ حەشـــیمەتی موســـڵمانان لـــە وڵاتەکانی وەکوو هیند، ئیســـرائیل، چین و ڕوســـیا، لێ دەکەوێتەوە.

## بەردەوامیی ناوەندگەریەتیی دەوڵەت لە دونیا

لـــە چوارچێـــوەی هێزی قـــورس و قایم یان بـــەرەو لاوازی چوونـــی دەوڵەتـــەکان، دوو بۆچوونـــی دژ بەیەک هەیـــە، بەڵام جیاواز لە یەکتریش نین. بۆ وێنە، ئەسـکینر {٢٠١٣} بەڵگـــە دێنێتەوە کەهەنووکـــەش پلەبەندیی نێودەوڵەتـــی لە ژێر هێژمونیی ئەو وڵاتانەدایە کە لە بواری شـــەڕ، ئابووری و دەستێوەردانی مرۆڤ دۆستانەدا پێشـــەنگن. دەوڵەتەکان لە ناوخۆدا ڕۆڵێکی سیاســـیی بەرچاو دەگێڕن لە بیچم گرتنی سیاســـەت و یاســـادا. سەرەڕای ئەمانـــە، دەوڵەتەکان وێـــڕای پارێزگارییەکی چڕتر لە ســـنوورەکانی خۆیان، لـــە هەمبەر هەڕەشـــە دەرەکییەکانـــدا و چاوەدێریکردنی شارۆمەندەکانیان جەســـوورتر بوون. هەر بەو شـــێوە کە لە قەیرانی ئابووریی ساڵی ٢٠٠٨ دا بینیمان، کاتێک سیستەمی بانکی تووشی قەیرانی هەڵدێری ئابووری دەبێ، دەوڵەتەکان وام دەدەن. هەروەهـــا ئێمە دەتوانین ئەوەش زیاد بکەین کە چۆن ڤایرۆسی کرۆنا لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بوو بە هۆی زیندوکردنەوەی دەوڵەت-نەتەوە. وەکوو دژکردەوە و وڵامدانەوەیەک بۆ کۆنترۆڵـــی کردنی ڤایرۆســـی کرۆنا، زۆریەک لـــە وڵاتـــەکان دەســـتیان دایە داخســـتنی سنوورەکانی خۆیان و سنوردارکردنی هاتوچۆ لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکانیان. ئەم کردەوەیە وڵاتانی ئەندام لە یەکیەتیی ئورووپاشی لەخۆ گرت کە دوکتورینێکی هاوبەشـــیان هەیە لە بواری ســـنورە ئازادەکان و شوناسی بەهێزی ئورووپایـــی، هاتوچـــۆی خەڵـــک، کاڵاکان و دروســـتکردنی ســـەرمایەدا. ئەوەش ئاشـــکرا بوو کـــە یەکیەتیـــی ئورووپـــا میکانیزمێکی هاوبەشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ڤایرۆسی

کرۆنادا نییە. بە پێچەوانەوە، دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی خۆویستانە، وێڕای هەمەگیربوونی مەترسیی ڤایرۆسی کرۆنا، دەستیان دایە پاراستنی سنوورەکانی خۆیان و لە پلەی یەکەمدا جەختیان لە سەر نەتەوەکەی خۆیان کردەوە. جگە لەمانە، بە هۆکاری کارتێکەری و ناسەقامگیریی ڤایرۆسی کرۆنا لە ئابووریدا، زۆرێک لە وڵاتەکان بەڵێنیان دا کە یارمەتیی دەوڵەتی پێشکەش بکەن و پشتیوانیی ئابووری لە شەریکە تایبەتە ناوخۆییەکان بکەن کە ڕووبەڕووی مەترسیی داشکان بوونەتەوە. لە سەر ئەم بنەمایە، دەوڵەت لە ژێر سێبەری وشەی جیهانیبوندا کە بانگەشە دەکرێ کە دەوڵەتی لە گۆڕ ناوە، نەیتوانیوە کۆتایی پێ بێنێ و کەمڕەنگی بکاتەوە {بڕوانە ئسکینر ٢٠٠٩}. کوهن {٢٠٠١} هەر لەسەر ئەم بنەمایە ئاماژەی بەوە کرد کە جیهانیبوون بە مانای باڵادەستی و ناجێگیربوونی دەوڵەت و سەروەرییەکان نییە، لە بەر ئەوە وڵاتەکان و بە تایبەتی وڵاتە بەهێزەکانی ڕۆژئاوا، ئەکتەری سەرەکین لە ڕێکخستن و بیچم دان بە ئابووریی دنیا لە جیهاندا. بەم پێیە، مەبەستەکە ئەوە نییە کە هیچ شتێک گۆڕانکاریی بە سەردا نەهاتوە، بەڵکوو گۆڕانکارییەکە پەیوندیی بە سەرلەنوێ دارشتنەوەوە هەیە نەک لە ناو بردنی دەوڵەتەکان. هەنووکەش دەوڵەتەکان هێزی خۆیان لە سەر قەڵەمڕەو و سنوورەکانیان پاراستووە و کەڵک لە سەروەرییەکی نەرم و نیانتر وەردەگرن بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە کانتێکستی جیهانیدا. جگە لەمانە، خەڵکانێک هەن کە خوازیاری بانگهێشتکردنی لویاتانن و دەوڵەت وەکوو»ئەبزاریکی سەرەکی بۆ ئازادیی مرۆڤ، ئاشتی و دابینکردنی تەناهیی کۆمەڵایەتی دەزانن و بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ سەرپەنایەکیان بۆ ڕەخنەگرانی سیاسی دەستەبەر کردووە {٢٠١٢، پ ٣٩٧}. بە پێچەوانەوە، ئیسکنیر {٢٠١٣} و دوگەی {٢٠١٢} پێداگری و جەخت لەسەر دەوڵەت دەکەنەوە، براون {٢٠١٤} لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ناتوانی دەوڵەتە دیوارداەکانی جیهان وەکوو هێزێکی ماسولکەردا لەقەڵەم بدەی بەڵکوو کەمڕەنگ بوونەوەی سەروەرییەکان وەکوو نیشانەیەک دێتە ئەژمار. تایبەتمەندیی سەرەکیی دنیای ئێمە لە سەردەمی بە جیهانیبووندا ناکۆکیی نێوان کردەوەی دەوڵەت لە پەیوەندی لەگەڵ کرانەوە و داخستنی سنوورەکان، تۆڕە جیهانییەکان و نەتەوەخوازیی لۆکاڵیدایە. هۆکارەکەی هێرشی نیزامیی دەرەکییەکان نییە کە دەوڵەتەکان سنوورەکانی خۆیان پۆشتە دەکەن، بەڵکوو زۆرتر پەیوەندیی بە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانەوە هەیە. دەوڵەتەکان پێیان باشە کە دیوارەکان و سنوورەکانی خۆیان بە ئاماژە بە هەڕەشەی تیرۆر، کۆچبەران و قاچاخ، یاسایی بکەنەوە. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە وڵات دۆخی دارایی باشە یان خراپ، مەیلێکی لە ڕادەبەدەر هەیە بۆ ڕاکێشانی دیواربە ئامانجی دابینکردنی ئەمنییەتی وڵات و هەروەها دانیشتوانی وڵاتەکە. براون ساڵی {٢٠١٤} ئاماژەی بە دوو نموونەی بەرچاوی وەکوو ئیسرائیل و ئەمریکا کرد کە چۆن خەریکن ڕەوایی بە دروستکردنی دیوار دەدەن. لە کاتێکدا کە ئیسرائیل دیسکۆرسی قوربانی بوون و خەسارهەڵگرتوویی بە هۆی هەڕەشە تیرۆریستییەکان لە لایەن فەلەستینەوە دەخاتە ڕوو، کۆچبەرانی لاتین تەبار لە بەرهەمەکانی ساموئیل هانتینگتون وەکوو مەترسییەکی فەرهەنگی و زاڵبوون بەسەر فەرهەنگی ئەنگلۆ-ساکسون نیشان دەدرێ و لە لایەن سەرۆک ترامپەوە وەکوو «هێرشکردن» دێتە ئەژمار. ئەم وڵاتانە وەکوو وڵامدانەوەیەکی بەهێز بۆ پێشگرتن لەم هێزە «یاغییانە»، دژایەتییان وەکوو مەترسییەکی یاسایی بۆ ڕێگریکردن لە تێپەڕین و دەربازبوونی موسوڵمانانی «بەربەر»

یـــان لاتینەکان لـــە ســـنورەکانەوە داناوە بۆ کۆنترۆڵکردن و دەرکردنی ئەوان کە تەنانەت هێندێک جار دەشـــیانکوژن. بـــەم کردەوەیە، دەوڵەت سیگناڵێک بۆ سەروەری، بە نیشانەی ڕاشکاوی و بەهێز بوون لە دابینکردنی ئەمنیەتی شارۆمەندانی خۆی بە هەڵچنینی دیوارەکان و نیزامی کردنی سنوورەکانیان، بۆ شارۆمەندان و دنیای دەرەوەی دەنێرێ. ئەم دەوڵەتە هەم قوربانـــی دەبێ و هەمیش وەکـــوو ئەبزارێکی بەهێز بۆ ڕاگرتنی دوژمنانی شاراوەی ناوخۆیی و دەرکـــی لە ســـنوورەکاندا، بە مەبەســـتی پارێزگاریکـــردن لەوجیهانە شارســـتانییە کە ڕەنگرێـــژ کـــراوە و «بەربـــەرەکان» ئارەزووی هەڵوەشـــانەوەی دەکـــەن، لەبەرچاوەدەگیرێ. لـــەو کاتەوە کـــە دەوڵەت وەکـــوو نوێنگەی سەروەری و لووتکەی دەسەڵات بۆ پارێزگاری لە شـــارۆمەندانی خۆی لە هەمبەر مەترسیە ناوخۆیـــی و دەرکییەکانـــدا دێتـــە ئەژمـــار، پێویستە خاڵە لاوازەکان، خەسارهەڵگرتوویی، گوماناوی بوون و نائارامییەکان بڕەوێننەوە. بە هەڵچنینی دیوارەکان وەکوو قەرەبووکردنەوەی مافی ســـەروەریی لەدەستچوو یان لاوازکراو و پاراستنی هێرشبەرانە لە سنوورەکانی خۆی، دەوڵەت هێزی خۆی نمایش دەکات و یارمەتی دەکات بە بەرهەمهێنانی بیرۆکەی سیاســـی لـــەو بوارانەدا کـــە پارێزگارییـــان لێ دەکات و ئەوکەســـانەی کە خوازیـــارە وەلایان بنێ. دەوڵـــەت تەنیا ئامانجەکەی بیچم دانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو بەشێک لە نەتەوە نییە بەڵکوو هەوڵ دەدات تاکوو هەستی گرێدراویی {هەمـــذات پنداری} ئەوان لەگەڵ دەوڵەت لە پاوانـــی خۆیدا ڕاگرێ {بارون ٢٠١٤}. ئەدکینز و پەین- فت {١٩٩٩} لە هەڵسەنگاندنەکەی خۆیاندا لە بارەی کردەوەی سیاســـییەوە، لە ســـەر ئەو بڕوایـــەن کە نەزمـــی کۆمەڵایەتی و فەردانییـــەت، هاوکات شـــکڵیان گرتووە و بوونیان گرێدراوە بە یەکەوە. بە شـــێوەیەکی دیاریکراو، زۆر جار شوناسی نەتەوەیی، وەکوو فۆرمێـــک لە بیرۆکەی سیاســـی لـــە نەزمی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت-نەتەوەی ئێســـتادا یان دوڵەت-نەتـــەوە لە داهاتـــوودا بنەجێ دەبێ. ئەمـــە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچـــی ئەندامانی گرووپە سەردەستەکان مەترسیی لەدەستدان، لاوازبوونی دەســـەڵاتی دەوڵەت و شوناســـی نەتـــەوەی،ی بە خەســـار و زیـــان بۆ خۆیان دەزانن و لە داخســـتنی سنوورەکان و دابین کردنی ئەمنییەتی نەتەوەیی پشتیوانی دەکەن کـــە لە ڕۆاڵەتدا ئەمنییەتـــی گیانی، ڕۆحی و ئابووریی ئەوان بەهێزتر دەکات {براون ٢٠١٤}. ئەم بەڵگـــە هێنانەوەیە بە مانـــای ئەوە نییە کە براون لە بایەخـــی دەوڵەت کەم بکاتەوە، بەڵکوو لاوزبوونی سەروەریی ئەوان بەرجەستە دەکاتەوە. هەر بەو شێوەیە کە براوان جەختی لە سەر دەکاتەوە، سەرەڕای شێوەی ئاسمانی، فەرمانڕەوایـــی و ئارگیۆمێنتەکانـــی پۆســـت نەتەوەییی ئەم وڵاتانە بـــە بەردەوامی وەکوو ئەمانەی خوارەوە دەمێننەوە:

نیشـــانە گرینگەکانی سیاسەت پەیوەستە بە پاراستنیانەوە. بارودۆخی نالەباری پەنابەران و خەڵکی بێ دەوڵەتی دیکە وەبیرهێنەرەوەی ڕێـــژەی بەربـــڵاوی شـــارۆمەندی سیاســـی و گەرەنتیـــی مافـــی شـــارۆمەندییە لـــە نێو دەوڵەتەکانـــدا و هەروەها وەکووباوترین خاڵی ئەمنییەتـــی ماوەتەوە، وێـــڕای ئەوەی وەکوو خاڵێکی شارۆمەندی چەسپاوە، بەڵام وێدەچێ مافەکان بە یەکســـانی دابەش نەکرێن {براون ٢٠١٤، پ ٦٧-٦٨}. هەر لەم ڕووەوە، {٢٠١٣} مالیسڤیچ بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەم بیرۆکەیە کە جیهانیبون کێشـــەی بۆ دەوڵەت-نەتەوە دروست کردووە و ڕەوایییە سیاسییەکەی لاواز کردووە، تێگەیشتنێکی زۆر ناڕوون و نادروستە {بڕوانە ئەگنیو ٢٠٠٩}. ئەو لە سەر ئەو بڕوایەیە کـــە جیهانشـــموولی و بەکارهێنـــەری، هەر بەوشـــێوەیەی کە ئولریش بەک و زیگمونت باومەن پێشـــبینییان کردبوو، دەوڵەت-نەتەوە و ناســـیۆنالیزم کاڵ ناکاتـــەوە و جێگرەوەش

نییە. بەم پێیەش، شۆڕشـــە مەزهەبییەکان و بیروباوەڕکان، وێڕای تایبەتمەندیی ســـەروو نەتەوەیـــی، نەیانتوانیـــوە هێـــزی دەوڵەت-نەتـــەوە کەمرەنگ بکەنـــەوە و ببنە بەدیلێک بـــۆ ناســـیۆنالیزم. بە گشـــتیی مالێســـڤیچ ســـەرەڕای ڕوانگەی ڕەخنەییی خۆی لە سەر ناسیۆنالیزم، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەجیهانیبون، ناســـیۆنالیزمی لاواز نەکردووە، بەڵکوو بووەتە هۆی گەشەپێدانی ئیدئۆلۆژیی ناســـیۆنالیزم و بوارێکی بەربڵاو بۆ خۆناسین لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە. ئەمە بە بەرفراوانی هۆکارەکەی بۆ ڕێکخســـتنە بەپێشینەکان و ســـەرمایەدانانی ئیدئۆلـــۆژی دەگەڕێتەوە کە بووەتە هۆی ئـــەوەی دەوڵەت-نەتەوە، وەکوو شێوەیەکی ســـتانداردی دامەزراوەی دەوڵەت بناســـرێ و هەروەها خەڵک لە سەرتاسەری دنیـــا شـــوناس و ناســـنامەیەکی جێگیر لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوە و ناســـیۆنالیزمدا ببیننەوە. بە پێچەوانەی ئەو تێگەیشـــتنە کە جیهانیبـــوون بایەخی جوغرافیا یان شـــوێن کۆتایـــی پێ دێنێ، هەســـتی گرێـــدراوی بە نیشـــتمان و جوگرافیـــاوە لـــە کانتێکســـتی ناســـیۆنالیزمدا، هەروەهـــا لـــە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ پرۆســـەی خـــودی و غەیرەخودی، خۆڕێکخســـتن و بێبەشی پڕ بایەختر دەکات {مالێســـڤیچ ٢٠١٣}. بـــە کورتـــی، دەوڵەت-نەتـــەوە و گرێـــدراوی بە نەتـــەوەوە، نۆرمی سیاسیی دنیای ئێمەن و ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ئەم نۆرمانەن، وەکوو شتێکی زیادی وەلا دەنرێن و بایەخ و گرینگیی سیاســـییان نابـــێ. کەیســـی کـــوردەکان، تامیلییەکان، ڕوهینگیا و ئاشـــوورییەکان، دەریدەخەن کە بەبێ پشتیوانیی ڕاســـتەقینەی دەوڵەت، ئەم گرووپانە وەکوو ژەمـــە خواردنێکن لەو بیاقە هۆڤانییەدا {وحشـــیگەری} کە خۆیان وەکوو زۆرینـــە و خاوەندارانی دەوڵەت دەناســـێنن. بێ شوناســـی، خۆی لە خۆیدا پەراوێزخراویی سیاسی، فەرهەنگی و نابەرابەریی بەردەوامی لێ دەکەوێتەوە.

## سەرچاوەکان


Agnew, J. (2009) Globalization & Sovereignty. Lanham: Rowman & Littlefield Publishers.
Appadurai, A. (2006). Fear of Small Numbers. An Essay on the Geography of Anger. London: Duke University Press.
Bartelson, J. (2009). Visions of World Community. Cambridge: Cambridge University Press.
Bartelson, J. (2014). Sovereignty as Symbolic Form. London: Routledge.
Brown, W. (2014). Walled States, Waning Sovereignty. New York, NY: Zed Books.
Castles, S. (2005). Nation and Empire: Hierarchies of Citizenship in the New Global Order. International Politics, 42: 203-224.
Cocks, J. (2014). On Sovereignty and Other Political Delusions. London: Bloomsbury.
Du Gay, P. (2012). Leviathan calling: Some notes on sociological anti-statism and its consequences. Journal of Sociology, 48(4): 397- 409.
Eliassi, B. (2013). Contesting Kurdish Identities in Sweden: Quest for Belonging among Middle Eastern Youth. New York, NY: Palgrave Macmillan.
Gryzbowski, J. & Koskenniemi, M. (2015). International Law and Statehood: A performative view. In Robert, S. & Peter, M. R. S. (eds.), The Concept of the State in International Relations: Philosophy, Sovereignty, Cosmopolitanism (pp. 23-47). Edinburgh: Edinburgh University Press.
Jackson, R. (2007). Sovereignty. Cambridge: Polity Press.
Levy, D. & Sznaider, N. (2006). Sovereignty transformed: a sociology of human rights. The British Journal of Sociology, 57(4): 657-676.
Malešević, S. (2010). The Sociology of War and Violence. Cambridge: Cambridge University Press.
Malešević, S. (2013). Nation-State and Nationalisms. Cambridge: Polity.
Pandey, G. (2006). Routine Violence. Nations, Fragments, Histories. Stanford, CA: Standford University Press.
Sasson, J. (2016). Anatomy of Authoritarianism in the Arab Republics. Cambridge: Cambridge University Press.
Schuett, R. (2015). Open Societies, Cosmopolitanism and the Kelsonian State as a Safeguard against Nationalism. In Robert, S. & Peter, M. R. S. (eds.), The Concept of the State in International Relations: Philosophy, Sovereignty, Cosmopolitanism (pp. 221-243). Edinburgh: Edinburgh University Press.

# فەزای مەجازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان:

## خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ بزووتنەوەی کوردانی ڕۆژهەڵات لەدوای ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان و بومەلەرزەکەی ئەزگەلەی کرماشان (پاییزی ساڵی ٢٠١٧)

کاروان موکریانی

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمی مۆدێرنیزاسیۆن، شارنشینی، سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی ئەتۆمیزە و قەیرانە ئابوورییەکانن. ئەگەرچی لە مەڕ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، پێناسەگەلی زۆر و جۆراوجۆر هەیە، بەڵام گشتیان لەوەدا کۆکن کە بزووتنەوە، کردەوەیەکی بە کۆمەڵە.

## پوخته

ئەم وتارە، بارودۆخی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لـە بەسـتێنی تێکنۆلۆژییـە نوێیەکاندا لێک دەداتــەوە و لــە لێکۆڵینەوەیەکــی تایبەتدا، پەیوەندیی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و باقیی ڕاگەیاندنە گشـتییەکان لەگــەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیــی کــورد لە پاییزی ســاڵی ۲۰۱۷ی زایینیدا، شــی دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، لە چوارچێــوەی تیۆریی کۆمەڵگــەی ڕایەڵەیی[۱] مانووئێڵ کاســتێلز[۲]دا، بزووتنەوەی نەتەوەییی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فەزای مەجازیدا شی دەکاتەوە. ئاکامــی توێژینەوە دەریدەخا کە: لە نێوان بزووتنــەوەی نەتەوەییی ئەم دواییانەی گەلی کورد و فــەزای مەجازی، پەیوەندییەکی پتــەو هەیە و بە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی لــە هەلومەرجــی گەشــەدا ڕووی داوە، ئەم بزووتنەوەیە، تایبەتمەندیی بزووتنەوە کلاسیک و نوێیەکانی پێکەوە هەیە.

## وشە سەرەکییەکان

بزووتنـــەوەی کۆمەڵایەتـــی، بزووتنـــەوەی کۆمەڵایەتیـــی نــوێ، ناســیۆنالیزم، فــەزای مەجازی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ناســـنامەی کوردی

## پێشەکی و گرینگی بابەت

گشــتگر بوونــی ئینتێرنێــت لــە ڕۆژئــاوا و بڵاوبوونەوەی بە گشــت جیهاندا، کاریگەریی لەســـەر سیاسەت، ئابووری، فەرهەنگ و گشت دیاردە کۆمەڵایەتییــەکان داناوە و چالاکی لە فەزای مەجازیدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بە دوای خۆیدا هێناوە. بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێــک لەو دیاردانەن کــە لەژێر کاریگەریی تەوژمی بەهێز و خێرای فەزای مەجازیدا تووشی گۆڕانکاری بوون. ســەرهەڵدان و گەشانەوەی بزووتنەوەگەلی جۆراوجــۆر وەک بزووتنەوەی واڵســتریت، بزووتنەوەکانــی ناودەرکردوو بە بەهــاری عەرەبــی، بزووتنــەوەی نارەزایەتیی خەڵکی عێــراق و بزووتنەوەی ئەم دواییانەی خەڵکی ئەمریکا دژی ڕەگەزپەرەستی، گشتیان ســەلمێنەری ئەوەن کە ئەمرۆکــە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە بەستێنی فەزای مەجازیدا سەرهەڵدەدەن و پەرە دەستێنن.

لە دەیەی ڕابــردووەوە بەم لاوە، ئینتێرنێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان وەک بەشــێک لە ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت، پەرەیەکی بەرچاوی گرتووە و بەکارهێنەرانێکی زۆری هەیە. هێندێک لە بیرمەندان پێیان وایە کە لە وڵاتانی داخراو، ئینتێرنێت دەرفەت دەدا بە شــارۆمەندان کە دژایەتیی سیاســەتەکانی دەسەڵاتداران بکەن و دژی ئــەوان بزووتنەوەگەلێــک بە کەمترین تێچــوو و زۆرترین دەســتکەوت وەڕێ بخەن. نەتەوەی کوردیش لە ڕۆژهەلاتی کوردســـتان، هــەر کاتێک بــۆی لوابێت و هــەل و مەرج خوڵقابێت بە گوێرەی پێویست دژی نەتەوەی باڵادەست جووڵاوەتەوە و لە ڕاستای پاراستنی ناسنامە و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی، بزووتنەوەی جۆراوجۆری وەڕێ خســتووە و بە پێی هێز و توانایی لە ڕاگەیاندن و کەرەسەگەلی پەیوەندیی گشتی کەڵکی وەرگرتووە. بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆڵی میدیا و ئینتێرنێت لــە جووڵانەوە جۆراوجۆرەکانــی گەلی کورددا بەرجەستەتر بۆتەوە.

یەکێک لەم جووڵانەوانە، لە پاییزی ساڵی ۲۰۱۷ی زایینــی(۱۳۹۶ی کۆچیی هەتاوی)، بــەدوای ڕێفراندۆمی باشــووری کوردســـتان و بوومەلەرزەکــەی ئەزگەلــە لە شــارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان ســەری هەڵــدا، کە ڕاگەیاندنــە گشــتییەکان و کەرەســەگەلی پەیوەندیی گشتی ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا هەبوو. لەدوای ڕێفراندۆمەکەی باشــووری کوردستان لە ڕێکەوتی ۲۰۱۷/۹/۲۵، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورســتان ڕژانە سەر شــەقام و گۆڕەپانەکان و پێکــەوە شــادی و خۆشــحاڵییان دەربڕی. هەروەهــا لەپــاش بوومەلەرزەکــەی ئەزگەلە لــە ڕێکەوتــی ۲۰۱۷/۱۱/۱۲، مانگ و نیوێک

پاش ڕێفراندۆمەکەی باشووری کوردستان، خەڵک کەمپەینی یارمەتیی خۆڕسکیان لە زۆربەی گوند و شارەکان دروست کرد. ئەوەی لەم پەیوەندییەدا گرینگ بوو ئەوەیە کە ئەم کەمپەینانە و شێوازی یارمەتیدانی خەڵک ڕەنگ و ڕووی سیاسی گرت و بوومەلەرزەی وەک ڕووداوێکی سروشتی لە بەستێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کرد بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەم دوو ڕووداوە، واتا ڕێفراندۆم و بوومەلەرزە، هاوپەیوەندییەکی بەهێزی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست کرد و دەرکەوتەکەی بوو بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی. لەم پەیوەندییەدا دوو پرسیار دەورووژێت کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیهەوێت وەڵامیان بداتەوە، ئەم دوو پرسیارە بریتین لە:

۱ فەزای مەجازی و ئینتێرنێت، چ کاریگەرییەکی لە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و چ دەرفەت یان بەربەستێکی بۆ خوڵقاندووە؟

۲ ئەو بزووتنەوەیەی پاش ڕێفراندۆم و بوومەلەرزە بەدوای چییەوە بوو و دەکەوێتە خانەی کامە جۆری بزووتنەوەکانەوە؟ ئاخۆ لە جۆری بزووتنەوە کلاسیکەکان بوو کە پرسی بەشداری کردن لە سیاسەت و دەسەڵات و کێشەی ئابووری و نابەرابەرییان بۆ گرینگ بوو، یان لە جۆری بزووتنەوە نوێیەکان بوو، کە بە دوای ناسنامەی سیاسییەوەن؟

## بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لە پاش شۆڕشی پیشەسازی و بەرجەستە بوونی جیاوازی چینایەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا وەک دیاردەگەلی نوێ بێچمیان گرتووە. بە گشتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمی مۆدێرنیزاسیۆن، شارنشینی، سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی ئەتۆمیزە و قەیرانە ئابوورییەکانن. ئەگەرچی لە مەڕ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، پێناسەگەلی زۆر و جۆراوجۆر هەیە، بەڵام گشتیان لەوەدا کۆکن کە بزووتنەوە، کردەوەیەکی بە کۆمەڵە. ئەبرکرامبی[۳]، لەم پەیوەندییەدا، هەر چەشنە کردەوەیەکی بە کۆمەڵ کە ئامانجی دووبارە بونیادنانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بێ، بە بزووتنەوە پێناسە دەکات(Abercrombie,1984:389).

هەرچەند ڕەنگە ئەم پێناسەیە زۆر ورد نەبێ، چوونکە هێندێک کردەوەی بەکۆمەڵ هەن کە بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بونیادنانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕێک دەخرێن و تایبەتمەندیی بزووتنەوەشیان هەیە؛ بەڵام بەگشتی، بەکۆمەڵ بوون تایبەتمەندیی سەرەکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. بە ڕای سمێلسێر[۴]، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کاردانەوەی ئەندامانی بۆ پێکهاتە و ئاقاری دەوروبەریانە(Smelser, 1963). لە پێناسەی ئابێرڵ[۵]دا، ویستی گۆڕان و وەستان لە بەرابەریدا، خەسڵەتی هاوبەشی هەموو بزووتنەوەکانە. بە ڕای گیدێنز[۶]، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەوڵێکی بەکۆمەڵە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکی هاوبەش یان گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش لە ڕێگای دامەزراوە نارەسمییەکانەوە(گیدنز، ۱۳۷۶: ۶۷۱). گیدێنز پێی وایە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەی تایبەت بە دنیای مۆدێرنن کە کۆمەڵێک مرۆڤ بە مەبەستی گۆڕانی نەزمی هەنووکەیی کردەوەی هاوبەش دەکەن.

یەکێکی تر لەو بیرمەندانەی بە وردی باسی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە، توورەینە[۷]. توورەین، پێی وایە کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن کە دژی سیستمی زاڵ سەرهەڵدەدەن، هۆکاری کردەی بە کۆمەڵن و «هەمیشە لە ناخی ژیانی کۆمەڵایەتیدا جێیان هەیە»(Touraine, 1981: 29). بەڕای توورەین، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا وەڵامی جیاوازاییەکان یان نابەرابەرییەکان نین، بەڵکوو هەڵگری

کۆمەڵێک ڕێکار و ڕوانگەن کە نیشان دەدەن چۆن دەکرێت مرۆڤ بەسەر ئەم جیاوازای و نابەرابەرییانەدا زاڵ ببێت. ئەو، پێی وایە هەمیشە لە کۆمەڵگادا لە نێوان دوو بزووتنەوەی زاڵ و ژێردەستدا، دژایەتی و ململانێ هەیە. ململانێی ئەم دوو بزووتنەوەیە بە پێچەوانەی ڕوانگەی مارکسیستەکان، لەسەر خاوەندارێتی و کۆنتڕۆڵ کردنی کەرەسەی بەرهەمهێنان نییە، بەڵکوو ئەندامانی بزووتنەوە هەوڵ دەدەن کە ڕەوتی کۆمەڵایەتی کۆنتڕۆڵ بکەن؛ شتێک کە توورەین پێی دەڵێت «مێژوومەندی»[٨]. مێژوومەندی یان هیستۆریسیتە، شێوازێکە لە ڕوانین و ڕوانگە کە لە ڕێگایەوە، مرۆڤەکان بۆ گۆڕانی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیان، لە ناسینی ڕەوتەکانی کۆمەڵگا کەڵک وەردەگرن و کۆمەڵگا وەکوو ئاکامی ئەندێشە و کرداری وشیارانەی خۆیان، لەسەر کردە و بارودۆخی خۆی بەرهەم دێننەوە(نش،١٣٩٢: ١٦٣). بە هەر حاڵ، لە پێناسەگەلی جۆراوجۆردا دەردەکەوێت کە کردەی بە کۆمەڵ و ویستی گۆڕان بە ئاراستەیەکی سیاسییانە، خسڵەتی سەرەکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. بەڵام پێویست بە ئاماژە دەکا بڵێین کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە حیزبە سیاسییەکان جیاوازن، بە هۆی ئەوەی کە وەکوو حیزبەکان ئەندامی هەمیشەیی و سەرکردەی دیاریان نییە و جگە لە ئامانجی سیاسی، ئامانجی فەرهەنگی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتیشیان هەیە.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند ڕوانگەوە دابەش دەکرێن. بۆ نموونە لە ڕوانگەی بەربڵاوەوە، بزووتنەوەکان لە دەوری ئیدئۆلۆژییەکی مەزن و گەورە کۆ دەبنەوە و بەدوای گۆڕانکاریی بنچینەیی و بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا دەگەڕێن. بزووتنەوەگەلی شۆڕشگێرانە، کرێکاری، ناسیۆنالیستی و بناژۆخوازانە لەم ڕوانگەیەوە دابەش دەکرێن. لە ڕوانگەی وردبینانەوە، ئامانج لە بزووتنەوەکان، گۆڕانی پێکهاتەکان نییە، بەڵکوو گۆڕینی ڕوانگەی مرۆڤەکان بۆ بارودۆخە جیاوازەکانە. بزوتنەوەگەلی ژینگەپارێزی، ژنان و خوێندکاران لەم ڕوانگەیەوە دابەش دەکرێن. هەروەها بە پێی پانتاییی کردەوە، بزووتنەوەکان بەسەر سێ جۆری شۆڕشگێرانە، ڕێفۆرمیستی و پیشاندەرانە[٩] دابەش دەکرێن. لە ڕوانگەی نێوەرۆکی گۆڕانەوە، بەسەر دوو جۆری بزووتنەوەگەلی ڕوووەو گۆڕان لە پێکهاتە و بزووتنەوەگەلی ڕوووەو گۆڕان لە تاکەکان دابەش دەکرێن. هەروەها، بە پێی لۆژیکی کردەوە، بەسەر دوو جۆری بزووتنەوەگەلی ئامرازی و پیشاندەرانە دابەش دەکرێن(غفاری و ابراهیمی‌لویە،١٣٨٥: ٢١٦).

لە ڕوانگەیەکی ترەوە و بە پێی قۆناغی مێژوویی، کە بۆ ئیمە لەم وتارەدا بنەمایە، بزووتنەوەکان بەسەر دوو جۆری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا دابەش دەکرێن. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، ڕابردوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسپێکی مۆدێرنیتە و قەیرانەکانی نیزامی سەرمایەداری. ئەم بزووتنەوەیانە پتر لەسەر کێشەی ئابووری و نابەرابەریی چینایەتی چڕ بوونەتەوە؛ ئەندامەکانیان زۆرتر سەر بە یەک چین و توێژن؛ ڕێکخراوێکی ڕێکوپێک و ناوەندگەرا و بەرنامە بۆ دارێژراویان هەیە. شۆڕشی کرێکاریی سەدەی نۆزدەهەم نموونەیەکە لەم جۆرە بزووتنەوانە. دەستەی دووهەم کە بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان[١٠] ناسراون، بەو جووڵانەوانە دەڵێن کە لە دەیەی ١٩٦٠ی زایینی پەیدا بوون. وەکوو بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی ژینگەپارێزی و هتد. ئەم بزووتنەوانە کێشەگەلی وەک چۆنیەتیی ژیان، ناسنامەی هاوبەش، بارودۆخی ژیان و بەهاگەلی پۆست ماتریالیستی و نائابوورییان بۆ گرینگە و کاردانەوەیەکن لە هەمبەر زاڵ بوونی بەربڵاوی سیاسەت، ئابووری، تێکنۆلۆژی و بورۆکراسی

بەســەر ژیانــی مرۆڤدا. کەیت نــەش[11]، ئەو تایبەتمەندییانــەی خوارەوە بۆ ئەم بزووتنەوانە دیاری دەکا(نش،١٣٩٢: ١٣١):

**١** نائامرازیــن[12]، واتا ئەم بزووتنەوانە بە جێی ئەوەی نوێنــەری راســتەوخۆی بەرژەوەندیی تاقمێکــی دیاریکراو بــن، نیگەرانی بارودۆخی ئەخلاقیی گشــتگر و جیهانین و بە دژی ئەم دۆخە نارەزایەتی دەردەبڕن.

**٢** پتر لــەوەی روویان لە دەوڵەت بێ، روویان لە کۆمەڵگەی مەدەنییــە. چوونکە نایانهەوێت پێکهاتەگەلــی زاڵ بگۆڕن، بەڵکــوو خوازیاری گۆڕینــی بیــروڕای گشــتین ؛ هەروەها ئەم بزووتنەوانە پتر لــەوەی داواکاریی حقووقییان هەبێ، نارەزایەتی ســەمبوولیکیان نیسبەت بە رەهەندەکانی جیاوازەکانی فەرهەنگ، شێوازی ژیان و بەشداریی سیاسی هەیە.

**٣** ئەم بزووتنەوانە رێکخستنی نافەرمی، کراوە و نەرمیان هەیە.

**٤** ئــەم بزووتنەوانــە بــە چڕی وابەســتە بە راگەیاندنە گشــتییەکانن و لە رێــی ئەوانەوە داواکارییەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

**٥** ئــەم بزووتنەوانــە زیاتر ئاشــتیخوازانەن و کەمتر تێکەڵ بە توندووتیژی دەبن (Kaldor, 2003: 83).

ئــەم وتــارە، لــە چوارچێــوەی تیۆریی کۆمەڵگەی رایەڵەیی کاســتێلز و روانگەی ئەو لەمەڕ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوەی ناســنامەخوازیی کوردەکانــی رۆژهــەڵات لە پــاش رێفراندۆمی باشــووری کوردســتان و بوومەلەرزەکەی ئەزگەلەی کرماشان لە پاییزی ٢٠١٧دا شــی دەکاتەوە. هــەر بۆیە لێرەدا بە وردی ئاماژە بە روانگەی کاستێلز بۆ کۆمەڵگەی رایەڵەیــی و بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییــەکان دەکەین.

## کاستێلز و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

کاســتێلز، رۆڵێکــی زۆر گــەورە بــۆ زانیاری لــە کۆمەڵگای نوێ دادەنێــت و پێی وایە کە جیهانــی نوێ وەک تۆڕێکی لێ هاتووە کە تان و پۆیەکەی سیســتمی زانیــاری و پەیوەندیی ئێلێکترۆنیکییە(کاســتلز، ١٣٨٠). کاستێلز، بەم کۆمەڵگا نوێیە دەڵێت « کۆمەڵگەی رایەڵەیی». ئەو، پێی وایە لــەم کۆمەڵگا نوێیەدا، خەڵک و کۆمەڵــگا لە فۆرمێکی نوێدا، ناســنامەی تازە وەردەگــرن و پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکان و شــێوازی بەرهەمهێنــان وێــرای هێــز و دەسەڵات، تووشی ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی دەبن و فەرهەنگێکی نوێ ســەرهەڵدەدا و کەسانێک کە زۆرتر دەســتیان بە زانیارییــەکان ڕابگات هێزێکــی پتریان دەبــێ. کۆمەڵگەی رایەڵەیی بەســەر باڵی راگەیاندنەکاندا دەگەڕێ، واتا لە ئــاوا کۆمەڵگایەکدا، راگەیاندنەکان ئاراســتەی روانگە و هەڵوێســتی سیاسیی خەڵک دیاری دەکەن. بە رای کاستێلز، کۆمەڵگەی رایەڵەیی بەرهەمــی وێککەوتنی ســێ رەوتی مێژوویی جیــاوازە کە بریتین لە: **١** شۆڕشــی زانیاری کە بــوو بە هــۆی ســەرهەڵدانی کۆمەڵگەی رایەڵەیــی؛ **٢** خۆڕێکخســتنەوەی نوێــی پێکهاتــەی هەر دوو نیزامی ســەرمایەداری و نیزامی ئابووریــی ناوەندگەرا لە دەیەی ١٩٨٠ بەم لاوە بە مەبەستی زاڵ بوون بەسەر ناتەبایی و کێشــە نێوخۆییەکانیانــدا؛ و **٣** بزووتنەوە فەرهەنگییەکانــی دەیــەی ١٩٦٠ و درێژەی ئــەوان لە دەیەی ١٩٧٠دا، وەک بزووتنەوەی فێمێنیستی و ژینگەپارێزی. کاستێلز، پێی وایە لەم کۆمەڵگە نوێیەدا ئاستی دەست ڕاگەیشتن بە زانیارییەکان، ئاســتی هێزی جەماوەر یان دەوڵەتەکان دیاری دەکا و هەر کەســێک پتر دەســتی بە زانیاری ڕابگا، هێز و دەســەڵاتی پتریشــی دەبێ. لەم کۆمەڵگایەدا، سیاســەت لە رێــگای راگەیاندنەکانەوە بــڵاو دەبێتەوە و رووداوەکان لــە فــەزای مەجازیدا و لە هەموو شوێنێک بڵاو دەبنەوە(کاستێلز،١٣٨٠: ٣٥-١).

بــەرای کاســتێلز، رەوتــی بــە جیهانی بوون و بــەدوای ئــەودا بە رایەڵەیــی بوونی کۆمەڵــگاکان، بوونــە هۆکاری ســەرهەڵدانی

بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکان. لە جیهانێکدا کە لە ڕێی ئینتێرنێتەوە پێکەوە بەستراوەتەوە، بزووتنەوەکان وەکوو ویرووسەکان بڵاو دەبنەوە و ئیتر تەنیا هەژاری، قەیرانی ئابووری یان نەبوونی دێموکراسی نییە کە دەبنە هەوێنی بزووتنەوە نوێیەکان، بەڵکوو لە پلەی یەکەمدا، هەستێکە کە خەڵکی بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژی سووکایەتی پێکردنی خۆبەزلزانانەی دەسەڵاتدارانی ماڵی، سیاسی و فەرهەنگی لێک کۆ دەکاتەوە، بەو تەمایەی ترس و نیگەرانیی خۆیان ئاوێتەی توورەیی بکەن و توورەییش بکەنە هیوایەک بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤانەتر. لە ڕوانگەی کاستێڵزەوە، ئامانجی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە هۆکاری تاکەکەسی یان پێکهاتەییان هەیە، شۆڕشە دژی سوڵتەی کۆمەڵایەتی. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری مێژوودا، بەرهەمهێنەری ئامانج و بەهاگەلی نوێ بوون و کۆمەڵگایان سەر لە نوێ ڕێک خستۆتەوە و لە ڕێگەی پەیوەندیی سەربەخۆیانە و دوور لە چاوی دەسەڵاتدارانەوە، دژی دەسەڵات ئیشیان کردووە. ئێستاکە بە هۆی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە کۆنترۆڵی دەوڵەتەکاندان، پەیوەندیی سەربەخۆیانە لە کۆمەڵگەی ڕایەڵەییدا لە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پێک دێت. بزووتنەوەکانیش هەر لەم بەستێنەدا بێچم دەگرن، بەڵام پێویستییان بە کۆبوونەوە لە فەزای شارەکانیشدا هەیە. چونکە لە کۆتاییدا دەبێت لە شوێنێک خۆیان وەدەرخەن، کە ئەو جێیەش شەقام و گۆڕەپانی شارەکانە. ئەم فەزایانە دەبنە هۆی کۆبوونەوەی تاکەکان و بنەمای کۆبوونەوەش پێکەوەبوونە. پێکەوەبوون میکانیزمێکی دەروونناسییە بۆ زاڵ بوون بەسەر ترسدا و زاڵ بوون بەسەر ترسدا دەبێتە هەوێنی بەشداری کردنی تاکەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا(کاستلز، ١٣٩٤: ٢٥-١٠). کاستێلز پێی وایە دەبێت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە زمانی خۆیانەوە بناسین، بەدەر لەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە چاک یان خراپ بزانین، هێما و نیشانەی کۆمەڵگای ئێمەن و شتێکن کە خۆیان باسی خۆیان دەکەن.

کاستێلز کتێبی «تۆڕەکانی توورەیی و هیوا: بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێتدا»ی[١٣]، بە مەبەستی ناسینی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی نوێدا نووسی. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی ١٩٩٠ هەتا ئەمڕۆ لەسەر بنەمای «ناسنامە»یە. مەبەست لە ناسنامە، ڕەوتێکە کە چالاکێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێی ئەوەوە خۆی دەناسێت و بە پێی یەک یان چەند تایبەتمەندیی فەرهەنگی، واتا و دنیای ماناداری خۆی ساز دەکا. لە دنیای نوێدا، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کەلێنێکی بەرینتر دەکەوێتە نێوانی ڕایەڵە (بە جیهانی بوون) و تاک (ناسنامە). لە ڕاستیدا، ڕەوتێکی دژ بەیەک لە نێوان بە جیهانی بوون (تێکنۆلۆژیی زانیاری) و تاک(ناسنامە )دا لە گەڕدایە. کاستێلز، لە ئاکامی توێژینەوەکانیدا بۆی دەرکەوت کە ئەگەرچی ئەم بزووتنەوانە جیاوازی سەرەکییان لەگەڵ یەکتری هەیە، بەڵام دەرکەوتەیەکی هاوبەشیان هەیە کە پێی دەڵێت «ناسنامەی خۆڕاگری». ئەم ناسنامەیە بەرەنگاری ئەو گۆڕانکارییانە دەبێتەوە کە لە دنیادا خەریکن ڕوودەدەن. ناسنامە ئەمرێکە کە بەدەستی ئەکتەرانی کۆمەڵایەتی و بە شێوەی بەکۆمەڵ ساز دەکرێ(کاستلز، ٢٠١٢: ٤). کاستێلز، سێ جۆر ناسنامە لێک جیا دەکاتەوە کە بریتین لە:

١ ناسنامەی ڕەواییدەر: ئەم ناسنامەیە لە لایەن پێکهاتەی زاڵەوە ساز دەکرێت هەتا سوڵتەی توێژی باڵادەست بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا بسەپێنێ.

٢ ناسنامەی بەرگریکار: ئەم ناسنامەیە لە لایەن کەسانێکەوە ساز دەکرێت کە لە لایەن

لۆژیکی سوڵتەوە بە بێ نرخ چاویان لێ دەکرێت و مۆرکی عەیب و عاریان لێ دەدرێت.

**٣** ناسنامەی خاوەن بەرنامە: ناسنامەیەکە کە تاکەکان بە کەڵک وەرگرتن لەو کەرەسە فەرهەنگییانەی لەبەر دەستیانە، هەوڵ دەدەن ناسنامەیەکی نوێ ساز بکەن. ناسنامەیەک کە سەر لە نوێ پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەوان پێناسە بکاتەوە و بتوانێت پێکهاتەی زاڵ بگۆڕێت.

کاستێلز لەژێر کاریگەریی گرامێشیدا دەڵێت کە ناسنامەی ڕەواییدەر کۆمەڵگەی مەدەنی پێک دێنێت. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، کۆمەڵێک دامەزراوە و ئەکتەری ڕێکخراو، ئەم ناسنامەیە دووبارە بەرهەم دێننەوە و هێندێک جار سەرچاوەکانی سوڵتەی پێکهاتەیی بە شێوەیەکی ناتەبا عەقلانی دەکەن. جۆری دووهەم، واتە ناسنامەی بەرگریکار، ئاپۆرەیەک لە خەڵک بە ئامانجی پەرچەکردار نواندن (داکۆکی کردن) دژی زوڵم و ستەم کۆدەکاتەوە و بەم کارە قورساییی ئەم زوڵم و ستەمە کەم دەکاتەوە. کاستێلز لە ژێر کاریگەری توورەیندا پێی وایە کە جۆری سێهەمی ناسنامە واتە ناسنامەی خاوەن بەرنامە، دەبێتە هۆی سازبوونی سووژە. بە باوەڕی کاستیلز، هەرچەند تاکەکان سووژە ساز دەکەن، بەڵام سووژەکان خودی تاکەکان نین. سووژەکان ئەکتەری کۆمەڵایەتیی بەکۆن کە یارمەتیی تاکەکان دەدەن لە ئەزموونەکانی خۆیاندا مانایەکی هەمەلایەنە و گشتگر بدۆزنەوە. لێرەدا، سازکردنی ناسنامە، پلانێکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا و ئەویش بۆ دروست کردنی ژیانێکی جیاواز.

هەر وەک باسمان کرد کاستێلز ڕۆڵێکی یەکجار زۆر بۆ «پەیوەندی» لە کۆمەڵگای ڕایەڵەیی دادەنێ. بە باوەڕی ئەوە، «پەیوەندی» بریتییە لە هاوبەش کردنی ماناکان لە ڕێگای گۆڕینەوەی زانیاری (کاستلز،١٣٩٤: ١٣). کاستێلز باسی سێ جۆر پەیوەندی دەکا کە بریتین لە: پەیوەندیی بەکۆمەڵ، پەیوەندیی نێوان تاکەکەسی و پەیوەندیی خۆبزوێن. بەڕای ئەوە، ئەگەرچی تێکنۆلۆژیی زانیاری، گۆڕانکاری لە پەیوەندییە بەکۆمەڵەکانی وەکوو ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن داهێناوە و تەنانەت مۆدێلێکی نوێی لە پەیوەندییە نێوان تاکەکەسییەکانی دروست کردووە، بەڵام زۆرترین کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە خۆبزوێنەکان داناوە. پەیوەندیی خۆبزوێن، لە بەستێنی ئینتێرنێتدا پێک دێت و تاک خۆی پەیام ساز دەکات و هەر خۆیشی بڵاوی دەکاتەوە. بەم چەشنە شکڵێکی نوێ لە پەیوەندی دروست دەبێت کە دەکەوێتە نێوان پەیوەندیی بەکۆمەڵ و پەیوەندیی نێوان تاکەکەسی. ئەم مۆدێلە نوێیەی پەیوەندی، لە بەستێنی تێکنۆلۆژییە نوێیەکاندا و لە قالبی چالاکی لە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا سەر هەڵدەدا.

کاستێلز، ئینتێرنێت بە شادەماری ئابووریی جیهانی وەسف دەکا. ئەو، پێی وایە لەم چەند ساڵەی دواییدا، ئابوورییەکی نوێ لە ئاستی جیهانی پەیدا بووە کە دەکرێت ناوی بنێین ئابووریی زانیاری؛ چونکە کێبەرکێ، بەهرەدەری و وزەی کارگێڕانی ئەم ئابوورییە پەیوەندی بە ئاستی بەکارهێنانی دروستی زانیاریگەلێکەوە هەیە کە بنەمای زانستییان هەیە. ئەو، پێی وایە تێکنۆلۆژیی نوێی زانیاری، گۆڕانکاریی لە گشت بوارەکانی نیزامی کۆمەڵایەتیدا پێک هێناوە و بۆتە هۆی دروست بوونی پێکهاتەیەکی نوێ کە پێی دەڵێت « کۆمەڵگەی ڕایەڵەیی». تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگا نوێیە بریتین لە:

**١** ئابووریی زانیاری: بەم مانایەی کە بەهرەدەری و کێبەرکێ لە نێوان کۆمپانیا و ناوەندە بازرگانییەکان، هەروەها لە نێوان ناوچەگەلی ئابووری و وڵاتانی جۆراوجۆردا، زیاتر لە هەموو وەختێک پاڵی وە تێکنۆلۆژی، زانست و زانیاریی نوێوە داوە.

**٢** ئابووریی جیهانی بۆتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و کۆمەڵێک چالاکیی ستراتیژیکی زاڵ لەخۆدەگرێ کە دەتوانن وەکوو یەکەیەکی

پێکەوە بەسراو، کۆمەڵێک میکانیزمی ئابووری لە ئاستی جیهانیدا بەڕێوە ببەن.
**٣** چالاکیی ئابووریـــی ڕایەڵەیی کە جۆرێکی نوێی ڕێکخستنە و خسڵەتی بەرچاوی ئابووریی جیهانییە، وەکوو کۆمپانییە فرەنەتەوەییەکان.
**٤** گۆڕینی پێکهاتەی ئیش و کار.
**٥** جەمســەربەندی لەســەر بنەمای ئاســتی دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری.
**٦** سەرهەڵدانی فەرهەنگی ڕاستیی ڕواڵەتی[١٤]
**٧** زەق بوونــەوەی ڕۆڵــی ڕاگەیاندنــەکان لە کرداری سیاســیی تاکەکان و لــە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکاندا.
**٨** جیایی کات لە شوێن
**٩** لاواز بوونی دەوڵەت-نەتەوەکان
کاســتێلز پێی وایە کە لــەم کۆمەڵگا نوێیەدا شــکڵ و نێوەرۆکی نارەزایەتییــەکان گۆڕانی بەســەردا هاتووە و خاوەن خسڵەتی تایبەت بە خۆیانن. تایبەتمەندییەکانــی ئەم نارەزایەتییە نوێیانە لە ڕوانگەی کاســتێلزەوە بەم چەشنەی خوارەوەن:
**١** ئــەم بزووتنەوانە هەرچەند لە فەزای شــار و لە شــەقام و گۆڕەپانەکاندا دەبینرێن بەڵام، لە ڕاســتیدا ڕایەڵەیین و ئینتێرنێت و مۆبایل ڕۆڵی سەرەکییان تێدا دەبینێ و بەردەوامییان بەندە بــە چالاکیــی ئەندامانیان لــە فەزای ســایبێردا. واتە ئــەم بزووتنەوەیانە گەرچی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەســت پێ دەکەن، بەڵام کاتێــک وەک بزووتنەوە دەردەکەون کە فەزای شــارەکان دابگرن. ئــەم پەیوەندییەی نێوان فەزای ســایبێر و فەزای شار، فەزایەکی نوێ ساز دەکا کە کاستێلز پێی دەڵێ « فەزای ســەربەخۆ». « فەزای سەربەخۆ »، شکڵی نوێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. ســەربەخۆیی لە پەیوەندییەکانا، سرووشتی سەرەکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییــە نوێیەکانــە، چوونکــە هەل بۆ سەرهەڵدانیان دەرەخسێنێ و ئەم هێزەیان پێ دەدا کە بەدوور لە چاوی دەسەڵاتداران، لەگەڵ ئەندامانی لە پەیوەندیدا بێ و ڕێکیان بخات.
**٢** ئــەم بزووتنەوەیانــە، ناوچەیــی و هاوکات جیهانیــن. ئــەوان لە شــوێنگەلی جیــاواز و بــە هۆکاری تایبــەت ســەرهەڵدەدەن، تۆڕی پەیوەندیی تایبەت بە خۆیان ساز دەکەن و بە داگرتنی فەزای شارەکان و بڵاوبوونەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، فەزای گشتیی خۆیان ڕێک دەخەن. وێڕای ئەمانە، جیهانیشــن؛ چونکە لە ڕێی ئینتێرنێتەوە بە گشت دنیاوە گرێ دراون، لــە ئەزموونەکانی یەکتری کەڵک وەردەگرن و لە دنیای مەجــازی و لە پانتایی گۆی زەویدا بەردەوام قسە و باسیان لەسەر دەکرێ.
**٣** ئــەم بزووتنەوەیانــە، تــا ڕادەیەکــی زۆر خۆڕســکن و فرەتــر لــە ئاکامــی توورەیــی لــە ڕووداوێک یــان سیاســەتێکی نابەجێی دەسەڵاتدارانەوە هەڵدەگیرسێن. پاشان خەڵک بە هاوبیری و هاودەنگــی لەگەڵ یەک هەوڵ دەدەن توورەیــی بکەن بــە هەوێنی هومێد و هیــوا. ئەم گۆڕانکارییە، واتا تێپەڕین لە دۆخی توورەیی و گەیشتن بە کەشێکی پڕ لە هومێد و هیوا، لە فەزای سەربەخۆدا بە ئاکام دەگات.
**٤** ئەم بزووتنەوانە، بــە پێچەوانەی بزووتنەوە کلاســیکەکان کە پێکهاتەیەکی ستوونی و لە سەرەوە بۆ خواریان هەیە، خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاســۆیی و هاوشــانن. ئــەم تایبەتمەندییــە دەبێتــە هۆی ئەوەی کــە بزووتنەوە نوێیەکان پێویســتییەکی ئەوتۆیان بە ڕێبەریی ڕەسمی نەبێت.
**٥** ئەم بزووتنەوانە، خسڵەتی بەخۆداچوونەوە[١٥] یــان هەیە؛ کەمتر خاوەنی پــلان و بەرنامەی لەپێش داڕێژراون؛ هەروەها زۆر ئاشــتییانەن و هەوڵ دەدەن لە توندوتیژی بە دوور بن.
**٦** ئامانجی ئەم بزووتنەوانە گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگایە؛ ئــەم بزووتنەوانە خوازیاری گۆڕانی دەوڵەتن نەک بەدەستەوە گرتنی؛ قسە و باس دەورووژێنــن و لە کوڵی دەروون و هەســتی خەڵــک دەدوێن؛ حیــزب و ڕێکخــراو پێک ناهێنن و پاڵپشــتی لە هیچ دەوڵەتێک ناکەن؛ بەم حاڵەشــەوە تا ســەر ئێســقان سیاسین،

بە تایبەت کاتێک داوای دێموکراسییەکی هاوبیرانە دەکەن. ئەم بزووتنەوانە، بە مەبەستی جێگیر کردنی جۆرێکی نوێ لە دێموکراسی داڕێژراون کە زەمینەی هاریکاریی خەڵک لە فەزای خۆجێیی و سایبێردا پێک دێنن. ئەم دێموکراسییە یۆتۆپیایەکی نوێیە لە جۆری دێموکڕاسیی ڕایەڵەیی(کاستلز،١٣٩۴: ١٨۶-١٣٣).

بەم چەشنە دەبینین لەم دواییانەدا، گۆڕانکاریی بنچینەیی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانا ڕووی داوە. ڕیشەی ئەم گۆڕانکاریانە بە وتەی کاستێلز تێکنۆلۆژیی زانیاریی نوێیە، بە تایبەت ئینتێرنێت کە کۆمەڵگایەکی نوێی بە ناوی کۆمەڵگەی ڕایەڵەیی ساز کردووە. ئەم کۆمەڵگا نوێیە کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ نارازییان خولقاندووە کە پێشتر نەبوو. تەنانەت هێندێک لەو تایبەتمەندییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دا، بوونەتە خاڵی بەهێز بۆ بزووتنەوەکان، کەچی لە ڕابردوودا وەکوو خاڵی لاواز حیساب دەکران.

## کاریگەریی فەزای مەجازی لەسەر بزووتنەوەی ناسنامەخوازیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢۵، لە هەرێمی کوردستان بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووس گشتپرسی بەڕێوەچوو. شەوی هەمان ڕۆژ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ پشتیوانی کردن لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، ڕژانە سەر شەقام و لە گۆڕەپانی شارەکاندا کۆبوونەوە و بە دروشم دان خۆشحاڵی و پاڵپشتیی خۆیان دەربڕی. یۆرۆنیووز بەم چەشنەی خوارەوە باسی ئەم ڕووداوە دەکا:

*«ئێواریٚ و شەوی دووشەممە، کوردەکانی پارێزگای کوردستان و بەشێک لە شارەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە بۆنەی گشتپرسی هەرێمی کوردستانی عێراق شادی و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی. لەم ویدیۆیانەی بڵاو بوونەتەوە، هێزێکی زۆری پۆلیس دەبینریٚ، بەڵام وێدەچیٚ ئەم هێزانە کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان دژی خەڵک نەبووبیٚ و تەنیا تەماشاچی بووبێتن. ئەم ویدیۆیانە خۆشحاڵی دەربڕینی خەڵکی شارەکانی سنە، سەقز، بانە، مەریوان و مهاباد بەم بۆنەوە پیشان دەدەن.لە مهاباد، کوردەکانی ئەم شارە بە کۆبوونەوە و بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان بۆ پشتیوانی کردن لە گشتپرسیی هەرێمی کوردستان دروشمیان دا. تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندی لەگەڵ جێژن و شایی خەڵک گۆڕەپانی ململانێی دوو ڕوانگە بوون. دەستەیەک لە جێژن و شادی و پشتیوانیی کوردەکانی ئێران لە گشتپرسی هەرێمی کوردستان نیگەرانن و ئەم جێژنانە بە نیشانەی قووڵ بوونەوەی کەلێن و دابڕانەکانی کۆمەڵگای ئێرانی دەزانن؛ هێندێکی دیکە وێرای پشتیوانی کردن، ئەم خۆپیشاندانانە بە ئاکامی دەیان ساڵ هەڵاواردن و پەراوێز خرانی گەلانی ئێران بە تایبەت کورد دەزانن.»*[١۶]

بەکار هێنانی ئینتێرنیت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێی مۆبایلەوە لەم بزووتنەوەیەدا زۆر بەرچاو بوو. سێ تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرامی لەم کاتەدا چالاک بوون و دەوریان گێڕا کە بریتی بوون لە کاناڵی نیشتمانی جوان بە ٧۴٠٠٠ ئەندام، ئامانج بە ٣۵٠٠٠ ئەندام و کاناڵی ناسیۆنالیسمی کوردی بە ٣٠٠٠٠ ئەندامەوە. جگە لەمانە دەیان تۆڕ و ماڵپەڕی دیکەی سەر بە حیزبە کوردییەکان هاندەری کۆبوونەوەی خەڵک بوون. هەروەها تەلەڤیزیۆنی ڕووداو، لە پێکهێنان و ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوەیەدا بەشدار بوو. تەلەڤزیۆنی ڕووداو بە دانانی

بەشـــێکی تایبەت بـــە هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بینەرێکی یەکجار زۆری هەیە، لە سازبوونی ئەم بزووتنەوەیەدا دەوری گێڕا.

ڕووداوێکـــی دیکە کە لەم ســـەروبەندەدا ڕووی دا، بوومەلەرزەکەی ئەزگەلە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/١٢ بوو. ئەم ڕووداوە لە بەســـتێنی فەزای مەجازیدا لە فۆڕمی ڕووداوێکی سروشتی هاتـــە دەرێ و بوو بە دیاردەیەکی سیاســـی. خەڵک دەیانزانی کە هۆی گیان لەدەست دانی خەڵک حکوومەتێکە کـــە دوای نزیک بە چڵ ساڵ نەیتوانیوە دەرفەتێک بۆ خەڵک پێک بێنێ کە خانووبەرەی ســـتاندارد ساز کەن. هەروەها تێگەیشتن کە دامەزراوەی دەوڵەتیی مەسکەنی مێهر (مســـکن مهـــر) بە هـــۆی گەندەڵییەوە خانووبەرەی خراپی بۆ خەڵک ســـاز کردووە و بەرپرسی لە دەســـتدانی ژیان و ماڵی خەڵکە. جگە لەمانـــە خەڵک دەوڵەتیان لە پرۆســـەی هاوکاریی لێقەوماندا بـــە کەمتەرخەم دەزانی؛ ســـەرباری ئەمانە متمانەشـــیان بەو ڕێکخراوە دەوڵەتییانە نەبوو کە یارمەتییان بۆ لێقەوماوان کـــۆ دەکردەوە، هـــەر بۆیە خۆیـــان لە فەزای مەجازیدا کەمپەینی یارمەتیدانی لێقەوماوانیان ساز کرد و بە شێوەیەکی خۆڕسک یارمەتییان کـــۆ کردەوە و گەیاندیانـــە خەڵکی بوومەلەرزە لێـــدراو. لە ڕەوتی ئەم یارمەتی دانەدا پیاوێکی خەڵکی بۆکان بە نـــاوی ئەبووبەکر مەعرووفی تووشـــی ڕووداوی هاتووچۆ دەبـــێ و ژیانی لە دەســـت دەدا. مەرگـــی ئەم کەســـە لە ڕێی تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـــەوە بـــڵاو دەبێتەوە و دەکرێ بـــە بیانوویەک بۆ نارەزایەتی دەربڕین؛ تەنانەت نازناوی شەهیدی لێ دەنرێت. هەزاران کەس لـــە دەوری تەرمی کۆدەبنـــەوە و هەتا بۆکان بـــە ڕێزەوە و وەکـــوو پاڵەوانێک بەڕێی دەکەن. کاناڵـــە تێلێگرامییەکانی نیشـــتمانی جوان و ناسیۆنالیســـمی کوردی وێڕای دەیان تۆڕی ڕاگەیاندنی دیکە بێ پســـانەوە بەردەوام هەواڵـــی چۆنیەتیـــی گەڕاندنـــەوەی تەرمـــی ئەبووبەکر مەعرووفییان دەگواســـتەوە. تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفی دەگەیشـــتە هەر شارێک خەڵک دەچوونە پێشـــوازی و دروشـــمی دژە حکوومەتییـــان دەگوتەوە. خەڵکی شـــارەکانی جوانرۆ، کامیاران، سنە و سەقز چوونە پێشوازی و ڕۆژی دوای ڕووداوەکە لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا لە شـــاری بۆکان بە خاک ســـپێردرا. شتێک کە جێی ســـەرنج بـــوو، ئەوە بـــوو کە خەڵک بـــە هەڵگرتنی دەیان پلاکارد کە لە ســـەریان نووسرابوو « لێرە خەیانەت بە نیشتمان ناکرێ، بەڵکوو لە ڕێیدا گیان دەدرێ» و دانی دروشمی وەک « کاک عەبـــوو قارەمانە، کەرکووک دڵی کوردســـتانە»، مەرگی کەسێکی بۆکانی لەگەڵ پرســـی ڕێفراندۆمی باشـــووری کوردســـتان و دیـــاری کردنی مافی چارەنـــووس لێک گرێ دەدرا.

کاســـتێلز دەڵـــێ، ئەگەرچـــی بزووتنەوە نوێیەکان بە ڕێپێوان لە شەقام و گۆڕەپانەکان لـــە فەزای شـــارەکاندا دەردەکـــەون، بەڵام لە فەزای ئینتێرنێتدا ڕێـــک دەخرێن. ئەم جم و جووڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە دنیای ئینتێرنێت و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستی پێکـــرد و بە داگرتنی فەزای شـــارەکان بوو بە بزووتنەوە. پەیوەندیی فەزای ســـایبێر و فەزای شـــار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەزایەکی نوێی ســـاز کرد، ئەو فەزا نوێیەی کە کاســـتێلز پێی دەڵێ « فەزای ســـەربەخۆ». فەزای ســـەربەخۆ وەکوو خســـڵەتی نوێی بزووتنەوە ڕایەڵەییەکان لەم بزووتنەوەیەدا وەبەر چاو دەکەوت. کاستێلز بۆیە پێی دەڵێت «فەزای ســـەربەخۆ»، چونکە ئەم ســـەربەخۆییە بە ڕێکخســـتنی خەڵک لە فەزای ئازادی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانا دەستەبەر دەبێ و وەکوو هێزێکـــی گۆڕانکار بۆ ململانێ لەگەڵ نەزمی ســـەقامگرتوو، فەزای شـــار لە دەسەڵاتداران دەستێنێ. ئامانجی کۆبوونەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە شـــەقام و گۆڕەپانی شارەکان بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان و بەشداری نارەزامەندانە لە پرســـەی ئەبووبەکر مەعرووفیدا، وەرگرتنەوەی

فەزای شارەکانی کوردستان لە دەسەڵاتدارنی ئێران بوو.

ڕۆڵی ماڵپەر، کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی وەک ڕووداو و کوردستان ٢۴ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هاندان، هەماهەنگی و ڕێکخستنی جووڵانەوەی کوردانی ڕۆژهەڵات زۆر بەرچاو بوو و خەڵکی کورد هەر لە ڕێی ئەم کەرەسانەوە تووڕەیی خۆی دژی نەتەوەی باڵادەست لە ئێران دەربڕی. دەنگی نارەزایەتیی نارازییان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە تەلەڤیزیۆنێکی وەک ڕووداودا یەکیان گرت. تەڤیزیۆنی ڕووداو بەشێک لە هەواڵ، وێنە و فیلمی کۆبوونەوەکانی لە ڕێی مۆبایلەوە لە خەڵک وەردەگرت و بڵاوی دەکردەوە کە ئەمەش دەبوو بە هۆی بەردەوامیی بزووتنەوەکە. شتێک لێرەدا دەرکەوت ئەویش ئەوەبوو کە ئەگەرچی، بارودۆخی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک بێکاری، گرانی و هەژاری زۆر جێی نارەزامەندیی گەلی کورد بوو، بەڵام ئامانجی ئەم نارەزایەتییانە پرسێکی ناسنامەخوازانە و گەران بە دوای ناسنامەوە بوو. واتا کەڵکەڵەی سەرەکییی ئاپۆرەی کوردی کە لە خۆشیی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان گۆڕەپانەکانی تەنیبوو یان بۆ ماتەمی بوومەلەرزە و پرسەی ئەبووبەکر مەعرووفی شەقامەکانی داگرتبوو، ناسنامەی سیاسیی کورد وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بوو نەک پرسێکی ماددی و ئابووری. ئەو دروشمانەی کە دەدران سەلمێنەری ئەم ئیددعایەن. بە قەولی کاستێلز، لەگەڵ ئەوەی کە بزووتنەوە نوێیەکان لە ئێش و ژانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام لە ڕاستیدا بنەمای فەرهەنگییان هەیە (هەمان، ١٩۴). ناسنامەخوازییەک کە ئەم بزووتنەوەیە بە دوایەوە بوو ئاماژە بەم خسڵەتە فەرهەنگییە دەکا.

تایبەتمەندییەکی دیکەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی کاستێلزەوە، ناوچەیی و هاوکات جیهانی بوونە. واتە، لە شوێنێکی دیار و بە هۆکاری تایبەت هەڵدەگیرسێن و لە ڕێی فەزای مەجازییەوە بە گۆی زەویدا بڵاو دەبنەوە، بۆیە هاوکات جیهانیشن. واتە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕیشەیان لە ناسنامەیەکی دیار و تایبەتدا هەیە، جۆرێک فەرهەنگی جیهانی و گشتگر پیشان دەدەن و بەم چەشنە ناسنامەی ناوچەیی خۆیان لە ناسنامەی جیهانی گرێ دەدەن(هەمان، ١٨٨). لەمەڕ بزووتنەوەی بەرباس، ئەم تایبەتمەندییە وەبەرچاو دەکەوێ. ئەم بزووتنەوەیە لە بەستێنی کۆمەڵگای کوردستان وەک شوێنی بزووتنەوە سەری هەڵدا و لە ڕێی ئینتێرنێتەوە بە هەموو دنیاوە گرێ درا؛ چوونکە کوردەکانی تاراوگە لە شوێنە جیاجیاکانی دنیاوە لە ڕێی ئینتێرنێتەوە لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە لە پەیوەندیدا بوون، تەنانەت لە ڕێنوێنی کردن و بەڕێوەبردنیدا بەشدار بوون. بۆ نموونە، کاتی ڕاگواستنی تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفی لە جوانڕۆوە بۆ بۆکان، هێزی سەرکوتکەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەهاوکاریی نوێنەری شار، بۆ ڕێگرتن لە کۆبوونەوەی خەڵک، ویستی تەرمەکە لە خەڵک بستێنێتەوە و خۆی بە هێمنی و دوور لە جەماوەر بە خاکی بسپێرێ بەڵام، کاتێ هەواڵەکە بڵاو دەبێتەوە، کەسێک بە ناوی « ک،ئ » لە دوورەدەست و لە وڵاتێکی ئوروپاییەوە کە بەم پیلانە دەزانێ، لە ڕێی ئینتێرنێتەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گرتە ویدیۆیەک ئاگادار دەکاتەوە؛ ئەم گرتە ویدیۆییە زۆر زوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک نیشتمانی جوان و ناسیۆنالیسمی کوردی لە تێلێگرام و باقی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بۆوە. پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە و گەیشتنی بە جەماوەری نارازیی کوردستان، خەڵکی شاری کامیاران بە دروشم دان دژی ئەم نوێنەرەی ڕێژیم، پێشیان بە سەرگرتنی ئەم پیلانە گرت و نەیانهێشت ڕێژیم تەرمەکە برفێنێت. ئەمە دەیسەلمێنێ کە ئەم بزووتنەوەیە هەم ناوچەیی و هەم جیهانی بوو. شتێکی تر کە

کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕیفراندۆمەکەی باشوور بوو و سەلماندی کە ئەم بزووتنەوەیە هەم خۆجێیی و هەم جیهانییە، ڕیفراندۆمی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا و بڵاو بوونەوەی هەواڵ و وێنەی کەش و هەوای ئەوێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە تەلەفزیۆنەکاندا بوو کە بێگومان کارتێکەریی لەسەر بزووتنەوەی پشتیوانی لە ڕیفراندۆمی کوردستان بوو. ئەوانەی باسمان کرد، شایەتی دەدەن بزووتنەوەی پاڵپشتی لە بوومەلەرزە لێدراوان و بزووتنەوەی پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕیفراندۆمەکەی باشوور، هەردووکیان لەگەڵ ئەوەی ناوچەیی و لۆکاڵی بوون، لە هەمان کاتدا سەرانسەری و جیهانیش بوون.

سێهەمین تایبەتمەندیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە ڕوانگەی کاستێلزەوە، خۆڕسک بوونیانە کە لە ئاکامی تووڕەیی لە ڕووداوێک یان سیاسەتێکی نابەجێی دەسەڵاتداران سەرهەڵدەدەن. لە ئاکامی ئەم تووڕەییەدا، بانگەوازێک لە فەزای مەجازیدا بە ئامانجی سازدانی کۆبوونەوەیەکی خێرا دەردەکرێت و نارازییان لە ژێر کاریگەریی پەیامی بانگەوازەکەدا کە لە سەرچاوەی پەیامەکە بۆیان گرینگترە، بەرەو پیریی دەچن(هەمان، ١٨٩). ئەمە تایبەتمەندیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانە کە لە بزووتنەوەی پاڵپشتیی لە بوومەلەرزە لێدراوانی پارێزگای کرماشان و پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕیفراندۆمی باشووردا بە ڕوونی دەرکەوت. لەوانەیە تێلێگرام وەکوو تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی پڕلایەنگر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، یەکێک لەو کەرەسە پەیوەندییانە بێ کە لەم بزووتنەوەیەدا ڕۆڵی سەرەکی بووبێت؛ چونکە بە بڵاوبوونەوەی پەیام، وێنە، فیلم و بانگەواز لەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا بوو کە خەڵک ڕێکخران و هاتنە سەر شەقام. چۆنیەتیی هەڵقوولینی تووڕەیی خەڵک لە بەستێنی فەزای مەجازی و ڕژانە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان و پاشان چڕۆ دەرکردنی هومێد و هیوا و دواتر گۆڕان لەم بزووتنەوەیەدا بەم چەشنە بوو: ڕۆڵی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و سپای پاسداران لە کەوتنی شاری کەرکووک و دژایەتیی تەواوی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دیاری کردنی مافی چارەنووسی خەڵکی باشووری کوردستان ڕقی کوردانی ڕۆژهەڵاتی هەستاند. پاش بوومەلەرزەکەی ئەزگەڵە، خەڵک ڕقی پەنگ خواردووی ڕیفراندۆمیان لە کۆماری ئیسلامی تێکەڵ بە تووڕەیی لە ڕووداوی بوومەلەرزە کرد، لووتکەی ئەم تووڕەییە لە درووشمی « کاک عەبوو قارەمانە، کەرکووک دڵی کوردستانە»، لە پرسەی ئەبووبەکر مەعرووفی دا دەرکەوت. ئەمە پیشاندەری وێککەوتنی سروشت(بوومەلەرزە) و سیاسەت(ڕیفراندۆم) لە بزووتنەوەی کورد دابوو کە بۆ یەکەم جار ڕووی دەدا، بۆیە دەکرێت وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسیی کورددا چاوی لێ بکەین کە درێژەی ئەم گۆڕانکارییانە دواتر لە کەیسی لایەنگریی ئاپۆرەی خەڵکی کوردستان لە شەریف باجەوەردا دیترا.

بڵاو بوونەوەی وێنەی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سپای قودسی پاسداران وێڕای هادی عامێری فەرماندەی حەشدی شەعبی لە تەلەفیزیۆنی ڕووداو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەکوو داڕێژەرانی داگیرکردنی کەرکووک و سەرنەگرتنی سەربەخۆیی کوردستان، تووڕەیی خەڵکی بە تەواوی هەژاند، ئەم تووڕەییە بە بەرز کردنەوەی دەیان پلاکارد لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ئەبووبەکر مەعرووفیدا کە لە سەریان نووسرابوو « لێرە نیشتمان نافرۆشرێ، بەڵکوو گیانی لە پێناو دەدرێ»، گەیشتە لووتکە. هەروەها خەڵکی کورد بە هاوبیری لە فەزای مەجازی و بە بڵاوبوونەوەی ئەم پەیامە کە « کورد بە مافی ڕەوای خۆی هەر دەگا و ڕۆژێکیش هەر دێت کە کەرکووک بگەڕێنرێتەوە باوەشی کوردستانێکی سەربەخۆ»

، توورەییان ئاوێتەی هومێد و هیوا کرد. وەک کاستێلز دەڵێت تێپەڕین لە توورەیی بەرەو هیوا بە هاوبیری لە فەزای سەربەخۆی سایبێردا سەر دەگرێت: شتێک کە لە بزووتنەوەیەی پاڵپشتی لە بوومەلەرزە لێدراوانی کرماشان و پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕێفراندۆمی باشووردا زۆر بە جوانی دیترا.

چوارەمین تایبەتمەندیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە لەگەڵ بزووتنەوەی بەرباسی ئێمە دەگونجێت، ئاسۆیی بوونیانە. هەر وەک پێشتر باسمان کرد، بزووتنەوە نوێیەکان بە پێچەوانەی بزووتنەوە کلاسیکەکان کە پێکهاتەیەکی ستوونی و سەرەوخواریان هەبوو، خاوەن پێکهاتەیەکی ئاسۆیی و هاوڕیز بوون. ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوە نوێیەکان پێویستییەکی ئەوتۆیان بە ڕێبەریی ڕەسمی نەبێت (هەمان، ١٩٠). ئەم ئیددعایە لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی بەرباسدا ڕاستە. چوونکە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای ئەم مەترسییانەی کە لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە لە سەریان بوو، لە خۆشی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم یان لە تاوی قوربانیانی بوومەلەرزە، ڕژانە سەر شەقام و لەبەر چاوی هێزە سەرکوتکەرەکان دروشمیان دا و شادی و خۆشحاڵی و ناڕەزایەتییان دەربڕی. شتێک لێرەدا گرینگە ئەویش ئەوەیە کە، ئەم بزووتنەوەیە ئاسۆیی بوو، واتا هیچ حیزب و لایەنێک ئەم خۆپیشاندانەی ڕێک نەخستبوو و هیچ سەرکردە و ڕێبەرێکی دیار و ناسراوی لەپشت نەبوو؛ بەڵکوو، ئاکامی هاوفکری، هاوپەیوەندی و هاوکاریی خەڵکێکی زۆر ناڕازی لە فەزای مەجازیدا بوو. کوردانی ناڕازی لە دۆخی ژێردەستەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ هاوپەیوەندی لەگەڵ کوردانی باشوور لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمدا و هەروەها، بۆ هاوخەمی دەربڕین لەگەڵ بوومەلەرزەلێدراوان، بیروڕای خۆیان بە شێوەی ئاسۆیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گۆڕییەوە و پێکەوە بزووتنەوەیەکی ناسنامەخوازانەیان ساز کرد، بێ ئەوەی کە لەژێر سێوڵەتەی ڕەوتێکی سیاسیی بورۆکراتیک و ڕەسمیدا بێت. واتا، ئەمە تایبەتمەندیی سەرکردەیەکی کاریزما یان بانگەوازی ڕێکخراوێکی سیاسی لە سەرەوە نەبوو کە خەڵکی هێنایە سەر شەقام، بەڵکوو ئەوە ئینتێرنێت بوو کە بوو بە چەترێک بۆ ئەوەی هەموان متمانە بە یەک بکەن و لە ژێریدا کۆ ببنەوە و بە هاوبەشی کردەیەکی ناڕەزایەتییانە لە فەزای شارەکاندا دەربڕن.

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بزووتنەوە نوێیەکان، خسڵەتی بەخۆداچوونەوەیان هەیە؛ کەمتر خاوەنی پلان و بەرنامەی لەپێش داڕێژراون. هەروەها زۆر ئاشتییانەن و هەوڵ دەدەن لە توندوتیژی دووری بکەن. لە بزووتنەوەی پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕێفراندۆمی باشوور و پاڵپشتیی لە بوومەلەرزە لێدراوانی ئەزگەلە و دەوروبەری، ئەم تایبەتمەندییانە وەبەر چاو دەکەوتن. ئەم بزووتنەوەیە خسڵەتی بەخۆداچوونەوەی هەبوو، خاوەنی پلان و بەرنامەی لەپێش داڕێژراو نەبوو و هەروەها تێکەڵ بە توندوتیژیش نەبوو. هەر ئەوەش کاری ڕووبەڕوو بوونەوەی پۆلیس و هێزە سەرکووتکارەکانی لە گەڵی سەخت و دژوار کردەوە. بۆ نموونە شەوی دووشەممە سێی ڕەزبەری ١٣٩٦ هەتاوی، ئەو ڕۆژەی ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو، تا چەند کاتژمێر پێش کۆبوونەوەی خەڵک، هەواڵێکی ئەوتۆ لەمەڕ کۆبوونەوە لە شەقام و گۆڕەپانەکان لەبەر دەست نەبوو؛ بەڵکوو لەپێشدا چەند کەس لە ناوەندی شارەکانا کۆبوونەوە، هەر کە ژمارەیەک خەڵک کۆبوویەوە، لە ڕێی موبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەڵک یەکتریان ئاگادار کردەوە و بە بڵاو بوونەوەی ویرووس ئاسای هەواڵەکە بە گوتەی کاستێلز، بە زوویی حەشیمەتێکی زۆر پەیوەست بە کۆبوونەوەکان بوون؛ ئەم تایبەتمەندییەش وای کرد کە هێزە ئەمنییەتییەکان لەپێشدا خەبەریان نەبێت و

نەتوانن پێش بە کۆبوونەوەکان بگرن.

هەروەها، ئەم بزووتنەوەیە خسڵەتی بەخۆداچوونەوەی هەبوو، چونکە پسپۆڕان و پێکهێنەرانی، بەردەوام لە فەزای مەجازیدا بە پێی بارودۆخ، پێداچوونەوەیان پێدا دەکرد و بە پێی پێویست گۆڕانکارییان لە چالاکی و هەڵوێستەکانیاندا دەکرد. بۆ نموونە لە ڕەوتی یارمەتیدانی بوومەلەرزە لێدراواندا، کە بە هۆی نەبوونی متمانە بە ناوەندە دەوڵەتییەکان، بە تایبەت پاش دژایەتیی دەوڵەت و نەتەوەی باڵادەست لەگەڵ ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان، بوومەلەرزە وەک دیاردەیەکی سرووشتی کرا بە دیاردەیەکی سیاسی و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لێ پەیدا بوو؛ بە پێی پێداویستیی بوومەلەرزە لێدراوان لە هەر کات و شوێنێکا، لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەڵک جۆر و شوێنی یارمەتییەکەیان دەگۆڕی. هەر وەها لە هیچ کات و شوێنیک خەڵک دەستیان نەبردە بەر توندووتیژی و بە شێوەی مەدەنی و دیمۆکراتیک نارەزایەتییان دەربڕی.

دوایین تایبەتمەندیی بزووتنەوە نوێیەکان، ئەوەیە کە ئامانجی ئەوان گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگایە؛ ئەم بزووتنەوانە خوازیاری گۆڕانی دەوڵەتن نەک بەدەستەوە گرتنی؛ قسە و باس دەورووژێنن و لە کوڵی دەروون و هەستی خەڵک دەدوێن؛ حیزب و ڕێکخراو پێک ناهێنن و پاڵپشتی لە هیچ دەوڵەتێک ناکەن؛ بەم حاڵەشەوە تا سەر ئێسقان سیاسین(هەمان،۱۳۹۴: ۱۸۶-۱۳۳). لەم پەیوەندییەدا، ئینگلهارت[۱۷] پێی وایە کە لە کۆمەڵگای بان پیشەییدا، خەڵک بە شوێن بەهاگەلی پۆست ماتریالیستییەوەن، چوونکە پێی وایە لەم کۆمەڵگایانەدا، کێشەی ئابووری چارەسەر بووە و خەڵک بەدوای بەهاگەلێکی وەکوو سەربەخۆیی بڕیاردان، یەکسانیی جنسییەتی، دیموکراسی، ئازادیی تاکەکەسی، لێبوردەیی و پێداگری لەسەر ئاسوودەیی زەینین(اینگلهارت و ولزل،۱۳۸۹: ۲۸۵). لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی بەرباسدا، ڕاستە کە کۆمەڵێک بەهای پۆست ماتریالیستیی وەک ڕەخنە گرتن لە دەوڵەت، ویستی سەربەخۆیی و ئازاد ژیانی تێدا بەرجەستە بوو، بەڵام پێویستە بگوترێت کە لەم بزووتنەوەیەدا هێندێک تایبەتمەندیی بزووتنەوە کلاسیکەکانیش وەبەرچاو دەکەوت؛ چوونکە ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵێک بەهای ماددی وەک خەبات دژی نابەرابەریی ئابووری و سیاسیشی لە خۆ دەگرت. نارەزایەتی دەربڕین دژی پەیمانکارانی خانووبەرەی مێهر لە سەرپێڵ کە ویڕای دەوڵەتی گەندەڵ، بە بەرپرسیاری ژیان و ماڵی بوومەلەرزەلێدراوان دەزانران، نموونەیەک لە تایبەتمەندییە کلاسیکەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بوو کە لەم بزووتنەوەیەدا دەبینرا.

لە کۆتاییدا ئەم بزووتنەوەیە داوای دەکرد نەتەوەی باڵادەست و ڕێژیمی زاڵ، ڕوانگەی خۆی بۆ پرسی کورد بگۆڕێت و نەتەوەی کورد وەکوو «ئەویتری» خۆی پێناسە نەکا و بەرژەوەندی خۆی لە دژایەتی ئەودا نەبینێتەوە. بەم چەشنە لەم بزووتنەوەیەدا، خەڵک کۆبوونەوە و هەست و سۆزی خۆیان بە شادی کردن لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم و بە ناڕاحەتی و نارەزایەتی دەربڕین لە کاتی بوومەلەرزەدا دەربڕی؛ هەرچەند ڕەنگە حیزبە سیاسییە کوردییەکان ناڕاستەوخۆ پشتیوانیان لە بزووتنەوەکە کردبێت و لەوانەیە بەشێکی زۆری خۆپیشاندەران ئەندام یان لایەنگری حیزبە سیاسییەکان بووبێتن؛ بەڵام هیچ حیزبێکی سیاسی بە ڕاشکاوی و بە پلان و بەرنامەوە لەپشتی ئەم جووڵانەوەیەوە نەبوو. بەم حاڵەشەوە ئەم بزووەتنەوەیە بە تەواوی سیاسی بوو، چونکە خوازیاری سەربەخۆییی «سووژەی کوردی» لە هەمبەر زاڵێتیی نەتەوەی باڵادەستدا بوو. کاتێک دەوڵەتی ئێران بە هۆی ڕوانگەی دژە کوردانە و سیستمی گەندەڵ و ناوەندگەرای خۆی لە

بەڕێوەبردنی قەیرانی بوومەلەرزەکەی سەرپێڵ سەرکەوتوو نەبوو، خەڵکی کورد بەم قەناعەتە گەیشـــتن کە دەبێت خۆیان لـــە دەرەوەی بازنەی دەســـەڵاتی کۆماری ئیسلامی قۆڵی هیممەت هەڵماڵـــن و بەهاوفکری لە فەزای مەجازی و ســـازکردنی کەمپەینی یارمەتی، وە فریـــای هاونیشـــتمانیانی خۆیان بکەون. ئەم هەوڵە بە کۆمەڵـــە تەنیا یارمەتیدانێکی ســـۆزدارانە و هەرەوەزێکـــی نەریتی نەبوو؛ بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ گۆڕانی هێز لە ڕێگای پێکەوە بەستنەوەی دنیای سایبێر و جیهانی واقعییـــەوە. ئەم گۆڕانکارییە ســـەرەتا لە بیر و زەینی ئەواندا لـــە چوارچێوەی کۆمەڵێک تۆڕی پەیوەندی لە دنیای ئینتێرنێتدا شکڵی گـــرت و لـــە ئاکامدا لە عـــەرزی واقیع و لە شـــەقام و گۆڕەپانەکانی شارەکان بە دەستی ئەکتەرانی چالاک لە کۆمەڵگای کوردستاندا پەرەی سەند، ئەکتەرانێک کە هەوڵیان دەدا کورد لە پەراوێزی مێژوو دەرهێنن و بیکەنە کارگێر و ڕێخـــەری مێژوویەکی نوێی کە لە حاڵی ســـاز بووندایە. ئەم ڕوانگە و شـــێوازە نوێیە لـــە خەباتی ئـــەم دواییانەی کوردی ڕۆژهـــەڵات، هـــەوڵ دان بوو بـــۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕەوتی کۆمەڵایەتی کە تووەرەین پێی دەڵێت «مێژوومەندی» یان هیستۆریســـیتە. چوونکـــە ئەندامانی بزووتنـــەوە هەوڵیان دا تاکی کورد بکەنە «سووژەیەکی سەربەخۆ» و بە بەکارهێنانی کەرەســـەی نوێی پەیوەندیی واتا ئینتێرنێت ڕەوتەکانی کۆمەڵگا بناسن و لە ڕێی ئەوەوە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیـــان بگـــۆڕن و کۆمەڵگایەکی نوێ نەک لەســـەر بنەمـــای بیـــر و هـــزری نەتەوەی باڵادەســـت، بەڵکوو لەسەر بناغەی ئەندێشە و کرداری وشیارانەی تاکی کورد ساز بکەن. واتـــا ئـــەوە ئینتێرنێت بوو کە بەســـتێن و نەخشە ڕێگای بۆ دروست کردنی « سووژەی ســـەربەخۆی کورد » خۆش کرد. ئەوەی کە بزووتنەوەکـــە بەو ئامانجە گەیشـــت یان نە، باســـێکی ترە، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە بەو تەمایە بوو.

## ئاکام و دواگوتە

ئێســـتا، بـــە گوێرەی ئـــەم شـــیکارییانەی لە ســـەرەوەدا کردمان، هـــەوڵ دەدەین بە بەڵگە وەڵامی پرسیارە ســـەرەکییەکانی توێژینەوەکە بدەینەوە.

لە وەڵامی پرســـیاری یەکـــەم کە فەزای مەجـــازی و ئینتێرنێـــت، چ کاریگەرییەکـــی لـــە ســـەر بزووتنـــەوەی نەتەوەیی کـــورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان دانـــاوە و چ دەرفەت یان بەربەســـتێکی بۆ خولقاندووە؟ پێویســـتە بڵێین کە لە بزووتنەوەی پشـــتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕێفراندۆمی باشوور و پاڵپشتی لە بوومەلـــەرزە لێدراوانی ئەزگەلە و دەوروبەری، نارەزایەتییەکان بەرهەمـــی پەیوەندیی تاکی کـــورد لە دنیـــای ســـایبێر و گرێدانی لەگەڵ دنیای واقع بوو. واتا، ئەوە برەودانی فەرهەنگی ئینتێرنێت بوو کە بوو بە هۆکاری ســـەرەکیی کۆبوونەوەکان. بـــڵاو بوونەوەی هەواڵ و کەش و هەوای ڕێفراندۆم و کارەساتی بوومەلەرزە لە کاناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی ڕووداو و کوردســـتان ٢٤ و لـــە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی نیشـــتمانی جوان، ناسیۆنالیســـمی کـــوردی و باقی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـــدا بوو کە ئـــەم کۆبوونەوە و نارەزایەتییانەی لە شەقام و گۆڕەپانی شارەکاندا لێ کەوتەوە.

لە وەڵامی پرســـیاری دووهەمـــدا کە ئەم بزووتنەوەیە بـــەدوای چییەوەیـــە و دەکەوێتە خانەی کام جۆر لە بزووتنەوەکان؟ پێویســـتە بڵێیـــن کە ئـــەم بزووتنەوەیـــە تایبەتمەندیی هەر دوو جۆری بزووتنـــەوە کۆن و نوێیەکانی پێوە دیار بـــوو. یەکێک لـــە ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە، خەبات دژی نابەرابەریی ئابووری و سیاســـی و گەندەڵی بـــوو. خەبات دژی ئەو ســـتەمە نەتەوایەتییە کە نەتەوەی باڵادەست دژی نەتـــەوەی کـــورد ئەنجامـــی دەدات، کە

تایبەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانە. هەروەها، ئەم بزووتنەوەیە خاوەنی کۆمەڵێک ئامانجی پۆست ماتریالیستی وەک ڕەخنە گرتن لە دەسەڵات و لایەنگری لە ئازادی بیرورا و لە هەمووان گرینگتر ناسنامەخوازی بوو. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بزووتنەوەی بەرلێکۆڵینەوەی ئێمە تایبەتمەندیی بزووتنەوە نوێیەکانیشی هەبوو، ئەو بزووتنەوانەی کە لە ئورووپا و لە پاش دەیەی ١٩٦٠ سەریان هەڵدابوو.

ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و داواکاریی بزووتنەوە کۆنەکانی وەک ویستی بەشداریی سیاسی و بەرابەری ئابووری تێدا بوو؛ بەڵام زیاتر بەدوای «ناسنامەی سیاسی» نوێیەوە بوو. ناسنامەیەک کە نەتەوەی کورد لە ئێران لە پاش شکست هێنانی ڕێفراندۆم لە باشووری کوردستان لێی دەگەڕا. ناسنامەیەک کە بەرنامەی بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا و دەست پێ کردنی ژیانێکی کوردانە و جیاواز دادەڕشت. ناسنامەیەک کە سەربەخۆیی «سووژەی کورد»ی لە هەمبەر زاڵێتی و سوڵتەی نەتەوەی باڵادەست، بونیاد دەنا و دەیویست نەتەوەی کورد خۆی ڕەوتی مێژوومەندی کۆنترۆڵ کا و کۆمەڵگایەکی کوردانە لە هەمبەر «ئەویتری» نەتەوەی باڵادەست سازکا و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکات. ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لەوەی کە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕووخێنەرانە بووبێت، بزووتنەوەیەکی خۆڕاگرانە و بەرگریکارانە بوو کە دەیهەویست ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە بەرابەر تەوژمی بەرینی هێرشی سەخت ئامێری و نەرم ئامێری دەوڵەتانی داگیرکەر بپارێزێت و لە هەمبەر زوڵم و ستەمی داگیرکەر بەکۆمەڵ بوەستێ، وەستانێک کە بە شێوەی تاکەکەسی تەحەممول نەدەکرا و ئەم پەیامەی دەگەیاند کە: نەتەوەی کورد داکۆکی لە مان و ناسنامەی خۆی دەکا و هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی دریژە بە خەباتی خۆی دەدا.

## پەراوێز

1-Network society
2-Manuel Castells
3-Abercrombie
4- Smelser
5-Aberl
6- Anthony Giddens
7- Alain Touraine
8-Historicity
9- Expressive
10- new social movements
11- Kate nash
12-Non-instrumental
13- Networks of ourtage and hope: Social movements in the internet age
14- Virtual Reality
15- self-reflective
16- http://fa.euronews.com , 26/9/2017
17- Inglehart

## سەرچاوەکان


اینگلهارت،رونالد؛ولزل،کریستین. نوسازی،تغییر فرهنگی و دموکراسی. ترجمه یعقوب احمدی. (تهران،نشر کویر،١٣٨٩)

غفاری،غلامرضا؛ ابراهیمی لویه،عادل. جامعه شناسی تغییرات اجتماعی. (تهران، نشر آگرا، ١٣٨٧)

کاستلز، مانوئل. شبکه‌های خشم و امید: جنبشهای اجتماعی درعصراینترنت. ترجمه مجتبی قلی پور. (تهران، نشر مرکز،١٣٩٤)

کاستلز، مانوئل. عصر اطلاعات: اقتصاد، جامعه و فرهنگ. ترجمه احد علیقلیان، افشین خاکباز و حسن چاوشیان. (تهران، نشر طرح نو،١٣٨٠)

گیدنز، آنتونی. جامعه‌شناسی. ترجمه منوچهر صبوری. (تهران، نشر نی، ١٣٧٦)

نش، کیت. جامعه‌شناسی سیاسی معاصر: جهانی شدن، سیاست، قدرت. ترجمه‌ی محمدتقی دلفروز. (تهران، انتشارات کویر،١٣٩٢)

Abercrombie, Nicholas. Hill Stephen and Turner. S. Bryan. Dictionary of Sociology (New York: Published by the Penguin Group, 1984).

Castells, Manuel. Networks of Outrage and Hope: Social Movements in the Internet age. (Cambridge, Polity Press, 2012)

Kaldor, M. Global civil society. (London, Blackwell publishing, 2003)

Smelser, Neil. Theory of collective behaviour. (New York, Free press, 1963).

Touraine, A . The voice and the eye: an analysis of social movements. (New York, Cambridge University Press, 1981)

# دیکتاتۆرییەت و هەڵبژاردن:

## نموونەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ئیدریس ئەحمەدی

„

فاکتەری پێکهاتەیی، لەوانە جۆری دیکتاتۆرییەتی هەڵبژاردنکارانە و دامەزراوەی تایبەت بە هەڵبژاردن وێڕای ئابووریی سوودخۆر لە ئێراندا، هۆکاری سەرەکیی خۆڕاگریی کۆماری ئیسلامین. لە ئێراندا ئۆپۆزیسۆنێک لە ئارادا نییە تاکوو باس لە دەوری ئەکتەری سیاسی بکرێ. باڵی «ڕیفۆرمخواز» ناشێ بە ئۆپۆزیسۆنی کۆماری ئیسلامی لەقەڵەم بدرێ، چونکە پابەندن بە مانەوەی ڕێژیم. تەنانەت ئەگەر بە ئۆپۆزیسۆنیش لەقەڵەم بدرێن، تاکوو ئێستا یەکێک لە هۆکارە سەرەکی و کاریگەرەکانی درێژکردنەوەی دیکتاتۆرییەتی ویلایەتی فەقیە بوونە.

“

## سەرەتا

چۆنە لەنێو ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ یان دیکتاتۆرانەدا کە هەڵبژاردن بەڕێــوە دەبەن، هێندێکیان بەرەو دێموکراسی گوزار دەکەن، لە کاتێکدا هێندێکیان وەک خۆیــان دەمێننەوە یــان تەنانەت داخراوتر دەبن؟ بە واتایەکی دیکە، هۆی چییە هەڵبژاردن لــە هێندێک وڵاتی ســەرەڕۆ یــان دیکتاتۆردا، دەرفەتێکــە بــۆ گوزار بــەرەو دێموکراســی، لە کاتێکدا لــە هێندێکی دیکەیانــدا، زۆرتر بووەتە هۆی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمی سەرەڕۆ یان دیکتاتۆر؟

زانایانی سیاســی وەڵامــی جۆراجۆرییان بەو پرسیارانە داوەتەوە. ئامانجی ئەم وتارە ئەوەیە کە، بە پشتبەســتن بە هێندێک لــەو لێکوڵینەوانەی کە لەو بارەوە ئەنجام دراون، لە کەیسی کۆماری ئیســلامی ورد دەبێتەوە بە مەبەستی نیشاندانی ئــەوەی کە هەڵبــژاردن لە کۆماری ئیســلامیدا دەرفەت نییــە بۆ پێکهێنای گۆڕانی سیاســی و تەنانەت ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ســنووردار، تاکوو دەرفەتێــک بێ بۆ گــوزار بەرەو دێموکراســی. بەشداریی خەڵک لەو هەڵبژاردنانەی کە کۆماری ئیســلامی ڕێکیان دەخا، بەتایبــەت هەڵبژاردنی مەجلیــس و ســەرۆک‌کۆماری، نەتەنیــا ڕەوایی دەبەخشــێتە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و ســتەمکار، بەڵکــوو تەمەنی ئــەو ڕێژیمە درێــژ دەکاتەوە. ئامانجێکــی دیکــەی ئــەم وتــارە، هەوڵێکە بۆ شــیکردنەوەی ئەو بابەتەی کە بۆ هەڵبژاردن لە کۆماری ئیســلامیدا یارمەتیدەری درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتە.

## «خۆڕاگریی» دیکتاتۆرییەت

پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، خۆشبینییەکی زۆر ســەبارەت بە بڵاوبوونەوەی دێموکراســی لە دنیــادا هەبوو. لــە زانســتە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆچوونێــک هەیە کە پێی وایە وڵاتانی ســەرەڕۆ یان دیکتاتۆر، زوو یان درەنگ گوزار دەکەن بەرەو دێموکراســی. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە، زۆرێک لەو وڵاتانە گوزاریان نەکرد بەرەو دێموکراســی و شاهیدی «خۆڕاگریی» دیکتاتۆرییەت بووین.[۱]

ئێســتا جــۆرە ڕێژیمێــک لە دنیــادا هەیە کە بــە «ڕێژیمی تێکــەڵاو»[۲] یان «ســەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانە»[۳] لەقەڵەم دراون. تایبەتمەندیی ئــەو ڕێژیمانە ســەرەڕای ئەوەی ســەرەڕۆ یان دیکتاتــۆرن، ئەوەیــە کــە هەڵبــژاردن بەڕێوە دەبەن؛ بۆیە بە «تێکــەڵاو» یان «هەڵبژاردنکارانە» لەقەڵــەم دراون. بە واتایەکــی دیکە، تێکەڵاوێک لە ســەرەڕۆیی و دامەزراوەی دێمۆکراتیک لەخۆ دەگــرن، یان ســەرەڕای ئەوەی کە ســەرەڕۆن، هەڵبــژاردن بەڕێوە دەبەن. هەڵبــەت هەڵبژاردن لەو جۆرە ڕێژیمانەدا، ئازادانە و دادپەروەرانە نییە؛ هەربۆیە لە وڵاتانی دێمۆکراتیک جیا دەکرێنەوە.

هێندێک لــەو ڕێژیمە تێکەڵاوانــە گوزاریان کــردووە بــەرەو دێموکراســی، لــە کاتێکــدا هێندێکیان وەک خۆیان ماونەتەوە. بە مەبەستی سادەکردنەوەی باسگەلێکی ئاڵۆز، دەتوانین بڵێین بە گشــتی بە دوو شــێوە ئەو جیاوازییە لەنێوان ڕێژیمــە تێکەڵاوەکان شــی کراوەتەوە؛ لەلایەک هێندێک لێکۆڵەر گرنگی بە فاکتەری پێکهاتەیی (ســاختاری)[۴] دەدەن، لــە لایەکــی دیکــەوە هێندێــک لێکۆڵەری دیکە گرنگــی بە بکەری[۵] یان ئەکتەرەکانی گۆڕەپانی سیاسەت دەدەن، واتا هەم حکومەتی دەسەڵاتدار، هەم ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتانی سەرەڕۆدا.

فاکتــەرە پێکهاتەیییــەکان بریتیــن لــە دامــەزراوەی (نهاد) مەوجــوود، واتە هەم جۆری ڕێژیمی سەرەڕۆ یان با بڵێین سیستەمی سیاسیی ڕێژیمی ناوبراو، هەمیش یاساورێسای هەڵبژاردن لە سیستەمێکی لەو چەشنە. فاکتەری پێکهاتەیی دەتوانــێ سیســتەمی ئابووریش لەخــۆ بگرێ. کاتێــک باس لە بکــەر یان ئەکتەری سیاســی دەکەین، مەبەست کردار و ستراتێژیی حکومەتی دەســەڵاتدار و ئۆپۆزیســیۆنە لە کاتی ململانێ لەگەڵ یەکتر لە گۆڕەپانی هەڵبژاردندا. لە کاتێکدا حکومەتی دەسەڵاتدار بە زۆرەملی یان لە ڕێگای ســاختەکاری و فریوکارییــەوە بــێ، هەوڵ دەدا هەڵبژاردن «بباتەوە» و لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە،

ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ لە ڕێگای بایکۆتکردنی هەڵبژاردن یان پێکهێنانی بەرە یان بە شێوەی دیکە، شەرعییەت لە ڕێژیمی حاکم زەوت بکا و ناسەقامگیری بکا، یان ئەوەی لە هەڵبژاردندا بەسەر حکومەتی دەستەڵاتداردا سەرکەوێ. بە کورتی، جیاوازیی نێوان پێکهاتە و بکەری وەک جیاوازیی نێوان ترافیک و شۆفیر وایە، یان وەک جیاوازیی نێوان کوێستان و شاخەوان وایە.[۶]

جێگای ئاماژەیە، هێندێک لێکۆڵەری دیکە فاکتەری دەرەکی، لەوانە سیاسەتی زلهێزان یان پەیوەندیی نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتانەی کە سیستەمێکی تێکەڵاویان هەیە، بەرجەستە دەکەنەوە. ئەمانەش ڕەنگە بکەوێتە خانەی فاکتەرە پێکهاتەیی‌یەکانەوە یان باندۆریان (تأثیر) هەبێ لەسەر ئەکتەرە سیاسییەکان لە وڵاتێک کە سیستەمێکی تێکەڵاوی هەیە. بۆ نموونە لەوبارەوە دەکرێ ئاماژە بە سیاسەتی ئەمریکا یان وڵاتانی ڕۆژئاوا بدرێ، دەربارەی گوشارهێنان بۆ حکومەتێکی سەرەڕۆ یان پشتیوانیکردن لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو جۆرە حکومەتانە.[۷]

وێدەچێ یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە هێندێک حکومەتی سەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانە بەرەو دێموکراسی گوزار دەکەن، بەڵام هێندێکیان وەک خۆیان دەمێننەوە، بگەڕێتەوە بۆ جۆری ڕێژیمی تێکەڵاو یان سەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانە. بە واتایەکی دیکە، ئەو جۆرە ڕێژیمانە یەکدەست نین. لەم پەیوەندییەدا، جیاکاریی لە نێوان دوو جۆر لەو ڕێژیمانە کراوە؛ لە لایەک جۆرێک کە لە دەروونی خۆیدا ڕێگا بە ڕکابەری دەدا، بۆ نموونە مۆڵەت بە ئۆپۆزیسیۆن دەدا کە لە هەڵبژاردندا بەشدار بێ، هەرچەند هەڵبژاردنەکان ئازاد و دادپەروەرانە نین، لە لایەکی دیکەوە جۆرێک لە ڕێژیمی سەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانە کە ڕێگا بەو ڕکابەرییە نادا. هەڵبەت ئەم جیاوازییە بە شێوەی جیاواز پێناسە کراوە. بەبێ ئەوەی لێرەدا بەوردی باس لەو پێناسە جیاوازانە بکەین، دەتوانین بڵێین لێکۆڵەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە جۆری یەکەم، واتا ئەوانەی ڕێگا بە ڕکابەری دەدەن، هەوێنی ئەوەیان تێدایە بەرەو دێموکراسی گوزەر بکەن، جۆری دووهەم ئەو هەوێنەیان تێدا نییە. ئەمەش شیکردنەوەیەکی دامەزراوەیی‌یە بۆ جیاوازیی نێوان ئەو جۆرە ڕێژیمانە سەبارەت بە گوزارکردنیان بەرەو دێموکراسی یان مانەوە لە شکڵی ڕێژیمی تێکەڵاو یان سەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانەدا.[۸]

هێندێک لێکۆڵەری دیکە لەم پەیوەندییەدا دەوری سیستەمی ئابووریی بەرجەستە دەکەنەوە. ئاماژە بەوە دراوە کە ئەو ڕێژیمانەی سامانی سروشتی بەرچاویان وەک گاز و نەوت لەبەردەستدایە، کە بە ڕێژیمی «سوودخۆر» ناوزەد کراون، جگە لەوەی بێ‌منەت دەبن لە کۆمەڵگا، هەروەها بەشێکی زۆر لەو داهاتەی دەستیان دەکەوێت، بۆ بۆ کڕینی وەفاداریی هاووڵاتییان و پێکهێنانی ڕێکخراوی زەبەلاحی ئەمنییەتی بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆن و جەماوەری ناڕازی لەپێناو مانەوە لە دەستەڵاتدا بەکاری دێنن. بە کورتی، لێکۆڵەرێک بەو دەرئەنجامە گەیشتووە، ئەو دیکتاتۆرانەی ئابووریی وڵاتەکەیان بەدەستەوەیە، دەتوانن لە ڕێگای فێڵ‌وتەڵەکەوە لە کاتی هەڵبژاردن لە دەستەڵاتدا بمێننەوە، بەڵام ئەوانەی ئابووریی وڵاتیان لەدەستدا نییە یان سەرچاوەی سروشتییان نییە، هەڵبژاردن دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی لە دەستەڵات بکەون.[۹]

هێندێک لێکۆڵەری دیکە، توانایی دەوڵەت، یەک لەوان توانایی سەرکوتکردن، وەک فاکتەرێکی سەرەکی لەم پەیوەندییەدا بەرجەستە دەکەنەوە. بەکورتی، ئەو دەوڵەت یان ڕێژیمانەی توانایی بەرچاویان هەیە، وەک باس کرا یەک لەوان توانایی سەرکوتکردن، لە دەستەڵاتدا دەمێننەوە. بەپێچەوانە، ئەو دەوڵەت یان ڕێژیمانەی لاوازن، ئەگەری هەیە لە نەتیجەی هەڵبژاردندا بگۆڕێن.[۱۰]

دەستەیەک لێکۆڵینەوەی دیکە گرنگی دەدەن بە ئەکتەرەکان لە گۆڕەپانی هەڵبژاردندا. هێندێک ڕێژیم بە شێوەیەکی تەڵەکەبازانە دەتوانن لەو «هەڵبژاردنانەدا» سەرکەوتوو بن؛

ئەویــش بۆ نموونە دەتوانێ لــە ڕێگای لەتکردن یــان دەورلێدانی ئوپۆزیســیۆنەوە بــێ. هەڵبەت ئۆپۆزیســۆنێک کە بتوانێ لە بەربەرەکانی لەگەڵ دەســتەڵاتدا یەکگرتوو بێ یــان بەرە پێک بێنێ و داهێنــەر بێ، دەتوانێ لەو جۆرە هەڵبژاردنانەدا، لەگەڵ ئەوەی ئــازاد و دادپەروەرانە نین، دواجار براوە بێ.[۱۱]

لــە کۆتاییــدا، هێندێــک لێکۆڵــەر دەوری فاکتەری دەرەکی لــە یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان حکومەتی دەســتەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن لەو وڵاتانەی کە ڕێژیمی تێکەڵاویان هەیە، بەرجەستە بکەنــەوە. بە گوێــرەی لێکۆڵەرێــک، فاکتەری دەرەکی وێــڕای پێکهێنانی بەرە لە لایەن لایەنە جیاوازەکانــی ئۆپۆزیســیۆنەوەیە دەبنە هۆکاری گوزار بەرەو دێموکراسی لەو جۆرە وڵاتانەدا.[۱۲]

## کۆماری ئیسلامیی ئێران چ جۆرە ڕێژیمێکی هەڵبژاردنکارانەیە؟

ئەگــەر دوو جــۆری ڕێژیمــی ســەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانە کە لە ســەرەوە ئاماژەیان پێ درا خاڵی دەستپێکمان بێ و لەو سۆنگەیەوە بڕوانینە کۆماری ئیســلامیی ئێران، بۆمــان دەردەکەوێ کۆمــاری ئیســلامی لەو جــۆرە ڕێژیمانــە نییە دەرفەت بە ڕکابەریــی مانادار لە هەڵبژاردنەکاندا بدا. کۆماری ئیسلامی ڕێکخراوە سیاسییەکانی بە «هەڵوەشاوە» ڕاگەیاندووە و بە شەڕکردن لەگەڵیان و تیرۆرکردنی کادر و ئەندامانی سەرکردایەتییان، هەوڵــی لەنێوبردنیانی داوە. بەو پێیە، لە کۆماری ئیسلامیدا، ئۆپۆزیســیۆنێک لە ئارادا نییە. ئەگەر ڕکابەری لە کۆماری ئیسلامیدا هەبێ، ڕکابەرییەکە ســنووردار کراوە بە ململانێی سەر کورسییەکانی مەجلیس و پۆستی سەرۆککۆماریی نێوان باڵ یان کۆتلەکانی ڕێژیم ئەمانەش هەموویان، ســەرباری هــەر جیاوازییەک پێکــەوە هەیانبێ، پابەندن بە مانەوەی کۆماری ئیســلامی و دەرهاویشتنی هەر جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێک بەرانبەر بە ڕێژیم.[۱۳]

ســەبارەت بــە دامــەزراوەی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا، بێ گومان دەبێ ئاماژە بە شــۆرای نیگابان بدرێ. شۆرای نیگابان دامەزراوەیەکــی هەڵبژێردراو نییــە و ئەندامانی لە لایەن وەلیی فەقیهــەوە دیاریی دەکرێن. ئەو شــۆرایە بڕیار دەدا لە ســەر پەســەندکردن یان ڕەدکردنــەوەی کاندید بۆ مەجلیس و پۆســتی سەرۆککۆماریی. شۆرای نیگابان ئەو بڕیارە لەسەر ئەساســی پابەندبوونی ئەو کاندیدانە بە کۆماری ئیسلامی، واتا سیســتەمی ویلایەتی فەقیە دەدا و، ڕاســتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ویستی وەلیی فەقیە جێبەجــێ دەکا. پاش چوار دەیــە و پتر لە ۳۰ هەڵبژاردن لە کۆماری ئیســلامیدا، ئێران گۆڕانی سیاســی بەرەو ئازادی و دێموکراســی بەخۆیەوە نەبینیــوە. لێــرەدا جێگای ئاماژەیــە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیــەک، لــە نێوان ســاڵانی ۱۹۸۰ و ۲۰۱۳دا، ڕێژەی کاندیدەکانی سەرکۆماریی، واتە ئەوانەی ڕێژیم پەســەندیان دەکا بۆ خۆپاڵاوتن، لە نۆ لەســەدەوە داشــکاوە بۆ کەمتــر لە یەک لــە ســەد.[۱۴] کەوابــوو، بەپێی زەمــان، ڕێژیم بەرتەســکتر و یەکدەستر بووەتەوە، نەک کراوەتر و پلۆرالیســتر. هەروەها کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لەمێژە حیزبەکانی ئۆپۆزیســیۆنی بە «هەڵوەشاوە» ڕاگەیانــدووە، بەڵکوو تەنانــەت هێندێک حیزبی خۆشیانی داخستووە؛ دەتوانین داخستنی «جبهه مشــارکت ایران اسلامی» و «ســازمان مجاهدین انقلاب اســلامی ایران» پــاش نارەزایەتییەکانی ساڵی ۲۰۰۹ وەک نموونە بێنینەوە[۱۵].

ســەبارەت بــە مانــەوە و خۆڕاگرییــی دیکتاتۆرییــەت لە چوار دەیەی ڕابردوو لە ئێران، دەبــێ بگوتــرێ کۆماری ئیســلامی لــە ڕووی دەســتەڵاتی زبرەوە ڕێژیمێکــی بەهێزە. هێزی ڕێژیم لــە توانای ســەرکوتکردنەوە ســەرچاوە دەگرێ. ســەرچاوەی ئەم هێزەش، ئەوەیە ڕێژیم کۆنترۆڵی بەســەر ئابووریی وڵاتدا هەیە و لەپێناو چەسپاندنی دەســتەڵاتی خۆی و سەرکوتی هەر جــۆرە ڕاپەڕین و شۆڕشــێک لــە نێوخۆ وێڕای سیاســەتی بەرفراوانخوازی و ئیمپێریالیســتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، ســامانی دارایی وڵاتی بەکار هێناوە.[۱۶]

لە لایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی نەتەنیا بە شەڕ و تیرۆر، ئۆپۆزیسیۆنی لە ڕووی فیزیکییەوە لــە وڵات دوور خســتووەتەوە و لاوازی کردووە، بەڵکوو ئەو ئۆپۆزیســیۆنەی لە دەرەوەی وڵاتیش هەیە، بە هۆی جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە نەیتوانیوە بەرەیەک پێک بێنێ. وڵاتانی ڕۆژئاواش تاکوو ئێســتا بە ڕوونی پشتیوانیی ئۆپۆزیسیۆنیان نەکردووە.

بە کورتی، فاکتەری پێکهاتەیی، لەوانە جۆری دیکتاتۆرییەتــی هەڵبژاردنکارانــە و دامەزراوەی تایبەت بە هەڵبژاردن وێڕای ئابووریی ســوودخۆر لە ئێراندا، هۆکاری سەرەکیی خۆڕاگریی کۆماری ئیسلامین. لە ئێراندا ئۆپۆزیسۆنێک لە ئارادا نییە تاکوو باس لە دەوری ئەکتەری سیاســی بکرێ. باڵی «ڕیفۆرمخواز» ناشێ بە ئۆپۆزیسۆنی کۆماری ئیســلامی لەقەڵەم بــدرێ، چونکــە پابەندن بە مانەوەی ڕێژیم. تەنانەت ئەگەر بە ئۆپۆزیسۆنیش لەقەڵەم بدرێن، تاکوو ئێســتا یەکێک لە هۆکارە ســەرەکی و کاریگەرەکانــی درێژکردنــەوەی دیکتاتۆرییەتی ویلایەتی فەقیە بوونە.

## بۆ لە کۆماری ئیســلامیدا دەرفەتی ڕیفۆرم نییە

تەنانەت ئەگــەر وای دابنێین باڵی «ڕیفۆرمخواز» لە کۆماری ئیســلامیدا بەڕاســتی ڕیفۆرمخوازن، هەڵبەت وا نییە، دوو بەربەســت لەســەر ڕێگای ڕیفۆرمی سیستەمی سیاسیی مەوجوود لە ئێراندا هەیە. لە دەستوور یان یاسای بنەڕەتیدا، سیستەمی ویلایەتی فەقیە وەک «هەمیشەیی» سەپێندراوە. بەو پێیە، دەســتوور ڕێگا بە ڕیفۆرمی دەستووری لەوبارەوە نادا. هەروەها، پــاش هەموارکردنەوەی دەستووری کۆماری ئیســلامی لە ساڵی ١٩٨٩، دەســتەڵاتی وەلیی فەقیە کرا بــە ڕەها. ئەمەش ئەوەندەی دیکە ڕیفۆرمی دەســتووریی ئەســتەم کــردووە. بەو پێیــە، تەنیا لە ڕێگای شۆڕشــەوە دەکرێ نیزامی سیاسی لە ئێران بگۆڕدرێ.[١٧]

دووهەم، بەپێی دەســتوور، شــۆرای نیگابان و وەلیی فەقیە لە ڕێگای ئەو شــۆرایەوە دەتوانن ڕێگری لە هەر پرۆژەیاسایەک (لایحە) لە مەجلیس بکەن کە لەگەڵ ئیسلام و بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم ناکۆک بێ. ئەمەش ساڵی ٢٠٠٠ ڕووی دا، کاتێک ڕیفۆرمخــوازەکان، کە زۆرینەی کورســییەکانی مەجلیســیان هەبوو، پرۆژەیاســایەکیان لەپێناو پێکهێنانی گۆڕان لە یاســای چاپەمەنیدا هێنایە گۆڕێ، بــەڵام وەلیی فەقیە و شــۆرای نیگابان، پێشیان بە پەسەندکردنی گرت.[١٨]

بەدەر لــەو پرۆژەیاســایە، ڕیفۆرمخوازەکان تاکوو ئێســتا هیچ بەرنامە یان مانیفێســتێکیان لەپێنــاو ڕیفۆرمدا پێشــکەش نەکــردووە، تاکوو دەگا بــەوەی باس لە ڕیفۆرمی دەســتوور بکەن. محەممەد خاتەمی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە لێدوانێکدا دانی بەوە دانــا کە خاوەن مانیفێســت نەبوون: «کێشــەیەکی ڕیفۆرمخوازی [لە ئێراندا] ئەوە بوو کە پێناســەیەکی وردی لە ڕیفــۆرم نەبوو و هەر کەس و گرووپێک کە تێیدا بەشدار بوون، پێیان وا بوو ڕیفۆرمیستن.»[١٩]

لەگەڵ ئەوەش، خامەنەیی و شۆرای نیگابان تەحەمولــی ڕیفۆرمخوازەکان ناکەن، ســەرەڕای ئەوەی سامانێکی سیاسیی گرنگن بۆ ڕێژیم، چونکە بە هــۆی ئەوانەوە، هەم خەڵک بە هیوای ڕیفۆرم لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار دەبن، هەمیش ڕۆژئاوا بە هیوای سەرکەوتنی ئەوان و گۆڕینی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی ئێران، سەبری زۆریان لەگەڵ کۆماری ئیســلامی هەبووە. بــە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شۆرای نیگابان لە هەڵبژاردنەکانی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو کاندیدی ڕیفۆرمخوازانی بۆ مەجلیس ڕەت کردووەتــەوە و ڕیفۆرمخوازەکان لە نەبوونی کاندیــدی خۆیان لە دوو هەڵبژاردنی دواییی سەرۆککۆماریدا پشتیوانییان لە ڕۆحانی کرد، ئەگەری زۆرە پەراوێز بخرێن، مەگەر ئەوەی خامەنەیــی مەجالدان پێیان بــە قازانجی ڕێژیم بزانێ، بەتایبەت بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا سیاسەتی توند بەرانبەر بە ڕێژیم نەگرێتە بەر.

هەرچۆنێــک بــێ، ئەزموونــی پتــر لە ٣٠ هەڵبــژاردن لە چوار دەیــەی ڕابردوودا بە ڕوونی نیشــانی داوە کە ئەگەر دانیشــتووانی ئێران بە

مەبەســـت یان هیوای ڕیفـــۆرم لەپێناو ئازادی و دێموکراســـی، یـــان لانیکەم حکومەتـــی کارامە و بەرپرســـیار و کەمتر ســـتەمکار و گەندەڵ، لە هەڵبژاردندا بەشـــدار دەبن، ئەوا بەهەڵەدا چوون و دواجار هەر پەرێشـــانییان بۆ ماوەتەوە. لەوەش خراپتر، بەشـــداریکردن لە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا، دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتی ویلایەتی فەقی.

## بایکۆتی بەرین و ناسەقامگیرکردنی کۆماری ئیسلامی

ئەگەر ئەو لێکدانەوەی ســـەرەوە دروست بێ، ئەوا بایکۆتـــی بەرین لە هەمـــوو هەرێمەکانی ئێراندا دەتوانێ کۆماری ئیسلامی تووشی ناسەقامگیریی سیاســـی بـــکا.[٢٠] ئـــەوەی تاکوو ئێســـتا تاقی نەکراوەتەوە، بایکۆتی بەرینە. ڕاستە، لە کوردستان بەردەوام بایکۆت بژاردەیەک بووە، بەڵام بۆ ئەوەی بایکۆت شوێندار بێ، پێویستە بەتایبەت لە ناوچە فارسنشـــینەکان وەکـــوو بژاردەیەکی جیددی و کاریگەر، بەڵام لە هەمان کاتدا کەمتێچوو، ڕەچاو بکرێ و تاقی بکرێتەوە.

هەڵبەت تا ئەو کاتـــەی ڕیفۆرمخوازەکان لە ئارادا بن، بەشـــێکی بەرچاو لە دانیشتووانی ئێران لە ناوچە فارسنشینەکان و تەنانەت هەرێمەکانی دیکەی ئێران، بەشداری هەڵبژاردنەکان دەبن. تا ئەو کاتەی دانیشتووانی ئێران دەرک بەوە نەکەن کـــە ڕیفۆرمخوازەکان نەتەنیا خاوەن مانیفێســـت نین، بەڵکوو ڕێژیمپارێزن، ئەفسانەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێراندا ڕێگر دەبێ لە مەیســـەربوونی بایکۆتی بەرینی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی.

## پەراوێز

1. Valerie J. Bunce and Sharon L. Wolchik, “Defeating Dictators: Electoral Change and Stability in Competitive Authoritarian Regimes,” World Politics, Vol. 62, No. 1 (January 2010); Daniela Donno, “Elections and Democratization in Authoritarian Regimes,” American Journal of Political Science, Vol. 57, No. 3 (July 2013).
2. Hybrid regimes
3. Electoral authoritarianism
4. Structure
5. Agency
6. Bunce and Wolchik, “Defeating Dictators,” passim.
7. Donno, “Elections and Democratization in Authoritarian Regimes,” passim.
8. Ibid., passim.
9. Merete Bech Seeberg, “Electoral Authoritarianism and Economic Control,” International Political Science Review, Vol. 39, No. 1 (2017).
10. Aurel Croissant and Olli Hellmann, “Introduction: State Capacity and Elections in the Study of Authoritarian Regimes,” International Political Science Review, Vol. 39, No. 1 (2017).
11. Bunce and Wolchik, “Defeating Dictators,” passim.
12. Donno, “Elections and Democratization in Authoritarian Regimes,” passim.
13. Idris Ahmedi and Ali Abdelzadeh, “Iran” in Carsten Anckar and Thomas Denk (eds.), Komparativ politik: Nio politiska system (Lund: Studentlitteratur, 2018).
14. Luciano Zaccara, “Elections and Authoritarianism in the Islamic Republic of Iran,” in Mahoud Hamad and Khalil al-Anani (eds.), Elections and Democratization in the Middle East: The Tenacious Search for Freedom, Justice, and Dignity (New York: Palgrave Macmillan, 2014), p. 160.
15. Naser Ghobadzadeh and Lily Zubaidah Rahim, “Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran,” Contemporary Politics, Vol. 22, No. 4 (April 2006), pp. 454-5.
16. Misagh Parsa, Democracy in Iran: Why It Failed and How It Might Succeed (Cambridge, Mass: Harvard University Press, 2016), passim.
17. Ahmedi and Abdelzadeh, “Iran”; Parsa, Democracy in Iran.
18. Ghobadzadeh and Rahim, “Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran,” p. 455.
19. Quoted in Anoushiravan Ehteshami and Mahjoob Zweiri, Iran and the Rise of Its Neoconservatives: The Politics of Tehran’s Silent Revolution (London: I.B. Tauris & Co Ltd, 2007), p. 1.
20. Cf. Ian O. Smith, ”Election Boycotts and Hybrid Regime Survival,” Comparative Political Studies. Vol. 47, No. 5 (2013).

# سینەما و کۆلۆنیالیزم:
# پیشاندانەوەی کورد لە سینەمای ئێراندا

سارۆ ئەردەڵان

**ئاماژە**

لە پاش سازبوونی دەوڵەت نەتەوەی ئێران، سینەمای نوێی ئێرانی باشترین دەرخەری تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە. لە ڕێگەی نیشانەناسیی ڕەخنەگرانەی ئەو فیلمانەی کە سەبارەت بە کوردستان لە لایەن دەرهێنەرە ئێرانییەکانەوە ساز کراون، دەردەکەوێ کە کوردستان ناوچەیەکی گوندی و لە دەرەوەی مێژووە. کورد نەخوێندەوار و نالۆژیکییە، کوردایەتی ئامانجیەتی ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکە ساز بکا، خەڵکی کورد لە پێشمەرگە جیایە، پێشمەرگە مرۆڤێکە لە خۆشەویستی نیشتمان و عەشق تێناگا و تەنیا بە زمانی توندوتیژی دەیەوێ کێشەکان چارەسەر بکا. هەروەها لە بەرامبەردا مرۆڤی ئێرانی خوێندەوارە، لۆژیکی بیر دەکاتەوە و بە زمانی دیالۆگ کێشەکان چارەسەر دەکا. مرۆڤی ئێرانی لە بەرامبەر خۆشەویستی بەرپرسیارە، عاشقی ڕاستەقینەیە و بۆ پاراستنی نیشتمانەکەی گیانی خۆی فیدا دەکا. بەم شێوەیە مرۆڤی کوردی بەئێرانیکراو/ئاسیمیلەکراو بەرهەم دێ کە لە زمان و کولتووری کوردستان، لە خۆی، لە مرۆڤبوون نامۆ بووە.

*پێشکەشە بە مامۆستا تەیفوور بەتحایی؛ بۆ شەهید چرچەی بارام میرزا و ئەو ئاگرەی لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەر دایەگیرساند.*

## دەستپێک
## کۆلۆنیالیزم و ئایدیۆلۆژیی ئێرانی

چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی لە جیاتی هەوڵ بدەین سیستەمی کۆلۆنیالیستیی ئێران بڕووخێنین، وامان لێ دێ بە ژیانی ڕۆژانەی خۆمانەوە سەرقاڵ ببین؟ ئایدیۆلۆژیی ئێرانی چۆن خۆی بەردەوام بەرهەم دەهێنێتەوە؟ ڕەنگە یەکەم وڵام بۆ زۆربەمان ئەوە بێ کە دەوڵەتی ئێران خاوەنی هێزێکی زەبەلاح لە سوپای چەکدار، پۆلیس و زیندانەکانە و دەتوانێ بە مەیلی خۆی هەر جۆرە نافەرمانی و شۆڕشێک سەرکوت بکا و دەستبەجێ کۆتایی پێ بێنێ. بە وتەی ئالتوسێر ئەم هێزانە «دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت» پێک دێنن. ئەم دەزگایانە لە ڕێگەی زۆرەملی و توندوتیژییەوە یاساکانی چەوساندنەوە بە سەر کوردستاندا دەسەپێنن. بەڵام کاتێک یاساکان چەسپان، چۆن بەردەوام دەبن؟ دەوڵەت هەمیشە دەتوانێ وەکوو دوایین ڕێگەچارە دەزگای سەرکوتکەر بەکار بێنێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی مەشروعیەتی دەچێتە ژێر پرسیارەوە. کەواتە لە ئاستی ژیانی ڕۆژانەدا پێویستە مرۆڤی کورد بە مەیلی خۆی لە چوارچێوەی سیستەمی بەهاکانی ئێراندا پەروەردە ببێ و بە شێوەیەک هەڵسووکەوت بکا کە دوژمن دەیەوێ. لە ڕوانگەی ئالتوسێرەوە، لێرەدایە کە دەزگا ئایدیۆلۆژیکەکانی دەوڵەت (لە قوتابخانەوە بگرە تا هونەر و سینەما) لە جیاتی ئەوەی خەڵک بە زەبری شمشێر لە خەو هەڵسێنن، لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیی ئێرانییەوە ناچاریان دەکەن لە بەرژەوەندی مانەوەی سیستەمی کۆلۆنیالیستی هەڵسووکەوت بکەن.[۱]

بۆمان ڕەنگە جێی پرسیار بێ بۆ زۆر جار دەرکەوتەی سیستەمی کۆلۆنیالیستی ئێران زۆر ڕوون نییە؟ یا لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ڕەنگە پێمان وابێ ئەگەر چەوساندنەوەیەکیش هەبێ یا پەیوەندی بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە و یا تەنانەت لەبەر هەندێک دەسەڵاتداری گەندەڵ و ناشارەزاوە ساز بووە. هەر بۆیە کاتێک لەگەڵ مرۆڤێکی ئێرانی هەڵسووکەوت دەکەین (لە کاروبارێکی تیجارییەوە بگرە تا خزمایەتی) کەمتر دژایەتیکردنێکی ڕووت و بەرچاو لە ئاست نەتەوەی کورد و کوردستان دەبینین. هەندێک جار لە زانکۆ هاوپۆلییە ئێرانییەکانمان هاودڵ و هاوڕا لەگەڵ خۆمان بینیوە و کاتێک لێکمان داوەتەوە وتوومانە کە حسێبی مرۆڤی ئێرانی لەگەڵ حکومەتی ئێران جیایە. هەر لێرەدایە کە دەردەکەوێ ئایدیۆلۆژیی ئێرانی توانیویەتی زۆر بە کارامەیی و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دزە بکاتە ناو هەست و نەستمانەوە. واتە توانیویەتی ئەم بیرۆکەیە لای تاکی کورد سەقامگیر بکا کە کولتووری ئێرانی بەرز و شارستانیانەیە و مرۆڤی ئێرانی مرۆڤی کورد و کولتووری کوردستانی خۆش دەوێ. من ئەم مێکانیزمەی ئایدیۆلۆژیی ئێرانی لە چوارچێوەی چەمکی کۆلۆنیالیزمی وەخۆگردا پێناسەی بۆ دەکەم. واتە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی لە ڕێگەی بە هی خۆکردن و نیشاندانی نزیکایەتی و گەرموگوڕی، خۆی لە جیاتی ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی دەچەسپێنێ و لەم ڕێگەوە سۆژەی تایبەت بەخۆی ساز دەکا. گرنگترین مێکانیزمی بەکۆلۆنیکردنی کوردستان سازکردنی ئایدیۆلۆژییە کە لە ڕێگەیەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەیدا دەزانین کە دەچەوسێینەوە و وڵاتەکەمان داگیر کراوە بەڵام بە شێوەیەک ڕەفتار دەکەین کە دەڵێی کۆیلە نین و مافەکانمان پێشل نەکراوە.[۲]

دەستپێکی هەر ڕەخنەیەک لە ئایدیۆلۆژی لە ژێر کاریگەری پێناسەیەکی کلاسیک

لە نەریتی مارکسیزمدایە کە مارکس بە دەستیەوە داوە. لەم پێناسەدا ئایدیۆلۆژی ئاگامەندییەکی چەوتە بۆ ئەوەی تاک لە مەبەستی سەرەکی سیستەمی سەرمایەداری تێنەگا. لەم ڕوانگەدا هەڵسووکەوتی چینی کرێکار بۆیە لە بەرژەوەندی سیستەمی سەرمایەدارییدایە چونکە ئاگادار نییە و سیستەمی سەرمایەداری ناناسێت؛ یا باشترە وا بڵێین چونکە چینی کرێکار لە جیاتی ئەوەی هەقیقەت بناسێ ئاگاییەکەی چەوتی هەیە و بەلاڕێدا براوە. واتە «خەڵک ئاگادار نین بۆیە بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن.» ژیژەک بە یارمەتی وەرگرتن لە سلۆتەردایک پێی وایە کە ئێمە وەک سوژەیەک تەواو لەوە ئاگادارین کە تێگەیشتنی ئێمە لە دنیای ڕاستەقینە بەلاڕێدا براوە، بەڵام باوەشمان بەم درۆیەدا کردووە و وەلای نانێین. بە وتەی سلۆتەردایک: «ئەوان زۆر چاک ئاگاداری شتەکانن، بەڵام هەر بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن.» لە ڕوانگەی ژیژەکەوە دەبێ کەمێک گۆڕانکاری لە تێگەیشتنی سلۆتەردایکدا بکرێ، چونکە لە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیدا زیاتر لەوەی کە زانین و مەعریفە گرنگ بێ، دەبێ ئاوڕ لە ڕەفتار و هەڵسووکەوت بدەینەوە. چونکە، بۆ نموونە، زۆرجار هەیە پیاوێک بە باشی تیۆرییە فێمینستییەکان دەزانێ و زۆر چاک لەوە ئاگادارە کە لە دنیای ئیستادا ژن و پیاو یەکسانن، بەڵام لە ماڵەوە سەرکۆنەی هاوژینەکەی دەکا کە بۆچی لە کاتی خۆیدا جلوبەرگەکانی ئوتو نەکردووە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم پیاوە دەزانێ و ئاگاداری مافی ژنانە، بەڵام بەپێی کردەوەکانی کەسێکە لە چوارچێوەی پیاوسالاریدا هەڵسووکەوت دەکا. کەواتە ئەم پیاوە باش دەزانێ ژنان و پیاوان پێکەوە یەکسانن بەڵام جۆرێک ڕەفتار دەکا کە دەڵێی نازانێ. لەم مانایەدا ژیژەک دەڵێ: «ئەوان دەزانن کە بەو کارەی دەیکەن لە وەهمێک پەیڕەوی دەکەن، بەڵام هەر بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن.»[٣]

بەگوێرەی ئەم مانا نوێیە کە ژیژەک لە ئایدیۆلۆژی مەبەستی دەکا تاکی کورد لە سەدەی بیستەم و یەکەمدا دەزانێ کە لە لایەن سیستەمی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی دەچەوسێتەوە، بەڵام دەیەوێ لەم وەهمەدا بژی کە سیستەمی ئێران نایەوێ کورد بچەوسێنێتەوە. هەڵبەت پێویستە کە دەزگا ئایدیۆلۆژیکەکانی دەوڵەت وەک مەکینەیەکی بەرهەمهێنەری ئایدیۆلۆژی وا بن و بەردەوام هەندێک مێکانیزمی دیاریکراوی هەبێ کە «باوەڕ» بە سیستەمێکی تایبەت لەناو خەڵکدا درووست بکەن. لەم ڕێگەوە باوەڕ بە شیاوبوونی ئەو سیستەمە لە ناوشیاری تاکدا ساز دەبێ و ئەمە ناوشیارە کە باوەڕ پێک دێنێ و تاکی چەوساوە بە ئایدیۆلۆژی ڕادەهێنێت.

## سینەما وەک دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژی

دەرکەوتەی ئایدیۆلۆژیی ئێرانی دەکرێ بە باشترین شێوە لە ناو ئەو فیلمانەدا ڕەنگ بداتەوە کە لە چوارچێوەی سینەمای نوێی ئێراندا سەبارەت بە کورد و کوردستان ساز دەکرێ. ئەم فیلمانە سەرەڕای ئەوەی ڕوانگەی ئیلیتی ئێرانی سەبارەت بە کوردستان نیشان دەدەن، چونکە هەم لە لایەن دام و دەزگای ئایدیۆلۆژیکی دەوڵەتی ئێرانەوە مۆڵەت دەدرێن، بودجەیان بۆ دابین دەکرێ، لە سینەماکانی ئێران بڵاو دەکرێنەوە، زۆربەی جار لە فستیڤالی فەجر خەڵات دەکرێن و لە کاناڵە ڕەسمییەکانی تیڤی ئێرانەوە (بەتایبەت کاناڵی یەک) بڵاو دەکرێنەوە، دەتوانن باشترین نوێنەری ئایدیۆلۆژیی ئێرانی بن کە لەگەڵ ئەوەیدا ناوشیاری کورد و ئێرانی ساز دەکەن و لەم ڕێگەوە باوەڕی کورد بە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی بەهێز دەکەن، سوژەی ملکەچی کوردی ئێرانی بەردەوام بەرهەم دەهێننەوە. بە وتەی ژیژەک «بۆ تێگەیشتن

له جیهانی ئیستا، پێویستمان به سینەمایە. تەنیا لە سینەمادایە کە دەتوانین لەم ڕەهەندە دژوارە تێبگەین کە ئێمە ئامادە نین بەرەورووی جیهانی ڕاستەقینەمان ببینەوە. ئەگەر ئێوە بە شوێن ڕاستییەکی زیاتر لەو ڕاستەقینەیەدا دەگەڕێن کە وەک خۆی لە ڕاستەقینەدا هەیە [دەتوانن] لەناو چیرۆکی سینەماییدا پەیجۆری بن.»[۴]

بۆ تێگەیشتن لە شێوازی پیشاندانەوە و وێناکردنی کورد و کوردستان لە ڕێگەی نیشانەناسیی ڕەخنەگرانەی ئەو فیلمانەی کە لە ئێران بەرهەم هاتوون، هەوڵ دەدەم دالە سەرەکییەکانی ئایدیۆلۆژیی ئێرانی دەستنیشان بکەم. لێرەدا ئاماژە بە دوو ڕەهەندی مێتۆدۆلۆژی توێژینەوەکەم دەکەم:

**١** من بە شێوازێکی ئالتوسێر-لاکانی مێتۆدۆلۆژی نیشانەناسیی ڕەخنەگرانە بەکار دێنم. لاکان پێیوایە کە دەکرێ مێکانیزمە زێهنییەکان لە ڕێگەی سێ نەزمی بابەتی خەیاڵی، بابەتی سەمبولیک و بابەتی ڕاستەقینە پۆلینبەندی بکەین. بابەتی خەیاڵی لە قۆناغی ئاوێنەییدا من یا ئێگۆ ساز دەکا. بابەتی سەمبولیک نزیک لە هەموو شتەکان دەگرێتەوە، لە زمانەوە و یاساکانەوە بگرە تا پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و، دەکرێ بوترێ کە بابەتی سەمبولیک سازێنەری زۆربەی ئەو شتەیە کە ئێمە وەک جیهانی ڕاستەقینە باسی لێ دەکەین. بابەتی ڕاستەقینە ئەو بەشانە پێک دێنێ کە ناتوانین بیانناسین و هەموو شتێک دەگرێتەوە. بابەتی سەمبولیک و بابەتی ڕاستەقینە بەتەواوی پەیوەندییان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە نەخۆشی کرۆنا لە دنیای ڕاستەقینەدایە، بەڵام ئێمە تەنیا لەناو بابەتی سەمبولیکدا لێی تێدەگەین. هەندێکمان پێمانوایە دەستکاری مرۆڤ لە سرووشت بووەتە هۆی سازبوونی ڤایرۆسی کۆوید ١٩، هەندێکمان پێمانوایە سزایەکە لە لایەن خوداوە نێردراوە و هەندێکیشمان واتێدەگەین کە ئەم ڤایرۆسە دەستکردی چینە تا کێشە بۆ ئابووری ڕۆژئاوا و دنیای سەرمایەداری ساز بکا. سوورانی ڤایرۆسەکە بە دنیادا پەیوەندی بە تێگەیشتنی ئێمەوە نییە و پەتای کرۆنا لە ئاست بابەتی سەمبولیکدا بێلایەنە؛ هەڵبەت بابەتی سەمبولیکە کە مانا بە بابەتی ڕاستەقینە دەبەخشێ و فامی ئێمە ساز دەکا.

ئایدیۆلۆژیی ئێرانی کە سازکەری نەتەوەی ئێرانە، پەیوەندییەک لە نێوان بابەتی ڕاستەقینە و بابەتی سەمبولیک ساز دەکا. ئەم ئایدیۆلۆژییە کاتێک لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی دەوەستێ، دەیەوێ بە هێرش کردنە سەر دنیای سەمبولیکی کورد (لە زمانەوە بگرە تا تایبەتمەندییە کولتوورییەکان) نەک سەمبولەکانی کوردستان لە ناو ببا و بێبەهایان بکا، بەڵکوو لە ڕێگەی مێکانیزمەکانی وەخۆگرتنەوە سەمبولەکانی کوردستان لە ناو سەمبولەکانی ئێرانییەتدا بتوێنێتەوە. بۆ ڕەخنە لەم ئایدیۆلۆژییە، گرنگە کە بزانین دالی مەزنی ئەم ئایدیۆلۆژییە چەمکی ئێرانە کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندی دالەکانی دیکە وەک خۆشەویستی، ئیمان و توندوتیژی و ... ساز دەبێ. هەر کام لەم دالانە دەتوانن لە بەستێنی ئایدیۆلۆژیی جیاوازدا ئاماژە بە چەندین مەدلول بکەن و لەسەریان هەڵبخلیسکێن و لە خاڵی تەقەڵەکاندا جێگر ببن. لەم ڕێگەوە ئایدیۆلۆژی خۆی یەکپارچە دەکا و لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژییەکانی دیکەدا بەهێز دەبێ.

**٢** لەم چوارچێوە تیۆرییەکەی کە باسم کرد و بە کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدۆلۆژی نیشانەناسیی ڕەخنەگرانە خوێندنەوەم بۆ حەوت فیلم لە سینەمای نوێی ئێرانیی پاش ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کردووە و نیشانم داوە کە چۆن فیلمەکان دەتوانن ئایدیۆلۆژیی ئێرانی نوێنەرایەتی بکەن و لە ڕێگەی دەستکاری کردنی بابەتی سەمبولیکەوە بابەتی

ڕاستەقینەی ژیانی ئێمە بەرهەم بهێنن. شێوازی هەڵبژاردنی فیلمەکان بەم شێوەیە بووە کە گرنگترینی ئەو فیلمانە بخەمە بەر باس کە لە چل ساڵی ڕابردوودا لە لایەن دەرهێنەرە ئێرانییەکانەوە بەرهەم هاتووە و بە شێوازێکی بەرفراوان بڵاو بوونەتەوە. لیستەی ئەم فیلمانە دەکرا زیاتر بن، بەڵام زۆربەی فیلمە سینەماییەکان کە بە شێوازێک پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە لە ڕووی تەکنیکییەوە لە ئاستێکی نەزمدان (وەکوو عروس حلبچە، مرزی برای زندگی، کانی مانگا، عقابها، پنجە در خاک، حماسەی درە شلیر و هتد.)، هەر بۆیە بەئەنقەست لەم وتارەدا باس نەکراون. چونکە ویستوومە نیشانی بدەم کە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیک لە باشترین فیلمەکانی سینەمای ئێران کە بینەری زۆرتریان هەیە، خەڵاتیان وەرگرتووە و ڕەخنەگرانی ئێرانی پێشوازییان لێ کردوون، دەتوانێ کارکردی پراکتیکی سیستەمی کۆلۆنیالیستی ئێران باشتر نیشان بدەن؛ ئەگەرچی لە فیلمە هەرزانباییەکانیشیاندا تەنانەت دەلالەتی ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی ئایدیۆلۆژیی ئێرانی زۆر ڕوونتر و بەرچاوتر دەبیندرێ. بۆیە دەکرێ بوترێ ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەکە بۆ چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگتر، بەتایبەت وردبوونەوە لە ڕەهەندەکانی پەیوەندی کولتووری جەماوەری بە ئایدیۆلۆژییەوە، بەکارهێنانی کولتووریی ئێرانی، سینەمای کۆلۆنیال و نەتەوەسازی لە ئێران.

## نیشانەناسیی ڕەخنەگرانەی سینەمای ئێرانی

**١** خاکی ئاشنا (خاک آشنا): کوردی ئاسیمیلەکراو باشترین کوردە!

بەهمەن فەرمانئارا کە وەک دەرهێنەرێکی بەرهەمهێنەر (مولف: auteur) لە سینەمای ئێراندا ناوی دەرکردووە، بە ساز کردنی فیلمی خاکی ئاشنا (٢٠٠٧/١٣٨٦) سەرەڕای ئەوەی لە لایەن ڕەخنەگرانەوە پێشوازی لێ کرا، هەروەها فیلمەکەی توانی لە دوازدە بەشدا بۆ وەرگرتنی خەڵات لە دوازدەهەمین جەژنی سینەمای ئێران (٢٠٠٨/١٣٨٧) بەربژێر بێ کە لە ئاکامدا توانی لە چوار بەشدا (باشترین دەرهێنەر، موسیقای فیلم، مونتاژ، دەنگ و میکس) خەڵاتی یەکەم بباتەوە.[٥] فیلمی خاکی ئاشنا سەبارەت بە ژیانی نیگارکێش و شاعیرێکی کوردی ئێرانییە (نامی نامدار بە دەورگێڕانی ڕەزا کیانییان) کە لە ژیانی تاران وەڕز بووە و گەڕاوەتەوە بۆ خانوو و زەوییەکانی بنەماڵەکەی لە یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی تیلەکۆ لە کوردستان تا لە ئارامیدا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی هونەری بێت. لە یەکەم سێکانسدا قووڵایی ئاسیمیلاسیۆنی کوردی خوێنەوارمان لەناو ئایدیۆلۆژیی ئێرانی مەزندا بۆ دەردەکەوێ. خوشکی نامدار لە درەنگانی شەودا لە درگای ماڵەکەی دەدا و گلەیی دەکا ئەم «شوێنە دوورەدەستە» کوێیە کە هاتوویت و «بۆمان نادۆزرێتەوە؟» (لە کاتێکدا خانووی باوکیان بووە و ئێستاش بە میرات بۆیان ماوەتەوە). دواتر نامدار وەک ئایدیال تایپی ڕۆشنبیری ئێرانی (کە لە پشتیەوە تابلۆی شێعرێکی شاملوو بە خۆشنووسیی نەستەعلیق هەڵواسراوە: آی عشق چهرەی آبی‌ات پیدا نیست») تووڕە دەبێ و خەڵک قەرزدار دەکا کە بۆ «زمانی فارسییان» شێواندووە. خوشکی نامدار داوای لێ دەکا کە سەرپەرشتیاریی تەنیا کوڕەکەی (بابەک) بۆ ماوەیەک بەئەستۆ گرێ، چونکە ناتوانێ لەگەڵ چوارەم هاوژینەکەیدا بیبا بۆ دوبەی. نامدار بەتووڕەییەوە دەیەوێ خۆی دەرباز بکا و دەڵێ دوبەی لەسەر نەخشەی جیهان بە ئەندازەی «گووی مێشێکە» و «نە شارستانیەتی هەیە و نە مێژووا» «خاکەکەشی هی مەملەکەتی ئێمەیە کە بردوویانە و ئەوێیان پێ ئاوەدان کردووەتەوە!» هەر بەم چەند ڕستەیە دالە گرنگەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەسەر

مەدلولەکانی خۆیان جێگر دەبن: عەرەب دواکەوتووە و خاوەنی شارەستانیەت نییە، بە سووکی دەبێ باس لە وڵاتە عەرەبییەکان بکرێ، زمانی فارسی شادەماری ئێرانیبوونە و پارێزەری شارەستانییەتێکی کۆنە!

بە فیلّ، بابەک لای نامدار دەمێنێتەوە. نامدار کە خۆی لە زمانی کوردی تێدەگا بەڵام بابەکی خوشکەزای هیچ لە زمانی کوردی تێناگا و باوکی حاشای کردووە کە بابەک کوڕی بێ (چونکە پێی وایە زۆڵە)؛ هەر لەبەر ئەمە بابەک سەرەڕای ئەوەی موعتاد و بێکارە، لە یەک ساڵدا سێ جار ویستوویەتی خۆی بکوژێ. بابەک بە یەک نیگا عاشقی کچێکی کوردی (مێهرماە، ناوێکی سەیر و سەمەرەی فارسی) هەرە جوان دەبێ و ئەمە وای لێ دەکا بتوانێ لەو گوندە بمێنێتەوە. کچێک کە دواتر بۆمان دەردەکەوێ هەر لە منداڵییەوە دراوە بە ئامۆزاکەی و هەرچەند زەماوەندیان نەکردووە، بەڵام هەر کەس لێی نزیک بێتەوە دەکوژرێ. لە سێکانسێکی دیکەدا، ئەم کچە لە درگای خانووی نامدار دەدا و داوای ئاو بۆ بووکەڵە تینووەکەی دەکا! بابەک کە ئەم بۆچوونەی پێ خورافەیە لە لایەن ژنە خزمەتکاری ماڵی نامدارەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە ئەم ڕێورەسمە نزای خەڵکە بۆ باران بارین! بابەک دەچێتە سەر ڕێی مێهرماە و بە ڕەسمی خۆشەویستی چەند چەپکە گوڵی بۆ دادەنێ؛ کوڕانی ئاوایی پێی دەزانن و بەخەستی لێی دەدەن. بابەک هیچ کە واز ناهێنێ و تەنانەت لە خەودا مۆتەکە دەبینێ کە لەسەر ئەم ئەوینە دەکوژرێ، بەڵام لە کۆتایی فیلمەکەدا سەردەکەوێ و دەتوانێ دڵی کچەکە بە دەست بێنێ و مێهرماە بە دەم گوڵچنینەوە بە دەمیەوە پێدەکەنێ! مێهرماە لە تەنیا سێکانسێکدا کە لەگەڵ بابەک بەکورتی قسە دەکا پێی دەڵێ کە دەزگیرانەکەی «پێشمەرگەیە» و چووەتە ئەوبەر «سنوور» و دەگەڕێتەوە و ناکرێ لەگەڵ ئەو قسە بکا.

بابەکی ئاسیمیلەکراو هەرچەند موعتاد و بێکارە، بەڵام چونکە بووەتە بەشێک لە نەتەوەی سەردەست دەتوانێ تەنیا بە نیشاندانی عەشق و نەرم و نیانی بە سەر توندوتیژی ڕووتی مرۆڤی نەتەوەی بندەست سەرکەوێ. ئەو مرۆڤانەی کە هیچ لە شارستانیەت تێناگەن و لە شاخەکانی کوردستان دەژین. پێشمەرگە لە دووردەستەکانە و پێی لە نەریتێکی کۆنەپەرەستدا چەقیوە، بابەک لێرەیە و خەڵکی شارە و ڕێورەسمی عاشقی دەزانێ. مێهرماهیش سەرکەوتووانە عاشقی پیاوی ئاسیمیلەکراو دەبێ و بە تیرێک سێ نیشان دەپێکێ: لە زیندانی ئامۆزاکەی ڕزگاری دەبێ، لە ژیانی دنیای پێش مۆدێرندا عەوداڵی ئاو بۆ بووکەڵەکەی نابێ و، چیتر بەتوندوتیژی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت ناکرێ. کوڕێکی موعتادی دۆڕاوی ئاسیمیلەکراو کە لە لایەن کۆمەڵگاوە وەک زۆڵ سەیر دەکرێ بە یەک نیگا تووشی عەشقێکی ئەفلاتونی دەبێ و بە ئاسانی و بە دانانی چەند گوڵ بە سەر عەشقی کوڕە پێشمەرگەیەکدا سەردەکەوێ!

چیرۆکی عەشقی بابەک هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی ئاگادار دەبینەوە کە مام نامدار زگورت ماوەتەوە، چونکە عەشقە کۆنەکەی ئەوی بەجێ هێشتووە و ڕۆشتووە بۆ ئامریکا. ئێستاش شەبنەم (ژنێکی فارس) کە شێرپەنجەی هەیە گەڕاوەتەوە و مام نامدار لە کۆتایی فیلمەکەدا لەبەر ئەو عەشقەی بە شەبنەم هەیەتی حازرە کوردستان بەجێ بهێڵێ و بۆ تاران بگەڕێتەوە. بەڵام خاڵی گرنگی فیلمەکە بابەتێکی دیکەیە و وەک گۆڕانێکی گرنگ لە ژیانی ئەم ڕۆشنبیرە تەریککەوتووەدا دەست نیشان دەکرێ. لە ڕێگەی پاستارێکەوە لە هەڵاتنی نووسەرێکی زیندانی بە ناوی ئەحمەد میرشکاری ئاگادار دەکرێینەوە کە ماوەیەکی هەرە زۆر لە زیندان بووە و پاش ئەوەی بۆ دوو مانگ مۆڵەتی پێ دراوە بە دەرفەتی زانیوە و نەگەڕاوەتەوە بۆ بەندیخانە. بە نیشانەکاندا بۆمان دەردەکەوێ

که ئەحمەد زیندانییەکی سیاسیی کوردە کە لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان لە پەیوەندیدایە و بەڵام نەیتوانیوە لە مەریوانەوە خۆی دەرباز‌ی ئەو دیو سنوور بکا. بۆیە هێزە ئەمنییەکان دێنە لای مام نامدار کە پێی بڵێن ماڵەکەی لە ژێر چاودێریدایە و پێیانوایە ئەحمەد لای ئەو خۆی حەشار دەدا. نامدار نایەوێ هاوکاریی هێزە ئەمنییەکان بکا و بە بیستنی ئەو هەواڵە تێک دەچێ. ڕۆژی دواتر دەردەکەوێ کە هێزە ئەمنییەکان هەر لەو ناوچەیە ئەحمەدیان کوشتووە و هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی نامدار خۆی سەرکۆنە بکا بۆ درگای ماڵەکەی داخستووە، هاوڕێ کۆنەکەی داڵدە نەداوە و وەک هونەرمەندێک خۆی لە دنیا شاردووەتەوە.

فیلمی خاکی ئاشنا کە خاوەنی هێڵێکی دیاری گێڕانەوە نییە، لە لایەن ڕەخنەگرانەوە پێشوازی لێ کرا. حەمید دەباشی مامۆستای بواری پۆستکۆلۆنیالیزم لە زانکۆی کۆلۆمبیا بەم شێوەیە فیلمەکە وەسف دەکا «فیلمی خاکی ئاشنا گوڵی سووری فەرمانئارایە بۆ ئێران... پەیامی نەسڵێکە کە جگە لە خۆشەویستی هیچی تری بۆ ئێران پێ نییە.»[۶] دەباشی کە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە کوردبوونی نامدار نادا، باس لەوە دەکا کە فەرمانئارا دەیەوێ گرێدراوەیی مرۆڤی ئێرانی بە خاکی خۆی لە نەسڵە جیاوازەکاندا نیشان بدا. دەباشی هەرچەند زۆر شارەزای تیۆرییەکانی پۆستکۆلۆنیالیزمە، بەڵام (هەر وەک فەرمانئارا) شارەزایانە ئاگادارە کە ئایدیۆلۆژی ناو فیلمەکە چەند سەرکەوتووانە کوردی ئاسیمیلەکراو دەکاتە باشترین کورد و تەنانەت لە ئاماژەپێدان بە ئۆپێرایەک کە نامدار لە کارگەکەی بەردەوام گوێی لێ دەگرێ مێژووی هونەری ئەورووپاش دەشێوێنێ. هەڵبەت ڕوانگەکانی دەباشی بەلامانەوە نابێ سەیر بێ کاتێک دەزانین کە ئەو یەکێک لە دژبەرە سەرسەختەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییە (کوردایەتی) و تەنانەت ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی لە ساڵی ۲۰۱۷ وەک «بەئیسرائیلیکردنی» کوردستان پێناسە کردووە.[۷]

فەرمانئارا دەیەوێ لە ڕێگەی نیشاندانی هەستی نامدار بۆ ئۆپێرای تۆسکا (بەرهەمی پوچینی) لە نێوان نامدار و ماریۆ کاڤارادۆسی جۆرێک لێکچوونی هونەری وێنا بکا. بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ئۆپێرای تۆسکا هەندێک بابەتی دیکەمان لەسەر کوردی ئاسیمیلەکراو بۆ دەردەکەوێ کە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی دەیەوێ بیشارێتەوە. لە ئۆپێراکەدا سێزار ئانجێلۆتی سیاسییەکی سەردەمی ڕۆمە لە ساڵی ۱۸۰۰ و دوای گۆڕانکارییەکان خۆی شاردووەتەوە و پەنای بۆ هاوڕێیەکی نیگارکێشی بە ناوی کاڤارادۆسی هێناوە. کاڤارادۆسی بە هاوکاری ئەویندارەکەی (تۆسکا کە گۆرانیبێژێکی ناودارە)، ئانجێلۆتی دەشارنەوە بەڵام لە ئەنجامی فێڵ و تەڵەکەی بارۆن سێکارپیا (سەرۆک پۆلیس) ئانجێلۆتی بەدیل دەگیرێ و لە زینداندا خۆی دەکوژێ، کاڤارادۆسی تیرباران دەکرێ و تۆسکا خۆی لە قەڵایەکی بەرزەوە فڕێ دەداتە خوارەوە و دەمرێ.[۸] مام نامدار کە بەردەوام بە دەم ئەم شاکارە ئۆپێراییەوە نیگارەکانی دەکێشێتەوە (تەنانەت ژنە خزمەتکارە کوردەکەی کە لە ئۆپێرا «تێناگا» لەبارەیەوە دەڵێ «مام نامدار هەمیشە قیژوقاوی ژنێک [تۆسکا] دادەنێ و مێشکی سەری خواردووم») نایەوێ هاوکاریی هاوڕێ نووسەرە سیاسییەکەی بکا و بەپێچەوانەی کاڤارادۆسی، درگا لە ئەحمەد (بەئەنقەست زیندانییەکی سیاسی بێپەنا و دەرەتان نیشان دەدرێ کە تەنیا هەندێک قاچاخچی هاوکاری دەکەن) دادەخا.

ئەگەر تا ئێرەتان خوێندبێتەوە ڕەنگە تایبەتمەندییەکانی کوردی ئاسیمیلیکراوتان بە باشی بۆ دەرکەوتبێ، بەڵام ئەی کوردەکان بۆخۆیان چۆنن؟ لە تەواوی فیلمەکەدا چەند

کورد دەبینین. لە دوورەوە دیمەنی چەند وەرزێڕێک و دواتر چەند کچێک کە بە گۆزە لە کانی ئاو دێنن. سێ کوڕی کورد بە جلی کوردییەوە کە لەوپەڕی وەحشی و دڕەندە بووندا دەبنە پارێزەری کۆنەپەرستی و، بە تاوانی خۆشەویستی تا ئاستی مردن لە بابەک دەدەن و سەر و گوێلاکی خوێناوی دەکەن. هەروەها حەسەن شوان کە ساڵیانێکە پاش ئەوەی مەڕ و ماڵاتەکەی دزراوە، شێت بووە و بەردەوام وەهمەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و باس لەوە دەکا کە قیامەتە. نیگای فەرمانئارا زۆر وردە: سوژەی کوردی شوانکارە ئەگەر مێگەڵی نەمێنێ هاوسەنگی دەروونی دەشێوێ و پەیوەندی لۆژیکی بە دنیای ڕاستەقینەوە نامێنێ و بۆیە باوەڕ دێنێ کە قیامەت ڕووی داوە. خزمەتکاری خانووەکەی ژنە کوردێکی ساویلکەیە و کامێرای کۆلۆنیالیستی بە باشی پەیوەندی چەوساندنەوە لە بەرژەوەندی نیگای ڕۆشنبیرانەی نەتەوەی سەردەست نیشان دەدا. هەرچەند مام نامدار وا دەنوێنێ کە خێرخواز و مرۆڤدۆستە بەڵام گاڵتە بەم ژنە خورافاتییە دەکا کە هەموو ددانەکانی کرمۆڵ بوون و نایەوێ پارەی کارەبای ماڵەکەی بدا. کوردی ئاسیمیلەکراو پاک و خاوێنە، دەستوور دەدا و کاتەکانی خۆی بۆ هونەرە بەرزەکان تەرخان دەکا و لەگەڵ فارسەکان باسی هونەری بەرز و خۆشەویستی دەکا؛ کوردی بندەست وەرزێرە و لە ژێر هەتاو کرێکاری دەکا یا خزمەتکارە و چێشت لە بەر دەم خاوەنماڵەکەی دادەنێ و خۆی بە قسە هێنان و بردنەوە سەرقاڵ دەکا.

**٢** منداڵی خاک [فرزند خاک]: زارۆکی کورد لە باشووری کوردستان لەدایک دەبێ تا لە تاران ببێتە سەربازی ئێرانی مەزن!

فیلمی منداڵی خاک بە دەرهێنەری محەمەدعەلی باشەئاهەنگەر لە ساڵی ١٣٨٦ (٢٠٠٧) بە پشتیوانی بونیادی سورە ساز کراوە و لە جەژنی خانەی سینەمای ئێران لە دوازدە بەشدا بەربژێر بووە و لە ئاکامدا لە شەش بەشی (باشترین فیلم، دەوری تەواوکەری ژن، فیلمنامە، فیلمهەڵگرتن، دەنگهەڵگرتن، ئێفێکتی تایبەت) خەڵاتی باشترینەکانی بردووەتەوە.[٩] هەروەها لە بیست و شەشەمین فستیڤالی فەجر (١٣٨٦)، فیلمی منداڵی خاک هاوکات لەگەڵ ئەوەی خەڵاتی باشترین ئەکتەری دووەمی ژنی بردووەتەوە، خەڵاتی سیمۆرغی زێڕینی بۆ باشترین فیلم لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە (شەرقی، ئایینی و ئێرانی) پێ بەخشراوە.[١٠] ئەم فیلمە توانیویەتی لە دووەمین جەژنی ئەنجوومەنی ڕەخنەگران و نووسەرانی سینەماشدا (١٣٨٧) خەڵاتی باشترین دەرهێنەر و ئەکتەری یەکەمی ژن بباتەوە[١١] لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە منداڵی خاک فیلمێکە لە ژانری جەنگ و بەرگریی پیرۆزی ئێرانییەکان لە قۆناغی هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ وڵاتی عێراق. هەر بۆیە بە ابوەڕی ڕەخنەگران منداڵی خاک لەو دەگمەن فیلمانەیە کە توانیویەتی هەم بۆ مودیرانی سینەمای ئێران گونجاو بێ و هەم ڕەخنەگران پەسەندی بکەن.[١٢]

فیلمی منداڵی خاک چیرۆکی مینا ژنێکی تارانییە کە پاش پازدە ساڵ لە کوژران/دیارنەمانی هاوژینەکەی لەگەڵ کوڕە مێرمنداڵەکەی هاتووە بۆ شاری پاوە بە ئۆمێدی ئەوەی تەرمی مستەفای هاوسەری بدۆزێتەوە. لە پاوە دوای هەندێک کێشمەکێشەوە دەتوانێ بچێتە سەر سنوور و هەر لێرەوەیە کە گرنگترین ئالێنگاریی فیلمەکە دەست پێ دەکا. لەسەر سنوور چەندین خێوەتی تایبەت بە هێزێکی تایبەتی ئێران پیشان دەدرێ کە ئەرکیان دۆزینەوەی ئێسک و پرووسکی سەربازە ئێرانییەکانە. سەدان تابووت لە فیلمەکەدا نمایش دەکرێن کە بە ئاڵای ئێران داپۆشراون و ئامادەی گواستنەوەن. لە ناو خێوەتەکان قەرەباڵغییەکی زۆر دەبیندرێ و ژنانی کورد

لە باشوورەوە ئێسک و پاشماوەی پلاک و جلوبەرگی سەربازە ئێرانییەکان ڕادەستی شارەزایانی ئێرانی دەکەن و لە بەرامبەردا بڕی پارەیەک وەردەگرن. سێکانسەکە هاوکات لەگەڵ ئەوە زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام هەر لێرەوە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی لە زمانی شارەزایانی بواری سەربازییەوە دەردەکەوێ. ژنە کوردەکان ساویلکە و گێل، فێڵباز و تەماحکار نیشان دەدرێن کە هیچ گرنگی بە پاشماوەی سەربازە ئێرانییەکان نادەن کە لە لایەن شارەزاکانەوە وەک شتگەلێکی پیرۆز هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرێ. ژنێک هەوڵ دەدا ئێسک و جلوبەرگێکی پرووتکاو بفرۆشێتەوە بەڵام ئێرانییەکان قەبوڵی ناکەن و لە ڕێگەی هەندێک نیشانەوە دەڵێن ئەمە تەرمی عێراقییە. لە دوای ئەوەیکە ژنەکە کە دەلاڵێتەوە تا لێی وەرگرن، دەڵێن کێشە نییە وەریدەگرین و دواتر دەتوانین لەگەڵ تەرمی ئێرانییەک کە لای عێراقییەکانە بیگۆڕینەوە. شارەزاکان ئێسکەکان ماچ دەکەن و بە گریانەوە بەخێرهاتنیان دەکەن. لە ناوەڕاستی فیلمەکەدا دالی گلاوبوونی عێراقییەکان لە زمانی کوردێکەوە دووپات دەبێتەوە. گۆنا کە دەیەوێ زیرەکی خۆی نیشان بدا دەبێژێ: یەکێک لە شێوازەکانی ناسینەوەی ئێرانی لە عێراقی ئێسکەکانیانە، چونکە ئێسکی ئێرانییەکان سپی و ناسکە، بەڵام ئێسکی عێراقییەکان ڕەش و ئەستوورە!

گۆنا (مەهتاب نەسیرپور)، بێوەژنێکی دووگیانی باشوورییە کە قەرارە ڕێگە نیشانی مینا بدا و وا نیشان دەدرێ کە دەتوانێ کەمێک بە فارسی قسە بکا و مینا لە سنووری نێوان ڕۆژهەڵات ـ باشوور (ئێران ـ عێراق) دەپەڕێنێتەوە. گۆنا و خوشکێکی دیکەی، وەک زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیە، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئێسکی مردووەکان و دۆزینەوە چەک و تەقەمەنییەوە دەژین. خێزانی گۆنا سەیر و سەمەرە نیشان دەدرێ  کە لە چوار خوشک و دوو برا پێک هاتوون. گۆنا و سارا پاشماوەی مردووەکان کۆ دەکەنەوە، ڕۆژین (کە چاوەکانی کیمیایی بوون و خەریکە کوێر دەبێ) و مۆنا مێرمنداڵن، سەرکاو مۆنگۆلە و، سیروان کە برا گەورەیانە قاچی بە مین پەڕیوە و ژنەکەشی مردووە، هەر بۆیە زۆر ساخ نییە. سیروان بە جامەدانە و کووڵەباڵەوە لەسەر داشقەیەک دادەنیشێ، دەف لێ دەدا، گۆرانی دەڵێ و منداڵەکانی دیکە پاڵ بە داشقەکەیەوە دەنێن و لە زۆربەی فیلمەکەدا هەڵدەپەڕن.

لە درێژەی فیلمەکەدا بۆمان دەردەکەوێ تەرمی مستەفای هاوژینی مینا هیچ کە نەبووەتە ئێسک و پرووسک، بەڵکوو کاتێک لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە دۆزراوەتەوە نەشێواوە و تەنانەت وەک وایە تازە مردبێت. هەر بۆیە خەڵک وەک موعجیزەیەک سەیری دەکەن و دەڵێن «سەیدی غەریب» یەکێک لە ئەولیای خودایە، بۆیە جەستەی شی نەبووەتەوە. لەبەر ئەم پێگە پیرۆزە، خەڵک بۆ خۆیان تەرمەکەیان ناشتووە و مەزارگەیەکیان وەک پیاوچاک بۆ ساز کردووە. مونا کە بە چاوی خۆی تەرمەکەی بینیوە هەر بە دەم میناوە پێدەکەنێ و لێی نزیک دەبێتەوە تا قسەی لەگەڵ بکا. گۆنا مینا ئاگادار دەکاتەوە ناکرێ تەرمی هاوژینەکەی بۆ ئێران بباتەوە، چونکە خەڵک و مامۆستای ئایینی ڕێگەی پێ نادەن گۆڕەکە هەڵبکەنێ و مەزارگەکە بشێوێنێ. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی گرووپێکی توندئاژۆی ئیسلامی (کە بە عەرەبی دەئاخفن) بە گوندەکاندا دەگەڕێن و ئاگر لە مەزارگەکان بەر دەدەن. چونکە پێیانوایە ئەمە پەرستشی بتەکانە و خەڵک شەریک بۆ خودا دەدۆزنەوە. هەروەها ژنانی ئەو ناوچەیە کاتێک دەزانن کە مینا هاوژینی سەیدی غەریبە، دەستە دەستە دێن بۆ لای، دیاری بۆ دێنن وەک  کەسێکی نوورانی ماچی دەکەن. هەروەها زارۆکێکی بۆ دێنن کە مینا دەستی شەفای بە سەردا بێنێ، چونکە پێیانوایە

دەستی ئەو تەبەڕوکی هەیە و نەخۆشەکان چاک دەکاتەوە.

مینا و خێزانەکەی دەیانەوێ تەرمی فڕۆکەوانێکی هەلیکۆپتەر بدۆزنەوە تا لە بەرامبەردا پارەی باش لە ئێرانییەکان وەرگرن. لەم گەڕانەدا مونا دەکەوێتە سەر مین و دەمرێ و بە دەم گۆرانی وتنی سیروانەوە دەینێژن. لەم دۆخە دڵتەزێنەدا، گۆنا هەر مەکووڕە بچن و تەرمی فڕۆکەوانەکە لە پێش خەڵکی دیکەدا بدۆزنەوە تا بەو پارەیە ئەندامی خێزانەکەیان لەو جەهەندەمە ڕزگاریان بێ و بچن لە ئێران بژین (کە شوێنێکی شیاو و خۆشە). ڕۆژین، گۆنا و مینا هەلیکۆپتەرە شکاوەکە و تەرمی فڕۆکەوانەکە پەیدا دەکەن، بەڵام هەر لەو سەروبەندەدا گۆنا ژان دەیگرێ و ئەوان لەو شاخە دەستەوسان نازانن چ بکەن. مینا کە دەستەوسانە و نازانێ چ بکا، لە دوورەوە ڕوو لە مەزارگەی سەیدی غەریب (مستەفا) دەکا و دەڵێ یارمەتیمان بدە کە منداڵەکە لەدایک ببێ؛ پێی دەڵێ «من تۆم دۆزیوەتەوە، دڵم ئۆقرەی گرتووە و تۆ بۆ خەڵکی ناوچەکە بەجێ دێڵم.» منداڵەکە لەدایک دەبێ، بەڵام گۆنا دەمرێ و لە دوایین سێکانسدا مینا منداڵەکەی گۆنا لە باوەش دەگرێ و ناوی دەنێ مستەفا (چونکە نەزری مستەفای کردووە) و پشت لە مەزارگە و ڕوو لە ئێران دەکا و دەگەڕێتەوە.

بەخشینی خەڵاتی ڕوانگەی نەتەوەیی فستیڤالی فەجر بە فیلمی منداڵی خاک بێهۆ نەبووە. ئەم خەڵاتە لە سێ ڕەهەندەوە بۆ فیلمەکان دەڕوانێ: ڕەهەندی شەرقی، ئایینی و ئێرانی. داڵەکانی ناو فیلمەکە لەسەر چەند مەدلولی تایبەت جێگر دەبن کە بریتین لە: بە هۆی هاتنی ئامریکاییەوەکانەوە عێراق شێواوە و ئیسلامی توندئاژۆ دەسەڵاتی گرتووە. لە هەموو فیلمەکەدا بە شێوازی ناڕاستەوخۆ خەڵک باوەڕدار نیشان دەدرێن و هەروەها بە زەقی باس لەوە دەکرێ کە ئێرانییەکان لەبەر ئیسلام و نیشتمان بە دەست کافرە خوانەناسەکان شەهید دەکران. هەڵبەت داڵی ئێرانییەت لە فیلمەکەدا داڵی مەزنە و دوو داڵەکەی تر (شەرقی، ئایینی) لە ڕێگەی چەمکی ئێرانەوە لەسەر مەدلولی خۆیان جێگر دەبن. پێش لەم فیلمەش، لە فیلمی دیکەی وەک پەنجە لەنێو خاک نیشان دەدرێ کوردی عێراق (باشوور) خۆیان بە ئێرانی دەزانن و دڵیان بۆ ئێران لێ دەدا. لە فیلمی پەنجە لەنێو خاک (دەرهێنەر ئیرەج قادری ١٣٨٦ [٢٠٠٧]) کوردەکانی گوندێک لە باشوور ئامادە نین لە سوپای عێراقدا سەربازی بکەن و دژیان دەوەستنەوە. هەروەها خەڵک بەڕوونی باس لەوە دەکەن کە لە ڕووی ڕەچەڵەک، زمان و کولتوورەوە ئێرانین و دوای ئەوەی دژ بە عێراقییەکان کە ناوچەیەکی کوردستانیان کیمیاباران کردووە شۆڕش دەکەن، بەرپرسی باڵای ئەو کیمیابارانە دەکوژن و ئاڵای ئێران کە بە دەست تازەلاوێکەوەیە، لەسەر شاخێکی باشووری کوردستان بەرز دەکەنەوە.

لە منداڵی خاکدا مرۆڤی بەکۆلۆنیکراو نەک عاشقی مرۆڤی کۆلۆنیالیست دەبێ، بەڵکوو لەوەش تێدەپەڕێ و وەک سەمبولێکی خوداییانە دەیپەرستێ. پیرۆزکردنی مرۆڤی کۆلۆنیالیست دەرەنجامی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە و چیتر مرۆڤی کورد ناتوانێ دژی دوژمن و سیستەمی کۆلۆنیالیستی بوەستێتەوە، چونکە هێزێکی مێتافیزیکی خوداییانە پشتی گرتووە. هەروەها بەپێی تایبەتمەندی وەخۆگرانەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی کورد لە هەر کوێ بێ ئێرانییە، کەواتە دەبێ لەسەر خاکی باشووری کوردستان ئاڵای ئێران هەڵ بکرێ. بە وتەی ڕەخنەگری ڕۆژنامەی کەیهان «ئەم فیلمە نەتەوەیەک تێدەپەڕێنێ و بەردەوامی بەهاکانی بەرگریی ئێرانییەکان لە جەنگ لەگەڵ عێراق نیشان دەدا.»[١٣] بەکارهێنانی تازەلاو و زارۆک بۆ ئەم مەبەستە هەمم نیشانەیەکە بۆ زیندوو

نیشـــاندانی ئایدیۆلۆژیـــی ئێرانـــی و هەم بۆ بەردەوامبوون و درێژخایەنبوونی. مینا دەزانێ کە هەم مەزارگەی سەیدی غەریب پیرۆزایەتی ئایدیۆلۆژیـــی ئێرانی بۆ چەندین نەوەی دواتر دەگوازێتەوە و هەم زارۆکی کوردی لە ئامێزی مێهرەبانـــی خۆی گرتووە کە لـــە تاران لەنێو پەروەردەی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا، بە ڕەحم و دڵســـۆزییەوە، بەخێوی بکا تا هەتیو نەکەوێ. کوردی بندەست ئەگەر ســـێبەری نەتەوەی سەردەستی کۆلۆنیالیســـتی بە سەرەوە نەبێ هەتیو دەبێ و ڕێگای ژیان ون دەکا.

**۳** فرمێسکی سەرما [اشـــک سرما]: مرۆڤی بەکۆلۆنیکراو عاشـــقی مرۆڤی کۆلۆنیالیســـت دەبێ!

فیلمـــی فرمێســـکی ســـەرما ســـاڵی ۱۳۸۲ [۲۰۰۳] لە لایـــەن عەزیزوڵڵا حەمیدنژادەوە ســـاز کراوە؛ لە هەشـــتەمین جەژنی خانەی ســـینەمای ئێران (۲۰۰۴/۱۳۸۳) لە هەشت بەشدا بەربژێر و براوەی خەڵاتەکانی باشترین ئەکتەری ژن و موســـیقا بـــووە.[۱۴] هەروەها فرمێسکی ســـەرما براوەی خەڵاتی باشترین فیلم و ئەکتەری یەکەمی پیاو لە فســـتیڤالی فیلمی ئاســـیا لە شـــاری نیودێلهی (۲۰۰۵) بـــووە.[۱۵] فیلمەکـــە چیرۆکـــی کاوە کیانی (پارسا پیرۆزفەر) ســـەربازێکی شارەزای مین هەڵگرتنەوەی ئێرانە کە لە پاســـگایەکی سەر سنووری ئێران و عێراق لە کوردستان ئەرکی کرانەوەی ڕێگایەکی لە ئەســـتۆیە. پیش ئەو چەندین ســـەرباز لە کاتی مین هەڵگرتنەوەدا کـــوژراون، چونکـــە لـــە کاتـــی ئەرکەکەیان کچە شـــوانێک بە ناوی ڕووناک (گوڵشـــیفتە فەراهانی) کـــە زۆر جوانە بە ســـەماکردن و قیژوقاو ســـەرنجیان ڕادەکێشێ و لە مینەکان غافڵیان دەکا. ڕووناک پێشـــمەرگەی نهێنی کۆمەڵەیە و لەناو شـــار و گونـــد زانیاری کۆ دەکاتەوە و یارمەتییان دەدا. پێشـــمەرگەکان دەزانن کـــە کاوە پیلانەکانیـــان تێک دەدا و هەر بۆیە دەیانەوێ بیکوژن، بەڵام چەند جار لە بۆســـەدانان ســـەرکەوتوو نابن. بۆ نموونە، جارێکیان کە کاوە لە شـــار دەگەڕێتەوە و لە پێشەوەی ســـەیارەیەک دانیشتووە، لە نیوەی ڕێـــگا و لە کاتێکدا بارانێکـــی بەخوڕ دەبارێ، لە ڕووی «دڵســـۆزییەوە» جێگـــەی خۆی بە پیرەمێردێک دەدا و پێشـــمەرگەکان بەهەڵە کابرای کورد بریندار دەکەن.

کاوە بەپێچەوانەی ڕوانگەی بەرپرسەکەی لە پاسگەی ســـەربازی، پێیوایە خەڵکی کورد خراپ نین و تەنیا هەندێکیان دژبەری ئێرانن و هەلەکەیـــان بۆ تێکدانی ئارامی ناوچەکە لە بەرژەوەنـــدی خۆیان گواســـتۆتەوە. بەڵام لە بەرامبەردا بەرپرسی پاســـگەکە سەربازەکان ئامـــۆژگاری دەکا کە «ئەم ناوچەیە لە دوژمن پاک نەکراوەتەوە. لە دەرەوەی پاسگەکە نابێ لەگەڵ کەس قســـە بکەن. ســـنووری دۆست و دوژمـــن دیـــار نییە. نابێ ئێرەتـــان لەگەڵ بەرەی شەڕی باشووری ئێران لێ تێک بچێ! دەبـــێ هەمووان بـــە دوژمـــن دابنێن مەگەر پێچەوانەکەی بســـەلمێ. ئەرکی سەرشانمانە کە ڕێگەکە کـــراوە بمێنێتەوە تـــا کاروباری «خەڵـــک» پەکی نەکـــەوێ!» لە سێکانســـی گرنگـــی کتێبفرۆشـــیدا، داڵـــە گرنگەکانـــی کۆلۆنیالیزمی وەخۆکـــر دەردەکەون. ڕووناک چووە بۆ کتێبفرۆشی ناو شار کە لە شوێنێکی نهێنی ناو کتێبفرۆشییەکدا دوو پێشمەرگەی باڵی چەکداری ببینێ. ئەوان فێری دەکەن کە چۆن یارمەتییان بدا بۆســـە بۆ کاوە بنێنەوە. هەر دوو پێشـــمەرگەکە بە شێوازی تیپیک و بەپێی زێهنیەتی ئێرانی کورد نیشان دەدرێن: ســـمێل زل و بڕۆی چڕ، تووڕە و یەک قسە. یەکێک لە پێشمەرگەکان بە ڕووناک پێشنیار دەدا کە بێتە لای ئەوان بۆ بەشی چەکداری. بەڵام ڕووناک دەڵێ «چەک هەر فیشەک نییە (اسلحه تنها تفنگ نیســـت).» بەرێکەوت لە ناو کتێبفرۆشییەکە کاوە هاتووە ڕۆمان بکڕێ و بە جۆرێک نیشـــان دەدرێ کە سەربازێکی

خوێنەوارە و لە جەرگەی شەڕەدا دەست لە خوێندنەوە بەر نادا، لەگەڵ ژنان بە ئەدەبەوە قسە دەکا و هاودەردی خەڵکی هەژار و مرۆڤی کوردە. گوتاری ڕیفۆرمخوازی ئایدیۆلۆژیی ئێرانی لە ١٣٧٦ [١٩٩٧] خۆی لە قسەکانی ڕووناک دەردەخا و بەدڵنیاییەوە کتێبفرۆشی باشترین شوێنە کە دالی ئاشتیخوازی لەسەر مەدلولەکانی جێگر ببێ. پێشمەرگەکان تەنیا بیر لە چەک دەکەنەوە، سەربازێکی ئاشخۆری ئێرانی لە گەرمەی شەڕدا ڕۆمان دەخوێنێتەوە و کوردی ئاسیمیلەکراو دەیەوێ خوێنەوار بێ و بیر لە چارەسەری بێتوندوتیژی دەکاتەوە!

لە ڕۆژێکدا کە لەبەر با و بۆران چاو نابینێ، ڕووناک چەند مەڕ و بزنی وەپێش خۆی داوە لەو کوێستانە و کاوەش بەو بەندەنەوە پاسەوانی دەدا. ڕووناک (ڕۆژین ناوی نهێنییەتی) قاچی هەڵدەخلیسکێ و لە جێ دەردەچێ، بۆیە بەخێرایی پەنا دەباتە ئەشکەوتێک کە پێشتریش دەزگای بێسیمەکەی بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ پێشمەرگەکان لەوێ دەشاردەوە. کاوە بەڕێکەوت هەر لەو ئەشکەوتە دەگیرسێتەوە. ئەشکەوتی تاریک کە هێمای منداڵدانی ژنانەیە دەبێتە ژوانگەیەک هەتا ئەو دوو دوژمنە خۆشەویستی لە هەناویاندا گەرا بکا. لە یەکێک لەو جارانەی کە کاوە دەچێتە دەرەوەی ئەشکەوت تا چیلکە بۆ سووتەمەنی کۆ بکاتەوە، ڕووناک بە بێسیم قسە لەگەڵ پێشمەرگەکان دەکا و ئەوان فەرمانی پێ دەدەن کە دەرفەتە و دەبێ کاوە بکوژێ. بەڵام ڕووناک بە قسەیان ناکا، هەرچەند چەکیشی پێیە. پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە ئەشکەوت، هەوا کە خۆشتر دەبێتەوە، کاوە برانکاردێک بۆ ڕووناک ساز دەکا و لە شاخ دەیهێنێتە خوارەوە، بەڵام پێشمەرگەکان پێیان دەزانن و دەیاندەنە بەر دەستڕێژی فیشەک. ڕووناک لەبەر کاوە دەپاڕێتەوە کە بەجێی بێڵێ و هەر لەم سەروبەندەدا سەربازەکان دێنە یارمەتی ئەو دووانە. لە پاسگە لە کاوە لێپرسینەوە دەکرێ و پێشمەرگەکان لە ڕووناک. پێشمەرگەکان ڕووناک ناچار دەکەن بۆ ئەوەی وەفاداری خۆی بسەلمێنێ مینێکی کەنار جادە لەسەر ڕێگەی کاوە دانێ. ڕووناک بە قسەیان دەکا بەڵام بە سیمی شاراوەی مینەکەوە پەتێکی سوور لە کراسەکەی دەبەستێتەوە کە کاوە ببینێ و ڕزگاری ببێ. هەر واش دەبێ و ڕووناک کە تەواو گرفتاری عەشقی کاوە بووە لە خۆشیدا ئۆقرەی نییە و بە دەمیەوە پێ دەکەنێ. بەڵام پێشمەرگەکان چونکە متمانەیان بە ڕووناک نەبووە مینی دیکەشیان چاندووە و هەر بۆیە یەکێکیان لە ژێر پێی کاوەدا دەتەقێتەوە. ڕووناک کە زرمەی تەقینەوەی مینەکە دەبیستێ بە هەڵەپرووزکان بەرەو کاوە هەڵدێ، بەڵام هەر لە نزیک ئەو قاچی دەچێتە سەر مین و هەر دووکیان پێکەوە دەمرن.

فیلمەکە هەرچەند وەک بەرهەمێکی دژە جەنگ خۆی نیشان دەدا و بە هەوێنێکی عاشقانەوە دەیەوێ توندوتیژی هەر دوو بەرەی شەڕ مەحکوم بکا، بەڵام ڕێک هەر لەوێدایە کە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی بۆ شێواندنی بابەتە سەمبولیکەکانی کوردستان خۆی نیشان دەدا. لە ئەشکەوت، کاوە لە وەڵامی ڕووناک کە لێی دەپرسێ بۆ دۆخەکە ئاوا ئاڵۆزە دەڵێ: «ئێوە کوردەکان مرۆڤگەلێکی سادەن، دڵپاکن و بە عەشقەوە دەژین. بەڵام کێشەتان ئەوەیە کە ساویلکەن و بە چەند وشە ڕێک هەموو بۆچوونەکانتان دەگۆڕێ. بۆیە ژیانتان وەک شنەیەک وایە و بەخێرایی تێدەپەڕێ.» لەو چەند ڕۆژەی ئەشکەوتەکەدا ڕووناک یەک دڵ نا سەد دڵ عاشقی دوژمنەکەی دەبێ. ئەو دوژمنەی کە پێشتر پێی وابووە هۆی کوژرانی براکەی بوون و ئەوان ناهێڵن کورد ژیانێکی باشی هەبێ. واتە مرۆڤی ژێردەست عاشقی مرۆڤێکی نەتەوەی سەردەست دەبێ کە ئەرکی ڕێگەخۆشکردنە بۆ کۆلۆنیالیزم.

بەڵام هاوکێشـــەکە بۆ کاوە بەو شێوەیە نییە، چونکە ئامانجی ئەو لە بەشداری لەم شەڕەدا ئەوەیە کە بە ڤیزاوە ســەفەر بۆ کوردســـتان نــەکا و دەیەوێ کوردســـتان لە چوارچێوەی ئێراندا بمێنێتەوە. ئەو نەهاتووە کەس بکوژێ و تەنانەت کاتێک ڕووناک لە شــاخ و سەرما ڕزگار دەکا و پێشــمەرگەکان دەیانــەوێ بیکوژن یەک فیشــەک ناتەقێنێت؛ لە ڕۆژی مردنەکەشــیدا بێ چــەک ســەرقالی مین هەڵگرتنەوەیــە. بەڵام لە بــەرەی بەرامبەردا، پێشــمەرگەکان تەنانەت ڕەحم بە کوردەکان ناکــەن و زۆر بێبەزییانــە دەجووڵێنــەوە و تەنیــا زمانــی توندوتیژی دەزانــن. هەڵبەت فارســەکان ئەگەرچی هەندێکیان باوەڕیان بە توندوتیژییە، بەڵام کەسانی وەک کاوە دەتوانن نەرمەبڕانە دڵی مرۆڤی کورد بە دەســت بێنن و ئەوانن دەتوانن کوردســـتان لە چوارچێوەی ئێراندا بهێڵنــەوە. ئەمە هەمان تێگەیشــتنە کە ســەلاحەدین خەدیو بە شــانازییەوە لە بروجێردی (لە فەرماندە خوێنڕژەکانی ســوپا لە کوردستان) دەیگێڕێتەوە کە گوایە کاتێک ڕژیمی کۆماری ئیســـلامیی ئێران دەتوانێ لە کوردســـتان «فتح الفتوح» بکا کە بتوانێ «فتح القلوبی» هەبێ.[١۶] مەبەســتی دەرهێنەریش هەر ئەوە بووە نیشانی بدا کە چۆن فارسەکان لە چوارچێوەی چەمکی ئێراندا دەتوانن کورد وەخۆگرن و بیانتوێننەوە، هەر بۆیە دەڵێ ئەم فیلمەم لەبەر ئەوە ساز کردووە کە بڵێم «فارس و کــورد پێکــەوە دوژمنایەتییــان نییە.»[١٧] جۆری مردنی کاوە و ڕووناک هەرچەند لێک گرێ دەدرێتەوە و بەرواڵەت بە یەک شــێواز دەمرن، بەڵام دەلالەتی ناراســـتەوخۆ شتێکی تەواو جیاواز نیشــان دەدا. کاوە لەبەر باوەڕ بە ئایدیۆلۆژییەکەی دەمرێ، بەڵام ڕووناک لەبەر ئەوە دەمرێ کە خەیانەت بە ئایدیۆلۆژییەکەی دەکا و بــاوەڕی پێــێ نەمــاوە. کاوە لەپێناو نیشتمانی دەستکردی خۆیدا «شەهید» دەبێ و ڕووناک لەپێناو عەشق بە مرۆڤی داگیرکەردا «دەکوژرێ».

**۴** چریکــەی هــەورام [چریکــە هــورام]: پێشــمەرگە لە دەرەوەی مێژوو چارەنووسی نووسراوەتەوە!

چریکەی هەورام یا ئەفســانەی عەشق ساڵی ١٣٧٨ [١٩٩٩] لە لایەن فەرهاد مێهرانفەرەوە ســاز بــووە. فیلمەکە هەم لە کوردســـتان و هەم لە ئێران پێشــوازی لێ کــرا و تەنانەت وەک ڕوانگەیەکــی نوێ و دژ بــە بۆچوونی باوی ژانری ســینەمای جەنگی ئێران ئەژمار کرا.[١٨] هــاوکات لەگەڵ چریکــەی هەورام، عەباس کیارۆستەمی فیلمی شاعیرانەی با ئێمە لەگەڵ خۆی دەبا (باد ما را با خود خواهد برد) ســاز کرد کە تیایدا ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیەکی جیــددی لــە ڕوانینێکــی ئانترۆپۆلــۆژی و ئیتنۆگرافی بۆ کولتووری کوردستان دەگرت، هەرچەنــد لەوێشــدا بە شــێوازێکی ئەرێنی کوردســـتان خاوەنداریەتی لــە ژیانی گوندی و پێشمۆدێــرن دەکرد. ســەرەتا وا دێتە بەر چاو کە مێهرانفەریش ویستوویەتی لە فیلمی چریکەی هەورامدا وێنای کلێشەیی سینەمای جەنگ ســەبارەت بە کوردســـتان بسڕێتەوە. بــەڵام نەک هەر کلێشــەکان لــەم فیلمەدا دووپات دەبنەوە، بەڵکوو چارەسەرێکی قووڵتر بۆ تواندنەوەی کورد پێشنیار دەکرێ. فیلمەکە چیرۆکی کچێکی فارسمان بە ناوی «خەزەر» بۆ دەگێڕێتەوە کە خۆشەویستەکەی (هەورام) کۆلیژی پزیشــکی لە تاران بەجێهێشـــتووە، چونکــە پێیوابــووە لــە کوردســـتان و لــە گوندەکەی بومان (نزیک پاڵنگان) پێویستیان پێیەتی؛ بریندارەکان لەوێ چاوەڕێی دەکەن و کاتی ئەوەی نییە دەرســەکەی تەواو بکا و بڕوانامەکــەی وەرگرێ. هەورام شــریتێک بە دەنگــی خۆی پڕ کردووەتــەوە و بۆ خەزەری بەجێهێشـــتووە؛ تیایدا گۆرانییەکی بەناوبانگ دەخوێنێ (گوڵی خوێناوی) کە شــێعرەکەی هی مامۆستا گۆرانە و لە کوردستان بە دەنگی

هۆمەر دزەیی ناودار بووە. خەزەر لەم چیرۆکەدا عەودالّی ئەوەیە هەورام بدۆزێتەوە و فیلمی چریکەی هەورام سەفەری ئۆدیسەئاسای ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە هێڵی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە سەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش دەبێ: چیرۆکی سەفەری خەزەر و ئاشنابوونی ئەو بە خەڵکی هەورامان، گێڕانەوەی چیرۆکی دڵداریی گوڵی خوێناوی و هەروەها قسەکردنی خەزەر لە مێشکی خۆیدا لەگەڵ هەورام. هەمووان دەزانن کە هەورام چووە بۆ دەرمانگەیەکی زۆر بچووک لە گوندی بومان، بەڵام کەس باس لەوە ناکا کە گوندەکە لە بۆمباراندا خاپوور بووە و تاکوو خەزەر بە چاوی خۆی دەیبینێ. لەم سەفەرەدا سەرەتا خەزەر لەوە تێدەگا کە لە ناوچەکە شەڕ هەیە و شەوانە بەردەوام دەنگی فیشەک و چەک دێ. پۆلێک لە کچان کە سەرقاڵی چنینی چلیقن، باس لەوە دەکەن کە نەخشی چریکەیەک دەچنن کە هەمان ئەو چیرۆکەیە کە لە شێعرەکەی گوڵی خوێناویدا باسی لێ دەکرێ. بەڵام بە شێوەیەک کە گوایە هەموویان دەیزانن و ئەمە ئەفسانەیەکی کۆنە. بیستنی ئەم چیرۆکە دڵدارییە خەزەر زیاتر هاندەدا بە شوێن هەورامدا بگەڕێ و لە خەیاڵی خۆیدا بەردەوام لەگەڵی قسە دەکا و لە فیلمەکەشدا هەورام بەم شێوەیە حزوورێکی ڕاستەقینەی هەیە. لە درێژەدا خەزەر لەگەڵ کەسێک ئاشنا دەبێ کە وەک چەلەنگەر دەیناسن. چەلەنگەر خۆی وەک چریکەخوێنی کورد پێناسە دەکا کە هەموو زارەکانی زمانی کوردی دەزانێ و بە هەموویان گۆرانی دەڵێ. چەلەنگەر کە سەمبولی پیاوێکی دنیادیدەی هەقیقەتویژە (فارسی قسەکردنەکەی ناتەبایە لەگەڵ جیهانبینییەکەی)، خەزەر لە گەیشتن بە گوندی بومان ڕێنوێنی دەکا. لە گوندە خاپورەکە خەزەر ئاسەواری حزووری هەورام دەدۆزێتەوە، بەڵام نازانێ چۆن خۆی پەیدا بکا. لەوێ لەگەڵ ڕێبوار ئاشنا دەبێ کە لەگەڵ پۆلێک دەرویشدا دەیانەوێ بۆ ڕێورەسمی زەماوەندی پیری شالیار بڕۆن بۆ هەورامانی تەخت و وا نیشان دەدرێ هەر کەسە و بە شوێن ونبووەیەکدا دەگەڕێ. خەزەر لەگەڵیان ڕێ دەکەوێ و لە ڕێگەدا و بە دەم قسەکردن لەگەڵ ڕێبوار بە دەرکێکی تازە لە خۆی و جیاوازی حەکیم و پزیشک دەگا. لێرەدا گفتوگۆیەکی دیکە لە نێوان خەزەر و هەورام لە نێوان دوو دنیای خەیاڵ و واقیع ڕوو دەدا. ئەو دووانە لە بەرامبەر یەک دانیشتوون، لە پشت سەری خەزەرەوە (سەمبولی دەریا، نوێنەری بیرۆکەی ئێرانییەکی عاشقی نەرمەبڕ) ڕێبوار بۆ دەرویشەکان تەموورە دەژەنێ و لە پشت سەری هەورام (سەمبولی شاخ، نوێنەری کوردی چەک لە شان) پێشمەرگەکان خۆیان پۆشتە و پەرداخ دەکەن؛ گفتوگۆکەیان پوختەی ئەزموونی عیرفانی خەزەرە و لێرەدا چیتر ئەو گەڕیدەیەکی کرچ و کاڵ نییە و تەنانەت هەوڵ دەدا مانای ژیان فێری هەورام بکا. با دیالۆگەکە وەک خۆی بخوێنینەوە:

*خەزەر: پیر بووی!*

*هەورام: دەزانم! من بۆ جەنگ ساز نەکراوم.*

*خەزەر: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆت لە جەنگەوە تێگلاندووە!*

*هەورام: بۆ من چەک وەک پنگەیەک وایە کە لەبەر هێلانەی مار شین دەبێ.*

*خەزەر: بەڵام ئێوە خۆ کێو نین! تەنانەت گاشەبەردەکانیش هێندە خۆڕاگر نین. من پێش لەمە وێنایەکی دیکەم لە وڵاتی تۆ هەبوو، هەمووی کێو و گاشەبەردی سارد، جەنگ و فیشەک. بەڵام لێرە شتگەلێکی دیکەش هەیە...*

*هەورام: وەک چی؟*

*خەزەر: شێعر، کانی، گوڵی سپی! سەیری ئەو پیاوە بکە. ئەو بە شێوازێکی دیکە بیر*

دەکاتەوە [سەیری ڕێبوار دەکا].
هەورام: دەیناسم! ڕێبوار. لە پێکدادان و شەڕەکەدا فیشەک بەر قاچی کەوت. ئەو کاتە جۆرێکی دیکە بیری دەکردەوە. تۆ باش دەزانی! منیش شێعرم پێخۆشە. ئێمەش بۆ گوڵە سپییەکان شەڕ دەکەین!
خەزەر: تۆ تەنانەت لەناو شێعرەکەشدا بۆنی خوێن و ویزەی فیشک دێ! هیچ نیشانێک لە ژیان تیایدا بەدی ناکرێ!
هەورام: ئیتر کەسێکیش نەماوە تاکوو بریندار ببێ!
خەزەر: تۆ لە ژیان دواکەوتووی! پێشتر وەک حەکیمەکان بیرت دەکردەوە، بەڵام ئێستا تەنیا کەڵکەڵەت بووەتە مەرگ! ئێوە وەک ئەم کێوانە سەرسەختن و قسە هەر قسەی خۆتانە! بریا لە جیاتی ئەوەی خۆتان بەم گاشەبەردانە سنووردار بکەن، زیاتر لە دڵی ئەم وڵاتە نزیک دەبوونەوە. ئێرە لێوانرێژە لە هەندێک سەمبولی قووڵ و ناسک!
هەورام: چارەنووسی ئێمە نووسراوەتەوە!
خەزەر: کێ چارەنووسی ئێوەی نووسیوەتەوە؟
هەورام: مێژوو! مێژوویەک کە لەم وڵاتە کۆسپی کەوتووە!
خەزەر: بەڵام بەشێک لەم مێژووە بە دەستی خۆتان ساز دەبێ. زۆر شت هەیە کە لەبەر ئێوە فەدا دەبێ!
هەورام: ڕەنگە هەق بە تۆ بێ! من زۆر شتم ون کردووە. تەنانەت خەریک بوو وێنەکەتم لەبیر دەچووەوە. ئێستا چ وەرزێکە؟ چ ساڵێکە؟
خەزەر: ئێستا پاییزە! چەند ڕۆژی دیکە سەدەیەک دەگۆڕێ. ئێمە دەچینە ساڵی دوو هەزارەوە.
هەورام: ساڵی دوو هەزار؟ سەدەیەکی نوێ؟ [هەورام ئاور لە پێشمەرگەیەک دەداتەوە] لهۆن یانی دوو هەزار ساڵ بە سەر لەدایکبوونی پێغەمبەرەکەتدا تێدەپەڕێ؟ لهۆن: [سەندوقێکی فیشەک بەرز دەکاتەوە] خۆش بە حاڵی خۆراگران!
هەورام: [بەداخەوە] ئێمە لەم هەموو ماوەدا هیچ ڕێگەیەکمان نەدۆزیوەتەوە! هەموومان ون بووین!
خەزەر: چۆن دەتوانم بتدۆزمەوە؟
هەورام: تۆ هیچ کات منت بزر نەکردوە! دەتوانی لە ڕێگەیەکی دیکەوە بمدۆزیتەوە!

لە درێژەی فیلمەکەدا، ڕێبوار (هادی زیائەدینی) لەگەڵ پەرستاری دەرمانگەکەی بومان (ڕۆژان) لە پەراوێزی ڕێورەسمی پیری شالیار زەماوەند دەکەن و ڕۆژان کیفی پزیشکیی هەورام دەداتە دەست خەزەر. دوایین قۆناغی سەیر و سلوکی عێرفانی خەزەر لە گەڕان بە شوێن ئەوینەکەیدا بە کردنەوەی کیفەکە کۆتایی پێ دێ. کاتێک کیفەکە دەکاتەوە جگە لە هەندێک کەرەسەی پزیشکی، دیوانی شێعرێکی «شاملوو» و شریتێک بە دەنگی هەورام دەبینێ کە بە یادگار بۆی داناوە.

هەرچەند لە دەلالەتی یەکەمدا نیشاندانی سروشتی کوردستان (کە لەرادەبەدەر جوانە و کامێراش زۆر بەباشی لە کاتی گفتوگۆکاندا دیمەنەکان دەگوازێتەوە)، هەروەها خوێندنی گۆرانی عاشقانە و سەفا و سادەیی خەڵک هەستی بینەر لەگەڵ چەندین چیرۆکێکی خۆشەویستی تێکەڵ دەکا، بەڵام دەلالەتە ناڕاستەوخۆمان ئاستی وەخۆگرانەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانیمان پێ نیشان دەدەن کە لە ڕێگەیانەوە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی لەسەر بەشێکی دیکە لە مەدلولەکانی خۆی جێگر دەبێ. لە فیلمەکەدا بۆمان دەردەکەوێ کە پاش ڕووخانی دەرمانگەی گوندی بومان لە کاتی بۆمباراندا هەورام چیتر پزیشک نەماوە و چەکی بە دەستەوە گرتووە و بووەتە پێشمەرگە. پێشمەرگەیەک کە لە دەرەوەی

مێژووە و حەسێبی ساڵ و مانگی لە دەست دەرچووە. لە مانایەکی هێگڵی بۆ مێژوو، کورد لێرەدا نەتەوەیەکی نامێژووییە چونکە نەیتوانیوە پێش بکەوێ و مۆری خۆی لەسەر مێژووی جیهان لێ بدا. پێشکەوتنێک کە لە ڕاستیدا هەمان پێگەیشتنی ڕۆحی ئازادییە. کورد نەتەوەیەکە کە بە خۆ-ئاگامەندی (self-consciousness) نەگەیشتووە؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە ڕۆحی نەتەوەیی نەیتوانیوە لە سروشت (کە لە دەرەوە بە زۆرەملی خۆی بە سەر ڕۆحدا سەپاندووە) جیا ببێتەوە. لە کوردستان ڕۆح و سروشت یەکێکن و هەر بۆیە مرۆڤەکان لە چارەنووسی خۆیاندا زیندانی کراون و مرۆڤی کورد ناتوانێ بە ویستی خۆی بڕیار بدا. واتە مرۆڤی کورد بوونەوەرێکی ئازادی سەربەخۆ نییە، چونکە سروشت بەزۆرەملی لە دەرەوە، ویستی خۆی بە سەریدا دەسەپێنێ. خەزەر بە بڕیاری خۆی لە تارانەوە هاتووەتە هەورامان، بەڵام هەورام بەناچاری لە تارانەوە گەڕاوەتەوە. بەڵام ڕێبوار سەرەتا ڕێگای هەڵەی هەڵبژاردووە و تەنانەت لە پێشمەرگایەتیدا بریندار بووە. بەڵام توانیویەتی ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە و عاشقی پەرەستاری دەرمانگا بووە. هەورام لە ئەفسانەی عەشقدا دۆڕاوە و ناتوانێ چەپکەگوڵی سپی بدا بە خەزەر، بەڵام ڕێبوار لە کۆتایی فیلمەکەدا ئەسپی سپی پێیە (نیشانەی خۆشبەختی و ڕزگاری) و چەپکەگوڵی سپی دەدا بە خۆشەویستەکەی ڕۆژان و پێکەوە ژیانی هاوبەش پێک دێنن. پێشمەرگە مرۆڤێکە لە دەرەوەی مێژوو و تەنانەت نازانێ کە کاتێک جیهان دەچێتە سەدەیەکی نوێوە، دەبێ فکری خۆی بگۆڕێت و لەناو گاشەبەردەکان، واتە لەناو چارەنووسی خۆیدا قەتیس ماوەتەوە. دوایین سێکانسی فیلمەکە دەیەوێ خودایانە پێشمەرگە لەم نامێژوویی‌بوونە ڕزگار بکا و یەکلایەنە بڕیاری بۆ دەدا. هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەروێشەکان بە هەقیقەت دەگەن و دەفەکانیان شەهید دەبن، پۆلێک پێشمەرگە چەکەکانیان دادەنێن و هەڵدەپەڕن!

ئایدیۆلۆژیی ئێرانی تەنانەت شێعری گوڵی خوێناوی گۆران دەکا بە هی خۆی و دەیشێوێنێ. هەڵبەت ئەگەر لەوەش گەڕێن کە ئەم شێعرە بەرهەمی گۆرانە و ئەفسانەیەک نییە کە بە شێوەی زارەکی و وەک ئەدەبیاتی فولکلۆر گواسترابێتەوە (دژوازییەکە زۆر ڕوون دیارە، چونکە لە هەورامان، گۆرانییەکی سۆرانی وەک ئەفسانە باس دەکرێ)، بەڵام دەستکاری کردنەکەی دەبێتە جێی ڕامان. گۆران لەم ئۆپێرایەدا باس لەوە دەکا کە کوڕێکی عاشق لەبەر ئەوەی دڵی خۆشەویستەکەی خۆش بکا بە شوین ئەوەدا دەڕوا کە دوو چەپکەگوڵی زەرد و سووری بۆ بێنێ. بەڵام چونکە پاییزە، جگە لە باغچەی پاشا کە دوژمن دەوری داوە لە هیچ شوێنێک ئەم گوڵانە دەست ناکەون. کوڕەکە گوڵی زەردی دەست دەکەوێ و بە دیاری دەیدا بە کچەکە، بەڵام کچ بیانووی پێ دەگرێ و دەڵێ لەگەڵت نایەم بۆ زەماوەند هەتاکوو گوڵی سوورم بۆ نەهێنی. کوڕ لەم کاتەدا یەخەی مورادخانییەکەی دەترازێنێ و سینگی خوێناوی خۆی کە لە ئەنجامی شەڕ لەگەڵ دوژمن بریندار بووە پێشکەشی دڵدارەکەی دەکا.[١٩] بەڵام لە فیلمەکەدا و لە هەر سێ هێڵی گێڕانەوەکەدا تەنیا باس لە گوڵی سپی دەکرێ کە سومبولی ئاشتییە. دەشزانین کە گوڵی سپی بەدەگمەن لە ئەدەبیات یا فولکلۆری کوردیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەم جێگۆڕکێیە نە لەبەر نەزانی بووە و نە لەبەر هەڵە. چونکە فیلمەکە لە ڕاوێژکاری فرە شارەزاری وەک مامۆستایان عەباس کەمەندی و هادی زیائەدینی کەڵکی وەرگرتووە. واتە دەرهێنەر و فیلمنامەنووس زۆر بەباشی دەزانن کە گوڵەکە سپی نییە بەڵام وا ڕەفتاریان کردووە کە نازانن. چونکە لە شێعری گوڵی خوێناویدا دالی گوڵی سوور لەسەر مەدلولی خوێن و دوژمن جێگر دەبێ

و گوڵی زەرد تەنیا مەدلولی گوڵ لە مانا گشتییەکەیدا وێنا دەکا. بە سڕینەوەی گوڵی سوور چیتر پێویست بە بریندار و شەهیدبوون لە ڕێی دڵدار و نیشتمان ناکا. دالی گوڵی سپی وەک گوڵی زەرد نییە، بەڵکوو لەسەر چەمکی ئاشتی جێگر دەبێ. کۆتایی فیلمەکەش هەر ئەو مەبەستە دەپێکێ: لەبەر پێی هەڵپەڕینی پێشمەرگەکان کە چەکیان وەلا ناوە (نیشانەی خۆ وەدەستەوەدان) گوڵی سپی دەڕوێت.

**٥** چیرۆکی ئەوینداری [حکایت عاشقی]: پێشمەرگە ڕێورەسمی خۆشەویستی نازانێ!
فیلمی حکایت عاشقی لە دەرهێنان و نووسینی ئەحمەد ڕەمەزانزادە)[٢٠] ساڵی ١٣٩٤ [٢٠١٥] بڵاو کراوەتەوە و چەندین خەڵاتی وەکوو خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین فیلمنامەی لە سێیەمین فستیڤالی سینەمای ئاسیا لە شاری بارسێلۆن بردووەتەوە.[٢١] شاهۆ (شوان عەتوف) پێشمەرگەیەکە لە باشووری کوردستان و لە شاری هەڵەبجە دەژی و قەرارە پاش ماوەیەکی تر لەگەڵ خۆشەویستەکەی چیمەن (شیلان ڕەحمانی) ژیانی هاوبەش پێک بێنێ. هەر دووکیان دەنگ خۆشن و سازیش دەژەنن. لە ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە (١٩٨٨/٣/١٦ [١٣٦٦]) و لە ئەنجامی کیمیابارانەکەدا چیمەن و باوەگەورەی و چەند منداڵێک کە ئەوان بەخێویان دەکەن ژەهراوی دەبن، بەڵام لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە ڕزگاریان دەبێ. لە ناو ئێرانییەکان کوڕێکی باڵابەرزی ئێرانی تێدایە کە وێنەگرە و ناوی عەلییە (بەهرام ڕادان). عەلی یەکێک لەو کەسانەیە کە یەکەم وێنەکانی لە هەڵەبجە گرتووە (وەرگیراو لە بەسەرهاتی ئەحمەد ناتقی) و لە هەڵەبجە یارمەتی چیمەن و باوەگەورە و منداڵەکان دەدا تا ڕزگار بن، هەرچەند هەموویان دەکەونە ژێر کاریگەری گازی کیمیاییەوە. نزیک سێ مانگ دواتر، عەلی دەگەڕێتەوە کەمپی ئاوارەکان لە نزیک کرماشان و لەوێ دیسان ئەو بنەماڵەیە دەبینێ. هەروەها لە ڕۆژنامەدا چاپ بووە کە شاهۆ لە عێراق تیرباران کراوە و کوژراوە و هەر ئەمە دۆخی دەروونی چیمەن تێک دەدا. بەڵام بەرەبەرە لە نێوان عەلی و چیمەندا خۆشەویستییەک ساز دەبێ. هەر لە کەمپ زەماوەند دەکەن و بە ماڵەوە دەچن بۆ تاران. پاش ماوەیەک دەردەکەوێ کە چیمەن دووگیانە و دەیانەوێ پێش لەوەی بە سەفەری پزیشکی بڕۆن بۆ ئاڵمان سەردانی کەمپی ئاوارەکان بکەن و منداڵەکان و باوەگەورە ببینن. ئەمە لە کاتێکدایە کە بینەر لە سێکانسێکی دیکەدا دەزانی کە شاهۆ نەمردووە و لە کەمپ بە شوێن چیمەندا دەگەڕێ، بەڵام باوەگەورە نایەوێ ناونیشانی چیمەنی بداتێ نەکا ژیانی بشێوێ.

چیمەن لە گەڕانەوە بۆ کەمپ گوێی لە دەنگی ئاواز و سازی شاهۆ دەبێ و بێئەوەی قسەی لەگەڵ بکا لە دۆخێکی دەروونی خراپدا بەپەلە دەگەڕێتەوە بۆ تاران. لە کاریگەری گازی کیمیاییدا منداڵەکەی لەبار دەچێ. عەلی کە دەیەوێ دڵخۆشی بکا دەگەڕێتەوە کەمپ تا یەکێک لە منداڵەکان بە ناوی ڕۆژان بکاتە منداڵی خۆی. بەڵام بەڕێکەوت دەزانێ کە شاهۆ زیندووە و دەگەڕێتەوە بۆ تاران و بە چیمەن دەڵێ من نامەوێ تۆ بە جەستە لێرە بی و دڵت لە شوێنێکی دیکە بێ. چیمەن دەباتەوە بۆ کەمپ و چیمەن لە دوا ساتدا ئەنگووستیلەی دەزگیرانییەکەی بۆ بەجێ دێڵێ. هەرچەند دەردەکەوێ چیمەن دڵی هەر لە لای عەلییە و نایهەوێ شاهۆ ببینێ. دوابەدوای ئەمە فیلمەکە باز دەدا بۆ بیست و پێنج ساڵ دواتر (١٩٩٣ [٢٠١٤]) و لە مۆزەخانەی «ئاشتی» پێشانگای وێنەکانی عەلی سەبارەت بە هەڵەبجە بەڕێوە دەچێ. عەلی لەوێ لەگەڵ شاهۆ قسە دەکا کە ئێستا باڵوێزی کولتووریی هەرێمی کوردستانە لە

تاران. لە نێوان ئەم دوو ڕەقیبە عەشــقییەدا گفتوگۆیەک ڕوو دەدا کە نیشاندەری هەوێنی سەرەکی فیلمەکە:

*عەلــی: بارودۆخــی باشــە؟! [دوای سەرسوورمانی شاهۆ] چیمەن؟!*
*شاهۆ: نازانم! هیچ هەواڵێکی نازانم!*
*عەلــی: [بە توورەییــەوە] یانی چی هیچ هەواڵێکــم لێــێ نییــە؟! ئــەو لەبەر تۆ گەڕایەوە بۆ «عێراق»!*
*شاهۆ: خۆزگە لەبەر من بوایە!*
*عەلی: زۆر ڕوونــە لەبەر تۆ گەڕایەوە! ئەو عاشقی تۆ بوو!*
*شــاهۆ: هە! عاشــقی من بوو! ئەو کاتەی گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە چیتر چیمەنەکەی پێشوو نەمابوو!*
*عەلی: هەزار بەڵا و نەیامەتی بە ســەردا هاتبوو! چۆن چاوەڕوانی هەر مرۆڤەکەی جاران بێ؟!*
*شاهۆ: هاتووی ئامۆژگاریم بکەی؟!*
*عەلی: نابێ بەجێتهێشتبایە!*
*شاهۆ: تۆ چۆن لە عەشق تێگەیشتووی؟!*
*عەلــی: ئەگــەر شــتێکم لــێ زانیبایە نەمدەهێشت لێم جیا بێتەوە! تۆ چی؟!*
*شاهۆ: منیش سەد جار چوومە ماڵیان تا خوازبێنی لێ بکەم! بەڵام ئەوان وڵامیان نەدامەوە!*
*عەلی: دەی هەزار جار دەبوایە بڕۆی!*
*شــاهۆ: چارەیەکــم نەبوو! وتــم خۆی با هەڵبژێرێ!*
*عەلی: تۆ چ عاشقێکی لەپێی عەشقەکەتدا ڕانەوەستای؟!*
*شاهۆ: [بە شــەرمەوە سەر دادەخا] دەی ئەگــەر تــۆ تێگەیشــتووی بۆچی جێت هێشت؟*
*عەلی: من دەمویســت بەو شــتە بگا کە دڵی پێوەیەتی. لەمە زیاتر شارەزا نەبووم!*
*شــاهۆ: منیش وەکــوو تۆ! وتــم خۆی هەڵبژێرێ!*

پاش ئــەم گفتگۆیــە عەلی زمانی شــاهۆوە دەبیســتێت کــە چیمەن لــە هەڵەبجەیە و دەیەوێ بۆ یەکەم جار لە ساڵیادی کیمیاباراندا گۆرانی بڵێ. عەلــی بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە هەڵەبجــە و دەبینێ چیمــەن پێش لەوەی گۆرانییەکەی دەست پێ بکا دیسان ئاسەواری کیمیاییەکە لەسەر ســینگی دەیخاتە تەنگە نەفــەس و بێهۆش دەکەوێت. لە سێکانســی کۆتایی فیلمەکەدا عەلی لەبەر درگای ژووری نەخۆشخانە وێستاوە و سەیری چیمەن دەکا (پێشــتر گوڵێکی ســوور و ئەنگوستیلەکەی لەسەر مێزی کەناری چیمەن داناوە). چیمەن چاو هەڵدێنێ و سەرەتا سەیری مێزەکە دەکا و دواتر لە وڵامی پێکەنینەکەی عەلیدا بە بزە و ئارامییەک وڵامی دەداتەوە!

ســەرەڕای بــەڵاری بردنــی مێــژوو کە تیایــدا ئێرانییەکان وا نیشــان دەدەن هیچ بەرپرسیارەتییەکیان لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا نەبــووە و تەنانــەت فریادڕەســی خەڵکیش بوون، چیرۆکی ســازبوونی خۆشەویســتی لە نێــوان عەلی و چیمەن زۆر دوور لە بابەتێکی ڕاستەقینە خۆی نیشان دەدا. چونکە چیمەن هەمــوو کــەس و کاری لــە کیمیابارانەکەدا مــردوون و تەنانــەت خۆشەویستەکەشــی کــوژراوە. بەڵام ڕێــک لێرەدایە کــە بۆمان دەردەکــەوێ بابەتی ســەمبولیکە کە بابەتی ڕاســتەقینە ســاز دەکا. ئایدیۆلۆژیی ئێرانی دنیایەکی سەمبولیک ساز دەکا کە گەنجێکی ئێرانــی فیداکار دەتوانێ کچێک ســەرەتا لە کیمیابــاران و دواتر لــە کەمپ ڕزگار بکا (لە ڕاســتیدا بۆ ئــەوەی لە دەســت کوردایەتی ڕزگاری بکا) هەتا بیبا لە گەورەشــاری تاران بژی و ژیانی باشــتر ببــێ. چەند مانگ دواتر کە دەردەکەوێ شــاهۆ زیندووە، دیسان هەر ئەم گەنجە لەوپەڕی فیداکاری و مرۆڤایەتیدا دەست لە خۆشەویستەکەی هەڵدەگرێ، بەڵام

بە خۆشەویستییەکەی وەفادار دەمێنێتەوە. لە گفتوگۆکەدا نیشان دەدرێ کە پێشمەرگەی کۆن ئیستا قات و کراواتی لەبەر کردووە و پێگەیەکی بۆ خۆی ساز کردووە. شاهۆ وا نیشان دەدرێ بە شوێن حاڵ و ماڵی خۆیدا ڕۆشتووە و لە بەرامبەردا عەلی هەم زگوورت ماوەتەوە و هەمدیسان پێشانگای وێنەی هەڵەبجەی داناوە. عەلی وەفادارە بە هەڵەبجە، بەڵام شاهۆ تەنیا بۆ ڕابواردن و ڕەنگە ئەرکی پیشەکەی سەردانی پێشانگای وێنەکانی هەڵەبجەی کردووە. شاهۆ هەم خۆشەویستەکەی بەجێهێشتووە و هەم لە گفتگۆکەدا دەردەکەوێ هیچ لە ڕێوڕەسمی عاشقی تێناگا.

لەم سێگۆشەی عەشقەدا، چیمەن بەئاسانی واز لە عەشقی یەکەمی دێنێ و تەنیا بە هەواڵی ڕۆژنامەیەک کۆتایی بە چاوەڕوانییەکەی بۆ گەڕانەوەی شاهۆ دێنێ. عاشقی پیاوێک لە نەتەوەی داگیرکەر دەبێ و بێ هیچ لۆژیکێک بە ڕواڵەت لە عەلی جیا دەبێتەوە هەرچەند هەر خۆشی دەوێ. ڕەنگە ئەم ڕووداوانە لە دنیای ڕاستەقینەدا ڕوو نەدەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن ئایدیۆلۆژیی ئێرانی بابەتی سەمبولیک ساز دەکا. چیمەن لە کۆتایی فیلمەکەدا لەسەر قەرەوێلەی نەخۆشخانە ڕاکشاوە (خوازەیەکە بۆ نزیکایەتی لەگەڵ پیاوی فارس) و چاوەڕوانە عەلی جەستەی داگیر بکا. پیاوی فارسی جوانچاکی ژیری خاوەن کولتووری مرۆڤدۆست سەرکەوتووی بێ ئەملاوئەولای چیرۆکی ئەویندارییە.

**۶** سوێری شیرین [شور شیرین]: پێشمەرگە دژەمرۆڤێکە مزگەوت دەسووتێنێ و کوژراوەکان سەر دەبڕێ!

فیلمی سوێری شێرین ساڵی ١٣٨٨ [٢٠٠٩] بە دەرهێنەری جەواد ئەردەکانی ساز کراوە و لە سیهەمین فستیڤاڵی فیلمی فەجردا خەڵاتی باشترین فیلمی لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە پێ بەخشراوە.[٢٢] ئەم فیلمە بە وتەی فارس‌نیوز دەبێ هەر ئێرانییەک ببینێ،[٢٣] چیرۆکی فەرماندەیەکی سوپا بە ناوی پاستار مەحمود کاوە دەگێڕێتەوە کە پاش شۆڕشی ئیسلامی یەکێک لە بەرپرسانی سوپا لە کوردستان بووە. دەستپێکی فیلمەکە پێکدادانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سوپا و ئەرتەشی ئێران لە پاییزی ١٣٥٩ [١٩٨٠] دەگێڕێتەوە و باس لە هاتنی بنەماڵەیەک لە تارانەوە بۆ سەقز دەکا کە دەیانەوێ لە ڕێوڕەسمی دەزگیرانی کوڕەکەیان (پوریا) کە سوپاییە لەگەڵ کچێکی پەرەستاری شیرازیدا بەشداری بکەن. بەڵام پێش لەوەی بگەنە سەقز، پێشمەرگەکان هەموو موسافرەکانی مینی‌بوسەکە بە بارمتە دەگرن. باوکی پوریا (حەمید) ئەفسەری خانەنشینی گاردی پاشایەتی بووە و پاش لەوەی بارمتەکان بۆ بۆکان دەگوازرێنەوە، قەول بە سەرگورد عەلییار (فەرماندەی باڵای پێشمەرگەکان کە پێشتر ئەویش ئەفسەری گارد بووە) دەدا کە لە پیلانی کوشتنی مەحمود هاوکارییان بکا و ئەوانیش لە پێناویدا بنەماڵەکەی ڕزگار بکەن. بەڵام لە ڕاستیدا باوکی پوریا دەیەوێ فێڵیان لێ بکا و پاش بەرەڵڵابوونی هاوکاری سوپا دەکا. پێشمەرگەکان کە ئاگادار دەبن سوپا و ئەرتش دەیانەوێ لە ڕێگەی سەقزەوە هێرش بکەنە سەر بۆکان، پێشوەخت هێرش دەکەنە سەر پایگایەکی گرنگی سوپا بە ناوی دەکەڵێ وەنەوشەوە و هەموو سوپاییەکان دەکوژن یا بەدیل دەیانگرن و پوریاش لەم شەڕەدا ئەسیر دەبێ.

مەحمودیش لە تۆڵەدا سوپا تەیار دەکا تا هێرش بکەنە سەر گوندی سەرا لە نێوان سەقز و بۆکان، بە مەبەستی ئەوەی ئەسیرەکان وەربگرنەوە. لەم شەڕەدا خسرەو یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ئەسیر دەبێ. حیزب کە خسرەوی زۆر بۆ

گرنگە پێشـــنیار دەکا کە هەمـــوو بارمتەکان لەگەڵ خسرەودا بگۆڕنەوە. بەڵام مەرج ئەوەیە تەنیـــا مەحمود و کەســـێکی دیکە بێ چەک لـــە کاتی گۆڕینـــەوەدا ئامادە بن. وا پیشـــان دەدرێ کە پێشـــمەرگەکان ئەو شـــوێنەیان تەنیـــوە تا بە فێـــڵ مەحمـــود بەدیل بگرن، بەڵام دەردەکەوێ کە سوپاییەکان بە پیلانی ژێرانەی مەحمود لە جلوبەرگی کرێکارەکاندا لە هەموو ئەو ناوچەیـــە بڵاوەیان کردووە. لە ئاکامـــادا هەم بارمتەکان ئـــازاد دەبن و هەم ئەو پۆلە پێشـــمەرگەیە ئەسیر دەبن. هەڵبەت فیلمەکە کە دەیەوێ داستانی قارەمانییەتێک لە مەحمود بگێڕێتەوە زۆر ساویلکانە داڕێژراوە و تەنانەت لەناو ئێران ڕەخنە لە فیلمنامەکەی گیـــراوە کە نەیتوانیوە ژیانـــی مەحمود وەک خۆی نیشـــان بـــدا. چونکە گوایـــە مەحمود کەســـێکە کە خومەینی لەبارەیەوە وتوویەتی کە کاتی شـــۆڕش مەحمود شاگری ئێمە بوو، بەڵام ئێستا بووەتە مامۆستامان.[٢٤]

بەڵام لەگەڵ ئەوەیـــدا فیلمەکە هەندێک لاوازی هەیـــە، دەکـــرێ بوتـــرێ هەڵگـــری گرنگترین دالەکانـــی ئایدیۆلۆژیـــی ئێرانییە کە لە ڕێگەیـــەوە خەباتی کوردایەتی لە بەها مرۆییەکان دەسڕدرێتەوە و لەسەر سازکردنی دوو بەرەی مـــرۆڤ/دژە مرۆڤ، ئیمان/کوفر و ژیر/وەحشـــی چێگر دەبێ. خســـرەو پیاوێکی بالابـــەرزی وەحشـــییە کە قژە ســـپییەکانی دەبەســـتێ و نـــەک بەزەیی هەیـــە و نەک خاوەنی نەها مرۆییەکانە. لە سێکانسی شەوی گوندی میان بو (مایین بەو) لە نێوان سەقز و بۆکان (کە پێشمەرگەکان بارمتەکانیان لەوێ حەشار داوە)، خسرەو لە ناو مزگەوت ویسکی دەخواتـــەوە و کاتێـــک مامۆســـتای ئایینی دەیەوێ ڕێی لێ بگرێ، خسرەو فەرمان دەدا کە مزگەوتەکە (مســـجد النبی) بسووتێنن و دەڵێ دەمەوێ ئاگر لـــە دینەکەت بەر بدەم. مامۆستاکە هاوار دەکا کە لە مزگەوت ئایەتی قورئانی لێیە و ناوی خودا و پێغەمبەر لەسەر دیوارەکانی نووســـراوە. خســـرەو دەڵێ دەی بزانم چیت بۆ دەکرێ؟ مامۆســـتا (جلوبەرگی کوردی لەبەردایـــە) هاوار دەکا یا محەمەدا! و بە دەستی خاڵی هێرش دەکاتە سەر خسرەو. خســـرەو (کە وەک پێشمەرگەکان هەموویان جلوبەرگی ســـەربازییان لەبەردایە) بە چەقۆ سکی هەڵدەدڕێ و پێشمەرگەکان جەستەی نیوەگیانی مامۆستا فڕێ دەدەنە ناو ئاگرەکەوە. پێشمەرگەکان چەند فیشەک بۆ چاوترساندنی خەڵـــک دەتەقێنێن و خســـرەو هـــاوار دەکا: «بەهەشـــت و جەهەندەمی حیـــزب لێرەیە!» مەحمود ئاگاداری ئـــەم ڕووداوە دەبێ دەڵێ: « ئاژەڵە گڵاوەکان (حیوانات نجس) مزگەوتی گوندیان ئاگـــر تێبەرداوە!» و هەر بۆیە بەپەلە دەڕۆن کە لەناویان بەرن. بەڵام فریا ناکەون و پێشمەرگەکان ئاگادار دەکرێنەوە و گوندەکە بەجێ دێڵن.

دوابەدوای ئەمە خســـرەو لەگەڵ پۆلێک لە پێشـــمەرگەکان دەچنە ماڵـــی کوێخا کە شـــەو لەوێ بمێننەوە. هاوژینی کوێخا بەپەلە کوڕەکـــەی دەشـــارێتەوە بـــەڵام یەکێک لە پێشـــمەرگەکان تەماح دەکاتە ڕۆژان (کچی تازەلاوی کوێخا). خســـرەو فەرمان بە کوێخا دەدا کە چونکە مامۆستاکە نانەجیبی کردووە، هەتا بەربەیان دەبێ دوو قاتی جاران یارمەتی بـــۆ حیزب لـــە خەڵکی گوند کـــۆ بکەیتەوە! خســـرەو دەیەوێ ڕۆژان لەگەڵ خۆیان ببەن و بۆ ڕابواردن بیدا بە پێشمەرگەیەکی سمێڵ زلی چاوحیز. بەڵام کوڕە میرمنداڵەکەی کوێخا بە چەکێک بەڕەوڕوویان دەبێتەوە؛ خســـرەو پێی دەڵێ ئەی ئافەرەم! تۆ بۆ پێشمەرگەبوون باشی و چەکەکەت دانێ! کوڕەکە باوەڕ دەکا، بەڵام خسرەو تەقەی لێ دەکا و دەیکوژێ.

لە سێکانســـێکدا کە ســـەرگورد عەلییار پێشـــنیاری هاوکاری بە حەمید دەدا، سەرەتا حەمید لـــە حەوشـــەیەکەوە دەگوازنەوە کە لەســـەر دیوارەکان درووشـــی «دێموکراسی بـــۆ ئێـــران و خودموختاری بۆ کوردســـتان»

نووسراوە و لە پاڵیدا دوو گەنجی کورد (بە جلوبەرگی کوردییەوە) بە تاوانی مزدوربوون تیرباران دەکرێن. لە ژووری عەلییاردا و لە پشت سەریەوە وێنەیەکی گەورەی دوکتور قاسملوو دەبینرێ و لە هەموو شوێنێک ئاڵای کوردستان لە قەبارەی گەورەدا بە دار و دیوارەوە هەڵواسراوە. سەرگورد عەلیار لە کاتی قسەکردن و بڕیارداندا شەراب دەخواتەوە و بەتووڕەیی لەگەڵ پێشمەرگەکان قسە دەکا. هەروەها لە هەموو فیلمەکەدا پێشمەرگەکان وەک مزدور (بەکرێگیراو) ناویان لێ دەبرێ و لە بەرامبەردا جاشەکان (پێشمەرگە موسڵمان) تەنیا بە پێشمەرگە بانگ دەکرێن.

لە سێکانسی هێرشی پێشمەرگەکان بۆ سەر پاسگەی دەکەڵێ وەنەوشە. دوو نیشانەی گرنگ لە پیشاندانەوەی پێشمەرگە لە میدیای ئێرانیدا دەردەکەون. سەرەتا بە زیاتر لە سی پێشمەرگە فیشک بە جەستەی نیوەگیانی گروهبانێکەوە دەنێن کە فەرماندەی پاسگەکە بووە (لە جیاتی ئەوەی بەدیل بیگرن) و دواتر سەری یەکێک لە پاستارەکان لە جەستەی جیا دەکەنەوە و فڕێی دەدەن. واتە پێشمەرگە لەوپەڕی دڕەندەییدا وێنا دەکرێ کە تەنانەت ڕەحم بە جەستەی مردووش ناکا. وێنای چەوت بەڵام ئاشنای «سەربڕین» کە بەردەوام ئایدیۆلۆژیی ئێرانی لە بەکارهێنانی هیچ شەرمێکی نەبووە.

دەرهێنەر کە خەڵاتی نەتەوەیی بۆ ئەم فیلمە پێ بەخشراوە، بە باشی زانیویەتی کە چۆن تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆژیی ئێرانی لە ڕێگەی فیلمەوە بەرهەم بهێنێتەوە. سەرەتا پێویستە مرۆڤی ئێرانی لەوپەڕی زیرەکی، نیشتماندۆستی، فیداکاری، ئەویندارییدا نیشان بدرێ کە تەنانەت سەربازی سەردەمی شا بۆ خزمەت بە نیشتمانەکەی دیسانەوە چەک هەڵدەگرێ و دەوری قارەمانێک دەگێڕێ. مەحمود بەردەوام لە فیلمەکەدا خەریکی نوێژکردنە و کەسێکی زۆر بەئیمانە لە بەرامبەردا پێشمەرگە کافرێکە کە مزگەوت دەسووتێنێ و گاڵتە بە خودا و پێغەمبەر دەکا. پاستارەکانی سوپا زۆر زیرەکن، پیلانی سەرکەوتوویان هەیە و بەردەوام دەیانەوێ یارمەتی خەڵک بدەن؛ هەروەها عاشق دەبن و تەنانەت لە کاتی جەنگدا یاری فوتباڵ دەکەن. پێشمەرگە ساویلکە و وەحشییە، چاوحیزە و تەماح لە کچێکی تازەپێگەیشتووی هاوزمانی خۆی دەکا و ڕێگەی پێ دەدرێ دەستدرێژی بکاتە سەری؛ هەروەها پێشمەرگە بە مەستی بڕیار دەدا، ناتوانێ ژیرانە بیر بکاتەوە و یارمەتی خەڵک هیچ کە نادەن بەڵکوو بە تۆقاندن پارە لە خەڵک وەردەگرن. فیلمی سوێری شیرین بەرهەمهێنەرەوەی وێنەی پێشمەرگەیەکە کە ساڵیانێکە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی پڕۆپاگەندەی بۆ دەکا. دەرهێنەر و فیلمنامەنووس نەک ئەوەی نەزانن کە ڕووداوەکان بەو شێوەیە نەبوون کە وێنای دەکەن، بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەوە، ئەوان دەزانن کە بەو فیلمەی سازیان کردووە لە وەهمێک پەیڕەوی دەکەن کە ساڵیانێکە دووپات دەکرێتەوە، بەڵام ڕێک هەر بەو شێوەیەی جاری جاران ڕەفتار دەکەن.

### ۷ چ [چ]: بێ چەکیش دەتوانین کوردستان لە «کورد» بسڕینەوە تا تەنیا کوردە ئێرانییەکان بمێننەوە!

فیلمی چ ساڵی ١٣٩٢ [٢٠١٣] بە دەرهێنەری ئیبراهیم حاتەمیکیا و پشتیوانی بونیادی سینەمایی فارابی ساز کراوە. تێچووی ئەم فیلمە دوو ملیۆن دۆلار بووە[٢٥] و لە ڕووی فرۆشەوە کەمتر لە حەوسەد هەزار دۆلاری دەست کەوتووە.[٢۶] فیلمی چ لە سی و دووەمین فستیڤاڵی فەجردا شەش سیمۆرغی بردووەتەوە.[٢٧] فیلمەکە سەبارەت بە برگەیەک لە ژیانی مستەفا چەمران لە فەرماندەکانی سوپای ئێرانە و ماوەی دوو

ڕۆژ لە شەڕی پاوە لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و پاستارەکانی سوپای ئێران لە کۆتایی گەلاوێژی ١٣٥٨ [١٩٧٩] دەگێڕێتەوە. دەوڵەتی کاتیی ئێران مستەفا چەمران (فەریبورز عەرەب‌نیا) دەنێرێ بۆ پاوە کە کێشەی نێوان کورد و حکومەت چارەسەر بکا. لە فیلمەکەدا هەوڵ دەدرێ جوار ڕوانگە دەستنیشان بکرێ: ١ دوکتور مستەفا چەمران کەسێکە کە بۆچوونێکی عیرفانی هەیە و دەیەوێ لەسەر بنەمای ئاشتی کێشەکان چارەسەر بکا؛ ٢ ئەسغەر ویسالی کە فەرماندەیەکی گەنجی سوپایە و دەیەوێ بە توندوتیژی و بوێری پێشمەرگەکان لەناو بەرێ و عەدالەت بۆ کۆمەڵگا بگەڕێنێتەوە؛ ٣ خەڵکی پاوە کە پێیانوایە سوپا و دەوڵەتی ئێران دەتوانن ڕزگاریان بکەن و ٤ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بە فەرماندەیی کەسێک بە ناوی دوکتور عەنایەتی کە بیرۆکەی چەپیان هەیە و دەیانەوێ لە کوردستان حکومەتی خۆیان هەبێ.

لە فیلمەکەدا باس لەوە دەکرێ کە عەنایەتی و چەمران لە ئامریکا خوێندوویانە و تەنانەت چونکە هەر دووکیان بیرۆکەی چەپیان هەبووە لە ڕێکخستنی ڕێپێوان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی حکومەتی شادا بەشدارییان کردووە. بەڵام چەمران بیرۆکەی گۆڕاوە و وەک موسڵمانێک چووە بۆ لوبنان تا لەگەڵ موسا سەدر دەورێکی گرنگ لە بزووتنەوەی ئەمەل بگێڕێ. چەمران و عەنایەتی لە یەکێک لە سێکانسەکاندا (لە شەوێکی ئەنگووستەچاو و لە قەبرستانی پاوە) لەگەڵ یەک کۆ دەبنەوە. دیالۆگی نێوانیان هەندێک بابەتی گرنگمان لە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی بۆ دەردەخا:

*عەنایەتی: دەمەوێ بزانم کەسێک دەیتوانی لە ناسا بێ و ڕەنگە لە داهاتوودا خەڵاتی نۆبێل بگرێ بۆ هاتووەتەوە بۆ ئێران و لە پاوە لە بەرامبەر ئێمەدا وێستاوە؟*

*چەمران: من هاتووم تا لەبەر ئەم خەڵکە پێکەوە دانووساندنمان هەبێ.*

*عەنایەتی: خەڵک؟! ڕۆژە سەرەتاییەکانی شۆڕش لە کوێ بووی؟!*

*چەمران: ئەمە لێپرسینەوەیە؟! شوێنێک کە من لەوێ بووم گرنگییەکی هیچ کەمتر لە ئێران نەبوو!*

*عەنایەتی: چ شوێنێک گرنگتر لە ئێران؟*

*چەمران: ڕێبەری بەرگری لوبنان لە لایەن سەرهەنگ قەزافییەوە دزرابوو، من دەبوایە لەوێ بوومایە.*

*عەنایەتی: کام ڕێبەر؟!*

*چەمران: ئیمام موسا سەدر!*

*عەنایەتی: ئەویش ئێرانییە! ئەویش لە کاتی شۆڕشدا لە ئێران نەبوو!*

*چەمران: وا بزانم تێگەیشتنی ئەمە بۆ تۆ قورس بێ دوکتور!*

*عەنایەتی: تۆ بۆ سەربەخۆیی شیعەکانی لوبنان شەڕت کردووە. ئەگەر بە ئاستەم ئینسافت هەبێ بە ئێمەش هەق دەدەی کە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەی کورد شەڕ بکەین.*

*چەمران: خەریکی شتەکان تێکەڵ دەکەی دوکتور! لوبنان حکومەتی عەشیرەتەکانە، بەڵام ئێران هەر لە کۆنەوە هەر ئێران بووە! هەموو جۆرە عەشیرەیەک لە ناویدا بە ئاشتی پێکەوە ژیاون.*

*عەنایەتی: دەست لە ڕابردوو بەردە مستەفا! باسی ئێستا بکە! ئێستا!*

*چەمران: تەمەنی ئەم شۆڕشە تەمەنی زارۆکێکی شەش مانگەیە!*

*عەنایەتی: چ باشتر! چونکە تا پێنەگەیشتووە کاتمان هەیە!*

*چەمران: بەڵام ئەم داوای بەش کردنەی ئێوە بە بەهای پارچەپارچەبوونی ئێرانە!*

*عەنایەتی: ساڵیانێکە هەر بەم لۆژیکە ئێمەیان سەرکوت کردووە! پارچەپارچەبوونی نیشتمان! کوا نیشتمان؟! بەشی نەژادی من لەم وڵاتە تەنیا پارێزگاری کردن لە سنوورەکانی بووە! ئەمە عەدالەتی پێ دەڵێن؟!*

*چەمران: ئێرانیترین نەژادی ئێران نەژادی کوردە. نە کورد لە ئێران جیا دەبێتەوە و نە ئێران لە کورد!*

*عەنایەتی: ئەم ڕستانە بۆ وتاردان زۆر جوانە! بەڵام دەردی نەتەوەی من دەرمان ناکا مستەفا!*

*چەمران: ئەم نەتەوەیەی کە باسی دەکەی لە دەوڵەتەکەی داوای یارمەتی کردووە.*

*عەنایەتی: ئەمە کێشەیەکی ناوخۆییە! پەیوەندی بە غەریبەکانەوە نییە!*

*چەمران: بۆ خەڵکی پاوە دەوڵەت غەریبە نییە!... هەست بە بۆنی ئیسرائیل دەکەم!*

بەڕوونی نیشانەکانی کۆلۆنیالیزمی وەخۆگری ئایدیۆلۆژیی ئێرانی خۆی لەم دیالۆگەدا نیشان دەدا. کۆلۆنیالیزمێک کە سەرەتا ئێرانێکی ساختە ساز دەکا و لە ڕێگەیەوە کورد بە ئێرانیترین نەژادی ئێرانی دادەنێ. واتە ئێرانبیوون لەسەر هەر دوو ئاستی بوون و مەعریفی کورد وەخۆ دەگرێ کە نەتوانی داخوازی لە ناسنامەیەکی سەربەخۆ بکا. ئەگەر هەندێک لە کوردەکان بەپێچەوانەی ئەمە بیریان کردەوە، مێکانیزمی وەخۆگر کورد دەکاتە دوو بەشەوە: زۆرینەیەک کە خۆیان بە ئێرانی دەزانن و کەمینەیەکی دژەمرۆڤ کە دژ بەم خەڵکە بیر دەکەنەوە و دەیانکوژن. واتە لەم ڕێگەیەوە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی کوردی ناسیۆنالیستێک کە باوەڕی بە کوردایەتییە لە مرۆڤبوون دەسڕێتەوە. ڕوخسارێکی وەحشی و درەندەی بۆ وێنا دەکا تا لە مرۆڤبوون نامۆ ببێ. دیارە هاوکاتیش دەکرێ بیرۆکەی کوردایەتی بە سازکراوی ئیسرائیل دابندرێ، چونکە ئێرانییەکان خۆیان بەئیماندار دەزانن و لایەنگرانی کوردایەتی بە کافر. لەم ئایدیۆلۆژییەدا ئیسرائیل دەوڵەتێکە کە خاکی فلەستینی داگیر کردووە و موسڵمانەکان دەکوژێ. کەواتە لێکچواندنی دەوڵەتی کوردستان بە ئیسرائیل بەو مانایە دەبێ کە لایەنگرانی کوردایەتی (کوردی ڕاستەقینە نین) دەیانەوێ خەڵکی کورد بکوژن یا بیانچەوسێننەوە. لە فیلمی چڕا پێشمەرگەکان تەنانەت ڕەحم بە نەخۆشخانە ناکەن و پەرستار و دوکتورەکان دەکوژن. خەڵک لە ترسی ئەوان هەموویان پەنا بۆ حەوشەی سوپا دێنن و، پاسدارەکان بە ژمارەیەکی بیست کەسی و بە هاوکاری پێشمەرگە موسڵمانەکان کە ئەوانیش دە پازدە کەس دەبن دوو ڕۆژ لە بەرامبەر سەدان پێشمەرگەدا بەرگری لە خۆیان و خەڵکی شارەکە دەکەن. لە دوایین ساتەکاندا کە پێشمەرگەکان هەتا ناو بینای سوپا هاتوونەتەوە پێشەوە، ئەرتش بە فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ کوشتنی کافرەکان دێنە ناو شار و پێشمەرگەکان شکەست دەدەن و چەمرانیش ڕزگاری دەبێ. ئەوە لەبیر نەکەین جەهادی خومەینی بەم ڕستە بەناوبانگە دووپات دەکرایەوە کە «ئێمە لەگەڵ کوفر شەڕ دەکەین نەک لەگەڵ کورد». لە هەموو فیلمەکەدا مستەفا چەمران پیاوێکی ئێجگار لەسەرخۆیە کە بەردەوام لە مزگەوت نوێژ دەکا و لە خودا دەپارێتەوە، هەروەها خۆی لە خەڵکی پاوە جیا ناکاتەوە و تەنانەت چەندین جار گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە کە ژن و منداڵی کورد ڕزگار بکا. لە هەموو ئەم ساتانەدا چەکەکەی بەکار ناهێنێ تا نیشان بدرێ کە هێزی مەعنەویەتی پاسدارێکی ئێرانی چۆن دەتوانێ بۆ ئاشتی بانگەواز بکا و بەسەر توندوتیژی پێشمەرگەی کورددا سەرکەوێ.

پێشاندانی ڕوخسارێکی عارفانە لە سەرکردەکانی سوپا لە کوردستان کە بەرپرسی سەرەکی کوشتنی دەیان هەزار کەس لە ڕۆژهەڵات بوون و خۆیان وەک نوێنەری ئیسلام لە دژ بە کوردی کافر پێناسە دەکرد، بەرەبەرە دەبێتە ڕێڕەوێکی گرنگ لە سینەمای ئێران و لە فیلمی ڕاوەستاو لە تەپ و تۆزدا (ایستاده در غبار) دووپات دەبێتەوە. لەم فیلمەشدا کە سەبارەت بە ژیانی ئەحمەد مۆتەوەسولیان (لە سەرکردەکانی سوپا لە شەڕی پاوە و فەرماندەی سوپای مەریوان) ئەو پاستارە وەک قارەمانێکی عارف نیشان دەدرێ.

## دەرەنجام

ئایدیۆلۆژی لە ڕوانگەی ئالتوسێرەوە جیهانی ئێمە ساز دەکا. ڕەنگە ئێمە پێمانوابێ کە تاکی کورد لە ئێران سوژەیەکی ئازادە کە ئاگایی هەیە، بەڵام کاتێک سەیری هەڵسووکەوتەکانی دەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە پەیوەندیمان لەگەڵ ڕاستییەکان جیهان و مێژوو تەنیا لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژییەوە ئیمکانی هەیە. بەم شێوەیە ئێمە بەپێی وەهمی نەتەوەی ئێرانی و ئێرانێکی ساختە دەجووڵێینەوە و لە کاتێکدا دەزانین کە دەوڵەت نەتەوەی ئێران خۆی سەد ساڵە ساز کراوە، بەڵام هەمدیسان بە شێوەیەک هەڵسووکەوت دەکەین کە دەڵێی ئێران دەوڵەتێکی لەمێژینەیە و باوەڕ دەکەین کە کورد لە بەرامبەر فارسدا خاوەنی شارستانیەت نییە و بەمگوێرەیە مرۆڤی فارس باشتر لە مرۆڤی کورد لە ئازادی، خۆشەویستی و نیشتمان تێدەگا.

ئایدیۆلۆژیی ئێرانی لە هەمان کاتدا کە ناسینێکی چەوت (misrecognition) لە مێژوو، کولتوور و شارستانیەتی کوردستان بەدەستەوە دەدا، هەروەها تاکی کورد وا لێ دەکا تا بە مەیلی خۆی خوازیاری ملکەچی بێ. ئالتوسێر ئەم چەمکە لە ژێر کاریگەری لاکاندا بەکار دێنێ و، پێیوایە ئێمە لە جیهانی دەوروبەرمان ناسینێکی چەوتمان هەیە چونکە خۆمان دەمانەوێ. چونکە بەم کارە پاداشتێک وەردەگرین. هەرچەند ئەم پاداشتە بۆ هەموو کەسێک یەکسان نییە. لە کرێکاری ڕۆژانە بگرە هەتا مامۆستاییەکی ئایینی، لە کوردێک کە لە ئیدارەیەک کار دەکا هەتا ئەو زانایەی کە پێیوایە لە زانکۆ سەربەخۆیانە ئیش دەکا، بە شێوەیەک لەم پاداشتە بەهرەمەند دەبێ. لە هەر کام لەم حاڵەتانەدا ئایدیۆلۆژییە کە پەیوەندی ڕاستەقینە لە نێوان پەیوەندییەکی خەیاڵیدا دەشارێتەوە. ئەم ئایدیۆلۆژییە تاکی کورد دەکاتە سوژەی خۆی و بانگی دەکا و لێی دەپرسێتەوە. سینەما مەودایەکی باشە کە تێبگەین چۆن ئایدیۆلۆژیی ئێرانی تاکی کورد دەکاتە بەردەنگی خۆی و داوای لێ دەکا بەو شێوەیە بیر بکاتەوە کە ملکەچی سیستەمی کۆلۆنیالیستی بێ.

دالی مەزن لە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی، چەمکی ئێرانە و دالەکانی تر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دالەدایە کە لەسەر مەدلولەکانی خۆیان جێگر دەبن. دەکرێ بگوترێ کە دالەکانی وەک خۆشەویستی، ئیمان، توندوتیژی، کوردایەتی، ئەخلاق و شارنشینی لە ڕێگەی پەیوەندییەکی کە لەگەڵ دالی مەزن هەیانە جومگەبەندی دەبن و لەسەر مەدلولە جۆراوجۆرەکان فیکس دەبن. لە ئەنجامی نیشانەناسیی ڕەخنەگرانەی فیلمەکاندا بەم خشتەی خوارەوە دەگەین کە تیایدا ئایدیۆلۆژیی ئێرانی بابەتی سەمبولیکی ئایدیۆلۆژی کوردایەتی دەکاتە ئامانج و بە چەوتاندن، شێواندن و سڕینەوەی ئەو سەمبولانەی کوردایەتی گرنگیان پێ دەدا، بابەتی ڕاستەقینەی خۆی بەرهەم دێنێ. بەم شێوەیە مرۆڤی کوردی بەئێرانیکراو/ئاسیمیلەکراو بەرهەم دێ کە لە زمان و کولتووری کوردستان، لە خۆی، لە پەیوەندییە مرۆییەکان نامۆ بووە.

| دال | مەدلوولەکان | فیلمەکان |
|---|---|---|
| خۆشەویستی | پێشمەرگە لە خۆشەویستی تێناگات ـ مرۆڤی ئێرانی لە بەرامبەر خۆشەویستیدا بەرپرسیارە ـ مرۆڤی کورد عاشقی مرۆڤی فارس دەبێ ـ مرۆڤی کورد خۆشەویستەکەی خۆی بەجێ دێڵێ | خاکی ئاشنا ـ فرمێسکی سەرما ـ چریکەی هەورام ـ چیرۆکی عاشقی |
| ئیمان | پێشمەرگە کافرە و مزگەوت دەسووتێنێ- مرۆڤی ئێرانی/ سەربازی ئێرانی ئیماندارە و نوێژ دەکا، لە خودا دەپاڕێتەوە و داوای یارمەتی دەکاـ مرۆڤی ئێرانی پەیوەندی عارفانەی لەگەڵ خودا هەیە ـ پێشمەرگە کۆمۆنیستە ـ مرۆڤی کورد باوەڕی بە خورافەیە | خاکی ئاشنا - منداڵی خاک ـ چریکەی هەورام - سوێری شیرین - چ |
| توندوتیژی | مرۆڤی کورد ناتوانێ بە زمانی دیپلۆماسی قسە بکا، نالۆژیکی بیر دەکاتەوە و تەنیا توندوتیژی بەکار دێنێ ـ مرۆڤی ئێرانی بە نەرمی دەتوانێ کێشەکان چارەسەر بکا و لۆژیکییە ـ پێشمەرگە خەڵکی ئاسایی بە ابرمتە دەگرێ - پێشمەرگە ڕەحم بە زیندانی ناکا ـ پێشمەرگە بریندارەکانی شەڕ دەکوژێ و مردووەکان سەر دەبڕێ - مرۆڤی کوردی ئاسیمیلیکراو باوەڕی وایە چەک تەنیا فیشەک نییە | خاکی ئاشنا - فرمێسکی سەرما ـ چریکەی هەورام ـ سوێری شیرین ـ چ |
| کوردایەتی | پێشمەرگە لە خەڵکی کوردستان جیایە ـ کورد لە هەر شوێنێک بێ ئێرانییە ـ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان خۆیان بە ئێرانی دەزانن و ئاڵای ئێران هەڵ دەکەن ـ بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی یەکسانە بە ساز کردنی ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکەدا ـ کوردستان بەشێک لە ئێرانە و نابێ بە ڤیزا سەردانی بکەیت ـ پێشمەرگە دەیەوێ مێژووی پەیوەندی کورد بە ئێران بسڕێتەوە ـ زمانی فارسی هێندە گرنگە کە خەڵکی کورد بۆ پەیوەندی لەگەڵ یەک بەکاری دێنن ـ پێشمەرگە شێعری شاملو دەخوێنێتەوە ـ مرۆڤی کورد خیانەت بە هاوزمانەکەی خۆی دەکا ـ پێشمەرگە سەر لێشێواوە و نازانێ چی دەوێ ـ پێشمەرگە لە پێشمەرگایەتی ماندوو بووە ـ پێشمەرگە ڕێگای ون کردووە و نەهاتووەتەوە دنیای مۆدێرنەوە | خاکی ئاشنا ـ منداڵی خاک ـ فرمێسکی سەرما ـ چریکەی هەورام ـ چیرۆکی عاشقی ـ سوێری شیرین ـ چ |
| ئەخلاق | پێشمەرگە ڕەحم بە هاوزمانەکەی خۆی ناکات و دەیکوژێ - سەربازی ئێرانی یارمەتی کیمیالێدراوەکان دەدا و ژیانی خەڵکی کوردی بۆ گرنگە ـ مرۆڤی ئێرانی منداڵە ئاوارە هەتیوەکانی خۆش دەوێ و یارمەتی هەژاران دەدا ـ مرۆڤی کورد فێڵباز و تەماحکارە - پێشمەرگە دەستدرێژی دەکاتە سەر ژن ـ پێشمەرگە لە مزگەوتدا مەشروب دەخواتەوە = پێشمەرگە لە کاتی مەستیدا بڕیاری گرنگی سیاسی دەدا - پێشمەرگە بریندارەکان دەکوژێ و سەریان دەبڕێ ـ | خاکی ئاشنا - منداڵی خاک - فرمێسکی سەرما - چیرۆکی عاشقی ـ سوێری شیرین ـ چ |

| دال | مەدلوولەکان | فیلمەکان |
| --- | --- | --- |
| | مرۆڤی کورد جێی متمانە نییە بەڵام مرۆڤی ئێرانی جێی متمانە و بروایە ـ مرۆڤی ئێرانی لێبوردەیە ـ پێشمەرگەکان بە زۆرداری پارە لە خەڵک وەردەگرن | |
| شارنشینی | کورد بەگشتی خەڵکی گوندن و شارەکانیشیان وەک گوند وایە ـ سروشت و شاخی کوردستان جوانە ـ مرۆڤی کورد سادە و خورافییە ـ مرۆڤی کورد لە دنیای ئەفسانەکاندا ماوەتەوە و خاوەنی مێژوو نییە ـ پێشمەرگە نەخوێندەوارە و سەربازی ئێرانی خوێنەوارە ـ مرۆڤی ئێرانی بە ئەدەبە و ڕێز لە هەموو کەس تەنانەت دوژمنەکەی دەگرێ ـ هونەری کورد موسیقای فولکلۆرە ـ هونەری ئێرانی نیگارکێشی و شێعری مۆدێرنە | خاکی ئاشنا ـ منداڵی خاک ـ فرمێسکی سەرما ـ چریکەی هەورام |

## سەرچاوەکان


1. Althusser, Louis (2014) “Ideology and Ideological State Apparatuses.” In On the Reproduction of Capitalism (New York: Verso).

٢. ئەردەڵان، سارۆ (٢٠١٩) «کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر: ئێران چۆن توانیویەتی لە وکردستان هێژمونیی کولتووری ساز بکا؟» گۆڤاری تیشک ٢١ (٥٢)، ٢٤-٤٥.

3. Myers, Tony (2003) Slavoy Žižek (London: Routledge) 63-67.

4. Flisfeder, Matthew (2012) Slavoy Žižek’s Theory of Film (New York: Palgrave) 1.

٥. https://fa.wikipedia.org/wiki / دوازدهمین جشن سینمای ایران

٦. آپارات (٢٠١٢) «مشروح گفتگو با پرویز جاهد و حمید دباشی درباره فیلم «خاک آشنا».» سایت بی‌بی‌سی. دسترسی در ٢٠٢١/١/٢٥ از طریق لینک: https://www.bbc.com/persian/arts/2012/03/120307_lili_aparat10_12

7. Dabashi, Hamid (2017) “On the Kurdish Question.” Aljazeera. Available at 01.02.2021 by the link: https://www.aljazeera.com/opinions/2017/11/27/on-the-kurdish-question

8. Puccini, Giacomo (2002) Puccini’s Tosca. Edited by Burton D. Fisher (Miami: Opera Journeys Publishing).

٩. https://fa.wikipedia.org/wiki/دوازدهمین_جشن_سینمای_ایران

١٠. https://fa.wikipedia.org/wiki/بیست_و_ششمین_دوره_جشنواره_بین‌المللی_فیلم_فجر

١١. https://filcin.com/festival/130-دومین-جشن-انجمن-منتقدان-و-نویسندگان-سینمایی-١٣٨٧

١٢. آزموده، علی (١٣٨٧) «نقد فیلم فرزند خاک: نگاهی منطقی به موضوعی حساس.» سایت بی‌بی‌سی. دسترسی در ٢٠٢١/٢/١ از طریق لینک: https://www.bbc.com/persian/arts/story/2008/08/080827_an-aa-farzande-khak

١٣. فهیم، آرش (١٣٨٧) «نگاهی به فیلم «فرزند خاک» به کارگردانی محمدعلی باشه آهنگر سفر به گرای عشق.» روزنامه کیهان. دسترسی در ٢٠٢١/٢/١ از طریق لینک: https://www.magiran.com/article/1685793

١٤. https://fa.wikipedia.org/wiki/هشتمین_جشن_سینمای_ایران

15. https://www.mehrnews.com/news/210467/اشک-سرما-بهترین-فیلم-و-پارسا-پیروز-فر-بهترین-بازیگر-هفتمین

١٦. خدیو، صلاح‌الدین (٢٠٢٠) «یک خاطره و دو نکته.» کانال تلگرامی شارنامە. T.me/sharname1

17. http://icinema.ir/page/8448

١٨. آپارات (٢٠١٤) «گفتگوی برنامه آپارات با هیمن سیدی و پرویز جاهد» سایت بی‌بی‌سی. دسترسی در ٢٠٢١/٢/١ از طریق لینک: https://www.bbc.com/persian/arts/2016/01/160114_aparatint_02_2016

19. https://books.vejin.net/ck/text/444

20. https://www.youtube.com/watch?v=LtlK3Tolbqw

٢١. http://www.honaronline.ir/بخش-اخبار-٦/٧٤٥٢٥-حکایت-عاشقی-دو-جایزه-اصلی-بارسلون-اسپانیا-را-گرفت

٢٢. https://fa.wikipedia.org/wiki/سی‌امین_دوره_جشنواره_بین‌المللی_فیلم_فجر

23. https://www.fardanews.com/بخش-فرهنگ-٩٦/٢١٠٩١٠-شور-شیرین-فیلمی-که-باید-هر

24. http://siasefeed.blogfa.com/post/49

25. https://web.archive.org/web/20191005190001/https://www.fcf.ir/docs/sales-report.pdf

26. https://fa.wikipedia.org/wiki/چ_(فیلم)#cite_note-1

27. https://fa.wikipedia.org/wiki/سی_و_دومین_دوره_جشنواره_بین‌المللی_فیلم_فجر

# کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## خوێندنەوەیەک بە کەڵکوەرگرتن لە نموونەی بەهاری عەرەبی

ڕەزا فەتحوڵلانژاد

میدیای دیجیتاڵ، میدیایەکە کە تایبەت نیە بە دەسەڵات یان ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات، بەڵکوو بیاڤێکی ئاڵۆزە و کارلێککردنەکان تێیاندا چەندسەرەن. حکوومەت دەتوانێت لە میدیای دیجیتاڵ لەوانە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی بردنە پێشی ئامانجەکانی لەوانە زاڵکردنی خوێندنەوەی خۆی بۆ ڕووداوەکان کەڵک بگرێت، بە هەمان شێوە ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت کەڵکێکی هاوشێوەیان لێوەربگرێت. لە میدیای دیجیتاڵدا، بیاڤەکە هەر بیاڤی سیاسی نیە و ڕۆژەڤەکان پێویست ناکات حەتمەن سیاسی بن، چونکە بوارە کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەکانیش دەبنە ڕۆژەڤی باسەکان.

## پێشەکی

شــوێندانەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت فەیســبووک لەســەر خەباتــی ئازادیخوازانە و دیموکراسیخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردســـتان کەمتر ئاوڕی توێژینەوەیی لێدراوە. هەر جــۆرە توێژینەوەیــەک لەم بــوارەدا، بە هــۆکاری جیــاواز کە بەشــێکیان گشــتی و بەشێکیان تایبەتین، لەگەڵ بەربەست رووبەڕوو دەبێتەوە. دوو هۆکارە گشــتییەکە لە لایەکەوە بۆ جیاوازیی میدیای دیجتاڵ لەگەڵ میدیاکانی دیکــە و لە لایەکی دیکەوە بۆ جیاوازیی جۆری خاوەنداریی میدیای دیجیتــاڵ بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خاوەنداریی میدیاکانی دیکــەدا دەگەڕێنــەوە. بەشــێک لــە هۆکارە تایبەتییەکانیــش بــۆ بەربەســتەکانی بەردەم دەستڕاگەیشتن بە ئامار لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان و لێرەدا ئێران، جۆراوجۆری دەستڕاگەیشــتنی خەڵــک بــە ســێرویســی ئینتێرنێــت و پێشــبینیهەڵگرنەبوونی بڕیارە حکوومەتییەکان لەمەڕ جــۆری کۆنترۆڵی میدیــا دیجیتاڵەکان دەگەڕێنەوە. لەم توێژینەوە کورتە کتێبخانەییدا، هــەوڵ دەدرێ بە ئاماژە بــە نموونەی بەهاری عەرەبــی و ئــەو لێکۆڵینەوانــەی کــە تەرکیز لەســەر کاریگەربوونی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ســەرهەڵدانی خەڵک لەو وڵاتانە دەکەنەوە، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی کە قامک لەســەر بەرتەســکبوونی ئاســتی کاریگەریــی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەهاری عەرەبی دەکەنەوە، قامــک لەســەر کاریگەرییــە جۆراوجۆرەکانی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەســەر خەباتە دژی دیکتاتۆرییەکان دابنرێت. پێویســتە سەرنج بەو راســتییە بدرێت، کە ئەو هۆکارە تایبەتییانەی کە بــاس کران، رێگرن لەوەی کە توێژینەوەکە ببێتە توێژینەوەیەکی کتێبخانەیی ـ مەیدانی.

## جیاوازیــدان لە نێوان میدیــاکان و لە جۆری خاوەندارییان

کاریگەریــی میدیــای نوێ کە بــە میدیای دیجتاڵیــش نــاو دەبردرێت لەســەر خەباتی ئازادیخوازانــەی خەڵک دژی دیکتاتۆرییەکان، ئەوەندەی کە خودی دیاردەکە نوێیە، بابەتێکی نوێی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانە. لەو نێوانەدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت فەیسبووک و تویتێر شــوێنی تایبەتییان هەبووە و هەیە، بە جۆرێــک کە دەبینین هــەر کات لە وڵاتێکدا نارەزایەتیی خەڵک دژی حکوومەتی ســەرەڕۆ دەگاتە ئاســتی خۆپیشــاندانی سەرانسەری، حکوومەتەکــە ئینتێرنێــت لــە کار دەخات، شتەیەک کە بەتایبەتی لە وڵاتێک وەک ئێران بە تەواوی بینراوە. پێویســتە میدیای نوێ یان دیجیتــاڵ لەگەڵ میدیای جێگــرەوە بە هەڵە نەگیرێــن، لەوێڕا کە میدیــای جێگرەوە ئەو میدیاگەلەن کە سەر بە میدیای سەرەکی یان زاڵ نین، بۆ نموونە رۆژنامەیەک کە تیراژەکەی زۆر کەمترە لە بەراورد لەگەڵ رۆژنامەیەکدا کە حیزبی ســەرەکی یان کۆمپانیای بەهێزی لە پشتە، یان تەلەفزیۆنێکی جێگرەوە کە بینەری کەمتــرە لــە بەرامبــەر تەلەفزیۆنێکی رەوتی سەرەکی. باســی میدیای سەرەکی و میدیای جێگرەوە، باسێک بووە کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەســەر کراوە و وەها جیاوازیدانانێک زیاتر بۆ وڵاتانێک مانای هەیە کە ئازادیی رۆژنامەگەری و میدیایی، بە شــێوەی رێژەییش بێت، بوونی هەیە.

لــە وڵاتــە ســەرەرۆکاندا هەتــا پێــش ســەرهەڵدانی میدیــای دیجیتــاڵ، جگە لە میدیای رەوتی ســەرەکی کە لەو وڵاتانەدا بە زۆری یــان بە تەواوی لە لایــەن دەوڵەتەوە کۆنتــرۆڵ دەکرێــن، میدیای دیکە لــە ئارادا نەبووە. مەگــەر بۆ نموونە، لــە وڵاتێک وەک ئێراندا، تەلەفزیۆنە ســەتەلایتییەکان، ئامرازی گەیشــتنی دەنگی ئۆپۆزیســیۆن بە نێوخۆی وڵات بوون. لەو حاڵەتەدا، میدیای دەســەڵات لــە بەرامبەر میدیــای ئۆپۆزیســیۆن، بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە کە دوو بیاڤی بە تەواوی لێک جیاوازن و لێکۆڵینەوە لەســەریان، ســەرەڕای

نەبوونی دەرەتانی دەستراگەیشتن بە ئامارەکان لە ئێراندا بە شێوەیەکی ئازاد، ئاسانترە.

میدیای دیجیتاڵ، میدیایەکە کە تایبەت نیە بە دەسەڵات یان ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات، بەڵکوو بیاڤێکی ئاڵۆزە و کارلێککردنەکان تێیاندا چەندسەرەن. حکوومەت دەتوانێت لە میدیای دیجیتاڵ لەوانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی بردنە پێشی ئامانجەکانی لەوانە زاڵکردنی خوێندنەوەی خۆی بۆ رووداوەکان کەڵک بگرێت، بە هەمان شێوە ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت کەڵکێکی هاوشێوەیان لێوەربگرێت. لە میدیای دیجیتاڵدا، بیاڤەکە هەر بیاڤی سیاسی نیە و رۆژڤەکان پێویست ناکات حەتمەن سیاسی بن، چونکە بوارە کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەکانیش دەبنە رۆژڤی باسەکان.

هەر بۆیە، پێویستە کاتێک باسی میدیای دیجیتاڵ و کاریگەرییەکەی لەسەر خەباتی ئازادیخوازانە دەکرێت، لە ئاستی ئاڵۆزیی لێککارکردنەکان تێیاندا تێبگەین.

خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە میدیای دیجیتاڵ، بەپێچەوانەی ئەوەی بۆ میدیای رەوتی سەرەکی، میدیای ئۆپۆزیسیۆن و میدیای جێگرەوە وەراست دەگەرێت، خاوەنی دیاری نیە. بۆ نموونە، کاتێک کەسێک لاپەڕەیەکی فەیسبووکی یان تویتێری یان وێبلاگێکی هەیە، خاوەندارییەکەی تەواو نیە بەڵکوو لەگەڵ بەرتەسک بەرەورووە. پێشبینیکردنی بابەتەکانی میدیای سەر بە رەوتی سەرەکی، سەر بە ئۆپۆزیسیۆن و میدیای جێگرەوە بە پێی جۆری خاوەندارییەکە تا رادەیەکی زۆر لواوە. لەم سێ دەستەیەدا، لانیکەم ئاراستەی شکڵبەخشین بە زەینی وەراوەر (موخاتەب) دیارە. بەڵام لە میدیای دیجیتاڵدا، خودسانسۆری بە هۆکاری جیاواز، پێشبینیکردنی بابەتەکان بە جۆرێک دژوار دەکات کە جاری وایە ناکرێ بگوترێت بابەتەکە بە دڵنیاییەوە رەنگدەرەوەی بیروبۆچوون و روانگەی خاوەنەکەیەتی. ئەم راستییە بۆ وڵاتانی دێموکراتیش وەراست دەگەرێت کاتێک خاوەنی لاپەڕەیەکی فەیسبووکی یان تویتێری لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی، گوشاری گرووپی هاورێیان، کارتێکەری ئایینی، ئیتنیکی یان ئابووری، بابەتێک بڵاو دەکاتەوە یان پەسند دەکات کە رەنگدەرەوەی روانگەی خاوەنەکەی نیە. کە دێتە سەر وڵاتانی دیکتاتۆر و سەرەرۆییلێدراودا، خودسانسۆری لە تویژی جیاجیادا مانا پەیدا دەکات کە یەک لەوان و رەنگە بگوترێ گرینگترینیان، خودسانسۆری لەبەر ترس لە دەستبەسەربوون، زیندانیبوون و بەگشتی کەوتنە ژێر گوشاری حکوومەتییەوەیە.

کەواتە، لێکۆڵینەوەکردن لەسەر پرسی میدیای دیجیتاڵ و بەتایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتە دیکتاتۆرلێدراوەکاندا، پرسێکی ئاڵۆزە، بە شێوەیەک کە تەنانەت گەر ئەگەری دەستراگەیشتن بە ئاماری پێویست لە ئارادا بوایە، دیسان دژوارییەکانی لێکۆڵینەوەکە هەر بەرجەستە دەبوون.

## روانگە ئەرێنییەکان لەسەر کاریگەریی میدیای نوێ لە خەبات بۆ دێموکراسی

«گۆستافسۆن» (٢٠١٢) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لەسەر حیزبەکان و ئەندامان (و نائەندامانی) گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە سیاسییەکان لە فەیسبووکدا، بەو ئاکامە گەیشت کە «فەیسبووک بە ئامرازێکی بەکەڵک بۆ بەشداربوونی سیاسی لە رەهەندی کردەوەی پێکەوەیی، ئەندامگیری نوێ و پەیوەندیی نێوان ئەندامان سەیر کراوە». [١] لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا لە لایەن لارسۆن (٢٠١٤) لەسەر حیزبە سیاسییەکانی سوئێد، ئەو کامگیرییە کرا کە «ئەگەرچی کەڵکوەرگرتن لە فەیسبووک لە لایەن حیزبە بچووکەکانەوە بەرتەسک بووە، دیسانیش ئەو حیزبانە قازانجیان تێدا کردووە چونکە گەر وا نەبا، ئەوەندەی حیزبە سەرەکییەکان سەرنجی میدیاکانیان رانەدەکێشا».[٢]

موحەممەد عەتیف خان لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی «ئەوەی هێواش و بەردەوامە ڕکابەرییەکە دەباتەوە: میدیای نوێ وەکوو بگۆڕی گۆڕانکاری لە بەهاری عەرەبیدا»، بە وردی دەپرژێتە سەر ئەو باســە ئەوە چ هۆکارێکــی تایبەت بوو کە وای کرد ئەو حکوومەتە ســەرەڕۆیانەی کە بۆ چەندین دەیە ســەقامگیر بوون، دەســتبکەن بە لێکهەڵوەشــانەوە. نابراو پێی وایە سەرەڕای ئەوەی تێگەیشــتنەکان لە بەهــاری عەرەبی وەک یەک نین، دیســانیش هەنــدێ هۆکار هەن کە نزیــک بە تــەواوی لێکۆڵینەوەکانی ئەمدواییانە لەسەر بەهاری عەرەبی لەسەریان هــاوڕان. «یەکێک لە گرینگتریــن بگۆڕەکان سەرهەڵدان و بەکارهێنانی بەردەوامی «میدیای نوێ»یە.[۳] ناوبراو میدیای نوێ بۆ بەکارهێنانی ئینتێرنێت، ناردنی پەیــام، تۆڕی کۆمەڵایەتی وەک فەیســبووک و تویتێرو بلاگەکان بەکار دەهێنێت.

چارڵز دەبڵیوو دۆنێ»، کارناسی «ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت» و دیپلۆماتی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی «دێموکراسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست: پێشنیارەکان بۆ ســەرۆککۆماری داهاتوو» کە لە ژووئەنی ۲۰۱۶ لە «ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت» بڵاو کراوەتەوە، لەو باوەڕەدایە کە هۆکارگەلێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســتدا هەن کــە دەبنە هۆی ئەوەی هیوا بە دێموکراســی و بەردەوامی چالاکییە دێموکراســیخوازانەکان لــە ناوچەکە بــەردەوام بێت. لــە چەقی ئەم هۆکارانەدا کە چارڵز باســیان دەکات میدیای نوێ ڕاوەستاوە.

بە باوەڕی «چارڵز دەبڵیوو دوونێ»، کە باسی ئەگەری هاتنەدی دێموکراســی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت دەکەین، نابێ ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی عەرەبی لەبیر بکەین، چونکە ســەرەڕای ئــەوەی خەبات لــە پێناو دێموکراسی «بە دڵنیاییەوە لەبەر ناسەقامگیری زیاتر و زیاتر، هەڕەشــەی داعەش، گوشــاری تاقەتپڕووکێنی ســەرەڕۆیانەوە پاشەکشــەی کردووە»، ئەو خەباتە «دواتر» هێز دەگرێتەوە.[۴] پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە نووسەر کاتێک وتارەکەی نووسیوە کە داعەش هێشتا بەشێک لە خاکی عێراق، لەوانەی سێهەمین گەورەترین شاری ئەو وڵاتە واتە موسڵ و بەشێکی بەرچاو لە خاکی ســووریەی بەدەســتەوە بــوو و بە هەڕەشــەیەکی زۆر گەورە بۆ سەر سەقامگیر لە ئاســتی نێونەتەوەییــدا دادەنرێت. هەروەها پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، کە نووسەر کاتێک باس لە هیواکانی گەڕانەوە و هێزگرتنی خەباتی دێموکراسیخوازانە لە ناوچەکە دەکات کە چاوەڕوانییــەکان بۆ کۆتاییهێنان بە گرژی پەیوەندییەکانــی نێــوان وڵاتی ئیســرائیل و وڵاتە عەرەبییــەکان زۆر لاواز بوو. هەروەها لە ۲۰۱۶دا، هێشــتا نە ڕاپەڕینەکانی شــەقام لە لوبنان لە ئارادا بوون، نــە لە بەحرەین ئاگربڕ کرابوو، نە لە ئێران ڕاپەڕینی خەڵک لووتکەی خۆی بەو جۆرەی لە ساڵی ۲۰۱۸ خۆی نیشان دا، هاتبــووە ئاراوە، نە لــە تورکیە بەرەی دژە ئۆردۆغان هێزی گرتبوو و نە لە عەرەبســتان پرۆژەی کرانەوە بە ڕووی کولتووری ڕۆژئاوایی بە کردەوە دەســت پێکرابوو. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین سەرنجدانی زیاتر بە بیرۆکەکانی «چارڵز دەبڵیوو دوونێ» وەکوو کارناسێکی بە ئەزموونی پرسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت لەم نووسینەدا وەکوو پێویستییەک خۆی دەنوێنێت.

ناوبراو پــێ وایــە «کەڵکوەرگرتنی بەرین لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و پلاتفۆرمــە تەکنۆلۆژیکییەکانــی دیکە بووەتە هۆی ئەوەی «ئاســانتر لە هەر کاتێکی تــر پەیوەندیگرتنی سیاســی ، ڕێکخســتن و دەستڕاگەیشتن بە زانیاریــی فیلتێرنەکــراو لە زۆر ســەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بێتە ئاراوە و بەمەش ئەوانەی کە گوشار دەخەنە سەر دەوڵەتەکان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بەهێزتر دەبن.»[۵]

«زەیودین ســەردار» لە کتێبی «خوێنەرانی زەمەنە پاش نۆرماڵەکان» لە بەشی «ڕۆژهەڵاتی

نێوەڕاست لە زەمەنی پاش نۆرماڵ»دا، دەنووسێت: «ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕانکاریگەلێکی تا هەنووکە نەبینراوی لە چەند دەیەی ڕابردوودا بینیوە. بە هۆی «بەهاری عەرەبی»یەوە، هیواکان بۆ دیموکراسی و داهاتوویەکی گەش لەدایک بوون. «شۆڕشەکان» لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا بەرهەمی ئەو ناڕاحەتی و تووڕەییە لە دیکتاتۆرییەکان نەبوون کە عەرەبەکان بۆ لانیکەم نیو سەدە لە دەسەڵاتدارانیان هەیانبوو. بەهاری عەرەبی بەرهەمی زەمەنێکی تایبەتیش بوو، زەمەنێک کە بەجیهانیبوون، پەیوەندیی هەمەلایەنە و پەیوەندیگرتنی لەچرکەدا نۆرمن و دەسەڵات و ڕەوایی سیاسی خەریکن هەڵدەوەشنەوە.[۶]

زەیودین سەردار بە ئاماژە بەوەی کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دووهەمین گەورەترین حەشیمەتی خاوەن مۆبایل لە جیهاندایە و کەڵکوەرگرتن لە مۆبایل هەر ساڵە تێیدا دووبەرابەر دەبێتەوە، دەڵێ: «سێ لەسەر چواری حەشیمەتی لاوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ژن و لە پیاو بە بەردەوامی بە مۆبایلەکانیانەوە چەسپاون، هەر خەریکی تویتکردن، بلاگکردن و کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دابەزاندنی وێنە، کامێنت، هەواڵ و هەروەها ڕێکخستنی واژۆکۆکردنەوە، ڕێکخستنی خۆپیشاندان و بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکانی دیکەن. سەربانی زۆربەی شارە گەورەکانی جیهانی عەرەب لە خێمەیەکی دەچن کە بە ساجی سەتەلایت هەڵدرابن. پتر لە ۳۰۰ وێستگەی سەتەلایتی هەن کە بیستوچوارکاتژمێر بەرنامەیان هەیە، زۆربەی پڕۆپاگاندا بۆ لایەنێک دەکەن، بەڵام کۆمەڵێک کاناڵی هەواڵی باشیش وەک ئەلجەزیرە هەن.[۷]

## گەورەنواندنی کاریگەری میدیا نوێکان

موحەممەد عەتیف خان لەو وتارەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، کە دێتە سەر کاریگەری میدیا نوێکان، دوو مەسەلە لە یەکتر جیا دەکاتەوە: کاریگەرییەکانیان لەسەر مۆبیلیزەکردنی خەڵک و کاریگەرییەکەی لەسەر سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆریدا. ناوبراو دەڵێ: «پێناسەکردنی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و تویتێر وەکوو کاریگەرترین هۆکار لە شۆڕشی عەرەبیدا گەورەنواندنێکی تەواوە. لە بیاڤی سیاسیی جیهانیدا، ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڕانکاریی سیاسیدا سەرەتا پاش دەرپەڕاندنی سەرکۆماری فیلیپین، جۆزێف ئێسترادا لە دەسەڵات لە ژانویەی ۲۰۰۱ گرینگیی خۆی پێدرا، ڕووداوێک کە لەودا میلیۆنان پەیامی نووسراو تەنیا لە حەوتوویەکدا بەمەبەستی ڕێکخستنی خەڵک بۆ خۆپیشاندانی بەهێز بە دژی دیکتاتۆری فیلیپین نێردران. ئەم دیاردەیە کە لە لایەن شرۆڤەکارێکی میدیایی بەناوبانگی ئەمریکییەوە بە « ستراتیژی فیلیپینی» ناوزەد کرا، لە زۆر وڵاتی دیکەش پاشتر بەکار هێنرا. بەڵام جگە لە ڕۆڵە شوێندانەرەکەی لە مۆبیلیزەکردنی جەماوەردا، ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامامگەلێکی جۆراوجۆری لە کێشە سیاسییەکانی ئەمدواییانەی ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا هەبووە.»[۸]

ناوبراو لە درێژەدا ئاماژە بە «بزووتنەوەی سەوز» لە ساڵی ۲۰۰۹ لە ئێراندا دەکات کە سەرەڕای ئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرین بۆ ڕێکخستن خۆپیشاندان بەکار هێنران، ڕێژیم توانی بە ڕێگەیەکی توندوتیژ خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکات. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات تەنانەت لە شەوی بەهاری عەرەبیدا، بەکارهێنانی بەردەوامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەحرەین بۆ وەرێخستنی ناڕەزایەتیی جەماوەری لە مەیدانی مروارید، نەیتوانی بە ئاکامی دڵخواز بگات. بۆیە پێی وایە: «کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سەرەڕای ئەوەی بگۆڕێکی بەهێزە بۆ وەرخستنی ناڕەزایەتیی جەماوەری لە دژی دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەرەکان، هۆکارێکی

سەرەکیی سەرکەوتن لە گۆڕینی ڕێژیمەکاندا نین»[٩]

## کاریگەری میدیای نوێ لەسەر پێکهێنانی کۆدەنگی بەرتەسک و کورتخایەنە

توێژینـــەوەی دیکەش لە ئارادایە کە تیشـــک دەخەنـــە ســـەر لایەنـــە ئەرێنییەکانـــی تۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان لـــە هەمبەر ڕێکخســـتنی نارەزایەتیـــی جەمـــاوەری و هـــاوکات ئاماژە بە لایەنـــە نەرێنییەکان یان باشـــترە بگوترێ لاوازییەکانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە ڕەوتی سەرکەوتنی خەباتەکەدا دەکەن. ئادام سمیدی و سەیف شاهین لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا لە ژێر ناوی «تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مۆبیلیزاسیۆنی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا»، وێڕای ئەوەی قامک لەســـەر ئەو ڕاســـتییە دادەنێن کە چـــۆن تۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان هێزیان بە جەمـــاوەری خەڵک لـــە نارەزایەتییەکانیان لە دژی دیکتاتۆرییـــەکان بەخشـــیوە، بـــاس لە جۆرێک کاتەکیبوونـــی کۆدەنگی جەماوەریی بەدەستهاتوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

ناوبـــراوان دەنووســـن: «هەڵســـەنگاندمان لـــە توێژینـــەکان دەریدەخـــات کـــە تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکـــی چەندلایەنەیان لە شەپۆلی ئەو نارەزایەتییانە هەبوو کە بە بەهاری عەرەبی ناسران. یەکەم و گرینگترینیان ڕەنگە ئەوە بێت کە فەیســـبووک، تویتێر، یووتیووب و ڕێگە هاوشـــێوەکانی دیکەی پەیوەندیگرتن کارێکیـــان کرد شـــارۆمەندان ئـــەو باوەڕەیان بۆ دروســـت بێت کە لە کاروباری گشـــتیدا جێگەیەکیـــان هەیـــە. خـــودی ئامادەبوونیان یارمەتیدەریـــی بەهێزبوونـــی هەســـتی جەماوەری خەڵک بوو، شـــتەیەک کە پێشتر هیچکات لەو ئۆتۆکراســـییانەی کە شـــاهیدی ســـەرهەڵدان بوون، لەئارادا نەبـــوو. دووهەم، تۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان ڕێگەیان بە خەڵک دا پێکەوە پەیوەندی بگـــرن، خۆیان ڕێک بخەن و لە ئاســـتێکی بەریندا بە دژی ڕێژیمەکانیان ڕێکخراو بن، شـــتەیەک کە پێشتر بە تەواوی بە دژواریان دەزانی، ئەگەر نەڵێین بە نەلواویان دەزانی. ســـێهەم، دەستراگەیشـــتنی جیهانیی تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەتەنیـــا ئیزنی بەوە دا کە چالاکانی وڵاتـــە عەرەبییەکان بۆچوون و ســـتراتیژییەکانیان لەگـــەڵ یەکتر هاوبەش بکەن، بەڵکوو بوو بە هـــۆی ڕووماڵکردنیان لە سەرانسەری جیهاندا و ئەمەش یارمەتی کردن تـــا پشـــتیوانیی جیهانی بەدەســـت بێنن، کە بـــۆ خۆی بوو بە هـــۆی کۆکردنەوەی تەنانەت شارۆمەندی عەرەبی زیاتریش.»[١٠]

لە درێـــژەدا دەچنە ســـەر لایەنی کەمتر باســـکراوی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەنووســـن: «ژمارەیـــەک لە کارناســـان بە درووســـتی پێیـــان وایە کە کاریگـــەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە لە تەنیشت هۆکارە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و مێژووییەکانی دیکـــەوە خوێندنەوەیـــان بـــۆ بکرێـــت. لـــە هەمـــان حاڵـــدا، توێژینەکەمان دەریخســـت کە بـــەم کەموکورتییـــەی کاریگـــەری تۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان بایەخێکـــی ئەوتۆ نەدراوە. ڕێگەدان بە خەڵک بە پەیوەندیگرتن لە ڕێگەی فەیسبووک و تویترەوە بە مانای یارمەتیدانیان بۆ پەرەپێدانی جۆرە خودئاگاییەکی گشتی نیە کە بۆ ماوە دووورودرێـــژ بمێنێتەوە. بۆ نموونە، خۆپیشاندەران لە میسر، نەیانتوانی جیا لەوەی داوای لەســـەرکارلاچوونی موبـــارەک بکـــەن، لەســـەر هیچ شـــتەیەکی دیکە کۆ دەنگ بن. لە ئاکامدا، ئەزموونی دێموکراســـیی میسر زۆر کورتخایەن بوو.»[١١]

## کۆنترۆڵی حکوومەتیی میدیای نوێ

لە لێکۆڵینەوەیەکی کتێبخانەییدا لە ژێر ناوی «دیکتاتـــۆرەکان چـــۆن ئینتێرنێـــت کونترۆڵ دەکـــەن: وتارێکـــی پێداچوونەوەیـــی»، ئێـــدا کێرێموگول و نیلز بی.ویدمەن، دەنووسن: «لە زۆربەی ڕێژیمە ئەوتۆکراتەکاندا، دەستێوەردانی حکوومەتـــی لـــە دامـــودەزگای دیجیتـــاڵ و

پەیوەندیگرتن کارێکی باوە. ئەوە حکوومەتە کە لە دەرەجەی یەکەمدا کونترۆڵی دەکات لە کوێ و کەی تەکنۆلۆژیـــای مۆدێرنی پەیوەندیگرتن (ICT) بخرێتــە ئــاراوە، کێ دەســـتی پێیان رابــگات و چ جــۆرە زانیاریگەلێک ئاڵوگۆریان پێبکرێــت. ئەم شــوێندانەرییە بــە هۆکاری سیاسی روو دەدات، بۆ پێشگرتن لە چالاکانی ئۆپۆزیســـیۆن لە رێکخســـتنی لایەنگرانیان بە ئانلاین، بۆ پێشـــگرتن بــە بڵاوبوونەوەی ئەو زانیارییانەی کە بۆ رژێمەکە گەلێک گرینگن، یان بۆ سیخوڕیکردن لەسەر خەڵک بەمەبەستی ناســـینی دژبەرە هێزەکییەکان.»[١٢] نووسەران نموونەی داخســـتنی ئینتێرنێــت لە ژانویەی ٢٠١١ لە لایەن دەوڵەتی حوســـنی موبارەک لە میسر و سانســـۆری بابەتە ئانلاینییەکان لە لایەن دەوڵەتی چینەوە بە نموونە دەهێننەوە.

ئــەوەی کــە دیکتاتــۆرەکان لــە رەوتی پەیوەندیگرتنی خەڵکدا دەستێوەردان دەکەن، ســەیر نیە و لەم بــارەوە لێکۆڵینەوەی زۆر لە ئارادایــە. کێرێموگول و نیلــز بی.ویدمەن لەو توێژینەوەی کە ئاماژەمان پێدا، قامک لەســەر چەنــد خاڵی گرینــگ لە پەیوەنــدی لەگەڵ جۆری دەستێوەردانی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان لــە نێو میدیای نوێ کە زیاتــر خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــدا بەرجەســتە دەکات، دادەنێن. ئەوان پێیان وایە ســەرەرای ئەوەی پەیوەندیگرتنی ئانلاینی خەڵک لەگەڵ یەکتر، جــۆری دەســتێوەردانی ئــەو حکوومەتانەی ئاڵۆزتر کردووە، هاوکات هەلێکی زۆر گەورەی بۆ درووســت کردوون. ئــەوان پێیان وایە کە تێکنۆلۆژیای دیجیتاڵــی پەیوەندیگرتن هەلی نوێ بۆ دەستێوەردانی ئۆتومەیتێک (ماشینی) دەرەخسێنێت، ئەویش لە رێگەی نەرمەواڵەی سانســۆرکردنەوە کە دەتوانن بە شــێوەیەکی ئۆتوماتیکــی بابەتەکە دژبــەرەکان بدۆزنەوە و بلاکیــان بکەن، یــان ترافیکی رایەڵەیی کە دەتوانن ئەو تاکانــەی کە بابەتی جێی گومان بڵاو دەکەنەوە، بدۆزنەوە.[١٣]

کێرێموگــول و نیلــز بی.ویدمەن ســێ توێژی جۆراوجۆری دەستێوەردانی حکوومەتە دیکتاتــۆرەکان لە پەیوەندیگرتنی ئینتێرنێتیدا لــە یەکتــر جیا دەکەنــەوە. توێــژی یەکەم، دامــودەزگای دیجیتاڵــە، توێــژی دووهــەم، رایەڵەی ئینتێرنێتە و توێژی ســێهەم، بەرنامە یان ئەپلیکەیشــێنەکانە. لەمەر توێژی یەکەم، ئاماژە بــە خاڵێکــی گرینگ دەکــەن. وڵاتە دیکتاتۆرییەکان لــە دامەزراندنی دامودەزگای دیجیتاڵدا وەپاش وڵاتە دێموکراتەکان کەوتن و هۆکاری ئەمەش بۆ یەک شــت دەگەرایەوە، ئــەوان نەیاندەویســت خەڵک دەســتیان بە ئینتێرنێت رابــگات تا کاتێک لەوە دڵنیا نەبن کە ئامرازی پێویستیان بۆ کونترۆڵکردنی هەیە. ئەمە راست هەمان شتە کە لە ئێرانیشدا رووی دا. ئەگەر ســەیری بکەیــن دەبینین، خەڵکی ئێران لە باری دەستراگەیشــتن بە ئینتێرنێت، پاشــان تۆری کۆمەڵایەتیی وەک فەیسبووک و پاشــتریش ئینتێرنێتی خــاوەن کوالیتی بە تەواوی وەپــاش نەتەنیا وڵاتانی پێشــکەوتوو بەڵکوو وڵاتانی دراوسێی ئێران کەوتن.

لە پرســی توێژی دامودەزگای دیجیتاڵدا، کێرێموگــول و نیلــز بی.ویدمــەن ئامــاژە بــە راســتییەکی جێــی ســەرنج دەکــەن. «توێژینــەوەکان بــەو ئاکامە گەیشــتوون کە دەوڵەتەکان هەنووکەش رۆڵێکی گرینگیان لە دابەشــکردنی جۆر و رادەی دەستراگەیشــتن بە ئینتێرنێت هەیە و دابینکردنی سێرویســی ئینتێرنێتی بە شــێوەیەکی سیســتماتیک بۆ ئەو گرووپە ئیتنیکیانەی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتن، لە خوارە».[١۴]

## ـ میدیــای نوێ لە کوردســـتان لە ژێر تیشکی روانگە ئەرێنییەکاندا

ئەوەی لەمەر لێکۆڵینەوەکەی «گۆستافسۆن» لە پەیوەندی لەگەڵ کاریگەرییە ئەرێنییەکانی میدیای نوێ لەســەر بەشــداریی سیاســی، ئەندامگیری و پەیوەندی نێوان ئەندامەکان لە

سەرەوە ئاماژەی پێدرا، بۆ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وخەباتی لە نێو ئازادی و رزگاریدا دێتەوە. ناکرێ بە جێگەی موناقشەی بزانین کە پاش سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت پاش بەکارهێنانیان بە شێوەی بەرین لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، چالاکییە خەباتگێڕییەکان پێیان نایە قۆناخێکی نوێوە. پێش لەوە، تەنیا میدیایەک کە خەڵکی ڕۆژهەڵات دەیانتوانی لە ڕێگەیەوە ئاگاداری هەواڵەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بن، رادیۆ بوو کە ئەویش پارازیتی زۆر لەسەر بوو و دەکرێ بڵێین لە پاش راگرتنی خەباتی چەکداریی حیزبەکان بە شێوەی بەرین، ئەو رادیۆیانەش کە دەکرێ بڵێین سەرەکیترین رادیۆی دەنگی کوردستان سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، ئیدی ئەو کاریگەرییەی پێشوویان نەما. ئێمرۆکە پەیوەندی شۆڕشگێران لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ نێوخۆ و هەروەها پەیوەندی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆ لەگەڵ یەکتر دەرفەتێکی پێک هێناوە کە پێش لە سەرهەڵدانی میدیای نوێ و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێناکردنی نەلواو بوو.

ڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەرییە ئەرێنییە بە شێوەیەکی بەرچاو لە خۆپیشاندان و سەرهەڵدانە جیاجیاکانی دەیەی رابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینراوە. هەر بۆ نموونە، کاتێک هەموو شار و گوندەکانی کوردستان لە هەر لە باکووریترین خاڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا باشووریترینی وێکڕا و بە یەکدەنگ بە پیر بانگەوازی بەپیرەوەچوونی بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان چوون و وێنایەکی بێوێنەیان لە ئاستی بەرزی هەستی نەتەوەیی خۆیان و یەکگرتوویی خۆیان نیشانی دۆست و دوژمن دا، کاریگەریی ئەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر چالاکییەکان بە تەواوی ئاشکرا و ڕوون بوو.

کە دێتە سەر کاریگەریی ئەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر «ئەندامگیری» لە ڕەوتی خەباتدا بەو جۆرە کە «گۆستافسۆن» باسی دەکات، نموونەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بازنەی ڕێکخستنەکان بۆ خەباتی جەماوەری و حەرەکەتی مەدەنی تێدەپەڕن و دەچنە نێو بازنەی خەباتی چەکداریشەوە. زەحمەتە وێنا بکرێت کە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆ ماوەی سێ تا چوار ساڵ بەردەوام جێگای باسی نەک هەواڵدەرییە لۆکاڵییەکان، بەڵکووهەواڵدەرییە ناوچەییەکانی وەک ئەلعەرەبییە و ئەلجەزیرە و تەنانەت میدیای سەرەکیی جیهانی وەک نیۆیۆرک تایمز و تایمزی لەندەن بوو، بیتوانیبا بە بێ هەبوونی میدیای نوێ بە نیوەی دەستکەوتەکانیشی گەیشتبا. هەر بۆ نموونە، کاتێک فەرماندەرانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی لە تاران و بە ئامادەبوونی میدیا بەناوبانگە ناوچەیی و جیهانییەکان لە هاوینی ٢٠١٦دا لەسەر شەڕەکانی قەرەسەقەل و کۆسالان کە تێیاندا گیانفیدایی پێشمەرگە گەیشتە لووتکە، کۆنفرانسی هەواڵییان گرت، کاردانەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەرامبەر ئەو کۆنفرانسە هەواڵییانە بە شێوەیەک بوو کە لە لایەکەوە نیشاندەری گەیشتنی پەیامی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە خێراییەکی پێشتر ئەزموونەکراو بە کونجوقوژبنی کوردستان بوو و لە لایەکی دیکەوە نیشاندەری لواوی خودی پەیامەکە بوو کە گرێدانی خەباتی شار و شاخ بوو. نە ئەو خێراییەکەی کە باس کرا و نە ئەو گرێدانەی کە ئاماژەی پێکرا دەلوا ئەگەر کاریگەریی ئەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبوایە.

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، پێشبینییەکانی «چارلز دەبلیوو دوونێ» ئەگەری هێزگرتنەوەی خەبات بۆ دێموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە ژێر کاریگەریی کەڵکوەرگرتنی بەرینی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئێران وەراست گەڕاون. پتر لە ئێران، دەکرێت بڵێین ئەو پێشبینییانە بۆ ڕۆژهەڵاتی

کوردستان بە تەواوی درووست دەرچوون. تەنیا لە دەیەی رابردوودا، رۆژهەڵاتی کوردستان، شایەتی سەرهەڵدان لە پاش سەرهەڵدان بووە و ئەمە تەنیا خۆی لە خۆپیشاندانی بەریندا بەرتەسک نەکردووەتەوە و چالاکییە بچووکترەکانیشی گرتووەتەوە. بۆ نموونە کاتێک زارا موحەممەدی لەبەر مامۆستایەتیی زمانی کوردی دەکەوێتە بەندیخانە، چالاکییەکان بۆ شەرمەزارکردنی کۆماری ئیسلامی هەر بە شاری سنە و دەورووبەری کورت نابێتەوە و تەنانەت سنوورەکانیش دەبەزێنێت. ئەمە کاتێک گرینگە سەرنجی بدرێت کە بزانین لە رابردوودا و لە پێش سەرهەڵدانی میدیای نوێ، ساڵانە چەندین نموونەی زوڵم و ستەمی هاوشێوە لە ئارادا بووە و چالاکی لە دژیان یان هەن نەبوون یان زۆر کەم و لە باری جوغرافیاییەوە بەرتەسک بوون.

## میدیای نوێ لە کوردستان و بەرتەسکییەکانی کاریگەرییەکانیان

لەمەڕ ئەو جیاکارییەی «موحەممەد عەتیف خان» بە پێویستی دەزانێت لە نێوان کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر مۆبیلیزەکردنی خەڵک لە لایەکەوە و لەسەر سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆریدا لە لایەکی دیکەوە بکرێت، پێویستە بگوترێت ئەم جیاکارییە خاڵێکی زۆر گرینگە بۆ تێگەیشتن لەوەی لە کوێدا کاریگەریی میدیای نوێ ئەرێنییە و لە کوێدا کاریگەرییەکە بەرتەسکە و ناتوانێ یارمەتیدەرێکی بەرچاو بێت لە بە ئەنجامگەیاندنی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی. هەموو ئەو نموونانەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە رەنگدەرەوەی کاریگەرییە ئەرێنییەکانی میدیای نوێن، نموونەگەلێکن بۆ پشتڕاستکردنەوەی راستیی کاریگەرییە لەسەر مۆبیلیزەکردن. دیارە هیچکام لەو خۆپیشاندان و سەرهەڵدانانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رووخاندنی کۆماری ئیسلامییان بەو جۆرە نەکردووەتە ئامانج کە ئامانجەکە بە لێکەوتەی راستەوخۆیان بزانرێت، باسێک کە دواتر دەچینە سەری.

ئەو خاڵانەی کە «کێرێموگول» و «نیلز بی.ویدمەن» لەمەڕ چۆنیەتیی کونترۆڵی میدیای نوێ لە لایەن حکوومەتە سەرەڕۆکانەوە باسی دەکەن، بە تەواوی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستانیش وەڕاست دەگەڕێت. بۆ نموونە، ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە دیاری دەکات چ ماڵپەڕێک فیلتێر بێت و چ ماڵپەڕێک فیلتەر نەبێت، رۆژ نیە ئازادیخوازێکی کورد بە هۆی دەربڕینی بۆچوونی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەکەوێتە ژێر زەخت و گوشارەوە و هەروەها لە پاش هەر خۆپیشاندانێکی جەماوەری، گرتنی بە کۆمەڵی چالاکان دەست پێدەکات. هاوکات هەر سێ توێژەکەی کە ناوبراوان لە لێکۆڵینەوەکەیاندا باسی دەکەن، لەمەڕ رۆژهەڵاتی کوردستان وەڕاست دەگەڕێت.

## جیاوازی کوردستان و خەباتەکەی

وەک لە سەرەوە باس کرا، «ئادام سەمیدی» و «سەیف شاهین» لە لێکۆڵینەوەکەیاندا جیاکاریکردن لە نێوان کاریگەریی کورتماوە و درێژماوەی میدیای نوێ لەسەر پێکهێنانی کۆدەنگی لە نێو جەماوەری نارازییان بە پێویست دەزانن. ئەم جیاکارییە بۆ خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی رێژەیی وەڕاست دەگەڕێت. لەوێرا بە شێوەیەکی رێژەیی چونکە لە لایەکەوە کۆدەنگیی جەماوەری لە کوردستان، تەنیا کۆدەنگییەک نیە لەسەر لەسەرکارنەمانی حکوومەتێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو کۆدەنگیشە لەسەر ئامانجێکی درێژخایەنتر کە رزگاری و دێموکراسی لە کوردستاندایە. ئەم ئامانجە درێژخایەنە بە درێژایی چەندین دەیە و تەنانەت پێش لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش هەر لە ئارادا بووە. لە لایەکی دیکەوە، دەبینین کە هەر چەند مانگ لە زنجیرە خۆپیشاندانێک یان چالاکییەکی

بەرینی کۆمەڵانی خەڵک تێناپەڕێت، جۆرە بێهیواییەک روو دەکاتە بەشێک لە چالاکان، واتە کۆدەنگییەکە درێژخایەنە بەڵام بە چەندین هۆکار، یەک لەوانە کەڵکی کۆماری ئیسلامی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دژەهێرش، هاوکات کۆدەنگییەکی پچڕپچڕیشە. واتە ئێمە دەتوانین لە بەرامبەر ئەو مۆدێلی کۆدەنگی درێژخایەن و کورتخایەنەدا، مۆدێلێکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کۆدەنگی درێژخایەن و هاوکات پچڕپچڕ بخەینە ڕوو.

وەک لە بەشی پێشوودا باس کرا، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی کوردستان بەو مەبەستە نەبوون کە لە ئاکامیی راستەوخۆیاندا کۆماری ئیسلامی بڕووخێت. لەبەر ئەوەی پرسی کورد لە ئێراندا، پرسێکی نەتەوەیی خەڵکانێک کە خاکی داگیرکراوی هاوبەشیان هەیە و ئەمەش ئەوان لە پرسە سەرانسەرییەکان جیا دەکاتەوە. هەر بۆیە ئەگەر وای دابنێین کە ئامانجی سەرەکی لەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانە و تەنانەت چالاکییە بەرتەسکە دژە دیکتاتۆرییەکانی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وشیارکردنەوەی خەڵک، نیشاندانی کۆدەنگی درێژخایەن لەسەر پرسێکی نەتەوەیی و بەهێزکردنی بەرخۆدانی جەماوەری وەکوو یەکێک لە ماکە سەرەکییەکانی تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییە بێت، ئەوا ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەگشتی میدیای نوێ ئەرێنی بووە چونکە ئەوەی پێویستە و بنەڕەتییە مۆبیلیزەکردنە.

## دواوتە

لەم وتارەدا، توانیمان سەرەڕای ئەو بەربەستانەی لەبەردەم توێژینەوە لە پرسی کاریگەریی میدیای نوێ و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادان، بە نموونەی بەهاری عەرەبی و ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەو سەرهەڵدانە کراون، خوێندنەوەمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت. دەکرێت ئەو دەرەنجامگیرییە بکرێت کە کاریگەرییە لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زۆری ئەرێنی بووە. ئەوەی پێویستە لەمەڕ لایەنە نەرێنییەکەی گرینگی پێبدرێت، پچڕپچڕبوونی کۆدەنگیی خەڵکە کە جۆری کۆنترۆڵی میدیای نوێ و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

## سەرچاوەکان


1. Schroeder, Ralph, Social Theory after the Internet, UCL Press, p 36

٢. هەمان، ل ٣٦

3. Atif Khan, Muhammad, Slow and Steady Wins the Race: New Media as Variable of Change in the Arab Spring, Pakistan Horizon , January-April 2013, Vol. 66, No. 1/2 (January-April 2013), Pakistan Institute of International Affairs, p 65

4. W. Dunne, Charles, Middle East Democracy: Recommendations for the Next President, Middle East Institute (2016)

هەمان٥.

6. Sardar, Ziauddin, The Postnormal Times Reader, International Institute of Islamic Thought, 2019, p 261

٧. هەمان

8. Atif Khan, Muhammad, Slow and Steady Wins the Race: New Media as Variable of Change in the Arab Spring, Pakistan Horizon , January-April 2013, Vol. 66, No. 1/2 (January-April 2013), Pakistan Institute of International Affairs, p 66

هەمان، لاپەڕەی ٦٦٩.

10- Smidi, Adam and Shahin, Saif, Social Media and Social Mobilisation in the Middle East, India Quarterly, June 2017, Vol. 73, No. 2, Special Issue: The Middle East (June 2017), p. 204

١١- هەمان، لاپەڕەی ٢٠٤

12- Keremoğlu, Eda and B. Weidmann, Nils, How Dictators Control the Internet: A Review Essay, Comparative Political Studies, 2020, Vol. 53(10-11), pp. 1690-91

١٣- هەمان، لاپەڕەی ١٦٩١

١٤- هەمان، لاپەڕەی ١٦٩٢

# ململانێ و هەڵاواردنی ئێتنیکی لە ئێران

## توندوتیژی، هەژاری و بێکاری
## شیکاریی بەراوردکاری ئێتنیکەکانی بەلووچ، کورد و فارس لە ئێران

**کەیهان یووسفی**

شکڵ گرتنی  دەوڵەت ـ نەتەوەی مودێڕن لە ئۆرووپا شوێندانەری
لە سەر نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو. ئەم شوێندانەرییە
لە ئێران لە  سەر توێژی خوێندەواری فارس کاریگەرییەکی ئێجگار
زۆرتری هەبوو و ئەو بیرۆکەیەی لە زەینیاندا نەخشاند کە ئێرانێکی
مودێڕن و یەکدەست بە ناوەندییەتی ئێتنیکی فارس و زمانی فارسی
دروست بکەن.

## پێشەکی

ژمارەیەکـــی بەرچـــاو لە بیرمەندانی سیاســـی دەبێـــژن کە ڕیشـــەی ســـەرەکیی ململانێی ئێتنیکی بوونی خـــودی ئێتنیک نییە، بەڵکوو هۆکارەکانی ڕێکخراوەیی، سیاســـی و ئابوورین. ئـــەم خاوەنڕایانە دەڵێن کە چەمکی شـــەڕی ئێتنیکی سەرلێشێوێنەرە چونکە دەمانگەیەنێتە بەرەنجامێکی گشتی کە گرووپگەلێکی دیاریکراو ناچار بە شەڕی هەمیشـــەیی لەگەڵ یەکترن، بەڵام لە ڕاســـتیدا زۆربەی شەڕە ئێتنیکییەکان بەرەنجامی بڕیارگەلی سیاسین[١].

ململانێی سیاسی پێویستی بە ئامادەبوونی کۆمەڵگایەکـــی تێکـــەڵاوی ئێتنیکـــی لەنێـــو ســـنووری یەک وڵاتدا هەیە.چونکە ململانێی سیاسی لەسەر بنەمای هەوڵ و تێکۆشانی دوو گرووپی جیاواز بۆ گرتنە دەســـتی دەســـەڵاتی سیاســـیەوە دێتە ئاراوە، ئەمـــەش لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە بوونی دەوڵەتانەوە هەیە[٢].

ئێران وڵاتێکی فرە ئێتنیکە لەگەڵ ئایین و ئایینزای جیاوازدا. ئێتنیکەکانی فارس، ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمەن و ... لە ئێراندا بوونیـــان هەیە. هەروەها ئایینزاکانی شـــیعە و ســـوننەی ئیســـلامی و ئایینەکانی مەسیحی، جوو،زەرتەشـــتی، یارســـان و بەهایی لە ئێران خاوەن شوێنکەوتووانی خۆیانن.

تا پێـــش دامەزراندنـــی دەوڵەتی مودێرنی ناوەندگـــەرا لە لایەن ڕەزا شـــا[٣] و لە ســـاڵی ١٩٢٥ز، نـــاوی ئێـــران، وڵاتانـــی پارێـــزراوی ئێران(ممالـــک محروســـه ایران) بـــوو کە بە سیســـتەمی دێســـنترالی(ناناوەندیی) نەریتی بەڕێوە دەچوو. ناوچەگەلێکی ســـەربەخۆ کە لە لایەن حاکمانی ناوچەییەوە بەڕێوە دەچوون.

شکڵ گرتنی دەوڵەت ـ نەتەوەی مودێرن لە ئۆرووپا شـــوێندانەری لە ســـەر نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو. ئەم شوێندانەرییە لە ئێران لە ســـەر توێژی خوێندەواری فارس کاریگەرییەکـــی ئێجگار زۆرتـــری هەبوو و ئەو بیرۆکەیەی لە زەینیاندا نەخشاند کە ئێرانێکی مودێرن و یەکدەست بە ناوەندییەتی ئێتنیکی فارس و زمانی فارسی دروست بکەن.

لێرەدا ئامـــاژە بە ڕوانگـــەی هێندێک لەم خوێندەوار و خاوەنڕا فارسانە تا پێش شکڵگرتنی دەوڵەتی مودێرنی ئێران لە لایەن ڕەزا شـــاوە دەکەین:

میرزا فەتحعەلی ئاخونـــدزادە (١٢جولای ١٨١٢ ـ ٩ی مـــارچ ١٨٧٨) یەکێـــک لـــەو کەســـانەیە کـــە تێڕوانیـــن و ئایدیاکانی شـــوێندانەرییەکی زۆری لەسەر پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ناســـیۆنالیزمی فارسی لە ئێراندا هەبـــووە. ئاخونـــدزادە پێی وابوو کـــە ڕەگەز و زمان دوو فاکتەری گرنگن بۆ دروســـت کردنی نەتەوەیـــەک و باوەڕی وا بوو کە مرۆڤ دەبێت بە نیسبەت ڕەگەز و زمانەوە دمارگرژ بێت نەک ئایین[۴].

میـــرزا مەلکـــەم خـــان(١٨٣۴ -١٩٠٨) ڕێگەچـــارەی مانـــەوەی یەکپارچەیـــی خاکی ئێرانی بە یەکگرتوویی زمـــان دەزانی. ناوبراو پێی وابوو کـــە زمانێکی یەکگرتـــوو دەتوانێت یەکیەتی ئێران بپارێزێت[۶].

بـــەڵام گشـــتگیرترین تێڕوانیـــن لە مەڕ سیاســـەتی ئێتنیکی کە لە لایەن ڕەزا شـــاوە بـــە کردەیی کـــرا لەلایەن مەحموود ئەفشـــار یەزدییـــەوە(١٨٩٣-١٩٨٣) ڕاگەیەنـــرا. ئـــەو تێڕوانینـــی خۆی لەمەڕ یەکبوونـــی نەتەوەیی بەم چەشـــنە دەخاتە بەرباس:» بەڵام مەبەست لە تـــەواو کردنی یەکبوونـــی نەتەوەیی ئەوەیە کە لە هەموو وڵاتدا زمانی فارســـی گشـــتگیر بێت، جیاوازیی ناوچەیـــی لە بواری جلوبەرگ و... چارەســـەر بکرێت و نەمێنێ و پاشـــایەتیی خێڵەکی بە گشـــتی لە ناوبچێـــت. کورد و لوڕ و قەشـــقایی و عەرەب و تـــورک و تورکمەن و... هیـــچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر نەبێت، هەر کامەیـــان جلوبەرگی تایبـــەت بە خۆیان لەبەر نەکەن و بەزمانـــی خۆیان نەئاخێون. بە ڕای ئێمـــە تا لە ئێرانـــدا یەکیەتیی نەتەوەیی لـــە بواری زمانـــدا وەدی نەیـــەت، هەر چرکە

سەربەخۆیی سیاسی و تەواویەتی خاکی ئێمە لە مەترسیدایە.»

بژاردەکانی فارس لە بیری دروستکردنی ئێرانێکی بە هێزی مودێرن بۆ زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریی ئێرانی بوون. لە ساڵی ۱۹۲۵ز ڕەزا شا خۆی وەکوو شای ئێران ناساند و پاشایەتیی بنەماڵەی پەهلەویی لە ئێراندا دامەزراند.

« ئەگەر لە ئۆرووپا ئەوە نەتەوەکان بوون کە حکوومەتی نەتەوەییان دروست کرد، لە ئێران هەر وەک وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەسەڵاتی پەهلەوی حکوومەتێک بوو کە دوای دامەزران ویستی نەتەوە چێ بکات. دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێران واتا حکوومەتێکی ناوەندگەرا لەگەڵ نەتەوەیەکی یەکدەست و دروستکراو. بۆ وەدیهاتنی ئەمەش پێویست بوو گشت ناسنامە ئێتنیکی و نانەتەوەییەکان لە ناو بچن.»[۷]

ڕەزا شا دەیهەویست ئێران یەکدەست بکات. کردەوەکانی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ گەشەی ڕەگەزپەرەستی لە ئۆرووپا و دەرکەوتنی نازیسمی ئاڵمانی و فاشیزمی ئیتالیایی. ئەو تێدەکۆشا ناسنامەیەکی نوێ بۆ دانیشتوانی ئێران دروست بکات. ناسنامەیەک کە هەم پێیەکی لە ڕابردوودا بێت و هەمیش ئەوان یەکدەست بکات. ڕەگەزی ئێرانی لە ئەندێشەی ڕەزاشادا «ئاریایی» بوو. ناوبراو ڕەگەزی ئێرانییەکانی به ئاریایی دەزانی. ئەم ڕەگەزە پشتوانەیەکی دیرۆکیی شارستانیەتیشی هەبوو. لەم ڕوانگەیەدا ڕەگەزەکانی دیکە بێگانە و ئەویتر بەئەژمار دەهاتن و لە ڕاستیدا هەبوونی ئەوان حاشای لێ دەکرا[۸].

لە تێڕوانینی ڕەزاشادا، فارسی وەکوو زمانی نەتەوەیی دیاری کرا و زمانەکانی دیکە پەراوێز خران.زمانی فارسی بە زمانی خۆمانە دەژمێررا. زمانێک کە دوژمنانێکی زۆری هەبوو و بوونی لە لایەن بیانییەکان و دوژمنانەوە هەڕەشەی لێ دەکرا. ناوەندەکانی ناسنامەسازیی ڕەزا شا لەو باوەڕەدا بوون کە هەموو زمانە غەیرەفارسییە ئێرانییەکان زمانی نانەتەوەیین و بە پێی پرۆژەی ناسنامەسازیی نەتەوەییی ئێرانی، ئەم زمانانە دەبێت لە ناو بچن ونەمێنن[۹].

لە سەردەمی ئەودا، لە بەرکردنی جلوبەرگی ئێتنیکی و نەریتی،نووسین و بڵاوکراوە بە زمانی ئێتنیکەکانی دیکەی ئێرانی و هەرچەشنە خۆپیشاندانێکی کولتووری نافەرمی قەدەغە کرا و سەرپێچیکەران سزا دران. بەم چەشنە ئێران بە وڵاتێک دەزانرا کە خاوەنی یەک زمان، یەک کولتوور و یەک ئێتنیکە[۱۰].

کردەوەکانی ڕەزا شا بۆ یەکدەست کردن و دروست کردنی یەکیەتی و یەکپارچەیی، ناڕەزایەتیی بەربڵاوی لە نێوان ئێتنیکەکانی دیکە لێ کەوتەوە. هەستی خاوەندارێتی و ئەمەگناسی بە ئێتنیک و گرووپە ئایینیەکان بەرزتر بووەوە. بزووتنەوە ناسنامەخوازەکان لە ئازەربایجان، کوردستان، عەرەبستان، بەلووچستان، لوڕستان و تورکمەن سەحرا سەریان هەڵدا.

تێکهەڵچوونی ئێتنیکی لەنێوان ئەم ئێتنیکانە و حکوومەتی ناوەندی لەم کاتەوە پەرەی سەند. دوای ڕەزا شا و لە سەردەمی حەمە ڕەزای کوڕی و هەروەها دوای شۆڕشی ۱۹۷۹ سیاسەتی ئێرانی یەکدەست و زمانی هاوبەش درێژە پێ درا. دەرکەوتەی ئەم تێکهەڵچوونە ئێتنیکییانە، سەرکوت، نەبوونی تەناهی لە ناوچە ئێتنیکییەکان، نەبوونی سەرمایەگوزاری حکوومەتی لەم ناوچانە، سیاسەتی پاشکۆ ڕاگرتنی ئابووریی ئەم ناوچانە، هەژاری و بێکاری و زیاتر بوونی ئەم تێکهەڵچوونانە بوو. گرێیەک کە حکوومەتی ناوەندی جیا لە سیاسەتی سەرکوت ئامادە نییە هیچ هەوڵێکی دیکەی بۆ بدات.

## گریمانە بنەڕەتییەکان

بۆ گەیشتن بە بەرەنجامی ئەو شتانەی لە پێشەکیدا باسمان کرد، ئەم گریمانە بنەڕەتییانەی خوارەوە لە بەرچاو دەگیرێن:

- ملململانێی ئێتنیکی پێویستی بە ئامادەبوونی

کۆمەڵگایەکی تێکەڵاوی ئێتنیکی لە سنووری یەک دەوڵەتدا هەیە.چونکو ململانێی سیاسی لەسەر بنەمای هەوڵ و تێکۆشانی دوو گرووپی جیاواز بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسییەوە دێتە ئاراوە، ئەمەش لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە بوونی دەوڵەتانەوە هەیە.

- پۆتانسیەلی ململانێی ئێتنیکی دیاردەیەکی جیهانییە، چونکە ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە تەنیا یەک ئێتنیک تێیاندا دەژی زۆر کەمە.
- بێچم گرتنی حکومەتێکی دیموکراتیک و فیدراڵ یان دروست بوونی وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ هەر کام لە گرووپە ئێتنیکییەکان دەتوانێت ململانێی ئێتنیکی کۆتایی پێ بێنێ.
- ململانێی ئێتنیکی لە ڕێگەی کۆچی زۆرەملێ و دەرکردن و ژینۆسایدەوە بە شێوەی کاتی چارەسەر دەکرێت. سەرەڕای نامۆڕاڵی بوونی ئەم ڕێگەچارەیە تا کاتێک کە گرووپە ئێتنیکییەکان لە وڵاتێکدا پێکەوە بژین، ململانێی ئێتنیکی لەناو ناچێت.

## پرسی ململانێی ئێتنیکی لە ئێران

ململانێ و هەڵاواردنی ئێتنیکی بۆ ماوەی نزیک بە یەک سەدەیە لە ئێراندا بوونی هەیە. پێکهاتەی ناوەندگەرای دەسەڵات، سیاسەتی سەرکوت، ئاسیملاسیۆن و پشت گوێ خستن مافی ئێتنیکەکانی دیکە نەیتوانیوە ئەم ململانێیە چارەسەر بکات.

لە وڵاتانی فرەئێتنیکدا، یاسای بنەڕەتی دەتوانێت پێناسەی ناسنامەی نەتەوەیی بکات و مافی گشت دانیشتووانی ئەو وڵاتە لەبەر چاو بگرێت.بەم چەشنە شارۆمەندانی ئەو وڵاتە هەست بە ئەمەگناسی و خاوەندارێتی بە نیسبەت وڵاتەوە دەکەن. بۆ نموونە، لە سویسرا، ئاخێوەرانی ئاڵمانی و فەرانسەیی ناسنامەی سوویسی خۆیان لە سەرەوەی ناسنامەی ئاڵمانی بوون یان فەرانسەیی بوونی خۆیانەوە دەزانن. لەم چەشنە جڤاتانەدا دوو چەشن ناسنامە هەیە، ناسنامەی ئێتنیکی و ناسنامەی نەتەوەیی. ئەگەر یاسای بنەڕەتیی وڵات مافەکانی چەندین ئێتنیک بە قازانجی یەک ئێتنیک پشت گوێ بخات، لێرەدایە کە ململانێ لەنێوان ناسنامەی ئێتنیکی و ناسنامەی نەتەوەییدا دێتە ئاراوە. ناسنامەی ئێتنیکی دەبێتە جێگرەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و هەست بە خاوەندارێتی و ئەمەگناسی بە نیسبەت ناسنامەی ئێتنیکییەوە چێ دەبێت. ئەم چەشنە لە وەفاداری و ئەمەگناسییە دەبێتە هۆکاری جیاوازی دانان لە پێکهاتەی سیاسی وڵاتدا.

جڤاتێکی فرەئێتنیکی هەمیشە هۆکاری ململانێی ئێتنیکی نیە، بەڵکوو ململانێی ئێتنیکی پێویستی بە هەست بە چەوساندنەوە لەلایەن گروپێکی ئێتنیکییەوە هەیە. کاتێک دەسەڵات بە شێوەی نایەکسان دابەش دەبێت و گروپێک هەست بە ستەم و چەوساندنەوە دەکات، بۆ دابینکردنی مافە پێشێلکراوەکانی دژی دەسەڵاتی چەوسێنەر هەڵوێست دەگرێت.

لە لێکدانەوەی ململانێی ئێتنیکیدا، دوو ڕەهەند لە فۆرم و چەشنی ململانێ زۆر دیار و بەرچاوە.[11] فۆرمی ململانێ دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی ڕوودانی ململانێ، کە دەتوانین بە شێوازێکی گشتی بە دوو فۆرمی توندوتیژ(شۆڕش،کوودەتا، جوداییخوازی) و ناتوندوتیژ(نارەزایەتی دەربرین) پۆلێنەبەندی بکەین.ئەم ململانێیە یان لەگەڵ گرووپێکی ئێتنیکی دیکەیە یان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی. لەم پێوەندییەدا دەتوانین ڕەهەندێکی سێهەمیش لە بەرچاو بگرین و ئەویش سەرچاوەکانی ململانێیە کە دەتوانێت سەرچاوەگەلی سیاسی، ئابووری و یان ناکۆکی ئێینکی و ئایینی بێت.

تیۆریی تەناهی (ستێنبرگ۲۰۰۷) دەڵێت تا هەر ڕادەیەک هەست بە نەبوونی تەناهی لە نێو ئێتنیکێکدا زۆرتر بێت،ئەگەری ئەوەی کە هەوڵی شۆڕش و کردەوەی توندوتیژانە

بدات زیاترە. هەر بەم بۆنەیەوە دوو چەشـــن لە نائەمنیی سیاسی و ئابووری لە بەرچاو گیراوە.

تەناهیـــی سیاســـی پێوەندیی بـــە ڕادەی شوێندانەریی یەک ئێتنیک لە سەر هاوکێشەکان لە نێو کۆمەڵگادا هەیە. تەناهیی ئابووری ئاماژە بە ڕادەی دەستێوەردانی حکوومەت لە ئابووری و پاوانکردنـــی بیاقی ئابووری(بێ بەشـــبوونی گرووپـــە ئێتنیکیەکانـــی دیکە لـــە ئابووریدا) دەکات. بە وتەیەکی دیکـــە، تەناهیی ئابووری بە ڕادەی شـــوێندانەریی ئێتنیکێک لە ســـەر ئابووریی نەتەوەیی ئاماژە دەکات.

جێی ئاماژەیە کە چەشـــنەکانی تەناهی کە لە سەرەوە باس کران بە دابەشبوونی یەکسانی دەرفەتە سیاسییەکان، یەکسانیی سیاسی(وەکوو بەدەستهێنانی پلە و پایەی سیاسی، ئیمکاناتی ئابـــووری)، دەرفەتـــی ئابووریـــی یەکســـان، خولقاندنی ئیـــش و کار، خەبات دژی ڕانت و بەرزبوونەوەی خۆشـــبژیوی ژیان پۆلێنبەندی دەکرێـــن. لە دابەشـــکاریی دادپەروەرانەی ئەم دەرفەتانەدا، تەناهی لە وڵاتێکدا بەرز دەبێتەوە و  پێش لە شـــەڕ و ململانێ لەگەڵ حکوومەت (خاوەنی ئەم سەرچاوە بەنرخانە) دەگرێت[۱۲].

دوای پێـــک هاتنـــی دەوڵەتـــی مودێرنی ئێرانی لەسەر بنەمای ئێتنیک و زمانی فارس، ئێتنیکەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران لە دژی سیاســـەتی یەکدەست کردنی ڕەزا شا وەستان. ئەمەش بووە هۆی ململانێ و شەڕ لە ناوچەکانی ئازەربایجـــان، کوردســـتان، بەلووچســـتان، ئەلئەحواز و تورکمەن سەحرا. ئەم ململانێیە تا هەنووکەش هەر درێژەی هەیە.

حکوومەتـــی ناوەندی لە جیاتی پەرەپێدان و گەشـــەی ئابووری و سیاســـی لەم ناوچانە، جەختی لەسەر بردنەسەرەوەی ژمارەی هێزی ســـەربازی و ســـەرکوتی زیاتری خەڵکی ئەم ناوچانە دەکات.

لەم نووســـینەدا و بەپێی ئەو شـــتانەی لە سەرەوە خرایە بەرباس، تێدەکۆشین کە وەڵامی پرسیارەکانی خوارەوە بدەینەوە:

دەرکەوتـــە و ئاســـەوارەکانی ململانێـــی ئێتنیکی چییە و چۆن دەتوانرێت ئەم ململانێ ئێتنیکییانە لە ئێراندا کۆتایی پێ بهێنرێت؟

### گریمانە

گریمانەی سەرەکی ئەمە دەبێت کە تەنیا ڕێگە چـــارەی کۆتایی هێنان بە ململانێ و شـــەڕی ئێتنیکی لە وڵاتێکی فرەئێتنیکیدا، ددانپێدانان و دابینکردنـــی مافی گشـــت ئێتنیکەکانی ئەو وڵاتەیە. کۆتایی هێنان بە ململانێ و شـــەڕی ئێتنیکـــی دەتوانێـــت هەڵاوردنـــی سیاســـی وئابووریش کەم بکاتەوە.

هەروەک لە ســـەرەوەش ئاماژەمان پێ دا، پێکهاتەی حکوومەتی ناوەندی لە ئێران وەکوو پێکهاتەیەکـــی ناوەندگـــەرای نادێموکراتیـــک هۆکاری بەرزبوونەوە و بەرینتر بوونی ململانێ و شەڕی ئێتنیکییە لە ئێران.

ئێتنیکە غەیرەفارســـەکان لە ئێران لە سەر ئەو بڕوایەن کە سیستمێکی فیدراڵ دەتوانێت ببێتە هۆی دابەشبوونی دەسەڵات و دابەشبوونی دەســـەڵات دەتوانێت ململانێـــی ئێتنیکی و لە ئاکامدا هەڵاواردنی سیاسی و ئابووری لە وڵاتی ئەواندا کۆتایی پێ بهێنێت.

هەر بەم پێیەش پارتەکانی ئەم ئێتنیکانە کە نافەرمی و لە دەرەوەی ئێرانن، لە ساڵی ۲۰۰۵ز «کۆنگـــرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ»[۱۳] یان دامەزرند.

سیاسییەکان کە پێوەندییان بە حیزبەوە هەیە. هەربۆیە، خەسلەتی ڕکابەرانەی ڕۆنامەنووسی لێردا بەندە بە چۆنێتیی پێوەندییەکانی نێوان حیزبەکانــەوە. هەربۆیە، دەکرێت لە هێندێک باردا شــێوەی ڕووماڵکردنەکان بــە مامڵە و پێکهاتنی ســەرووی دامەزراوە میدیاییەکان و واتــە دەفتــەر یــان ناوەندی سیاســیی حیزبەکان بێت. ئەگــەر ڕکابەرییەک هەبێت و لەم میدیایانەدا بنوێندرێتەوە، لە ڕاســتیدا ڕکابەریی سیاســیی نێوان حیزبەکان خۆیانە بۆ ئەوەی بالادەســتیی لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان و ئێرانیشدا دروست بکەن. لەلایەکی دیکەشــەوە، ئەم ڕۆژنامانە، بە هــۆی باری پێوەندیی نهێنییەکانی حیزب بە جەماوەرەوە، ناتوانــن لە هەناوی کۆمەڵی کوردســتانی ڕۆژهەڵاتدا وتەی ڕاســتەوخۆی پسپۆڕانی شــارەزای بوارێک، یان شایتحاڵی ڕووداوێــک بە جەمــاوەر بگەیەنــن. لە ڕێی ئەم توێژینەوەیــە و پێداچوونــەوە بە دەقی هەواڵەکانــدا دەرکەوتووە کە ئــەو ڕۆژنامانە لــە نواندنی ژیانــی کۆمەڵایەتــی، ئابووری، و ڕاســتەقینەی ئەندامانــی نەتەوەکەمانــدا کەموکورتیی بەرچاویان هەیە و زۆر بەدەگمەن وەڵامی پرسیارەکانی ‹لەبەرچی؟› و ‹چۆن؟› ڕواداوەکان ڕوودەدەن تێیاندا دەبینرێت. هەر بۆیە یەکێک لە ژانرە گرنگەکانی ڕۆژنامەنووسی واتــە «ریپۆتــاژ»، بــە تایبەتی لە شــێوەی بەدواداچووندا لە ئــەم ڕۆژنامانەدا نابیندرێت. ئــەم بابەتــە بووەتە هــۆی ئــەوەی کە ئەم بۆشاییە ڕۆژنامە و سایتەکانی سەر بەدەوڵەتی داگیرکەر بــە ئارەزووی خۆیان پڕی بکەنەوە، و هەر ئەو ســەرچاوانەش هێندێک جار وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، سەرچاوەی زانیاریی ڕۆژنامە حیزبییەکان بن. جگە لەوەش، وەک لەم توێژینەوەیــەدا دەردەکەوێت هەواڵەکان لەڕاســتیدا کلیشەیەکی چەندبارەکراوەن لە بە شێوەیەکی شەتەکدراو کە ئازار و مەینەتەکانی قوربانییــەکان و بەرکەوتوانــی توندوتیژیی و سەرکوتی دەســەڵاتەکانی داگیرکەر و هێزی سەرکوتی لە قالب دەدەن و سروشتی دەکەن، تا ئــەوەی خوێنەر لە تێڕامانێکــی قووڵتر و هەستییانەوە بگلێنێن.

ئەوە لەحاڵێکدایــە، هەرچەند ڕۆژنامەکان بە هــۆی جۆرەکانی دیکــەی میدیاوە وەک میدیــای کۆمەڵایەتــی و کەناڵە ئاســمانییە تەلەڤزیۆنییەکانەوە دەور و پێگەی نەریتییان بەو زاڵیەتییەی پێشــوویان لە پێوەندییەکاندا نەماوە، بەڵام هەم لە شــێوەی چاپیدا و هەم بەتایبەتــی، لــە شــێوە ئەلیکترۆنییەکەیاندا وەک بەڵگە و دەقی نووســراو بۆ خوێنەرانیان و لێکۆڵەرانیــش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. بەتایبەتــی، بــۆ پارتە سیاســییەکان کە لە ســەربنەمای ڕێکخســتنی کلاســیکیی و ڕێکخراوەییــان ڕۆژنامــە وەک زمانحاڵ یان ئۆرگانی حیزبی بۆ نواندنی پلان و ئەجێندای سیاســییان بەکار دێنن، گرنگیی ڕۆژنامەکان حاشــای لێناکرێت. چونکە دەتوانێت کۆمەک بە چۆنێتیی ڕووماڵکردنی میدیای ڕێکخراوەیی بــکات و بەرجەستەســازییەکانی کاریگەریی لەسەر ئێعتیبار و ناوبانگی ڕێکخراوەکە دابنێت. بە ئــەو واتەیە کە لە ئاســتی یەکەمدا، زەق کردنەوە و زاڵکردنــی پلان و پەیامی حیزبی و ڕێکخراوەیــی لە ڕاگەیاندنــی هەواڵەکاندا دەکاتە ئاگاییەکی گشتی و کۆمەڵانی خەڵک. لەئاســتی دووەمدا، ئەو پەیــام و بابەتانە بە خەســڵەتی تایبەتەوە دەبەســتێتەوە، هەربۆیە نەک هەر ئاگایی گشتی لەبارەی ڕێکخراوەکان و شــتەکانی دیکەوە پێشبینیی دەکات، ئەوە کە وەرگرەکانیش لەبــارەی ڕێکخراوەکانەوە چۆن بیردەکەنەوە دەردەخات(Kiousis et al., 2006). بەم پێیە، ڕەچاوکردنی ستراتیژییەک لــە ڕاگەیاندندا بۆ زاڵ بــوون، بەرچاوبوون و بایەخداریی لای وەرگران و کۆمەڵانی وەرگری کــوردی کە ڕۆژانە بە میدیــای جۆراوجۆر و لەسەرچاوەی جۆراوجۆر و جیاوزەوە بۆمبارانی زانیاریی دەکرێن پێویســتە. گوتاری میدیا،

به پێی گارڤیچ و لیڤی (١٩٨٥، ل. ١٩)، «شوێنێکە کە تێیدا گروپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوەکان، و ئایدۆلۆژیاکان لەسەر پێناسەکردن و بنیادنانی واقعیەتی کۆمەڵایەتیی لە بەرەنگاریدان». هەر بۆیە، زاڵکردنی گوتاری میدیای حیزبێک خۆی بەواتای زاڵکردنی گوتاری ڕێکخراوەیی ئەو حیزبەشە.

## چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

بۆ تاوتوێکردنی «گوتار»ی میدیای سیاسی(حیزبی) لە ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە پێناسەیەکی ئەم چەمکە دەبەسترێت کە زمان و جیهان وەک دووانەیەکی لێکدانەبڕاو دەگرێتەبەر و «زمان وەک شێوەیەک لە کرداری کۆمەڵایەتی» دەبینێت (Fair-clough 1995, 1989). گوتار لێرەدا نەک هەر ئاماژەیە بە ئاخاوتن و نووسین، بەڵکوو ‹هەموو سیستەمەکانی واتا دەگرێتەوە› (Laclau, 2001). واتە، ‹وەک زنجیرە کردارێکی جومگەبەند پێناسەی دەکات کە واتای کۆمەڵایەتیی شتێک یان بابەتێک بەدی دێنێت و ڕێکی دەخات (Martil-la, 2015). هێنانەئارای ڕەخنە لە گوتاردا ڕێگا بۆ ڕەخنەیەکی بەرفراوانتری واقعیەتی کۆمەڵایەتی خۆش دەکات. بەڵام ئامانج تەنیا ڕەخنە نییە، بەڵکو گۆڕان «بۆ باشتر[بوون]»ە. ڕەخنەی ئەکادیمیکیش بە تەنیا ناتوانێت واقعیەت بگۆڕێت، بەڵکو بە زیادکردنی تێگەیشتن و درکپێکردنی دۆخی هەنووکەیی (مەوجود) و کێشە و ئەگەرەکانی دەکرێت لە سەر کرداری سیاسی شوێن دابنێت. تێگەیشتنی باشتر پێویستیی بە ڕوونکردنەوەی باشترە. ڕوونکردنەوەکانی گوتاری ڕەخنەیی تێگەیشتنێکی باشتر لە پێوەندییەکانی گوتار و پێکهێنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو(Fairclough, 2018).

بە پێی تیۆری نیشانەناسیی و گریمانەکانی پاش-پێکهاتەخوازی(post-structuralism)، گوتار لێرەدا، «ڕووانینێکی پەیوەندییانەی زمانە» (Fairclough, 1989). ئەم شێوە ڕوانینە پێیوایە وشە و دەستەواژەکان لە پێوەندییان لەگەڵ وشە و دەستەواژەکانی دیکەدا واتا دەگەیەنن، لە بەرانبەر ڕاوانینی یەکانگیرانەی واتادایە کە پێیوایە وشەکان و دەستەواژەکان ئاماژە بە ‹ شێوە ڕاستەقینەکەی جیهان وەک خۆی› دەکەن(Macgilchrist, 2011). بەلای لاکلاو و موف (١٩٨٩،٢٠٠١)ەوە، هەروەها تارادەیەک فێرکلاف (١٩٨٩، ١٩٩٥، ٢٠١٠ یش کە لە ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە تیۆر و ڕێبازی شیکردنەوەکانیان دەبەسترێت، «خاڵی دەست پێکردن بۆ شیکردنەوەی گوتار ئەو بانگەشەیەی فەلسەفەی زمانیی پێکهاتەخوازی و پاش پێکهاتەخوازییە کە دەستراگەیشتنمان بە واقع بەردەوام هەر لە ڕێگای زمانەوەیە. ئێمە تەنیا لەڕێگای زمانەوە هێندێک نواندنەوە لە واقع بەدی دێنین کە بەهیچ شێوەیەک نواندنێک لە واقعێکی لەپێشدا هەبوو نییە، بەڵکوو زمان دەرفەتی بنیادنانی ئەوم واقعە دەرەخسێنێت. ئەوە بە ئەو واتایە نییە کە واقعێک لەئارادانییە، واتاکان و نواندنەوەکان واقعەکەن. شتە فیزیکییەکانیش هەن، بەڵام تەنیا لەڕێگای گوتارەوە واتادار دەبن»(Jørgensen and Phil-lips, 2002). بۆ تێگەیشتن لەوەی کە زمان چۆن واقعێکی بنیادنراویو دروستکراوی خۆی لە ڕووداوە فیزیکییەکان بەدی دێنێت، و هەروەها تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی گوتار و واقع، لەوانەیە ئەم نموونەیەی یورگنسن و فیلیپس (٢٠٠٢) لە ‹هەستانی لافاو لە ڕووبارێکەوە› باشتری ڕوون بکاتەوە:

«زیادبوونی ئاستی ئاوی ڕووبارەکە لافاوی لێدەکەوێتەوە کە بەدەر لە بیر و لێدوانی خەڵکەکە خۆی لەدەرەوە بە شێوەی سەربەخۆ هەیە. هەرکەس بەدەر لەوەی چۆن بیر دەکاتەوە و چی دەڵێت، ئەگەر لە

شوێنێکی نەشیاو بێت دەکەوێتە بەری و نوقم دەبێت. بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوەکە واقعێکی ڕاستەقینەی مادییە. بەڵام هەر کە کەسەکان هەوڵیاندا [لە ڕوانینی خۆیانەوە] واتای بدەنە پاڵ، ئیتر ئەوە لە دەرەوەی گوتاردا نییە[دێتە قالبی گوتارەوە]. [بەشێوەیەک کە ] زۆربەی خەڵک لافاو هەستانەکە وەک ‹دیاردەیەکی سروشتی› دادەنێن، بەڵام وەک پێویست هەرواش باسی ناکەن. هێندێکیان پەنا بۆ ‹گوتاری کەشناسی› دەبەن و هۆیەکەی دەدەنە پاڵ باران بارینی زۆر. هێندێکیان لەوانەیە بیدەنە پاڵ ‹خراپی بەڕێوەبرایەتیی سیاسی›، واتە شکستی حکومەت لە هەڵنەبەستنی بەنداو و دابین نەکردنی تێچووەکەی. لەوانەیە هێندێکیش لافاوەکە بە ‹دەرکەوتنی ئیرادەی خوا و نیشانەی تورەیی وغەزەبی ئەو لە شێوازی ژیانی سوچباری خەڵک یان نیشانەی ئاخر زەمان› لێکبدەنەوە. کەواتە، بە پێی گوتارە جیاوازەکان(کە دەکرێت لێکیش بدرێن)دەکرێت واتایەکی [جیاواز] بدرێتە پاڵ زیادبوونی ئاوی ڕووبارەکە. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە هەر یەک لە ئەم گوتارە جیاوازانە هەنگاوی جیاواز، وەک بەنداوسازی، ڕێکخستنی خۆپیشاندانی سیاسی بەرانبەر بە حکومەت، و یان ئامادەبوون بۆ قیامەت، واتە کۆتایی کوتوپڕی جیهان بە شیاو و گونجاو دزەانن. بەم شێوەیە، واتا خستنەپاڵ شتەکان لە گوتارەکاندا دەبێتە هۆی بنیادنان و گۆڕانی جیهان (Jørgensen and Phillips, 2002).

ئەم چەشنە بۆچوونانە بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکان و واقع، بەردەوام لەگەڵ خۆیاندا جۆرێک سنووربەندیی لە نێوان ‹ئێمە› و ‹ئەوان›دا بەدی دێنێن کە شوناسە جیاوازەکانیان لێدەکەوێتەوە. هێندێک جار کردە کۆمەڵایەتییەکانمان و لێکدانەوەکانمان بەرادەیەک بابەتی (عەینی)، سروشتی و بەڵگە نەویست دەبن، بردنە ژێر پرسیاریان ئەستەم دەبێت. بە شێوەیەک کە ‹›بە ئەستەم دەکرێت سەرنجمان بۆ ئەوە بچێت کە بژاردەی دیکەش هەن». هەر بۆیە،»ئەو کاتانە کە شوناسە جیاوازەکان یەکتر ڕەدەکەنەوە› دژانبەریی کۆمەڵایەتی»(social antagonism) سەرهەڵدەدات»(ibid). بە بڕوای ‹لاکلاو و موف› لایەنێکی سەرەکیی دژانبەری ئەویترسازییە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دژانبەری ئەو کاتە ڕوودەدات کە «بەشداریی و ئامادەیی ‹ئەویتر› بە بوونی خۆی لەمپەرە بۆ ئەوەی ‹من› بەتەواوی خۆم بم»(Laclau & Mouffe, 2001). وەک نموونەیەک بۆ دەرهاویشتن لە ڕێگای ئەویترسازییەوە، لەوانەیە یەکێک لە ستراتیژییەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ ئەویترسازییەکەی لە کورد ئەوە بێت کە هاوشان لەگەڵ بە ‹دژی شۆڕش› (چونکە شۆڕش بۆ زۆربەی ئاپۆرای خەڵکی نەتەوەی باڵادەست لەسەردەمی خومەینیدا و لەدەیەی یەکەمی دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامیدا واتایەکی بابەتی/عەینی ئەرێنی وەرگرتبوو، ئێستا شۆڕشەکە و بنەماکانی بۆ ئەوانیش ئەو واتایەی نەماوە)، یان بە ‹جیاوازیخواز› ناساندنی، شوناسی ‹کۆڵبەر بوون» بێت کە ئاستی سەرکوتەکەی بە پێی ئاستی دابەزاندنی پێگە کۆمەڵایەتییەکی ئاسایی بنوێنێت. ئەم شێوە ئەویترسازییە وا دەکات جۆری داواکارییەکانی کوردیش لە شوناسی کورد بوون وەک نەتەوەیەکەوە بۆ شوناسی توێژییانەی پیشەی کۆڵبەری داشکێنێت کە تێگەیەکی ئابوورییانەی هەیە تا ئەوەی تێگەیەکی نەتەوەییانەی هەبێت. لەڕێگای دەرکردنی پێناسەی کۆڵبەری (بڕیار و کردار فەرمیی دەوڵەت) و نواندنەوە و جێخستنی لە ڕێگای بە بابەتکردنی لە گوتاری میدیایی دا بەرەوی پێدەدرێت و هەوڵی جێگیرکردنی دەدرێت. ئەم شوناسە ئەو کاتە جێدەگرێت کە شێوەیەکی باڵادەستانەی گوتاری بەخۆ بگرێت و کورد خۆشی ڕەزامەندانە ئەو شوناسە قەبووڵ بکات و وەک ململانێیەکی چینایەتی لە

گوتارێکی چەپیخوازانەدا لەبەرهەمی هونەری یان میدیاییدا بەرهەمی بهێنرێتەوە. یان وەک ململانێیەکی ڕەگەزییانە بۆ دەرخستنی هێزی ژن لە کاری کۆڵبەریدا بەرانبەر بە پیاو بنرخێندرێت:

بۆ نموونە لە تویی وتارێکی ژمارە (١٠١)[١]ی ڕۆژنامەی ‹داوڕۆژ›دا بە نانیشانی ‹ژنانی کۆڵبەر و غیرەت و ئازایەتییەک هاوشێوەی بەردەکانی زاگرۆس›دا هاتووە: «کۆڵبەری کارەساتێکی زۆر گەورەیە ولەوە کارەسات تر ئەوەیە کە ژنان ناعیلاجن بە جلوبەرگی پیاوان کۆڵبەری بکەن». بە ئەم شێوەیە، بابەتە سەرەکییەکە کە ئەیتراسازییەکە لە کورد لە شوناسی کۆڵبەریدا، لە پەنا جۆرێکی تری چەوساندنەویدا(ڕەگەزی) بەرهەم دێتەوە و ئاسایی دەکرێت.

بۆ نموونە، لە دەقی ئەو وتارە لە ڕۆژنامەی «دواڕۆژ› دا، لە زمان نوێنەری پارێزگای سنە (ڕێژم بە کوردستان ناوی دەبات) لە بیست و سێیەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرزی پارێزگاکان[ی ئێران] دا هاتووە:

« دەبێت خوێن بگرین و زۆر جێگای داخە کە بڵێین لەگەڵ کچان و ژنانێک ڕووبەڕووین کە ناچارن لە ڕۆڵی پیاوێک یا کوڕێکدا خۆیان دەربخەن تا بتوانن بەئاسانی بێن بۆ ناو زنجیرەی دوورودرێژی کۆڵبەران (ئاژانسی هەواڵدەری رژیم -١٨ ی خەرمانانی ١٣٩٨)»[٢].

ئەمەش، بەڵگەی ئەوەن کە ڕێژیم بۆی ئاساییە کە چەوسانەوەی ئابوورییانەی کورد هاوشان و وەک چەوسانەوەی هەر تاکێکی نەتەوەی باڵادەست پێناسە بکاتەوە و لە شوناسی «شارۆمەندە ئێرانییەکە›دا جێی بخات کە لە واقعدا بیبەستێتەوە بە «بەڕێوەبەرێتیی خراپی ئابووری» کابینەکانی حکومەت، نەک دەرهاویشتنێکی ئامانجداری نەتەوەیەک. بۆ نموونە، ئەم دەقەی سایتی ‹تابناک›ی سەر بە ڕێژیمی ئێران، کۆڵبەری لە کوردستان و بەلووچستان وەک لێکەوتەیەکی سیاسەتی ئابوورییانەی دەوڵەت لێکدەداتەوە و دەڵێت»: بەراوردی نیشانەکانی پەرەسندنی ئابووری شارە سنوورییەکان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی وڵات، ئاماژەیێکە بە نایەکسانیی سەرمایەدانان و سەرنجی دەوڵەت بە ئەم ناوچانەیە»[٣]. لە حاڵێکدا ئەم پیشەیە تەنیا بۆ ئەندامانی نەتەوەی کوردە و لە کوردستان بەڕێوە دەچێت[٤]. جگە لە ئەوەش ئاماژەیەکی هاوپێچی ئایدۆلۆژییانەی بۆ شێوەی خۆ دەرخستنیان لە ڕۆڵی پیاودا واتە، جلو بەرگی ژنان و کچان تێدایە کە هی پیاوان و کوڕانە و گوایە پێوەرەکانی ڕێژیمی بۆ حیجابی ئیسلامی تێدا نییە. بە ئەم شێوەیە، ڕۆژنامەنووسەکان پێچەوانەی پاشخانە مێژوویی و ئایدۆلۆژییە حیزبییەکانی خۆیان، دەکەوەنەوە داوی پێکهاتە زمانییە سروشتی بووەکانی داگیرکەر و بەرهەمی دەهێننەوە.

دەرباز بوون لە ئەو دۆخە، بەندە بە زۆر هۆکارەوە کە لە پێوەندیی لەگەڵ میدیادا دەکرێت ئاماژە بە ‹چوارچێوەسازی›(framing)ی هەواڵ، واتە واتاسازییەکی پێچەوانەی گوتاری زاڵی داگیرکەر لەسەر ئەم شێوە شوناسسازییە بکرێت. وەک ئەوە کە بە وردی دوو ئەکادیمیی کورد، ‹کەمال سولەیمانی› و ‹ئەحمەد محەممەد پوور› لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی تایبەتدا بە ناوی ‹ئاپارتایدی ئابوور› ناویان ناوە کە لە پێکهاتەیەکی کۆلۆنیزەکراودا دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ئێران بەڕێوەی دەبات(بڕوانە، Soleimani, & Mohammadpour, 2020). هەر ئەمە دەکرێت ئەو چوارچێوە هەواڵییە بێت کە لە گێڕانەوە جۆراوجۆرە هاوشێوەکانی ئەو مەدلوولەدا وەک ‹کوشتاری ڕێکخراوی خەڵکی مەدەنیی کورد» یان «نان برین و قڕکردنی کاسبکاری کورد» و ‹چەوسانەوەی ژنان هاوشانی پیاوانی کورد› ناوی بنرێت و بە میدیایی و پێناسە بکرێتەوە. ‹چوارچێوە›کان لێرەدا ئەو «بیرۆکە

ڕێکخەرە ناوەندی یان هێڵە داستانیانەن کە واتا بە توێی ئاشکرای ڕووداوەکان دەبەخشن» (Gamson & Modigliani, 1987). هەرچەند چووارچێوەسازیی مژارەکان زۆرجار بۆ بە ئاسانی گەیاندنی بابەتە ئاڵۆزەکان زەرووریین، بەڵام بە هەمان ڕادەش ئامرازێکی بەهێزن بۆ سنووردارکردنی باسەکان لەسەر بابەتە سیاسییەکان (Crow, & Lawlor, 2016). ڕۆژنامەنووسەکان چوارچێوە هەواڵییەکان وەک ئامرازێک بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێکی تۆکمە بەکار دەهێنن( وەک «جەنگ لە دژی تیرۆر»). کاتێک کارا سیاسییەکان لە سەر میدیاکانی هەواڵ دەکەونە ڕکابەری، چوارچێوەی تایبەت بەخۆشیان هەیە کە هەوڵ دەدەن برەوی پێبدەن. کاتێک میدیای هەواڵ دەیهەوێت بەرایی بدات بە چوارچێوەیێک بەسەر یەکی دیکەدا، دەتوانێت بەرژەوەندیی بەرچاو بەرانبەر بە دژبەری دیاریکراو دەستەبەر بکات. بۆ نموونە، دەمەتەقێکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لەبارەی شەڕ لە ئێراقەوە لەبەرچاو بگرن، دەوڵەتی ‹بوش› لە خاڵێک لە دیبەت و مشتومڕەکاندا هەوڵی دەدا برەو بە چوارچێوەی ‹بەردەوامیی دەورەکە› بدات تا بەڵگەیەک بێت بۆ گرنگیی بەردەوامی شەڕەکە تا ئەو کاتەی شەڕەکە بداتەوە دەست هێزە چەکدارەکانی ئێراق»، ڕەخنەگرانی شەڕەکە چوارچێوەی ‹شەڕی بێهوودە› یان بەکار دەهێنا کە دەیانگوت پێویستە هێزەکانی ئەمریکا بە زووترین کات بکشێندرێنەوە. تێگەیشتن لەوەی کە ڕۆژنامە نووسەکان بڕیاردەدەن کام یەک لە ئەم چوارچێوانە بەکار بێنن، دەکرێت بۆ تێگەیشتن لە ڕکابەرییە سیاسییەکان زۆر بەکەڵک بێت. چونکە «باوەڕ و کردەوە سیاسییەکان لە گریمانە، لاگری و ڕاپۆرتە هەواڵەکانەوە سەرچاوە دەگرن. لە ئەم حاڵەتە گرنگەدا، سیاسەت درامایەکە کە لە جیهانێکی گریمانەکراو و ڕاپۆرتکراودا ڕوودەدات کە

هەڕەشە و هیواکان دەورووژێنێت، جیهانێک کە خەڵکەکە ڕاستەوخۆ نایبینن و هەستی ناکەن»(Edelman, 1995). تا ئێستا و بە پێی ئەم توێژینەوەیە لە سەردێری ئەو هەواڵانەی پێوەندییان بە هەواڵی پێوەندیدار بە ‹کۆڵبەران› و ‹بەندکراوانی سیاسی›یەوە هەبووە، تاکی کوردی بەرکەوتووی توندوتیژیی و سەرکوتی ڕێژیم، لە دەقی گوتاری هەواڵییدا تووشی دەرهاویشتنێکی گوتاریش لە میدیای ئەو حیزبانەدا بووەتەوە؛ وەک کارایەکی پاسیڤ، کەسی نادیار و نەناسراو یان لە ژمارەدا دەنوێندرێنەوە. بڕوانە، ئەم سەردێڕانە:

**١** نەوسوود/ بریندار بوونی کۆڵبەرێک بە تەقەی چەکدارانی سەر سنوور(ئاسۆی ڕۆژهەڵات/ ک. ش. ز. ک)[۵].

**٢** بریندار بوونی کۆڵبەرێک لە سنووری بانە(سایتی کوردستان و کورد. ۰۳۲۰۲۱/۱۰ (ح.د.ک).[۶]

**٣** کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران (کوردستان–ح.د.ک.ا، ژمارە ۷۹۴، ۵ی مارسی ۲۰۲۱ ).

سێ پرسیار کە دەکرێت لە شیکردنەوەی لایەنە ڕواڵەتی و شاراوەکانی گوتاری میدیادا لەبەرچاو بگیرێت دەکرێ ئەمانە بن:

- کێ دەدوێت (بەتایبەتی کاتێک ‹ئاخێور›ەکە پەیامنێر، وتەبێژێکی فەرمی، مامۆستا یان هەر کەسێک بێت کە وتەبێژی بریکاری دامەزراوەیەکە)؟
- دەڵێن چی (واتە واتا ئاشکرا و شاراوەکانی لێدوانەکە چیین)؟

مەبەستیان چییە (یان دەبێت گریمانەمان بۆ ئەوەی لێدووانەکەیان لە بەستێنەکەیدا شیاوی تێگەیشتن بێت چی بێت)؟(Davis, 1985).

لە ئەو سەردێڕانەی سەرەوەدا، چەند شت هەیە ئاماژەیان پێبکرێت.

**یەکەم**، بریندار بوون(وەک کردەیەکی بەدەر لە هێزی کارایەکی ئاگایانە بەکار دێت،

مێشکی ئاخێوەرێکی زگماکی زمانی کوردی لە دووی هۆی پشت بریندار بوونەکە نییە، چونکە زیاتر دەدرێتە پاڵ شتی بێ ئیرادە و بێ گیان. لەبەرانبەر ‹بریندار کردن›دایە (وەک کردەیەکی مادیی، کە ئاخێوەری ڕەسەنی کوردی، لە دووی کارای هۆی بریندار کردنەکە دەگەڕێت و چاوەڕێی زانیاریی لەبارەی کەسی بەرپرسی پشت بریندار کردنەوەکەوەیە).

**دووەم،** بە پێی جەختکردنەوەکانمان بۆ مەبەستێکی تایبەت دەستکاریی پێکهاتەی دەربڕینەکانمان دەکەین. هێندێک جاریش وەک دەربڕینەوەیکی باو و جێکەوتوو لە ڕووی نائاگایی فۆرمە زمانییەکان کە بە ئایدۆلۆژیای زاڵ بارگاوی کراون بەکار دەهێنینەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زانیاریی تەواو لە ڕستەی بنجیی دیار (معلوم)دایە.

**سێیەم،** لە ڕێگای ‹ناواندن›ەوە کۆی شێوەی نواندنەوەی ڕووداوەکە گۆڕاوە. هیچکام لە ئەو سەردێڕانە ڕستە نین، بەڵکوو گرێیەکی ناوین(زانیاریيان لەبارەی کات و کەسەوە تێدانییە)، واتە ‹کار›(فعل)ی ڕابردووی سادەی ‹بریندار بوو›، لەکارێتی خراوە و بەناوکراوە، بۆیە لوتکە ‹مبتدا›ی ڕستەکەی گرتووە. ئەمە بۆ نموونە، لە سەردێڕی(١) دا ئاوا بووە: ‹بەتەقەی چەکدارانی سەرسنوور کۆڵبەرێک بریندار بوو›. بەڵام ئاواش بنووسرابایە هەر نواندنەکەی تایبەت بوو، چونکە تەقە›کە پێش تەقەکەرەکە(چەکداران) کەوتووە، تەقەکە لە ئەم دەربڕینە زمانییەدا بەرپرسە نەک ‹چەکداران›، هەربۆیە لەگەڵ کاری ‹بریندار بوون›دا ڕێک دەکەوێت. جگەلەوەش، لێرەدا، ‹کۆڵبەرێک› کەسێکی نەناسراوە(ناوە تایبەتەکەی) هەروەها ‹چەکدارانی سەرسنوور›(کێن؟). بەڵام ئەگەر بنووسرابایە «چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران بەتەقە کۆڵبەرێکیان لە نەوسوود بریندارکرد»، نواندنەوەکە چەکدارانی ڕێژیمی ئێرانی بە بەرپرس دەناساند. جیاوازیی ئەم دەربڕینە لەگەڵ ئەوانەی دیکە ئەوەیە کە بە پێی یاساکانی پێکهاتەی ڕستەی کوردی لە ڕووی دیار(معلوم)دا بکەر(فاعل)، بەرکار(مفعول) و کار (فعل) و ئامێر(ابزار)ی بریندارکردنەکە لەگەڵ ئاوەڵکاری شوێن(قید مکان)دا دەربڕاوە. لەباری نواندنەوەی زانیاریی و ئەزموونی بیرۆکەییەوە لە ڕێزمانی واتا بنیادی هالیدەی کە بۆ شیکردنەی گوتار بەکار دێت و مەبەستی ئێمەش ئەمەیانە، کردە(بریندارکردن)، بەشداربووەکانی کردەکە (١ چەکدارانی ڕێژیمی ئێران وەک کارا، ٢ کۆڵبەرێک، وەک ئامانج/کرتێکراو) و بارودۆخێک(لە نەوسوود و بەتەقە) هەیە. بەگشتی، ئەم ڕستانە هەرکامە واقعیەتێکی جیاواز بنیاد دەنێت.

لەسەردێڕەکانی (٢) و (٣)دا، هەر بەرپرسێک لەئارادانییە. سەر دێڕی (٣) کە تایبەتە بە ‹ڕۆژنامەی کوردستان› (ح.د.ک.ا)، لە لاپەڕەی کۆتایی هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەدا، هەواڵ و ڕووداوکانی تایبەت بە کوردستان کۆدکرێنەوە، بە پێی توێژەکانیان یان سروشتی ڕووداوەکانیانبە پۆلین دەکرێن، وەک:

‹مەحکومکرانی زیندانییان بە زیندان و کەمکردنەوەی حوکمی زیندانی›، ‹بانگهێشتکردنی هاووڵاتییان بۆ ئیتلاعات›، ‹تەقینەوەی مین»، کوژرانی هاووڵاتییان» و... . کە بۆ بابەتی تایبەت بە کۆڵبەران ئەم سەردێڕەدانراوە. لێرەدە باشتر دەردەکەوێت کە کۆکردنەوە زمانییەکانی ڕستە و چڕکردنەوەیان لە گرێیەکی ناویدا، چەند لەگەڵ لاپەڕەی تایبەتی ڕۆژنامەکە یەکانگیرە؛ کورتە دەقە هەواڵییەکان و شەتەکدانی زانیارییەکان لە بەستەی کلێشەییدا ئازارەکانی قوربانییەکانی سەرکوتی ڕێژیم نەدیوو دەکرێت، و چۆنێتیی ڕوودانی ڕووداوەکان و کاردانەوەکانی خەڵک و لێکەوتەکانی ئەو توندوتیژییانە لادەدرێن.

سەبارەت بە سەردێرەکانی ‹مەحکومکرانی زیندانییان بە زیندان و کەمکردنەوەی حوکمی زیندانی›، ‹بانگهێشتکردنی هاووڵاتییان بۆ ئیتلاعات› دەکرێت بگوترێت کە کەمکردنەوەی حوکمی زیندانی واتای نەرێنیی بەزیندان مەحکوومکردنەکە بۆ لای ئەرێنی دادەکێشێت، یان هاوسەنگییەک دروست دەکات. ‹بانگهێشتکردن› لە زمانی کوردیدا، واتای ئەرێنی هەیە کە زیاتر بۆ بواری میواندارێکردن لەکەسێک بەکار دێت، تا ئەوەی ڕاپێچکرا بێت. ئەگەر هەر واتای ‹بانگکردن› بایە بێ لایەنتر بوو.

لە دەقی ئەو هەواڵانەدا، ئاماژە بە کاراکانی پشت کوشتن و برینداربوونەکان دەکرێت، بەڵام کوژراوەکان هەر لەواتای وشەیی ‹کوشتن› دا کۆتاییان دێت، بە بێ ئاماژە بە چۆنێتی، و زانیاریی ورد، هاوبەشیی بنەماڵە و کەسوکاریان وەک وەرگرتنی قسەیەک یان شایەدحاڵێک کە وەسفی مەینەتی ژیانیان تا کاتی کارەساتەکان بکات. زۆرجار بۆ بریندارەکانیش تراژیدییەک لە دەقێکی دارێژراودا بە کۆتاییەکی خۆش کۆتایی دێت کە زیاتر ئەم پارچە ئاخاوتنەیە «شایانی باسە، بۆ چارەسەری برینەکەی گەیاندراوەتە خەستەخانە».

بە پێی ئەو لێکدانەوەیە و ئەو بیردۆزییانەی تا ئێستا لە بنیادنانی واقع لە ڕێگەی زمانەوە کردوومانە، دەکرێت بڵێین کە زمانێکی ئاسایی و سروشتییانە بۆ ئەو کوشتارە سیستیماتیکە بەکار دێت؛ هەر وەک ئەوەی لەژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا دوو کەسی کورد بۆ یەکی بگێڕنەوە. ئەوانە ئەوکاتە لە ڕێگای زمانە ئاسایی دەنوێندرێن و سروشتی دەکرێن کە دەبنە ‹کلێشە› یەک بۆ دارشتنی هەر ڕووداوێکی لەوچەشنە بۆ کەس/کەسانی جیاواز و لە شوێنێکی جیاوازی کوردستاندا دووبارە دەبنەوە. بۆنموونە بڕوانە ئەم سەردێڕەی ئاسۆی ڕۆژهەڵات:

۴ سەقز/ بریندار بوونی کاسبکارێکی کورد بە تەقەی هێزە چەکدارەکان[۷]

ئەگەر ئەم شێوە نواندنەوانە لەگەڵ ئەو هەستی هاوەردی نواندنەی بەرپرسانی ڕێژیم و دەزگا میدیاییەکانی هاوکات لەگەڵ کوشتن و برینیان بۆ دۆخی نالەباری کۆڵبەران لەبەرچاو بگرین[۸]، ئەم شێوەیە لە نواندنەوەی میدیای حیزبی لە ئەو کارەساتەی تاکی کورد تووشی بووە، ئاستی ئاسایی بوونی کارەساتەکە لە گوتاری میدیا حیزبییەکاندا دەردەخات. بەتایبەتی، دوو ستراتیژیی لە نواندنی میدیایی ڕێژیمدا دەردەکەوێت کە هەمان شت لە میدیای حیزبیدا بەرهەم دەهێنرێتەوە: ستراتیژیی بە ‹تاوانکەر›دانان، ستراتیژیی ‹قوربانیبوو›

بە شێوەیەک کە لە ستراتیژیی یەکەمدا، تاکی کۆڵبەر لە شوناسی نەتەوەیی و کوردستانی دادەماڵرێت و شوناسی ‹شارۆمەندێکی ئێرانی› پێدەدرێتەوە کە تاوانی سنوور بەزێنیی (ئاسایش و سەروەریی سیاسیی دەوڵەت) دەکات، هەر بۆیە سزا دەدرێت و ‹قوربانیبوو›ی لاوازییەکی بەڕێوەبەریی دەوڵەتیشە لە ‹ناوچە›ی سنووری( نادادپەروەرییەکی ئابووری)دەوڵەت. ستراتیژیی بە تاوانکەر دانان، چارەسەریشی لەدووە (پێشنیاری چارەسەرکردنی نادادپەروەریی ئابووریی و بەڕێوەبەرایەتیی خراپی کارگێڕی ئیداری و چارەسەری برینی قوربانییەکان لە خەستەخانە، یان کەمکردنەوەی حوکمی زیندانی). بۆ نموونە، لە دەقی هەواڵەکانی (۲) و (۳)دا، کۆتایی هەواڵەکە بە چارەسەری لە نەخۆشخانەکانی ڕێژیم کۆتایی دێت. ئەمە دەکرێت میتافۆر یان ئیستیعارەیەکیش بێت بۆ چارەسەریی دۆخی ئابووری کە بە ڕێژیم خۆی دەکرێت. لە هەمان کاتدا، لۆسکردنی ئەو کارەساتانە بێت کە بەسەر تاکاکان دێت و سەرکەوتنی پیلانی ڕێژیم لە هەڵسوکەوتێکی باڵادەستانەی

ئیستعمارییانەدا بۆ تێکشکاندی ئیرادەی کورد و وازهێنان لە شوناسی کورد بوونییشی بە ناچارکردنی بە هەڵبژاردنی یەک شێوەی ژیان زیاتر ڕوون دەبێتەوە. مەترسیی ئەم شێوە بەکارهێنانەی زمان لە میدیا، ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی باو بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە میدیای نووسراو و گوتراودا دروست دەکات کە بە پێوانەی ئەوانە زەینیەتی گێڕانەوەی زۆربەی ڕووداوە پێشبینیکراوەکانی داهاتووش ڕێکدەخات.

لاکلاو موف «ناشیمانەیەتی کۆمەڵ وەک مەترسییەک بۆ هەر شوناسێک دەنوێنن کە خۆی وەک بزوتنەوەیەکی بەردەوامی جیاوزییەکان دەردەخات»(Laclau & Mouffe, 2001). لەڕوانگەی ئەمانەوە» هەرچەند کۆمەڵ تاڕادەیەک پێکهاتەمەندە، بەلام ئەم پێکهاتەمەندییەی سنووردار و کاتییە. ئەگەر بۆ نموونە خەڵک بە چینی جیاوز دابەش دەکرێن لەبەر ئەوە نییە کە کۆمەڵ هەر بەو شیوە بابەتییانەیە لە ئەم چینانە پێکهاتووە، بەڵکوو لەبەر ئەمەیە کە داخراوی(closure)یەکی کاتی هەیە کە شێوە ڕێتێچوو و شیمانەییەکانی دیکەی دابەشکردنی وەک ڕەگەزی یان ئەتنیکی پەراوێز خستووە یان دەرهاویشتووە (Jør-gensen, & Phillips,2002). لە نموونەی کۆڵبەریدا، هەموو جۆرە هێزێکی سەرکوتی نەرم و ڕەق بەکار هاتووە بۆ ئەوەی کورد ناچار بە هەڵبژاردنی ئەو شێوەیە لە کاسبکاری بکات، واتە بنیادنراوی دەوڵەت خۆیەتی(بڕوانە، Soleimani, & Mohammadpour, 2020).

بەگشتی، ململانێی نێوان گوتارەکان بەواتای ئەوەیە کە کارا جۆراوجۆرەکان هەوڵدەدەن کۆمەڵگە بەشێووەیەکی جیاواز ڕێکبخەن. هەر بۆیە، وشەیەکی سەرەکیی تیۆرەکە ‹بەرەنگاریی گوتارییانە›یە. گوتارە جیاوازەکان -کە هەرکامەیان بە شێوەی تایبەت بە خۆیان دووان و تێگەیشتن لەبارەی جیهانی کۆمەڵایەتییەوە دەخەنە ڕوو- بۆ باڵادەست بوون، واتە چەسپاندن و جێگیرکردنی واتاکانی زمان بە شێوەی خوازراوی خۆیان، لە بەرەنگاریی بەردەوامدان. بەم پێیە، باڵادەستی (هێژێمۆنی) دەکرێت وەک زاڵ بوونی ڕوانگەیەکی تایبەت پێناسە بکرێت»(Jørgensen and Phillips, 2002).

تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە بواری ئەم توێژینەوەیەوە هەیە، لە بەرئەوەی پرۆژە جیاوازەکان بۆ باڵادەستی (هێژێمۆنی) بەردەوام لە ڕکابەریدان زاڵ بن، و پێکهاتنی باڵادەستی بەواتای مەعریفەتێکی تۆکمە نییە کە تایبەت بێت بە قۆناغێکی دیاریکراو(Laclau and Mouffe, 1989)، گوتاری میدیا لەبەر سروشتی مەبستدارانەی دارشتنە زمانییەکانی، بەهاکانی هەواڵ کە دووری و نزیکییەکانی ڕووداوەکان بە دەزگایەکی تایبەتی ڕاگەیاندنەوە دەنرخێنن، ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات لە بنیادنانی ئەم واقعە بۆ باڵادەستیدا کاریگەرە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لێرەدا، بابەتی بنیادنەرانە (constructive) لە «کردەیەکی پێوەندییانەی دوو لایەنە»ی ناڕاستەوخۆ لە نێوان نێرەر و وەرگردا دروست دەبێت کە هێزی کاریگەریی لەسەر وەرگر تاڕادەیەک بەسەر تێگەیاندن و زانیاریگەیاندندایە. لە ئەم شێوە بنیادنەرییەدا، «چی دیکە ناکرێت زمان وەک گرینگترین هۆکاری بابەتیکردن(عەینیەتسازی) و دەروونیکردن لێی بڕواندرێت، بەڵکوو(بەشێوەیەکی تایبەتی) کردەیەکی پێوەندییانەیە کە بابەتیکردن و دەروونیکردن بەرهەم دەهێنێت. هەروەها لە کردەی پێوەندیی بنیادنەرانەدا زمان هەر وەک هۆکارێکی زانیاریگەیاندن نازانرێت، بەڵکوو وەک کردەیەک دادەنرێت کە هەوڵدەدات بگات بە ئەو کاریگەرییەی وا لە کەسێک بکات کارێک بکات کە ئێمە دەمانهەوێت. ئامرازێکی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە هێز/دەسەڵاتی پێوەندییانەیە. کەواتە،

چەمکی هێــزی پێوەندییانە ئامانجی کردەی پێوەندییانــە لــە تێگەیشــتنەوە دەگۆڕێت بــۆ کاریگەریــی» (Reichertz, 2020). لــە درێــژەی ئــەم لێکۆڵینەوەیــەدا و بەتایبەتی لە پێوەندیی لەگــەڵ چۆنێتیی ڕووماڵکردنی بابەتی ڕادەستکردنەوەی ‹مستەفا سەلیمی›، زیندانیی سیاســیی لە میدیــای حیزبیدا و لەسێدارەدانەکەی لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانــەوە زیاتر تیشــک دەخرێتە ســەر ئەم لایەنەی بەکارهێنانی کاریگەرییانەی میدیا.

## ناجێگیریی واتا و سەراوی(شــــناوەری) ئاماژەکان( دالــەکان): ڕوونکردنەوەی چەند چەمکێک

هــەروەک لەســەرەوە ئاماژەی پێکــرا، ئەم توێژینەوەیــە کــە پشــت بــە بیردۆزیــی گوتــاری دەبەســتێت، کــە لــە تێڕوانینــە پــاش پێکهاتەخوازییەکــەی لاکلا و موفەوە لــە کتێبــی ‹هێژیمۆنــی و ســتراتیژیی سۆسیالیستی›یەکەیانەوە سەرچاوە دەگرێت، ‹کۆی ڕەوت(پرۆسە)›ی کۆمەڵایەتی بە تۆڕێک لــە ڕەوتەکان دادەنێت کە واتــا تێیدا بەدی دێــت.» گوتاریش بەواتای ســەقامگیرییەکی ڕێژەییانــەی واتــا لــە بوارێکــی تایبەتدا و بەدەوری گرێبەندی تایبەتدا پێناسە دەکات... گرێبەند ئەو نیشــانە تایبەت و تاقانەیەیە کە نیشــانەکانی دیکە واتاکانیان لــە پێوەندیی لەگەڵ ئەودا بە دەســت دێنــن» (Jørgensen and Phillips, 2002). بــۆ نموونە، لە گوتاری میدیایی حیزبەکانــی نێو ناوەندی هاوکاریدا، ‹نەتەوە/تاکــی کورد› وەک وەرگری میدیاکە بە گرێبەندەکە و نیشــانەکانی دیکەی وەک نیشــتمان، کۆمەڵــی کــوردەواری، زمانــی کــوردی و ‹چەوســانەوەی ئیســتعمارییانە (داگیرکردنی خاک، سەرکوت و قەڵاچۆکردنی ڕێکخراو، قەدەغەکردنــی خوێندن بە زمانی کوردی› دەستبەســرداگرتنی سامان/ داهات و بێبەشــکردن لە مافی ئابووری، سیاســی، کولتــووری و ئازادییەکۆمەڵایەتییەکانیــان و دادپەروەری) واتاکانیــان لە پێوەندی لەگەڵ واتای نەتــەوەی کورد/تاکی وەرگری کورددا وەردەگرن و لابردنی چەوسانەوەی نەتەوەیی، و بەدەســت هێنانی ســەروەریی سیاسی لە شــێوەیەکی شــیمانەکراودا ‹خودموختاری، فیدرالیزم یان ســەربەخۆیی› وەک وەڵامێک بە ویســتی کۆمەڵانــی نەتەوەی کــورد لە کوردســتاندا بە پێــی بەهــا دیاریکراوەکانی هــەواڵ کە لە ڕووداوە پێوەندیدارەکان بە ئەو گرێبەندە و نیشــانەکانی دیکەوە ســەرچاوە دەگرن، بە چارەسەر یان ئامانجی گرێبەندەکە دادەنێــن. کەواتە، گوتــار تەواویەتییەکە کە تێیدا هــەر نیشــانەیەکی زمانی لــە قالبی ‹ڕەهەنــد› (moment) یکدا و لە ڕێگای واتا جیاوەزەکەی لە پێوەندیی لەگەڵ نیشانەکانی دیکەوە (ڕاســت وەک تۆڕی ماســی گرتن) چەسپاوە(ibid). بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ تۆڕەکە ئەوەیە گرێی تۆڕی ماســی گرتنەکە چەسپانێکی هەمیشەییە، و گرێ یان نیشان زمانییەکان چەسپانەکەیان ڕێژەییەوە و بە پێی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت ئەوانیش بگۆڕدرێــن. خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە لە زماندا بە پێی ســنوور و ڕێگە پێدانەکانی یاســای ڕێزمانی پێکهاتەی هــەر زمانێک و ئەو بژارە تایبەتانەی لە جۆری وشــەکان یان نیشانە زمانییەکاندا دەکرێت، هەروەها بە پێی دەرهاویشــتنی واتا شــیمانەییەکانی دیکەی نیشانەکە و بەســتنەوەی بە تاکە واتایەکەوە گوتارەکــە دەچەســپێت و جێگیــر دەبێت. واتــە «گوتــار داشــکاندن و کەمکردنەوەی ئەگەر/شــیمانەکانە» (Jørgensen and Phillips, 2002). بــۆ نموونە، ئێســتا لە گوتاری میدیایی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، واتای ‹پێشمەرگە› وەک نیشانەیەکی زمانی لە بریتــی واتاکانی دیکە چەســپاوە، هەموو جۆرەکانی دیکــەی واتاکەی وەک جەنگاوەر، شــەڕڤان، گریلا، چریک، پارتیزان، سەرباز و

... دەرهاوێژراون و حیزبەکانی ناو ناوەندی هاوکاری لە سەر بەکارهێنانی ئەو نیشانەیە ساغ بوونەتەوە. ئەوانەی دیکە هەرچەند لە زمانەکەدا هەن بەڵام کەوتوونەتە ‹ژینگەی گوتار›ەکەوە. «ژینگەی گوتار ئەنبارێکە بۆ کۆ کردنەوەی›زیادە واتا› بە هۆی کرداری جومگە بەندییەوە بەرهەم هاتوون. واتە واتاکانی هەر نیشانەیەک کە لە گوتارەکانی دیکەدا هەیبووە، بە هۆی گوتارێکی تایبەتەوە بۆ بەدیهێنانی تاکە یەکەیەکی واتایی وەلانراون»(Jørgensen and Phillips, 2002) کە پێشمەرگەیە.

سەبارەت بە ڕێژەیی بوونی چەسپانی واتا دەکرێت ئەوە بگوترێت کە چونکە لە ژینگەی گوتاردا هەموو ئەو شتانەی گوتارێکی تایبەت وەلای ناون کۆ بوونەتەوە، ڕاست لەبەر ئەوەش ئەو گوتارە تایبەتە دروست بووە کە ئەو تاکە واتایەیانی هەڵبژاردووە، هەر بۆیە بەردەوام مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت کە هەر ئەوەش لاوازی بکات، واتە یەکێتیی واتاییەکەی لە دەست بدات. بۆ نموونە لەوانەیە یەکێک لە مەترسییەکانی سەر ئەو یەکێتییە گوتارییە لەباری چەکدارییەکەی واتای ‹گرێلا› بێت کە ئاماژە بە گوتارێکی سیاسیی دیکەی ناو گوتاری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد دەکات. ئەو جۆرە نیشانانەی کە هێشتا واتاکانیان جێگیر نەبووە و فرە واتان بە ‹توخم›(عنصر) دادەنرێن. هەر کات گوتارێک توانی پێش بە سەراویی و هەڵبەزدابەزی واتای توخمەکان بگرێت و لە ڕەهەندێک ‹قەتیس›ی بکات، دەبێتە ڕەهەند(بعد)یک. گوتار بەم شێوەیە ڕێگە لە تەماوی بوون و لێڵی دەبستێت. چونکە پێش بە هەڵبەزدابەزی توخمەکان دەگرێت و لە ڕەهەندێکدا دەیانبەستێتەوە. ئەمەش بە ئەم واتایەیە کە گوتارەکانی دیکەش لە ڕێگای جومگە بەندیی تایبەتی خۆیانەوە بە جێگیرکردنی واتا گوتاری هەنووکەیی بەرهەم دەهێننەوە یان بەرگژی دەکەن. هەر بۆیە، گوتار داخرانێک/بەستێکی کاتییە؛ واتا بە شێوەیکی تایبەت دەچەسپێنرێت، بەڵام نایبڕێتەوە کە ئەم واتایە بۆ هەمیشە ڕاست وەک خۆی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە، لە نێوان توخمەکانی ‹خودموختاری›، ‹سەربەخۆیی› و ‹فیدرالیزم›دا، فیدرالیزم جێگیرکراوە. بەڵام، بەپێی هەڵکەوت، بارودۆخ و هێز و شێوەیەکی دیکەی واتاسازی دەکرێت ئەوەش بگۆڕێت بە نیشانەیەکی دیکە. بە ئەم شێوەیە جومگە بەندییەکان بەشێوەیەکی پێشبینی نەکراو پێکهاتەکانی واتا پێکدێنن، هەر بۆیە بەردەوام دەرفەتێک بۆ ململانێ لەسەر شێوەی ئەو پێکهاتانە لە ئارادا هەیە. تێگەیشتن لە ناجێگیریی گوتارەکان، ناجێگیریی نیشانە و توخمەکان هەوڵدان بۆ زاڵ کردنی ڕەهەندێک، بەواتای زاڵکردن و جێگیرکردنێکی هەنووکەیی گوتارێکیشە. زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لە کاری ڕێکخراوەییدا بە پێی هەڵکەوت گونجاوترین بیردۆزی بۆ بەرەو پێشبردنی گوتاری ڕێکخراوەیی بژار بکرێت کە لە میدیاکانییەوە خۆ بنوێنێت تا ڕای گشتی لەسەر بنیاد بنرێت. هەر بۆیە بیردۆزیی گوتاریانە پێمان دەڵێت تیشکۆ بخەینە سەر زەرفییەتەکانی دەربڕینێکی تایبەت[دەستەواژە، ڕستە یان دەق] ی جومگە بەندییەکان: [بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم دەربڕینانە ] بە دانانی توخمەکان لە پێوەندییە تایبەتەکانیان لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا چ واتا گەلێک جێگیر دەکەن، چ واتا گەلێکی متبووی [دیکە لە ژینگەی گوتارەکەدا هەن] وەلا دەنێن(Jørgensen and Phillips, 2002)؟

بۆ نموونە، بڕوانە ئەم سەردێڕانەی خوارەوە:

**۵** دەستبەسەر بوونی شارۆمەندێکی کورد لە تاران (ئاسۆی ڕۆژهەڵات، ک. شۆڕشگێڕ، ۲۰۲۱ ۰۳/۱۱)[۹].

**۶** دەستبەسەرکرانی هاووڵاتییەکی کورد لەتاران (کوردستان و کورد، ح.د.ک)[۱۰].

۷ هاووڵاتێکی سوننە مەزهەب لە ئەهواز حوکمی زیندانیی بەسەردا سەپا (کوردستان میدیا، ح.د.ک.ا، ١٤ی بەفرانباری ٢٠٧٢٠)[١١]. بەوپێیە کە ‹نەتەوەی کورد› وەک گرێبەندێکی گوتاری میدیای حیزبی بە مەدلوول داندراوە، کوردستان وەک ‹نیشتمان›ی کوردان و شوێنی دانیشتوانەکەی شوناسێکی شوێنی و نەتەوەیی دانیشتوانەکەیەتی. لەبەر ئەوەی شێوەی خۆبەڕێوەبەریی و چەشنی سەروەرییە سیاسییەکەی ساخ نەبووەتەوە، پێدەچوو ‹هاونیشتمانی› بەکار هاتبایە. هەر وەک لە هێندێک هەواڵ و ڕاگەیەنراوی حیزبیدا کە ڕوو لە ئەندامانی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە بە هاونیشتمانی بانگیان دەکات. بەڵام لە پێکهاتەی هەواڵ و سەردێڕە هەواڵییەکانی میدیا حیزبییەکاندا (هەر دووک لایەنی کۆمەڵە) وشەی «شارۆمەند» لە ڕستەیەک یان لە دەستەواژەیەکدا لەگەڵ وشەکانی دیکە ( وەک شارۆمەندێکی کورد) دا بەکار دەهێنرێت کە وشەکە لەباری پێکهاتەییشەوە دارێژراوێکی زمانی نەتەوەی زاڵە و وەرگێڕدراوی وشەی›شەهروەند›ی فارسییە و نیشانەکانی گوتاری باڵادەست بەرهەم دەهێنێتەوە. لەڕاستیدا شوناسی پێدراوی دەوڵەتی داگیرکەری پێداوە و ئەو شوناسەش قەبووڵ کراوە بێ ئەوەی مافەکانی دەستەبەر کرا بێت یان ڕاستییەکەی ئەوەبێت کە وەک ‹شارۆمەند›ێکی کوردی ئێران هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرابێت. لێرەدا، دەبینین کە ئەم نیشانەیە لەگەڵ نیشانەکەی تروەک «هاووڵاتی»(هەر دووک لایەنی دیموکرات، زیاتر ‹ح.د.ک.ا› بەکاری دێنن)دا هاوتایەکن بۆ (citizen/شەهروند) کە لە ڕیزبوونەکەی لەگەڵ وشەکانی دیکەی ( وەک هاووڵاتییەکی کورد)دا واتا بە فەرمی ناسراوەکەی لە گوتاری دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانیدا دەگەیەنێت. ئەگەر ئەمە نەبێت، بەڵکو وێناکردنێکی بیرۆکەییانەی بە وڵاتدانانی کوردستان لە واتای ‹دەوڵەت/ کشور›دا بێت، هاودژی و پێچەوانەییەک لەگەڵ گوتاری ئەو حیزبانە لەگەڵ پاشگری ‹ئێران›ی بوونەکەیان پێکدێنێت کە لە گوتاری فەرمیدا خۆی پێدەناسێنن. تەمێکی زیاتر بەسەر تێگەی زاراوەکە و گوتاری میدیایی و ڕێکخراوەییشیان دەکێشن.

بە گشتی، دەبینین کە ئەم فۆرم/ ئاماژە(دال)انە لە گوتاری میدیایی و ڕێکخراوەیی ئەو حیزبانەدا بە سەراوی (شناور) ماونەتەوە و جێگیر نەبوون. ئەمەش جیاوازیی گوتاری میدیایی حیزبەکان دەردەخات کە دەکرێت هۆی ساخ نەبوونەوەیان لەسەر ئەو زاراوە بنەڕەتییانە بێت کە سیمای گوتارێکی میدیایی و سیاسی دەردەخەن. بەتایبەتی، ئەوە ئەو کاتە زیاتر جێی پرسیار دەبێت کە ڕاگەیەنراوەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە هەرجارە و لایەنێکیان بەڕێوەی دەبات و ڕاگەیەنراوەکەش دەنووسێت، زاراوە تایبەتەکەی خۆشی تێدا بەکار دێنێت، یان هێندێکجار یەک زاراوە بە دوو واتای جیاواز بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە لەئە سەردێڕانەدا بەکارهاتوون.

دەکرێت تا ساخ بوونەوەی باری خۆبەڕێوەبەریی کورد و چەسپانی مافەکانی، «هاونیشتمانی» وشەی جێگرەوەی ئەو زاراوەیە بێت کە بەرهەمهێنراوی دەوڵەت-نەتەوەی زاڵە. ئەم ناجێگیریی و سەراوییە دال/ئاماژەکانی وەک (هاونیشتمانی، هاووڵاتی و شارۆمەند) دەریدەخات گوتاری میدیایی ئەو حیزبانە تەنانەت لە ناوەندی هاوکاریی و هێندێکجار لە دەزگای ڕاگەیاندنی خۆشیاندا لە جێگیرکردنی واتای زاراوە سەرەکییەکاندا کە پێوەندییان بە شوناسی بەکارهێنەکانی میدیاکانیانەوە هەیە، و لە ئەنجامدا سەرکەوتوو نەبوون کە واتاکەی جێگیربکەن. بۆ نموونە بڕوانە سەردێڕی ژمارە(٨) لەخوارەوە لەگەڵ سەردێڕی ژمارە (٦)دا لە سەرەوە بەراوردیان بکە کە هەردووکیان سەر بەیەک گوتارن.

۸ ســێ هاونیشــتمانی حوکمی ۱۵ ســاڵ بەندکرانیان بەسەردا سەپا(کوردستان و کورد، ح.د.ک، ۲۰۲۱/۰۳/۲۴)[۱۲].

هەرچەند وا پێدەچێت، ژماری بەکارهێنانی زاراوەی ‹هاونیشــتمانی› لە گوتاری میدیایی (ح.د.ک)دا زیاتــرە، بــەڵام دەبینیــن ئەگەر بڕوانینە سەردێڕی ژمارە (۶) دەبینین وشەی ‹هاووڵاتی›شی بۆ بەکار هاتووە

لەوانەیە کەسێک بڵێت خۆ ‹هاووڵاتی›یش هەر کوردییــە، و لە کوردیــدا ‹وڵات› هەر واتای نیشتمان دەدات کاتێک لە ڕستەیەکی وەک ‹ئەوانیــش هەر خۆوڵاتییــن.› یان لە دەســتەواژەی ‹وڵاتی ئێمە›دا لــە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی ئاســایی کــورد بەکار دێت. ئەوە ڕاســتە، بــەڵام ئەوانە وشــەن و ئێمە مەبەستمان زراوە(مصطلح/تێرم)ێکی سیاسی -فەرمییە کە لە گوتاری سیاسی و میدیاییدا بــەکار دێت. هەر وەک ئەوەی لە باشــووری کوردستاندا ‹هاووڵاتی› لە بریتی «citizen»دا بــەکار دەهێنرێــت. ئەمــە ئاســاییە چونکە کــورد، لەو پارچەیەدا خاوەن شــێوەیەک لە خۆبەڕێوەبەریی سیاسییەکە بە ڕەسمی دانی پێدانراوە.

لە سەردێڕی ژمارە(۷)دا، دەبینین وشەی ‹هاووڵات›یشــی بۆ بەکار هاتــووە (لە گرێی ناویی ‹هاووڵاتێکی سوننە مەزهەب›دا) ئەگەر هەڵەیەکــی چاپی نەبێت، ڕێک مەبەســتی ئەوەیە کە ئاماژەیە بۆ وڵاتی ئێران کە ڕۆژنامە نووســەکە و کەسێکی ســوننە مەزهەب لە ئەهواز کە پێدەچێت ســەربە نەتەوەی عەرب بێت، تێیدا هاوبەشــن، هەر بۆیە و هاووڵاتن. واتە بە فەرمی ناســینی شوناســی هاووڵاتی بوونــی ئێرانییە. ئەمە لەحاڵێکدایە لە میدیای ئــەو حیزبانــەدا و بەتایبەتی لەســەروتاری ڕۆژنامەکانیانــدا زاراوەی ‹کۆلۆنیالیســت› (کوردســتان ژ.۷۹۱-ح.د.ک.ا)، یــان ‹داگیرکــەر›(دوارۆژ، ژ.۹۴) و ( ئاســۆی ڕۆژ هەڵات، ژ.۱۷۵) بەکار دێنن. لێرەدا، مەبەست

هاودژییەکانی ناو گوتارەکە مەبەســتە، نەک ئەوەی کــورد بــە فەرمی هاووڵاتــی ئێران نەبێت (هەر ڕاستەییەکەی ئەوەیە کە شێوەی ڕەفتاری ڕێژیمەکانــی ئێران وەک داگیرکەر، کوردســتانی کوردووە بە موستەعمەرەیەک لە بریتی ئەوەی بەشێک لە ئەو وڵاتە بێت).

لەگەڵ ئەوەشدا، بەکارهێنانی ئەو زاراوانە، دەکرێت بەواتــای کارلێککردنەکانی میدیا و جەماوەریش بێت و ڕاســتییەکەی ئەوە بێت کە نیشــانەیەک لە گۆڕانی گوتاری میدیایی ئەو ڕێکخراوانــە بێت، بــەڵام بەرچاو بوونی ژماری ئەم فرەواتاییانە بۆ ئاماژەکانی دیکەش و جێکەوتنیان لە ژینگەی گوتاری میدیایی و ڕێکخراوەییاندا لێکدانەوەی تر هەڵدەگرێت و دەکرێت ڕوانینێکی بابەتیخوازانەی هەریەک لــەو ڕێکخراوانــە بێت لە پێوەنــدی لەگەڵ پێداگری لەســەر چەســپاندنی دەستەواژەی تایبەت بە خۆیــدا. ئەمەش خۆی تارادەیەک ‹ڕەقیی پێکهاتەیی› و ‹ناهاوچەشنیی›یەکی لێدەکەوێتــەوە کــە نەرمیی بــەرەو گۆڕان ئەستەم دەکات.

ئەو فرە واتاییەی وشــە ســەرەکییەکانی بنیادنانــی گوتاری نەتەوەیــی و برەوپێدانی لــە ڕێــگای میدیــاوە، وا دەکات لەلایــەک لانیکــەم بۆ تاقمــە ژێر دەســتەکان گۆڕانی پێکهاتە(ســاختار)ەکان کــە بەشــێوەیەکی کۆمەڵایەتی بیچم دەگرن، ڕەق و وەستاوبن و بە سەختی بگۆڕدرێن (Jørgensen and Phillips, 2002). لەلایەکی دیکەشەوە، باڵادەست کردنی گوتــاری نەتەوەخوازانەی کورد دژوار بکەن. وەک سپیڤاک(۱۹۸۸) دەڵێت « تاقمە ســەرکوتکراوەکان ناتوانن بــۆ خۆیان دەنگ هەڵبــڕن، چونکە هیچ دەنگێــک بە تەنیایی ناتوانێــت جۆراوجۆریــی ئەزموونــەکان لــە نێوان سەرکوتکراوەکاندا دەربخات. چەوساوە بەســانایی هێند لەڕادەبەدەر ناهاوچەشنە کە [ئەســتەمە] هەر ئەندامێکی یان گرووپێک لە ئەندامەکانــی بتوانن دەردی گشــتەکە بڵێن.

بۆیە ئەو گومانی هەیە لەوەی کە بشێت دەنگە سەرکوتکراوەکان بە بێ ئەوەی ببنە چیرۆکێکی جەوهەریی و بنەڕەتی کۆبکرێنەوە و بگەن(Spivak, 1988).

ئەگەرلە بەستێنی مێژوویی و ئێستایی ئەو ڕێکخراوانەدا لە ئەم ناهاوچەشنییە بڕوانینین دەکرێت هۆکاری تری دەروونناسانەی کۆمەڵایەتیشی هەبێت کە لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییشی بەدواداهاتووە. هەربۆیە، وا لە ‹قاسملوو› بکات کە بڵێت: «هیچ شتێک لە ڕێکخستن و سازماندانی کوردن دژوارتر نییە» چونکە پێیوایە، «لە ناو کورددا هەموو کەس خۆی بە قارەمان دەزانێت»، (قاسملوو، بڕوانە: پڕوونهووبێر، ٢٠٠٩) هەر بۆیە، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی بزوتنەوەکە لە گوتارێکی یەکگرتوودا زەحمەت و تێکۆشانێکی تاقەت پڕوکێنی گەرەکە. دەکرێت ئاکامی ئەمەش لەباری گوتارییەوە ئەوە بووبێت کە ڕێککەوتن لە سەر وشە کلیلییەکانی گوتاری بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لە باری میدیاییەوە بنوێندرێتەوە و سیما بە گوتارەکە ببەخشێت زەحمەت بێت و نەتوانێت واتا زیادەکان وەلا بنێت و یەکێتیی واتایی لە چوارچێوەی ڕەهەندێکدا یەکلا بکاتەوە. تەنانەت، بە پێی توێژینەوەکە ئەمە لە دەقی ڕاگەیاندنی هاوبەشی حیزبەکان لە ناوەندی هاوکاریدا دەبیندرێت، بۆ نموونە، «شارۆمەند/هاووڵاتی/هاونیشتمانی›، ‹نەتەوەی کورد/خەڵکی کورد›، ‹کوردستانی ڕۆژهەڵات/کوردستانی ئێران/ڕۆژهەڵاتی کوردستان›. هەروەها، لە ناوەندی هاوکاریدا شتێک و لە ڕۆژنامە ئۆرگانییەکانی خۆیاندا بە فۆرمێکی تر دەردەبڕدرێن. ئەمەش لە ئەنجامدا بووەتە هۆی ئەوەی کە توخم و پێکهێنە بنچینەییەکانی گوتاری میدیایی و سیاسی حیزبەکان و جێگیرکردنی واتا یان ئەو بەرئاماژە( مەدلوول)انەی دەبنە توخمی جێگیری گوتاری نەتەوەیی لە ململانێکان بۆ باڵادەستی لە بەرانبەر گوتاری ئیستعمارییانەی داسەپاودا هەروا بە سەراو(شناوەر)ی و بە دەڵەمەیی بمێنێتەوە و جێگیر نەکرێت. لەباری کردارییشەوە لێکەوتەکەی ئەوەیە کە، هەمیشە کەلێنی ئەوتۆ هەبن کە ڕێگەی دەستوەردانەکانی گوتاری ڕزگاریی نەتەوەیی بۆ دەوڵەت، تاقم و بژاردە (نوخبە)ی داگیرکەر خۆش بکەن یان ڕێگای ڕاکردن لە چەقی گوتاری نەتەوەیی بۆ ناو گوتاری زاڵی داگیرکەر بۆ کارا سیاسییەکانی کورد وەک ڕەوایەت وەرگرتنێکی هێژێمۆنیکییانە یان دەرباز بوون لەبن بەستی گەمەی سیاسیی ناوخۆیی بۆ مسۆگەر کردنی هەستی ‹قارەمان بوونەکە» بەکاری بێنن.

## میدیا و دەسەڵات: کەیسی مستەفا سەلیمی

دەسەڵاتی میدیا لە شێوەکانی بەکار هێنانی زمان دایە. هەر ئەوە کە زۆر جار پەیامنێران یان ڕۆژنامەنووسان ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن یان ڕۆژنامەیەک بە ‹زمانحاڵ›ی حزبێک ناودەبن ئاماژەیە بە ئەو هێزە. ئەوانەی هێزی دەستڕاگەیشتن بە ئەم میدیایانەیان هەیە دەتوانن ئاستی پێوەندیی و کاریگەرییەکانیان بەرفراوانتر بکەن. «پێوەندییەکانی بەکارهێنانی زمان و دەسەڵات زۆر جار بۆ زۆربەی تاکەکان ڕوون نییە، بەڵام لە تاوتوێکردنێکی وردتردا دەردەکەوێت کە گرنگییەکی حەیاتیی هەبێت بۆ کارکردنی دەسەڵات. بۆ نموونە ئەو شێوەیەی کە ڕاوێژێکی ئاسایی نێوان پزیشکێک و نەخۆشێک، یان پەیامنێرێک و سیاسەتوانێک ڕێکدەخەن، زنجیرەگریمانەیەکی بەهێزی ئایدۆلۆژییانە سەبارەت بە مافەکان، پێوەندییەکان، زانست و بیرۆکەکانەوە بە بەڵگە نەویست و ئاسایی دادنێن. بۆ وێنە، ئەو گریمانەیە تەنیا بۆ پزیشک هەیە کە سەرچاوەی ڕەوای زانستی پزیشکی

ببێــت، یان ئەوە هــەر بۆ پەیامنێــر ڕەوایە (وەک کەســێک کە بۆ جەمــاوەر دەدوێت) لە سیاســەتوان بپێچێتەوە. ئــەم کردارانە بە گریمانەی تێگەیشــتنە باوەکانیان و بە پێی پێوەندییەکانی هێزی زاڵ لە نێوان تاقمەکاندا پێکدێت. ئاســایی بوونی لێڵــی ئەم کردارانە بۆ ئەوانــەی تێیانــەوە گلاوەن(نادیار بوونی گریمانــە ئایدۆلۆژیانەکەیان، و پێوەندییەکانی هێز کــە بنچینەی ئەو کردارانن) خزمەت بە مانەوە و پاراســتنی ئــەم پێوەندییانەی هێز دەکات»(Fairclough, 1995). بــۆ نەتەوەی کــورد لە کوردســتانی ڕۆژهــەڵات خاوەنی هیچ جۆرە سەروەرییەکی سیاسی-کولتووری نییە، هێزی میدیای حیزبی دەتوانێت هێزی گەیاندنی ڕەنــج و ئازارەکانــی نەتەوەیەکی بەرشــاڵاوی داگیرکاری بێت کە ئەندامەکانی ڕۆژانە تەنیا بۆ دابیــن کردنی بژیوی ژیانیان بە بێ سێودوو لێکردنی دەکەونە بەر ‹تەقەی بەئــارەزووی› فەرمانپێکراوانــی دەوڵەتــی نەتــەوەی زاڵ بــۆ نێــو ئەندامانــی نەتەوە خۆشبژێوەکانی دەوروبەری و جیهان. هەروەها، ڕووماڵــی بەگژداچوونــەوە و بەرهەڵســتیی ئەو تاک/کارایانەش بکات کە لە دەســەڵاتی ســەرکوتکەر بێزراون و تووشی تێکهەڵچوون و پێکــدادان لەگەڵ هێزی ڕێژیم دەبن، نەک هەر وەک ‹ئامانج/کارتێکــراو› بیانوێنێتەوە یــان وەک کارایەکــی لەیاســا دەرچــووی تۆمەتبــار کــە میدیاکانــی ڕێژیمــی ئێران بەرجەستەســازی بۆ دەکەن. هێز/دەسەڵاتی میدیا، «هێزە بۆ کارتێکردن لە زانست، باوەڕ، بەها، پێوەندییەکۆمەڵایەتییەکان و شوناســە کۆمەڵایەتییەکان. هێــزی ئاماژەدانە (هێزی نواندنی شــتەکانە لــە شــێوە تایبەتەکاندا) کە بەگشــتی نەک هەر بابەتــی چۆن بەکار هێنانــی زمانە، بەڵکو بابەتی گەیاندنی ئازاری بەرکەوتوانی توندوتیژیشــە...لە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاردا جەخت لەسەر هێزی›پشت› گوتاریــش دەکرێتەوە نەک هــەر لە هێز لە نێو گوتارەکەدا (ئەوە کە چۆن کەســەکان بە هێز›نەزمی گوتار› هەروەها بەگشــتی نەزمی کۆمەڵایەتــی پێکدێنــن، لەبەرانبــەر ئەوەدا کــە چۆن بە هێز ئــەوەی لــە کارلێککردنە تایبەتــەکان وەک وتوێژەکانــدا ڕوودەدەن، کۆنترۆڵ دەکەن) (Fairclough, 1989, p. 3).

## ئا. بەســتێنی کۆمەڵایەتی-سیاســی ڕووداوەکە و کردەگوتارییەکانی میدیا

بە پێی بەڵگەنامەیەکی پارلەمانی کوردســتان کە لە میدیا کوردستانییەکان بڵاو کراوەتەوە[١٣] ، مەســتەفا ســەلیمی زیندانیی سیاسیی و خەڵکی شاری سەقز کە بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان و کوشتنی پۆلیســێکی دەوڵەتی ئێران گیرابوو، پاش ١٧ ساڵ بەندکران لەگەڵ ٧٠ زیندانیی دیکە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٠٣/٢٧ ڕادەکەن. مستەفا لە ٢٠٢٠/٠۴/٢. دەربازی هەرێمی کوردســتانی باشوور دەبێت و پاش دوو ڕۆژ دەدرێتە دەست ئاسایشی پێنجوێن و پاشان ڕادەستی دەوڵەتی ئێران دەکرێتەوە و ڕۆژی ٢٠٢٠/۴/١١ و ئەو دەوڵەتە لە ســێدارەی دەدات». ڕاکردنی ئەو زیندانییانە و گیرانەوە و ڕادەســتکردنەوەیان دەنگدانەوەیەکی میدیایــی زۆری لێکەوتەوە. ئاژانســە میدیاییەکانی ڕێژیم خۆشیان قۆناغ بــە قۆناغ لــە ڕووماڵکردنێکی ‹لــەدوودراو› (دنبالەدار)دا هەواڵی گرتنەوەکانیان ڕادەگەیاند و دڵنیایی زاڵێتیی سیستەمی سەرکوتیان بۆ کۆنترۆڵی ڕووداوەکە بە خەڵک ڕادەگەیاند[١۴] . لوتکــەی زاڵێتیی دەزگای ســەرکوتکەری ڕێژیــم و ڕادەســتکردنەوەی ‹مســتەفا ســەلیمی› لەهەمانکاتدا لوتکــەی گێڕانەوە میدیاییەکانیشــی بوو لە ئەوترسازییەکی تر و شەیتانســازییەکی تر دانەوەی شوناسێکی ‹چەتەگەرانە›، ‹ئاژاوەگێــڕ› و ‹مرۆڤکوژ› بە ‹بەندییەکی سیاسی›، ‹بەرهەڵستکار›ێکی زۆر بۆهاتووی ‹بەرگریکارێکی خۆپارێز›ی کورد و بە پێی ڕاگەینــراوی حیزبەکانیش ‹ئەندامی

حیزبێکی کوردی›. ‹لەسێدارەدان›ەکەی و دڵنیاییدانەوە بە کۆنتڕۆڵی ڕووداوەکان لە ژێر فەرمانی بەڕێوەبەرایەتییە سەربازی، سیاسی و قەزاییەکانی ڕێژیمیشدا کۆتایی قالبسازییەکانی ڕێژیم لە ئەویترسازییەکی چەواشەکارانەی دیکە لە کورد بوو.

وەک باوە، وەرگران پشت بە میدیا دەبەستن بۆ ئەوەی ڕاستیی ڕووداوەکان بزانن، بەتایبەتی، ئەو ڕووداوانەی پێوەندییان بەکارەساتە سروشتی یان پێکدادانە چەکدارییەکان و گیانی مرۆڤەکانەوەوە هەیە. بۆ ئەم نموونە تایبەتە، لە ڕووی بەها هەواڵییەکانی ‹پێکدادان› و ‹گرنگیی مرۆیی› و ‹نزیکی جوگرافی-ئایدۆلۆژیکی› و بەتیابەتی، بۆ ئەم کەیسە، بەهای ‹ناوبانگ› بوو کە بۆ میدیاش جێگای بایەخ پێدانێکی تایبەت بوو. لەسەر ئەم پشت بەستن و متمانەیە، ئەرکی میدیایە کە بەشێوەیەکی شیاو ڕووداوەکان ڕوومال بکات.

سەرڕای ئەو بانگەشەیە کە میدیا ‹نواندنەوە›یەکی تۆخی ‹واقعێکی بابەتیانە›ن، کردە میدیایی و ڕۆژنامەنووسییەکان بە قووڵی سیاسین، و ڕێگە بۆ بنیادنان، ڕەواییدان، و سروشتاندنی پێکهاتە بەهێزە سیاسییەکان، پێوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان هەموار دەکەن»(Phelan, 2014)[١٥]. گریمانە دەکرێت کە لەڕاگەیاندنی کوردیدا هێندێکجارلە بریتیی ئەرکی ڕۆنامەنووسی (گەیاندنی بابەتییانەی زانیاری لەسەر ڕووداوەکان)، هەڵوێستی سیاسی حیزب بەرانبەر بە ڕووداوەکان بڵاو بکرێتەوە، یان ڕاگەیەنەکە خۆی ئەو هەڵوێستە دەنوێنێت. لێرەدایە کە سنووری گوتاری سیاسی و گوتاری ڕۆژنامە نووسی وا تێکەڵ دەبێت کە لێکجیاکردنەوەیان هێندێکجار ئەستەم دەبێت. بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی سنووری نێوان کردەگوتارییە جیاوازەکان یان سنووری نێوان ڕیزبەنییەکانی گوتار واباشە کە دوو پەل(category)ی سەرەکیی جۆری گوتار کە پێکهێنی ڕیزبەندییەکانی گوتاریشن، واتە ژانرەکان و گوتارەکان لێک جیابکەینەوە. «گوتار» لێرەدا زمانی بەکار هاتووە لە نواندنەوەی کردەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا لە سیلە چاوێکی تایبەتەوە. ژانرە، بە پێچەوانەوە، بەکار هێنانی زمان لە پێوەندیی لەگەڵ و لە پێکهێنانی هێندێک کردەی تایبەتی کۆمەڵایەتیدایە. وەک گوتوبێژ لەگەڵ خەڵک (ژانرەی گوتوبێژ) یان ڕیکلامی بازرگانی (ژانرەی ڕیکلام). ژانرەکان بە پێی سیما داڕێژەرییەکانیان وەسف دەکرێن(Fairclough,1995).

کۆمەڵە پێوەرێک هەن کە سروشتی واقع خوازانەی ڕاگەیاندن،وهۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ڕاگرتنی پێوەندییەکانی وەرگر و میدیا، ڕەچاوکردنی مافی خوێنەران بۆ دەستڕاگەیشتنیان بەزانیاریی دروست، بابەتی بوون و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی میدیا ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەنەر ناچار دەکەن لە چوارچێوەی ڕیزبەندییەکانی گوتاری بوارێکی وەک ڕاگەیاندندا ستانداردێک لە گەیاندنی پەیامەکانیان بە وەرگرانیان لەباری فۆرم و ناوەرۆکەوە ڕەچاو بکەن کە پێکهاتەی ژانرە هەواڵییەکانی لەسەر دادەمەزرێت و بەگشتی، ئەدەبیاتی ڕاگەیاندن و ژانرەکانی بە ئەم تایبەتمەندییانە دەناسرێنەوە و ئەمانە بەگشتی بنیادی گوتاری هەواڵ پێکدێنێن:

وەڵام دانەوە بە پێنج پرسیارەکە (کێ، چی، لە کوێ و کەی) و (چۆن) و (لەبەرچی)، ڕەچاو کردنی وەڵامی ئەم پرسیارانە پێکهاتەیەک بۆ هەواڵەکە دروست دەکات کە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک بابەتییانە بگێڕدرێتەوە.

### ب. دەقی (١)

«زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد لەدار درا دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی "مستەفا سەلیمی"، زیندانیی سیاسیی کوردی لەدار

دا.

مستەفا سەلیمی بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە، ٢٣ی خاکەلێوە دوای ١٧ ساڵ مانەوە و بەندکران لە زیندان ئێعدام کرا. ناوبراو بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم و تێکهەڵچوونی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم سزای ئێعدامی بەسەردا سەپابوو.

مستەفا سەلیمی ڕۆژی ٨ی خاکەلێوە دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا و پاش ئەوەی داوای چوونە مەرەخەسیی‌یان لە لایەن بەرپرسانی زیندانی سەقزەوە بێ‌وەڵام مایەوە، وێڕای دەیان بەندکراوی دیکە لە دەرفەتێکدا لە زیندان ڕایان کرد.

دوای ئەم ڕووداوە بەشێک لەم بەندکراوانە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە گیرانەوە، یان ڕادەستی ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕێژیم کرانەوە کە مستەفا سەلیمی یەک لەوان بوو.

مستەفا سەلیمی خەڵکی گوندی ئیلۆی سەقز بوو. ناوبراو وەک دژبەری ڕێژیم ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی بەدوای تێکهەڵچوونێک لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی گیرا.

ناوبراو دواتر بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی و تێکهەڵچوونی نیزامی لەگەڵ حکوومەت کە تێیدا چەند کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژرابوون، دادگایی و سزای ئێعدامی بەسەردا سەپا.

مستەفا سەلیمی دوای ڕاکردنیان لە زیندان و گیرانەوەی بردرایەوە زیندانی ناوەندیی سەقز و بەرەبەیانی ئەمرۆ شەممە، ٢٣ی خاکەلێوە لەدار درا.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکومکردنی ئێعدامی مستەفا سەلیمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری دەکا»[١۶].

## ت. شیکردنەوەی دەقی هەواڵەکە وەک ڕووداوێکی پێوەندییانە لە گوتاردا(دەق)

بەر لە لێکدانەوەی دەقەکە پێویستە ستراتیژییەکانی دارشتنی دەق و ئامرازە زمانییەکانی شیکردنەوەی لە نواندنی ئەزموون و بیرۆکەکانی دارێژەرانی دەقەکە بەرانبەر بە جیهانی واقع و باتێکی دیاریکراو، لێرەدا، کەیسی مستەفا سەلیمی ڕوون بکەینەوە. هەر ڕووداوێکی گەیاندن بۆ دەرخستنی ئاستی بابەتی بوونی ڕووماڵکردنەکانی میدیا لە بەکار هێنانی زماندا (هەر چەشنە دەقێک)، تێگەیشتن لەوەی کە دەقەکە چۆن ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی زانین و باوەڕەکان دەنوێنێتەوە یان دەوری لە پێکهێنانی ئەم لایەنانەی کۆمەڵ و کولتوردا هەیە کرۆکی شیکردنەوەکە پێکدێنێت. شیکردنەوەی هەر جۆرێکی تایبەتی گوتار، لێرەدا گوتاری میدیا، بە یەکانگیرییەکی دووانەی ڕووداوی پێوەندییانە/گەیاندن (com-munication events) و ڕیزبەندیی گوتار (the order of discourse)ەوە بەندە.

واتا ئایدۆلۆژییەکانی دەق هەر لە دەستەواژە بەئاشکرا دەربڕاوەکاندا نییە، بەڵکوو واتا لە پێشدا گریمانەکراو و هاوپێچکراوە شاراوەکانیش دەگرێتەوە. جگە لەوانەش تەنانەت نەگوتراوەکانیش بەشێکن لەواتای پەیامەکە لەبەرانبەر ئەو بەشە لەدەقدا کە خراوەتەڕوو. بە بۆچوونی فێرکلاف، لە هەر نواندنەوەیەکدا ناچاری بریار بدەی چی بهێنیتە نێو دەربڕینەکە و چی دەرهاوێژی، چی پێش بخەی و چی پاش بخەی. هەر لەم پێوەندییەدا، چوار پلە لە خستنەڕوو و شاردنەوەی زانیارییەکان لە دەقدا جیادەکاتەوە. زانیارییە پێشخراوەکان (foregrounded in-formation) ئاماژە بەو بیرۆکانە دەکات کە خراونەتە ڕوو و جەخت لەسەرکراون. زانیارییە پاشخراوەکان (backgrounded information)

ئاماژە بە ئەو بیرۆکانە دەکات کە بە ئاشکرا دەربڕاون، بەڵام جەخت لەسەر نەکراون. زانیارییە گریمانە کراوەکان (presupposed information) ئەو زانیارییانەن کە لە ئاستی واتای هاوپێچ یان پێشنیارکراودا دەخرێنە ڕوو. سەرەنجام، پێویستە زانیاریی نەبوو (absent information) لەبەرچاو بگیرێت، ئەو بیرۆکە و ڕوانگانەی پێوەندییان بە بابتێکەوە هەبێت، بەڵام نە بەئاشکراو نە بە هاوپێچ لە دەقێکدا دەرنەبڕابن (فێکلاف،١٩٩٥).

## نواندنەوە: (تێپەڕاندن و ناواندن)

دەربڕینی ڕووداوەکان لە پێکهاتەی ڕێزمانیی ڕستەی تێپەڕی دیاردا(متعدی معلوم) دا یان تێنەپەڕی دیار (لازم معلوم) یان بکەرنادیار(مجهول)دا بەشێوەیەکی زۆر ئایدۆلۆژییانە واتا و پەیامی دەربڕینەکە دەگۆڕێت. هەروەها، تەنانەت ئەگەر ڕستەکە تێپەڕیش نەکرێت، بە بەرجەستە کردن و پێشخستن(foregrounding) یان پاشخستن (backgrounding) مەبەستە ئایدۆلۆژییەکان جێبەجێ دەکرێن. بۆ ئەوەی بزانرێت کە گوتاری میدیا چۆن ئەزموون و شارەزاییەکانی میدیاکار و ئەو ڕێکخراو یان دامەزراوەیەی لە پشتیێتی دەنوێنێتەوە، و گوتارشیکرانی ڕەخنەیی، بەتایبەتی، فێرکلاف دوو ئامرازی شیکردنەوەی زمانناسیی ئەرکی بەکار دێنن کە لە ڕوونکردنەوەی پێوەندییەکانی گوتار و دەسەڵاتدا گرنگن، واتە ‹تێپەڕاندن› و ‹ناواندن›. هەر بۆیە، بۆ تێگەیشتن لە دەقی میدیا و شیکردنەوەکان ڕوونکردنەوەی ئەم زاراوانە پێویستە.

### ١ تێپەڕاندن

تێپەڕاندن پێوەندیی نێوان بەشداربووەکان و ئەو ڕۆڵەی لە کردەکاندا دەیگێڕن ڕوون دەکاتەوە. چەقی پلانی تێپەڕاندن لە ڕێزمانی ئەرکیدا لەسەر کارلێککردنی دوو پێرەوی هاوکات دادەمەزراوە: پێرەوی ‹جۆری کردە (process type)› و پێرەوی ‹کارایەتی(agency)›. یەکەمیان پێوەندیی بە واتاناسیی کردەی ڕستیلەوە هەیە، و دووەمیان پێوەندیی بە ‹هۆیەتی›(علیت)ەوە هەیە، واتە ئاخۆ کردەکە کارایەک لەدەرەوە بووەتە هۆی ڕوودانی یان نا. پێرەوی تێپەڕاندن کۆمەڵە بژارێک بۆ وەسفکردنی ‹چی خەریکە لە جیهانی واقعدا ڕوودەدات› دەستە بەردەکات. ئەم بژارە وەک ‹کردەی ماددی›(material process) ئاماژەی پێدەکرێت کە ئەوەی ڕوودەدات لەوانەیە وەک کردە تێپەڕ یان ڕووداو وەسف بکرێت(Goodman, 1996, p.56). بە ئەم شێوەیە، مرۆڤ ئەزموون و بیرۆکەکانی لەبارەی جیهانی دەوروبەری خۆی لە بنیادنانی کردەکان، ئەو کارایانەی تێویان گلاون و ئەو بارەی تێیاندا ڕوویانداوە لە تێپەڕاندندا دەخاتە ڕوو. ئاشکرایە کە ئەم ڕەهەندەی واتا بۆ شیکردنەوەی نایەکسانیی و دەسەڵات لە گوتاردا سەرەکییە. ڕێگەمان پێیدادات لە خۆمان بپرسین، کێ کردەکە دەکات، [بەشداربووەکانی] لە چ جۆر کردەگەلێکەوە گلاون؟ کردەکان لەسەر کێ یان چی کراون؟(Martin, 2000) .

لەکاتی شیکردنەوەی تێپەڕاندندا، تیشکۆی سەرنج دەخرێتە سەر چۆنێتیی پێیوەندیداری (یان ناپێوەندیداری) لە نێوان ڕووداوەکان و کردەکان لەگەڵ کەس/بکەرەکان و شتەکاندا. لێرەدا لێکەوتە ئایدۆلۆژییەکانی تێپەڕاندن گرنگن. بۆ نموونە بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

- کردە

**١** کرێکارێک(کارتێکراو) لە کاتی کاردا گیانی لە دستدا(کردەی ماددی ڕووداو).

- تێپەڕ

**٢** هێزە چەکدارەکانی ڕژێم (کارا) هاونیشتمانییەکی بێ تاوانی شاری ئیلامی(ئامانج/کارتێکراو)یان کوشت (کردەی

ماددی تێپەڕ).

■ ڕووداو

۳ دوو هاووڵاتی خەڵکی سەولاوا(کارتێکراو/ئامانج) سزای بەندکرانیان بەسەردا سەپا(کردەی مادیی ڕووداو) (سایتی کوردستان و کورد، ۲۰۲۱/۰۳/۱۶)[۱۷].

■ کردەی پەیوەندی/دانەپاڵ

۴ خوێندکارێکی خەڵکی شاری مهاباد چارەنووسی نادیارە[۱۸]. شتێک یان تایبەتمەندییەک(نادیاریی چارەنووس) دراوەتە پاڵ کەسێک (خوێندکارەکە). ئەم کردەیە لەبەرانبەر کردەی مادیدایە و تەنیا یەک بەشداربووی هەیە کە لە فۆرمی ‹بکەر›ی ڕێزمانیی ڕستەکەداس دەردەکەوێت.

بیرۆکەی پشت شیکردنەوەی تێپەڕاندن، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە چ هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایدۆلۆژی و سیاسی چ جۆر کردەیەک(کار) هەڵبژێردرێت لە جۆری گوتارێکی تایبەتدا. پێوەندیی نێوان کارا و ئامانج دەکرێت گرنگ بێت ئەگەر کاراکە بخرێتە پشتەوە، بشاردرێتەوە یان بەتەواوی لا بدرێت(Mayr, 2008).

لە گۆڕینی دیارەوە بۆ نادیار ئەم گۆڕانانە لە پێکهاتەی ڕستەکاندا ڕوو دەدات:

۱ فۆرمی ڕستەکە گۆڕانی بەسەردادێت.

۲ جەختکردنەوەکە دەگۆڕێت؛ ڕووی نادیار/پاسیف دەیهەوێت تیشکۆی سەرنجی خوێنەر لە لە ‹کارا›وە بۆ ‹ئامانج/کارتێکراو› بگۆڕێت(Young & Fitz. ۲۰۱۸).

۳ هەر بۆیە، باس(theme)ی ڕستەکە (کە هەواڵی ڕستەکە لەبارەی ئەووەوەیە) لە فۆرمی کاراوە بۆ کارتێکراو/ئامانج دەگۆڕدرێت.

۴ کاراکە لادەدرێت(Hodge & kress,1993).

کردەکە وەک دیاردەیەکی سروشتی دەنوێندرێت؛ لە فۆرمی تێپەڕاندنەوە بۆ ڕووداو ( لە فۆرمی تێنەپەڕ دا) دەگۆڕێت: شتێک ڕوودەدات بە بێ بەرپرسیارێتیی کارایەک.

## ۲ ناواندن (Nominalization)

سیمایەکی زمانیی دیکە کە کارایەتی کەم دەکاتەوە و جەخت دەکاتە سەر کارتێکراو یان ئامانج ناواندنە کە لەڕێگەیەوە ناوێک شوێنی کردەیەک دەگرێتەوە.

گیانلەدەستدانی کۆڵبەرێک لە بەرزاییەکانی نەوسوودی پارێزگای کرماشان (دواڕۆژ، ژ. ۹۳).

ناواندن ڕێگە بە لادانی زانیارییەکان وەک بەشداربووانی کردەکە، کات یان ڕێژەی دەروەستیی قسەکەر بە گوتنەکەیەوە دەدات. ناواندن سەرچاوەیەکە بۆ گشتاندن، بۆ دابڕین و ڕووتاندن(abstracting)ی ڕووداوە تایبەتەکان و یان زنجیرە ڕووداوێک(Fairclough 2003 ). بە بۆچوونی کریس(۱۹۸۳)، ناواندن دەکرێت بۆ مەبەستی ئایدۆلۆژییانە بەکار بێت. بۆ بە لاڕێدابردنی خوێنەر، کردەسەرکییەکان زۆرجار لە فۆرمی ناویدا دەردەبڕدرێن، لە ئەنجامی لادانی کاراکە و بەجێهێشتنی خوێنەر لە گوماندا. بە دەربڕینی ڕووداوێک لە شێوەی ناویدا، ڕووداوەکە بەیەکجاری لە کات بەدەر دەکرێت، و هەربۆیە، بە سانایی لەگەڵ کۆمەڵەی پۆلە بێکاتاکاندا یەکسان دەبێت. ڕووداوەکە لە جیهانی [شتە] تایبەت و ڕاستەقینە دەردەچێت، و لە جیهانی گشتی و دابڕاودا جێ دەگرێت(Kress 1993).

لە پاسیف کردندا(بە لادانی کاراکە)، کردەکە دەبێتە سیفەتێکی پاڵدراو بە بەشداربووە کارتێکراوەکە:

۱ داگیرکەران کەرکووکیان داگیرکرد کرد(دیار).

۲ کەرکووک داگیرکرا(نادیار/پاسیف)

نواندنی کاراکان لە شێوەی چالاک و دیارەکەیدا لە فۆرمی بکەری ڕێزمانی، مەنتیقی یان دەروونیدا و و دەورێکی واتایی کارتێکراو دەدرێت بە پاسیف و داماوەکان (Halliday, 1994). کاراکان لەوانەیە بە هیچ شێوەیەک نەنوێندرێن و بەگشتی لە گوتاردا

دەرهاوێژرێن. ئەمە لەوانەیە لەرێگای ناواندن و جۆرەکانی تری میتافۆری رێزمانییەوە بکرێت. بێبەشکردنی کاراکان لەوانەیە بەشێویەکی بەردەوام بێت، ئەمە کردارێکی کۆمەڵایەتییە کە لەگوتارەکەدا ئاماژەیان پێناکرێت و لەوانەیە سەرکوت یان بەستێنسازییەکی کاتی بێت.

## لێکدانەوەی دەقی هەواڵەکە

با لەسەردێڕی هەواڵەکەوە دەست پێبکەین:
«زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد لەدار درا»
ئەو سەردێڕە بۆ کەسێکی وەک «مستەفا سەلیمی» بە ئەو ‹ناوبانگ›ەی پێشتر ئاماژەم پێیدا، وەک زیندانییەکی سیاسی هەیەتی و لە زێدی خۆیدا ١٧ ساڵ لە بەندیخانەی داگیرکەردا بووە، بەتایبەتی، پاش راکردن و بەدەستەوەدانەکەی میدیا زیاتریش بەرجەستەی کرد، واتای دەرهاویشتنێکی ناسنامەیی کەسایەتییەکەیە. لەهەمانکاتدا لەبەرانبەر سەردێڕی «مستەفا سەلیمی زیندانیی سیاسیی کورد چووە پازدەهەمین ساڵی بەندکرانی»[١٩] دایە کە لە رێکەوتی (٢٠١٧/٠٤/١١)دا هەر ئەو میدیایە (کوردستان و کورد) لە پێوەندییەکی نێواندەقیدا بڵاوی کردووەتەوە. لە سەردێڕی تایبەت بە ساڵی ٢٠١٧دا سەردێرەکە بەناوی ناسنامەی کەسەکە ئاماژەدەکات و هەر بەوەش دەست پێدەکات، واتە پێشخستنێکی ئەرێنی هەیە کە ئاماژە هاوپێچەکەی ‹وەک ئەندامێکی حیزبی لە زینداندا و مانگرتنەکانی بۆ بردنە ژێر پرسیاری سیستەمی نادادپەروەر دەوری کارایەکی خۆراگر دەگێرێت› کە پریستیژی حیزب بەهێز دەکات. کەچی کەسایەتی دووەم، «زیندانییەکی سیاسیی دیکە»(نەناسراو) پێدەچێت حیزبەکەی تووشی دۆخێکی نەخوازراو کردبێت هەر بۆیە، ئەمەش کاری کردووەتە سەر شێوەی دەربڕینی رستەکە لە رووی پاسیڤ یان نادیاردا. بەلادانی کارای پشت لەسیدارەدانەکە (رێژیمی ئێران) وپێکهاتەی رستەکەی رووی نادیار(مەجهول)ی وەرگرتووە. هەر رستەیەکی ئاواش لە رێزمانی واتابنیادی و ئەرکیی ‹هاڵیدەی›داماڵەی رووی تێنەپەری لەگەڵ دەکرێت، واتە یەک هاوبەشی ناوی وەردەگرێت(کە ئەویش ‹زیندانییەکی سیاسیی دیکە›یە) و بە لوتکەکردن (مبتداسازی/topi-calization) وبە بابەت کردنی «زیندانییەکی سیاسیی دیکە»ی لێ پێکدێت کە تێگەیشتنی باو و ئاسایی بۆ وەرگر ئەوەیە لەسێدارەدان لە کۆماری ئیسلامیدا ئاساییە روو بدات، چونکە هۆکار یان سەبەبەکەی باس ناکات. راستییەکەشی ئەوەیە لەو هەرێمە دەکرێت شتی چاوەروانکراوتریش روو بدات و رووشی داوە. بەڵام دیسانیش بژاردەی زمانی و گوتاری گونجاوتر بۆ دارشتنەوەیەکی هەواڵەکە هەر هەبووە، کە پێوەندیی بە پێشێلکاری مافی هاونیشتمانییەک و مرۆڤێکی پەناهێناو بۆ پاراستنی ژیانەوە هەیە. لێکەوتەی واتایی و مەنتیقیی گرێ ناوییەکە «زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد» ئەوەیە کە ئەوە هەر ئەو بە تەنیا نییە و لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد بەردەوامە. بەتایبەتیی، وشەی «دیکە» لێرەدا بۆ ئاسای کردنی واتای لەسێدارەدانەکە و وەک بابەتێکی عادەتی لێدێت بۆ ئەوەی ئاستی فشار و هەرای لۆمەکەرانی حیزبەکان کەم بکاتەوە.

تاکەکان بە هۆی شێوە تایبەتەکانی گوتارەوە بانگ دەکرێن یان لە پێگەی دیاریکراودا دادەنرێن...کەس/سوژە سەربەخۆ نییە، بەڵکو گوتار دیاری دەکات. سوژە بە یەک شێوە و تەنیا یەک گوتار لە پێگەیەکی تایبەتدا دانانرێت، بەڵکوو گوتارە جۆراوجۆرەکان پێگەی جیاواز دەدەنە پاڵ کەسەکان(Jørgensen and Phillips, 2002). هەر بۆیە ئەگەر لەم هەواڵەدا، لە جیاتی جەختکردنەوەکانی

لەسەر ‹دژبەری کۆماری ئیسلامی کە لە تێکهەڵچوونی چەکداریدا گیراوە› وەک ‹هاونیشتمانییەکی وەزاڵەهاتووی دەستی زۆری داگیرکەر›، ‹بەرگریکاری خۆپارێز› و ‹نیشتمانپەروەر›، ‹باوک›ی چەند منداڵەو و بەندییەکی ئازار دیتووی ‹پەناهێناو› بانگ کرابایە، کەسایەتییەکە شوناسێکی تایبەتیی و تری وەردەگرت و گوتارەکە زۆر دەگۆڕدرا.

ئەم هەواڵە لە پێکهاتەکەیدا دوو بەشدار بووی هەیە کە بە ئاشکرا دەرکەوتبێتن، بەشداربووی سێیەم میدیای حیزبەکەیە وەک گێڕەرەوە و مەحکومکەری تاوانی لە سێدارەدانەکەش لەدەرەوە پێوەندیی تێوەگلاوەکان لەم پێکدادانەدا واتە، ‹ڕژێم› لەلایەک و ‹مەستەفا سەلیمی› لەلایەکی دیکە دەنوێنێت کە لەسەرەتای دەقی هەواڵەکەیدا لە ڕستەیەکی دیاردا دەریدەبڕێت کە دەبوو سەردێڕی هەواڵەکەی بایە:

■ دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی(کارا) ”مستەفا سەلیمی“(کارتێکراو)، زیندانیی سیاسیی کوردی لەدار دا(کردە).

پێکهاتەی زمانیی گشت دەقەکە لە پێوەندییە نێوان دەقییەکانی (بەشێوەیەکی زەینیی وناڕاستەوخۆ) لەگەڵ چیرۆکسازییەکانی میدیاکانی ڕێژیم و میدیاکانی بەرەی سەربەڕێژیم و بەرپرسی ڕادەستکردنەوەکەی، بۆ ‹زاڵێتی›ی دەزگاکانی ڕێژیم یەکەنگیرە. بەتایبەتی، مستەفا سەلیمی وەک ‹لیدەری سەرەکی›./›پلاندانەری سەرەکی›ی ڕاکردنی زیندانییەکان ناسێندراوە، بەواتای وەدیهاتنی ئەو بانگەشانەیە کە بەرپرسانی هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم لە دۆخێکی قەیراناوی ڕێژیمەکایاندا بڵاویان دەکردەوە.

هۆی لە سێدارەدانەکەی ئەو تۆمەتانەیە بۆی ڕیزکراوە و بنیادنراوی گوتاری میدیایی ڕێژیمن، لە ڕێی دووبارەکردنەوەیەکی وشە هاوواتا یان پێوەندیارەکان بە یەک بواری واتاییەوە (چالاکیی ئەمنەیتی- چەکداری- نیزمی، دژبەری ڕێژیم، ئەندامی حیزبێکی کوردی) جەختکراوەتەوە کە مستەفا سەلیمی هەڕەشەیەکی جیدی بووە بۆ کۆماری ئیسلامی، تا سزای ئێعدامەکە بە براوە دابنێت. ئەمەش لە ئەم دەستە واژانەدا دەرکەوتووە: «چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی»، ‹دژبەری ڕێژیم› لە ‹ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم›، «تێکهەڵچوونی چەکداری› لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم›، ‹تێکهەڵچوونی نیزامی لەگەڵ حکوومەت›. بەتایبەتی سیستەمی دەسەڵاتی داگیرکەر لە سەرەتاوە بە ناوی ‹ڕژێم و کۆماری ئیسلامی و لەدوا دێڕەکانی ‹حکومەت›ە کە وەک حاکمیەتێکی یاسایی کە مستەفا لەگەڵ هێزەکانی تێکهەڵچوونی ‹نیزامی› هەبووە و کە چەندکەس لە هێزەکانی کوژراون، تاوانی لەسێدارەدانەکەی حەتمی وئاسایی دەکاتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە دەقی هەواڵەکەی ساڵی (٢٠١٧)دا هیچ ئاماژەیەک بە تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانی و جەختکردنەوەی لە دەربڕینی وشە هاوواتاکانیدا نییە، بەڵکوو ئاماژەی بە ئەوە تێدایە کە چەند جار لەبەر ‹ناعادلانە بوونی حوکمەکەی» ناڕەزایەتی دەربڕیوە و مانی لەخواردن گرتووە.

پێشتر ئاماژە بە ئەوە کرا کە هەر ڕووداو یان کردەیەکی فیزیکی یان کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی زمان وەک واقعێک ناکرێت حاشا لە بوونی بکرێت، بەڵام واتا بەخشین پێی و بوونی بە گوتار ئەوکاتەیە کە دێتە بەرباس و واتاسازییەکی تایبەتی بۆ دەکرێت. لەوانەیە، ئەوش بگوترێ کە هیچ یەک لەو مەبەستانە لە پشت دەقەکە نییە و هەموو ئەو ڕەوانبێژیی و تەکنیکانەی بەکار هێنانی زمان بۆ کەسێکی زگماک کوردی ئاساییە و نائاگایەنە نووسراوە. هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە سێحری ئایدۆلۆژی و دەسەڵات لە ئەو سروشتی بوونەی و پەسندکرانی وەک بابەتی

بەڵگەنەویست و تێگەیشتنی باو لە زماندایە. هەر وەک فێرکلاف ئاماژەی پێدەکات» «لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتنێکی ئایدۆلۆژی- گوتاریی زاڵ، توانایییەکەیەتی لە سروشتاندنی ئایدۆلۆژییانە، واتە دەتوانێت بۆ ئایدۆلۆژییەکان وەک ‹تێگەیشتنباو›ی نا ئایدۆلۆژیانە پەسندبکرێت»(Fairclough, 2010). ئامانجی توێژەریش پەردەلادان لەسەر ئەو سروشتی بوونە و عەقڵی باوەیە کە پێوەندییەکانی هێز نەتوانێت شتە ناسروشتیی و نائاساییەکان سروشتی و ئاسایی بکات.

جەختکردنەوەکانی لەسەر تێکهەڵچوونە چەکداری، نیزامی و ئەمنیەتییەکان بەشێوەیەکی هاوپێچ ئەنجامەکەی پیشان دەدات واتە، بە هۆی ئەوە حوکمی لەسێدارەدانەکە هەر بووە و هەر دەبوو ببێت. لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم ڕستەیە نادادپەروەرییە لە حەقی کوژراوەکە وەک هاوونیشتامانییەکی ڕاساو لە دژی زۆری داگیرکەر. ئەوەی جێگای سەرنجە لە هەموو دەقی هەواڵەکەدا «ڕادەستکەرانی ڕووداوەکە» نەدیوکراون، نەک هەر لە سەردێرەکەیدا بەڵکوو لەدەقەکەشدا. هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەوڵە لەلایەن میدیای (ح.د.ک)ەوە، میدیای حیزبە هاوپەیمانەکانی لە ناوەندی هاوکاریدا ڕاگەیەنراوی حیزبەکانیان بڵاو کردەوە، دانیان بە ئەندامەتی و پێوەندیی ڕێکخراوەیی مستەفا سەلیمی بە حیزبێکی کوردییەوە دانا یان حاشایان لەوە نەکرد، بەڵام پێوەندیی ئەویان بە ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە ڕەتکردەوە و دیسان دەرهاویشتنێکی دیکەی گوتاری دەرکەوتەوە.

لە ڕاگەیەنراوی (حدکا)دا هاتووە:

«ئەوەی کە ناوبراو چۆن دەستگیر کراوەتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ناوبراو هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی بە حیزبی ئێمەوە نەبووە، بۆمان ڕوون نییە، بەڵام ئێستا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕوونبونەوەی چۆنیەتی ئەو مەسەلەیە لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە، بە هەنگاوێکی بەجێی دەزانین و هیواداریـن ئاکامی لێکۆلینەوەی ئەو لێژنەیە دەرخەری ڕاستیی ڕووداوەکە بێ.»[٢٠]

لەم دەقەشدا بەهەمان شێوە بە نەناسراوکردنی، لە سەرەتای پاراگرافی یەکەمی ڕاگەیەنراوەکەیدا( یەکێک لە بەندکراوانی هەڵاتوو) و خستنە پێش ناوەکەی وەک ئەوە وەرگێڕدراوی دەقە فارسییەکانی (یکی از زندانیان فراری)بێت کە میدیا فارسییەکان بۆ زیندانییە ڕزگاربووەکان بڵاویان کردووەتەوە. بەتایبەتی، کە لە دەقەکەدا هاتووە ‹ ناوبراو هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی بە حیزبی ئێمەوە نەبووە› دەرهاویشتنەکە زەقتر دەکات. بە خۆ بە بێخەبەردانانی و بەرچاوتاریکی لە ڕوواداوەکە بەرپرسیارێتیی داکۆکی لەمافی هاونیشتمانییەکە لەسەرشانی لادەبات.

هەروەک لە ڕاگەیەنراوی(ک. ش. ز. ک.ا) وێڕای ئەوەی بەناوی خۆی و پێشناوی ‹کاک›ی وەک ڕێز بۆ مستەفا سەلیمی بەکارهێناوە، لە دەقێکی هاوشێوەی (ح.د.ک.ا)دا بەرچاو تاریکی خۆی بۆ ڕووداوەکە نیشانداوە، شاردنەوەیەکی زۆری زانیارییەکانی سەبارەت بە ڕادەستکەران و چۆنێتیی ڕادەستکردنەوەکی تێدایە کە ئەمانە هەمووی بەشێکە لە دەرهاویشتن و لابردنی بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە مافی هاونیشتمانییەکی پەناهێناو کە ڕادەستی دوژمن کراوەتەوە:

«دوابەدوای لەسێدارەدانی کاک مستەفا سەلیمی کە ماوەیەک پێش ئێستا ودوای شۆڕشی بەنداکراوانی زیندانی سەقز ڕای کردبوو، ڕا و بۆچوونی جیاواز کەوتۆتە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندنە فەرمی و نافەرمییەکان، و هەر کەس و لایەنێک لە ڕوانگەی خۆیەوە تەعبیر لەو ڕووداوە دەکات»[٢١].

(ک.ز) لــە ڕاگەیەنراوێکدا بە ناونیشـــانی «ڕاگەیاندنی کۆمەڵە سەبارەت بە لەسێدارەدانی مستەفا ســـەلیمی» بە شێوەیەکی تارادەیەک جیاوازتــر ئاماژە بەلایەنی ڕادەســـتکەوەرەی مستەفا ســـەلیمی دەکات و وەک نەریتێکی نەشـــیاو بــۆ پێوەندیی و هاوپشـــتی خەڵکی ڕۆژهەڵات و باشـــووری دادەنێـــت»، بەڵام لە کۆتاییدا، کە دەڵێت: ‹سەرەڕای ئەوە کە ئەو کەســـە چ تاوانێکی هەبوو بێت» کە لەوانەیە پاساوی ڕادەستکەرانی ئەوە بووە، یان بیانووی ڕێژیم بۆ لەســـێدارەکانی بـــە تاوانبار زانینی بێت، مافــی بەرهەڵســـتکاریی خۆپارێزانەی ئەندامانـــی وەزاڵە هاتـــووی نەتەوەی کوردی لەدژی زۆرداری ڕەچاو نەکردووە:

«ســـەرلەبەیانی ئەمـــڕۆ شـــەممە ٢٣ی خاکەلێوە، مستەفا سەلیمی کە بۆ ماوەی ١٧ ساڵ بوو بەند کرابوو، لە لایەن کۆماری پەت و سێدارەوە لە زیندانی سەقز ئیعدام کرا.

مستەفا سەلیمی دوای ئەوەی ماوەی دوو هەفتە لەوەپێش لەگەڵ کۆمەڵێک بەندکراوی دیکە لە زیندانی ســـەقز ڕادەکەن، پەنا دێنێ بۆ باشـــووری کوردستان، بەڵام بەپێی لێدوانی فاتمـــە کەریمـــی، بەڕێوەبەری تـــۆڕی مافی مرۆڤی کوردســـتان، مســـتەفا سەلیمی پاش هاتنی بۆ خاکی باشـــووری کوردستان لەلایەن هێـــزە ئەمنییەکانـــی هەرێمی کوردســـتان لەســـنوری پێنجوێـــن ڕادەســـتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێتەوە.

سەرەڕای ئەوە کە ئەو کەسە چ تاوانێکی هەبووبێ، کاتێک پەنای هێناوە حەقوابوو وەک پەنابەرێکی کورد ڕەفتـــاری لەگەڵ کرابایە و یاســـاکانی مافی مروڤ و پەنابەری بۆی لەبەر چاو گیرابا»[٢٢].

ئـــەم دەقـــە شـــیمانەی دارشـــتن و نواندنەوەیکـــی شـــیاوتر لە کەســـایەتییەکە و ئـــەو نادادپەروەرییـــەش لـــە هەقیداکراوە دەســـەلمێنێت کە لایەنەکانی دیکەش دەکرا بیخەنـــە ڕوو. ئەو ڕووداوە کە ســـەرنجێکی زۆری میدیایـــی و جەمـــاوەری لەســـەر بوو، دەکرا چەندین ڕاپۆرتە هەواڵ لە ســـەر ژیانی مستەفا ســـەلیمی و زیندانییە ڕزگاربووەکانی دیکـــە و تاکـــی زیندانیـــی ئازاردیتـــووی هاوشـــێوەی لێبکەوێتەوە کە میدیای حیزبی تەنیا بەڕاگەیەنراو دەرکردنەوە نەبەسترێتەوە و بتوانێ دەوری خۆی لە نواندنی ژیانی ئاسایی خەڵـــک لەژێر نیـــری زۆردارانـــەی ڕێژیمدا دەربخات. شـــێوە جیاوازەکانـــی نواندنەوەی ڕووداوەکـــە لەدەقـــی ڕوونکردنەوەکانیشـــدا جیاوازیی بۆچوونی لایەنەکانیش دەردەخات.

لەپاش ئـــەم ڕاگەینراوانـــە، (ح.د.ک)یش ڕۆژێک دواتـــر ڕاگەیەنراوێک بە ناونیشـــانی «ڕوونکردنـــەوە لە پێوەنـــدی لەگەڵ گرتنەوە و ئێعدامکردنی مســـتەفا ســـەلیمی دا› بڵاو دەکاتـــەوە. ئـــەوە لەحاڵێکدایـــە، وتەبێـــژی حکومەتی هەرێـــم (٢٠٢٠/٠٤/١١) دەڵێت: «مستەفا ســـەلیمی بەبێ ئاگاداری حکومەتی هەرێم ڕادەستی ئێران کراوەتەوە.»[٢٣]

هەرچەنـــد، دەقـــی ڕوونکردنەوەکـــە تارادەیەک نەرمتر لـــە هەواڵەکەیە و تۆمەتە ڕیزکراوەکانـــی نـــاو هەواڵەکەی تێـــدا نییە، بـــەڵام، لـــە ســـەردێرەکەدا ‹گرتنـــەوە› لە جیاتیـــی ‹ڕادەســـتکردنەوە› بـــەکار دێنێت و لەدەربڕینێکـــی هەواڵیـــدا وەک واقعیـــەت پێشـــانی دەدات. لە دەقی هەواڵەکەشـــیدا بە دەربڕینی ‹وەک دەگوتـــرێ و باس دەکرێ› (ڕووی نادیاری کار لە زمانی کوردیدا)هەواڵی گەیشتنی بە سنوورەکانی هەرێم(بێ ئاماژ بە شـــوێنی سنوورەکە) و ڕادەســـتکردنەوەکەی وەک دەنگۆ لێکدەداتەوە، چونکە سەرچاوەی ‹دەگوتـــرێ و بـــاس دەکـــرێ›کان لادراون و ئاشـــکرای ناکات یان دەکرێـــت بگوترێت هاوســـەنگییەک لەگـــەڵ ڕاگەینراوەکانی ناو لایەنەکانی هەرێم، دەقەکەی (ک.ز) و بنەماڵە و کەس وکاری مســـتەفا ســـەلیمی دروست دەکات: «دوای ئـــەم ڕووداوە بەشـــێک لـــەم بەندکراوانە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە گیرانەوە،

یان ڕادەستی ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕژێم کرانەوە کە مستەفا سەلیمی یەک لەوان بووە و دوای ئەوەی خۆی گەیاندۆتە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، وەک دەگوترێ و باس دەکرێ ڕادەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوەتەوە»[٢٤].

ئەوەی جێگای سەرنجە، هەرچوار لایەنی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری خۆشحاڵییان لە پێکهێنانی لێژنەیەک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەربڕیوە بۆ درخستنی ڕاستییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕادەستکردنەوەکە. بەڵام لە نێو باشوورییەکاندا گوتنێکی گشتی هەیە کە خەریکە وەک پەندی لێدەیێت کە دەڵێن: «ئەگەر لێژنەیان بۆ هەر شتێک پێکهێنا یانی جێبەجێ نابێت و هیچ ناکرێت». کە دواتر بینیمان بابەتەکە لە پێوەندیی نێوان لایەنەکانی باشووردا لەگەڵ گیرانی سێ ئەفسەری هەواڵگری لە سلێمانی لەسەر کەیسی «غالب محەممەد»، پارلەمانتاری کوردستانی باشوور لە بەغدا، لێژنە بەلێژنە کرا و لەڕاستیدا بوو بە موزایدەیەکی سیاسی لایەنەکان لەگەڵ یەکتردا بە پێی لێدوانی وتەبێژی حکوومەتی هەرێم کەڵێت:

«سەرۆکی حکومەت پاڵپشتی خۆی بۆ دادگاکانی هەرێمی کوردستان دوپاتدەکاتەوە بەشێوەیەک کە «هیچ کەیسێک» پشتگوێ نەخرێت، لەوانە کەیسی «ڕادەستکردنەوەی مستەفا سەلیمی و تیرۆرکردنی ئامانج بابانی و هاوژین و منداڵەکەی.»[٢٥]

## ئەنجام

بە کورتی، بە پێی ئەو ئالینگارییانەی حیزبەکان و میدیاکانیان لەگەڵی بەرەوڕوون و ئەو بارە نەخوازراوەی لە باشوور تێیکەوتوون، بڕیاردانیان لە سەر پرسە تایبەت و گرنگەکان بۆ ئەستەم دەکات. بەگشتی، لە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکانیان لە ناوەندی هاوکاریدا، و لە هەرکام لە میدیاکانی تایبەت بەخۆیاندا ئەم دوو خاڵەی خوارەوە بەدی دەکرێتکرێت:

١ پاشماوەکانی زێهنیەتییەکی داگیرکراو لە بەکارهێنانەوەی زمانی زانیاریگەیاندنی زاڵدا کە وا سروشتی دەبێت ڕۆژنامە نووس یان هەر تاکێکی دیکە هەستی پێناکات و ئاسایی بەکاری دەهێنێتەوە. ٢ مەعریفەتخوازییەکی تاکلایەنە پەرەی پێدەدرێت: دەقەکان، وا دەگەیەنن کە تەنیا یەک ڕێگای بوون و ناسین بایەخی هەیە (ئەو جێگرەوە/بەدیلە چەقبەستوو یان عەینی بووەی یەک لایەنی حیزبی پێداگریی لەسەر دەکات).

لێکەوتەکانی ئەمە دەبێتە هۆی زاڵبوونەوە یان بەردەوامیی دەسەڵاتی زاڵی داگیرکەر و ڕوانینی ڕەگەزپەرەستانەیان لە پلەبەندیی پێوەندیی نەتەوەکان لە ئێراندا و کردنی بە پرسێکی ناوخۆیی چوارچێوەی دەوڵەتی ئیستعماری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. هەڵوەشاندنەوەی تێڕامانی ئیستعمارییانە بۆ لاوانی کورد و بنیادنانی تێگەیشتنی گونجاوتر یان جێگرەوەکانی تر ئەستەم دەکەن. تەم بەسەر داوای ڕەواو و ئاشکرای کورد بۆ چەسپاندنی سەروەریی سیاسی و مافی چارەنووسی دەکێشن، سیاسەتی دەرهاویشتن و بەپاشکۆ کردنی کورد لە ڕۆژهەڵات و نەتەوە بن دەستەکانی دیکە ئاسایی دەکەن. ئەو شێوەیە لەنواندنەوە، پاساوی ژیانی بە کۆڵبەر بوون و بە نەفتبەربوون دەدەن وەک سیمایەکی ژیانی نەتەوەی پەراوێز و دەرهاوێژراو شوناسێکی سەپێنراوی پێدەدەن کە خوازراوی داگیرکەرە. لەهەمووی گرنگتر لەناو بردنی لاوانی کورد بەدەستی هێزی سەرکوتکەر لە دووبارەکردنەوەیکی کلێشەیی میدیاییدا ئاسایی دەبێت و تێکشکاندنی ئیرادەی بەرگری لەهەناویاندا دەکوژێت یان ڕێگای گفتوگۆ و دەمەتەقێ لەسەر فۆرمە جێگرەوەکانی دیکەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی دەوڵەت-نەتەوە لەسەریان دادەخات. بە گشتی، نموونە شیکراوەکانی توێژینەوەکە

دەریدەخەن بەشـــێکی ســـەرەکیی ئەو شێوە دارشـــتنانەی دەق و ســـەردێڕەکانی هەواڵ، جگـــە لـــە تەنگەتاویی کاتبەنـــدی میدیایی، کـــە کورتبڕیـــی زمانییانـــەی لێدەکەوێتەوە، نواندنەوەکانی ڕۆژنامەنووســـان و میدیاکارانی حیزبـــی نەخوازراون یـــان نائاگایانە دەکەونە ژێرکاریگەریی زمانی زاڵی نەتەوەی باڵادەست کە خوێندەوارییان بە ئەو زمانە بووە. هەروەها، بەشێکیشیی لەبەر ناشارەزایی میدیاکارەکان لە تیۆرەکان و ســـتراتیژییەکانی دارشـــتنی دەق و گوتارەوەیـــەوە کە بە هـــۆی زاڵێتیی پێکهاتەی زمانی نەتەوەی زاڵەوە، دەســـەڵات و ئایدۆلۆژیای سروشتیی بوو و زاڵیش بەرهەم دەهێنێتەوە. لە هێندێک حاڵەتی تایبەتیشدا وەک ڕاگەیەنراوەکانـــی ناوەنـــدی هاوکاری و ڕاگەیەنراوەکانـــی حیزبـــەکان خۆیان، وەک نموونە، کەیسی مستەفا سەلیمی خوازراون و لەبەر ململانێ ناوخۆییەکان، ئاگایانە بەرهەم دێنـــەوە. کـــورت و کورمانجی، ئـــەو میدیا حیزبییانـــە لـــە بەرهەمهێنانەوەی شوناســـی پێشساختەی دوو ستراتیژیی هاوکاتی گوتاری هێژێمۆنییانەی میدیای دەوڵەتی داگیرکەردا، واتە بە ‹تاوانکـــەر› و ‹قوربانیکراو› زانینی هاوکاتی ‹کەس/ســـوژە›ی کـــورددا دەوریان هەیە کە ڕەوایەتی کرداری پێشـــبینیکراوی ‹سزا› و ‹چارەسەر›یشی هەر لە بەرژەوەندیی دەوڵەتـــی داگیرکـــەر لێدەکەوێتـــەوە. لـــە توێژینەوەکـــەدا وا دەرکەوتـــووە کە هێندێک لە توخمەکانی زاڵکردنی گوتاری ‹نەتەوەیی› نـــە بوونەتـــە ڕەهەنـــد و وەک ئامـــاژە(دال) ی سەراوی(شـــناور) ماونەتـــەوە و ململانـــێ ناوخۆییـــەکان ڕێگرن لـــەوەی دەنگەکان لە گێڕانەوەیەکی جەوهەریدا کۆببنەوە و بگەن.

## پەراوێز

1 .https://dwaroj.net/

٢..(هەمان سەرچاوە).

3. https://khabarban.com/a/27585306.

٤ .ئێستا، خەریکە ئەندامانی ‹بەلووچ›یش لە شوناسی›نەفتبەردا› پۆلین دەکرێن.

5 .http://asoyroj.com/n/det ail.a s px?=hewal&jmare=21166&Jor=1

6 .https://kurdistanukurd.com/?p=73154

7 . ht tp://asoyroj.com/n/detail.aspx ?=hewal&jmare=21163&Jor=1

8 .https://www.shoraha.org.ir/news/13990523353

9 .http://asoyroj.com/n/detail.a s px?=hewal&jmare=21168&Jor=1

10 .https://kurdistanukurd.com/?p=73154

11 .https://kurdistanmedia.com/so/news

12 . https://kurdistanukurd.com/?p=73680

13 . https://www.rudaw.net/sorani/kurdis-tan/2304202034.

14 .https://khabarban.com/search/مصطفی سلیمی

15 .Phelan, S. (2014). Media, neoliberalism and the political. Basingstoke, UK: Palgrave.

16 .https://kurdistanukurd.com/?p=50471.

17 .https://kurdistanukurd.com/?p=73399

18 .http://asoyroj.com/n/detail.a s px?=hewal&jmare=21152&Jor=1

19 .https://kurdistanukurd.com/?p=20866

20 .https://kurdistanmedia.com/so/news

21 .http://www.asonews.net/n/detail.as px?=hewal&jmare=20079&Jor=1

22 .https://www.komala.com/10495

23 . https://www.awene.com/detail?article=23455

24 .https://kurdistanukurd.com/?p=50491

25 .https://www.awene.com/detail?article=44910

## سەرچاوەکان


Ashcraft K, Kuhn T and Cooren F (2009) Constitutional amendments: ‘Materializing’ organizational communication. The Academy of Management Annals 3: 1–64.

Hardy C, Grant D, Oswick C and Putnam L (2005) Diss-ing discourse? A response. Oraniza-tion Studies 26: 799–804.

Boulter, C. (2017). Media Discourse and the Question of (New) Minority Definitions: Three Methodological Approaches. Journal on Eth-nopolitics and Minority Issues in Europe JEMIE, 16(2), 87–107.

Crow, D., & Lawlor, A. (2016). Media in the Policy Process: Using Framing and Narratives to Understand Policy Influences. The Review of Policy Research, 33(5), 472–491. https://doi.org/10.1111/ropr.12187

Berger, P. L., & Luckmann, T. (2011). The social construction of reality: A treatise in the sociology of knowledge. United States: No Publisher.

Carpentier, N., & De Cleen, B. (2007). Bringing discourse theory into Media Studies: The applicability of Discourse Theoretical Analysis (DTA) for the Study of media practises and discourses. Journal of Language and Politics, 6(2), 265–293. https://doi.org/10.1075/jlp.6.2.08car

Charity, Arthur. (1995). Doing Public Journalism.

Journal of Sociology, 71(4), 741–760. https://doi.org/10.1111/1468-4446.12745
Spivak, G. (1988) ‘Can the Subaltern Speak?’, in Cary Nelson and Lawrence Grossberg (eds), Marxism and the Interpretation of Culture, Urbana, IL: University of Illinois Press.
William A. Gamson, & Andre Modigliani. (1989). Media Discourse and Public Opinion on Nuclear Power: A Constructionist Approach. The American Journal of Sociology, 95(1), 1–37. https://doi.org/10.1086/229213
Van Dijk.T. A. (1992) in Riggins, S. Harold. (ed). Ethnic minority media: an international perspective. Newbury Park, Calif.: Sage Publications.
Gurevitch, Michael, and Mark R. Levy, eds. 1985. Mass Communication Review Yearbook, vol. 5. Beverly Hills, Calif.: Sage
Kress, G. and Hodge, B. (1993) Language as Ideology. London: Routledge & Kegan Paul.
Kuhn, R., & Neveu, E. (2002). Political journalism new challenges, new practices . Routledge.
Torfing, Jacob. 1999. New Theories of Discourse. Laclau, Mouffe and Žižek. Oxford: Blackwell.
Wolfsfeld, Gadi. Making Sense of Media and Politics : Five Principles in Political Communication, Taylor & Francis Group, 2011. ProQuest Ebook Central, http://ebookcentral.proquest.com/lib/oculcarleton-ebooks/detail.action?docID=684104. Created from oculcarleton-ebooks on 2021-02-10 14:26:50.
Hall, Stuart. (2005). The rediscovery of ‘ideology’: Return of the repressed in media studies. In Michael Gurevitch, Tony Bennett, James Curran & Janet Woollacott (Eds.), Culture, Society, and the Media, (52–86). London: Routledge.
Halliday, M. (1985). An introduction to functional grammar . E. Arnold.
Alia, V., & Bull, S. (2005). Media and ethnic minorities. Edinburgh University Press.
Le, E. (2010). Editorials and the power of media interweaving of socio-cultural identities . John Benjamins Pub. Co.
Fairclough, N. (2013). Critical discourse analysis : the critical study of language (Second edition.). Routledge.
Davis, & H. H. (1985). Discourse and Media Influence ( Dijk. T. Van, Ed.). In Discourse and communication: New approaches to the analysis of mass media discourse and communication (pp. 44-60). (Reprint 2011) Berlin: W. de Gruyter.
Kovach, Bill, & Rosenstiel, Tom. (2001). The Elements of Journalism: What newspeople should know and the public should expect. New York: Three Rivers Press.
Young, L., Fitzgerald, M., & Fitzgerald, S. (2018). The power of language : how discourse influences society (Second edition.). Equinox Publishing Ltd.
New York: Kettering Foundation.
Gurevitch, Michael, and Mark R. Levy, eds. 1985. Mass Communication Review Yearbook, vol. 5. Beverly Hills, Calif.: Sage.
Dahlberg, L., & Phelan, S. (2011). Discourse theory and critical media politics . Palgrave Macmillan.
Hearn, Jonathan, and Marco Antonsich. 2018. “Theoretical and Methodological Considerations for the Study of Banal and Everyday Nationalism.” Nations and Nationalism 24 (3): 594–605. doi:10.1111/nana.12419.
Fairclough, N. (1989). Language and power . Longman.
Fairclough, N. (1995). Media discourse . E. Arnold.
Fairclough, N. (2012). Critical discourse analysis ( J. P. Gee & M. Handford, Eds.). In The Routledge handbook of discourse analysis (pp. 9-21). Oxon: Routledge
Fairclough, N. (2018). The routledge handbook of critical discourse studies ( J. Flowerdew & J. E.
Fowler, Roger. 1991. Language in the News. Discourse and Ideology in the Press. London: Routledge
Fox, J., & Fox, R. (2004). Organizational Discourse: A Language-ideology-power Perspective. Praeger
Richardson, Eds.). In The Routledge handbook of critical discourse studies (pp. 13-25). Milton Park, Abingdon, Oxon: Routledge.
Gitlin, Todd. (1980). The Whole World is Watching: Mass media in the making and unmaking of the new left. Berkley: University of California Press.
Jørgensen, M., & Phillips, L. (2002). Discourse analysis as theory and method. Sage Publications.
Laclau, E., & Mouffe, C. (2001). Hegemony and socialist strategy: Towards a radical democratic politics (2 ed.). London: Verso.
Macgilchrist, F. (2011). Journalism and the political discursive tensions in news coverage of Russia . John Benjamins Co.

Marttila, Tomas (2015/Forthcoming Post-foundational discourse analysis: From political difference to empirical research London: Palgrave MacMillan.
Mayr, A. (2008). Language and power : an introduction to institutional discourse . Continuum.
Reichertz, J. (2020). From understanding to impact: Communicative power (1269900470 938069593 M. Pfadenhauer & 1269900471 938069593 H. Knoblauch, Eds.). In Social constructivism as paradigm?: The legacy of the social construction of reality (pp. 292-310).London ; New York: Routledge, Taylor et Francis Group.
Soleimani, K., & Mohammadpour, A. (2020). Life and labor on the internal colonial edge: Political economy of kolberi in Rojhelat. The British

# مانای «میللی دێمۆکراتیک»بوونی خەباتی کورد له تێرمینۆلۆژی تێفکرینی چەپدا

ئیسماعیل شەریفی

هەر له کوردستانی خۆماندا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەژاریی تیۆری لەڕادەیەکدا بوو کە هەندێک له هێزە سیاسییەکان پێیان وابوو ڕادەی ڕادیکاڵ بوون و چەپ بوون بەمە دیاری دەکرێ کە ڕێکخستنی خەبات بەگوێرەی قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی دیاری بکەین. له حالێکدا ئەوە فۆرماسیۆنی کۆمەڵگا بوو کە ئەم قۆناغەی دیاری دەکرد نەک ڕادەی چەپ بوون و ڕادیکاڵ بوونی هێزەکان.

وەسفی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد وەک خەباتێکی «میللی دێمۆکراتیک» بە هۆی ئەندێشەی قاسملووە هاتە ناو دیسکۆرسی سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە. ئەم تێرمە سیاسییە هەم لە کاتی ژیانی قاسملوودا و هەم دوای شەهیدبوونیشی بە شێوازێکی بەرفراوان لە ئەدەبیاتی حیزبدا کەڵکی لێ وەرگیراوە و وەک وەسفێکی بەڵگەنەویست و خاوەن مانایەکی ڕوون و بێگرێوگۆڵ بەکار هاتووە. لە تێگەیشتنی گشتیدا «میللی»بوونی خەباتی کورد ئاماژە بە فاکتەری نەتەوەیی ئەم خەباتە دەکات و «دێمۆکرات»بوونیشی ئاماژە بە گرینگیدان بە بایەخ و مێتۆدە دێمۆکراتیکەکان بۆ بردنە پێشی پێواژۆی خەبات دەکات.

هەر دوو ئەم تایبەتمەندییانە ـ واتە نەتەوەییبوون و دامەزراوبوون لەسەر مێتۆدە دێمۆکراتیکەکان ـ لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێمۆکراتدا بەدی دەکرێن، کەوابوو وەپاڵ دانیان بە شێوازی تێکۆشان و هەڵسووڕانی حیزب هەڵە نییە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەم زاراوە تایبەتە، لە دیسکۆرسی چەپدا مانای قووڵتر و سەرەکیتری خۆی دەبینێتەوە. ئەم دەستەواژەیە جگە لەوەی دەتوانێ وەسفی خەباتی گەلی کورد بێ، دەتوانێ ئاماژە بە قۆناغێکی تایبەت لە ناو قۆناغەکانی شۆڕش و خەباتیشدا بکا.

قاسملوو وەک ڕووناکبیر و سیاسەتوان، کەسایەتییەکی چەپ بوو. واتە لە پاڕادایمی چەپەوە دەیڕوانییە بابەتە جۆراوجۆرەکان. لە فەلسەفەی مێژووەوە بگرە هەتا کاروباری ئابووری و شێوازی ڕێکخستنی خەبات و زۆر بابەتی دیکەش، لە دەلاقەی ئەم پاڕادایمەوە بۆ ئەو، مانای خۆیان دەدۆزییەوە.

قاسملوو لەناو بەرەیەک لە سیاسەتوانان و ڕووناکبیرانی کورددا پێگەیشت کە پاڕادایمی زاڵیان بە هۆی بیری چەپەوە بیچمی گرتبوو. ئەو کات «چەپ بوون» بۆ ڕووناکبیرێکی کورد ڕێسا بوو و «دژە چەپ بوون» هەڵاواردە بوو. لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا خەباتکارانی کورد لە بەرەی چەپدا خۆیان دەدیتەوە. جیاوازییەکە زیاتر لەمەدا بوو کە چەپەکان خۆیان لە بەرەیەکی کوردستانیدا دەدیتەوە یان لە بەرەیەکی سەرانسەریی ناو وڵاتێکی وەک ئێران یان عێراقدا. زۆربەی خەباتکارە چەپە کوردەکان لە خەباتێکی کوردستانیدا خۆیان دەدیتەوە کە لەسەر بنەمای بیری چەپ بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی تێدەکۆشان. بەشێک لە خەباتکارە چەپە کوردەکانیش شکانەوە بە لای خەباتی نەتەواتەتییان بە چەشنێک ڕاستئاژۆیی و دووربوونەوە لە نۆرمە ڕەسەنەکانی تێفکرینی چەپ دەزانی و زیاتر لە ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان نزیک دەبوونەوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین نموونەی هەرە بەرچاوی خەباتکارانی دەستەی یەکەم (چەپی نەتەوەیی) دکتۆر قاسملوو بوو و نموونەی ناسراوی خەباتکارانی دەستەی دووەمیش (چەپی سەرانسەری) عەلی گەلاوێژ بوو.

جیاوازیی تریش لەگۆڕێدا بوون. یەکێک لە گرینگترین جیاوازییەکان کە دەبوو بە پێوەری پۆلێن کرانی ڕێکخراوە چەپەکان، بریتی بوو لە ئایدۆلۆژیی ڕەسمی وڵاتێک لە ئۆردووگای سۆسیالیستی کە ڕێکخراوە چەپەکان، ئایدۆلۆژیی ئەو وڵاتەیان بە مۆدێلی دروستی ئایدۆلۆژیی چەپ دەزانی.

دیارە یەکەم وڵات کە نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکوو لە هەموو جیهاندا وەکوو مۆدێلێک بۆ ڕێکخراوە چەپەکان چاوی لێ کراوە، یەکیەتی سۆڤیەت بوو. شۆڕشی ١٩١٧ی یەکیەتی سۆڤیەت و سەرکەوتنی شۆڕشگێڕە چەپەکان لە ڕووخاندنی سیستمی تێزاری لە ڕووسیادا و هێنانە سەرکاری سیستمێک کە ببێ

بە جەمسەرێک بە دژی هەموو جیهانی سەرمایەداری، ڕوداوێک نەبوو کە خەباتکارانی ئەو سەردەم لە هەر شوێنێکی جیهاندا، بتوانن سەرنجی خۆیانی لێ بدزنەوە و بۆ لای ئەو ئارمانجە هان نەدرێن کە بیانەوێ ئەو مۆدێلە سەرکەوتووە لە وڵاتی خۆشیاندا تاقی بکەنەوە. بەرخۆدان و شۆڕش و خەباتی چەکداری وەکوو تێکنۆلۆژییەک چاوی لێ دەکرا کە هەموو وڵاتێک خاوەنی ئەو تێکنۆلۆژییە نین و خەباتکارانی پرۆفیشناڵی وڵاتان دەبوو ئەو تێکنۆلۆژییە لە سەرچاوەیەکی ڕەسەن و باوەڕپێکراوەوە وەربگرن. دیارە بیری چەپ، بیری خەبات و بەرەنگار بوونەوە و شۆڕش بوو. مارکسیست لێنینیستەکانیش لە سۆڤیەتدا توانیبوویان سیستمێکی کۆنی زەبەلاح بڕووخێنن و دەستەڵات بەدەستەوە بگرن و لە هەمووش گرینگتر ئامادەی ئەوە بوون تێکنۆلۆژییەکیان ـ واتە تێکنۆلۆژی خەبات و شۆڕش ـ وەکوو پەکەیجێکی تاقیکراوە و باوەڕپێکراو، هەناردەی شوێنەکانی دیکەی جیهانیش بکەن و بەم شێوەیە وڵاتان هەرچی زووتر و زۆرتر بهێننە ناو ئۆردووگایەکی سۆسیالیستی کە خۆیان پێشەنگ و ڕابەری بوون.

حیزبی توودە لە ئێراندا و حیزبی شیووعی لە عێراقدا لەسەر بنەمای ئەم گۆڕانکارییانەدا پێک هاتبوون و ڕووگەیان یەکەتی سۆڤیەت بوو. یەکیەتی سۆڤیەت هەتا ساڵی ١٩٤٩ دەوڵەتێکی بێڕکەبەری سۆسیالیستی بوو. لەم ساڵەدا مائۆ توانی کۆماری گەلی چین دابمەزرێنێ. نزیکەی دوو دەیە دواتر واتە لە دیەی ٦٠ی زایینی و ٤٠ی کۆچیدا، بەشێک لە هێزە چەپەکان لەسەر ئەم بنەمایە پۆلێن دەکران کە یەکیەتی سۆڤیەتیان بە مۆدێلێکی باشتر بۆ تێفکرینی چەپ دەزانی یان چینی مائۆ؟

دوو هۆکار بوونە هۆی ئەوەی بەرە بەرە بیری چەپی مائۆیی بتوانێ وەکوو مۆدێلێکی ڕکەبەر لەگەڵ مۆدێلی سۆڤیەت خۆی بسەلمێنێ. هۆکاری یەکەم زەبروزەنگێکی لەڕادەبەدەر دوای کۆچی دوایی لێنین لە سۆڤیەت بوو کە وای کردبوو هێزی ڕاکێشانی سۆڤیەت بۆ بزووتنەوە خەباتکارەکان هەتا ڕادەیەک لە کەمی بدا. هۆکاری دووەم ئەوە بوو کە لە مۆدێلی چینیدا وەرزێران و گوندنشینان لەچاو کرێکاری پیشەسازی واتە پرۆلتاریادا گرینگایەتییەکی زۆر زیاتریان پێ دەدرا و ئەرکی سەرەکیی خەبات دەکەوتە سەرشانی ئەوان. ئەم بابەتە بۆ خەباتکارانی وڵاتانی جیهانی سێهەم قانێکی زۆر گەورە بوو. چونکە پرۆلتاریا بەمانای ڕاستەقینەی خۆی لە زۆربەی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا پێک نەهاتبوو. لە تێفکرینی چەپیشدا هێزی سەرەکی خەبات پرۆلتاریا بوو. پرۆلتاریا لە شارە پیشەسازییەکاندا بیچمیان دەگرت و ڕێکخراو دەبوون. کەوابوو لە وڵاتێکدا ئەگەر شاری پیشەسازی نەبووایە و پرۆلتاریاش بە مانای ڕاستەقینەی خۆی پێک نەهاتبا، بەگوێرەی ئەو مۆدێلە لە بیری چەپ لەو وڵاتەدا شۆڕشیش سەری نەدەگرت. بەڵام ئێستا بەگوێرەی مۆدێلی چینی دەکرا ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە نە لە شار و لەسەر دەستی پرۆلتاریا بەڵکوو لە گوند و لەسەر دەستی وەرزێرانی گوند بەڕێوە بچێ. ئەم بۆچوونە بۆ زۆربەی لە ڕووناکبیرە خەباتکارەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم مزگێنییەکی سەرخۆشکەر بوو؛ هەواڵێک بوو بۆ دەرچوون لە بنبەستێکی تیۆری و عەمەلی؛ مژدەی دەست پێکردنەوەی خەبات و تێکۆشان بوو.

هۆکاری یەکەمین ئینشعاب کە لە حیزبی توودەدا ڕووی دا، کێشەیەک بوو کە لەسەر بە مۆدێل زانینی سۆسیالیزمی یەکیەتی سۆڤیەت یان سۆسیالیزمی چینی

سـەری هەڵدا. حیزبی تـوودە هەر وەک پێش، یەکیەتی سۆڤیەتی بە رووگەی خۆی دەزانی. بەڵام «سـازمانی ئینقلابیی حیزبی تـوودە» کە لـە حیزبی توودە ئینشـعابی کردبـوو، ڕێکخراوێکـی مائۆئیسـت بوو و سۆسیالیزمی چینی بە مۆدێلێکی دروستتر بۆ ئەندێشەی چەپ دەزانی.

سـازمانی ئینقلابیـی حیزبـی توودە شوێندانانی لە کوردستانیشدا هەبوو. ئەوەی ڕاستی بێت یەکەم ئاشنا بوونی خەباتگێڕانی کـوردی ڕۆژهـەڵات لەگەڵ ئەندێشـەی مائۆئیسـتی بە هۆی هەندێک لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەوە بوو کە هاتبوونە کوردستان. یەکێک لەو ئەندامانە کوروش لاشـایی بوو. شۆڕشگێڕانی حیزبی دێمۆکرات لە ساڵانی ۴۶ و ۴۷، ناسـیاوییان لەگـەڵ ئەندامان و ئەندێشـەکانی ئـەم ڕێکخراوەیە هەبوو. ئەندێشەی مائۆئیسـتی دواتر لە ڕێکخراوە چەپـە ئێرانییـەکان وەکـوو ڕێکخـراوی پەیـکار و ڕێکخروای چەپی کوردسـتانی وەکوو کۆمەڵەدا بناغـەی ئایدۆلۆژیکی ئەو ڕێکخراوانەی پێک دەهێنا.

بابەتێکی گرینگی دیکە کە دەبوو بەهۆی جیاوازی لە ڕێکخـراوە چەپەکاندا، جۆری خوێندنـەوەی گەشـە کردنـی چینایەتی لە کۆمەڵـگای ئێراندا بوو. لە ئەندێشـەی چەپدا کۆمەڵـگاکان بەگوێرەی ئەو قۆناغە ئابوورییانـەی بریویانـە و بەگوێـرەی ئەو فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەی پێی گەیشتوون، بەسەر هەندێک قۆناغی وەک فیۆدال و بورژوا و سەرمایەدار دابەش دەکرێن. پرسیارێکی گرینگی بیرمەند و هەڵسـووراوە چەپەکان ئـەوە بوو کـە کۆمەڵگای ئێرانـی زەمانی پەهلـەوی بەتایبـەت دوای بەڕێوەچوونی بەرنامـەی ئیسـلاحاتی ئـەرزی، چ جۆرە کۆمەڵگایەکە؟ ئایـا کۆمەڵگایەکی فیۆداڵە یان پێی ناوەتە قۆناغی سـەرمایەدارییەوە؟ ئەگەر کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارە، چ جۆرە سەرمایەدارییەک تێیدا زاڵە؟

سـازمانی ئینقلابیـی تـوودە پێـی وابـوو کۆمەڵگای ئێـران تەنانـەت دوای بەرنامـەی ئیسـلاحاتی ئەرزیش هێشـتا هـەر کۆمەڵگایەکی فیۆداڵە و پێی نەناوەتە قۆناغـی سـەرمایەدارییەوە. بـەرەی نوێی خەباتـکارە چەپە ئێرانییـەکان کە هەم لە باری فیکرییەوە و هەم لەباری تەشکیلاتی و ڕێکخسـتنەوەوە لـە بەرەی پێشـووی چەپەکان تێیانپەڕاندبوو، ئەو کەسانە بوون کـە دواتر بناغـەی دامەزرانـی فیداییانی خەڵقی ئێرانیان دانابوو. ئەو کەسانە لە دوو ڕەوتی سـەرەکی پێک هاتبـوون کە دواتر یەکیان گـرت و فیداییانی خەڵقی ئێرانیان پێـک هێنا. ڕەوتی یەکـەم بازنەی دەوری بیژەنی جەزەنی بوو و ڕەوتی دووەم ئاڵقەی مەسـعوودی ئەحمەدزادە و ئەمیرپەرویزی پوویان بوون.

هەر دوو ڕەوتی فیداییان بەپێچەوانەی سـازمانی ئینقلابیـی توودە پێیـان وابوو کـە کۆمەڵـگای ئێـران، فۆرماسـیۆنی فیۆدالیسـمی تێپەڕاندووە و پێـی ناوەتە قۆناغـی سـەرمایەدارییەوە. دیـارە ئەوانە لەسـەر ئەم بڕوایە بوون کە سەرمایەداریی ئێران بەپێچەوانەی سـەرمایەداریی وڵاتانی ڕۆژئاوایی سـەرمایەدارییەکی بەستراوەیە. ئەوان پێیان وابوو سەرمایەداریی بەستراوەی ئێران، پاڵی بە دەوڵەتی حاکم و بورژوازیی کۆمپـرادۆر داوە و ئەم بەرەو پێشـچوونە ڕواڵەتییە لە بنەڕەتدا خاوەنی خەسڵەتێکی پاشڤەڕۆیانە و کۆنەپەرسـتانەیە. جیاوازیی فیکریی ئەم دوو ڕەوتـە لە دوو بواردا بوو. یەکەم، ڕەوتی ئەحمەدزادە و پوویان پێیان وابوو ئیسلاحاتی ئەرزی ناتەبایی چینایەتی لە ئێراندا قووڵتـر کردووەتەوە و بەم هۆیە دەست پێکردنی خەباتی چەکداری دەتوانێ چەخماخەی شۆڕشـێکی سەرانسەری لەم کۆمەڵگا دوو جەمسـەرییەدا لێ بدا. بەڵام

بیژەنــی جەزەنی پێــی وابــوو بەرنامەی ئیســلاحات بەڕاســتی هەتــا ڕادەیــەک شوێندانەر بووە و مەودای نێوان چینەکانی کەمتر کردووەتەوە و ئەگەرچی جەزەنیش خەباتی چەکداری ڕەت نەدەکردەوە، بەڵام پێی وابوو ئەو خەباتە دەبێ خۆی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕێ و وەک ڕەوتی ئەحمەدزادە و پوویان پێی وانەبوو خەباتی چەکداری لە یەکەمین قۆناغی خۆیدا تەشەنە دەستێنێ و سەرانسەری دەبێتەوە.

جیاوازیی دووەم لەو دروشمانەدا بوو کە ئەم ڕەوتانە کردبوویانن بــە دوورەدیمەنی خەباتی درێژخایەنی خۆیان. دروشمی ڕەوتی جەزەنی ئەمە بوو: «بڕووخێ دیکتاتۆریی شا و پشتیوانە ئەمپریالیســتەکانی». دروشمی ڕەوتی ئەحمــەدزادە ئەمە بــوو: «بڕووخێ ئەمپریالیسم و سەگە زنجیرکراوەکانی». لە بــەراورد کردنی نێوان ئەم دوو دروشــمانە هەندێک ڕاســتیمان بــۆ ڕوون دەبێتەوە. جەزەنــی ئەگەرچی پێی وابوو سیســتمی سیاسیی ئێران بەستراوەتەوە بە زلهێزەکان، بەڵام هەتــا ڕادەیەکی زۆریــش دەیتوانی مەنتیقی دەروونیی سیستمی سەرەڕۆی زاڵ بەسەر ئێراندا ڕەچاو بکا. جەزەنی سیستمی پاشــایەتی لە خزمەتــی ئەمپریالیســمدا دەدیــت بەڵام پێی وا نەبوو ئەو سیســتمە هیچ ئیرادەیەکی سەربەخۆی نییە و ورد و درشتی ئاراستە و سیاسەتەکانی لە دەرەوە بۆ دیــاری دەکرێ. لەبەرانبەر ئەم ڕوانینەدا ڕەوتی ئەحمەدزادە هیچ حیســابێکی ـ نە کەم و نە زۆر ـ بۆ سیســتمی زاڵ بەســەر ئێرانــدا نەدەکــرد و پێی وا بــوو ئیرادەی سیاســیی ســەرەکیی ئەو هێــزەی وەکوو خودایەک قەدەری ئەم وڵاتە دیاری دەکات، هەر ئەمپریالیستەکانن.

هەموو ئەم باسانە بۆیە ورووژان هەتا ئەم ڕاستییە پێشانی خوێنەر بدەین لە ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، هەر چەشنە هەڵوێست یان کردەیەکی سیاسی لەسەر شیکاریی وردی کۆمەڵگا و سیستمی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا دامــەزراوە. کۆمەڵــگا مەیدانــی خەباتی سیاسییە، بەڵام ئەم کۆمەڵگایە مەیدانێکی تەختــی بێ‌پێداویســتی نییە کــە هێزە سیاسییەکان بە هەر شــێوەیەک بیانەوێ تێیــدا هەڵبســوورێن. هــەر کۆمەڵگایەک خاوەنی پێکهاتەی خۆی و خاوەنی کۆمەڵە پێداویستییەکی تایبەت بەخۆیەتی کە ئەم پێکهاتە و پێداویســتییانە، لە بیچم دان بە چوارچێوەی خەباتی سیاســی شوێندانەرن. پێچەوانەی ئەمە دەبێتە «ئیرادە تەوەرییەکی ڕووت». لە ئیرادە تەوەریــی ڕووتدا ئەوەی گرینگــی پێ دەدرێ ویســت و داخوازیی بکەرە سیاســییەکانە و ئەوەی پشت گوێ دەخرێ پێداویستی و داخوازیی کانتێکستە کۆمەڵایەتییەکەیە. هێزی سیاســیی ئیرادە تەوەرەکان زۆرتر وەکوو ئەســتێرەیەک بۆ ماوەیەک دادەگیرســێ بەڵام زوو دەخوشێ و دەکوژێتەوە.

ئەمە کە دروشــمی ڕووخانی سیســتم بدرێت یــان نەدرێت، شــەڕی چەکداری بکرێــت یــان نەکرێــت، لــە بزووتنەوەدا هاوپێوەندیــی هێــزە کۆمەڵایەتییەکان بە چ شــێوەیەک بێت و ڕابەرایەتی بزووتنەوە بســپێردرێتە کامە چینی نــاو کۆمەڵگا و زۆر بابەتــی هەندەکــی و هەمەکی دیکە، هەموویان بەســتراونەتەوە بەو شیکارییەی لــە پێوەندییەکانی ناو کۆمەڵگا و لە جۆری سیســتەمی سیاسیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەکــرێ. هێزێکی سیاســی کــە ڕۆژێک دروشمی ڕووخانی سیستم دەدا و ڕۆژێکی دیکە پێی باشە بە جێبەجێ بوونی ئەسڵێکی یاســای بنەڕەتی قایل بــێ، ڕۆژێک خۆی بە دەســتپێکەر و دەسپێشخەری خەباتی چەکداری دەزانێ و ڕۆژێکی دیکە خەباتی چەکداری بــە بێ‌کەڵک دەزانــێ، هەر لە بنەڕەتدا کردەوە و هەڵوێستەکانی دامەزراو

لەسەر هیچ خوێندنەوە و شیکارییەکی قووڵ و وردی سیستم و کۆمەڵگا نییە. هەڵوێستی ئەوانە زۆرتر بەستراوەتەوە بە دوایین قسە و باس و بۆچوون کە دەیبیستن.

باسێکی گرینگ لە ئەدەبیاتی سیاسیی چەپ بریتی بوو لە چۆنیەتی ڕێکخستنی هاوپێوەندیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و ئەسپاردنی ڕۆڵی ڕێبەری و پێشەنگایەتی بە یەکێک لە چینە کۆمەڵایەتییەکان. دیارە لە تێفکرینی چەپدا ئایدیالی جووڵانەوە ئەمە بوو کە ڕابەرایەتی جووڵانەوە بدرێتە دەستی پێشەنگترین چینی کۆمەڵگا کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە چینی پرۆلتاریا بوو. بەڵام ئەم ئایدیالە هەمیشە وەدی نەدەهات. چونکە پرۆلتاریا لە هەموو کۆمەڵگایەکدا وەکوو یەک گەشەی نەکردبوو. لە هەندێک کۆمەڵگادا هەر لە بنەڕەتدا چینێکی وەک کرێکاری پیشەسازیی وشیار و هەڵسوور لەگۆڕێدا نەبوو. لە هەندێک کۆمەڵگای تردا چینی کرێکار پەیدا ببوو، بەڵام ئەوندە بەهێز نەبوو جڵەوی جووڵانەوەیەکی بەربڵاو بگرێتە دەست و شۆڕش بگەیێنێتە سەرەنجام و سەری بخا.

بەم پێیە لە پارادایمی چەپدا کۆمەڵگاکان بەگوێرەی چۆنیەتی هاوپێوەندیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرخستنی شۆڕشێکی سەرانسەری، بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەبوون یان باشترە بڵێین لە سێ قۆناغی جیاوازدا پۆلێن دەکران. قۆناغەکان ئەمانە بوون:

- قۆناغی دێمۆکراتیکی میللی
- قۆناغی دێمۆکراتیکی گەل
- قۆناغی شۆڕشی سوسیالیستی

دیارە لە ڕوانگەی چەپەوە پێشکەوتووترین قۆناغ، قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی بوو. لەم قۆناغەدا چینی کرێکار بە ئاستێک لە پێگەیشتوویی و تەکامول دەگەیشت کە بتوانێ بە تەنیا و بێ یارمەتی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگا، جڵەوی شۆڕش بگرێتە دەست و سەری بخا. بەڵام ئەگەر چینی کرێکار بەم ئاستە لە گەشە نەگەیشتبا، دەبووایە هاوبەندی لەگەڵ چینەکانی تری کۆمەڵگادا ساز بکردایە. ئەم هاوبەندی و یەکگرتنەش دوو شێوازی هەبوو. یان چینی کرێکار هاوبەندی لەگەڵ چینەکانی تری کۆمەڵگادا ساز دەکرد بەڵام هەر خۆی دەبوو بە ڕێبەر و پێشەنگی خەبات کە ئەمە دەبوو بە «قۆناغی دێمۆکراتیکی گەل» یان بە بێئەوەی ڕابەرایەتی شۆڕش وە ئەستۆ بگرێ، هاوبەندی لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تردا دەکرد، ئەمەش دەبوو بە قۆناغی «دێمۆکراتیکی میللی». کەوابوو پێناسەی قۆناغەکان بەم شێوەیە بوو:

- **قۆناغی میللی دێمۆکراتیک:** خەبات بە هاوبەندی هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکان (وردە بورژوازی، بورژوازیی مامناوەندی، چینی کرێکار، وەرزێران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێر) بەڕێوە دەچوو و ڕۆڵی ڕێبەرایەتیش لە دەستی چینی کرێکاردا نەبوو.
- **قۆناغی دێمۆکراتیکی گەل:** هاوبەندی لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەکرا بەڵام پێشەنگی خەبات چینی کرێکار بوو.
- **قۆناغی شۆڕشی سوسیالیستی:** چینی کرێکار ئەوەندە پێشکەوتوو و بەهێز بوو کە پێویستی بە هاوبەندی لەگەڵ هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی دیکە نەبوو و توانای ئەوەی هەبوو بە تەنیا خەباتی بکردایە و شۆڕشی سەرخستبایە.

هەڵبژاردنی یەکێک لەم قۆناغانە پێوەندی بە ڕادەی چەپ بوونی ڕێکخراو و ڕێبەرە چەپەکان نەبوو. واتە وا نەبوو ئەگەر ڕێکخراوێک چەپێکی ڕادیکاڵ بایە یان ڕێبەرێک زۆر چەپ بایە بژاردەی شۆڕشی سوسیالیستی هەڵبژێری و ئەگەر کەمتر

چەپ و ڕادیکاڵ بایە، قۆناغی دێمۆکراتیکی گەل یان دێمۆکراتێکی میللی هەڵبژێرێ. هەموو هێزە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕەکان ئامانجیان ساز کردنی شۆڕشێکی سەرانسەری بوو. بەڵام ئەوە چۆنیەتی فۆرماسیۆنی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا بوو کە دیاری دەکرد کۆمەڵگا لە کامە قۆناغدایە و باشترین ستراتێژی و جۆری ڕێکخستن بۆ خەبات کامەیە.

هەر لە کوردستانی خۆماندا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەژاریی تیۆری لەڕادەیەکدا بوو کە هەندێک لە هێزە سیاسییەکان پێیان وابوو ڕادەی ڕادیکاڵ بوون و چەپ بوون بەمە دیاری دەکرێ کە ڕێکخستنی خەبات بەگوێرەی قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی دیاری بکەین. لە حالێکدا ئەوە فۆرماسیۆنی کۆمەڵگا بوو کە ئەم قۆناغەی دیاری دەکرد نەک ڕادەی چەپ بوون و ڕادیکاڵ بوونی هێزەکان.

قاسملوو کۆمەڵگای کوردستانی لە قۆناغی میللی دێموکراتیکدا دەدی و لە زۆربەی نووسراوە و لێدوانەکانیدا هەوڵی دەدا ئەم بابەتە بە زمانێکی ڕوون و شەفاف شی بکاتەوە.

داکۆکیی زۆری قاسملوو لەسەر ئەوە بوو کە ڕوونی بکاتەوە بۆچی لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی چەپ و سوسیالیستە، بەڵام حیزبێکی کۆمۆنیست نییە و هەر بەتەنیا حیزبی کرێکاران و زەحمەتکێشان نییە؟

دیارە وڵامێکی زۆر ساکاری ئەم پرسیارە لە ڕوانگەی قاسملووە ئەوە بوو کە حیزبی دێمۆکرات هاوکات بۆ لابردنی سێ جۆرە ستەمی مەوجوود خەبات دەکات: ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتی و ستەمی سیاسی. ڕێگای لابردنی ستەمی نەتەوایەتی دابین کردنی مافی چارەی خۆنووسین لە قالبی خودموختاریدا بوو. ستەمی چینایەتی بە هۆی جێبەجێ کردنی پرەنسیپەکانی سوسیالیزمەوە دەسڕایەوە و ستەمی سیاسیش بەهۆی پێڕەو کردنی ڕێوشوێنە گشتییەکانی دێموکڕاسییەوە چارەسەر دەکرا.

حەقیقەتێکی زۆر سادە لەلای قاسملوو ئەوە بوو کە حیزبێک کە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و لابردنی ستەمی نەتەوەیی کار دەکات ـ تەنانەت ئەگەر لە ناو ئەم نەتەوەیەشدا پێوەندییەکانی سەرمایەداری تەواو شکڵیشی گرتبێ و چینێکی کرێکاری گووراو و زۆر هەڵسووڕیشی هەبێ ـ ئەم حیزبە ناتوانێ هەر بە تەنیا حیزبی چینێکی دیاریکراو بێ. بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوەیی دەبێ یەکگرتوویی و هاوئاهەنگییەک لە نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە وەرزێڕ و کرێکاری پیشەسازی و وردەبورژوا و بورژوای مامناوەندی و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕدا ساز بێ.

نامیلکەی کورتەباس بەم پاراگرافەوە دەست پێ دەکا:

*«یەکەم پرسیار کە دێتە پێش ئەمەیە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە حیزبێکی «مارکسیست» یان «مارکسیست ـ لێنینیست» یان «کۆمۆنیست» و بەگشتی حیزبی چینی کرێکار نییە، بۆچی باسی سۆسیالیزم دەکا؟» (کورتەباس، ٧)*

وەک باسمان کرد زۆربەی هەڵگرانی ئەندێشەی چەپ و مارکسیستی لە کوردستاندا لە هەژارییەکی لەڕادەبەدەری تیۆریدا بوون، بەم حاڵەشەوە بۆچوونەکانی خۆیان بەشێوەی کۆمەڵە حەقیقەتێکی قەتعی و نەگۆڕ و گشتگیر دەدی و

بـــە نیســـبەتی بۆچوونەکایـــان لەوپـــەڕی دۆگمبووندا بوون. قاســـملوو ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ لە نووســـراوە و لێدوانەکانیدا دەیویست ناڕاستبوونی دوو بۆچوونی هەڵە نیشان بدا.

بۆچوونـــی هەڵەی یەکـــەم ئەوە بوو کە زۆربـــەی مارکسیســـتە کـــوردەکان پێیان وابـــوو لـــە ســـێ قۆناغـــی دێمۆکراتیکی میللـــی و دێمۆکراتیکی گەلـــی و خەباتی سۆسیالیستیدا، دوو قۆناغی یەکەم و دووەم هـــەر لە بنەڕەتدا شۆڕشـــی هیـــچ گەلێک بە ســـەرەنجام ناگەیەنن و هەر شۆڕشێک ئەگەر بیەوێ ســـەربکەوێ دەبێ بە قۆناغی ســـێیەمدا تێپەڕێ؛ واتە چینـــی کرێکاری پێشـــڕەو، هەمیشـــە بێ یارمەتـــی چین و توێژەکانـــی دیکەی کۆمەڵـــگا و هەر خۆی بـــە تەنیا دەتوانێ شۆڕشـــەکە بەرێوە ببا و سەریشی بخات.

لە بۆچوونـــی هەڵەی دووەمدا هەندێک لە مارکسیســـتە کـــوردەکان دانیان بەوەدا دێنا کە لە هەندێک حاڵەتدا قۆناغی یەکەم و دووەمیش بۆیان هەیە شۆڕشـــی گەلێک ســـەربخەن، بەڵام شۆڕشی گەلی کورد لە قۆناغی ســـێیەمدایە و هەر شۆڕشـــێک لە کوردســـتاندا بکرێ، دەبێ زەحمەتکێشان بـــە بێ یارمەتـــی وەرگرتن لـــە چینە مام ناوەندییەکان و بە سڕینەوەی ئەوان بیانکات.

قاسملوو بۆ نیشاندانی ناڕاستیی بۆچوونی یەکـــەم، ئەو شۆڕشـــە چەپانەی بـــە نموونە دێنـــاوە کە بە بـــێ پێشـــەنگبوونی چینی کرێـــکار و تەنانـــەت بـــە بێئـــەوەی چینی کرێکار لەو وڵاتانەدا گووڕابێ، سەرکەوتوون. دوو نموونەی هەرە بەرچاو لەو شۆڕشـــانە لە ڕوانگەی قاسملووە لە مەغوولستان و کووبادا ڕوویان دابوو. لە ساڵی ۱۹۲۱ لە مەغوولستاندا شۆڕش سەرکەوت. دکتۆر دەنووسێت:

*«لـــە زەمانی ســـەرکەوتنی شۆڕشـــی گەلیدا، مەغوولستان نەک هەر چینی کرێکاری لێ نەبـــوو، بەڵکوو بەنموونە یەک کارگەشـــی لێ نەبـــوو. هەموو شوان و کۆچەر بوون.» (کورتەباس، ۶۹)*

لێـــرەوە دکتۆر قاســـملوو ڕووی قســـەی دەکاتە ئەو مارکسیســـتە کوردانەی کە لە هەژارییەکی تیۆریکی بەرچاودا بوون:

*«ئەگەر ئەم بۆچوونە لە مەغوولســـتان ســـەرکەوت کـــە نە حیزبـــی چینی کرێـــکاری لـــێ بـــوو و نـــە تەنانەت حیزبێکـــی وەک حیزبی دێمۆکرات و نە ئەسڵەن هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی دیکە و ئەگەر ئێستا مەغوولستان بۆتە وڵاتێکی سوسیالیستی، مانای ئەوەیە مێژوو ئەو دوگمەی ڕەت کردۆتەوە کە هێنـــدێ لاوی ناشـــارەزا دووپاتـــی دەکەنەوە» (کورتەباس، ۶۹)*

نموونـــەی دووەم کـــە لـــە شۆڕشـــەکەی مەغوولســـتانیش بەرچاوتـــرە، نموونـــەی کووبایە:

*«لە ســـاڵی ۱۹۵۹دا شۆڕشی کووبا بە سەرۆکایەتی فیدیل کاسترۆ سەرکەوت. ئەم شۆڕشـــە لە لایەن هیچ حیزبێکی چینی کرێکارەوە ڕێک نەخرابوو. نەک هەر ئەوە، فیدیل کاســـترۆ لە ســـاڵی ۱۹۵۹ و ۱۹۶۰دا دژی کۆمۆنیست و دژی یەکیەتی سۆویەتی و وڵاتەکانی سۆسیالیستی بوو [...] کاتێک فیدیل کاسترۆ دەســـتی کرد بە شۆڕش، نە ڕێکخراوی هەبوو نە حیزبی پێشڕەوی هەبـــوو و نە نوێنـــەری چینی کرێکار بوو.» (کورتەباس، ۷۰ـ۶۹)*

هەتا ئێرە قاسملوو ویستوویەتی ئەوە نیشان

بدا کە ڕەت کردنەوەی دوو قۆناغەکەی دیکەی شۆڕش و پاوان کردنی شۆڕش، هەر بە تەنیا لە شۆڕشێکدا کە چینی کرێکار بۆخۆی و بێ یارمەتی وەرگرتن لە چین و توێژەکانی دیکە بە شێوەی مۆنۆپۆل بەرێوەی ببا، لە مێژوودا نموونەی هەڵوەشێنەرەوەی هەیە و هەر بۆیە هەڵەیە. ئێستا دێتە سەر شیکردنەوەی ئەوە کە بۆچی لە کوردستاندا خەباتی ڕزگاریخوازانە ناتوانێ بە قۆناغی سێیەمدا تێپەڕێ و دروستتر ئەوەیە کە خەباتی کورد بە قۆناغی میللی دێمۆکراتیکدا تێبپەڕێ.

ئیستدلالی ئەو لەم بارەیەدا، دەکرێ بە دوو بەش دابەش بکەین:

**یەکەم.** قاسملوو لە بەشی یەکەمی بەڵگاندنەکەیدا دەیەوێ نیشان بدا، بەدەستەوە گرتنی جڵەوی شۆڕش بە هۆی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕەوە لە کۆمەڵگایەکدا دەکرێ ڕووبدا کە سەرمایەداری ـ وەکوو سیستمێکی موناسباتی ئابووری و کۆمەڵایەتی ـ بە تەواوی تێیدا گوورابێ و چینێک بە ناوی سەرمایەدار و چینێکیش بە ناوی کرێکار لە هەناوی ئەم کۆمەڵە موناسباتەوە سەریان هەڵدابێ. ئینجا ئەو چینە بیچم گرتووەی کرێکار یان پرۆلتیاریا لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا ئەگەر هەندێک مەرجی دیکەی وەدەست هێنابێ دەتوانێ جڵەوی شۆڕش وەدەست بگرێ. لە ڕوانگەی قاسملووەوە لە کۆمەڵگای کوردستاندا ئەگەرچی یەکەمین نیشانەکانی پەڕینەوە بۆ موناسباتی سەرمایەداری وەدی هاتووە بەڵام ئەم پەڕینەوەیە هێشتا لە سەرەتای خۆیدایە و ئەوەی ڕاستی بێت نە سەرمایەدارانی ڕاستەقینە وەک چینێکی گووراو و نە کرێکاران وەک چینێکی ڕسکاو لە کوردستاندا هەن.

*«ڕاستە کە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری، بەڵام هێشتا خۆی بە تەواوی لە پێوەندییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار نەکردووە. تەرکیبی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان و تەرکیبی چینایەتی کۆمەڵی ئێمە، جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵێکی سەرمایەداری هەیە» (کورتەباس، ٣٧)*

قاسملوو بە زمانێکی زۆر ساکار ئەو ڕاستییە شی دەکاتەوە کە هەر دەوڵەمەندێک، سەرمایەدار نییە و سەرمایەدار بوون لەباتی ئەوەی وەسفی کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان بێ، وەسفی جۆرێکی تایبەت لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە:

*«مارکس کە لە شیکردنەوەی سەرمایەداریدا هیچ کەس نایگاتێ، دەڵێ: سەرمایەداری پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییە. ئەم تەعریفە ڕەنگە لەبەرچاوی ئەو کەسانە کە هەر باسی سەرمایەدار کرا، فەوری گیرفانی پڕ لە دراو و موڵک و ماڵیان وەبیر دێتەوە، هێندێک سەیر بێ. بەڵام لەڕاستیدا تەنیا ئەو کاتە دەتوانین باسی سەرمایەداری بکەین کە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی پێکهاتبێ واتە لە لایەک سەرمایەدار هەبێ و لە لایەکی دیکە کرێکار و لە بەینی ئەو دووانەدا پێوەندی چەوساندنەوە دامەزرابێ. چەوساندنەوە لەبەر ئەوەی کە کرێکار خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان (وسایل تولید) نییە و بە ناچاری هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ. کەوابوو دەوڵەمەند و سەرمایەدار لێک جیان. هەر سەرمایەدارێک دەوڵەمەندە، بەڵام هەر دەوڵەمەندێک سەرمایەدار نییە.*

*جا ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئاوا بڕوانینە کوردستانی ئێران، دەبینین کە ئێستا لە کوردستاندا دەوڵەمەند هەیە، بەڵام سەرمایەدارێکی ئەوتۆ وەبەرچاو ناکەوێ» (کورتەباس، ١٦)*

کەوابوو لە ڕوانگەی دکتۆر قاسملووە، فۆرماسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان لە نێوان قۆناغەکانی فیۆدالیزم و سەرمایەداریدا جێگیر دەبێ. لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا ناکرێ شۆڕشێکی سیاسی بەهۆی چینی کرێکارەوە بکرێ و کۆمەڵگا شێوازی سێیەمی شۆڕش ئەزموون بکا.

**دووەم.** نەتەوەیەک لە قۆناغی ڕزگاری نەتەوەییدایە، پێویستی بە یەکانگیری و تێک ئاڵقانی هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگای خۆی هەیە. لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا لابردن و سڕینەوەی هەر چین و توێژێک بەمانای کوژاندنەوەی یەکێک لە داینەمۆکانی مۆتۆڕی شۆڕش و کز کردنەوەی تین و تەوژمی شۆڕشە و هەر لە جێدا بەمانای لادان لە ئارمانجی یەکگرتوویی نەتەوەییە. لێرەدایە کە گرینگایەتی تێگەیشتن لە قۆناغی میللی دێمۆکراتیک، بۆ بەڕێوەبردنی خەبات بە باشترین شێوە خۆی دەنوێنێ:

*«لەبەر ئەوە لە کوردستانی ئێستادا هەڵگرتنی دروشمی دژی سەرمایەداری پێویست ناکا. بەتایبەتی کە قۆناغی ئێستای خەبات قۆناغی میللی دێمۆکراتییە و سەرمایەداری لە کوردستان لە چینێکی یەکگرتوو و ڕێکخراودا خۆی نەنواندووە کە بەرامبەر بە داخوازی میللی ـ دێمۆکراتیکی ئێمە ڕاوەستێ. تەنانەت بەپێچەوانەی ئەوە بورژوازی و وردەبورژوازی بەتایبەتی لە شاردا کە زۆرتر بازاڕی و بازرگانە، بۆخۆی یارمەتی خەباتی گەلی کورد دەدا و تێیدا بەشدارە» (کورتەباس، ١٦)*

## ئەنجام

لە ڕوانگەی قاسملووە ئەگەر دەستەواژەی میللی دێمۆکراتیک وەک وەسفی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەکار بێنین، ئەو دەستەواژەیە ئاماژە بۆ نەتەوەیی بوونی خەبات لە لایەک و دێمۆکراسیخوازانە بوونی خەباتەکە لە لایەکی دیکە دەکا. بەڵام ئەگەر میللی دێمۆکراتیکبوون وەک قۆناغێک لە خەبات چاو لی بکەین مانای ئەوەیە خەباتی نەتەوەکەمان لەناو سێ قۆناغی میللی دێمۆکراتیک، دێمۆکراتیکی گەلی و خەباتی سوسیالیستیدا لە قۆناغی میللی دێمۆکراتیکدایە و خەباتێکی لەو چەشنە، پێویستی بە سازدانی یەکگرتویی و یەکانگیرییەک لەناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا و خۆپاراستن لە سڕینەوەی توانستی شۆڕشگێرانەی هەر یەک لە بەشەکانی کۆمەڵگایە. مانای ڕاستەوخۆی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە خەباتێکی ئەوتۆ لە بنەڕەتدا پێویستی بە نەخشەیەک بۆ دیاری کردنی مێکانیزمی پێوەندی ساز کردن لە نێوان بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا و چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو بەشە جیاجیانە بۆ بەرهەم هێنانی زیاترین وزەی شۆڕشگێڕانە، هەیە.

## سەرچاوەکان

بهرزو، مازیار، شورشیان آرمانخواه، ناکامی چپ در ایران، ترجمه مهدی پرتوی، تهران، نشر ققنوس، ۱۳۸۰

روشنایی، فرزاد، مارکسیست‌های ایده‌الیست، تحول ایدئولوژی چریک‌های فدایی خلق، تهران، نشر اختران، ۱۳۹۸

قاسملوو، عەبدولڕەحمان، کورتەباس، سوئید، کتێبی ئەرزان، ٢٠٠٣

# ئەرکی میدیا

## بە هێزکردنی هزری ئاشتی و پەرەدان بە مافەکانی مرۆڤ
## یا ئامرازێک بۆ شەڕ و داپڵۆسین

**عەبدوڵلا حیجاب**

بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێواز، چەندایەتی و چۆنایەتیی کاناڵە میدیاییەکان، خودی دیاردەی میدیا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بووە بە نزیکترین هاوڕێ و تەنانەت شەریکی ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی مرۆڤەکان. لە کۆمەڵگاشدا میدیا هەم ئەکتەرە و هەمیش ناوەندێکی هێزە کە کاریگەریی لەسەر ڕەهەندە سەرەکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دادەنێت و ڕێڕەوی ڕای گشتی دیاری دەکات. لەو ڕوانگەیەوە میدیا وێڕای ئەوەی کە دەوری کاناڵ و ئامراز دەگێڕێ، وەک ئاکتۆریش هاتۆتە گۆڕەپانەوە و چالاکانە لە کۆمەڵگا، سیاسەت، بەڕێوەبەری، دەسەلات، کولتوور، شێوەی ژیان، و پەروەردە لە لایەک و سەرکوت، دژایەتی و ململانێیەکان لە لایەکی ترەوە دەور دەگێڕێ.

پرەنسیپی دابەش کردنی دەسەڵات هەر لەو کاتەوە کە فەیلەسوفی ناوداری فەرانسەیی مۆنتێسکیۆ (Charles Louis de Secondat Montesquieu) لە ساڵی ١٧٤٨دا هێنایە نێو گوتاری سیاسی و دواتر لە دەستووری بنەڕەتیی سیستمە دیمۆکراتیکەکاندا وەک بنەمای دیموکراسی جێگیر کرا، دەسەڵاتی سیاسیی لەنێوان قانووندانان، بەڕێوەبەری و دادوەریدا دابەش دەکات. ئەو دابەشکردنەی دەسەڵات، ئەگەر لە هەموو وەڵاتەکانی جیهانیش جێبەجێ نەکرابێت، لانیکەم پرەنسیپێکە کە لە سەرانسەری جیهاندا دەناسرێت. بەڵام لە سەردەمی نوێ و لە ڕەوتی گەشەکردنی سیستەمی بەڕێوەبەری لە دیمۆکراسییە پێشکەوتووەکانی جیهاندا ساڵانێکە باسکردن لە هێزی چوارەم وەک یەکێکی دیکە لە بنەماکانی دیمۆکراسی کەوتۆتە نێو گوتاری سیاسییەوە. هێزێک کە دەبێت لە بەرامبەر دەسەڵاتدا چاو، گوێ و دەنگی جەماوەر بێت و بە شێوەی بەرچاو (عەینی)هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران هەڵسەنگێنێت، کۆمەڵگا ئاگادار و وشیار بکاتەوە و لە هەر جێیەک بێعەداڵەتی، نایەکسانی یا زۆردارییەک هەبوو زەقی بکاتەوە و بیکات بە ڕۆژەڤ. هەر چەند چەمکی چاوی خەڵک یا هێزی چوارەم، جاری هاوشێوەی پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات نەبووە بە چەمکێکی جیهانگیر، بەڵام نیشاندەری گرینگیی دەوری میدیا و قورسایی ئەرکێکە کە میدیای بەرپرس لە کۆمەڵگا دا دەبێ پێی هەستێ.

هەڵە نییە ئەگەر ئیدیعا بکرێت کە میدیا و ڕاگەیاندن بەهێزترین و کاریگەرترین ئامرازی شوێندانەر لەسەر کۆمەڵگا و ڕەوتە کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییەکانن. کە باسی میدیا دەکرێت، مەبەست کۆی گشتیی هەموو ئەو دەزگا و کاناڵانەیە کە بۆ پێوەندی گرتنی خێرا و هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆری خەڵک بە کار دێن و لە ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیای نووسراوە ڕا بگرە تا هەموو کاناڵەکانی دەنگ و دیمەن لە خۆی دەگرێت. لە ڕێگای ئەو پێوەندییە خێرا و فراوانەوە، کاناڵە میدیاییەکان هەوڵ دەدەن زانیاری، ئاگاداری و ڕا و بۆچوون بگەیەننە زۆربەی خەڵک و هەر بە هەمان شێوەش دەبێ زانیاری، ئاگاداری و ڕا و بۆچوونی کۆمەڵگاش بگوێزنەوە. بە گەشەپێدانی کاناڵەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندی گرتن و شۆڕشی ئینتەرنێت، ئێستا میدیا کەم تا کورتێک تا ئاستی میدیای تاکەکەسیش بەرفراوان بووە و میدیای کۆمەڵایەتی و کاناڵە دیجیتاڵییە تاکەکەسیەکانی ڕادەربڕینیش دەگرێتەوە. بەڵام لە باسی میدیا گشتییەکان (Mass Media) دا مەبەست تەنیا ئەو سەچاوانەی ڕاگەیاندنە کە بە پشتیوانیی لایەنێکی دەسەڵات جا چ دەوڵەتی بێ یا نادەوڵەتی، کۆمپانیایەکی میدیایی یا ئوتۆریتەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی، ئابووری و هتد بەڕێوە دەچن. میدیای کۆمەڵایەتی وەک کاناڵی ڕادەربڕینی تاکەکەسی، شێوازێکی جیاواز لە میدیا گشتیەکانە و بە شێوەی سەرەکی دەکەوێتە خانەی ڕادەربڕینی تاکەوە، هەر چەند دیاری کردنی سنووری نێوان کاناڵی دەربڕینی ڕای تاکەکەسی و میدیای گشتی زۆریش ئاسان نیە.

بە گەشەی تەکنۆلۆژی، گۆڕانی شێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی زۆر کاناڵی دیکەی میدیایی دەوری هەر کام لەو کاناڵانەش بە پێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر بە شێوەی فەرمی و بە پێی پێوانەی دیاریکراویش نەبێ، یەکەم دەزگای میدیایی جیهان کە ڕۆژنامەی (Nieuwe Tijdingen) بوو و لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٦٠٥ لە حەوتوودا دوو جار لە شاری ئانتوێرپنی پێتەختی هەرێمی فلامان لە بەلژیکی ئەمڕۆدا بڵاو کرایەوە ئەو ئەرکەی وە ئەستۆ گرت کە لە میدیای سەردەم چاوەڕوان دەکرێ. لەو کاتەدا شاری ئانتوێرپن

لەلایەن سوپای سپانیۆلەوە گەمارۆ درابوو و خەڵکی شار لەژێر گوشاری شەڕ و گەمارۆدا تووشی چارەڕەشی، نەهامەتی و گرفتی زۆر ببوون. ڕۆژنامەی نیوتیدینگن بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خەڵک، ڕەوشی گشتیی شار و خۆڕاگریی دانیشتووانی هەوڵی دەدا تیشک بخاتە سەر ئەو زوڵم و ناعەدالەتییەی کە بەسەر خەڵکی بێبەرەڤاندا سەپابوو. لەو سەردەمەڕا تا سەردەمی سینەما لە ساڵی ١٨٨٠ دا، دواتر ساڵی ١٩٢٠ کە یەکەم ئێزگەی ڕادیۆیی لە شاری دیترۆیتی میشیگان لە ئامریکا دەستی بە وەشانی هەواڵ کرد (سیگناڵی ڕادیۆیی لە ساڵی ١٩٠٦ەوە بە کار دەهاتن) و دواتر لە ساڵی ١٩٢٦ دا کە یەکەم سیگناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان وەگەڕ کەوتن، ڕۆژنامە گەورەترین و گرینگترین دەنگی میدیایی بوو. بەڵام بە سەرهەڵدانی کاناڵی ڕکەبەر و بە هێزتر و کاریگەرتری وەکوو فیلم، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن و ئێستاش ئینتەرنێت و تێکنۆلۆژیی ژیر (Smart) ئێستا ڕۆژنامە کاریگەری جارانی لەسەر کۆمەڵگا یا بۆ کۆمەڵگا نەماوە. بەڵام لە فۆرمی نوێ و دیجیتاڵی خۆیدا هەر درێژە بە ژیانی دەدا و هەوڵ دەدات ئەرکی میدیایی خۆی لە قاڵبێکی هاوچەرخدا بەردەوام بکات.

بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێواز، چەندایەتی و چۆنایەتیی کاناڵە میدیاییەکان، خودی دیاردەی میدیا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بووە بە نزیکترین هاوڕێ و تەنانەت شەریکی ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی مرۆڤەکان. لە کۆمەڵگاشدا میدیا هەم ئەکتەرە و هەمیش ناوەندێکی هێزە کە کاریگەریی لەسەر ڕەهەندە سەرەکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دادەنێت و ڕێڕەوی ڕای گشتی دیاری دەکات. لەو ڕوانگەیەوە میدیا وێڕای ئەوەی کە دەوری کاناڵ و ئامراز دەگێڕێ، وەک ئاکتۆریش هاتۆتە گۆڕەپانەوە و چالاکانە لە کۆمەڵگا، سیاسەت، بەڕێوەبەری، دەسەڵات، کولتوور، شێوەی ژیان، و پەروەردە لە لایەک و سەرکوت، دژایەتی و ململانێیەکان لە لایەکی ترەوە دەور دەگێڕێ. ئەو کاریگەرییە لە سۆنگەی ئەرک و ئەخلاقی میدیاییەوە حوکم دەکا کە دەزگا میدیاییەکان دەرفەتی یەکسان بۆ تاک و کۆمەڵ پێک بێنن تا بۆچوون، تێڕوانین و ویستی خۆیان دەربڕن، بۆ بەرەو پێش بردنیان هەوڵ بدەن و چالاکانە لە باس و گفتوگۆکانی نێو کۆمەڵگادا بەشداری بکەن.

لە سەرەتای دامەزرانی دەزگا میدیاییەکانەوە، هەموو کاناڵەکان کەم تا کورتێک بە شێوەی یەکسان بەشێک لە ئەرکە میدیاییەکانیان جێبەجێ دەکرد و هەوڵیان دەدا بە گێڕانەوەی ئۆبژەکتیف (بەرچاو) و تیشک خستنە سەر ڕووداوە گرینگەکان ببنە جێی متمانەی خەڵک. بەڵام لە ساڵەکانی ٣٠ سەدەی بیستەمدا ئەو پرەنسیپە گۆڕانی گرینگی بە سەردا هات کاتێک کە وەزیری پرۆپاگەندەی ئادۆلف هیتلێر لە ساڵەکانی ١٩٣٣ تا ٤٥، ژووزێف گۆبێلز (Joseph Goebbels) هەموو میدیاکانی وەڵاتی خستە خزمەت پرۆپاگەندە بۆ ئایدیۆلۆژی نازیسم و بەرنامەی شەڕی ئالمانی نازی و شەخسی هیتلێرەوە. گووبێلز پێی وابوو ”ئەگەر درۆیەک زۆرجار دووبارە بکرێتەوە، لە کۆتاییدا خەڵک وەک ڕاستی بڕوای پێ دەکا“. بە پشت بەستن بەو تێڕوانینە، ئەو بەهێزترین کۆمپانیای پرۆپاگەندای سەردەمی وەڕێ خست و تا ئەو شوێنەی هێزی ئالمان بڕی دەکرد، پرۆپاگەندای نازیسمی لە کۆمەڵگادا بڵاو کردەوە. بەو شێوەیە، گۆبێلز میدیای لە ئامرازی ڕاستوێژی و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگاوە گۆڕی و کردی بە ئامرازی شکڵ پێدانی ڕەوتێکی نوێی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی.

ڕەنگە لەو سەردەمەدا تەنیا سیاسەتی ڕاگەیاندنی گۆبێلز نەبووبێت کە میدیای کردبێتە ئامرازی دەستی دەسەڵاتداران لە دژی خەڵک، بەڵام سیاسەتی ئەو بوو کە وەک لێوەگەر و سەرچاوەی ڕەهەندێکی نوێی

میدیایی بۆ سیستەمە دیکتاتۆرەکان کەڵکی لێ وەرگیرا. دوو ناوەندی دیکەی پڕۆپاگەندا کە میدیا و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنیان بە شێوەی چالاک بۆ پەرەپێدانی ڕاوەستگەی سیاسیی دوو سیستەمی سیاسیی جیاواز بە کار دەهێنا، واتا یەکیەتی سۆڤیەت و بەرەی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکا لەو سەردەمەدا نەیاندەتوانی لە گەڵ دەزگای پڕۆپاگەندای ئالمانی هیتلەری پێشبڕکێ بکەن. ئەگەر پێشبڕکێشیان کردبا، دەوری ئەوان وەکوو پڕۆپاگەندەی بەربڵاوی نازیستەکان کاریگەر نەبوو.

دەوری میدیا لە سەر کۆمەڵگا و بۆ هاندان یا شکڵ پێدانی ڕای گشتی لە ساڵەکانی پاش شەڕی جیهانیی دووهەمەوە هەر دەهات و زیاتر دەبوو. هەر بەو پێیەش خراپ بەکارهێنانی ئەو دەزگا گرینگە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر ئالنگاری دروست دەکرد، بە تایبەت چونکە میدیا وردە وردە وەکوو یەکێک لە ئەکتەرە هەرە بەهێزەکان لە کۆمەڵگادا دەوری دەگێڕا. لە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی میدیا وەک ئامرازی دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی کینە و نەفرەت و کاریگەرییە خراپەکانی ئەو شێوە کارەی میدیایی، مەترسیی لێکترازانی کۆمەڵایەتی زیاتر دەکرد. بۆیە هەر لە ساڵەکانی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووهەمەوە کۆمەڵگای جیهانی، ڕووناکبیران، ناوەندە زانستی و میدیاییەکان خۆیان ناچار دەدیت بکەونە بیری دانانی هێندێک پێودانگ و پرەنسیپی گشتگیر بۆ کاری میدیایی. لە ژێر ڕووناکایی ئەو گەشەکردنانەدا بوو کە یەکەم کۆدە ئەخلاقییەکان بۆ کاری میدیایی لە ساڵی ١٩٤٧ دا و لە ڕێگای کۆمیسیۆنی ناسراو بە کۆمیسیۆنی هوتچین (Hutchins Commission) کە بە ناوی سەرۆکی زانکۆی شیکاگۆ و سەرۆکی "کۆمیسیۆنی دیاریکردنی کارکردی شیاوی میدیایی لە دیمۆکراسیی هاوچەرخدا" ناودێر کرابوو دانران. بەپێی ئەو پێوەرانەی کە ئەو کۆمیسیۆنە بنەمای بۆ دانابوو، ڕۆژنامەوانان و کاناڵە میدیاییەکانی دەبێ لە بەرامبەر هەواڵ و وەشانیاندا بەرپرس و وەڵامدەر بن و لە کاری میدیاییدا پێڕەوی لە هێندێک خاڵی هاوبەشی ئەخلاقی بکەن تا میدیا بتوانێ نەک تەنیا خزمەتی خاوەنەکانی بەڵکوو خزمەت بە کۆمەڵگا بکا. ئەخلاقی میدیایی لە ڕاستیدا مانیفێستی کاری میدیاییە کە لە فێرگە زانستییەکانی پەروەردەی میدیاکاردا بە بنەما دەگیرێت و ڕووی لەو تاکانەیە کە کاری میدیایی دەکەن. هاوتەریب لەگەڵ ئەخلاقی میدیایی سنوورێکیش بۆ ئەرک و پێوانە میدیاییەکان دیاری کراوە کە لە جیهانی دڵخواز یا ئیدەئالدا دەتوانێ میدیا بکاتە ئەو کاناڵەی کە یارمەتیدەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو ئاشتی، پێکەوەژیان و گەشانەوە بێ.

کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بە تایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش لە ساڵەکانی ٧٠ی سەدەی ڕابردووەوە کەوتنە بیری دانانی کۆمەڵێک پرەنسیپ و چوارچێوەیەکی ئەخلاقی جیهانگیر بۆ کاری میدیایی. ڕۆژی ٢٨ی مانگی نوامبری ساڵی ١٩٧٨ یونسکۆ، بە پشت بەستن بە بەیاننامەی دامەزرانی خۆی، بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ (ساڵی ١٩٤٨) و زنجیرەیەک پرەنسیپ و بەیاننەمەی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەیاننامەیەکدا کە لە ١١ خاڵ پێک هاتووە کۆمەڵێک ئەرک و پێوانەی بۆ میدیا و ڕاگەیەنە گشتیەکان دیاری کرد و بە دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕاسپارد تا جێبەجێیان بکەن. لە بەندی ٢ی خاڵی ٢ی ئەو بەیاننامەیەدا کە بە «بەیاننامەی پرەنسیپە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە یارمەتیدانی میدیای گشتی بۆ بە هێزکردنی ئاشتی و لێک تێگەیشتنی نێونەتەوەیی، پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و دژایەتی کردنی ڕاسیزم، ئاپارتاید و هاندانی شەڕ»[1] ناودێر کراوە، بە ڕاشکاوی دەگوترێ: دەست پێڕاگەیشتنی جەماوەر بە

زانیــاری دەبێ لە ڕێگای ســەرچاوە و کاناڵی جیاوازەوە بە شێوەیەک مسۆگەر بکرێ کە هەر تاکێــک بتوانێ بۆ خۆی ڕاســتیی ڕووداوەکان کۆنتــڕۆڵ بکا و بە شــێوەی بەرچاو یا عەینی هەڵیانســەنگێنێ. بە لە بەر چــاو گرتنی ئەو مەبەســتە، دەبێ دەستی ڕۆژنامەوانەکان ئاواڵە بکــرێ تا بە ئــازادی ڕاپۆرت ئامــادە بکەن و دەســتیان بە ســەرچاوەگەلی نەشــێوێنراوی زانیاری ڕا بگا. هەر وەها گرینگە کە میدیاکان گوێڕایەڵ و وەڵامدەری پرسیارەکانی خەڵک و تاکەکان بن و بەو شــێوەیە "ڕێگا بۆ بەشداری کردنــی جەماوەر لــە گەشــەپێدانی زانیاریدا خۆش بکەن".

هەر وەها لــە بەندی ٣ی هەمــان خاڵدا پێداگــری دەکرێــت کــە "میدیا لــە هەموو جیهانــدا لە پێناو بــە هێزکردنی ئاشــتی و لێک تێگەیشــتنی نێونەتەوەیی، بۆ پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و تێکۆشــان لە دژی ڕاسیزم، ئاپارتاید و شــەڕخوازی، دەبێ بە پشت بەستن بە ڕۆڵی خۆی بۆ پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ، بــە تایبــەت بکەوێتە خزمەتــی کۆمەڵگاوە و ببێ بە دەنگی گەلانی ژێردەســت کە لە دژی کۆلۆنیالیــزم، کۆلۆنیالیزمی نوێ و داگیرکاریی بیانــی و هەمــوو شــێوەکانی دووچاوکــی و هەڵاواردنی ڕەگەزی و ژێــر چەپۆکی خەبات دەکــەن، بەڵام لە وەڵاتی خۆیان دا دەرفەتیان پێ نادرێ کــە دەنگیان بــەرز بکەنەوە". ئەو پرەنســیپانە دەوڵەتەکان و بــە هەمان ڕادەش خاوەن کۆمپانیا گــەورە میدیاییەکان بەرعۆدە دەکا تا سەربەخۆییی کاری میدیایی مسۆگەر بکەن و ڕێگا بدەن میدیا بە شــێوەی چالاک ئەرکی خۆی لە گۆڕەپانی پێراگەیاندنی دەنگی ئەو کەس و لایەنانەی کە جڵەوی دەسەڵاتیان بە دەستەوە نییە بەجێ بگەیەنێت.

گۆڕەپانێکــی نوێ و گرینگــی دیکەی هێزی میدیا کە لە ساڵەکانی ٩٠ی سەدەی ڕابردووەوە زیاتر خۆی نواند دەوری میدیا لە داپۆشــینی قەیرانە جیهانیەکاندا بوو کە تەنانەت دەیتوانی کاریگەری لە ســەر پارســەنگی هێز لەنێوان دەزگا خــاوەن نفووزەکانــی دەســەڵاتداریدا دابنــێ. لە مانگــی ژانوییەی ســاڵی ١٩٩١دا کاتێک هێزەکانی ئامریکا ئۆپەراسیۆنی باهۆزی سەحرایان لە دژی هێزەکانی عێراق دەست پێ کرد، جۆرج بووش سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا ددانی بەو ڕاستییەدا نا کە هەواڵەکانی شــەڕ بەر لــە CIA لە ڕێــگای CNNەوە پێ دەگەن. ئەو قســەیە تەنیــا پڕۆپاگەندەیەکی CNN بۆ نیشاندانی دەوری یەکەمی ئەو کاناڵە لــە ڕاگەیاندنی هەواڵ و دەنگ و باســەکانی شــەڕی کەنداودا نەبوو، بەڵکوو نیشــاندەری ســەردەمێکی نوێ بۆ دەســەڵاتی میدیایی لە جیهاندا بوو.

وێــڕای کاری ڕاگەیانــدن و زانیــاری، یا گواستنەوەی دەنگ و داخوازیی خەڵک و تیشک خستنە ســەر کەموکووڕی و نابەرابەرییەکان، سالانێکە کە میدیا وەکوو گرینگترین ئامرازی پەروەردە و پێگەیاندن، بڵاوکردنەوەی کولتوور و ڕەهەندە کولتوورییەکان، خۆشــی دیتن لە کاتــی بێــکاری و پشــوودان و ناوەندی باس و گفتۆگــۆی پێوەندیــدار بە ژیــان، بیروبڕوا، هزر، سیاســەت، ئابووری، ژینگــە و هتدیش کار دەکا. بــە کــردەوە گۆڕەپانــی چالاکی و دەســەڵاتی میدیا ئەمڕۆ چیتر سنوور ناناسێ. بۆیە دەستپێڕاگەیشــتن بە میدیا و شێوەی بە کارهێنانی، لە ڕاســتیدا بووە بە سەرچاوەیەکی کاریگــەری هێز و توانایەکی بێســنووری پێ بەخشیوە. ئێستا ئیدی دەسەڵاتی میدیا وەکوو هێــزی چوارەم نە تەنیا هیچ جێی گومان نیە، بەڵکــوو ئەو ئەگەرەشــی هێناوەتــە ڕۆژەڤەوە کــە میدیا لەنێو ئەو چوار هێزەی دەســەڵاتدا دەتوانێ کاریگەرترین و گرینگترینیان بێ.

بە هەڵکشانی ڕادەی پێشبڕکێ و پەرەگرتنی ناکۆکی و جیاوازییــەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا، ســالانێکە کە زۆربەی کاناڵە مێدیاییەکان، بە تایبەت کاناڵەکانی سەر بە دەسەڵات هەر دێ و زیاتر لەو پرەنســیپ و پێوەرە ئەخلاقییانەی

که لــه ئەنجامی حەز و ئاواتەکانی مرۆڤایەتیدا دەستنیشان کراون دوور دەکەونەوە. ساڵانێکە ئەرکی میدیای فەرمی لە زۆر شوێن، بە تایبەت لــە وەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا بە تەواوی گۆڕراوە و لە جیاتیی دەنگی خەڵک، کراوە بە ئامرازێکی کاریگەری شــەڕی تایبەتی دەســەڵاتداران لە دژی خەڵک و داخوازییەکانیان. ئەو ڕەوشە لە وەڵاتە دیکتاتۆرەکانی زاڵ بە سەر کوردستان، و بە تایبەتیش لە ئێراندا زیاتر وەبەرچاو دەکەوێ. چونکە کۆماری ئیســلامی هەمــوو دەزگاکانی ڕاگەیاندنــی وەڵاتــی کردوە بە ســەرچاوەی درۆ، چەواشــەکاری، پەرەپێدانی کۆنەپەرستی، هاندانی خەڵک لە دژی یەکتر، ئامرازی شــەڕ و داپڵۆســاندن، ئامرازێک بۆ پێش پێگرتن بە گەشەکردنی کولتووریی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنــەی دەســەلات، هێرشــی فەرهەنگیــی دەســەلاتداران لــە دژی فەرهەنگــی گەلانی ژێردەست و کپ کردنی دەنگی خەڵک.

هەمووی ئــەو لایەنــە نەرێنییانە هەم بە کردەوە و هەمیش بە فەرمی و لە چوارچێوەی دەستووریدا لە ئەساســنامەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیســلامی ئێران کە بە پشت بەستن بــە خاڵی ١٧٥ی دەســتووری بنەڕەتی ڕێژیم ئامادە کــراوە بە شــێوەیەکی زەق دەبینرێن. بــە پێی خاڵــی ٧ی ئەساســنامەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیســلامی، دامەزراندنی ڕادیۆ و تەلەڤیزیــۆن لە ئێران تەنیــا و تەنیا لە ژێر چاوەدێری و بە دەســتووری ســازیی دەنگ و ڕەنگ ئەنجام دەدرێ و لادان لەو ئەسڵە سزای دەســتووری بەدواوە دەبێ. هەموو ڕۆژنامەکان، گۆڤار، بڵاوکراوە و ناوەندەکانی وەشــان دەبێ لە ڕێژیم دەســتوور وەربگرن و بە پێی پێوانە دیاریکراوەکانی دامــودەزگا دەوڵەتییەکان کار بکــەن. زۆر جاریش هەر خــودی ئەو پێوەرانە دەخرێنــە ژێر پێ و میدیا دەبــێ تەنیا ببێتە پەســنبێژی ڕێبــەر و نرخــە دیاریکراوەکانی ئــەوەوە. خاڵی ٩ی ئەساســنامەی ڕێکخراوی دەنــگ و ڕەنگی کۆماری ئیســلامی، ئامانجی ئــەو ڕێکخراوەیە بــە "پەرەپێدانی فەرهەنگی ئیســلامی، دروســت کردنی ژینگــەی باش بــۆ بەخۆداچوونــەوە و پــەروەردەی مرۆڤ، گەشــەپێدانی چاکــە ئەخلاقیــەکان و و خێراترکردنی ڕەوتی ڕوو لە گەشــەی شۆڕشی ئیســلامی لە جیهانــدا" دەستنیشــان دەکا. چوار پایەی ســەرەکی ئەو سیاســەتە بە پێی دەســتووری کاری ئەو ســازییە "بەرنامەکانی ڕێنوێنــی، فێرکاری، هەواڵ و ســەرگەرمین" کە دەبێ لــە ڕێگای ئەوانەوە سیاســەتەکانی ڕێژیم لە ئێران و جیهانــدا بەرەوپێش ببرێن. ئەو سیاســەتە زۆر لایەنی وێکچووی لە گەڵ ڕوانگەی گۆبێلز بۆ کاری میدیایی و پرۆپاگەندا هەیــە و ئــەو دەزگایــە دەکاتــە ئامرازێکی کاریگــەر بــۆ بەرەوپێش بردنی سیاســەت و ڕوانگەکانــی تەنیا یەک لایەنی دەســەڵاتدار، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادە، داخوازی و ڕوانگە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا.

لە کۆتاییەکانی ســاڵی ١٣٥٧ (سەرەتای ١٩٧٩)ەوە تا ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وێڕای قەدەغە کردن و دانانی سانســۆر لەسەر هەمــوو دەنگە جیــاوازەکان، هەمــوو دەزگا میدیاییەکانــی وەڵات، لــە ڕۆژنامــە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنــەوە بگــرە تــا ســینەما و فیلم و لــەو دواییانەشــدا سیســتەمی ئینتەرنێتی خســتۆتە خزمەت پەرەپێدانی کۆنەپەرستی و چەواشەکاری، هاندانی خەڵک لە دژی یەکتر، دروســت کردنی کولتووری شەڕ، قین و بوغز، و ڕەوایــی دان بە بێعەداڵەتــی، هەڵاواردن و داپڵۆساندن. ئەو کارە بە شێوەی سیستەماتیک و لە ژێر فەرمان و بە بڕیاری وەزارەتی "فرهنگ و ارشاد اســلامی"دا بەڕێوە دەچێ کە هەر لە سەرەتاوە لە لایەن کۆنەپەرستترین کەسایەتی ســەر بــە دەزگای بەڕێوەبــەری و کەســانی پەروەردەکــراوی مەکتەبی ویلایەتی فەقیهەوە بەڕێوە دەچێ کە پێــوەری کاریان لە جیاتیی پیشەییبوون، بەستراوەبوونە.

یەکێک لــە بنەڕەتیترین ئەســتوونەکانی

سیاســەتی میدیایــی ڕێژیــم ســڕینەوەی شــوێنەوارەکانی عەقڵانیەت و جێگیرکردنی بە دروشــم و تێڕوانینی زەینی (یا سووبژەکتیڤ) ە کــە بەپێــی لێکدانەوەیەکی بەرتەســک لە کۆمەڵێــک ئیدیعا و بڕوای غەیرە زانســتی، سەرەبەنی هەموو "ڕاســتییەکان" بە کورسی وەلی فەقیهەوە دەبەســتێتەوە. هەر قســە یا هەڵوێستێک کە بە دڵی ئەو و لە پێناو ڕێبازی ئەودا بێ "ڕاســتیی حاشاهەڵنەگر"ە، هەر وتە، کردار یا هەڵوێستێکیش کە بە دڵی ئەو نەبوو بە ناڕاست و تاوان لە قەڵەم دەدرێ. بۆیە کاتێک کە کاربەدەســتێکی ڕێژیم خــودا و پێغەمبەر بە شــاهید دەگرێ و سەبارەت بە ڕووداوەکانی شــەڕی کوردســتان لە کۆتاییی پەنجاکان و سەرەتای شێستەکاندا (دەیەی ٨٠ی سەدەی ڕابردوو) بۆ وێنە دەڵێ: "لە کوردستان گۆشتی فرۆکەوانــی کوبرایان بــە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕی، خودا شــاهیدە..." (پرۆگرامی "انتهای الوند" لە کاناڵی ٢ی تەلەڤیزیۆنی ئێران مانگی ســەرماوەزی ١٣٩٩، دێســامبری ٢٠٢٠)، لە وەلــی فەقیهەوە بگرە تــا مەجلیس، دەوڵەت، دەزگای داد، سوپای پاسداران، حەوزەکانی قوم و مەشهەد و هتد نە تەنیا هیچ دژکردەوەیەک لە بەرامبەر ئەو درۆیەدا نیشــان نادەن، بەڵکوو ئەو ئیددیعایە وەکوو ڕاســتیی حاشــاهەڵنەگر قبووڵ دەکەن و پشتیوانیشی لێ دەکەن.

پێویســت ناکا کورد بێ، شۆڕشگێر بێ یا لایەنگری هێزە سیاســییەکانی کوردستان بێ تا بتوانی زۆر بە ئاســانی بەرپەرچی ئەو درۆیە، کــە پشــتیوانیی بالاترین لێوەگــەری ئاییني ڕێژیمیشــی لــە گەڵە و لە میدیــای فەرمیدا پڕوپاگەنــدای بــۆ دەکرێ بدەیەوە. لە ســاڵی ١٣٥٧ەوە تا ساڵی ١٣٥٩ نرخی دۆلار لە ئێران ٧ تمەن بوو، ســاڵی ١٣٦٠ نرخی دۆلار بوو بە ٨ تمــەن. تەنیا لە ســاڵەکانی ٥٨ و ٥٩ و بە تایبەت لە شــەرەکانی پاوە، سنە و شەڕی ٣ مانگەی ڕێژیم لە دژی خەڵکی کوردستاندا بوو کە هلیکۆپتێرەکانی ڕێژیم دەوری چالاکیان لە شــەڕدا هەبوو و بە مەترســی دەژمێرران. بەو پێیە نرخی ســەری هــەر فرۆکەوانێکی ڕێژیم لەو کاتەدا هەفتا و یەک میلیۆن و چوارســەد و بیســت و نۆ هەزار دۆلار بــووە. لە کاتێکدا کە هەموو بوودجەی ئێران لە ســاڵی ١٣٥٨دا دووســەد و چل و شــەش میلیارد و سێسەد میلیــۆن تمەن، واتا ســی و پێنــج میلیارد و ســەد و پەنجــا و حەوت میلیــۆن دۆلار بوو. ئەگەر بە پێی قســەی ئەو فرۆکەوانە بێ، بەو "بەدخەرجیەی" ڕێبەرانی کورد لەو سەردەمەدا، هەموو بوودجەی ئەو کاتی ئێران بەشی کڕینی ســەری ٤٩٣ فرۆکەوانــی کۆبــرای دەکــرد. هێزەکانی کورد لەو سەردەمەدا هیچ پووڵێکیان لە بوودجــەی ئێران وەدەســت نەدەکەوت و لە بــواری ماڵیەوە ئەوەندە دەســتکورت بوون کــە بە پێی ژمــارەی ٢٧٨ی ڕۆژنامەی "نامە مردم" ئۆرگانی حیزبی تــودە ڕێکەوتی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٥٨، سکرتێری گشتی ئەوکاتەی حیزبی دێموکرات د. عەبدوڕەحمان قاسملوو ٩ میلیۆن دۆلاری لــە ناتۆ وەرگرتبوو تا لە دژی کۆماری ئیسلامی شــەڕی پێ بکا. هەر چەند ئەو ئیدیعایەش لە بنچینە و بنەوانەوە ناڕاست بــوو، بەڵام دەردەخا کــە ٩ میلیۆن دۆلار لەو ســەردەمەدا پارەیەکی ئەوەندە بەرچاو بوو کە دەکرا شــەڕی ڕێژیمی پێ بکــرێ. لە کاتێکدا ئەگەر قســەی ئەو کاربەدەستەی فرۆکەوانی و مۆرەی جێی متمانــەی ڕێبەری دینیی ڕێژیم بــە بنەما بگیرێ، بە ٩ میلییــۆن دۆلارەکەی ناتۆ سەهلە ســەر، تەنانەت دوو لوولاکی لاقی فرۆکەوانە حەفتا و یەک میلیۆن دۆلارییەکەی ئێرانیش نەدەکڕا.

ئەوە تەنیــا نموونەیەکی بچووک و تازەی خــراپ بەکارهێنانی میدیا لــە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە بۆ بەرەوپێشبردنی کولتووری کینە و دوژمنایەتی لە بەرامبەر خەڵکی کوردستاندا بوو، دەنا سەدان نموونەی لەو چەشنە هەن کە هەر کامەیان بەشی دەیان جار ڕیسوابوونی ئەو سیستەمە دەکەن کە لە پشت وەها سیاسەتێک

ڕاوەستاوە. چونکە بە پێی بنەما فەلسەفیەکانی ڕێژیم، ڕۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەرانی کاناڵەکانی دەوڵەتی لە جیاتی پێبەندبوون بە ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی، دەبێ پێبەندی فەلسەفەی دەسەڵاتداران بن و لە جیاتی کاری ڕۆژنامەوانی دەبێ خۆیان لە کاری بەڕێوەبەری، حوکمدان و تەنانەت سزادانیش هەڵقورتێنن. بە پێڕەوی کردن لەو سیاسەتەیە کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمەوە هەموو کاناڵە میدیاییەکانی پشتیان لە ئەخلاقی میدیایی و پێوەرە جیهانییەکانی کاری ڕاگەیاندن کردووە و بوون بە گۆڕەپانی "ئێعتراف پێکردنی" دژبەران، شکاندنی کەرامەتی ڕەخنەگران و ئامرازی شەڕ بۆ سەپاندنی دیکتاتۆری. وێڕای چەواشەکاری، میدیاکانی کۆماری ئیسلامی لە برەوپێدان بە کولتووری شەڕ و شەڕخوازی و بڵاوکردنەوەی کولتووری نەفرەت، کینە، تۆڵەئەستاندنەوە و توندوتیژیشدا وەکوو ئەستوونێکی بە هێزی ماشێنی شەڕی ڕێژیم کار دەکەن. لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا زۆر زەحمەتە تەنانەت یەک ڕۆژیش ببینرێت کە تێیدا چەمکەکانی دوژمن، شەڕ، هێرش کردن، لە نێوبردن، تۆڵە ستاندنەوە و شکست دان بە جاران لە میدیاکانی ڕێژیمەوە بڵاو نەبنەوە و زەق نەکرێنەوە. هەر ئەوەش بووە بە هۆکار کە سیاسەتی میدیایی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە سنووری سیاسەتی میدیایی گۆبێلزی تێپەڕێنێ و ببێ بە ڕێچکەیەکی نوێتری چەواشەکاری لە بواری ڕاگەیاندندا.

جێگر یا ئالتەرناتیڤی میدیای شەڕخواز، جیاکار و پاشڤەڕۆی دەوڵەتی، میدیای ئازادە کە وێڕای گێڕانەوەی ڕاستییەکان، دەبێ بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو نرخانەی کە لە بەیاننامە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و پێوەرە پەسندکراوەکانی ئەخلاقی میدیاییدا جێگیر کراون تێبکۆشن. گرینگترینی ئەو پرەنسیپانە کە دوورەپەرێزی لە دەستتێوەردان یا کاریگەریی دەسەڵات، خۆبواردن لە زمانی زبر، سەربەخۆیی، شەفافیەت، ئازادی ڕادەربرین، دانی زانیاری ڕاست و پشتبەستن بە سەرچاوەی جیاواز و جێی متمانەی هەواڵن، دەبێ لە کاری ڕۆژانەی میدیای ئازاددا خۆیان بنوێنن. لێرەدا مەبەست لە میدیای ئازاد ئەو میدیا زەبەلاحانە نین کە بە سەرمایەی جیهانی یا هەرێمی و دەوڵەتی ڕۆژەڤی سیاسی جیهانیان بە دەستەوەیە و هەموو ڕووداوێک لە فیلتەری پێوەرەکانی خۆیانەوە بۆ وەشان تێدەپەڕێنن. کەم لەو میدیایانە هەموو پێوەرەکانی جێگرتوو لە بەیاننامەی ساڵی ١٩٧٨ی یوونێسکۆدا پێڕەو دەکەن، هەر چەند ناکرێ هیچ کام لەو سەرچاوە و کاناڵە میدیاییانە لە گەڵ میدیای دەوڵەتی لە ناوچەی شێواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و بە تایبەت لە ئێراندا هەڵسەنگێنرێن. میدیای بەرپرس و ئازاد ئەو میدیایەیە کە دەنگ و ڕەنگی کۆمەڵگا بێ و تیشک بخاتە سەر ئەو گرفتانەی کە خەڵک بە دەستیەوە دەناڵێنن. ئەو دەزگا میدیاییانە دەستکورت و بێ ئیمکانن. بەڵام مەترسیدارتر لە دەستکورتی و گەورەترین هەڕەشەی سەر میدیای ئازاد، بەکارهێنانی زەخت و زۆر لە دژی ڕۆژنامەوانان و سیاسەتی دەسەڵاتداران سەبارەت بە بەرتەسک کردنی گۆڕەپانی خەباتیانە. وێڕای ئەو مەترسیە، ئالنگارییەکی دیکەی ئەو میدیایەش چۆنیەتی هەڵسوکەوت، ڕووبەڕووبوونەوە و خۆپاراستنیان لە کەوتنە داوی چەواشەکارییە.

ئاکامی سیاسەتی سیستەمە دیکتاتۆرەکان بۆ جیهانی میدیا و تەنانەت ژیانی ڕۆژنامەوانان کارەساتبارە. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە لە کار و چالاکی بێبەش دەکرێن، دەستبەسەر دەکرێن و سزا دەدرێن ساڵ بۆ ساڵ لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا زیاتر دەبێ. کوشتن، هەڕەشە و دەیان شێوە و شکڵی ئەشکەنجە و زەخت لێکردن بەشێک لەو ئامرازانەن کە ڕێژیم بۆ سەرکوتی میدیای ئازاد و بێدەنگ

کردنــی ڕۆژنامەوانــەکان بــە کاری دێنێ. لە کوردســـتان، بەلووچســـتان و هەرێمەکانــی عەرەبی خووزســـتان بە بیانووی ئەمنیەتییەوە ڕێگا نــادرێ ڕۆژنامەوانان لە ســـەر ڕەوشـــی ژیانــی خەڵــک و زەخـــت و زۆری دامودەزگا ســـەرکوتکەرەکان ڕاپۆرت و هەواڵی سەربەخۆ ئامادە بکەن و هەموو ئــەو ڕۆژنامەوانانەی کە هەوڵ دەدەن بە زمانی خۆیان یا لە سەر وەزعی خەڵکی ناوچەی خۆیان شتێک بنووسن تاوانبار دەکرێن کــە بۆ نەیارانی ڕێژیــم کار دەکەن. ساڵی ٢٠١٩ ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانانی بێسنوور لە ڕیزبەندی ١٨٠ وەڵاتــی جیهاندا کە مافی ڕۆژنامەوانان پێشێل دەکەن، ڕۆژنامەوانان سزا دەدەن و پێش بە وەشـــانی ڕای ئازاد دەگرن، ئێرانــی لە ڕیزی ١٧٠دا دانا. ئــەو ڕیزبەندییە تەنیا کردەوەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە وەک ڕۆژنامەوان ناســـراون و لە لیســـتی یەکێک لە میدیا ناسراوەکاندا جێییان دیارە. ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەیشی لێ زیاد بکەین کــە کاری ڕۆژنامەوانــی دەکەن بەبێ ئەوەی وەک ڕۆژنامەوان ناســـرابن یا لە لیستی ڕۆژنامەوانــان دا جێیان گرتبێ، بێگومان ئێران دەگاتە دوایین پلەی ئەو ڕیزبەندییە.

تەنیا بژاردەی بەردەســـت میدیای ئازاد لە ئێراندا، بەجێهێشـــتنی وەڵات و بەردەوامیدان بــە کاری میدیایی لە دەرەوەی ســـنوورەکانی ئێرانە. کەچی ژیانی دەرەوەی ئێرانیش ناتوانێ ئەولەکاریی ڕۆژنامەوانان و خەباتی میدیای ئازاد مســـۆگەر بکا. هەر بە پێی ڕاپۆرتی سەرچاوەی پێشوو، لە ساڵی ٢٠١٩ڕا تا کۆتاییەکانی ٢٠٢٠ ڕێژیمی ئێران هەڕەشـــەی لــە ٥٠ میدیاکاری دانیشتووی دەرەوەی وەڵاتی کردوە کە ئەگەر واز لــە کارەکەیان نەهێنن، خۆیان و بنەماڵەکانیان ســـزا دەدرێن. لەو ماوەیەدا چەندین نموونە لە پەلکێش کردنی میدیاکارەکان بۆ ئەو وەڵاتانەی کە مۆرە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیســـلامی بە سەربەستی کاری تێدا دەکەن، دەستگیرکردن و ڕاگوێســـتنیان بۆ ژێر پەتی سێدارە و گرتن و سزادانی کەسوکاری میدیاکارەکان تۆمار کراون.

دووهەمیـــن ئالنگاری گـــەورەی میدیای ئـــازاد، وەک باســـکرا نەبوونـــی دەرفـــەت بۆ هەڵســـەنگاندنی ڕادەی متمانەکـــردن بـــە سەرچاوەکانی هەواڵ و مەترسی کەوتنە داوی هەواڵی چەواشـــەیە. هەواڵی چەواشە نە تەنیا وەک ئالنگاریـــی میدیای ئـــازاد، بەڵکوو وەکوو یەکێک لە مەترسیەکانی دێمۆکراسیش سەیر دەکـــرێ. بەرچاوتریـــن نموونـــەی کاریگەری هەواڵی چەواشە لە سەر ڕەوتێکی دێمۆکراتیک ئـــەو دەنگ و باســـانە بوون کە لـــە پێوەندی لە گـــەڵ هەڵبژاردنەکانی ســـەرۆک کۆماریی ئامریکا لەو دوو خولەی دوایی هەڵبژاردندا بڵاو کرانەوە. مەترسیی کاریگەری هەواڵی چەواشە لە سەر سیاسەت و تەنانەت بڕیاری سیاسیش لە ناوچە پڕ لە کێشە و ئاڵۆزییەکان، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت بە کوردستانیشەوە زیاترە. پێشبڕکێ سیاسییەکان زۆر جار دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە و لەسەر بنەمای ئەو هەواڵە چەواشـــانەش بڕیاری هەڵە دەدرێـــت. لەو نێوەدا زۆر زەحمەتە کە میدیای ئـــازاد هەمیشـــە بتوانـــێ ئەرک و پرەنســـیپە ئەخلاقیەکانی بۆ وەشان بە جێ بگەیەنێ.

کـــەم نین ئـــەو جارانەی کـــە گوێمان لە "هەواڵێک" دەبێت کە بە پێی قسەی ئەو میدیا یا کاناڵەی هەواڵەکە دەنێرێ، "ســـەرچاوەکەی نەیویســـت نـــاوی خـــۆی ئاشـــکرا بـــکا"، یا "بەڵگەمان بە دەســـتەوەیە و لە کاتی خۆی دا بـــڵاوی دەکەینەوە، یا "لە بەر بواری ئەمنیەتی نامانەوێ سەرچاوەکەمان ئاشکرا بکەین" و زۆر دارشتنی لەو چەشنانە. مەرج نیە هەمووی ئەو شـــێوە هەواڵانە یا هەموو ناوەرۆکی هەواڵێکی چەواشـــەکراو ناڕاســـت بێ، بەڵام بە گشـــتی ئەوە شـــێوە دارشـــتنێکە کە زۆربـــەی هەواڵە مەبەســـتدارە بێبنەمـــاکان لە خـــۆی دەگرێ. ئینتێرنێت و کرانەوەی زۆرێک کاناڵی میدیایی دیجیتاڵ و ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان ئیمکانی بڵاوکردنـــەوەی ئـــەو چەشـــنە هەواڵـــە پڕ لە

مەترسییانە زیاتر دەکەن.

سەرچاوە، هۆکار، هاندەر و شێوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە زۆرن. بەڵام یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی جێگرتنی هەواڵی چەواشە لەنێو جیهانی میدیادا کە بووە بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر پرەنسیپەکانی میدیای ئازاد، دیمۆکراسی و خەبات لە دژی دیکتاتۆری، ئەو پۆپۆلیزمەیە کە لەو ساڵانەی دواییدا بە تایبەت لە کاناڵە کۆمەڵایەتییەکاندا سەری هەڵداوە و "هەواڵ" بە پێی حەزی بەشێک لە وەرگرانی دادەرێژێت کە توانایی لێک جیاکردنەوەی ڕاستی و چەواشەکارییان لاوازە. سەرچاوەی بەشێک لەو چەشنە هەواڵانەش ئەو کەس و لایەنانەن کە بەرژەوەندیی خۆیان لە مانیپۆلاسیۆنی هەواڵ (دەستتێوەردان و گۆڕین) دا دەبینن.

لە ٨٣مین کۆنگرەی ناوەندی پەنی نێونەتەوەیی کە ڕۆژەکانی ١٨ تا ٢٢ی مانگی سێپتامبری ساڵی ٢٠١٧ لە شاری لڤیڤی ئۆکراین بەڕێوەچوو، مژاری پرۆپاگەندا وهەواڵی چەواشە بە ئاوایەکی بەرفراوان کەوتە ڕۆژەڤی کۆمەڵێک لە نووسەران و کەسانی خاوەن کاریگەری لە وێژەی جیهانیدا. کۆنگرە لە ژێر ناوی "داواکردنی ڕاستی لە سەردەمی پرۆپاگەندا" تیشکی خستە سەر جیاوازیی نێوان ڕاستی و چەواشەکاری و زۆر لایەنی کاریگەریەکانی چەواشەکاری و پرۆپاگەندای لە سەر ژیانی تاک و کۆمەڵگا هێنایە بەرباس. بە تایبەت تیشک خرایە سەر مەترسیی بڕیاردان لەسەر بنەمای هەواڵ و سەرچاوەی ناڕاست وەکوو ئاکامێکی پڕ لە مەترسیی هەواڵ و سەرچاوەهەواڵییەکانی چەواشەکار و کۆنترۆڵ کراو لە لایەن دەسەڵاتە سەرەڕۆکانەوە کە دەتوانێ کارەسات بخولقێنێ. داخوازیی هاوبەشی سەدان کەس لە نووسەرانی جیهانی لەو کۆنگرەیەدا ئەوە بوو کە یونسکۆ خوێندنەوەیەکی نوێ لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی میدیا و چەواشەکاری بکا و چوارچێوە و مێکانیزمێکی نوێ بۆ بەربەرەکانی کردن لە گەڵ ئەو مەترسییەدا دابنێ. ساڵی دواتر لە شاری پوونەی هیندووستان هەمان ڕێکخراو دووبارە پێداگریی لەسەر پێوەندیی نێوان ئازادی، حەقیقەت و فرەچەشنی کردەوە و چەواشەکاریی بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر فرەچەشنی لە قەڵەم دا.

لە ساڵی ٢٠٢١دا کاناڵە میدیاییەکان و سەرچاوەکانی زانیاری بە بەراورد کردن لە گەڵ ساڵەکانی دەیەی ٧٠ی سەدەی ڕابردوودا زۆر بەرینتر و فرەچەشنتر بوون، بەڵام پێوەر و پرەنسیپەکانی کاری میدیایی بە شێوەی گشتی هەر وەک خۆیان ماون. ڕەنگە ئەو پێوەر و پرەنسیپانە نەتوانن لە شێوەی ئێستایاندا وەڵامدەرەوەی هەموو ئەو دەرفەت و ئالنگارییانە بن کە تێکنۆلۆژیی ئێستا بۆ کاری میدیایی خولقاندوە، بەڵام کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە تەنانەت مەودای نێوان ئەو پێوەرە ناسراوانەی کە لە جیهانی دڵخوازدا دەبێ کاریان پێ بکرێ و کارکردی ڕۆژانەی زۆربەی میدیاکان هەر دێت و زیاتر دەبێ. هەر بەو پێیەش بەکارهێنانی میدیا وەکوو کاریگەرترین ئامراز بۆ کپ کردنی دەنگی بەشی بێدەرەتان و بێدەسەڵات لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا لە هەڵکشاندایە. بە شێوەیەک کە ئێستا مەترسیی ئەوە هەیە لە داهاتوودا میدیای دەسەڵات لە ناوچەی ئێمەدا بە دووبارە کردنەوەی بەردەوامی درۆکانی، جیهانێکی چەواشە و ڕاستییەکی بە تەواوی قەڵپ بە خەڵک بقەبووڵێنێ. لە وەزعێکی ئاوادا ژینگە بۆ میدیای ئازاد و چوارچێوەی ڕاستییەکان بە شێوەیەک پیس دەبێ کە ڕەنگە خاوێن کردنەوەی دەیان ساڵ بخایەنێت، ئەویش بەو مەرجەی کە ئیرادەیەکی بەهێز بۆ ئەو کارە بخولقێت.

**پەراوێز**

1.http://portal.unesco.org/en/ev.php-URL_ID=13176&URL_DO=DO_TOPIC&URL_SECTION=201.html

# ڕەنگدانەوەی کورد
# لە زنجیرەی تەلەڤزیۆنیی «نون خ»دا

**هێرش ناسری**

ئەوەی کە من لێرە و لە بابەتێکی نیوە زانستیدا دەیخەمە بەرچاو، لێکدانەوەیەکی گشتی لە کۆی دوو وەرزی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییەیە، کە لە تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا بڵاو بۆتەوە. لێرەدا تەنیا بە کورتی سەرنج دەخرێتە سەر خاڵە گشتییەکانی وەک، هۆکاری جەماوەرپەسەندبوونی زنجیرەکە، زمان و زاراوە، گرێدانەوەی کورد بە تاران، چۆنیەتیی نیشاندانی کورد و هێزە ئەرمەنییەکان لە دوو وێنەدا لە ڕووداوەکانی ناو زنجیرە تەلەفزیۆنییەکە و بە کورتی خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت.

له ئێرانــی مۆدێرندا، بەتایبەتــی لەو کاتەوە کە کەرەســتە و بەرهەمی میدیایی لەو وڵاتە گەشــەی ســەندووە، لەوانەیە بە ســەدان و هــەزاران بەرهەمی میدیایی لەســەر کورد و پــرس و بزووتنەوەی کــورد بەرهەم هاتبێ. لــە دەورەی دوای هاتنەســەرکاری کۆماری ئیســلامی، زیاتر پەرە بە بەرهەمی میدیایی بــە تایبەت لە شــێوەی فیلــم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی لە ســەر کورد دراوە. فیلمەکانی لــە گوێن: کانــی مانــگا (١٣٦٦)، فیلمی چ (١٣٩٢) جۆرێکن لە گێرانەوەی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە کوردستان و بزووتنەوەی کورد لــە ڕوانگەی کۆماری ئیســلامییەوە و، زیاتر ئامانجیان ئەوە بووە، بزووتنەوەی کورد، وەکوو کردەیەکــی خراپ و نارەوا نیشــان بدەن و، داگیرکەریی کۆماری ئیسلامی و کوشتارەکانی لە کوردستاندا، وەکوو کردەیەکی ڕەوا بنوێنن. دەکــرێ بڵێین هەتــا دەیەیــەک لەمەوبەر زۆربــەی بەرهەمــە میدیاییەکانــی کۆماری ئیســلام،ی لایەنی پڕوپاگەندەیــان زەقتر و زۆرتر بــووو، هەروەک چۆن لــە فیلمەکانی «کانی مانگا و چ»ــشدا دەکرێ بە هاســانی لایەنە پڕوپاگەندەیی و ئەمنی-ســەربازییەکە دەسنیشــان بکرێن. بــەڵام وا دیارە کۆماری ئیسلامی، بەرهەمە میدیاییەکانی خۆی لە سەر کــورد و نەتەوەکانی دیکە جگە لە پڕوپاگاندا و گێڕانــەوەی تاکلایەنــە و نادرووســتی ڕووداوەکان، بۆ لایەنی دیکەی وەک ڕووکردنە بەرهەمی کولتووری، بــە تایبەتی کولتووری جەماوەرپەســەند (pupular culture) پــەرە پێداوە. ئــەو بەرهەمانــە زیاتر لــە میدیای ترادیسیۆن (Traditional Media) لە شێوەی تەلەفزیۆنــی بڵاو دەبنەوە. لاســاییکردنەوەی بەرنامەگەلــی ڕۆژاوایی لە شــێوەی شــۆی تەلەفزیۆنی و هەروەها بەرنامەی گەران بە دوای کەســانی بەهرەمەند (Talent) وەکوو (عصر جدید) لە ئێران ئاسایی بووەتەوە و، بینەرێکی زۆریان تەنانەت لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکانیشدا

بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە. لە ناو ئەو بەرنامانەدا جۆرێک لە دەرکەوتن یان باشــترە بنووسین ڕەنگدانــەوەی (representation) کەمینــە نەتەوەییەکانی ئێران دەبینرێت، هەڵبەت ئەو ڕەنگدانەوەیە بە جۆرێک کۆدیان بۆ دادەنرێت، کە بە گشــتی ئامانج و سیاســەتی پشت ئەو بەرنامانــە بپێکن. بەڵام ئــەوەی لەو بابەتەدا دەخرێتــە بەرچــاو، مەســەلەی ڕەنگدانەوە (representation) نەتەوەییەکانــی ئێران بە گشــتی لە میدیای کۆماری ئیسلامیدا نییە. بەڵکوو کورتە ڕاڤەیەکە، لە سەر کۆی زنجیرە درامــای (نون خ، ١٣٩٨)؛ ئــەوەی کە کورد وەک نەتــەوە چۆن لەو بەرنامەیەدا پێشــان دراوە. «نــون خ» وەک هەواڵگریــی مێهــری ئێــران (٢٠ آذر ١٣٩٨) ئاماژەی پێ کردووە، لە لایەن گرووپی (فیلم و سریال)ــی کاناڵی یەکی ئێــران بەرهەم هێنــراوە. فیلمنامەی ئــەو زنجیــرە تەلەفزیۆنییە،ئەمیــر وەفایی نووسیویەتی و ســەعید ئاقاخانی دەرهێنەری فیلمەکەیە. زنجیرەکە تا ئێســتا دوو وەرزی بڵاو کراوەتەوە. وەرزی یەکەم لە شانزدە بەش پێک هاتووە و ـ لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٨ــدا لە کاناڵی یەکی ئێران بڵاو کراوەتەوە. وەرزی دووهەم لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٩٨ــدا و لەهەمان کاناڵەوە بڵاو کراوەتەوە. هەوڵگریی مێهــری ئێــران (٢١ آذر ١٣٩٨) وتــەی سەعید فەرەجی، بەرهەمهێنەری فیلمەکەی کاتی دەســتپێکی فیلمهەڵگرتن لەو زنجیرە تەلەفزیۆنییە و هەروەها هەڵبژاردنی ســەعید ئاقاخانــی وەک دەرهێنــەری زنجیرەکە بڵاو کردۆتەوە کە وتوویەتی:

«کاتێــک ئاقاخانیمان بانگهێشــت کرد، تاوەکوو دەرهێنەریی فیلمەکە بگرێتە ئەستۆ، بەو شەرتە ڕازی بوو، کە فیلمەکە دەبێ باس لە لایەنە دڵگیر و سەرنجراکێشەکانیش بکات و، هەروەهــا تەئکیدی کردۆتەوە کە خۆی لە قەومی کوردە، بۆیەش دەخوازێ کار لەســەر کولتوور و خەڵکی کورد بکات».

جێی ئاماژەیە، کە زنجیرەی «نون خ» یەکێک لە بەرهەمە پڕ بینەرەکانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٩٨ـدا بووە. بەشی پێوەندییە گشتییەکانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی، لە ڕاپرسییەکدا بۆی دەرکەوتووە، کە زنجیرەی «نون خ» لە سەرجەم پارێزگای کوردستاندا بینەری لە نێو دانیشتوانی ئەو پارێزگایەدا٧٨ لەسەد بووە (هەواڵدەری مێهری ئێران ٢٠ فروردین ١٣٩٨). هەروەها بەشی یەکەم لە وەرزی یەکەمی زنجیرەکە، تەنیا لە لاپەڕەیەکی کاناڵی یوتیوب زیاتر کە ٥٠٠ هەزار بینەری بووە. ئەوە لە کاتێکدایە، کە کاناڵی یوتیوب لە ئێران فیلتەر کراوە و تەنیا خەڵکانی دەرەوەی ئێران دەتوانن لەو ڕێگەیەوە سەیری زنجیرە و فیلمە ئێرانییەکان بکەن.

لەسەر بنەمای ئەو پێشەکییە ئەو پرسیارانە دێنە پێش:

ڕەنگدانەوە یان پێشاندانی کورد (Kurdish representation) لە درامای «نون خ»ـدا چۆن بووە؟

ئەو زنجیرە چۆن بنیاتی (construction) کۆمەڵگە و کولتووری کوردی نیشان داوە و دایڕشتووەتەوە؟

## کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture)

پێش ئەوەی کە بچینە سەر لێکدانەوەی گشتی ناوەڕۆکی زنجیرەی «نون خ» دەخوازم ئەو تیئۆریانە بێنمە بەر باس لێکدانەوەکە بە پێی ئەوان دەکرێت. پێشەکی بەووە دەست پێدەکەم کە کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture) چییە و بە چ بەرهەمگەلێک دەوترێت جەماوەرپەسەند؟

## کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture)

دەیان و لەوانەیە سەدان و هەزار پێناسەی جیاواز بۆ کولتووری جەماوەرپەسەند هەیە. یەڵام جۆن ستۆری (John Story, 2018) لە کتێبی (Cultural theory and pupular culture) دا شەش لە گرنگترین و جیاوازترین پێناسەکانی بۆ کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture) کۆ کردۆتەوە. لێرەدا بە کورتی باس لە سێ پێناسەی کولتوور دەکەم، کە جۆن ستۆری لە کتێبەکەیدا هێناویەتە بەرباس. بەڵام لە پێشدا بزانین چەمکی (term) جەماوەری (Popular) چییە. ویلیامس «Williams: 1983 چوار مانای بۆ ئەو چەمکە پێشنیاز کردووە: «خەڵکێکی زۆر بەدڵیان بێت و حەزیان لێی بێت»؛.. «کارگەلێکی تا ئاستێکی نزم یان سەرپێیانە بێت»؛ «کارێکی ئاگایانە بۆ بەدەسهێنانی دڵی جەماوەر» و یان «کولتوورێک لە لایەن خەڵکەوە بەرهەم هاتبێت یان درووست بووبێت» (Williams; 1983: 237). هەرچەندە جۆن ستۆری (John Story, 2018:5) ئاماژە بەوە دەکات کە هەر جۆرە پێناسەیەک لە کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture) گرێ دەدرێتەوە بە پێناسەی جیاواز و ئاڵۆزی دیکە بە چەمکی کولتوور (culture) و هەروەها ئەو جیاوازیانەی کە لەگەڵ چەمکی جەماوەریی(Popular)ـەوە هەیەتی. هەر بۆیە لە پرۆسەی بە تیۆریزەکردنی کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture) پەنا براوەتە هەندێک تیۆری تایبەت بە مێژوو و بواری کۆمەڵایەتی.

وەک دەستپێکیک بۆ پێناسەی کولتووری جەماوەری، جۆن ستۆری پێی وایە کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture) لەسەرەتاوە وا دەردەکەوێت، کە جێگەی پەسەندی خەڵکێکی زۆرە و یان بە واتایەکی دیکە بەرهەمێک کە خەڵکێکی زۆر حەزیان لێیەتی. بۆ نموونە دەتوانرێ فرۆشتنی زۆری سی دییەک (CD) یان فیلمێکی تایبەت لە بازاڕدا بە نیشانەی جەماوەریبوون یان

جێگەی پەسەندبوونی ئەو بەرهەمە لە نێو خەڵکدا دابنرێت. ئەو ڕوانگەیە بۆ کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture) زیاتر ڕوانگەیەکی چەندایەتییە (quantitative). هەرچەند دەکرێ لە ناو بەرهەمگەلی جێگەی پەسەنددا بەرهەمێک زیاتر یان کەمتر جێگەی پەسەندی خەڵک بێت. بۆ نموونە لە ناو کوردا دەتوانین دوو بەرهەمی هونەریی هونەرمەندانی گۆرانیبێژ میکایل و سەعدوڵلا نەسیری لەبەرچاو بگرین و، دواتر بە دوای چەندایەتیی فرۆشی کارەکان لە بازاڕدا بگەڕێین، تاوەکوو بزانین کامەیان زیاتر فرۆشرابێت و لەسەر ئەو بنەمایەش بەو ئەنجامە بگەین، کە هەرکامیان زیاتر فرۆشرابێت، ئەوە کاری ئەو هونەرمەندە جێگەی پەسەندی زیاتری خەڵکە. بەڵام تۆنی بەنێت (Bennett; 1986) پێی وا نییە کە خۆی بەرهەمێکی زێدەفرۆشراو یان باشترە بڵێین ئەنجامێک لە بەراوردی چەندایەتیی (quantitative index) بۆ بەرهەمگەلی کولتووری بە تەنیا پێناسەیەکی گونجاو بۆ کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture) بداتە دەستەوە. بەنێت دەڵێ: هاوکات لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی چەندایەتیی کارێک، دەبێ گرنگیی ناوەرۆکی بابەتێکی بڵاوکراوەش لەبەرچاو بگیرێت و، لە نێوان بەرهەمە کولتوورییەکانیشدا جیاکاری بکەین، بۆ نموونە لە نێوان کتێبێکدا کە خەڵکانێکی زۆر دەیکڕن و ناوەرۆکێکی بەپێزی هەیە، تا ئەوەی کە کتێبێک بە ناوەرۆکێکی سادەتردەوە لایەنگری زۆر بێت (1-Bennett, 1986: 20).

دووهەمین پێناسە بۆ کولتووری جەماوەرپەسەند (pupular culture) مەسەلەی مانەوەی ئەو کولتوورەیە. واتە کولتوورێک کە لە ناو خەڵکدا دەمێنێتەوە و وەکوو کولتووری بەرز دەناسێندرێ و، کولتوورێک کە زیاتر لە ماوەیەکی زەمەنیدا جێگەی پەسەندە نامێنێتەوە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە کاری شانۆیی بەرز بکەین، کە چ وەک دەق و چ وەک ئەکت دەمێننەوە. بەڵام لەوانەیە شانۆیەک لە قوبانخانەیەک بە ناوەرۆکێکی سادەوە نمایش بکرێت و قەت لە ناو خەڵکدا نەمێنێتەوە. جۆن ستۆری (John Story, 2018:6) وێڕای پشتڕاستکردنەوەی مانەوەی کولتووری بەرز، سەبارەت بە پێناسەیەک بۆ کولتووری جەماوەری دەنووسێ: «کولتووری جەماوەرپەسەند جۆرە کولتوورێکە کە ناتوانێ بگاتە ئاستی کولتووری بەرز (qualified)، بە واتایەکی دیکە هیچ بۆشاییەک پڕ ناکاتەوە و نامێنێتەوە. هەروەها پەسەندبوونی بەرهەمێکی کولتووری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندیی بە حەز و ئیشتیای جەماوەرێکەوە هەیە و، نیشاندەری ئاستی پێگە و بەرزی و نزمیی پلەی کۆمەڵایەتیی (Class)ی ئەو جەماوەرەیە. مەسەلەیەکی کە کۆمەڵناسی فەڕەنسایی پییەر بۆردیۆ (Pierre Bourdieu) باسی دەکات. بۆردیۆ (۱۹۸۴:۴) باس لە پلەی کۆمەڵاتیی بەرخۆریی کولتووری دەکات و، دەڵێ: ئەوەی کە خەڵک چ جۆرە کولتوورێکی پێ خۆشە «ئاگایانە یان نائاگایانە دەرخەری ئەو ئاست و پلە کۆمەڵایەتییەیە، کە تاکێک یان جەماوەرێک هەیەتی.» واتە بۆردیۆ سەرفکردنی جۆری کولتوور لە لایەن جەماوەرەوە بە واتایەکی سادەترەوە دەبەستێتەوە بەوەی کە کەسێک تا چەندە ئیمکانی یان بواری مادی ئەوەی بۆ ڕەخساوە، کە ئیشیای کولتووریی بەرزی بکرێتەوە و واز لە کولتووری ئاستنزم بێنێت.

سێهەمین پێناسە بۆ کولتووری جەماوەری لە ڕوانگەی جۆن ستۆرییەوە (John Story, 2017:7) بەرهەمی (کولتووری)ی زۆرە (mass culture). یەکەم خاڵی جێگەی سەرنجی ئەو پێناسەیە لە کولتوور ئەوەیە، کە بەرهەمی (کولتووری)ی زۆر، شتێکی بێ بنەمای بازرگانی (Commercial)یە. واتە بەرهەمی زۆر و بەکاربەری زۆری هەیە. لە جۆرە کولتوورەدا جەماوەر وەک بەرخۆر سەیر

دەکرێت. خودی کولتوور بە شێوەی ڕەسمی لە ژێر ڕکێف (manipulation)ی گرووپێک یان ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتدایە. جۆن ستۆری دەنووسێ: ئەو کولتوورە لە لایەن کەسانێکەوە بەکار دەبرێ، کە مێشکیان سڕ کراوە، یان ئەو کولتوورە تایبەت بۆ سڕکردنی مێشکی ئەوان بەرهەم دەهێنرێت. هەرچەندە جۆن فیسکە (John Fiske,1989: 31) پێی وایە نزیک بە ٨٠ تا ٩٠ لەسەدی ئەو جۆرە بەرهەمانە سەرکەوتوو نابن و زۆربەیان ئەگەرچی ئامانجێکی ئابووریيان لە پشتە، بەڵام ناتوانن تەنانەت ئەو پارەیەشی لێ پەیدا بکەنەوە، کە بۆ ریکلامەکەیان خەرج کردووە. ئەو شێوازە کولتوورە، هەم لە ڕوانگەی فکری لیبراڵ و هەروەها ڕاستەوە و هەم لە ڕوانگەی فکر و ئیدئۆلۆژی چەپەوە، زۆر ڕاڤە کراوە و لێک دراوەتەوە. لە ڕوانگەی فکری لیبراڵ و ڕاستەوە، وەک جۆن فیسکە باسی دەکات لە وڵاتانی کاپیتالیستیدا ئێمە جۆرە کولتوورێکی ڕەسەنی خەڵک (folk culture) بەدی ناکەین، تاوەکوو بیکەینە پێوانەیەک بۆ پێوانی بەرهەمی (کولتووری)ی زۆر (mass culture). ڕوانگەی فکری چەپ بۆ (mass culture) زۆر ڕادیکاڵ ڕەخنەگرانەیە و کەسانی سەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت بە توندی خوازیاری هەڵوەشانەوە و نەمانی ئەو شێوازەی کولتوور دەکەن. هەردووک فەیلەسووفی بەناوبانگ ماکس هۆرکهامێر و تیۆدۆر ئادۆرنۆ سەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرتن و لە بابەتێکی زانستیدا بە ناوی سەنعەتی کولتوور (culture industrialism: 1944/1996) ڕەخنەی بابەتیانە لە (mass culture) دەگرن.

## ڕەنگدانەوە ـ نیشاندان (Representation)

لێرەدا کورتەیەک لە تیۆری ڕەنگدانەوە ـ نیشاندان (Representation) لە مێدیادا لە ڕوانگەی ستوارت هاڵ دەخەمە بەرچاو.

هەرچەند لێرەشدا پێناسەی کولتوور جارێکی دیکە دێتەوە بەرباس. ستوارت هاڵ (Stuart Hall) لە کتێبی (representation: 1997) دا بابەتی ڕەنگدانەوە (respresntation) و کولتوور (culture) گرێ دەداتەوە بە تیۆری ئاماژەناسی(Semiotic)ـیەوە. واتە تیۆرییەک کە زیاتر بە، زمانناسی سویسرایی-فەڕەنسی-زمانەوە، واتە فێردیناند دێ ساوسوێر (Ferdinand de Saussure)و هەروەها ڕۆڵاند بارت(Roland Barthes)ـەوە دەناسرێتەوە. دێ ساوسوێر وەک باوکی زمانناسیی مۆدێرن دەناسرێ. ساوسوێر دەڵێ: وشەی نووسراو و وتراو، ڕەنگ، وێنە و تەنانەت موزیکیش لە زمانێکدا خەسڵەتی ئاماژەیان "signs" هەیە (Story, 2018:116). واتە ئاماژەیەک، کە تەنیا یارمەتیدەرن بۆ پێوەندیگرتن و، قسەکردنمان بۆ ئاسان دەکەنەوە. بەڵام لایەنێکی گرنگی تیۆریی ئاماژەی ساوسوێر ئاماژە وەک « signifier» و بە ئاماژەکردن «signified»ە. (بۆ هاسانکردنەوە و تێگەیشتنی باسەکە دەتوانین حەیوانێک وەک نموونەیەکی سادە و سەرەتایی بێنینەوە. «پشیلە» لێرەدا ئاماژەیە بۆ وشەی «پشیلە»، بەڵام کاتێک خوێنەر، وشەی پشیلەی بە نووسراو بەرچاو دەکەوێت، زەینی بۆ لای حەیوانێکی چوارپێ دەچێت کە دەمیاوێنێت. واتە لێرەدا وشەی «پشیلە»، « signifie»ـە بەڵام ئەو وێنەیەی خوێنەر لە مێشکیدا دەیبینێ حەیوانێکی چوارپێیە کە پێی دەڵێن «signified». ستوارت هاڵ (Hall 1997:31) لە سەر ئەو بنەمایە ئەوەش زیاد دەکات کە ئاماژەکان « signifier» تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەتوانن کاراییان هەبێ. ستوارت هاڵ دوو وشەی «باوک» و «دایک» بە نموونە دەهێنێتەوە، کە بە یەکەوە چەمک(Concept)ی «خزم - بنەماڵە» دروست دەکەن. خۆی ستوارت هاڵ مەسەلەی ڕەنگدانەوە (representation) وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، بۆ ئەو

ئاماژانــە دەگەڕێنێتەوە کە لــە بەرهەمێکی کولتووریــدا ڕەنــگ دەدەنــەوە. لێرەدایە کە ســتوارت هاڵ ڕەنگدانەوە (representation) وەک تێگەیشتنێکی گشــتی لە سەر ڕێسا و نەریتەکان، پێناسە (Identity)، بەرخۆری یان بەکاربــردن و هەروەها بەرهەم لێک دەداتەوە و بەیەکەوە ناویان دەنێت «بازنەی کولتووری»؛ بــە وتــەی ناوبراویــش «کولتوور بــە مانای دابەشکردنی مانا (Sense) دێت».(Hall, 1997: 2) وەک شیکردنەوەیەک بۆ دابەشکردنی مانا لە ڕێگەی کولتوورەوە؛ ســتوارت هاڵ دەڵێ: «کولتــوور یانی بەرهەمهێنانەوە و گۆڕینەوەی ماناکان ـ یانی دان و ئەســتاندن (دانوستان) ـ لــە نێــوان ئەندامانــی کۆمەڵگەیەک یان گرووپێکدا» (Hall, 1997: 3).

بــەڵام کولتــوور (culture) و ڕەنگدانەوە (representation) چــۆن بــە یەکــەوە گــرێ دەدرێنەوە؟ ســتوارت هــاڵ دەبێژێ، کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەکان، هەڵسوکەوت لەگــەڵ ئۆبــژەکان (Objects) یان ئەوەی لە ڕێگــەی زمانــەوە دەریدەبڕیــن و دەیڵێین، بیرکردنــەوە و هەســتەکانمان و ئەوەی کە ئەو شــتانە ڕەنگدانەوەیــان لای ئێمە چۆنە، مانایــان پێ دەبەخشــین. واتە لــە ڕێگەی چوارچێوەیەکــی تایبەت بــۆ لێکدانەوە، مانا دەبەخشــینە ئۆبــژە ومــرۆڤ و ڕووداوەکان. بــۆ کەرەســتەکانیش هەروەتــر. چۆنیەتیی بەکارهێنانی کەرەستەکان لە لای ئێمەوە مانا دەبەخشــێتە هەر کەرەستەیەک و ئەوەش لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕەنگ دەداتەوە (Hall, 1997: 3). هەروەها لە سەر چۆنیەتیی گرێدانەوەی ڕەنگدانەوە (representation)و مانا (Sense) بە کولتوورە؛ ســتوارت هــاڵ گرنگیی زمان بەرجەســتە دەکاتەوە، کە لە ڕوانگەی ئەووەوە ئەوە زمانە کــە ڕەنگدانەوەی کۆی گشــتی جیهانی تێــدا دەبینینەوە. بە واتەیەکی دیکە (ڕەنگدانــەوە /representation) بەرهەمــی مانایە لە ڕێگــەی زمانەوە (Hall, 2007: 16)

. ناوبراو لە درێژەدا بۆ شــیکردنەوەی زیاتری چەمکــی (ڕەنگدانــەوە /representation) و گرێدانەوەی بــە مانا و کولتوورەوە، نموویەک دێنێتەوە و دەبێژێ، ئەگەر ئێمە لە بەرچاوی بگرین لە ژوورێک دانیشتووین و پەرداخێکی ئاوخواردنەوەمــان بــە دەســتەوەیە، دواتــر پەرداخەکــە دادەنێین و دەچینە دەرەوە. لەو کاتەدا ئێمە پەرداخەکەمان وەک کەرەسەیەک (object) بە دەســتەوە نییە، بەڵام دیسانیش دەتوانین ئەو پەرداخە لە دەســتماندا ببینین. واتە ئێمە لە زەینماندا بە وتەی ستوارت هاڵ، چاومان هەیــە و دەتوانین بە چاوی زەینمان شــتێک ببینین کە لە ڕاستیدا و بە شێوەی فیزیکی لەبەردەســتمان نییە. مەبەستیشــی لێــرەدا بیرکرنەوە لە خودی پەرداخێک وەک کەرەســەیەکی فیزیکی نییە کە مرۆڤ بیری لێ بکاتــەوە، بەڵکوو لەو کاتەوە مرۆڤ بیر لە چەمکێکی تایبەت دەکاتەوە، کە لێرەدا دەبێتە پەرداخێکی ئاو. بەو شــێوەیە ســتوارت هاڵ مەســەلەی مانا، زمان، کولتوور و ڕەنگدانەوە (representation) بــە یەکەوە گرێ دەداتەوە و، ئەوەشی پێوە زیاد دەکاتە، کە (ڕەنگدانەوە/ representation) بەرهەمهێنــەری مانایە بۆ چەمکــەکان لــە زەینی ئێمــەدا، ئەوەش لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێت. بە وتەی ســتوارت هاڵ، ئەوەش پــردی پێوەندیی نێوان زمان و چەمکە، کە ئەو دەرەتانەمان بۆ دەرەخسێنێ، تا ئاراستەی زەینمان یان بەرەو جیهانی واقع واتە کەرەســتە و مرۆڤەکان یان ڕووداوەکان بێــت، یانیش بیرۆکەی خەیاڵــی لە جیهانی جیــاواز و مرۆڤی جیــاواز و ڕووداوی جیاواز لــە زەینماندا وێنا بکەین (Hall, 1997: 17 ). ئەوەی کە تا ئێستا باسی  کراوە، یەکەم پرۆسە یان سیستەمی (ڕەنگدانەوە/ representation) ە لە ڕوانگەی ستوارت هاڵەوە و بە (ڕەنگدانەوە/ representation) ـ «cpncep/menatal» واتە چەمک/زەیــن بە ناوی کــردووە. دووهەمین سیستەمی (ڕەنگدانەوە/ representation

له ڕوانگەی ســتوارت هاڵەوە، شــتێک نییە کە بتوانیــن ببینیــن، بەڵکــوو وێنەیەکی خەیاڵییە لە کەرەســتە، ئۆبژەی جیاواز وەک بۆ نموونە «چەمکی شەڕ، مردن، دۆستایەتی و خۆشەویستی». یان بە واتایەکی دیکە چەمکی مێتافیزیکی، کە لەوانەیە مرۆڤ قەت نەتوانێ لە دونیای ڕاســتیدا بیانبینێــت. دەتوانین بۆ ئەوەش نموونەی «خودا، فرشتەکان، شەیتان، بەهەشــت و جەهەننەم» بێنینــەوە. هەروەها ئەوەی کە ســتوارت هاڵ وشەی سیستەم بە (ڕەنگدانەوە/ representation)ەوە دەلکێنێت لەبــەر ئەوەیە کە ناوبراو پێی وایە ئەو چەمکە پرەنســیپێکی ئۆرگانیزەی (organizational) هەیە.

له لایەکی دیکەوە و وەک لە سەرەتاشەوە ئاماژی پێ کراوە، ســتوارت هاڵ گرنگییەکی تایبەت بە مەسەلەی ئاماژەناسی (Semiotic) دەدات. ناوبــراو لە درێــژەدا ئاماژە بە تیۆری ئاماژەناسیی ڕۆڵان بارت (Roland Barthes) دەکات و، پێــی وایــە گرنگییەکــی تایبەتی بــۆ چەمکــی- سیســتەمی (ڕەنگدانــەوە/ representation) هەیە. هەروەها لە پرســی دیسکۆرس(Discourse)ــدا ســتوارت هاڵ ئاماژە بە تیۆرییەکانی میشێل فۆکۆ (Michel Foucault) دەکات. تیئۆری دیسکۆرسی فۆکۆ شی دەکاتەوە، کە چۆن دیسکۆرس «سوبژە - فیگۆرێک ( subject - figure) بەرهەم دێنێت کە بە گشتی زانست دەخاتە چوارچێوەیەکی تایبەت و بە تاکەکەســی دەکاتــەوە (Hall, 1997, 56). لــە ڕوانگەی ســتوارت هاڵەوە، مێتۆدی دیســکۆرس، ئەنجامی زۆر ڕادیکاڵی بۆ تێئۆری (ڕەنگدانەوە/ representation) لێ دەکەوێتەوە. هۆکارەکەشی بە وتەی ستوارت هــاڵ ئەوەیە، کە دیســکۆرس لە ســەر ئەو بنەمایە دەڕوات کە خۆی ســۆبژە (subject) یان دۆخێک ئەرزشــی مانایــی دەخوڵقێنێت و خۆشــی پێی وایــە ئەو دۆخ و ســۆبژەیە کاریگەریی هەیە. بۆ نموونە پرسەکانی «ڕەگەز (race) جنســییەت، مۆرک و تایبەتیمەندییە ئیتنیکییەکان» بە پێی ئەو دۆخ و بنەمایانەی کە دیســکۆرس دەیخوڵقێنێــت، مانایان پێ نابەخشــرێت و دەردەهاوێژرێن(Hall, 1997, 56).

## ڕوانینــی ســادە (Denotation) و قوڵبوونەوەی ئاماژەییانە (connotation)

لەو بەشــەدا دەخوازم تاوێک لە سەر تیۆری ئاماژەناســی (semiotic) لــە لای ڕۆلانــد بــارت (Roland Barthes) دەگیرســێمەوە، کە ســتوارت هاڵ بــە یەکێک لــە تیۆرییە گرنگەکانی بە تایبەت بە پرسی (ڕەنگدانەوە/ representation)ی دادەنێــت. مــن خــۆم ئەو بەشــەم لە بــەر لایەنــە گرنگەکەی بۆ ناسینەوە و خوێندنەوەی بەرهەمی وێنەیی و بەتایبەتیش وێنەی جووڵاو پێ گرنگە. ڕۆلان بارت (Roland Barthes: 1977) ئاماژەناســی (semiotic)و نیشــانەکانی بــە دوو یەکەی جیاواز پێناســە دەکات، کە مانای جیاوازیش هەڵدەگرن. واتە ڕوانینی سادە (Denotation) و قوڵبوونەوەی ئاماژەییانە(connotation)ــیە.

ڕوانینــی ســادە (Denotation) ئەو واتا ڕوون و ئاشــکرایەیە، کە ئێمە لە وشــەیەک یان سیمبۆلێکدا بەدیی دەکەین. بە واتایەکی دیکە، زۆر هاســانە ئێمە کۆدەکانی پشت ئەو ســیمبۆل و وشانە بکەینەوە لێی تێبگەین. بۆ نموونە هاســانە ڕەنگەکانی نێو وێنەیەکی دیزاینکراو لێک بکەینەوە و بڵێین لێرەدا شین بەکار هاتووە و ئەو بەشەی سوور کراوە. بەڵام ئــەوەی گرنگە ڕوانین یــان قوڵبوونەوەیەکی ئاماژەییانەیــە (connotation). ڕۆلانــد بارت دەبێــژی، قوڵبوونــەوەی ئاماژەییانــە ئەوەیە کــە کۆدی ئەو ئاماژانە بکەیەوە وا لە پشــت ســیمبۆلێک یــان وشــەیەکەوەن. بە وتەی ناوبــراو مانایەکی قووڵتــر، پەیامێکی قووڵتر هەیە لە پشت وشە و ڕەنگ و سیمبۆلەکانەوە. وێنەیەکــی دیزاینکراو بــە کۆمەڵێک ڕەنگی

جیـــاوازەوە دەتوانێ نیشـــانەی ئاڵای وڵاتێک بێت، یان ســـیمبۆلی بەرخۆدانێک بێت. وەک ئەوەی کە ئێمە ئێســـتا لە ئاڵای بزووتنەوەی کەســـانی (LGBTQ)دا دەیبینین. بە وتەی رۆڵاند بارت هاســـان نییە هەمیشە بتوانین لە مانای پشـــت وێنەیەک تێبگەین. لە روانگەی ناوبراوەوە پێویست نییە یان پەلەیەک لە ئارادا نییە تا مرۆڤ بتوانێ بە شـــێوەی ئاماژەییانە (connotation) لـــە بەرهەمێک قووڵ بێتەوە و بە ناخـــی ئاماژەکانیدا رۆ بچێت و ماناکانی پشـــت ئـــەو بەرهەمە هەڵێنجێـــت، بەڵام لە هەمان کاتـــدا دەتوانێ هەندێـــک ئاماژە یان مانای ســـەرەکی لـــە بەرهەمێکـــی مێدیایی و لە لایەن کەســـی وەرگر یـــان بەکاربەری بەرهەمەکـــە وەربگیردرێت (Barthes, 1977, s: 19). بـــۆ ئەو مەبەســـتە رۆڵاند بارت چەند کۆدێکی/ئاســـتێکی بەرهەمـــی مێدیایـــی دەسنیشـــان دەکات و وەریاندەگێڕێتـــەوە بۆ چەند چەمکێکی سەرەکی یان بنەرەتی:

- هونـــەری فێڵکـــردن و کاریگەرییەکانـــی (Trick effects). واتە وێنەیەک کە لە لایەن کۆمەڵێک ئاکتـــۆر یان مێدیاوە دیزاین کراوە. بۆ نموونە دیزاینکردنی وێنەی سیاسەتوانێکی تەواو لیبراڵ لە لای سەرۆکێکی کۆمۆنیست، یـــان وێنەیەک کـــە دەتوانێ ئامـــاژە بێ بۆ چەندین کەس.
- پۆزلێـــدان (Pose): واتـــە دەرکەوتـــن یان پۆزلێدانی کەســـێک لە وێنەیەکدا بۆوەی کە مانا و ئاماژەی قووڵ بگەیەنێت.
- بابەت یـــان بابەتگـــەل (Objects): رۆڵاند بارت دەبێژێ، گرنگترین شت ئەوەیە کە چۆن بابەتێک یان کەرەسەیەک لە وێنەیەکدا جێ دەکرێتەوە و دادەنرێ تا خوڵقێنەوەی ئاماژە و مانای قووڵ بێت.
- تەکنیکی وێنەگرتن و بەکارهێنانی تەکنیک لە وێنـــەدا (Photogenia): بـــە وتەی رۆڵاند بارت (Photogenia) پەیامی وێنەیەکە. ئەوەی کە وێنەیەک چۆن گیـــراوە، یان بەواتایەکی دیکـــە ئەو وێنەیە بە زەوقێکی تایبەتەوە و بە یارمەتیی نوور، روونکردنەوە یان رەشـــکردنی گۆشەیەک و هونەری چاپکردن نەخشێنراوە (Barthes, 1977, s: 23).
- ئیستاتیکا (Aestheticism): واتە وێنەیەکی هونەری، ئەوەی کە فۆتۆگراف یان خوڵقێنەری وێنەیەک لە هەستی خۆی کەڵک وەردەگرێ، تاوەکـــوو وێنەیەکی جوانتـــر بخوڵقێنێت. بە وتەی رۆڵاند بارت هونەری وێنەگرتن ئاوڕ بۆ هەندێک رەنگکاریی تایبەت دەداتەوە، بۆوەی یـــان خودی وێنەگرەکە بکاتـــە ئاماژە یانیش وێنەکە بە شـــێوەیەک بخوڵقـــێ کە بتوانرێ چەند ئاماژەیەکی قووڵ لە خۆیدا هەڵگرێت.
- ئاماژەی پشـــت چەند وێنەیەک (Syntax): ئـــەوەی کـــە چەنـــد وێنەیەک بـــە یەکەوە ئاماژەیەکی قووڵ (connotation) بخوڵقێنن. وەک ئەوەی کە دەتوانین لە زنجیرە وێنەیەکی ناو گۆڤارێکدا بەدیی بکەین.

## پێناس/ شوناس (Identity)

چەمکی پێناس/شوناس (Identity) تازە نییە، بەڵام پێناســـەکردنەوەی ئـــەوی دی «(Dis) identification چەمکێکـــی نوێیە. توێژەری فینلاندی ئێلینا ویستینێن (Elina Westinen: 2017) لە توێژینەوەیەکدا ئەو باســـە لەبابەت پەنابەران یـــان نەوەی دووهەمـــی پەنابەران لە فینلانـــد دێنێتە بەرباس. هەرچەندە کە ئەو چەمکە لە بابەت کەســـانی بە جنسیەت جیاواز لە شێوە کووێر(queer)ەکانیشدا بەکار دەبردرێت و زیاتر لایەنێکی ئەرێنی(Positive)ی هەیـــە. بەڵام من لێـــرەدا دەخوازم کەڵک لەو چەمکە وەرگرم بۆ مەســـەلەیەکی جیاواز. ئەویش «Dis)identification)ی نەک بەمانای پێناس/شوناســـی تاکەکەســـی بە ویســـتی خۆی، بەڵکوو ئـــەوەی کە کەڵک لەو چەمکە وەردەگیردرێـــت بـــۆ دارشـــتنەوەی پێناس/ شوناســـی تاکەکەســـی کورد بە شـــێوازێکی مەبەستدارانە.

وەک بنەمای تیۆری بۆ چەمکی پێناسەکردنەوەی پێناس/شوناس «(Dis)identification دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هەندێک بنەمای تیۆری لەسەر خودی چەمکی پێناس/شوناس. مانۆئێل کاستێل (Manuell Castells:2010: 3) لە سەر چەمکی پێناس/ شوناس دەڵێ لەو سەردەمەی گلۆباڵەدا کە ئۆرگانەکان، ئەنستیتۆکان، جووڵە و جۆری دەربڕینەکانیش بە شێوەی بەردەوام تێک دەدرێن، پرسی پێناس/ شوناس (Identity) گرنگتر دەبێتەوە و تەنانەت دەبێتە تاکە سەرچاوە بۆ مانا(Sense)بەخشین و مانا درووستکردن. لەسەر ئەو بنەمایە ئێلینا وێستینێن (Elina Westinen: 2017) چەمکی پێناسەکردنەوەی پێناس/شوناس دادەڕێژێتەوە. ناوبراو چەمکی پێناسەکردنەوەی پێناس/ شوناس «Dis)identification لە دژایەتی لەگەڵ هاوبەشی، سەربەگرووپبوون، جیاوازی و هەڵاواردن ـ یان بە واتایەکی دیکە خودی پێناس/شوناس (Identity)، بونیات دەنێت. لە ڕوانگەی ناوبراووە پێناسەکردنەوەی پێناس/ شوناس خۆی جۆرێکە لە دارشتنەوەی پێناس/شوناس، بەڵام ئەمجارەیان بە جێی ئەوەی کە پرۆسەیەکی جێگر و نەگۆڕ بێت، دەگۆڕدرێت بۆ پرۆسەیەک کە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕ و چالاکیدایە.

هەر لە دارشتنەوەی چەمکی پێناسەکردنەوەی پێناس/شوناسدا ئێلین وێستینێن ئاماژە دەکات تیۆری بروبەیکێر و کوپێر (Brubaker och Cooper: 2000) کە باس لە پرۆسەی گەیشتن بە پێناس/ شوناس (identifying processes) دەکەن. لە ڕوانگەی بروبەیکێر و کووپیرەوە، پێناس/ شوناس ئاماژەیە بۆ ئەو پێوەندییەی مرۆڤ لەگەڵ ئەوی دی هەیەتی و پێناسێکی کاتاگۆریکە (categorical). واتە دەرخەر یان نیشاندەری گرێدراوی و ئەندامەتیی کەسێک لە گرووپێکدا، یان سەر بە ڕەگەزرێکی تایبەت، ئیتنیکێک، زمان یان نەتەوەیەکی جیاواز بێت. هەر لەو بارەوە ڕوانگەیەکی دیکە هەیە، کە هی بلوممایرتە :Blommaert 2005 205“ و دەڵێ بۆوەی کە پێناس/شوناس ڕاست و دروست بێ، دەبێ ئەو پێناسە لە لایەن کەسێکی دیکەوە بناسرێتەوە. لە ڕوانگەی ناوبراووە تاکەکان لە نێو زۆریەک لە پێناسە لەبەردەستەکاندا بە دوای پێناسێکی تایبەت بە خۆیاندا دەگەڕێن، بەڵام دیسانیش مرۆڤ بەو پێناسە هەمیشەییە باوانەی وەک تەمەن، پلەی کۆمەڵایەتی، جنسییەت و ڕەگەز دەناسرێتەوە و ئەوەش زۆر جار دژایەتیی هەیە لەگەڵ ویستی کەسەکان یان تاکەکاندا.

بروبەیکێر و کوپێر (,Brubaker & Cooper 14 :2000-21.) لە درێژەی باسەکەیاندا پێیان وایە، کە مرۆڤ خۆی دەزانێت کە کێیە و چ پێناسەیەکی تایبەتی بۆخۆی هەیە، ئەوەی کە لە چ ئاست و پلەیەکەی کۆمەڵایەتیدایە، تەنانەت بە سەر توانایی ڕۆڵبینینی لە کۆمەڵگەی دەورووبەری خۆیدا زاڵە. هاوکات ئاماژە دەکەن بە مەسەلەی هاوبەشی، تێکەڵاویی مرۆڤ لەگەڵ کەسانی دیکە و گرووپێکدا کە هەستی گرێدراوی بەو گرووپە یان بەو نەتەوەیەوە بۆ مرۆڤ درووست دەکات.

## لێکدانەوەی زنجیرەی «نون خ»

لێکدانەوەی وردی زنجیرەی «نون خ» جیا لەوەی کە کاتی زۆر دەوێ، دەتوانرێ نامەی دۆکتۆراشی لە سەر بنووسرێت. بەڵام ئەوەی کە من لێرە و لە بابەتێکی نیوە زانستیدا دەیخەمە بەرچاو، لێکدانەوەیەکی گشتی لە کۆی دوو وەرزی ئەو زنجیرە تەلەڤزیۆنییەیە، کە لە تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا بڵاو بۆتەوە. لێرەدا تەنیا بە کورتی سەرنج دەخرێتە سەر خاڵە گشتییەکانی وەک، هۆکاری جەماوەرپەسەندبوونی زنجیرەکە، زمان و زاراوە، گرێدانەوەی کورد بە تاران، چۆنیەتیی نیشاندانی کورد و هێزە ئەرمەنییەکان

له دوو وێنەدا له ڕووداوەکانی ناو زنجیره تەلەفزیۆنییەکه و به کورتی خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت.

## نون خ، زنجیرەیەکی جەماوەر پەسەند

نزیک به سەرجەم بەرهەمه کولتوورییەکانی له شێوەی زنجیرەی تەلەفزیۆنی دەچنه خانەی بەرهەمی کولتووری جەماوەرپەسەند و لەسەدا نەوەدی ئەو بەرهەمانەش له چوارچێوەی بەرهەمهێنانی (کولتووریی) زۆر و بۆر(mass culture)دا جێگه دەگرن. زنجیرەی نون خ، یەکێک لەو زنجیرانەیه که له ناوەرۆکدا دەچینه خانەی نزمترین ئاستی بەرهەمه کولتوورییەکانەوە. چیرۆکی سەرەکیی بەشی یەکەمی زنجیرەی نون خ، باس له کەسێک (نورالدین خانزاده) دەکات، که تۆوی گوڵەبەڕۆژەی به بازرگانێکی تارانی فرۆشتووه و له ڕێگەی ئەو بازرگانەوه بەرهەمی گوڵەبەڕۆژەکه هەناردەی تورکیا کراوه. کاراکتەری سەرەکی واته (نورالدین خانزاده) تۆو گوڵەبەڕۆژەی کۆمەڵێک له جووتیارانی گوند/شارەکەی خۆیانی کڕیوەتەوه و داوێتی بەو بازرگانه تارانییه. بازرگانه تارانیەکه ڕۆژێک له پڕدا دەمرێ، له کاتێکدا پارەی خانزادەی نەداوه و پێی قەرزداره و خانزادەش به خەڵکی ئاوایی قەرزداره. لێرەدا خەڵکی ئاوایی زۆر بۆ خانزاده دێنن و تەنگی پێ هەڵدەچنن و ئەویش بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکەی ڕوو له تاران دەکات.

له وەرزی یەکەمدا کۆمەڵێک ڕووداوی دیکەی پێوەندیدار به چیرۆکەکه دێنه پێشەوه، که هیچکام لەو ڕووداوانه هیچ گرنگییەکی تایبەتیان نییه، له ڕاستیدا زیاتر ساده نیشاندانی خەڵک و گرفتاریان به کۆمەڵێک مەسەلەی ناڕاستەوەیه که هیچ ڕیشەیەکیان له واقعی کۆمەڵگەدا نییه. بەڵام هۆیەکی دیکەی ئەوەی که ئەو زنجیره تەلەفزیۆنییه بەرهەمێکی کولتووری جەماوەرپەسەنده ئەوەیه، که ئەو بەرهەمه له لایەن جەماوەی ئاساییەوه زۆر سەیری کراوه. یەکێک له هۆکارەکانی جەماوەرپەسەندبوونی ئەو زنجیرەیه سادەبوونی دیالۆگ و هەڵسوکەوتی ئاکتەرەکانی ناو فیلمەکەیه، که وا دەکات خەڵکی ئاسایی به ئاسانی تێی بگەن.

له وەرزی دووهەمدا هەوڵ دراوه کێشەگەلی تایبەت به خەڵکانی بوومەلەرزه و بەڵالێدراویی کورد له ناوچەی کرماشان بخرێته بەرچاو و، له ڕێگەی چیرۆکێکەوه بگێردرێتەوە. بەڵام لیرەشدا بەرهەمه هیچ گێڕانەوەیەکی جێگەی سەرنجی نییه و له ڕاستیدا زیاتر کایه به هەستی کەسانێک دەکەن که له بوومەلەرزەی چەند ساڵی ڕابردووی ناوچەی کرماشاندا هەموو ژیان و ماڵ و حاڵیان و تەنانەت کەسانی خۆشەویستیان لەدەست دا. له ڕاستیدا گێڕانەوەی کارەساتێکی تراژیدی به ئەکتێکی کۆمێدیی سەرپێیانه، تەنانەت دەکەوێته چوارچێوەی بێ ڕێزی به خەڵکی بەڵالێدراو. وەرزی دووهەم به هیچ شێوەیەک چیرۆکێکی بەردەوامی نییه که بتوانێ بەشەکانی ئەو زنجیرەیه به یەکەوه گرێ بداتەوه و، بتوانێ جێگەی لێ وردبوونەوەی زیاتر بێت.

بەڵام خاڵێکی گرنگی دیکەی ئەوەی که ئەو زنجیرەیه دەخرێته نێو بەرهەمگەلی جەماوەرپەسەند، ئەوەیه، که ئەو بەرهەمه له نێو چوارچێوه و بازنەی ئایدۆلۆژیی ئێرانی بەتایبەتی ئێرانی/کۆماری ئیسلامیدایه. واته ئەو زنجیرەیه بۆ ئامانجێکی تایبەت، لێرەدا هاندانی خەڵک بۆ سەیرکردنی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بەرهەم هێنراوه. هەروەها لاساییکردنەوەیەکی سەقەتی بەرهەمهێنانی زۆری کولتوورییه، که له ژێر ڕکێفی کۆماری ئیسلامیدا بەرهەم هاتووه و وەک جۆن ستۆری ئاماژەی پێ کردووه ئەو بەرهەمه دەکەوێته چوارچیوەیەکی کولتوورەوه، که له لایەن کەسانێکەوه بەکار دەبرێ یان باشتره بڵێن

سەیر دەکرێ کە یان مێشکیان سڕ کراوە یان بۆ سـڕکردنی مێشکیان ئەو کولتوورە بەرهەم هێنراوە.

## زمان، پێناس/شـوناس و ڕەنگدانەوەی/ representation کورد

زنجیـرەی تەلەفزیۆنـی «نـون خ»، باس لە بنەماڵەیـەک و گوندێـک دەکات کـە لەوە دەچی لە ناوچـەی کرماشـان هەڵکەوتبێ. جلوبەرگی بەشـدارانی زنجیرەکە کوردییە و لە زۆریەک لە دیالۆگەکانیشدا کاراکتەرەکان باس لـە کوردبوونیان دەکـەن. بەڵام زمانی قسـە و دەربڕینی فیلمەکە زمانی فارسـییە. ئاخاوتنی زمانی فارسی لە لایەن کوردەکانەوە و لـە زنجیرەیەکی تایبەت بە کورددا بۆ ئەوە نییە کە بڵێین با هاوولاتیانی دیکەی ئێرانیش لە زمانی کاراکتەرەکان تێ بگەن. ئەگەر خۆی دەرهێنەری فیلمەکە یان کاراکتەرەکانی وەها هەڵسەنگاندنێک بۆ هەڵبژاردنی زمانی فارسی بۆ زنجیـرەی نون خ بکەن، یان سـاویلکانە لـە مەسـەلەکە دەڕوانن یانیـش دەخوازن بە جۆرێک خـۆ لە قووڵبوونـەوەی زیاتر بۆ هەڵبژاردنی زمانی فارسی بۆ زمانی زنجیرەکە بپارێـزن. زمانی کوردی پێوەندیی بە پێناس/شوناسی کوردەوە هەیە و، کاراکتەری کوردی بە زمانەکەیەوە دەناسـرێتەوە کە کوردییە، لە ڕاسـتیدا وێنـە و بیرکردنەوەی و خەیاڵی کـوردی لە زمانی کوردیـدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوەی کە زمانی فارسی بۆ کاراکتەری کورد لە زنجیرەیەکی پێوەندیدار بە کورد و کولتووری کـورد هەڵبژێردراوە، لـە ڕوانگەی یەکەمەوە دەتوانین بڵێین ئەوە ڕەنگدانەوەی کاراکتەری کـورد نییە. بەڵام لـە وردبوونەوەیەکی زیاتر دەتوانین لە ئامانجی پشت هەڵبژاردنی زمانی فارسی بۆ زنجیرەی «نون خ» تێبگەین.

ئاماژەی پشـت هەڵبژاردنی زمانی فارسی بۆ زنجیرەیەکی کوردی، جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی کاراکتـەی کورد لە زمانی خۆی، کە وەک پێشـتریش وتم پێوەندیی بە پێناس/شوناسـی کوردەوە هەیە. لە ڕاستیدا کاراکتەری کورد ناتوانێ هەستەکانی، نواندن و ئاکتەکانـی لەگـەڵ ڕاسـتیی کۆمەڵگەی کوردی یـەک بخاتەوە، ئەگەر بـە زمانێکی جیاواز لە کوردی بئاخڤێ. بەڵام نیشـاندانی کـوردی فارسـی ئاخێـو، هەوڵێکـە بۆ لە بیربردنـەوەی زەین و زمانی کـوردی. واتە کۆدی پشـت هەڵبژاردنی زمانی فارسـی بۆ کاراکتـەری کورد تەنیا ئەوەیـە کە کورد لە پلەی یەکەمدا لـە زمانی کوردی داببڕدرێت. دواتر ئەوە هەوڵێکە بۆوەی کورد بە فارسـی ئاخێوەر نیشان بدەن، یان لە پلەی دووهەمدا ئەوە بچەسـپێنن کە زمانی خەڵکانی کورد، زمانی فارسییە نەک کوردی. بۆ ئەو مەبەستە زنجیرەی «نـون خ»، گرنگیی بـە لایەنێکی گرنگ لە زمان داوە، ئەویش کەڵک وەرگرتن لـە زاراوە (Dialect)یەکی تایبەتە کە لەمێژە بە زاراوی «فارسـی کرمانشـاهی» ناسـراوە. لە ڕاسـتیدا هیچ بەڵگەیەکـی مێژوویی یان بابەتێکی بێ لایەنانەی زمانەوانی لەبەردەست نییە کە بەڵگە بێ لەسەر هەبوونی زاراوەیەک بە ناوی زاراوی «فارسـی کرمانشاهی» وەک بەشـێک لە زمانی فارسـی، بـەڵام زاراوەی «فارسی کرماشانشاهی» هەوڵێکی سیاسییە بۆ گۆڕینی زمانی کوردی لە ناوچەی کرماشـان. ئێستا ئەو هەوڵە لە زنجیرەی

«نون خ»ـدا و زۆر زیرەکانە بە دیکۆمێنت کراوە. واتە ئـەو زنجیرەیە هاتووە کاراکتەری کوردیپۆشـی فارسـیئاخێوەری دروسـت کـردووە. ئامانجیش ئەوەیە کـە لە داهاتوودا زاراوەی «فارسـی کوردسـتانی» بکاتـە باو. ئەوەشـیان لە ڕێگـەی بـە کایەوەرگرتنی ئاکتەری کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان لـە زنجیرەکەدا بردۆتە پێشـەوە. تێخزاندنی ئاکتەرێکی سنەیی یان مەهابادی لە زنجیرەی «نون خ» و فارسـی قسـەکردنی ئەو ئاکتەرە جیاوازە لەگـەڵ ئاکتەرێکی کرماشـانی کە

فارسی دەئاخڤێ. بەڵام لە زنجیرەکەدا نەتەنیا بە هیچ شـــێوەیەک جیاوازی ناکرێت لەوەی کە ئاخاوتنی فارســـی ئەو کەســـانە جیاوازە، بەڵکوو بە شێوەیەک ئەو کەسانە بەو شێوەیە نیشـــان دەدرێن کـــە هەموویـــان هاووڵاتیی ناچەیەکـــی تایبەتـــن. لـــەو وێنەیەدایە ئێمە دەتوانین وێنەی هەموو کوردستان ببێنینەوە کە بە فارســـی قســـە دەکەن. خەڵکانێک کە زنجیرەکەدا دیارە جۆری پۆشـــینیان جیاوازە بەڵام زمانیان هەمان زمانی ڕەســـمیی ئێران واتە زمانی فارســـییە و بەشـــێکن لە خەڵکی فارســـیبێژ بـــە زاراوەی جیـــاواز (زاراوەی فارســـی ـ کوردســـتانی). بە واتایەکی دیکە (ڕەنگدانـــەوەی/Representation)ی کـــورد لەو زنجیرەیـــەدا ئەوەیە کە کورد خەڵکانێکی فارســـی ئاخێون. ئەگـــەر زمانیـــش بە پێی تیۆرییەکانـــی کە لە پێشـــتردا بـــاس کراوە پێوەندییەکی تۆکمەی هەبێ لەگەڵ کولتوور، کەواتە کولتـــووری کوردی لە زنجیرەی «نون خ»ـــدا بە پێی (دیســـکۆرس/ Discourse)ی هیرارشـــیانە دارێژراوەتەوە و هەوڵ دەدات بونیاتی کاراکتەری کوردیپۆشی فارسزمان بەهێزتر بکات.

خاڵێکـــی دیکـــەی جێگەی ســـەرنج لە پێوەنـــدی لەگەڵ زمانی ئاخاوتن لە زنجیرەی «نون خ»ـــدا، بەشدارێی ئاکتەرە ناکوردەکانە کـــە هەندێکیـــان هـــەر ناتوانن بـــەو زاراوە داتاشـــراوە قسە بکەن، کە ناوی نراوە (فارسی کرمانشاهی). بەڵام لە ناو زنجیرەکەدا زۆر بە وردی کار کراوە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسانە زیاتر بە شاری نێشان بدرێن و گرێ بدرێنەوە بە کەسانێک کە فێربوون و عادەتیان گرتووە «فارســـی ســـتاندارد» قســـە بکەن. لێرەشدا مەسەلەی پێناسی کوردی و زمانەکەی گرێ دراوەتەوە بە گوندیبوونەوە. تازە لێرەشدا ڕەوا نەبینراوە کارەکتەرەکان بە زمانی کوردی قسە بکەن.

لـــە کۆتایی ئەو بەشـــەدا ئـــەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکرێ هەوڵی ئەو زنجیرەی «نون خ» بۆ لەبیرنەکردنی زاراوە و زمانی فارسی بە منداڵانە. لـــە پەردەیەکی (Scene) زنجیرەکە لـــە وەرزی دووهەمدا دەبینین لـــە کاتێکدا خەڵـــک لە ژێر چادردا دەژین و قوتابخانەکان دارمـــاون و منـــداڵان لـــە دەرس و خوێندن دوور کەوتوونەتەوە، مامۆســـتای ئاوایی هەوڵ دەدات قوتابخانەیەک لە دەشـــت بۆ منداڵان دامەزرێنێت. لە دەرســـێکدا کە بەتەمەنەکانی ئاواییش تێیدا بەشـــدار دەکرێن، مامۆستاکە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بە ڕیتم و ئاوازکردنی وشـــەگەلی فارســـی منداڵەکان فێری فارسی بکات. هەروەک دەزانین دەرسی قوتابخانە لە ئێران بە تەنیا ناتوانێ زمانی فارسی بێت، بەڵام لە زنجیرەی «نون خ»ـــدا بە ئامانجەوە تەنیا کلاسێکی دەرس لە دەشتێکدا پێشان دەدرێ و ئەویش بە بەشداری هەموو گەورە ساڵەکان و لەوێدا دەرسی فارسی دەگوترێتەوە.

### گرێدانەوەی کورد بە ناوەند (تاران)ـــەوە

ئاراســـتەی چیرۆکی «نـــون خ» بەتایبەتی لە وەرزی یەکەمدا گرێدانەوەی کورد و کوردستان بە تاران و ناوەند-لێرەدا ئێران- دایە. لە یەکەم ڕوانینی ســـەرپێیانەدا ئەو چیرۆکە دەتوانین بپرســـین لەکاتێکدا کوردســـتان ســـنووری دەرچوونی هەمووی کاڵایەکی بازرگانی بەرەو تورکیـــا و وڵاتانی ڕۆژاواییـــە، چۆنە بەرهەمی کشت و کاڵی کوردی دەبێ بچێتەوە تاران و لەوێوە بڕواتە وڵاتانی دەرەوە!؟ بۆیە پێویســـت دەکات زیاتر لەو مەســـەلەیە قـــووڵ بێنەوە. لـــە هـــەردوو وەرزی زنجیرەی «نون خ»ـــدا بەرهەمی کشـــت و کاڵ وەک سیمبۆلێک کە تایبەتە بە خەڵکی ناوچەکە نیشـــان دەدرێت. لـــە وەرزی یەکەمدا تـــۆوی گوڵەبـــەڕۆژە و لەورزی دووهەمیشـــدا هەنار وەک سیمبولی ناوچە کوردســـتانییەکان دەناسێنرێت. خۆی بەرهەمـــی کشـــت و کاڵی یان سرووشـــت و ژینگە گرێدراوییەکەی تایبەتی بە کولتوورەوە

هەیــە. یەکــەم مانای وشــەی کولتــوور بە مانای چاندن و بەرهەم بەدەســتهێنانە لە ناو سروشــتدا (Johan Förnäs; Culture; 11). کەواتە لە ناو زنجیرەی «نون خ»ــدا ئەوەی بەرهەم دەهێنرێت تەنیا پێوەندیی بە خودی کوردەوە نییە، ئــەو بەرهەمە دەبێ بچێت بۆ ناوەند و بەرهەمێک بۆ هەموان بێت. لێرەدایە وەک چــۆن لە بواری زمانەوە زنجیرەی «نون خ» هەوڵ دەدات زمانی کوردی بســڕدرێتەوە و زمانی فارســی/کوردی جێگیــر بکات، لە بواری بەرهەمی کولتووری و سرووشتیشــەوە هــەوڵ دەدات کــورد زیاتر بە تــاران و بە چوارچێوەیەکی جوغرافیاییەوە بە ناوی ئێران گــرێ بداتەوە و بەرگ و پێناســەی نوێ بە باڵای کورد ببڕێت.

دواتر لە تاران شتێکی گرنگ ڕوو دەدات، کە لێــرەدا گرنگیی تایبەتــی هەیە. ئەویش (نورالدیــن خانــزادە) کە تووشــی پارێزەر-ئاخوندێکی ڕاســتگۆ و هــاوکات مۆدێرن بە پاشناوی (افشــە) دەبێت. ئەو پارێزە هاوکات لەگەڵ ئەوە کە مەلایــە (ئاخوندە) ناوبژیوانی فووتباڵیشــە. ئەوەی کە لــە زنجیرەی «نون خ»ــدا و بە مەبەســتی وەرگرتنەوەی قەرز، کوردێــک ڕوو دەکاتە تــاران و لەوێ کاری دەکەوێتە دەست مەلایەکی پارێزەر، ناتوانین بڵێین بە ڕێککــەوت کــراوە. کاراکتەری ئەو ئاخوندە وەک لە سەرەتاشــەوە باسم کرد، بە هیچ شــێوەیەک وەک کەسێک کە بیهەوێ فێڵ بــکات یــان حەقی کەســێک بخوات دەرناکــەوێ. هــاوکات ئەو ئاخونــدە وەک ناوبژیوانێکــی ڕاســتگۆ نیشــان دەدرێ، کە هەموو هەوڵــی خۆی دەخاتە گــەڕ تاوەکوو بەوپــەڕی ویژدانەوە عەدالەت بچەســپێنێت. ئــەو وێنەیە دووره لەو ڕاســتییەی کە کورد بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ســەردەمی کۆماری ئیســلامیدا ڕووبەڕووی بووەتــەوە. بــە تایبەتیتــر مــرۆڤ دەتوانێ کاراکتەری ئەو ئاخوندە لەگەڵ وێنەیەک کە لە زەینی مــرۆڤ کورددا لە ئاخوند خەڵخاڵی هەیە هەڵســەنگێنێ و وێنای بکات، ئەو کات دەردەکــەوێ کە هەوڵــی زنجیرەی «نون خ» زیاتر بۆ جوانکردن و جوان نیشــاندانی تاران و دەســەڵاتدارانی ئاخوندی ئێرانە، بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ مەســەلەی کوردستان و ئەوەی کە ئەوانیش کوردستان بە بەشێک لە خۆیان دەزانن و هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن بــۆوەی ڕەچــاوی دۆخــی (هاووڵاتیانیان) بکــەن و تەنانەت هەندێک نۆبەبڕیشــیان بۆ بکەن. وەک ئەوەی کــە لە خۆدی زنجیرەی «نــون خ»ــدا دەیبینین کــە ئاخوندەکە لە ساخکردنەوەی قەرزی کابرای مردوودا هەوڵ دەدات دانەوەی قــەرزی کاراکتەرە کوردەکە وەپێش بخات، لەبەر ئەوە کە بە وتەی خۆی، ئەو لە بارودۆخی نالەباری ئابووریی کوردەکە تێ دەگا.

### ناوەندە نیزامییەکان، کورد و چەک

لە لای هاووڵاتیــی کورد، تەنیا وێنەیەک کە لە نیزامییەکانی سەر بە حکوومەتی ناوەندی هەیــە، وێنــەی زەبروزەنگ و پێشــێلکردنی مافەکانــی کوردە. لە زنجیرەی «نون خ»ــدا ئەو وێنەیە تــەواو پێچەوانــە دەکرێتەوە. لە هەندێــک حاڵەتــدا و بەتایبــەت لــە تاران کاتێک کەسایەتیی سەرەکیی زنجیرەکە واتە «نون خ»، لــە هەموو شــتێک نائومید دەبێ و ناتوانێ وڵامــی قەرزدارەکانی بداتەوە، پەنا دەباتە بەر هێــزی ئینتزامی. لەو زنجیرەیەدا، وێنەیەکی دیکــە لە هێزی نیزامی نیشــان دەدرێت، کە ئەرکی ئەو هێزە تەنیا پاراستنی نەزم و ڕەوانەکردنــی پەروەندەکانە بۆ دادگا. لــە کاتێکدا وێنەی ڕاســتی هێزی نیزامی و ئەمنی لە کوردســتان، وێنەیەکی داپڵۆسێنەر و ســەرکوتکەرە، کە ســەر دەکاتــە هەموو جومگەکانی ژیانی تاکەکەسی مرۆڤی کوردەوە. لــە پەردەیەکی زنجیرەی «نون خ»ــدا و لە کاتێکــدا چەند کاراکتەری فیلمەکە لە لایەن



**وێنەی یەکەم**

هێزی ئیتزامییەوە دەسگیر دەکرێن، نورالدین خانزادە تەنیا بە دانانی تاڵێکی سمێڵی لە لای بەرپرسە نیزامییەکە، ئەو ڕازی دەکات، کە کەسە دەستگیرکراوەکان بۆ مەڕاسمێکی زەماوەند ئازاد بکرێن و دوای مەڕاسمەکە بگەڕێنەوە زیندان. واتە لێرەدا زنجیرەی «نون خ» دەخوازێ هەستی بڕوا و متمانە بە یەکبوون لە نێو خەڵکی کورد و کەسانی نیزامیی سەر بە حکوومەتی ئێران دروست بکات و وێنەیەکی پڕ لە میهرەبانی لە هێزی نیزامیی ئێران لە کوردستان نیشان دەدات. لە کاتێکدا وەک لەسەرەتاوە باسی کرا، وێنەی ڕاستەقینە لە هێزی نیزامی ئێران، وێنەی هێزێکی داپڵۆسێنەری بێ پرەنسیپە و هیچ متمانەیەک لە نێوان هێزی نیزامیی ئێران بە هەموو لق و بەشە جیاوازەکانییەوە لەگەڵ خەڵکی کورددا نییە. لێرەدا گرنگە بە پێی تێئۆری ئاماژەناسیی ڕۆلاند بارت، دوو وێنەی زنجیرەی «نون خ» ڕاڤە بکەین، کە تێیاندا کاراکتەری کاووس وەک کەسێکی لاساری عاشقە چەک نیشان دەدات و، دواتریش هەر ئەو کەسایەتییە بەوپەڕی ڕێزەوە لە لایەن هێزی نیزامییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت.

وێنەی یەکەم: لە ڕوانینێکی سادە (Denotation) مرۆڤێک دەبینین چەکێکی لە باوەش گرتووە و بە سەرێکی ئاڵۆز و ڕوخسارێکی خەماوییەوە دانیشتووە.

بەڵام کاتێک ڕۆدەچینە نێو قوڵبوونەوەی ئاماژەییانە (connotation) مرۆڤێک دەبینین کە بە ڕوخسارێکی پڕ لە خەمەوە چەکێکی بەدەستەوە گرتووە و لەوە دەچێ شوێنێکی چەکەکە کە لەوانەیە قۆنداخەکەی بێت، شکاوە. ئەو مرۆڤە جلی کوردیی لەبەردایە و باکگراوندنی وێنەی ئەو کەسەش لە ژینگەیەکی کوردی دەچێت، بەو پێیەی کە کورد هەرزاڵ و چادری ڕەنگاوڕەنگی هەیە و ئەوەش لە وێنەکەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت. تیکچڕژاوی و خەمی قووڵی کەسایەتیی ناو ئەو وێنەیە و ئەوەی کە وەک مرۆڤێک باوەشی بە چەکێکدا گرتووە ئاماژەیە بۆ گیرۆدەبوون و خۆشەویستیی ئەو کەسە بۆ چەکەکەی. واتە لێرەدا مرۆڤێکی کورد دەردەکەوێ کە خەمی شکانی چەکەکەی تێکی شکاندووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەگەر بۆ چیرۆکی ئەو کەسایەتییە بگەڕێینەوە و زیاتر زانیاریی لەسەر کۆ بکەینەوە دەبینین، کە ئەو کەسە کەسایەتیی ناو زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بە ناوی «نون خ» و لەو ساتەدا کە چەکەکەی لەباوەش کردووە، بوومەلەرزە گوندەکەی وێران کردووە و، ئەو خۆی لە چادردا دەژی. لە تەواوی پەردەکانی ئەو زنجیرەیەدا کە ئەو کەسایەتییەی ناوی (کاووسە) ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت و، تەنانەت لە کاتی بوومەلەرزەشدا هیچ کات ئەو کەسایەتییە بە قەت ئەو ساتەی کە چەکەکەی بە شکاوی لە باوەش گرتووە



**وێنەی دووهەم**

خەمگین نیشـــان نادرێت. هـــۆکاری ئەوەش ئەوەیـــە، کە ئـــەو وێنەیە یان ئـــەو پەردەی نمایشـــەی ناو زنجیرەی «نـــون خ» دەخوازێ بیســـەلمێنێت، کە کەسایەتسی کورد عاشقە چەکە و شکاندن و لەناوچوونی چەکەکەی لە هەموو شتێک زیاتر خەمگینی دەکات.

بـــەڵام ئەو کەســـایەتییە عاشـــقە چەکە لە یاســـا لادەرەوە، چۆن لـــە لایەن هێزێکی «یاســـا پارێز»ی وەک هێزی ئینتزامی ئێران هەڵســـوکەوتی لەگەڵ دەکرێـــت؟ وڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین لە وێنەی دووهەمدا بەدی بکەیـــن کە گرێدراوی وێنـــەی یەکەمە و، لە ڕاســـتیدا کۆمەڵێـــک پـــەردەی دیزاینکراوی ســـەر بەیەکن بۆ نیشـــاندانی ئەو شێوەیە لە کەسایەتیی کورد.

لـــە وێنـــەی دووهەمـــدا دەبینیـــن لە ڕوانینێکی ســـادەدا دەبینین، کە کاراکتەری کاووس لە ژوورێکدا و لە ســـەر مێز بەرامبەر کەسێکی نیزامی دانیشتووە. لە ڕوانێکی وردتر و قووڵتردا دەتوانیـــن بڵێین دیزاینی وێنەکە بە شـــێوەیەکە، کە کاووس سەیری بەرپرسە نیزامییەکە دەکات، بەڵام ئاراســـتەی ڕوانینی کاووس هاوکات بـــە ڕووی ئاڵایەکی کۆماری ئیســـلامی و هەروەها ئارمی ســـەر بە هێزی ئینتزامییە. کاووس لێرەدا و بەرامبەر ئاڵاکان و کەســـی بەرپرســـی نیزامی دەســـتەونەزەر دانیشـــتووە و واش وێدەچێـــت کە قســـە بۆ بەرپرســـە نیزامییەکـــە دەکات یـــان وڵامی پرســـیارێکی ئەو دەداتـــەوە. خاڵێک کە ئەو وێنەیە بـــە وێنەیەکی دیکەوە گرێ دەداتەوە ئەوەیە، کە کاووس چەکی هەیە و هەر ئەوەشە بووەتـــە هۆی ئەوەی بانگهێشـــتی بنکەیەکی نیزامی بکرێت. بەڵام جێگەی ســـەرنجە، کە بەرپرســـی نیزامی لە وێنەی دووهەمدا هیچ جـــۆرە توندوتیژییەکی تێدا بـــەدی ناکرێت، بەڵکوو تەنیا ڕوخسارێکی جیددی و بەویقاری هەیە.

بۆ زیاتـــر تێگەیـــش لەو وێنەیـــە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکی زنجیرەکە، بە تایبەتی ئـــەو چیرۆکەی کە پێوەندیـــی بەو وێنەیەی ســـەرەوە هەیە. کاووس لـــە بەر بوونی چەک و تەقەکردنی نایاســـایی بانگهێشـــتی بنکەی ئینتزامی کراوە. لە دیالۆگی کاووس و بەرپرسە نیزامییەکەدا، کاووس زانیارییەکانی خۆی لە بارەی چەکوچۆڵەوە بە بەرپرسە ئینتزامییەکە دەڵێ و، بەرپرســـە نیزامییەکەش تەنیا گوێی بۆ شـــل دەکا و دواتریش بـــە کورتی ڕوونی دەکاتەوە، کە کاووس کاری نایاسایی کردووە و، دەبێ کەیســـەکەی ڕەوانەی دادگا بکرێت. وێنەیەکی کە کاراکتەری ڕاستەقینەی کورد هیـــچ کات نەیتوانیـــوە تەجرووبـــەی بکات. بـــە هۆی ئەوەی کەســـانێک کە چەکیان پێ بووبێـــت یـــان زانیارییان لەســـەرچەکوچۆڵ بووبێت، بە توندترین شێوە سزا دراون. کەواتە لێرەدا تەنیا ئامانج ئەوەیە کە وێنەی کەســـی نیزامی و هێزەی ئەمنی لە کوردســـتاندا بەو

شـــێوەیە نیشـــان بدرێت، کە تەنیـــا هەوڵی پاراســـتنی ئاســـایش و نەمانی بێ-نەزمی و دەرچوون لە یاســـا دەدەنـــەوە. وێنەیەک کە لەگەڵ ڕاستیی سەرکوتگەریی هێزی ئەمنی و نیزامیـــی ئێراندا یـــەک ناگرێتەوە و ناتوانێ ڕەنگدانەوەی ئەو پێوەندییە واقعییە بێ کە لە نێوان هێزی ئەمنی و نیزامیی ئێران و خەڵکی کورددا هەیە.

## ئەنجام

بەڕێوەبـــەران و دەرهێنەرانی زنجیرەی «نون خ»، هەوڵیـــان داوە ئـــەو زنجیرەیە بە کورد و کوردســـتانەوە گرێ بدەنـــەوە. ئەوەی کە ئەو زنجیرەیـــە لە سرووشـــت و ژینگەی کوردیدا وێنەی گیراوە و کاراکتەری کوردیپۆشی هەیە، نیشـــان لە هەوڵی ئەو زنجیرەیەیە بۆ ئەوەی بتوانـــێ ڕەنگدانەوەی کولتـــوور و کۆمەڵگەی کـــوردی بێت. بەڵام ئـــەو ڕەنگدانەوەیە زیاتر هەوڵێکە بۆ دارشـــتنەوەی بونیاتی کولتوور و کۆمەڵگەی کوردی بە شـــێوەیەک کە لەگەڵ سیاســـەتی گشـــتیی حکوومەتـــی کۆماری ئیسلامی و کۆی فکری یەکدەستکردنی ئێران یـــەک بگرێتەوە. لە ڕاســـتیدا زنجیرەی «نون خ» هەوڵێکە بۆ دروســـتکردنی پێناســـێکی کوردیانـــەی فارســـیئاخێو. واتـــە هەوڵێکە بـــۆوەی، کە پێناســـی کـــوردی وەک نەتەوە و گرووپ بســـڕێتەوە و پێناســـێکی فارســـی بـــە ســـەردا ببڕێـــت. هەروەها لە مەســـەلی (ڕەنگدانـــەوە/Representationn)ی خەڵکی کورددا ئـــەو زنجیرەیە زۆر لایەنی ڕاســـتیی کۆمەڵگـــەی کـــوردی شـــاردۆتەوە و هەوڵی داوە ئەو کوردە دەســـتەمۆ و زەوینســـڕکراوە نیشـــان بدات، کە ویســـتەکانی لە تاران و بە زمانی فارســـی و لەلای دەسەڵاتدارانی ئێران جێبەجێ دەکرێـــت. ئـــەو زنجیرەیە هەوڵی ئەوەیـــە، کـــە متمانە بۆ هێـــزی نیزامی، کە ســـیمبولی داگیرکارییـــە لە کوردســـتان، لە لای خەڵکی کورد بکرێتەوە. هەموو ئەوانەش لـــە ڕێگەی مێدیا و بەرهەمێکی ئاســـتنزمی جەماوەرپەسەندەوە کراوە. بۆ ئەو مەبەستەش هـــەوڵ دراوە لـــە ڕێگـــەی دروســـتکردنی چیرۆکێکی خەیاڵییەوە(fictive)، وێنەیەک لە کورد و کۆمەڵگای کوردستان نیشان بدرێت، کـــە وێنەی ڕاســـتەقینەی کـــورد و خەڵکی کوردستان نییە.

## سەرچاوەکان


Blommaert, J., & Verschueren, J. (1998). Debating diversity. Analysing the discourse of tolerance. London: Routledge.

Barthes, R; Image Musik Text - Published 1977 by Fontana Press

Bourdieu, P; A Social Critique of t&e Ju agement of Taste: Published 1984, Translated by Richard Nice, Harvard University Press

Brubaker,R., & Cooper, F (2000: 1-24) Beyond «Identity»(1-47), Published by: Springer

Bennett, T; Popular Culture and Social Relations: Published 1986: Open University Press.

Fiske, J: Understanding Popular Culture, London: Unwin Hyman, 1989. A clear presentation of his particular approach to the study of popular culture.

Förnäs, Johan; Defending Culture, Conceptual Foundations and Contemporary Debate: Published by Department of Media and Communication Studies School of Culture and Education Södertörn University 2017.

Horkheimer, M, Adorno; Theodor W: Upplysningens dialektik, 1944, (svenska versionen 1996 bokförlaget Daidalos AB)

Hall, S; REPRESENTATION; First published in 1997, second published 2003, published by: SAGE Publications lnl

Story, J; Cultural Theory and Popular Culture: An Introduction, Eighth Edition: Published 2018 by Routledge

Westinen, E. (2017) “Still alive, nigga”: Multisemiotic constructions of self as Other in Finnish rap music videos; University of: Jyväskylä

Williams, R; vocabulary of culture and society: second edition 1983: Oxford University Press


¤. هەردووک وێنەی کە لێرە دا کەڵکیان لێ وەردەگیراوە لە گووگڵ وەرگیراوەن.

لینکی ئەو زانیاریانە لە ســـەر زنجیـــرەی نون خ لە ماڵپەڕی مێهری ئێران وەرمگرتوون.

https://www.mehrnews.com/news/4519130
https://www.mehrnews.com/news/4795773
https://www.mehrnews.com/news/4586484/

# کورد لە میدیای کۆلۆنیالیزمدا

ماردین ڕەحیم نژاد

”
کاتێک باس لە شەڕی نەرمی ئێرانییەکان لە دژی نەتەوەی کورد دەکەم ئەم شەڕە قەتیس نابێتەوە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو نەتەوەی کورد وەکو ویژمانێک و جیهانبینییەکی جیاواز و تەواوی کوردستان و بە تایبەتی ڕۆژهەڵات و باشوور لە بەرەی پێشەوەی هێرشەکانی ئێراندان. شەڕی نەرمی ئێرانی لە دژی کورد تەنیا لەناو سنوورەکانی ئێراندا جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو لە هەرشوێنێکی ئەم دنیایەدا تاکێکی گۆچکراو بە هزری ئێرانی هەبێت کە لە ڕاگەیەنەرێکدا کار بکات، یان تەنانەت لە لاپەڕەی تاکەکەسیی خۆیشیدا بێت، لەوێ وەکو سەنگەرێک بۆ شەڕی نەرم و دژایەتیی ڕاستەوخۆ لە دژی نەتەوەی کورد کار دەکات.
“

## پوختەی وتار

لەم سەردەمەدا کە ڕاگەیەنەرەکان بە شێوازێکی بەرچاو پەرەیان سەندووە و شەڕی نەرم و میدیایی بووەتە ئامرازی سەرەکیی خۆفەرزکردن لە جیهاندا، مانەوە و کێبڕکێ نەک بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و پارچەپارچەکراوی وەکو کورد بەڵکو بۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتە لاوازەکانیش ئەستەمە. نەتەوەی کورد کە پێش پەرەسەندنی ڕاگەیەنەرەکانیش لە دۆخێکی کۆلۆنی و لە مەترسییەکی جددیی سڕینەوە بە دەستی سێ کۆلۆنیالیستی فارس و تورک و عەرەبدا بوو، ئێستا پاش پەرەسەندنی ڕاگەیەنەرەکان، خێراییی ئەو پرۆژە مەترسیدارە زۆر زۆرترە و کۆلۆنیالیزم لە ڕێگای وشە و چەمک و سینەما و سازدانی وێنەیەکی نزم و خوار لە کورد و وێنەیەکی پیرۆز لە نەتەوەی باندەست بەردەوام ئەو پەیوەندییە ئەرباب و کۆیلەیە و ئەو پەیوەندییە ستەمکارانەیە بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵکو بتوانێت بە ئامانجی کۆتایی کە سڕینەوەی یەکجاریی نەتەوەی کوردە بگات.

لەم دۆخە هەستیارەدا کە بەرەی لاو و گەنجی کورد لەژێر هێژمۆنیی میدیای کۆلۆنیالیزمدان و مەترسیی چەواشەبوون و دوورکەوتنەوە لە شۆناسی نەتەوەییان لەسەرە، کورد ئەبێت چی بکات کە بتوانێت ئەو مەترسیانە بکاتە دەرفەت؟ پەرەسەندنی ڕاگەیەنەرەکان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە مەترسین بۆ نەتەوەی کورد، بە مەرجێک نەتەوەی کورد بتوانێت زانستیانە و لێبڕاوانە کەڵکیان لێ وەربگرێت بۆ پێچەوانەکردنەوەی کاریگەرییەکان، دەتوانێت باشترین دەرفەتیش بۆ هەڵتەکاندنەوەی ئاسەوارەکانی کۆلۆنیالیزم و، بە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەی کورد، هەل بۆ ڕزگاری و سەربەخۆبوون بڕەخسێنێت.

## وشەی گرینگ

میدیا، شەڕی نەرم، کۆلۆنیالیزم، نەتەوەی کورد، کوردستان

ڕاگەیەنەرەکان لە سەردەمی پەیوەندییەکاندا لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیان کاریگەرییان هەیە و بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو و هەرەگرینگی کۆمەڵگا و هەروەها بوونەتە ئامرازی سەرەکیی گەشەی فەرهەنگیی کۆمەڵگاکان. لەم سەردەمەدا بە کۆمەڵگایەک دەوترێت گەشەسەندوو کە لەپاڵ هەڵکشانی داهاتی سەرانە و بەرهەمی نەپاڵێردراوی ناوخۆیی و ڕێژەی مردن و پەروەردە، گرینگی بە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، یان بە واتایەکی تر، گرینگی بە دانایی کۆمەڵگا دابێت.

لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان ناسراوە، ڕاگەیەنەرەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە گەشەی فەرهەنگی و هەروەها گواستنەوەی میراتی فەرهەنگیی مرۆڤ لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا، چونکە ڕاگەیەنەرەکان بەرهەمەکانیان بەپەلە و بە بەربڵاوترین شێواز دەگاتە بەردەنگەکان.[٨]

هارۆڵد لاسوێل سێ ڕۆڵ بۆ ڕاگەیەنەرەکان دیاری دەکات: یەک؛ ڕۆڵی چاودێری بەسەر کۆمەڵگادا. دوو؛ ڕۆڵی درووستکردن و گەشەدان بە یەکیەتیی کۆمەڵایەتی. سێ؛ ڕۆڵی گواستنەوەی میراتی فەرهەنگی. دواتر چارلز وایت ڕۆڵی سەرگەرمکردنیشی پێ زیاد کرد.[٨]

لاسوێل دەڵێت، ڕاگەیەنەرەکان سێ ئەرکی سەرەکییان هەیە» **١** پاراستنی ژینگە **٢** چێکردنی یەکێتی لە نێوان بەشەکانی کۆمەڵگادا **٣** گواستنەوەی میراتی کۆمەڵایەتی لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر.[٨]

مێرتن و لازارسیف پێیان وایە کە ڕاگەیەنەرەکان چەند ڕۆڵ دەگێڕن: ئەرکی ئەخلاقی؛ پشتیوانی لە بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان؛ ئەرکی بەخشینی پێگەی کۆمەڵایەتی؛ ڕاگەیەنەرەکان بە ناساندن و بەرزکردنەوەی تاک، یان گرووپەکان دەبنە هۆکاری بەهێز و گاریگەرکردنیان لە کۆمەڵگادا. هەندێ ئەرکی نەشیاو وەکو سڕکردنی کۆمەڵگا؛ ڕاگەیەنەرەکان وەکو ماددەی سڕکەر هەستێکی

خەیاڵی بەشداربوون و چالاک دەبەخشن بە کۆمەڵگا کە لە واقعدا جێنشینی کردار و چالاکیی کۆمەڵایەتی دەبن»[٨]

کاتێک سەیری ڕوانگەکانی بیرمەندانی وەکو لاسوێل و مێرتن و لازارسیف دەکەین لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیەنەرەکان چەند پرسیارمان لەلا پەیدا دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی نەتەوەی کورد کە کراوەتە کۆیلەی چوار وڵات (بە هەندێ جیاوازی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان) میدیا بە چ شێوازێک لەلایەن نەیارانی کوردەوە وەکو کەرەسەیەک بۆ چاودێریی کۆمەڵگا کەڵکی لێ وەردەگیردرێت؟ چۆن میدیا دەتوانێت ببێتە هۆکاری پێکهاتنی یەکیەتیی کۆمەڵایەتی؟ لێرە یەکیەتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان کۆلۆنیالیستێک و بەکۆلۆنیکراوێکدا چ واتایەکی هەیە؟ ئایا یەکیەتی لە نێوان چەند نەتەوەی جیاوازدا و لەگەڵ نەتەوەیەکی فاشیستی و داگیرکەردا هیچ مانایەک غەیری سڕینەوەی نەتەوە بندەستەکان هەیە؟ لاسوێل دەڵێت، گواستنەوەی میراتی فەرهەنگی ئەرکی میدیایە. پرسیار ئەمەیە میدیا لە وڵاتێکی وەکو ئێراندا کام میراتی فەرهەنگی دەگوازێتەوە؟ ئایا کوردیش دەتوانێت میراتی فەرهەنگیی خۆی بە شۆناسێکی کوردییەوە بگوازێتەوە، یان ئەو میراتەیش کە هەیەتی ئەبێ تاپۆ بکرێت بە ناوی نەتەوەی کۆلۆنیالیستەوە و بە ناوی میراتی ئەوەوە لە یۆنسکۆ و .... بناسێنرێت؟


ئەو بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتیانە (مێرتن) چین و کامانەن کە ئەبێ میدیا لە وڵاتێکی وەکو ئێراندا کە ئاخنراوە لە فاشیزم و ستەمکاری ئەبێ بیانگوازێتەوە؟ لە وڵاتێکدا کە تەنانەت ئاخاوتن بە زمانی دایکت بە مەترسی دەزانێت و شیعەگەراییەکی فاشیستی بەسەریدا زاڵە، کام تاک، یان گرووپ دەناسێنرێن و بەرز دەکرێنەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا ڕێبەری بکەن؟ ئایا غەیری گرووپی « عەزادارانی حسێنی» و «ڕاهیان نور» و هەندێ لۆمپەنی فاشیستی وەکو مێهران مۆدیری و مەهناز ئەفشار و ... کەسی دیکە دەتوانێت دەربکەوێت؟ کۆلۆنیالیست لەناو نەتەوەی کورددا کام تاک و گرووپ بەرز دەکاتەوە بۆ ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگا؟ کام کوردە کە دەتوانێت لە شاشەی تەلەڤزیۆنی داگیرکەردا دەربکەوێت؟ بە گشتی وێنەیەک کە کۆلۆنیالیست لە نەتەوەی کورد نیشانی دەدات چ وێنەیەکە؟

ئەمانە و سەدان پرسیاری دیکە هەن کە دەکرێت بە دەیان کتێبیان لەسەر بنووسیت و سیاسەتی میدیایی کۆلۆنیالیزم سەبارەت بە نەتەوەی کوردیان پێی شی بکەیتەوە. لەم نووسینە کورتەدا هەوڵ دەدەم هەندێ لەو پرسیارانە وەڵام بدەمەوە.

### ئا) شەڕی نەرمی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی لە دژی نەتەوەی کورد

کاتێک باس لە شەڕی نەرمی ئێرانییەکان لە دژی نەتەوەی کورد دەکەم ئەم شەڕە قەتیس نابێتەوە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو نەتەوەی کورد وەکو وێژمانێک و جیهانبینییەکی جیاواز و تەواوی کوردستان و بە تایبەتی ڕۆژهەڵات و باشوور لە بەرەی پێشەوەی هێرشەکانی ئێراندان. شەڕی نەرمی ئێرانی لە دژی کورد تەنیا لەناو سنوورەکانی ئێراندا جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو لە هەرشوێنێکی ئەم دنیایەدا تاکێکی گۆچکراو بە هزری ئێرانی هەبێت کە لە ڕاگەیەنەرێکدا کار بکات، یان تەنانەت لە لاپەڕەی تاکەکەسیی خۆیشیدا بێت، لەوێ وەکو سەنگەرێک بۆ شەڕی نەرم و دژایەتیی ڕاستەوخۆ لە دژی نەتەوەی کورد کار دەکات.

لە واقیعدا سیاسەتێک کە لە بەرانبەر کورد گیراوەتە بەر، سیاسەتێکی هەزارڕوخسارە. کاتێک باس لە ئێران و ئێرانی فەرهەنگی دەکرێت و بابەتی «من و ئەوی دی» دێتە ئاراوە، کورد لەو پلانەدا منی ئێرانی و ڕەسەنترین قەومی! ئێرانییە و ئەوی دیکەی کورد دەبێتە تورک و عەرەب. بەڵام کاتێک



**کوردستان ئامانجی ناوەندی شەڕی میدیاییی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی**

باسی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە دێتە ئاراوە، کورد دەبێتە ئەوی دیکە و دەبێتە سیبلی ئامانجی تیرەکانیان و لە دوژمنایەتی و بە ئامانجگرتندا بەردەوام خاڵی ١٠ وەردەگرێت. بە لێکدانەوەی هەڵسوکەوتی ئێرانی لە بەرانبەر نەتەوەی کورددا زۆر بە ئاسانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە لایەکەوە کورد لە بازنەی منی ئێرانیدایە و بە پێکهێنەری سەرەکی و ڕەسەنی ئێران دێتە ئەژمار!! لە لایەکی ترەوە دوژمنی سەرەکی و یەکەمینی هزری ئێرانی، کوردە و زۆرترین هێرشی دەکرێتە سەر. لە بواری سیاسەتی ستراتژیکی درێژخایەنەوە دەتوانین ئەم دووفاقیە لە هەڵسوکەوتدا کە بە سیاسەتی تەڕک و گزەر ناسراوە، یان «هویج و چماق» (لە ئامێزت دەگرن و بە خەنجەریش لە پشتت دەدەن) ئاوا لێک بدەینەوە کە ئەوان شادەمارەکانی هێز لە دەستیاندایە و کوردیان کردووەتە کۆیلەی خۆیان، ئەوان کوردێک کە خاوەنی هزر و لێکدانەوە و فەلسەفەی ڕزگاری و شوناسی کوردی بێت دەدەنە بەر هێرش و تانە و تەشەر، بەڵام کوردێکی ئێرانی کە شوناسی خۆی لە شیعرەکانی فیردەوسی و ئەفسانەی ئارەش، یان نوورانیەتیی وەلایەتی فەقیدا دەبینێتەوە، لە ئامێز دەگرن. ئەگەر ئەم بابەتەیش لە بواری دەروونناسییەوە بە وردی لێی بکۆڵیتەوە، هۆکاری ئەو ڕێژە زۆرەی هێرش و دوژمنایەتیی نەتەوەی فارس لە دژی نەتەوەی کورد دەتوانێت ڕیشەی ترس لەو دوژمنایەتییەدا بە ڕوونی بدۆزنەوە.

بەپێی ئامارەکانی خودی کۆماری ئیسلامی، گەشەی فەرهەنگی لە ئێراندا یەکسان نەبووە و «هەندێک لە پارێزگاکان بەپێی بارودۆخێکی تایبەتی کە هەیانە لە ئاستێکی بەرزتردان. بۆ نموونە، تاران لە ڕووی ژێربینای سیاسی و ئابوورییەوە لە هەموو پارێزگاکانی تر جیاوازە و لە بواری گەشەی فەرهەنگییەوە لە پلەی یەکەمدایە و پارێزگاکانی سمنان و یەزد و ئەسفەهان (هەموویان فارسنشینن) لە پلەکانی دواتردان و دوای تاران زۆرترین ئیمکاناتی فەرهەنگییان بۆ تەرخان کراوە، بەڵام پارێزگاکانی ئیلام و کۆهگیلویە و بۆیرئەحمەد و ئەهواز و کوردستان و کرماشان و هۆرمزگان و خۆراسانی باشوور و بەلووچستان، کەمترین بواری ئابوورییان بۆ ڕەخساوە. پارامێترەکانی گەشەی فەرهەنگی بریتین لە نرخی خوێندەواری، پەرەسەندنی خوێندنی باڵا، ڕێژەی بوونی کتێبخانە و مۆئەسەسات و بنکەکانی خوێندن، ڕۆژنامە و گۆڤار، بەرنامەی دەنگوڕەنگ و....»[٧]

ئەوگەشە نەسەندووییەی کوردستان و ناوچە پەراوێزییەکانی دیکە لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەت لە بواری فەرهەنگیدا خۆی پرۆژەیەکی کۆلۆنیالیستیە بۆ ئەوەی هەم ناوچە فارسنشینەکان بەردەوام لە مەنتەلیتەی غەیرەفارسەکاندا وەکو قیبلەیەک هەستی بندەستی ببەخشێت بە پەراوێز، هەم بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی هزری و پەرتووک و ڕۆژنامە و گۆڤار و دەرکەوتنی تاکەکان و.... یەکلایەنە بێت و بەردەوام ناوەند سەرچاوەی زانیاریی پەراوێز بێت.

### ئا. ١) شەڕی نەرم:

جۆزێف نـــای دەڵێت، هێزی نەرم یانی «توانای گەیشتن بە ئامانجەکان لە ڕێگای دڵرفێنبوون و هێـــزی سرنجڕاکێشـــانەوە، بـــە جێـــگای بەکارهێنانی زۆر و جەبر و تەمبێ کە هەموویان بۆ شکڵدان بە یەکەمینەکانی ئەوی ترە»[٨]

جۆزێف نای دەڵێت، «شەڕی نەرم فۆرمێکی ناڕاســـتەوخۆ و ئاڵۆزی هەیە و زۆر ئەســـتەمە بزانین بەبێ بوونی فەرمانەکانی ئێمە، ئەوانی تر چۆن هەڵسوکەوتیان دەکرد. هەندێ جار ئێمە دەتوانیـــن بەبێ فەرماندان و بە تەنیا لە ڕێگای کاریگەرییـــەوە بـــە ئاکامی دڵخـــوازی خۆمان لەســـەر کرداری ئەوانی تـــر بگەین. لە واقیعدا ئـــەم ئیمکانە هەیە کە بەبـــێ هەبوونی هێزی هەســـتپێکراو بەســـەر ئەوانی تردا بە بەشێکی زۆری ئاکامە دڵخوازەکانی خۆمان بگەین.»[٨]

نـــای پێـــی وایـــە کـــە «هێـــزی نـــەرم گۆڕانکارییەکی مەزنی دروست کردووە و بووەتە هۆکاری کاڵبوونەوەی سنوورە نەتەوەییەکان. لە ئاکامدا سیاســـەت دەبێتە گۆڕەپانی کێبرکێ بۆ دڵرفێنبـــوون و مەشـــرووعیەت و ئێعتیبار. توانایـــی بەشـــداربوون لـــە زانیـــاری و جێی باوەڕبوون دەبێت بە سەرچاوەیەکی گرینگ لە دڵرفێنی و هێز.»[٨]

لە درێژەدا نای دەڵێت: «لە وەها دۆخێکدا، هێماکانی شـــەڕ و تەنگەژە لەنێوان وڵاتەکاندا لەسەر ئەساسی بابەتە سەربازی و ستراتژییەکان نابن. بەڵکو ئەکتەرەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی نەرم، یانی درووســـتکردنی وێنەیەکی پۆزەتیڤ و بەدەســـتهێنانی ڕەوایی لەنـــاو ڕای گشـــتی و ناوخۆیـــی و دەرەکی و هەروەهـــا کاریگەریدانان لەســـەر دەســـەڵاتی ناڕاستەوخۆی ئاوێتە بە ڕەزایەت، بە ئاکامەکانی خۆیان بگەن»[٨]

گەڕانی خێرا و بێســـنووری زانیارییەکان، پێکهاتەی نێونەتەوەیی و واتای ســـنوورەکانی گۆڕیوە لەســـەر ئەم گۆڕانکاریيانە جێیمز ڕۆزنا باسی «سیاسەتی پاش نێونەتەوەیی» دەهێنێتە ئاراوە و دەڵێت: «سیاســـەتی پاش نێونەتەوەیی چەمکێکی گونجاو و باشـــە، چونکە بە ئاشکرا باســـی داکشـــان و لاوازبوونـــی نوێنـــە (الگو) کۆنەکان دەکات، بەبێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە ئەم گۆڕانکاریيانە مۆمکینە لە کوێدا کۆتاییان پێ بێت و لە هەمان کاتیشـــدا کـــە ئاماژە بە کارکردی ســـەقامگیر دەکات، بەڵام دۆخێکی بەشاڵاو و ناسەقامگیرە. ئەم چەمکە (سیاسەتی پـــاش نێونەتەوەیی) ئاماژە بـــەو گۆڕانکارییانە دەکات کە شـــڵەژان و ئاشـــووبی جیهانی لێ کەوتووەتەوە»[٨]

### ب) کورد لە میدیای کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا:

لەم ڕۆژانـــەدا کـــە خەریکبووم ئـــەم بابەتەم دەنووســـی ئەم چەند فیلمە ئێرانییە کە لەسەر کورد ســـاز کراون، ســـەیرم کردنەوە. « اشک سرما، چ، ایســـتاده در غبار، کانی مانگا، تخته ســـیاه »، ئەزانم ئەمانە مشتێکن لە خەروارێک، بـــەڵام بۆ دەرککردنی سیاســـەتی کۆلۆنیالیزمی ئێرانـــی تەنیا ئەو چەند فیلمە ئەوەندە دیمەنی ناحەزی تێدایـــە کە دەتوانیت یـــەک کتێبی لەسەر بنووســـیت. بە گشتی کورد لە میدیای ئێرانیدا وەکو نەتەوەیەکی:

- دواکەوتوو؛ کە چەند کیلومەترێک ئەولاتری خۆیانیـــان نەدیوە و بە بینینی بێگانەیەک، یان فارسێک شاگەشکە دەبن!
- ناشارســـتانی؛ کە هێشتا پاکوخاوێنی نازانێت و سمێڵی گەورە گەورە و بۆیاخکراویان هەیە و ئۆسلووبی قسەکردن نافامن بە دەنگێکی نزیک لە سەڕەی گوێدرێژ (داوای لێبوردن) پێدەکەنن و ناتوانن بە پاراوی فارســـی قسە بکەن! چونکە لە قامووســـی هـــزری کۆلۆنیالیزمـــی ئێرانیدا فارســـینەزانین هێمای ناشارســـتانی و گێژیە و هەروەها هێشـــتا وەکو ئەشکەوتنشـــینەکان قیرەقیـــر و لوورەلوور دەکەن و هەندێ دەنگی سەیر و سەمەرە لە خۆیان دەردەهێنن!
- بێ هزر و ئاوەز و سادە و ساکار و گێل؛ کە بە هەموو بایەک شـــەن دەکا هەر لەبەر ئەو گێلی



**چەند وێنەیەک لە فیلمەکانی تختە سیاه،کانی مانگا و اشک سرما**

و سادەییە بە گوێی دوژمنان دەکات و چەک هەڵدەگرێت! هەربۆیە دەبێت قەیومێکی خاوەن شارستانیەتی هەبێت و حۆکمڕانیی بکات!

■ بێپلان؛ کۆمەڵێک چەکدار بەبێ پلان چەکیان هەڵگرتوە و نازانن چییان دەوێت!

■ سەرلێشیواو و جەردە و شەڕاشۆ؛ کە نازانێت دیسیپلین و سیستم چییە و ئەگەر لە سێبەری قەیومە شارستانیەکەدا نەبێت ورگی یەکتر ئەدڕن!

■ بە نامرۆڤ نیشاندانی کورد؛ سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان، واتە فارسەکان، یان کۆلۆنیالیستەکان بە دڵێکی پاک و خاوێن!!! و مرۆڤانە!! هاتوون کوردەکان بپارێزن، بەڵام ئەمان بەردەوام هێرش دەکەنە سەریان! یان زۆر نامرۆڤانە دیلەکان دەکوژن! و.... نیشان دراوە و نیشان دەدرێت.

چەند پەیڤی ناو فیلمەکان کە وەکو سیاسەتێکی فەرمیی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی، شێوازی تێڕوانین و هەڵسوکەوتی داگیرکەر بۆ کوردستان نیشان دەدات لە خوارەوە دادەبەزێنم. ئەمە ڕوانگەی هەموویانە لە هەموو ئاستەکاندا و لەلایەن هەموو کەسێکەوە بەرانبەر بە کورد پەیڕەو دەکرێت.

## ب. ١) لەناو فیلمی «اشک سرما» دا ئەم پەیڤانە جێی سرنجن

■ ئەم ناوچەیە خاوێن نییە! پاراستنی ئەم ناوچەیە زۆر گرینگە. کاتێک ئەچنە دەرەوە لەگەڵ کەس قسە مەکەن، لێرە سنووری نێوان دۆست و دوژمن دیار نییە! ئەبێ هەموویان وەکو بە دوژمن سەیر بکەن، مەگەر ئەوەی کە پێچەوانەکەی بسەلمێنێت! (یانێ ئەبێت بیسەلمێنێت کە ئێرانییەکی وەفادارە و بێتە بەرەی ئیمەوە بۆ شەڕ دژی هاوخوێنەکانی).

■ لێرە تیرهاوێشتن ئازادە! (پێویست بە شرۆڤە ناکات).

■ بهێڵە منی کورد ئازاد بم و مەڕەکانم بلەوەڕێنم! ـ تۆ ئازادی، بەڵام هەموو کاتێک کەسێک نییە لەو سەرەوە کە ئاگادارت بێت! (ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئاستی نەتەوەی کورد تا ڕادەیەک دابەزێنێت کە هەست بە داگیرکردنی خاکەکەی ناکات و عەقڵی بە مافی چارەی خۆنووسین و سەروەری و... ناشکێت تەنیا ئیزنی پێ بدەن کە مەڕەکانی بلەوەڕێنێت ئیتر هیچ کێشەیەکی نییە. بە واتایەکی تر نەک لە ئاستی نەتەوە بەڵکو لە ئاستی قەومیش دادەبەزێنرێت بۆ خێڵکی شوانکارەی نەفام).

■ حەسێبی ئەوانە کە چەکیان هەڵگرتووە جیایە! (ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوان، واتە داگیرکەران، نوێنەری یاسان و هاتوون کۆمەڵێک چەکداری یاغی کە بوونەتە بارگرانی و سەرئێشە بۆ خەڵک، لەناو بەرن! ئەوان داگیرکەر نین، بەڵکو پارێزەری ماف و کەرامەتی خەڵکن).

■ بەبێ هاودڵی و هاودەردی خەڵکی ئاسایی

پاراســـتنی مەقەڕەکانمان ئاسان نییە! (ئاماژەیە بۆ ئــەوەی کە لەگەڵ چــەک دڵی خەڵکیش بەدەست بێنن).

■ قەت بیرم نەدەکــردەوە کە خوێندەواری! تا ئێســتا نەمدیوە شــوانێک ڕۆمان بخوێنێتەوە! (ئاماژە بــۆ نەفام و نەخوێنــدەوار فەرزکردنی کورد).

■ ئێوەی کورد مرۆڤگەلێکی سادەن کە دڵێکی خاوێنتان هەیە و بە عەشــقەوە دەژین، بەڵام نۆقســانییەک کە هەتانە ئەوەیــە کە زوو بڕوا دەکەن و بە چەند وشــە ژێروژوور دەبن! هەر لەبــەر ئەوەیە کە ژیانتان وەکو شــنەبایە خێرا تــێ دەپەڕێــت و بەپەلە دەبێتە باهــۆز! لەناو باهۆزیشدا ناکرێت بە ئاسانی بژیت!

■ ناتهەوێت بێخەیــاڵ بیت و نەختێک بژیت؟ نــە من ئەم وڵاتەم خــۆش دەوێت، ئێرە ماڵی منە. نامهەوێت بــە ویزا بێم بۆ ئێرە! (ئاماژە بۆ ئەوەی کە کوردستان بە مڵکی خۆیان دەزانن و مانەوەیان لە کوردستان بۆ تاهەتایە).

لەم فیلمەدا دوو کاراکتەری فارســی لێیە کە یەکێکیان مرۆڤێکی توندوتیژ و ســەختگیر و ئــەوی دیکەیــان مرۆڤێکی خوێنــدەوار و ئەندازیارە و زۆر مرۆڤێکی هێور و شارســتانی و دڵپــاک و داوێنپــاک و دڵســۆزە کــە لــە ســەختترین دۆخەکانــدا بــەردەوام خەریکی خوێندنەوەیە و بە پێچەوانەی کەســی یەکەم کــە بڕوای بــە توندوتیژی هەیە بــڕوای وایە ئەبێت بچیتە ناو دڵی کوردەکانەوە. ئەم مرۆڤە شارستانییە لە کاتێکدا با و بۆران و بەفر لە چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا هەمووان ڕاودەنێت بۆ ماڵەکانیان، ئەو بۆ پاراســتنی کچە کوردێک کە پێشــمەرگەی نهێنیە و لەگەڵ مەرەکانیدا خەریکە ڕەق دەبنــەوە، لەجیاتی پادگانەکەی دەڕوات بۆ شــاخ و لــە ئەشــکەوتێکدا کچە کوردەکە کە بریندار بــووە دەپارێزێت. دۆخی کچــە کوردەکە کاتێک بەرەو باشــی دەڕوات و بە بیســیمێک کە لەناو ئەو ئەشــکەوتەدا بۆ کاری پێشــمەرگایەتی حەشــاری داوە لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی پەیوەندی دەگرێت. ئەوانیش پێی دەڵێن کە ئەبێ ئەو کەســە بکوژێت ئێمە بە شوێن ئەو کەســەوەین (مرۆڤێکی شارەزای مینە). لەناو دڵەڕاوکێیەکی زۆردا کچەکە چەند جار هەوڵ دەدات بیکوژێــت، بەڵام هێوری و نەریتبەرزیی کوڕەکە پاشــگەزی دەکاتەوە! بە پێچەوانەوە، کوڕە فارســەکە لــە خواردنەکەی خۆی بەشــی ئــەو دەدات و جلەکانی ئەدا بەو لەبەری بکات بۆ ئەوەی ســەرمای نەبێت. ئەم دووانە چەند ڕۆژ لەناو ئەو ئەشکەوتەدا بە تەنیا دەژین سەرەڕای ئەوەی کە کچە کوردەکە چەند جار بە ناز و عیشوە دەیهەوێت کوڕەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەڵام کوڕەکە هێندە ڕەوشت بــەرز و خاوێنــە نزیکی کچەکــە ناکەوێتەوە. چەندین جار فریادرەسەکە لە کەشوهەوایەکی ترسناکدا کە ســەگیش خۆی پێ ڕاناگیرێت، دەچێتە دەرەوە و دار ئەهێنێت بۆ ســووتاندن. دواهەمیــن جار کە کوڕەکــە دەچێتە دەرەوە کچەکە لەژێر گۆشاری پێشمەرگەکانی دیکەدا درگای ئەشــکەوتەکە بە بەفر دادەپۆشــێت و کوڕە فارســەکە ڕێگا ون دەکات و چەند مەتر لەوڵاترەوە ســەرما دەیبــات و ئەچێتە کۆماوە. کچەکە کە عاشــقی کوڕە فارسەکە بووە دوای ماوەیەکــی کورت پەشــیمان دەبێتــەوە و بە گریانەوە دەچێت کوڕە دەدۆزێتەوە و دەیهێنێت ڕزگاری دەکات. کاتێک کەشوهەوا باش دەبێت و هاوسەنگەرانی کچەکە بەم شتە دەزانن دێن کە هەردووکیان بکوژن! بەڵام کوڕەکە سەرەڕای ئەوەی کە کچەکە لاقێکی زامار بووە و ناتوانێت بچێت بەڕێدا، کچەکە لەژێر ئاگری گوللەبارانی هاوڕێکانیدا ڕزگار دەکات!

### ب. ٢) لەنــاو فیلمی «چ» دا ئەم پەیڤانە جێی سرنجن

■ ئەگەر تۆ خەلقت کردووە مافی کوشتنی ئەو ئاژەڵیشتە هەیە! بۆ بەرگری لە مافی هێسترێک کــە خەریکە ئەتۆپێــت و هاورێیەکی کوردی چەمران دەیهەوێــت بیکوژێــت! (ئاماژەیە بە

ئاستی مرۆڤایەتی و بەرەحمبوونی چەمران).
■ ئەمانــە (چەمران و هاوڕێکانی) کێن؟ ئەمانە مەلائێکەن! (ئاماژە بە فریشتەییبوون و خۆدایی و ڕزگاربەخشبوونیانە).
■ تــا دەنگی بانگ هەبێت بێهیوا مەبە! ( ئاماژە بۆ کــورد بــە کافرزانیــن و جێیبەجێکردنی حوکمی جیهاد).
■ ئەوان خەریکن بۆ خەڵکی ئاســایی فیشەک دەهاوێژن! و خەڵکی مەدەنی دەکوژن! ( ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوان، واتە فارسەکان، پارێزەری خەڵکن لە دەستی کۆمەڵێک چەکداری چەتە).
■ ئێمــە بــۆ یەکیەتــی هاتوویــن، نــەک بۆ تۆڵەسەندنەوە!
■ ســەربازی خۆمەینی پیاوی شەهادەتە، نەک تەسلیمبوون! (ئاماژە بۆ دلێربوونی خۆیان).
لە فیلمی «چ»دا دوو شت کە سرنجڕاکیش بــوون ئەوە بوون کە یەکــەم چەمرانیان وەکو فریشــتەیەک نمایش دەکرد کە بە دلێرییەکی بێوێنــەوە هاتووەتــە نــاو ئاگــر و گوللەوە و دەیهەوێــت خەڵک بپارێزێــت. دیمەنی دیکە کــە زۆر ناحەز بوو ئەوە بــوو پارتەکانی کورد (سۆرانین) بە کۆڵانەکاندا دەگەڕان و بە بڵندگۆ دژوێنیان بە هەورامی دەدا.

## ب. ٣) لەناو فیلمی «کانی مانگادا»دا ئەم پەیڤانە جێی سرنجن

■ ئێمە ئەوان نەکوژیــن، ئەوان ئێمە دەکوژن! (ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کورد کۆمەڵە خەڵکێکی بــە زگماکــی خوێنڕێژن و ئەبێ بــە زۆر و بە کوشــتن ملکەچیــان بکەیت، ئەگینــا ئەوان خوێنڕشتن لە زاتیاندایە و دەتکوژن).
■ ئێمــە لێرە شــوان بووین لەبــەر ئەوەی کە سەری چوار دانە پاسدارمان بڕی، مۆهیم بووین! (ئاماژەیە بۆ بە شوانزانینی کوردەکان. بەڵام بە سەربڕینی کەســانێکی بەناوبانگ و ناسراو، ناو و ناوبانگیان دەرکــردووە. هەروەها ئاماژەیە بۆ چەسپاندنی ڕوانگەی زاڵی سەربڕبوونی کورد).

## ب.٤) فیلمی «تەختە سیاه»

بۆ فیلمی تەختەڕەش پێویست ناکات پەیڤەکان بە نموونە بهێنمەوە، چونکە سەرتاپای هەمووی ســوکایەتی بــوو. تەنیــا ئاماژەیەکــی کورتی پــێ بکەم کە فیلمەکە بــە دیمەنی کۆمەڵێک تەختەڕەش بەکۆڵەوە دەســت پێ دەکات کە هێمای ســپای دانشــن و هاتوون خەڵکێکی نەخوێنــدەواری ناشارســتانی و بــە زۆرینــە پیروپاتاڵ، فێری زانست بکەن! بە ڕادەیەک ئەم خەڵکە شڕ و شــیتاڵ نمایش دەکرێن کە من وەکــو خەڵکێکی ئەو ناوچەیە ٣٠ ســاڵ پێش ئێســتایش وەها دەموچاوگەلێکــم نەدیتووە. ئــەم خەڵکە بــە ڕادەیەک نەخوێنــدەواری و ناشارستانین کە ئەو کەسەی کە وەکو مامۆستا هاتووە ژیانیــان ڕزگار بــکات، تەنیا دوو پۆل خوێندەوارییی هەیــە و دەیهەوێت دۆکتۆریش پەروەردە بکات بۆ ئەوەی ناوچەکە پێویستیان بــە دوکتــۆرە! ئــەم خەڵکــە ناشارســتانییە هەموویــان دژی خوێندەواریــن و ئەڵێن ئێمە کۆڵبــەر و بارەبەری خەڵکین و پێویســتیمان بە خوێندەواری نییە. لە ســەرەتای فیلمەکەوە تا کۆتاییــی فیلمەکە پیاوێک میــزی گیراوە و ناتوانــێ میز بکات و ئــەم میزگیرانە بووەتە کێشەی هەموو ئەو ناوچەیە! لە چەند دیمەندا خەڵکەکە بە چوار دەستوپێ وەکو ئاژەڵ دەڕۆن! لەناو جەماعەتێکی چەندسەد کەسیی پیاودا کە هەمووی بەرێ کەوتون بۆ میزگیرانەکەی کابرا! تەنیا یەک ئافرەتی تێدایە، ئەویش بە ڕادەیەک چڵکن و ناشارســتانی نمایش کراوە کە مرۆڤ بــە بینینی بیز لە ڕەگــەزی ژن دەکات. تەنیا کێشــەیەک کە زۆر بە زەقــی دەخرێتە بەرچاو کێشــەی ئابوورییە و خەڵک بەردەوام هاواری نانیانە و تەنانــەت کاتێک دیمەنی ژنمارەبڕین بەو شێوازە وەحشیانە کە لە فیلمەکەدا نمایش دەکرێت، تەنیا مەرج ئەوەیە سکی تێر بکات. لە دیمەنێکدا پیاوێکی پیر خەریکی شەنکردنە، کە چاوی بە مامۆســتا نەخوێندەوارەکە دەکەوێت بەپەلــە نامەیەک لە گیرفانی دەهێنێتە دەرەوە



چەند وێنەیەک لە فیلمی تەختەڕەش

کە مامۆستاکە نازانێت بیخوێنێتەوە و دەڵێت ئەم نامە لە کوێوە هاتووە، نازانم بیخوێنمەوە؟ کابرا دەڵێت لە عێراقەوە! لە وەڵامدا مامۆستاکە دەڵێت ئاخر وتم بۆچی نازانم بیخوێنمەوە بە فارسی نەنووسراوە، یان کوردییە، یان عەرەبییە! ئەم دیمەنە بۆ ئەوەیە کە زمانی فارسی بکاتە زمانی خوێندەواریی ئەو خەڵکە و کوردی (سۆرانی) و عەرەبی لەپاڵ یەکدا بکاتە زمانی بێگانە. هەروەها دەیهەوێت ئەوە بگەیەنێت کە تا پێش ڕەواجی زمانی فارسی کەس لەوێ خوێندەوار نەبووە! ئەمە لە کاتێکدا چەندین سەدەیە بەهۆی بوونی حوجرەکانەوە خوێندەوار لە کوردستان هەبوون و بە سەدان شاعیر بە زمانی کوردی شیعریان هۆنیوەتەوە. هەروەها لە دیمەنێکی تردا کە خەڵکەکە بۆ میزگیرانی کابرا چوونەتە دەرەوە ڕێگایان ون کردووە و چوونەتە ناو خاکی عێراقەوە و داوا دەکەن لە مامۆستا نەخوێندەوارەکە ڕێگاکە بدۆزێتەوە (ئاماژەیە بۆ ئەوە کە بە ڕادەیەک خەڵک دواکەوتووە کە مامۆستایەک کە دوو پۆل خوێندەواریی هەیە چرای ڕووناکی و ڕێبەر و زانایانە)! کاتێک دەگەڕێنەوە ناو خاکی ئێران هەموویان سوجدە دەبەن! ئەم دیمەنە هەم بۆ ئەوەیە کە ئاستی خەڵک لە ئاژەڵێکیش دابەزێنیت، چونکە بزنێکیش ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەزانێت، هەروەها بە مەبەستی ئەوەیش کە سنوور لەناو مێشکی خەڵکدا بکاتە حەقیقەت و ئەو دیوی سنوور هێمای بێگانە و هۆکاری دڵڕاوکێ و ترس و ئەم دیوی سنوور کە ئەبێتە نیشتمان (واتە ئێران) بە هێمای ئارامی و متمانە و ڕەوانەوەی ترسەکان بباتە ناو بیرەوەریی خەڵکەوە.

## ب. ٥) چەند خاڵی گرینگی دیکە کە لەناو میدیای کۆلۆنیالیزمدا بەردەوام دەبینرێت ئەمانەن

**یەکەم:** لە زۆربەی فیلمەکاندا چیرۆکی ئەویندارى هەیە و حەتم کچێکی کورد شەیدای کوڕێکی فارس دەبێت و شووی پێ دەکات و خەونی ڕزگاری لە دنیا و کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بەرەو دنیایەکی پێشکەوتوو و شارستانی دەست پێ دەکات! لە زۆرێک لەو چیرۆکانەدا کچەکە بەهۆی خۆشەویستییەوە خیانەت لە هاوسەنگەرانی دەکات.

**دووەم:** بەردەوام خۆیان بە پارێزەر و ڕزگارکەری نەتەوەی کورد نیشان دەدەن، لە کاتێکدا خۆیان سەرچاوە و هۆکاری هەموو کێشەکانی نەتەوەی کوردن.

**سێیەم:** بەردەوام لە دیمەنی زۆر مەترسیدار و نالەباردا قارەمانەکانیان بەبێ ترس و



دڵەڕاوکێ نمایش دەکرێن بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن کە تەواوی دەستکەوتەکانیان هی ڕەنج و ماندووبوونی خۆیانە و تەنانەت بۆ جاشە کوردەکانیش ڕەوا نابینن کە قارەمانی چیرۆکەکەیان بێت. بۆ نموونە، لە گەرمەی شەڕی پاوەدا لەو شەوەدا کە لە ئاسمانەوە ئاگر دەبارێت، چەمران بەتاقی تەنیا دەچێتە ناو جەرگەی پێشمەرگەوە و داوای وتووێژ دەکات، بەڵام پێشمەرگە قەبووڵی ناکات و چەمران دەگەڕێتەوە بۆ خەسەخانەکە بۆ پاراستنی خەڵکی مەدەنی! یان لە فیلمی «اشک سرما»دا سەربازە فارسەکە لە باوبۆرانێکی کوشندەدا کە ئاژەڵەکانیش خۆیان بۆ ڕاناگیرێت، لەجێی ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مەقەڕ و خۆی ڕزگار بکات، دێت کچە کوردەکە ڕزگار دەکات و دواتر کچەکەیش عاشقی دەبێت!

**چوارەم:** لە زۆربەی ئەو فیلمانەدا کاتێک قارەمانی فیلمەکە دەیهەوێت لە کوردستانەوە بڕواتەوە، خەڵک بە گریان و دڵگرانیەوە دێن داوای لێ دەکەن، تکایە مەڕۆ و بەجێمان مەهێڵە، ژیانمان پەیوەستە بە ئێوەوە. بۆ نموونە، کاتێک چەمران و ئەحمەد متەوەسێلیان ئەیانهەوێت بڕۆنەوە ئەوە ڕوو دەدات!

**پێنجەم:** لە تەواوی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا کوردەکان لە بەرەوە گوللەیان پێوە دەنرێت. قەت لە پشتەوە هیچ کوردێک گولەی بەر



**نیشاندانی بەردەوامی شەڕی هێزی خودایی و ئاسمانی و خاوەن دەسەڵات لەگەڵ جەماعەتێکی لاواز و زەمینی و بێدەسەڵات.**

ناکەویت! بەڵام فارسەکان بە زۆرینە لە پشتەوە گوللەیان پێوە دەنرێت! یان بە مین دەکوژرێن، کــە کــوردەکان چاندوویانــن. بــۆ نامرۆڤ و ترسنۆک نیشـــاندان و لە پشتەوە هێرشبردنی کورد ئەم دیمەنانە دەخولقێنن!

**شەشـــەم:** لە تەواوی فیلمەکاندا زۆربەی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکانی کورد و ئێران (فارس)، کورد بە کڵاشینکۆف و چەکی سووکەوە لەگەڵ هێزێکی ئاســمانیدا شــەڕ دەکات. هێزێک کە ئەوەندە بەهێزە کە لە ئاسمانەوە بە هەلیکۆپتەر دێــت و لەگــەڵ کۆمەڵێــک چەکــداری بێ دیســـیپلین و ناشـــارەزا و لاوازدا شەڕ دەکات. ئەم دیمەنە لە کۆتا فیلمی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی لە دژی نەتەوەی کــورددا (توکل) جارێکی تر نمایش کرابوو! کاتێک بەڕێز بارزانی و هاورێکانی بۆ پێشوازی لە قاسم سلێمانی هاتنە دەرەوە، بۆ ئاسمانیان دەڕوانی و ئێرانییەکان لە ئاسمانەوە دابەزیــن! خوڵقاندنی ئەم دیمەنانە هەمووی بۆ باڵادەستنیشـــاندان، بەهێزی و ئاســـمانیبوونی خۆیان و بچووک و بێدەســـەڵات نیشـــاندانی کوردە. چونکــە ئەگەر لە دیمەنــی فیلمێکدا کەسێک ئاسمانی نمایش بکرێت، ئەوە هێمای بەهێزی و بانسرووشتیبوونی ئەو لایەنە نیشان دەدات. ئەگەر ســەیری فیلمی ۱۰۰۰۰ ســاڵ پێش زایینتان کردبێت ئەو دەســەڵاتدارانە کە خاوەنی ئەســپ و هێزی سەربازیی بەهێزن لە لایەن قەبیلە بچووکەکانەوە بە هێزی ئاسمانی ناو دەبرێن کە باڵیان هەیە و لە ئاسمانەوە دێن.

## ج) خەباتی چەکداریی نەتەوەی کورد لە میدیای کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا

یەکێک لە کێشــە ســەرەکییەکانی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە تا ئەم ســاتەش لە خولقاندنی هێــزدا ژیرانــە هەنــگاوی نەهاویشــتووە و ویستوویەتی بەبێ شــادەمارەکانی هێز خەبات بکات کە ئەمە ئاکامی نابێت. چەک و ئابووری و زانســت، یا دانایی ســێ جــۆر هێزن کە لە هەمــوو قۆناغەکاندا، چ پێش درووســتبوونی دەوڵەت و چ پاش درووستبوونی دەوڵەت، بەبێ ئەو سێ چەشنە هێزە، مانەوە و سیاسەتکردن خولیایەکی منداڵانەیە.

ئالوێن تافلێر پێی وایە، هێز ســێ جۆرە: **١** هێــزی ماســوولکەیی، یــان ســەربازی، **٢** هێــزی پارە، یــان ئابــووری و **٣** هێزی دانایــی.[۲] هێــزی دانایی لە نێوان ئەو ســێ جــۆرە هێزەدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە و بە هەبوونی هێزی دانایی دەکرێت ئەو دوو جۆری دیکەی هێزیــش بخولقێنیت. بابەتێک کە زۆر جێگای ســرنجە بۆ ئێمەی کــورد لە خەباتی دژەکۆلۆنیالیســتیماندا ئەوەیە کە کۆلۆنیالیزم لەم سەد ســاڵەی ڕابردوودا بە کۆنترۆڵکردنی ئەم ســێ جــۆرە هێــزە، نەتــەوەی کوردی کۆنتــرۆڵ کردووە. تەنانــەت پرۆژەیەکی وەکو بەکۆڵبەرکــردن و هەژارکردنی نەتەوەی کورد و گوشارخســتنە سەر باشوور بۆ ڕادەستکردنی ســەرچاوە ئابوورییــەکان و تێکەڵاوکردنــی پێشــمەرگە و…. هەمووی بــۆ ئەوەن کە کورد خەڵکێکی دەستکورت و پرشوبڵاو و زەلیل بێت تــا نەتوانێت بیر لــە خوڵقاندنی هێز بکاتەوە و ئەو بەشــە لە نوخبەی کوردیش کە هەنگاویان بۆ دانایی هاویشــتوە، لەژێر دۆخی ئەســتەمی ژیاندا بڕووخێن و لە کۆمەڵگادا ببنە نوێنەکێکی شکست خواردوو و ڕێگای زانست و دانایی کە ئاکامەکــەی دەبێتە خوڵقاندنی هێزی دانایی و دوابەدوای داناییش هێزی ماســوولکەیی، یان ســەربازی و ئابووری، ڕەش و بەبــێ داهاتوو ببێت. تەنانەت لەم ساڵانەی دواییدا کە پرۆژەی کۆلۆنیالیزم بۆ « هەژار و دواکەوتوو هێشتنەوەی کوردستان » بەچڕی بەڕێوە دەبرێت، دروشمی زانست باشترە، یان سامان؟ گۆڕانکاری بەسەردا هاتــووە و خەڵــک تەرکیزی کردووەتە ســەر گەشەی ئابووری (لە ئاستی بخۆ و بژیدا) نەک گەشەی زانستی و دانایی.

شــەڕی میدیایــی ئێرانییــەکان لەدژی نەتەوەی کورد لــە هەموو دەزگا میدیاییەکاندا بەبێ وچان بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕێوە چووە

و بەردەوام هەوڵ دراوە نەتەوەی کورد گەمژە نیشان بدرێت کە سەری لە بابەتە گشتییەکان دەرناچێت و پێویستی بە قەیومێک هەیە کە کاروبارەکانی بۆ ئیدارە بکات و هەرکات کاراکتەرێکی کوردی لە شاشەی تەلەڤزیۆنی ئێرانی و فیلمێکی ئێرانییەوە دەرکەوتبێت وەکو مرۆڤێکی دواکەوتووی بێهزری ناشارستانی دەرکەوتووە کە لە کونەبەردەکاندا بە جلێکی چڵکن و سەر و ڕیشێکی دێز و ناشیرین دێتە دەرەوە و برنەوێکی لە شانە کە برنەوەکە نەک وەکو چەک بۆ ڕزگاری و پاراستنی کەرامەتی خۆی، بەڵکوو وەکوو چەکێک بۆ جەردەگەری و دزی و تالان و... لە شانی کردووە، نمایش دەکرێت. نیشاندانی ئەم وێنەیە لە کورد (کوردێکی بەردەوام برنەولەشانی دواکەوتووی بێهزری جەردە) هەم دەتوانێت کەسایەتیی کورد بهاڕێت بەمل یەکدا و ڕۆحی کوردی پێ برووخێنێت و لە مرۆڤبوونی بخات، هەم دەتوانیت شکۆی چەک و خەباتی چەکداری کە بەهێزترین سەنگەری پاراستنی شۆناسی نەتەوەییی کورد بووە، لە بەرچاو بخات. دەوڵەتە ناوەندییەکان خۆیان بە هێزی چەک تا ئێستا توانیویانە کوردستان وەکو کۆلۆنیەک بهێڵنەوە بە پێچەوانەی ئەوان کە بۆ داگیرکاری و زوڵم و زۆر و کۆلۆنیکردنی چەند نەتەوە چەکیان هەڵگرتووە، کورد بۆ ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی و گەڕاندنەوەی کەرامەتی ئینسانی چەکی هەڵگرتووە، بەڵام بە شەڕی میدیایی و هزری، چەکهەڵگرتنی کورد وەکو ئاژاوەگێڕ و ئەشرار و جەردەگەری و .... پێشان دەدەن و چەکی خۆیشان وەکو چەکی یاسا و چەکی پیرۆز.

هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێ دا، بۆ توانای ڕووبەڕووبوونەوە، نەتەوەی کورد پێویستی بە هەرسێ جۆرەکەی هێز هەیە، بەڵام شەڕێک کە کۆلۆنیالیزم لەگەڵ نەتەوەی کورد دەیکات ئەوەیە کە نەتوانێت ئەو شادەمارانە بخاتە دەستی خۆی. ئەو شەڕەی کە لە ئارادایە کۆڕەهەندە و لە لایەکەوە بە میدیا هێزی چەکدار، ڕەش و ناشیرین دەکات، لە لایەکی ترەوە لە ڕێگای کەسانێکی کورتبیری نەفسنزمەوە بە ناوی خەباتی ئاشتیخوازانە و مەدەنییەوە، شەڕی یەکێک لە سەرچاوەکانی هێز کە ئەویش هێزی سەربازییە، لەگەڵ نەتەوەی کورد دەکات. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە تاکی کورد خەریکە لە بوارە جیاجیاکاندا لە هێزی داناییدا گەشە دەستێنێت و ئەگەر تاکی کورد هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ پێشکەوتن لە هێزی داناییدا و بتوانێت ڕێکخستنێک لەنێوان دانایی کوردیدا چێ بکات، دوور نییە بتوانێت ئەو دوو جۆرە هێزەی دیکەیش بخولقێنێت و هاوسەنگیی هێز لەگەڵ نەیارەکانیدا دروست بکات.

## د) ئاژاوەگێڕیی بەردەوامی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی لە دژی نەتەوەی کورد

بە دروستکردنی هەزاران سایت و پەیجی فەیسبووکی و ئینستاگرام و ئیدارەکردنی هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بڵاوەپێکردنی دەنگۆ و پڕۆپاگەندەی پلان بۆدارێژراو، ئێرانییەکان لە شەڕێکی بەردەوامدان لە دژی نەتەوەی کورد.

«پێشتر لە سەردەمی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا لە ئەمریکا و ئاڵمان و... دەیان کلینیک هەبوون کە بە کلینیکی دەنگۆ دەناسران و ئەرکی سەرشانیان خولقاندن و بڵاوکردنەوەی دەنگۆ بوو، هەم لە دژی نەیارەکانیان بۆ ڕووخاندنی ورەی سەربازان و شێواندنی ئارامیی کۆمەڵگا و هەم بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک لە ناوخۆی وڵات.»[٣] ئەم جۆرە کلینیکانەیش لە ئێراندا هەبوون و هەن و لەژێر ناوی ڕێکخراوی پڕۆپاگەندە و ڕیکلامی ئیسلامیی سەر بە سپا، حەوزەی عیلمیە، وەزارەتی ئیتلاعات، ئاستانی قودس ڕەزەوی، دەزگای دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی و....

کاریان کردووە و پڕۆپاگەندە و تەبلیغات و بڵاوکردنەوەی هزری ئێرانی ـ شیعی لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە نانەوەی ئاژاوە و کێشە و دووبەرەکی و دوژمنایەتی و بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لە نێوان نەتەوە نافارسەکاندا کاریان بووە. دوای پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئێستا سپای سایبێری ئەم ئەرکە بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبات.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی هەندێ کەس ڕق و نەفرەتی ئیتنیکی و نەتەوەیی و نەژادییان هەیە و لە دژی کۆمەڵەیەکی تر کە هاوشێوەی ئەوان نین، دەنگۆ و درۆ و دەلەسە بڵاو دەکەنەوە «هەندێ ڕایان وایە کە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەستێکی ئازاربەخشی بەردەوامیان لە دەرووندایە بۆ لەدەستدانی خەون و خولیاکانیان، یان نەگەیشتن بە حەز و ئاواتەکانیان. هەربۆیە بەردەوام لە دژی ئەوانەی کە لە خۆیان نین دەنگۆ و درۆ و دەلەسە بڵاو دەکەنەوە، چونکە ئەوان بە هۆکاری ئەو کێشانە دەزانن.»[٣] ئەم بابەتە بۆ ئێمەی کورد دەتوانێت خۆی فاکت بێت بۆ چوونمان بەگژ کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا، چونکە هۆکاری ئەم هەموو دەنگۆ و کورد ڕەشکردن و دژایەتییەی کورد خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لە دوو نەتەوەی جیاوازین.

ئایا ئەو هەموو لاپەڕە و ماڵپەڕانە کە بۆ کورد تەرخان کراون، بۆ خەڵکی یەزد و ئەسفەهان و شیرازیش تەرخان کراون؟ هەم لە باشوور و هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەزاران پەیج و ماڵپەڕ و ... هەموو هەوڵەکانیان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی شیرازەی کۆمەڵگای کوردستان بشێوێنن بەمل یەکدا و خەڵک سەرقاڵی ئاژاوەی بچووک بچووکی بێدەسکەوت بکەن و پرسی سیاسی و ڕزگاریی نیشتمانی و شۆناسی نەتەوەیی لە بەرچاوی خەڵک ون بکەن.

دروستبوونی شۆناسی نەتەوەیی و وێژمانی بەهێزی کوردستانی، هێڵی سووری ئێرانییەکانە کە لە هەرشوێنێک درووست ببێت بە شێوازی جۆراوجۆر شەڕی میدیایی لە دژی بەڕێوە دەبەن. هەندێک لەم شەڕە میدیایانە ڕاستەوخۆن و بە ئاشکرا دژایەتی دەکەن. وەکو ئەو دژایاتییە سەرتاسەرییەی ئێرانییەکان کە لە سەردەمی ڕیفراندۆمی باشووری کوردستاندا بینیمان، هەندێک شەڕی دیکەی میدیایی هەن کە ناڕاستەوخۆن و بە شێوازی ناڕاستەوخۆ کۆمەڵگای کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبەن. چونکە کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بە باشی ئەوە دەزانێت کە ئەگەر واز لە نەتەوەی کورد بهێنێت و بە پیلانی جۆراوجۆر بەردەوام سەرقاڵی شتی بچووکی نەکات، کورد بە بەرزکردنەوەی ئاستی داناییی خۆی وێژمانێکی بەهێزی دژە کۆلۆنیالیستی دەخوڵقێنێت و وێژمانە شکستخواردووەکەی ئەوان دەنێتە گۆڕەوە.

## ڕ) لێکترازانی کۆمەڵایەتی

تەرکیزکردن لەسەر خوڵقاندنی ئاژاوە و قەیران و فیرقەگەرایی بۆ دانانی بەربەست لە بەردەم دروستبوونی شۆناسی نەتەوەیی، یەکێک لە سیاسەتە میدیاییەکانی ئێرانییەکانە لە بەرانبەر نەتەوەی کورددا. ئەگەر سرنج بدەین مەبەستی بەشی هەرەزۆری شەڕی میدیاییی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی دژ بە نەتەوەی کورد، کۆمەڵێک گرووپی تایبەتی و بەشێکی کۆمەڵگایە، نەک تاکەکان. لەبەر ئەوەی کە «گرووپ و زێهنی گشتی هەستەکی و بێهزرە.»[٥]

گراهام والاس و والتر لیپمەن پێیان وابوو کە گرووپ تایبەتمەندیی زێهنیی جیاوازی لەگەڵ تاکدا هەیە و بە هەست و سۆز دەخرۆشێت و ئەگەر شێواز و میکانیزمی خرۆشاندنی لە بەردەستدا بێت، دەکرێت بەکار بهێنرێت.[٧]

ترۆتر دەڵێت: «زێهنی گشتی بە واتای حەقیقی، بیری نییە. لەجێی ڕامان و بیرکردنەوە، زێهنی گشتی بە هەست و سۆز دەخرۆشێت.[٧]

بــۆ نموونە ئەم گرووپانە لە پلانی شــەڕی میدیایی کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا دەکرێنە ئامانج. بە ســەدان لاپــەڕە و ماڵپــەڕ و ... تەرکیزی کردووەتە سەر جیاوازیی شێوەزارەکان و وەکو زمانی جیاواز ناویان دەبات و شێوەزاری سۆرانی دەکاتە ئەوی دیکەی شێوەزارەکانی هەورامی و لەکــی و لوڕی و ...هتد. بە جۆرێک کە هەندێ کەس هۆکاری لاوازبوونی ئەم شــێوەزارانە بۆ سۆرانی دەگەڕێننەوە و حازرن بە فارسی قسە بکەن، بەڵام بە ســۆرانی نە! ئەم شــێوەزارانە (تەنانــەت ئەگــەر زمانی جیاوازیــش بن) بە تەنیا ناتوانــن لە بەرانبــەر هێژمۆنیی ئێرانیدا بەرگری بکــەن و دوای ئــەوەی ئێرانییەکان توانییان لەتوکوتیان بکەن و دوژمنایەتی بخەنە ناویانەوە، دانە بە دانەیان لەبن دەرێنێت.

نموونــەی دیکــەی شــەڕی میدیایی کە کۆلۆنیالیزمــی ئێرانی لــە دژی نەتەوەی کورد بە دەیان پەیــج و ماڵپەڕ خەریکە جێبەجێیان دەکات و دەتوانیــن ئامــاژەی پــێ بدەیــن، کەڵکوەرگرتنە لە ئایینی ئیسلام بۆ ڕووخاندنی خەباتــی نەتەوەیی کورد، ئەویــش بە چەند شێواز ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەبات. لە لایەکەوە هــەوڵ دەدات خەباتی ڕزگاریــی کورد وەکو خەباتێکی دژەئایینی و دژەئیســلامی نیشــان بدات بۆ ئەوەی زۆرینەیەکی مۆســڵمانی کورد تێکلاوی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردســتان نەبن و هەرجــۆرە توندوتیژییەکیــش کــە لە دژی نەتەوەی کورد دەیکات مەشروعیەتی پێ بدات. لە لایەکی تریشــەوە هەوڵ دەدات کە گرووپە ئیسلامییەکان لەناو کوردســتاندا بەهێز بکات و فەزای مەجــازی بۆ ئاوەڵا کــردوون، لەبەر دوو هۆکار؛ یەکەم ئــەوەی کە نەتەوەی کورد بۆ دنیای ئــازاد وەکو نەتەوەیەکــی کراوە کە زەرفیەتی پشتپێبەستنی هەیە، ڕەش و قێزەون بــکات. دووەم ئــەوەی کە تا ئێســتا گرووپە ئیسلامییەکان بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە پلەی چەندەمی ســتراتیژییاندا بووە و وەکو وڵاتانی دیکە نەیانتوانیوە شرۆڤەیەکی کوردی لە ئیسلام بکەن کە نەبنە پاشــکۆی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان. هەوڵێکی تری ئێرانییەکان کە لەم ساڵانەی دواییدا لە دەوروبەری کرماشان ڕووی دا و لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کرایەوە ئەوە بوو کە کۆمەڵێک مەلای تۆندئاژۆی سوننی هێرشیان کردە ســەر یارسانەکان و گەرەکیان بوو بەپێی پلانێکی داڕێژراو ئەو گەشەکردنەی ناســیۆنالیزمی کوردی کە لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان لە ئارادایە، تووشی شکست بکەن.

لــە کاتێکــدا خەباتــی کــورد خەباتێکی شۆناسخوازانە و ناسیۆنالیزمێکی سەردەمیانەی دێمۆکراتیکــە کە بــاس لــە ڕزگاریی خاک و نیشــتمان و پاراســتنی شۆناســی کوردی دەکات، نەک شــەڕ و دژایەتی ئایینەکان، یان ئالاهەڵگریی ئایینێکی تایبەت.

## ز) لاوازکردنــی ســامانی کۆمەڵایەتی و بەئێرانیکردنــی چەمکــە فەرهەنگی و شارستانییەکانی کورد

پاتنام دەڵێت: «سامانی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵێک بایەخ و نۆرمی هاوبەش لەنێوان ئەندامانی یەک کۆمەڵگا، یان گرووپ، یان بە سامانی هاوبەشی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەوترێت»، پاتنام دەڵێت: «سامانی کۆمەڵایەتی بە بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندیی نێوان خەڵک، دەبێتە هۆکاری کارامەیی و سەقامگیریی دەوڵەت و بەهێزبوونی سیستمی سیاسی. هەروەها سامانی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی ڕۆحی هاوکاری و هاوپەیوەندیــی نێــوان ئەندامانی کۆمەڵگا و لە ئاکامدا هەڵکشــانی متمانــەی کۆمەڵایەتی و توانایــی هزری زێهنیــی تاکەکانی کۆمەڵگا. دوائەنجامــی ئــەم دۆخــە دەبێتە هــۆکاری سەرکەوتنی هێزە هاوئاهەنگە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر لێکدابڕانی کۆمەڵایەتیدا.»[٨]

ســامانی کۆمەڵایەتی ســێ تایبەتمەندیی هەیە: ١ بەشداری، ٢ متمانەی کۆمەڵایەتی، ٣ ئاگایی و زانست.[٨]


پڕۆژەیەکــی ڕژدی کۆلۆنیالیزمــی ئێرانی





هەیە کە بەردەوام پرۆپاگەندەی بۆ دەکات بۆ ئەوەی (بەداخەوە بە هاوکاریی یەک دوو لایەنی دژەناسیۆنالیزمی کورد) شۆناسی کوردی و ناسیۆنالیزمی کوردستان و هێما کوردییەکان و ئاڵا و پێشمەرگە و پیرۆزییەکانی پەیوەست بکا بە لایەنێکەوە و بە ناوی دژایەتیی ئەولایەنەوە شەڕی پیرۆزییەکانی کوردستان و شۆناس و ناسیۆنالیزمی کورد بکات. چونکە «هێماکان یەکیەتیی نەتەوەیی دروست دەکەن.»[۵] کارەساتێک کە لەم قۆناغەدا بەهۆی هەڵەی پارتەکانی باشوور و کاڵفامییان سەبارەت بە کۆلۆنیالیزمی ئێرانی خەریکە دێت بەسەر باشووردا ئەوەیە کە بەردەوام لە فەزای مەجازیدا هەزاران پەیج و ماڵپەڕ و ... خەریکی ئەوەن کە لەگەڵ هەرجۆرە کێشە و قەیرانێکدا لەجیاتی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری باشوور بکەنە ئامانج، حکومەتی کوردستان و نالایقبوونی کورد بۆ حۆکمڕانی دەکەنە ئامانج و سووکایەتی بە ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە و هەموو بەها نەتەوەییەکانی کورد دەکرێت، بەڵام لە ئێران و تورکیا دوژمنترین و سەرسەخترین ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتانە قەت سووکایەتی بە نەتەوەی تورک و ئێرانی (فارس) و نیشتمانەکەیان ناکەن و پیرۆزییە نەتەوەییەکانیان ناڕووخێنن. ئەم دۆخە جیا لە هەڵەی حیزبەکان بەشی هەرەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی نەرم و میدیایی تورکیا و بە تایبەت ئێران.

شەڕی میدیایی ئەم دواییانەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی لەگەڵ نەتەوەی کورد بە بڵاوکردنەوەی چەند کورتەفیلم و چەند دیکۆمێنت، سەرەکیترین ئامانجی ڕووخاندنی سامانی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد بوو. لەم قۆناغە مێژووییەدا کە کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بەرەو لاوازبوون دەڕوات دەیهەوێت پێش ئەوەی بگاتە ئاستێکی مەترسیدار، کێشەی نەتەوەی کورد یەکلا بکاتەوە هەربۆیە بە هێرشێکی بەرفراوانی میدیایی دەیهەوێت سەرەکیترین دوژمن و بەهێزترین ویژمانی دژ بە خۆی لاواز بکات و بیرووخێنێت.

پرسیارگەلێک کە لێرە دێنە ئاراوە ئەمانەن کە نەتەوەی کورد یەک نەتەوەیە چ جیاوازیەک لە نێوان کوردی دڵخوازی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی و کوردێک کە دەکەوێتە بەر غەزەبیەوە هەیە؟ چ فاکتۆر و تایبەتمەندییەک دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە کۆلۆنیالیزمی ئێرانی کورد بکاتە دوو بەشی ڕەش و سپییەوە؟ بۆچی لەگەڵ ئەوەی کە کورد بە بنەڕەتیترین قەومی! ئێرانی دەزانێت، بێڕەحمانە هێرش دەکاتە سەری؟ کوردی ئێرانیی ئەسیل چ جیاوازییەکی لەگەڵ کوردی ئاژاوەگێڕی تەجزیەتەڵەبدا هەیە؟ هەروەها کە پێشتر ئاماژەم پێی دا نەتەوەی کورد لە خاڵی ناوەڕاستی هێرشی میدیایی و غەیرەمیدیایی




**پێناسەی کوردی لە کوردبوون**




**پێناسەی ئێرانی لە کوردبوون**

کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدایە و بە سەدان شێوە خەریکی کوشتن و لەناوبردنی نەتەوەی کوردە! پرسیارەکە ئەمەیە بۆچی کۆمەڵێکی زۆر کورد هەن کە لە شاشەی تەلەڤزیۆنی ئێرانییەوە دەر دەکەون؟ ئەو کوردانە چ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە کە چ لە ئێران بن چ لە ئۆروپا و ئەمریکا، چ نووسەر بن چ ئەکتەر و چ یاریزانی تۆپی پێ، دەرگایان بۆ ئاوەڵایە و ئەگەر ئاخوندیش لە ئامێزیان نەگرێت، ئەوا سەڵتەنەتتەڵەب و فاشیزمی ئێرانی داڵدەیان دەدات و دەیانهێنێتە سەر شاشە؟ کۆلۆنیالیزمی ئێرانی دەیهەوێت چی بەسەر کورددا بهێنێت کە لە لایەکەوە دەیرووخێنێت و دەیشکێنێت، لە لایەکی ترەوە سێلبریتییە ناسراوەکانی هان دەدات تاونەتاوێک جلی کوردی لەبەر بکەن و بێن نمایشی بدەن؟ بۆچی لە سەنگەرێکی کۆلۆنیالیزمی ئێرانییەوە بە جلی کوردی دەوترێت جلی شوانی و لە سەنگەرێکی ترییەوە پانئێرانیستەکان دێن جلە شوانیەکان بە شانازییەوە لەبەر دەکەن؟ ئەم دووفاقییە بۆ چییە، چییان دەوێت؟

کێشەی نێوان نەتەوەی کورد و کۆلۆنیالیزمی ئێرانی (فارس) کێشەیەکی جەوهەرییە لە پێناسەکردنی کورددا. کۆلۆنیالیزمی ئێرانی کورد وەکو پاژێک لە گشتێکی ئێرانی پێناسە دەکات، یان ڕۆڵ و شوێنی جەوهەر بە واتا دیکارتییەکەی بۆ ئێرانییەت وێنا دەکات و نەتەوە نافارسەکان بە پاژەکانی ئەو جەوهەرە، یان ئەو گشتە دەزانێت.

بە پێچەوانەی واتای فەلسەفیی گشتی، لە گشتی ئێرانیدا پاژ پەیوەندییەکی پێویست و ناچارەکیی لەگەڵ گشتدا نییە، یان بە واتایەکی تر گشت، جەوهەرێکە کە بوونی پەیوەست بە پاژەوە نییە، بەڵکو زۆرکارەتییەک لە بوونی پاژدا هەیە کە بوونی پەیوەستە بە گشتەوە. یانی لە پەنای گشتی ئێرانیدا پاژی کوردی واتای هەیە و سەرچاوەی بوونی کورد، ئێرانە. ئەم تێگەیشتنە لە پەیوەندیی گشت و پاژ، ئاستی کورد لە کاڵایەکیش دەهێنێتە خوارەوە. چونکە هەر کاڵایەکی هەیە، چ خاوەنێکی هەبێت، چ نەیبێت، ئەو کاڵا دەتوانێت ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت و ببێت بە هی کەسێکی تر، یان بێخاوەنیش بێت. بۆ نموونە، پێڵاوەکانی وریا، سەیارەکەی کەژاڵ و... پێڵاوەکانی وریا دەتوانن هی وریایش نەبن، دەتوانن تەنانەت بێخاوەنیش بن، بەڵام هەن، چ هی وریا بن، چ هی کەژاڵ بن، چ بێخاوەن بن، دەتوانن ببن. بەڵام لە ڕوانگەی ئێرانییەوە کوردی ئێرانی دەتوانێ ببێت، کوردی تورکی دەتوانێت ببێت، بەڵام کوردی بێخاوەن! یان کوردی کوردستانی نییە. یانی ئاستی فەزیلەتی کورد لە پێناسەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا خوارتر

له پێڵاوەکانی وریایە، چونکە پێڵاوەکانی وریا دەتوانن ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت و ببن بە هی هەزاران کەسی دیکە و تەنانەت دەتوانن ببێ بە ئەوەی هی کەسێکیش بن، هەر ببن. بەڵام کورد چونکە لە ئەساسدا لە زێهنیەتی ئێرانیدا نییە، ناتوانێت ببێ بە پاشگری ئێرانی و تورکی و... یان بە بێخاوەن ببێت!!

ئەم شێوە پێناسەکردنەی کورد تەواوی ناوەڕۆک و جەوهەری کوردی لە کورد وەردەگرێتەوە و لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا هەموو شتەکانی لێ زەوت دەکات و تاپۆیان دەکات بۆ خۆی و هێندە کوردبوون کاڵ دەکاتەوە کە خۆی نکۆڵی لە بوونی خۆی بکات. هێندە بێناوەڕۆکی دەکات کە ئیرادەی بشکێت و نەتوانێت پێناسەیەکی بووناسانە لە کورد بکات و کورد وەکو کاراکتەرێکی کوردستانی لە بەرانبەر کاراکتەری ئێرانیدا پێناسەی خۆی بکات.

کۆلۆنیالیزمی ئێرانی، کۆلۆنیالیزمێکی کۆڕەهەندە کە کۆمەڵێک پڕۆژە و پلانی فرەچەشنی لەخۆ گرتووە کە لەلایەن دەیان جۆر ڕوخسارەوە بەڕێوە دەچێت و هەموو ئەو دەم ڕوخسارانە و هەموو ئەو پرۆژانە لە پازێڵی گشتیی کۆلۆنیالیزمدا بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە. بەشێکی کۆمەڵگای کورد بە ئایین کۆیلە دەبێت، بەشێکی بە هێزی سەربازی، چ وەکو ترساندن و چ وەکو بوون بە ئەندامی هێزە ئەمنییەکان، بەشێکی بە پارە و پێدانی کار و پێگە کۆیلە دەکرێت، بەشێکی بە شوێنکەوتنی هزری ئاکادیمیسیەنی کۆلۆنیالیزم کۆیلە دەکرێت، بەشێکی بە تێکلاوکردنی هەستی مۆسیقایی و شەیدابوونی مۆسیقای ئێرانی کۆیلە دەکرێت، جیاوازیش نییە گۆرانیبێژی فارسی لۆسانجلۆسنشین بێت، یان هی ناوخۆ، هەندێ بەشی دیکە هەن کە بە فوتباڵ، یان بە ئەکتەرەکانی سینەما و سێلێبریتییەکانی فەزای مەجازی کۆیلە دەکرێن و دەکرێنە ناو قەفەسی ئێرانییەتەوە و..... هەموو ئەو ئاستانە لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئێرانییەوە ئاگایانە و بە باشی ڕێک دەخرێن بۆ ئەوەی بتوانن لە کۆتاییدا ڕۆحی سەرکێشی کوردی و خواستی ئازادیی کورد و هزری سەربەخۆیی کورد بکوژن و لە مرۆڤبوونی بخەن و بیکەنە کۆیلەی خۆیان.

هەروەکو کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بە هەموو شێوازێک لە هەموو ئاستەکاندا کورد دەرووخێنێت، سووکایەتی بە زمان و فەرهەنگی دەکات، زمانی دەکاتە زمانێکی ناوچەیی، جلەکانی دەکاتە جلی شوانی، تەواوی مێژووی هەڵدەوەشێنێتەوە و بە دڵخوازی خۆی دەینووسێتەوە، ناوچە کوردستانییەکان بە پلانێکی کلۆنیاڵیستی پەڕاوێز و هەژار دەکات و سامانەکەی دەباتە ناوەند و بیابانەکانی لووتی پێی ئاوەدان دەکاتەوە، کورد وەکو خەڵکێکی نەفامی ساویلکە نیشان دەدات، ناوی مرۆڤکوژ و کۆڵبەر و ئەسیل و غەیور و... بە پلان دەسەپێنێت بەسەریدا، پێشمەرگە دەکاتە چەتە و پیاوکوژ و... و بە پێچەوانەوە خۆی دەکاتە ناوەندی شارستانیەتی دنیا و زمان و فەرهەنگ و پێگە و شوناس و هزری خۆی، جلی خۆدایی و ئاسمانی لە بەر دەکات و سپا و بەسیج دەکاتە هێزی ڕزگاریبەخشی مرۆڤایەتی و....! بەڵام هێشتا کوردی زۆر هەن کە شەیدای خۆتێکەڵاوکردن و خۆدەرخستنن لە شانۆی کۆلۆنیالیزمدان! هۆکار چییە؟ ئایا غەیری ئەوەیە کە ئەو کوردانە لە دۆخێکدان بە ناوی دیالکتیکی سوردل؟ دیالکتیکی سوردل بەوە دەڵێن کاتێک دایک لە منداڵەکەی تووڕە دەبێت، دەیکوژێت، دژوێنی پێ دەدات، نەفیی دەکات، ئازاری دەدات، بەڵام منداڵەکە بۆ ئەوەی لە هێرشی دایکی خۆی بپارێزێت پەنا دەباتەوە بۆ دایکی، ئەویش دەست لە ئازاردانی هەڵدەگرێت. ئەم کوردانەش کە پەنا دەبەن بۆ شانۆی کۆلۆنیاڵیزمی ئێرانی بۆ دەرکەوتن، (چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە) لە واقعدا تووشی دیالکتیکی سوردلی منداڵ بوون و بۆ

پارێزگاری لە هێرشـــی کۆلۆنیالیزم چوونەتەوە ئامێزی کۆلۆنیالیستەکان!

## و) مۆدێرنیزاسیۆنی کۆلۆنیالیزم

دانیـــەل لێرنێر Lerner دەڵێت، ڕاگەیەنەرەکان ڕۆڵی ســـەرەکییان هەیە لە گۆڕانکاری لە بەها تاکەکەســـی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا و دەتوانێـــت ماتۆڕی گۆڕانکارییـــەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ســـۆننەتی بێت. لێرنێـــر دەڵێـــت، ڕاگەیاندنـــەکان دەتوانن بە بەرهەمهێنانی نزامێکی ئەرزشی ببنە هۆکاری ڕووخانی کۆمەڵگای ســـوننەتی و تێپەڕاندنی کۆمەڵگای سوننەتی بۆ کۆمەڵگای مۆدێرن کە هۆکاری پەککەوتنی نوێبوونەوەی کۆمەڵگاکانە. ئەم کارە کاتێک ڕوو دەدات کە چاوەڕوانییەکان و ئاســۆی ڕوانیـــن بەربلاوتر دەبـــن و خەڵک لـــە بـــواری هـــزری و خولیاییـــەوە خوازیاری جێنشینبوونی دۆخی ژیانی باشترن بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان.»[٧]

لێرنێـــر دەڵێـــت، ڕاگەیەنـــەرەکان ڕۆڵـــی ســـەرەکییان هەیـــە لـــە گۆڕانکارییـــەکان و مۆدێرنیزەکردنـــی کۆمەڵـــگادا. ئایـــا میدیای کۆلۆنیالیـــزم ئەو ڕۆڵە پۆزەتیڤـــە کە لێرنێر بۆ مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا باســـی لێوە دەکات، دەیگێڕێت؟

مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاســـیۆن لە ڕوانگەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا نەک بە مانای گۆڕانکاریی پۆزتیـــڤ و ئەرێنییـــە لـــە کۆمەڵگایەکـــی ســـوننەتییەوە بـــۆ کۆمەڵگایەکـــی مۆدێـــرن، بەڵکـــو بـــە واتای گۆڕانـــکاری و ســـڕینەوە و ئاسیمیلەکردن و یەکسانسازیی نەتەوە غەیری فارسەکان بۆ قبووڵکردنی فەرهەنگی فارسییە. لە هزری کۆلۆنیالیســـتیدا فارس بەپێی پلان و نەخشـــەیەکی داڕێژراو و بـــە هێزی ئابووری و میدیایی، جێگە و پێگەی ســـەرتر و بانتری بۆ دابیـــن دەکرێت و نمایـــش دەکرێت بۆ ئەوەی کە ببێتە هێمـــای مۆدێرنیتـــە و بەختەوەری و نەتەوە بندەســـتەکانیش بـــە پێچەوانەوە بە هێمای دواکەوتوویی نیشان دەدات، بۆ ئەوەی هانیان بدات بۆ ڕزگاری لە دۆخی ســـوننەتی و گەییشـــتن بە بەختەوەری و ژیانی باشتر، پەنا ببەنە بەر فەرهەنگی زاڵ و تەسلیمی نەتەوەی باڵادەست ببن.

## ز) هاتنـــی پاپای ڤاتیکان بۆ باشـــووری کوردســـتان و میدیـــای کۆلۆنیالیزمی ئێرانـــی (BBC/FARSI و /FARSI VOA و... هاوئاهەنگی لەگەڵ میدیای ناوخۆی ئێراندا)

لە یەکەم چرکەساتی گەیشتنی پاپای ڤاتیکان بۆ عێراق میدیای کۆلۆنیالیزم زۆر بە گرینگییەوە باســـی دەکرد بـــە جۆرێـــک ڕۆژی چەند جار هەواڵەکانی سەفەرەکەی پاپایان بڵاو دەکردەوە. بە تایبەت لـــە ڕۆژی چوونی پاپا بۆ لای عەلی سیســـتانی، هێندە بە بایەخـــەوە هەواڵەکەیان بڵاو دەکردەوە کە وا هەستت دەکرد سیستانی مەرجەعی هەموو پانئێرانیزمە و پاپا ســـەردانی کـــردووە. بـــەڵام کاتێک پاپا بەرەو باشـــووری کوردســـتان بـــەڕێ کـــەوت، هەواڵـــی هاتنی پاپایان بە شێوازی چەواشەکارانە بڵاو کردەوە، بۆ نموونە، بی‌بی‌ســـی مانشـــێتی هەواڵەکەی بەو شـــێوازە دارشـــتبوو «پاپ ســـەردانی ئەو ناوچانـــەی باکووری عێراق دەکات کە پێشـــتر لەژێر کۆنترۆڵی داعشـــدا بوون»، لە قامووســـی ئێرانیدا باشووری کوردستان، باکووری عێراقە، ئەم هەواڵە دەقاودەق ئەو ئەدەبیات و لۆژیکەی لەگەڵدایە کـــە لەناو فیلمی «تـــوکل»دا دژ بە نەتەوەی کورد و پێشمەرگە و...، ساز کرابوو. لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەم هەواڵەکەی بی‌بی‌سی و هەم فیلمی «توکل» ئەو ئامانجە لە پشتیانەوە بوو کە بڵێن کوردســـتان کەوتووەتە دەســـتی داعش، بەڵام بە قارەمانیەتیی شاســـوارەکەیان، قاسم سلێمانی ڕزگار کراوە.

## ن) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

مارتین لیبیکی دەڵێت: «تەکنۆلۆجیای زانیاری

و پەیوەندییەکان فەزایەکی نوێی لەپاڵ دنیای واقعی و ئۆبژکتیڤدا پێک هێناوە کە بە فەزای سایبێری ناسراوە. گرینگترین تایبەتمەندیی فەزا نوێیەکە ئەوەیە کە پەیوەندییەکان کۆنترۆڵ ناکرێن و بەشێکی زۆری چەمکەکان وەکو شەڕ و سەرکەوتن گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. گۆڕانکاری لە کەرەسە و شێوازەکانی شەڕ، شێوازی نوێی شەڕی زانیاری لە فەزای مەجازیدا، بەدوای خۆیدا هێناوە کە بۆ سەرکەوتن و شکستدانی دوژمن، پێویست بە ئامرازی توندوتیژی نییە، بەڵکو سەرکەوتن بە مانای گەیشتن بە ئامانجی بێ خوێنڕشتنە.[٩]

بەهۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان ناسینی سنووری نێوان زانیاریی دروست و هەڵە زۆر ئەستەم و هەندێک جار نامومکینە. پۆل ڤیریلیۆ Paul Virilio دەڵێت: «هەوڵ دەدەن واقعیەتی مەجازی لە واقعیەتی ڕاستی بەهێزتر نیشان بدەن.» ڤیریلیۆ پێی وایە: «بۆمبی زانیاری و پەیوەندییەکان هێندەی بۆمبی ناوەکی مەترسیدارە. چونکە بۆمبی زانیاری دەتوانێت بیرەوەریی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکان و تەنانەت کۆمەڵگای نێونەتەوەییش لە چاوتروکانێکدا بە هەڵڕژاندنی لافاوی زانیاریی یەکلایەنە، لەناو ببات.»[٩]

وائل غونیم چالاکی ئینترنێتیی میسری لە ساڵی ٢٠١١ لە لووتکەی بەهاری عەرەبیدا وتی: «ئەگەر وڵاتێکی ئازادتان دەوێت، تەنیا ئینترنێت بدەن بە خەڵک.» بەڵام پێنج ساڵ دواتر لە وتەکەی پەشیمان بووەوە و وتی: «بڕیار نییە هەر ئاڵوگۆڕێک بە ئینترنێت هاتە ئاراوە، پۆزەتیڤ بێت.»[٩]

شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی هەرچەند بە فەزای مەجازی ڕێک خران، بەڵام ئاکامەکەی شۆڕشێک نەبوو کە دیموکراسییەکی سەقامگیری لێ بکەوێتەوە.

یۆرگێن هابێرماسیش پێی وایە دەتوانی لە ئینترنێت کەڵک وەربگری بۆ بەهێزکردنی بزاڤە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

لە دانیشتنێکدا لە نێوان دانیەل کانمەن، براوەی خەڵاتی نۆبڵ و ریچارد تالێر، براوەی خەڵاتی پۆلیتزر لە ساڵی ٢٠٠٨ ئاماژەیان بەوە دا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاسانی دەتوانن لە سەرەتاییترین هەستەکانی ئێمە کەڵکی پێچەوانە وەربگرن. هەروەها کانمەن لە سمینارێکدا لەژێر ناوی (هزر، سەبارەت بە هزر) باسی دوو جۆر بیر دەکات کە بە سیستمی ١ و سیستمی ٢ ناسراوە. سیستمی ٢ بە واتای بیرکردنەوە و بڕیاردانی لۆژیکی و هێور و ئاگاهانەیە. لە لایەکی ترەوە سیستمی ١ بیرکردنەوەی بەپەلە، هەستەکی، کلێشەیی و ئۆتۆماتیکی و ناخودئاگایە. فەیسبووک و تویتەر و زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەساسی سیستمی ١ کار دەکەن. لایەنگرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرینگییەکی زۆریان داوە بە ڕوانگەکانی کانمەن لەبەر ئەوەی دەیانهەوێت بزانن کە چۆن بتوانن سیستمی ١ جێگیر بکەن و سیستمی ٢ شکست پێ بێنن.[١٠]

چامات پالیهاپیتیان، جێگری پێشووی سەرۆکی فەیسبووک دەڵێت: «کۆمپانیاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئامرازێکیان پێک هێناوە کە دەبێتە هۆکاری هەڵتەکاندنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. چونکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زێهنی بەکاربەرانیان دەدزن.»[١٠]

جەیمز ویلیامز، سەرۆکی پێشووی ریکلامکردنی گووگڵ دەڵێت: «ڕاگەیەنەرەکان و تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵ بەو مەبەستە ساز کراون کە لە خاڵی لاوازی دەروونی ئێمە کەڵک وەربگرن و ئێمە بۆ ئامانجێک ڕابکێشن کە لەگەڵ ئامانجەکانماندا هاوئاهەنگ نەبێت.» جەیمز هەنگاوێکی دیکە دێتە پێشەوە و دەڵێت: «ئابووری ئەو پێشەفەرزانەی کە دیموکراسی لەسەری بنیاد نراون، ژێراوژوور دەکات.» لە درێژەدا جەیمز دەڵێت: «ئامانجی ڕاگەیەنەرەکان دزینی زێهنی مرۆڤە.»[١٠]

ئەو کەسانەی کە شۆڕشی فەیسبووکیان

هــان دەدا، لــە راســتیدا ئــەم واقعیەتەیان جــەژن دەگرت کــە دژکــردەوەی بەرانبەر و هەســتە توندەکان جێنشــینی هەڵوێســتی ئارام بووە. ســەرکەوتنی سیســتمی ١ بە سەر سیستمی ٢دا شۆڕشێکی ڕاستەقینەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.[١٠]

چەند پرســیارێک کــە لێرە دێنــە ئاراوە ئەوەیە کە بۆچــی کۆلۆنیالیزمــی ئێرانی لەم ســاڵانەی دواییــدا زوومــی کردووەتە ســەر تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و زۆرترین شــەڕی خۆی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان دەکات؟ ئایا ئەگــەر کۆلۆنیالیزمی ئێرانی دڵنیــا بووایە کە لە شــەڕی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە نەتەوە نافارســەکانی دۆڕاندووە، قەت ئیزنی دەدا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هیچ چالاکییەکیان لەناو ئێراندا هەبووایەت؟ ئایا بەو ڕێژە زۆر و بەربڵاوە ئیزنــی دەدا کــە ئینتەرنێت بگاتــە دوورترین گوندەکانی کوردستان؟

یەکەم: هەروەکو لە ســەرەوە ئاماژەمان پێ دا، کانمــەن پێی وایە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریــی لەســەر بیرکردنــەوەی جــۆری سیســتمی ١ دادەنێت کــە بیرکردنەوەیەکی بەپەلە، هەســتەکی، کلێشــەیی و ئۆتۆماتیکی و ناخودئاگایە. هەربۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوەی دەتوانێت دەرفەت بێت بۆ ئێمەی کورد، دەتوانێت هەڕەشەیەکی جددیش بێت.

دووهەم: لاو و گەنجــی ئێمە بە زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندان و زۆر بە کەمی لەپای تەلەڤزیۆنی ئێرانیدا دادەنیشــن و ئەمە بووەتە دەرفەتێــک بۆ ڕاوکردنی گەنــج و لاوەکانمان و درووســتکردنی پەیوەندیــی ڕاســتەوخۆ و دوورخستنەوەیان لە کێشە سەرەکییەکان.

سێیەم: ئەگەر داگیرکەر دڵنیا بووایەت کە شــەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــی بە نەتەوەی کــورد دۆڕاندووە و بووەتە مەترســییەک بۆی هەموو تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێتی لە کوردســتاندا دەپچڕاند. بۆیە لەسەر هەموومان فــەرزە ئاوڕێکی جددی لەســەر ئــەم بابەتە بدەینەوە و پێشــمەرگەی سایبری پێک بێنین بــۆ ئیدارەکردنی گەنجەکانمان بۆ هەموو جۆرە زەوقێک بۆ هەموو جۆرە تەمەنێک پلانی تۆکمە و گونجاوی هەبێت.

لە ڕاگەیەنەرە گشتییەکانی وەکو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و...دا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی یەکلایەنــە لەنێــوان هەناردەکــەری پەیام و وەرگری پەیامدا درووســت دەبێت و بەردەنگ هیــچ ڕۆڵێکی لە هەڵبژاردنــی ناوەڕۆکدا نییە. بەڵام لــە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــدا پەیوەندیی دوولایەنەیە و بەردەنگ دەتوانێت خۆی ناوەڕۆک هەڵبژێرێت و تەنانەت خۆیشی ئەو ناوەڕۆکەی کە خۆی بە باشــی دەزانێت بڵاوی بکاتەوە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەنگ کۆی خەڵک نییــە، بەڵکو ئەو کەســانەن کــە پەیوەندییان پێکــەوە هەیــە. بەپێــی لێکۆڵینەوەیەک کە (ifd Allensbach) (ڕێکخــراوی لێکۆڵینــەوە لەســەر ڕای گشتی) لە حەفتاویەک لە سەدی ئەڵمانییــەکان ٧١٪ لە ســاڵی ٢٠١٨دا وەکو ســەرچاوەی هەواڵەکان بەکاری هێناوە، بەڵام لــە ســاڵی ٢٠١٧دا ئــەم ڕێژە ٩٪ بــووە کە ئەمــە ئاماژەیە بــەوەی کە ئینتەرنێــت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاتوونەتە ناو ژیانمانەوە.[١٠]

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ئۆلگۆریتمێک کە پێیان دراوە ئەو بابەتانە دەخەنە بەردەستی بەردەنــگ کە حەزیان لێ دەکات! یانێ کاتێک بەردەنگ شتێک کە حەزی لێیەتی و بەدوایدا دەگەڕێت، ئینترنێتیش ئەو جۆرە شــتانەی پێ پێشنیار دەکات و دەیانخاتە بەردەستی، هەربۆیە ئەمە شــێوازێکی نادیمۆکراتە کە بەردەنگ لە کێشە بنەڕەتییە سیاسییەکان، بێئاگایە و کێشە بنەڕەتییــەکان بە خێرایی لە بەرچاو ون دەبن. کێشە بنەڕەتییەکان لەنێوان گرووپی بچووکدا سنووردار دەبنەوە و بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا سەرقاڵی بابەتە بێبایەخەکان دەبن کە ئەمە لە ئاکامدا توانای وێژمانی ڕەخنەگرانە و خولقێنەر لەناو دەبات.[١٠]

بۆچی بــە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەوترێت

ژووری ئێکۆ؟ لەبەر خاتری ئەوەی کە مرۆڤ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دوای ئەو بەردەنگ و هاوڕێیانەدا دەگەڕێت کە هاوڕا و هاودەنگ بن، یان ئەو لاپەڕانە فاڵۆ دەکات کە بابەتی دڵخوازی ئــەوی تێدا بێت. بەپێـــی ئۆلگۆریتمێکیش کە دراوە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو بابەتانەت پێ پێشـــنیار دەکات کە هاوشـــێوەی شـــتە دڵخوازەکانی خۆتن.

## ی) خەسارناسی و دڵەڕاوکێی ئێرانییەکان لە بەردەم فەرهەنگی نەتەوەیی ئێرانیدا ئەمانەن

لە بەڵگەی دیمەنی بیســـت ســـاڵەی گەشەی ئێراندا (سند چشمانداز بیست ساله) سەبارەت بـــە بابەتی فەرهەنگی ئاماژە بەم بابەتانە کراوە. دارشـــتنی پلان بۆ چاکســـازیی هەڵسوکەوتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و هەست و ڕۆحیەی کار و چالاکـــی و قەناعـــەت و بەهێزکردنـــی یەکیەتی و شۆناسی نەتەوەیی، ئاگاییی پێویست لە مێژوو، فەرهەنگ و شارستانیەتی و هۆنەری ئێرانی، تەندروستکردنی فەزای فەرهەنگی و....

**١** لـــە لێکۆڵینەوەیەکی (ســـاڵحی، ئەمیری و کاووســـی و وەحیدی. چوار لێکۆڵەری ئێرانی) ئەو مەترســـیانەی کە لە بـــەردەم فەرهەنگی ئێرانیدا هەن ئەمانەن:

نەبوونی ستراتژیی فەرهەنگی، نەبوونی نوێنەک و مۆدێلی بەکەڵکی فەرهەنگی، فرەفەرهەنگی!! جیاوازیـــی ڕا ســـەبارەت بـــە داخوازییـــە فەرهەنگییەکان!! لاوازیی هەســـتی نەتەوەیی ـ ئێرانی!! قەیرانی شۆناس!! شۆناسی فەرهەنگیی تێـــکلاو!! نەبوونـــی مۆدیریەتـــی فەرهەنگـــی سەنتراڵ!! و....[٧]

**٢** ئاخونـــدی (١٣٧٧) لـــە لێکۆڵینەوەیەکـــدا ســـەبارەت بە هـــۆکاری کۆمەڵایەتیی کاریگەر لەسەر شۆناسی نەتەوەیی دەڵێت.

- بەشداریی زۆرتری گەنجەکان و بنەماڵەکانیان دەبێتـــە هـــۆکاری بەهێزبوونـــی شۆناســـی نەتەوەییان.
- تەواشـــاکردنی زۆرتـــری پڕۆگرامەکانـــی تەلەڤزیۆنی ئێران لەلایـــەن گەنجانەوە دەبێتە هۆکاری بەهێزبوونی شۆناسی نەتەوەییان.
- تەواشاکردنی زۆرتری پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی دەرەکی لەلایەن گەنجەکانەوە دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی شۆناسی نەتەوەییان.
- بنەماڵـــە و هاوڕێیان لە هۆکارگەلی بەهێزن لەسەر شۆناسی نەتەوەیی ئێرانی.»[٧]

**٣** عەبدوڵلایـــی و حســـەینی بـــەر لـــە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر «هەستی خوێندکارانی بەلـــووچ بۆ شۆناســـی نەتەوەیی ئێـــران» بەو ئاکامە گەیشـــتن کە ئـــەو خوێندکارانەی کە بنەماڵە و هاوڕێکانیان کاریگەرییان لەســـەریان زۆرترە و هەســـت بە پەراوێزکەوتوویی دەکەن، هەســـتی نەتەوەییان لاوازترە. بە پێچەوانەوە ئـــەو خوێندکارانەی کـــە پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ئەنجوومەنە زانستی و فەرهەنگییەکان زۆرتر بێت، شۆناسی نەتەوەیی ئێرانییان بەهێزترە.[٧]

**٤** فکووهـــی لـــە لێکۆڵینەوەیەکـــدا لەســـەر خوێندکارانی خۆڕەمئاوا و برووجێرد بەو ئامانجە گەیشتووە کە زوان (فارسی)، هەستی هاوبەشی مێژوویی و سیاســـی، بەشـــداریی سیاســـی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ڕاگەیەنەرە گشتییەکان وەکو تەلەڤزیۆن کاریگەریی زۆری لەسەر شۆناسسازیی گەنجەکان هەیە.[٧]

## قسەی دوایی

جـــان لێنـــت (John Lent) دەڵێـــت: «ئایـــا تەکنۆلۆژیـــای نوێـــی پەیوەندییـــەکان دەبێتە هـــۆکاری ســـەربەخۆیی زۆرتر و پرۆســـەی دیمۆکراتیزەکردنـــی وڵاتـــەکان؟ لـــە وەڵامدا دەڵێت، ئەوە شـــتێکی ڕوون و ئاشـــکرایە کە ئەوانەی ئەم تەکنۆلۆژیایەیان نییە، بە نیسبەتی ئـــەو وڵاتانەی کـــە هەیانە، دەســـتەوداوێنترن و وڵاتانـــی تـــر دەتوانـــن کاریگەری لەســـەر خەڵکەکەیان دابنێن»

بێگومـــان بەشـــی هـــەرەزۆری پـــڕۆژەی کۆلۆنیالیـــزم لـــە ڕێگای پـــەروەردە و میدیاوە

سەپێنراوە و لە ڕێگای میدیاشەوە دەکرێت خاو بکرێتەوە. وەکو چۆن جان لێنت دەڵێت، ئەو وڵاتانەی کە میدیاکەیان بەهێزترە دەتوانن کاریگەری لەسەر ئەو وڵاتانە دابنێن کە لە بواری میدیاییەوە لاوازن. گەلی کوردیش لە نێوان دوو ناوەندی هێزی کۆلۆنیالیستی و هەروەها لەژێر هێژمۆنیی دنیای سەرمایەداریدا لەژێر زەخت و گوشارێکی کوشندەدایە و بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەرییەکان لانی کەم لە ئاستی ناوچەییدا کەم بکاتەوە دەبێت وەکو سەرچاوەیەکی هێز سەیری میدیا بکات و بە دامەزراندنی چەند کەناڵی نەتەوەییی بەهێز و پێشمەرگەی سایبێری بچێتە شەڕی میدیایی کۆلۆنیالیزمەوە.

## پێویستە نەتەوەی کورد لە بواری میدیاییەوە ئەم کارانەی خوارەوە بکات

**١** کەناڵی تەلەڤزیۆنی بۆ هەواڵ و زانیاری و شرۆڤەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و... (ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی ئەبێت کەناڵێکی لەم چەشنەی هەبێت).

**٢** کەناڵی تەلەڤزیۆنی بۆ بنەماڵە، فیلم و زەنجیرەفیلم و... (ئەگەر لە باشووری کوردستانیش وەها کەناڵێک هەبێت کە کەسانێکی وریا و شارەزا بەڕێوەی ببەن و ئیزن نەدەن بکەوێتە ژێر کاریگەریی میدیای کۆلۆنیالیستەکانەوە، دەتوانێت ئەو بۆشاییەی ڕۆژهەڵاتیش پڕ بکاتەوە).

**٣** کەناڵی تەلەڤزیۆنی بۆ منداڵان و لاوان کە بەرنامەی منداڵان و کارتۆن و وەرزش و ... بڵاو بکاتەوە. (ئەگەر لە باشووری کوردستانیش وەها کەناڵێک هەبێت کە کەسانێکی وریا و شارەزا بەڕێوەی ببەن و ئیزن نەدەن بکەوێتە ژێر کاریگەری میدیای کۆلۆنیالیستەکانەوە، دەتوانێت ئەو بۆشاییەی ڕۆژهەڵاتیش پڕ بکاتەوە)

**٤** بەرهەمهێنانی فیلم سەبارەت بە مێژوو، کولتوور، یەکیەتیی نەتەوەییی کورد و... هەروەها دامەزراندن و چالاککردنی بەشی دوبلاژی فیلم و زەنجیرەفیلم، بەتایبەت ئەوانەی کە لەسەر ئاستی دنیادا بەناوبانگ و کاریگەرن. وەکوو بلەک لیست، ٢٤، فرێنچ، و...

**٥** لە بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە زۆر ئاسانترە لە بواری سینەما و تەلەڤزیۆن، ئەبێت بە سەدان لاپەڕە و ماڵپەڕ و... بۆ هەموو تەمەنێک ناوەڕۆک بەرهەم بهێنرێت و تۆڕێکی زیرەک کە بتوانێت لە منداڵی ١٢ساڵانەوە تا گەورەساڵ هەمووی بخاتە ژێر کاریگەرییەوە. ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین بێگۆمان کۆلۆنیالیستەکان خەریکی ئەوەن و تا چەند ساڵی دیکە ئەبێت چاوەڕوانی لەدەستچوونی بەرەی نوێ بین کە هیچ لە مانای نەتەوە و نیشتمان و زمانی دایکی نازانێت.

**٦** لە بواری گۆڤار و ڕۆژنامەیشەوە، بە بڕوای من پێویستە کۆمەڵێک گۆڤار لە چەشنی تیشک و هۆژان و...هتد بایەخی زۆرتریان پێ بدرێت و کەسانی خوێندەوار و ئاکادیمیک زۆرتر لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە، بۆ ئەوەی پرۆژەی بەهێزتر پێشکەش بکەن.

## سەرچاوەکان


١. روزنا، جیمز. آشوب در سیاست جهان. نظریه‌ای درباره دگرگونی و پیوستگی. ترجمه علیرضا طیب، تهران انتشارات روزنه.

٢. تافلر، آلون. تغییر ماهیت قدرت: دانش، ثروت و خشونت در آستانه قرن بیست و یکم. ترجمه شهیندخت خوارزمی. ١٩٩٠.

٣. آلپورت، جی دبلیو و پستمن، لئو. روانشناسی شایعه. ترجمه ساعد دبستانی. سروش ١٣٧۴

۴. برنیز، ادوارد. صنعت پروپاگەندا، افکار عمومی چگونه تولید و تحریک می‌شود؟ مترجم مجتبی عزیزی. ناشر دانشگاه امام صادق.

۵. کاستلیز، مانوئل. عصر اطلاعات: اقتصاد، جامعه و فرهنگ: قدرت هویت. احد علیقلیان و افشین خاکباز. تهران: انتشارات طرح نور.

۶. وحیدی، موسی الرضا. زبان دیپلماسی: ابزار مهم دیپلماسی عمومی جدید. فصلنامه سیاست خارجه. سال ٣٢ شماره ٣. پاییز ١٣٩٧.

٧. بخشنده، باران. تاثیر رسانه بر هویت ملی و فرهنگی. مجله جامعه، فرهنگ و رسانه. ژماره ٢۵. ١٣٩۶.

٨. نورمحمدی، مرتضی. جنگ نرم، فضای سایبر و امنیت جمهوری اسلامی ایران. مجله راهبرد فرهنگ، سال چهارم زمستان ١٣٩٠، شماره ١۶.

9. https://bit.ly/3bsxC5E

10. https://bit.ly/3rxtTZX

# لە چەند پرسیاری نائاساییەوە تا دۆخێکی جیاواز

مامەند عەلییار

دوان لە شکست، بۆ گەلێک کە پێویستی بە گەرم کردنی کوورەی خەبات و بەرەو
پێش چوونە، ڕەنگە لە هەنگاوی یەکەمدا سەیر و ناپێویست و نەرێنی بنوێنێ.
بەڵام بە ڕوانگەیەکی جوداوە دەبێ لەو واتایە بڕوانین و بیکەینە دەلاقەیەک بۆ
گفتوگۆ لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەو شکستەدا ئەزموونی هاوبەش، ژیانی هاوبەش و
چارەنووسی هاوبەشیان هەیە. واتە هۆکارەکان، پێکهاتەی شکست و لایەنە فۆڕمی
و گوتارییەکانی دەبێ بناسرێن. ئەو قالبانەی پێی دراوە لەبەر یەک هەڵوەشێن.
ناکارامەیی شیکاری ناوخۆیی لە قاودرێ و بە گشتی ئەوەی پێی دەڵێین
جوانیناسی شکست ببێتە ڕێیەک بۆ هەنگاو و شیکاری سەرەتا.

ئەو نووسینە بە چەند پرسیاری نائاساییەوە دەست پێدەکەم. بۆچی پێویستە ڕێگایەک بۆ دەرباز بوون لە دۆخی هەنووکە بناسرێ و بدۆزرێتەوە؟ دۆخی هەنووکە چ تایبەتمەندییەکی هەیە کە دەشێ لێی دەرباز بین؟ ئەو پرسیارانە ئەوە نیشان دەدەن ئەوەی لە ئێستادا دەبیندرێ ناتەبایە لەگەڵ دۆخی دڵخواز و ئەگەر وردتر لە باری مانایی «دەرباز بوون» لە دۆخی ئێستا ورد بینەوە، تێدەگەین نەتەنیا هەر ناتەبایە، بەڵکوو بنبەستێکی وەهاشە کە ژیان تێایدا دژوار و تاقەت پرووکێنە.

بۆ شیکردنەوەی ئەو باسە پێویستە سەرەتا باسی ئەوە بکەم ئایا دەمانهەوێ دۆخی ئێستای کورد بە شێوەیەکی ئایدیال ببینین و وردە گرفت دەستنیشان کەین و پشت گوێیان خەین، یان وەکی لەمەڕ «بێنیامین»ەوە دەڵێین دەمانهەوێ سەرەتا لە «دۆخی شکست» بدوێین.

دوان لە شکست، بۆ گەلێک کە پێویستی بە گەرم کردنی کوورەی خەبات و بەرەو پێش چوونە، ڕەنگە لە هەنگاوی یەکەمدا سەیر و ناپێویست و نەرێنی بنوێنێ. بەڵام بە ڕوانگەیەکی جوداوە دەبێ لەو واتایە بڕوانین و بیکەینە دەلاقەیەک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەو شکستەدا ئەزموونی هاوبەش، ژیانی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشیان هەیە. واتە هۆکارەکان، پێکهاتەی شکست و لایەنە فۆرمی و گوتارییەکانی دەبێ بناسرێن. ئەو قالبانەی پێی دراوە لەبەر یەک هەڵوەشێن. ناکارامەیی شیکاری ناوخۆیی لە قاودرێ و بە گشتی ئەوەی پێی دەڵێین جوانیناسی شکست ببێتە ڕێیەک بۆ هەنگاو و شیکاری سەرەتا.


دواتر پێویستە لە سیمایەکی گشتیدا هەم کورد و هەم نەیارانی ببیندرێن. پێویستە ئەوە ڕوون بێتەوە سەردەمێک گوتاری نەریتی داگیرکاری لە ئارادا بووە، پاش ئەوە پارادایم شیفتێک بخرێتە بەرباس کە لە گوتاری نوێی داگیرکاری لە کوردستاندا کوردی پێ سەرکوت کراوە. دەبێ ئەوەش باس بکرێ کە بۆچی گوتاری هەنووکە بە شکست و گوتاری پێشین بە گوتاری ڕوو لە پێش و هاوشان یان وڵامدەرەوی گوتاری نەیار خراوەتە بەرباس.

لە سەرەتای کتێبی بیرەوەرییەکانی تاریکی و لە بەشی بێنیامین و بیری ڕزگاریدا ئەو بڕاردە بێژییە لە بێنیامین خراوەتە بەر دەستی خوێنەر:

«وەک کەسێک کە لە پاپۆڕێکی شکاودا بە ئەستوونی پاپۆڕەوە خۆی هەڵواسیوە و خەریکە بەر دەبێتەوە. ڕەنگە، بەڵام، ئەو لەوێوە ڕێیەک بۆ ڕزگاری ببینێتەوە.»(احمدی:۷:۱۳۷۹)

ئەوپەڕی داماوی و دەستەوەستانی وەسفکراو لەو بڕاردەیەدا دەبیندرێ. دۆخی نائارام و ناسەقامگیری کەشتییەکی تێکشکاو و دۆخی لەوە شپرزەتری کەسێک کە بە ئەستوونی لەرزۆکی کەشتییەوە هەڵواسراو و لەوێوە شیمانەی ئەوە بکرێ؛ کە ڕەنگە ئەو کەسە ڕێگایەک بۆ ڕزگاری ببینێتەوە. واتە ڕەتکردنەوەی ئەو ڕوانینە ڕەهایەی کە شکستێک بە کۆتایی مرۆڤ بزانێ و دەستی لێ بشواتەوە.

لەو دەلاقەیەوە ئەگەر لە دۆخی ئێستای کورد بەتایبەت لە باری کولتووری و ڕاگەیاندن و بوونی لە مەیدانی شەڕی ڕاگەیاندن و ناسنامە بڕوانین، ئەگەر بە خۆشبینییەوە چاو نەکەینەوە و چاوێکی وردبین و دردۆنگ بە بوارە ناوبراوەکان دا بگێڕین، سێ بڕاردە لەبەردەممان قوت دەبێتەوە. بڕاردەی یەکەم؛ زۆر جار تاقی کراوەتەوە و هەرجارەی نسکۆیەکی سەیری بە بەشێک لە هێزی نەتەوەیی هێناوە، ئەو بڕاردەیە واتە خۆ بەدەست دۆخی شکست و ڕووخانەوە دان. لەو بڕاردەیەدا تاکی کورد لە بەرامبەر هەیمەنەی داگیرکار و نەیاردا بە چۆک دادێ و ڕێگایەکی بنبەست دەبینێ کە بە شوورە و وارشێکی بەرز پێشی گیراوە. ئەو مرۆڤە کە مرۆڤی دۆڕاو



لە بەرامبەر دۆخی شکستدایە، یان تووشی خەمۆکی سیاسی و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی دەبێ و یان دۆخێکی دی لە ناو شکستدا لە بەرژەوەندی خۆی و دژی ویستی نەتەوەی خۆی هەڵدەبژێرێ، سەرکەوتنێکی تاکەکەسی لە بەرامبەر شکستێکی نەتەوەیی پەسەند دەکا، تێکەڵ ڕەوتی دژە کورد و گوتاری زاڵ دەبێ و لە جەغزی گوتاری نەتەوەیی خۆی دەچێتە دەر.

بژاردەی دووەم بریتییە لە مانەوە لە دۆخی نەتەوەییدا، بەڵام مانەوەیەکی ناکارا. واتە مات بوون لە بەرامبەر نسکۆکان، بەرهەم نەهێنانی گوتاری نوێ و دووپات کردنەوەی شکست لە دوای شکستی دیکەیە. ئەوەش بە هۆی نەناسینی دۆخی شکست و ڕێیەکانی دەرباز بوون لەو دۆخە دێتە ئارا.

بژاردەی سێهەم بژاردەیەکە لەسەر جوانیناسی شکست بە واتایەکی ئەورۆیی دامەزراوە. بۆ ڕوونتر بوونەوەی ئەو باسە ئاورێک لە گوتەیەکی بێنامین دەدەمەوە: «بێنیامین جارێک بۆ هاوڕێی نزیکی گێرشۆم شۆلمی نووسیبوو: بۆ ئەوەی ئێمە ڕا و هەڵسەنگاندمان لەمەڕ لایەنی پەتی و جوانیی تایبەتی بەرهەمەکانی کافکا، بە دادپەروەرانە باس بکەین، قەت نابێ ئەوە لە بیر بەرینەوە کە ئەو لایەنە پەتی و جوانە شکستە.» شکست ناواخنی سەرەکی ژیانی بێنیامینیشە و بەرهەمەکانی دەتوانین بە جوانیناسی شکست ناودێر کەین. (احمدی:۱۳۷۹:۹) ئەو دەلاقەیەی ئەو بە ڕووی کاری کافکایدا دەکاتەوە ڕێگایەکی نوێیە بۆ ڕاهاتن لەگەڵ دەقی کافکا و دەرەقەت هاتن و تێگەیشتن و شیکردنەوەی. واتە ئەگەر خوێنەر خۆ لە لایەنی شکست و جوانیناسی ئەو بوارە نەدا و بە گوتەیەکی دیکە بووتیقای تایبەتی بۆ دەستەبەر نەکا و دەقی لێ بەرهەم نەهێنێ، نە کۆمەڵگای کافکا دەناسێ، نە شکستەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەبینێ، نە ڕێگایەک بەرەو دەرباز بوون لەو دۆخە دەدۆزێتەوە. لە ئاکامدا هەم ئەو دەقانە ون دەکا و هەم ئەوەی دەیناسێ کافکا و بەرهەمی ئەو نییە.

دۆخی ڕابردووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دۆخێکی

تێکەڵ بە زەبر و زەنگی سیستەمی ناوەندی لە لایەک و شۆڕشـــی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە لایەکـــی دیکە بووە. ئەو دوو هێزە لە بەرامبەر یەکـــدا ڕاوەســـتاون. ئەگەرچی کەرەســـە و تەکنیکەکانیان بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر یەک هاوڕادە نەبووە، بەڵام هاوشـــێوەیی لە نێواندا دەبیندرێ؛ شەڕ لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری. ئەگەرچـــی ڕووبەڕووبوونەوەکان بە هێزی نابەرامبەر و بە کەرەسەی نابەرامبەرەوە بوون. لەو نێوەدا ئەگەر مرۆڤی کوردی تێکەڵ گوتاری سەردەســـت بوونی هەیـــە، وەکی لە درێژەی ئەو نووســـینەدا ئامـــاژەی پێدەکرێ، ئەویـــش دواجار هەر لـــە مەیدانی چەکداریدا ڕووبەڕووی هێـــزی هاوزمان و ڕەگەزی خۆی دەبێتەوە و لـــەو ڕێیەوە خزمەتی ئامانجەکانی دوژمـــن دەکا و هێـــزە نەتەوەییەکانیـــش لە ناســـینی بیر و شـــێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیاندا شارەزا و کارامە بوون.

بەڵام لـــە دونیای ئێســـتادا، ئـــەو دۆخە گۆڕانی بنەڕەتی بە ســـەردا هاتووە. ئەو تاقمە هێزێکـــی دیکەیان پێوە زیاد بـــووە کە نەک چـــەک، بەڵکوو کەشـــی ڕاگەیانـــدن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بە گشـــتی هێزی قەڵەم بـــۆ بەرەنگاربوونەوەی هێماکانـــی نەتەوەیی، ناســـنامەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بـــەکار دێنن. لـــەو دۆخەدایە کـــە بەرهەم و پلانی کـــورت و درێژخایەنی هێزی نەتەوەیی یـــان هێندە کەمە کە نابینـــدرێ، یان ئەگەر ڕادەیەک لە دردۆنگـــی بێنینە ئاراوە، دەکرێ بڵێین بەرنامەیەک بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو هێزە سەرەڕۆ و تەیار کراوە لە ئارادا نییە. بۆیە ئـــەو دۆخە بە شـــێوەی کاتی بە دۆخی شکســـت ناو دێنم. دۆخێـــک کە تێیدا هێزی بەرامبەرت یان پـــەروەردە نەکردووە یان ئەو هێزە لە ناخدایە و چالاک نەکراوە.

لە لایـــەک لەگەڵ ئەو هێزە ڕووبەڕووی و لە لایەک ڕاگەیەنـــەی ناوەندیش خەریکە بە شـــێوەیەک دەتوێنێتەوە کە ســـیمای مرۆڤی سـەرەتایی و تەنانـــەت دڕندە و ســـووک لە ناسـنامەت دەرخوارد خۆت داتـــەوە. ژیژەک لە باسـی میکرۆ فاشیســـمدا بابەتێک دێنێتە ئارا کـــە لە وتاری سیاســـەتی بانگەوازێک بۆ شۆڕشـــی کولتووریدا ئاماژەی پێکـــراوە و لە لایەن نووسەرەوە زەق کراوەتەوە.

«فیلمـی فرمێســـک و بـــزەکان کە ناوی سەرەکی the voice of musiC، ...ئەوە نیشان دەدا کە ئوتریشـــییەکان ڕیشەیان لە جیهان-ژینگـــەی ناوچەیی و جەمـــاوەری خۆیاندایە و فیلمەکـــە باس لـــە چێژوەرگرتنی ئەوانە لە گەمژەییەک کـــە لە کولتووریاندا دەبیندرێ و ... لە ڕاستیدا فیلمەکە دەنگدانەوەی وێنەیەکە کە نازییـــەکان لە جوولەکەکانیان دەخســـتە ڕوو. واتە وێنەی ئەو پیلانگێڕ و بووکەڵە گێڕە سیاســـیانەی کە ڕەگ و ڕیشـــەیەکیان نییە (ژیـــژەک، ١٣٨٤: ٣٨٢). کۆی ئـــەو پلانانەی لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا لە تەلەویزیۆنە کوردییەکانی دەستەڵاتی ناوەندا دەیبینین بەو ئاراستەیەوە چالاک کراون. لـــە هەر پێنـــج تەلەویزیۆنی کـــوردی مەهاباد، ســـنە، ئیلام، کرماشـــان و ســـەحەری کوردی، سیمای وێناکراو لە کورد ئەوە بە بەردەنگ نیشـــان دەدات کە تاقمێک چێـــژ لە گەمژەیی خۆیان بـــە داب و نەریتی ڕەشـــۆکیانەی خۆیانـــەوە دەبینن. ســـەرنجی خوێنەر بۆ کۆی بەرنامە هونەرییەکانی گۆرانی و جەژنـــە شـــادییەکان لـــەو تەلەویزیۆنانەدا ڕادەکێشـــم، هەمـــوو بینـــەران ئـــەو وێنانە لـــەو شاشـــانەوە دەبینن کە چۆن بـــە دانانی کەسانێکی گاڵتەجار، بەردەوام حەول دەدرێ وێنەی کەســـانی گەمژە و ناســـاغی زمانی و ڕێزمانی و بە زمانێکی دوور لە زمانی ئاســـایی خەڵکی شەقام بنوێننەوە. کەچی لە هیچ کام لـــە تەلەویزیۆنەکانی ناوەند ئەو شـــێوەیە لە نواندنەوەی فارس بەرچاو ناکەوێ.

هـــەر بەو ئاراســـتەیەوە دوایـــن پلانیش بڵاوکردنەوەی هاوکاتـــی زنجیرە بەرنامەیەک لەســـەر چالاکانی بزووتنـــەوەی نەتەوەیی و

حیزبــە کوردییەکان بــوو بە نــاوی لێواری دووهەمــی تیــغ کە بە تــەواوی ســیمای ڕیاکارانــەی ئەو ڕاگەیانەنەی دەرخســت کە لە هێــزی ڕاگەیاندنــەوە خەریکــی بریندار کردنی ناسنامەی ئەویترن لە ڕێگای کەسانی خودی ســەر بــە ڕەچەڵەکــی ئەویتــر. لە لایەکی دیکەوە ســیمای ئەو قەڵەم بەدەستە خۆبەدەســتەوەدەرانە دەرکەوت کە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بناخەی ناسنامەی نەتەوەی خۆیان بنکۆڵ دەکەن. پرۆژەیەکی درێژخایەن و کار بــۆ کــراو کە ئەوانە یەکــەم دەرکەوتە جیدییەکانین و هیچ پلانێک بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرهەمهێنانــی فکــری، تا ئێســتا بۆ ئەو پرۆژەیە نەخراوەتە ڕوو. ئەوەش وەک پێشــتر ئاماژەی پێکرا بە شــێوەی کاتی واتە شکست یان بێدەنگی و لە بیر خۆ بردنەوە. پرســیاری دووبارە ئەوەیە: بۆ شکســت؟ شکســت واتە نەبوونی هێز بــۆ بەرپەرچدانەوە و مات بوون. ئەوە دۆخی ئێستای ئەو بەشە لە بزووتنەوەی کــوردە. دۆخێک کە لەودا سیســتەمێک کە هەڵگری وەســفەکانی فاشیستییە و لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی نسیســتەمە تۆتالیتێرەکان تیایــدا بەرچــاوە، خەریکی وەگەڕ خســتنی هەمــوو جومگەکانی دەســەڵاتی خۆیەتی و لەبەرامبەردا جوولەیەکــی لاواز دەبینڕدێ و زۆرجاریش مات بوون و خۆبەدەست ئێستاوە دان، دەبێتە واتایەک کە خوێنەر و بەردەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەستی دەکەوێ. ئەگەر ئاوڕ لە هێندێک تایبەتمەندی ئەو سیســتەمە بدەینــەوە کە کورد لەگەڵی دەســتەوئێخەیە لە درێــژەی باســەکەدا زیاتر ئــەو لایەنەی کاری ناوەند و ناکارایــی هێزە نەتەوەییەکان دەردەکەوێ.

پێنــج تایبەتمەنــدی هاوبــەش و لێک گرێدراوی سیســتەمە تۆتالیتێرەکان بریتین لە: ئایدۆلۆژیــای هاوبەش، حیزبــی تاقانەی هەمەگیر، چاودێری ڕەهای هەموو کەرەســە و چەکــەکان، چاودێــری و کۆنترۆڵی هەموو کەرەســە و ڕێگاکانــی پێوەنــدی گشــتی، سیســتەمی چاودێری پۆلیسی-تێرۆریســتی (صلاحــی:۱۳۸۴:۲۸۷). بــۆ خوێندنەوەیەکــی بەراوەردکارانە لەو پێنج تایبەتمەندییە، ئەگەر بمانهەوێ نموونە لە سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی لە ئێران بێنینەوە، بێگومان زۆربەیان وەڕاســت دەگەڕێــن. ئایدۆلۆژیــای تاقانەی سیســتەمی شــیعەگەری ئەسناعەشــەری، دامەزارو لەسەر سیستەمی ویلایەتی فەقیهە، ئەگەرچــی بە ڕواڵــەت هێندێک حیزب هەر بەناو بوونیــان هەیە، بەڵام هیــچ کامیان نە توانــای چالاکییان هەیە و نــە ئیرادەیەک بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی جودا لە خواستێک لە دەرەوەی ئایدۆلۆژیای تاقانە و هەمەگیر لە نێویانــدا وەبەرچاو دەکەوێ. چاودێری ڕەهای چــەک و چۆڵ و کەرەســەکانی ڕاگەیاندن و بوونی سیســتەمی پۆلیســی و تیرۆریستیش بەشــێک لە ناســنامەی ئەو سیستەمەیە. بەو شــێوەیە دەبێ هێــزی نەتەوەیی لە ئاســت سیســتەمێک کــە لانیــزۆری وەســفەکانی سیســتەمێکی تۆتالیتێری هەیە، لە ئێســتادا پلانی لە بواری ڕاگەیاندن و شەڕی نەرمدا چڕ و پڕ و جۆراوجۆر بــێ. ئەوەی وەک ناوەڕۆک و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک لە ئێستا دەبینڕدێ لە ئاســتی ئەو هەموو پلان و پیلانەدا نییە کە بۆ بەربەرەکانی ئەو ئامادە کراوە. لەو خاڵانەی لەسەر سیستەمە تۆتالیتێرەکاندا ئاماژەی پێکرا بە ئانقەست لەسەر چاودێری و بەڕێوەبەرایەتی ڕەهای ڕاگەیەنەکان لەو سیستەمەدا دەدوێم.

لەو سیستەمانەدا دانیشــتووانی وڵات بە سەر چەند دەستەدا دابەش کراون و یاساکان بەو ڕاســتە ڕێیــەدا پلانیان بۆ داڕێــژراوە و جێبەجێش دەکرێن. ئەو بابەتە واتە دابەشکاری دانیشــتووان لــە سیســتەمی خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی کەسانی وەک ئیداورد سەعیددا بە سەردەســت و بندەست نێودێر کراون و لە لایەن قەڵەمی نووســەرانی سەر بە سیستەم و نەتەوەی باڵادەســت پێناسەیان بۆ دەکرێ،



وەک میلز دەڵێ: کەسی بندەست تەنیا وەک کەسی بێ کەسایەتی یان ئۆبژەیەکی بێ هیچ شان و شەوکەتێکی ئەخلاقی نییە. بەڵکوو کەسی بندەست گیاندارێکە بە پێی واتای فێنۆتیپ لە هەندێ لایەنەوە وەک مرۆڤ دێتە ئەژمار و لە هەندێک لایەنەوە بە مرۆڤ نازاندرێ (پالمر:٧٦:١٣٨١). ئەو نووسەرە بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی پشتڕاست کاتەوە لە نووسەرانی ئاسایی ناکۆڵێتەوە. بەڵکوو باس لە یەکێک لە فەیلەسووفە ناودارەکانی فەلسەفەی سیاسی کە لە خاوەن ڕایانی باسی ئازادییە دەکا. ئەویش کەسێکی خاوەن ڕا و ناوداری وەک هانا ئارێنت! تێگەیشتن لەو بابەتە بۆیە گرینگە کە زۆر جار لەبەرامبەر دژوازییەکی شیکارانەدا مرۆڤی کورد و تەنانەت چالاکانی بزووتنەوی نەتەوەییش دادەمێنن. کاتێک قەڵەم دەدوێ، هەست بە مەترسی و بێ نیازی لە بەرپەرچدانەوە دەکرێ کە ئەمە یەکێک لە واتاکانی شکستی کولتووری و بواری ڕاگەیاندنە. واتە ئەو شێوە بیرە نەریتییە، کە ڕۆشنبیرانی گەلی سەردەست یان نووسەرانی خۆبەدەستەوەدەری هاوزمانی نەتەوەی بندەست، ڕەنگە مەترسییەکی ئەوتۆیان بۆ بزووتنەوەی کورد نەبێ. لە کاتێکدا کە پالمێر بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ ڕەخنە لە فەیلەسووفێک دەگرێ کە بیری فەلسەفی قووڵی هەیە و لە سەر واتاکانی ئازادی گوتەکانی بۆ هەموو خوێنەرانی ئەو بوارە ئاشنایە. پالمێر تا ئاستێک لەسەر گوتەی خۆی سوورە کە فەیلەسووفی ناوبراو تا سنووری ڕەگەزپەرەستی تاوانبار دەکا. ئەو ئاوا باسی پێوەندی هانا ئارێنت و بزووتنەوەی خوێندکارانی ڕەش پێست دەکا:

«لە ئامریکادا، لە هەر شوێنێک پۆلیس و توندوتیژی پۆلیس لە خۆپێشاندانی هێمنانەدا، هاتووەتە کایە، بزووتنەوەی خوێندکاری بەرەو ڕادیکاڵ بوون چووە و بە شێوەی داگیرکردنی بینا و مانگرتن دەرکەوتووە. تەنیا بە وەگەڕکەوتنی بزووتنەوەی ڕەش پێستەکان لە پانتای زانکۆکاندا، توندوتیژی ڕاستەقینە هاتووەتە ئاراوە. خوێندکارە ڕەش پێستەکان کە زۆربەیان بە بێ ئاستی شیاوی زانستییەوە هاتوونەتە زانکۆ، خۆیان وەک گرووپێکی خاوەن بەرژەوەندی و نوێنەرانی کۆمەڵگای ڕەشەکان ڕێک خستووە. بەرژەوەندی ئەوان لە

پێوەرە نزمەکانی زانستیدایە.» (ئارێنت وەرگیراو لە هەمان سەرچاوەی پێشوو:٧٧)

لەو نووسینەی ئارێنتدا، ئەو هەستە دووفاقیەی میلز باسی دەکا دەردەکەوێ. لە لایەک خوێندکارانی ڕەش پێست بە ئاشکرا بە مرۆڤ دەناسرێن. کەسانێک کە ڕوانگەی بەرژەوەندخوازانەیان هەیە و لە ڕێگای کردەی بەکۆمەڵەوە، وەدوای دەکەون و لە بەراوەرد لەگەڵ خوێندکارانی سپی پێستدا باشتر دەتوانن لە پانتای دابەشکارییە زانکۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بیەکگرتوو بن. لە لایەکی دیکەوە ئەوان ڕوانگەی ناوریایانەتریان هەیە، هەر بۆیە مەیلیان بەلای پێوەری لاوازی زانستیدایە و ...

لە کۆتاییدا ئەو نووسەرانە دەڵێن ئارێنت تووشی دژوازیی بووە. دژوازی لە نێوان خاوەن کەسایەتی بوونی تاکێک لە ڕوانگەیەکەوە و نەبوونی کەسایەتی هەمان تاک هەر لەو ڕوانگەیەوە. بە واتایەکی دیکە کەسێک کە ویستێکی هەیە، بەڵام ئەو ویستانە گەمژانە و توندوتیژن و لە ڕێگای توندوتیژی ناپێویستەوە وەک ئارێنت دەڵێ وەدوای ویستەکانیان دەکەون: «گومان لەوەدا نییە ڕەچەڵەکی سپی ئارێنت توانای هەڵسەنگاندنی ئەوی لە کردەی خوێندکارە ڕەش پێستەکان خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە».(هەمان:٧٩)

ئەگەر بەشێک لە نووسینەکانی کەسانی بەناو و دەنگی وەک شەفیعی کەدکەنی لە بواری زمان و کولتوور و جەوادی تەباتەبایی لە بواری سیاسەت و زۆر نووسەری دیکە هەڵبسەنگێنین کە قەڵەمی ناسراوی نەتەوەی سەردەستن، چ جیاوازییەک دەبینین. ئەوان کورد و نەتەوە ژێردەستەکان چۆن دەبینن و پێیانوایە کە ناسنامەی نەتەوە ژێردەستەکان مەترسییە بۆ سەر کولتووری فارسی چونکە «بە هێماکانیدا هەڵدەمیزن» (ئەوە وتەیەکی شەفیعی کەدکەنی بوو کە لەسەر زمانە غەیرە فارسییەکانی ئێران وتبووی). ئەی چالاکانی کورد هەڵوێستیان چییە و چۆنیان بەرپەرچی ئەو قەڵەمانە داوەتەوە؟ بەرهەمەکانی ڕاگەیاندنی سیستەم لە بیست ساڵی ڕابردوو لە بواری کتێب و فیلم و تا دوایی ئەو وێنە نیوە مرۆڤ و نیوە نامرۆڤەیان چۆن لە کورد بە دەستەوە داوە و سیستەمی ڕاگەیەنەی نەتەوەیی چی لەبەرامبەر ئەواندا بەرهەم هێناوە؟ لێرەدا پرسیاری سەیرتر ئەوەیە کە نە تەنیا چی بەرهەم هێناوە، بەڵکوو دەکرێ بپرسرێ ئایا بەڕاستی ئاگای لێیە؟ بەکورتی و بە دەنگی بەرز دەبێ بگووترێ نا.

بۆ ولام نایە؟ چەند ڕستە لە کتێبێک دێنمەوە و پاشان زیاتر لەسەر ولامەکە هەڵوێستە دەکەم:

لە بەشێک بە ناوی سێ یەخسیری دێموکرات لە کتێبی یادداشتەکانی کوردستاندا و لە یادداشتی ڕۆژی شەممە ٦٤/٣/٢٥ ئاوا باسی هێزەکانی نەتەوەیی و یەک لەوان دێمۆکرات دەکرێ:

«کاتێک بەیان ئەنگووت، سێ یەخسیری دێموکرات وەدەست جوندوڵلا کەوتن. ئەو یەخسیرانە مەست بوون. بە پێی شایەتی خەڵکی خورەخورەی سەقز، یەکێک لەو سووک و چرووکانە، چەند کچی عازەبی ئەو دێیەی بێ ئابروو کردبوو و کردبوونییە ژن. ئەلحەق کورەکان چەخسێکی چاکیان تێهەڵدان. هەرکەس دەستی پێیان ڕاگەیشتبا، تێی دەسرەواندن و تۆڵەی ئەو کچە بەستزمانەنەی بە مست لێدەکردنەوە. جگە لەو سێ کەسە، سێ ئەسپیش کە لە خاوەنە دێمۆکراتەکانیان مەزنتر بوون، وەدەست کورەکان کەوتبوون و ...» (یوسفی، ١٣٧٣: ١٧٠)

تا ئێستا چ لەسەر ئەو نووسراوانە نووسراوە و چۆن خوێنەران و بەردەنگانی ئەو نووسراوانە ڕوون کراونەتەوە؟ ئایا لە ڕاگەیاندنی هێزە کوردییەکاندا چییەتی ناوەندە توێژینەوەییەکانی سەر بە دەسەڵات کە خەریکی بەرهەم هێنانی کتێب و فیلم لەسەر کورد و ویستەکانی

کوردە شی کراونەتەوە؟ ئایا لەو ڕاگەیاندنانەدا و لە ئاستێکی بەربڵاو و بە زمانی کوردی و فارسی بەرهەم ساز کراوە تا بەردەنگی غەیرە کورد لە ئاراستەی دوژمنکارانەی ئەو دەقانە تێبگەیەنێ و خوێنەر و بەردەنگی کوردیش بەوە دڵخۆش بکا کە گوتارێک لەبەرامبەر ئەو گوتارەدا چالاکە تا ئەو زامەی ئەوان دەیخەنە سەر سیمای ئەو ناسنامەیە کەمێک ساڕێژ ببێتەوە؟ نموونەیەکی دیکە هەر لەو چەشنە دەقانە دەخەمە بەرباس کە لە کتێبی کووچەی نەقاشەکاندا کە تا ئێستا پازدە جار و لە تیراژی ٢٥٠٠ بەرگ دا بڵاو کراوەتەوە:

«دژە شۆڕش ٢٥ پاسداریان لە مەریوان سەربڕی و ناویان نا جەژنی مەرگ، لە سنە لە شەقامەکان مەشرووب و چەک و ڕۆژنامەی ڕووت و پۆرنۆگرافییان دەفرۆشت...دکتۆر چەمران گوتی تاقمێک لەو کوردانە بزانن چییان لەو وڵاتە کردووە، ئەمانە یەکجار هەژار و بیانووگرن. ئاستی کولتووریان زۆر نزمە... دوو یەخسیریان هێنا لای دکتۆر چەمران. گوتی ئێوە بۆچی شەڕ دەکەن؟ کوردی دژە شۆڕش گوتی: ئێمە خودموختاریمان دەوێ. دکتۆر لێی پرسی: بۆچیتانە؟ گوتی: دەمانهەوێ دارەکانمان لە بەکتریا پاک کەینەوە و سەمپاشی کەین. ئێمە کشت و کاڵمان دەوێ و ...» (کاظمی، ١٣٩٠: ١٠٤-١٠٧)

ئەگەر سەردەمێک سیستەمی ناوەند بە چەک و چۆڵەوە لە بیری داگیرکردن و چاوترسێن کردنی کورد وەک گەلێکی ژێردەستەدا بووە، ئێستا ئەوە بە گوتارێکی دیکەوە و بە بوارێکی دیکەدا هێرش دەکا. ئەوان هەوڵ دەدەن کورد وەکوو کۆمەڵە نیمچەمرۆڤێکی گەمژە و نەخوێندەواری جێگای بەزەیی و تووڕەیی پیشان بدەنەوە.

ئەگەر ئەوە نەفەسی نووسەرانی نەتەوەی سەردەستە، لە نووسەرانی هاوزمانی ئەو گەلەش کەسانێک هەن بیریان لە هاوشێوەیی لەگەڵ سیستەم کردوەتەوە. هاوشێوەییەک کە لە باسی ئۆتووریتەدا ئیستانلی میلگرام ئاوای شیدەکاتەوە: «لە باسی ئۆتوریتەدا دوو واتای گوێڕایەڵی و هاوشێوەیی هەیە. لە یەکەمدا ناچارەییەک دەبینەدرێ و لە دووەمدا کەسی بەرباس جیا لە بەرێوە بردنی قسەی سەرتر لە خۆی، ئاکار و عادەتەکان و زمانی ئەوانیش دەکار دەکا (میلگرام، ١٣٨١: ١٤٩). ئەو هاوشێوەییە لە کوردستان و لە دۆخی ئێستادا گۆڕانێکی قووڵتری بەسەردا هاتووە و تا ئاستی داماڵدران لە ناسنامەی نەتەوەیی و دوژمنایەتی ئەو ناسنامەیە بەرز بووەتەوە. ئەو تاقمە لە هاودڵبوون لەگەڵ نەتەوەی سەردەستەوە، بوونەتە گورووهی زەربەتی کولتووریی دژبەرانی نەتەوەیی. ئەوە ئەو خاڵەیە کە لە کۆتایی ڕستەی شکستی ئێستای کورددا دەبێ دابندرێ و پێداچوونەوە بە دۆخی ئێستادا بکرێ. هەوڵ بدرێ دۆخی هەنووکە بە دروستی و لە سەر بنەمای واقیع نەک ترس و شەرم هەڵبسەنگێندرێ و پلانی بۆ دابڕێژرێ و ناوەرۆکی بۆ بەرهەم بێ. ئەو کاتە کە هێزی نەتەوەیی ڕزگاریخواز جارێکی دیکە شەپۆلێکی نوێ بە ڕەوتی بیر و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان دەدا.

## سەرچاوەکان

ژیژک، اسلاوی (١٣٨٤) گزیده مقالات در نظریه سیاست و دین. گزینش فرهاد پور و دیگران، تهران: گام نو

احمدی، بابک (١٣٧٦) خاطرات ظلمت، درباره سه متفکر مکتب فرانکفورت تهران: مرکز

پالمر، مارتین و دیگران (١٣٨١) مطالعات قومی و نژادی در قرن بیستم، مترجم پرویز دلیرپور و دیگران، تهران: انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی

کاظمی، سیدابوالفضل (١٣٩٠)کوچه نقاشها، تهران: سوره مهر

میلگرام، استانلی(١٣٨١) اطاعت از اتوریته، ترجمه مهران پاینده و دیگران، تهران: اختران

یوسفی، محسن(١٣٧٣) یادداشتهای کردستان، تهران: دفتر ادبیات و هنر مقاومت

صلاحی، ملک یحیی(١٣٨٤)سیاست به مثابه علم، تهران: سمت

# تارماییەکانی دۆزاک* لە نیشتماندا

## کۆماری ئیسلامی چۆن پەلاماری نووسەران و چالاکانی کورد دەدات؟

**ئاگری ئیسماعیل‌نژاد**

پێش هەموو باسێک دەبێت، دوو بابەت بۆ خوێنەری ئەو وتارە ڕوون بکەمەوە؛ یەکەم: «کۆماری ئیسلامی» و «دەستەڵاتداری پالەوی» هیچکات لە هیچ بەشێکی کوردستاندا، ڕەواییان نەبووە و نابێ، هەر بۆیە دەستەڵاتداری تۆتالیتێر و سەرەڕۆی ئێرانی، زۆر بەلایەوە ئاساییە کە هەموو خەڵک و کۆمەڵگای کوردستان وەک دوژمنی خۆی سەیر بکات و پیلان و گەڵاڵە بۆ لەنێوبردنی ئەو «دوژمنە» دانێ و تا ئێستاش لەو ڕێیەدا لە هیچ کردەوەیەک نەپرینگاوەتەوە.

## دەستپێک

به درێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو، هەوڵی دەستەڵاتی داگیرکەری ئێران ئەوە بووە کە هەموو هێماکانی کوردبوون، یان بە گشتی بسڕێتەوە، یان هەندێک لایەنی دزێو بکات، یان بەشێک لەو نیشانانە بەخۆیەوە گرێ بدات. پرسی داگیرکەری لە کوردستان تەنیا گرێ نەدراوە بەوەی کە خاکی کوردستان داگیر بکرێت و ڕێگە لە دەستەڵاتداریی سیاسیی کوردی بگیرێت، بەڵکوو ئامانجی داگیرکەر، توانەوەی شوناسی کورد لەنێو شوناسی ئێرانیدایە و لە پێناو ئەو ئامانجەشدا دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیم کە بەڕێوەبەری بڕیارەکانی دەستەڵاتداری ئێرانین، کۆمەڵێک ڕێوشوێن دەگرنە بەر و بەدەر لە گیران و سەرکوتی ڕاستەوخۆی خەڵکی کوردستان، دەیان پیلان و فێڵی ناڕاستەوخۆ دەگرنە بەر، هەتا چارەنووسی کۆمەڵگای کوردستان، خەڵک و لێهاتووانی کورد بەرەو ئەو ئاقارە بەرن کە دڵخوازی خۆیانە.

پێش هەموو باسێک دەبێت، دوو بابەت بۆ خوێنەری ئەو وتارە ڕوون بکەمەوە؛ یەکەم: «کۆماری ئیسلامی» و «دەستەڵاتداری پالەوی» هیچکات لە هیچ بەشێکی کوردستاندا، ڕەواییان نەبووە و نابێ، هەر بۆیە دەستەڵاتداری تۆتالیتێر و سەرەڕۆی ئێرانی، زۆر بەلایەوە ئاساییيە کە هەموو خەڵک و کۆمەڵگای کوردستان وەک دوژمنی خۆی سەیر بکات و پیلان و گەلاڵە بۆ لەنێوبردنی ئەو «دوژمنە» دانێ و تا ئێستاش لەو ڕێیەدا لە هیچ کردەوەیەک نەپرینگاوەتەوە.

دووهەم: ئەو وتارە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی ١٥ ساڵی نووسەرەکەیەتی. تەنیا نووسەرەکەی لە بەرانبەر ئەو باسانەی کردوویەتی بەرپرسە.

## بەشی یەکەم
## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

دەستەڵاتداری ئێرانی لە ڕووی ئیدئۆلۆژییەوە دەستەڵاتێکی تۆتالیتێرە. ئەو دەستەڵاتدارییە شوناسێکی تایبەت بە خۆی هەیە و لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەوڵی سەرەکیی ئەوە بووە کە شوناسی «فارس-شیعە» بەسەر هەموو ئێراندا زاڵ بکات و باقیی شوناسەکانی تر لەنێو ئەو شوناسەدا بتوێنێتەوە. سیستەمی تۆتالیتێری ئێرانی، ئاوێتەی باوەڕێکی ئایینییە و ئەوەش وای کردووە کە پێکهاتەی تۆتالیتێری ئێرانی، وەهمی ئەوەی هەبێت کە ڕێوشوێن بۆ ئەم دنیا و ئەو دنیای مرۆڤەکان دیاری دەکات. هەر لەسەر ئەو تێفکرینەیە کە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی، یاسا و ڕێسا بۆ هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ دیاری دەکات و تەنانەت هەوڵی ئەوەش دەدات شاراوەترین لایەنەکانی ژیانی خەڵکی بخاتە ژێر چاوەدێرییەوە.

لێرەدا پێویستە سووکە لەنگەرێک لەسەر بیروبۆچوونی «خامەنەیی» بگرین. «خامەنەیی» لە ٣٢ ساڵی ڕابردوودا تەنیا بڕیاردەری نێو کۆماری ئیسلامی بووە و سپای پاسداران و ناوەندە دینییەکان یان لە ژێر فەرمانی ئەو دابوون و یان ئەوەی ڕاوێژکاری ئەو بوون. خامەنەیی لەڕووی فکرییەوە سەر بە بەرەی ئیسلامی سیاسییە و لەژێر کارتێکەریی کەسانی وەک «سەید قوتب»دایە. خامەنەیی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەپانەوە باسی ئەوە دەکات کە دوایین ئامانجی کۆماری ئیسلامی، دامەزراندنی «شارستانییەتی نوێی ئیسلامی»یە[١]. ئەو باسی ئەوە دەکات کە حکوومەتی ئیسلامی، دەبێت کۆمەڵگای ئیسلامی دامەزرێنێ و کۆمەڵگای ئیسلامییش، دەبێت شارستانییەتی ئیسلامی دامەزرێنێ.

خامەنەیی هەر وەها لە ڕاگەیاندراوێکدا کــە خۆیــان وەک گەڵاڵــەی ٤٠ ســاڵی داهاتووی کۆماری ئیســلامی باسی لەسەر دەکــەن و ناویان ناوە «دووهەمین هەنگاوی شۆڕش» باسی خۆبارهێنان، کۆمەڵگابارهێنان و شارستانییەتســازی دەکات[٢] و پێداگرە لەســەر ئەوەی کە ئــەوان بنەمای تایبەتی خۆیان هەیە و لەسەر ئەو بنەمایەش سوورن و دەزانن چۆنی بپارێزن[٣]. کۆی ئەو قسانە ئــەوە پشتڕاســت دەکەنەوە کــە کۆماری ئیسلامی ســەرەڕای ئەوەی کە بنەماکەی لەســەر ئەوە دامەزراوە کە برەو بە شوناسی دڵخوازی خۆی کە شوناسی فارس-شیعەیە بدات، بەڵکوو لە ســێ ئاستی تاک، کۆمەڵگا و دەســتەڵاتدا گەڵاڵەی هەیە بۆ سازکردنی ئــەوەی کە خۆیان پێــی دەڵێن کۆمەڵگای ئیسلامی و شارســتانییەتی نوێی ئیسلامی. هەر لەو پێوەندییەشدا سازکردنی ئەو تاک و کۆمەڵگایە، وەک ئەرکی حکوومەت لە قەڵەم دەدرێت. کــۆی ئەو ئامانجانــەی کۆماری ئیســلامی دەرخەری ئەوەن کە ئەو ڕێژیمە بــە دوای ئەوەدایە کە ڕواڵەتــی دڵخوازی خۆی لە تاک و کۆمەڵگا ساز بکات و ئەوان بۆ هەر کام لەو ڕواڵەتانە «ڕواڵەتی بەرزیان» دەستنیشــان کردووە و کۆمەڵگا بە زۆرملی بەرەو ئەو ڕواڵەتە دەستنیشــانکراوە دەبەن، وەک «حەسەن ڕووحانی» باسی دەکات، بە زۆری قامچی خەڵک دەبەن بۆ بەهەشت[٤].

بابەتێکــی دیکە کە دەبێت ئاماژەی پێ بکەین، پێناســەکردنی باڵەکانــی ڕێژیمە. پێناســەی باڵەکانی ڕێژیم، بە دوو هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم وتارە گرینگە: یەکەم هۆکار ئەوەیە کە لەو ساڵانەی دواییدا، ڕەوتێک لە نێو خەباتی نەتەوەییی ڕۆژهەڵاتدا ســەری هەڵداوە کە لە چوارچێوەی کەشی ڕەخساوی باڵەکانی ڕێژیمدا، بە دوای دەرفەتدا دەگەڕێ و بە شــوێن دەســتەبەرکردنی ویستەکانی زیاتر تاکەکەسیی خۆیدایە. هۆکاری دووهەم ئەوەیــە، بە هــۆی جیــاوازی[٥] لە پێگەی باڵەکانی دەســتەڵاتی ڕێژیمــدا، بە ڕواڵەت هەر باڵەی سیاســەتێکی تــەواو جیاوازیان بەرانبەر بە کوردستان هەیە و هەر ئەوەش ئاڵۆزیی کێشــەی کوردی ڕۆژهەڵاتی زیاتر کردووە.

دابەشکاریی باڵەکانی ڕێژیم بەسەر دوو بەرەی ڕیفۆرمخواز و بناژۆخــوازدا، ناتوانێ دەرخەری ڕاســتیی ویست و خواستی ئەو دوو باڵــە بێت. بە خوێندنــەوەی ئەزموونی سیاســیی ئــەو دوو باڵە دەردەکــەوێ ئەو دابەشکارییە، دابەشــکاریی خودی ڕێژیمە و ئامانجیشــی ئەوەیــە ڕواڵەتێکی ئەمرۆیی و جــوان بــۆ ململانێــی نێو دەســتەڵاتی سیاســی بدۆزێتــەوە. بۆ ئەوەی بە باشــی لــە ڕاســتییە شــاراوەکانی پشــت ئــەو دابەشــکارییە تێبگەین پێویســتە ئاگامان لەوە بێ کە کۆی ئەو کایەیەی دەستەڵات، دەگەڕێتــەوە بۆ ململانێیەکــی ناوخۆیی لە دەســتەڵاتی کۆماری ئیســلامیدا، ئەویش ململانێــی نێوان «بنەماڵــەی خومەینی» و «خامەنەیی»یە. لە پــاش ئەوەی خامەنەیی دەبێتە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بە پانەوە هەوڵی ئــەوە دەدات بنەماڵــەی خومەینی و دەســتوپێوەندەکانی ئــەو بنەماڵەیــە، بەتــەواوی پەراوێز بخــات، بۆ ئەوەی پلەی ڕێبەرییەکــەی، وەک خۆی لە ڕۆژی دانانی لەو پلەیەدا دەڵێت: «پلەیەکی هەوانتە و بێ دەستەڵات نەبێت»[٦].

پرســی گرینگ بۆ ئەو وتارەی ئێمە لەو پێوەندییەدا، ئەوەیە کە وەزارەتی ئیتلاعات وەک یەکێک لە دەزگاکانی داپڵۆســێنەری کوردســتان، ڕوانینی بۆ دۆزی کوردســتان لەگەڵ سازمانی ئیتلاعاتی سپا جیاوازە.

لە کۆماری ئیســلامیدا ١٦ ڕێکخراوەی ئەمنییەتــی هەیــە کــە لــە چوارچێوەی «شــوورای هــــــــاوکاریی ئیتلاعــات»دا ڕێکخــراون[٧]، لــەو شــازدە ڕێکخراوەیــە

چاردەیان بە ئامانجی ئــەوە دامەزراون کە ناوەندی نیزامی، هەستیار و ناوەکیی ڕێژیم بپارێزن. بە کورتی ئــەو تاقمە ڕێکخراوەی ئەمنی تایبەتن. دوو ڕێکخراوە کە بریتین لە «وەزارەتی ئیتلاعات» و «سازمانی ئیتلاعاتی سپا» لە ڕاستیدا بۆ یەک ئامانج دامەزراون. لە ڕواڵەتدا وا دەردەکــەوێ بوونی ئەو دوو ڕێکخراوەیــە چەشــنێک کاری تەریــب و سازمانی تەریب ساز کردنە، بەڵام بۆ ڕوونتر بوونەوەی باسەکە و درخستنی ڕاستییەکان، ســەرەتا پێویستە باســێکی کورت لەسەر تەناهــی لە چوارچێوەی ئیســلامدا بکەین. بەشی لێکۆڵینەوەی «مەجلیسی خوبرەگان» لە وتارێکدا لە ژێرنــاوی «جێگە و پێگەی تەناهی لــە حکوومەتی ئیســلامی دا» کە ســاڵی ١٣٨١ بڵاوی کردووەتەوە، ئەمنیەت بــە یەکــەم ئەرکی حکوومەتی ئیســلامی دادەنێت.[٨]

«ڕۆژنامەی کەیهان» کە لە ژێر چاوەدێریی خامەنەییدایە، لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی «گرینگیی تەناهی لە ئیســلامدا» کە ڕۆژی ٥ی ڕەشــەمەی ١٣٩٦ چاپــی کــردووە دەڵێت: «بە هــەر پێوەرێک بیپێوی، ئەرکە لەسەر حکوومەتی ئیسلامی کە ئەمنییەتی جۆراوجۆری خەڵک دابین بکات»[٩].

لێرەدا دەبێــت، ئەو پرســیارە بکەین، ئەدی هۆکاری چییە کۆماری ئیسلامی دوو ڕێکخراوەی هاوشانی یەکی ساز کردووە؟

ئەگــەر لــە یــەک ڕســتەدا بمانەوێ وڵامی ئەو پرســیارە بدەینەوە دەبێ بڵێین، هۆکاری ســەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی بنەماڵەی خومەینی لە وەزارەتی ئیتلاعاتدا. وەزارەتــی ئیتلاعات ســاڵی ١٣٦٣و لەژێر هێژمۆنــی «ئەحمــەد خومەینــی»، «عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفســنجانی» و «محەمەد موســەوی خۆیینیها» دامەزرا. هەرچەند لە ساڵی ٦٩وە بەردەوام خامەنەیی چاوەدێریی بەسەردا کردووە و ئاڵوگۆڕی بەسەر هێناوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەپێی ئەوەی ســاڵی ٧٧ بۆ ئەوەی بڵێن دەوڵەت لەگەڵ زنجیرە تێرۆرەکانی ئەو کات نییە، «سەعید ئیمامــی» لەلایان «عەلــی ڕەبیعی»یەوە کە ڕیفۆرمخواز بوو و ئــەو کات هیچ پلەیەکی لە ئیتلاعاتدا نەمابوو، لێپرسینەوەی لێ کرا و هــەر وەها بەپێی ئەوەی کە «موعاوینەتی ئیتلاعاتی ســپا» ســاڵی ١٣٨٨ لە هەرەتی ئاڵۆزیی نێوان ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازەکاندا، بوو بە سازمانێکی سەربەخۆ، بە ڕوونی دیارە کە ئیتلاعاتی ســپا لە ڕاستیدا ڕێکخراوەی متمانەپێکــراوی خامەنەییــە و لە ئاکامی ململانێــی لەگەڵ بنەماڵــەی خومەینی و لەترسی دزەی ئەو بنەماڵەیە بۆ ناو وەزارەتی ئیتلاعات دامەزراوە. هەر لــەو پێوەندییەدا دەکرێــت ئامــاژە بە لێدوانێکی «حوســین غەریبپــوور» ســەرۆکی قــەرارگای ئیمام عەلیش بکرێــت کە دەڵێــت: «خامەنەیی گوتــی مــن ئەمنییەتم لە ســپا دەوێت و بۆیەش ئێســتا ســپا زیاتر دەپەرژێتە سەر بواری ئەمنیی»[١٠]

گرینگیی ئەو پرسە بۆ بابەتی وتارەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ڕوانینی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی ســپا بۆ بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان. بەرپرسانی پێشووی ئیتلاعات کە ئێستا ڕۆڵی سەرکردایەتیی ڕیفۆرمخوازەکان دەبینن و لــە نێویاندا دەتوانیــن ئاماژە بە هێندێــک نــاوی وەک «عەلــی ڕەبیعی»، «ســەعید حەججاریــان»، «ڕەزا ئەمیــری ساڵحی»، «محەمەدڕەزا تاجیک» و .... بکەین، ســەرجەمیان ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ دۆزی کوردستان ئاشــنان و لە نزیکەوە ئاگاداری هێزی سیاســی و کۆمەڵایەتیی کوردستان هەن. «ئەمیری» جێگری پێشــووی بەشی فەرهەنگیــی وەزارەتــی ئیتلاعــات بووە و «ڕەبیعی» هەتا ســاڵی ١٣٧٢ هاوکات هەم جێگــری وەزیــری ئیتلاعات بــووە و هەم بەرپرســایەتیی ئیتلاعاتی پارێزگای سنە و

ورمێی بە دەستەوە بووە. ئەو باڵە لە ڕێژیم خوێندنەوەیان بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێمۆکڕاتیکی کوردستان ئەوەیە کە ئەو بزووتنەوەیە وەک بزووتنەوەیەکی سێکۆلار دەبینن و ڕۆڵێکی گرینگ بە پرسی دین، بەتایبەتی دینی ئیسلام و مەزهەبی سوننە لە تاوتوێکردنی بزووتنەوەکە و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ بزووتنەوەکە نادەن.

بەڵام ئیتلاعاتی سپا، بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێمۆکڕاتیکی کوردستان، لە چوارچێوەی پرسی «شیعە و سوننی»دا لێکدەداتەوە و گرینگیی تایبەت بە پرسی دین لە نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و لەنێو بزووتنەوەی کوردستان دەدا. لە ڕاستیدا ئەوان بزووتنەوەی کوردستان وەک پرسێکی «سوننی-کورد» دەبێنن و ڕوونە بە هەمان شێوەش، شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە دادەڕێژن. یەکێک لە بەڵگەکانی سەلماندنی ئەو باسە ئەوەیە کە ڕێژیم بۆ کۆنترۆڵی ڕۆژهەلاتی کوردستان سیستەمێکی سەیری ڕەچاو کردووە کە بریتییە لە دامەزراندنی «قەرارگای هەمزەی سپای پاسداران» کە هەموو ناوچە سوننی نشینەکانی کوردستانی لەژێر دەستدایە و «قەرارگای نەجەف»یش کۆنترۆڵ و چاوەدێریی ناوچە شیعەنشینەکانی کوردستانی پێ سپێردراوە. ئەوە لەگەڵ نۆرمی دابەشکاریی قەرارگاکانی سپا جیاوازیی هەیە، چونکە باقیی قەرارگاکانی سپا، بەپێی دابەشکاریی پارێزگاکان دابەش کراون. هەر لەو پێوەندیەدا ڕەنگە بەلاتانەوە سەرنجڕاکێش بێت کە زیاتر لە ٥ ساڵە یەک کەس فەرماندەی سپای پارێزگای تەوریز و سپای پارێزگای ئورمیەیە.

لێرەدا ڕەنگە خوێنەر پرسیارێکی بۆ ساز بێ کە چ پێوەندییەک لە نێوان ڕەوتی ڕیفۆرمخواز و پەلوپۆ هاویشتنی دەستەڵاتی سپا لە کوردستاندا هەیە؟ ئایا لە کاتێکدا کە ڕیفۆرمخوازەکان لەسەر هێندێک چەمکی وەکوو «کۆمەڵگای مەدەنی»، «دێمۆکڕاسی»، «مافی شارۆمەند» و ... پێداگرن؛ دەکرێ باسی ئەوە بکەین کە ئەو چەمکانە چ زیانێک بۆ بزووتنەوەی کوردستان بە دیاری دێنن لە کاتێکدا کە بەشێک لە حەولی ئەو بزووتنەوەیەش دابینکردنی ئەو دەرفەتانەیە بۆ کۆمەڵگا؟

پێش ئەوەی وڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە دەبێت، بیری خوێنەری بێنمەوە کە ڕاوێژکاری پرسی نەتەوەکان لە دەوڵەتی ڕووحانیدا کە بۆ یەکەم جار لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئەو پلەیە دیاری کراوە، عەلی یۆنسییە، «عەلی یۆنسی» تەنیا پلەی بەرێوەبەری کە هەیبووە وەزیری ئیتلاعات بووە کە وایە زۆر بەڕوونی حکوومەت هەر چەشنە پرسێک لە پێوەندی بە نەتەوەکاندا وەک پرسێکی تەناهی تاوتوێ دەکا و پلانیشی بەو بارەدا بۆ دادەڕێژێ.

ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکی بیر بکەینەوە و لە وڵاتێکی ئاساییدا بژین و بزانین بەدەر لە کایەی سیاسی و بە ڕاستی حەول بۆ وەدیهاتنی ئەو چەمکانە لە دونیای واقیعدا دەدرێ، دەبێ دڵخۆش و گەشبینانە بڕوانین و بڵێین ئەو چەمکانە هیچ خراپەیەکیان بۆ بزووتنەوەی کوردستان نییە. بەڵام با ئەو لایەنە لەبەرچاو بگرین کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، ئێرانییەکان بە چاوی پرسێکی ئەمنییەتی سەیری دۆزی کوردستانیان کردووە و ئێستا تەنانەت ئەگەر دۆزی کوردستان لە چاو ئێرانییەکان لە پرسێکی ئەمنییەتییەوە بۆ پرسێکی سیاسی بگۆڕدرێت، بێگومان تێچووی بزووتنەوەی کوردستان زۆر کەمتر دەکات و ئەوەش بە قازانجی بزووتنەوەکەیە. ئەوە بەدەر لەوەیە کە پێکهاتەی سیاسیی ئێران، پێکهاتەیەکی تۆتالیتێرە و لەو پێکهاتە تۆتالیتێرەدا شوناسی کوردبوون وەک شوناسێکی

ئەویتری شوناسی ئێرانی دەناسرێ و بۆ لەناوچوونی هەموو ڕێگایەک دەگیرێتە بەر.

بۆ ئەوەی پرسی دێمۆکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و مافی شارۆمەندی لە ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازەکانەوە تاوتوێ بکەین دەبێ زۆر وردتر بڕوانینە بابەتی باڵەکانی ڕێژیم و ململانێی نێوان ئەو باڵانە، جا بەو پێیەش دەبێ بڵێین:

**یەکەم:** ڕیفۆرمخوازەکان لە دەستەڵات پەراوێزخراون و بەپێی ئەزموون، ئەوانە پێشتر کە لە دەستەڵاتدا بوون، لەبەرانبەر پرسی کورد و خەڵکی کوردستاندا زۆر دڵڕەقتر و خوێنڕێژتر بوون، کە وایە ئەگەری زۆرە بەپێی ئەوەی ئاگاداری ئەوە هەن کە کۆمەڵگای کوردستان پرسی دێمۆکراسی، مافی شارۆمەندی و ... بە قازانجی خۆی دەزانێ، ئەو باوەڕەی کۆمەڵگای کوردستان وەک ئامێرێک بەکاربێنن بۆ گەیشتنەوەی خۆیان بە دەستەڵات، بۆیەش من پێم وایە کۆی دروشمەکانی ئەوان تەنیا بابەتێکی کاتییە و ئامانجی ڕوون لەو بابەتە ئەوەیە کە خۆیان دەستیان بگاتەوە بە دەستەڵات.

**دووهەم:** «مێهدی هاشمی» کە کوڕی نێونجیی «ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی»یە، دەڵێت: «دێمۆکراسی لای ئێمە پرسێکی نێوخۆییی باڵەکانی ڕێژیمە»[11] کە وایە ئەگەر ئەوان تەنانەت باوەڕیان بە دێمۆکراسییش هەبێت، ئەو دێمۆکراسییە لە ڕاستییدا لەنێوان باڵەکانی ڕەژیمدا دێمۆکراسییەکی بەڵێندارە. هاوشێوەی ئەو دێمۆکراسییە بەڵێندارەی کە لەنێوان توێژی دەسترۆیشتووی وێنزوئێلا لە ساڵەکانی نێوان ١٩٤٣ هەتا ١٩٧٥ هەبوو، بە کورتی ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن دێمۆکراسی ڕێکارێکە بۆ ڕاگرتنی دەستەڵاتی خۆیان و کەمتر خوێناوی بوونی ململانێ نێوخۆییەکانی ڕێژیم و دابەشکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان لەنێو ئەو باڵانەدا و هەرگیز وەک دەرفەتێک نە بۆ خەڵکی کورد و نە بۆ خەڵکانی دیکەی ئێران کەڵکی لێ وەرناگرن و نایکەنە هەلێک بۆ گەلانی ناو ئێران.

**سێهەم:** بۆ ناسینی ڕیفۆرمخوازەکان نابێ دروشمەکانی سەردەمی هەڵبژاردنیان خەڵک و چالاکانی سیاسی بە لاڕێدا بەرێ. واتە باشترین تریبوون بۆ ناسینیان ئەو دروشمانە نییە کە لە کاتی هەڵبژاردندا بەرزی دەکەنەوە، بەڵکوو «ڕۆژنامەی شەرق» و باقیی بڵاڤۆکەکانیانە کە نیشاندەری گەلاڵە و بیری سیاسیی ئەوانە بۆ گەیشتن بە دەستەڵات و پاش بە دەستەوە گرتنی دەستەڵاتیش، تەنیا بە سەیرکردنی چەند ژمارەی ڕۆژنامەی شەرق بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان هەتا چەندە دژی دۆزی کوردستانن.

**چوارەم:** لە تاوتوێکردنی هەر باسێک بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی، دەبێت لە بیرمان بێت کۆماری ئیسلامی دۆزی کوردستان وەک دۆزێکی ئەمنییەتی سەیر دەکات، نەک وەک دۆزێکی سیاسی.

لێرەدا لەوانەیە خوێنەر ئەو پرسیارەی بۆ ساز بێت و بڵێت، دەی باشە سیاسەت خۆ زۆر بە کەمی لەسەر بناغەی متمانە دادەمەزرێ، بەڵکوو وەکی ئەزموونی ئەو بوارە دەریخستووە زیاتر لەسەر بناغەی بەرژەوەندی خۆ دەگرێ، ئەگەر وایە بۆ ئێمە نابێ لەگەڵ ڕیفۆرمخوازەکان هاوپەیمان بین بۆ لێدان یان لاوازکردنی بناژۆخوازەکان؟

ئەگەر بە چاوێکی وەردبینانە لە ڕووداوەکانی چل ساڵی ڕابردووی ئێران بڕوانین، بەو ئاکامە دەگەین کە لە کێشەی نێوان کوردستان و ئێراندا، هەر ڕێکەوت و کردەیەک ببێتە هۆی لاوازیی زیاتری دەستەڵاتی ناوەندی، بەدەر لەوەی دەستەڵاتی ناوەندی هەتا چەندە دژی دۆزی کوردستانە، ئەوە بە قازانجی کوردستان و بزووتنەوەکەیەتی، بەڵام لە

پرسی ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازدا، ئێمە وەک کورد بە هۆی ئەوەی ئێرانییەکان دۆزی کوردستانیان وەک دۆزێکی ئەمنییەتی پێناسەکردووە و بە ئاسانی دەتوانن زەختی بزووتنەوەی کوردستان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، لەسەر باڵێکی ڕێژیم بە ڕێگای وەک گیران، سەرکوت، زیندان، ...وەوە، لاواز بکەن، کە وایە ئەگەر ورد بڕوانین ئێمە ناتوانین هێندە زەخت بخەینە سەر ئێرانییەکان بۆ ئەوەی پابەندی دێمۆکراسی، مافی شارۆمەندی و ... بەرانبەر بە کۆمەڵگای کوردستان بن، دوای ئەو باسە دەبێت بڵێین لە ململانێی نێوان ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازدا، ئێمە ناتوانین بەرژەوەندییەکانمان دابین بکەین، کەوایە بەشداریی ڕاستەوخۆ لەو ململانێیەدا، تەنیا بارقورسییە بۆ سەر بزووتنەوەی کوردستان، بەڵام ئەو ململانێیە هەتا گرژتر و خوێناویتر بێت، بە قازانجی بزووتنەوەی کوردستانە، چون دەستەڵاتی ناوەندی لاواز دەکات.

بەڵام بەشداریی ڕاستەوخۆ یان کیسە بۆ هەڵدوورینی بەومانایە کە پێمان وا بێت ئەگەر باڵێکی ڕێژیم دەستی بە دەستەڵات گەیشت لە باڵەکەی‌تر باشترە، هەڵەیە؛ بەڵام دەست تێوەردان لەو ململانێیە، بەقازانجی بزووتنەوەی کوردستانە.

لە کۆتاییی ئەو بەشەدا دەبێت دوو بابەت ڕوون بکرێتەوە:

**یەکەم:** شوناسی کوردبوون لە پێکهاتەی فکری ئێرانی بووندا، وەک شوناسێکی دوژمن پێناسەکراوە و ئەوەش وا دەکات کە بەدەر لە باسی دێمۆکراسی و خواستی بەشداری لە دەستەڵات، کورد بوون لە لای ئێرانییەکان، وەک شوناسێکی مەترسیدار بۆ سەر ئێرانی بوون سەیر بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێرانییەکان بڕوایان بە وەهمی شوناسی مێژوویی ئێران هەیە و لەبەرانبەردا، سەرجەمی شوناسەکانی تر وەک کورد بوون بە شوناسێکی ئاژاوەگێڕ دەزانن. ئەوان لەگەڵ خودی شوناسی کورد بوون کێشەیان هەیە، نەک لەگەڵ ئاستی خوازییەکانی ئەو شوناسە و خۆ گرژ کردن لە بەرانبەر داخوازییەکان تەنیا بیانویەکی کاتییە و هیچی دیکەی تێدا بەستە نییە.

**دووهەم:** بەرێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت ئەوانەی وا لە دەزگا سیخورییەکانی ئەو ڕێژیمەدا کار دەکەن، زۆربەیان باوەڕی دینییان هەیە و ئەوان پێیان وایە کە کوشتوبڕ و درۆ و بوختان ئەگەر لە پێناو ئیسلام و حکوومەتەکەیاندا بێت ڕەوایە و تەنانەت خێریشان پێ دەگات و خومێنی بەپانەوە دەڵێت: «تۆمەت کە لە دینی ئیسلامدا گوناحی گەورەیە هێندێ جار واجب دەبێت».[۱۲]

**سێهەم:** بەدەر لەوەی کە هێزێکی چەکداری کوردستانی هەیە بەرەڕووی ڕێژیم بێتەوە یان نا، ئێرانییەکان چون شوناسی کوردبوون بە دوژمنی خۆیان دەزانن، کوردستان وەک پرسێکی تەناهی و مەترسییەک بۆ سەر خۆیان دەبینن، ئەوە وای کردووە تەنانەت لە قۆناغی دوای خەباتی چەکداریش، ئێرانییەکان کوردستان وەک گۆڕەپانی شەڕ دانێن و هەموو هەوڵێک بدەن بۆ ئەوەی شوناسی کوردبوون تێکبدەن. لێرەدا باسی ئێمە لەسەر جۆرێک شەڕە کە لەودا لەباتی چەک، قەڵەم لە گۆڕییە و لەباتی سەرباز، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستا بوونیان هەیە. لە شەری گەرمدا تاکەکان دەکوژرێن، شەقام و شارەکان وێران دەکرێن، بەڵام لەشەری نەرمدا، شوناس دەکوژرێ و فەرهەنگ و زمان و داهاتوو وێران دەکرێن.

پاش ئەو باسانە، دەچینە سەر شێوازەکانی سەرکوتی نەرمی ڕێژیم کە بەرانبەر بە کوردستان بەرکاریان دێنێ.

وەک ڕوونکردنەوە، پێویستە باسی ئەوە بکەین کە ئەوەی لەوە بەملاوە باسی

لەســـەر دەكرێت، ئەو شـــێوازە سەركوتە نەرمانەیە كە كۆماری ئیســـلامی، بەرانبەر بە چالاكانی كورد بەكاریان دێنێ و بەدەر لە باســـی ئیعدام، زیندان و ئەشكەنجەیە. ئەو بابەتەی دواتر گرینگ و باس ورووژێنە، بەڵام بە هۆی ئەوەی دەمهەوێ لەو وتارەدا جەخت لەســـەر شـــێوازی نوێی رووبەڕوو بوونەوە و خۆ تەیاركردنی رژێم لە بەرانبەر مافخوازن و شوناس سازانی كورد دا بكەم، ئەو لایەنەی دیكە بۆ نووسینی و شیكاری تر هەڵدەگرم.

## بەشی دووهەم
## هێژمۆنیی فارسایەتی

لەسەرەتادا باسێكمان لەسەر بابەتی شوناس لە پێكهاتـــەی فكریـــی ئێرانییەكاندا كرد. ئەوان لە پێكهاتەی فكریی خۆیاندا شوناسی ئێرانیبوون كە پێكهاتەیەك لە فارس بوون و شـــیعەبوونە، وەك شوناســـێكی مێژوویی هەمـــوو خەڵكی نێـــو جوگرافیـــای ئێران دەستنیشـــان دەكەن و لە قۆناغی دواتردا، هەر پرس، بابەت و مێژوویەك كە شوناسی ئێرانی بوون پشتڕاســـت نەكاتـــەوە، وەك شوناســـی دژبەری خۆیان پێناسە دەكەن و هەموو رێوشـــوێنێك دەگرنـــە بەر هەتا ئەو شوناسە دژبەرە بتوێننەوە و دزێوی بكەن.

گرینگترین شـــێوازی ســـەركوتی نەرم لـــە ئێران، تەشـــەنەكردن و گەشـــەدان بە هێژمۆنیی زاڵی فارســـایەتییە! ئەو شوناسە كـــە وەك شوناســـی ئێرانی بوون پێناســـە دەكرێت، شوناســـی ڕەوایی دەستەڵاتداری تۆتالیتری ئێرانییە كە لەســـەر بنەمای ئەو شوناسە دامەزراوە و ڕوونیشە كە بۆ مانەوەی خۆی بە هەموو شێوەیەك برەو بەو شوناسە دەدات و شوناســـەكانی تـــر وەك دژبەری خۆی پێناسە دەكات.

هـــەر لەســـەر ئەو بنەمایەشـــە كە لە پێكهاتـــەی دەســـتەڵاتداریی ئێرانـــی، زانكـــۆكان، ناوەنـــدە فەرهەنگییـــەكان و میدیـــای فارســـییدا، شوناســـی نەتەوەیی، زمانـــی نەتەوەیی، فەرهەنگـــی نەتەوەیی و هتد كە لەڕاستییدا شـــوناس، فەرهەنگ و زمانی فارســـییە، لە بەرانبەر شوناس، زمان، فەرهەنـــگ و هتدی ناوچەیی یان خۆجێیی دادەنـــدرێ كە زمانی نەتەوە نافارســـەكانی نێو جوغرافیـــای دەســـتەڵاتداریی ئێرانە و لە بۆچوونی ئێرانیدا، پاراســـتنی شوناســـی نەتەوەیی ئەركی نیشـــتمانییە و پاراستنی شوناسی خۆجێیی نیشـــانەی «ئاژاوەگێڕی» و «ســـووك بوونـــە»، ئـــەو باســـە ڕۆژانە لە هەموو ڕەهەندە فەرهەنگییەكانەوە دووپات دەبێتەوە و تەنانەت بە شێوەی قانون و بڕیار دەخرێتە نێو ژیانـــی ڕۆژانەی خەڵكەوە؛ بۆ وێنە بودجەی تایبەت بۆ پاراســـتنی زمانی فارسی دیاری دەكرێت، بەڵام مامۆستاكانی زمانی كوردی وەك كەســـانی مەترســـیدار بۆ ســـەر «تەناهیی نەتەوەیی» دەستبەسەر دەكرێن.

ئامانجەكانی ســـازبوونی ئەو هێژمۆنییە بریتین لەو خاڵانەی لە درێژەی باســـەكەدا ئاوریان لێدەدەمەوە:

**یەكەم:**

تاكی كورد وەك مەترســـییەك ســـەیری كـــورد بوونی خـــۆی بـــكات، كاتێك تاكی كـــورد بوونی خۆی بـــە مەترســـی بزانێ، بەردەوام بۆ ئەوەی لە مەترســـیی گیران و ژانەســـەری دەزگا ئەمنییەكان بەدوور بێت، خۆی لە پرس و بابەتی پێوەندیدار بە زمان، فەرهەنـــگ و هتدی كوردبوون دەبوێرێ، بە ڕواڵەتیش بێت، بایەخێك بەو باســـە نادات. لێرەدا دیارەدەی زمانی بێ كەڵك یان زمانی بێ بەكارهێنەر ســـەرهەڵدەدات، زمانی بێ بەكارهێنەر زمانێكە كـــە بەكارهێنەرەكەی نەتوانێ یان نەیهەوێت بۆ هەموو پرسەكانی ژیانی بەكاری بێنێ و ئەوەش سەرەتایەكە بۆ توانەوەی هێندێ لایەنی زمان و فەرهەنگ.

**دووهەم:**
بایەخی هیچ زمانێک زاتیی نییە، گرینگیی زمان لای تاک بۆ ئاستی بەکارهێنانی ئەو زمانە لە ژیانی ڕۆژانە، ژیانی ئابووری، ژیانی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی تاکەکان دەگەڕێتەوە. کاتێ زمانێک زانین و بەکارهێنانی دەبێتە ژانەسەرێکی تەناهی بۆ بەکارهێنەرانی، بێگومان بەکارهێنەرانی ئەو زمانە پشت دەکەنە زمانەکە و ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئابووریی زمان (چاپی کتێب، ڕۆژنامە، ... وەرگێڕان و دیلمانجی و فێرکاریی زمان) تێکبڕووخێت، کە وایە تاکەکانی بەکارهێنەری زمانەکە ناچار دەبن، خۆیان لە گیرفانی خۆیان ئابووریی زمانەکە لەسەر پێ ڕاگرن، وەک چۆن ئێستا گۆڤار و بڵاوۆکی کوردی، هیچ داهاتێکی نییە و ئەگەر بەڕێوەبەرانی لە گیرفانی خۆیان تێچووەکەی نەدەن، دادەخرێن.

ئەوە سەرەڕای ئەو باسەیە کە ئایا ڕێژیم ئامادەیە مۆڵەتی چاپ کردنی گۆڤارێک بدات یان نا؟ لێرەدا ئەگەر مۆڵەتەکەشی بدرێت بۆ شاردنەوەی نیەتی ڕێژیمە و چون گۆڤارەکە ناتوانێ لە ڕووی ئابوورییەوە لەسەر پێ ڕاوەستێ یان زۆر زوو لەنێو دەچێت، یان ئەوەی ناچار دەبێت، سەری بەم یان ئەو دەزگای ئەمنییەوە بنێ، کە ئەوەیش هەر لە ڕاستییدا لەنێوچوونە.

جێگای ئاماژەیە کە کەم بەکارهێنانی زمانێک، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ڕێژەی چاپی کتێب، گۆڤار و ... کەم بێتەوە و ئەو کەم بوونەوەیەش لە ڕووی ئابووریی فەرهەنگییەوە دوو قەیرانی بنەڕەتی ساز دەکات:

ئا: تێچووی چاپی بڵاڤۆکەکان دەباتە سەرێ و ئەوە خۆی دەبێتە، هۆکار بۆ ئەوەی ڕێژەی بەکارهێنەری کەمتر بێت؛ یان بەکارهێنەر ناچار بێت تێچوویەکی زیاتر بۆ ڕەهەندی فەرهەنگی کوردیی نێو ژیانی بدات. واتە بەکارهێنەر، کتێبێکی فارسیی بە هەرزانتر دەستدەکەوێ لە چاو هەمان کتێب بە زمانی کوردی.

بێ: کەسانی بەرهەمهێنەری ئەو بڵاڤۆکانە، بەهۆی ئەوەی ناتوانن کارو چالاکیی خۆیان وەک سەرچاوەی داهات سەیر بکەن و بەناچار چالاکییەکانیان دەبێتە کارێکی لاوەکی، گومانی تێدا نییە کە کاتێ بەرهەمی فەرهەنگی، نوسین و بیرکردنەوە دەبێتە کارێکی لاوەکی، ئاستی بەرهەمەکان دادەبەزێت.

**سێهەم:**
پێشکەوتنی ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەسەر شانی لێهاتووانی ئەو کۆمەڵگایەیە. کاتێ کە زمان و فەرهەنگی کۆمەڵگایەک لە لایەن دەسەڵاتەوە وەک مەترسیی تەناهی سەیری دەکرێت و لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە وەک زمانێکی سووک و بێقیمەت لێی دەڕوانرێ، لێهاتووانی بەکارهێنەری ئەو زمان و فەرهەنگە یان پشت دەکەنە زمان و فەرهەنگی خۆیان و خزمەت بە زمان و فەرهەنگی تر دەکەن، یان ئەگەر پارێزەری بن، دەکەونە نێو قەیرانی جۆراوجۆرەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی لێهاتووان چێژ لە لێهاتوویی خۆیان نەبینن.

ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی زمان و فەرهەنگەکە زیاتر و زیاتر ڕوو لە لاوازی و تێکڕووخان بکات.

**چوارەم:**
دامەزراوەی فەرهەنگی، زمانی و هزری، بایەخی گرینگیان لە ڕەوتی ڕووناکبیریی نەتەوەکاندا هەیە ئەو دامەزراوانەن کە دەتوانن ڕەوتی فکری بخوڵقێنن و مێژووی هزری و فەرهەنگی نەتەوەیەک پێکەوە گرێ بدەن و کاتێک دەسەڵاتی سیاسی پێش بەو دامەزراوانە بگرێت، بێگومان ڕووناکبیریی نەتەوەکە ڕوو لە کزی دەدات،

ئالۆزیی فەرهەنگی، زمانی و هزری ساز دەبێت و ئەو نەتەوەیە ناتوانێ بیر لە پرسەکانی سەردەم بکاتەوە و تاکەکان بەردەوام بۆ وڵامی پرسیارەکانی نێو ژیانیان ڕوو لە هزر و بیری کۆمەڵگای سەردەست دەکەن، ئەوە سەرەڕای ئەو باسەیە کە ڕێژیم خۆی لەو بوارانەدا، ئالۆزی ساز بکات.

**پێنجەم:**

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا گرینگە کە لێهاتووانی ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگاکە پێوەندی ئۆرگانیک و دوولایەنەیان هەبێت، بەو مانایەی کە لێهاتووان دوایین بیرکردنەوە، دەسکەوت، نووسین و ڕامانی خۆیان، بەپانەوە لەنێو خەڵک باس بکەن و خەڵک دوایین پێداویستی و حەز و ئاواتیان لەگەڵ لێهاتووان بێننە گۆڕێ. ئەوە بناغەی پێشکەوتن و سازبوونی گەشەی چەند ڕەهەندییە. کاتێ لە کۆمەڵگایەکدا دەستەڵاتی سیاسی، ڕەهەندی فەرهەنگی، فکری، سیاسی و ئابووریی ئەو کۆمەڵگایە بە مەترسیی تەناهی دادەنێت، دەکرێت بڵێین ئەو کۆمەڵگایە بە دەستی ئەنقەست، لە دۆخی دواکەوتووییدا ڕادەگیرێ، چون لێهاتووانی ناتوانن دەسکەوت، هونەر، ڕامان و هزری خۆیان پەروەردە بکەن و بیبەنە نێو خەڵکەوە و خەڵکیش ناتوانن پێداویستییەکانیان بەدەست لێهاتووانی خۆیان چارەسەر بکەن.

**شەشەم:**

شایی بەخۆیی، پرسێکی دەروونییە، بەڵام بابەتێکی گرینگە بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەرەو کاری گەورە هان بدرێن. کاتێ لێهاتووان لە کۆمەڵگایەکدا هیچ چێژێک لە لێهاتوویی خۆیان نابینن، ئاستی شایی بەخۆییان دادەبەزێت و ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی لێهاتووان لە ڕووی دەروونییەوە، نەتوانن و نەوێرن خۆ لە چارەسەری پرسی گەورە بدەن و خۆیان پێ سووک بێت و لێهاتووانی نەتەوەی باڵادەستیان پێ گەورەتر و شیاوتر لە خۆیان بێت، ئەم دیاردەیە ڕاستەوخۆ کارتێکەریی لەسەر پرۆسەی ڕزگاریی نەتەوەکان و تەنانەت ئاستی داخوازیی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکان دەبێت.

**حەوتەم:**

زمان و فەرهەنگێک کە پلان و سیاسەتی دەستەڵاتی سیاسی، وا بکات کە پەراوێز بخرێت و نەتوانێ هەموو قۆناغ و ڕەهەندەکانی ژیانی تاک لەخۆ بگرێت و وا بکرێت کە بەکارهێنەری شەرم لە بەکارهێنانی بکات، بێگومان بەرەو توانەوە و لەنێوچوون دەچێت و هاوکات زمان و فەرهەنگی باڵادەست دزەی تێدا دەکات و هێدی هێدی وشە و تەنانەت ڕێزمانی دەگۆڕدرێت و دەچێتە سەر وشە و ڕێزمانی زمانی باڵادەست.

ڕاستی ئەوەیە کە ئێرانییەکان بۆ ئەو حەوت مەبەستەی سەرەوە بەردەوام هەوڵ دەدەن کە هێژمۆنی بۆ شوناسی ئێرانی بوون ساز بکەن.

## بەشی سێهەم
## سەچە دانان

پیلانگێڕانی ئەمنییەتی لە ئێران، لەنێو خۆیاندا زاراوەیەکیان هەیە بەناوی «ریل گذاری»، ئەو زاراوەیە بۆ پیلانێکی بەکاردێنن کە لەودا ئامانج ئەوەیە بێ ئەوەی هێزی سەرکوت بەکاربێنن، بتوانن سنووری نووسین، بیرکردنەوە و گەشەی فەرهەنگی، دیاری بکەن و ناڕاستەوخۆ وا بکەن کە نووسەر و هونەرمەند، لە جەغزێکی دڵخوازی ئەواندا بیر بکاتەوە و دەق بەرهەمبێنێ.

سەچەکردن لەڕاستیدا چون پرۆسەیەکی درێژخایەن و چەند ڕەهەندییە وەک تەونێک وایە کە ئیلمەکانی دەبێتە

هۆکاری ئەوەی گولێک سازبێت، بۆیەش ئەو پیلانە مەترسیدارترین و تووناوتوونترین پیلانی دژی کورد لە چەند دەیەی ڕابردووە و لەسەردەمی محەمەدرەزای پەهلەوی ڕا بە کردەوە کاری بۆ کراوە و لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردیش ئەو پلانە دابەزاوە.

ئامانجی سەچەکردن لە کوردستان وەک ئامانجی هێژمۆنیی فارسییەت لەنێوبردنی فەرهەنگ، زمان، مۆسیقا و ئەدەبی کوردییە و دەکرێت هێژمۆنیی فارسییەت وەک بەشێک لە سەچەکردن بێت بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هێژمۆنیی فارسییەت گرینگیی تایبەتی هەیە، من وەک بەشێکی سەربەخۆ دیاریم کردووە.

لە قۆناغی ئێستادا لە کوردستان بۆ پیلانی سەچەکردن، کۆماری ئیسلامی لانیکەم ٧ شێوازی جۆراوجۆر بەکاردێنێ کە لە خوارەوە باسیان لەسەر دەکەین. وەک ڕوونکردنەوە دەبێت بڵێم کە ژمارەکانیان پێوەندی بە بایەخی شێوازەکە لە پیلانی سەچەکردندا نییە.

## یەکەم: هێژمۆنیی میدیایی

میدیای فەرمی فارسی، سەرەڕای ئەوەی بەشی هەرە زۆریان لەژێرچۆکی سپای پاسداران و نووسینگەی خامەنەییدان، ڕاستەوخۆ لەژێر چاوەدێریی «شورای عالی امنیت ملی» (ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی)دان و هەر هەواڵ و بابەتێک کە ئەو شووڕایە بیهەوێت بڵاوی بکاتەوە، ئەوان دەبێت بێ هیچ دەستکارییەک بڵاوی بکەنەوە، بەو شێوەیە هەم هەموو میدیای فارسییان لە ژێرچۆکدا دەبێت و هەم ڕاستەوخۆ کارتێکەری دەکەنە سەر میدیای فارسیی دەرەوی ئێرانیش و ئەوانیش ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ دەکەن، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرس و بابەتی پێوەندیدار بە کوردستان لە میدیای فارسیدا یان بڵاونەکرێتەوە یان ئەگەر بڵاوکراوە بەو شێوازەی کە دڵخوازی ناوەندە ئەمنییەکانە بڵاو بێتەوە. لە ڕاستیدا ئەوان هەم دیاری دەکەن چ بابەتێکی پێوەندیدار بە کوردستان بڵاوبێتەوە و هەمیش دیاری دەکەن کە چۆن بڵاو بکرێتەوە.

سەرەڕای ئەوە لە باس و بابەتی وەک بەرهەمی هونەری، ئەدەبی و فکری، مادام بە زمانی کوردییە، میدیای فارسی کە میدیای زاڵی نێو ئێرانە ئاوڕی لێ ناداتەوە و ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگا زۆر کەمتر ئاگاداری باس و بابەتی فەرهەنگی و ڕووناکبیری لە کوردستان ببن.

لە پاش ئەوە میدیای فارسی چ لە دەرەوەی ئێران و چ لە نێو ئێران بەردەوام دوانەی نەتەوەیی-ناوچەیی(ملی-محلی) بەرهەم دێننەوە و ناڕاستەوخۆ هەرچی هێمای کوردبوون بێت بە سووکی لێ دەڕوانن و ئەوی لەو پانتایە دا چالاک بێ بە ئاژاوەگێڕی دەزانن. واتە میدیای فارسی، خۆی گۆڕەپانێکی گەورەیە بۆ گەشەی هێژمۆنیی فارسایەتی. هەر لە درێژەی ئەو باسەدا دەکرێت ئاماژەیەکی کورت بە بابەتی کارناس و شارەزایی کورد لە میدیای فارسیش بکەین.

ئەگەر لێی ورد بینەوە، بابەتی کارناس و شارەزای کورد لە میدیای فارسیدا، خۆی بووەتە دیاردەیەک و میدیای فارسی، کارناسی کورد وەک ئامێرێک بۆ ئامانجەکانی خۆی سەیر دەکات و لەو پێناوەشدا؛

یەکەم: زۆربەی جاران تەنیا بۆ پرس و بابەتی پێوەندیدار بە کوردستانەوە کارناسی کورد بانگ دەکرێن، نەک بۆ تاوتوێکردنی باسێکی گشتیی ئێران یان جیهان.

دووهەم: تەنیا ئەو کەسانە دەرفەتی بەشداری لە بەرنامەی میدیای فارسییان پێ دەدرێت کە خوێندنەوە و ڕوانینیان لە چوارچێوەی بیری فارسیزم و ئێرانیگەریدایە.

ئامانج لەو کارە ئەوەیە:

**ئا:** پلەی کارناسانی کورد خوارتر لە کارناسانی فارس دانێن.

**بێ:** وا بە کۆمەڵگای کوردی نیشان دەدەن کە کارناسانی کورد شانازی بە ئێرانی بوونی خۆیان دەکەن و دۆخی هەنووکە بە باشترین بژاردە بۆ نەتەوەی کورد دەزانن.

## دووهەم: «جاش قەڵەم»

لە بابەتی سەرکوتی نەرمدا، میدیا، نوسەر، ڕۆژنامەوان و هونەرمەند، گرینگیی تایبەتیان هەیە و لە بەرخۆدانی نەرمیشدا میدیا، هونەرمەند، ڕۆژنامەوان و نووسەران، ڕۆڵی پێشمەرگانە دەبینن. هەر بۆیەش لێرەدا پێویستە وێرای پێناسەکردنی ««جاش قەڵەم»»، باسێکی کورتی ڕۆڵی «جاش قەڵەم» لە پرۆسەی سەچەکردندا بکەین.

کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتیکردنی ئەو «پێشمەرگە قەڵەم»انەی کە داکۆکی لە بزووتنەوەی کوردستان دەکەن و بەشێک لە بەرخۆدانی نەرمی بزووتنەوەی کوردستانن، کەسانێکی لەنێو ئەو نووسەرانەی کە کوردن و بۆچوونی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگای کوردیدا بڵاو دەکەنەوە دەکرێت و مەیدانیان دەداتێ و گەورەیان دەکاتەوە و باس و بابەتیان بۆ بڵاو دەکاتەوە. دیارە «جاش قەڵەم»ەکان لەڕاستیدا ئامێرێکی دەستی داگیرکەرن و بوونیان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو پەندەوە کە دەڵێت: «پۆلوو بە مقاش دەگیرێ» و کۆماری ئیسلامیش لەو پێناوەدا هەوڵ دەدات کە بە ڕێگای ئەوانەوە بزووتنەوەی کوردستان تووشی تێچوو و ژانەسەر بکات و بە کوردی و بە کورتی، بەشێک لە کۆمەڵگای کوردستان بکاتە دوژمنی بەشێکی تر. وەک دیاردەی جاشایەتیی پێشوو بەڵام ئەمجارە جاشەکان لەباتی چەک قەڵەمیان پێیە.

لەو پرۆسەیەدا، ڕێژیم بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵ دەدات کۆمەڵێک قەڵەمبەدەستی سەر بە «خۆی»، لە کۆمەڵگای کوردستاندا زەق بکاتەوە و ئەوان وەک دەمڕاستی فەرهەنگ و ڕووناکبیریی کوردستان نیشان بدات. مەبەستی سەرەکی لە بەکارهێنانی «جاش قەڵەم»ەکان ئەوەیە:

**ئا:** وا نیشان بدات کە کۆماری ئیسلامی دژی زمان وچاندی کوردی نییە.

**بێ:** ڕەوتی بیر و فەرهەنگی کوردی بە لاڕێدا بەرێ و گرێی بداتەوە بە ئێرانی بوونەوە.

**سێ:** بە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک دەقی لاواز، هێدی هێدی فەرهەنگ، زمان و هزری کوردستانی بتوێنێتەوە.

**دێ:** بە ڕێگای «جاش قەڵەم»ەکانەوە، تۆڕی شەڕی نەرم لە دژی بزووتنەوەی کوردستان بەڕێوە دەبات و وا نیشان دەدات کە کورد لەگەڵ خۆی کێشەی هەیە و بەو شێوەیە ئاڵۆزییەک لە پرۆسەی دوژمن ناسیدا بنێتەوە، ئەگەر زەینتان دابێتێ «جاش قەڵەم»ەکان، کورد خۆی بەسەرچاوەی هەموو نەدامەتییەکانی خۆی دادەنێن، دەڵێن کوردبووە کە بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی هێرش بکاتە سەر کوردستان و یان لە کۆماری ئیسلامیدا دەرفەت هەیە بەڵام کورد خۆی ناتوانێ بەکاری بێنێ.

## سێهەم: هاوتەریبسازیی میدیایی

ڕێژیمی پالەوی و کۆماری ئیسلامی، لە کۆتاییی چلەکانەوە هەتا ئێستا، زمانی کوردییان وەک ئامێرێک بۆ سەرکوتی خۆیان سەیر کردووە و لەگەڵ ئەوەی بەردەوام هەوڵی لەنێوبردنی ئەو زمانەیان داوە، خۆشیان نەبواردووە لەوەی کە ئەو زمانە بۆ ئامانجی خۆیان بەکاربێنن.

هەر لەو پێناوەشدا کۆماری ئیسلامی بۆ سێ مەبەست میدیای کوردیی سەر بە

خۆی دامەزراندووە:

**یەکـــەم:** هاوتەریبســـازی لەبەرانبـــەر میدیای بزووتنەوەی کوردستاندا. مەبەست ئەوەیـــە کـــە بەرانبـــەر هـــەر میدیایەکی کوردی میدیایەکی کوردیی ســـەر بە ڕێژیم دادەندرێ، بـــۆ وێنە کوردپرێس بەرانبەر بە کوردپا و ...

**دووهەم:** کارتێکەری لەسەر ڕای گشتیی پارچەکانـــی تـــری کوردســـتان بەتایبەتی باشووری کوردستان دانێت.

**ســـێهەم:** زەق کردنـــەوەی «جـــاش قەڵەم»ەکان بە مەبەستی بەرین کردنەوەی کارتێکەریی شەڕی نەرم.

کەوایە ڕێژیـــم تەنانەت زمان و میدیای کوردییـــان وەک ئامرازێکـــی ســـەرکوت بەکارهێناوە. گرینگیی ئەو باســـە لێرەدایە کە هێندێ نووسەری کورد، میدیای ڕێژیم بە دەرفەتێک بۆ پاراســـتنی زمانی کوردی دەبینن، ئـــەو ڕوانینە هەڵەیـــە چونکە لەو میدیایـــەدا، هزر، بیـــر و بەرژەوەندییەکانی کوردســـتان هیچ گرینگییـــان نییە، بەڵکوو تەنیـــا و تەنیا زمانی کـــوردی بەکارهاتووە بۆ ئەوەی هـــزر، بیـــر و بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیســـلامی بڵاو بکرێنەوە و برەویان پـــێ بدرێت. بۆیەش هاوکاری کردن لەگەڵ میدیای کوردیی ســـەر بە ڕێژیم، بە مانای هاوکاری کردن لەگەڵ پرۆسەی سەرکوتی کوردستانە.

## چوارەم: دەنگ لێ برین

وەک لەســـەرەتادا باســـمان لێ کـــرد، لە پرۆسەی ســـەرکوتی نەرمی ڕێژیمدا، میدیا و «جاش قەڵەم» ڕۆڵی ســـەرەکیان هەیە و روونە لە بەرخۆدانی نەرمیشدا، «پێشمەرگە قەڵەم» و میدیای بزووتنەوە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

کۆماری ئیســـلامی لـــە بەرانبەر «جاش قەڵەم»ەکانـــدا کە مەیدانیـــان پێ دەدرێت و پشـــتگیریان لـــێ دەکرێت، بـــۆ ئەوەی کۆمەڵـــگای ڕۆژهەڵات بیانناســـێ و گوێی لـــە دەنگیان بێـــت، بە هەموو شـــێوەیەک لـــە هەوڵدایە کـــە دەنگ لە «پێشـــمەرگە قەڵەم»ەکان ببرێ.

«پێشـــمەرگە قەڵـــەم»ەکان سانســـۆر دەکرێن، ڕێگایان لـــێ دەگیرێت بۆ ئەوەی دەنگیان بە کۆمەڵگای کوردســـتان نەگات، پەراوێز دەخرێـــن و توندوتیژیی میدیایی و مەجازییان بەرانبەر دەکرێت.[١٣]

لێـــرەدا دەبێت ئەوەمـــان لەبیر بێت کە «پێشـــمەرگە قەڵەم»ەکان، ڕێک هاوشـــان و هاوپلەی پێشـــمەرگەی سەنگەرن؛ بەڵام ڕەنگە شەهیدکرانی ئەوان جیاوازیی هەبێت لەگەڵ شەهیدکرانی پێشمەرگەی سەنگەر؛ لەبەر ئەوەی «پێشـــمەرگە قەڵەم» تەنیا لە دوای تێداچوونی جەستەی شەهید نابێت، بەڵکـــوو ئەگـــەری هەیە پێش جەســـتەی شەهید بێت. لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی لـــە ڕاســـتییدا هەوڵ دەدات بیـــر و هزری «پێشـــمەرگە قەڵەم»ەکان بکوژێت. بۆیەش زۆر جار دەبینین، پاش کۆچی «پێشمەرگە قەڵەم»ێک، بە هەموو شـــێوەیەک کۆماری ئیسلامی هەوڵی بریندارکردنی کەسایەتیی ئەو «پێشمەرگە قەڵەم»ە دەدات.

## پێنجەم: توندوتیژیی مەجازی

لە قۆناغـــی بڵاوبوونەوەی سۆشـــیالمیدیا و ئینتێرنێتدا، ڕێژیم هەلی ئەوەی بۆ خوڵقاوە کە بەبێ هیچ تێچوو و گرفتێک، شەپۆلێک لـــە توندوتیـــژی لـــە دژی چالاکانی کورد وەرێ بخـــات. ڕواڵەتی ئەو کردەوەی ڕێژیم زۆر لەبەرچاو ناگیرێت، بەڵام ڕاســـتییەکەی ئەوەیە ئامانج لـــە توندوتیژیی مەجازی کە بەشێک لە شـــەڕی نەرمی دژ بە تاکەکانە، تێکدانی باری دەروونیـــی چالاکانی کوردە کـــە ئەو کارە بێگومان هەم دەبێتە هۆکاری هەڵە کردن و هەم دەبێتە هۆکاری لاوازیی

بەرهەمەکان.
لێرەدا پێویسـتە ئاماژەیەکی کورت بە جۆرێک توندوتیژیی تەکنیکی بکەین ئەویش ئەوەیە کە بـە کەم کردنـەوەی خێرایی ئینتێرنێت و بە ئاسانی وادەکرێت کە ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئەو ماڵپـەڕ و بابەتانەی کە لە لایەن بزووتنەوەی کوردستانەوە بەرهەم هاتوون کەم ببێتەوە و ئەوەش شـێوازێک لـە سانسـۆری دیجیتاڵییە و دیـارە ئەو باسـە سـەرەڕای باسـی فیلتێرینگە چون فیلتێرینگ بابەتێکـی تایبەتە. جیا لەوەش جێگای ئاماژەیە کە لە ئێران کەسانێک کە سەردانی ماڵپەڕی دەرەوەی ئێران دەکەن، دەبێـت تێچوویەکی زیاتر بدەن، چون هیچ ماڵپەڕێکی بزووتنەوەی کوردستانیش ڕێگە نادرێت لەسەر دۆمەینی ئێران بێت کە وایە هەموو ئەو کەسـانەی سـەردانی ماڵپەڕی کوردی دەکەن، بـەدەر لەوەی فیلتێر بێت یان نا، دەبێت تێچوویەکی زیاتر بدەن.

## شەشەم: تێکدانی ژێرخانی مێژوویی، فەرهەنگی و هزری

لـە پرۆسـەی سـەچەکردندا، بایەخێکی تایبەت بە مێژووسازکردن، تێکدانی نۆرمی فەرهەنگی و برەودان بە هزری ئێرانیچێتی، وەک ئێرانشاری و ئێرانی کەونارا، دەدرێت. لەو بەشـەدا کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە هەوڵدایە کە خودی بزووتنەوەی کوردستان وەک سـەرچاوەی نەهامەتییەکانی خەڵک دانێت و هـاوکات لەگەڵ ئـەوە بەردەوام ئاڵۆزییـەک لـە ڕووداوە مێژووییەکانـدا ساز دەکرێت یان چەواشـەکاری لە نۆرمە فەرهەنگییەکانـدا دەکرێت و گرێ دەدرێ بە ئێرانی بوونەوە. کتێبەکانی هووشـەنگی تالع و عیرفانی قانعیفـەرد، دوو نموونەی بەردەستی مێژووسـازی بەدەست کۆماری ئیسلامییەوەن.
کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات، پێشگیری لەوە بکات کە بزووتنەوەی کوردستان دوژمن بۆ خۆی پێناسە بکات. لە پزیشـکیدا خاڵێکی بنەڕەتی هەیە ئەویش ئەوەیـە: کاتـێ دەکرێـت نەخۆشـییەک چارەسـەر بکرێت کـە نەخۆشـەکە ئەوە قەبووڵ بکات کە ئەو نەخۆشە! جا گرینگیی ئەو خاڵە بنەڕەتییەی پزیشکی لە نەخۆشیی دەروونیدا دەردەکەوێت. بۆ وێنە کەسـێک دەستی بشکێ چون دەستی وەک پێشوو کار ناکات دان بەوە دادەنێ کە نەخۆشـە، بەڵام نەخۆشـی دەروونی، زۆربـەی ئاماژەکانیان زۆر ڕوون نییە. تووڕەیی دەتوانێ نەخۆشـی بێت، دەشـتوانێ دۆخێک لە دۆخی ژیانی مـرۆڤ بێت. لـە هەمـوو بزووتنەوەیەکدا خاڵی سەرەکیی بزووتنەوەکە پێناسەکردنی دوژمنە! کاتێ دوژمـن دیار نەبێت، نەتەنیا بزووتنەوەکە ناتوانێ شـێوازی خۆی دیاری بـکات، بەڵکوو ناتوانێ ئامانجەکانیشـی بە ڕوونی دەستنیشـان بکات. لە چەند دەیەی ڕابـردوودا، ڕەنگە بە هـۆکاری ئەوەی کە خودی خامەنەیی کەسـێکی زۆر شـارەزا لـە شـەڕی نەرمدایە، کۆماری ئیسـلامی بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە بزووتنەوەی کوردستان لە پێناسەکردنی دوژمندا تووشی هەڵە بکات. ئەو کارە بە شێوازی جۆراوجۆر کـراوە. بۆ وێنە زۆرجار دەگوترێ تورکەکان دوژمنی کوردن. بۆ ئەو مەبەسـتەش دێن بابەتی کورد لە پارێزگای ئورمیە باس دەکەن و باسـی ئەوە دەکەن کە لەوێ زوڵمی دوو قات لە کورد دەکرێـت. ئەوە لە کاتێکدایە کە دۆخـی کورد لـە پارێـزگای ئورمیە، هیچ جیاوازییەکـی لەگەڵ دۆخی کورد لە پارێزگای سنە، کرماشان، ئیلام و خورەماوا نییە. لێرەدا تەنیـا ئامانج ئەوەیە بزووتنەوە تووشـی سەرلێشـێواوی لە پێناسەکردنی دوژمنـدا بکات. هەڵبەت هـەر لە درێژەی ئەو پرۆسـەیەدا، بـەردەوام ناکۆکییەکانی نێـو بزووتنـەوە زەق دەکرێتـەوە و هەوڵ

دەدرێت کــە لایەنەکانی نێــو بزووتنەوەی کوردســـتان، وەک دوژمنی یەک پێناسەی یەکتری بکەن. بۆ وێنە بێ‌ئەوەی ئامانجێکی ڕوون دیــاری بکرێت، کەســانێک بە ناوی دڵســـۆز دێن باسی شەڕی نێوخۆیی دەکەن و کــە ســەیری بابەتەکەشــیان دەکەین، زیاتر لــەوەی بیانهەوێت بابەتێکی مێژوویی باس بکــەن، هەوڵ دەدەن تاکــی کورد بە ڕێگای ڕابردوویەکی تاڵ، تووشـــی ترس و دڵەڕاوکێ لــە داهاتوو بکەن. دەی جا کاتێ تاکی کورد تــرس و دڵەڕاوکێی لە خۆی و بزووتنەوەکەی هەبێت، بێگومان یان پشتی تێ دەکات و ڕوو دەکاتە دوژمن، یان ئەوەی لە لێکدانەوەکانیدا تووشـــی هەڵەی گەورە دێت.

## حەوتەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

هەرچەنــد تەمەنــی بەکارهێنانــی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا نزیک بە دە ســاڵە، بەڵام بە هــۆی ڕێـــژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە و هەروەها بەهۆی ئەوەی بەرەی گەنج زیاتریــن بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتین، لە پرۆســەی سەرچەکردندا بۆ دوو مەبەســتی سەرەکی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێندرێ:

**ئا:** کۆکردنەوەی زانیاریی تاکەکەسی لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە.

**بــێ:** هــەوڵ بــۆ ڕێکخســـتنی تۆڕی کۆمەڵایەتی وەک میدیایەکی گشــتگیر، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی خواست و ویستی خۆیان؛ واتە تۆڕی کۆمەڵایەتی وەک تۆڕی میدیایی بەکار دەهێندرێن.

خاڵــی گرینگی ئەو باســە لێرەدایە کە کــۆی زانیارییەکانی نێو سۆشــیالمیدیا، لە داتابەیســێکی ناوەندیــدا کۆدەکرێتــەوە و ئەوەش بووەتە هۆکارێــک بۆ ئەوەی ڕێژیم بەئاسانی بتوانێ زانیاریی ورد لەسەر کۆمەڵگا و تاکی کورد کۆبکاتەوە و بە مەبەستی خۆی بەکاری بێنێ.

لێــرەدا دەبێت ئەوەمــان لەبیر بێت کە زانیاری هەتــا ئێســتا گرینگترین چەکی دەســتی مرۆڤەکانە و ڕوونە کــە هەبوونی داتابەیســێکی گــەورە لەســەر کۆمەڵگای کوردســـتان، بە مانای ئەوەیــە کە دەتوانێ پرۆژەی سەرچەکردن بە شێوەیەکی ئاسانتر بەڕێوە بەرێت. هەڵبەت دەبێت ئەوەشــمان لە بیر بێت کە بــە هۆی بەرفراوانیی تۆڕی کۆمەڵایەتی، ڕێژیم لە ئێستادا ئەو پلاتفۆرمە وەک گۆڕەپانێکی ســەرەکی بــۆ ئامانجی خــۆی بەکاردێنێ و هەمــوو ڕەهەندەکانی سەرچەکردن لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە بڵاو دەکاتەوە.

## پرۆژەی گورگی برسی

خوێناویتریــن پرۆژەی ڕێژیم بۆ لەنێوبردنی چالاکانی بەرچاوی کورد، «پرۆژەی گورگی برســی»یە. ئەو پرۆژەیە دەبێت لە شێوازی کاری سازمانی KGB بەرانبەر بە چالاکانی دژی حکوومەتــی ســۆڤیەت وەرگیرابێ و ئامانجی ســەرەکیی ئەو پرۆژیە ئەوەیە کە چالاکێک بە هــۆی قەیرانەکانی نێو ژیانی تاکەکەســی، نەتوانــێ بەرهــەم و بابەتی هەبێت.

لەســەرێ باســی ئەوەمــان کــرد کە «پێشمەرگە قەڵەم»ەکان گرینگترین بەشی بەرخۆدانــی نەرمن و باســی ئــەوەش کرا کە شــێوەی شــەهیدکردنی ئەوان لەگەڵ شێوەی شەهیدبوونی پێشمەرگەی چەکدار جیاوازیــی هەیە. پرۆژەی گورگی برســی لە ڕاستییدا بۆ شــەهیدکردنی «پێشمەرگە قەڵەم»ەکان بەکار دێت.

بە کورتی لە «پرۆژەی گورگی برسی»دا بە ڕێــگای جۆراوجــۆر وەک بەکارهێنانی پەرەســتوو، ســازکردنی قەیرانی ئابووری، ســازکردنی ترس و دڵەڕاوکــێ بەرانبەر بە چارەنووســی بنەماڵە و ... کەســی چالاک

هێنده له قەیرانەکاندا ڕۆچێ کە نەتوانێ بەرهەمی هەبێت، یان چالاکییەکەی درێژە بدات.

له پڕۆژەی گورگی برسیدا، دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەیانهەوێت ژیانی تاکەکەسیی کەسێکی دیاریکراو بە هەموو جۆرێک لەنێو بەرن، هەتا بەرهەمی هزری و هونەریی نەبێت.

هەڵبەت پڕۆژەی گورگی برسی تەنیا بۆ چالاکانی زیندوو تەرخان نەکراوە، بەڵکوو نووسەرانی کۆچکردووش دەگرێتەوە. کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە هەوڵدایە بەناوی «دیوی ڕاستیی ژیانی نووسەران» کۆمەڵێک بوختان بە نووسەرانی بەرچاوی کورد بکات و بە ڕێگای ئەوەوە کەسایەتییان بریندار بکات، هەتا خەڵک ڕێز لە فکرەکانیشیان نەگرێت. کە وایە گورگی نێو ئەو پڕۆژەیە تەنیا گوشت ناخوا بەڵکوو ئێسقانەکانیش دەشکێنێ.

لە پڕۆژەی گورگی برسیدا، «تۆری هادی»، زیاترین ڕۆڵ دەبینێ بۆیە لێرەدا باسێکی کورت لەسەر «تۆری هادی» و بابەتی بوختانکردن لە کۆماری ئیسلامیدا دەکەین.

ئایەتوڵلاکانی شیعە بۆ پرسی ئەوەی کە ئایا تۆمەت هەڵبەستن بۆ بەرهەڵستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕەوایە یان نا؟!، فەرموودەیەک لە پێغەمبەری ئیسلام دێنەوە کە دەڵێت: «إذا رأیتم أهل الریب و البدع من بعدی فأظهروا البرائة منهم و أکثروا من سبهم و القول فیهم و الوقیعة و باهتوهم کیلا یطمعوا فی الفساد فی الاسلام و یحذرهم الناس و لایتعلموا من بدعهم یکتب الله لکم بذلک الحسنات و یرفع لکم به الدرجات فی الآخرة».

**واته:** «هەر کات پاش من تاقمی دوودڵ و بیدعەتتان دیت، بە پانەوە بێزاریی خۆتانیان پێ نیشان بدەن و جنێویان بدەنێ و بە خراپە باسیان بکەن و عەیبەکانیان زل کەنەوە و تۆمەتیان لێدەن، هەتا نەتوانن ئیسلام لەنێو بەرن و خەڵکیش خۆیان لێ ببوێرن و هیچیان لێ فێرنەبن، خودا لە بەرانبەر ئەو چاکەیەی ئێوەدا حەتمەن خێرتان وەڕێ دێنێ و ئاقیبەت بەخێرتان دەکات».

بەشێک لە ئایەتووڵلاکانی ئێران ئەو فەرموودەیە دەکەن بە بنەمای پڕۆژەی گورگی برسی و فتوای سەر و ماڵ و ژیان و ئابرووی کەسی بەرهەڵستکاری خۆیان دەدەن[۱۴].

هەر لەو پێوەندیەدا خومەینی لە نامەیەکدا کە بۆ خامەنەیی ناردووە، دەڵێت: «حکوومەتی ئیسلامی کە بەشێک لە ویلایەتی پێغەمبەرە، لەبەر ئەوەی کە لە ڕیزی ئەحکامی بنەڕەتیی ئیسلامدایە، بە سەر حەج و نوێژ و ڕۆژودا فەرزە»[۱۵] بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر دەڵێت: «حاکم[مەبەست دەستەڵاتداری ئیسلامییە] دەتوانێ مزگەوت یان ماڵێک کە لەسەر ڕێگایە تێکی بدات، یان مزگەوتێک لە کاتی پێویستدا دابخات یان ئەوەی ئەگەر بەداخستن چارەی نەهات بیرووخێنێ»[۱۶].

هەر لەو پێوەندیەدا خومەینی دەڵێت: «[حاکم]هەر ئەرکێک چ تاعەت بێ و چ غەیری تاعەت، مادام دژ بە ئیسلام بێت، دەتوانێ پێشێ پێ بگرێت»[۱۷].

کۆی ئەو قسە و فتوا و تێبینییانە وایان کردووە کە سەر و ماڵ و ژیان و فکر و ئابڕووی هەر کەسێک کە کۆماری ئیسلامی چارەی نەوێت، حەڵاڵ بکرێت[۱۸]. لەو پێوەندیەدا تۆری هادی گرینگترین ڕۆڵ دەبینێ. تۆری هادی، لە ڕاستیدا پێهکاتەیەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بوختان و درۆ. ئەندامانی ئەو تۆرە لە ڕێگای ڕێکخراوەی بەسیجەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەوان کەسانی ئاساییی نێو کۆمەڵگان. بۆ وێنە کابرایەکی

بازاڕی، کارمەند، شۆفیر تاکسی یا پینەچی و ....ئەندامانی ئەو تۆڕە پیک دێنن.کەسانی چالاک لەو تۆڕەدا دوو ئەرکیان هەیە:

**یەکەم:** هەواڵ و باس و بابەتی نێو خەڵک دەبەنەوە بۆ دەزگا ئەمنییەکان.

**دووهەم:** بوختان و قسەی دڵخوازی دەزگا ئەمنییەکان لەنێو خەڵکدا بڵاودەکەنەوە.

بەو شێوەیە بێ ئەوەی دەرکەوێ کە حکوومەت خوازیاری بێئابڕوو کردنی کەسێکە، ئەو کەسە لەبەرچاوی خەڵک ڕەش دەکرێت.

## زەختی ئابووری

بەدەر لە زەختی ئابووری کە لە لایەن دەستەڵاتی سیاسییەوە بەسەر کوردستاندا سەپاوە، هەر چالاکێکی کورد لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر بکرێت، بەدەر لەوەی چەند مانگ و ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە، هەتا ٢٠ ساڵ دوای زیندانەکەی، مۆڵەتی هیچ جۆرە کارکردنێکی (جەواز کسب) نادرێتێ و بۆ هەمیشە مافی کارکردن لە دامەزراوەی حکوومەتیی نابێت. ئەو زەختە ئابوورییە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی چالاکانی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیاندا تووشی قەیران ببن و روونە کاتێک لە ژیانی تاکەکەسی و ڕۆژانەدا کەسێک تووشی قەیران دێت، ئەو قەیرانە ڕاستەوخۆ کارتێکەریی لەسەر ژیانی فکری و چالاکییەکانی دەبێت.

## کۆتایی

ئەگەر سەیری قسەکانی خامەنەیی بکەین، بەردەوام باسی ئەو دەکات کە مەترسیی «دزەی فەرهەنگی» لەسەر کۆماری ئیسلامی هەیە. هەرچەند ئەوەی خامەنەیی وەک دزەی فەرهەنگی باسی لێ دەکات، لە ڕاستیدا دەرئەنجامی ڕوانینی خامەنەیی بۆ دەستەڵاتە، بەڵام کەسێک کە بڕیاردەری سەرەکیی نێو دەستەڵاتێکی تۆتالیتێر بێت و ئەو دەستەڵاتە فەرهەنگ، هزر و بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆی هەبێت و ئامانجیشی ئەوە بێت کە ئەو فەرهەنگ و هزرە بە هەموو شێوەیەک بەسەر کۆمەڵگادا داسەپێنێ، کە وایە هەموو ڕێگایەکش دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی فەرهەنگ و هزر و بیری جیاواز لەنێوبەرێ و هەر هەوڵەکەشی خاوەن گەڵاڵە و ئامانجدارە.

هەر لەو پێوەندیەدا دەتوانین ئاماژە بە شەپۆلی گیرانی چالاکانی کورد بکەین، هەڵبەت گیرانی چالاکانی کورد لە زستانی ١٣٩٩دا تەنیا شەپۆل لە پێوەندی بە گیرانی چالاکان نەبووە، بەڵکوو لە ١٣٧٢، ١٣٨٤،١٣٨٧،١٣٨٩ ،١٣٩٦و ١٣٩٨ شەش شەپۆلی پێش ئەو شەپۆلە بووە لە هەموو ئەو ساڵانەدا چالاکانی کورد بە ڕێژەی زیاتر لە ١٠٠ کەس لەیەک قۆناغدا لەلایان دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژیمەوە دەستبەسەرکراون.

ئامانجی سەرەکی لەو شەپۆلانە ئەویە:

**ئا:** تێچووی دەستکەوتەکانی بەرخۆدانی مەدەنی هێندە بەرنەسەرێ کە کەس خۆ لەو چالاکییانە نەدا، واتە گیرانەکان لە چوارچێوەی سەچەکردن دایە.

**بێ:** بەشێک لە چالاکانی کورد ناچار بکەن کوردستان بەجێبێڵن و بەشێکیتریش ناچار بکەن کە بە دڵساردی و لەنهێنی زیاتردا چالاکی بکەن.

**سێ:** لە قۆناغی دەستگیرکردندا، چون بەناچار «پێشمەرگە قەڵەم»ەکان زیاتر خۆیان پەراوێز دەخەن، دەرفەتی ئەوە دەخوڵقێ کە «جاش قەڵەم»ەکان خۆیان وەک دەمڕاستی کورد نیشان بدەن.

**دێ:** هەموو شەپۆلەکانی گیرانی چالاکانی کورد ترسێکی گشتی لەنێو خەڵکی کوردستاندا ساز دەکات و ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی پرسی پێوەندیدار

به‌ کوردبوون زیاتر و زیاتر تاکی کوردی لێ بپرینگێته‌وه.

به‌ کورتی و له‌ ڕه‌ســـته‌یه‌کدا فه‌رهه‌نگ، بیر و هزری کۆمه‌ڵگای کوردستان له‌ چاوی تۆتالیتاریزمی ئێرانییه‌وه‌ وه‌ک دژبه‌ر ناسراوه‌ و بۆیه‌ش به‌ شــێوازی جۆراوجــۆر هه‌وڵی سه‌رکوتکردن و له‌نێوبردنی ده‌درێت.

کۆی ئه‌و باســانه‌ی خرانــه‌ ڕوو، ته‌نیا به‌شێک له‌ پلانی شــه‌ڕی نه‌رمی ڕێژیم له‌ دژی کۆمه‌ڵــگا و چالاکی کــوردن و ڕه‌نگه‌ ئێســـتا به‌ کورتی بۆتـــان ڕوون بێته‌وه‌ که‌ بۆچی شه‌جه‌ریان ده‌توانێ له‌ تێروته‌سه‌لیدا بــژی و عه‌بــاس که‌مه‌ندی له‌ هــه‌ژاری و ده‌ســـتکورتیدا؟! یــان هــۆکاری چییه‌ که‌ «کاناڵی ته‌له‌ویزیۆنی مهاباد» حه‌سه‌ن زیره‌ک له‌گه‌ڵ مۆرته‌زا پاشـــایی هه‌ڵده‌سه‌نگێنێ؟! یان له‌ «کاناڵه‌کانی ته‌له‌ویزیۆنییه‌کانی سنه‌ و مه‌هاباد» به‌رنامه‌ له‌سه‌ر زمانی کوردی به‌ڕێوه‌ ده‌چێت به‌ڵام له‌ «کاناڵه‌ ته‌له‌ویزیۆنییه‌کانی کرماشــان و ئیلام» زمانی کــوردی په‌راوێز ده‌خرێــت؟ یــان بۆچی فلان نووســه‌ری کورد له‌گــه‌ڵ ئــه‌وه‌ی ده‌یــان به‌رهه‌می هه‌یه‌ له‌ کۆمه‌ڵگای کوردســـتاندا نه‌ناسراوه‌ و ناتوانــێ ژیانی خۆی هه‌ڵســـوورێنێ؟ یان «بی‌بی‌ســـی» بۆچی دۆســـتایه‌تیی «جه‌لال مه‌له‌کشـــا» له‌گه‌ڵ «ئه‌حمه‌د شاملوو» وه‌ک شـــانازی بۆ مه‌له‌کشـــا بـــاس ده‌کات؟ یان کاتێ محه‌مــه‌دره‌زا شــه‌جه‌ریان ده‌مرێت، بۆچی پێشکه‌شکاری «ئێران ئینترناسیۆناڵ» ئه‌و پرســـیاره‌ له‌ «مامۆستا ناســـر ڕه‌زازی» ده‌کات که‌ کارتێکه‌ریی شــه‌جه‌ریان له‌سه‌ر مۆســـیقای کوردی چ بووه‌؟ یان ئه‌وه‌ی که‌ له‌ میدیای فارســـی زمانی ده‌ره‌وه‌ی ئێراندا بۆچی له‌ ئاکامدا هه‌میشه‌ وا نیشان ده‌دا که‌ کورده‌کان خۆیان ســـه‌رچاوه‌ی نه‌هامه‌تی و چاره‌ڕه‌شییه‌که‌یانن؟!. یان بۆچی کۆمه‌ڵێک به‌ناو دڵسۆزی کورد پێداگرن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که‌ تـــورک دوژمنی یه‌که‌می کوردســـتانی ڕۆژهه‌ڵاته‌ نه‌ک فارس؟ یان بۆچی به‌رده‌وام لایه‌نه‌ کوردییـــه‌کان له‌به‌رانبـــه‌ر یه‌کتریدا داده‌نرێن؟!.

بـــه‌ کورتی دواییـــن قســـه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ کۆمـــاری ئیســـلامی وه‌ک پێکهاته‌یه‌کـــی تۆتالیتێر، ســـه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که‌ سامانێکی زۆری له‌به‌ر ده‌سته‌، زۆر به‌ ڕوونیش ده‌زانێ چ ئامانجێکـــی هه‌یه‌ و هه‌موو ســـه‌رکوت و داپڵۆســـینه‌کانی به‌رنامه‌داڕێژراوه‌ و له‌ پێناو ئـــه‌و ئامانجه‌دایـــه‌. هاوکات له‌گـــه‌ڵ ئه‌وه‌، له‌بیرتان بێت که‌ کۆماری ئیسلامی له‌ ئاستی ئێراندا له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ نووسه‌رانی ئێرانی، ساڵه‌کانی ٧٠ هه‌تاوی به‌رنامه‌ی «هویت»ی ســـاز کرد و تێرۆری زنجیره‌یی ڕێکخست، که‌ وایـــه‌ دڵنیاش بن لـــه‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ نووسه‌ر، چالاک و دلسۆزی کوردیش، ده‌یان گه‌ڵاڵه‌ی مه‌ترســـیداری هه‌یـــه‌ و هه‌ر ئێمه‌ که‌مته‌رخه‌م بووین و لێی ورد نه‌بووینه‌وه‌.

* دۆزاک له‌ زمانی کوردیدا به‌مانای ئه‌هریمه‌ن دێت.

## په‌راوێز

1. https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=31770
2. https://bit.ly/2Lwxt6Z
3. https://bit.ly/3txXwMe
4. https://bit.ly/3tFIEvd
5.
6. https://bit.ly/36YjZbT
7. https://bit.ly/2MBVtWy
8. https://bit.ly/2Mk0rYc
9. https://bit.ly/3ouKpI0
10. https://bit.ly/3arom12
11. https://bit.ly/2MCYbLF
12. https://bit.ly/3p198Ee

١٣. ته‌نیـــا بۆ ڕوونکردنه‌وه‌، «پێشـــمه‌رگه‌ قه‌ڵه‌م» ته‌نیا ئه‌و که‌ســـانه‌ ناگرێتـــه‌وه‌ که‌ له‌ ڕیزی ڕێکخـــراوه‌ سیاســـییه‌کاندان، یان پرس و بابه‌تی سیاســـی ده‌نووسن به‌ڵکوو هه‌موو ئه‌و قه‌ڵه‌مانه‌ ده‌گرێته‌وه‌ که‌ ئه‌ده‌بیات، مێژوو، زمان و سیاســـه‌تی کوردســـتان له‌ پێناو خه‌ڵک و بزوتنه‌وه‌ی کوردستاندا ده‌پارێزن

14. https://bit.ly/2OeD6rq
15. https://bit.ly/3aTlJnE

١٦. هه‌مان
١٧. هه‌مان

18. https://bit.ly/3jybNE9

# ژياننامە، خودنووسینەوە و جیاوازییەکانی نێوانیان

بەیان سەلمان

لە پاش دیمانەیەک لە ڕادیۆی دیالۆگ
کە بەڕێز محەممەد خاکی سازی دا، پێم
باش بوو لە نووسینێکدا گەشە بە ناوەڕۆکی
دیمانەکە بدەم و بیکەمە بابەتێک لەبارەی
جیاوازی دەقی ژیاننامە و خودنووسینەوە
و خەیاڵ.

## تێگەیشتن لە ژیاننامە و خودنووسینەوە

گرنگـــە ســـەرەتا باس لەوە بکەیـــن کە هیچ ژیانێـــک بوونی نیە بەبێ چیـــرۆک و ڕووداو. لێـــرەوە پێویســـتە ژیاننامـــە (بیۆگرافـــی) و خودنووســـینەوە (ئۆتۆبیۆگرافـــی) لـــە یەک جیابکەینەوە.

وشەی بیۆگرافی biographie (ژیاننامە) لە دوو وشەی گریکەوە داهاتووە: bios+graphie بیۆس (ژیان) + گرافی (نووســـین). بەو جۆرە دەکاتە نووسینەوەی ژیاننامە. کە نووسەرەکەی مەرج نیە خۆی گێڕەرەوە بێت، بەڵکوو یەکێک لەبری ئەو، ڕووداوەکانی ژیانی ئەو کەسە یان کەسانێک و ڕووداوگەلێک دەگێڕێتەوە.

ژیاننامە، بیۆگرافی، لە سەردەمی گریکی دێرینەوە هەیە: لە ســـەدەی شەشـــی پێش زایینـــی دەرکەوتـــووە، بەڵام وەک وشـــەی فەرهەنگی لە سەدەی حەڤدەوە خراوەتە کار.

لـــە لای گریکەکان و ڕۆمانەکان، زۆر جار ژیاننامە پابەندبووە بە کەســـایەتییەکی ناودار کە هەتاکوو ڕادەیەک بە شان و باڵیان هەڵداوە بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەک بۆ کۆمەڵ.

پشتبەســـتوو بە لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان، پێش ئەو سەردەمانەش، ژیاننامە دەرکەوتووە. بۆ نموونە هەموو ئەو نووسراوانەی لەسەر بەرد و مەسەلەکان، یاخود ستێلەکان، هەڵکۆڵراون و ژیانی پاشایەک و کار و کردەوەکانی دەگێڕنەوە. لەوانەیـــە باشـــترین نموونـــە، ســـتێلەکەی حەموورابی بێت لەبارەی دارشـــتنەوەی یاسا. هەروەهـــا هەمـــوو ئەو بەردانەی ســـەردەمی فیرعەونەکان و شارســـتانییەتی هیند و مایا و هەموو شارستانییەتە دێرینەکانی تریش...

بە کورتی، ژیاننامە دەکرێ کەســـێک لە بارەی کەسێکی ترەوە بینووسێت کە لەوانەیە لـــە ژیاندا مابێـــت. ڕوویش دەدا کە باســـی ڕووداوێک بگێڕینەوە کە خۆمانیشی تێدا بین. لەو دۆزەدا کەســـەکە، کاتیگۆرییەکە لە نێوان ئەوانی تر. باسی ژیانی خۆی لەوێدا سەرەکی نییە، بەڵکـــوو خودی ڕووداوەکە مەبەســـتە.

نووســـەر لەو دۆخەدا خـــۆی دەبێتە یەکێک لە شـــایەدحاڵەکانی ڕووداو؛ بۆ نموونە هەموو ئەو نووســـینانەی هەن لەبارەی دەربازبووانی جینۆســـایدی جوولەکـــەکان و هەڵەبجـــە و ئەنفال و ئەوانەی ڕواندا و دۆخی ئێزدییەکان و شەڕەکانی تری دونیا و هتد.

سەبارەت بە ئۆتۆبیۆگرافی autobiographie (auto/bio/graphy)، ئەمیان پێشگری (ئۆتۆ) ی پێوە لـــکاوە، واتە (خود+ژیان+نووســـین). لێـــرەدا دەنگی نووســـەر هـــەر خۆیەتی کە گێڕەرەوەیە و کەسایەتییشـــە. بەو شـــێوەیە وشەکە دەکاتە ژیان+نامەی+خود، بە کورتییش «خودنووســـینەوە». ئەم ڕەگـــەزە ئەدەبییە لە کۆتاییی سەدەی هەژدە لە ئەڵمانیا کاری پێ کرا و دوای لە ١٧٩٧ لە تیۆریی ڕەخنەگەرایی لە لای ئینگلیزەکان بەکارهێنرا. لە فەرەنسیشدا وشـــەکە لە ساڵی ١٨٤٢ لە فەرهەنگی «پتی ڕۆبێر»[1]دا دەرکەوت. بە زۆرییش لە سەرەتای ســـەدەی نۆزدەوە بەکارهێنانی بەربڵاو بۆوە. خودنووســـینەوە، بەگشـــتی، نووســـینێکە بەنێوەندی گێڕانەوە دەچینەوە سەر ڕووداوی ڕاســـتی ژیانـــی کەســـێک. ورد و درشـــتی ژیانی خۆی دەپشـــکنێت و دەینووســـێتەوە. نموونەی کتێبـــی «بیرەوەرییەکانم» کە تێیدا کەســـایەتییەکی ناســـراو وەکوو «فاروق مەلا مستەفا»، دەچێتەوە ســـەر چرکە گرنگەکانی ژیانی خۆی؛ یاخود کەســـایەتیگەلێکی وەکوو «مەسعوود بارزانی» و «مەلا بەختیار»، لەبارەی خەباتی سیاسی و نهێنی و ڕۆڵی کەسایەتییە سیاسی و سەربازییەکان نووسیویانە.

لە دەقی ئۆتۆبیۆگرافیدا دەکرێ کەسەکە خۆی بێت، یاخود کەســـانی تـــر لەبری ئەو بینووســـنەوە، وەکـــو ئـــەوەی خـــۆی بێت. بێگومان لەم دۆخەدا زۆرجار کەســـەکە خۆی لەوانەیـــە نەخوێندەوار بێـــت و بابەتی ژیانی جێـــی گێڕانەوە بێت. لەوانەیشـــە دەســـتی نووســـینی نەبێت، یاخود کەسێکی نەخۆش بێت کـــە تەندروســـتی، هاوکاریـــی نەکات

خۆی بینووسـێتەوە، یان کەسەکە پیر بێت و یادەوریـی لاواز بووبێت. بەو جۆرە بە زارەکی چیرۆکـی ژیانـی دەگێڕێتەوە، کـەم تا زۆر پشـت بەوەی بیری دێتەوە و نووسـەرێک، یان ڕۆژنامەنووسـێک لەبری ئـەو، بە زمانی کەسـی یەکەمی تـاک (من، خـۆم، بەندە) ڕووداوەکانـی ژیانی ئەو کەسـە دەگێڕێتەوە کە پێی سـپاردووە، یان ئەوەتـا بە ڕۆژانە و بەرواری دیداری دیاریکراو، لەگەڵیدا دەبێت و ڕاستەوخۆ لە زاری کەسەکەوە دایدەڕێژێتەوە. لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشـتی، ئەم کارە بەرابەر بە گرێبەستێک و بڕێک پارە ئەنجام دەدرێ. زۆرجـار ئـەوەی دەینووسـێتەوە هاوکاریی چالاکبوونەوەی یادەوریی کەسەکەش دەکات، بەوەی پرسیاری لێ دەکات و پشتبەستوو بە زانیاریی خۆی، بەرواری ڕووداوی بۆ ڕاسـت دەکاتەوە و کۆمەڵێ بیرەوەریی تریشـی لەلا دەوروژێنێت.

دەکرێ خودنووسینەوە بە شێوەی ڕۆژانە بێت، واتە ڕۆژ بـە ڕۆژ ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە بە بەروارەوە دەگێڕێتەوە. یادداشتی ڕۆژانەش هەیە کە زۆربەی کات نووسینەکە بە نهێنییە و ژنـان بەتایبەتی ئـەم جۆرە نووسـراوەیە دەنووسـن. یەکێک لەو زنجیـرە گرنگانەی نێتفلیکس «خانەی کارتۆنی»یە، کە سەرۆکی ئەمریـکا داوا لە ڕۆژنامەنووسـێکی بەناوبانگ دەکات ژیاننامەی خۆی بۆ بنووسێتەوە، یاخود کەسایەتییەکی وەکوو «ترۆتسکی» کە زۆربەی ڕۆژەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسـێکدا بەسـەر دەبات و ئەو ژیاننامەکەی بۆ یادداشت دەکات. هەروەها، کەسـایەتییەکی سیاسـیی ناودار وەکوو «بـاراک ئۆباما»، کاتێ ژیاننامەی خۆی و ڕووداوی سـەرەکی و گشتیی سەروەختی حوکمڕانیی خـۆی دەنووسـێتەوە، هەرگیز لەلامان سـاغ نابێتەوە چەندی ئەو ناوەڕۆکە ڕاسـتە و دروسـتە. ئەم جۆرە نووسینە یان ئەوەتا لە داهاتوودا سـەری ڕاستییان لەسەر هەڵدەماڵرێ، بەوەی کەسانی خاوەن ئەزموون و هاوسەردەمی کەسایەتییەکە کە لە نزیکەوە ئاشـنای بوون و هەقیقەت ئاشـکرا دەکەن، یان ئەوەتا بۆ هەتاهەتا ئاشـکرا نابێت، ئەگەر شایەدحاڵی هاوسەردەمی نەبێت.

هەروەهـا شـێوەیەکی تـر هەیـە بـە نێکرۆلۆجی nécrologie ناسـراوە. لە پێشگری وشـەکە «نێکرۆ» هەیە، واتە «مردن» و لۆجی واتە «زانستی، گوتار، قسە». ئەمە دەقێکە کورت و درێژی فرەچەشـنە. خودی لیسـتی ناوی ئەو کەسـانەش دەگرێتەوە کـە لەو ماوەیەدا مردوون و لـە ڕۆژنامەیەکدا ئاماژە بە ژیانیان دەکەن. هەندێ جار لە ناو و بەروار و شوێنی لەدایکبوون و کۆچی دوایی تێناپەڕێت. یاخود کورتەی ژیاننامەی کەسێکی ناوداری سیاسی، نووسـەر یاخـود هونەرمەند بێـت کە تازە مردووە، دیسان بە کورتی تیشک دەخرێتەوە سـەر ژیاننامەکەی. لە نێکرۆلۆجیدا دەتوانین خودی کێلە بەردەکانی گۆڕستان و لافیتەی پرسـەنامە و ئاگادارکردنەوەی کۆچی دوایی کەسێک لەسـەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش بە نموونـە بهێنینەوە. چونکە لێرەدا زانسـتێک دەخرێتە بەر چاوی ئەوانی تر، کە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەیە لەوەی کێیە ئەو کەسە، یان ئەو کەسایەتییە.

جۆرێکی تریش لە سـەدەی ناوەڕاستەوە بەنـاوی هاجیۆگرافی hagiographie سـەری هەڵـدا. وشـەکە لە وشـەی گریکیی هاجی (پیـرۆز) و گرافـی (نووسـین) پێکهاتـووە. ئـەم جۆرەیان باسـی ژیاننامەی کەسـێکی ئایینیی پیرۆز دەکات. وەکو دەقەکەی (سـان ئۆگستاین) Saint Augstain «دڵهەڵڕشتنەکان» (اعترافات) Les Confession. تێبینیی ئەوەش دەکەین کە وشەی «حاجی» بێگومان لەوەوە هاتووە و لەگەڵ سەردەمدا چووەتە ناو زمانی تر.

بێجگە لـەو جۆرانـەی پێشـوو، دەقی نامەنووسـینیش هەیـە کـە دەچێتـە ناو خانەی خودنووسـینەوە لە نێوان کەسەکاندا.

دەبێ ڕۆمانی نامەنووسین لە نامەی ڕاستی جودا بکەینەوە. ئەوەی یەکەم لە خزمەتی دەقێکی خەیاڵییە، یاخود هەر ژانرێکی خەیاڵی پێکدەهێنێت، وەک نموونەی «نامە فارسییەکان»ی «مۆنتسکیۆ» Montesquieu کە سەرجەمی کتێبەکە هونەری «ڕۆمانی نامەنووسین»ە Roman épistolaire بە شێوەیەکی خەیاڵی کەسایەتییەکانی لەناو ڕووداوەکان جێگیر کردوە، بەڵام لە جیهانی ڕاستیدا بوونیان نییە. ئەگەرچی مۆنتسکیۆ لە کاتی خۆیدا، هەتاکوو ساتی دەرچوونی ئەو نووسینەی «تێڕامان لەبارەی نامە فارسییەکان»، کتێبەکەی بە ڕۆمان پێناسە نەکردبوو، بەڵام لە پێشەکیی دەقی ئەو تێڕامانانەدا بەم شێوەیە لێی دەدوێ: «هیچ شتێک هێندەی ئەوە خۆش نییە کە لە نامە فارسییەکاندا جۆرێک لە ڕۆمانی (مەبەستی لە خەیاڵە) تێدا دەبینینەوە، بەبێ ئەوەی بیریشمان لێ کردبێتەوە؛ بەوەی سەرەتای هەیە، گەشەکردن و کۆتاییش: کەسایەتییەکان زنجیرەیەک پەیوەندی بەیەکەوە گرێیان دەدات.»[٢]

## تایبەتمەندی و ستروکتووری بیۆگرافی چییە؟

ستروکتوور دەکرێ، وەکوو زۆرێک لە تیۆریزانانی ئەدەبی ناوی دەبەن، تەلارسازیی دەقێکە.

لەلای گریکەکان بە هۆی زوو سەرهەڵدانی تراژێدیا لە شانۆگەریدا، نووسەر هەن پەنا بۆ ستروکتووری ئەو جۆرە شانۆگەرییە دێرینە دەبن. بۆ نموونە ژیاننامەکە دەکەنە سێ پارچە: لە قۆناغی یەکەم دەبێ کەسایەتییەکان ئامادە بکات و لەناو چیرۆکێکی ڕاستی کۆنکریتی پێشکەشیان بکات. لە قۆناغی دووەم، فاکتەرێکی نالەبار دێتە کایەوە و بە هۆیەوە کۆسپ و کێشە دەردەکەون. لە قۆناغی سێهەم و کۆتاییشدا، چارەسەرێک پێشنیار بکرێ و کۆتایی بە گێڕانەوەکە بێت.

دەکرێ ستروکتوورەکەی وا بێت لە ناوەڕاستەوە دەست پێ بکەین، ئەوەی پێی دەڵێن Media Res، لێرەدا، گێڕانەوەکە لە کردارێک، یاخود ڕووداوێکی زەق و گرنگەوە دەست پێ دەکات و دوایی دێینەوە سەر ڕووداوەکانی تر. زۆربەی جار ئەم دەستپێکە دەبێتە شێوازێکی بازنەیی کە لە کۆتاییدا دێینەوە سەر هەمان ڕووداوی گرنگ بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە بۆ گەیشتین بەو دۆخەی وا تێیداین. ئەم جۆرە ستروکتوورە لێزانیی زۆری پێویستە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بەیەکەوە گرێ بدەینەوە.

جۆرێکی تری ستروکتووریش کە زۆر باوە، پێکهاتووە لە دارشتنەوەیەکی کرۆنۆلۆجی بۆ ڕووداوەکان. واتە بە پشت بەستن بە زنجیرەی کات، بۆ نموونە ساڵ لە دوای ساڵ، ڕووداوەکان دەگێڕینەوە، یاخود زنجیرە گرنگەکانی قۆناغی ژیانمان، لە منداڵییەوە، بۆ هەرزەکاری و هەتا گەورەیی و پیربوون دەگێڕینەوە. ئەم جۆرە گێڕانەوانە تەنانەت لە فیلمیشدا دەخرێنەکار. زۆرجار لە فیلمێکی سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم، لە قۆناغێکەوە دەست پێ دەکەین. ڕووداوەکان زۆر خێرا هەڵسەنگێندراون و دێینەوە سەر سەرەتای شەڕەکە چۆن و لە کوێوە دەستی پێ کرد، یاخود چۆن کاریگەریی بەسەر کەسایەتییەکەوە هەبوو...هتد.

## بیۆگرافیی باش دەبێ چۆن بێت؟

باشترین ژیاننامە ئەوەیە کە نووسەرەکەی دەتوانێ خوێنەر بەلای ڕووداوە گرنگەکانی ژیانیدا ڕابکێشێت. واتە سەرنجڕاکێش بێت. بەڵام ئەوە تاقە هاندەرێک نیە بۆ خوێندنەوەی دەقەکە، بەڵکوو ڕووداوکەش گرنگە. پێویستە بایەخێکی لەناواخنیدا هەڵگرتبێت، لەڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، هونەری، ئەدەبی، پەروەردەیی، زانستی و هتد و یادداشتێک



بێت بۆ نموونە لێیەوە فێری بەرگری بین، ڕۆژانەی ژنێک بێت ئازارەکانی و نەهامەتەکانی بخوێنینەوە، ڕۆژانەی نەخۆش بێت بچێینە ناو وردەکاریی هەڵسوڕانی ژیانی لەگەڵ نەخۆشی و ژان و هتد.

کاتێکیش نووسەر خۆی ژیاننامەی خۆی دەنووسێتەوە، دەمانباتە ناو گەمەیەک، پرسیاری ئەوە دەکەین: هەتا چەندە نووسەر بێلایەن باسی خۆی دەکات؟ ئایا دەتوانێ بە ڕاستی بێ لایەن بێت؟ واتە باشیی نووسینەوەی ژیاننامەکەی پابەندە بە ڕادەی گوتنی ڕاستییەوە؟ ئەوەش، وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، کەس ناتوانێ ساغی بکاتەوە. ئەگەر باس لە وردەکاریی ژیانی دەروونی و ئەزموونی بکات و کەسانێک شایەدحاڵی ئەو ژیانەی نەبن. بەم واتایەش گرنگە کەسانێک لەبەرانبەریدا بوەستنەوە و هەڵەکانی ئاشکرا بکەن و ڕاستی بکەنەوە، بێگومان ئەگەر هێشتا کەسەکە لە ژیاندا مابێت و خۆی ژیاننامەکەی نووسیبێتەوە.

با لێرەوە باسی ڕۆڵی هونەر و ئەدەب بکەین کە دەورێکی زۆر گرنگیان هەیە. بێگومان ئەگەر نووسەر زمانێکی ئەدەبیی پاراوی نەبێت، ناتوانێ دەقێکی ئەدەبی بخاتە بەر چاو خوێنەران. چونکە ژیاننامە و یادداشتنامە و هەموو فۆرمێکی تری گێڕانەوەش، دەقێکی ئەدەبین، هەر وەکوو ڕۆمان، دەبێ نووسەر ئاستی زانستی و فیکری بەرز بێت، خوێندنەوەی قووڵی بۆ هەموو جۆرە دەقێک هەبێت، تاکوو بتوانێ دەقێک بەرهەم بهێنێت. بیۆگرافی دەقێکی ڕووت نیە کە تەنها لە چوارچێوەیەکی ڕووداوی تایبەت بە نووسەر خۆی، پێویستە تێڕوانینێکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنی هەبێت بۆ هەرچی لە دەوروبەردا ڕوو دەدەن. کە باس لە سەرنجڕاکێشانی خوێنەر دەکەین، مەبەست لەوەیە کە خوێنەر دەقەکەی بە لاوە گرنگ بێت لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی ئاماژەم پێیان دا. بۆ نموونە لە دەقی «منداڵیی» کە لە ساڵی ١٩٨٣چاپ کراوە، نووسەری فەڕەنسی، «ناتالی ساڕۆت»، بە شێوازێکی ئەدەبی و بەرچاو دەگەڕێتەوە سەر گەنجێتی و ڕەوتی هاتوچۆکردنی لە نێوان فەڕەنسا و ڕووسیا، کە شوێنی لەدایکبوونێتی. بەو جۆرە ئێمە دەچینە سەر ئەو کۆسپ و گرفتانەی هاتبوونە ڕێی و ئەو ناکۆکییانەی نێوان خۆی و دایکی.

ئەگەر باس لە گرنگیی بوونی وینە، شوێن، بەروار لە بیۆگرافیدا بکەین، ئەوە بێگومان زۆر گرنگن. چونکوو کاتێ پەنجە بۆ ڕووداوێک درێژ دەکەین، پێویستی بە بەڵگەیە



بە تایبەتی کە پەیوەست بێت بە شەڕ و ڕووداوی گەورە، یاخود هەندێ شوێنی گرنگ لە ژیانی نووسەرەکەدا، کە هاوکات ڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەر بەرهەمەکانییەوە هەیە. بەڵێ گرنگە هاوپێچی نووسراوەکە بکرێت. هەربۆیە زۆربەی کات ژیاننامە پڕە لە بەرواری تایبەت بەو ڕووداوانەی تیشک خراوەتە سەریان. وێنەش بەشێکی گرنگە، چونکوو قۆناغی ژیانی کەسەکە و ئەو کەسانەی هاوسەردەمی بوون و ناوی هێناون لە دەقەکەیدا، یاخود ئەگەر ڕووداو بن، ئەوە بوونی ئەو هاوپێچە و پەراوێزی بەڵگەدار لە دەقەکەدا باشتر ڕوونی دەکەنەوە. بێجگە لە نامە و نامیلکە و بەڵگەنامەی فەرمیی سەردەمێک کە لە کتێبەکەدا باسیان هاتووەتە پێشێ.

دەوری بیۆگرافی لە ئەدەب، هونەر، سیاسەت، مێژو و ... بەگشتی گەیاندنی زانیارییە بە خوێنەر. ئەگەر بواری ئەدەبی بگرین، دەبینین کاتێک نووسەرێکی گەورە وەکو «گابرێل گارسیا مارکێز»، لە دیمانەیەکی دیالۆگئامێز لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «بۆنی گۆیاڤ» بە فەرەنسی Une odeur de goyave، بە نیوەندی پرسیار دەچێتەوە سەر هێڵە سەرەکییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی. هەروەها لێیەوە زانیاری لە بارەی ئەزموونی ئەدەبی و خوێندنەوەکانی و کاریگەریی نووسەرانی تر بەسەرییەوە ئاشنا دەبین. کاتێک سیاسییەکیش وەکوو هیلاری کلینتۆن، میشێل ئۆباما (هاوسەری باراک ئۆباما) و خودی باراک ئۆباما و جاک شیراک لەبارەی خۆیانەوە دەنووسن، دەچینەوە سەر کردار و ساتی بڕیارە گرنگەکان و چرکە کاریگەرەکانی ناو حیزب و سیاسەت و ژیانی سیاسەتمەدارانی تر. لێیانەوە، ئەگەر دروست و ڕاست بن، هیچ نەبێ بەشێکی زۆری، ئەوە وانەمان فێر دەکەن لە چۆنێتیی کارگێڕیی سیاسی و چوونەوە سەر هەڵەکانیان لە بڕیار وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی داهاتوو لە ناوچەیەک و لە جیهاندا.

## ئەگەر بشپرسین: بۆ بیۆگرافی لە کوردستان وا کەمە؟

بێگومان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەزموونی نووسین هەتا ئەم سی ساڵەی دوایی بە گشتی کەم بوو. شیعر و پەخشان سەروەربوون، بیۆگرافیش، وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، کارێکی وەها ئاسان نییە پەنجە بخەیتە سەر ئەوەی دەتهەوێ لە کتێبێکدا سەبارەت بە ڕووداوگەلێک و یان کەسێک بیگێڕییەوە.

زۆرجاریش، ئەوانەی شیعر و پەخشانی شاعیرانی کلاسیک کۆدەکەنەوە، هەر ئەوانن کە ئاماژە بە ژیانی نووسەرەکەی دەدەن. پاشان لایەنێکی کۆمەڵایەتی و نەریتی لە لای کورد هاندەر نییە کەسەکە بیۆگرافیی خۆی بنووسێتەوە. لەبەرئەوەی نهێنیی خێزان و بنەماڵە و یاخود ئەگەر سیاسی بێت، نهێنیی حیزبەکەی ئاشکرا دەکات. لە کوردستانیش هێشتا زۆر بە ڕاشکاوی ناتوانین قسەیان لەبارەوە بکەین. تێبینی دەکەین چ بەرپەرچدانەوەیەک دروست دەبێت لە لایەنی جیاواز، کاتێ کتێبێک ڕەوتی فیکری و هەڵوێستی سیاسییەک لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێتەوە.

ئەو برگانەی پێشوو دەمانبەن بۆ وەستان لەسەر ڕۆڵی ژنان لە نووسینەوەی ئۆتۆبیۆگرافی کە زۆر کەمە. هەتا ئێستا هەموو جۆرە توندوتیژییەک دژی ژن ئەنجام دەدرێ، کوشتنی ژن بەردەوامە! ئەو جۆرە کوشتنە هەموو کۆمەڵ تێیدا بەشدارە؛ بە حوکمی دەسەڵاتی خێڵ و نەریت ئەنجام دەدرێ، نەک بە تەنها خانەوادەی ژنەکە. لێرەوە، بۆ ژنانی کورد قورسە تیشک بخەنە سەر ژیانی تایبەتی خۆیان و بەڕاستی باسی بکەن. ژنانێک هەن لەبەر خوێندنەوە سەرکوت دەکرێن، ئەوجا چۆن باسی ژیانی خۆیان بکەن! بێجگە لەوەی، وەک پێشتر باسم کرد، دەبێ توانای بەسەر نووسیندا بشکێ و ئاستێکی بەرزی دارشتنەوەی هەبێت بۆ ئەوەی دەست بۆ ئەو بوارە بەرێت. ناکرێ تەنها لەبەر ئەوەی باسی چەند ڕووداوێکی ژیانی و کێشەکانی بەرەورووی بوونەتەوە، ئەوە بە ئەدەب لە قەڵەم بدرێت. لە ڕۆژئاوا ژنان زۆر بە ئازادی و بە ڕاشکاوی و بوێرانە، بەڵام زۆریش لێزانانە و ئەدەبییانە، ژیاننامەی خۆیان دەنووسنەوە. لەو ژیاننامانەدا بۆ نموونە لە کتێبی «بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من» کە خاتوو «گەلاوێژ» نووسیویەتی، بیرەوەرییەکانی ژنێکی سیاسییە بە پلەی یەک، با پێشتر دەستی نووسینی ئەدەبی هەبووبێ. وێرای ئەوەش هەبوونی زۆر باشە و جێی ستایشە.

قسەکردن لەسەر ڕاستگوییی ناوەڕۆکی بیۆگرافی و ئۆتۆبیۆگرافی، بەتایبەتی ئەوانەی سیاسییەکان، ئاڵۆزە. دروستە، زۆرجار ژیاننامەی سیاسییەک، ئەگەر بە ئاگاداریی کەسانێکی گرنگ بینووسێتەوە کە هێشتا لە ژیاندا بن و پێکەوە کاریان کردبێ؛ دەبینین نهێنیی زۆر ماوە نەیدرکاندووە؛ ئیدی چ لەبەر بەرژەوەندیی ئەو پارتەی ئەو کاری تێدا کردووە، یاخود لەبەر سیاسەتی گشتیی دەوڵەت و کاردانەوەی لەلای دوژمنانیان. هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە سیاسییەک نهێنیی زۆر ئاشکرا دەکات و دەبێتە جێی مشتومڕی هەموو کۆمەڵگا و جیهانیش و ناکۆکیی گەورە دەخوڵقێنێت. بیۆگرافی و ئۆتۆبیۆگرافییش هەن کە تایبەتن بە هونەرمەندان و ئەستێرەکانی سینەما. مەرج نیە خۆیان بینووسنەوە، وەکوو پێشتر باسم کرد، گرنگ ئەوەیە ئەم جۆرەیان کەمتر درۆی تێدا دەکرێ، بە حوکمی ئەوەی ئەستێرەکانی سینەما ئازادترن لە دەربڕینی هەست و وەستان لەسەر هێڵە سەرەکییەکانی ژیانی تایبەتی و هونەرییان. لێرەشدا، ئەم خاڵە پابەندە بەوەی ئەگەر ئەو هونەرمەندە زانیاریی سیخوڕی لەلای نەبێت کە ببێتە فشار بۆ سەر ژیانی و بەرەورووی مەترسیی کوشتن ببێتەوە. لەوانەیە باشترین نموونە ئەستێرەی سینەمای ئەمریکی «مارلین مۆنرۆ» و هونەرمەندی میسری «سوعاد حوسنی» بێت کە هەتا ئێستا هەرچی لەبارەی ژیاننامەیانەوە نووسراوە، تەمی لەسەرە و ئەو بەشەی تایبەتە بە هۆی مردنیان بە تەواوی ئاشکرا نەبووە.

## چۆن دەقی خەیاڵی و بەخودخەیاڵکردن لەیەک جودا کەینەوە؟

ئەوەی پابەندە بە خەیاڵ Fiction، ئەم جۆرە

دەقە ئەگەر پێناسەیەکی کورتی سادەی بکەین، لەوەدا کورت دەبێتەوە کە هەرچی تێیدا هاتووە درۆیە، بەڵام ڕووداوەکانی بە ڕەوتێکی لۆجیکیدا دەڕۆن. بەو واتایە کە لەسەر بەرگی کتێبێک دەنووسرێ ڕۆمان، واتە دەقێکی خەیاڵی. ڕۆمان دەقێکە گەرەنتی بە خوێنەر دەدات کە ئەو ڕووداوانەی باسیان هاتوونەتە پێشێ، بەرهەمی خەیاڵن. لەم دەقانەدا مەرج نییە نووسەر بیر و بڕوا و لایەنگریی فیکریی خۆی، جێی گێڕانەوە بێت. تیۆریناسی فەرەنسی «ناتالی پیگی-گرۆ» Nathalie Piégay-Gros لە کتێبی «ڕۆمان» نموونەی نووسەر «بەلزاک» دەهێنێتەوە کە «(...) لایەنگری ڕژێمی پاشایەتی بوو، بەڵام لە ڕۆمانەکانیدا، بە بیر و باوەڕێکی مارکسییانە بەیەکدادانی چینە کۆمەڵایەتییەکانی تاوتوێ کردووە.»[۳]

لەلایەکی ترەوە، تیۆریناس و ڕۆماننووسی فەرەنسی «کرستین مۆنتالبیتی» Christine Montalbetti, لە کتێبی «خەیاڵ»دا دەڵێ: «خەیاڵ لە پێش هەموو شتێکدا پرسیارێکی ئەنتۆلۆجیی دەخاتەڕوو: بوونەوەرێکی خەیاڵی چییە؟»[۴] بەو واتایە لە ڕۆماندا هەموو کەسایەتییەک خەیاڵییە، ئەوەش بە پێچەوانەی ژیاننامە و خودنووسینەوە کە مەرجە کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان، لە زەمینەی ڕاستیدا بوونیان هەبێ. بێجگە لەوەی دەقی خەیاڵی،ستروکتوورێکی خەیاڵیی هەیە. واتە ئەگەر لە ڕووداوێکی تایبەتی ژیانی کەسایەتییەکەوە دەست بە گێڕانەوە بکەین کە لە سەردەمی حوکمڕانیی کەسایەتییەکی ناودارەا ژیاوە، مانای وا نییە ئەو ڕووداوە ڕاست ڕووی داوە، بەڵکوو ئەوە کارکردنی خەیاڵە. نووسەر مەبەستێتی بەو ستروکتوورەوە لەسەر سەکۆی ڕووداوێک بیخاتەکار. تەنانەت ئەگەر ناوی مێژوویی کەسایەتیەکانیش ڕاست بن و ناودار بن، ئەوە هیچ لە ناوەڕۆکی ئەو دەقە ناگۆڕێ کە ڕۆمانە و کار لە خەیاڵدا دەکات.

لە هەندێک دەقدا پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ناڕوون و تێکەڵکردنێک لە نێوان نووسەر و کەسایەتیی سەرەکی و گێڕەرەوەی ڕووداوەکان دەکرێت؛ ئەمە پێی دەگوترێ شوناسی سێ کوچکەیی. بەو واتایە نووسەر پاڵپشت بە کۆمەڵێ زانیاری کە خۆی دەیزانێت، لە خۆی دەدوێت؛ وەکو کەسایەتییەکی سەرەکی و بە ناوی گێڕەرەوە خۆی پێشنیاری ڕووداوەکان دەکات. لە کاتێکدا ژیاننامە و خودنووسینەوە، دەمانبەن بۆ ناو جیهانێکی نەگۆڕ و، پاڵپشت بە بەڵگە و شایەدحاڵ و زانیاریی ڕاستی سەلمێندراو، نووسینی دەقێک ئەنجام دەدرێت.

تیۆریناسی ئەدەبییش «سێرج دوبرۆڤسکی» Serge Doubrovsky پێناسەی جۆرێکی تری دەقی خەیاڵی داهێناوە کە وەک «بەخودخەیاڵکردن» ناوی دەبات autofiction. لەلای دوبرۆڤسکی ناوی کەسایەتیی سەرەکی و ناوی نووسەر مەرجە هەمان ناو بێت. بەڵام، بە پێی تیۆریناس«فیلیپ گاسپارانی» Philippe Gasparini لەم جۆرە دەقەدا جەخت لەوە دەکات کە زۆر چاک دەکرێ چەندین نیشانە لە دەقەکەدا بدۆزینەوە، وەکو هێما و ئاماژە بن بۆ خودی نووسەر، ئەگەرچی ناوی خۆی و ناوی کەسایەتییەکەش هەمان ناو نەبن. جاری وایە لەم جۆرە دەقەدا نووسەر پەنا بۆ ئەوە دەبات ناوی خۆی بداتە یەکێک لە کەسایەتییەکان کە کەسایەتییەکی سەرەکی نییە، بگرە زۆر لاوەکییە. گاسپارانی لێرەدا پێی وایە کاری بەشوناسکردنی نووسەرەکە ئاڵۆزتر دەکات، چونکوو هیچ خەسڵەتێک و نیشانەیەک لەو کەسایەتییەدا نییە کە لێیەوە بتوانین نووسەر بناسینەوە. بۆ وردبوونەوە لەبارەی هەندێ چەمکی وەکوو کەسایەتی و خوێنەر و پاڵەوان، هتد، بچنەوە سەر کتێبێکم «کرۆنیک»[۵] کە کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی و هونەری لەخۆ کۆکردۆتەوە.

## چۆن لە دەقێکی ئەدەبی تێبگەین؟

دەتوانین لێرەدا لەسەر خاڵێک بوەستین

لەبارەی چۆنێتیی تێگەیشتن لە دەقی ڕۆمان و پۆلێنکردنی وەکوو ژانرێکی ئەدەبی.

لە ڕوانگەی زمانەوانیی فۆرمالیستە ڕووسەکانەوە کە وەکوو قوتابخانەیەک بۆ بەرپەرچدانەوەی فیکری مارکسی دەرکەوتن؛ وێڕای ڕەتکردنەوەیان بۆ ناولێنانیان وەکوو «فۆرمالیستەکان» واتە (لایەنگرانی شێوە)، پێیان وابوو ئەم ناولێنانە بە نارەوایی سەپێندراوەتە سەریان؛ چونکوو لە ڕوویەکەوە جەختیان لە ناوەڕۆکیش کردووە، بە مەرجی بوونی زمانێکی شیعریی پاراو. دروستە کە پشتبەستوو بە زمانەوانی، لە لای ئەوان بەکارهێنانی زمانێکی ئەدەبی لە دەقێکدا زۆر مەرجێکی گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی جوان کە تێیدا ئاواز و ڕیتمی وشە جێی خۆی هەبێ. بەپێی فۆرمالیستەکان ئەو زمانە لە ئاستی فۆرمێکی ڕووکەشی سادەدا ناوەستێت، بەڵکوو هاوکاریشە بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکیش. ئەو زمانەی وەک دەقێکی ئەدەبی کاری پێ کراوە، واتە کۆی وشە و ڕستە و برگەکان، هەمان زمان نییە کاتێ لە دەقی گوتارێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و ئابووری و ... کاری پێ دەکرێ. لە بنەڕەتیشدا ئامانجیان شکاندنی باو و گۆڕینی خوو و نەریتی خوێنەرە سەبارەت بە وەرگرتنی دەقێک.

بە پێداچوونەوەش بە ڕەخنەگرایی ستروکتووریالیستەکان، ئەمان فۆرمیان بە ناوەڕۆکەوە گرێ داوە. بوونی دەق لە لایان، هەموو فاکتەرێکی دەرەکیی تایبەت بێت بە نووسەر، وەکوو لایەنی کۆمەڵایەتیی، مێژوویی، دەروونیی... وەلاوە دەنرێت. پێویستە لە خودی دەقەکە و ئەو سیستەمەی ناوەوەی کە یەکەکانی نێو دەقەکە ڕێک دەخات، تێبگەین. ئا لێرەشەوە تیۆریناسێکی وەکوو «ڕۆلان بارت» Roland Barthes کۆنسێپتی «مەرگی نووسەر»ی[۶] داهێنا و بە وردی لەبارەیەوە نووسیوێتی.

ئەوە لە کاتێکدا تیۆریناس «ئیزابێل ڕوبلا» Isabelle Roblin بە وەستان لەسەر بیری تیۆریناس و ڕەخنەگری ئەدەبی ئینگلیزی «تێری ئیگلتن» Terry EAGLETON دەڵێت کە ئیگلتن ]ستروکتووریالیزم و سیمیۆتیک لە یەک نزیک دەکاتەوە. لەلای ئەو، ستروکتووریالیزم کە لە ناواخنیدا «پێشنیاری لادانی هەموو تەمومژ و ناحاڵیبوونێک لە ئەدەبدا دەکات»[۷] و بە «بەڵێنپێدانی بە واتای جووڵەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی»[۸]، ئەویش کاتێ دێتە سەر لایەنی جێبەجێکردنی(تطبیق)، ئەو بەڵێنەی بەسەر نابات، چونکوو زۆر بە توندی «دژە هیومانیزمە و لە مێژوو داماڵراوە»[۹] لەو کاتەوەی ئەویش بە نۆرەی خۆی «ئەو ئەفسانەیە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێ: «(ئەزموونی) تاک هەموو شتێکە»[۱۰]

لایەنگرانی ڕەوتی تەفکیکییەت، بە پێچەوانەی ستروکتووریالیستەکان، گومانیان خستە سەر زمان، پشتیان لە تاک سەنتەرییەتی کرد و یەک واتاییی نێو دەقیان ڕەت کردەوە، پتر جەختیان لە فرەواتایی کرد و بە پەنابردنەبەر هەڵوەشانەوەی دەق هەر خوێنەرێک دەکرێ واتایەکی جیاواز بدۆزێتەوە. هەروەها بروایان بە پێشینەی نووسینە بەرابەر بە پەیڤین (قسەکردن) کە ستروکتووریالیستەکان لەخۆیان گرتبوو. بەهانەشیان لە پەیڤین، دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ کورت دەکەنەوە کە واتا بەرهەم دەهێنێت.

## پوختە

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین، هەموو دەقێکی ئەدەبی بە پێی ڕەوتی قوتابخانەکانی تیۆری و ڕەخنەگرایی، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی جاواز هەڵدەگرێ. لێکۆڵینەوە و توێژنەوەی ئەدەبییش لە قۆناغێکدا نەوەستاوە و ناشوەستێ. بەڵکوو لەگەڵ گۆڕانکاریی ژیان و گەشەکردنی کۆمەڵاتی و گۆڕانی فیکری سیاسی و ئابووری و هەموو لایەنێکی زانستی،

هەڵسەنگاندن بە خۆوە دەبینێت. لێرەوە، دەکرێ لە جۆری دەقی بەخودخەیاڵکردندا، پەنا بۆ شیکردنەوەیەک بەرین کە پشت بە زانیاریی ڕاستەقینەی نووسەر ببەستین سەبارەت بە ژیانی، ڕەوتی فیکری و سیاسی، ڕەوشی کۆمەڵایەتی، پلەی زانستیی خوێندنی و ... چونکوو ئەو لایەنانە هەتا ڕادەیەکی باش بۆ دەستنیشانکردنی ژانری لەو جۆرە و دەقی ژیاننامە و خودنووسینەوە گرنگن.

دواجار، نووسەری داهێنەر دەتوانێت دەقی خودنووسینەوەی ڕاستەقینەی خۆی بەرهەمبهێنێت؛ هاوکات لە سەرچاوەی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی، دەقێکی خەیاڵی دابهێنێت. ئەوەش وا دەکات بڵێین، داهێنان ژیلەمۆی هەڵسەنگاندنی هەموو دەقێکە.

## پەراوێز

1. Dictionnaire, Petit Robert
2. Montesquieu, Quelques réflexions sur les Lettres persanes
3. Nathalie Piégay-Gros « Le roman »
4. MONTALBETTI, Christine, « La fiction »
٥. بەیان سەلمان، «کرۆنیک»، دەزگای ژیان بۆ چاپکردن، سلێمانی، ٢٠٢٠
6. Roland Barthes, Le bruissement de la langue.
7. Isabelle Roblin, Terry EAGLETON (1994), Critique et théorie littéraires. Une introduction, traduction Maryse SOUCHARD et Jean-François LABOUVERIE
8. Ibid هەمان سەرچاوەی پێشوو
9. Ibid هەمان سەرچاوەی پێشوو
10. Ibid هەمان سەرچاوەی پێشوو

## سەرچاوەکان


- BARTHES, Roland, L'analyse structurale du récit, (avec d'autres auteurs) In Communications, 8 coll. « Points » essais, Éditions Communications, 1966 et du Seuil, Paris, 1981.
- BARTHES, Roland, Le bruissement de la langue. Éditions du Seuil, Paris, 1984.
- BUTOR, Michel. Essais sur le roman, Éditions, Gallimard, Paris, 1960 et 1964.
- DOUBROVSKY, Serge. Fils, Éditions Galilée, Paris,1977.
- Gabriel García Márquez, Une odeur de goyave. Entretiens avec Plinio Mendoza (El olor de la guayaba). Éditions, BELFOND, Paris,1996.
- GASPARANI, Philippe. Est-il je? Roman autobiographique et autofiction. Éditions du Seuil, Paris, 2004.
- GENETTE, G. Figures Fiction et diction, coll. « Points » essais, Éditions du Seuil, Paris, 1966.
- GENETTE, G. Frontières du récit : (avec d'autres auteurs) In Communications, 8 coll. « Points » essais, Éditions Communications, 1966 et du Seuil, Paris, 1981.
- HAMON, Philippe, Le personnel du roman, Éditions Librairie Droz S.A., Switzerland, 1998.
- JOUVE, Vincent, L'effet-personnage dans le roman, Éditions, Presse Universitaires de France, Paris, 1992.
-KUNDERA, Milan, L›art du roman, essai, Éditions, Gallimard, Paris, 1986.
- LEJEUNE, Philippe, Je est un autre, coll. «Poétique », Éditions du Seuil, Paris, 1980.
- MONTALBETTI, Christine, La fiction, Textes choisis & présentés, Éditions du GF Flammarion, Paris, 2001.
- Montesquieu, Quelques réflexions sur les Lettres persanes 1754.
https://gallica.bnf.fr/essentiels/montesquieu/lettres-persanes/quelques-reflexions-lettres-persanes
- PIEGAY6GROS, Nathalie. Le roman, Éditions Flammarion, Paris, 2005.
- REY, Alain, Petit Robert, Dictionnaire, Éditions Flammarion, Paris, 1986.
- ROBLIN, Isabelle, « Terry EAGLETON (1994), Critique et théorie littéraires. Une introduction, traduction Maryse SOUCHARD et Jean-François LABOUVERIE », Communication [En ligne], vol. 21/1 | 2001, mis en ligne le 30 octobre 2015, consulté le 16 janvier 2021. URL : http://journals.openedition.org/communication/5431 ; DOI : https://doi.org/10.4000/communication.5431
- Autobiographie, in revue Poétique, N° 133, Février 2003, Éditions Seuil.
- بەیان سەلمان «کرۆنیک»، کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی و هونەریی لەخۆ کۆکردۆتەوە. دەزگای چاپی ژیان، سلێمانی، ٢٠٢٠.
- گەلاوێژ، «بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من» پێشەکی کەمال غەمبار، بەشی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٩.
بەشی دووهەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٣.

# هونەری بەرگری

قادر ئەلیاسی

هونەری بەرگری نابێ مۆرکی حیزبایەتی و کەسایەتیی نێو حیزبی بەسەرەوە بێ. ئەو هونەرە بەرگری دەکا لە مان و مانەوەی گەلێک بەگشتی. حیزب و کەسایەتییەکانیش کە بەشێکن لە گەل و بۆ بەختەوەریی ئەو گەلە تێدەکۆشن. بۆیە هەموو هەوڵێک دەبێ ڕەنگدانەوەی گشتی وەک ئامانج و ویستی نەتەوەییی پێوە بێ.

## پوخته

بەر لەوەی باسی هونەری بەرگری بکەین، پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە ژینگەی سەرهەڵدانی ئەو شێوە هونەرە بدەینەوە. چ بارودۆخێک یان چ شوێن و ژینگەیەک دەبێتە هۆی سەرهەڵدان یان لەدایکبوونی هونەری بەرگری؟ هونەری بەرگری بۆچی پێویستە و چ ڕۆڵێکی هەیە؟

## ژینگە

هونەری بەرگری لە پلەی یەکەمدا لە دڵی سیستەمێکدا دەگووڕێ و دواتر لەدایک دەبێ کە بە شێوەی خۆسەپێن، بەسەر ئەو ژینگەیەدا زاڵ دەبێ. ئەو سیستەمەش سیستەمێکی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیە کە ولاتێک دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و ڕێگا نادا خەڵک بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن. لێرەدایە کە هونەری بەرگری هاوکات یان بەرودوا لەگەڵ نارەزایەتییەکانی دیکەی خەڵکدا[1] دژی ئەو دەسەڵاتە سەرهەڵدەدا.

کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ، نموونەیەکی زەق و بەرچاوی ئەو سیستەم و دەسەڵاتەیە کە نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد، دەچەوسێنێتەوە و لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و سیاسی بێ بەشی دەکا. تاکی خاوەن هەستی ئەو نەتەوەیە بەپێی توانای هونەری و داهێنانی تاکەکەسیی خۆی بۆ بەرگری لە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و شوناسی گەلەکەی لە چوارچێوەی ئەو توانایییە هونەرییەدا، لە چەند بواری جیاواز بەڵام پەیوەندیدار بە یەک، دەست دەکا بە ئافراندنی هونەر:

١ مافی ژێرپێکراوی ئەو گەلە بە شێوەی سروود، گۆرانی، پەیکەرتاشی و...هتد لە چوارچێوەی هونەردا وێنا دەکا و بەرهەمی دێنێ. بەم کارە ستەملێکراویی گەلێک دەخاتە بەر چاوی خەڵک و مرۆڤایەتی بەگشتی. بەو هەنگاوە هەم ستەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و داگیرکەر بەسەر ئەو گەلەدا لەقاو دەدا و هەم دنیای مرۆڤایەتی دژی ئەو ستەمە وریا دەکاتەوە.

٢ لەگەڵ لەقاودانی ئەو سیاسەتە دیکتاتۆرییە، گەل هان دەدا بۆ وەرگرتنەوەی ئەو مافە زەوتکراوانە، بە گژ ئەو سیستەمەدا بچنەوە.

٣ خاڵێکی دیکە، شی کردنەوەی ئەو چەمک و ئامانجە پیرۆزانەن کە نەتەوەیەکی ئازاد و سەربەست هەیەتی، وەک ئازادی، ئازاد ژیان، ئاشتی و پێکەوەبوونی ئاشتیخوازانە و... بە بەرجەستەکردنی ئەم خاڵەش بەرچاوڕوونی دەدا بە گەل و جیاوازیی نێوان گەلێکی بندەست و گەلێکی ئازاد ڕوون دەکاتەوە.

٤ بۆ ناساندنی سیستەمی دیکتاتۆری، ئەو ستەم و جینایەت و کردەوە نادادپەروەرییانە شی دەکاتەوە کە ئەو دەسەڵاتە دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامی داون یان ئەنجامیان دەدا. بەو کارەش وێڕای پەردە لادان لەسەر لایەنە شاراوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، ئەو بەستێنەش بە نواندنی هونەر دەڕووژێنێ.

٥ هونەرمەند جگە لە ناساندنی سیستەمی دیکتاتۆری، هەوڵ دەدا بە وێناکردنی داهاتوویەکی گەشی دوای ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە، خەڵک بەسەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆریدا هیوادار بکا.

٦ ئەرکێکی دیکە ڕێزدانان و بەرز ڕاگرتنی یاد و ڕێبازی گیانبەختکردووانی گەلە کە لە پێناوی دەستەبەرکردنی

مافە ژێرپێکراوەکانی گەلەکەیاندا گیانی خۆیان بەخشیوە.

وەک خۆیایە، هونەری بەرگریی کوری، دژکردەوەی هونەرمەندانی نەتەوەی کوردە کە لەگەڵ چەکی پێشمەرگە لە شاخ، بەرهەمی نووسەرانی خاوەن هەڵوێستی ئەدەبی بەرگری تێکەڵ بە نارەزایەتیی خەڵک دەبێ و شێوە خەباتێک بۆ بەرجەستەکردنی مافە ڕەواکانی خەڵک لە چوارچێوەی سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕیدا دێنێتە بەرهەم.

هونەری بەرگری، بەپێی ئەو خاڵانەی سەرەوە هەم پێویستە و هەم ڕۆڵێکی یەکجار گرینگی لە پێشخستنی خەباتی نەتەوەیەکدا هەیە. بەم پێیە، واتای هونەر دێتە گۆڕێ. بەراستی هونەر کە ئەم گشتە ڕۆڵە لەخۆ دەگرێ، چییە؟

هونەر واتاگەلێکی جۆراوجۆری هەیە. لە لێکدانەوەیەکی باودا بە ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی خەڵک لێک دەدرێتەوە. بەو واتایە، خاوەن هونەر لەگەڵ شادیی خەڵکدا شادە و هیوا و خۆشی دەبەخشێ و لەکاتی ماتەم و ڕۆژە کارەساتبارەکانیشدا پرسەگێڕە.

هونەر بە زمانی سانسکریتی «سوونەر»ە کە لە دوو وشەی «سوو» بە واتای باش و «نەر» یان نەرە بە واتای ژن و پیاو لێک دراوەتەوە. دواتر سوونەر لە زمانی ئاوێستاییدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە هونەر. بە جۆرێک «س» بووە بە «هـ» و لە ئەنجامی بێژەکردنی بە زمانەکانی تر و یەک لەوان زمانی کوردیدا، دەستەواژەی هونەر کەوتووەتە سەر زمان.

دوکتور حوسەین خەلیقی سەبارەت بە جیاوازیی هونەرمەند و زانا و پێوەندی لەگەڵ هونەردا دەنووسێ:

*«جیاوازیی هونەرمەند و زانای زانستی ئەوەیە، زانا بە پشت بەستن بە فەلسەفە یان ئامانجێک و بە پشتیوانی ڕوو لە کەمایەتی، تێدەکۆشێ پەردە لە سەر ڕاستی هەڵبداتاوە. خاوەن هونەر بە هەبوونی فەلسەفەیەک یان ئامانجێک و پشتگەرمی بە چلۆنایەتی، دەیهەوێ بەو ڕاستییە بگا. بەم جۆرە هونەرمەند بەدیتنی باری ناڵەباری کۆمەڵ و بە پشتبەستن بەو ئامانجە کە هەڵوێستگرتن و هوشیارکردنەوەی خەڵکە و پاڵدان بەچلۆنایەتی کە هەستی دەروونییە، ئەرکی خۆی ئەنجام دەدا.»*

هونەر دەستکردی مرۆڤە کە بۆ شوێندانان لەسەر هەست و هۆش و بیری مرۆڤ یان بە مەبەستی ناردنی پەیامێک یان چەمکێک لە لایەن مرۆڤی هەستیارەوە (هونەرمەند) دێتە بەرهەم. دەتوانین بڵێین: هونەر توانست و لێزانییە لە بەرهەمهێنان و ئافراندنی جوانییەکاندا. هونەر جۆری زۆری هەیە کە دەکرێ بە ئاماژە بە هونەرگەلی وەک نیگارکێشان، پەیکەرتاشی، وێنەگری، نواندن و جووڵە (شانۆگەری و سەما)، مووزیک، وێژە و شیعر و... دنیای فرەوانی هونەر و چەشنی جیاوازی هونەر بناسێنین. لە هونەردا داهێنان و نواندنی نوێ بۆ بەرجەستەکردنی هەست و سۆز و ئاوات و ئامانجی گەلێک دێتە کایەوە. بە بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمە هونەرییە، هونەرمەند دەتوانێ بەردەنگەکەی خۆی هان بدا بیر بکاتەوە و لە ئەنجامدا هەستی ببزوێنێ. هونەرمەند بەو بزواندن و هاندانە هونەرییە، بەرەبەرە لە دەربڕینی ڕاستی و دەردەکانی کۆمەڵ نزیک دەبێتەوە و لەوەش زیاتر بەرەو داهێنانی هونەری خاوەن پەیام هەنگاو دەنێ.

ئەگەر هونەری بەرگری ئەمە بێت،

داهێنەری ئەو هونەرە کێیە؟ داهێنەری هونەری بەرگری، هونەرمەندێکە هونەرەکەی دەخاتە خزمەتی ڕێ و ڕێبازی گەلێکی ڕاپەڕیو. ئەو هونەرە مادام لە لایەن هونەرمەندێکی خاوەن هەڵوێستەوە دێتە بەرهەم، دەبێتە هونەری بەرگری و هونەرمەندەکەش بۆ خۆی وەک هونەرمەندی بەرگری ڕۆڵ دەگێڕێ. هونەرمەندی خولْقێنەری هونەری بەرگری، خۆی وەک کەسێکی داکۆکیکار بۆ دەستەبەرکردنی مافی گەلەکەی دەردەکەوێ. چونکە هەم خۆڕاگرە و هەم داهێنەری هونەرە، بەوشێوەیە دەتوانێ جوانییەکانی بەرگری و خۆڕاگری، بە نواندنێکی باش و هونەرییانە بخاتە بەر چاو و گوێ و هزروبیری کۆمەڵ. ئەگەر هونەر هەڵگری ئەو پەیامە بێ کە پێی دەڵێن: هونەری بەرگری، پتر دەتوانێ ڕۆڵی لە تێگەیشتن و وشیارکردنەوەی خەڵکدا هەبێ.

> هونەر به زمانی سانسکریتی «سوونەر»ە کە لە دوو وشەی «سوو» بە واتای باش و «نەر» یان نەرە بە واتای ژن و پیاو لێک دراوەتەوە. دواتر سوونەر لە زمانی ئاوێستاییدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە هونەر

چەمکی بەرگری و خۆڕاگری بۆخۆی هونەرە. هونەری بەرگری کاتێک دێتە کایەوە، گوێگر هان دەدا بە قووڵی بیر بکاتەوە. کە باس لە هونەری بەرگری دەکرێ، ئیدی هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ گەیشتن بە مافی ئەو گەلە جگە لە بەرگری نامێنێتەوە. کاتێکیش دەرگاکانی دیکەی گەیشتن بە مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی گەلێک دادەخرێ، لەو کاتەدا دەست بردن بۆ خەباتی بەرگری بۆ خۆی هەرمانێکی هونەرمەندانە و بوێرانەیە.

## ئەدەبی بەرگری

هیچ هونەرێک ئەگەر پێویست بێ بە شیعر و دەنگ بکەوێتە بەرگوێ، ناتوانێ بەبێ بەرهەمی ئەدەبی خۆی بنوێنێ. کەواتە دەقێکی ئەدەبی کە لە دووتوێی هونەری بەرگریدا خۆی دەناسێنێ و وەک ئەو هونەرە دەردەکەوێ، بە ئەدەبی بەرگری پێناسە دەکرێ. ئاوازی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب کە ساڵی۱۹۳۹ی زایینی لەلایەن شەهید «شێخ حوسەین بەرزنجی[۲]»یەوە دانرا، بەبێ ئەو دەقە شیعرییەی مامۆستا دڵدار، هەرگیز نەدەهاتە بەرهەم. کەوابوو بۆ ئەوەی بەرهەمێکی هونەری بە دەنگ و شیعر و مووزیکەوە بکەوێتە بەرگوێی خەڵک، دەبێ هونەرمەندی خاوەن هونەر، دەقێکی شیعری لە بەر دەستدا بێ تا بتوانێ ئەو هونەرە بێنێتە بەرهەم. ئەدەبی بەرگری کە بەرهەمی ئەدیبان یان خاوەن هۆنەرانی خودان هەڵوێستە، بەشێکی تەواوکەری هونەری بەرگرییە. ئەگەر بمانەوێ هونەری بەرگری بە قامەتی مرۆڤێک یان دارێک بچوێنین و دەنگ و مووزیک قامەتەکە بێ، شیعر جلوبەرگی ئەو مرۆڤە یان گەڵا و لقوپۆی ئەو دارەیە کە سەرنجی ڕێبواری سەرەڕێ وەک بینەر یان بیسەر ڕادەکێشێ.

## ئەدیبانی قۆناغی بەرگری کورد کامانەن؟

ئەگەر بمانەوێ لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورددا مێژوویەک بۆ ئەدەبی بەرگری دەست نیشان بکەین، جگە لە مەم و زینی خانی، بەرهەمێکی تری پێش سروودی نەتەوایەتیی «ئەی

ڕەقیب»مــان بەرچــاو ناکــەوێ. بۆیــە سەرتەقەکێشــی ئــەو بــوارە دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمی پێــش لــە دامەزرانــی کۆمــاری کوردســتان. لــە شــاعیرانی ئــەو ســەردەمە دەتوانیــن ئامــاژە بەنــاوی مامۆســتایان پیرەمێــرد، فایــەق بێکەس، عەبدوڵــڵا گۆران، دڵــدار، قانــع، کاکــەی فەلــلاح، ع.ع.شــەونم، جگەرخوێــن و قۆناغــی ســەردەمی کۆمــار مامۆســتایان هێمــن، هــەژار و هێــدی، بکەیــن. دوای ئــەو قۆناغــەش لــە ڕۆژهــەڵات ســوارەی ئێڵخانیــزادە، عەلــی حەســەنیانی، چــاوە شێخولئیســلامی، جــەلال مەلەکشــا، فەرەیــدوون ئەرشــەدی، ڕەحیــم لوقمانــی، قــادر لوتفیانــی (ئــازا ســەکری)، ئاشــق ئیســماعیلی، ئەنــوەر ســوڵتان پەنــا، ئەحمــەد قــادری، ناهیــد حوســەینی، ئەحمــەد بازگــر، ناســر حیســامی، ڕێبــوار شێخولئیســلامی، عومــەر غوڵامعەلــی، ئاکــۆ ئەلیاســی، ســارۆ و کاوە خوســرەوی، و لــە شۆڕشــی باشــووری کوردســتان لــە دوای پەنجاکانــی ســەدەی ڕابــردوو خالیــد دلێــر، کامــران موکــری، شــێرکۆ بێکــەس، عــەولا پەشــێو، لەتیــف هەڵمــەت، ڕەفیــق ســابیر و... د.مــارف عومــەر گــوڵ و.... شــەهید مەلاعەلــی ســەر هەڵــدەدەن.

## هونەرمەندانــی قۆناغــی بەرگریــی کــورد کامانــەن؟

ئــەو هونەرمەندانــەی لــە هونــەری بەرگریــدا بــە ســروود و گۆرانــی و مەقامــی شۆڕشــگێڕانە توانیویانــە ناوێکــی ناســراو بــن لــەو بــوارەدا، دەکــرێ دیســان لــە شــێخ حوســەین بەرزنجییــەوە دەســت پــێ بکەیــن کــە دانــەری ئــاوازی ســروودی نەتەوایەتیــی «ئــەی ڕەقیب»ــە. ئــەو کەســانەی بــە دەنــگ لــەو بــوارەدا دەنگیــان تۆمــار کــراوە و خاوەنــی هونــەری بەرگریــن، دەکــرێ بەشــێوەی خــوارەوە پۆلێــن بکرێــن:

قۆناغــی ســەردەمی پێــش ســاڵەکانی ۴۰ی زایینــی بەمــلاوە کــە دەنگــی مامۆســتایان تاهیــر تۆفیــق، حەســەن زیــرەک، حوســەین عەلــی، حەمەســاڵح و قــادر دیــلان، ئیبراهیــم خەیــات، خالیــد دلێــر، شــوانپەروەر، حەمەجــەزا، ناســر ڕەزازی، نەجمــەی غوڵامــی، کاڵــێ ئاتەشــین، تاهیــر خەلیلی، مەرزیــە فەریقی (ڕەزازی)، شــەهریبانی کــوردی، میکائیــل جەهانمەیهــەن، ئەبــوو لەگــزی، مســتەفا دادار و قــادر ئەلیاســی دەگرێتــەوە.

ئــەم دەنگانــە جگــە لە گۆرانــی و مەقامی شۆڕشــگێڕی، خاوەنــی کۆمەڵێــک ســروودی نیشــتمانی، سروشتی و یەکسانیخوازین.

## جیاوازیــی ســروود لەگــەڵ گۆرانــی و مەقامــی شۆڕشــگێڕی

وەک ناوەرۆک هەر ســێ شــێوازەکە هەڵگری هونــەری بەرگریــن، بــەڵام جیاوازییــان لــە جــۆر و فۆرمــی هونەرەکەدایــە، بــۆ وێنــە ســروود لەبــاری ڕیتمــەوە مارشــە بــەڵام گۆرانیــی شۆڕشــگێڕی دەکــرێ بــە ڕیتمگەلــی جۆراوجــۆر ئامــادە بکــرێ. مەقامــی شۆڕشــگێڕانە تەنیــا بــە هەڵبەســت لــە مەقامەکانــی دیکــە وەک ئــای ئــای و حەیــران و لاوک جــوێ دەکرێتــەوە. ســروودی «هێــزی گــەل»ی مامۆســتا تاهیــر تۆفیــق ڕیتمــی مارشــی هەیــە بــەڵام لــە ناوەرۆکــدا لەگــەڵ گۆرانیــی «هێــزی پێشــمەرگە نابــەزن»ی تاهیــر خەلیلــی و مەقامــی «گۆمەشــین»ی ناســر ڕەزازی یەکێکــن و یــەک پەیامیــان هەیــە. ئەویــش پەیامــی هونــەری بەرگرییــە.

## هونەری بەرگری و حیزبایەتی

هونــەری بەرگــری نابــێ مۆرکــی حیزبایەتــی و کەســایەتیی نێــو حیزبــی بەســەرەوە بــێ. ئــەو هونــەرە بەرگــری دەکا لــە مــان

و مانەوەی گەلێک بەگشتی. حیزب و کەسایەتییەکانیش کە بەشێکن لە گەل و بۆ بەختەوەریی ئەو گەلە تێدەکۆشن. بۆیە هەموو هەوڵێک دەبێ ڕەنگدانەوەی گشتی وەک ئامانج و ویستی نەتەوەییی پێوە بێ. ئەگەر گەلێک گەیشتە قۆناغی سەربەستی و ژیانی بندەستیی خستە پشتی سەر، ئەوکاتە بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەو حیزب و لایەنانە متمانەی خۆی بەو حیزبانە دەبەخشێ و بەجۆرێک قەرەبووی ئەو خەبات و لەخۆبوردووییانە دەکاتەوە کە ئەو حیزب و لایەنانە لە پێناوی گەیشتنی ئەو گەلە بە سەربەستی و ئازادی کێشاویانە.

هونەر دەوری خۆی گێڕاوە؟ هێزە کوردییەکان گرینگییان بەو هونەرە داوە؟

هونەر لە هەر قۆناغێکدا توانیویەتی دەوری خۆی بگێڕێ، بەڵام لەبەر گرینگی نەدانی ڕێبەرانی جووڵانەوەکە بە هونەرمەندانی ئەو بوارە، ئەو دەورە نەیتوانیوە زۆر کاریگەر بێ. هونەر بە گشتی و هونەری بەرگری بەتایبەتی کاتێک باشتر گەشە دەکا کە گرینگی و شوێنی تایبەتی خۆی بدرێتێ. تا ئێستا هونەرمەند خۆی بەتەنیا و بەبێ ئاوڕدانەوەی ڕێبەرانی بزاڤەکە لە بەرهەمهێنانی هونەرەکەیدا کار و هەرمانەکەی ڕاپەڕاندووە. پێشمەرگەی شاخ تا چەک و لانیکەم پێداویستیی سەرەتاییی ژیانی وەک جلوبەرگ و خواردەمەنی بۆ دابین نەکرێ، شەڕی بەرگریی پێ ناکرێ. هونەرمەندیش پێویستی بەو پشتگیرییە لەلایەن شۆڕشەوە تا بتوانێ لەوە باشتر دەرکەوێ.

### به کورتی

هونەری بەرگری لە ئاکامی دەسەڵاتێکی ستەمکار لە لایەن هونەرمەندانی خودان هەڵوێستەوە دێتە بەرهەم و چەکێکی گرینگی وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە و ڕێبەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازی دەتوانن بۆ پاڵپشتی لە چەکی پێشمەرگە دژی داگیرکەر و بۆ پەیوەندی لەگەڵ خەڵک کەڵکی لێ وەرگرن. هیچ خەباتێک بەبێ هونەری بەرگری نە سەر دەکەوێ، نە لایەنی زیندووی شۆڕشگێڕی بەوشێوەیە بەرجەستە دەبێ کە بە هونەر وێنا دەکرێ.

هونەر لەگەڵ ئەوەی داهێنانێکی هونەرمەندانەیە، ڕووی جوانی و ئاستی شارستانییەتی کۆمەڵیش دەردەخا. تا ئێستا چەند دیاردەی هونەریی شۆڕشی سمکۆی شکاک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شۆڕشە باڵکێشتر و بەرچاوتر بوون و باس کراون، ئەویش هەبوونی پیانۆیەک لە ماڵەکەی سمکۆی نەمر و چاپی ڕۆژنامەی کوردی بووە. هەر کۆمەڵگایەک چاپەمەنی و موزیکی تێدا بوو، ئاستی ڕووناکبیری و شارستانیەتی بە بەراورد لەگەڵ ژینگەی بێ چاپەمەنی و موزیک بەرزتر دەنرخێندرێ.

### پەراوێز

[١]. خەباتی چەکدارانە و نارەزایەتی دیکە وەک ڕاپەڕین و...

[٢]. ١٩٦٣/٦/٢٣ بە فەرمانی دادگای بێدادی بەغدا لە کەرکووک لەگەڵ شێخ مارفی برای و کۆمەڵێک تێکۆشەری دیکە لەسێدارە دران.

### ژێدەر


١. گوڵی سەربەستی، ژیان و بەرهەمی مامۆستا تاهیر تۆفیق، ١٩٨٣

٢. ماڵپەڕی فارسی https://fa.iranfreedom.org/، هنر مقاومت چست؟ هنرمند مقاومت کیست؟؛ چرا «مقاومت کردن خود یک هنر است»؟

٣. بەستێنی بوونی «ئەی ڕەقیب» بە مارشی نەتەوەیی، قادر وریا (دوو بەش)، ٢٠١٩

٤. مێژووی سروودی ئەی ڕەقیب، قادرئەلیاسی، ٢٠١٠

٥. مێژووی مۆسیقای کوردی، حەمەی حەمەباقی.

٦. هونەری بەرگری، ویکی پیدیا

# لێکدانەوەی لایەنی ئەخلاقی
# لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ژیوان کوردستانی

هەر میدیایەک پێویستی بە کەسانی زۆر شارەزا هەیە و میدیا بۆ خۆی دەوڵەتێکە، بەڵام کێشەی بنەڕەتی ئەوەیە میدیای کوردی بەرنامە و پلانی نەتەوەیی لە ئاستێکی نزمدایە. چونکە هەر میدیایەک پێش ئەوەی نوێنەری نەتەوەیەک بێت، نوێنەری خواست و ویستی دامەزرێنەرەکانیەتی.

## پێشەکی

جیهانێــک کە تێدا دەژین وەها گۆڕاوە هێرشــی ڕاگەیاندنەکان تەنگی بــە ژیان هەڵچنیوە. ئیدی جیهانی ســادەی پەیوەندی نەماوە. سەردەمانێک ڕاگەیاندنی مرۆڤ لە ڕێگــەی باڵندە و ئاژەڵەکان دەکرا. بەڵام زانست و تەکنۆلۆژجیا لەم سەردەمەدا وەها بەســەر مرۆڤدا باریوە کەس ناتوانێت خۆی لێ لا بدات. تەمسیلی خەیاڵی سەحرای مەحشەر لە ئاییندا تەکنۆلۆژیــا جێبەجێی کردووە. ئامێرە تەکنۆلۆژییــەکان لــە ئەمڕۆدا ژیانیــی مرۆڤیان خســتووەتە ژێــر چاودێریی خۆیانــەوە. هەرکە تەلفزیۆنەکــە دەکەیتەوە هــەواڵ و زانیارییەکان هێرشــت بۆ دێنن، موبایلەکــەت دەکەیتەوە بە هەمان شــێوە تــۆڕە کۆمەڵایەتــی و ماڵپەڕەکان بــەردەوام زانیاریت بۆ دێنن. لە ئەمڕۆدا جیهانیی واقع و سادە بچووک بووەتەوە، هەر ئەوەندەی کە لەشــێکت هەیە و زیندوویت، بەڵام ڕاستییەکان کەوتوونەتــە پەراوێــز و لە ســێبەری جیهانیی مەجازیدایــە، کایە ئەلکترۆنییــەکان وەها مرۆڤی داگیر کردووە تەنانەت پارە دەرهێنانن و ئابووریش وردە وردە بووەتە بەشــێک لە جیهانیی مەجازی. مرۆڤی ســەدەی ٢١ بەبــێ تەکنۆلۆجی نەخۆش دەکەوێت. ئەگەر کەســێک موبایل و تەلەفزیۆن و سەتەلایەتی نەبێ هەست بە نامۆیی دەکات، وا دەزانێ شــتێکی ون کردووە. (بتی زەینی) مرۆڤی ئەم ســەردەمە و قیبلەکەی لــە موبایلەکەیدایە، موبایلەکەیەتی ئاگامەندی و هۆشیاری بۆ پێناسە دەکات، بە هەموو شێوەیەک ئاراستەی مرۆڤەکان دەگۆڕێــت. کەواتە بەباشــی دەزانین لە دەلاقەی ئەخلاقــەوە بڕوانینە میدیــا و ڕاگەیاندنەکان کە بەشــی زۆری جیهانیــی ئەمــڕۆی ئێمەی پێک هێناوە.

## ڕاگەیاندن و ئەخلاق

هەرکــە تەلەفزیۆنەکەمــان هــەڵ کــرد یــان ڕۆژنامەکانمــان خوێنــدەوە یــان ڕادیۆکەمــان هەڵ کــرد، دوای چەند خولەکێــک هەواڵەکان و زانیارییەکان دەبیســین بــۆ نموونە، کارۆلینای خەڵکــی مۆناکۆ، لە ڕۆژی جێژنــی لەدایکبوونی خۆی چەند پارەی ســەرف کــردووە، یان ئەوەی کە پەیوەندی نێوان ئیشــتەقی گراف و ئاندرەی ئاغاســی چی بەسەرهات، ســەرکۆماری ئامریکا چ گۆڕانکاریەکی لــە خانووەکەیدا کردووە و یان ئۆلدیش ـ قارەمانی پاســکیل ســواریی جیهان ـ چەندە کێشــی خۆی دابەزانــدووە. داعش چۆن دوو وڵاتــی داگیر کرد و بێبەزییانە ڕەشــەکوژی دەکات. ڕاگەیاندنە جەماوەرییەکان هەوڵ دەدەن زۆربەی هــەواڵ و زانیارییەکان لە چەقی حەزی خەڵکدا بــۆ خوێنەرەکانیان بڵاو بکەنەوە. تەنانەت هەندێــک لە کەناڵەکانــی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان هەوڵ دەدەن پرسیارە تایبەتەکانی ژیانی تاکەکەسی و نهێنیی ئەستێرەکانی سینەما و گۆڕانیبێــژەکان، پاڵەوانەکان و سیاســییەکان بڵاو بکەنــەوە و بیدرکێنن. بــەڵام تەنیا بەمەش قەناعــەت ناکــەن، هەواڵی تایبەت لەســەر ئەم کەسانە بڵاو دەکەنەوە و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی وەکوو ڕۆژنامــە بە خەڵکی دەفرۆشــن. تەنانەت کەســە مەدەنییە ئاســاییەکانیش تووشــی ئەم چەرمەســەرییە دەبنــەوە، ئەوان پرســیارنامەی جۆراوجۆر لە کۆمپانیا و سیســتەمی ڕاپرسی وەر دەگرن و لە کاتێکدا ســەردانی ســەنتەر و دەزگا حکوومی و تایبەتەکان دەکەن، پرســیارنامەکان پڕ دەکەنــەوە، یان لە وتووێژێکدا بە مەبەســتی دامەزران لە ئیدارەیەک وڵامی ئەم پرســیارنامانە دەدەنــەوە و لــە دامودەزگایــەدا هەندێــک لەو پرسیارانە باس لە ژیانی تاکەکەسی ئێمە دەکات و ئێمەش وڵامیان دەدینەوە. لە ڕێگەی دەستکەوتە نوێیە تەکنیکییەکانی وەکوو کۆمپیوتەر لە هەموو شوێنێکدا بانکی زانیاری هەیە و زۆربەی زانیارییە تاکەکەسییەکانی ئێمە لەم بانکانەدایە. بۆ نموونە: ئاماژە بەم لایەنە دەکەین کەوا ڕادەی چوونە لای پزیشــک، ژمارەی هاتووچۆ بــۆ دەرەوەی وڵات و نێوخۆ و بڕی پارەیەک کە لەم بانکانەدا دامان ناوە و پەیوەندیمان لەگــەڵ بەڕێوبەری ئیدارەکەمان، زۆر بابەتــی دیکەی لەم چەشــنە□ هەمووی کۆ دەکرێنــەوە و هەیە. ئەگــەر دەمانزانی دامودەزگا

جۆربەجۆرەکانی وەکوو بانکەکان، نەخۆشخانەکان، زانکۆکان، دەفتەری کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی، ناوچەکانی شارەوانی و... تا چ ڕادەیەک زانیارییان لە سەر ئێمە هەیە، سەرسام دەبووین.

مافی کەڵکوەرگرتن لە کەشی تایبەت لە سروشتی مرۆڤدا بناغەی داکوتاوە و مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن ئەقڵە و پێویستی بە کەشێکی تایبەت هەیە. هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە و تەنانەت پێویستە بەشێک لە ژیانی خۆی ـ کردەوەکانی، بیرکردنەوە و هەستەکانی ـ تەنیا بۆ خۆی، خێزان یان هاوڕێیەکانی بەکار بێنێت. لە درێژەی ئەم باسەدا ئاماژە بە چەند خاڵ دەکەین کە لە ڕوانگەی ئێمەدا مافی کەڵکوەرگرتن لە کەشی تایبەت لە ژیاندا هەیە:

**ئا)** مافی کەڵکوەرگرتن لە ناوی تایبەت و مافی دەربڕینی بیروبۆچوونەکان: ئێمە تیکڕا مافی ئەوەمان هەیە لە ناوی تایبەت بۆ خۆمان کەڵک وەرگرین. هیچ کەس ڕێگەی پێ نادرێت بەبێ ئیزنی ئێمە لەم ناوانە کەڵک وەرگرێت، یەکێک لە ئاساییترین و باوترین کردارەکانی دژ بەم مافە لە لایەن ڕۆژنامەکان دەکرێت، وەکوو بڵاوکردنی هەندێک وتە بەناو کەسێکەوە ئەمە لە کاتێکدایە ئەو کەسە ئەو شتانەی نەوتووە.

**ب)** مافی کەڵکوەرگرتن لە وێنەی تاکەکەسی: کاتێک مرۆڤ سەرقاڵی کەشی تایبەتی خۆیەتی، بۆ نموونە لە باخی ماڵەکەی خۆی، سەرقاڵی مەلەکردنە، یان بەیانی شەممە لە مەزراکەی خۆیدا بە جلی ڕاحەتەوە، خەریکی نانخواردنە و هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بەبێ ئیزنی ئەو وێنەی لێ بگرێت و پێشانی هەموو کەسێکی بدات. بەڵام بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسەکان لە کاتێکدا ئیشێکی کۆمەڵایەتیان لە ئەستۆدایە (بۆ نموونە نوێنەری پەرلەمانە)، یان کاتێک وەزیری دەوڵەت لە پەرلەماندایە و سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی زانیارین، ئاساییە و کێشەی نییە. بڵاوکردنەوەی ئەم وێنە و فیلمانە بۆ هەمووکەس ئاساییە، چونکوو وەزیر لەو کاتەدا لە ئیشە کۆمەڵایەتیەکەیدا ئامادەیە.

**ج)** مافی کەڵکوەرگرتن لە وتووێژە تاکەکەسییەکان: کاتێکە کەسێک باس لەسەر پرسیارە تایبەتەکانی دەکات، بۆ نموونە لە ڕێگەی تەلەفۆن، نامە، پۆستی ئەلکترۆنیکی یان لە کاتی پیاسەکردن و زۆرشتی تر بێت، هیچ کەس مافی ئەوەی نییە نێوەڕۆکی ئەم وتانە بۆ خەڵکی بدرکێنێت. بۆ نموونە، ئیزنی ئەوەی نییە نێوەڕۆکی نامەیەک کە هەستی خوشەویستی خۆی بۆ کەسێک نووسیوە، یان لە دیالۆگیکی تەلەفۆنیدا بەهۆی لەکیسچوونی یەکێک لە کەسوکارەکەی پەیامی بۆ ناردووە، بڵاوی بکاتەوە، دەبێت بزانین لەم بارودۆخەدا وتووێژەکان تایبەتن. بەڵام ئەگەر ئەم وتووێژانە پەیوەندی بە ڕێکخستنی کردەوەیەکی تیرۆر و تەقینەوە بێت. بۆ نموونە یەکێک لە تیرۆریستەکان بۆ تەقینەوە لە ویستگەی میترۆ یان پاسیکدا لەگەڵ تیرۆریستێکی هاوڕێی لە ڕێگەی مۆبایل یان تەلەفۆن، بڕیار دەدا یەک ببێنن، گەرچی وەها شتێک لەم شێوەیە پەیوەندی بە وتووێژی تایبەتەوە نییە. بۆ نموونە وتووێژێک کە لە نێوان وەزیر و کاربەدەستێکی کۆمپانیایەک لە ئارادایە و لەم پیوەندیەدا پێشنیاری بەرتیلخواردن دەدریت، بابەتێکی تاکەکەسی نییە.

**د)** مافی کەڵکوەرگرتن لە نهێنییەکانی ئیشکردن: ئێمە هەموومان مافی ئەوەمان هەیە بۆ خویندن و توێژینەوە لە ڕاوێژکارێک یارمەتی وەر بگرین، بۆ ئەوەی کە ڕێنوێنیمان بکات. پزیشک و پارێزەرەکان لەو کەسانەن پێویستە یارمەتیان لێ وەر بگرین. ئەوان بەهۆی ئیشێک کە هەیانە، لە ژیانی نەخۆشەکان و پارێزراوەکانیان ئاگادارن، ئیزنی ئەوەیان نییە نهێنییەکانی ئەوان بڵاو بکەنەوە، بۆ نموونە، خاتوونێک دەچێت بۆ لای پارێزەرێک داوای لێ دەکات لە مەحکەمەدا لایەنگری لە مافەکانی بکات پارێزەرەکە ئیزنی ئەوەی نییە، نهێنییەکانی پارێزراوەکە بڵاو بکاتەوە و خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە.

**هـ)** مافی کەڵکوەرگرتن لە ڕێزلێنان و ناوبانگدەرکردن: ئەم مافە، یەکێک لە گرنگترین مافەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە لە ڕێگەی

کەڵکوەرگرتن لـــە ناودەرکردنی مرۆڤەکان متمانە بە یەکتـــر دەکەن پێکـــەوە و پەیوەندی دەگرن. هـــەر بۆیە ئەگەر کەســـێک ناوبانگ و ڕێزێک کە هەیەتی لە کیســـی بـــدات و ڕێزی لـــێ ناگرن، گرفت و کێشـــەی زۆری بۆ دروســـت دەبێت، بە زەحمەت ئیشـــی دەس دەکەوێـــت، هیچ کەس حەز ناکات گرێبەســـتێکی لەگەڵدا ببەســـتێت، هاوڕێیەکانـــی دوورەپەرێزی لێ دەکەن و هاوڕێی بـــۆ پەیدا نابێـــت. وای دابنـــێ قوتابییەک وەکوو کەســـێکی «ســـاختەچی» ناو بانگی دەرکردووە، مامۆستاکانی متمانەیان پێ نییە، لە چالاکییەکانی پۆلەکەیـــدا لە بەرەوەی پۆلەکـــە دایدەنێین و بە تایبەتی چاودێری دەکـــەن، تەنانەت کاتێک ئەم خوێندکارە کاری باشـــیش دەکات، ئەگەری ئەوە هەیە، دیســـانەوە فێڵبازانە خەشی کردبێت و ئەم گومانەی بەردەوام لە سەری هەیە. پزیشکێک لە کاتی نەشتەرگەرییدا نەخۆشەکەی گیانی لە دەس دەدات و ئەم کێشـــەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە خراپە نـــاو دەر بکات و پاش ئـــەم ڕووداوە هیچ کەس ناچێت بۆ لای و تەنانەت بۆ نەخۆشییەکی چووکەتـــر وەکـــوو دەرهاوردنـــی مێخەکەش لە دەســـتدا پرسی پێ ناکەن. مافی کەڵکوەرگرتن لە ناودەرکردن و ڕێزلێنـــان، یەکێک لەو هۆکارانەیە بەباشـــی بۆ دەرخستنی ڕێزگرتن لە غەیبەتکردن یەکێـــک لە هەڵە ئاکارییەکانـــە. تەنانەت ئەگەر ئەم دەربڕینە ڕاســـت بێت ئەم خاڵـــە لە بەرچاو بگرین کەوا خەشـــکردن و غەیبەتکردن زەرەر لە مەزنی و ڕێزی مرۆڤ دەدەن. ســـەرەڕای ئەمەش درکاندنی نابەجێی قسە و باسی کەسانێکی دیکە، بەدرەوشتی و ناشیرینی کرداری ئەو مرۆڤە پیشان دەدات. لە بەرانبەر ئەم کردارە خراپەدا، بێدەنگی باشترین فەزیلەتە.

مافی کەڵکوەرگرتن لە کەشی تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی لە پانتای گشتیدان مافی کەڵکوەرگرتن لـــە پانتای تایبـــەت، لەگەڵ ئەو کەســـایەتییە و ڕێزەی بەو مرۆڤە دراوە، هەموومان خاوەن مافێکی لەو جۆرەین. لەلایەکی دیکـــە، کۆمەڵێک مرۆڤ هەن ئیشـــی کۆمەڵایەتییان پێ ســـپێردراوە و لە بـــەردەم چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرپرســـن، ئـــەو چالاکییانەی کـــە پەیوەندی بە ســـەرجەم کۆمەڵـــگاوە هەیە. چالاکـــی خوێندکارێک خوی بـــۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ســـاڵ ئامادە دەکات، ڕاســـتەوخۆ پەیوەندی بـــە کۆمەڵـــگاوە نییە. لە بەرانبەردا، چالاکییەکانی سەرۆکی حکوومەت یان کاربەدەســـتێکی باڵای حکوومەت ڕاستەوخۆ یان ناڕاســـتەخۆ کاریگەری و پەیوەندی بە ســـەرجەم کۆمەڵگاوە هەیە (بۆ نموونە دەربڕینە ناژیرانەکانی کاربەدەســـتێکی دەوڵەتی، لە ئامریکای باکوور، لە ڕۆژنامەکانـــدا ڕووخانی بازاڕی ئابووریی و قەیرانی ئابووریی لە ئامریکای لاتینی لێ کەوتەوە. زۆرجار دیاریکردنی ســـنووری نێوان لایەنی تاکەکەسی و جەماوەر ڕوون و ئاشکرا نییە. بۆ نموونە هەواڵێک کە لەســـەر تووشبوونی ســـەرکۆماری ئامریکا بە شـــێرپەنجەوە، لەگەڵ کەســـێکی ئاســـایی یان هاوپۆلەکەماندا جیاوازە. هەردوو پەیامی هاوسۆزی ئێمەیان پـــێ دەگات، بەڵام مەرگی ســـەرکۆمار بەهـــۆی شـــێرپەنجەوە، ئەنجامـــی بەربڵاویـــی بەدواوەیە، تاکوو مەرگی هاوپۆلەکەی ئێمە. ئەمە لە حاڵێکدایە ســـەرکۆمار، یان وەزیـــری باڵا، لە نـــاکاو بمرن، بارودۆخی سیاســـی و ئابووریی ئەو وڵاتە تێکوپێک دەدات، کەســـێک بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار پاڵێوراوە، مافی ئەوەی نییە نەخوشییە نهێنییەکانی خـــۆی لە جەماوەر بشـــارێتەوە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەشـــداربووەکان بۆ زانیاریوەرگرتن، لەسەر ژیانی تایبەتی پاڵێوراوەکان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی سەندووە و وا دیارە ئەوان بەڵگـــەی باشـــیان هەیە، بۆ ئەم بـــە دواداچوونە. ئایـــا باوەڕ ناکـــەن پاڵێوراوێک لـــە ژیانی خێزانی خۆیـــدا بە ئەمـــەگ و بەرپرســـیارانە بجووڵێتەوە و پـــاش هەڵبژاردنی بەڵێنی و بـــە ئەمەگبوون و بەرپرسیارییە ســـاختەکارییەکان بنێتە ژێر پێ و حاشـــایان لێ بکات. لەم سەروبەندەدا، کەسانێکی دیکـــە هەن دەڵێن، «کاتێک هەموو کەســـێک بە فێڵبازیی خۆیان لە ژێر باری باج دەدزنەوە، بۆچی من ئەم کارە نەکەم؟» هەندێک کردار، هەن تا ئەو ڕادەیە ناحەز و ناشیرینن پێویست ناکات کەسێک

ئاگاداریـــان بێت، وەکـــوو لاقەکردنی خەڵک، ئەو شتەی کەوا ئەمڕۆکە لەژێر ناوی تەکنیک و ئیمان لە لایەن گرووپـــە توندڕەوەکانی وەکوو داعش و کۆماری ئیسلامیدا دەکرێت.

## ژیانی تاکەکەسی وەکوو کەرەستەیەک

ئەگەر لـــە ژیانی تاکەکەســـی یـــان پەیوەندییە دەروونییەکانـــی خێزانی، تاک وەکوو شـــتومەک یان کەرەســـتەیەک چاوی لێ بکەین، حورمەت و ڕێزی مرۆڤ خەوشـــدار دەبێـــت، چونکە ژیانی تاکەکەســـی و خێزانـــی مرۆڤ بەپێی سروشـــت لایەنێکی تایبەتە و پەیوەندی بەو کەســـەوە هەیە و ئـــەو خاوەنییەتی و نابێ بەردەســـت جەماوەر بکەوێت، بەڵام ئەگەر ئەرکی ڕاگەیاندەکان، ژیانی تایبەتی تاکەکان وەکوو کەرەســـتەیەکی بازرگانی چـــاو لێ بکات، ئەگەر ئەم تاکە کەســـایەتییەکی نـــاودار لە نێـــو خەڵکدا بێت، یـــان مەدەنییەکی «ئاســـایی» بێت ئەوە ئەو کەسە ڕەسەنایەتی خۆی لە کیس دەدات. ڕاســـتە ئەرکـــی ڕاگەیاندنەکان، زانیاری و هوشـــیارکردنەوەی جەمـــاوەرە، بەڵام ئەمـــە نابێتە هۆی ئەوەی کە بە بێهوودە ســـەیر بکرێت. بەڵکوو دەبێ تا ئەو ڕادەیەی بە پێویستی دەزانیـــن، توێژینەوەی لەســـەر بکەین، بۆ ئەوەی خەڵک زانیاریان دەست بکەوێت. هەندێک پرسیار هەیە، پەیوەندی بـــە ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی کۆمەڵگاوە هەیە. بۆیـــە ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لەســـەر ئەم پرسیارانە ئەرکی ڕاگەیاندنەکان نییە. کۆمەڵگـــە مافـــی ئەوەی نییە لە هەموو شـــتێک ئاگادار بێت، نێوەڕۆکی وتووێژێکی دەروونناسییانە یان نامەیەکی ئەویندارانە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە نییـــە. ئەگـــەر ژیانـــی تایبەتی خەڵـــک وەکوو کەرەســـتەیەکی بازرگانی چاوی لێ بکرێت، ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەو کەسە شتومەکێک چاوی لێ بکەیـــن و مرۆڤبوونی لێ زەوت بکەین. بۆ نموونە وەکوو، مانگایەک دەبێت شـــیرەکەی بە بەرزترین نرخ بفرۆشـــرێت. ئەمەش لە کاتێکدایە نەتوانێت ئەو ڕادە شیرە بەرهەم بێنێت و بۆ سەربڕین باشە. جێگەی داخە ئەو کەسانەی هەتا پلەی شتومەک یان کەرەســـتە کەسایەتییان دەشکێت، بەڵام ئەو کەســـانە بۆ خۆیان لەم «بەشـــتبوونەدا» تاوانباران . هەندێـــک لە ئەکتەرەکان بـــۆ ئەوەی کە ناو دەر بکەن و سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، ئامادەن کێشەوگرفتەکانی ژیانی تایبەتیی خۆیان بۆ جەماوەر بڵاو بکەنەوە. ئەم جۆرە کەسانە وەکوو، کەرەستە یان «شـــت» چاویان لێ دەکرێت، هەر وەکوو شـــتومەکێکی مرۆیی بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن لە پشتی ویترینی دووکانێک حیسابیان بـــۆ دەکرێت. بۆ ئەوەی کە مافی کەڵکوەرگرتن لە کەشـــی تایبەت و چاودێریکردنـــی بپارێزرێت، بە کورتی دەتوانین بڵێین دەبێت ڕاگەیاندنەکان ڕێز لەم دوو ئەسڵە بگرن:

**ئا)** ڕەچاوی ڕێزگرتن لە مرۆڤەکان بکەن.

**ب)** ڕوانگەیەکـــی قازانجخوازانـــە و بازرگانی نابێـــت ڕێگـــە خۆش بـــکات بۆ ئەوەی دەســـت بخەینە نێو ژیانی تایبەتیی خەڵکەوە. ســـەرەڕای ئەمەش بۆ ئەوەی ئەرکی ڕەخنەیبیانەی ڕاگەیاندن هەڕەشەیەک نەبێت بۆ ســـەر کۆمەڵگە پێویستە دوو خاڵ لە بەرچاو بگرین:

**ج)** کرداری سیاســـەتمەدار و کەســـایەتییە بەرزەکانی کۆمەڵگا، وەکوو باشـــترین و بەرزترین نموونەی کردار.

**د)** هیچکات نابێت کرداری بەدڕەوشـــتانە لە ڕوانگەیەکـــی لایەنگریکراوەوە چاوی لێ بکرێت و تەنانەت بە چاوی کردارێکی باش لێک بدرێنەوە.

## هێرشی ڕاگەیاندنەکان بۆ سەر ژیان

هیـــچ کات مـــرۆڤ بیـــری لـــەوە نەدەکـــردەوە ڕاگەیاندنـــەکان هەمـــوو ژیانـــی داگیـــر دەکات. هەواڵەکان وەها مرۆڤیان داگیر کردووە زانیاری و بڵاوکردنەوەی بێشەرمانەی سێکس و توندوتیژی لە تەلەفزیۆندا، ئێمە لە بەرانبەر کێشە و گرفتێکی ئاکاریدا دادەنێت و پێشتر ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد. بەتایبەت ئەو کێشـــانەی لەم ســـەروبەندەدا بەرچاو دەکەون، پرسیارێکە پەیوەندی بە کرداری پەروەردەی تەلەفزیۆنییەوە هەیە. لەم واتایەدا کەوا تەلەفزیـــۆن بە منداڵەکان و جگـــە لە منداڵەکان

بیروبۆچوونێکیان پێ دەدات، کە لەسەر شێوەی ژیان و کرداریان کاریگەری دادەنێت.

مامۆستایەک دەیەوێت لە فێرگەیەکدا ئەرکی وانەوتنەوە و پەروەردەکردنی بیست خوێندکار لە ئەستۆ بگرێت، لە زۆربەی وڵاتەکاندا مامۆستا دەبێت چوارساڵ پەروەردە کرابێت بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بە مامۆستا و شیاوی ئەوە بێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت، سەرەڕای تەواوی ئەو وانانەی پێش وەرگرتنی دیپلۆم خویندویەتی، بەبۆچوونی ئێمە پاش تیپەڕاندنی چوارساڵ و فێربوونی وانەی تئۆریک و کردەکی پێویست، مامۆستا بۆ جێبەجکردنی ئەرکە گرنگەکانی لەسەر وانەوتنەوە و پەروەردەکردن خاوەن ژیری و شارەزاییە. سەرەڕای ئەمانە، بە بۆچوونی ئێمە، مامۆستایەک کە لە ئەرک و بەرنامەی وانەوتنەوەی خۆی شارەزا بێت، دەتوانێت بۆ پۆلی سەرەتایی مامۆستایەکی باش بێت. لە بەرانبەردا بۆمان دەرکەوتووە، کەسێکە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دروست دەکات، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکێکی لەم شێوەیە، پێویست ناکات بڕوانامەی پەروەردەی گونجاوی هەبێت. لەم سەروبەندەدا، نموونەیەک دێنینەوە: بەڕیوەبەری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە بەرچاو بگرین کەوا تا ئێستا خوێندنەکەی تەواو نەکردووە، مرۆڤێکە بێشەرم و بێخەبەر لە هەر بەهایەکی ئاکاری و نابەرپرسیار: تەنیا ئامانجی ئەو گەیشتن بە پارە و ناودەرکردنەوە ئەمەش بووەتە پەتایەکی دەروونی.

سەرەڕای ئەم کردارانەی دراوەتە پاڵی، لە بەرچاوی بە میلیۆن بینەری تەلەفزیۆنیدا دەردەکەوێت. ئەم کەسە دەتوانێت بە هۆی ڕواڵەتی جوان و دڵڕفێن و سەر و سیمای جوان و هەروەها قسەزانی، سەرنجی خەڵکی لە هەر تەمەنێک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و ئامانج و مەبەستی ناشیرین و ناحەزیان بۆ دابڕێژێت. کۆمەڵگای ئێمە دەرفەت بەم کەسانە نادات پەروەردەکردنی بیست خوێندکاری پۆلی سەرەتایی پێ بسپێردرێت. [ئەگەر بارهێنانی خوێندکاران لە ئەستۆی مامۆستای پەروەردە نەکراو ڕەمەکی بێت، مرۆڤی سەقەت و دواکەوتوو دەخاتەوە، یان ئەگەر مامۆستاکە زانیاری کەم بێت و بەباشی بار نەهاتبێ وەکوو ئەوە وایە، نەتەوەیەک سەقەت بکات]. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەمەیە، ئەم جۆرە کەسانە ئیزنیان پێ دەدرێت لە پرۆگرامەکانی دوانیوەڕۆ بە کەیفی خۆیان و بەبێ سەرگری و بەرگری بە دڵی خۆیان قسە بکەن. مەبەستی ئێمە لە باسکردنی ئەم وتانە ئەوە نییە بڵێین، تەواوی ئەو کەسانەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی ساز دەکەن هیچ وانەیەکی ئاکاری و بەهای ئاکاریان فێر نەکراوە، بەڵام بەداخەوە و سەد مەخابن لە پشت زۆربەی پرۆگرامە تەلەفزیۆنییەکاندا، مرۆڤە خاوەندەسەڵاتەکان و گەندەڵ هەن، تەنیا بە شوێن کۆکردنەوەی پارەن و ئەمەش لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا، زیاتر لە هەر لایەنێکی تر ئەم شتە هەیە. [قوربەسەریەکی تری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان نەبوونی پرۆگرامە و هەروەها دووپاتکردنەوە و پێشاندانی هەزاران جار، پرۆگرامی مردوو و فەوتاوە. سانسۆری وتەی خەڵکی یەکێک لە گرفتەکانی تەلەفزیۆنەکانە]. تا ڕادەیەک هەموو کەسێک لە پچڕانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و بڵاوکردنەوەی ڕێکلام تووڕە دەبن، بڵاوکردنەوەی ڕێکلام لە نێوان ئەو بەرنامانەی کەوا خەڵک خۆشیان دەوێت و حەزی لێ دەکەن، نارەزایەتیی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام دەبێت بزانین کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان پێویستیان بە ڕێکلامە. کۆمپانیا گەورە بازرگانییەکان دەبێت لە سێ چرکەدا بەرهەمەکانیان بۆ لایەنگران و بینەرەکان بڵاو بکەنەوە و سەرنجی خەڵک بۆ کڕین و مەسرەفی ئەم کەرەسانە هان بدەن. چۆن دەتوانین ڕێگری بکەن لەوەی کە بینەرەکان پاش ڕێکلام یان کونترۆڵی تەلەفزیۆن بەرنامەکان نەکوژێننەوە؟ تێکەڵاوکردنی ئەم ڕیکلامانە بە سێکسەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بینەر بە ڕەزامەندی و ویستی خۆیان پێداگری لەسەر کڕینی ئەو کەرەسته و شتومەکانە بکەن، کە ڕێکلامی بۆ دەکرێت. کەواتە کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان بۆ فرۆشتنی کەرەستەکانیان پێویست ناکات ئیشێکی

داهینانەی تایبەت بکەن. بەکارهێنانی کەرەستەی سـێکس ئەوان بۆ ئەم کارە یارمەتی دەدات. ئایا کەناڵــە تەلەفزیۆنییەکان مافــی ئەوەیان هەیە بۆ بەدەســتهێنانی پارە لە هەر کەرەسەیەک کەڵک وەر بگــرن، بۆ ئەوەی ســەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە بینــەرەکان بۆ لای خۆیان ڕابکیشــن؟ ئایا لە پرۆگرامــەی ڕێکلامــە بازرگانییەکانی تەلەفزیۆن ڕێگــە بە هەموو کارێک دەدرێت و لەم بەشــەدا هیچ چەشنە بەرپرسیارییەکی ئاکاری بوونی نییە؟

## بۆچــی تەلەفزیــۆن ناتوانێــت پردێکی پەیوەندی بــۆ گواســتنەوەی کولتوور و مرۆڤایەتی دروست بکات؟

ژمارەی کەناڵــە تەلەفزیۆنییــەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پــەرە دەســێنن. ئایا تەلەفزیــۆن دەتوانێت کەرەســتەیەکی بەهێــز لە ڕاســتای مەبەســتە کولتــووری و پەروەردەییەکانــدا بێت؟ لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانــدا کەرەســتە و پێداویســتی لەڕادەبەدەر بۆ گەشەســەندنی هونەر و زانســت هەیــە. تەلەفزیۆن بۆ پەرەپێدانــی و دابینکردنی خولقیاتــی بــاش و هاندانی خەڵــک دەتوانێت کاریگەری هەبێت. دەتوانێت کاریگەریی لەســەر یەکگرتنــەوە و گرێدانی خەڵک لە تەواوی دونیادا بێت و هەستی ڕێزگرتن لە سروشت و ناتوندوتیژی لــە نێوان گەلانــی دونیادا زینــدوو بکاتەوە و لە بەرانبــەر بەهــا و کولتوورەکانــی دیکە، خولق و خــووی لێبوردەیــی و پێکەوەهەڵکردن پەرە پێ بدات، گەرچی بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەســتانە پێویســت نــاکات، تەلەفزیــۆن لە تــەواوی ئەو لایەنانەی کەوا دەبێتە هۆی هاندان و ڕاکێشــانی خەڵکی بۆ لای خۆی پاشگەز بێتەوە. مەبەست لە لایەنی ســەرقاڵکردن لە تەلەفزیۆن و دابینکردنی بەرنامەی شادیهێنەر و کردنەوەی کەشێکی پڕ لە سۆز و هەست، بەڵام بۆچی تەلەفزیۆن ئەمڕۆکە تا ئەم ڕادەیە لەم ئەرکە مرۆییانە دوور کەوتووەتەوە؟ جێبەجێکردنی مەبەســتی لەم جۆرە نەگونجاوە، چونکە مرۆڤی کارامە و چالاک بوونی نییە بۆ پتر لە ۱۰۰ شــەپۆلی ڕادیــۆ و تەلەفزیۆنی لە ماوەی ۳۶۵ ڕۆژ لە ســاڵدا، و بــۆ ۲۰ کاتژمێژ لە ڕۆژدا بەرنامەی گونجاو بەرهەم بێنێت و بۆیە ئێســتا بە شێوەیەکی ئاسایی پتر لە بیست کاتژمێر بەرنامەی ناحەز و نالەبار و تێکەڵاو بە سێکس و توندوتیژی نیشان دەدات، تاکوو بتوانن بینەرەکانی خۆیان بۆ دیتنی بەرنامەکانیان لە کۆتوبەند بخەن، ئەمە لە حاڵێکدایە تەنیا یەک یان دوو کاتژمێر لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان باشن و بەکەڵکن.

## نواندنەوەی وێنەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ســەیری تەواوی وێنەکانی فەیسبووک، ڤاتساپ، تێلێگــرام و .... بکەیــت، دەردەکەوێــت نەبوونی ئــازادی وەهای کردووە زۆربــەی ژنان و کچانی نەوێــرن وێنەی خۆیــان دابنێیــن. هۆکارەکەی نەخۆشیی دەروونیی تاکی کوردە. پیاو زۆر بەئاسان ڕۆژێک بە چەندین شێوە وێنەی خۆی دەگۆڕێت و ترســی نییە، بەڵام کچێک یــان ژنێک وێنەی خۆی دابنێت، کەمتیار و نەخۆشــەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بێکەڵکترین مرۆڤن دەســت دەکەن بە ئازاردانی ژنان. کەم کەس هەیە خۆی لەم دۆخە دەرباز بکات. بەردەوامیی لە وێنەدانان بە ستایلی جۆراوجۆر لەو کێشانەیە دەکەوینە بیری دەروونشیکاری بەناوبانگی فەرانسەیی ژاک لاکان. لاکان لە دەروونشــیکاری و لــە قۆناغی ئاوێنەدا دەڵێــت، منداڵ خۆی لە ئاوێنــەدا دەبینێتەوە و نازانــی وێنەکەی لە خۆی جیایــە بۆیە بەردەوام دەســتی بۆ دەبات یان پێدەکەنێــت و بە لایەوە سەیروســەمەرەیە. هێشتا زمانی چەمکی گەشەی نەکردووە بۆیە هەســت بەوە نــاکات لە ئاوێنەکە جیایە و خۆی لێ جیا ناکاتەوە، ڕێک هاوشــێوەی وێنەگرتنی بــەردەوام و گۆڕینی بەردەوامی وێنە و ســتایلی جۆراوجۆر لە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مرڤ دەخاتە بیری مرۆڤە نیوە وەحشییەکانی نێو دارســتانەکانی ئامازۆن، وەکوو ئەوەی کە هێشتا ئــەم کۆمەڵگا لە وێنە و تەســویردا ماوەتەوە و بە ئاستی تێگەیشتن و واتاداری نەگەیشتووە. تەنانەت بە زمانی چەمک و تێگەیشــتن نەگەیشتووە بۆیە یــان زۆری دەلۆرێنێتەوە یان شــێعر دەڵێت: بۆ

ڕووداوەکان و کارەساتەکان بە زمانی وێنە و شێعر کە هەستێکی سادە و سەرەتاییە لە خۆی پیشان دەدا. دیارە کۆمەڵگەی کورد هێشتا مێشکی لە ئاستێکی سەرەتاییدایە و شاگەشە دەبێت بەوەی کە بەردەوام وەکوو قۆناغی ئاوێنەیی لاکان هەست بە بوونی سەرەتایی خۆی بکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ژنان بە هۆی ئەوەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو ژیانی ڕاستەقینەیان بێبەری لە ئازادین دیسانەوە ناچارن خۆیان لە پشت دەمامکەوە وێنەی کەسانی دیکە خۆیان بشارنەوە. تەنانەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ئازادییان نییە. چونکە مێشکی دواکەوتووی پیاوی کورد ژنی وەکوو تاکێکی سەربەخۆ کەوا خاوەنی کەسایەتیی خۆیەتی، سڕیوەتەوە.

## میدیای کوردی و نواندنەوەی دۆخی سروشتی خۆی

هەر میدیایەک پێویستی بە کەسانی زۆر شارەزا هەیە و میدیا بۆ خۆی دەوڵەتێکە، بەڵام کێشەی بنەڕەتی ئەوەیە میدیای کوردی بەرنامە و پلانی نەتەوەیی لە ئاستێکی نزمدایە. چونکە هەر میدیایەک پێش ئەوەی نوێنەری نەتەوەیەک بێت، نوێنەری خواست و ویستی دامەزرێنەرەکانیەتی. کەسێک، سەرۆکێک، حیزبێک ئەم لایەنانە لە نێو کولتووری کورد، پلان دادەنێن چی بڵاو بکرێتەوە و چی قاغەیە. بە کەمیی میدیای کوردی دەتوانێت هاوشێوەی میدیا بەناوبانگەکان پلانی بۆ کۆمەڵگای سەرلێشێواویی کورد هەبێت. کێشەی زمان، کێشەی سیاسی، کێشەی هزری. هەمووی ئەمانە لە میدیای کوردی نامۆیە. زۆر جار دەبینی ئاستی میدیاکان هێندە نزمە تەنانەت پێشکەشکارەکەی وەکوو داهۆڵێک ناتوانێت پرسیارێکی سەرەتایی بکات. میدیای کوردی کۆپییەکی سەقەتی وڵاتە داگیرکەرەکانیەتی. زۆر جار میدیای کوردی دژی بەرژەوەندی نەتەوەییی خۆی دەجووڵێتەوە. بەبێ پلان و بەرنامە لە دۆخێکی سروشتیدا قەتیس ماوەتەوە. زۆرجار گێرەوشێوێنی و بێسەروبەرەیی لە نێو میدیای کوردی هێندە لە سەرەوەیە هەست دەکەیت، ئەم کێشانە لە وڵاتێکی زەبەلاحی وەکوو چین و ئامریکا ڕوو دەدا!. ئەم هەمووە میدیایە تا بە ئێستاکە نەیانتوانیوە گرفتێک لە دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، هزری نەتەوەیەک کەم بکاتەوە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کێشەی کورد زیاتر لەگەڵ خۆیەتی ئەویش وەکوو نەتەوەیەکی خۆخۆر هێشتا بە ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی نەگەیشتووە.

## کۆتایی

کۆتایی باسەکە ئاماژە بە چەند خاڵێک گرنگە. میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێکی گەورەیە بۆ کورد بۆ ئەوەی بتوانێت بەباشی کێشە و گرفتەکانی خۆی شارەزایانە شی بکاتەوە و ئەمەش بۆ ئەوەیە ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی خۆی بباتە سەر. جاری وا هەیە فیلمێک لەسەر نەتەوەیەک بڕشتی لە زۆر لایەنی دیکە زیاترە. سەیر ئەوەیە میدیای کوردی نەیتوانی لەم بوارەدا شێلگیرانە کاری بۆ بکات. بۆیە میدیا وەکوو دەوڵەتێکی گەورە بینەری هەیە و بە هەزاران کەس چاوی لێ دەکات و هەردەم ئامادەیە. کورد بۆ ئەوەی لە فەوتان ڕزگاری بێت پێویستیی بە میدیای سەربەخۆ هەیە تا خزمەت بە بواری نەتەوەسازی خۆی بکات. کەسانی شارەزا و دڵسۆز لەو بوارەدا گرنگە، کەسانێکە نەتەوەی خۆیان باش بناسن و بەرنامەیان خزمەت بە لایەنی نەتەوەیی بکات. باشتر وایە میدیای کوردی ئاوڕ لە لایەن جیدییەکانی نەتەوەی کورد بداتەوە. زمان، لایەنی نەتەوەیی، سیاسەت مێژوو و هزر .... دیارە میدیای کورد لەم بوارانەدا کەمتەرخەمە. زۆر بە کەمی بەرنامەی جیدیی لەو بوارانەدا هەیە.

## سەرچاوەکان


١.ژاک لاکان، نووسەر، یەدوڵڵا مەولەلی، ١٣٨٥، دەزگای نەی
٢.نۆرۆنسترینگ . کارل، ئەخلاقی ڕاگەیاندن، ١٣٧٤، دەزگای عیلمی فەرهەنگی
٣.محەممەدی، مەجید، ئەخلاقی ڕاگەیاندن، ١٣٧٩، دەزگای نەخش و نیگار
٤.فەلسەفەی ئەخلاق، خۆزێ گالیندۆ، ١٣٨٤، دەزگای حیکمەت
٥. ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرد، ،١٣٩٥بەشی خلاق و تەکنۆلۆجی زانیاری،

# بەرگریی لە هونەر

**حسێن شەبەق**

هونەر ڕاچڵەکاندنی خەڵکە لە خەوەبەردینە. هونەر یاخیبوونە لە ستەم. هونەر خەباتکردنە لە پێنێوی ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤدا. هونەر ڕەخساندنی دۆخی شادی و خۆشحاڵییە بۆ خەڵک بۆ گەنجان، بۆ منالان. هونەر بەرگریکردنە لە ژن و مافە لێزەوتکراوەکانی کە هەر ئێمە خۆمان کردوومانەتە یەخسیری ئەبەدی سەدەکان. هونەر لێدان لە شەرارەتی جەهل و بەرگرییە لە زانست و جوانی و شادی و فراوانی و پێشکەوتن. هەر بەرهەمێک ئەگەر بۆن و بەرامەی ئەوانەی پێوە نەبێ، هونەر نییە.

لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرم بە کۆپلەیەک لە قسەکانی شاعیر و نووسەری ئازیز، فەریدوون ئەرشەدی دەست پێ دەکەم:

*«لەسەردەمانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا و بەڕێوەبردنی ئیدارەی شار و گوندەکانی لە لایەن خەڵک و حیزبە سیاسییەکانەوە، هەر وەها لە پاش هێرشی هەمەلایەنەی دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران بۆ کوردستان و بەرخۆدانی پێشمەرگە قارەمانەکانی گەل و نیشتمان، سەرهەڵدانێکی چاوەڕەواننەکراو لە ئەدەب و هونەری بەرگریی لە ڕۆژهەڵاتدا دێتە ئاراوە کە سەرەڕای هەموو بێ ئیمکانی و کەمئەزموونییەکان، پڕبایەخترین و دەرەوشاوەترین بەرهەمی ئەدەبیی و هۆنەری لێ کەوتووەتە...»*

پرسیار ئەوەیە بۆچی؟ بۆچی ڕێک لەم دەورەیەدا، ئەم رینسانسە ئەدەبییە لە ڕۆژهەڵات ڕوو دەدا؟

من لام وایە وەک چۆن گوڵ بە ئاو و خاک و هەتاو دەپشکوێ، هونەریش ئاوا بە ئەرز و ئاو و هەوای تایبەت بە خۆی دەپشکوێ. ئەشقی خەڵک بە ئازادی لە کاتی خەفەقاندا، خەبات لە پێنێو پاراستنی ئازادی لە سەردەمی دیکتاتۆرییەکاندا و گیانفیدایی شۆڕشگێرانی پێشرەو بۆ پەرەدان بە ئازادی لە ڕۆژگارە ڕەشەکاندا ، ئەو ئاو و خاک و هەتاوە تایبەتەن کە تووی هونەری بەرگری دەگرنە خۆ و بە نهێنی هێز و وزەی پێ دەبەخشن و لە هەڵکەوتی خۆیدا دەیکەن بە گوڵ.

ئاوا نییە کە تەنیا لە سەردەمەکانی شۆڕشدا هونەری بەرگری بوونی هەبێ. نا، تووی هونەر و بەتایبەت هونەری بەرگری، لە کاتی خەفەقان و لە زستانی سیاسی و دیکتاتوریدا دەنێژرێ. هونەری بەرگری ڕێک وەکوو هێز و هزری خەبات لە تەنگانەکانی خەڵکدا، لە ئەستووری زۆرداریدا، لە جەنگەی غەدر و ستەمکارییدا، لە کاتی ڕەشەکوژی نێو کۆمەڵگا و ئێعدام و لەسێدارەدانی لاواندا، لە قووڵایی ئێش و ئازار و ئەشکەنجەی زیندانیاندا، لە کاتی هەستکردنی مرۆڤ بە سووکایەتی و لە زەلکاوی ڕیاکاری و گەندەڵیدا و ڕێک لەو دیوی ڕووناکایی ئازادی و کتومت لە نێو دڵی تاریکیی دنیادا گەرا دادەنێ و هەوێنی بوونی لە منداڵدانی کۆمەڵگادا دەمەیێت. هونەری بەرگری ڕەگ و ڕیشەی لە خاکی ڕەشی چەوسانەوە و لە مەینەتی کارەساتی کۆیلەتی و لە برینی کارەساتی داگیرکاریدا دادەکوتێ. دواتر هەر قومە بارانێکی هزری ئازادی، هەر نەرمە هەوایەک کە بۆنی هیوا و شادی پێوە بێ، پەنجەی ڕەگەکانی لە نێو خاکی ڕەشدا بڵاو و درێژ و بەهێز دەکا و هەر ترووسکاییەکی ئومێد، بەهاری عومری نزیک و نزیکتر دەکاتەوە. ڕاستە ئەو کاتە دەپشکوێ کە دەورە دەگۆڕێ، کە شۆڕش بەرپا دەبێ. بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ لە دۆخی ڕزگاریدا، هەست بە ئازادییەکی بێسنوور دەکا و دەتوانێت باڵەکانی تەواو بکاتەوە و پڕ بە گەرووی خنکاوی خۆی دەنگ هەڵێنێ و بێپەنا و پەردە و بێسایە و سانسۆر قسەی دڵی خۆی بکات.

با هەر لە سەرەتاوە ڕووڕاست بین. من شتێک لەودیو سنووری هونەری بەرگرییەوە، بە نێوی هونەر ناناسم. هونەر واتە بەرگریی لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی. هەر بەرهەمێک ئەگەر ڕەوایی بە خولیایەکی خەڵک نەدا و تەزوو بە لەشی هیواکانیدا نەهێنێ و دنەی نەدا بۆ بووژانەوە، هەر بەرهەمێک ئەگەر شادی نەخاتە نێو ماڵ و خێزانی دیل و هەژارانەوە و درووپەک لە جەستەی خەڵک دەرنەهێنێ و ئۆخناییەک نەخاتە نێو هەنێوی ئاشقانەوە، هەر بەرهەمێک ئەگەر باوەڕبەخۆبوونی

گەنجێــک بۆ یاخیبـــوون لە ســـتەم قایمتر نەکا و گوڵێک لە یەخـــەی خەزاڵێکی ڕەنگ زەردی وڵات نـــەدا، هەر چیرۆکێک ئەگەر لە کۆتاییدا بزەیەک نەخاتە سەر لێوی دایکێکی جەرگسووتاو، چۆن دەتوانێ نازنێوی پیرۆزی هونـــەری لێ بنێیت؟ هەر بەرهەمێک کە ڕێز لە ڕۆحی بەهاکانی مرۆڤایەتی نەگرێ، من بە هونەری نازانم.

هونـــەر ڕاچڵەکاندنـــی خەڵکـــە لـــە خەوەبەردینـــە. هونەر یاخیبوونە لە ســـتەم. هونـــەر خەباتکردنە لـــە پێنێوی ئـــازادی و بەختەوەریـــی مرۆڤـــدا. هونەر ڕەخســـاندنی دۆخی شـــادی و خۆشـــحاڵییە بۆ خەڵک بۆ گەنجان، بۆ منداڵان. هونەر بەرگریکردنە لە ژن و مافە لێزەوتکراوەکانی کە هەر ئێمە خۆمان کردوومانەتە یەخســـیری ئەبەدی سەدەکان. هونەر لێدان لە شەرارەتی جەهل و بەرگرییە لـــە زانســـت و جوانی و شـــادی و فراوانی و پێشـــکەوتن. هەر بەرهەمێـــک ئەگەر بۆن و بەرامەی ئەوانەی پێوە نەبێ، هونەر نییە.

ئـــەی ئەو کەســـەی لە نێـــو تاریکیدا بۆ دۆزینەوە ڕێگای خۆت دەســـتەکوتە دەکەی! ئاگادار بە ئەوەی وردە وردە چرای ڕۆشـــنیی ڕۆحـــت کز و کزتـــر دەکا و بەرچاوت لێڵ و تاریکتـــر دەکا و کـــەم کـــەم وەجاخی بیر و تێگەیشـــتنت کویر دەکاتەوە و سەرشـــۆڕ و خەفەتبـــارت دەکا و ســـەرەنجام بە چۆکت دادێنێ، ئەوە هونەر نییـــە. ژەهری تاریکییە، فێڵبازییەکـــە بە هەڵکـــەوت بەرگی بووکێنی لەبەر کردووە.

ئەوەی هەوڵ دەدا بتترسێنی و دەروونت پڕ بکا لە خۆف و ئەژنۆی هیوات بشـــکێنێ و لـــە مرۆڤێکی داهێنەر و پـــڕ بەهرەوە بتکا بە کۆیلەیەکی چاو لە دەست و دەستەمۆ، هونەر نییـــە، چەقۆیەکی ژەهراوییە بـــە هەڵکەوت قاتڵێـــک هەڵیگرتـــووە. قاتڵێک کـــە بەرگی قارەمانییان لەبەر کردووە.

ئەوە هونەری دەستەڵاتدارانی فاشیست و دیکتاتۆرە کە دەر و ژووری ژیان و گیانت پڕ بکەن لە خۆف و ترس و بێباوەری و داوەشان. ئـــەوان ئەو کارە بە مـــەلاکان و بە مەداحانی خۆیان دەکەن. بە چیرۆکی زۆر ترسـێنەری دوور لە واقع. بە گێڕانەوەی بەســـەرهاتەکانی جەهەننەم و مار و دووپشکی بەقەد وشتران. نەکرا بە ســـەرنیزە و ڕەشبگیری و زیندان و ئەشـــکەنجە و ئێعدام و سێدارە دەیکەن. هەر نەکـــرا ئینجا بـــە مەواد بڵاوکردنـــەوە لە نێو خەڵک و لاوەکاندا دەیکـــەن. هونەری ئەوان بڵاوکردنـــەوەی تریاکە جا چ ئـــەو تریاکەی کـــە ڕۆحتان دەکـــوژێ و چ ئەو تریاکەی کە جەستەتان لە نێو دەبات.

ئەی ئەو کەسەی لە نێو تاریکیدا بە دوای دۆزینەوەی حەقیقەت و ڕێگاچارەدا دەگەڕێی، ئاگاداربە! هونەر ئـــەو کرووزانەوە و پاڕانەوە و ئەو لاڵانەوە و نووشـــتانەوە و ئەو عەزا و شین و شـــەپۆڕ و باوکەڕۆیە نییە کە پاشـــماوەی ســـەدەکانی نێوەڕاست تۆویی پیسییان لە نێو زەلکاوەکانی کوردستاندا بڵاو کردووەتەوە.

ســـێ جوومگەی ســـەرەکیی هونەر، سێ کوچکـــەی بنەڕەتیـــی هونەر، ســـێ پایەی ئەســـڵیی هونەر، سێ وشـــەی هەمیشە ئازیز لای من، ژیـــان و شـــادی و ئازادییە. ڕەگی ئەم ســـێ بنەمایەی هونەر هەتـــا نەهایەتی بێسنووری هەبوون لە نێو دڵ و هزری مرۆڤدا ڕۆ چووەنە خـــوار و هونەرمەندان هەرگیز لە وەســـفی ئەم ســـێیە تەواو نابن. گەر ڕۆژێک دیتت هونەرمەندێک بۆنێکی لەم سێ بۆنانە، ڕەنگێکـــی لەم ســـێ ڕەنگانـــە، دەنگێکی لە ســـێ دەنگانە پێ نییە، هەتـــا زووە لێی دوور کەوە. هەتا زووە پشـــتی تێ بکە با دەرفەتت لێ نەهێنـــێ، با زەفەرت پێ نەبا و زیانت پێ نەگەیەنێت.

بۆ تـــۆی خوێنەری هونەردۆســـتیش زۆر گرینگە کە بۆ دۆزینەوەی هونەر، لە کۆســـپی ئیزم و میزمان تێ پەڕی. ئەم ئیزم و میزمانە ئێستا هەن، ڕێک وەک پەرژینی بێستان وان.

تۆ پێویستە لێیان تێ پەڕی و خۆت بگەیەنێ بەرهەمی بێستانەکە. زۆر گرینگە بۆ تۆی تازە نووسەریش کە پەرژین و پەردە تار و مارەکان لە دەوری بیر و هزر و خەون و خولیای خۆت لا بـدەی و لە کۆتاییدا هونەر وەک خۆی کە هەیە بەدی بکەی. بە ڕاستی و پاکی و زوڵالی و لە کانی و سەرچاوەی ڕەسەنی خۆیەوە کە هەمانا ژیان و ئـاوات و ئارەزووەکانی خەڵکە بگەیت.

هەر بەند و ڕستە و هەر وشە و شێعر و گۆرانییەک، جوانییەکی سەرنجڕاکێشی دەروونی هەبوو کە ژێیەکانی ویژدانی مرۆڤبوونی تۆی هەژاند و هانی دای بەرەو جووڵە و پێشکەوتن، هەر دەنگێک کە هەستت کرد لە دڵەوە هات و ڕاست نیشتە سەر دڵت، هەر هاوارێک بانگی کردی تا لە ستەم یاخی بی و قەت کوڵ نەدەی، هەر هێمایەک کە هانی دای تا لەخۆڕا شاد و دڵخۆش و سەرفەراز بی، هەر نیشانەیەک کە نەهی کردی تا ویژدانت نەفرۆشی و بەها ئینسانییەکانی خۆت لە دەست نەدەی، بزانە کە ئەوە ڕێک خودی هونەرە. هونەری بەرگرییە.

ئەم وێنە و تابلۆ و شانۆ و ئاواز و موسیقایەی دڵت خۆش دەکات و دەتخاتە پێکەنین و سەما، وە یان هێزت دەداتێ و هەستی جوانیپەرستیت دەباتە لووتکە، بزانە کە ئەوە هونەرە. هونەری ڕەسەن دایم دڵڕفێن و ڕۆحهەژێن و هێزبەخش و شادیهێنە.

ئەم وتانەی کە باوەڕبەخۆییت زیاد دەکا و هیوات بە داهاتوو دەبووژێنێتەوە، بزانە هونەرە. هونەرە، چوونکە لە تۆتۆی ڕەنگ و دەنگ و وشە و وتە بە نرخەکانیدا هەوڵ دەدا تا وشیارت بکاتەوە، هەڵ دەدات تا خەوت بزەڕێنێ و بەرگریی لە خۆت و داهاتوو و هیوا و ئارەزووەکانت بکات.

قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت
هیچ دەفتەر و هیچ کاغەزێ
نەیانزانی
ڕووی لە کوێ کرد
چونکە ویستیان دای بدەن و
خۆی بە خۆی بکوژێننەوە!
چونکە ویستیان وا بنووسێ
هەر بە تەنیا سوڵتانەکان
بیخوێننەوە!

شێرکۆ وا دەڵێت. ئەو کە بەم چەند وشە کەمەوە ڕەوایەت لە خەفەقان دەکات. شێرکۆ بەو چەند ڕستەیە تابلۆی دیکتاتورییت نیشان دەدا. ئەم شاعێرەی بەرەی بەرەنگاری و شۆڕش، هەوڵ دەدا تا تۆی هاووڵاتی، تۆی نووسەر و شاعێری تازە پێگەیشتوو لە مەترسییەک ئاگادار بکاتەوە. شێرکۆ هەرگیز بەر لە نووسین بیری لەوە نەکردووەتەوە کە چ بنووسێ و چۆنی بنووسێ و لەسەر چ ڕێباز و ئیزمێک بینووسێ. ئەو دەزانێ کە پۆستمودێرنیزم و پەسامودێرنیزم و سەدان ئیزمی دیکە، نازناوی کاتی و کەم بەهان و خاوەنی هیچ ڕەسەنایەتیک و هەڵگری هیچکام لە ڕەساڵەتەکانی هونەر نین. جەوێکن ساز دەبن و تەمێکن بەسەر سروشتی کۆمەڵگادا دەکشێن و بەرگێکن لەبەر دەکرێن و هەور و هەوایەکن کە دین و دەڕۆن.

هاورێم هونەر بۆ هونەر و هەروەها هەموو ئیزمەکان وەک هەوری سپی ئاسمانی هاوین نەزۆک و بێبارن. زۆر نابات کە لە بەرانبەر خۆری حەقیقەتدا بەرەبەرە کەم دەکەن و دەتوێنەوە. هونەر ئەوەیە کە لە هەناسەیەکدا، دڵ و مێشک و گەرووت پڕ بکا لە هەستێک، لە هەوایەک، لە شتێک کە تۆ خۆیشت نازانی چییە، بەڵام حەزی پێ دەکەی. هەستێک کە شادیت پێ دەبەخشێ و پرت دەکاتەوە. بریسکەیەک، هەوایەک کە بەرچاوت ڕوون دەکاتەوە. شتێک کە وا دەکات تا هەستێکی توانابەخش دەروونت دادەگرێ، هەبوونێک کە

بەڕاستی ئاسان نییە پێناسە بکەی. بەڵام ڕێک دوای هاتنی، دوای دیتنی، دوای گوێگرتنی، پاشی خوێندنەوەی، ئیتر تۆ هەست دەکەی کە ئەو کەسەی جاران نەماوی. گەورەتربووی. بیرڕوونتر بووی. بەهێزتر بووی. قایمتر بووی. وشیارتر بووی. پشوویەکت هاتوەتەوە بەر و نوێ بوویەوە.

بەڵام لە مێژووی هونەردا دوو ئیزم هەن کە باوەڕپێکراون، ڕاستەقینەن، ڕەگیان لە زەوی و سەریان لە ئاسمانە. ڕئالیسم و ڕۆمانتیسم. هەموومان دەزانین کە بوون و نەبوون، مەرگ و ژیان، شەو و ڕۆژ، خێر و شەڕ، تاریکی و ڕووناکی و جەهل و دانایی دوانەی یەک زگ و تەواوکەری یەکترن. بۆ وایە؟ من نازانم. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە لە جیهانی ئەدەبیاتیشدا، واقع و خەیاڵ، ڕئالیسم و ڕۆمانتیسم ئاوان. تەواوکەری یەکترن. هیچکامیان بەبێ ئەوی تریان نابن. هەر کامەیان بەبێ ئەوی تر سیس و ژاکاوە و وەک وێنەیەکی شێواو و ناڕوون دەنوێنێ.

هونەرمەند هەیە وەک «ژوڵ ورن» کە بەهرەکەی زیاتر لە توانایی خەیاڵە سەرکەش و بزۆزەکەیدایە و شاکاری وەک «سەفەر بۆ نێوەندی زەوی»، «بیست هەزار فەرسەخ لە ژێر دەریا»، «دەوری زەوی لە ٨٠ ڕۆژدا»، «سەفەر لە زەوییەوە بۆ مانگ»، «پێنج حەوتوو لە نێو باڵۆن»ی نووسیوە. نووسەرێک کە زۆر بە دەگمەن خاکی شار و وڵاتەکەی خۆی ـ فەرانسە ـ ی بەجێ هێشتووە. تەنیا خەیاڵی کردووە. ئارەزوو و خەیاڵەکانی خۆی نووسیوەتەوە، سەرنجڕاکێشی ئەوەیە کە لە سەردەمی ئەودا هێشتا نە فڕۆکە بوونی هەبوو، نە ژێردەریایی، نە قەتار، نە سەفینە و نە نەخشەی ورد و دەقیقی دنیا کە هەموو خەڵک و زمان و کولتوورەکان نیشان بدا. ژوڵ ورن هەموو ئەو دیاردانەی بە خەیاڵ نەخشاندووە. ئەو لە ڕاستیدا ئارەزووی گشتی و هاوبەشی هەموو مرۆڤەکانی لە ڕۆمانەکانیدا نەخشاند. ئەم خەیاڵە سەرکەشە، ژوڵ ورنی کردە یەکێک لە ١٠کەڵەنووسەری جیهانی سەردەم.

نووسەریشمان هەیە وەک چیخۆف زۆر واقعگەرایە. ڕئالیستە. یان وەک داستایوسکی کە کەسێکی زۆر گەڕیدە و دنیادیدە بووە و هەر شتێکی دیتووە نووسیوویەتەوە. بۆ نموونە «براکانی کارمازۆف». ئەم دوو نووسەرە هەردووکیان توانایی ئەوەیان هەبووە هەرچی کە دەیبینن کوتومت بیهێننە سەر کاغەزەوە. بە جۆرێک کە ژیانی نێو کۆمەڵگای سەردەمی خۆیان وەک تەماتەیەک قاش دەکەن و نێوەکەی بە جوانی نیشانی خەڵک دەدەن و پێیان دەڵێن: «ئەوەتا خەڵکینە! تەماشا کەن! ئەوە ئێوەن. ئێوە ئاوا دەژین».

ئەگەر دەتەوێ هونەرمەند و نووسەر و شێوەکار یان شاعیرێکی ڕەسەن بی، گوێ مەدە ئیزم و میزمەکان؛ بنووسە، لە خۆت، لە مافەکانت، لە خەونەکانت بەرگری بکە؛ لە ئارەزووت، لە خەیاڵت لە هیواکانت بەرگری بکە، چاوت لە دووی ئافەرینی کەس نەبێ و دەس لە کیسەی پیس و پڕ لە خوێن و چڵکاوی گەورەکانی دەوروبەرت مەکە.

شەو و ڕۆژ دێن و دەڕۆن، ئاشقان دێن و دەڕۆن، فەقیر و دەوڵەمەند دێن و دەڕۆن، حیزب و گرووپ دێن و دەڕۆن. دەوڵەتەکان دەڕۆن، کلیسا و مزگەوت دێن و دەڕۆن، کەم و زۆر چاک و خراپیش دێن و دەڕۆن، بەڵام واقع و خەیاڵ هەر دەمێنن. هەبوون و ئارەزووەکان هەر دەمێنن. هەرێمی ژیان و هومێدەکان هەر دەمێنن. بەرهەمی هونەری ڕەسەنیش بێگومان هەر لە هەوار و هەرێمی ئەم خەون و ژیانەوە، دیسانەوە لە دایک دەبن.

ڕاستە کە هەنووکە ستەمکاری و ڕیاکاری و گەندەڵکاری باوە. ڕاستە کە ئێستا باو باوی ڕێوییە و شێری بێشە هەنگاوی شل و خاوە. بەڵام ئەمە دۆخێکی کاتییە و

تێ دپەڕێ. لە ســەرووی هەورە ڕەشــەکانی شەمشەمەکوێرەکانی تاریکی و چۆڵپەرەستدا، ڕۆژی ڕوونــی حەقیقــەت و بیــر و خەونی ئازادیخوازی و ئەڵماســی مافخوازی و زێری سپی شــادی، هەردەم  لە درەوشانەوەدایە و دەبێ. پێویســتە کە تۆ لــەوە دڵنیا بیت کە خەونــی بەختەوەری و جوانیخــوازی مرۆڤ و داکۆکی لە مرۆڤایەتی، چەشــنی ڕووباری خورینــی بەهــارە کە بــە شــڵپ و هۆڕ و کەفچەڕێــن دێ و تێدەپەڕێ و قەت قەت لە شەپۆل و جووڵە ناکەوێ. ژیان و خەونەکانمان هەدا نادەن!

«لەنگستۆن هیۆز» شــاعێری ڕەشپێستی ئەمریکی دەڵێت: هیواکانت لە دەســت مەدە. چونکە ئەگەر هیواکانت لە دەست بدەی، دنیا وەک بیابانێکی ڕووت و بەرەهووتی لێ دێت.

کورد و جووڵانەوەی شۆڕشــگێری کورد پێویســتی بە هیوا و هیمەت و جەربزە بووە و هەیە بۆ ئەوەی گەلی کورد، لە کۆســت و تەنگانەکاندا بەسەر کێشە و شەڕ و گرفتەکانیدا سەر کەوێ. شێعر و سروودەکانی بەرەنگاری، شانبەشانی گوللــەی تێکۆشەر و خەباتکاران لــە بەرەی جەنگی کورددا، لە بەرەی خەڵکی بەشمەینەت و چەوساوەدا، ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە شەڕدا بوون و هەن و بەردەوام شکۆ و شاکاری نوێ دەخولقێنن.

شــێعر و هونــەری بەرەنــگاری ئاوێنەی بــاڵا نوێنــی ئاواتەکانی خەڵــک و خەبات و شۆڕشــن. هونەری بەرەنگاری بــە حەق لە هیــوا و ئومێدبەخشــینەوە بــە جووڵانەوە و دۆزی ڕەوای کورددا دەوری سەرەکی گێڕاوە. شــاعێرانی کورد لەم بــوارەدا بوونە لووتکەی بەرزی لەشــکاننەهاتوو. مێژوو شــاهیدە کە زۆربەیان لە ڕیزی ڕابەرانی پێشڕەوی خەباتی گەلی کورددا بوون و هەن.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەدەبی کورددا بخشێنین، بەتایبەت مێژووی ئەدەبی سەردەم، تاقە یەک شاعێری گەورەی کورد نابینی کە شێعری بەرەنگاری نەگوتبێت.

با لە گۆرانەوە دەست پێ بکەین ـ گۆران، گۆرانــی جوانیــناس، گۆرانی ڕچەشــکێنی شــێعری نوێی کوردی لە باشــووری وڵات ـ گۆران شــاعێری، شێعری «ئافرەت و جوانی»، «گوڵــی خوێنــاوی»، «بۆ جوانــی لادێ»، «لە درزی پەچەوە»، «جوانی بێناو»، «بۆ بولبول»، «گەشت لە هەورامان» و دەیان شاکاری تر  کە شــێعرەکانی کوتومت تابلۆیەکی شێوەکارین، تەنانەت ئەو شاعێرە یەکجار جوانیپەرەستەش نەیتوانیــوە خــۆ بــە دوور بگری لــە وتنی شــێعری بەرەنگاری. لە ڕاستیدا ئەوە شێعرە بەرەنگارییەکانیەتــی کە زیاتــر گۆرانیان لە نێو خەڵکدا ناســاندووە و خۆشناویان کردووە. شــێعرە بەرەنگارییەکانی بوونە شــاکارەکانی دیوانەکەی. بۆ نموونە لە شــێعری «بەستەی نەبەز»دا لە ساڵی ١٩٥٣دا دەڵێت:

مــن ئــەو دیلەم لــە زیندانــی تاریکا
هەتاوی بیــر، ڕووناک ئــەکا بەرچاوم؛
بــە نێو هــەزار حەڵقــەی داوی باریکا
قەفــی زنجیــر ئەپچڕێنێ هەنــگاوم!

■

من ئەو دیلەم لە پشــت شوورای پۆڵاوە
ئاسۆی هیوای گەشم هەرگیز ون ناکەم؛
لە ڕووی ئاسمان بە گڕی سوور نووسراوە
بەنــدە بەندەی ئایین نامــەی بڕواکەم!

■

من ئەو دیلەم ئامانجم قیبلەی گشــتە؛
با سامدار بێ و پڕ دڕک بێ ڕێی ڕاستم،
مــادام هێزی زۆربەی گەلم لە پشــتە:
دڕک گوڵە و ترس ئارامە بۆ خواســتم!

■

من ئەو دیلەم کــە سرنجی بێ باکم،
سڵ لە چــاوی پــڕ لە قینی زەق ناکا؛
دانەچیــڕەی گورگی هاری ســەر لاکم
زاتــی گیــانی نــەلــەرزیــوم لەق ناکا!

■

من ئەو دیلەم کە دیل کەری زۆردارم
دڵی لەبەر گوڕی ناڵەم ئەلەرزێ؛
تا شڕتر کا کەڵبەی لەشی زامارم،
خۆی خراپتر لەنێو خوێنا ئەگەوزێ!

■

من سەربازی ئامانجێکم: پیرۆزە،
فیداکاری ڕێگایەکم: بێگەردە،
ڕەنجێک ئەدەم ڕەنجی پیاوی دڵسۆزە،
لە ڕێیەکا بێ باک ئەمرم: ڕێی مەردە!

ئەمە تەنیا یەک نموونەیە. گۆران دەیان شێعری بەرەنگاری هەیە وەک: «زیندانی ئەژدهاک»، «تاسەی دیدار»، «نەورۆز»، «بەری بەیانە»، «دەمی ڕاپەرینە» و «ساوای ئاشتیخواز» و هتد.

فایق بێکەس کە شاعێری ناسراوی کوردە، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، گەرای هەست و بیری داکۆکی لە کورد و کوردستان و خەڵکەکەی خۆیەتی. کەس ناتوانێ بڵێ کە فایق بێکەس شاعێری بەرەی بەرەنگاری و شۆڕش نەبووە. هەمووان دەبینین کە بێکەسی باوک لە سەردەمی خۆیدا و دوای خانی و حاجی قادری کۆیی یەکێک لە پێشڕەوانی هونەری بەرگری بوو. هۆنراوەی «بیست و حەوت ساڵە»کەی کە تێیدا داگیرکەرانی کوردستان سووک و ڕیسوا دەکات، کراوە بە سروودی نەتەوەیی و هەتا ئێستاش وێردی زمانی چووکە و گەورەی کوردستانە.

هێمن شاعێری ڕقی پیرۆز،
دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم
لێم دەدا، ئەمما لە سەر داوا ڕەواکەم سوورترم
دەمکوژێ، ئەمما بە گژ جەللادەکەمدا دێمەوە
کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە

یەک لە گەورەترین شاعێرانی کورد دوای شەڕی دووهەمی جیهانی. هێمنی ڕاستگۆ و ڕەوانبێژ و هەست ناسکە، کە دەیان شێعری بەرەنگاری هەیە و زۆربەیان کراونەتە سروود و گۆرانی وەک: «ئەمن کوردم»، «تۆم هەر لە بیرە»، «ڕۆژگاری ڕەش»، «بەغدا نیوەی ڕێت بێ»، «تەپڵی ئەمان»، «پەری شێعر»، «مەتەرێژی شەرەف»، «ترۆپکی ڕزگاری»، «شەو و شەیتان»، «سنوور»، «ئارەق و تین»، «کاروانی خەبات»، «بناری هەڵگورد»، «ڕقی پیرۆز»، «بەهاری ئاڵ»، «فرمێسکی ڕنوو»، «زیندەبەچاڵ»، «دەستڕێژی لاوان»، «ڕەوەز ورد نابێ»، «بەهار هەر دێ» و زۆری دیکەش.

کتێبی «بۆ کوردستان»ی هەژار هەڵ دیوەوە، لە کەم جێگا تووشی شێعر و هۆنراوەیەک دەبی کە بۆنی بەرەنگاری پێوە نەبێ. هەژار هێندە لە شێعری بەرەنگاری و فیکری بەرەنگاریدا قاڵ بووەتەوە کە بەڕاستی دیدی خۆی بچووک کردووەتەوە و بە جارێک خۆی هەژار کردووە و ئەو کاتانەی کە ئاگرە تووندەکەی دەروونی هەڵی گرتووە ڕکێفی لە دەست دەرچووە و تەنانەت پەلاماری خەڵک و نەتەوەی تریشی داوە.

قانع شاعێری چەوساوەکان، شاعێری ڕاساو لە بێعەداڵەتی و زوڵم و جەوری دەرەبەگ و شێخ و مەلا و دەوڵەتەکان، هەرگیز قەناعەتی تەنیا بە جوانی و جوانیناسی و هونەر بۆ هونەر نەبووە. قانعی حەبێز کەم شێعری هەیە کە لە ڕەنجێک و ئازارێکی قووڵی دەروونی خۆی و ژیانیەوە سەرچاوەی نەگرتبێ:

ئاخرین ماڵی ژیانم گونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دیوانەیە
زۆر دەمێکە چاوەڕانی زرزڕەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرە کەن! وەک زیوەری شاهانەیە

■

گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادییە
تۆپ و شەستیر و کەلەپچە، لام وەکوو ئەفسانەیە
چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە، کردەوەی شێرانەیە

ســـوارەی تیــژ و وردبیـــن و خۆشـــبێژ و جوانەمەرگمـــان کـــە ڕچـــەی ســـەر ڕێگای شـــێعری نوێی کوردیی لە ڕۆژهەڵات شکاند، هەر تەنها بە کارتی «خەوە بەردینە» دەتوانی بچێتە ڕیزی شـــاعیرانی بەرەی بەرەنگاری و شۆڕشـــەوە. ئەوە بێجگە لەوەی کە شـــێعری دیاری وەک «شـــار»، «کچـــی بەیان»، «خێڵی درۆ» و «بر خوان خورشید»یشی هەیە.

بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئیبراهیم ئەحمەد، کـــە وەک باوکی ناسیونالیســـمی کورد دێتە ئەژمار، بە گشـــتی دەچنە بـــەرەی هونەر و شـــێعری بەرەنگارییەوە. ئەگـــەر هەر بە تەنیا باسی شێعری «شـــیرین بەهارە»کەی بکەین، دەبینین کە چۆن لـــە کاتی خۆیدا ژیلەمۆی کوردایەتـــی گەشـــاندووەتەوە و ئاگرێکـــی سەرتاســـەریی بەرەنـــگاری لـــە بەرامبـــەر داگیرکەرانی کوردستان هەڵێساندووە.

پەشێو، پەشـــێوی ئاشقی حەق و ئاشقی جوانی، هێشتا گەنجێکی کەمتەمەنە کە ژیان لە ژێر دەســـەڵاتی دیکتاتۆر ڕەت دەکاتەوە و ڕێگای شاخ و هەندەران دەگرێتە بەر.

دەریان کردم،
چونکە شێعرم
مناڵێکی چەتوون ئاسا،
پلووکەبەردی هاوێشتە
ماڵی شووشەبەندی گەوران!

دەریان کردم
چونکە شێعرم هێلی بەزاند،
لە ڕووی گەنجینەی دزراو
گلۆپێکی
دە هەزار ڤۆڵتی داگیرساند!

زۆرینەی کار و بەرهەم و شـــێعرەکانی قانع، هێمن، هێدی، هەژار، پیرەمێرد، دڵدار، ڕەفیق سابیر، پەشـــێو، شێرکۆ بێکەس، جگەرخوێن، لەتیـــف هەڵمـــەت، جلال مەلەکشـــا، هادی زیائەدینی، شـــۆڕش ئاهی، شـــەریف، ئاســـۆ، چـــاوە، کەماڵ مێراودلی، قوبـــادی جەلیزادە، ســـارا فەقێ خدر، حەمە ســـەعید حەسەن، ڕێبوار، ئەحمەد بازگر، ن. حیســـامی، فەرهاد سەنگاوی، ڕەحمان بێساران، ڕەحیم لوقمانی، فەریدون ئەرشەدی، بـێـبـەش، کاکە، و زۆر کەڵە شـــاعێر و نووسەری دیکەشمان دەچنە قاڵبی شێعر و بەرهەمی بەرگرییەوە.

ئەگـــەر مانـــای بەرەنـــگاری بـــە قووڵی وەرگریـــن و بزانین کە داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ بە گشـــتی و دیفاع لـــە مافی چین و توێژ و کەمایەتییـــە نەتەوەییەکان بەتایبەتی، هەر هەمووی دەچێتە خانەی بەرەنگارییەوە، ئەوسا هیچ نووسەر و شاعێر و هونەرمەندێکی ڕەســـەنی کورد نابینیەوە کـــە بەرهەمەکانی مۆری بەرەنگارییان لێ نەدرابێ.

کـــورد وەک نەتەوە، ئەوە ٥٠٠ ســـاڵە لە دۆخی بەرەنگاری لە خۆیدایە. بـــــــــۆ؟! چونکە چەندیـــن نەتەوەی خۆبەزلزان و دڕ و مرۆڤکوژی دیکەی دەوروبەری، ئاشتیخوازییان کـــردە خاڵـــی لاوازی و پەلامـــاری خۆی و خاک و کلتوورەکەی دەدەن. ســـەیر نییە کە هونەرەکـــەی ڕەنگدانـــەوەی بەرگریکردن لە خۆی و خاک و کلتوورەکەی نەبێ؟

تـــۆ بـــــڕۆ ملوانکەی شینی شەریف حوسێنپەناهی هەڵ دەوە، تاقە یەک شێعریم نیشان بدە کە شێعری بەرەنگاری نەبێ. دیل، فرمێســـک بۆ فەلەســـتین، قوتابخانە، نامە بۆ کۆڕی شـــاعێران، کۆچ، ڕووبار، ژار، دایە گیان بگری، هەڵاڵە، لانەی بایەقوش و هتد.

تێ دەگەم کە تۆیی نووســـەر، شـــاعێر یـــان هونەرمەنـــدی ئەمڕۆ کـــە هەنووکە لە یەکێک لە شـــارەکانی کوردســـتان دەژی، هەڵبەتـــە دەبێ هونەرەکـــەت ڕەنگدانەوەی ســـەردەمی خۆت و خەون و خەیاڵی خۆت و خەڵکەکەت بێـــت. دەبێ بەم ژان و حەزە نوێیانـــەوە ژانت بـێـتـــێ و بژی و بـێـــیـە دەنـــگ کـــە هەنووکە خەڵکەکـــەت پێوەی

دەشەکێن و دەشکێنەوە. ڕاستە کۆمەڵگای کوردستان ئێستا پوولاریزە بووە و دۆخەکان ئێستا زۆر لە سەردەم و زەمانی ئێمەمانان ئاڵۆزترە و دەرد و ژانە کۆمەڵایەتییەکان بەژانتر و چەقۆ لە سەر زامی دڵی خەڵک قووڵتر چووەتە خوار. بەڵام ئایا بەراستی هەر ئەم دۆخە نالەبارە نییە کە خۆی لە خۆیدا بووەتە هۆکاری سەرەکیی کاردانەوەی هەموو ڕۆژەی خەڵک و خەبات و بەرخۆدان و خولق و خوو و کردەوەی بەرگری و خەون و خولیای ڕزگاری؟ ئەی باشە ئەگەر وایە، ئەو هونەرەی کە ڕاست لەم دۆخە دەدوێ، ڕاستییە تاڵ و حاشاهەڵنەگرەکان دەردەخات، باس لە ئارەزووەکان دەکا و بیر و خەونی گۆڕینی ئەو دۆخە دێنێتە ئاراوە، هونەرێکی ڕەسەن نییە؟ من پێم وایە هەر ڕاست ئەمەیە کە بووەتە سەرچاوەی هونەری ڕەسەن. هونەری ڕەسەن دوان لە واقع و خەون و ئارەزووەکانی ئێمەیە. هونەری ڕەسەن، ڕەسەنایەتییەکەی لە بەرگری لە خەڵک و ئارەزووکانی خەڵک و تێکۆشان بۆ گۆڕینی «دۆخی ئارایی» وەردەگرێ. هونەری ڕەسەن، هونەری بەرگرییە. گەرای شاکارە گەورەکان لێرەوە دەبەسترێت و حەماسە و تراژیدیاییەکان لێرەدا لە دایک دەبن و ڕۆمانە هەرە گەورەکان لێرەوە دەست پێ دەکەن.

مێژووی کولتوور و ئەدەبی کوردی، خۆیشی خەزێنەیەکی پربایەخی هونەری بەرەنگارییە. ئەگەر بەم دیدەوە بێن چاوێک بە شێعر و گۆرانی و بەیت و باوەکانی کۆنی کوردیدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر دەمێکە لە وڵاتی پان و بەرینی کوردستاندا هونەر و شێعری بەرگری خەریکی خەبات و تێکۆشانە بۆ خزمەت بە خەڵک و بۆ وشیارکردنەوەی تاکی کورد:

بێگانە نەڵێن کە کورد نەزانن
بێ نووسەر و هۆنەر و زمانن
پێمان نەڵێ وێژەوانی بیر ورد
دڵداری نەبوو لە نێو کورد
کوا ئێوە نە دڵتەڕن نە دڵبەر
لەم ڕێگە نە ڕێرەون نە ڕێبەر

■

کورد نە هێندە گێل و گێژ و کاسن
داخم ئەوە بێکەسن، کەساسن
ژیر و بەدڵن گەلێک دەزانن
بێخێوییە بێسەر و زمانن

ئەمە چەند کۆپلەیەک لە پێشەکی مەم و زینی ئەحمەدی خانییە کە نزیک بە ۴۰۰ ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوە. هەژار گەڕاندوویەتە سەر شێوەزاری سۆرانی.

شێعری زۆربەی لایەلایەی دایکانی کورد بۆ کۆرپە ساواکانیان دەچێتە خانەی هونەری بەرگرییەوە.

بێگومان زۆربەتان گوێتان لە لایەلایەکەی ماملێ بووە کە چەندە بەسۆز و دڵهەژێنە. شێعرەکەی وابزانم هی مامۆستا هەژارە و لە ڕاستیدا لە فولکلۆر وەرگیراوە. بڕۆ جارێکی دیکەش گوێی لێ بگرەوە بزانە ئایا ئەمە ناچێتە خانەی هونەری بەرگرییەوە؟

لەم ڕۆژگارە ڕەشەی نێزەبەدەستانی ڕەشپۆشی چەقۆوەشێنی فاشیزمدا، لە دەورەی مرۆڤسووتێنەکاندا، سەیر نییە ئەگەر کەسی دەربەدەر و شێعر و شاعێری دەربەدەر، زۆریش دیار نەبن. ئەمە بەڵام زۆر گرینگ نییە. دەربەدەری و دووریی فیزیکی ئێمە لە خەڵک، تا ڕادەیەک وێنەی ڕوخساری ئێمەی لە زەینی کۆمەڵگادا کاڵ کردووەتەوە. خەڵک بەتایبەت گەنجی وا هەیە کە نامانناسێ و بۆژۆیی بە بوونمانەوە دەکات. ڕوخساری ئێمە چەشنی زەردەی خۆری پاییز، تیشکەکەی بەرەو ئاوابوونە. من خۆمان دەڵێم، نەک هونەر.

بەڵام لە هونەردا بەگشتی ڕەمز و ڕازێک، حەز و خوازێک، خەون و خولیایەک، هەست و هەوایەک و دوڕ و گەوهەرێک هەیە، کە

نەگۆڕ و گشتییە. ئەبەدییە. ئەوە هیچ پەیوەندی بە دیاربوون و دیارنەبوونی فیزیکی ئێمەوە نییە. ئێمە ببین و نەبین هەر وایە. هەر ڕێک لەبەر ئەوەشە کە شێعر و نووسین و تابلۆکانی ئێمەمانانیش هەمیشە خوێنەر و بینەری خۆی هەیە و دەیبێت و قەت لە برەو ناکەوێ و هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

لە دڵی خوێنم من دەخوێنم
پڕ بە دنیا دەنگ هەڵدێنم
جەهەننەمی ئەم دنیایە
هەرگیز جەستەم پێی ڕانایە

■

ئەی لاوەکان ئەی منالآن
خەرمانی خەم بەن بە تالآن
گۆرانی نوێ بڵێنەوە
گوڵی هیوا بڕێننەوە،

■

نەرگسەکان چاو هەڵێنن
دەشتی سووتاو بخەملێنن
مەلی شەیدا دەنگ هەڵێنە
بە سەد نەغمە بچریکێنە

■

با بەهار و شەیدایی بێ
پەژارە و خەم کۆتایی بێ
ژیان ئەمڕۆ زیندانییە
دنیای ئێمە بەیانییە

ئەمە قسەی دڵی منە. شێعری منە. ئێمە شاعێرانی بەرەی بەرەنگاری خوازیاری ئاڵوگۆڕی جیدی لەم بارودۆخەی ئێستاین. بە هونەرەکەمان بۆ پێکهێنانی ئەم ئاڵوگۆڕە تێ دەکۆشین. هونەری ئێمە هەڵوێستی ئێمەیە. هەڵوێستی ئێمە دەنگی ئێمەیە. دەنگی ئێمە هاواری خۆشەویستی و جوانی و ئەشق و ئازادییە.

من کە سەرگوزەشتەی خۆم دەخوێنمەوە دەبینم کە شەپۆلە سەرکەشەکانی کۆمەڵگا بەبێ خواستی خۆم هەڵیانگرتم و لەگەڵ خۆیانیان بردم. بێ خواستی خۆم بووم بە شاعێرێکی دەربەدەر. دەربەدەرێک کە هەڵبەتە ئێستا لەم زستانە سیاسییەی ژیانی کۆمەڵگادا، شێعرەکانیشی قاچاخ و دەربەدەرن. تاری جاڵجاڵۆکەی سیخورەکانی دیکتاتۆری هیچ کون و قوژبنێک نەماوەتەوە کە بە چەکی چەپەڵکاری خۆیان نەیانتەنی بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و ڕێک لە وەها سەردەمێکیش خەڵک و بەتایبەت لاوەکان شێعری ئێمە دەست بە دەست دەگێڕن و دەیکەن بە گۆرانی و سروود. بۆ؟ ڕێک لەبەر ئەوەی کە لە ڕێگایەک، لە هەوایەک، لە نەوایەک، لە دەوایەکی تازە دەگەڕێین. لە ڕێگایەک تا بیکەنە ڕێبازی دەرچوونیان لە دۆخی نالەباری ژیانیان. لە هەوایەک کە پشوویەکی تێدا بدەن، هەناسەیەک تازە کەنەوە. لە دەوایەک کە وەکوو مەرهەم بیخەنە سەر دڵی بریندار و تەشەنەی خۆیان.

کێ هەیە «گۆمە شین»ی ئەحمەد بازگری بە دەنگی ڕەزازی نەبیستبێ و پێی خۆش نەبووبێ؟

کێ هەیە «دەلالۆ دەلالۆ هەستەوە»ی شێرکۆی نەبیستبێ و دەیان جار سروود و گۆرانیەکەی لێ نەدابێتەوە؟

کێ هەیە «ئاگرە سوورە»ی نەکەرۆزی ڕەحیم لوقمانیی بە دەنگی کاک نەجمەی غوڵامی نەبیستبێ و نەبووبێتە وێردی دڵ و زاری؟

کێ هەیە «کینە ئەم»ی شوانپەروەری گوێ لێ نەبووبێ و هەموو مووی جەستەی ڕاست نەبووبێتەوە؟

زۆربەی گۆرانیبێژە گەورە و هەڵکەوتەکانی کورد، کاتێک نێویان دەرکەوتووە و خەڵک ئامێزی خۆشەویستی بۆ کردوونەوە کە شێعری شاعێرێکی بەرەی بەرەنگارییان کردووەتە سروود یان گۆرانی. نموونەی هەرە دیاری ئەم ئیدعایە

تاهیر تۆفیق، شوانپەروەر، ڕەزازی و نەجمە غولامین. پرسیار ئەوەیە: ئەو ئازیزانە بۆ ئاوا خۆشەویستن؟ من لام وایە کە ئەوەی ئەوانی ئاوا شیرین کردووە لە ڕاستیدا ئەو دەنگ و نەغمە و ئەو وشە و ڕستانەیە کە شاعێرەکان گوتوویانە و هۆناویانەتەوە. ئەوانە ئەو وشە بەنرخانەن کە خەڵک، خەڵکی داگیرکراو، خەڵکی ڕەنجکێشاو و ئازاردیتوو، خەڵکی لە زوڵم و ستەم وەزاڵەهاتوو حەز بە بیستینی دەکەن. حەز بە بیستنی دەکەن چونکە کوتومت خۆیان و خەون و خەباتی خۆیانی تێدا دەبیننەوە. چونکە ڕەوایەت لە ڕەنجێک یان خولیایەکی ئەوان دەکات. لێرەدایە کە کەسی ژیر و وردبین بۆی دەردەکەوێت کە شێعری بەرەنگاری چەکێکە کە خەڵک دژی داگیرکەران بە دەستەوەی دەگرن و بەم شێوەیە پارێزگاری لە خۆیان و خەونەکانیان دەکەن. چەکێک کە پێی بەهێز دەبنەوە. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە شەمشەمەکوێرەکانی تاریکپەرەست، دێوەزمەکانی دیکتاتۆری و خەفەقان، گوێلەمستان و خۆفرۆشان بە چاوی دوژمن چاو لە شاعێران و شێعرەکانی بەرەنگاری دەکەن و تیر و شیریان لێ دەسوون و قاچاخ و بزریان دەکەن و تەنانەت چەڵکاوخۆرەکانی خۆیان و قەڵەمفرۆشەکانیان لە دژی ئەم هونەری بەرگرییە بەسیج دەکەن. هەوڵ دەدەن وا بە خەڵک بقەبڵێنن کە «تەواو ئیتر ئەمە کۆتاییە. هونەری بەرگری و شێعری بەرگری تەواو بووە. دەوری بەسەر چووە و تازە کەس چاو لە شتی وا کۆن ناکات. ئێستا ئیتر دوای پسامدرنیزمە. ئێستا ئیتر ئەوەی باش و شایستەیە تەنیا هونەر بۆ هونەرە».

ئەم خۆڵ بە چاوکردنەی خەڵک لە لایەن دیکتاتۆر و قەڵەمفرۆشەکان ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە ئورووپا و ئەمریکاش باو بووە، بەڵام ئەم تەپوتۆزە هەنووکە لەوێ نیشتووەتەوە. خەڵکی ئورووپا و ئامریکا ئێستا چاوی خۆڵتێکراوی خۆیان هەڵ دەکۆڵن و دەبینن کە چ کڵاوێکیان چووەتە سەر. هەر ئەم خۆڵ لەچاوکردنە بوو کە تووشی شەڕی دووهەمی جیهانی کردن. ئەوان هەر خەڵکیان گەوجاند و بازرگانیان بە خوێنیانەوە کرد. خەڵک درەنگ لە درۆ و فروفیشاڵەکانیان گەیشتن، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئەوان ئێستا تێگەیشتوون کە دیکتاتۆرەکان بۆیە وایان‌کرد تا خەڵک بەگشتی لە گێژاوی بەدبەختی خۆیاندا خول بخولێنەوە. بەرچاویان لێڵ و تاریک بێ. هێچ نەبینن و نەزانن کە خوێنخۆر و خوێنرێژەکان چ دەکەن.

کورد دەڵێ بەرخ هەر لە بن سەوەتەیدا نامێنێتەوە. خەڵکیش ئاوا بۆ ئەبەد خۆڵی لە چاو ناکرێ. خەڵک تا ئەبەد گێژ نابێ. پاشنەی ئاشیلی دیکتاتورییەکان لێرەدایە. لە تاریکیی ڕەهاییدا ئەگەر تۆ شقارتەیەک لێ دەی، تاریکی دەشکێنی. شێعری شاعێرێکی بەرەنگاری هەر هیچ نەبێ مۆمێکە لە تاریکیی دنیا داگری ئەواندا. بێگومان ئێمە ئەو مۆمە هەڵ دەکەین. بە خۆشییەوە هەموو وڵاتی کورد ئێستا پڕپڕ لەو مۆمە ڕۆشن و پرشنگدارانەیە.

گەرچی شێعری بەرگری، ژیانێکی نوێ بە بەر مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژیان دەکاتەوە و دەبێتە دەنگی دلێری ئەشق و ئازادی، بەڵام گرینگتر و خۆشتر لەو شێعر و هونەری بەرگرییەش، ژیان خۆیەتی. ژیان و جیهان هەردووکیان زۆر زۆر جوان و شیرینن. هەر بۆیەش نابێ ڕێگە بدەین کە زۆردار و چەوسێنەر و گەمژە و زەین کوێر و ستەمکار و گەندەڵ و بازرگانیی خوێنی خەڵک، خۆشی و جوانی و شیرینی ئەم جیهان و ژیانەمان لێ بکەن بە ژان و برک. بە دەرد و ڕەنج و یەخە دادڕین و باوکەڕۆ.

ئێمە هەین هێشتا. ئێمە ماوین. تێکۆشان و هەوڵ و هاواری ئێمەی هونەرمەند و شاعێرانی بەرەی بەرخۆدان و بەرەنگاری ڕێک



و ڕاســـت  بۆ گێڕانەوەی ژیـــان و جیهانە بۆ دەق و دۆخـــە جوان و شـــیرینەکەی خۆی. ئێمە دەنگی ڕەوای گەلێکی بەشمەینەتین کە هەنووکە بۆ دەســـتەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خـــۆی دەجەنگێت. ئەوە ئێمەین کە بە هەوڵ و هیمـــەت و خوێـــن و قوربانیدانـــی خۆمان هاوارمان کرد و دیســـانیش هاوار دەکەینەوە کە بـــەرخـــۆدان ژیـــانـە!

ئەگەر شـــێعر و شـــاعێر و شـــێوەکار و نووسەرو شانۆکار و سناریۆنووس و هەر هونەر و هونەرمەندێک خزمەت بەم ڕەوت و ڕێگایە و بـــەم خەون و خولیایە و بەم ئەرک و ئاقارە نەکات بێگومان بن کە بەرهەمەکەی کەڵەی نێو بێســـتان و ژەهری نێو شەکران و بژیوی خۆپەرەستان و خزمەت بە هەلپەرەستانە.

ئەمـــە ئاگادارکردنەوەیـــە بـــۆ هەموو ئەو گەمژانـــەش کە پاڵیـــان وە لیخاوی گەندەڵی ئیســـلامی سیاســـییەوە داوە و بـــە نـــاوی هونەرمەند و نووســـەر و ڕووناکبیر خەریکی شڵپەشـــڵپ و چڵکاو چڵپێنـــن و وایان داناوە کە ئەم دۆخە چەپەڵە ئەبەدییە و بۆ هەمیشە دەتوانن لەم قوڕاو و گەنداوەدا ماسیی ڕۆحی خەڵـــک بگرن. ئەمە ئاگادارکردنەوەیەکیشـــە بـــۆ ئەوانە کە هەر ئێســـتا بـــە هونەرەکەیان خەریکی لەخشـــتەبردنی خەڵکن. با هەمووان بزانن و ئاگادار بن کە ســـۆنامییەک بەڕێوەیە. سۆنامییەک کە هەموو دار و دیوارەکۆنەکانی کولتـــووری و ئابووریـــی کۆمەڵـــگای کۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت لە ڕەگ و ریشـــەوە لەبەریەک هەڵ دەتەکێنێ و تووی جیهانێکی شیاوی مرۆڤانەی نوێ لە زەوی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکاندا دادەچێنێ. ئەم سۆنامییە ڕێنساســـێکی کۆمەڵایەتیی هونەر و زانست و ئابوورییە. ئەم ڕێنسانسە لە هونەری بەرگریی لە دایک دەبێت.

لە یەک وشەدا هونەری بەرگری کاکڵ و ماک و کانی و سەرچاوە و دایکی ڕاستەقینەی ئاڵوگۆڕە.

# هاوێنەی «جۆری کۆمەڵایەتی»

## ڕووماڵی پرسەکانی توندوتیژی دژی ژن و چەند سەرنجێکی میدیایی

ئەرسەلان ڕەحمان

ئەو زمانەی قسەی پێدەکەین و پێی دەنووسین، تانوپۆی تەنراوە بە وشە و دەستەواژە و بڕگە و ئیدیۆمی دژە ژن و زمانی ئەمڕۆییمان درێژکراوەی میراتێکی هەمەچەشن و ڕەنگیی ئەدەبیاتی پیاو و خێڵ و عەشیرەتە و بۆمان بەجێماوە.
تا ئێستا نە ناوەندە زانستییەکان و نە ڕەوتی ژنانیش لە هەرێم وەک پێویست هەڵوێستەیان لەسەر نەکردووە و تەنانەت دەفتەرچەیەکی تایبەت بە وشە بارگاوویەکانی دژ بە ژنیان ئامادە نەکردووە، بۆ ئەوەی بەرە بەرە کار بۆ وەلانانیان بکرێت و زمانی نووسینمان مشتوماڵ بکەین لەو وشە و چەمک و دەستەواژانەی لە هەناویاندا مەغزای دژە ژنیان هەیە.

## پوخته

جۆری کۆمەڵایەتی، بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی لە میدیای کوردیدا وەک ئەوەی پێویستە لەبەرچاو ناگیرێت. ڕووماڵکردنی پرسەکانی پەیوەست بە ژن و بەشداری و ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە کایەکانی ژیاندا، لە میدیادا بە گوێرەی پێویست برەوی پێ نەدراوە، تا ببێتە بەردەبازی پەرینەوەی پرسی ژن لە واقیعی کۆمەڵگەیەکی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆ، کە دەستوپەنجە لەگەڵ هاتنەپێشەوە و بەشداریی ژنان لە کۆی پرسەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابووریدا نەرم بکات و، ژن وەک مرۆڤ بە هەموو تایبەتمەندییەکانی ژنبوونییەوە، قبووڵ بکرێت. بۆیە دەبینین لە هەر سووچێکەوە پرسەکانی ژن لە میدیادا بە شێوەی زانستیانە هەڵسەنگێنین، تێبینی ئەوە دەکرێت، ئەو شێوازەی کەناڵگەلی میدیایی لانیکەم لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر دەکەن، بەرهەمهێنەرەوەی هەمان ڕیتم و کولتوور و بەندوباوی کۆمەڵایەتیانەی هەڵهێنجراوی بیری پیاوسالارانەن و، هەمیشە بەو ئاقارەدا ئاراستەن، کە ژن لە ڕیزی یەکەمدا نییە و پلەیەک لە دواترە و، بگرە نزمیی توانا جەستەیی و هۆشەکی و ژیرییەکانی هۆکارگەلی ئەو نەهامەتیانەن بەسەریدا دێت. ئەمە جگە لەوەی ژن وەک کاڵا بۆ تێرکردنی حەزی بینینی پیاو وەک ئامێرێکی خۆشی و کات بەسەربردن پیشان دەدرێت.

## ژن لە میدیادا

گرنگە پرسیارێکی بنچینەیی بخەینە ڕوو؛ بۆچی ئێمە لە میدیادا پێویستمان بە هاوێنەیەکی جێندەریانە هەیە بۆ ڕوانین لە پرسەکانی ڕۆژ، ڕووماڵی کارەساتەکان، ڕووماڵی ڕووداوەکان و تەنانەت کارەساتە سرووشتییەکان و شەڕ و ئاشتی؟ هاتنە ئارای ئەو پرسیارە لە ئاستی جیهاندا، زۆرتر لەو سەروبەندەدا هاتە ئاراوە، کە ڕووداوێکی لە چەشنی "تسۆنامی" لە دیسەمبەری (٢٠٠٤) ڕووی دا. لەو هەلومەرجەدا میدیای جیهانی لە ڕووماڵی ڕووداوەکەدا ئەوەی زۆرتر نەبووە جێی بایەخیان ڕەوشی ئەو ژنانە بوو، کە لە لایەکەوە کەسوکار و لە لایەکی دیکەوە جگەرگۆشە و منداڵەکانیان لەدەست دابوو. ئەو ژنانەی، کە هەم خۆیان قوربانیی کارەساتە سرووشتییەکە بوون و هەمیش بوونە خەمهەڵگری ئازارێکی قووڵ، کە ویژدان و ڕووحی هەڵپرووکاندن، بەڵام لە میدیادا چیرۆکی ئەوانە نەبیسرا. نەک هەر ئەوە، کاتێک لە درەنگوەختێکی شەوی (١١ی ئازار/ مارسی ٢٠١١) بوومەلەرزەیەک بە گوری (٨,٩) پلەی ڕێختەر لە کەناراوەکانی باکووری خۆرهەڵاتی ژاپۆنی دا و، ئاستی شەپۆلەکانی ئاوی زەریایی بە ئەندازەی (٣٠) مەتر بەرز کردەوە و، ژیان و ئاوەدانیی نزیک کەنارەکانی ڕاماڵی و، لەوەش کارەساتبارتر دزەکردنی تیشکی ناووکی بوو لە دامەزراوەی فۆکۆشیما، کە حکوومەتی وڵاتەکەی ناچار کرد، ئاستی ڕادەی هۆشداری و باری تەنگەتاوی بەرز بکاتەوە بۆ پلەی حەوت، کە بەرزترین پلەی هۆشدارییە لە جیهاندا و، (٨٠,٠٠٠) هاووڵاتیی ناوچە زیانلێکەوتووەکان بگوازێتەوە بۆ شوێنی ئارام، کە پرۆسەکە تا ساڵی دواتر بەردەوام بوو، لەو هەلومەرجەدا تێبینی کرا، ڕۆژانی سەرەتای کارەساتەکە، میدیا بە دوای چیرۆکە مرۆییەکاندا دەگەڕێت و، باسەکان لە دەوری گیان و ژیانی مرۆڤن، بەڵام بە تێپەڕینی کات ئەوەی فەرامۆش کرا، پرسی ئینسان بوو، ڕوانگەی بایەخی ڕووماڵە میدیاییەکە گواسترایەوە بۆ زیانە ئابوورییەکان و، ئەو لێکەوتانەی کاریگەرییان لەسەر ئابووری و باری دارایی ناوچە زیانلێکەوتووەکان هەبوو.

به سەرنجدان لە کارەساتە ناووکییەکە، دەرکەوت ئـــەوەی قوربانیـــی یەکەمی ئەو کارەســـاتەیە، ژنانـــن، بەڵام میدیـــا ئەوەی نەخســـتە بەرچـــاو، بە تەنگ ئەو پرســـەوە نەچوو و هیچ بایەخێکی میدیایی بە رووماڵی لێکەوتەکانی ئەو کارەساتە لەسەر ژنان نەدا. گرنگیشە بپرسین، بۆچی هەر دەبێت باسی ژن بکرێت؟ بۆچـــی جیاکاری بکرێت و ژن بە پلەیەکی تایبەتتر لـــە رووماڵی میدیایی ئەو کارەســـاتە و هاوشـــێوەکانی سەرنجی بخرێتە ســـەر؟ بۆچی گرنگـــە لە میدیادا بە هاوێنەیەکی تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی بڕوانینە رووداوەکان و کارەســـاتەکان و، لە رووماڵدا پرســـی ژن فەرامۆش نەکەین؟ لەم بابەتەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەدەین و، رەخنە و ســـەرنجیش لە بارەی رووماڵـــی پرســـی ژن لە میدیـــای کوردیدا دەخەینە ڕوو.

## جۆری کۆمەڵایەتی

پرســـی "جۆری کۆمەڵایەتـــی" لـــە کۆتایی شەستەکان و ســـەرەتای حەفتاکاندا لەگەڵ شـــەپۆلی دووهەمی فێمینیزم هاتە کایەوە. لەلایەن فێمینیســـتەکانەوە وەک ئامرازێک بۆ شیکاری و تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی نێر و مێ و دابەشـــبوونیان بەسەر نێرینەیی و مێینەییدا بەکار هاتووە. فێمینیســـتەکان بۆیان گرنگ بووە لە و ژوورە داخراوەی ناوی "چارەنووســـی بایەلۆجیە" بێنـــەدەر و بڵێن هەموو ئەم رۆڵانە دروســـتکراوی کولتوری و کۆمەڵایەتین، نەک بایەلۆجی. لێرەوە تێرمی "جـــۆری کۆمەڵایەتـــی" ئاماژەیـــە بۆ کردە کۆمەڵایەتی و کولتـــووری و ژینگەییەکان، کـــە مرۆڤ بەســـەر نێرایەتـــی و مێینەییدا دابـــەش و پەروەردە دەکرێـــت. لێکۆڵەرانی بواری "جـــۆری کۆمەڵایەتی"، ئەوەی ژن و پیاو دابەش دەکات، کە چ شتێک پیاوانەیە و چی ژنانەیە؟ زۆرتر وەک دروســـتکراوێکی کۆمەڵایەتـــی ســـەیر دەکەن، نـــەک وەک کارکردێکـــی بایۆلـــۆژی. بۆ نموونـــە (نێر و مێ) کاتیگۆری سێکســـین، بەڵام (نێرایەتی و مێینەیی) کۆمەڵێک سیفەتن وکاتیگۆری "جۆری کۆمەڵایەتی"ـن، واتە دروستکراوی کۆمەڵایەتیـــن نەک سروشـــتی و بایۆلۆژی. (مەحمود ٥)

دیارتریـــن ئـــەو فێمینیســـتانەی کاری لەســـەر چەمکـــی "جێنـــدەر – جـــۆری کۆمەڵایەتی" کردووە، "ئان ئۆکلی"ـییە، کە بۆ یەکەمجار "ســـاڵی (١٩٧٢) لە فۆرمێکی زانســـتیدا بـــەکاری هێنـــاوە و هێنراوەتـــە ناو مشـــتومڕ و لێکۆڵینەوەی زانســـتییەوە، هەروەهـــا یەکەم کەس بوو کـــە جیاوازیی خســـتە نێوان هـــەردوو زاراوەی "رەگەز – ســـێکس" و زاراوەی "جۆر – جێندەر"، ئەو پێی وایە کە زاراوەی "رەگەز" بە مانای ئەو جیاوازییە بایەلۆژییانە دێت، کە لە ئەزەلەوە هەردوو رەگەزی نێر و مێ بەبێ ویســـت و رۆڵبینینی خۆیان لەگەڵیان لەدایک دەبێت، بەبێ ئەوەی لە توانایاندا بێت گۆڕانکاری لە کۆی دابەشکارییەکانیان و پێکهاتە تایبەتییە جیاکـــەرەوە جەســـتەییەکانیاندا بکـــەن". (زەنگەنە ٢٠١٦).

کۆنگرە جیهانییەکانی تایبەت بە پرسی ژن، لەوانە مەکســـیکۆ (١٩٧٥)، کۆپنهاگن (١٩٨٠)، نایرۆبـــی (١٩٨٥)، دواتریـــش گرنگترینیـــان کۆنگرەی بیجیـــن (١٩٩٥) بـــوو، کە لـــەو کۆنگرەیەدا زۆرتـــر و روونتر پرسی یەکسانی "جۆری کۆمەڵایەتی" هاتە بەر بـــاس. (الجزیرة ٢٠١٦) لـــەو کۆنگرەیەدا، "چەمکی جێندەر(٢٣٣) جـــار بەکارهێنرا، لەدوای ئەمەوە ســـەرەتایەک دەستی پێکرد بـــۆ دژایەتیکردنی ئەوانەی چەمکی جێندەر وەکو رەگەز و ئاماژەیەک بۆ نێر و مێ بەکار دەهێنن و دونیای ئیسلامی بەم کارە تووشی جۆرێـــک لە فۆبیا بوون؛ وڵاتە رۆژئاواییەکان دژی ئەوە بوون ئـــەم چەمکە لەبری رەگەز

بەکار بهێنرێت، چونکە پێیان وا بوو کە مانا راستەقینەکەی خۆی لەدەست دەدات و رەفتاری کۆمەڵایەتی وەرناگرێت و هەندێ دەوڵەتی دیکەش دژی ئەم بۆچوونەی رۆژئاواییەکان بوون، ئیتر لێرەوە دابەشکاری بۆ جێندەرو نەیارو لایەنگرانی دروست بوو". (ئەحمەد ٢٠٢٠)

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، پێی وایە ئەو چەمکە بۆ وەسفکردنی ئەو تایبەتمەندیانە بەکار دەهێنرێت، کە هەریەک لە ژن و پیاو بە پێودانگی کۆمەڵایەتی دەیگرنە خۆ و هیچ پەیوەندییەکی بە جیاوازییە ئۆرگانییەکانەوە نییە.(لهاوونلاین ٢٠٠٧)

ئینسکلۆپیدیای بەریتانی پێناسەی جیندەر بە شوناسی جێندەری دەکات، شوناسی جێندەریش بەواتای هەستکردنی مرۆڤ بە خۆی بە نێربوون و مێبوونی، ئەمەش وای کردووە هەندێک خەڵک هەیە هەست بکەن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە جەستەیەکی هەڵەدا لەدایک بوون. بۆیە پێیان وایە ئەگەر رەگەزی خۆیان بگۆڕن، تێڕوانینی خەڵکیش بەرامبەریان دەگۆڕێت. لەوانەیە هەستێکی ژنبوونی هەبێت لە جەستەیکی نێرانەدا و بە پێچەوانەوەش راستە، بۆیە زۆربەیان لەگەڵ ئەو ئازارەدا بەردەوام نابن و بە نەشتەرگەری رەگەزی خۆیان دەگۆڕن.(الرفاعی ٢٠١٧)

یەکسانیی جۆری کۆمەڵایەتی واتە: یەکسانیی دەستەبەرکردنی دەرفەت، ماف و لێپرسراویەتی بۆ ئافرەت و پیاو، بەشداری لە کایەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری و، دەستگەیشتن بە پێداویستییەکان بە شێوەیەکی یەکسان و بەبێ جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەز. پەرەپێدان بەو تێڕوانینەی مرۆڤ، ئازادە لە پێشخستنی توانا کەسییەکانی و مافی هەڵبژاردنی هەیە، بەدەر لە چوارچێوە و رۆڵی جێندەری. یەکسانیی جۆری کۆمەڵایەتی لەسەر یەکسانی لە ژمارەدا ناوەستێت، گرنگی بە یەکسانی دەدات لە رۆڵدا. بۆ نموونە: ئەگەر لە دامەزراوەیەکدا رێژەی بوونی نێر و مێ (٪٥٠) بێت بۆ هەریەکەیان، واتە یەکسانن لە رووی چەندێتییەوە، بەڵام یەکسانبوونی ژمارەی نێر و مێ، هێشتا ناتوانێت بە واتای یەکسانیی جێندەری بێت، چونکە جێندەر یەکسانی دەوێ لە رۆڵدا لە بوارە هەمە جۆرەکانی نێو کۆمەڵگە.

واتە با رێژەکە بۆ هەر یەکەیان وەک یەک بێت، بەڵام ئەگەر (٪٥٠) یەکێک لە رەگەزەکان هەموو، یان زۆرینەی پلە سەرەکییەکان و دەسەڵاتی بڕیاردانی لە دەست بێت و رەگەزەکەی دیکە رۆڵە لاوەکییەکانی بە دەستەوە بێت، ئەمە مانای یەکسانیی جێندەری ناگەیەنێت. پێویستە هەوڵەکان بە ئاراستەی یەکسانیی تەواو بن. ئەمەش بە واتای وەکیەکیی نێوان هەردوو رەگەز نییە، چونکە ئافرەت و پیاو وەکیەک توخمی مرۆڤن، بەڵام جۆریان جیاوازە و ئەم جیاوازییەش لە رۆژی هاتنەدنیاوە دەردەکەوێت، بەڵام یەکسانی، بە واتای یەکسانیی دەرفەت و لێپرسراوەتی و ماف و دەسکەوتە.

## بۆچی هاوێنەی جۆری کۆمەڵایەتی

لەو ناساندنەی جۆری کۆمەڵایەتییەوە، وەڵامی ئەو پرسیارە دەکرێت روونتر بەرجەستە بکەین، بە تایبەتی ئەگەر بگەرێینەوە بۆ کارەساتی بڵاوبوونەوەی تیشکی ناووکی لە دامەزراوەیەکی ناووکی ژاپۆندا، بۆمان روون دەبێتەوە، کە فەرامۆشکردنی ژن و پەراوێزخستنی لە رووماڵی میدیایی لە بارەی کارەساتەکەوە، کارەساتێکی دیکەی لە دوایە، بەو پێیەی ئەگەر ئەم راستیانەی خوارەوە لەبەر چاو بگرین:

- بەرکەوتنی تیشکی ناووکی، زیان و مەترسیی مەرگیان لەسەر ژیان زیاترە لە

چاو پیاوان؛ لەو پێوەندییەدا توێژینەوەکان سەلماندوویانە ئەگەر ژن و پیاو بە یەک ئەندازە لەو تیشکەیان بەر بکەوێت، ئەوا کاریگەرییەکانی لە ژندا پتر دەردەکەوێت لە چاو پیاوان.

■ تیشکدانەوەی یەکێکە لە دیارترین ئەو هۆکارە ژینگەییانەی مەترسیدارە بۆ ژن و دەبێتە هۆی تووشبوونی بە شێرپەنجەی مەمک.

■ ئەو ژنانەی لە تەمەنی منداڵ خستنەوەن، تیشکدانەوە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر جەستە و کۆئەندامی زایندیان دروووست دەکات و منداڵدانیان دەپووکێنێتەوە و پیریی ناوەخت، بەرۆکیان دەگرێت.

■ ئەو ژنانەی دووگیانن، بە کەمترین ئەندازە و بڕی تیشک، گەشەی کۆرپەیان دەوەستێت و تووشی شێوان دەبێت و دوای لەدایکبوونی کۆرپەلەش، مەترسیی تووشبوونی بە شێرپەنجە زۆرترە.

■ ژنان لە بواری وزەی ناووکیدا، ئەگەر کاریش بکەن، کەمترین چانسیان لە پێگەی بڕیارداندا هەیە.

■ لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی خاوەن دامەزراوەی ناووکین، دایکان لە پێشەوەی ئەو دەنگانەن، کە داوای داخستنی وێستگە ناووکییەکان دەکەن.

■ زۆربەی راپرسییەکان دەریانخستووە، ژنان بە رێژەیەکی بەرچاو دژی دامەزراوەی ناووکی و دەستخستنی چەکی کۆمەڵکوژن.

■ ژنان، لە چاو پیاوان، زۆرتر لە خەمی ژینگە و پاراستنیدان، بەو پێیەی مەترسییەک بێتە ئاراوە زۆرتر و زووتر بەرۆکی ئەوان دەگرێت. (Macharia 2012, 9)

## رووماڵی پرسەکانی ژن لە میدیای کوردیدا و چەند سەرنجێکی میدیایی

ئەو کەناڵگەلە میدیاییەی لە هەرێمی کوردستانەوە کار دەکەن و پەیامەکانیان وەرگری کورد لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئاراستە دەکەن، بە تایبەتی لە رێی کەناڵە ئاسمانییەکان و وێبسایتە هەواڵییەکان و تۆڕەکانی سۆشیالمیدیاوە، بە هۆی ئەو رەوشە نازانستی و ناتەندرووستەی دروستبووە، دەست بۆ هەموو پرس و بابەتێک دەبەن، بێ ئەوەی پشتیوانێکی یاسایی، ئیتیکی، زانستی لە کارەکەیان هەبێت. گرنگ لایان سەرقاڵکردنی وەرگر و گەیاندنی پەیامەکەیانە، بێ ئەوەی لە خودی ئەو پەیامە ورد ببنەوە و بە پێودانی زانستی، ئیتیکی، یاسایی و لەبەرچاوگرتنی بەها مرۆییەکان دایبرێژنەوە. گرنگترین پرس، کە بەشێکی زۆری دامەزراوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان لەبەرچاوی ناگرن، بابەتی پاراستنی جۆری کۆمەڵایەتی و روانینە بۆ رووداوەکان بە چاویلکەیەک، کە هاوسەنگانە سەیری رووداوەکان بکات و رێگە نەدات ژن وەک کۆیلە، سامان، کەلوپەل، پلە دوو، خزمەتکاری پیاوان دەربکەوێت.

رووماڵکردنی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری پێویستی بە بەرچاوروونی و شارەزایی ئەوتۆ هەیە، کە میدیاکار و کەناڵ لە لایەکەوە مافی تەواو بە پرۆسەی رووماڵکردنەکە بدەن. لە لایەکی دیکەشەوە هاوڕێ لەگەڵ گەیاندنی زانیارییدا، هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ بگەیەننە وەرگر، کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی حاڵەتەکان. نەک بە پێچەوانەوە ببێتە هۆی پەرەسەندنی حاڵەتەکان و دنەدانی وەرگر بۆ چاولێکردن و دووبارە کردنەوەیان.

جێی نەنگییە، زۆرێک لەو میدیاکارانەی رووماڵی حاڵەتەکانی توندوتیژی دەکەن، بە هەڵکەوت رێیان کەوتووەتە ئەو بوارە. هیچ شتێکی ئەوتۆ لە بارەی وردەکاری و هەستیاری پرسە کۆمەڵایەتییەکان درک پێ ناکەن. رەنگە زانیاری گشتییان لە بارەی

پرسەکانەوە هەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت ڕێگە بە خۆیان بدەن، ڕووماڵی ڕووداوەکانی پەیوەست بەو بوارە بکەن.

توندوتیژییە کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکان لە کۆمەڵگەی کوردییەوە بە جۆرێک بەرۆکی منداڵ و ژنیان گرتووە، کارەساتەکە لە حاڵەت تێپەڕیوە و سەریکێشاوە بۆ دیاردەیەک، ڕۆژانە لێرە و لەوێ بە جۆری جیا و شێوازی جۆراو جۆر دەردەکەوێت.

## سەرنجە میدیاییەکان

### یەکەم: شێواندن و بەلاڕێدا بردنی کەیسەکانی توندوتیژی

بۆ نموونە لە زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن و خۆ هەڵواسینی ژنان ڕستەی ناباوی "نەخۆشی دەروونی هەبووە"، "باری دەروونی تەواو نەبووە"، "لە تاقیکردنەوە دەرنەچووە و باری دەروونی ئاڵۆز بووە".. دەکەوێتە بەرچاو، بێگومان لەسەر زمانی کەسانی نزیک لە کەیسەکە، یان پۆلیس، بە بێ ئەوەی هیچ کەناڵ و سەرچاوەیەکی میدیایی لەو بانگەشەیە بکۆڵنەوە و داوای دۆسیە و ڕەچەتەیەکی پزیشکی لە بارەی بوونی وەها حاڵەتێکەوە بۆ کەیسەکە بکەن.

ئەمە بیرکردنەوەیەکی نەریتانەی هەڵهێنجراوی ئەدەبیاتی پیاوسالارییە. چونکە سەرەڕای بوونی حاڵەتێکی تاوانکاری، عەقڵی پیاوسالاری ئامادەگی هەیە و دەیەوێت تاوانلێکراو بە تاوانی خۆ لە بەین بردن تاوانبار بکاتەوە. هەروەها دەیەوێت پەردەش بەسەر شانۆی تاوانەکەدا بکشێت. ڕێگەی دزەکردنی هەرجۆرە زانیاری و گەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی دادوەرییانە بگرێت لە کەیسەکە.

### چارەسەر

پێویستە بە بێ بوونی بەڵگە ڕۆژنامەوان تۆمەت نەخاتە پاڵ تاوانلێکراو، هاوکات ئەگەر پۆلیس یان کەسانی نزیک لە تاوانلێکراو ئەوە بانگەشەیان کرد، داوای ڕەچەتە و ڕاپۆرتی پزیشکییان لێبکرێت، بە پێچەوانەوە دەبێتە هەوڵێک بۆ شاردنەوەی تاوان و داپۆشینی ڕووخساری تاوانباران و دەربازکردنیان لە یاسا.

### دووەم: بلاوکردنەوەی زانیاری نادرووست و بێ سەرچاوە

بەشێک لە حاڵەتەکانی توندوتیژی ڕووماڵدەکرێن، بەڵام لە ڕووماڵکردنیاندا کەموکورتی لە ڕووی زانیارییەوە هەیە. کەناڵ تەنیا بەوەندەی بڵێت: "ژنێک کوژرا، ژنێک سووتا" هەندێک سەرەقەڵەمی نارۆشن بلاودەکاتەوە و ئیدی بە ئەرکی خۆی نازانێت بەدوای وردەکاری و هۆکاری تاوانەکە و چارەنووسی دۆسیەکە بکەوێت.

### چارەسەر

پێویستە هەرچی زیاترە میدیاکار بە دوای زانیاری سەبارەت بە کەیسەکەدا بگەڕێت و تەنیا بە سەرەقەڵەمی زانیارییەکان ڕازی نەبێت و بچێتە بنج و بناوانی دۆسیەکەوە و زانیارییە کەسییەکانی تاوانلێکراو، ژیان و گوزەرانی، کارو و خوێندنی، ماڵ و منداڵی وەک دیوی تاریک ڕۆشنبکاتەوە و لەوەشدا پێویستە تەنیا لە یەک لایەنەوە زانیاری وەرنەگرێت، بەڵکو هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێ و زانیاری زۆرتر لە سەرچاوەی جیاواز بدات. نەک هەر ئەوە پێویست بەوەشدەکات باکگراوندی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی تێهەڵکێشی ڕاپۆرتەکانی پێشووی بکات و ئامار و زانیاری پێشوو هاوپێچ بکات بۆ ئەوەی وەرگر هەست بەوە بکات ئەو تاوانەی کراوە دابڕاو نییە لە زنجیرەیەک تاوانی یەک لە دوای یەک کە بەرامبەر بە ژن دەکرێن.

### سێیەم: شێواندنی زانیاری

یەکێکی دیکە لە کێشەکان، شێواندنی

زانیاری کەیسەکانە، هەندێکجار بە ئەنقەست و بـــۆ مەرامـــی تایبـــەت و هەندێکجاریش لـــە نائاگاییەوەیە. بۆنموونـــە: کاتێک ژنێک کوژراوە، یان سووتاوە، یاخود تەرمەکەی بە پەتێکەوە بە بنمیچـــی ژووری خەوتنییەوە هەڵواســـراوە، کەنـــاڵ بێ چەنـــد و چوون قسەی کەسوکاری ژنەکە لەوانە: باوک، برا، هاوســـەری ژنە دەگوازێتەوە. ئەوانیش هەم بۆ پاکانە کـــردن بێت، یاخـــود بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە بانگەشـــەی "خۆکرد"ی تاوانەکـــە دەکەن، میدیا بـــێ چەند و چۆن و درووســـتکردنی هیچ گومان و پرسیارێک لە بارەی ئەو بانگەشـــانە، وەک ڕاستی ڕەها بڵاویـــان دەکاتـــەوە و هیـــچ پەراوێزێک بۆ گومان ناهێڵێتەوە.

بەشـــێکی دیکەی ئەم خاڵـــە پەیوەندی بـــە وردەکاری زانیارییەکانەوە هەیە، کە لە ڕووماڵی ڕووداوێک هەر کەناڵێک شتێک لە بارەی ڕووداوەکەوە دەڵێن. تەنانەت زۆرجار زانیارییە کەســـییەکانی تاوانلێکراو بە هەڵە بڵاو دەکرێنـــەوە. بۆنموونە ســـەرچاوەیەک تەمەنی تاوانلێکراو بە ١٩ ســـاڵ دەنووسێت. سەرچاوەیەکی دیکە، کردوویەتییە ٢٥ ساڵ..

## چارەسەر

پێویستە میدیاکار هەمیشە گومانی هەبێت، گومانـــی لە زانیاری ســـەرچاوەکان هەبێت، زانیـــاری وەک ڕاســـتی ڕەهـــا وەرنەگرێت، گومانی لـــە لێدوانـــەکان هەبێـــت، ڕەنگە تەنانەت ئەو پۆلیســـەی لێکۆڵینەوە دەکات بیەوێـــت پەردەپۆشـــی تاوانەکـــە بکات و وەک توندوتیژی نەیناســـێت چونکە لایەنی جێبەجێکردن بڕوای وایە کە دەبێت پیشانی بـــدات توندوتیـــژی کەمیکـــردووە. دەبێت پرســـیاری زۆرتر لـــە بارەی بانگەشـــەکانی لایەنی لێکۆڵینەوە بکرێت و لەوەشدا نابێت میدیاکار یان کەناڵ بکەوێتە پێش حوکمی دادگا و بڕیاردانی پێشوەختە بخاتەڕوو.

## چوارەم: حوکمدانی پێشـــوەختە و بێ بەڵگە

ئەلیف و بێی میدیایـــی ئەوەیە، ڕۆژنامەوان دادوەری ناکات. لـــە دەرەوەی ڕووداوەکانە. نابێتە بەشـــێک لە ڕووداوەکان. ئەو ڕووماڵی ڕووداو دەکات. لێـــدوان و زانیارییـــەکان لە ســـەرچاوەکانی پەیوەندیدار بـــە ڕووداوەکە وەردەگرێت. بە بێ ڕتووش، دەستکاریکردن، گەورە کردن و بچووککردنەوە، ئاوێنە ئاســـا پیشـــانیاندەدات و دەیانخاتـــەڕوو. وەلێ ئەم بنەما ســـەرەکی و چەســـپاوەی زانســـت و ئیتیکی میدیایی لـــە ڕووماڵی ڕووداوەکانی توندوتیـــژی ڕەنگیی نەداوەتـــەوە. دیقەتی هێنـــدە ناوێت، ئەگەر ســـەیری هەواڵەکانی تایبەت بـــە ڕووداوەکانی توندوتیژی بکەین؛ زۆر بـــە ئاســـانی هەســـت بـــەو حوکمدانە پێشوەختەیە دەکەین، کە میدیاکاری کورد لە دەقی هەواڵ، یان ڕاپۆرتدا پێشکەشـــکی وەرگرانی دەکات.

ئاســـانترین دەســـتەواژە و ڕستەیەک، کە میدیـــاکاری کورد فێری بـــووە، ئەوەیە لـــە کۆتایی هەمـــوو هەواڵێکـــی تایبەت بە توندوتیژی بنووســـێت: "ڕووداوەکە بە هۆی کێشـــەی کۆمەڵایەتییەوە ڕوویداوە"، بەڵام وەک بڵێـــی ئەو ئەرکی ئـــەوە نەبێت دیوی تاریکـــی ڕووداو ڕۆشـــنبکاتەوە، بـــە دوای زانیاریدا بڕوات، زۆرترین "زانیاری پێویست" لە بارەی کەیسەکەوە بڵاو بکاتەوە!

هەروەهـــــا بەکارهێنانـــی ڕســـتە هەواڵییەکانی وەک "خۆی کوشت"، "خۆی ســـووتان"، "خۆی هەڵواســـی" بە گشـــتی حوکمدانی پێشـــوەختەن. نابێـــت میدیاکار بەکاریـــان بهێنێت؛ تا ئـــەو کاتەی ڕاپۆرتی پزیشـــکی دادوەری ئامـــادە دەکرێت. ئەوە تەنیا پزیشـــکی دادوەرییە بۆی هەیە بڵێت: فڵانە حاڵەت خۆکوژییە، یان خۆ هەڵواسینە. تەنانەت پۆلیســـیش ئەو دەسەڵاتەی نییە، ئەو حکومـــە بدات، بـــەڵام لەبـــەر ئەوەی

میدیاکاری ئێمە سەرچاوەی زانیارییەکانی لە پۆلیسەوەیە، پۆلیسیش بۆ ئەوەی حزووری هەبێت لەسەر شاشە و لە میدیادا هەر زوو تۆمەتی "خۆکوشتن" دەخاتە پاڵ حاڵەتەکان و چاوەڕێی پزیشکی داوەری ناکات. بێ درووستکردنی هیچ گومان و پرسیارێکیش میدیا لێدوانی پۆلیس وەک قسەی سەندکراو دەگوازێتەوە.

ئەوەی تەرمی بە چوار مەتر گوریس، یان بە سەرپۆشەکەی بە بنمیچی ماڵەکەیانەوە هەڵواسرابوو، مەرج نییە خۆی ئەو کارەی کردبێت. بە دووری مەزانە کەسێک بەو جۆرە هەڵیواسیبێت☐ بەڵام تێگەیشتنی نەریتیانە بۆ رووداوەکانی پەیوەست بە ژنان لە زاکیرەی میدیاکاردا هێندە ئامادەیە هەندێک جار ئەویش پێی رەوایە ژنێک کوژراوە، چونکە وەک پەند لە زاکیرەیدا ئەو وتە باوەی کۆمەڵگە دەخولێتەوە، "ئەگەر باش با نەدەکوژرا!" هەر بۆیە رووماڵی حاڵەتەکەش بە ئەدەبیاتی پیاوسالارانەی کۆمەڵگە دەکات و وەرگر لە خوێندنەوەی هەواڵەکە نەبووەتەوە، ئەو بڕوایەی بۆ درووستبووە، ئەو کەیسە "موستەحەقی ئەو چارەنووسەیە!".

## چارەسەر

پێویستە هەرچی زیاترە ئەو میدیاکارانەی رووماڵی رووداوەکانی توندوتیژی دەکەن راهێنانی تایبەتیان پێ بکرێت و خۆیانیش دەبێت هەوڵی زیاتر بدەن و شارەزای پرسی توندوتیژی ببن و ناکرێت هەر میدیاکارێک زانی هەواڵێکی سیاسی ئامادە بکات، ئیدی دەست بۆ هەواڵێکی کۆمەڵایەتیش بەرێت. هەڵەی گەورەی میدیاکاری کورد ئەوەیە کە هەمەچەشن و هەمە رەنگە و میدیاکار هەیە چۆن چووەتە سەنگەری پێشمەرگە بۆ رووماڵی شەر، بە هەمان شێوە چووەتە شوێنی ئەنجامدانی تاوانێک بۆ ئەوەی رووماڵی حاڵەتێکی توندوتیژی بکات، بە بێ ئەوەی هیچ لە بارەی پرسی توندوتیژی دژی ژنەوە بزانێت. دەستەبەری رووماڵی تەندرووست بۆ پرسەکانی ژن و توندوتیژی بەرامبەریان بڕوابوونە بەوەی توندوتیژی رەگەزی هەیە و شارەزابوونە لەو پرس و بوارە.

## پێنجەم: بەدوادانەچوون و سەرداپۆشین

لە رووی زانستییەوە جۆرێک لە هەواڵ و راپۆرت هەن، کە هەواڵە بەردەوامەکان، راپۆرتی بەردەوامیان پێدەوترێت. مەبەست لە "بەردەوامی" رووماڵکردنی بەردەوامی ئەو رووداوانەیە، کە لە ئان و ساتی خۆیاندا کۆتاییان نایەت. رووداوی دیکەیان لێدەکەوێتەوە. تانوپۆیان هەیە و لە خاڵێکدا تەواو نابن.

**بۆنموونە:** ئەمڕۆ "ژنێک کوژرا"، ئەمە تەنیا رووداوێک نییە، لە ئان و ساتی خۆیدا بگەیتە دانانی خاڵ و کۆتایی پێبێت. رووداوی دیکەی لەدوایە، پەلوپۆی هەیە، "بۆچی کوژرا(هۆکارەکەی)، چۆن کوژرا (وردەکارییەکەی)، کێ کوشتی (بکەرەکەی)، پەراوەکەی بە کوێ گەیشت، پۆلیس کێی دەستگیر کردووە، کەی دادگاییدەکرێت، بڕیاری دادگا چییە، بەڵگەکان چین، کێ تێوەگلاوە، رابردووی ئەو ژنە لەگەڵ بکوژەکەدا چییە، چ پەیوەندییەکی خوێنی لە نێوان بکوژ و کوژراودا هەیە، تەمەنی بکوژ چەندە، ئەو چەکەی تاوانەکەی پێکراوە لە کوێیە، کێ مۆڵەتی هەڵگرتنی ئەو چەکەی پێداوە، کەسەکە سەر بە چ گرووپ و دەستەیەکە، بۆچی و بە پشتیوانی کامە هێزی مەعنەوی پەنای بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە بردووە هتد".

بەڵام بەداخەوە ئەم جۆرە بەدواداچوونە بەردەوام و رۆژانەییە لە میدیای کوردیدا لە بارەی پرسی توندوتیژییەوە بەرچاو ناکەوێت.

میدیاکار وەک بڵێی بەو بڕوایە گەیشتووە، "لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بووە و پێویست ناکات ئیشی زیاتری لەسەر بکات".

## چارەسەر

کاری میدیا بەدواداچوون و وردکردنەوە و گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک و وردەکاری ڕووداوەکانە، ئەو پرسیارانەی خرانەڕوو، ئەرکی میدیایە وەڵامیان بداتەوە.

## شەشەم: سازاندنی وێنای ئەرێنی بۆ تاوان

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی دووبارە بوونەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دروستکردن و سازاندنی وێنای ئەرێنی و پاڵەوانئاساییانە بێت بۆ تاوانبار لە لایەک و شێوازی خۆکوشتن لە لایەکی دیکەوە.

ساڵانی ڕابردوو، هەموومان شاهێدی زنجیرەیەک ڕووداوی خۆخنکاندن بە سەرپۆش، خۆهەڵواسین بە پەت و خۆخستنە خوارەوە بووین. ڕووداوەکان جێی سەرنج بوون. زۆرینەی ئەوانەی پەنایان بۆ ئەو کارە دەبرد لە قەڵادزێوە تا گەرمیان کچانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بوون. ئەو زنجیرە ڕووداوەش دوای ئەوە هاتن کە میدیای بینراو لە سلێمانی وێنەی تازەپێگەیشتوویەکیان بڵاوکردەوە کە لە شوقەکانی قالاوەی سلێمانی خۆی هەڵواسیبوو.

پیشاندانی شێوازی خۆ هەڵواسینی ئەو لاوە، لە سەروبەندی بژی و بڕووخێی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆندا ڕەواجێکی زۆری پێدرا. وەک بابەتێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ کرا. ئەو مامەڵەیەی میدیا لەگەڵ پرسەکەدا کردی هاوشێوەی کاری پاڵاوانسازی بوو. کە ئەمە مەترسی چاولێکردن و لاساییکردنەوەی دەیان بار دەباتە سەرێ.

سەرنجێکی دیکە لەسەر ئەم خاڵە، هۆنینەوەی ڕووداوەکانە بە جۆرێک مرۆڤ، یان خوێنەر بە گشتی، هەست بکات ئەو ژنە یان ئەو گەنجە هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەماوە تەنیا ئەوەی بۆ ماوەتەوە پەنا بۆ خۆکوشتن یان خۆسووتاندن بەرێت.

ئەمجۆرە هۆنینەوە و ڕووماڵکردنە لەوەوە دەستپێدەکات، کە ژیانی ڕابردووی کەسەکە وەک دۆزەخ پیشانبدرێت و تا دێت کێشەکانی ئاڵۆزتر دەبن و هیچ دەرەتان و پەنایەک شک نابات و ناچار پەنای بردووە بۆ خوکوشتن یان خۆسووتاندن.

لە پاڵ ئەو هۆنینەوە و چیرۆک داتاشینەدا میدیاکار درک بەوە ناکات، کە پێویستی بەوە هەیە لە زاری کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند بەو بوارە ڕێگە چارە پیشان بدات بۆ ئەوەی کەسێکی دیکەی هاوشێوە هەمان ڕێگە تاقی نەکاتەوە.

سەبارەت بە کەیسەکانی سووتانیش، ناوەڕۆکی ڕاپۆرت و هەواڵەکان خاڵیین لە باسی "پەشیمان بوونەوەی کەیسەکە"، هەروەها هیچ لە بارەی ئەو ئازارو ناسۆرە ناخرێنەڕوو، کە حاڵەتەکە دەیچێژێت، تەنیا ناوی سووتانەکە دێت.

هەرچەندە تا ئێستا هۆکارەکانی پەنابردنی ژن بۆ خۆسووتاندن وەک دیاردەیەکی باو لە هەرێمی کوردستان ڕوون نیین، بە شێوەی زانستی وەڵامی ئەو پرسیارە نەدراوەتەوە، بۆچی لە ناو هەموو جۆرەکانی خۆلەناوبردندا ژنی کورد ڕێگەی خۆسووتاندن تاقیدەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باسکردنی ئەو حاڵەتانە بە جۆرێک کە دنەی دووبارەبوونەوەی تێدایە لە لایەن میدیاوە ڕەنگە هۆیەک بێت بۆ بەردەوامیدان بە دووبارەبوونەوەی حاڵەتەکان.

ڕەنگە ژنانێک گەیشتبنە ئەو بڕوایەی تاکە چەکیان بۆ تۆڵەکردنەوە لە خێزانەکانیان و ناوبانگی بنەماڵەکانیان خۆسووتاندنیان بێت و دواتریش باسکردنیان بێت لە میدیادا بۆ

ئەوەی ناوبانگی بنەماڵەکانیان بە لەکەداری بمێنێتـــەوە، چونکە تێگەیشـــتنی کۆمەڵگە بە گشـــتی بـــۆ خۆسـوووتاندنی ژن نەنگی و شـــەرمهێنەرە. ئەمەشـــیان بۆچوونێکە و رەنگە نەیاریشی هەبێت، بەڵام هێشتا وەک گریمانەیەک بۆ توێژینەوە دەســـت دەدات و ناکرێت فەرامۆشی بکەین.

## چارەسەر

کەواتە بڵاوکردنەوەی حاڵەتێکی سووتان یان خۆسووتان هەستیاری زیاترە و پێویستە بە جۆرێک بێت ناواخنەکـــەی تایبەت بکرێت بە مەترســـی حاڵەتەکە، چەوتی ئەو رێگەیە، دوورکەوتنـــەوە لـــەو بژاردە مەترســـیدارە، جەختکردنـــەوە لەســـەر پێویســـتی ژیان، رووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و بەکارخستنی ئاوەز بۆ دۆزینەوەی رێگە چارە.

## حەوتـــەم: نەبوونـــی فەرهەنگـــی مرۆڤدۆستانە و نووسین بە زمانی پیاو

ئـــەو زمانـــەی قســـەی پێدەکەیـــن و پێی دەنووســـین، تانوپـــۆی تەنراوە بە وشـــە و دەســـتەواژە و برگە و ئیدیۆمـــی دژە ژن و زمانی ئەمڕۆییمان درێژکـــراوەی میراتێکی هەمەچەشـــن و رەنگیـــی ئەدەبیاتی پیاو و خێڵ و عەشیرەتە و بۆمان بەجێماوە.

تا ئێســـتا نـــە ناوەنـــدە زانســـتییەکان و نـــە رەوتـــی ژنانیـــش لە هەرێـــم وەک پێویست هەڵوێســـتەیان لەسەر نەکردووە و تەنانـــەت دەفتەرچەیەکی تایبەت بە وشـــە بارگاوویەکانی دژ بە ژنیان ئامادە نەکردووە، بۆ ئەوەی بەرە بەرە کار بۆ وەلانانیان بکرێت و زمانی نووسینمان مشـــتومالّ بکەین لەو وشە و چەمک و دەستەواژانەی لە هەناویاندا مەغزای دژە ژنیان هەیە.

بۆنموونە: لە هەواڵدا، هێشتا میدیاکاری ئێمە پێی نەنگییە بۆ ژنێک ئەگەر نەچووبێتە پرۆســـەی هاوســـەرگیرییەوە بڵێت "ژن" و دەنووسێت: "کچ بووە و شووی نەکردووە".

هەروەهـــا لە هەواڵدا هێشـــتا ژن وەک موڵکی پیاو هەژمار دەکرێت و دەنووسرێت: "پیاوێـــک ژنەکەی خۆی کوشـــت"، رێک وەک ئەوەی "پیاوێک ئۆتۆمبێلەکەی خۆی ســـووتاند".. هەروەها دەنووسرێت: "خاوەنی دوو ژن و سێ منداڵە"، لێرەدا ژنی کردووەتە کاڵا و هاوکات مافی دایکایەتیشـــی لێزەوت کـــردووە و هەمـــان تاوانیـــش بەرامبەر بە منداڵـــەکان دەکات و ئەوانیـــش وەک کاڵا پیشاندەدات.

نموونـــەی دیکـــەی بەرچـــاو بینیمان، لە ســـنووری هەولێر چەند پیاوێک ژنێکی ئاوارەی خۆرئاوای کوردســـتانیان رفاندبوو، دەستدرێژییان کردبووە سەر، میدیا فۆکسی لەسەر پەردەی کچێنی تاوانلێکراو بوو، تاوانی رفاندن و ئەشـــکەنجە و دەستدرێژییەکەی بەلاوە ئاسایی بوو، بەڵام خەمی ئەوەی بوو، ئایا پەردەی کچێنی ماوە یان نەماوە.

## چارەسەر

ئاشـــنابوون و فێربوون و دۆزینـــەوەی ئەو وشە و دەســـتەواژانەی هەڵگری مەغزایەکی مرۆڤســـالارانە و ژیان دۆستانەن بۆ رووماڵی پرسەکان. مشتومالّکردنی زمانی نووسینمانە لەو وشـــە و چەمکانـــەی هەڵگری نەزعەی دوژمنکارانـــەن بەرامبەر بـــە ژنان. ئەمەش بە خوێندنـــەوە و بەدواداگەڕان و پرســـیار دەبێـــت. بۆنموونـــە دەکرێت لێـــرەدا چەند چەمک و دەستەواژەیەکی هەڵگری مەغزای پیاوسالارانە بخەینە بەرچاو:

(شوویکردووە... هاوسەرگیری کردووە)، (خاوەنـــی منداڵە.... دایکـــی منداڵە)، ( مارە کراووە... گرێبەســـتی هاوسەرگیری کردوو)، (ئاهەنگـــی بـــووک گواســـتنەوە... ئاهەنگی هاوســـەرگیری)، (خۆی خنکانـــد... تەرمی دۆزرایـــەوە و دەوترێت "خۆی خنکاندووە")، (خۆی کوشـــت.. دەوترێت، یان بانگەشەی

ئـەوە دەکرێت کـە "خۆی کوشـتووە"، (مێردی ژنەکە... هاوسـەری ژنەکە)، (دوو جـار شـوویکردووە... دووجـار پرۆسـەی هاوسـەرگیری کردووە)، (پیاوێکی خاوەن سێ ژن... پیاویک سـێ جار هاوسەرگیری کردووە)، (ژنانـی حزبەکان... ژنانی ئەندامی حزبـەکان)، (ژنێکی عـەرەب.. ژنێکی بە رەچەڵـەک عـەرەب)، (ماڵی بـاوان.. ماڵی خۆیـان)، (ماڵـی باوکـی.. ماڵـی دایک و باوکی)، (بۆ تحرش.. گێچەڵی سێکسـی)، (بـۆ ئیغتصاب.. دەسـتدرێژی سێکسـی)، (ژنی سەرۆک.. هاوسەری سەرۆک)، (ژنانی زینـدان.. ژنانـی زیندانیکـراو) .. ئەمانە و چەندیـن دەسـتەواژە و رسـتە و چەمکی دیکە رۆژانە لە میدیاوە بڵاودەکرێنەوە بە بێ ئەوەی سەرنجبدەینە ناوەرۆک و ئەو پەیامە ژەهراوییانـەی لە ناواخنی ئـەو چەمکانەدا هەن.

## هەشتەم: زەقکردنەوەی تاوانی ژن

ماوەیەک دەبێت هەندێک سـایت و کەناڵی کوردی موشـتاقی ئەوەن ژنێک لەو پەڕی دنیـا تاوانێک ئەنجام بدات و ئەمان لێرە بە ناونیشـانی سـەرنجراکێش بڵاوی بکەنەوە. هاوکات لێـرەش حاڵەتی ئەشـکەنجەدانی چەنـد منداڵێـک لـە لایـەن دایـەن و زردایکیانەوە بە جۆرەها شـێوە کاری لەسەر کرا، وەک هەوڵێک بۆ دزێوکردنی وێنای ژن.

زەقکردنـەوەی ئـەو حاڵەتانـە و گەورەکردنیـان لە قەبارەی خۆیـان زیاتر وەک تۆڵەسەندنەوەیەکی پیاوانی کۆمەڵگەیە لە ژنان. بـەو پێیەی میدیا پیـاو بەرێوەی دەبات، ئیـدی میدیا لـە خزمەتی عەقڵی پیاوسـالاریە و دەیەوێـت پێمان بڵێت ژن ئەو مرۆڤە هەسـت ناسـک و ژیان دۆست و ئەوینخـوازە نییـە، کـە بانگەشـەی بۆ دەکرێت، بە پێچەوانەوە ژن دڕندەیە. ئەوەتا هاوسـەرەکەی دەکوژێـت، ناپاکی دەکات، منداڵ دەکوژێت، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی "گاز لە چوکی پیاو دەگرێت" (وەک ئەو حاڵەتـەی لە ڕانیە روویدا و تەنانەت لە میدیای جیهانیشـدا بڵاوکرایەوە و وشـەی "گاز"ی بـۆ بەکارهێنرابوو) بەو مانایەی ژن وەک ئاژەڵی دڕندەیە و گاز و قەپ دەگرێت، لـە کاتێکدا ئەوە جۆرێک بوو لە بەرگری لە خۆکردن.

## نۆیەم: بایەخدان بـە ڕێکخراوەکەی پیاوان و درووشمەکانیان

زەقکردنەوە و هێنانەپێشـەوە و دەرخستنی ئـەو ڕێکخـراوەی ژمارەیـەک کـەس دایانمەزرانـدووە بە نـاوی داکۆکیکردن لە پیـاوان و بڵاوکردنەوەی ئامـار و زانیارییە چەواشـەکارییەکانیان تاوانێکە بەرامبەر بە ژنان دەکرێت.. چونکە لە بنەڕەتەوە پاساوێک بۆ درووسـتبوونی وەها ڕێکخراوێک نییە و هـاوکات ئەو تاوانانـەی بەرامبەر بە پیاوان دەکرێت، لەسەر بنەمای ڕەگەزی و پاراستنی شـەرەف نییـە، وەک ئەوەی بە پاسـاوی پاراستنی شەرەف و لەسەر بنەمای ڕەگەزیی تاوان دەرهەق بە ژن دەکرێت. ڕەنگە پیاوانی میدیا و ئەو عەقڵیەتە پیاوسـالارییەی میدیا بەڕێوە دەبات بە عەقڵی تۆڵەسەندنەوە ڕەفتار لەگـەڵ ژندا بکات و دەیەوێـت بڵێت ئەوە تەنیـا ژنان نیین تاوانیان بەرامبەر دەکرێت، بەڵکو پیاوانیش ستەمدیدەی دەستی ژنانن.

## دەیەم: پەراوێزخسـتنی ڕۆڵی ژن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا

لە دامەزراوە و کەناڵە میدیاییەکانی هەرێمی کوردسـتاندا، ژن زیاتـر وەک کاڵایەک بۆ ڕازاندنەوەی شاشـەکان بـەکار دەهێنرێت. بەشـێک لەو ژنانەی لەسـەر شاشـەکانن، وەک بووکەڵە عەقڵی پیاوسـالارانەی میدیا بەکاریـان دەهێنێـت. بێگومـان ئەمە بە گشـتیی نییـە و ژنانێکی خـاوەن توانا و

بەهرەی نووسین و درکی میدیایی بەهێز هەن، کە لەسەر شاشەکانن. بەڵام بەشێکی دیکە هەن، بە هۆی جەستە و لەشولار و نمایشی جلوبەرگیانەوە خۆیان ئاڵاندووەتە میدیا و عەقڵی نێرسالاری کۆمەڵگە خواستی لەسەر بینینیان هەیە و پیاوانی میدیا وەک کاڵایەک بۆ راکێشانی سەرنجی نێرینەی کۆمەڵگە لە بری ئەوەی کاری راستەقینەی میدیایی بکەن، نمایشیان پێ دەکەن. ئەمەش جۆرێکە لە چەوساندنەوە و بە کۆیلەکردن و بە کاڵاکردنی خودی ئەو جۆرە میدیاکارە ژنانە.

بە گشتیی لە میدیاکاندا ژنان خاوەنی بڕیار نین، ڕۆڵەکانیان لاواز و پەراوێزخراوە. زۆرتر لە سورگەی جێبەجێکردنی فەرمانی پیاوانی میدیان نەک ئەوەی خۆیان نەخشێکیان لە دارشتنی بڕیاری میدیاکانیان هەبێت. ئەمە ئەو کەناڵ و سەرچاوە هەواڵیانە ناگرێتەوە، کە ژنان دایانمەزراندووە و خۆیان بەڕێوەیان دەبەن.

## یازدە: برەودان بە بازرگانیکردن بە جەستەی ژنەوە

مۆدیلکار و ئەو ژنانەی بە هەر هۆیەک بێت، بوونەتە مۆدیلکار و ڕۆژانە لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە پێناو دەستخۆشی نێرینەی کۆمەڵە و برەودان بە کاڵای بازرگانی سەرقاڵی کاری ڕێکلامن و خۆیان وەک مۆدیلکار دەناسێنن، باسی گەرم و میوانی بەردەوامی ئەو شاشانەن، کە هەموو کار و ئەرکێکی میدیایی لە خۆشی و کات بەسەربردندا دەبینن و تەنیا کاریان گاڵتە وگەپ و پڕکردنەوەی کاتی بینەرە بە بابەتی بێ بەها. ئەو ژنانە بەر لە هەر شتێک میدیا ستەمی لێکردوون و ئەوانی لە ژنبوون و ڕۆڵی راستەقینەی خۆیان داماڵیوە و وەک کاڵا بەردەوام پیشانی وەرگریان دەدات.

ئەو ژنانە هیچ بەهرە و داهێنان و بایەخێکی زانستی و مرۆییان لە ژیاندا بۆ نەماوەتەوە و تەنیا سەرمایەیەک، کە میدیا پێی بەخشیون، شانازیکردنیانە بە جەستە و قەبارەی سمت و تاتۆی سەر شوێنی هەستیاریان و ئەندازەی کەمەریان و لچ و کوڵمی هەڵتۆقیویان. بۆیە دەبینین هەواڵی گەرمی هەندێک کەناڵ، بەو جۆرەیە: تاتۆکەی فڵان کچە مۆدیلت بینیوە؟، فڵانە کچە مۆدیل چەند نەشتەرگەری کردووە؟ فڵانە کچە مۆدیل خەون بە کێوە دەبینێت؟ ببینە فڵانە کچە مۆدیل بە جلی ژێرەوە دەرکەوت؟ ئەمانە و چەندین ناونیشانی بێزراوی دیکە.

ئەمانەی خرانەڕوو، لانیکەم بەشێکی ئەو تاوانەن ڕۆژانە لە ڕێگەی میدیاوە لە بەرامبەر پرس و دۆسییەکانی توندوتیژی دژی ژنان دەکرێن و ئیدی ئەوە ئەرکی میدیایە لە لایەک، چالاک و ڕێکخراوەکانی ژنانە لە لایەکی دیکەوە توانایان بخەنەگەڕ بۆ راستکردنەوەی باری لارو راستکردنەوەی هەڵە و کەموکورتییەکان.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


١-Macharia, Sarah. مجموعة مصادر التعلم عن صحافة أخلاقيات النوع و سياسة الإعلام. Netherlands: WACC-IFJ, 2012.

٢- الجزيرة. نص الوثيقة الختامية لمؤتمر بكين الخاص بالمرأة. 10 25, 2016. https://www.aljazeera.net/encyclopedia/encyclopedia-humanrights/2016/10/25/).

٣- الرفاعي, ليلى. الجزيرة. 6 21, 2017. https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/2017/6/21/

٤- زەنگەنە, هودا. پێنووس. 10 24, 2016. http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/266-2018-09-02-18-56-38 (accessed 3 10, 2021).

٥- لهاونلاين. دراسات. 7 25, 2007. http://www.lahaonline.com/articles/view/

٦- مەحمود, هۆزان. کوردپیدیا. 12 5, 2020. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2018010620250214 3813&lng=10 (accessed 3 5, 2021).

٧- ئەحمەد, عومەر عەلی. ژن مەگەزین. 2 25, 2020. magazhin/posts/2504238933125212 (accessed 3 11, 2021).

# شبکەی کُرد

## مصداق بارز صنعت فرهنگ حکومت اشغالگر بر علیه کوردستان و سوژەهای وابسته کورد به اشغالگر

**ڕامان ڕۆژهەلات**

حکومتهای دیکتاتور در همەی نقاط جهان از میدیا جهت ترویج افکار و ایدئولوژی اقتدارگرای خود بهره گرفته و می‌گیرند. حکومت پهلوی و وارث نیمه خلف آن یعنی جمهوری اسلامی رادیو و تلویزیون را تریبون خود برای اعلام و القائ تفکر خود به غیرخودیهایشان می کردند.

## مقدمه

در این نوشتار سعی بر آن است که استفاده‌ی حکومت اشغالگر از رسانه به عنوان تریبونی برای اشـــاعه‌ی ایدئولوژی سرکوبگر خود در ســـرزمینهای مســـتعمره و پرورش سوژه‌ی وابســـته به خود از ســـاکنان آن سرزمینها مورد تحلیل قرار گیرد. مصداق بارز این امر شبکه‌ی «کرد»! است که از سنندج پخش می شود. در واقع شبکه‌های استانی و منطقه‌ای که برنامه‌ی کوردی پخش می‌کنند براساس همین هدف مدیریت می‌شـــوند. لذا منتقد کوردی که خود را فرزند خلف کوردســـتان می‌داند، از هر طریقی بایســـتی این نقشه‌ی شوم را با استدلال متقن خنثی کند. در واقع نوشته‌ی حاضر از تحلیل محتوای برنامه‌های متنوع شـــبکه‌ی کرد منتج شده‌اســـت. که ارتبـــاط این برنامه‌ها در اشـــغال ذهن ملت کـــورد و برانگیختن آنها بر ضد جنبش های آزادیخواه کوردســـتان می‌باشد. لذا بایستی جنبشـــهای آزادیبخش کوردستان در آشکار کردن و خنثی کردن دسیســـه‌های حکومت اشغالگر به جد اهتمام ورزند.

## ترسیم کلی محتوای برنامه‌های شبکه‌ی کرد

محتوای برنامه‌ها مذهبی، زندگی روستانشینی و تقریبا طبیعی، موســـیقی فولکلور کوردی و موســـیقی ظاهرا کوردی ولی با ســـبک و ســـیاق فارســـی که با نام موسیقی ایرانی بر دیگـــر ملتهـــا تحمیل می‌شـــود. برنامه‌های اندکـــی در مورد ادبیات کوردی که در قالب ایدئولوژی جمهوری اســـلامی بگنجد، برنامه کـــودک که با زبان کوردی ولی در دســـتور زبـــان و فونوتیک و لحـــن تقلید از الگوهای فارس زبان اســـت، میان پرده‌ها و سریالهای مبتذل کوردی که بیشـــتر مســـخره‌بازی و لودگی‌اســـت تا طنز، ســـریالهای تکراری‌ای که در شـــبکه‌های سراسری و استانی پخش می‌شـــوند و برنامه‌های ایدئولوژیک رســـمی ایرانی- اسلامی، می‌باشند که هر کدام را با محک تحلیل بررسی می‌کنیم.

۱.

**برنامه‌های مذهبی** که در اوقات شرعی روزانه و مناســـبتها و اعیاد پخش می‌شـــود دارای محتوایی متناقض با هدف از اجرای آنهاست. جمهوری اسلامی از یک سو با داعش، القاعده، اخوان‌المسلمین، انواع سلفیسم و حرکتهای اســـلامی کوردســـتان عراق ارتباط مستقیم دارد و مجوز تبلیغ در کوردســـتان شرقی را بـــرای جذب نیرو و هـــوادار به آنها داده و از فعالیتهـــای آنها ممانعتی به عمل نمی‌آورد و از ســـوی دیگر برنامه-های مذهبی شبکه‌ی کرد و دیگر شـــبکه‌های استانی و منطقه‌ای که برای کورد اهل ســـنت برنامه پخش می-کنند، بســـیار فردگرایانـــه، محافظه‌کارانه و ســـطحی اســـت. برای مثال در مورد ظلم و معیارهای ظالم بودن و مسئولیت مسلمانان در برابر وی ســـخنی به میـــان نمی‌آید. ولی مکررا بدگویـــی از آمریکا و اســـرائیل و هر کشور و طرفی که مخالف ایدئولوژی و منافع و سیاستهای جمهوری اســـلامی باشد بیان می‌شـــود. تحمیل مصداق به ذهن مخاطب بدون تشـــریح مفهـــوم آن فریـــب مخاطب می‌باشـــد که این امر به وســـیله روحانیون دولتی و وابسته به جمهوری اسلامی صورت می‌گیـــرد. نتیجـــه‌ی این وضعیـــت بیان آن قســـمت از فقه اهل ســـنت می-باشد که در خدمت تثبیت اقتدار جمهوری اسلامی قرار می‌گیرد. موضع روحانی اهل تشـــیع موضع روحانی کورد شیعه نیست، موضع جمهوری اسلامی است. روحانیون شیعه و سنی پرورش یافته در مراکز اسلامی و حوزه‌های علمیه‌ی وابســـته به حکومت شخصیت یکسانی دارند و قول و عمل آنها نه در خدمت ملتشان بلکه در خدمت بقای جمهوری اسلامی است. این الگو از روحانیت با دیکته شدن موارد ضروری

به ایشان در مقابل دوربین ظاهر می‌شوند.

.٢

**زندگـــی روستانشـــینی و تقریبـــا طبیعی:** جامعه‌ی کوردســـتان همانند همه‌ی جوامع خاورمیانه در وضعیت گذار قرار دارد. تعارض ســـنت و مدرنیته را در زندگی کورد و عرب و ترک و فارس می‌توان مشـــاهده کرد. ولی سیاســـت جمهوری اسلامی در قبال ملتهای غیرفارس تلقین تصویر زندگی پیشـــامدرن از خودشـــان به خودشان است. اینکه هویت کـــوردی در چوپانـــی و لبـــاس کـــوردی و غذاهای محلی و ادبیات شـــفاهی و تعصب و غیرت عشـــیره‌ای خلاصه بشود. و تقویت ایـــن تصویـــر در ذهن مخاطبیـــن کورد در بازگرداندن ذهن ایشـــان به روستاها میسر است. برنامه‌های مردم‌شناسی لازم و آرشیو کردن دستاوردهای بشری ضرورت تام دارد. ولی برنامه‌ای مثل «رێگا» پیشـــامدرن نشان دادن زندگی در کوردســـتان است. فرهنگی عـــاری از تعقل که به غیر از تامین نیازهای اولیه‌ی معیشـــت دغدغه‌ای ندارد. و معرکه گردان این ســـناریو ســـوژه‌های لوده-ایست که در مراســـم سپاه پاسداران باعث خنده‌ی پیشـــمرگان مســـلمان «جاشـــها» می‌شوند. برنامه‌هایی که در سطح شهرها تهیه می‌شود نیز از همین عقلانیت سرچشمه می‌گیرد که ظرفیت ذهنی دست‌اندرکاران کورد که فاقد عناصر مدرن می‌باشد( و این معضل بسیاری از مردم، حتی تحصیلکردگان کورد اســـت.) تســـهیلگر اجرای عقب نگهداشـــتن ذهنیت احـــاد مردم در مرحلـــه‌ی طبیعی زندگی و ممانعت از شـــکلگیری ذهنیت سیاســـی در آنان است، غافل از اینکه آگاهی سیاسی در میان توده‌ی مرم کوردســـتان امری غیرقابل انکار است ولی جمهوری اسلامی و دستگاه ایدئولوژیکش به فعالیتش ادامه داده و سوء اثر خود را خواهد گذاشت.

### موسیقی فولکولور کوردی و موسیقی ظاهرا کوردی ولی با ســـبک و سیاق فارسی که با نام موسیقی ایرانی

موسیقی کوردی دارای شناسنامه‌ای مستقل از موسیقی فارسی است و با پرهیز از تعصب ملـــی، در برخی ابعـــاد قویتر از موســـیقی ملتهـــای همســـایه‌اش رخ می‌نمایـــد. البته ایـــن به معنای برتری موســـیقی کوردی بر موسیقی دیگر ملتها نیست و هر کدام سبک و سیاق و زیبایی شناسی خود را دارد. آنچه در شبکه‌ی سنندج روی می‌دهد در راستای فاشیزم ایرانی است. موسیقی کوردی تا حد ابتذال پایین آمـــده و تصویری بدوی از آن نشان داده می‌شود. موسیقی فاخر آن است که در دستگاههای موسیقی ایرانی بگنجد و لحن و ســـبک و سیاق آن تقلید از موسیقی فارسی باشد. مساله‌ی مهم دیگر این است که درکی از موسیقی کوردی در فضای شبکه‌ی مذکور وجود ندارد و جرات پرداختن به این مهم در هنرمندان و کارشناسان دعوت شده نیز موجود نیست. برای خالی نبودن عریضه از آثار اســـتادان موســـیقی کوردی همچون «مامۆســـتا حەســـەن زیرەک، ماملـــێ و...» استفاده می‌شود ولی نمایندگان موسیقی به ظاهر کوردی با سبک و سیاق فارسی بسیار بیشتر به نمایش درمی‌آیند.

**برنامه‌هـــای اندکـــی در مـــورد ادبیات کـــوردی که در قالب ایدئولـــوژی جمهوری اســـلامی بگنجد:** ادبیات کـــوردی علی‌رغم نبودن پشتوانه‌ی سیاسی همپای دیگر ملتها رشد کرده اســـت. در شبکه‌ی کرد کمترین امیتی به این مهم داده می‌شود. زمان اندک در طول هفته و نشان دادن تصویری محدود و محافظه‌کارانه از آن، عملا ادبیات کوردی را از ادبیاتـــی ملی به ادبیاتـــی منطقه‌ای و محلی تبدیل کرده‌اســـت. علاوه بر خوانش ایدئولوژیک از ادبیات در جمهوری اســـلامی ـ که بعد ایرانچی بودنـــش دنباله‌ی پهلوی

است ـ ، کوردی بودن نیز سانسور می‌شود. همانند بخشـــهای قبل‌الذکـــر محتوای دال بر بعد سیاســـی هویت کـــوردی ـ که الزاما برضد جمهوری اســـلامی هم نیست ـ حذف می‌شود.

**برنامـــه کودک که با زبـــان کوردی ولی در دســـتور زبان و فونوتیـــک و لحن تقلید از الگوهـــای فارس زبان اســـت:** سیاســـت جمهوری اســـلامی در راســـتای یک زبان ـ یک ملت پیچیده‌تر از سیاست پهلوی است. ایده پردازانی مثل ناصر فکوهی تثبیت زبان فارســـی را در بین غیرفارســـها به پیش از دبستان گسترش داده‌اند. کارکرد مهدهای کـــودک در مناطق غیرفـــارس زبان با توجه به سیاستهای آموزشـــی و نظارتی مرکزگرا بـــر آنها، دلیل این مدعی اســـت. شـــبکه‌ی ســـنندج نیز در زمینه کوتاهی ننموده است. زبان کوردی نیز مورد استفاده قرار می‌گیرد ولی لحن، دســـتور زبان و بسیاری از کلمات فارسی است. به کارگماری مجریان ناکارآمد و سرسپرده و در بهترین حالت افرادی ناآگاه تثبیت هژمونی زبان فارســـی را بر برنامه‌ها، به ویژه برنامه‌ی کودک، تسهیل نموده است.

**میان پرده‌ها و سریالهای مبتذل کوردی که بیشتر مسخره‌بازی و لودگی‌است تا طنز:** این بخش در کانالهایی که برای غیرفارســـی زبانـــان برنامه پخـــش می‌کنند مشـــترک می‌باشـــد. زبان این میان پرده ها و سریالها به ظاهـــر طنز ولی فاقد محتـــوای انتقادی اســـت. بهره‌گیری از زبان کـــوردی با لحنی تهی از تعقـــل و منفت طلبانه و فردگرایانه، تصویری از زندگی عادی مردم کوردســـتان ارائه مـــی دهد کـــه دور از تمـــدن، بدون بینش سیاســـی، تلاش برای تامین نیازهای اولیه، زندگی شخص محور و محافظه‌کارانه می‌باشد. کاراکترهای موجود در این برنامه‌ها با زبان ی نزدیک به شـــیوه‌ی روستانشینی و عشـــایری تکلم می‌کنند و دلیل وجهه‌ی نوســـتالوژیک آن مورد توجـــه مهاجران از روستا به شهر قرار می‌گیرد. جلب توجه این قشـــر به این برنامه‌ها برای جلبشان به دیگر برنامه‌های ایدئولوژیک اســـت. مردم باید به شبکه‌ی کرد عادت کنند.

**ســـریالهای تکراری‌ای که در شبکه‌های سراســـری و اســـتانی پخش می‌شـــوند:** در شبکه‌های استانی ســـریالهای مبتذل ایرانی به صورت متناوب پخش می‌شـــود. علاوه بر ناتوانی در پر کردن زمان پخش برنامه‌ها که ناچارا با ســـریالهای تکراری پر می‌شـــود، به ذهن مخاطبین عامه مفهـــوم «ایران واحد» القا می‌شـــود. در ظاهر بحث وحدت در عین کثـــرت را به میـــان می‌آورند کـــه در واقع یکدســـت نمودن ذهنهاست و در این میان غیرفارس زبانان مقلد زبان و اطوار فارســـها خواهند بود.

**برنامه‌های ایدئولوژیک رســـمی ایرانی- اســـلامی:** حکومتهای دیکتاتـــور در همه‌ی نقـــاط جهان از میدیا جهـــت ترویج افکار و ایدئولـــوژی اقتدارگـــرای خود بهـــره گرفته و می‌گیرنـــد. حکومت پهلـــوی و وارث نیمه خلـــف آن یعنـــی جمهوری اســـلامی رادیو و تلویزیـــون را تریبون خود بـــرای اعلام و القائ تفکـــر خود به غیرخودیهایشـــان می کردند. با گســـترش اســـتفاده از تکنولوژی ماهواره‌ای و انترنـــت، حکومت از این قافله عقب نیافتاد و کانالهای استانی نیز ماهوارای شـــدند. حتی برای ملتهایی که بخشـــی از آنهـــا درخارج از مرزهای ایـــران قرار دارند، برنامه تهیه می‌کند. اثر سوء شبکه‌ی جهانی سحر بر جامعه‌ی عشیرتی جنوب کوردستان انکارناپذیر اســـت. در نحوه‌ی تهیه و پخش این قســـمت از برنامه‌ها هویت کوردی تماما انکار شـــده و به عنوان عقبه‌ای عقب افتاده و طفیل هویت ایرانی نمایانده می‌شـــود که مثلا با وقوع انقلاب شـــکوهمند!! اسلامی از بند اســـتکبار رها شده و پس از انقلاب نیز

از بند وابستگان به استکبار رهانیده شده‌اند. بخشـــهای قبلی در واقع جهت آماده‌سازی ذهن مخاطب برای ارائه‌ی این بخش است.
سوژه‌های ناآگاه کورد که به زعم خویش در خدمت ترویج فرهنگ کوردی هســـتند باید به موارد ذیل توجه نمایند.

.۱
مکانیزم جمهوری اسلامی آنچنان پیچیده و غامض نیســـت که نتوان آن را تحلیل کرد. اگرافراد ناآگاه و یا بی مســـئولیت نســـبت به ملت کـــورد گرداننـــدگان برنامه‌های آن نباشند، نمی‌تواند کاری از پیش ببرد. زبان با بار معنایی آن ارزشمند و توان اثرگذاری در پیشبرد زندگی بشری، به عنوان ابزار ارتباط و انتقال اطلاعات را خواهد داشت. شبکه ی کرد نه‌تنها در جهت عکس غنابخشـــیدن به زبان کوردی فعالیـــت می‌کند، بلکه عامدانه به تهی کردن آن از معنا و تقلیلش به زبانی بدوی که به تدریج دســـتور زبان فارسی در آن به کار می‌رود، مشغول است.

.۲
فرهنگ کوردستان را در مقابل فرهنگ مرکز خودکم بین و حقیر نشـــان می‌دهد. این امر در راســـتای سیاستی اســـت که تلاش دارد هویتهای مســـتقل داخل مرزهای ایران را از لحاظ روانی به مرکز وابسته کند و این امر با متجدد و برتر نشان دادن فرهنگ مصرفگرای مرکـــز و عقـــب مانده نشـــان دادن فرهنگ ملتهای غیر فارس محقق می‌شـــود. مکانیزم تحقق این برنامه اشـــغال ذهـــن مخاطبین پیرامون است که به شکلی غیرمستقیم عمل می‌کنـــد. افراد در دوره پهلوی اول با زور به شکل مرکزنشینان درمی‌آمدند ولی اکنون با صنعت فرهنگ بدون خشـــونت به آن مایل می‌شوند. شـــبکه‌ی کرد در این راستا خوب برنامه‌ریزی شده است.

.۳
در زمانهایی که اشغالگر نیازمند مشروعیت بخـــش بـــه خـــود از طریـــق کارناوالهای انتخاباتی اســـت، انواع برنامه‌های پیشـــتر گفته شده مستقیما به حرکت در می‌آیند. یعنی علمای دولتی با توجیهاتی ســـخیف، موســـیقی و خیمه‌شـــب بـــازی مبتذل با بازیگرانی مبتذل، هنر و موسیقی بی محتوا و.... به تریبون انتخابات تبدیل می‌شـــوند. واقعیتی نمایان می‌شـــود به این صورت که جمهوری اســـلامی اعتقادی به تکثر دینی — مذهبی، فرهنگی و سیاسی — اجتماعی ندارد. هر پدیده‌ای با ارزشـــش در خدمت به هویت ایرانی شـــیعی سنجیده می‌شود. کورد شـــیعه و ســـنی برای وی دیگری به شمار می‌آید. فقط در روش استحاله با آنها متفاوت برخورد می‌کند.

## سخن آخر
شـــبکه ســـنندج با زبانی ســـاده و فارغ از اصطلاحات علمی بررســـی شـــد. جمهوری اسلامی در سیاست اسیمیلاسیون دیگریهای خود بیش از پیش مصمم می‌باشد. و آنجایی که صنعت فرهنگش کارکرد نداشـــته باشد و نتواند مســـتقیما دیگـــری را جذب کند، به روشهای غیرمســـتقیم و با بهره‌گیری از عناصر فرهنگی دیگری نقشه‌ی استحاله‌اش را طرحریزی می‌کند. شبکه‌ی سنندج علاوه بر خســـارتهایی که به فرهنگ کوردســـتان زده اســـت، نتوانســـته توفیـــق چندانی در خدمت به جمهوری اســـلامی کســـب کند. عموم مردم کوردستان به آن جاش تی وی می‌گوینـــد. جمهوری اســـلامی با آگاهی از ایـــن موضعگیری همجنان به تهیه و پخش برنامـــه از این کانـــال ادامه می‌دهد چرا که جامعه هدفش قشـــری ناآگاه می‌باشد و به امید حضور ایشان در کارناوالهای دولتی دل بسته است.

# ”ڕوانگه“

# حیزبی هاوچەرخ:
# جیابوونەوە و دابڕانەکان

**مەعروف کەعبی**

”

خەسارە سیاسییەکان و لاوازکردنی یەکیەتی و خەبات لە پێناو ئامانجی سیاسی بەهۆی ئەو دابڕان و نەسازانەوە لە لایەن زۆر کەسەوە باس کراوە و لەوانەیە تەنها خاڵێک بێ کە بیروڕای گشتی ئێمە لە سەری هاودەنگە. تێکشکاندنی کەسایەتییەکان و دابەزاندنی ورەی سیاسی و هزریی، لاوازکردنی توانایی کەسەکان و بەفیڕۆدانی سەرمایە ئینسانییەکان، ئەمانە خەسارەکانی دیکەی دابڕان و جیابوونەوەکان پێک دەهێنن. لە هەمان کاتدا کەسانی دیکە هەوڵیان داوە هۆکارەکانی ئەو جیابوونەوانە کە تەنیا لاوازیی و پرژوبڵاویی ڕێکخراوەیی و هزریی و نەک بەهێزبوونیان لێ کەوتووەتەوە، دەست نیشان بکەن.

“

دیـــاردەی دابـــڕان و جیابوونـــەوە لە حیزبە کوردســـتانییەکاندا دیاردەیەکـــی زەقـــی چەنـــد دەیـــەی ڕابـــردوو و ئێســـتایە. ئەم بابەتـــە هێشـــتا ســـەرەکیترین خاڵی باس و گفتوگـــۆکان لـــە گۆڕەپانـــی سیاســـی و مەجازیـــدا پێـــک دەهێنێت. کەشـــوهەوای باســـەکان ڕەنگدانـــەوەی شـــکڵ و جۆری جیابوونەوەکانن. جیابوونـــەوە و توندوتیژیی پێکـــەوە دێن؛ باســـی لایەنەکانیش هەر بەو شـــێوەیە هاوکات بووە لە گەڵ توندوتیژیی. ئەگەرچـــی جیابوونەوەکان هـــەر جارێک و بۆ ماوەیەکـــی کـــورت جموجۆڵێکی دیاری بەشـــوێنەوە هاتووە، بە گشتی ئەنجامەکەیان بوەتـــە پەرەپێدانی خەمۆکیی سیاســـی. لە هەمان کاتدا، جیابوونـــەوەکان بێ‌متمانەیی کۆمەڵگا و ڕووناکبیرانی لە حیزبی سیاســـی بە گشـــتی و حیزبـــە کوردســـتانییەکان بە تایبەتی خەستتر کردوەتەوە. لە کوردستانی ئێران/ڕۆژهـــەڵات، پێناســـەی حیزبەکان کە هـــەم لە باری ڕێکخراوەیـــی و هەم لە باری بەرنامەی سیاســـییەوە ڕێکخـــراوی ئێرانی پێناســـە دەکرێن، لە ١٣٧٠/١٩٩٠ بەملاوە بریتی بووە لە «انشـــعاب» واتـــە جیابوونەوە. چەند ڕێکخراوی ئێرانی و کوردســـتانی لەو وڵاتـــە و لە عێـــراق بە درێژایی ســـاڵەکانی دەیەی ١٣٦٠/١٩٨٠ چەندین جیابوونەوەیان تاقی کردەوە. ئێستا نەریتی سیاسیی حیزبی دیمۆکـــرات و کۆمەڵە هەر کامەیان لە لایەن چەند ڕێکخـــراوەوە نوێنەرایەتی دەکرێ. لە هەرێمی کوردســـتانیش دابڕان و ئاکامەکانی لە ســـەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕاندا خۆی دەرخســـت. هیچ حیزبێکی دیکـــە نییە کە ئیدیعای ئەوە بکات کە خاوەن ئینسیجامێکی هزرییە و بێبەرییە لەو کێشمەکێشـــانەی وا لە حیزبەکانی دیکەدا دابڕان و جیابوونەوەی لێ کەوتوەتەوە ئەگەر جیابوونەوەیشـــی تێدا ڕوو نەدابێ؛ نارەزایەتی کۆنترۆڵ (سەرکوت) کـــراوە. جوگرافیـــای جیابوونـــەوە و پێکەوە نەســـازان تەنیا تایبەتی کوردستان نییە. بۆ وێنـــە حیزبەکانی دیکە لە ئێـــران و نەریتە سیاسییەکانیش وەک فیدایی و بەرەی چەپ گیرۆدەی ئـــەو کێشمەکێشـــانەن کە زۆرتر دابڕان و نەک ســـازانیان لـــێ دەکەوێتەوە. هـــەوڵ دان بۆ ســـازان و پێکهێنانی بەرە لە هیـــچ نموونەیەکیـــدا ســـەرکەوتوو نەبووە و جاری واش هەیە هەوڵی چەندین ســـاڵە بۆ پێکهێنانی بەرەیەک یان حیزبێک بێ ئاکام ماوەتەوە، ســـەرەڕای ئـــەوەی وزە و تینێکی زۆر بە خســـار چووە. بێ گومان لێکدانەوەی ئـــەم وتارە ناتوانـــێ بۆ هەمـــوو نموونەکانی جیابوونەوە و گەشەی بیری جیاواز لە ڕەوتی ژیانی حیزبێکدا بگونجێ. بەڵام هەر وەک لە خوارترەوە دەوترێ، هەوڵ ئەدا چەند خاڵێکی هاوبەش بدۆزێتەوە کە حیزبایەتی ســـەردەم پێناســـە ئەکەن. لە هەمان کاتدا ئەو هۆکار و چەمکانە کە باســـەکە پێکەوە گرێ دەدەن و بۆچوونـــی ئەم وتارە پێک دەهێنن، ناتوانن هەمـــوو ئەو خاڵانە یـــان تەنانەت زۆربەیان بن کـــە حیزبی ســـەردەمی ئێمە پێناســـە ئەکەن. لێرەشدا هەوڵم داوە چەند چەمکێکی هاوبـــەش بدۆزمـــەوە. تێگەیشـــتنەکان و ئەزموونی سیاســـی نووسەر لە ناخی نەریتی سیاســـی و چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شـــکڵی گرتـــووە و بێ‌گومان ئەو پێشـــینە کاریگەریی لە ســـەر بۆچوونەکانی ئەم وتارە دادەنێ. لـــە لایەکی دیکەوە، ئـــەو نموونانە دەهێنمەوە کە بتوانن یارمەتی باسەکە بکەن. بۆیە ئەم نووسراوەیە کە نەدەکرا لەمە کورتتر بێ، دەبێ وەک پێشەکییەک بۆ هەڵخڕاندنی بـــاس و توێژینەوەی زۆرتر لە ســـەر بابەتی حیزبی هاوچەرخ چاوی لێ بکرێ.

خەســـارە سیاســـییەکان و لاوازکردنـــی یەکیەتی و خەبات لە پێناو ئامانجی سیاسی بەهۆی ئەو دابڕان و نەسازانەوە لە لایەن زۆر کەســـەوە باس کراوە و لەوانەیە تەنها خاڵێک بێ کـــە بیروڕای گشـــتی ئێمە لە ســـەری

هاوەدەنگە. تێکشکاندنی کەسایەتییەکان و دابەزاندنی وزەی سیاسی و هزریی، لاوازکردنی توانایی کەسەکان و بەفیڕۆدانی سەرمایە ئینسانییەکان، ئەمانە خەسارەکانی دیکەی دابڕان و جیابوونەوەکان پێک دەهێنن. لە هەمان کاتدا کەسانی دیکە هەوڵیان داوە هۆکارەکانی ئەو جیابوونەوانە کە تەنیا لاوازیی و پرژوبڵاویی ڕێکخراوەیی و هزریی و نەک بەهێزبوونیان لێ کەوتووەتەوە، دەست نیشان بکەن. تازەترین کتێبی مەلا بەختیار لە ژێر ناوی ‹لە بری بیرەوەری› نموونەیەکە لەو هەوڵانە. لە گەلێک وتار و باسی ئەم دواییانەدا سەبارەت بە نەریتی چەپی ئێرانی، بۆشایی نەبوون یان بەردەوامنەبوونی «ڕێبازی سیاسی» (خطمش سیاسی) زەق دەکرێتەوە و هۆکارەکەی «جبەخانەی تیۆریک» دەزانرێت کە ئەو نەریتە پاڵی پێوە داوە بەڵام ناهێڵێ ڕێبازی سیاسی گونجاو و سەردەمییانە (واتە نوێ) شکڵ بگرێ تا جوابی ویستەکانی زەمانی خۆی بداتەوە. نە تەنیا هەموو ئەو جوابانە لە جێگای خۆیان دان، بەڵکوو ئەوە بۆ هیچ کەسێک ئەرکێکی زەحمەت نییە کە بتوانێ چەند هۆکارێک بۆ دابڕانەکان بە گشتی و ئەوانەی حیزبەکەی خۆی بە تایبەتی بدۆزێتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەوەیکە ئەم وتارە دەیهەوێ ئاماژەی پێ بکا لایەنێکە کە کەمتر هێنراوەتە بەر باس. لە جیاتی ئەوەی حیزبێکی دیاریکراو بکاتە بابەتی لێکۆڵینەوە، ئەم نووسراوەیە سەرنجەکان بۆ ئەوە ڕادەکێش کە هۆکاری جیابوونەوەکان لە هۆکاری یەکگرتنە یەکەمەکان دەبێ بدۆزرێنەوە، واتە لە هاوراییی یەکەم (کۆدەنگی لە سەر بنەما هزرییەکانی پێکهێنەر) کە لە درێژەی ژیانی سیاسی ڕێکخراوەکەدا و هاوکات لە گەڵ ئاڵوگۆڕی مێژوویی ئیتر توانایی پاراستنی یەکگرتوویی لە کیس دەدا و خۆی دەبێتە هۆی کێشمەکێش و نەسازان. ئەمە لە خوارترەوە شی دەکرێتەوە. بەڵام لەوانەیە کەسێک بڵێ کە لاوازبوونی کۆدەنگی یەکەمیش نابێ ئاکامی وەها خراپی لێ بکەوێتەوە. ئەمە وایە. ئەوەیکە لە درێژەدا ئاماژەی پێ دەکەم ئەوەیە کە حیزبی سیاسی هاوچەرخ لە سەر چ نەریتێک دادەمەزرێت و بیروباوەڕە یەکەمەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن. لە خزمەت ئەو باسەدا، حیزبی هاوچەرخ بە گشتی لە ژێر تیشکی چەند ئەزموونێکی مێژوویی دەدەمە بەر باس. چەند کتێبێکی ئەدەبی هەڵخرێنەری بیرۆکەکانی ئەم وتارەن: کتێبەکانی واکلاو هاوڵ (سەرۆک کۆماری وڵاتی چێک)، چسڵاو میلۆش (نووسەری لەهێستانی) و جۆرج ئۆروێڵ (نووسەری ئینگلیزی) بەدوای یەکدا لە ژێر ناوەکانی ‹دەسەڵاتی بێدەسەڵاتەکان، زەینی دیلکراو›، و ‹١٩٨٤› کە بابەتەکانیان بریتین لە ژیانی هزری و سیاسی و ئەدەبی لە ژێر ڕێژیمی ستالینیستی لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا. سەرچاوەکانی دیکە بریتین لە ‹ئەفسانەی سیاسی› نووسراوەی هێنری تودۆر و کتێبە مێژووییەکان سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەکانی سەدەی بیستەم لە ڕووسیا و ئاڵمان و ناوچەی «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» کە ڕوانگەی جۆربەجۆر بۆ ئەم وتارە دەخولقێنن. دەست و دامێنی وەها سەرچاوەگەلێک بوون ئەو باشییەی هەیە کە ڕوانینی توێژەر بەرینتر و توانایی لێکدانەوە بەرفراوانتر دەکەن. ئەنجامی بە تەنها خولخواردنەوە لە دەور بابەتی لێکۆڵینەوەکە (لێرەدا حیزب) و پێکهێنانی ڕەوایەتێک لە ڕووداوەکان، ناتوانێ لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل و بەرهەمهێنەر بێ و توێژینەوەی دیکە بەدوای خۆیدا بهێنێت.

## حیزب لە سەردەمی هاوچەرخدا

حیزب بەرهەمی سەردەمی هاوچەرخە کە سیستەمی ئابووری سەرمایەداریی و

گۆڕانکاریی مەزن و خێرای کۆمەڵایەتی و سیاسی پێناسەکانی پێک دەهێنن. ئەوەیکە حیزب لە کەیەوە و لە کوێ پێک هاتوە، پەیوەندی بە سەرەتای دەسپێکردنی «سەردەمی هاوچەرخ» لە هەر شوێنێکەوە هەیە. گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای حیزبی سیاسییەوە هەوڵی بەشداری لە دەسەڵات و سەرچاوەکانی سیاسی و ماددی وڵات دەدەن. حیزب لە ناخ و بەستێنی پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ دا شکڵی گرت. ئەوەیکە بۆ ئەم وتارە گرینگە ئەوەیە کە حیزبی هاوچەرخ درێژخایەنە. لە دیمۆکراسی ئەورووپایی و ڕۆژاواییدا یەک یان دوو حیزبی سەرەکیی پێک دێن و دەبنە پێناسەی گۆڕەپانی سیاسی و حکوومەت و لە درێژەدا بەشێک لە پێکهاتی کۆمەڵگاکە؛ ئەگەرچی بەرنامەکانیان و ڕێبەرانیان دەگۆڕدرێن بەڵام ناوی حیزب و بنەمای پێکهاتنیان وەک خۆیان دەمێننەوە. ئێستا تەنیا ئەوانەی وا لە باری ماددییەوە بەتوانان، دەتوانن لە گۆڕەپانی سیاسییدا بمێننەوە. بۆیە حیزبی دیکە یان پێک نایە یان ئەگەر پێک بێ شانسی بەرگە گرتن و بەدەسەڵات گەیشتن مەگەر لە هاوپەیمانیی لەگەڵ حیزبی دیکەدا، دەنا بۆی نارەخسێ. حیزبی هاوچەرخ وەک بەرهەمە نوێکانی دیکە لە بوارەکانی ماددی (تەکنەلۆژی) و مەعنەوی (ئیدە نوێکان وەک پارلمان و یاسای بنەڕەتیی و دیمۆکراسی)، بووەتە نەریتێکی درێژخایەن لە ناوچەکەی ئێمەش. لە زۆربەی نموونەکاندا، حیزبی هاوچەرخ دەسپێکی هەیە بەڵام کۆتایی نایە تەنانەت ئەو کاتەی وا دەگاتە دەسەڵات و ئامانجەکانی خۆی بۆ گۆڕانی سیستەمی سیاسی مسۆگەر کردووە. ئەگەر حیزبێک قەوارەی ڕێکخراوەیی خۆی لە ئاکامی گۆڕانکارییەکی سیاسی یان سەرکوتەوە لە کیس بدا، هێشتا وەک نەریت دەمێنێتەوە بەجۆرێک کە جیلەکانی دواتر قەوارەیەکی سیاسی بۆ ئەو نەریتە پێک دەهێننەوە، بەڵام دەست لە ناوەکە هەڵناگرن. بۆ وێنە حیزبی تودەی ئێران بەدوای کودەتای ۱۹۵۳/۱۳۳۲ و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کۆماری کوردستانەوە (۱۹۴۶/۱۳۲۴) هەتا ڕاپەڕینی ۱۹۷۹/۱۳۵۷ی ئێران، چەند قۆناخی لەو جۆرەیان تێپەڕ کرد.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، سەدەی بیستەم پڕاوپڕە لە ئەزموونی ئەحزابی جۆربەجۆر کە هەر کامەیان سیستەمێکی هزریی و ئامانجێکی سیاسییان شوێن گرتووە، ڕاپەڕینی مەزنیان ڕێبەری کردووە و دەوڵەتیان پێک هێناوە. ئەزموونی حیزبەکان لەو سەدەدا نەریتێکی داسەپاوی بۆ حیزبایەتی بە میرات جێهێشتووە. بۆ وێنە حیزبی لێنینی وەک حیزبی یەکگرتوو لە هەموو بارێکەوە کە تەنها دەبێ پەیڕەوی یەک بۆچوونی هزری بێ، نەساز بێ، تاکەبنەمایی بێ و دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی وەک نوێنەری چینێکی کۆمەڵگا واتە چینی کرێکار مسۆگەر بکا، بووە مۆدێلی حیزبی کۆمۆنیستیی سەدەی بیستەم. بەڵام دیکتاتۆرەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین یان لە بەشەکانی دیکەی جیهان کە لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتدا نەبوون یان خۆیان بە کۆمۆنیست و پەیڕەوی حیزبی لێنینی نەدەزانی و بەتەواویی سیستەمێکی هزریی دیکەیان شوێن دەگرت، نەسازان و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات لە ژێر ناوی خەڵک یان میللەت (و ئەم دواییانە بە ناوی ئیسلام) پێناسەکانی ئەوانیشی پێک هێنا. سەرەڕای ئەمە، لەوانەیە هەڵە نەبین کە بڵێین حیزبی لێنینی یەکەم حیزبی بەوجۆرەیە کە ئامانجی خۆی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی دیاری دەکا و لە ئاکامدا دەوڵەتی تاکحیزبی (یان ئامانجی دەسەڵاتی سیاسی بۆ حیزب) دەکاتە پێناسەیەکی سەرەکی سەدەی ڕابردوو.

بەڵام حیزبی نوێ بێبەری نییە لە کاریگەرییەکانی ڕابردوو. هەر وەک نیهادێکی جەمعیی-ئایینی لە ڕابردوودا، حیزبی هاوچەرخیش خاوەن ناسنامەیەکی گشتییە و لە درێژەدا داب و نەریت و بۆنە و تەشریفاتی خۆی پێک دەهێنێ. هاوکات لە گەڵ خۆلقاندنی داب و نەریتی نوێ، کەڵک لە سومبولەکان یان نیشانەکان و ناو و وشەکانی پێشوو وەردەگرێ. بروانە نەریتی شەهید کە پێشینەیەکی درێژخایەنی هەیە یان بۆنە ئایینییەکان کە لە حیزبی هاوچەرخدا هاوتای خۆیان بەجۆرێکی دیکە و لە بۆنەی «سێکولار»دا دەدۆزێتەوە. نەریتێکی دیکە لە بزووتنەوەی تەسەوف یان سۆفیگەرییەوە سەرچاوە دەگرێ کە گرینگی زۆرتر بە دەقی دەروون یان باتن دەدا (بۆ پێکهێنانی وەحدەتی وجوود لە گەڵ خودای گەورە) و ئەگەرچی پێویستیی دەقی دیکە (فقە و حەدیس) دەسەلمێنێت بەڵام ئەوانە وەک دەقی زاهر (بۆ ڕواڵەتی دەرەوەی تاکەکان، بۆ ڕێنوێنیکردنی ژیانێکی لە خوا ترساو) پێناسە دەکا. ئایا کەم بیستوومانە کە لە حیزبی مارکسیستیی یان سێکولار لە ئێران و کوردەوارییدا جەخت لە سەر ئەوە کراوە کە دەروون گرینگە و نەک ڕواڵەت؟ نموونە زەقەکانی دیکە بریتین لە شێوازی جلوبەرگ لەبەرکردن و سەرکوتی حەزەکان وەک سۆفی کە بووە ڕێنما و پێداویستییەکی سەرەکی بۆ نەسڵە شۆڕشگێڕەکانی دەیەکانی پێشوو. نموونەیەکەی دیکە بریتییە لە ڕەخنە لە خۆ گرتن لە ناو جەمعدا کە لە کاتی هەستیاردا دەگاتە وەدرۆ خستنەوەی بیری جیاوازی خۆ لە ناو جەماوەردا و لە کۆبوونەوەی بەریندا. ئەمانە پێشینەیەکی ئایینی و دوورودرێژیان هەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ ناوەندەکانی پشکنینی بیروباوەڕ لە سەدەکانی ڕابردوودا لە هەر دوو دنیای مەسیحییەت و ئیسلامدا. لە باری ڕێکخراوەییشەوە، حیزب سیستەمی هەرێمی/توێژەکان دەخولقێنێ و دەسەڵات لە سەرەوە بۆ خوارەوە دابەش دەکا. ئەم سیستەمە (هەر وەک لە ڕۆژاوا) دەکرێ بەدیمۆکراتتر بکرێ واتە خوارەوە بتوانێ بگاتە سەرەوە یان نوێنەرایەتی و سەرچاوەکان باشتر دابەش بکرێن؛ یان لە ڕێگای کۆنگرەکانەوە مەجالی گۆڕانکاریی و چاکسازیی بڕەخسێ. بەڵام کێشەی من ئەوەیە کە تەنانەت بەدیمۆکراتیک کردن، کۆتایی بە کێشەکانی درێژخایەنی حیزبی هاوچەرخ و فەرهەنگە چەقبەستووەکەی، ناهێنێ. کەوابوو، حیزبی هاوچەرخی ئێمە ئەگەرچی لە سەردەمدا دەژی بەڵام ڕەنگ دانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە کە خۆی لە ژێر قورسایی ڕابردوودایە.

ئەم بەشە بەمجۆرە کۆ دەکەمەوە: حیزب دیاردەیەکی نوێیە، ئەزموونی سەدەی بیستەمی پێوە دیارە و بەوجۆرە بووەتە ڕۆڵگێڕێکی گۆڕەپانی سیاسی وڵات یان وڵاتانی ئێمە لەم ناوچەدا. لە گەڵ ئەوەی خاڵی هاوبەشی لە گەڵ حیزبی هاوچەرخ بە گشتی هەیە، خاوەن تایبەتمەندییەکانی ناوچەیی خۆیشیەتی. سەرەڕای ئەمە، ئەم وتارە بە خەمی خاڵە جیاوازەکان نییە، کە دەتوانێ حیزبێک لە جەمسەری چەپ و ئەوی دیکە لە ناوەڕاست یان نزیک بە ڕاست دابنێ، بەڵکوو بۆ ئەو خاڵە هاوبەشانە دەگەڕێ کە جیابوونەوە و دابڕانەکان، بە هەمان شێوە سەرکوتکردن و دەرکردنەکان و کەمتەحەمولیی سیاسی و هزری، شی دەکەنەوە. بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بپێکم، چەمکی «هاوڕایی یەکەم» دەکەمە دەستپێک تا دواتر ئەو ڕەوتە زەق بکەمەوە کە حیزب بەرە بەرە دەکاتە سیستەمێکی چەقبەستووی خاوەن کۆمەڵێک وشکەبیرۆکە (دوگم) کە بە توندی دژی هەوڵی گۆڕان و پێداچوونەوە دەوەستێتەوە.

## چارەنووسی هاوڕایی یەکەم لە ڕەوتی مێژوویی حیزبدا

ڕێکخراوێکی وەک حیزب لە سەر بناغەی تێگەیشتنێکی هاوبەش پێک دێ. ئەو تێگەیشتنە پشتئەستوورە بە سیستەمێکی هزریی یان فەلسەفەیەک کە هەبوونی ئەو ڕێکخراوە لە مێژوودا دەسەلمێنێ و بایەخی پێ دەدا. ئەمە بەو مانایە نییە کە لە پێشدا سیستەمێکی هزریی دادێ و دواجار کەسانێک دەس بە خەبات و تێکۆشان دەکەن. بە پێچەوانە، هەر وەک ئەزموونەکان نیشانیان داوە، پێداویستییەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتیی، کەسانێک لە دەور یەکتر کۆ دەکاتەوە کە بڕیارەکەیان لە گەڵ سیستەمێکی هزریی باوی سەردەم یەک دەگرێتەوە. لە نموونەی چەپدا سەرنج بدەینە مارکسیسم وەک گوتاری زاڵ بەدوای جەنگی جیهانیی دووهەم. لە گەڵ بیرۆکەکانی دیکە وەک گرینگیی پێکهێنانی حیزبی چینی کرێکار بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، ئەو جیهانبینییە یەکگرتوویەکی هزریی و ڕێکخراوەیی بەدیاریی هێنا. بەڵام پێکهێنەرانی دیکەی کۆدەنگی یەکەم دەکرێ گەلێک بابەتی دیکە وەک ناسنامەی نەتەوایەتی، چینایەتی یان ئایینی بن. ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی وا لە دەور ئەو حیزبە کۆ دەبێتەوە، بەرە بەرە دەبێتە خاوەن ئەو بیرە هاوبەشە بەجۆرێک کە لە درێژەدا ئیتر ئەو ڕێکخراوە زۆرتر بە بیرۆکە یەکەمەکانییەوە دەناسرێتەوە لە کاتێکدا کە لە کرداردا ڕووبەڕووی بابەت و سەردەمی نوێ دەبێتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی پێکهاتنی کێشمەکێشێک لە نێوان هزر و کرداردا. بابەتێکی گرینگی دیکە پێکهاتنی داب و نەریتێکی تایبەت بەو حیزبە یان ڕێکخراوەیە کە بە درێژایی زەمان قەوارە دەگرێ. هەر وەک هاوڵ لە کتێبی دەسەڵاتی بێدەسەڵاتەکاندا دەڵێ، بە پێی ئەزموونە مێژووییەکان لە ژێر سیستەمی ستالینیستی لە وڵاتانی جۆربەجۆردا، لە گەشەکەوتن ئەنجامی هەر ڕێکخراوێکە کە لە درێژەی ژیانیدا داب و نەریت واتە فەرهەنگ یان سیستەمێک لە ماناکان و پەیوەندییەکان پێکدێنێ کە ئیتر گۆڕانیان زەحمەتە؛ حیزب دەبێتە سیستەمێکی چەقبەستوو کە ناتوانێ لە گەڵ سەردەمێکی نوێدا خۆی بگونجێنێ. لە هەمان کاتدا داب و نەریت هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیری جیاواز یان بە واتایەکی دیکە ئەبێتە هەڕەشە لە سەر تێگەیشتنە هاوبەشەکە یان هاوڕایی یەکەم. سەرهەڵدانی بیری جیاواز دەربڕینی نارەزایەتی لێ دەکەوێتەوە. ئەمەش لە بۆشایی نەبوونی پێراگەیشتنی کاریگەری ململانێی هزری، مەترسی جیابوونەوە و دابڕان پەرە پێ دەدا.

مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک نموونەی لە خۆ گرتووە کە پیشانی دەدا چلۆن ڕێکخراوێک کە بە هۆی بیرێکی هاوبەش قەوارە دەگرێ لە درێژەی ژیانی خۆیدا تووشی دابڕان دەبێ و لق و پۆپی دیکەی لێ دەبێتەوە. زەقترین نموونەکان لە ئاییندا ڕوویان داوە. ئیسلام لە سەرەتاوە بە سوننی و شیعە دابەش نەکرا. ئەگەرچی لە سەر جێنشینی پێغەمبەر ناکۆکی هەبوە و چەندین ڕووداوی دیکە بۆ وێنە لە سەردەمی خەلافەتی عەلیدا جیاوازیی زۆرتر لە نێوان پەیڕەوانی عەلی و ئەوانی دیکە دەردەخا، بەڵام دیاردەکانی سوننی و شیعە بۆ یەک دوو سەدە دوای هاتنی ئیسلام دەگەڕێنەوە. لەو یەک دوو سەدەیەدا، شارستانییەتی ئیسلامی هەم ناوچەیەکی بەرینتری داپۆشی و هەم ئایینی نوێی ئیسلام لە لایەن خەڵکێکی زۆرترەوە وەرگیرا. پەرەپێدانی دەسەڵاتی ئومەوییان (٧٤٩-٦٦١) و دواتر خەلافەتی عەبباسی (١٢٥٨-٧٤٩) هاوکات بوو لە گەڵ پێداویستیی زۆرتر بۆ یاسای شەرعی و عورفی نوێ لە پێناو مسۆگەر کردن و بەردەوامیی

دەسەڵات بە سەر ناوچە داگیرکراوەکان یان زەمانەتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. سـەرهەڵدانی ئایینزاکان لە سەردەمی خەلیفە ئەلمەئموون (خ: ٨٣٣-٨١٣) لە سـەرەتای سەدەی نۆی زایینـی دەریدەخا کە چلـۆن هەلومەرجی نوێ، پێویسـتیی بە ئاڵوگـۆڕ پێک دەهێنێ. لە لایەکی دیکەوە وەستانەوەی ئەلمەئموون و دەرکردنی بڕیاری ئەلمیحنە (محنة) واتە پشکنینی بیروباوەڕ بۆ سـزادانی عولەماکان وەک شـافیعی و حەنبەڵـی و ئەوانی دیکە، بەربەرەکانـی لەگەڵ ویسـتی گۆڕانکاریی و سەرکوتی کەسـانێک کە مەترسی ئەوەیان لێ دەکرێ کە بەشـێک لە جەماوەر بۆ لای خۆیان ڕاکێشـن یان تێگەیشتنی زاڵ ببەنە ژێر پرسیار. ئەلمەئموون ئەوان بە خوانەناس، «زەمانی ئیبلیس» و درۆزن ناو دەبا و بەمجۆرە لە ڕێگای میکانیزمەکانی سەرکوتەوە وەکوو ناوزڕانـدن و تۆقانـدن هـەوڵ ئـەدات بێ ئێعتیباریان بکا، پێگەیـان لە ناو جەماوەردا لاواز بکا و دەسـەڵاتی مەعنەوی و سیاسی خۆیشی بپارێزێ. لە ئاینی مەسیحییەتیشدا، بزووتنـەوەی مارتین لوتەر و سـەرهەڵدانی ئایینزای پرۆتێسـتانت لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم نموونەی دیاردەیەکی دیکەیە کە کۆدەنگی یەکەم دەخاتە مەترسـییەوە یان خوێندنەوەیەکی جیاواز دەخولقێنێ.

لایەنـەکان یەکتـر لە لادان لـە بنەما یەکەمەکان یان تێنەگەیشـتنیی سـەردەم تۆمەتبار دەکەن. هیچ کام لەو جیابوونەوانەی سـەرەوە بێ کێشە و بێ شەڕ ڕوویان نەداوە. کەمتر جیابوونەوەیەک هەیە کە توندوتیژیی لێ نەکەوتبێتەوە. ڕێبەرانی ئایینزاکان کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، هەموویان موحاکمە و زیندانـی کـران و داوای تۆبەکردنیان لێ کرا. پشـکنینی بیروباوەڕ و وەگەڕخسـتنی میکانیزمەکانی سـەرکوتی ئێنحراف (لادان) کـە هاوکات لە گەڵ ئەشـکەنجە و تیرۆری کەسـایەتی و کتێـب سـووتاندن بەڕێـوە دەچـوو، هەروەها لایەنێکـی جیانەکراوەیە لە مێـژووی مەسـیحییەت لە سـەردەمی کۆنەوە و بە درێژایی سـەدە ناوەڕاسـتەکان و پێش سـەردەمی هاوچەرخ. سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانـی دیکـە وەک وەهابـی و جەلالـی و زۆری دیکە بـە پانتایی جیهان، نموونەکانی دیکەن. ئەمە بـۆ جیابوونەوەی تاکەکەسیش دەگەڕێتەوە. جیابوونەوەی تاک هیچ کات بـێ ناو و ناتـۆرە ڕوویان نەداوە. لە سـەردەمی هاوچەرخدا واژەکانی خائین، بێ ئایدیۆلۆژی، ئاشـبەتاڵ، انحلال‌طلب واتە تێکدەر، لادەر و هتد بۆ خوێنەر زۆر ئاشناتر لەوەیە کە پێویسـت بە شـیکردنەوە بکا— وشەی هاوچەرخ بۆ میکانیزمەکانی سەرکوت لە سـەردەمی هاوچەرخدا— هەر کام لەو وشانە خاوەن گەڵێک پێناسەی دیکەن وەک ترسـەنۆک، خوێڕیی، خۆشگوزەران و ئەگەر ئەوەی بیری جیـاوازی هەیە ژن بێ، ئەوە گەلێک وشـەی دیکـەی نەرێنی ئەخلاقیی ئاڕاسـتە دەکرێ یان جۆری ئەشـکەنجەش جیاواز دەبێ.

## وەستانەوە لە بەرانبەر گۆڕانی مێژوویی

ئەگەر بگەڕێینەوە بـۆ حیزبی هاوچەرخ، لە ژێر تیشـکی ئەو شـیکردنەوەی سەرەوەدا بۆمـان دەردەکـەوێ کـە هەتا لـە ڕەوتی مێـژوودا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا، هەرچی زۆرتـر وزە و توانای خۆی نەک لە ئێسـتا و داهاتوو بەڵکـوو لە ڕابردووەوە وەردەگرێ. بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەسـتی ئەو وتەیە بڕواننە حیزبێک کـە بـەدوای دامەزراندنییەوە لە سەردەمێکی دیاریکراودا و لە هەلومەرجێکی تایبەتی مێژووییدا دەورێکی گرینگ دەگێڕێ و دەبێتە ڕۆڵگێڕێکـی دیاری مێژوویی. هەتا حیزب لـەو سـەردەمە دوور دەکەوێتە کە بنەمایەکـی بەهێـزی کۆمەڵایەتی بۆ پێک هێنـاوە یان قەوارەی بە سیسـتەمی داب و نەریتەکـەی داوە، زۆرتـر دەبێتە حیزبێکی

ڕوو لە ڕابردوو نەک بەخەمی ئێستا و داهاتوو. ئەمە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی سەرهەلدانی نارەزایەتی و بیری جیاواز لە حیزبی هاوچەرخە کە بە ئاسانی دەتوانین نموونەکەی لە حیزبە کوردستانییەکاندا ببینین. قارەمانی پێشوو نەک لە بەر تواناییەکانی ئێستای بەڵکوو لە بەر پێشینەی دەبێتە داهێنەری یاسا. بەهۆی سەردەمێک کە بە سەردەمی بەرخۆدان و خەباتی خوێناویی پێناسە دەکرێ، ڕابردوو دەبێتە ئارمان نەک سەرچاوەیەک بۆ وشیاریی مێژوویی تاکەکان. دیارە ڕابردوو پەیوەندییەکی گرینگی بە بابەتی ڕەواییەوە هەیە. بۆ حیزبێک کە لە بەرانبەر گۆڕاندا لاسارە، ڕابردوو بەتەنیایی دەبێتە خولقێنەر و بەردەوامیی ڕەوایی لە ئێستادا. ئەوە شتێکی نامۆ نییە کە بابەتی ڕابردوو دەبێتە جێگای مشتومڕێکی توند لە کاتی سەرهەڵدانی بیری جیاواز و نارەزایەتییەکاندا، جا حیزبی هاوچەرخ بێ یان فرقەیەکی ئایینی لە ڕابردوو و ئێستادا. ڕابردوو لە ئایدیۆلۆژیدا جێگایەکی تایبەتی هەیە. لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی بیری جیاواز هەروەها بە مانای هێنانە ژێر پرسیاری خوێندنەوەی هاوبەشی ڕابردووە. توێژینەوە مێژووییەکان دریدەخەن کە مێژووی شۆڕشی ڕووسیا بەشێوەیەکی شێوێندراو بۆ ئەوانە گوێزراوەتەوە کە لەو شۆڕشە ئیلهامیان وەرگرتووە و خۆیان مێژوویان لە سەر ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە پێک هێناوە. بۆیە تەفسیری جیاوازی ڕابردوو (کە وێدەچێ نەبێتە هۆی جیابوونەوە و دابڕان)، دەبێتە خاڵێکی گرینگ لە کاتی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی.

ئاکامێکی گرینگی پێکهاتنی فەرهەنگی سیاسی یان سیستەمێک لە دابونەریت، دروست بوونی ئەفسانەی سیاسییە کە داستانی کۆمەڵگایەکی سیاسی ئەڵێتەوە. بەوجۆرەی هێنری تودۆر شی دەکاتەوە، کێشەی ئەفسانەی سیاسی ئەوە نییە کە داستانەکە خاوەن بەڵگە نییە، ڕووی نەداوە یان هەڵبەستراوە. بەڵکوو ئەو شکڵە دراماتیکەیە کە داستانەکە دەیگرێتە خۆ و لە خزمەت کرداری سیاسیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت. کۆمەڵگایەک کە پەراوێزخراوە، دەتوانێ بۆ کۆتاییهێنان بە پەراوێزخراویی کەڵک لە ئەفسانە سیاسییەکان وەرگرێ. لە ئاستێکی بچووکتردا واتە حیزبێک، یەکێک لە ئاکامەکانی ڕەوتی مێژووی ئەو حیزبە، پێکهاتنی ئەفسانەی سیاسییە. بۆ وێنە ڕێبەرانی پێشوو کە ئیستا نەماون، دەبنە ئەفسانەی سیاسی یان ڕووداوەکانی ڕابردوو بۆ هاندانی جیلەکانی داهاتوو، شێوازێکی دراماتیک بە خۆوە دەگرن. بەڵام ئەوەیکە بۆ باسەکەی ئێمە دەگەڕێتەوە، ئەوەیە کە پێکهاتنی دژایەتی نێوان فکر و کردار، گۆڕانی سەردەمەکان و جیلەکان و سەرهەڵدانی بیری جیاواز، خوێندنەوەیەکی نوێی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکانی لێ ئەکەوێتەوە، چونکوو هیچ ململانەیەکی ئایدیۆلۆژییانە لە ئێستادا ناتوانێ ململانێ لە سەر خوێندنەوەی ڕابردووی بەدواوە نەیە. کەچی لێرەشدا سیستەمی چەقبەستوو بەرەنگاری خوێندنەوەی نوێ و پەرە ئەستاندنی ڕەخنە لە ڕەوایەتە زاڵەکان دەبێتەوە. ئەویش هەر وەک سیستەمەکانی پێشوو وەک ئەلمەئموون و مەسیحییەت دەست بۆ جۆرێک لە ئەلمیحنە دەبا. پێکهاتنی جیاوازیی لە نێوان هزری یەکەم و کرداردا بەو مانایە نییە کە بایەخە کۆمەڵایەتییەکان یان ئامانجە ئینسانییەکان دەبێ لە سەردەمێکی نوێدا کە داوای کرداری نوێ دەکا، فەرامۆش بکرێن. بە پێچەوانە، ئەنجامی دەسهەڵگرتن لەو بایەخانە کە حیزبێک قوربانی بۆ داوە، دەتوانێ دارمانی هزریی و فەرهەنگی بەداوە بێ. (بۆ وێنە کەسێک دەتوانێ توێژینەوە لە جوابی ئەم پرسیارە بکا کە ئاخۆ لەبیر کردنی بایەخەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە

سەرهەڵدانی گەندەڵی فەرهەنگی و سیاسی لــە جوگرافیایەکی دیاریکــراودا کاریگەریی هەبووە؟). پرســیار ئەوەیە چۆن دەکرێ ئەو بایەخانــە لــە کاتی خۆگونجانــدن لە گەڵ سەردەمێکی نوێدا بۆ کرداری نوێ بپارێزرێن؟ هەر وەک رەخنەگرانی فەرهەنگیی سەردەمی فاشیسم دەڵێن: ئەرکی ئێمە ڕاگرتنی ڕابردوو نییە، بەڵکوو پاراستنی بایەخەکانی ڕابردووە.

گۆڕانــی مێژوویی بریتییــە لە پێکهاتنی جیاوازیــی لە نێــوان ســەردەمەکان لەگەڵ یەکتــر؛ لــە ڕاســتیدا مێــژوو بریتییــە لە گۆڕانکاری بەردەوامی مێژوویی نەک هێڵێکی ڕاست بەرەو پێشکەوتن. سەردەمی نوێ دادێ کەچی حیزبی هاوچەرخی درێژخایەن ناتوانێ خۆی لــە گەڵیدا بگونجێنێ. لــە بەر ئەوەی خۆ گونجاندن لە گەڵ سەردەم هاوکات دەبێ لە گەڵ پێداچوونەوە و ژێر پرســیار خستنی داب و نەریــت، واتە فەرهەنگــی ماناکان و پەیوەندییەکان کە ئەو حیزبەی تا ئێســتا پێ پێناســەکراوە، بەڕێوە بچێ. گۆڕانی مێژوویی هەروەها خــاوەن چەند لایەنێکی دیکەیە کە کەمتر ئاماژەی پــێ دەکرێ. یەکەم، گۆڕانی جیلەکان؛ دووهــەم، گۆڕانکاریی تاکەکان لە بواری سایکۆلۆژیی و فیزیکی؛ سێهەم، گۆڕانی ئایدیۆلۆژیــک واتــە خوێندنەوەیەکی نوێی بیروباوەڕەکان. وێدەچێ حیزبی هاوچەرخ لە ژێر ناوێــک درێژە بە ژیانی خــۆی دەدا بێ ئەوەی هەســت بە جیاوازیی ســەردەمەکان بکا، کەچی جیلەکانی پێکهێنەری ئەو حیزبە لانیکەم هەر دە ســاڵ جارێک گــۆڕان لەو بوارنەی ســەرەوەدا تاقی دەکەنەوە. نەریتی پێشمەرگایەتی نموونەیەکی زەقە کە بۆ ئێمە ئاشــنایە. هێشــتنەوەی ئەو چاوەڕوانییە کە کەسێک دوای دە ساڵ پێشمەرگایەتی بتوانێ دە ســاڵی دیکە هەر بەوجۆرە درێژە بە ژیانی خۆی بدا، تەنیا کێشەی لێ کەوتووەتەوە. لە لایەکــی دیکەوە، جیلێکی نــوێ پێدەگا کە خاوەن هەست و بیرکردنەوە و زانیاریی نوێیە و سەردەمی خۆی لە بواری ئابووری، سیاسی، فەرهەنگــی، ئەدەبی، هونەری، کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەوە نوێنەرایەتی دەکا؛ سەردەمێک کە گەلێک جیاوازیی بنەڕەتی لە گەڵ چەند دەیە لەوە پێشــی هەیە. لانیکــەم لە وڵاتی ئێمەدا هیچ حیزبێکی هاوچەرخ پیشانی نەداوە کە لەو ڕاســتییە تێگەیشــتووە. بارنەهێنانی کادر و ڕێبــەر و هێشــتنەوەی ســەروەریی ئەوانەی پێشــوو، پێناســەیەکی زەقی ژیانی حیزبــی هاوچەرخە کە پشتئەســتوورە بە ئولیگارشی حیزبی (حکوومەتی چەند کەس) و سیستەمێکی هەرێمی (چین و توێژ).

لەگەشەکەوتنی حیزبی هاوچەرخ بە مانای بێگانەبوونە لە بزووتنەوە و هێزی کۆمەڵایەتی. واتــە حیزب لە هێزە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی کە مانای بە بوونــی داوە، دوور کەوتووەتەوە. حیزب وەک بزووتنەوە دەگۆڕدرێ بۆ حیزبێک کە زۆرتر لە تاقم، فرقە یان هێزێک دەچێ یان لە بزووتنەوەیەکــەی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە عەشــیرە کە لە باری پێکهاتە و بیرکردنەوە و ڕەوشتەوە هەموو پێکهێنەرانی لە یەک دەچن. (حیزبی تاراوگە بە تایبەتی بەو جۆرەیە. تەنیا لــە گەڵ خۆیان هاتوچۆیان هەیە و هەموویان وەک یــەک بیر دەکەنەوە، وەک یەک جل لە بــەر دەکەن، هتد.). گۆڕانــی ڕواڵەتی حیزب بەمجۆرە بە تایبەت لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە حیزب لە کۆمەڵــگای خۆی دوورکەوتووەتەوە (یان لە شــاخە، یان لــە هەندەران). بە وتەی واسلاو هاوڵ، مەترسیدارترین ئاکامی پێکهاتنی ئەو کەلێنــە ئەمەیــە: «وازهێنــان لە عەقڵ و ویژدان و بەرپرســایەتی لــە لایەن تاکەوە، چوونکــوو یەکێک لە پێداویســتییەکانی ئەو ئایدیۆلۆژییە ڕادەستکردنی عەقڵ و ویژدانە بۆ دەسەڵاتێکیی سەرووتر». عەقڵانییەتی کۆیلە!

## کاتێک کــە بنەمای هاوبەش دەکەوێتە مەترسییەوە

هۆکارەکانــی پێکهاتنــی داب و نەریــت لە

درێژەی ژیانی حیزبی هاوچەرخ، گۆڕانکاری مێژوویی کە گۆڕانی هەلومەرج، جیلەکان، بیروباوەڕەکان و پێداویستییەکان دەگرێتەوە، هەڕەشە لە هاوڕایی یەکەم وردە وردە دەکاتە مەترسییەک. یان بە واتایەکی دیکە زەخت لە سەر تێگەیشتن و بەرنامە و ڕێکخستنەکانی تا ئێستا زیاد دەکەن. بەڵام ئەوەیکە ئێمە لە لایەن حیزبی هاوچەرخەوە دیتوومانە، هەست کردن بەو ئاڵوگۆڕانە نییە، بەڵکوو پێداگرتن لە سەر ئەو بەرنامە و پێکهاتانەی پێشوویە. حیزب دەبێتە حیزبێکی لاسار بەرانبەر گۆڕانکاریی و خۆ نوێکردنەوە؛ دەبێتە کۆیلەی ناو و وێنە و ڕابردووی خۆی؛ ئیتر ئامراز نییە، چەمکێکە! ئەوە لایەنێکی کێشمەکێشەکانە. لایەنێکی دیکە گەشەی بیری جیاواز و نارەزایەتییە بەرانبەر سیستەمی چەقبەستووی ماناکان و پەیوەندییەکان. هەموو ئەمانە هەڕەشە لە کۆدەنگی یەکەم دەکەن. کاتێک کە ئەو کۆدەنگییە لە ئاکامی (١) لەگەشەکەوتنی حیزب و (٢) زۆر بوونی بیری جیاواز، تووشی خەسار دەبێ (واتە بیری یەکەم ڕەت دەکرێتەوە یان خوێندنەوەی نوێ دەخوازێ)، مەترسی دابڕان و جیابوونەوەش زیاد دەکا. کاتێکیش کە حیزبەکە خۆی لە ناخی وەها دۆخێکدا دەبینێتەوە، لە بەر خراپ ڕاگەیشتن بە سەر دۆخەکە (نەبوونی مودیرییەتی لێهاتووانە و دێموکراتیک)، ناتوانێ پێش بە جیابوونەوە بگرێ. لێرەدا هاوڕێیەتی پڕبایەخ یان یەکگرتوویی هزرییش تووشی خەسار دەبێ. بەڵام خراپ مودیرییەتکردن خۆی ئاکامی هۆکارێکی دیکەیە بەجۆرێک کە ناکرێ لە دۆخێکی ئەوجۆرەدا یان لە سیستەمێکی چەقبەستوو و لاساردا بەردەوام چاوەڕوانی پێڕاگەیشتنێکی باش بین. هاوڵ لە ژێر تیشکی ئەزموونی ڕێژیمی ستالینیستیدا دەڵێ، «سیستەمەکە لە باری سیاسییەوە وەها لەگەشە کەوتووە و خۆی توند وقایم کردووە کە لە کردەوەدا هیچ ڕێگایەک بۆ ئەوەی بیری جیاواز لە پێکهاتەی ڕەسمی سیستەمەکەدا ڕچاو بکرێ، بەدی ناکرێ». لە ڕاستیدا، جیابوونەوە و دەرکردن دەبنە باشترین ڕێگا چارە.

بابەتی لەگەشەکەوتنی دیاردەیەک لە کاتێکدا کە گۆڕانی خێرا لە دەورووبەریدا ڕوو دەدا، دەکرێ لە ژێر تیشکی دوو ڕووداوی گەورەی سەدەی ڕابردوو، واتە شۆڕشی ١٩١٧ی ڕووسیا و شۆڕشی ١٩٧٩/١٣٥٧ی ئێران ، تاوتوێ بکرێ. هەر دوو دەوڵەتەکە کە لە ئاکامی ئەو شۆڕشانەدا ڕووخان، ئەو خاڵە هاوبەشەیان هەبوو کە لە کاتێکدا کۆمەڵگاکەیان بەخێرایی گۆڕانکاریی بەخۆیەوە دەبینی، لە باری سیاسییەوە ئامادەی هیچ چاکسازییەک نەبوون و لە سەر دەسەڵاتی ڕەها و تاکڕەو پێداگریان دەکرد. ئاستی وشیاریی مێژوویی ئێستا پێمان دەڵێ کە مەرج نەبوو هیچکام لەو شۆڕشانە ڕوو بدەن. واتە ئەوان خۆلێلانەدەر (اجتناب‌ناپذیر) نەبوون. لێرەدا مافی بۆچوونی جیاواز بۆ خوێنەر دەسەلمێنم و کەسانێک هەن کە جەخت لە سەر هۆکاری ئابووریی دەکەن. هەرچۆنێک بێ، ئاکامی پێداگرتن لە سەر تاکڕەوی و ئیستبدادی سیاسیی، تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو کە گەلێک ڕووداوی چاوەڕواننەکراو و ناخۆشی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم خاڵە پەیوەندی بە بابەتی خەتی سیاسییەوە هەیە کە لە سەرەوە باس کرا، کە لە نەبوونیدا چاکسازیی دەبێتە گرفتێکی گەورە.

## ئاکامەکانی لەگەشەکەوتنی سیستەم


لەگەشەکەوتنی سیستەم یان لە باسەکەی ئێمەدا حیزبی هاوچەرخ هۆی گەلێک بابەتی دیکە ڕوون دەکاتەوە کە بە لێشاو لە کاتی سەرهەڵدانی کێشمەکێش لە نێوان سیستەمی چەقبەستووی داب و نەریت و

هەروەها لە کاتی سەرهەڵدانی بیری جیاوازدا خۆیـــان دەردەخەن. ســـەرەکیترینی ئەوانە بەکارهێنانی دەســـەڵاتی ڕەهـــا و توندئاژۆیە لە دژی بیری جیاواز و ویســـتی گۆڕانکاریی. ئەمـــە دەرکـــردن، هەڕەشـــە، ناوزڕانـــدن و بێڕێزیی لـــە بەرانبەر یەکتر لە ئاســـتێکی مەزندا بەدوای خۆیـــدا دەهێنێ. هاوڕێیەتی پێشوو تووشی خەســـارێکی قورس و لە زۆر کاتـــدا قەرەبوونەکراو دەبێ. لێـــرەدا «ئەوی دیکە» واتە «غەیرە» پێک دێ تا ناســـنامەی خۆ بە پێی جیاوازیی لـــە گەڵ ئەو غەیرەدا هەمیسان پێناسە بکاتەوە. پێکهێنانی غەیرە بۆ پێناســـەکردنەوەی خـــۆ، لانیکەم یەکێک لە ســـەرەکیترین هۆکارەکانە بۆ ئەوی بزانین بۆچی جیاوازییەکان بەجۆرێکی ڕووکەشـــانە کـــە گوایـــا لـــە جیاوازییـــە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانەوە ســـەرچاوەیان گرتوە، شی دەکرێنەوە (بۆ وێنە دابەشـــکردن لە ڕێگای دوانەیی پرولیتاریا و بورژوازی)؛ یان لە بواری ئاییندا، بۆچی جیاوازییەکان لە ڕێگای دوانەی کافر و دیندار شی دەکرێنەوە. لە سیستەمی چەقبەســـتووی حیزبی هاوچەرخیشدا هیچ خۆیـــەک بـــێ هەبوونی غەیرەیـــەک بوونی نابێت. بۆیە پێکهێنانی غەیرەیەکی دوژمنانە دەبێتە ئامانجی دەســـەڵاتی بانتر کە داوای ڕادەســـتکردنی ویـــژدان و عەقـــڵ دەکا و شـــانازیی مێژوویی کە لە ڕێگای بۆنەکانەوە بیر ئەخرێنەوە، تەنیا بۆ خۆی زەوت دەکا.

بـــەڵام ســـەرهەڵدانی بیـــری جیـــاواز و نارەزایەتی بێ خوێندنـــەوەی ڕەخنەگرانەی حیزبـــی هاوچـــەرخ دەســـپێکەری هەمان ڕەوتە کە ئاکامەکەی ئەبێتە لەگەشـــەکەوتن. درێژەکێشانی دابڕان و جیابوونەوەکان لە ناو ئەوانەی وا جیابوونەتەوە ئەوە دەردەخەن کە ئەوانیش بە هەمان ئاقاری حیزبی هاوچەرخدا دەڕۆن و بە پێی زەمان دەبنە درێژەدەری داب و نەریتی پێشوو یان خاوەن فەرهەنگی خۆیان. کەوابوو ناتوانـــن قەوارەیەکـــی ڕێکخراوەیی گونجـــاو بۆ خۆیـــان بدۆزنـــەوە و دەکەونەوە هەمان بازنە کە لە هاوڕایی یەکەمەوە دەست پێـــدەکا. لە بەر ئەمەیە کە وزە و تینی دوای جیابوونەوە بە زوویی دادەمرکێتەوە. بۆیە هەر وەک زۆر نموونە پێمان دەڵێن، جیابوونە تەنیا لـــە بەر هەبوونی بیری جیـــاواز و نارەزایەتی زەمانەتی جۆرێکی دیکە لە حیزبایەتی ناکا.

## کۆبەندی

لـــە ڕوانگای ئەم وتارەوە، هـــۆکاری بنەڕەتی بۆ دابڕانەکان دەبێ لـــەم خاڵەدا بدۆزرێتەوە: پچڕانی پەیوەندی بیرۆکە هابەشەکانی پێشوو کە بنەمای کۆدەنگی یەکەمی پێک دەهێنا، لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم یان بێتوانایی لە خۆڕێکخســـتن لە گەڵ پێدوایستییەکانی ســـەردەمێکی نوێ‌تـــر. لـــە هەمـــان کاتدا، ئەوەیکە دەبێتە کۆســـپێکی مەزن لە ســـەر ڕێگای خۆگونجاندن لە گەڵ ســـەردەم، داب و نەریت واتە سیســـتەمێک/فەرهەنگێک لە مانـــاکان و پەیوەندییەکانە کـــە لە درێژەی مێژووی حیزبدا شکڵ دەگرێ. ئەم سیستەمە چەقبەستووە خۆی دەبێتە هۆکاری یەکەمی لە گەشەخســـتنی حیزب و بـــەدوای خۆیدا نارەزایەتـــی و بیری جیاوازی لێ ئەکەوێتەوە. ئەوە دەبێ بسەلمێت کە هەر نموونەیەک لە حیزبایەتی و جیابوونەوە خاوەن پێناسەکانی تایبـــەت بە خۆیەتی و لەوانەیـــە ئەم ڕوانینە گشتگیرە هەموو ئەوانە نەگرێتەوە. سەرەڕای ئەمە، هەر وەک لە ســـەرەتاوە باس کرا، ئەو شـــتەی مێتۆدی ئەم وتارە پێـــک دەهێنێ، لێکۆڵینـــەوە نەک لەو لایەنە جیاوازانە بەڵکوو تیشک خستنە سەر چەند خاڵێکی هاوبەشە کە بە گشـــتی ڕەوتـــی پێکهاتنـــی حیزبی سەردەمی ئێمە ڕوون دەکەنەوە. لە ڕاستیدا، حیزبی هاوچەرخ لە سەر بنەمای مێژوویەکی دوورودرێـــژ و لـــە ناخـــی فەرهەنگێکـــی جێکەوتوودا (کە بەشێکی گرینگی ئایینییە) پێـــک هاتـــووە و کاریگەری لـــێ وەرگرتوە.




**بازنەی حیزبی هاوچەرخ**

پێکهاتنی بیری جیاواز تەنهاهۆکار نییە بۆ پاساوکردنی جیابوونەوەکان لە حیزبەکانی سەردەمی ئێمەدا. بە پێچەوانە، لاوازییەکان و کەموکورییەکان دەریدەخەن کە یەکێک لەوانە دەستەوەستانی لە مامەڵەکردن لە گەڵ بیری جیاواز و نارەزایەتی لە حیزبی هاوچەرخدایە. لە هەمان کاتدا لە ڕوانگای ئەم وتارەوە تەنیا بەدیمۆکراتیک کردنی حیزبایەتی یان شێوەی ڕاگەیشتن بە سەر ململانێ هزرییەکاندا ناتوانێ جوابی بنەڕەتی ئەو پرسیارە بێ کە بۆچی جیاوبوونە لە ئاستێکی زۆردا لە حیزبەکان ڕوویانداوە و هەر کامەیان شێوازێکی نادیمۆکراتیکیان لە خۆ نواندووە. بۆ جوابی بنەڕەتیتر دەبێ تێشک بخرێتە سەر بنەمای پێکهێنەری حیزبی هاوچەرخ و لە هەمان کاتدا ئاستی وشیاری لە هۆکارەکانی لەگەشەکەوتنی حیزب بەرز بکرێتەوە.

## پێزانین

نووسەر سپاسی ئەو کەسانە دەکات کە ئەم وتارەیان پێش بڵاوبوونەوە خوێندەوە و پێشنیارەکانیان بوە هۆی ڕوونترکردنەوەی ئامانجی نووسراوەکە و هەڵەی کەمتر.

*. نووسەر دوکتۆرای مێژووی هەیە لە زانکۆی سەینت ئاندرووس، بریتانیا. بواری توێژینەوەی پەیوەندی هەیە بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران و کوردستان. بۆ وتارەکانی بە زمانی ئینگلیزی دەتوانن بڕواننە ئەم لینکە:
https://orcid.org/0000-0001-7259-4504

# وتووێژ

# وتووێژ لەگەڵ
# مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

## ژیاننامە

عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کوڕی حەسەن، ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی سیسێری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و لە منداڵییەوە خراوتە بەر خوێندنی مەدرەسەی مەلایەتی و ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە و ٧ ساڵ لە دوو دێ دەرسی گوتۆتەوە.

لە تەمەنی لاوییەتییەوە پەیوەندیی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کردووە و بەشدار بووە لە زۆربەی چالاکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ماوەی سێ دەورە جێگری سکرتێر و سێ دەورەش سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە.

یەکێک لە قەڵەمە دیار و وەرگێڕەکانی کوردە کە خاوەنی زمان و شێوەی وەرگێڕانی تایبەتی خۆیەتی، پتر لە پازدە بەرهەمی نووسراو و وەرگێڕدراوی لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە. بەشێک لە بەرهەمە ناسراو و وەرگێڕدراوەکانی ناوبراو: (حەمەدۆک، بیرەوەریی دووڕخراوەیەک، دان چەرمو، گێلە پیاو، نزا بۆ ئارمین، کوردستان و کورد) .......هتد.

لە ماوەی ژیانیدا دەیان خەڵاتی ئەدەبی و فەرهەنگیی پێ بەخشراوە کە یەکێک لەوان دوکتۆرای ئیفتیخاری لە بواری وەرگێڕان لە زانکۆی کۆیە و هەروەها ئەندامەتیی ئیفتخاری لە ئاکادیمیای کوردی بوو. لە چوار دەیەی کۆتاییی سەدەی بیستەمدا هاوڕێیەتی و ئاشنایەتی و تێکەڵاویی لەگەڵ مەسعوود محەممەد، د. عێزەددین مستەفا ڕەسووڵ، د. کەمال مەزهەر و زۆری دیکە لە گەورە نووسەرانی باشووری کودستاندا هەبووە.

ئێستا سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبییە.

**تیشک** *سڵاو و ڕێز، بەڕێز مامۆستا، هیوادارم کە باش بێت، سپاس بۆ ئەم دەرفەتە کە بۆ گۆڤاری تیشک ڕەخساندووتە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بگەینە خزمەتت و چەند پرسیارێک تاوتوێ بکەین.*



سپاست دەکەم، ئیشەڵڵا ئێوە سەرکەوتوو بن و دەستتان خۆش بۆ ئەو گۆڤارە جوانە کە چەند ژمارەیەکتان لێ دەرکردووە، تیشک کۆنە بەڵام بە شێوەی ئێستای تازەیە.

**تیشک** *بەڕێز مامۆستا با پرسیارەکان لە کۆنەوە دەست پێ بکەین. حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بایەخێکی زۆری بە ڕەهەندی فەرهەنگیی کوردستان دا، دواتریش لە هەر باسێ کە ڕوو بە تاران دووپاتی کردووەتەوە، پێداگر بووە لەسەر ئەو بابەتە. هۆکارەکەی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟*



بە باوەڕی من باشتر وایە بڵێین باری زمانی. چونکە فەرهەنگ دەتوانێ زۆر شت بگرێتەوە. هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە، ئەدەبیات، کەلەپوور، پیشە دەستییەکان و دابونەریت و هتد... هەریەکە جۆگەلەیەکی ڕووباری فەرهەنگن. بەڵام بۆچی لە هەموو دەرفەتەکاندا ئاوڕ لە زمان و پێشخستنی زمان و هەوڵی بەڕەسمیناسرانی زمانی کوردی دراوە؟ لە تاریفی نەتەوەدا دەگوترا نەتەوە بە کۆمەڵە خەڵکێک دەڵێن کە خاوەنی خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، زمانی هاوبەش و دابونەریتی هاوبەش بن و هێندێ جار ئابووریی هاوبەشیشی لێ زیاد دەکرا. واتە کۆمەڵگەیەکی ئینسانی، ئەو کاتە دەتوانێ خۆی بە نەتەوە بزانێ کە خاوەنی هەمووی ئەو تایبەتمەندییانە بێ. دیارە نەتەوەی کورد هەموو ئەو هاوبەشییانەی هەیە جگە لە ئابووریی هاوبەش، ئەویش بەو هۆیەوەیە کە کورد خۆی و خاکەکەی بەدوور لە ویستی خۆی لە نێو چەند وڵاتدا دابەش کراوە و ئابوورییەکەی لە هەر بەشێکی کوردستان، پاشکۆیەک لە

سیستەمی ئابووریی وڵاتەکە بووە.
لە نێو ئەوانەدا نەخشی زمانی هاوبەش لە یەکیەتیی نەتەوەییدا لە هەموو مەرجەکانی دیکە کاریگەرترە. چونکە زۆر جار کۆمەڵە مرۆڤێک لە یەک وڵاتدا دەژین، مێژووی پێگەیشتنیان یەکە، ئابوورییەکی بەیەکەوەبەستراویان هەیە و لە ئاکامی سەدان و هەزاران ساڵ پێکەوەژیاندا دابونەریتی هاوبەشیشیان بۆ دروست بووە، بەڵام مادام زمانەکەیان هاوبەش نییە، خۆیان بە یەک نەتەوە نازانن و نامۆیی لە یەکتر دەکەن. هەر وڵاتانی کوردنشین بە نموونە بگرین، کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا ڕیزە فاکتەرێکی هاوبەشی دەگەڵ هاونیشتمانە غەیرەکوردەکانی هەیە، بەڵام چونکە زمانەکە یەک نییە خۆی بە بەشێک لەو گەلانە نازانێ و هاونەتەوەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتانەدا دەبینێتەوە.
بە پێچەوانەی ئەوەش، زۆر وایە کۆمەڵە مرۆڤێک ڕیشەی نەتەوەیی و مێژووی کۆنیان بۆ نەتەوەیەک دەگەڕێتەوە بەڵام چونکە زمانەکەیان گۆڕاوە دەگەڵ هاوزمانە تازەکانیان هەست بە یەکیەتیی نەتەوەیی دەکەن. نموونە بە سەیدەکانی کوردستان بێنینەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بنەچەکە، ئەوان لە ئەولادی حەسن و حوسێنن و لە ڕیشەدا عەرەبن، بەڵام کە لێرەن و زمانیان کوردییە، بە سەیدێک بڵێی ئەتۆ کورد نی، بە گژتدا دێتەوە. کوردێک لێرە هەڵگرە بیبە هەر وڵاتێکی بێگانە، هەتا ئەو وەختەی زمانەکەی خۆی لەبیرە، دەگەڵ ئەوەی لە خاکەکەی نەماوە، پێوەندییە هاوبەشەکەی دەگەڵ هاوخوێنەکانی نەماوە، نەوە و نەتیژەشی هەر کوردن. بەڵام کە زمانەکە لەبیر چووەوە، نەسلەکانی دوایی ئەوپەڕەکەی وەک لە زمانی فارسیدا دەگوترێ خۆیان بە «کوردتبار» واتە بەڕەگەز کورد دەزانن.
کە وابوو، میلاکی سەرەکی بۆ بوونی کۆمەڵە ئینسانێک بە نەتەوە، زمانە. خۆ دەزانین لە کۆنیشەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا نەتەوەی کورد لە مافی بەکارهێنانی زمانی خۆی بێبەش کراوە. بۆیە لە هەموو دەرفەتەکاندا، هەوڵدان بۆ ئەوەی زمانی کوردی بەکار بهێنرێ و بەتایبەتی بەڕەسمی بناسرێ، لە جێی خۆیدا بووە. ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لە تاراوگە دەردەچێ،یانی ڕووناکبیرانی کورد وەک هەوڵێگ بۆ ئەوەی زمانی خۆیان بەکار بەرن، دەچن لە هەندەران ڕۆژنامەی کوردی دەردەکەن. کەوایە تەئکیدکردن لەسەر بەڕەسمی-ناسرانی زمانی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە جێی خۆیدا بووە و ئیستاش هەر لە جێگای خۆیەتی.

*مامۆستا «عەبدوڵڵا پەشێو» کە پێموایە دۆستی نزیکی بەڕێزیشتانە لە نەوەدەکاندا وتوویەتی: ڕۆژنامەی کوردستان پارێزەری زمانی کوردییە. ئایا ئیستاش زمانی کوردیی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لەو ئاستەدایە؟*



هێندێک جار ناخۆشە پیاو بیروباوەڕی خۆی دەرببڕێ بەتایبەتی لەسەر بابەتێک کە پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە و هی خۆیەتی. ئەوەی مامۆستا پەشێو لە نەوەدەکاندا گوتوویەتی جێی دڵخۆشییە، بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا شتی زۆر زیاتریش لەسەر ئەوە هەبوو. گەورە نووسەرەکانی باشووری کوردستان یان بڵێین کوردستانی عێراق دەیانگوت ئەو مەتڵەبەی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ دەکرێ ئێمە لەمێژە خوێندوومانەتەوە، لە مێژە بیستوومانە. بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی زمانەکەی لێ فێر بین. ڕەحمەتی «محەممەدی مەلا کەریم» بۆ خوێندن چووبووە شووڕەوی، لەوێڕا نامەیەکی ناردبوو بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەدا چاپ بکرێ. نووسیبووی ژیان لێرە زۆر ناخۆشە، لەم دوورولاتە تەنیا بەوە

دەژیم کە چاپەمەنیی کوردیم بۆ دێ، سپاسی ئەوانەی کردبوو کە بۆی دەنێرن. پاشان گوتبووی بەڵام باشە ئەو زمانە بۆ وای لێ- هاتووە؟ ناوی چەند کەسی بردبوو، بە تەوازوعەوە دەڵێم یەکیان ئەمن بووم، نووسیبووی ئەمانە نەماون، حەسەنی قزڵجی نەماوە، هەژار نەماوە، هێمن نەماوە، ئەوی دی نەماوە؟ بۆ ناچن زمانیان لێ فێر بن؟ یانی گەورە نووسەرەکان قەبووڵیان بوو کە زمانی ڕۆژنامەی کوردستان زمانێکە دەبێ لێی فێر بن. بەڵام زۆر بە داخەوە دەڵێم نەخێر زمانی ڕۆژنامەی کوردستان و ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات کە دەڵێم حیزبی دیموکرات ناوی تەواوی ناڵێم بۆ ئەوەیە دێموکراتەکە بە تەواوی بگرێتەوە، بەداخەوە زمانەکە لەو ئاستەدا نابینم.

یانی ئەگەر جاران ڕووناکبیرەکانی کوردی باشوور دەیانویست لە «کوردستان» فێری کوردی بن، ئیستا نووسەرەکانی ئێمە لەوانی باشوور فێر دەبن،ئەویش نەک لە کوردی زانەکان، بەڵکوو لە کوردی نەزانەکان، بەتایبەتی شتی سەیریش! بۆ نموونە کوردی ئێمەش دەڵێن: «کوجا مەرحەبا»! کجا مرحبا فارسییەکی غەڵەتە. بەداخەوە پیاوێکی گەورە بەکاری هێناوە. یەکەمجار گۆرانی مەزن بەکاری هێنا! بەڵام کوجا مەرحەبا یانی چی؟ فارس دەڵێ «کجا بر کجا»، تۆمەز لە ڕادیۆ گوێی لێ بووە، لە «بەرکوجا»کەی حاڵی نەبووە، بە مەرحەبای نووسیوە. کورد دەڵێ «چیی بەسەر چییەوە»، فارس دەڵێ «کجا بر کجا»، عەرەب دەڵێ «این هذا من ذاک» کەچی ئیستە ڕووناکبیرەکانی ئێمەش «کوجا مەرحەبا» بەکار دێنن. ڕووناکبیرەکانی ئێمەش دەنووسن، شەڕەنگێز، ڕووناکبیرەکانی ئێمەش دەنووسن ئامادەباشی، ئامادەباش فارسییە، بەڵام کەلیمەکە ئامادەباشە نەک ئامادەباشی، ئەوە نموونەیەکە لە دەیان و سەدان و بەداخەوە هەزاران نموونە، بۆیە بە هەموو داخمەوە دەڵێم زمان و ئەدەبیاتی میدیای حیزبی دێموکرات، ئیستا لەو ئاستەدا نەماوە.


***تیشک** لە شاخ ڕادیۆ دەنگی کوردستانتان دامەزراند، بە پەسەندی دۆست و دوژمن میدیایەکی ڕاستگۆ بوو، ئەو سەردەمە خەباتی چەکداری و پاراستنی نهێنییەکانتان چۆن لەگەڵ میدیا یەک دەخستەوە؟*



ئەمن پێم‌وایە ئەم دووانە ناتەباییان لەنێودا نییە، چونکە کاروباری خەباتی چەکداری دوو بەشی هەیە. بەشێکی نەخشەدارێژییە، کە تەبیعەتەن بەنهێنی دەکرێ، بەشەکەی دیکەی عەمەلییە، تەقەی تفەنگ و شەستیر و ئاڕ پی جی و تۆپ و تەیارە و ئەوانەیە کە بە ئاشکرا دەبیسترێ، کەوابێ، شتە نهێنییەکە لە کاری چەکدارانەدا نەخشەدارشتنە کە عادەتەن لە بەینی چەند فەرماندەدایە، بەڵام بەڕێوەبردنەکەی شتێک نییە کە نهێنی بێ، عەلەنییە. لە پاشان کاری حیزبییش هەر دەبێتە دوو بەش. بەشی زۆری بۆ ڕاگەیاندن و کارپێکردنە و بەشی کەمتری نهێنییە. بۆ وێنە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، ڕێبەرییەکەی، ئۆرگانێکی دیکەی کۆ دەبێتەوە و بڕیار دەدا، ئەو بڕیارە لە سەدا پێنجی وایە کە دەبێ نهێنی بێ، ئەوی دیکەی بۆ ئەوە نییە لە زەین و مێشکی چەند کەسدا قەتیس بێ. بۆ ئەوەیە خەڵک بیزانن، دەبێ وابێ کە هەموو کەس بیزانێ. زۆر جار لەسەر نهێنیکاریی تێکۆشەرانی حیزبی، ئێمەش و حیزبی دیکەش بە هەڵە دەچن، پێیان وایە هەموو شتێک دەبێ نهێنی بێ. نەخەیر، لە سەدا یەکی ڕەنگە نهێنی بێ، ئەوی دیکەی دەبێ خەڵک بیزانێ. مەبەستم ئەوەیە ئەو دووانە پێکەوە ناتەبا نین، دەتوانرێ هەر دووکیان لە یەک کاتدا بەڕێوە بچن. با لێشی زیاد بکەم کە کاری میدیا بەشی هەرە زۆری گەیاندنی شتە ئاشکراکانە.

***تیشک** لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا وتاری ڕۆژتان لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاو کردووەتەوە، کە بەشی زۆریان، بەڕێزتان*

*و شەهید دوکتور «سادق شەرەفکەندی» نووسیوتانە. ئەو بەرنامەگەلە چۆن بوون و بە چ شێوەیەک ئیدارە دەکران؟*



دیارە ئەوەی دەفەرموون ڕاستە، بەڵام هەر کامەیان بۆ دەورانێک، یانی ئەو وەختەی ئەمن بەرپرسی بەشی تەبلیغات بووم، ئەمن نووسیومن و ئەو کاتەی کاک دوکتور سەعیدی ڕەحمەتی، یان کەسێکی دیکە بەپرسی بووە، ئەو نووسیونی. زۆر بەکەمی ڕەنگە ڕێکەوتبێ کەسانێکی دیکەش نووسیبێتیان. ئەو وەختەی ئەمن بەرپرس بووم زۆر وەختان، ڕادیۆ و ڕۆژنامە لە جێیەک بوون کە هیچ ئۆرگانێکی دیکەیان بە دەورەوە نەبوو، مەسئوولییەتەکەی دەکەوتە سەرشانی من. ئێمە ئەو وەختە عەمەلیاتی چەکدارانەی زۆر پانوبەرینمان بە دەستەوە بوو، بۆیە بەشێکی ڕادیۆ، بەشێکی ڕۆژنامەش بۆ ئەخباری مەربووت بە عەمەلیاتی پێشمەرگە تەرخان دەکرا، کە ئەوە مەسئوولییەتەکەی لەسەر شانی من نەبوو. ڕەحمەتی کاک تەها عەتیقی ئامادەی دەکرد و لە ڕادیۆ دەخوێندرایەوە و پاشان پوختەیەکی لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرایەوە. بەڵام ئەوەی دیکە کە تەفسیری سیاسی بوو عادەتەن لە هەفتەدا شەش ڕۆژ دەنووسرا. دەتوانم بڵێم لە سەدا ٩٥ ی بگرە پتریشی هەر ئەمن دەمنووسی، پیاو کە لەنێو جەرگەی کارێکدایە، کارەکەی زۆر بۆ ئاسانە، هەموو ڕۆژێ کە تەفسیری سیاسیم دەنووسی، یان سەعات چوار و پێنجی ئێوارە دەمنووسی و دەمدانێ! یان ئەگەر لەبەر دەلیلێک، لەبەر سەفەرێک بۆم نەکرابایە، بەیانی لەسەر نان و چای بەیانی دەمنووسی. شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشیش لەم بارەیەوە بڵێم، ئەوە ئارشیوەکەی ماوە. هەموو جارێ تەفسیرەکان دوو لاپەڕە بوون لە دێڕی یەکەمی لاپەڕی یەکەم دەستی پێدەکرد و لە دێڕی ئاخری لاپەڕی دووەم کە جێی خەتێکی دیکەی نەدەما تەواو دەبوون. یادی بەخێر بێهرۆز کوردئەحمەدی لە ڕادیۆ دەیخوێندنەوە، دەیگوت زۆر سەیرە، هەموو جارێ کە ئەم تەفسیرانە دەخوێنمەوە یان دە دەقیقە و نیو، یان یازدە دەقیقە دەگرێ، لەوە پتر نابا. باوەڕ کە شەش وتار لە حەوتوودا بۆ من زۆر ئاسانتر بوو لەوەی ئێستا داوام لێبکەن وتارێک بنووسم، چونکە ئەو کاتەی مرۆڤ لە نێو کارەکەدایە، ئەوەڵەن مەسئوولە و مەجبوورە تەعقیبی ئەخبار بکا، ڕادیۆی دیکە بگرێ، ڕۆژنامەی دیکە بخوێنێتەوە. باوەڕ کە نازانم ئەوەڵ جارەکان، دەنا قەت ئیحساسی قورساییم نەکردووە.

*چەندین ساڵ ڕۆژنامەی کوردستان ناوی بەشێک لە نووسەرانی بڵاو نەدەکردەوە، ئایا ئەمە جۆرێک پێشێلکردنی مافی نووسەرانی نێوخۆ نەبوو؟*



دەکرێ بڵێین نا، چونکی ئەو وەخت بڕیاری حیزبی ئەوە بوو، کە حیزب لە هەموو ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاو دەکرێنەوە بەرپرسە. یانی ئەوەی پێی دەڵێن ڕای ئازاد، ئەو وەختی لەنێو حیزبدا نەبوو. قەزییەکە ئەوە بوو هەرشتێکی دەنووسرێ نەزەری نووسەرەکە نییە، نەزەری هەمووان و نەزەری حیزبە. کەوا بێ پێویست ناکا ناوی لەسەری بنووسرێ. ئەگەر لە بیریشم بێ، ئەو دەورانە کەسیش داوای نەدەکرد و هەستیشی بەوە نەدەکرد کە زوڵمی لێ کراوە، ناحەقیی لێکراوە. بەڵام لە بارێکی دیکەوە دەتوانین بڵێین بەڵێ! ئەو کەسەی کارێک دەکا، حەقی خۆیەتی کە ناوی لەسەری هەبێ، هەرچەند ئەوە لەسەر خودی من وا نییە، بە لانی کەمەوە لە سەدا ٩٥ی هەرچی نووسیومە یان بێ ناوە، یان ناوێکی خوازراوی لەسەرە. لە ڕاستیدا ئەو شتانەی بەناوی خۆمەوە بڵاو بوونەوە، یان وتوویژن، یان ئەو قسانەن کە لە بۆنەیەکدا بۆ خەڵکم کردوون، یان لە هێندێ حاڵەتی دەگمەندا بە پێچەوانەی مەیلی خۆم

ناومیان لەســـەر نووسراوە. تەنانەت هێندێ جار گلەییـــم لە ڕۆژنامە و ڕادیـــۆ کردووە کە بۆچی بابەتەکە بە ناوی منەوە بڵاو دەکەنەوە، بۆ بەناوی من بێ؟ ئەمن بۆخۆم وا بووم. بەڵام لە ساڵەکانی ١٣٧٢-١٣٧٣دا ئەو ڕایە هاتە پێشەوە کە تەنیا ئـــەوەی وەک ســـەروتار دەنووســـرێ، حیـــزب بەتـــەواوی لێـــی مەســـئوولە. وتارەکانی دیکە دەکرێ بەناوی نووسەر بن، مەسئوولییەتەکەشی بەشێکی بکەوێتە سەرشانی ئەو. با ئەوەش بڵێم کە هێندێ جار ئەم شـــێوەکارە مشکیشی تێدا دەکـــوژرێ، حیـــزب هەیـــە وتـــارەکان بەناوی نووســـەرانەوە بڵاو دەکاتەوە. جا ئەگەر شـــتەکە گرتی دەڵێ بۆچوونـــی حیزبە و ئەگەر نەیگرت دەڵێ بیروڕای نووسەر خۆیەتی.
بەهەرحاڵ، لەو وەختی ڕا پەســـەند کرا کە ئازاد بێ، ئەو کەسەی پێی خۆشە ناوی خۆی بنووسی و کەسێکیش پێی خۆش نییە ناوی نەنوسرێ. جا ئێستە شتێکی تازەش هەڵکەوتووە، کە لانیکەم لە ڕۆژنامەی حیزبیدا ئەمن بە دروســـتی نازانم. ســـەروتارە بەڵام ناوی نووســـەرەکەی لەسەرە، ســـەروتار یانی ڕەئیی حیزبە، خـــۆ دیارە ڕەئیی حیزب، هەر دەبێ کەسێک بینووسێ، خۆ حیزب ناینووســـێ، حیزب ئوســـوولەن وجوودی نییە، دەوڵـــەت وجوودی نییە، ئەوانـــە مەوجوودێکی فەرزین، ئەوەی کە هەیە ئینسانەکانن، بەیانییەی حیزبی یەکێک دەینووسێ بەڵام ئیمزای کەسی پێـــوە نییە، ســـەروتاریش وایە. کەچی ئێســـتە دەبینی ســـەروتارە بەڵام ناوی لەسەرە. لەبارەی سەروتارەوە حەز دەکەم دوو شتی دیکەش باس بکەم. هێندێ کەس پێیان وایە یەکەمین وتاری لاپەڕی یەکەمی ڕۆژنامە ســـەروتارە، لە حاڵێکدا وا نییە، دەکرێ ژمارەیەکی ڕۆژنامە ســـەروتاری هەر نەبێ. وتاری یەکەم سەروتار نییە، وەختێک مەســـەلەیەکی تازە دێتە پێش، حیزبی سیاسی یان دەوڵەتێک هەڵوێســـتی لەســـەر دەردەبڕێ، وتارێک کە ئەو هەڵوێســـتەی تێدایە سەروتارە. وا باوە لە چاپیشدا کادری بۆ دادەنرێ، بە پیتی ڕەش دەنووسرێ و بە جۆرێک جودا دەکرێتەوە.


بەپێچەوانەش دەکرێ لـــە ژمارەیەکدا دوو یان ســـێ ســـەروتار هەبن. لە هەر بابەتێکدا شتێک دەنووســـرێ وەک سەروتار. وەک گوتم سەروتار بـــە تایبەتی بۆ حیزبی سیاســـی ناوی لەســـەر نانووسرێ بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئەوە ڕای حیزبە و ڕای نووسەرەکەی نییە.

*تیشک: خـــودی بوونی ناوی خـــوازراو لە ئیعتبار یا لە قورســـایی و ئەهەمییەت و لە مەفهوومی وتارەکە کەم ناکاتەوە؟*



لـــە ڕاســـتیدا ئەمـــە زیاتـــر لـــە مەســـئوولییەتی نووســـەرەکە کەم دەکاتـــەوە، جـــاری وا هەیە ئەگەر یەکێک لە ئێمە بیهەوێ شـــتێک بنووســـێ لە ڕۆژنامەیەکی نێوخـــۆی وڵاتدا بڵاو بێتەوە لەبەر باری ئەمنییەتی ناوی خۆی نانووســـێ، چونکە دەترســـێ ســـانســـۆرچییەکان یەخـــەی خاوەنڕۆژنامەکـــە بگرن یان ئەگەر کەســـێک لەنێوخـــۆی وڵاتـــەوە مەقالەیـــەک بۆ تیشـــک دەنووســـێ ناوی خۆی نانووســـێ چونکە ئەگەر بینووسێ خەتەری ئەوە هەیە کە پێی بڵێن ئەتۆ بۆ لەگەڵ تیشـــکی ئۆرگانی حیزبێکی سیاسیی غەیرەقانوونی کار دەکەی؟ ئەوە پاســـاوی هەیە، بەڵام لە هێندێک جاردا نووســـەر بۆ ڕاکردن لە مەســـئوولییەت نـــاوی خوازراو بـــەکار دێنێ و نایهەوێ خۆی لێبکاتە ساحێب.

*تیشک: مامۆســـتا وەک باس دەکرێت کە بەڕێزتان باوەڕتان بە یەکدەستکردنی زمانی کوردی هەیە. ئایا بەو تایبەتمەندییانەی کە زمانی کوردی هەیەتی ئـــەو پلانە زمانییە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت یا سەر بگرێت؟*



جارێ ئەمن لەســـەر ئـــەو تەعبیرە قســـەم هەیـــە، ئەگـــەر باســـی یەکدەســـتکردن بـــێ ئەمن قەت باوەڕم بە یەکدەستکردنی زمانی کوردی نییە،

ئەمــن باوەڕم بــەوە هەیە کــە زمانی کوردی وەکوو هەموو زمانەکانــی دونیا دەبێ زمانێکی ســتاندارد یان زمانی خوێندنەوە و نووســینی هەبێ. ئەگەر ڕۆژێک هاتینە ســەر ئەوە کە ئەو زمانە چۆن دروســت بێ، ئەمن ڕای خۆم هەیە و خەڵکــی دیکەش ڕای خۆیــان هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیڵێم ئەســڵی مەسەلەکەیە. با ئێمــە چاوێک لە دەرووبەرمــان بکەین، ئەمن هیچ لە تورکی نازانم، بــەڵام هەردووکمان لە فارســی دەزانیــن، مەنتەقەکانی ئێــران بگرە، زۆرجار ئەگەر بە زاراوەی مەحەللی قسە بکەن بە زەحمەت لــە یەکتر حاڵــی دەبن، کەچی هەمــوو ئێرانییەکان -غەیرە فارسەکانیشــیان لەگەڵ بێ- بە یەک زمان دەنووســن، چونکە زمانەکانی دیکە ئــازاد نین. بەڵام خەڵکی هەر ناوچەیەک بە شێوەزاری خۆیان نانووسن و بۆیە هەموویــان لێــک حاڵی دەبن. عــەرەب نەک وڵاتێــک، ۲۲-۲۳ وڵاتی هەیــە، لەهجەکانیان ئەوەنــدە لەیــەک دوورن، باوەڕکە لە وڵاتێکی وەک عێراقدا کــە وڵاتێکی عەرەبی نییە بەڵام عەرەبــی تێدا هەیە و عــەرەب و کوردی تێدا دەژین، لەهجەی مووســڵ و لەهجەی بەســرە ئەوەنــدە لێک دوورن ئەگــەر خەڵکەکەیان بە لەهجــەی مەحەللــی پێکــەوە قســان بکەن موشــکلی لێک حاڵیبوونیــان دەبێ. بەڵام ۲۲ دەوڵــەت بە زمانێک دەنووســن کە هەموو لە یەک حاڵی دەبن. جا ئەمە باسێکی دوورودرێژە، بــەڵام ئەمــن باوەڕم بــەوە هەیە کــە ناکرێ میلــلەتی کورد بێزمان بێ، ئێســتا بێزمانە، ئێستە لە وڵاتی ئێمە، لە تورکیە و لە سووریەی ژێر دەســەڵاتی ئەســەددا زمانی کوردی پێی ناخوێندرێ، بەڵام لە باشووری کوردستان یان کوردســتانی عێراق ئەو حەقــە هەیە کە کورد بۆخۆی ساحەبی قەزییەکەیە، یەکجار زۆر جێی داخە و پێــم کارێکی زۆر نارەوایە کە کتێب و تەنانــەت کتێبی دەرســییش بــە دوو لەهجە دەنووسرێ، ئەوە میلــلەتی کورد بەش دەکا.
ئەمــن یــەک دوو نموونــە دێنمــەوە کە ئەم باســە کەمێک درێژ دەکاتەوە، زەمانی شــای یەکەمجار لە تارانــێ، ڕادیۆی کوردی کرایەوە، بەرنامەیەکیــان هەبــوو «وەرن پێکەوە کوردی فێر ببین»، ڕستەیەکیان بە چوار زاراوە دەگوت، بەڵام بەرنامەیەکیان نەبوو بڵێ «بیایید همه باهم فارسی بیاموزیم» کە ڕستەیەک بە چەند لەهجە بڵێن، چونکە ئێران دەیەویست کورد بەشبەش بێ، بەڵام نەیدەویســت فــارس بەشبەش بێ. ڕادیۆی مەحەلییان دانابوون، ســەردەمێک کە ئێوە بەبیرتان نایە، هەموو لەشکرێکی سوپا دەبوو ڕادیۆیەکی مەحەللیی هەبێ، لە بیرمە لە خانێ دوو لەشــکر هەبوون دوو ڕادیــۆی مەحەللیی هەبــوون. ڕووناکبیرێکــی کــورد چووبووە کن مەقامێکی مەســئوول لە تارانێ گوتبووی باشە ئــەو هەموو هەزینەیە بۆ دەکەن؟ با یەک ڕادیۆ هەبێ لە جیاتی هەمووان قسە بکات، گوتبووی بەڵێ بەڵێ، دەتهەوێ زمانی یەکگرتوو بۆ کورد دروســت بکەی؟ ئەو خورمایەی ئەتۆ دەیخۆی دەنکەکەی لە گیرفانی مندایە.
لە دەورانی شــەڕی ئێران و عێراقدا کە عێراق بە موشکلێکی زۆر گەورەی ئابووریدا تێدەپەڕی، دەوڵەت دوو ڕۆژنامەی دەردەکردن، یەکێکیان ســەرپاک بە ســۆرانی یەکێکیان سەرپاک بە بادینی، «ئاسۆ» و پێموابێ «سۆلاڤ». هەردووکیان بەخۆڕایــی لــە دەیانهــەزار نوســخەدا بڵاو دەبوونەوە، بەڵام هەر ئەو وەختە سەدام حوسێن بڕیاری دابوو کە هیچ بەرپرســێک حەقی نییە لە کۆبوونەوەکاندا بە لەهجەی مەحەللی قســە بکا. ئەو دەیەویســت عــەرەب یەک نەتەوە بێ بەڵام کورد دوو بێت. کەچی ئیســتا کوردەکە بۆخۆی ئەو کارە دەکا. مەســەلەکە ئەوەیە دەنا یەکدەســتکردن مانای ئەوەیــە هەموو وەک یەک قســە بکەن، ئەمن چۆن شتی وا دەڵێم؟ خۆ نەک هەر ســۆرانی و بادینــی و کەلهوڕی و هەورامــی و هی تر، لەنێو سۆرانییەکانیشــدا هەولێــر و ســلێمانی وەک یەک قســە ناکەن یەکدەســتکردن بەوەی دەڵێــن و ئەمن قەت باوەڕم بەو یەکدەستکردنە نەبووە و نییە .

*لەسەردەمی خەباتی چەکداری لەو قۆناغەی ناوچەی ئازادکراو لە ژێر دەستی حیزبدا بوو، قوتابخانەکانتان دامەزراند، سیاسەتی پەروەردەیی ئەو کاتەی حیزبی دێموکرات چۆن بوو؟ ئایا ئەو قوتابخانانە ئەو کات نەدەبوونە بارگرانی لەسەر شۆڕشەکە؟*



لە بەشی دووەمی پرسیارەکەوە دەست پێ دەکەم، دامەزراندنی ئەم قوتابخانانە، چاپی کتێب، دابینکردنی کەرەسەی خوێندن، پەیداکردنی جێ‌وڕێ، تەئمینی مێز و سەندەڵی و هتد... هەموویان بارگرانییەکی زۆریان لەسەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەکە هەبوو، بەڵام دەبوو گوشارەکە زۆر لەوە زیاتریش بێ تەحەممول بکرێ. چونکە دەبوو منداڵی کورد لەو فرسەتە کە بۆی پێش هاتووە کەڵک وەربگرێ، دەبوو بۆی برەخسێ وەک دەڵێن: بە زمانی کوردی ناوی کورد و کوردستان و پێشمەرگە بنووسێ. کەوابوو ئەوە زۆر شتێکی پێویست بوو، هەزینەکەی دەبوو تەحەممول بکەین. ئەوە شتێک نەبوو کە خۆمانی لێ ببوێرین.

بەڵام لەباری ئەوەی کە حیزب سیاسەتەکەی چی بوو؟ ئەمن پێم‌خۆشە ئەوە عەرز بکەم کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مەسئوول، لە قوتابخانەشدا، لە کتێبی مەدرەسەشدا ئەو سیاسەتەی بەڕێوە دەبرد کە لە شوعاری حیزب و لە بەرنامەی حیزبدا هەبوو. نموونەت بۆ بێنمەوە: لە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا ئاڵای ئێران هەیە، دەرسێک هەیە دەڵێ ئێمە کوردین، ئێمە ئێرانیین. چونکە سیاسەتی حیزبی دێموکرات ئەوە بوو. زۆر شتی حیزبی دێموکرات میراتی دوکتۆر قاسملوویە یان بە ئەسڵ میراتی «قازی موحەممەد»ە. چونکە قازی موحەممەد زۆر لە دوکتور قاسملووی ئوستادتر بووە، دوکتور قاسملوو خۆی بە شاگردی ئەو دەزانی، ئەو دەیگوت تەزادێک لە بەینی کوردبوون و ئێرانی‌بووندا نییە. ئێمە هەم کوردین هەم ئێرانیین. هەتا کاتێک دەوڵەتێکی کوردیمان دەبێ، ئێمە ئەو دوو هۆڤییەتەمان هەن. ئێستا -بەتایبەت لە دونیای دەرەوەدا- کابرا دەڵێ ئێمە ئێرانی نیین، کوردین. باشە، ئەمنیش دەڵێم کوردین بەڵام کامەمان پاسپۆرتێکمان لە گیرفاندایە کە نووسرابێ کورد؟ هۆڤییەتی ئێمە لە پاسپۆرتدا لە ناسنامەدا ئێرانی و تورک و عێراقی و سووری نووسراوە. هەڵاتن لەبەر ئەو واقعییەتە مەسەلەکە حەل ناکا. لە ڕاستیدا خەباتی ئێمە بۆ گۆڕینی ئەم واقعییەتەیە. بەڵام خۆ کە گوتم ئێرانیم مانای ئەوە نییە کورد نیم. مەبەستم ئەوەیە سیاسەتی پەروەردەییشمان ڕەنگدانەوەیەک بوو لە سیاسەتی بەرنامەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.


*یانی ئەو پەروەردەیەی کە ئەو کات هەبوو، پەروەردەیەکی حیزبی بوو یان نیشتمانی؟ یان هەردووکی بوو؟*



دەکرێ بڵێین بە مەعنایەک هەردووکیان بوو. چونکی شتی نەتەوەیی تێدا هەبوو، لە عەینی حاڵدا شتی نیشتمانییش هەبوو. ئێمە ئێستا مانای نەتەوەیی و نیشتمانی باش دەزانین. وەکوو گوتم هەم کوردایەتیی تێدا بوو هەم ئێرانیەتیی تێدا بوو، دیارە ئەوە جوزئیاتێکە، دەرسی وا هەیە دەتوانێ لە کوردستانیش هەبێ لە عەرەبستانیش هەبێ، لە پاکستان و فەرانسە و ئینگلستانیش هەبێ. بەڵام کە دەهاتە سەر مەسەلەی هۆڤییەت، سیاسەتی حیزبی دێموکرات چۆن بوو، کتێبە دەرسییەکانیشمان وا بوون.

*لە ساڵی ١٣٨١دا گۆڤاری چشم‌انداز ژمارەیەکی تایبەتی لەسەر کوردستان بڵاو کردەوە و ئەوە دواتر بوو بە ڕەوتێک کە ڕێژیم ڕووداوەکانی کوردستان بە پێوەری خۆی بۆ خەڵکی کوردستان*

*باس بکات، ئێوە ئەو کات وەڵامی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری چشمئەندازتان لەسەر کوردستان دایەوە بەڵام دواتر ئەو ڕەوتە کوێر بووەوە، نە وەکوو حیزب و نە وەکوو کەسایەتی وەڵامی ئەو چەواشەکارییانە نەدراوەتەوە، هۆکارەکەی چییە؟*



دیارە ئەوەی گۆڤاری «چشمانداز» دەیکرد، زۆر دوژمنانە بوو لە حەقی میللەتی کورد و جێی داخیش ئەوە بوو کە هێندێ کوردیش تەئسیریان تێیدا هەبوو و ڕۆڵیان تێیدا دەگێڕا و ئەوەش کە جوابم دایەوە ئەگەر لە بیرت بێ لە شێوەی وتووێژێکدا بوو نەک ئەوە کە دانیشم و بە حەوسەلەوە هەموو شتەکانی جواب بدەمەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم حەقی خۆی نەدراوەتێ. بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر ئیرادیشی لەسەر بووبێ، کەڵکی خۆی هەبوو.
به باوەڕی من دەبوو هەموویان جواب بدرێنەوە، بەڵام بۆ جواب نەدرانەوە؟ ئەمن ئەو وەختەی کە جوابم دایەوە مەسئوولییەتی یەکەمم لە حیزبدا هەبوو و بە ئەرکی خۆمم دەزانی، دواتر کە ژمارەکانی دیکەی دەرچوون ئەمن لەو مەرکەزەدا نەمابووم و ئەو بەرپرسیارەتییەم لەسەر شانی خۆم هەست پێنەدەکرد، بەڵام ئەوە کە حیزب یان بەرپرسانی حیزبی بۆ جوابیان نەداوەتەوە دەبێ لەوان بپرسرێ نەک لە من.

*پیشک ئەوەی ئێمە بیزانین بەڕێزتان خۆتان نووسراوەکانی خۆتان تایپ دەکەن، دیارە سیستەمی دیجیتاڵیش بەکار دێنن بۆیەش حەزم لێیە پرسیارێک لەسەر دیجیتاڵ و زمانی کوردی بکەین، هەندێ کێشەی وەک سێرچکردن، ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ڕێنووسی کوردیشەوە هەیە. بۆ چارەسەری ئەم کێشانە بەڕێزتان پێشنیارتان چییە؟*



ئەمن پێموایە لە باری فەننییەوە -کە بۆخۆم هیچی لێ نازانم- ئیمکانی عیلاجی ئەو مەسەلەیە هەیە، چەند ساڵ لەمەو پێش سیمینارێک لە زانکۆی سۆران هەبوو ئەمنیش یەکێک لە بانگکراوەکان بووم. لاوێک کە پێموابێ لە سوئێدەوە هاتبووەوە بەرنامەیەکی باشی هەبوو باسی ئەوەی کرد کە دەتوانێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکا، بەرنامەیەکی داناوە کە دەکرێ سێرچ بە زمانی کوردی بکا. ئەگەر کەمێک لێکی بدەینەوە و وردتری باس بکەین ئەوە بوو کە ئەگەر بە زمانەکانی دیکە وشەیەک دەنووسی ئیملاکەی نادروستە کامپیوتێرەکە خەتێکی سووری بە بندا دەکێشێ و لە عەینی حاڵدا پێت دەڵێ ئیملا دروستەکەی چییە، جێی ئافەرین بوو و خەڵکیش ئافەرینیان پێ گوت. بەڵام ئەمن نۆرە قسەم وەرگرت و گوتم هەزار جار دەستخۆشیت لێدەکەم و کارێکی یەکجار زۆر گەورەیە بەڵام ئەتۆ دەبێ ئەوەی ڕاگری و پتریش گەشەی پێبدەی و ڕاوەستی تا بزانین ڕێنووسی دروستی کوردی چییە؟ ئیستە ئێمە ئەوەمان نییە. بە باوەڕی من ڕێگەکە ئەوەیە کە ئەوانەی خاوەن سەڵاحییەتن چ لەباری دەسەڵات و چ لەباری زانینەوە شتێک دابنێن بڵێن ئەمە ڕێنووسی کوردییە، جا ئەوجار ئەو بەرنامەیە لە ئینتێرنێت دابەزێ و ببێتە ڕێنووسی کوردی و سێرچی پێبکرێ. دەنا ئێستێ یەکێک شتێک دەنووسێ ئەمن پێم دروستە ئەتۆ پێت نادروستە. ئەو وەختەش کە بڕیارێکی ئاوا دەدرێ ڕەنگە یەکێک لە ئێمە نەزەری جودای هەبێ،بەڵام کە بوو بە بڕیاری ڕەسمی، بوو بە زمانی ڕەسمی و ڕێنووسی پەسندکراوی کوردی هەموومان دەبێ پەیڕەویی لێبکەین.
کەوابێ لە حاڵەتی ئێستادا پێموایە دامەزراندن و دانانی ئەو بەرنامەیە موشکیلی ئێمە حەل ناکا، ڕەنگە ئەوەی ئەو بەرنامەیە ساز دەکا پێی دروست بێ، بەڵام ئەمن یان ئەتۆ یان

کەسێکی دیکە پێمان دروست نەبێ یان هەر لە ڕاستیدا دروست نەبێ. چونکە ئەو بەرنامەسازە پسپۆڕی کامپیوتێرە و پسپۆڕی زمان و ئەدەب و ڕێنووسی کوردی نییە .

*ڕوانگەی مێژوویی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت زمانی کوردی و زاراوەکانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئەوەی کە تا ئێستا بووە چۆناوچۆن بووە؟*



دیارە ئەمن بە ناوی حیزبەوە قسە ناکەم. تا ئەو جێگایەی ئەمن ئاگام لێیە هەرچەند ڕەنگە بەو شێوەیە نەنووسرابێ و شەرح نەکرابێ، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان، زمانی کوردی و زاراوەی کوردیی لێک جودا کردۆتەوە. باوەڕی وا بووە کە دەبێ میللەتی کورد زمانی خۆی هەبێ و لە عەینی حاڵدا حورمەت لە هەموو زاراوە و بن زاراوەکان بگیرێ، هەموو لا ئازاد بن لە پێکەوەدوانی خۆیاندا زاراوە و بنزاراوەی ناوچەیی بەکار بێنن، تەنانەت لە باری فەنننییەوە ئەو کاتەی نووسەرێک ڕۆمانێک دەنووسێ کە ڕووداوەکانی مەسەلەن لە خانەقین، لە قەسری شیرینن، دەبێ ئەوەی پێی دەڵێن ڕیوایەت یان گێڕانەوە بەو زمانە بێ کە دەبێتە زمانی ستانداردی کوردی، بەڵام کە قارەمانەکانی قسە دەکەن زۆر بەجێیە بە لەهجەی خۆیان قسە بکەن .حیزبی دێموکرات شتێکی خیلافی ئەوەی نەبووە و وابزانم هەتا ئێستاش نییەتی .

*بۆچوونێک هەیە وەکوو ڕاستبوون یان هەڵەبوونەکەی وەکوو پرسیارێک لە جەنابت دەکرێ بۆچوونێک هەیە، ڕەوتی نەتەوەخوازی، ڕەوتی شوناسخوازی لە ڕۆژهەڵات لە ژێر تەئسیری دوو فاکتەرا بووە، فاکتەری مەزهەب و فاکتەری زاراوە بە تایبەتی مەبەستیان زاراوەی سۆرانییە ئەڵێن لەو شوێنەیدا کە مهاباد بێت تادەگاتە مەنتقەی جنووب کە زاراوە کەمڕەنگ دەبێتەوە شۆڕش تا ئەوێ بەگوێرەی زاراوەکە هاتووە، لەو شوێنەشەوە کە بڵێین کە جنووبە و ئەگەر وای دانێین مەزهەب کە دەچێتە بەشی شیعەکەی بۆ خوارێ دیسان کەمڕەنگتر بۆتەوە ئایا ئەو بۆچوونە ئەساسی هەیە؟*



ئەمن وای بۆ دەچم و بە نووسینیش گوتوومە هەندێک شت تاریخ دەیانخوڵقێنێ و ئیرادەی من و تۆیان تێدا نییە، ئەگەر ئەو هەلومەرجەی لە دەیەی ١٣٢٠ی هەتاویدا لە موکریان خوڵقا لە هەموو کوردستان هەبووایە، پێتەختی جمهوریی کوردستان مهاباد نەدەبوو، دەبوو کرماشان بێ. چونکە هەم شارەکە گەورە بوو، هەم وا بزانم ئەو وەختە مهاباد بە کەمی کەسانی خاوەنمەدرەکی لیسانسی لێ بوون، بەڵام هەر ئەو وەختی لە کرماشان بە دەیان و بە سەدان فەوقی لیسانس و دوکتۆرا هەبوون. بزووتنەوەی کورد بۆیە لە موکریان سەری هەڵدا چونکە لە دەورانی شەڕی دووەمی جیهانیدا بۆشاییەکی دەسەڵاتی مەرکەزی لەوێ خوڵقا، لە جنوبی کوردستان ئەو بۆشاییە نەبوو، دەوڵەتی ناوەندی حاکم بوو، تەنانەت لە شیمالی کوردستانیش دەوڵەت حاکم بوو، حاکمییەتەکە لە ورمێ ئەگەر زەعیفیش بووبێ هەبوو، بەڵام بەشی ناوەندی لە سەقزەوە بیگرە تا دەگاتە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و ئەوانە هیچ دەسەڵاتێکی مەرکەزی تێدا نەبوو. بۆیە دەبینین کە حیزبی ئازادی لەوێ دروست دەبێ، کۆمەڵەی ژێ کاف لەوێ دروست دەبێ. پاشان هەر لەوێ کۆمەڵەی ژێ کاف ناو دەگۆڕێ بە حیزبی دێموکرات. خۆ هەموو شتێک نیشان دەدا کە کۆماری کوردستان دەیەویست پەل بهاوێ بۆ خوارتر بەڵام مانعی هەبوو، مەسەلەن کۆماری کوردستان دەیەویست بڕوات بەرەو سنە، بەڵام پێش ئینگلیسییەکان ڕووسەکان کە بەلای خۆوە پشتیوانی کۆمار

بـــوون پێشـــیان پـــێ گـــرت، چونکـــە ئەوان قەراردادیـــان پێکـــەوە هەبـــوو، ئـــەم ناوچەیە مەنتیقـــەی نفوزی یەکێکیان بـــێ، ناوچەکەی دیکە مەنتیقەی نفوزی ئەوی دیکەیان بێ. هەتا ئێستاشـــی لەگەڵ بێ حیزبی دێموکرات وەکوو لە موکریان تەشـــکیلات و نفوزی هەیە لە سنە و ئیلام و کرماشـــان نییەتی. هەر بۆیە دەبینین چەند جار کە حیزب تووشـــی پاشەکشە بووە، کاتێک دەستی پێ کردۆتەوە، یەکەم جووڵەکانی لە موکریان بـــوون. بزووتنەوەیەک کە دوچاری پاشەکشـــە دەبێ وەختێک دەیەوێ ببووژێتەوە لـــەو جێیەوە دەســـت پـــێ دەکا کـــە زەمینە موســـاعیدە. حیزبی دێموکڕاتییش هەربۆیە لە ناوەندەوە دەســـتی پێ‌کردووەتەوە. دەنا بۆخۆت دەزانی ئێمـــە ئەندامی کومیتەی ناوەندیمان لە کرماشان لەسەر کاری حیزبی گیراوە و ئیعدام کراوە. حیزبی دێموکرات بەرامبەر بەو مەڵبەندە گرنگە قەت بێ‌غەم نەبووە.

ئەوەش کـــە گوایە عامیلی مەزهـــەب کاریگەر بـــووە، ئەوەندەی مەربووت دەبـــێ بە حیزب و بزووتنـــەوەی ڕزگاریخوازی کـــوردەوە بە هیچ جۆر شـــتی وا لەبەرچاو نەبووە. چونکی حیزبی دێموکـــرات لەگەڵ ئەوەی موخالیفی دین نییە لە عەینی حاڵدا ئیدئۆلۆژیی مەزهەبییشی نییە. حیزبـــی دێموکرات کار بۆ قەزیەی نەتەوایەتیی کورد دەکا، سەرفەنەزەر لە هەموو عەقیدەیەکی دینی و مەزهەبی .ئەمن شتێکم لە بیرە کە بۆخۆم دیومە. لـــە جەریانی شـــەهیدکرانی ڕەحمەتی مەلا موحەممەدی ڕەبیعیـــدا، تەزاهوراتێک لە کرماشـــان هەبوو، ئەمن لە پاریس بووم. لەگەڵ مەسئوولی حیزب لە کرماشان قسەمان دەکرد بۆ ئـــەوەی بزانین وەزعەکە چۆنە. باســـی کرد کـــە حەرەکەتێکی باش بـــووە و خەڵکێکی زۆر بەشـــدار بوون. دواتر تەلەفونی کرد گوتی کاکە ئـــەوە هێندێک هاتوون لە خەیابانێ شـــوعار لە دژی شـــیعە دەدەن. ئەگەر قەراری شیعەگەری و ســـوننی‌گەری بـــێ ئەمن شـــیعەم، ئەمن بۆ مەســـەلەی میللی کار بۆ حیزبـــی دێموکرات دەکەم. دەمەوێ بڵێم ئەندامێکی ئاگاهی حیزبی لە کرماشـــانیش ئەوە شعووری بوو. بەڵام ڕەنگە یەکێکیـــش نائاگا بێ و بیخاتە ئەو قاڵبەوە. دەنا لە سیاســـەتی حیزبەکاندا مەسەلەی مەزهەبی یان دینی بە هیچ جۆر دەخیل نییە.

*ڕۆڵی مێژوویی حیزبی دێموکرات لە پاراســـتنی زمان، شـــوناس و کولتووری کورد چۆن دەبینن؟*



ڕەنگـــە ئـــەو ڕۆڵـــە مێژووییە زۆر کاریگەر و وەســـیع نەبێ بە دەلیلی ئەوەی حیـــزب دەرفەتی کەمی بۆ خوڵقاوە بـــەڵام باوەڕی حیزبـــی دێموکرات بە پێویســـتیی بەرەوپێش بردنی زمان و ئەدەب و کولتـــووری کوردی حاشـــای لـــێ ناکرێ. هەر وەکـــوو لە پرســـیاری یەکەمدا فەرمـــووت، لە دەورانی کۆماری کوردستاندا یەکێک لەو شتانە کە لە هەموویان پتر بایەخی پێ‌دراوە مەسەلەی زمـــان بووە. ڕۆژنامە، گۆڤار، تەنانەت ڕادیۆیەکی مەحەللی هەبوو کە هەر لە مهاباد و دەوروبەری دەبیســـترا، هەموویان بە کوردی بوون. کتێبی کوردی، مەدرەســـەی کوردی. لە دەورانەکانی دیکەشـــدا حیزبی دێموکرات هەمیشە بایەخی بەو بابەتە داوە و نەقشـــێکی باشیشـــی هەبووە. ئەمـــن لە بیرمە لە دەورانـــی پاش ١٩٧٠دا کە ئێمە لە بەغدا ماڵێکمـــان هەبوو ناومان نەنابوو مەقەڕ یان بـــارەگای حیزبی دێموکرات، ماڵێک بوو لێـــی کۆ دەبووینـــەوە، هێندێـــک کتێبی کوردیمان چـــاپ دەکرد. لەگەڵ ئەوەی بنکە و بارەگایەک نەبـــوو، ناوێکی ڕەمزیمـــان دانابوو بەناوی بنکەی پێشەوا. ئەوانەی چاپمان دەکردن مۆرێکمان لێ دەدان «بنکەی پێشـــەوا». دیسان پێم‌وایە ڕەحمەتی محەممەدی مەلا کەریم بوو نووســـیی حیزبـــی دێموکـــرات تەنیـــا حیزبی کوردییـــە کـــە خزمەتی زمانی کـــوردی دەکا. حیزبەکانـــی دیکە بە زمانی کـــوردی خزمەتی خۆیـــان کـــردووە، بـــەڵام حیزبـــی دێموکرات

خزمەتی زمانی کوردی دەکا، چونکی شت چاپ دەکا بێئـــەوەی ئەدەبیاتی حیزب بێ. کەوابێ، ئەگەر بەرهەمی زۆریشـــی نەبووە مەســـەلەن وەکوو ئەوەی ئێســـتا لە باشـــووری کوردستان دەیبینین، بۆ ئەو ســـەردەمە ڕۆڵێکی بە تەواوی جێگای قەبووڵ بووە.

**پێشنگ** *ماموســـتا ئەم دوایانە هێرشێکی میدیایی کە زۆر جار پێی دەڵێن شـــەڕێکی نـــەرم لە دژی زمان و جلوبەرگ و کولتوور و تەنانـــەت مێژووی کورد لـــە ڕۆژهەڵات چڕتر بووەوە. لێکدانەوەتان بۆ ئەم هێرشـــە میدیاییە چییە؟*



باوەڕ بکە ئەو باسە هەر جەنبەیەکی ناخۆشی نەبوو. بە نەزەری من دوو جەنبـــەی ناخۆشـــی هەبـــوون. یەکێکیان ئەوە بوو لە ڕێژیمێکیدا کە باوەڕی بە ماف و ئازادییەکانی گەلان نییە، نەک هەر هی کورد هـــی ئازەرییـــش، هـــی عەرەبیش، هی بەلووچیـــش و هیچیـــان، جەســـارەت دەکاتە جێیەک کە ئیجازە دەدەن لە ڕەسمیاتیشدا، لە ڕادیۆدا، لە فیلمدا، سووکایەتی بە هۆقییەت یان کولتـــووری نەتەوەکانی داخڵی ئێران بکرێ کە زاهیرەن هەر بەپێی قانوونی ئەساسیی، خۆیان ئەوانـــە هاونیشـــتمانن و ســـاحەبی حقووقـــی بەرامبەرن. ئەو بەشە زۆر ناخۆش بوو. ئاخر ئەوە کە یەکێک جەســـارەت بکا لە کۆبوونەوەیەکدا، لە ماڵێک ســـووکایەتی بە زمان و ئەدەب و بە گشـــتی پیرۆزییەکانی نەتەوەیەک بکا، لەگەڵ ئەوەی ئیجازە بدرێ لە میدیای ڕەسمیدا شتی وا بڵاو ببێتەوە فەرقێکی زۆری هەیە. دیارە ئەوە زۆر ناخۆش بوو. بەڵام شـــتێکی ناخۆشی دیکە -کە لەســـەر ئەو قســـەیە ڕەنگـــە بۆمبارانیش بکرێم- ئەوە بوو کە ئەوەی هێندێ کەسی کورد کردیان، لە وی باشتر نەبوو، چونکی ئەوەی کە ئێمـــە پێـــی دەڵێیـــن بەرپەرچدانـــەوە یـــان پەرچەکـــردار، ئەوەی کوردەکانیش یەکجار زۆر ناخـــۆش بـــوو. ئەوانیش دەســـتیان کـــرد بە ســـووکایەتی بە فەرهەنگی میللەتی فارس کە ئەوەش هەر ناڕەوا بـــوو، ئەمن ئەو عەیبەی لە خۆییەکانی دەبینم پترم دێشـــێنێ لەوەی لە ڕەقیبەکان و دوژمنەکانی دەبینم. ئەوەشیان زۆر ناخۆش بوو کە سنوور نەما. بۆیە پێموایە ئەرکی حیزبەکانـــە ڕێنوێنی بدەن کـــە جوابدانەوە بەو حەرەکەتانە لە ســـنووری مەنتیـــق دەرنەچێ. مەسەلەن چەند جار حیزبی دێموکرات ئەوەی گوتووە کـــە بەڵـــێ دوژمن تێـــرۆری لە ئێمە کـــردووە، بـــەڵام ئێمە تێرۆر بە تیـــرۆر وەڵام نادەینـــەوە. ئەتـــۆ کە تێرۆرت پـــێ خراپە، ئەو وەختەی تێرۆریشـــت لەدژ دەکرێ نابێ تیرۆر بکەیتـــەوە، کە جنێوت پـــێ دەدەن نابێ جنێو بدەیـــەوە. پێموایـــە وەزیفـــەی حیزبەکانە لەو بارەیەوە کار بکەن.

**پێشنگ** *جیاوازییـــەک ئەگـــەر لـــە نێوان میدیای حیزبی و میدیای نەتەوەیی بەدی دەکـــرێ هۆکارەکـــەی چییە؟ بـــە باوەڕی جەنابـــی ماموســـتا عەبدوڵڵا حەســـەنزادە تایبەتمەندییەکانـــی میدیایەکی نەتەوەیی چین بە دوور لە ڕوانینێکی حیزبی؟*




پێموابـــێ ئـــەو دووانە بەتـــەواوی فەرقیان هەیە. ئەمن هێندێک جار گوتوومە ڕۆژنامەی حیزبی شتێکی پیرۆزە، بەڵام ڕۆژنامـــە نییە، چونکی بە قەولی باوی ئێســـتا یـــەک ڕەهەندییە، باســـی یەک سیاســـەت دەکا، تەنیا مەوزووعاتێکی تایبەتی بڵاو دەکاتەوە، لە حاڵێکدا وشـــەی ڕۆژنامە دوو مەعنا دەدا. یەکێکیان ئەوەیە کە نامەی ڕۆژە و باســـی مەســـایلی ڕۆژ دەکا، واتە ئەگەر هەموو ڕۆژێکیـــش دەرنەچێ باســـی ڕۆژ دەکا: نان بە چەندییە، بەرق کوژایەوە، فلانکەس کوژرا، چی بوو؟ هەمووی تێدابێ کە ڕۆژنامە حیزبییەکانمان وا نین و باســـی نەزەراتـــی حیزب دەکەن و بە دەگمەن شـــتی وایان تێدا دەبێ و مەجالیشیان

نییە کە مەسائیلی ڕۆژ باس بکەن. یەکی دیکەش ئەوەیە کە دەڵێن ڕۆژنامە لە موقابیل شەونامەدایە. ئێمە ئێستاش بە ڕۆژنامەکانی خۆمان دەڵێین ڕۆژنامە، بەڵام خۆ ناتوانین بە ڕۆژ لە وڵاتەکەی خۆمان بڵاویان بکەینەوە. لە داخڵی ئێراندا ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکە تا ئێستاش شەونامەیە. کە وا بێ میدیای نەتەوەیی ئەوەیە قەزایای نەتەوەیی و دوور لە هەموو تەعەهوداتێکی حیزبی و سیاسی بڵاو بکاتەوە و قازانجی نەتەوەیی پێش هەموو قازانجێکی دیکەی حیزبی و دینی و مەزهەبی و هتد.. بخات.

پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەیبینین وەبەر قاعیدەیەکی دیکە دەکەوێ. ڕۆژنامەگەلی وەک «خەبات» و «کوردستانی نوێ» دەکەونە خانەی ڕۆژنامەی نیوەڕەسمی. یانی دەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەی حیزبی سیاسین، چونکە بە ئازادی لەسەر خاکی خۆیان دەردەچن، هەر لەو کاتەدا میدیای نەتەوەییشن. ئەگەر سەرنجتان دابێ بێجگە لە هەڵوێستی حیزبەکان بیروڕای ئازدیشیان تێدا بڵاو دەکرێتەوە و ئاوڕ لە هەمموو ڕووداوەکانی ڕۆژیش دەدەنەوە.

***پێشک*** *یانی بە باوەری ئێوە ڕۆژنامەی کوردستان قەت هەوڵی داوە کە لە میدیایەکی حیزبی نێزیک ببێتەوە؟ یا ئایا دەکرێ؟*



وا بزانم مەبەستتان ئەوەیە کە لە میدیای نەتەوەیی نزیک بێتەوە. بەڵێ، ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەی کوردستانی دەورانی کۆمار بکەین تا ڕادەیەکی باش ئەو خەسڵەتەی پێوە دیارە، بەڵام لە پاش ئەو دەورەیە زۆر بە دەگمەن ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات مەجالی ئەوەی هەبووە باسی ئەو مەسەلانە بکا کە مەسەلەی خەڵکن. بەڵکوو نەزەراتی حیزبی باس کردووە و بۆچوونی حیزبی لە بارەی مەسائیلی وڵات و ئیدارەی وڵاتەوە هێناوەتە گۆڕێ و ڕووداوەکانی بەدەگمەن باس کردووە. ئەو کاتەی باسی ڕووداوێکیشی کردووە ئامانجی ئەوە بووە قسەی خۆی لە سەر بکا، لە حاڵێکدا ڕۆژنامەی نەتەوەیی خەبەر بڵاو دەکاتەوە بێ ئەوەی تەفسیرێکی لەسەری هەبێ.

***پێشک*** *دەوری میدیا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان چۆن دەنرخێنن؟*



میدیا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا دوو مەودا و دوو مەجالی هەیە یەکێکیان لەو وەختانەدا کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان خەباتی نهێنی یان بڵێین خەباتی شاخ بەڕێوە دەبا. پێمخۆشە لەسەر خەباتی شاخیش شتێک بڵێم: کە دەڵێن خەباتی شاخ مەبەست ئەوە نییە کە هەر لە شاخ و کێو بێ. ئێستێ ئێمە لە دەشتی کۆیەش خەباتی شاخ دەکەین خەباتی شاخ یانی خەباتی نهێنی، خەباتی «ناقانوونی»! لە دژی سیستەمێک و بۆ گۆڕینی ڕێژیمێک. خەباتی شاریش ئەوەیە کە لە وڵاتەکەی خۆتدای و دەتهەوێ بە ڕێگای قانوونیدا خەبات بکەی بۆ ئەوەی نەخشی زیاترت لە ئیدارەی وڵاتدا هەبێ، دەنگی زیاتر بەدەست بێنی و بەرنامەی خۆت بۆ پێشخستنی وڵات بەریە پێش. ئیستا کورد لە کوردستانی عێراق خەباتی شار دەکا، کێشەکە لەسەر ئەوەیە ئیدارەی وڵاتەکەم، ئیدارەی مەنتەقەکەم و هەرێمەکەم چۆن بێ. ئیدی باسی ڕووخاندنی دەوڵەتی ناوەندی ناکا. کەوابێ ئەمان خەباتی شار دەکەن و ئێمە لە دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێریش هەر خەباتی شاخ دەکەین.

جا لە هەردوو حاڵەتەکەدا میدیا دەتوانێ نەخشی موسبەتی هەبێ، دەتوانێ نەخشی مەنفیی هەبێ. دەزانی بەداخەوە مەمانان تەنیا

دەتوانین لەسەر میدیای کوردی لە ئێران و عێراق بدوێین و شارەزاییمان لە میدیای دوو بەشەکەی دیکەی کوردستان ئەگەر هەشبێ زۆر کەمە. بە باوەڕی من میدیای کوردی لە شاخ کە پتر بە دەستی هێزە سیاسییەکان بووە، ئەگەر دەورانی شەڕی نەگریسی نێوخۆیی لێ دەربکەین لە هەردووکی ئەو بەشانەدا لە خزمەتی قازانجی کورد و بزووتنەوەی کورددا بووە.

بەڵام ئەگەر بێینە سەر میدیای ڕەسمی، یان بڵێین میدیای ئاشکرا ئەم دوو بەشە جیاوازییان هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەداخەوە دەرەتان و ئیمکاناتێکی بەرتەسکی هەیە، دەگەڵ ئەوەی لەژێر زەرەبینی هێزە سەرکوتکەرەکاندایە و دەگەڵ ئەوەی لە پێوەندی دەگەڵ هێزە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورددا نییە، بە تەواوی لە خزمەتی ئامانجەکانی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەیدایە، بە پێچەوانەوە، میدیای کوردی لە باشوور -بە ئەدەبەوە دەڵێم و مەبەستم بێ حورمەتی نییە-، هەمیشە وا نییە. بۆنموونە لە هەلومەرجی ئێستادا کۆمەگ بە باشبوونی پەیوەندیی نێوخۆیی کوردەکان و هێزە کوردییەکان ناکا و هەر لەوکاتەدا لە خزمەتی ئارامکردنەوەی پەیوەندیی نێوان کورد و هەرێمەکە لەگەڵ دەوڵەتی فێدراڵیشدا نییە. جگە لەوەش، پێم وایە لە کۆمەڵی کوردەواریدا هێندێ بوار هەن کە پێویستە فەرهەنگسازییان لەسەر بکرێ. کەچی میدیای کوردی ئاوڕیان لێ ناداتەوە.

*تیشک: مامۆستا لەو ڕووەوە کە شارەزاییەکی تایبەتتان هەیە ڕوانگەتان بە نیسبەت سانسۆڕ و زمانی کوردی لە میدیای داگیرکەردا چییە؟*



دیارە ڕوانگەی هەموومان بە نیسبەت سانسۆڕی دەوڵەتەکان زۆر ڕوون و سادەیە. با ئەوەش بڵێم کە ئەمن لەگەڵ وشەی داگیرکەر نیم، هەتا ئەو وەختەی شوعاری حیزبێکی سیاسی خودموختاری یان فیدرالیزم لە چوارچێوەی وڵاتدایە، ناکرێ بە دەوڵەتەکەی بڵێی داگیرکەر. ئەگەر شوعارەکەت کردە ڕزگاریی کوردستان ئەو وەختە دەکرێ بڵێی داگیرکەر. کەوابێ زیاتر باسی سانسۆڕی دەسەڵاتی حاکم بەسەر زمانی کوردیدا دەکەین. ئەو سانسۆڕە بەتەواوی ناڕەوایە چونکی هەر لەسەر زمان نییە لەسەر بەیانیشە. ئەو شتەی دەتەوێ بیڵێی ئەگەر بە فارسییشی بڵێی لێت قەبووڵ ناکا. ئەوجار ڕێژیمی فەرمانڕەوا چی بۆ بکرێ لەسەر قەدەغەی زمان لەسەر تێکدانی زمانەکە دەیکا. بەڵام شتێکی سەیر بڵێم: ئەمن زۆر ئارەزوو دەکەم سانسۆڕی کورد لەسەر زمانی کوردی هەبێ، بە چ مەعنا؟ بەو مانایە کە مەرجەعێک بۆ زمان و ئەدەبی کوردی هەبێ کە هەم لە باری لێزانییەوە و هەم لە باری قسەڕۆیشتنەوە خاوەن سەڵاحییەت بێ. ئەو وەخت سانسۆڕ بخاتە سەر زمانی کوردی. ڕێگا نەدا هەموو نووسینێک بە هەر جۆرێک بنووسرێ چاپ بکرێ، هەموو کتێبێک چاپ نەکا، بە هەر زمانێک بنووسرێ بیدا بە کەسانێک کە بزانن بەڕاستی ئەو نووسراوە کوردییە، نێوەرۆکەکەی خزمەت بە پێگەیشتن و پێشکەوتنی فیکری کوردی دەکا یان نا؟ زمانەکەی کوردی فێر دەکا یان کوردی لە بیری خەڵک دەباتەوە کە بەداخەوە ئەوەمان نییە. ئێستێ تەماشا بکە، ئێمە بە هەزاران کتێبمان لە باشووری کوردستان بۆ بڵاو دەبێتەوە کە بەشێکی زۆر کەمیان نەمرن، بەڵام هەموویان بە خەرجی ئەو میللەتە بڵاو دەبنەوە و زۆریشیان تێدان کە لەباری شکڵ و نێوەرۆکەوە خزمەت بە ئەدەبی کوردی ناکەن. ئارەزووم دەکرد کە سانسۆڕێکی ئاوا هەبووایە.

*تیشک: مامۆستا لەتوێی وڵامی دوایین پرسیار کە فەرمووت ئەمن باوەڕم بە*

*ئیستلاح یان چەمک یان مەفهومی داگیرکەر نییە مەگەر ئەو کاتە کە حیزبێکی سیاسی شوعارەکەی گۆڕیبێ، ئەوەیکە ئێستا بە واقع هەیە ئەوەیکە دەبینین لەنێوان ناوەند و پەراوێز کە مەبەستمان ناوچە نەتەوەییەکانە، بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ جورێکە لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، «داگیرکاریی نێوخۆیی» بوونی هەیە. ئایا ئێوە بە دوور لەو تەفسیرە کە بڵێین سپایەکی وڵاتێک هاتووە کوردستانی داگیر کردووە، ئایا ئێوە پێتان وایە یان ئەسڵەن باوەڕتان بەوە هەیە کە کوردستان یان ڕۆژهەڵات، کۆلۆنیەکی نێوخۆییە لە ئێراندا؟*



لە وڵاتی ئێمەدا لە جیاتی کۆلۆنیالی موستەعمەرە بە کار دەبرێ کە وشەیەکی عەرەبییە، ئەمن پێموایە نەک هەر کوردستانی خۆمان، کوردستانی ئێران، بەڵکوو هیچکام لە بەشەکانی کوردستان موستەعمەرە نین، بەڵام هەموویان شێوەموستەعمەرەن. یانی وڵاتێکی خاریجی نەهاتووە داگیریان بکا، بەڵام لە نێوخۆی وڵات دەسەڵاتێک بەسەریاندا حاکمە کە تەسەڕروفاتی وەکوو تەسەڕروفاتی وڵاتانی ئیستعمارگەر دەچن. بۆ نموونە تەماشای کوردستانی ئێران بکە، دەگەڕێن داخۆ لە کوێ شوێنەوارێکی مێژوویی هەیە؟ ئەگەر دۆزییانەوە لەوێ موزەی بۆ دانانێن، دەیبەنە شوێنێکی دیکە. ئیجازە نادەن ئەو وڵاتە وەکوو خۆی گەشە بکا، ئێستا هەر لە وڵاتی خۆمان کوردێک حەقی هەیە پرۆژەیەکی زۆر گەورەی سەنعەتی لە ئیسفەهان بەڕێوە بەرێ، بەڵام ڕێگە نادەن لە کوردستان بە پووڵی کوردی ئەو پرۆژە سەنعەتییە گەورەیە بەڕێوە بچێ. ئەوە سیاسەتێکی ئیستعمارییە بەڵام وەکوو گوتم مادامێکی ئێمە داوای جودابوونەوە ناکەین، پێموایە کەلیمەی داگیرکەر یان بڵێین ئیستعمارگەر زۆر لە جێی خۆیدا نییە. چونکە ئەوە بەجۆرێک نیشانەی نەبوونی ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن هاوسەنگیی سیاسی (توازن سیاسی). دەبێ بڵێین سیاسەتەکەی ئیستعمارییە نەک بڵێین ئیستعمارگەرە.

*خودی مەسەلەی خودموختاری یان مەسەلەی فیدراڵیزم کە لە حیزبی دێموکراتدا هەردوو شوعارەکە بەقەول وەکوو بەرنامەی سیاسی کاری بۆ کراوە، جۆرێک لە کەمکردنەوەی ستەم بووە نەک لابردنی ستەم. ئایا پێتان وایە کە ئەوەی جەنابتان دەیڵێن شیبهی موستەعمەرەیە، دەتوانێت خروجی یان دەرکەوتەی ئەم بۆچوونە، سەربەخۆیی بێت یان دیسان فیدرالیزم بێت؟*



پێموایە بەپێی هەلومەرج دەتوانێ هەردووکیان بێ. لانیکەم لە تیئۆریدا دەکرێ وەکوو چەند وڵاتی عەرەبیمان هەن، چەند وڵاتی کوردیشمان هەبن. ئێستا پێمان دەکرێ یان ناکرێ مەسەلەیەکی دیکەیە. بەڵام لەباری نەزەرییەوە بۆ نا؟ دەکرێ کوردستانی ئێران ببێتە دەوڵەتێکی کوردی، هی تورکیە، سوریە و عێراقیش هەر وا. دەکرێ بەڵام وەکوو فەرمووت کەمکردنەوەی زوڵمە نە لابردنی زوڵم. ئەمن پێموایە زوڵم بە ئیستقلالیش بە تەواوی لاناچێ، وڵاتە سەربەخۆیەکان زوڵمیان تێدا نییە؟ زوڵم لە عەرەبستانی سعودی پترە یان مەسەلەن لە کوردستانی تورکیە؟ لە کووبا زوڵم کەمتر هەیە تا لە ئێران؟ خۆ ئەوانە وڵاتی سەربەخۆن. بەڵام بە هەر حاڵ هەوڵی ئینسانی ئازادیخواز بۆ لابردنی ستەمە. دەکرێ لە وڵاتەکەدا هەر بمێنێ بەڵام بە حەدی ئەکسەری مومکین زوڵمی لەسەر لابچێ. بە تایبەتی زوڵمی نەتەوەیی، بەباوەڕی من ئەگەر دێموکراسی حاکم بێ مەجبوور نییە حەتمەن بە ئیستقلال لابچێ. چونکی دێموکراسی زۆر

جار خراپ تەفسیر دەکرێ، دیموکراسی هێندێک وای لێ حاڵین کە هەر ئەوەیە کەمایەتی پەیڕەوی لە زۆرایەتی بکا. ئەمە دوانوێنگەی دیموکراسییە، دیموکراسی واقعی قەبووڵ و بەجێگەیاندنی مافەکانی کەمایەتی لەلایەن زۆرایەتییەوەیە. ئەوەیە دیموکراسی. دیموکرات بەو کەسە دەڵێن کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵام حقوقی ئەوانەی کە لەگەڵ وی نین ڕەعایەت بکا.

*لە چەندساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو پەرەسەندنی سوشیال میدیا لە ڕاگەیەنە گشتییەکان بەتایبەتی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانە، توندوتیژییەکی زمانیی سەیر دەبیندرێت بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا، ئەو توندوتیژییە زمانییە چۆن دەبینن؟*



پێموایە لە جوابی پرسیارێکی دیکەدا گوتم، ئەوە پتر دەمئێشێنێ، ئەگەر یەکێک موخالیفی منە لە فەیسبووکدا جنێوم پێ دەدا زۆر کەمتر لەوە دەمئێشێنێ کە لایەنگرێکی من جنێو بە کەسی دیکە دەدا. هەمووی مەحکووم دەکەم. ئەمە نیشانەی دواکەوتووییەکی زۆر قووڵە لە باری فەرهەنگییەوە، لە باری عەقلییەوە، لە باری ئەخلاقییەوە. لەجێدا جنێو و گۆپاڵ ئەوکاتە دەکەونە کار کە مەنتیق نامێنێ. ئەوەی ئیستە لە میدیادا دەیبینین زۆر جار بەڕاستی وای لێ کردووم ئارەزوو بکەم کە فەیسبووک نەبایە، ئینتەرنێت نەبایە. قەت لە بیرم ناچێ وا بزانم ٢٠ یان ٢٥ ساڵ دەبێ لە ڕۆژنامەی خەباتدا کاریکاتۆرێکم بینی زۆرم پێ جوان بوو. کابرا لە پشت کامپیووتێر دانیشتووە تەماشای شتێک وەک فەیسبووک دەکات،- ئەودەم فەیسبووک نەبوو- ئەم جنێو بەو دەدا ئەو جنێو بەم دەدا. کابرا لە خەیاڵی خۆیدا دەڵێ ئەوە دیواری ئاودەستەکانی قەدیمە یان لاپەڕەی ئینتێرنێت؟ زۆر شتێکی جوان بوو. ئێستا وایان لێ کردووە، ئەوە شتێکی زۆر دواکەوتووانەیە و هیچ مەسەلەیەک چارەسەر ناکا. بەڵکوو گیروگرفتەکان قووڵتر و توندتر دەکا.

*ئەمن وەکوو دوایین پرسیار لای خۆمەوە، سیاسەتەکانی میدیای دەسەڵات یان دەسەڵاتدار بۆ پەرەپێدان بەو چەمکەی کە ئێمە بە کۆلۆنیالیزم ناوی دێنین و جەنابتان پێی دەڵێن شێوە موستەعمەرە چۆناوچۆن دەبینن؟*



سیاسەتی میدیای دەسەڵات وەک عەرزم کردی جاروبار ئەو شتانەی بە سەراحەت لێ دەردەکەون، جاروبار فیلمێک بڵاو دەکەنەوە لێدوانێک بڵاو دەکەنەوە. کابرا لە جێیەک قسەی کردووە، هەتا ئەو جێیەی بڵاو نەکراوەتەوە قسەی خۆیەتی، بەڵام کە لە میدیای ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە ئیدی ئەو خشوونەتە زمانییە، خشوونەتە میدیاییە دەبێتە قسەی دەسەڵات. میدیای دەسەڵات لە وڵاتی خۆماندا -باسی ئێران دەکەم- لە کولدا لە جیهەتی ئەوەدایە کە هۆڤییەتی نەتەوە غەیرەفارسەکان بسڕێتەوە. جا سەیرەکە لەوەدایە ئەوەی پێی دەڵێن ئینقلابی ئیسلامی، تەنانەت لە خەتی ئینقلابی ئیسلامی، لە خەتی خومەینییش لایداوە. خومەینی وەختی خۆی تێزێکی هەبوو کە دەیگوت میللیگەرایی زەمینەی ڕوشدی ئیمپریالیزمە، دەیگوت فارس و کورد و نازانم چی و چی هەموویان موسوڵمانن، بەڵام ئێستا کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو فەلسەفە دینییەش کە هەیەتی -موناقەشەی ناکەین کە چۆنە- بە تەواوی شۆڤێنیستمەسلەکە. عەمیقەن موتەعەسیبن و دەیانەوێ هەموو هۆڤیەتێکی غەیرە فارس لە وڵاتی خۆیاندا بسڕنەوە.

# وتووێژ لەگەڵ
# حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)

**ڕوونکردنەوە:**
خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە ئەوەی لێرە دابەزیوە تەنیا بەشێکە لە وتووێژی گۆڤاری تیشک لەگەڵ ڕێزدار مەلا بەختیار. بە هۆکاری تایبەت، خۆمان لە بڵاو کردنەوەی تێکڕای چاوپێکەوتنەکە بواردووە و لە ئارشیودا پارێزراوە.

## ژیاننامە

حیکمەت محەمەد کەریم، ناسراو بە (مەلا بەختیار)

■ لەساڵی ١٩٥٤ لەشاری خانەقەینی دەوڵەمەند بەنەوت لەدایک بووە، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عیراق.

■ لە ١٠ / ١٩٧٠/٠٦ پەیوەندی بەکۆمەڵەی (مارکسی ـ لینینی)یەوە دەکا، ئەوەش چەند مانگێک دوای دروستبوونی کۆمەڵەکەوە.

■ لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە دەکا، بەڵام بەهۆی بیروباوەڕە چەپگەراییەکانیەوە بەرەورووی گوشار و ئاستەنگیکی زۆر دەبێتەوە.

■ حیکمەت محەمەد کەریم یەکێک بووە لەوانەی لەلیستی ئەو سەرکردە داواکراوانە دابووە کە لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووبوو، بەڵام هەوڵەکان بۆ دەستگیرکردنی سەرکەوتوو نەبوون.

■ دواتر دەبێتە لێپرسراوی تەواوی شانە نهێنییەکانی کۆمەڵە لەناو شارەکاندا، و بەپێناسی ساختە، بەشێوەیەکی نهێنی لەنێوان هەریەک لەشارەکانی (بەغدا، کەرکوک، کەلار، سەماوە، دیوانیە، فەلوجە، موسڵ، سلێمانی و هەولێر) هاتوچۆی دەکرد، بەمەبەستی پێکهێنانی شانەی چەکدار بۆ بەشداری پێکردنیان لە خەباتی چەکداریدا.

**لەگرنگترین ئەو پلە و پایانەی مەلا بەختیار ئەرکی تێیاندا بینیوە لە ساڵی ١٩٧٥ وە:**

■ لەساڵی ١٩٧٥ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

■ لەساڵی ١٩٧٦، دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

■ لەساڵی ١٩٧٨، دەبێتە لێپرسراوی هەرێمی هەورامان.

■ لەساڵی ١٩٨٢، لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

■ لەساڵی ١٩٨٤، ئەندامی تیمی دانوستانکاری کوردی بووە لەگەڵ ڕژێمی عیراق.

■ لەساڵی ١٩٩١، لە ڕاپەڕینەکانی گەلی کورددا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

■ لەساڵی ١٩٩٢، بەشداری کۆنگرەی لایەنە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراقی کردووە لە ڤییەننا.

■ لەساڵی ١٩٩٢، لە هەڵبژاردنی جەماوەری، دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

■ لەساڵی ١٩٩٣، دەبێتە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیکەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

■ لەساڵی ١٩٩٥، دەبێتە سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان.

■ لەساڵی ١٩٩٩، بەشداری لەکۆنگرەی ئۆپۆزیسۆنی عیراقی کردووە لە «نیۆیۆرک».

■ لەساڵی ٢٠٠١، دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

■ لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٢، بەشداری کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی دەکات لە دابڵین.

■ لەساڵی ٢٠٠٩، دەبێتە ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

■ لەساڵی ٢٠١٠ وە، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

لەبواری ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەدا:

گرنگترین کتێبە چاپکراوەکانی:

١ یاخیبوون لەمێژوو - ١٩٩٨.

٢ لەخزمەتی ئەدەبدا ـ ١٩٩٨.

٣ دیموکرسی لەدوای جەنگی سارد - ١٩٩٩.

٤ کۆبەندی چەند بابەتێک ـ ١٩٩٩.

٥ دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا- چاپی یەکەم- ٢٠٠٠و چاپی دووەم ٢٠١٤.

٦ ئازادی ئەقڵ و کۆمەڵی مەدەنی - ٢٠٠١.

٧ دیموکراسی و دوژمنانی ـ چاپی یەکەم- ٢٠٠٦.

**٨** چــۆن چەپكێكء كام مێــژووی كۆمەڵە؟! ـ ٢٠١٢.

**٩** تۆتالیتالیزمی ڕۆحیء ئەركەكانی ڕۆشنگەری هاوچەرخ- ٢٠١٣.

**١٠** گوتاری ئەنكـــەرە وەرچەرخانی هاوچەرخی كوردایەتی- ٢٠١٣.

**١١** وتارەكانی هەفتەیاد – ٢٠١٣.

**١٢** دووڕێیانی دیموكراسیء سەلەفییەت- چاپی یەكەم- ٢٠١٤.

**١٣** مخطط سیاســی حدیث فی شــرق الاوسط طبعةالاولی ٢٠١٤

**١٤** شۆڕشـــی كوردســـتان و گۆڕانكارییەكانـــی ســـەردەم- چاپی پێنجەم ـ عەرەبی ـ لوبنان – ٢٠١٥.

**١٥** كوردســـتان، هەدەپـــە، توركيـــا، ڕووەو كام بەستێنی سیاسی؟ – ٢٠١٥.

**١٦** پێشبینی سەرهەڵدانء مەترسییەكانی داعش ـ ٢٠١٥.

**١٧** كوردستان بەرەو سازان یان ترازان ـ ٢٠١٧.

**١٨** یەكەمین كۆڕ، یەكەمین مونازەرە ـ ٢٠١٧.

**١٩** گەشتێك بەرەو گۆڕانكاری سیاسی ـ ٢٠١٧.

**٢٠** ئاڵوگۆڕە سیاسیەكانء هاوكێشە نوێیەكان

**٢١** لە بری بیرەوەری

- یەكەمیـــن كـــۆڕی سیاســـی دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) لە شەقڵاوە بەستووە .
- یەكەمین كۆڕی عەلمانی دژی ســـەلەفییەت ساڵی (١٩٩٤) ئەنجامداوە .
- یەكەمین مونازەرەی سیاســـی و فكری ساڵی (١٩٩٥) لەگەڵ نەیاری ئایدیۆلۆژی سازداوە.
- لەســـاڵی ١٩٩٦، سەرپەرشـــتیاری ناوەنـــدی ڕاگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بووە.
- سەرنووســـەری گۆڤاری وەرزی (مەدەنیەت) لەساڵی ( ١٩٩٨) .
- سەرنووسەری هەفتەنامەی (چاودێر) لە ساڵی (٢٠٠٤).

دوا ئەركـــی ڕوناكبیریـــی: سەرپەرشـــتیار و دامـــــــەزرێنەری (پلاتفۆرمـــی دابـــڕان) و (فێمینیستی ڕۆشنگەری)یە.

*ســـپاس بۆ ئـــەم دەرفەتە، وەكوو دەســـتپێكێك، مەلابەختیـــار چۆن خۆی ئەناسێنێت؟ لە قۆناغی ئێستای تەمەنیا ، بە گوێرەی بیروباوەڕەكانی، بۆچوونەكانی، دنیا چۆن ئەبینێت؟ وەكوو جاران ئەیبینێت یان بەشێوەیەكی دیكە بیر دەكاتەوە؟*



نا، بێگومان وەكـــوو جاران نایبینم، بـــەڵام بەتەواوەتـــی لـــە جـــاران دانەبڕاوین، ئێستامان درێژەكێشاوی هەمـــان خەونەكانی ڕابردوومانە، ئایندەشـــمان لەســـەر ئێســـتا ئەگەر باش بیر بكەینەوە بنیاد دەنێین، دنیا گـــۆڕاوە و ناكرێ ئێمە نەگۆڕابین، پێمواىێ لە هەندێ ڕێچكەیـــا بەردەوامین و لە هەندێ ڕێچكەیا تووشی ڕاچڵەكین بووین.

ئـــەوەی نەدەبوو ڕوو بـــدات ڕووی دا و ئەوەی دەبوو ڕوو بدات ڕووی نەدا، یان ئەوەی نەدەبوو بیكەین كردمان ئەوەی دەبوو بیكەین نەمانكرد، ئێستا لە بگرەوبەردەیەكی ئاوا داین.

من خـــۆم لـــەوەدا دەدۆزمەوە كە هـــەر خەوە شۆڕشـــگێڕ و دیموكـــرات و دادپەوەرییەكەیە، بەڵام زەمان و زەمینەكەی لە لای من گۆڕاوە.

*بارودۆخی ئێستای باشوور هەست ئەكەی لە كەسـێك ئەچێ هەناسەی سوار بـــووە و پشـــوو درێژیی نەمـــاوە، بەجۆرێك ڕاڕایی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری هەیە لەم وڵاتە بەگشـــتی هەست ئەكەی ئینسانی كـــورد ورد بووە لە ناوەوە ڕووخاوە، چی وای كردووە ئەو بنبەســـتە سیاسییە دروست ببێ و بەهەرحاڵ سیاســـەت بگاتە ئاســـتێك كە خەڵـــك هیچ ئینتیمایەكی بۆ هیچ شـــتێك نەماوە؟ لانیكەم ڕواڵەتەكە وا نیشان دەدات.*



وەڵا ئـــاوای دەبینـــم دوو هەفتـــە لەمەوبـــەر لەســـەر تەلەفزیـــۆن لە بەرنامـــــەی كـــرانەوە وتم لە ٩٣،٩٤ـــــەوە پرۆژەیەكـــی جوان لە مێشـــكی

سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشوور نەماوە، ئەوەی بوو بەناوی ڕیفراندۆم کردمان بەدەر لەوەی ناچمە ناو وردەکارییەکەی، تەوقیتەکەی هەڵەیە، پیلانەکەچەند گەورە بوو لەسەرمان، چۆن نەبوو، نەیتوانی ئەو خەوە جوانە بە دی بێنێ کە درێژەکێشانی ڕاپەڕینی بەردەوام بێت، ئێستا، ئەمڕۆ ڕۆژی یادی ڕاپەڕینە لە ڕانیە، ٣٠ ساڵی ڕەبەقە ڕاپەڕینمان کردووە . بە ٣٠ ساڵ سەنگاپوور بوو بە یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی دنیا، ڕێک بە ٣٠ ساڵ، یانی ٦٥ دەستیان پێکرد لە ٩٥ تۆپ، سەرکەوتوو بوو.

ئیستە جەنابت لە من ئەپرسی مرۆڤی کورد داڕزاوە، یانی لە دوای ٣٠ ساڵ دوای ڕاپەڕین، لە یادی ڕاپەڕینا بە من ئەڵێی مرۆڤی کورد داڕزیوە، مەعنای ئەوەتە هەموو ئەو خەونە جوانانەی لە ڕاپەڕین و پێش ڕاپەڕینا بوو ئەو خەونە جوانانە نەهاتوونەتە دی، بۆیە وامان بەسەر هاتووە، بۆیە وای لێهاتووە.

لە ڕاستییا بە ڕۆشنی ئەیڵێم، نامەوێ هیچ بشارمەوە، قەیرانی عەقڵی سەرکردایەتی سیاسیی کوردە، ئەوە قەیرانێکی گەورەیە، ڕاستە لە چاو ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو ئێمە شکستی بەرەو هەرەسمان نەخواردووە، ڕاستە ئەوە شانازییەکی گەورەیە نە لەکاتی خەباتی چەکداری نە دوای ڕاپەڕین .

بەڵام بە دیوەکەی ترا بەدینەهێنانی ئاواتە بنەڕەتیەکانی ٣٠ ساڵی دوای ڕاپەڕین، خۆی لە خۆیدا نائومێدییەکی گەورەی دروست کردووە، ئەم قەیرانە، قەیرانی نەبوونی عەقڵێکی ستراتیژیی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەموو جمگەکان و بوارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

ئێمە بەکورتی عەقڵی تەسکی حیزبایەتیمان تێنەپەڕاندووە لەسەرکردایەتیی سیاسیی حیزبییەوە، بۆ سەرکردایەتیی دەوڵەتمەدارییەکی هاوچەرخ.

پێشنگ: *بەهەرحاڵ ئەو کێشانەی ئێستا کۆمەڵگا پێوەی دەناڵێنێ بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەست دەکەی شتێک نەماوە شکڵ بدات بەڕای گشتی، تەقریبەن ئەو بۆمبارانەی زانیاری کە هەیە و ئەو بێ کۆنترۆڵەی کە بە سەر ئەفکاریشدا هەیە بەسەر ئێمەیشدا هەیە وای کردووە کە ئەسڵەن خەڵک نەزانێت چ پێگەیەکی هەیە، تەقریبەن پێگەی کۆمەڵایەتی تێکچووە، شەخس و پێگەی کۆمەڵگاکە کە ڕووداوەکان ناخوێنێتەوە بەرەو کوێ دەچن، لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڕاستی ڕای گشتی هەیە؟ لە کوردستانیشا جەنابت وەکوو سیاسییەک پێتان وایە ڕای گشتی هیچ کات سیاسەتی ناچار کردووە ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێت؟*



با جارێ بەشێکی کەمی پرسیارەکەی پێشووت باشتر ڕوون بکەمەوە، ئەویش ئایا بەتەواوەتی مرۆڤی ئێمە داڕزاوە؟ بەتەواوەتی نائومێد بووە؟ نا، من وای نابینم بە تەواوەتی داڕزابێت، ئەم وێستگانە، ئەم پێچاوپێچانە لە مێژووی جیهان و گەلاندا هەیە لە هەموو کۆمەڵەکانی دنیایە، بەڵام کاتییە، تەنانەت دەزانین لە هەموو بەشەکانی کوردستان کارەساتی زۆر زۆر گەورە بەسەر میللەتی کورددا هاتووە ، ئەو کاتەی کە قۆناغی زۆر دواکەوتووتر و کەمترین کەرەستەکانی بەرەنگاری و خۆڕاگریش هەبووە، ئەو کاتە کورد بەتەواوەتی هەرەسی نەهێناوە، لە بەرانبەر کارەساتەکاندا، ئێستاش هەر وا ئەبێ.

ڕووداوەکانی ئێستە لە باشوور، جیاوازە لەگەڵ ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا، بۆ نموونە: ئەم ناڕەزایی و داڕزانییەی کە ئێستا هەیە ، بەدبەختییەکەی لەوە دایە کە هۆیەکەی خۆمانین ، بەڵام ئەشێ بینین لە سۆشیال میدیایە، لە نێو نووسەرانە، لەنێو هونەرمەندانە، لە نێو ڕای گشتی و شەقامی سیاسی تازەیا، لە جۆرێک لە خۆپیشاندانی سیاسی تەندرووستییا، نەک هەڵەکان ، ئەمانە ئەبینین لە نێو ژیانێکی

تازەین. ئەمە، ڕای گشـــتییەکی تازە ئەخوڵقێنێ لە کوردستانا، ئەمە زۆر زۆر گرینگە، ئایندەیشی تیا بەدی دێت.

*کاریگەریی لەسەر سیاسەت داناوە وەها کە سیاسییەکان ڕەفتاریان بگۆڕێت؟*



بێگومان دایناوە، هــەر بە دەلیلی ئــەوەی لــە هیــچ هەڵبژاردنێکدا یەکیەتــی و پارتــی و هـــــەموو حیزبەکان، هەرچێ هەوڵ ئەدەن ناتوانن لەسەدا پەنجــای زیاتر دەنگــەکان بێنــن .ئەمە نەک کاریگەریی داناوە، بەڵکوو ترساندووشنی.

*ڕای گشتییەک هەیە کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگا بێت نەک دەرخواردی درابێ؟*



ئینجــا ئەمە گرینگــە، تەواوکەری وڵامەکەی تریشمە، ئەویش ئەوەیە لە وڵاتێکــدا دەستاوەدەســتکردنی دەسەڵات نەبێ، ڕای گشتییش نییە، دەسەڵات لە هەمـــوو بژاردەیەکدا قۆرخ کــراوە، ئەوە زۆر ناتەندروســتە، ئەمــە جۆرێک لــە هەژمووونی حیزبگەراییــە بەنــاوی دیموکراســی، ناڵێــم دیکتاتۆرییــە، دەڵێــم حیزبگەراییــە بەنــاوی دێموکراسییەوە، من دایمەن وتوومە دێموکراسی تەنیا لە هەڵبژاردنی چوارساڵ جارێکدا نابینم. دێموکراســی چەمکێکــی فراوانــە، دەستاوەدەستکردنی دەسەڵاتی تیایە، بوونی ڕای گشــتیی تیایــە، ڕەخنەی تەندروســتی تیایە، تــەواوی ئازادییەکانی تیایــە، خەباتی مەدەنی تیایە، قبووڵکردنی جیاوازییەکانی تیایە، دۆراندن قەبووڵ کردنی تیایە. دێموکراســی پرۆسەیەکی مێژوویــی، و کولتوورێکی مێژوییە،کە ئەمە ئەم پرۆسە مێژووییە لە ناو دەسەڵاتا هەیە، بەڵام لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتییا لاوازە جارێ.

*لایەنێکی تر بــاس بکەین، پێش ئەوەی باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، بارودۆخــی پارچەکانــی تری کوردســتان دیــارن. نوێنەرایەتیی هێزە سیاســییەکان دیارن زۆنە سیاسییەکان دیارن،تارادەیەک ئێمە سەیری جوگرافیای کوردستان بکەین کۆمەڵێ زۆنی ناوخۆییشمان هەیە، ئەو زۆنە ناوخۆییانە هەرهێزێکی سیاســی  نوێنەری زۆنێکی سیاســین، تەنانەت ئــەو مودێلی حیزبە سیاســییەکانی کوردیــش ئەوەندە دوور نییــە لە یەکتر یانی ئەگەربە گشــتی لە ڕووی ڕەفتاری سیاســییەوە ســەیریان بکەین، ئایا ئێــوە پێتانوایە ئەو بارودۆخەی لێرە ڕووی داوە لە نێو پارچەکانی دیکە بەو شــێوەیە ڕوو بداتەوە؟ مەترسیی ئەوە هەیە ئەو ناســیۆنالیزمەی کورد پاشەکشە بکات لــە پارچەکانی تریشــدا ؟ پێتان وایە یەک عەقڵییەتە لە نێو حزبە سیاســییەکاندا یان جیاوازییەک دەبینن؟*



دیارە جەنابت وەکوو ئەگەر پرسیار دەکــەی، منیــش بە ئەگــەر وڵام دەدەمــەوە ناتوانم بە یەقین قســە بکەم.
یەکەم ئێمە لە باشــوور نەدەبــوو وابین، دەبوو نموونەکەمان جوانتر بێ و  زۆر باشتر و گونجاوتر بێ، لە گەڵ ئەوگۆڕانکارییانەی کە ئێســتا پێیا تــێ ئەپەڕین، یان بــا بڵێم : بــە کورتی ئێمە کارلێکێکی تەواومان  لەگــەڵ گۆڕانکارییەکان نەکــرد، کارلێکێکی ئۆرگانیکیمــان نەکرد کە کاریگەریمان هەبێ و ڕووداو و گۆڕانکارییەکانیش لەســەرمان کاریگەریان هەبێ، بەداخەوە ئەمە نەکراوە، نەک ئەمــە نەکراوە، بەڵکوو بەدرێژایی مێژوو لەســاڵی ٧٠وە کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران دائەمەزرێ، سیســتەمی حیزبایەتیــی بنەماڵە قەبــووڵ ناکەین، ئێســتە چەندیــن بنەماڵە لە نێو حیزبەکاندا دروســت بوون، ئێستا پێوەندیی کۆمەڵایەتــی لــە پێوەندییەکــی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتووەوە،کە خەونمان بوو، بۆ پێوەندییەکی

کۆمەڵایەتیی عەشایری گەڕاوەتەوە، لە زۆر جومگەیا گەڕاوەتەوە.
ئیستە لە هەندێ شوێنا ئەگەر عەشایەر لەگەڵتا نەبێ دەرناچی بۆ هەڵبژاردن، مەحاڵە دەربچی، پێوەندیی عەشیرەگەریمان وا لێکردووە.
لەهەندێ شوێنا زۆر بە ئاشکرا هەندێ لە کۆنە سەرۆک جاشەکان و عەشیرەتەیان خۆیان ئامادە کردووە کە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی بێتە پێش, ئەوانیش وەک جاری جاران چەک هەڵبگرنەوە و ببنە هێزی داردەستی داگیرکەران، ئایا لە بەشەکانی کوردستان ئەمە ڕوو دەداتەوە یان نا؟ بەڕای من ئەمە بەستەیە بە چۆنییەتیی گۆڕانکاری لە بەشەکانی کوردستان، ئەگەر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە هێزی چەکداری, کە ئێستا لە بەشەکانی کوردستان هەیە بە زەبری هێزی چەکدار گۆڕانکاری ببێ و بە عەقڵییەتی هێزی چەکدار بگەڕێنەوە ئەمەی ئێمە لەو بەشانەی کوردستان دووبارە دەکەنەوە ئێوە.
ئەگەر بە وەرچەرخانێکی ڕاپەڕین و بە کاریگەریی سیاسەتی گلووبال و سوشیال میدیا و تەکنیک و ئابووریی ئەم سەردەمە گۆڕانکاریی لەو بەشانەی کوردستان ڕوو بدات بەشی زۆری ئەم تەجروبە شکستخواردووەی ئێمە دووبارە نابێتەوە.

*ئەو بەستێنانەی سیاسەت گەمەیان تیا ئەکات بەگشتی، بەهەر حاڵ ئەو مەترسییەی جەنابت باسی دەکەی، ئێمەیش هەستی پێدەکەین، کێشەکە ئەو هەرێمە ناوخۆییانەن کە لە زەینی ئێمەدان، شتێک هەیە بەناوی دێگەڵەی زەینی. دێگەڵەی زەینی شتێکە لە نێو ئەحزابی کوردیدا بوونی هەیە. ئەو بەر یەککەوتنی مەڵبەندە نێوخۆییەکان ئەوەیکە مەترسی دروست دەکا لەنێو سیاسەتی کوردا بەرەورووبوونەوەی ئەو مەڵبەندە نێوخۆییانەیە، ئەوەیکە جوگرافیای کوردستان لە ڕووی مەڵبەندییەوە موزاییکێکی ڕێک نییە، موزاییکێکی شێواوە، یانی مەڵبەندە نێوخۆییەکان پاڵنەری کاراکتەرە سیاسییەکانن کە هەر کەسێک بچێتە مەڵبەندی خۆی کە ئەمە مەڵبەندی منە، بۆچی لە زەینی سیاسییەکانی کورددا ئەو مەڵبەندانە ئەوەندە زەق ئەبنەوە، دواتر لەو مەسەلە گشتییانەی کوردستان ئەبێتە هۆی ئەوەیکە ناوچەیی ڕەفتار دەکەن؟*



لەبەر ئەوەی لە مێژوویا ئێمە وەرنەچەرخاوین، بۆ لە ئەورووپا ئەمە ڕوو نادا؟ لەبەر ئەوەی ئەوان وەرچەرخاون ، ئەوان لە کولتوور و نەریت و پێوەندیی سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەی نوێ، و سەدەی ڕینیسانس، دوایە ڕۆشنگەریی، دوایە بۆ ڕیفۆرمی ئایینی، دوای ڕیفۆرمی ئایینی بۆ شۆڕشی پیشەسازی و دیموکراسی و دوای شۆڕشی دیموکراسی، بەرەو ڕەهەندەکانی مۆدێرنیتە و هەندێ جاریش بۆ پۆست مۆدرنیتەیش ئەڕۆن، هەرچەند پۆست مۆدێرنیتە سەرنەکەوت ، ئێمە لە کوێ وەرچەرخاوین؟ لە کوێ توانیومانە پێوەندیی کۆمەڵایەتیمان بگۆڕین ؟نەریتمان بگۆڕین، پرسیار جارێ لەنێو ئێمە قەدەغەیە ، هێشتا پرسیارە باوەکان ئەکەین ئێمە، پرسیاری ناباو قەدەغەیە لە ناو ئێمە، ڕەخنە قەدەغەیە هەمووی قەدەغەیە لە ناو ئێمە.
هەژمۆنی سەدەکانی نێوەڕاست ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەبیر کردنەوەی سیاسیی ئێمەدا زاڵە، کام سەرکردە زۆر خۆی بە مۆدێرن ئەزانێ کۆمەڵێک لە ڕەفتاری ناو بنەماڵەکەی، ناو حیزبەکەی، ناو دەوروبەرەکەی ببینە، ڕەفتاری سەدەکانی ناوەڕاستە، بۆیە هەتا کۆمەڵەکەمان وەرنەچەرخێ، وەرچەرخانی ناو خۆیی وەکوو پرۆسەکانی ئەورووپا، ڕۆژاوا ئەوە کۆتایی هاتووە .
ئێمە تەنانەت ئەتوانین پشت ببەستین بەو گۆڕانکاریانەی لەسەردەم و لە شۆڕشی زانیاری

و خێراییا ،ئێستا ڕووبەڕوومان بووەتەوە، لەمەیا قەرەبووی ڕوونەدانی وەرچەرخانەکانی مێژوو مەگەر بکەینەوە، وەکوو ناو خۆی خۆمان گۆڕانکاری ڕیشەییمان لە دەست داوە، ئەو کاروانەی مێژووییەی لەدەستمان چوو ئەگەر دەسەڵاتیش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێتە دی، ئەگەر وەکوو ئەمەی ئێمە بیکەن، سەردەمەکەیش لە دەست دەدەن. ئێمە نەمانتوانی دەرفەتەکانی ئەم سەردەمەش بۆ قەرەبووکردنەوەی لە دەستچووەکانی ڕابردوو، بۆ وەرچەرخان بقۆزینەوە.

*دیارە ساڵی ٢٠١٣ لە وتووێژێکدا دەڵێن کە ئەگەر یەکێتیی یەک کورسییش بەدەست بێنێ هەر یەکێتیی یە،ئەمە پرەنسیپی هەڵبژاردنە؟*



نا، ئەوە هەڵە تێگەیشتن بوو لە قسەکەم، ئیسەیش ئەیڵێم هەتا کولتووری هێزی چەکدار زاڵ بێ لە ناو ئەم دوو حیزبانە، کورسی بهێنن و نەیهێنن دەسەڵاتەکە هەر قۆرغ ئەکەن، هەتا کولتووری سیاسیی هێزی چەکدار لە نێو ئێمەدا زاڵ بێ.

من لە ئێوە دەپرسم، کۆمەڵە و دێموکرات هەبوو لە بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دێموکرات بە هەڵبژاردن نەیبردەوە؟ کۆمەڵەش لەو لاوە هێزی چەکداری هەبوو، لەو شوێنانەی هێزی چەکداری کۆمەڵە بوو دەسەڵات هەر بەدەست هێزی چەکداری کۆمەڵەوە بوو ئەگەر دیموکرات زۆرترین دەنگیشی بردبێ، وایە؟ با لەمە نەپەڕینەوە، ئێستا بەقەد ئەوەی یەکێتی دەنگی هێناوە لە بادینان و لە هەولێر، لە ئەنجومەنی شارەوانییەکان، دەسەڵاتمان هەیە لە ئەنجومەنی شارەوانییەکانی یەکێتی؟ نا، بەقەد ئەوەی پارتی دەنگی هێناوە لە سلێمانی ولە ناوچەکانی تر. دەسەڵاتی هەیە؟ نا، بۆ؟ لێرە هێزی چەکداری ئێمە زاڵە لەو لاش هێزی چەکداری پارتی زاڵە .

*یانی مەلا بەختیار پێیوایە هێزی چەکدار بەدیلێکە بۆڕای گشتی؟*



بەدیل نا، هێزی چەکدار تا ئێستاش ئەسەپێندرێتە سەر ڕای گشتی.

*مەلا بەختیار ئەم ساڵانە لانیکەم لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام باس لە دابڕان دەکا، باس لە دارزان دەکا، لە ڕۆشنگەریا بۆ خۆشت قەبووڵتە کە یەکەم ئایا بەشێکی لەو واقعە ناو ناوە حیزبگەرایی؟ بە پلەیەک کەمتر لە دیکتاتۆری؟ بۆخۆت ئێستا دابڕاوی لەو واقعە یان بۆخۆشت بەشێکی لە حیزبگەرایی؟*



جوانە، ساڵی ٩٢ کە یەکەم هەڵبژاردن کرا لە کوردستان، من وتارێکم لە کوردستانی نوێدا دابڵاوکردەوە بۆ ڕابەر هەڵبژاردن بوو، چوار کەس کاندید بوون ئەو کاتە: کاک مەسعود، مام جەلال، شیخ عوسمان لە گەڵ دکتور مەحموود، من وتارێکم نووسی ئەڵێم گرینگ ئەوەیە کە مام جەلال و کاک مەسعود ئەوەی کە ئەدۆڕێنی ڕابەرایەتی ئەویتر قەبووڵ بکا، گرینگ ئەوە نییە کە ئێستا ئەم هەڵبژاردنە هەیە من ٩٢ ئەم قسەیەم نووسیبوو لە کوردستانی نوێشدا بلاو بووەوە، لەسەدا سەد بڕوام بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەیە، بەهەموو کەموکۆڕییەکانی ئێستاش ئەبێ تاقی کەینەوە، زۆریش دژی ئەوەم بەهۆی هێزی چەکدارەوە هێژێموونگەرایی حیزبایەتی بە نیمچە دیکتاتۆرییەت بیسەپێنین، چوونکە ئەنجامەکەی ڕوونە، وەکوو ئێستا ئەبێ کە ئەیبینین، بەڵام ئایا ئەم خۆشباوەڕییەی من، ئەم دیدەی من لە فۆرمی ئێستای سیاسەتی کوردستان دێتە دی؟ بە قورسی دەبینم.

*یەکێ لەو مەسەلانەی کە جەنابت*

*بەردەوام بە مەترسیی دەزانی ئیسلامی سیاسییە، بەهەر حاڵ ئێمە هەست دەکەین لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەک کەمتر یان زۆرتر بڵاو بۆتەوە، پێتان وانییە باشوور دەسەڵاتێکی ئیسلامی یان دەوڵەتێک بە ئیسلامییەکان قەرزدارە؟*



بۆ پێچەوانەکەی ناڵێی؟ عیلمانی بوونی قەرزارین، چوونکە هەموومان موسوڵمانین.

*مەسەلەکە ئاوا باس دەکەین، هەست ناکەن ڕێکەوتنێکی نهێنی لە نێوان ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە کە کۆمەڵیان بۆ ئەوان جێهێشتووە و سیاسەتیش بۆ ئەمان؟ یانی کۆمەڵگە دراوەتە دەست هێزە ئیسلامییەکان چوونکە هەست دەکەن فەزایەکی زۆر کراوەی بێ مانا هەیە بۆ ئەوان و سیاسەتیش لە ئاستێکدایە، وەکوو ڕێکەوتنێک کە لە میسر ڕووی دا؟*



ڕێکەوتن نابینم، بەڵام هەر بەستەیە بەو قسەی پێشووم، وەرچەرخانەکە لەسەدەکانی نێوەڕاست ڕووی نەداوە، بۆیە لەڕووی بابەتییەوە هێزە سیاسییە دێموکراسییە شەرمنەکانی ئێستا ئەکەن بە دۆستی بابەتیی هێزە ئیسلامگەراکان لە فەلسەفەشدا، وەرنەچەرخاوین کاکە ئەو عەقڵییەتەمان تێنەپەڕاندووە هیچمان تێنەپەڕاندووە، جورئەتی ڕەخنەمان نییە تا ئێستا.

*هەست بەمەترسییەکە ناکەن؟ بۆ نموونە ئێمە دەزانین بارودۆخەکە لەباری کۆمەڵایەتییەوە چۆنە بەڵام ئەم هێزە نەرمە، کە وەکوو هێزێکی نەرم ڕەفتار ئەکات ئیسلامی سیاسی لە ناکاو وەربچەرخێ بۆ هێزە سەختەکە و کارەسات ڕوو بدات، چوونکە بەهەر حاڵ کاتێک بەستێنی کۆمەڵایەتییان ئامادە کرد ئەو کاتە پێموانییە هێزی چەکداریش بتوانێ بەرگەیان بگرێ؟*



وەکوو ئەگەرێک ئەبێ حیسابی بۆ بکەیت، بەڵام من دۆخی کوردستان وا نابینم کە کوت و مت ئەوە بەدی بێ کە جەنابت دەیڵێی، یان وەکوو میسری لێبێ، دۆخی کوردستان وا نابینم، چوونکە هەڵبژاردنەکانی رابردوو ئەگەر ئەو حیزب و ئەم حیزب دەسکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنی کردبێ، خۆ کەس ڕێگەی نەگرتووە هاووڵاتی کورد دەنگ بە هێزە ئیسلامییەکان بدا، ئەوان بە کاملی بە ئازادی خۆیان دەنگەکانی خۆیان کۆکردۆتەوە هەر هێندەشیان کۆ کردۆتەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کوردستان تارادەیەکیش وابەستە بە دیموکراسی زاڵترە لە وڵاتی ئێمە بە هەموو بەشەکانییەوە. ئاڵتێرناتیقەکەی هێزێکی ئیسلامگەرا نییە، مێژووی ئیمە شانازییەکی گەورەی تیا نییە لەڕووی سیاسییەوە بۆ ئیسلامییەکان، هەتا پشتی پێ ببەستن و بتوانن ببن بە ئاڵتێرناتیڤی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، هیچ شانازییەکی تیا نییە بەڵکوو تا ئێستا مێژوو وەکوو خۆی نەنووسراوەتەوە ،ئەگینا قەڵەمڕەوەکانی ئیسلامی ئەوەی بەسەر کوردیان هێناوە، قەت داگیرکەرانیتر لەوە زیاتریان بەسەر کورد نەهێناوە، دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیمان بەدەستی ئیسلامییەکان تیا چووە، دەسەڵاتی میرنشینەکەمان بە دەستی ئەوان تیا چووە، هەموو ڕاپەڕینەکانمان لە دوای میرنشینەکان بە دەستی دەسەڵاتە ئیسلامگەراکانی شیعە و سوننە تیا چووە، بچووکترین ناوکی خەباتی نەتەوایەتییان لەم کوردستانا نەهێشتووە، ئیسە چەندین دکتۆرا لەسەر ئەوە هەیە یەک و دووش نییە، سەلمێندراوە کە قەلەمڕەوەکانی عوسمانی و سەفەوی چییان لە ڕۆژهەڵات و باقی

بەشەکانی دیکەی کوردستان کردووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی مێژوو بە دەست سەفەوییەکان و قاجارییەکان و شاهەنشاهییەکان بووە، لە درێژایی میژووش سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان بەدەست عوسمانییەکان بووە، دە فەرموو نووزەیەکی ئازادیم بۆ بدۆزەرەوە لە ناو مێژوودا، تەنیا یەک نووزەی ئازادیم بۆ بدۆزەوە، نووزەی تیا نییە، دەی باشە ئەمانە هێزە ئیسلامگەراکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دێن چی لە مێژوو هەڵ ئەگۆزن، چی ئەدۆزنەوە بۆ ئەوەی بڵێن کورد وەرن نموونەیەکمان هەیە کە لەسەردەمی فلان و فلان خەلیفە ئاوا مافی کورد دراوە بۆ ئەوەی کە کورد لە دەوریان کۆ ببێتەوە.

به درێژایی مێژوو هیچ داگیرکەرێک ئایینی قەدەغە نەکردووە، نوێژی قەدەغە نەکردووە، خراپترین داگیرکەر باشترین ئازادی بە مەسەلەی ڕۆحییەکان داوە بەدرێژایی مێژوو، هەر ئەوە لە بەرژەوەندییان بووە کە ئازادی بە مەسەلە ڕۆحییەکان بدەن، بەڵام باشترین داگیرکەر بچووکترین ئازادی بە مەسەلە نەتەوەییەکان نەداوە.

*ئەوەی کە ئێستا لە باشووردا هەیە وەک ئەزموونێک بووە، وەکوو ئەزموون بەڵام کرچ و کاڵ نییە، بەڵام ئەزموونێکی ناخۆشە، ئەوەی کە ئێستا هەیە ئانارشییە؟ ڕزگارییە، ئازادییە؟ ئەوەی کە ئێستا لە باشوور دەگوزەرێ کام لەم چەمکانە ئەگرێتەوە؟ لە توێی قسەکانی جەنابتا من وا تێگەیشتم کە مەلا بەختیار پێی وایە باشوور کۆمەڵگایەکی موسوڵمانە، کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە وەکوو ئایدۆلۆژی، وایە؟*

ـ : *[بەڵێ وایە]*

*ئەوەی ئێستا لێرە هەیە وەکوو ئەزموون مەلا بەختیار پێی وایە چییە؟ ڕزگارییە، ئانارشیزمە، سیستەمە، عەشیرەیە، حیزبایەتییە، چییە؟*



بەشێکی ئەو پرسیارەم وڵام داوەتەوە، بەڵام ئێستا لە چیداین؟
لە دوای ڕاپەرینەوە لە قۆناغی گوزەری دێموکراسییان، گرینگە ئەم چەمکە ڕوون بکەمەوە، تیۆریسیەنەکان لە دنیایا ٣ خانەیان بۆ قۆناغی گوزەری دیموکراسی داناوە، خانەی ڕەش کە هی سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست و داگیرکارییە، دیکتاتۆرییەتە، خانەی خۆڵەمێشی کە قۆناغی گوزەرە لە تاریکییەوە بۆ سەرکەوتن بۆ دیموکراسی بەڵام ئەچێتە خانەی خۆڵەمێشییەکە، خانەی سپی، کە لە خانەی خۆڵەمێشییەکە دەرباز ئەبێ دیارە دەبێ بە سەرکەوتوویی لێی دەرباز بی، لە باشووری کوردستان لەم خانە خۆڵەمێشییا بە تەواوەتی نەمانتوانیوە لە خانە ڕەشەکە ڕزگارمان بێ و هێشتا پێمان نەخستووە سەرەتاکانی خاڵە سپییەکە، کە دڵنیابوونە لە سەقامگیریی دیموکراسی، دڵنیا بوونە لە دادپەروەری، دڵنیا بوونە لە سەروەریی یاسا، لە ڕێساکان، لە کولتوورێکی تازەتر . لەم قۆناغە گیرمان خوارد و تووشی ئیشکالییەتی گەورەی شەڕی ناوخۆ و شکستی پرۆژەی ئابووری بووین، ئەمە بێگومان ئانارشیزمیش دێنێتە پێشەوە، ڕەشبینی دێنێتە پێشەوە، لێکەوتەی جۆراوجۆر دێنێتە پێشەوە بەڵام قۆناغەکە لە ڕووی بابەتییەوە هێشتا قۆناغی گوزەری دیموکراسییە، هەر ئەمە بووە لە دنیایا، شەڕی ناوخۆ لە قۆناغی گوزەر لە عالەما بووە، هەڵگەڕانەوە بووە، فاشیزم هاتووەتە کایەوە، دین هاتووەتە کایەوە، مەزهەب هاتووەتە کایەوە، عەشایەر هاتووەتە کایەوە، هەڵگەڕانەوەی ناوچەکان هاتووەتە کایەوە، دەستێوەردانی ئیقلیمی هاتووەتە کایەوە. ئەمە لە هەموو ئەزموونە دیموکراسییەکانی دنیادا بووە، ناپلیۆنیان کرد بە مەلیک، ناپێلیۆن ئامر لیوایەک بوو لە کۆشکی مەلیکی جاران لە شەڕێکەوە بوو بە ناپێلیۆن و دوایە خۆی کرد بە مەلیک، لە قۆناغی گوزەری دیموکراسیی فەرەنسا ئەمە ڕووی دا، ئیسپانیا چی بەسەر هات لە قۆناغی

گوزەرا؟ دوایی هەتا جەنگی دووەم فەرانکۆییەکان و کۆمارییەکان چییان نەکرد بەیەک؟ ئیتاڵیا چی بەسەر نەهات؟ ئاڵمان چی بەسەر نەهات؟ ئەمریکا چی بەسەر نەهات؟ کۆنگریسی ئەمریکی سووتا لە قۆناغی گوزەری دیموکراسییا؟ یانی ئەمریکا باشترین بڕیاری دا کە کۆیلەیەتی نەهێڵێ، کە چی بوو بەشەڕی نێوخۆ.

ئەم کێشانە ئەبێ تێیبگەین، بەڵام ئەبێ تێگەیشتنەکە بەپێی پرۆژەیەکی ستراتیژی بێ بۆ تێپەڕینی قۆناغی گوزەرەکە.

*سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێوە لە وتووێژێکدا ئەڵێن شۆڕش ڕاوەستاوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان [مەلا بەختیار: وتم پاشەکشەی کردووە، قسەکانم لەبیرە و ڕەخنەکەیشتم لەبیرە] شۆڕش چییە؟ بریتییە لە چی و شێوەی پاشەکشەکەی چۆن ئەبینن؟*



با ئەمە تۆزێک ڕوون بکەمەوە، هەر بەشێکی کوردستان خەسڵەتی خۆی هەیە، من لێت ناشارمەوە لە ئەنفالەکانەوە گەیشتوومەتە قەناعەت کە خەباتی چەکداری وەکوو ستراتیژی لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەکوو جاران نەماوە، کە ئەڵێم لە ئەنفالەکانەوە مەبەستم لە دوای کۆتایی جەنگی ساردەوە، لە دوای هەرەسی سۆڤییەت، شۆرەویی و و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە، لە دوای ئەوە چین، ڕێچکەیەکیتری گرتە بەر و وازی هێنا لە پشتیوانیی هەر خەباتێک لە دنیا هەبێ وازی لێ هێناوە، لە میانمار کودەتا کراوە لەسەر جادەکان خەڵک ئەکوژرێ، دوێنێ ڕووسیە و چین هەر لەبەر ئەوەی ناکۆکن لەگەڵ ئەمریکا ڤیتۆیان بەکار هێناوە بۆ ئەوەیکە پرۆتیستی کودەتاچییەکان بکرێت، دنیا وای لێهاتووە، چین کۆمپانییەکی بچووک لە وڵاتێک بکاتەوە ناگۆڕێ بە خەباتی ڕزگاری هیچ گەلێک لە دنیایا ئەمە دنیایە، بۆیە لای من ئەڵێم خەباتی چەکداری لە دوای جەنگی سارد بە ستراتیژیی ڕزگاریی گەلان نەماوە، ناڵێم بە تەواوەتی کۆتایی هاتووە، با ڕوون بێ لەلاتان، وەکوو یەکێک لە شێوەکانی خەبات بۆ قۆناغی ئەمێنێ، بەکار دێ، ئەکرێ بخرێتە خزمەتی ستراتیژیی ڕاپەڕین و خەباتی مەدەنی. ئەمەیان لە جێی خۆی ئەبێ، من لەگەڵ هەرەس و ئاشبەتاڵ نیم بۆ هیچ بەشێکی کوردستان لە خەباتی چەکداری، بەڵام ئایا تاقە ڕێگای خەباتی ڕزگاریی گەلانی ژێردەستە، بە نەتەوەی کوردیشەوە تەنیا و تەنیا خەباتی چەکدارییە؟

ئایا خەباتی چەکداریی وەکوو ماوسێتۆنگ و گیڤارا و کاسترۆ و هۆشی مین و جەنراڵ جیاب وکاتی خۆی ڕێجی دێبریە و ئەم تیۆریسییەنانە ئەیانوت، تاقە ڕێگای خەباتی ستراتیژیی گەلانی ڕزگاریخوازە، نەخێر، ئەمە لای من نەماوە، ئەکرێ خەباتی چەکداری بخرێتە خزمەتی ڕاپەڕین و خەباتی مەدەنی، ئەمانە ئەکرێ تەنها ئەوەندەی بەبەرەوە ماوە خەباتی چەکداری.

من لە ئێوە ئەپرسم پەکەکە جاران بڕبەنگت لێدایە ،ئەیوت لە چوار پارچەکەی کوردستان ڕزگارکردن بەمەلاوە، هەر چوار پارچەی بەیەکەوە تەقەڵ نەدەین قبووڵمان نییە، دەی ئیسە پەکەکە بە ئۆتۆنۆمییش ئەیژەنێ.

سەیرکە چی لێهات، ئەو خەباتە چەکدارییەی ئێوە کە نازانم ئەو کاتە تەمەنتان چەند بوو، من لە نێویاندا بووم لەگەڵ دانووستانەکانتان بووم .لەگەڵ مەرحووم قاسملوو و هەموو سەرکردەکانا بووم ئەو خەباتی چەکداری و هەزاران چەکدار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو جۆش و خرۆشە لەگەڵ ئێستا بەراورد بکەی، لەگەڵ ساڵی ٨١ و ٨٢ لەگەڵ شەڕەکانی بەراورد بکەیت، لەگەڵ هێزی پشتیوان لەگەڵتان بووین ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ ئێستایا وەکوو یەکە؟ وەکوو یەک نییە، لە ٨٢ەوە هەتا ئێستا سەرەتاکانی ٨٣ەوە تا ئێستا بۆ چل ساڵ ئەچێت پاشەکشەیە. خۆ کەس ناتوانێ بڵێ پاشەکشە نییە، ئیتر

هۆکارەکانی چی بن یان چی نەبن، وازی لێ ئەهێنم وردی ناکەمەوە، بۆیە من پێموایە لە دنیای گۆڕاوا،ناکرێ خەباتی چەکداری نەگۆڕێ .

*جگە لە لایەنی چەکداریی کاک بەختیار چۆن لە شۆڕش تێدەگات؟ پێیوایە شۆڕش دەبێ چۆن بێ؟ پێناسەی شۆڕش لە لای ئێوە چییە؟*



پێناسەی شۆڕش بە چەمکە مارکسیستییەکە، یان زانستییەکە ئەوەیە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان کۆسپ ئەبێ لەبەردەم هێزی بەرهەمهێنان ئەو کاتە ئاڵتێرناتیڤی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان دروست ئەبێ، شۆڕش بەرپا ئەبێ یا لە شارەکان یا لە شاخەکان، ئەمە چەمکە زانستییەکەیەتی، بەڵام لە کوردستانا ئەم چەمکە، ئەم فۆرمە کوت و مت جێی نابێتەوە، هەمیشە پێوەندیی بەرهەمهێنان و هێزی بەرهەمهێنان لە ڕووی ئابوورییەوە بەدەست داگیرکەرانەوە بووە، مەسەلە نەتەوایەتییەکە زیاتر هاندەری ڕاپەڕینەکانی سەدەکانی ١٨ و ١٩ و ٢٠یش بووە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ ئەوەی کورد نەتوێتەوە خەباتی چەکداریمان کردووە، شۆڕشی ناو بووە، ڕاپەڕینی چەکداریمان ناو ناوە شۆڕش، تا ئێستەش هەر پێی ئەڵێن شۆڕش.
من ئەڵێم ئەمە کە شۆڕشە لە مێژووی ئێمەیا، لە دوای جەنگی سارد نابێ ستراتیژیی ڕزگاری بێ، من هەر ئەوەندە ئەڵێم، هیچی ترم نەوتووە، نابێ ستراتیژ بێ، ناڵێم کۆتایی پێ بێ، ناڵێم وازی لێبێنن، ئەڵێم نابێ تاقە ڕێگای خەباتی ستراتیژیمان بێ، ڕێگاکانی تر بگرینە بەر لەگەڵی.

*ئێوە وەکوو حیزبێکی چەکدار ئێستاشی لەگەڵدا بێت، پێتان وایە لە باشوورا لە دوای قۆناغی ٩١ بەملاوە ئێوە لانیکەم بۆخۆتان پاشەکشەتان بە دیموکراسی کردووە؟*



وتم ئێمە لە قۆناغی گوزەری دیموکراسی تووشی ئیشکالی گەورە هاتووین، شەڕی نێوخۆمان کرد، شکستی ئابووریمان هێناوە تا ڕادەیەک، ئیشکالی گەورە گەورەی سیاسیمان هەیە، چۆنییەتیی تیگەیشتنمان بۆ دیموکراسی، مەسەلەی مەدەنییەت و ڕۆشنگەری هەڵەی گەورە گەورەی تیایە.

*چۆن ئەتانەوێ پاشەکشە بەو هێزی چەکدارە بکەن؟*
ـ : *[بە کام هێز؟]*
*ئەوەیکە ئێستا ڕێگرە لەبەردەم دیموکراسی؟*



باشوور جیاوازە، باشوور هەرێمە، فیدراڵە، باشوور لە دەستووردایە، دەستوور دانی ناوە بە هێزەکەمان وەکوو بەشێک لە هێزەکانی عێراق، ئەبێ تەئمینی بکات، ئەبێ چەکداری بکات[ وەکوو عەقڵییەت؟] عەقڵییەت ئەمە شتێکی ترە، ئەم هێزە ئەبێ یەکگرتوو بێ، ئەبێ بچێتە چوارچێوەی یاسا، ئەبێ بچیتە چوارچێوەی دەستوور. لە کوردستاندا ئەبێ دەستوور بنووسرێت ئەوە جیاوازە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان. ئێمە تازە توانیومانە بیگەیەنینە ئامانجێ لە ئامانجەکان، بەڵام نەمانتوانیوە ئامانجەکە لە دەستووری کوردستان باش فورموڵە بکەین و باشی بگونجێنین لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستووری عێراقدا بە ئێمە دراوە، ئەمە ئیشکالی گەورەیە بۆ ئێمە کە تیایا تا ئێستاش سەرکەوتوو نەبووین، تا دەستوور لە کوردستان دروست نەبێ، تا کێشەکانی بەینی هەرێم و بەغدا لە ڕووی دەستوورییەوە چارەسەر نەبێ، ئەم هێژێموونییە چەکدارییە حیزبایەتییە لە کوردستاندا هەر دەمێنێ .

*بە نیسبەت میدیاوە لە باشووری کوردستان ئێمە تا ئێستایش نازانین،*

*زمانحاڵی حکوومەت کام میدیایە؟ دەزانین حکوومەتێک هەیە. بەس زمانحاڵی نازانین کێیە؟[ بەس وتە بێژەکەیەتی] نە تەلەفزیۆنی هەیە، ئێمەیش ئەزانین ئەو تەلەفزیۆنانەی کە ئێستا هەن جۆرێک لە بێ متمانەیی دروست بووە بە هۆی ئەو هەموو پارادۆکسی هەواڵ و شیکاری و ئەوانەوە، بارودۆخی میدیا چۆن ئەبینن لە باشوورا؟*



وەکوو ئازادی، ئازادی هەیە لە میدیا، بیرمەندێکی ئێرانییە کە ناوەکەم بیر نەماوە، هاتە ئێرە وتی ئازادی و ماف لە میدیا زۆرە لە باشووری کوردستان، بەڵام ئەرکی تیا نییە، وەکوو ئازادی، ئازادی لە میدیا زۆرە، هەر گۆڤار و رۆژنامە و تەلەفزیۆنێک دەرئەکەی، ئەوەی داوای مۆڵەت بکا وەزارەتی ناوخۆ قەبووڵی ئەکا، دوای ئەوە دەتوانی دەریکەی، بەس بە شەرتێک تۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریت ئاگادار کردبێ، بەڵام ئایا ئەم میدیایە میدیایەکە ئەچێتە خزمەتی ستراتیژیکی قۆناغی گوزەری دیموکراسی، بۆ سیستەمی دیموکراسی و چەسپاندنی دیموکراسی، بۆ ئەوەی کولتووری دیموکراسی بەشیوەیەکی سیستماتیک، لە ناو کۆمەڵ، لە زەینی خەڵک ،لە ناو ژنان بلاو بێتەوە؟ نا، ئەو ستراتێژییە هاندەرێک نییە، یانی هەوێنێک نییە بۆ ئەو ستراتێژییە ڕاگەیاندنەی ئێستای کوردستان، بەڵکوو لە هەندێ بارەوە زەرەر ئەگەیەنێ .

*ڕەنگە هۆکارەکەیش ئەوە بێ ئەوانیتر لە قۆناغی شۆڕشدان و لێرەش سیاسەتەکە زۆر پراگماتیستییە و سیاسەتەکە بە ڕۆژ ئەگۆڕدرێ. ڕەنگە ئێمەش لەوە تێبگەین کە بۆچی ئاوا سیاسەت ئەکرێ، هەرێمێکە چوار دەورەکەی ئاگرە .*



گیڤارا کە چوو بۆ بۆلیڤیا، گیڤارا دووەم کەسایەتیی شۆڕشی کووبا نەبوو؟ و ئەوەیکە چوونەکەی بۆلیڤیا کارێکی زۆر گەورە و شۆڕشگێرانە و قارەمانانە بوو، ئایا کاسترۆ توانی ئەوەی بۆخۆی و بۆ کووبای ئەکرد بۆ گیڤارای بکات لە بۆلیڤیا؟ توانی هەر رزگاری بکات.

گیڤارا کە چوو بۆ ئۆگاندا هێزی برد، پاشەکشەی کرد، کووبا توانی ئەوەی بۆ بکات کە لە کووبا بۆ خۆی ئەکرد؟ کاسترۆ توانی ئەوەی بۆ بکات کە بۆخۆی ئەکرد؟ ناکرێ. زۆر لە خەباتە چەکدارییەکان لە قۆناغەکانی هاوخەباتیش بوون بەڵام لە قۆناغێکی تر نەیانتوانیوە بابەتەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، چوونکە کە دێیتە سەر دەسەڵات، ئێوەش هەر دێن ئیشەڵا ئەیشیبینی تاقیشی ئەکەیتەوە، تۆ کە هاتیتە سەر دەسەڵات ، دەسەڵات ئەپارێزیت ئەمە قاعیدەی هەموو دەسەڵاتێکی دنیایە، هەندێ شت لە دەست ئەدەیت، بەڵام دەسەڵاتەکە لەدەست نادەیت.

*یانی بەو شێوە ڕەفتارەی کە ڕەنگە هێزەکانی دیکە بڕەنجێن بۆ نموونە ڕەخنەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات یان لایەنەکانی تر کە هەیانە، هەندێ ڕووداو ڕوو ئەدەن کە بە زیانی ئەوانە، لاپەڕەی مێژوو هەڵئەدەینەوە، ئەو کاتەیش ئێوە بە ڕەوای ئەزانن بەرانبەر بە هێزەکانی دیکە؟*



ناڵێم بە ڕەوای دەزانم، بەڵام من بە قاعیدەی دەسەڵات قسەت لە گەڵ ئەکەم، یاسای دەسەڵات، حوکمەکانی دەسەڵات روون ئەکەمەوە، حوکمەکانی دەسەڵات، پاراستنی دەسەڵات، ئەولەویەتی هەیە، پێش هەموو شتێکە، پێش پرەنسیپ و پێش دروشمە، ئەمە هەر وایە وا.

*ئێستا لەم باشووره چەمکێک، بەهایەک بەناوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی*

*هەیە یان بەرژەوەندیی حیزبەکانە؟*



هەیــە، بەگشــتی بەرژەوەندیــی نەتەوەیی ناتوانین بڵێین فەرامۆشی بکەین بەڵام ئــەم بەرژەوەندییە بە هەژموونیی حیزبایەتی نوێنەرایەتی ئەکرێ.

*یانی بەلای حیزبایەتیدا ناشکێتەوە، بەلای نەتەوایەتیدا ئەشکێتەوە؟*



ناتوانم بڵێم بەلای نەتەوایەتی تەواو ئەشــکێتەوە، ئەڵێــم بەرژەوەندیی نەتەوایەتــی هەیە، خەباتیشــی بۆ ئەکرێ، قوربانیشی بۆ ئەدرێ، بەڵام لە ڕوانگەی تەسکی حیزبایەتییەوە خەباتی بۆ ئەکرێ.

*شۆڕش، ئازادی، دیموکراسی، ئەو شتانەی جەنابت باسیان ئەکەی، لە باشوور ئایا ئیستا ئیدامەی هەیە یان ڕاوەستاوە؟*



ئەمەی باشوور شۆڕش نییە، ئەمەی باشوور حوکمڕانییە، کاکە، [شۆڕش مەبەســتم خــودی حوکمڕانییەکــەش] ئەمــە جێبەجێکردنــی ئەرکەکانی شۆڕشــە لە ئیستایا، لە حوکمڕانییا، *[وەکوو ئەرکیش ئەو شتە بەڕێوە دەچێت؟]* وتم لە قۆناغی گوزەری دیموکراسی تووشی ئیشکالی گەورە هاتووین، لە چوارچێوەیەکی دیاری کراوا وەستاوین، ئێستا خەوی گەورەمان لە ٩٤ــەوە نەماوە.

*باســی ئەو هەوڵە فەرهەنگییانە بکەیــن، بەتایبەتی کــە ئێوە فســتیڤاڵی گەلاوێژتــان هەیە، ئەوە هــەر وا بەردەوامە و لە ناو ئەوەشــا پلاتفۆرمــی دابڕان هەیە (مەلا بەختیار: فستیواڵی سینەماش هەیە) لە یەک پرســیارا هەردووکی وڵام بدەنەوە. فستیڤاڵی گەلاوێژ جاران باشتر بوو، هەست ناکەن پاشەکشــەیەک بە فســتیڤاڵەکەوە دیارە و کواڵیتی کارەکان دابەزیوە؟*



فســتیڤاڵ کاکە سامی سەرپەرشتی دەکات ئەمســاڵ نەبــێ بەهــۆی کۆرۆناوە وامان بەســەر هات ئەگینا ئاخر فســتیڤاڵ پێش کۆرۆنا لە فستیڤاڵەکانیتر گەشــتر بوو، زۆر باشتر گەشــەی کردبوو تەنها فەرقــی ئەوەیــە چڕمان کردووەتــەوە، لە باتی ئەوەی ٦ ڕۆژ بێــت کردوومانە بەچوار ڕۆژ هەر ئەوەندەیە، تــۆزێ قەیرانی داراییش کاریگەریی هەبــوو بەســەرمانەوە، ئەگینا لە چەشــنایەتی فســتیڤاڵا لە پرۆگرامی فســتیڤاڵا کە شــیعرو چیــرۆک و ڕەخنــە و هەڵســەنگاندنە، پرۆگرامەکەمــان وەکــوو خۆی هێشــتوەتەوە، خەڵاتەکانمــان وەکــوو خۆی هێشــتووەتەوە، کێبەرکێکەمــان وەکوو خۆی هێشــتووەتەوە و میوانەکانیشمان وەکوو خۆی هێشتووەتەوە.

*بەشیکی زۆری بەشدارانی فستیڤاڵ قەڵەمی زۆر بەناوبانــگ نین وەکوو جاران، قەڵەمە بەناوبانگەکان بەشــداری فستیڤاڵ ناکەن ، هەموو جارێکیش دەموچاوێکی تازە ئەبینین ڕەنگە کەســانێک بن کە شــایانی خەڵاتەکە نین؟*



فســتیڤاڵ بۆ قەڵەمە ناســراوەکان نییــە، فســتیڤاڵ بــۆ قەڵەمــە نەناسراوەکانە، فەلسەفەی فستیڤاڵ ئەوەیە قەڵەمی نوێمان ئەوێ نەک قەڵەمی کۆن، ئەوەیکە لە حەیاتی هیچی نەنووسیوە ئەمانەوێ ئەوە بهێنینە ناو کایەی ڕۆشــنبیرییەوە، بۆیە تا ئیســتا تەقریبەن ٢٥٠ قەڵەمی تازە لە شیعر و چیــرۆک و لێکۆڵینــەوە، بەهۆی فســتیڤاڵەوە هاتوونەتە ناو کاروانی ڕووناکبیریی کوردییەوە. بۆ قەڵەمە کۆنەکان دیارە خۆیان پێیان جوان نییە بێنە گۆڕگۆڕێن لەگــەڵ قەڵەمە تازەکان، پێیان وایە ئەگەر دەرنەچن شکستێکی گەورەیە.

*یەکێک لـــە ڕەخنـــەکان ئەوەیە کە زۆرترین بەشـــدار بوو لەدەرەوە دێت و زۆر گرینگی بە فارســـەکان و عەرەبەکان و ئەوانـــەی دەرەوە، تەقریبەن، قەڵەمی کورد یان بەشـــداربووی کورد زۆرجار پشـــتگوێ ئەخرێت لە سمینارەکان یان لە بابەتەکاندا؟*



لەســـەدا ١٠ی نییـــە ئەوانـــەی لـــەدەرەوە دێن، لەســـەدا ٩٠ی کوردستانین.

*حیزبایەتیـــش تەئســـیری داناوە لەسەر فستیڤاڵەکە؟*



ئەبەدەن، لە حەیاتی. هەتا جەنابی مام جەلال مابوو هەموو خەرجەکانی فســـتیڤاڵی ئەکـــرد، لەحەیاتـــی نەیپرســـیوە کـــێ دەرەچی کـــێ دەرناچێ، لە ژیانیشیا فستیڤاڵ لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بـــاس نەکـــراوە، من هـــەر خـــۆم نەمبردووەتە مەکتەبی سیاســـی یەکێتی تـــا قەزاوەتێکی تیا بکەن، دەستێکی تێوەربدەن، ئەبەدەن ئەبەدەن، ئیســـەیش من خۆم ئەزانم لیژنەکانی فستیڤاڵ چۆن دائەنرێ، کێ ئەبەن هەتا ئەو دەقیقەیەی هەڵەســـنە پشـــتی مایک ئەڵێن منم. کەمترین یەکێتی خەڵاتی وەرگرتووە بۆ ئاگاداریت.

*یانی ئێوە ئاگاتـــان لە پێوەرەکان نییە؟*



نا، ئەبـــەدەن. لیژنـــەکان بە نهێنی دائەمەزرێـــن، بابەتـــەکان بەنهێنی دێنە بەر دەســـتی لیژنەکان، ناوی هیچ نووسەرێک ناچیتە بەردەستی لیژنەکان، بە چاپکراوی ئەچێتە بەردەستیان، بەیەک فۆنتیش ئەچێتـــە بەردەســـتیان، کاتێـــک لیژنـــەکان هەڵســـەنگاندنیان تـــەواو ئەبـــێ، کە نـــاوەکان ئەخوێندرێتـــەوە، ئەزانـــن کـــێ دەرچووە کێ دەرنەچووە.

پاکترین فستیڤاڵ لە مەنتەقەکە بۆ بە شایستەیی خەڵات بەخشـــین فستیڤاڵی گەلاوێژە، تا ئیستا کەس نەیتوانیوە عەیبێکی لی بگرێت.

*یانی تا ئیســـتا بەشـــدار بووی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکوو جاران ماوە؟*



بەڵێ، زۆر گەرمـــە. پارەکە زۆرترین خەڵاتـــی فســـتیڤاڵ بۆلێکۆڵینەوە، برادەرانی ڕۆژهەڵات بوو، لە کۆی ٦ لێکۆڵینەوە، ٤ لێکۆڵینەوەیان بردەوە .

*پلاتفۆرمـــی دابـــڕان بـــە کـــوێ گەیشت؟*



ئەمساڵ دوا کۆنفرانسمان بە ئۆنلاین لـــە هۆڵێکـــی بچووکـــدا بەســـت، سەرکەوتوو بوو بەدەیان هەزار کەس سەیری کرد .

*لـــە پلاتفۆرمی دابڕان، ئایا دابڕان لە شتێک هەیە بۆ شتێکیتر؟ خودی دابڕان چییە؟ دابڕان لە چی لە کێ؟*



قەتیعەیە عەرەب ئەڵـــێ، دابڕانە لە هەمـــوو نەریـــت و کولتـــوور و هەژموونە سلبییەکانی ڕابردوو.

*بۆ خۆشت دابڕاوی؟*
*ـ : [بەڵێ ، زۆر]*
*وەکوو چی؟ چۆن بزانین دابڕاوی؟*



دابـــڕاوم لـــە پێوەندی عەشـــایری دابڕاوم، لە کولتووری خراپ دابڕاوم، لـــە نەبوونـــی ڕەخنە، دابـــڕاوم لە

بێدەنگی. دابڕاوم لەوەیکە پاشکۆیەکی بێ ڕەخنە و بێ هەڵوێست و بێ بیری جیاواز بم، لە بیری حیزبایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، لە ژیان، دین و مەزهەب، لە هەمووی ئەمانە دابڕاوم.

*ئایا وەکوو جاران چەپی؟ چ جۆرە چەپێکی؟*



چەپێکی دیموکراتم بەڵێ خۆم بەچەپ ئەزانم، چەپی ئەم سەردەمە نەک چەپی ڕابردوو، چەپی تیۆری، باوەڕم بە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و ئەمانە هەر نەماوە و پێشم وانییە تەنیا متێع لە زێهنی مێژوویی، جاران کۆمۆنیست و مارکسیستەکان ئەیانوت بزوێنەری مێژوو بێت .

*یانی ئیسە بڕواتان بەو ڕەخنانە هەیە کە ڕەحمەتی مەسعوود موحەممەد لەو چەپی کوردییە ئەگرت؟*
*ـ : [بەڵێ هەندێکم باوەڕ پێیەتی]*
*بۆ ئەوکاتە بڕواتان پێی نەبوو؟*



نا، ٣ ساڵ لەمەوبەر نامەیەکم نووسی لە یادی مەسعوود موحەممەددا، نامەکە لە فستیڤاڵەکەیا خوێندرایەوە. ڕەخنەم لە خۆمان گرتووە، نووسیومە ئێمە هەڵە بووین، مەسعوود محەممەد ڕاست بوو.

*پێشووتر چەپ لای یەکێتی ئایدۆلۆژیا بوو؟*



کۆمەڵە لە ناو یەکێتی، بەڵام هێشتا هەر فەرقی بوو کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەگەڵ کۆمەڵەی ئێران لە گەڵ پەکەکە جیاوازی بیرکردنەوەمان لەڕووی ئایدۆلۆژیاوە بوو، بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ڕزگاری و ئەوانە زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵەی ڕەنجدەرانا.

*ئیستا ئەوەی کە ئەڵێن جاری جاران گوایە ئێستا ئەو شتە نەماوە، ئێستا وەکوو ئایدۆلۆژی نەماوە، ئیستا وەکوو تیۆری چۆن لە چەپ ئەڕوانن؟*



من پێموایە یەک چەپ لە دنیایا نەماوە، یەک ڕاست نەماوە، کە ئەڵێی چەپ ئەبێ بپرسیت چەپی کام ڕاستیت، چوونکە چەندین چەپ هەیە و چەندین ڕاست هەیە.

*بەڵام «ئانتۆنی گیدنز»ە وابزانم لە کتێبێکدا باسی چەپەکان ئەکات و ئەڵێ جاران چەپەکان ئەیانویست دنیا بگۆڕن، ئیستا ڕاستەکان ئەیانەوێ دنیا بگۆڕن، ئیستا ئەوەیکە دیفاع لە بارودۆخی ئەمری واقیع ئەکات چەپەکانن، زۆرتر تا ڕاستەکان ئیستا کۆنەپارێزەکان دەیانەوێ دنیا بگۆڕن؟*



ئاخر قسەکەی من لەوەشەوە هاتووە، قسەکەی ئانتۆنی گیدنزم نەبیستووە چوونکە ئێمە کتێبی ئانتۆنی گیدنزمان ورگێڕاوەتەوە سەر کوردی ئەوە خەتی سێهەم، جەریانی سێهەمە ئەوە بەڵام ئەسڵی قسەکەی من ئەوەیە کە ئێستا لە ئەورووپا ڕاسترەوەکان زۆر ڕیفۆرمخوازترن لە چاو سەد ساڵ لەمەوبەر، ساڵیکیان سوسیال دمکرات لە سوید دۆڕا لەبەر ئەوەی مۆدێرات لە سۆسیال دیموکرات زیاتر دیفاعی لە کرێکار ئەکرد، ئەو چەند ساڵە گۆڕانکاری زۆر لەسەر مەوقعەکان هاتووە بۆیە کە دەلێن چەپ، من ئەڵیم چەپی کام ڕاستی؟ ئەم زاراوە هین منە چەپی کام ڕاستی؟

ساڵی ٩٤ بوو لە سوید کۆڕێکم هەبوو، تازە ئاڵای شۆڕش لەگەڵ یەکێتی یەکمان گرتبوو، کۆڕێکی قەڕەباڵچ بوو، یەکێکی کۆنە ئاڵای شۆڕش لەخۆم

هەڵســـا ناوی ڕزگار بووە، وتی ئێمەی چەپ ئەم قســانەی تۆمان قەبووڵ نییــە، وتم چەپی کام ڕاســـتی کاکە؟ وتی یانی جی؟ وتم کاکە ئێمە یەکێتی خۆمان بە چەپی پارتی ئەزانین، خۆمان بەچەپی ئیســـلامی ئەزانین، خۆمـــان بەچەپی ڕاسترِەوەکان ئەزانین، وتم تۆ چەپی کام ڕاستی خۆت ڕوون بکەرەوە تاوڵامت بدەمەوە .

*شـــتێکی زۆر ڕوون، ڕەنگـــە ئەوە دواییـــن پرســـیاری من بێ. ئێـــوە لە گەڵ ئەحزابی ئیسلامیدا بەتایبەت لە پلاتفۆرمی دابران، وابزانم ئەوان حەساسن بەو پلاتفۆرمە [بەڵێ زۆریش] ڕوانگەی ئەوان چۆنە بۆ ئەو پلاتفۆرمە؟ ئەوان چۆن ئەیبینن؟*



ئــەوان ئــەم دروشـــمەی ئێمەیان قەبـــووڵ نییـــە، دیـــن بـــۆ تاک و دیموکراســـی بۆ هەمووان، ئەبەدەن ئەمەیان قەبووڵ نییە، ئێمە سوورین لەسەر ئەمە یانـــی لەم لاوە ئەڵێن ئایین بۆ تـــاک ئازادە، لە دیموکراســـییەکەیش‌د اهەر ئازادە، ئەوان ئەڵێن نەخێر دەسەڵات هەر بۆ حیزبە ئیسلامییەکان و بۆ ئایینی ئیســـلام ئەبێ، ئێمـــە ئەڵێین نەخێر ئایینی ئیسلام عیبادەتی شەخسی و رووحی بێ بۆ تاک و دەســـەڵاتیش بۆ ئەرکـــە دنیاییەکان، وەکوو سیکۆلاریزم دین و دەسەڵات لەیەک جیا ئەکەینەوە ئەوە جیاوازییەکانمانە .

*دواییـــن قســـەی کاک بەختیار بۆخوێنەرانی گۆڤاری تیشک بەتایبەتی کە لە ڕۆژهەڵاتا خوێنەری جیددی هەیە؟*



هیوادارم کە تیشـــک، تیشـــکێکی تیـــۆری سیاســـی، دیموکراســـی، هاوچەرخ بێ، تۆزێک تێبینیم هەیە لەوەی کە زمانی دارشتنتان زمانێکی ئاکادیمییە زۆرتر ئاکادیمی زاڵە بەسەریا، زۆر لەگەڵ ئەوەیا نیم ئەو جۆرە گۆڤارانە کوت ومت ڕەنگدانەوەی بڕیاری سیاسی ســـەرکردایەتی حیزبەکان بن، کراوەتر بن باشە، با کراوەتر بێ، بەکراوەیی ئەم گۆڤارانە جوانتر ئەبـــن، کاریگەرییان زیاتر ئەبێ لەسەر خوێنەر.

*ئـــەوە لەســـەر تیشـــک بـــوو، بۆ خوێنەری تیشک چیت هەیە؟*



بـــەڕای من ئیســـتا خوێنـــەر لە ڕۆژهـــەڵاتی کوردســـتان زۆرە، خوێنـــەواری زۆرە نووســـــەری گەورەی زۆرە، ئەوەندەی من بیســـتوومە زیاتر لە ٢٥ هەزار ماســـتەر و دکتۆرا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، ئەمە لە گەڵ ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ی زاینیـــی جیاوازییەکەی ئاســـمان و ڕیســـمانە . زۆر جیاوازە زۆر گۆڕاوە ئەمە یەک، ئەخوێنمـــەوە یانی ئیســـە زمانی دارشـــتن لە بەینـــی ڕۆژهەڵات و باشـــووری کوردســـتانا جیاوازییەکانمان کەم ئەبێتەوە، یەک ئەدەبیاتە، ســـتانداردێ دروســـت ئەبێ لـــە ناومانا، ئەمە جێگای دڵخۆشییە، ڕەنگە ئەمە کاریگەرییەکەی تەلەفزیۆنەکان و ئەزموونی ئێمە بێ زیاتر، ئەمە ئاساییشە، خۆ لە ئەسڵا ئەم زمانەی ئێمە پێی ئەنووســـین زمانی موکریانە، کە ناوی لێ نراوە ســـۆرانی بۆیە ئێوە ئەبێ ئەمـــە ڕەچاو بکەن، خوێنەواری زۆر گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیا بووە نووســـەری زۆر گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیا بووە و جیاوازی زۆری هەیە لە بەینی بیرکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەوانەی لە ڕۆژهەڵات لە شـــارەکان و لـــە زانکۆکان و لە پەیمانـــگاکان لەگەڵ هێزە سیاســـییەکان کە ئیســـە هێشـــتا ئۆردوگای چەکدارییان هەیە، هێشـــتا بیر لە ئایندەی چەکـــداری ئەکەنەوە، تیشـــک چۆن ئەتوانێ دەور ببینـــێ لەوەیکە پردێـــک بێ لـــە بەینـــی دیالۆگێکـــی لێک تێگەیشـــتن بۆ ئەم شکافەی کە دروست بووە؟ ئەمە گرینگە. هیوادارم توانیبێتم زۆر شت بڵێم کە نەوترابێ.

# وتووێژ لەگەڵ
# عەبباس وەلی

## کورتە کارنامە

عەبباس وەلی خەڵکی مەهابادە، خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لە شاری تەوریز تەواو کردووە، خوێندنی باڵای لە تاران درێژە پێ داوە و لەوێ لە ساڵی ١٣٥١/ ١٩٧٣ لە زانکۆی میللی تاران لە زانستی سیاسیدا پلەی لیسانسی وەرگرتووە.

دواتر بۆ خوێندنی بەرز چووەتە بریتانیا، لە ساڵی ١٣٥٥/ ١٩٧٦ لە زانکۆی کیل پلەی ماستەری لە بواری تیوریی سیاسیدا بە دەست هێنا و لێکۆڵینەوەکەی بۆ وەرگرتنی ئەو پلەیە بریتی بوو لە « تێپەڕین بەرەو کاپیتالیزم لە بیرکردنەوەی سیاسیی ڕووسی لە نێوان ساڵانی ١٨٦١ ـ ١٩١٧ دا».

عەبباس وەلی بە نووسینی لێکۆڵینەوەیەک بە ناوی:» زەوی، کار و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانی بەر لە سەرمایەداریدا».خوێندنی دوکتورای خۆی لە بواری کۆمەڵناسیدا لە زانکۆی لەندەن تەواو کرد.

لە ساڵی ١٣٦٣/ ١٩٨٣ پلەی پی ئێچ دی پێ درا لە کۆمەڵناسیی مێژووییدا و بەدوای ئەوەدا دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی دوای دوکتۆرا لە زانکۆی لەندەن و لەسەر پڕۆژەیەک کاری کرد بە ناوی: « دین و ڕووناکبیران لە شۆڕشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩دا» ( ١٩٨٣-١٩٨٥)

وەلی لە ساڵی ١٩٨٦ لە زانکۆی وەیلز لەشاری سوانزی کاریێری ئاکادیمی خۆی دەست پێ کرد و لەوێ تیۆریی سیاسی و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە دەرس دەگوتەوە بەر لەوەی بگوێزێتەوە بۆ هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٥ و بە پێی داوخوازی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زانکۆیەکی نوێ دامەزرێنێت.

عەبباس وەلی بۆ ماوەی سێ ساڵ لە هەولێر سەرۆکی دامەزرێنەری زانکۆی کوردستان بوو. ئەو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە بەر بۆچوونی جیاواز لەگەڵ حکوومەت سەبارەت بە بەڕێوەبردنی زانکۆکە هەولێری بەجێ هێشت.

عەبباس وەلی دوای هەولێر چووە ئەستەنبوڵ و لەوێ لە زانکۆی بۆغازیچی بوو بە سەرۆکی بەشی بیری مۆدێرنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دیپارتمانی کۆمەڵناسیی ئەو زانکۆیەدا (٢٠٠٨ ـ ٢٠١٧ )

لە ناو نووسینەکانیدا دەکرێ ئاماژە بەم کتێبانە بکرێ:

- ئێرانی بەر لە سەرمایەداری: مێژوویەکی تیۆری (وەشانخانەی I.B. Tauris ١٩٩٣)
- هێندێک بابەت لە سەر بنچینەی ناسیۆنالیزمی کورد ( وەشانخانەی Mazda ٢٠٠٣ )
- کوردەکان و دەوڵەت لە ئێران: ساز کردنی ناسێنەی کورد ( وەشانخانەی I.B.Tauris ٢٠١٢)
- ساڵانی لە بیرکراوی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران ( وەشانخانەی Palgrave-Macmillan ٢٠١٩)

عەبباس وەلی ئێستا نووسینی دوو کتێبی نوێی بە دەستەوەیە : دەسەڵات و خۆراگری لە کوردستان ( ساڵی ٢٠٢١ دەردەکەوێ) و جمهووریی زەبروزەنگ ( ساڵی ٢٠٢٢ بڵاو دەکرێتەوە)

*ئایا ئێمە شتێکمان بە ناو ناسنامەی ئێرانی هەیە؟ ئەگەر هەمانە، ئایا ئەو ناسنامە ئێرانییە ناسنامەیەکی مێژووییە، بەو شێوەیەی کە بەشێک لە لایەنگرانی ئەو ناسنامەیە باسی لەسەر دەکەن؟*



بەڕای من ناسنامەی ئێرانی وەکوو سازەی وێژمانی، یانی شتێکە، کە لە گوتارێکدا دروست کراوە، هەیە، بەڵام ئایا ئەو سازە وێژمانییە ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی دەکات یان نا ئەوە

پرســـێکی دیکەیە. بە باوەڕی من ئەو جۆرەی کە دامەزرێنـــەران و ئەو کەســـانەی کە ئەو ســـازەیەیان دروســـت کردووە، واتە کێشەی ســـەرەکییان ئەوەیە کە بێنن و ئەو مێژووەی کـــە ئەوان دەیڵێن ئەوە ئاماژەی پێ دەکا، ئەو مێژووەی کە لەو پرۆســـەیەدا، ئەو هۆڤییەتی ئێرانییـــە دروســـت بوو، بەڕای من کێشـــەی بنەڕەتی لەوێدایە.

نەک هەر پرســـی فاکتە مێژووییەکان یانی ئەوەی کە فاکتە مێژووییەکان ئەوەی نیشان نادا، لەســـەر ئەویش نووســـراوە بـــۆ نموونە، پرسی یەکگرتوویی ئێران وەکوو دەوڵەتێک، پرســـی حاکمییەتـــی ئێران و تێکـــڕای ئەو خـــاک و ناوچانەی کە بانگەشـــەی کردووە، پرســـی یەکیەتی و بەرفراوانیی بەکارهێنانی زمانی فارســـی و هەروەتر پرسی مێژوویەک، لـــە ڕووی تیۆریکەوە کـــە بنەمایەکی هەیە و ســـەرچاوەیەکی یەکگرتوویـــی هەیـــە کە ٢٥٠٠ تا ٣٠٠٠ ســـاڵ لەوەوپێش دەســـتی پـــێ کـــردووە و بەشـــێوەی پرۆســـەیەکی تۆکمە، لۆژیکی لەو ٢٥٠٠-٣٠٠٠ ســـاڵەدا بـــەردەوام بـــووە و هەمـــوو بزاڤەکانی ئەو لە هەر قۆناخێکدا شـــێوەیەک خستنەڕووی ئەو ناســـنامەیە بووە، کە لە سەرچاوەکەیدا بوونی هەیە. ئەو شێوە مێژووگەراییە کە لە بنەڕەتدا هیچ بەرگیرییەکی لـــێ ناکرێ، هەڵبەت زۆر کـــەم بۆ نموونە تەماشـــا دەکـــەی نە تەنیا «ئێرانشـــەهرییەکان»، بـــۆ نموونە:»کاتووزیانە، ئەحمەدی ئەشرەفە» ئەوانە کە لە دەوروبەری «Encyclopedia» ئێرانیـــکان، ئەوانـــە هەموو باوەڕیان بەو هۆڤییەتە مێژوویە یەکگرتووەی ئێرانـــی هەیە، بەڵام ئەساســـەن لـــە ڕووی تیۆریکەوە یان لـــە ڕووی فاکتی مێژووییەوە ئـــەو ڕوانگەیـــە ناتوانێ ببێ. جـــا بۆیە ئەگەر بڵێین لە وڵامی پرســـیارەکەی ئێوەدا ئایا وەها ناســـنامەیەک هەیە؟ دەڵێم: بەڵێ لە گوتاردا ئەوە دروستیان کردووە، بۆیە ئەوە دەبێ. هەر ناســـنامەیەک ســـازەی وێژمانی هەیە، بەڵام ئاخۆ ئەو سازە بنەمایەکی مێژوویی هەیە یان نە؟ ئەوە پرسێکی دیکەیە.

پرســـێکی دیکەش کـــە من لێـــرە دەمەوێ لەڕاســـتیدا ئاراستەی بکەم، ئەوەیە کە بەشی زۆری ئـــەو تیۆریســـیەنە فارســـانە، هەڵبەت نابێ هـــەر فارس بـــن، تورکیش هـــەن، بۆ نموونـــە وەکـــوو تەباتەبایی کـــە ethnicity تـــورک ئازەرییە، من لێـــرە دەڵێم وەکوو ئەو تیۆریســـیەنانەی ئێران بۆ نموونـــە، ئەوانە لە ڕووی تیۆریکـــەوە زۆر کارەکانیان لاوازە، لەو بابەتـــەوە لە زۆربەی ئەو شـــوێنانەش هەر لە بنەڕەتدا هەڵەیە، من خۆم سەبارەت بەم پرسە «پرۆســـەی بەردەوامی مێژوویی» مشت و مڕم لەگەڵ کاتوزیان کردووە، کە چۆن شـــتێکی وا لە ڕووی تیۆریکەوە جێی ڕاڤە و شرۆڤەیە، هیچ وڵامێکی نەبووە. بەڵام ســـەبارەت بەوەی کە دەڵێم ئەوانە لە ڕووی تیۆریکەوە تووشـــی نەخوێندەوارییەکـــی گەورە بـــوون، ئەوانە وا دەزانن کە هۆڤییەت/ناســـنامە شـــتێکە کە ئەگەر بە کەســـێ کە هەســـتێکی سیاســـی یان مێژوویـــی هەیە پێوە بنووســـێنن، ئەوە دەبێ، بەڵام وا نییە. ناســـنامە، ئێمە دەزانین هەمیشـــە ســـازەیەکە کە لەپێوەندی لەگەڵ جیـــاوازی (difference) ئاراســـتە دەکـــرێ، ئەویش نە جیـــاوازی لە (diffrenece from)، یانی جیاوازی ئەم ناسنامە لە ناسنامەی دیکە، نا، ئـــەوە حاڵەتێکی تایبەتیـــە، دێفرنس ئینە (difference in) یانـــی جیاوازی لە دەرووندا، یانی ئەگەر ئەوان بیانەوێ ناســـنامەی ئێرانی بەشـــێوەیەکی مێژوویی بێ پســـانەوە لە سێ هەزار ســـاڵدا پێناســـە بکەن، دەبێ بڵێن ئەو جیاوازییـــە دەروونیانە، ئەو ســـازە تیۆریکە چ بووە، کە لە ســـێ هەزار ســـاڵدا هەبووە و هیچ کاتێکیـــش نەگۆڕدراوە، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ســـەردەمێ ئەوە قەبایلێکی دەرەوەی فەلاتی ئێران بوون، کـــە لەگەڵ ئێرانیەکانی ئەو کاتە کێشەیان هەبووە، پاشان ڕومییەکان و یونانییەکان بوون و دوایە عەرەبەکان بوون

و دوایی ئەوە مەغولەکان بوون، ئێستەیش لە سەردەمی مودێرنیتەدا ئەو پێکهاتە وەکوو structure کە شتێک بسەپێنێ ئەو ناسنامەکانی دیکە، کوردی، تورکی، ئازەری و بەلووچ ..هتد لە بنەمای خۆیدا ڕاگرتووە و خۆی لە پێوەندی لەگەڵ جیاوازییەکانی کە لە دەروونی خۆیدا هەیە، ئەوانەی زیندانی کردووە لەوێدا پێناسە دەکاتەوە.

ئەگەر ئەم پێناسە تیۆریکە لەم ناسنامەیە بگرین، قسەی ئەو کۆمەڵە ئێرانیانە لە بنەڕەتدا لە ڕووی تیۆرییەوە جێی بەرگری نییە و تەنیا بەڕای من ئەوە گوتارێکی ئیدئۆلۆژیک، گوتارێک لە پێوەندی لەگەڵ ناسیونالیزمی ئێرانیدا، گوتارێکە کە دەیەوێ بەشێوەیەک یانی چوارچێوەیەکی وێژمانی و تیۆریک بۆ ناسیونالیزمی ئێرانی لە ڕووی مێژووی سیاسییەوە دروست بکات. پێموایە ئەو سازەیە کە لە ڕووی وێژمانییەوە دروسیان کردووە ئەویش بەشێوەیەکی یەکلایەنانە لە ڕووی تیۆرییەوە بەتەواوی هەڵەیە، ئەوە نە بنەمای مێژوویی هەیە، نە پێوەندیی لۆژیکی و تیۆریک.

*زۆرسپاس، هەر لە درێژەی ئەو بابەتەدا، ئەو گوتارە ئێرانییە کە پێداگرە لەسەر ناسنامەیەکی مێژوویی لە سێ قۆناغدا دژایەتیی ئەویدی بووە، قۆناغی یەکەم کە دەگەڕێتەوە لە سەردەمی مەشروتیەت، دژایەتیی عەرەب هاتە ناو ئەو گوتارەوە، لە قۆناغی پەهلەویدا دژایەتیی تورکیش زیاد کرایە سەر دژایەتیی عەرەب و لە بیست ساڵی داوییدا بەجۆریک دژایەتیی کوردیش هەیە لەنێو گوتارەکەیاندا. خاڵی گرینگی باسەکە لێرەدا ئەوەیە کە بەشێک لەو نەتەوەیانە، بەشێک لە نەتەوەی عەرەب، بەشێک لە نەتەوەی کورد و بەشێک لە نەتەوەی تورک لە جوغرافیایەکدا دەژین کە ئەو جوغرافیایە بە ئیدعای کەسانێک باس لەسەر گوتاری ئێرانی دەکەن، لەو جوغرافیایە، کە جوغرافیای ئەو گوتارەیە. ئەو دوو هۆڤییەتە چۆن کۆ دەکرێتەوە، لە کاتێکدا من کوردم، هاوکات هەم مەترسییەکم بۆ گوتاری ئێرانی لە دیدی ئەوانەوە و هەم ئەوەیکە کە بەشێکیشم لەو گوتارە. ئەوە ئێوە چۆن تاوتۆی دەکەن؟ ئایا پارادۆکسێ نییە لە نێوان ئەو گوتارەدا؟*



نا، ئەو گوتارە دەبێ لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمدا ببینین، لە ناسیۆنالیزمدا ئەتۆ وەکوو جیاوازییەک، یان ئازەرییەکان وەکوو جیاوازییەک، تورکەکان، عەرەبەکان وەکوو جیاوازییەک لە دەروونی خۆیدا هەیە، بۆیە ئەو جیاوازیەیە، کە ئەو ناسنامەیە پێناسە دەکات. بەڵام لە لایەکی دیکەوە کە تەماشای بکەی ئەوە ناچارە لە ڕووی ئەو سازە یانی ئەو ڕووکەشە دەرەکییەی ئەو سازە، یانی بە ئینگلیسی دەبێتە constitutive outside، ئەو سازە لە چوارچێوەیەکی وێژمانی ناسیۆناڵیستیدا ناچارە هەم لە ڕووی وڵاتەوە، نیشتمانەوە، خاکەوە، و هەم لە ڕووی ناسنامەوە ئەوانە بێنێتە پاڵ خۆیەوە، بڵێ ئەوانە، یانی بەشێک لەوانە هەمیشە ئەمە بووە، واتە منی هۆڤییەت، منێکی کۆییە، بەڵام واوەتر لەوەی، کە ئەو گشتییە و کۆییە پێناسە دەکات، ناسنامەی خۆدی خۆمە، ئەوەی فارس و شیعەو ئەو جۆرە شتانە.

*ئێوە لە چاو پێکەوتنێکتاندا کە ساڵی ٢٠١٨ کراوە، باسی ئەوە دەکەن کە کۆمار ئیسلامی لە قەیرانی مەشروعییەتدا پێی ناوەتە نێو قەیرانی حاکمییەت، مەبەست لە قەیرانی حاکمییەت چییە لێرەدا چییە؟*



پێش ئەوەی من وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، پێویستە چەن پرسی تیۆریک ڕوون بکەمەوە، یەکەم: ئەوەیە کە لە ڕوانگەی منەوە قەیران چییە؟ بۆ باسی ئەوە دەکەم؟ ئەمن قەیران بە حاڵەتێکی نائاسایی (Abnormal) واقعیەت ناڵێم، من قەیران بە دۆخێکی نائاسایی دەسەڵاتی سیاسی دەڵێم. چون نۆرم و نۆرمالیتی بە ڕای من دەسەڵاتی سیاسی پێناسەی دەکات، بۆیە ئەوە پێوەندییەکی تایبەتی پێکدێنێ،کە ئێمە بە شێوەی ڕاستەقینەیەکی ئاسایی (Normal) دەیناسین.
دووهەم: من پرۆسەی گشتیی قەیران وەکوو ڕووداو نابینم، بەڵکوو قەیران وەکوو پرۆسەیەک دەبینم، ئەو پرۆسە لە گەشەدایە، لە دۆخی گۆڕاندایە، لە هەر دۆخ و هەر قۆناخێکدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام گەوهەری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پرسی پێوەندیی دەسەڵات لەگەڵ واقعیەتی سیاسی ڕۆژ.

ئەگەر لێرەدا بە ووردی سەرنجی ئەوە بدەی، من وتوومە کە ئێستە دۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە قۆناخی قەیرانی شەرعییەتی و مەشروعییەت و ڕەوابوون تێپەڕیووە و بە سیستەمی دەسەڵاتداری (حاکمییەت) گەیشتووە، ئەوە بەو مانایەیە کە قەیران شتێکی پرۆسەیە، لە خاڵی یەکەمدا کە من ئاماژەم بە پرسی قەیرانی مەشروعییەت کرد، لێرەدا باسی ئەوە دەکەم، کە لە ڕوانگەی منەوە مەشروعییەت چییە؟ و چۆن تووشی قەیران دەبێ؟ ئەوە پێویستە شرۆڤەی بکەم، پاشان دیسان کە دەڵێم ئێستا قەیرانی حاکمییەتە، پێویستە بڵێم حاکمییەت بۆ لە قەیراندایە؟ بۆیە دوو پرس لێرەدا ئاراستە دەکەم، کە لەگەڵ پرسیارەکانی دیکەتان پێوەندیی هەیە.

مەشروعییەتی سیاسی چەمکێکە کە تارادەیەک هاوکات لەگەڵ مۆدێرنیتە هاتووتە ئاراوە، پێشتر ئەو چەمکە لە وێژمانی سیاسی و فەلسەفەی سیاسیدا ئاماژەی پێ نەدەکرا، چ فەلسەفەی سیاسی کە لەژێر کاریگەریی ئایین و مەزهەبدا بوو، چ فەلسەفەی سیاسی کە دژ بە ئایین و مەزهەب بوو، ئەیویست جۆرێک بنەماکانی سکۆلاریزم بۆ خۆی پێناسە بکات. لە تیۆریی دیمۆکراتیکدا مەشرووعییەت بە قانوونی بوون دەزانن، بەو مانایە کە ئەو دەسەڵاتەی کە قانوون دروست دەکات، بنیاتنەری قانوونە و بۆ خۆشی لە خزمەت قانووندایە، هەتا کاتێ کە ئەو هاوکێشەیە دوو لایەنەکەی پێکدێ، ڕێژیمەکە ڕەوایە (مەشرووعە). تا کاتێ کە حاکمەکە حکوومەتەکە بەشێوەی مەشرووع قانوون دروست دەکات، ناچارە بۆ خۆشی بەپێی ئەو قانوونە هەڵسوکەوت بکات، ئەوە ئەو ڕێژیمە لە ڕووی قانوونییەوە، مەشرووعە. دیارە پێوەری ئەو کارەش کە ئایا تا چەند ئەو ڕێژیمە بە قانوون وەفادار ماوە یا نەماوە، ئەوە قانوونی بنەڕەتییە، کە لەوێدا حاکمییەت بەشێوەیەکی قانوونی، حقووقی پێناسە کراوە و لەوێدا ناسنامەی دەسەڵاتی سیاسی پێناسە کراوە، هەروەها سنووری دەسەڵاتی سیاسی و قووڵی و بەرفراوانی دەسەڵاتی سیاسی و کارکردن و کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی لەوێدا نیشان دەدا. ئەوە پێناسەیەکە کە بە گشتی لە تیۆری دێموکراتیکدا باسی دەکەن، دەڵێن ئەگەر دەسەڵاتێک کە سیستەمێکی بنیاتنەری قانوونی دێموکراتیکە، ئەو سیستەمە دامەزرێنەری قانوونی دێموکراتیکە دێت قانوون دروست دەکات و دەسەڵاتی دامەزرێنەری قانوون بۆ خۆی لە خزمەت ئەو قانوونەیە کە دروستی دەکات و لێی لانادات، هەڵبەت ئەوە بۆ چرکەی تایبەتە، چرکەی تایبەتیش باس دەکەم کە مەبەست چییە. بەڵام پێناسەی دیکەش لە شەرعییەتی سیاسی هەیە ئەویش پێناسەیەکە، کە ماکس ڤێبەر(Max Weber) دەیهێنێتە ئاراوە، ئەو دەڵێ: «ئەو قسانە هیچیان دروست نین، لە هەقیقەتدا مەشروعییەتی سیاسی ئەوە نییە

کە لە ڕاســـتیدا ڕێژیمێک ڕەوایـــە یا نارەوایە»، دەبێـــژێ گرنگ ئەوەیە کە خەڵـــک باوەڕیان هەبێ کە ئەو ڕێژیمە مەشـــرووعە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو ڕێژیمە مەشـــرووعە یا مەشـــرووع نییـــە، ئـــەوە هێندە شـــتێکی گرنـــگ نییە، گرنـــگ ئەوەیە کە خەڵک ئەو کەســـانەی کە حکوومەتیان لەسەر دەکرێ، هەڵبەت ئەو ناڵێ خەڵک، دەڵێ ئەو کەســـانەی کە حکوومەتیان لەسەر دەکرێ باوەڕیان هەبێ کە حاکمییەت کـــە فەرمانیان(command) پـــێ دەدات، ئەو فەرمانـــە ڕەوایە. ئەو فەرمانە، ئەو دەســـەڵاتە مەشـــرووعە. ڕەوابـــوون و مەشـــرووعییەتی دەسەڵات پێوەندی بە خودی دەسەڵاتەوە نییە لە ڕوانگەی ماکس ڤێبەرەوە (Max Weber)، بەڵکوو ڕەوابوونی دەســـەڵات دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک، یانی ئەو کەســـانەی کە حکوومەتیان لەسەر دەکرێ، چەندە باوەڕیان هەیە کە ئەو دەسەڵاتە مەشرووعە. پێوەری ئەویش ئەوەیە کە ڕێژیمەکە ئایا سەقامگیرە یان ناسەقامگیر؟ دیســـان ماکـــس ڤێبـــەر(Max Weber) دەگەڕێتەوە ســـەر ئەوەی کـــە ئەو ڕێژیمە لە ڕاستیدا ســـەقامگیرە یان ناسەقامگیرە دیسان پرســـێکی لاوەکییـــە، گرنگ ئەوەیـــە کە ئەو کەســـانەی کە حکوومەتیان لەســـەر دەکرێ باوەڕیـــان هەبێ کە ئەو ڕێژیمە ســـەقامگیرە، بـــەڵام زۆربـــەی تیۆریســـیەنە سیاســـیەکان بەتایبەت چەپـــەکان و دێموکراتەکان لەگەڵ ئـــەو بۆچوون و ڕەوابوونـــە نین، ئەوە جۆرێک بە پاســـاوی دیکتاتۆری دەزانن، بە پاســـاوی دەســـەڵاتخوازیی دەزانـــن، بـــەڵام ماکـــس ڤێبەر(Max Weber) دەڵێیت پێتان خۆش بێ ئەوەیە، پێتان ناخۆش بێ ئەوەیە.

ئـــەو پێناســـە و بۆچوونـــەی ســـەبارەت بە مەشـــرووعییەت کە لە تیۆریـــی دێموکراتیکدا هاتووە، ئەوە جوانە بەڵام لە پراکتیکدا شتێکی وا نییە. لە کردەوەدا ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرســـە کە ئایا خەڵک بەڕاستی لەو باوەڕەدان کە ئەو ڕێژیمە مەشرووعە یا نە؟

ئەمن هەڵبەت ئەو ئیرادانەی کە تیۆریسیەنە چـــەپ و دێموکراتەکان لـــە ڤێبەری دەگرن بە دروســـتی دەزانم، پیموایە ئەو قسەیە کە ڤێبـــەر دەیکات، تەنانەت ئەگەر ڕاســـتییەکی زۆریشـــی لەپشـــت بێت، دەتوانێ پاساوێ بێ بـــۆ ڕێژیمە دیکتاتـــۆر و دەســـەڵاتخوازەکان ئەوانەی کە پاســـاو بۆ دەســـەڵات ئەهێننەوە. ڤێبـــەر دەڵـــێ: هەتا ئەو دەمـــەی کە خەڵک نارەزایەتییان دەرنەبڕیوە، واتە خەڵک باوەڕیان هەیە کە ئەو ڕێژیم و دەســـەڵاتە مەشـــروعە، دەبـــێ قبووڵ بکرێـــت. بەڵام بـــەڕای من وا نییـــە، پێموایـــە، هەڵبەت بە ڕای شەخســـی خۆم مەشـــروعیەت پێوەندیەکی ڕاستەقینەی هەیە لەگەڵ ئیدوۆلۆژییەکی سەرەکی ڕێژیم و مکانیزمی ئیدوئۆلۆژی سەرەکی ڕێژیمە. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئیدوئۆلۆژی چییە و چۆن کار دەکا.

بە ڕای من فونکسیونە بنەڕەتییەکانی ئیدئۆلۆژی یەکیان ئەوەیە کە دەتوانێ ڕێکخســـتن بکات، دەتوانێ تەجهیز بکات، دەتوانێ واقعییەتێ بۆ خەڵک پێناســـە بکات و بگێڕێتەوە، یانی ئەو شـــتەی کە ڕەنگە ڕاست بێ یان ڕاست نەبێ، بە شـــێوەیەک بیگێڕێتەوە، کـــە خەڵک ئەوە قبووڵ بکەن. یانی ئـــەو مکانیزمەی هەیە کە دەتوانێ لە لایەکەوە خەڵک تەجهیز بکات لە لایەکی دیکەوە خەڵک ڕێک بخات و لە لایکی دیکەوە واقعیەتێ کە خەڵک دەبێ باوەڕی پێ بکەن بۆیان بگێڕێتەوە، واقعی ڕاستی چەواشە بکات و بێ لە جیاتی ئەوە ڕاستییەکی دیکە بۆ خەڵک بگێڕێتەوە و باوەڕی پێ بکەن.

هەتا ئەو دەمەی کە بەڕای من ئیدوئۆلۆژیەک ئەو ســـێ تایبەتمەندی و چۆنایەتیەی هەبێ، ئەو ســـێ تواناییـــەی هەبێت لـــە کۆمەڵگادا، ڕێژیـــم دەتوانێ بانگەشـــەی ئـــەوە بکات کە مەشروعییەتی هەیە. یانی دەتوانێ مکانیزمی ئیدوئۆلۆژیک، ئـــەو هێز و تواناییەی هەیە کە تەجهیز بـــکات ئەو هێز و تواناییەی هەیە کە ڕێکخســـتن بکات، ئەو هێز و تواناییەی هەیە

کە ئەو واقعیەتەی، ئەو وێنەیەی، ئەو شـــتەی کە بۆ خۆی بە ڕاستی دەزانێ بەسەر کۆمەڵگادا بســـەپێنێ، یانی ئەوەی بە خەڵکی بنوێنێ و خەڵک ئەوەی لێ قەبووڵ بکەن. بەڵام وەختێ کە ئیدۆئۆلۆژیی ڕێژیمێک ئەو توانایی تەجهیز، توانایی ڕێکخســـتن و توانایی دروســـتکردنی واقعییەتـــی بۆ خەڵکی نییە، بۆچی من لێرەدا دەڵێـــم: «دروســـت کردن» چون ڕاســـتەقینە سازەیەکە، ڕاســـتەقینە ئەوە نییە کە، ئەبێتە هەقیقەت، ڕاســـتەقینە ئەوەیە کە دەسەڵات دروستی دەکات، ســـازەیەکە، ئایا ئەو سازەی ئێستاش دەتوانێ دروستی بکات و دەرخواردی خەڵکی بدات، خەڵـــک قبووڵی بکەن، وەکوو ئەو جۆرەی کە لە دەســـتپێکی شۆرشـــدا کرا هەتا ١٠ســـاڵ، بەڵام پاش دە ســـاڵ دیتمان کـــە ئەو پرســـە نەما و وەختێکـــی نەما ئێمە دیاردەیەکمان بە نـــاوی ڕیفۆرمخوازی هەبوو لە ئێراندا، ئـــەو ڕیفۆرمخوازییە چی دەگوت؟ ئەگەر ورد بڕوانینە قسەکانی تیۆریسیەنەکانی ڕیفۆرمخـــواز، دەڵێن: مەشـــرووعیەتی ڕێژیم دابەزیوە، ڕووخاوە. ئەوە بـــە چ مانایەکە؟ ئایا بەو مانایەیە کە ڕێژیم جومگەکانی دەسەڵاتی لە دەســـت داوە؟ نـــا! ئەوە بـــەو مانایەیە کە ئیدۆلۆژی یان پانتاییـــی گوتاری ئیدۆلۆژیک، ئیدۆلۆژیی ســـەرەکیی ڕێژیم، ئـــەو تواناییەی تەجهیزکـــردن، ڕێکخســـتن و بردنی خەڵکی بـــەرەو ئامانجەکانی کە لە ڕاســـتەقینەیەکی دروســـتکراو لە ڕێـــی دەســـەڵاتیدایە، لەوێدا چەقیوە؛ ناتوانێ کار بکات، لە کاتێکدا هاوکات تەواوی نێـــڵ و ئەهرۆمەکانی دەســـەڵاتی بە دەســـتەوەیە، تەنانەت لە دە ســـاڵی سەرەتای پاش شۆڕشی ئێرانیش بەهێزترە.
بۆیە کاتێ کە قەیرانی مەشروعییەت دەست پێـــدەکات، قەیرانـــی مەشـــروعییەت بەڕای من قۆناخێکە، کە لـــەو قۆناخەدا ئیدیۆلۆژیی سەرەکی ڕێژیم توانایی تەجهیز و ڕێکخستنی کەم کەم لە دەست داوە و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیـــە کە چیـــدی ناتوانێ ئەو ڕاســـتەقینە سیاسییەی کە خەڵک دەبێ باوەڕی پێ بکەن بـــۆ ئەوەی بـــە دوای ڕێژیم بکـــەون، چیدی ناتوانێ ئەو واقعیەتەی بەشێوەیەکی تۆکمە بۆ خەڵکی دروســـت بکات و لە پانتایی گشتیدا و لە پانتایی کۆمەڵگای مەدەنیدا پێشکەشـــی خەڵکی بـــکات، خەڵک باوەڕیـــان پێ نەماوە. ئـــەو باوەڕە ڕووخاوە، چون ئەو باوەڕە ڕووخاوە یانی توانایی تەجهیز و ڕێکخستنیشی نەماوە. ئەوە بـــەڕای من هێما و ڕواڵەتـــی بنەڕەتیی دەســـتپێکی قەیرانی مەشـــروعییەتی ڕێژیمە لە کۆماری ئیســـلامیدا. ئەمـــە لووتکەی ئەو قەیرانەی لە ســـاڵی ٢٠٠٩کە دەبێتە ســـاڵی ١٣٨٨ی هەتاوی، لە قەیرانێک کە پاشان بە بزاڤی سەوز/کەسک ناسرا، لەوێدا ئێمە ئەوەی دەبینین. بە باوەڕی من ئەو بزاڤەی کە سەری هەڵـــدا، بزاڤی ســـەوز، ئەوەیکە خەڵک چوونە دەرێ کە بە «رای من کو» دەســـتی پێکرد و دوایە بوو بە حەبس و خانەنشـــینی موسەوی، ڕەهنـــەوەرد و کەڕووبی، بـــە باوەڕی من ئەوە لووتکەی قەیرانی ئیدۆلۆژیکی ڕێژیم بوو.
ڕێژیـــم لەوێـــدا بەکـــردەوە نیشـــانی دا کە ئیدیۆلۆژییەکەی ئەو توانایەی لە دەست داوە، ئەو قەیرانە دەستی پێ کردووە، بەکردەوەیش ئـــەوە شـــتێکی دیـــار و ڕوونە، تیۆریســـیەنە سیاسییەکان هەموو ئەوە دەزانن.
کاتێ کە ئیدیۆلۆژی ڕژیم ئەو توانایەی خۆی لە دەســـت دەدا، کاتێ ناتوانـــێ تەجهیز بکا، ناتوانێ ڕێکخستن بکات، ناتوانێ خەڵکی ناچار بکا بە شتێکی ناڕاست، وەکوو ڕاستییەک باوەڕ بکـــەن، لەو دۆخەدا هێـــدی هێدی و هەندێ کاتیش تەنانەت خێرا، سەبارەت بە بزاڤی سەوز دیومانە، خێرا بە بەکارهێنانی زەخت و گۆشار و توندوتیژی (violence) سیاســـی، گوشـــار و زەختی سیاسی جێگای ئیدۆلۆژی دەگرێتەوە، ڕێژیم ئەو ڕوخسارە ڕاستەقینەیەی خۆی لەو دۆخەدا نیشان دەدات.
پاش بزاڤی سەوز بە ڕای من چیدی ناتوانین باسی گرنگی قەیرانی مەشـــروعییەتی ڕێژیم

بکەیـــن. ئەگەرچـــی قەیرانی مەشــــروعییەت هەروا بەردەوام دەبێ، بەڵام لەو پرۆســـەیەی قەیراندا ئێمە ناتوانین بڵێین کە پرسی قەیرانی مەشــــروعییەت، قەیرانی ســــەرەکییە. هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەشدایە کە من ئیستدلال دەکـــەم کە پاش بزاڤی ســــەوز بە باوەری من پرســـی ڕیفۆرم لە ئێرانـــدا کارەکەی خەڵاس بووە.

تیۆریســــیەنە ڕیفۆرمخوازەکان بەشـــی زۆری قبووڵیان کردووە، کە سیاسەتەکەیان شکستی هێناوە و ئەگەر ئێســـتەیش کە خاتەمی و بۆ نموونە ئەوانەی لـــە دەورووبەرین حەجاریان و ئەوانـــە دەیانەوێ ڕیفـــۆرم زیندوو بکەنەوە، بـــەڕای من تەنیا و تەنیا، ئێســـتا کە دەتوانن باســـی لێ بکەن یان تەنانەت ماوەیەک ڕەنگە خۆی بگـــرێ تەنیا و تەنیا لەبـــەر ئەوەیە کە مەیدانەکە خاڵییە و ئۆپۆزسیونێکی سەربەخۆ و ناحکوومەتیـــی ئەکتیڤ لـــە ئێراندا ماف و دەرفەتی تێکۆشانی نییە، بۆیە کاتێ گۆڕپانەکە چۆڵە ئەوان دەتوانن دیسان بڵێن ئێمە خۆمان ڕێکخستووەتەوە، تەجهیز کردووەتەوە، بەڵام لە کردەوەدا بەباوەڕی من ئەوە بە ئەنجام ناگات. بزاڤی ســـەوز بـــە ڕای من خاڵی ســـەرەکیی قەیرانی مەشـــروعییەتی ڕێژیم بوو. پاش وی مەشـــروعیەتی ڕێژیم یانی لـــە هەمان حاڵدا ئەو کەســـانەی، واتە ڕیفۆرمخوازەکان هەموو ڕایان ئەوە بوو کە ڕێژیم مەشـــروعییەتەکەی دەڕووخـــێ، ڕووخـــاوە دەبێ پێشـــی بگرین، ڕیفۆرم پێویستە، ئەوەیە، یانی ئەو ئارگۆمێنتە کە بۆ پێویســـتی و گرنگی بە ڕیفۆرم لە ئێران دەکرا ئەو دەمە ڕێک گەیشـــتبووە ئەو ئاستە، کە ڕێژیم مەشروعییەتی نەماوە.

ئەمن ئیستدلالەکەم ئەوەیە کە پاش وی، ئێمە دەگەینـــە قۆناخێکی دیکە لە قەیران، کە ئەم قۆناخە لە قەیرانیش بـــە باوەڕی من قەیرانی حاکمیەتە. حاکمیەت یانی چی؟

حاکمیەت یانی دەســـەڵاتی سیاسی، یانی ئەو هێزەی کە دەســـەڵاتی پاوان و قۆرخ کردنی (monopoly)هەیە،کە قانوون دروســـت بکات و قانوون جێبەجێ بکات، دەســـەڵاتی پاوان و قۆرخ کردنی هەیە، کە تـــەواوی ئامرازەکانی توندوتیـــژی (violence)، زەخت و گوشـــار و تـــەواوی چەک و ئامراز لـــە قۆرخی خۆیدا لە کۆمەڵگادا هەبێ.

ئەو پاوان و قـــۆرخ کردنەی هەیە کە تەواوی ئەو ئامرازانەی کە دەتوانێ دەســـەڵاتی خۆی بەشـــێوەیەکی یەکگرتوو و یەکسان لە خاکی خۆی لـــە هەرێمی خۆیـــدا جێبەجێ بکات، ئەوانەی هەیە، ئەوە دەســـەڵاتی حاکمە، بەڵام دەســـەڵاتی حاکم کەنگێ؟ هەنووکە لە ئێران زۆر کەس ئەو باسە دەکا، ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی کوێیە؟ ئەوە ئێستە ئێمە ڕووداوێکمان هەبـــوو کە بۆیە دەڵێم ڕووداوی بزاڤی ســـەوز زۆر گرنگ بوو، یانی خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ئێرانی پاش شۆڕشدا.

لەوێـــدا ڕێک دەرکەوت حاکم لە ئێران کێیە و حاکمیەت لە کوێیە. چون ئەو پێناســـەیەی کە لـــە حاکم و حاکمیـــەت دەیکەن، ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی ئینحســـاری (monopoly) هەیە بۆ قانوون دروست کردن و بەڕێوەبردنی قانوون، دەســـەڵاتێکی پـــاوان و قۆرخ کردنی (monopoly) هەیـــە کە تێکـــڕای ئامرازەکان و ئامێرەکان و دۆخـــی زەخت و تووندوتیژیی (violence) سیاسی و نیزامی لە دەستی ویدایە، ئەو دەسەڵاتە بەکردەوە پیشان درا کە چ بوو. بەکردەوە پێشان درا کە ئەو دەسەڵاتە لە کوێ بوو. ئەو دەسەڵاتە لەوێ بوو، کە حاکم کەسێ کە دەڵێـــن لە دۆخێکی تایبەتـــدا قەیرانێکی وەکوو بزاڤی ســـەوز، کە لە ڕاستیدا بنەماکانی ڕێژیمی هەڵتەکاندبوو، لـــەو حاڵەتەیدا حاکم ئەو کەســـەیە کە حاکمیەتی بەدەســـتەوەیە، ئـــەو دەســـەڵاتەی هەیە، کە بێتـــە گۆڕەپانی سیاسەتەوە، قانوونی بنەڕەتی ڕابگرێ، قانوون ڕابگـــرێ، ناڵێم لە ناوی ببات، دەڵێم: ڕایگرێ، زۆری فـــەرق هەیە، لەگـــەڵ کودتا جیاوازە، قانوونی بنەڕەتی ڕابگرێ هەم لەگەڵ کودتای

جیـــاوازە هەم لەگـــەڵ حکوومەتـــی نیزامی جیـــاوازە، ئەوە دۆخێکـــی تایبەتییە، حاڵەتی شـــازە، یانی حاکم دێـــت قانوونی بنەڕەتی بە هەڵپەســـێردراوی ڕایدەگرێ، زەختی سیاسی، نیزامی و پاراستن بەکاردەهێنێ، توندوتیژی (violence) بەکاردەهێنـــێ، لەبەر ئەوەی کە ســـەقامگیریی سیاسی دیســـان لە کۆمەڵگادا دروس بـــکات. ئـــەوە نیشـــان دەدا کە بزاڤی سەوز نیشانیدا، کە حاکمییەت سەنتەرەکەی بەیتـــی ڕەهبەری و ئامرازەکانیشـــی ســـپا و دەزگای زانیاری و بەسیج و ئەوانە بوون، یانی حکوومەت و ئۆرگانەکانـــی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ پرســـی حاکمییەت و دەســـەڵاتداریدا بێ مانایە.

بەڵام بگەڕێینەوە بۆ پرسی قەیرانی حاکمییەت، بۆچی دەڵێم قەیرانی حاکمیەت؟ لێرەدا دەبێ پرســـێکی تیۆریک ئاراســـتە بکەین، ئەویش ئەوەیـــە کە ئێمە لەبەر ئەوەیکە لەو پرســـەی بگەین، پێویستە جیاوازییەکی تایبەتی دابنێین لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و سوڵتە/توانایی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا .

کەسێ کە دەسەڵاتی سیاسیی هەیە حەتمەن بەو مانایـــە نییە کـــە توانایـــی بەکارهێنانی دەســـەڵاتی سیاسیشـــی هەیە. دەســـەڵاتی سیاســـی ئامـــراز و هەلومەرجـــی تایبەتـــی پێویســـتە بۆ ئەوەی بتوانێ ســـوڵتە و توانایی بەکارهێنانی دەســـەڵاتی سیاســـی دروســـت بکات. توانایی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی پێکهاتەیەکـــە(structure) کە ئەو تەواوی ئەو هێزانەی ئۆپۆزســـیۆن بێدەنگ دەکا. لە نێوان خۆی دژی خۆی ڕادەگرێ، نەزمێک دروست دەکا کـــە ئەو نەزمـــە لە لایەک لـــە دەرەوە بەشـــێوەیەک ســـەقامگیری دەبێنرێـــت، لە ناوخۆوە وەکوو سەرکوت کردن و توندوتیژی (violence) و ئەو جۆرە شتانەیە.

هەتا ئەو کاتەی ئەو چرکەی کە دەســـەڵاتی سیاسی دەتوانێ و ئەو ئامرازانەی لە دەستیدایە، لەبەردەســـتیدایە کـــە ئەو دەســـەڵاتی خۆی بکاتە ســـوڵتە بۆ ئەوەی لە ڕێی بەکارهێنانی قانوونەوە نەزم لە کۆمەڵگادا دروســـت بکات، هەتا ئەو دەمـــەی دەتوانێ بڵێ کە حاکمیەت تووشی قەیران نییە، بەڵام کاتێ کە حاکمیەت لەبەر ئەوەی کە دەســـەڵاتی بکات بە سوڵتە لـــە کۆمەڵـــگادا ناچار دەبێ کە لـــە زەخت و توندوتیـــژی (violence) سیاســـی کەڵـــک وەرگـــرێ، ئەوە بـــەو مانایەیە کـــە پێکهاتەی قانوونیی دەســـەڵات شـــکاوە/ ڕووخاوە. ئەوە بەو مانایەیە کـــە قانوون ناتوانێ چیدی ببێتە ئامرازی سەرەکیی گواســـتنەوە و وەرگێڕانی دەســـەڵاتی سیاســـی بە ســـوڵتە و توانایی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی.

لـــە وەها دۆخێکـــدا ئێمە تووشـــی قەیرانی حاکمییەت دەبین. کاتێ دەبینین کە قەیرانی حاکمییـــەت وەکـــوو قەیرانێکـــی نەتەوەیی لـــێ دێـــت. نەتەوەیی لێـــرەدا مەبەســـتم لە ڕووی قانوونیەوەیـــە، لـــەو حاڵەتەیدا دەبینی ئـــەو پێکهاتەی ســـوڵتە دەشـــکێ، ئەو دەمی کاتێ شـــکا یانی لە باڵێک هاتـــە دەرێ، ئەو هۆڤییەتانە/ ناســـنامانەی کە لە ژێر چەپۆکی ئـــەو پێکهاتەیەدا داســـەپاون بـــە توندوتیژی (violence) و بە قانوون، ئەوانە دەردەکەون.

نموونەی ئەوەی لە ڕۆژئـــاوادا دەبینین، کاتێ کە لەوێ قەیرانی حاکمییەت بوو بە پرسێکی تێکـــڕای کۆمەڵـــگا، بوو بە پرســـی شـــەڕی ناوخۆیـــی و ئەوانە. کاتێ کە ڕژێمی ئەســـەد چیـــدی نەیتوانی لە ڕێی قانوون بە شـــێوەی ئیدۆلۆژی و قانوون و ئەو شتانە کە دەسەڵاتی سوڵتەی ســـەقامگیر بکاتەوە، دەسەڵاتی بکاتە سوڵتە و سوڵتەی دروست بکات، توندوتیژیش (violence) کاریگـــەری خۆی لە دەســـت دا، ئەو دەمـــی ئەو پێکهاتەیە لە بنـــەوەڕا وەکوو بتەقێتەوە، ئاوای لێ دێت.

ئەو هۆڤییەتانە/ ناســـنامانەی کە کپ کراون، ئەو هۆڤییەتانە/ ناسنامانەی کە بێدەنگ کراون، ئەو دەمی وەدەر دەکەون، وەکوو ناســـنامەی کوردی لـــە ڕۆژئاوای کوردســـتاندا. لە ئێران

ئێستە ئێمە لە دۆخێکداین ئەو قەیرانەی حاکمییەت دەستی پێ کردووە، ڕێژیم تا ڕادەیەک لە قانوون تا ئاستێ دەتوانێ کەڵک وەرگرێ، کە ئەو دەسەڵاتەی زەختەی کە لە پشتیەوە قانوون هەیە، هەمووکات لەوێیە. بۆیە قانوون هەمووکات لە ڕێی زیندان و کەلەپچە و سەرکوت کردن، لە سێدارەدان و ئەشکەنجە کردنەوە جێبەجێ دەکرێ.

قانوون لە پرۆسەیەکی سڤیل دێموکراتیکدا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی خۆی لە دەست داوە. بە بێ زیندان و سێدارە و ئەشکەنجە و هێرشکردن بۆ ماڵ و نازانم، کامپیۆتر بردن و سەرکوت کردنی ژنان و تێکۆشەران، ئەوانە هەموو نیشان دەدات کە ئەو ڕێژیمە ناتوانێ لە پرۆسەیەکی سیڤلی سیاسیدا لە ڕێی قانوون، دەسەڵاتەکەی خۆی بکات بە سوڵتە.

لە کاتێکداکە ئێمە دەزانین لە سەردەمی پاش بزاڤی سەوز، ئێمە دەزانین کە زەخت زۆرتر بووە، ئەندامەکانی پاراستن دەسەڵاتیان زۆرتر بووە، تێکەڵکردنی حکوومەتی لە ژیانی خەڵکدا زۆرتر بووە، زیندان زۆرتر بووە، لە سێدارەدان زۆرتر بووە، ئەوانە ئێمە هەموو دەزانین، بەڵام شێتیکیش کە دەزانین ئەوەیە کە دەسەڵاتی قانوون وەکوو ئامرازێکی سوڵتە سڤیل لەناوچووە و بەبێ ئەو توندوتیژی و لەسێدارەدانانە قانوون لەبنەڕەتدا لە ئێران ناتوانێ جێبەجێ بێت. بۆیە من دەڵێم کاتێ ئێمە دەبینین کە ڕێژیمێک ناتوانێ بەبێ بەکارهێنانی توندو تیژی و زەخت و گوشار دەسەڵاتی خۆی بکات بە سوڵتە و سوڵتەکەی بپارێزێ.

بۆ نموونە سەبارەت بە پرسی کوردی، ڕێژیم چیدی ناتوانێ بە شێوەی قانوونی لە ڕاستیدا ئەو کارە بکات، ئێستە ئەگەرچی هەمووکات ئەو سەرکوتە هەبووە، بەڵام دەبینین ڕێژەی لەسێدارەکان، ڕێژەی دەستبەسەرکردنەکان، ڕێژەی ئەشکەنجەکان، کوژرانەکان، هێرشەکان بە زەختی زۆرتر بووە و ئەو ڕۆخساری قانوونیی ڕێژیم لەگەڵ ئیدۆلۆژیی سەرەکیی ڕێژیم نەماوە، ئەگەرچی لە کوردستان ئیدۆلۆژیی سەرەکیی ڕێژیم هەمووکات زۆر لاواز بووە، بەڵام لە چوارچێوەی ئێراندا بەگشتی، ئەو هژموونییە نەماوە. ئەوە پێناسەی من لە قەیرانی حاکمییەتە. قەیرانی حاکمییەت، قەیرانێکە بوونی هەیە لە پرۆسەی ڤەگۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی بە توانایی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی. ئەگەر ڕێژیم نەتوانێ لە ڕێی قانوون ئەو ڤەگۆڕینە ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکات و لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا هەمووکات زۆرتر و زۆرتر زەخت و توندوتیژی (violence) بە کاربهێنێ، ئێمە لە دۆخێکداین کە دەڵێین حاکم ناتوانێ پێکهاتە و بنەمای سوڵتەی/ توانایی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بەبێ توندوتیژی (violence) بپارێزێ.

لووتکەی قەیرانی حاکمییەت ئەوەیە کە کاتێ دێ کە بەکارهێنانی زەختیش بێ سوود دەبێ. ئێمە کەنگێ ئەو کاتەی دەزانین؟ ئەو کاتەی لە چوارچێوەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی خەڵکی ببینرێ.

ئەگەر ئەو شۆڕشانە بەردەوام بان، بۆ نموونە ئەگەر شۆڕشی مانگی ئابانی ٩٨ بەردەوامی هەبایە، ئەو دەمی ئێمە بە کردەوە دەمانبینی کە زەختی سیاسی لە گۆڕەپانی جووڵەی سیاسیدا کاریگەری خۆی لە دەست داوە.

ئەوە لووتکەی قەیرانی حاکمییەتە، پاش وی ئیدی پێکهاتەی سوڵتە دەپچڕێت. ئێمە ئەوەمان لە سووریەی دی، ئەوەمان بە شێوەیەک لە میسر دی، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەوەمان لە شۆڕشی ئێران دی. بۆ ماوەیەکی کورت دیتمان کە لە چوارچێوەی شۆڕشێکی زۆر گەورەدا زەختی سیاسی و نیزامی، بەکردەوە کاریگەریی خۆیان لە دەست داوە. ئەوە لووتکەی قەیرانی حاکمییەتە.

*تیشک کۆماری ئیسلامی، قانوونی ئەساسییەکەی لە کاتێکدا نووسی کە*

*هەرەتی دەسەڵاتی خومەینی بوو و دواتر لە ساڵی ٦٨ کە ئیتر هیچ گرووپێکی نەیار یا ئۆپۆزسیۆن لە مەیدانەکە نەمابوو، سەر لە نوێ پێداچوونەوەی لەسەر قانوونی ئەساسیدا کرد و ئەو شتەی نووسی کە بۆخۆی دەیویست. بەڵام لە پەنای ئەوە ئێمە بابەتێکی ترمان هەیە، بەشێوەی تەواو قانوونی بە ناوی حوکمی حکوومەتییەوە ئەوان لەو قانوونە دەدەن، ئەمە سەرەڕای باسی ئەوەیە کە سیستمێکی گەندەڵ وجوودی هەیە، بەشێوەیەکی تەواو قانوونی دێن ئەو قانوونە ژێر پێ دەخەن، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەو قانوونە ژێر پێ دەخەن دەبینین سەرمایەگوزارییەکی زۆر دەکەن بۆ پڕوپاگەندە ئیدۆلۆژییەکەیان، بە شێوەیەک کە دوو ڕۆژ لەوە پێش فەرماندەی سپای پاسداران گوتوویەتی سدا و سیما سەنگەری شەڕی نەرمی ئێرانە، ئەم دوانە چۆن پێکەوە گرێ دەدرێنەوە ؟هۆکاری چییە لە لایەک قانوونێک کە بۆخۆی نووسیویەتی و پێویستی پێیەتی بۆ تەداومی حکوومەتەکەی بە شێوەی قانوونی پێشێل دەکات و لەلایەکی دیکەش هەزینەیەکی زۆر لەسەر پڕۆپاگەندا دەکات بۆ پاراستنی خۆی؟*



ڕێک تا کاتێ کە بەرپرسی سپای پاسداران، یان پاسدارێکی گەورە دێت دەڵێ کە سەدا و سیما گرنگی ئەوەیە یانی ئەوە بەکردەوە نیشان دەدات و ڕێژیمیش بۆخۆی دەزانێ کە سەدا و سیما لە ئێران گرنگییەکی نییە. کەسێک نە باوەڕی بە سەدا و سیمای ڕێژیم هەیە، مەگەر ئەوانەی کە بنەماڵەی »شۆهەدای« ڕێژیمن و پێیان ڕادەگەن، پێموایە تارادیەک ١٥٪ ی خەڵکی ئێران لەگەڵ ڕێژیم مابن، ئەوانە ڕەنگە باوەڕیان بە سەدا و سیمای هەبێ و چاوی لێ بکەن و گوێی بدەنێ. بەڵام خەڵک نایکات و بۆیان گرنگ نییە، ئەوە بەو مانایەیە کە خودی ڕێژیم کە هەوڵ دەدات، واتە ئەو ئیدۆلۆژییەی کە هێزی لە دەست داوە، چیدی ناتوانێت خەڵک بێنێ و ئەوانە بەبێ بەکار هێنانی زەخت، تەنیا بە باوەڕمەندی، ئەوانە بێنێ باوەڕ بکەن بە واقعییەتێکی کە لە سدا و سیما وێنای دەکات و پێیان دەڵێ، خەڵک باوەڕیان بەوەی نەماوە و بۆخۆی نیشان دەدات کە ڕێژیم ئیدۆلۆژییەکەی دارزیوە و ڕووخاوە، ئەوەی کە دەڵێن حوکمی حکوومەتی، حوکمی حکوومەتی لە ئێران هەمووکات لە قانوون گرنگتر بووە، هۆکاریشی ئەوەیە کە لە ئێران ئێمە قانوونی بنەڕەتییەکمان هەیە کە لەوێدا و ئێستا لە سەدەی ٢١ دا ئێمە حاکمێکمان هەیە کە قانوونی بنەڕەتی دەسەڵاتی موتڵەقی/ ڕەهای دەداتێ.

ئێستا دەسەڵاتی موتڵەق/ڕەها ئیتر قانوونی بنەڕەتیی ناوێ، تەنیا حوکمی دەوێ. قانوونی بنەڕەتی کاتێ کە لە سیاسەتدا هاتووەتە گۆڕێ کە بتوانن بەڵگەیەک دروست بکەن، بەڵگەیەکی قانوونی دروست بکەن،کە سنووری دەسەڵاتی سیاسی ڕوون بکاتەوە و بڵێت دەسەڵاتی سیاسی تا ئێرە دەتوانێ بێت، پاش ئێرە ناتوانێت بێت.

دەسەڵاتی سیاسی دەبێ لە خزمەت قانووندا بێت، دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێت بێ ئیزنی قانوون بچێتە ماڵی خەڵکییەوە، دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێت خۆی تێکەڵ بکات لە پرۆسەی دامەزراندی قانووندا، ناتوانێ خۆی تێکەڵ بکات لە پرۆسەی بەرێوەبردن و جێبەجێکردنی قانوون، لە پرۆسەی قەزاوەت و دادوەریدا .

دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێت بە تۆ بڵێ چی لەبەر بکە، چی لەبەر مەکە، ئەوانە کاتێک کە نین، کاتێ تۆ شتێکت بە ناوی دەسەڵاتی موتڵەق/ڕەها هەیە و ئەوەی دەدەیت بە یەک کەس کە ئەو یەک کەسەیش بە هەڵبژاردن نییە و دادەنرێت، بەو مانایەیە کە خودی

قانوونی بنەڕەتی بێمانایە لە شوێنێ وەکوو ئێراندا .

قانوونی بنەڕەتی لەبەر ئەوەیە کە سنووری دەسەڵاتی سیاسی ڕوون بکاتەوە. پێوەندیی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ شارۆمەندەکان، ئەوەی ڕوون بکاتەوە، مافی شارۆمەندەکان دیاری بکات ئازادی و مافەکانیان ڕوون بکاتەوە، کاتێ کە تۆ قانوونێکی بنەڕەتیت هەیە کە دەڵێ دەسەڵاتی موتلەق/ڕەها بەدەست وەلی فەقیهە بەو مانایەیە کە وەلی فەقیه بۆ خۆی قانوونە، تۆ چۆن دەتوانی سنووری قانوونی بۆ کەسێک دابنێیت کە دەسەڵاتی موتلەقی هەیە. ئەوە ناکۆکی لە مانادایە، ناکۆکی لە کردەوەدایە، بەڵام دیسان ئەوەی دەڵێن ئێمە قانوونی بنەڕەتییەکمان هەیە. ئەمن چەند ڕۆژ لەوە پێش وتارێکم نووسی بە نێوی «مشکلات دمکراتیک در قانون اساسی ایران» ناونیشانەکەی ئەوە بوو، کە ناسنامەی نەتەوەیی و شارۆمەندی و کێشەکانی دێموکراتیک لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا، قانوونی بنەڕەتی بێجگە لە پرسی دەسەڵاتی موتلەق، یەکێک لە کێشەکانی ئەوەیە، کە ئەو پێناسەیەی لە ناسنامەی نەتەوەیی ئێران دەیکات، کە بە پێی زمانی فارس و فەرهەنگی فارس و تاریخی فارس و مەزهەبی شیعەی ئەسنا عەشەرییە ئەوە لەگەڵ ئەو پێناسەیەی کە لە شارۆمەندی دەکەن و دەڵێن شارۆمەند ئازادە و هەر کەسێک هەر ئێتنیستیەیەکی هەبێ، هەر زمان و مەزهەبێکی هەبێت لە ڕووی قانوونییەوە شارۆمەندی ئێرانییە، ئەو دوانە پێکەوە ناخۆن، ناکۆکن، یەکیان بە تەواوی بەپێی ethnicity ئێرانی، زمانی فارس، ئایینی شیعی لە مێژوو و فەرهەنگی فارس کە بە ئێرانی دانراوە پێناسە کراوە و ئەوەی دیکەش دەڵێ نەخێر شارۆمەندی لە ئێران ئازادە، هەر کەسێ دەتوانێ هەر مەزهەبێکی هەیە، هەڵبەت مەزهەب فەرمی، هەر زمانێکی هەیە، ئەوە بەو مانایە دێ کەسێکی وەکوو من کە لە بنەماڵەیەکی سوننی لەدایک بووە، زمانی دایکی کوردییە، ethnicity کوردە ئەو مێژووەی کە ئێستە دەمانەوێ لەسەری باس لە ناسنامەی کوردی بکەین و لە ژێر سوڵتەی/هەژموونی مێژووی فارس بیکێشینە دەرەوە، ئەو مێژووە جیاوازە . من دەمەوێ ئەوە بزانم، کە دەڵێ تۆ شارۆمەندی ئێرانیت، ئایا من ناسنامەی نەتەوەیی ئێرانیشم هەیە یان نە؟

لە بنەڕەتدا هیچ پێناسەیەکی نەتەوەیی ئێران، من نیمە. من نە فارسم، نە زمانم فارسییە، نە مەزهەبم شیعەیە، بەڵام حکوومەت دەڵێ تۆ شارۆمەندی ئێرانیت، ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان چەمکی شارۆمەندی و پێناسەی چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی ئێران هەیە ناکۆکییەکی گەورە و زۆر مەترسیدارە، ئەو ناکۆکییە کە دەبێتە هۆی پاکتاو کردنی قەومی، ئەو ناکۆکییەیە، کە زیندانەکان لە ناسنامە سیاسییەکانی کەسانی دیکە پڕ دەکاتەوە. ئەو ناکۆکییەیە کە لەگەڵ پێناسەی حکوومەت لە ناسنامەی نەتەوەیی ناخوێنێتەوە، ئەو ناکۆکییەیە کە هۆڤییەتەکانی دیکە وەکوو ناسنامەی کوردی، تورک، ئازەری و بەلووچ کە بەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاو و پانتاییەکی فەراقانوونیدا کە لەوێ قانوون نییە، توندوتیژی (violence) و زەخت و بەکارهێنانی توندوتیژی (violence) دژ بەو کەسانە لەو هەرێمەدا قانوونییە، چون لەبنەڕەتدا پێناسەی هۆڤییەتی/ ناسنامەی نەتەوەیی ئێران ئەوەی بە ئێمە دەڵێت: کاتێ کە تۆ ئەوەت قبووڵ نەکرد، تۆ خائینی، کاتێ کە تۆ هۆڤییەتی دەوڵەتییت قبووڵ نەکرد، تۆ خائینی، تۆ لە ڕووی قانوونییەوە لەو سنوورە کە قانوون سیاسەتی مەشرووع ئابووریی مەشرووع، فەرهەنگی مەشرووع دەناسێ، تۆ لەوە بەدەری. پرسەکە ئەوەیە، واتە قانوونی بنەڕەتیی ئێران پڕە لە ناکۆکی، بەڵام ئەوە شتێکە ئێمە دەبێ لەسەری بنووسین، دەبێ هێرش بکەینە

سەری، ئێمە نابێ سەری خۆمان دابخەین بڵێین ئەوە کۆماری ئیسلامییە، وا نییە، چون تەنانەت ئەگەر ویلایەتی فەقیهیش بڕوا، ئەگەر سبەینێ لە ئێران قانوونی بنەڕەتی بگۆڕرێت، ویلایەتی فەقیە بگۆڕن، ڕێژیمێکی دیکە بێت، بەڵام دیسان چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی بەپێی فەرهەنگ و زمان و ethnicity فارس پێناسە بکەن و مەزهەبی ڕەسمیش شیعە بێ؛ ئەمن دیسان ناتوانم بانگەشەی شارۆمەندیی دێموکراتیک لەو وڵاتەدا بکەم، چون ئەمە لەگەڵ ناسنامەی من یەک ناخوێنێتەوە، بۆیە کێشەی ئێمە تەنیا کۆماری ئێسلامی نییە، کێشەی ئێمە لە بنەڕەتدا لەگەڵ تەواوی ئەو دۆخەیە، کە هەیە، بۆیە دەبێ لەباتی ئەوەی وزەی خۆمان لەسەر شەڕ و هەڵا لەگەڵ خەڵکی دیکە بەفیڕۆ بدەین، بەباوەڕی من ئەبێ بێین ئەو شتانە شی بکەینەوە و لەسەری بنووسین، ئەوانە بە خەڵکی نیشان بدەین بڵێین ئەوەتا ئەوەیە. دەنا هەر قانوونی بنەڕەتی، کە ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی لە ethnicity سەرەکی، زمانی سەرەکی، مەزهەبی سەرەکی ببەستێتەوە، ئێمە بندەست دەمێنین لەو قانوونە بنەڕەتیەیدا. هەتا ئەو شتەی هەیە، دەرفەتی ئەوە هەیە کە تۆ بە شێوەی قانوونی پاکتاوی قەومی بکرێیت، هەر ئەو جۆرەی کە سەدام لە عێراق بە شێوەی قانوونی کردی، هەر ئەو جۆرەی کە ئەردۆغان دەیکات.

*مسباحی یەزدی ساڵی ٨٨ لە هەرەتی بزووتنەوەی سەوزدا بابەتێکی بەڕاشکاوی باس کرد ئەویش ئەوە بوو گوتی کە خەڵک مافی هەڵبژاردنیان نییە و ئەمە کە خەڵک لە جمهوری ئیسلامیدا لە هەڵبژاردنێکدا بەشداری هەیە چاکەی وەلی فەقیهە، دیارە وەلی فەقیە موتڵەقیش قسەکەی مسباحی یەزدی پشتڕاست دەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ ئەوە ئێمە دەزانین کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە تا ئێستا ڕایەڵەیەکی دینیی لەپشت بووە و ئەو ڕایەڵە دینییە کە تەمەنی ٤٠٠ هەتا ٥٠٠ ساڵ دەچێت لە ئێراندا پشتی ئەو ڕێژیمەی گرت و هێنایە سەرکار و ڕەقیبەکانی ئەوەڵی ئینقلابی بۆ حەزف کرد، لەم دۆخەدا ئایا ئێمە دەتوانین باس لەسەر ئەوە بکەین و پێداگر بین لەسەر مەسەلەی مەشروعیەتی ڕێژیم و مەسەلەی مەشروعیەتی حاکمیەت کاتێک کە دەزانین کە بنەڕەتەوە ئەم حاکمیەتە ڕایەڵەیەکی دینی هێناویەتە نێو دەسەڵاتەوە نەک ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتی؟*



لێرەدا پرسێک هەیە کە پێم وایە پێوەستە بە وردی سەرنجی بدەین، ئێمە کاتێ دەڵێین ڕایەڵەیەکی دینی ئەمن ئەوەم قبووڵ نییە، ئەو شتەی کە لە ئێران دروست کراوە و ئێستاش هەیە، ئەوە گوتار و ویژمانێکی سیاسییە، خوێندنەوەیەکی سیاسی لە دین ئەوەی دروست کردووە، ئەوە ئیدۆلۆژییە، کاتێ دەڵێم ئیدۆلۆژی ڕووخاوە، ئەوە ڕووخاوە.
کەسانی وەک شەریعەتی و خومەینی و ئەوانە ئەو تەفسیرانەی کە زۆربەی ئاخوندە گرنگ و بەناوبانگەکان تەفسیری خومەینییان لە ئەسڵی ئیمامەتی شیعی قبووڵ نییە، یانی مەبەستم ئەوەیە ئێمە کاتێ دەڵین ئەوە ئایینی بوو، ئێمە هەڵەیەکی گەورە دەکەین، ئەوە ئایینی نەبوو، ئەوە خوێندنەوەیەک لە ئایین بوو، ئەوە لە چوارچێوەیەکی سیاسی ئیدیۆلۆژیکدا کرا، ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ ئێرانێک ڕووبەڕووین مەزهەبی شیعە بەو شێوەیە نییە، ئەوە تەفسیرێکی سیاسی ئیدۆلۆژیک لە مەزهەبی شیعە بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتدارییە، بۆیە لایەنی سیاسی ئەو گوتارە ئەو دیسکۆرسە زۆر بەهێزە، ئێمە لەگەڵ ئەوە ڕووبەڕووین، کاتێ ئەو گوتارە ئەو

دیسکۆرسە بۆ خۆی وەکوو ئیدیۆلۆژی دەبێتە ئامرازی تەجهیز و ڕێکخستن و واقعیەت دروست کردن، پێکهێنانی وێنە و باوەڕ، ئەوە چیدی مەزهەبی ڕۆژێ پێنج جاران حەڤدە ڕکعەت نوێژ بکە و ڕۆژوو بگرە و بچۆ حەج و درۆ مەکە و زنا مەکە و ئەو جۆرە شتانە نییە، ئەوە دیسکۆرسێکی سیاسییە بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتداری.

ئێمە نابێت پاش چل ساڵان کە لە ئێران ئەو دۆخە بوو، دیسان ئەو هەڵەیە بکەین کە نەتوانین لە نێوان ئیسلامی سیاسی و ئیسلامێک وەکوو مەزهەب فەرق دابنێین، ئەوە زۆر بنەڕەتییە.

چەند ڕۆژ لەوە پێش لە باسی تایبەت بە پرسی کۆمەڵە و ئیدۆلۆژیی کۆمەڵەدا ئەمن وتم کۆمەڵە هیچکات نەیتوانی تەفسیرێک یان ئانالیزێک، لە گەوهەر و سرۆشتی دەوڵەت لە ئێران بکات و بڵێت کە پێوەندیی مەزهەب لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا چییە؟ چ کاریگەرییەکی هەیە ؟ ئایا هەروا فشەیە ؟مەزهەب هیچ نییە؟ کەوایە ئەو شرۆڤەیەی ئەتۆ لەسەرمایەداری لە ئێرانێ دەکەی و دەوڵەتی سەرمایەداری و نازانم فلان، ئەوە دەتوانێت برزیلیش بێت، ئەوە دەتوانێت هەر شوێنێکی دیکە بێت کە سیستەمی سەرمایەداری و ئابووریی سەرمایەداری و حکوومەتی دەسەڵاتخوازی تێدایە. لێرە بۆ من سەیرە ئێستا ئێمە پاش چل ساڵان حکوومەتی ئیدیۆلۆژیک سیاسی کۆمەڵێ کەس لەسەر ئێران دیسان باسی مەزهەبی شیعە دەکەین.

*یەک بابەت هەیە لێرەدا لانیکەمی لە چل ساڵی ڕابردوودا و لە سەرەتای ئینقلابدا لەسەر ئەو بناغە سوننەتییەی شیعە هەوڵیان دا کەسانێک دابمەزرێنن کە ئینقلابەکەیان سەر بکەوێت، بەڵام دوای ئینقلاب بەتایبەتی دوای ئەوەی کە خامنەیی هاتە سەر کار تەنانەت مەسەلەی مەرجەعی تەقلید لە ئایینی شیعەدا بۆ کەسانێک کە حکوومەت ڕەزامەندیی لەسەر نەبێ لانیکەم لە جۆغرافیای ئێراندا سەرناگرێ، بە مەرجەعییەتی تەقلید کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دینی شیعەیە بووەتە مەرجەعی تەقلیدی حکوومەتی، چون کەسانێک کە حکوومەت لێیان ڕازی نەبێ لە ئێراندا بە مەرجەعییەت ناگەن و هاوکات لەگەڵ ئەوە دەیان ڕێکخراوەی جۆراوجۆر دامەزراوە بۆ ئەوەی کە ئەو خوێندنەوە ئیدیۆلۆژییە کە ئاماژەتان پێ کرد ببرێتە نێو ڕایەڵەی دینی شیعەوە و لەڕانبەری بەینی مەکتەبی ویلایەتی فەقیە لەگەڵ مەکتەبی نەجەف یان ئایەتوڵڵا سیستانی کە باوەڕی بە فەقیهی سوننەتی هەیە، بەهەر حاڵ ئەمەش بابەتێکە دەبینی دەیان ڕێکخراوە یارمەتی دەکەن کە ئەو لەو تەقابلەدا وەلی فەقیهە بێتە سەرێ، ئێوە ئەو بابەتە چۆن دەبینن؟*



بوەلی فەقیە کەسێکی مەزهەبی نییە خۆ، وەلی فەقیە ئێستە وەکوو شاهەنشایە لە ئێران، وەلی فەقیە ئەو کەسە نییە کە تەفسیر دەکات، وەلی فەقیە ئەو کەسەیە کە دەسەڵاتی موتڵەقی لەدەستدایە،

*[بەڵام خامنەیی مەرجەع تەقلیدیشە لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی لەدەستدایە]*



مەرجەع تەقلیدێکە کە سازیان کردووە، ئەوە پرسێک نییە شیعە لە سەرەتاوە وا بووە، هەرگیز پرسی «ئیجتهاد» نەسەلمێنراوە لە هەر دەورەیەکدا کە مەراجعی تەقلید، بەگشتی عولەمای شیعە

لەگەڵ دەســـەڵاتی سیاسی پێوەندیی باشیان هەبوو، پێوەندیی ئابووری باشیان هەبوو وەکوو سەردەمی ســـەفەوییە بۆ نموونە بەشی زۆری ئەوانەی شاعەباســـی سەفەوی ئەساسەن هات ئەو عولەمایەی لـــە ئێران بوون ئەوانەی ڕەت کرد، چوو عولەمای هێنا لە چەند شوێن وەکوو لە باشـــووری لوبنان، لە دەوروبەری نەجەف و کەربەلا و عێراق ئەو دەمی نەبوو بەو شێوەیە عێـــراق و بەشـــێک تەنانـــەت لای ســـەرەوە ئەفغانستان ئەوانەی هێنای.
ئەوانـــەی هێنا چی کرد؟ بۆخـــۆی چینێکی عولەما، چینێ بەشـــێوەیەکی گشتی بەکاری دێنم، گرووپێکی عولەمای دەوڵەتیی دروست کرد.
ئەوانەی هەموو کـــردە خاوەن مڵک و خاوەن زەوی. بۆچی بۆ نموونە ئەگەر تەماشای بکەین ئەوانـــە لە دوو جێـــگا لە ئێـــران زۆر گرنگ بوون؟ لە ئیسفەهان و ئازەربایجانی شەرقی و خوراســـان، لەو سێ جێگایانە بەڵام ئەساسەن ئازەربایجانی شەرقی ئێستە. ئەو دەمی شەرقی نەبوو لە ئیســـفەهان و پاشان خوراسان لەوانە ئـــەو دەمی ئیجتهاد بوو بە ئوســـولی ئەخبار، ئەو شیعەی ئیجتهادی نەما هەتا کۆتاییەکانی ســـەردەمی قاجار، ئێمە شـــیعەی ئیجتهادی نابینیـــن، هەمـــوو لەگەڵ حکوومەتی شـــا پەیوەندییان باشە و هەموو زەمیندارن، ژیانیان باشە، دۆعای بۆ حکوومەت و بۆ شای دەکەن و خورافـــات لە ئێران پەخـــش دەکەن لەبەر ئەوەی کە بەمانە حکوومەت بەردەوامتر بێ.
لە پـــاش کۆتاییەکانـــی دەورەی قاجار ئێمە دەبینیـــن کـــە هەندێـــک لە عولەمـــا ئیدی مەزهەبەکـــەی پاش کەوتنـــی ئێرانێ وا زوو شکستەکانی لەشـــەڕەکان و هاتنی مۆدێرنیتە و ئەوانە هەموو پرســـێ بوون کـــە عولەما وە دنگ هاتن، وە دەنگ هاتنیشیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا بوو کە ســـنوور بۆ دەســـەڵاتی سیاســـی دابنێن، کە قانوونی بنەڕەتی ۱۹۰۶ نووسرا.

ئەوەیە کە پرســـی ئێمە ناوەنـــدی ئیجتهاد هەمووکات لەخزمەت سیاسەت بووە. ئێستەش شتێکە وەکوو سەردەمی شاعەباس زۆر تۆختر ئەوەیە کـــە عولەما لەبنەڕەتدا ســـەربەخۆیی فیکریی خۆیـــان بە بەرژەوەنـــدی ئابووری و سیاسی فرۆشتووە .
قوم و مەشهەد لە کۆنترۆڵی خامنەییدان، بەڵام نەجەف و کەربەلا لە کۆنترۆڵی خامنەییدا نین. پرســـەکە ئەوەیە کە ئایا ئەو کۆنترۆڵە دەمێنێ یان نامێنێ ئەو باسێکیترە.
میســـباحی یـــەزدی کـــە ئـــەوەی دەڵێی، ئاخوندێکـــی زۆر موحافزەکار بوو. هیچ کاتێک پێش شۆڕشـــی ۱۳۵۷، هیچ کارێکی نەکرد. پاشـــان لە دەورەی خامنەیی و ئەوانەدا هاتە پێشـــێ، هەموو دەرفەتێکیان بۆ ڕەخساند. بوو بە ســـەرۆکی «مجتمعی ئیمام خومەینی» و چەند شوێنیتر، بوودجەیەکی یەکجار زۆریان پێ دا، بوو بە مەداحی خامنەیی.
بەڵام بگەڕێمەوە ســـەر ئەوە، لە شیعەگەریدا ئەساســـەن خەڵک بەو یێوەیە شتیان نەبووە، کاتێ دەڵێن کە ئیمـــام هەڵنابژێررێت، ئیمام خەڵک دەبێ دیاری بکـــەن، کاتێ کە دیاری دەکـــەن لە ڕووی زانســـتییەوە فلان و فلان و ئەوانە، ئەو پرســـە هەیە. لە شـــیعەگەرییە کە «جێگرەوە بەپشـــت» هەیە ئێســـتە ئەگەر موجتەبـــا خامنەیـــی بێت و جێـــگای عەلی خامنەیـــی بگرێتـــەوە، ئەوە بە پێـــی بنەمای ئەسڵی ئیمامەتی شیعە کێشەیەکی نییە، تەنیا کێشەی ئەوەیە کە لە ئەسڵی ئیمامەتدا ئیمام «مەعسوومە»، ئەوانە ناتوانن بڵێن مەعسوومن ئەڵبەتە ئەویشی بۆ دروست دەکەن.

*پێشڕەو: لە مەسەلەی قەیرانی حاکمییەتی کۆماری ئیســـلامیدا ئێـــوە ڕۆڵێک بۆ ئەو نەتەوەیانەی دەبینن کە ناسنامەی فارس، شیعە خستوونیە پەراوێزەوە یان سەرکوتی کردوون یان بـــە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەوڵی سڕینەوەیان دان ؟*



بەڵێ، بەباوەڕی من هەڵبەت لێرەدا سەبارەت بە سەرکوت کردنی کەمینەکان جیاوازی هەبووە، بۆ نموونە لە سەرەتای شۆڕش لە دەسپێکدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی زۆر هەوڵی دا، کێشە لە نێو کوردیدا دروس بکات بە بەهێزکردنی شیعە و شیعەگەری یا تەفسیری زۆر موحافزەکارانە لە ئیسلام و تەنانەت لە نێو سوننیەکاندا، بەڵام ئەوە بەکردەوە سەری نەگرتووە، بە پێچەوانە لەگەڵ شوێنێ وەک بەلووچستان لەکوردستان زمان و ethnicity ئێشتاش پرسی ناسنامەی کوردی بەپێی پێناسەی ناسنامەی کوردی و بەحیساب زمانی کوردی و مافی نەتەوەیی کوردی و ئەو جۆرە شتانە کە پێناسە دەکرێ زۆر هێزی لە مەزهەبی شیعە تەنانەت لە کوردەکانی شیعە بەهێزتر بووە، ئەوە حکوومەت لەو بارەیەوە شکستی هێناوە. لە کاتێکدا لە بەلووچستان لەو بارەیەوە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە، ئێستە برێک ئەو شتە دەڕەوێتەوە، ئەو شتانەی کە حکوومەت دروستی کردبوو لەوێ، بەشێوەیەک لەویش هێزی خۆی لە دەست دەدات، لەوێش ئۆپۆزۆسیۆن زۆرتر بووە. بۆ نموونە لە خووزستان ئەگەرچی عەرەبەکان بەشی زۆریان شیعەن، بەڵام ئەوانەش لەگەڵ ڕێژیم کێشەیان هەیە کێشەکەیان لەسەر ناسنامەی ئێتنیک و زمان و ئەو پرسانەیە، بۆیە بە باوەڕی من هەمووکات وتوومە کە لە ئێران پرسی ناسنامەی کەمینەکان لە بنەڕەتدا کاراکترێکی دێموکراتیکی هەیە، لەبەر ئەوەی سەرکوت کراوە لەبەر ئەوەی کە بێدەنگ کراوە، مافەکانی خوراوە و دەرفەتی گەشەی سیاسی و فەرهەنگی نەدراوەتێ، بۆیە ئەوە بێگومان بە باوەڕی من لایەنێکی دێموکراتیکی هەیە و دەتوانێ لە چوارچێوەیەکی سیاسەتێکی بەرفراوانی دێموکراتیک لە ئێراندا ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت، هەروەتر ئازەرییەکان، هەروەتر لە بەلووچەکان، عەرەبەکان، ئەگەرچی ئازەرییەکان هەندێ پرسی مەزهەب لەوێ ئاڵۆزترە تا بەشەکانی دیکە، هەروەتر لە رووی ئابوورییەوە ئەوان زۆرتر لەگەڵ پێکهاتە و بنەمای دەسەڵات لە ئێران تێکەڵن،دۆخی ئەوان تایبەتییە، بۆیە ناسیۆنالیزمی ئازەری فێعلی جۆرێک دژایەتی لەگەڵ خودی کۆمەڵگای ئازەری دەکات، جۆرێک توندڕەویی لێ پەیدا بووە دژە کوردی دژە فارسی، بە شێوەیەکی زۆر زەقی ڕەگەزپەرەستانە، ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام پێم وایە، بەڵێ ئەو ناسنامەیەی کەمینەکان لەوێ لە بنەڕەتدا لایەنی دێموکراتیکیان هەیە و ویستەکانی ئەوانە، بەرنامەکانیان و ئەو شتانەی کە دەیانەوێ، ئەو شتانەی کە خەباتی بۆ دەکەن لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا دەبێ ببینرێت. دەتوانێت ببێت بە بنەمایەک بۆ بزاڤێکی گەورەتری دێموکراتیک وەکوو بۆ نموونە «هەدەپە» لە تورکیا بەمەرجێ کە بزاڤێکی ئاوا دێموکراتیک لە ئێران هەبێت. بەداخەوە هەموو ئەوانە لە ئێران بانگەشەی دێموکراسی دەکەن لەدژایەتی لەگەڵ ڕێژیمدا، ئەوانە نەیانتوانیوە بەهیچ جۆرێ، یانی سروشت و گەوهەری دێموکراتیکی ناسنامەکانی کورد وبەلووچ و عەرەب و ئازەری بەو شیوەیە قبووڵ بکەن، بۆیە ئیحتمالی ئیتلافێکی بەرفراوانی دێموکراتیک لە دۆخی هەنووکەدا کەمە، بەڵام ئەگەر ڕێژیم بڕووخێ، لەوێدا بە باوەڕی من ئیحتمالی ئاڵوگۆڕ دەبێ، بەڵام لێرەدا نامەوێ پرسەکە بەرمە مەیدانی ئۆپۆزسیۆنی سکۆلار، بەڵکوو بە باوەڕی من هێزە کوردییەکان و ڕۆشنبیریی intelligentsia کوردیش لەوبارەوە کەمکاریی زۆری کردووە کە بتوانێ خۆی بناسێنێ، بتوانێ دیالۆگ دروست بکات لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکان.

ئەمن هەمووکات گوتوومە، یانی دوو حاڵەتی هەیە، ئەوانەی کە سەربەخۆییان دەوێ لە کوردستان حیسابی ئەوان جیاوازە، ئەو شتەی

کە دەڵێم پێوەندیی بەوان نییە، ئەوان دەڵێن سەربەخۆییمان دەوێ ئەوە شتێکی دیکەیە. ئەحزابی کوردی لە دۆخی هەنووکەدا کە دەیانەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا حکوومەتی ئۆتۆنۆمیان هەبێ، کە بتوانن مافەکانی خۆیان بەدەست بێنن بە باوەڕی من ئەوە هیچ چارەیەک نییە، بێجگە لەوەی ئیستراتیژییەک هەبێ کە لە چوارچێوەی ئێراندا لەگەڵ هێزە دێموکراتیکەکاندا دانووستانێ بکرێ و لەگەڵ ئەوان ئیتلاف پێک بێت.
بەڵام ئیدی ئەوە نابێتە سیاسەتی ئەو کەسانە کە بەشێوەیەکی ڕاشکاو لەو خەتەی لادەدەن، دەڵێن ئێمە سەربەخۆییمان دەوێ، ئەو قسەیەی من دەیکەم پێوەندیی بەوان نییە، ئەوان حسابی خۆیان جیاکردووەتەوە.

*حزووری کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەتایبەتی ئەو پرسەی کە پێی دەگوترێ هیلالی شیعی یان هەناردەکردنی شۆڕش، دوو قەیرانی بۆ کۆماری ئیسلامی ساز کردووە، یەکەم ئەوەی کە تێکگیرانێکی لەنێو جیهانی شیعەدا ساز کردووە، ئێمە دەزانین نەجەف و کەربەلا بە موشەخەسی ئایەتوڵلا سیستانی و حەتا دەزگای شیرازییەکانیش لەگەڵ ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی دژایەتی دەکەن و ئەوانە دەیان و سەدان و هەزاران کەسی شیعە لایەنگریان هەیە، دووەم ئەوەیە ئەو سیاسەتە ناوچەییەی کۆماری ئیسلامی زەختێکی ئابووریی گەورەی خستۆتە سەر ڕەژیم ، ئێوە چ ڕۆڵیک بۆ سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی قایلن لە پرسی قەیرانی حاکمیەتدا؟*



بە باوەڕی من سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی بەشێکی گەورە لە سیاسەتی جێگیر کردنی دەستەڵاتی ئیسلامییە کە لە دۆخی هەنووکەدا لە قەیراندایە.
بە باوەڕی من ئەو سیاسەتە ئەگەر تماشای بکەین ڕاڤەکەی ئەوەیە کە دەڵێ قووڵایی ئیستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی لەسەر سنوورەکانی جۆغرافیای کۆماری ئیسلامی دانەنراوە. قووڵایی ئیستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی هەتا ئەو جێگایەی دەڕوا کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەڕوا، ئەوە شرۆڤەیەکی نادروست لە دەسەڵات نییە، دەسەڵات بەشێوەیەکی قانوونی لە چوارچێوەی جوغرافیاییدا کار دەکات و دەبێت؛ بەڵام لە سیاسەتدا هەقیقەت ئەوەیە، کە تا ئەو جێگایەی کە دەتوانێ بڕوا، دەڕوا. هەموو دەوڵەتان ئەو جورەی دەکەن. بەڵام ئەوەیکە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی جیاواز و گرنگە، ئەوەیە کە پێناسە و تەفسیری ئەوان لە قووڵایی ئیستراتیژیک شتێکە کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەو ڕاڤە و شرۆڤەیە بە باوەڕی من لەگەڵ بەرژەوەندییە خێراکانی ئێران لە ناوچەکەدا یەک ناگرێتەوە، ئەوە شتێکە کە خودی ئیدۆلۆگەکان و شرۆڤەکارانی ناحکوومەتیی ئێرانیش بەردەوام ئەوە دەڵێن، ئەگەر چاو لێ بکەین بەشی زۆری ئەوانە تەنانەت دژی ئەوە نین لە سوریە بن لە یەمەن بن، چون ئەوانیش ئەو دەسەڵاتخوازییەیان پێ خراپ نییە، بەڵام لە هەمان حاڵدا دەڵێن کە ئەو ڕاڤە و شرۆڤە لە قووڵایی ئیستراتیژیک دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێوەندیی ئیستراتیژیکی دەسەڵات لە ئێران زۆر زۆر درێژ بێ، بەجۆرێک کە لە کۆتاییدا دەسەڵات پێی ڕانەگات، کاتێ دەسەڵات ناتوانێ لە قووڵاییی ئیستراتیژیکدا بە ئامانجەکانی خۆی ڕابگا پێویستە پاشەکشە بکات، پاشەکشەی ئاوا هەندێک جار لە حاڵەتێکدا دەبێ، کە ئەو کەسانەی کە لە گەڵی دژایەتی دەکەن بە ئیستلاح دوژمنەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پاشەکشەیەی لەبەرژەوەندی خۆیاندا زۆرینەی کەڵک وەردەگرن هەتا ئەو جێگایەی کە دەتوانن زەربەی لێ بدەن. ئێستە بۆ نموونە لە سووریە

ئیسراییل و کۆماری ئیسلامی دەبینن، تورکیە دەبینن کە چۆن لە لاوازی ئیستراتیژیکی ئێران لە سووریە کەڵک وەردەگرن. تەنانەت دەیانەوێ لە عێراقیش کەڵک وەربگرن، بەڵام ئەو پرسە دێتە پێشێ، مەبەستم ئەوەیە، کە کۆماری ئیسلامی بەبێ ئەوەی کە ڕاڤەیەک بکات کە بە پێی سیاسەتی خۆیان لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی ئێران بێ، دێت ڕاڤەی قووڵاییی ئیستراتیژیک دەکات کە ئەو ڕاڤەیە لە بنەڕەتدا ئیدیۆلۆژیکە، یانی ئەگەر تماشای ئەو ناوچانە بکەین یەمەن، عێراق، جنوبی لوبنان و سوریە، تەواوی ئەو جێگایانەن کە کۆماری ئیسلامی هێزی نیابەتیی شیعەی دروست کردووە، ئەوە بەکردەوە نیشان دەدات لایەنی ئیدیۆلۆژییی زۆر بەهێزی ئەو قووڵاییی ئیستراتیژیکەی نیشان دەدات. ئەوەی کە دەڵێن هیلالی/کەوانەی شیعی هەیە، هیلالی/کەوانەی شیعی پێش ئەوەی چەمکێکی سیاسی ئیستراتیژیک بێ، چەمکێکی ئیدۆلۆژیک و سیاسییە و خامنەیی کە ئەو کارەی دەکات ئەوانە ڕێک بەرنامەکەیان بەپێی تەعبیرێکە لە ئیدیۆلۆژی لە دەسەڵاتی خۆیان دەیکەن. پارەیەکی زۆر بۆ ئەوەی کە خەرج دەبێ یانی بە ڕای خۆیان تەعبیری ئیدیۆلۆژیکە کە دەیکەن ئەوە لۆژیکییە، لەبەر ئەوەی کە هەتا ئەو کاتەی ئەوان بتوانن دەسەڵاتیان لەوێ بپارێزن، دەتوانن جۆرێک سەقامگیری لە ناوەوەی ئێرانیشدا پێک بهێنن، بەڵام هەتا کاتێ کە سەرچاوە و ئیمکاناتیان هەبێ. ئەو ئیستراتیژییەی کە دایاننا لە ئەمریکا «گوشاری لانی زۆر» ڕێک ئامانجی ئەوە بوو کە زەخت بخاتە سەر ئەو پرسی دەسکەوتنی سەرچاوە، یانی کۆماری ئیسلامی دەستی ڕابگات بە سەرچاوەی، دەبێ ئەو سەرچاوەیە بپچرێ، کاتێ ئەو سەرچاوە دەپچرێت چەمکی قولاییی ئیستراتیژیک کە بە پێی ئیدیۆلۆژی دانرابێت وەکوو پرسێکی نامووسیی لێ دێت، یانی پرسێکە بنەمای سیاسی بەو شێوەیەی نامێنێ. ئێستە ڕێک کۆماری ئیسلامی نیشان دەدرێ لە عێراق لە سوریە تا ڕادەیەک لە باشووری لوبنانێ تووشی ئەو کێشەیە بووە، بە باوەڕی من ئێستەکە کۆماری ئێسلامی لەو شەڕایتەیدایە دەیەوێ لە پرسی قولایی ئیستراتیژیک بۆ دانووستانی سیاسی کەڵک وەرگرێ.

بێگۆمان، بە باوەڕی من، دەزانێ کە لە وتووێژەکانی ئێستادا پرسی مووشەکی و پرسی سیاسەتەکانی لە پێوەندی لەگەڵ قووڵایی ئیستراتیژیک لەسەر میزی دانوستان دەبێ، بۆیە بە باوەڕی من هەر جۆرە ئیمتیازێکی سەبارەت بە قووڵاییی ئیستراتیژیک بدات، لەبەر ئەوەی دەبێ کە لە ژووری لە ماڵی خۆی لە چوارچێوەی ئێرانێدا ئیمتیازگەلێک وەربگرێ کە ڕێژیم دۆخی سەقامگیرتر و نەگۆڕتر بێ، بۆیە ئێستاش ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە قووڵاییی ئیستراتیژیک شکستی نەهێناوە و دەتوانێت وەک ئامرازێکی دانووستان کەڵکی لێ وەربگیرڕێت.

تەنیا ئەوە باس دەکەم کە ئەوە دروستە کە لە سیاسەتی Realpolitikدا، «سیاستی مبتنی بر واقعیت»دا، هەمووکات ئەوەی دەڵێن کە دەسەڵاتی دەوڵەت نابێ بەرتەسک بکرێ بە چوارچێوەی جوغرافیایی و دەسەڵاتەکەی هەتا ئەو جێگایەی دەڕوات کە نفوزی دەڕوات و نفوزەکەشی نیشان دەدات کە قووڵاییی ئیستراتیژیکی کوێیە.

بۆ نموونە ئەو خۆتێکەڵکردنەی لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان لە پاش ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی، نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامی بەشێک یان لانیکەم زۆنی سەوزی هەرێمی کوردستان بە قووڵایی ئیستراتیژیکی خۆی دەزانێت. بەڵام ئایا ئەگەر ئەو سەرچاوانە بپچرێن دەتوانێ ئەو قووڵاییی ئیستراتیژیکەی کە نە بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەتی، بەڵکوو بەپێی ڕاڤە و شیکردنەوەی ئیدیۆلۆژیک لە دەسەڵاتی ڕێژیمێکی ئاوا دەتوانێ ئەوەی بپارێزێ وئایا ئەو خەرجەی کردوویەتی سوودی هەیە یان نا ئەوە شتێکی دیکەیە.

# وتووێژ لەگەڵ
# هەژار برینجی

**ژیاننامە**

ساڵی ١٩٨٠ لە شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.

ساڵی ١٩٩٢ دەستی بە کاری پڕۆگرامسازی بۆ کۆمپیۆتەری Commodore 64 کردووە.

ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی بواری Digital Film & Video لە Art Institute لە ڤانکۆڤەری کانادا وەرگرتووە.

ساڵی ٢٠٠٧ وەک یەکێک لە گەنجە سەرکەوتووەکانی هەرێمی بریتیش کۆلۆمبیای کانادا لە بواری ڕاگەیاندن خەڵات کراوە.

ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی ڕاهێنەری لە کۆمپانیای Apple وەرگرتووە.

ساڵی ٢٠١٢ یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تۆڕی میدیایی ڕووداو بووە لە باشووری کوردستان و وەک بەڕێوەبەری تەکنیک لەو تۆڕە هەواڵییە کار دەکات.

*ئینتێرنێت خوڵقێنەری سەردەمی زانیاری بوو، بڵاوبوونەوەی زانیاری لەو ئاستەی ئێستادا چ کارتێکەرییەکی لەسەر میدیا داناوە؟*



ئینتێرنێت وەکوو شۆڕشێکە بۆ دنیای ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری. کاریگەریی ئینتێرنێت بەسەر ڕاگەیاندندا لە دوو بواردا بووە، بوارێکیان بواری ناوەرۆکە، بوارێکیان بواری تێکنیکییە! لە بواری ناوەرۆکدا، ئینتێرنێت توانیویەتی ببێت بەهۆکارێکی یەکجار زۆر خێرا بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاری و توانیویەتی ببێت بە ئامرازێک لە دەستی خەڵکی ئاسایی لەنێو وڵاتدا کە بتوانن بیروبۆچوونی خۆیان، شێوازی تێڕوانینی خۆیان، ئەو شتانەی دەیکەن یان هەر زانیارییەکی پێیان خۆش بێ، بە تێچوویەکی زۆر کەم بڵاوبکەنەوە کە لەو بوارەدا بەکارهێنانی ئینتێرنێت و سۆشیال میدیا توانیویانە یەکجار زۆر یارمەتیدەر بن. ئینتێرنێت لە بواری تێکنیکییەوە توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە ڕاگەیاندن بکات، لەبەر ئەوەی لە ڕێگای ئینتێرنێت و تێکنۆلۆژیای «نێتۆرکینگ» شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندن لەهەر هەموو جیهان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئێمە پێشتر دەماندیت تەنیا لە ڕێگای لەرە لەرەکانی FM بۆ ڕادیۆ یان لە ڕێگای VHF بۆ تیڤی یان لە ساڵەکانی دوایشدا تەنیا لە ڕێگای سەتەلایتەوە دەنگ و ڕەنگ دەگوازرانەوە بەڵام ئینتێرنێت ئێستا بووەتە ئامرازێک کە بتوانێ خەبەرەکان بە خێرایی بگوازێتەوە و زانیارییەکان زۆر بە خێرایی بگەیەنێ بە ڕاگەیاندنی گشتی. هەروەها بووەتە هۆکار کە ڕاگەیاندن دەستی بە هەموو تاکێک بگات لە ڕێگای تەلەفۆنێکی زیرەک، «ئای پەدێک» یا تەنانەت تەلەفیزۆنە زیرەکەکانەوە.

شتێکی دیکە کە خوڵقاندوویەتی دوولایەنە بوونی پەیوەندییە لە نێوان ڕاگەیاندن و بینەر/خوێنەر/بیسەر. هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕابردوودا یەک لایەنە بوون، بە دیاریکراوی کە ڕادیۆ شتێکی بڵاوەکردەوە، ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەو لایەنەی کە ڕادیۆکەی بڵاوەکردەوە زانیارییەکان بڵاوەبوونەوە. بیسەر تەنیا وەرگر بوو. بەڵام ئینتێرنێت بووەتە هۆکار کە ئەو پێوەندییە بووەتە دوو لایەنە، ئێستا بینەر و بەردەنگی ڕاگەیاندن دەتوانێت بۆچوونی خۆشی دەرببڕێ جا لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کامێنت دادەنێت،

لــە ڕێــگای تەلەڤیزیۆنــە هوشــمەندەکانەوە پەیــام بــەرێ دەکاتــەوە، یــان لــە ڕێــگای ئینتێرنێتــەوە کـــــە شــتێک دەبینــێ ڕاســتەوخۆ پەیوەنــدی دەکات و نــەزەر و بیروبۆچوونــی خــۆی پــێ دەڵێتــەوە؛ ئــەوە بووەتــە هــۆکاری هاتوچــۆی زانیــاری. لــە هەمــان کاتــدا ئینتێرنێــت شــێوازەکانی ڕاگەیاندنیشــی گۆڕیــوە. بــۆ نموونــە ئێســتا لــە جیهانــی مۆدێرنــدا دەبینیــن بــەرە بــەرە ڕۆڵــی تیڤــی کــەم دەبێتــەوە، ڕۆڵــی ئینتێرنێــت و تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان وەکوو ڕاگەیانــدن زیاتــر دەبێــت. تەنانــەت ئەگــەر بەردەنگــی ڕاگەیانــدن هیچیــش نەنێرێــت، ئــەوا لــە ڕێــگای ئــەو شــتانەی ســەرنجی بەردەنــگ ڕادەکێشــێت، ناوەندەکـــــانی ڕاگەیانــدن دەتوانــن نەبــزی کۆمەڵــگا بزانــن و کۆنترۆڵــی بکــەن!

جارێکــی دیکــە ســەرنجەکان لــە جیاتــی ســەرفکردنی پارەیەکــی زۆر لــە تەکنیکــی ڕاگەیانــدن و ئامـــــرازەکانی گەیانــدن، چووەتــەوە ســەر ناوەرۆکــی بەرهەمــەکان؛ واتــە ئێســتا ئــەوەی کــە لــە دنیــای ڕاگەیاندنــدا دیســان جـــــارێکی دیکــە بووەتەوە جێگای ســەرنجی یەکــەم؛ داهێنان و بەرهەمهێنانــی بەرهەمــی ڕاگەیاندنــە نەک شــێوازی گەیانــدن، چونکــە ئینتێرنێــت شــێوازی گەیاندنــی زۆر ئاســان کردووەتــەوە.

***ئایا «دارک نیــت» کارتێکەریــی لەســەر میدیــای ڕەســمی هەیــە؟***



ئەگــەر مەبەســت لــە دارک نیــت ئــەو بەشــە لــە ئینتێرنێــت بێــت کــە بــۆ کاری نایاســایی بــەکار دەهــــــــێنرێت و بــە تایبەتــی دراوە ئیلکترۆنییــەکان بەکاردێــن کــە پێیــان دەڵێــن Crypto Currency نەخێــر، «دارک نیــت» لەســەر میدیــای فەرمــی کاریگەریــی نییــە. بــەڵام ئەگــەر بــاس لــە Fake News واتــە هەواڵــی ناڕاســت دەکرێــت، کــە ئایــا هەواڵــی ناڕاســت کارتێکەریــی لەســەر میدیا هەیــە؟ بەڵــێ، هەواڵــی ناڕاســت کــە لەســەر ئینتێرنێــت بڵاودەبێتــەوە، ئێســتا لەلایــەن دەزگاکانــی هەواڵگــری زۆر وڵاتــی زلهێــزەوە بــەکار دێــن و باندۆڕیــان هەیــە لەســەر میدیــای فەرمــی. تەنانــەت دەتوانــن شــێوازی تێڕوانینــی کۆمەڵــگاش کۆنتــڕۆڵ بکەن.

Dark Net ئــەو شــوێنە لــە ئینتێرنێتــە کــە زیاتــر بــۆ کاری نایاســایی یــان پەیوەندیــی شـــــاراوە کەڵکــی لــێ وەردەگیرێــت و سـێرڤەرەکانیان «Untraceable» بــەو مانایــە قابیلــی بەدواداچــوون نیــن؛ شــوێنیان دیــار نییــە و ئــەو شــوێنە لــە ئینتێرنێــت بەنــاوی «دارکنێــت» وەک ڕووکەشــێکی نادیــارە بەســەر تــۆڕی ئینتێرنێتــەوە و بــەکار دێ بــۆ ئــەوەی کــە بتوانــی کڕیــن و فرۆشــتن بــە کاری نایاســاییەوە بکــەی. تەنانــەت هەندێــک جــار کار دەگاتــە مــرۆڤ کوشــتن، فرۆشــتنی چەکــی نایاســایی و فرۆشــتنی مــاددە هۆشــبەرەکان و زۆر شــتی تــر کــە لــە بــواری یاســاییەوە مرۆڤــەکان لەســەر ئینتێرنێــت ڕێگــە پێــدراو نیــن کــە بەنــاوی خۆیانــەوە ئــەو کارانــە بکــەن.

***تێکنۆلــۆژی و هۆشـــــــی دەســتکرد دەرفــەت و مەترســییەکانی بــۆ میدیــا چییــە؟***



هۆشــی دەســکرد یــان AI) (Artificial Intelligence هــەم دەرفەتــە هــەم تێکنۆلۆژیایەکــی زۆر پێشکەوتووە بۆ ڕاگەیاندن.

هۆشــی دەســکرد، هۆشــێکە کــە لــە ڕێــگای کۆمپیوتــەرە زۆر بەهێــزەکان و هێندێــک بەرنامــەوە، دەتوانێــت لــە هەڵســوکەوتی

مرۆڤ بکۆڵێتەوە و بزانێت کە مرۆڤەکان بیر لە چی دەکەنەوە و چی دەکەن. هەموو ویست و داخوازییەکان و شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانین و لێکۆڵینەوەیان چۆنە! ئەوە دەتوانێت دەرفەتێکی یەکجار گەورە بێت بۆ ڕاگەیاندن لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن لە ڕێگای تێکنۆلۆژی و هۆشی دەسکردەوە، خێراییەکەی یەکجار زۆر بەرەو پێش چووە، کە یەکێک لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕاگەیاندن خێراییە. هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی ڕاگەیاندن بێ لایەنی و ڕاستیی زانیارییەکانیەتی. هۆشی دەسکرد دەتوانێت زانیارییەکانی بۆ پشتڕاست بکاتەوە، زۆر بە وردی لێکۆڵینەوەی بۆ بکات بەڵام کە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی ئایا هۆشی دەسکرد مەترسییە لەسەر مرۆڤایەتی؟ ئەوە باسێکی جیاوازە کە بە بڕوای من بەڵێ مەترسی بۆ مرۆڤایەتی دروست دەکات ئەگەر هەر بەو خێراییە بەرەو پێش بچێت و ڕەنگە ڕۆژێک دابێت کە مرۆڤەکان بە تەواوی کۆنتڕۆڵ بکات. بەڵام دەرفەتە بۆ میدیا و ئەو دەرفەتە دەتوانێت زۆر خزمەتی میدیا بکات بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتیی کاری ڕاگەیاندن و بەرزکردنەوەی خێرایی کاری لێکۆڵینەوە.

*پەیوەندیی نێوان ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و میدیای نەریتی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟!*



ئەگەر مەبەست لە ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی سوشیاڵ میدیا یان هەمان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت و میدیای نەریتی باس لە میدیای کلاسیک بکات، ئەو کات دەتوانم بڵێم کە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە خزمەتی میدیای نەریتیدان و هەر میدیایەکی نەریتی کە بایەخ بە میدیا کۆمەڵایەتییەکان نەدات و خۆی لەگەڵ ئەو دونیا نوێیەی ڕاگەیاندن نەگونجێنیت، پێگەی خۆی لاواز دەکات و ناتوانێ بۆ داهاتووش ئامادە بێت. ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆکار کە یەکەم؛ بەردەنگەکانی میدیا زیاتر بن، دووهەم هەر وەکوو لە وەڵامی پرسیاری یەکەم باسم کرد، ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان بڵاوکەرەوە و وەرگر دوولایەنەیە. لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەنگی ڕاگەیاندنیش زانیاری دەداتەوە بە ڕاگەیاندن. چەند زانیاری زیاتر بێت میدیا بەهێزتر دەبێت. هەر وەها شتێکی تریش هەیە کە میدیا لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا کەسایەتیتر بووەتەوە، واتە هەڵبژاردەی بینەر و بیسەر و خوێنەری ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان یەکجار زۆر زیاترن، دەست ڕاگەیشتن بە زانیارییەکان یەکجار زۆر زیاتر و خێراترن، بۆیە ئەوەی کە بە ئینگلیسی پێی دەڵێن «Personaliozed» بووەتەوە، واتە کەسایەتیتر بووەتەوە بۆ ئەوەی بەردەنگ بە دڵی خۆی هەڵبژێرێت کە کات بۆ کام زانیاری تەرخان دەکات؛ واتە مەجبوور نییە کە شتێکی کە زۆر سەرنجی ڕاناکێشێت بخوێنێتەوە، ببینێت یا ببیسێت. هەر بۆیە پەیوەندییەکی یەکجار زۆر پتەو لە نێوان ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نەریتیدا هەیە کە بەشێک لە میدیا توانیویەتی زۆر باش لەوە کەڵک وەرگرێ و بەشێک نەیتوانیوە کەڵکی لێ وەربگرێ. ئەوانەی توانیویانە کەڵکی لێ وەرگرن و خۆی دەگەڵ ڕێک بخەن، توانیویانە یەکجار زۆر بەرەوپێش بچن، ئەوانەی کە خۆیان دەگەڵی ڕێک نەخستووە، لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بچووک بوونەتەوە.

*«هەواڵنێر شارۆمەند» یەکێ لە دیاردەکانی سۆشیال میدیایە. دەرفەت و مەترسیی ئەو دیاردەیە بۆ میدیای نەریتی چییە؟*



هەواڵنێر شارۆمەند «Citizen Jurnalist» تەنیا بەستراوە بە سۆشیال میدیا نییە، هەواڵنێر شارۆمەند لەو شوێنەی کە لێیەتی بۆ هەر بوویەر و ڕووداوێک کە دەقەومێت، دەتوانێت ببێت بە پەیامنێرێکی چالاک و بەرهەمەکەی خۆی بگەیەنێت بە ڕاگەیاندن؛ جا ئەوە دەتوانێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت یان میدیای نەریتی. دەرفەتێکی زێرین دەخولقێنێت بۆ میدیا، دەرفەتەکەش ئەوەیە کە دەستی میدیا زۆر دەکاتەوە، میدیا دەوڵەمەند دەکات. هەتا زیاتر تێروانین، بینین، بیرکردنەوە، وێنە و دیمەنی جیاواز لە نێو میدیا بێت، ئەو ڕاگەیاندنە ئەوەندە پێی دەوڵەمەند دەبێت، هەروەها زۆربەی کەناڵەکانی میدیا، لە بواری کاری ناوەڕۆکەوە دەستیان بەستراوە، بۆیە هەواڵنێر شارۆمەند کراوەتر لە هەموو ئەو قەید و بەندانە، دەتوانێت لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە هەموو ڕووداوەکان ببینێ و چاوەدێرییان بکا و پێشانی خەڵکیان بدا.

هەواڵنێر شارۆمەند، بۆ میدیای نەریتیی ئازاد دەوڵەمەندییە، بەڵام هەواڵنێر شارۆمەند بۆ میدیای نەریتیی داخراو، کۆنترۆڵکراو و سانسۆرکراو، گەورەترین هەڕەشە و مەترسییە! هەواڵنێر شارۆمەند، ئەو کەسانەن کە بۆیان گرینگە چی ڕوودەدات و چۆن ڕادەگەیێندرێت. جا لەگەڵ میدیا نەریتییەکان بەشی دەکەن یان بەشی ناکەن یان لە کەرەستەکانی ئینتێرنێت و سۆشیال میدیا کەڵک وەردەگرن و بڵاویان دەکەنەوە. کەوابوو هەواڵنێر شارۆمەند خۆی میدیایەکی بچووکە.

*ئایا دەکرێت باس لەسەر فەرهەنگی سەردەمی زانیاری بکرێت؟*



بە بڕوای من ئەوە پرسیارێکی زۆر گشتی و کراوەیە و دەبێ کۆمەڵناسەکان جوابی ئەوە بدەنەوە؛ بەهۆی ئەوەی من کەسێکی تەکنیککاری نێو ڕاگەیاندنم، ئەو ئیزنە بە خۆم نادەم لەسەر بوارە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕەنگە شارەزایی و زانیاریی زۆرم لەسەری نەبێت قسە بکەم. باوەڕی تەواویشم بەوە هەیە کە نوخبەی کۆمەڵگا ناتوانێت لە هەموو بوارێکدا شارەزا بێت و ئیزن بە خۆی بدات کە لەسەر هەموو مژارێک بدوێت؛ جا بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ڕەنگە زانیاریی هەڵە وەک Fake News کۆمەڵگا بەرەو ئاقاری خراپ ببات.

*ئەم ڕۆژانە داخرانی هەژماری تایبەتی دۆناڵد ترامپ لە چەند سۆشیال میدیاوە بووە بە هۆکاری ئەوەی پرسی ئازادیی ڕادەربڕین لە سۆشیال میدیادا بێتە گۆڕێ، پەیوەندیی نێوان ئازادیی ڕادەربڕین و سۆشیال میدیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟*



لەسەر سۆشیال میدیا هەرکەسێک لە جیهانی ئازاد و دیموکراتدا حەقی خۆیەتی بە ناوی خۆیەوە تێروانین و شێوازی بیرکردنەوەی خۆی بەوپەڕی ئازادییەوە

دەربڕێت. بۆیە هەر کەسێک، کاتێک بە ناوی فەرمیی خۆیەوە بیروبۆچوونەکان و ڕای خۆی دەردەبڕێت، ئازادە و پێچەوانەکەشی واتا کپ کردنی دەنگی ئەو کەسە، پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕینە. بەڵام هێندێک جار لە کۆمەڵگا دیموکراتەکاندا، بیر لەوە دەکرێتەوە کە ڕەنگە بە شێوازی ناڕاستەوخۆ، سووکایەتی و بێڕێزی بە کەسانێک بکرێت یان ئەوەی دەربڕینی هەندێک بیروڕا، هانی کۆمەڵگا بدات بۆ ئەوەی مافی هەندێ کەسی دیکە پێشێل بکرێ! لەو حاڵەتەدا دەزگای دادی وڵاتان لە کۆمەڵگای دیموکراتدا، بڕیار دەدات کە ئایا مافی تاکەکانی دیکە پێشێل کراوە یان نە! کەسانی یاسایی لەسەر بنەمای ژێرخانەکانی دیموکراسی دەتوانن بڕیار لەوە بدەن، بەڵام بە گشتی دەربڕینی ڕا و بۆچوونی تاکەکەس بەناوی فەرمیی خۆیەوە لە سۆشیال میدیا، ئازادیی ڕادەربڕینە و لە نێو هەموو سیستمێکی دیموکراتدا دەبێت ڕێگەپێدراو بێت.

*واتساپ ڕایگەیاند کە لە پێناو داهاتی زیاتری فەیسبووکدا، زانیارییەکانی خۆی لەگەڵ فەیسبووک هاوبەش دەکات، سۆشیالمیدیا پلاتفۆرمێک بۆ دەنگی تاکەکانە یان سیستمێکی تەبلیغاتییە؟!*



واتساپ کاتێک ڕایگەیاند کە لە پێناو داهاتی زیاتر زانیارییەکانی خۆی لەگەڵ فەیسبووک بەش دەکات، لایەنێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە واتساپ لە وڵاتێکدا خاوەنداریەتی دەکرێ کە وڵاتێکی دیموکراتە واتە ئامریکا، بۆیە مەجبوورە بچووکترین کاریش کە دەیکات لەگەڵ بەکارهێنەرانی باسی بکات؛ دەنا ڕەنگە زۆر کۆمپانیای تری هاوشێوەی واتساپ هەبن لە وڵاتانی نادیموکراتیک کە زانیاریی کەسەکان بەکاردێنن بەڵام ئاگاداریشیان ناکەنەوە. خاوەنی واتساپ فەیسبووکە. فەیسبووک واتساپی کڕیوەتەوە لە پێناو قازانجی زیاتر. واتساپیش سرویسەکانی بێ بەرانبەرە بۆ بەکارهێنەران، بۆیە مەجبوورە بۆ ئەوەی کە خۆی لەسەر پێ ڕابگرێت و گەورە بێتەوە، خۆی بە فەیسبووک بفرۆشی و زانیارییەکان بدا. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە ئێمە زانیاریی ڕاستمان هەبێت. واتساپ تەنها ناو و ژمارە تەلەفۆنی بەکارهێنەرانی دەیویست دەگەڵ فەیسبووک بەش بکات کە دەبێت زانیارییەکی مارکێتینگ بێت نەک ناوەڕۆکی پەیامەکانی نێوان بەکارهێنەرانی واتساپ. ئایا سۆشیال میدیا پلاتفۆرمێکە بۆ دەنگی تاکەکان یا سیستمێکی تەبلیغییە؟ ئەویش باسێکی جیاوازە. هەموو سۆشیال میدیایەک ئامانجێکی کورتخایەن و ئامانجێکی درێژخایەنی هەیە. سۆشیال میدیا یان دەبێت قازانج لە بەکارهێنەرانی وەربگرێت بۆ ئەوەی کە خەرجییەکانی سێرڤەر و پێداویستییەکانی دابین بکات بۆ ئەو ژمارە زۆرەی بەکارهێنەر، یان بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر پێ ڕاوەستی و وەکوو کۆمپانیایەکی بازرگانی کار بکات، دەبێ بتوانێت تەبلیغات و بانگەشەی بازرگانی وەکوو بەشێکی سەرەکی لە بازاڕی ئەمڕۆی جیهان، لە نێو خۆیدا جێ بکاتەوە. واتە سۆشیال میدیا پلاتفۆرمێکە بۆ دەنگی تاکەکان و هاوبەش کردنی تاکەکان لەگەڵ یەکتر لە ژیانی

ڕۆژانەدا. چونکە بڕیار نییە سۆشیال میدیا هەموو کاتێ وەکوو ڕاگەیاندن کەڵکی لێ وەربگیردرێ و هاوکات سیستمێکی تەبلیغاتیشە بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان کە بتوانن لەو شوێنەدا بانگەشە بۆ کاڵا و سرویسەکانی خۆیان بکەن.

*ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی هەتا چەندە پارێزەری پەرێزی تایبەت (حریم خصوصی)ن؟!*



ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کولتووری بەکارهێنەرانی تێکنۆلۆژی لە ناو کۆمەڵگا کە ئەو ڕۆژانە من خۆم زۆری باس لێ دەکەم و بە داخەوە لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا بە هیچ شێوەیەک نە جێ کەوتووە، نە ڕێک خراوە، نە زانیاریی شێوازی بەکارهێنانی تێکنۆلۆژی لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا پەروەردە کراوە. ئەوە خاڵێکی زۆر گرینگە کە؛ دەبێت تاکەکان بەر لە بە کارهێنانی هەر کەرەستەیەکی تێکنۆلۆژیک، سەرەتا زانیارییان لەسەری هەبێت جا دوایە بەکاری بێنن. بۆ نموونە لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلیشدا هەر وایە. کاتێک ئۆتۆمبێل دەکڕی، ئەگەر نەزانی چۆنی لێبخوڕی، تۆ ناتوانی ئەو ئوتومبێلە بەکاربێنی. یان بۆ جلک دەپۆشین؟ جلک دەپۆشین بۆ ئەوەی بە ڕووتی نەچین بۆ ناو کۆمەڵگا، بەڵام لە هەرێمی تایبەتی، مرۆڤەکان دەتوانن بەبێ جلکێش بگەڕێن. کە وابوو ئێمە دەبێت بڕیار بدەین کە چەندە زانیاریی تاکەکەسیی خۆمان لەگەڵ کێ و چۆن بەش بکەین. ئەوەی لە ژیانی ئاساییی ڕۆژانەدا ئاشکرایە، دەتوانێت لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش ئاشکرا بێت، بەڵام هەڵسوکەوتێک کە بۆ ژیانی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگا ئاسایی نییە بۆ سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش ئاسایی نییە! کە وابوو مەسەلەی پارێزگاری لە هەرێمی خسوسیی تاکەکان شتێک نییە کە سۆشیال میدیا بیپارێزێت. تاکەکان دەبێت خۆیانی لێ بپارێزن.

*ئێستا هەموو دەزانین کە کۆمپانییەکانی سۆشیال میدیا، زانیاریی تاکەکەسی بەکاردێنن بۆ تەبلیغاتی ئابووری. ئەگەر ڕۆژێک ئەو کۆمپانیایانە ئەو زانیارییانە بۆ بانگەشەی سیاسی بەکاربێنن، بێگومان ئاراستەی هەڵبژاردن و دێموکراسی ئالوگۆڕی بەسەر دێت، ئایا لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتی سۆشیالمیدیادا دەژین؟!*



بێگومان سۆشیاڵ میدیا دەکرێت بۆ بانگەشەی سیاسی بەکاربێت، دەتوانێت باندۆری هەبێت. هەر وەک چۆن ئامرازەکانی نەریتیی ڕاگەیاندن لە ڕابردوودا بۆ ئەو مەبەستانە بە کار هاتوون؛ تیڤی، ڕادیۆ و ڕۆژنامە هەمووی لە ڕابردوودا بەکار هاتووە! هەم بۆ بانگەشەی بازرگانی و هەم بۆ بانگەشەی سیاسی. کە وابوو سوشیاڵ میدیا لەوانە جیاواز نییە و دەتوانێت وەکوو ئامرازێک بۆ بانگەشەی سیاسی یان بازرگانی بەکار بێت. بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاردەر تاکی کۆمەڵگایە و ئاستی ڕەنگدانەوەی سۆشیال میدیا دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی شارەزایی و کراوەییی تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەرانبەر زانیاریدا. تاکی کۆمەڵگا

هەتا ڕووناکبیر بێت، کراوە بێت، شارەزا بێت، زانا بێت، خوێنەر بێت، دەتوانێت خۆی لە ناو ئەو زانیارییانەی کە پێی دەدرێت، بڕیار بدات کە کامی ڕاستە و کامی ڕاست نییە! کامی دەبێ بە جددی وەرگیرێت و کامی ڕەنگە گرنگ نەبێت! هەر بۆیە چ لە کاتی وەرگرتنی زانیاری لە میدیای نەریتی و چ لە کاتی وەرگرتنی زانیاری لە سوشیاڵ میدیا، زانایی و ئاستی ڕووناکبیریی کۆمەڵگا، نیشانی دەدات کە ئەو کۆمەڵگایە دیکتاتورییەت قەبووڵ دەکات یان قەبووڵی ناکات. کۆمەڵگای ئازاد لە تاکی ئازاد پێک دێت، تاکێک کە سەربەخۆیە، بە ئازادی بیر دەکاتەوە. کۆمەڵگایەک ئازاد و دێموکرات دەبێت کە لیاقەتی ئەو ئازادی و دێموکراسییەی هەبێ. بە واتایەکی تر هەر وەکوو ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملوو فەرموویەتی: ئەو گەلانە ئازادییان دەبێت کە نرخی ئەو ئازادییە بدەن.

*تیشک* *بزووتنەوەی کوردستان هەتا چەندە دەرفەتی تێکنۆلۆژیی بۆ پاراستنی بەهاکانی خۆی بەکار هێناوە؟*



ئەگەر بزووتنەوەی چوار پارچەی کوردستان لە پێش چاو بگرین، بەشێکی کەم لە بزووتنەوەی کورد هەوڵی داوە تێکنۆلۆژیا و ڕاگەیاندن بۆ پاراستنی بەهاکان بەکار بێنێ؛ بەڵام بە داخەوە لە ئاستێکی زۆر نزم و بە تاقەتێکی زۆر کەم. بزووتنەوەی کوردستان، تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندنی بۆ پاراستنی بەهاکان، هێما سوورە نەتەوەیییەکان بە باشی بەکار نەهێناوە. تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندن، لە نێو بزووتنەوەی کوردستاندا پشتگوێ خراون. لە ڕواڵەتدا باسیش بکرێت کە بایەخ بە ڕاگەیاندن و تێکنۆلۆژی دەدرێ، بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا بایەخ بە تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندن نادرێت. ئەوەش بووەتە هۆکار کە ئێمە هەمووکات لە بواری تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندن لە دوای وڵاتانی زلهێز و هێزە سەردەستەکانمان بین. بەداخەوە دووژمنانی کورد زۆر باشتر لە کورد تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندن بەکاردێنن. وەک لە وڵامی پرسیارەکانی پێشوویشدا باسم کرد، کۆمەڵگای کوردستان پێویستە چەند ئەولەوییەتێک بۆ خۆی دابنێت، بزووتنەوەی کوردستانیش پێویستە چەند ئەولەوییەتێک بۆ خۆی دابنێت؛

**یەکەم:** دەبێت شارەزایی وزانیاریی تێکنیکی و میدیایی لە نێو کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوەی کوردستاندا پێبگەیەندرێ، بخوێندرێ و ئاگادار بکرێتەوە.

**دووهەم:** تێکنۆلۆژی لە هەموو بوارەکانی ژیان و بزووتنەوەی کوردیدا بگونجێندرێت.

**سێهەم:** وەکوو هەموو کارێکی تر کەسی شارەزا و بەئەزموون لە بوارەکانی تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندن پەروەردە بکرێن.

**چوارەم:** دەبێت کەسی شارەزا لە شوێنی خۆی بێت، نابێت بەرژەوەندییە سیاسییەکان، کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکان کاریگەر بێت بۆ دیاریکردنی شوێنی کاری تاکەکان. شارەزای تێکنۆلۆژیا دەبێ کاری تێکنۆلۆژیا بکات، شارەزای سیاسەت دەبێ کاری سیاسی بکات، شارەزای وەرزش دەبێ کاری وەرزشی بکات و بەم شێوازە هەمووی ڕێکبخرێتەوە.

# وتووێژ لەگەڵ
# نەعیم نەجەفی

**ژیاننامە**

نەعیم نەجەفی ڕاگەیاندنکار و چالاکی سیاسی، ساڵی ١٩٩١ لە کرماشان لە دایک بووە، لە ساڵی ٢٠١١ـەوە دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، لەو ماوەیەدا بۆ ڕۆژنامەی دەنگی کۆمەڵگای نووسیوە، ساڵی ٢٠١٢ گۆڤاری میدیای بە دوو زمانی فارسی و کوردی لە زانکۆی کرماشان بڵاوکردووەتەوە؛ لە هەمان ساڵیش ئەنجومەنی ژینگەپارێزی میدیای لە شاری گیەلان دامەرزاندووە، ساڵی ٢٠١٣ ماڵپەڕی «فەرهەنگی - ئەدەبی»ی تاقوەسانی دامەزراند بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکی و بەرهەمەکانی نووسەرانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ماوەی شەش ساڵیش نیشتەجێی باشووری کوردستان بووە. لە تەلەفیزیونەکانی گەلی کوردستان و کوردستان ٢٤ کاری کردووە و چەندین دیکیۆمینتاریی لەسەر مێژووی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردانی ئێزدی، مێژووی یەهوودییەکان لە کوردستان، کوردەکانی بەغدا و ... بەرهەم هێناوە و دوو دیکیۆمێنتاریشی سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان وەک ڕۆڵی ژنان و داهاتوی کورد لەنێوان ململانێی زلهێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان لە سووریادا بەرهەم هێناوە. چەندین لێکۆڵینەوە و وتاری لەبارەی سیاسەتی حاکمییەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە دژی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا، ڕۆڵی بزووتنەوە و حیزبە کوردییەکان لە کرماشاندا و شۆڕشی عەشیرەکانی کرماشان، ئیلام و لورستان لە دژی ڕەزا شای پەهلەوی و ڕۆڵی ژنان لەو شۆڕشانەدا، لە ڕۆژنامەکانی چاودێر، کوردستانی نوێ، باس نیوز و ماڵپەڕەکانی کوردپا، ئێن ئار تی، ڕۆژی کورد و ئێن ئێس ئێس ڕۆژدا بڵاو بووەتەوە و چەندین وتووێژی لەگەڵ تەلەفیزیۆنە کوردی و فارسییەکاندا سەبارەت بە پرسی کورد تایبەتی لە کرماشان، ئیلام، لورستان، هەمەدان و خانەقین و هەروەها مەترسییەکانی ڕێکخستنی سەلەفیزم لە کوردستاندا ئەنجام داوە.

*سەرەڕای ئەوەی کە ئێرانییەکان هەمیشە مافی زمانییان بۆ کوردەکان وەکو مەترسییەکی تەناهی سەیر کردووە بەڵام ئاستی ئەو مەترسییە بۆ کرماشان زۆر زیاتر بووە، هۆکاری ئەو ڕوانینەی ئێرانییەکان بەرانبەر بە کرماشان لە چ دادەبینن؟!*



سەرەتا وە هەوجە زانم بووشم هەنای باس کرماشان کەیمن، تەنیا مەبەست شار کرماشان یا پارێزگای کرماشان نییە، بەڵکوو وە پەی ڕۆڵ مێژوویی کرماشان و ناوەند بوونی لە دەورەیل جیاواز مێژوویی، تەنانەت لە مەشرووتیەت ورەو ئێلایش تا ساڵ ١٣٣٩ هەمەدان، ئیلام، لورستان و سنە سەر وەکرماشان بوونە و تەنانەت خانەقین و مەنەڵیش لە ژێر کاریگەری ڕووداوەیل کرماشان بوونە و تا ئێرنگەیش پەیوەندی قووڵ فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناوێیان مەنێە.

لێرە کوترانم یەسە بووشم ئێرنگەیش ک باس کرماشان کەیمن واتە گشت باشوور ڕۆژهەڵات کوردستان و ئەو ناوچەیلە ک «ئەرا زووانن».

لەبارەی پرسیارەگەیش بێگۆمان ئەیە سەرچەوە لە هەڵکەفتەی ستراتژی کرماشان لە ڕوو جۆگرافیا، ئابووری وسەربازی گرێید و ئەی گرنگەیلە مدووێگ بووە چەو داگیرکاری وەپەی داشتوون و وە سرین شووناس نەتەوەیی ک زووان یەکێگ لە خالە سەرەکیەگانێە، هەول دانە هەم لە کورد بوون چووڵی بکەن و هەمیش دەس بزووتنەوەی کورد لەورە بوورن چۆن تەنیا

جمشت سیاسی کوردیە کە تووەنی رووەروو ئەی داگیرکاریە بووسیێد وەلی ئەوان هەول دانە و دەن وە سرین زووانەگەی و یەی‌شێوە کردنــی وەل فەرهەنگ و زوان داگیرکەر ئرا هەمیشە کرماشان لە ژێر دەسەڵات خوەیان بوود و مەردمەگەیشــی لە جمشت کوردی دوورەو بخەن.

وە گشــتی تووەنم بووشــیم، میلکانێگە ک خاوەن ســەرچاوەی فرەی نەفــت و گاز و جــورەها کانزا و خاک «پــڕ پیت و بەرکەت » و ســەرچەوەی ئاوییــە. مەملەکەتێگ کە ئەرا یەکەمجار لە ڕۆژهەڵات ناوەڕاست نەفت لەورە پێا بــوو و وە درێژایی مێژوو یەکێگ لە گرنگترین ڕێگایل هاتنوچێن بازرگانیی و سەربازیی بووە و ئاڵمانەیل لە جەنگ جەهانی دووهــەم وەتنە وە کۆنترۆڵکردن کرماشــان و خانەقیــن تووەنن ڕۆژهەڵات ناوەڕاســت کۆنتــڕۆڵ بکەن! هەر وەی خاتریشــە چ لە جەنــگ جەهانی یەکم و چ جەنگ جەهانی دووهەم کرماشان شوون مقو مقو زلهێزەیل جەهانی جوور بریتانیا، ڕوســیە، ئەمریکا و ئالمان و دەسەڵاتەیل ناوچەگە بووە تەنانەت لە ســەردەم عوسمانی و ســەفەویە، قاجار و عوســمانی دوو پەیماننامەی گرنگ جور ئــەرزروم و زەهاو لە ســەر کرماشــان ئمزا کریێــد، هەر ئێرنگەیش ئێران ئەرا پەرە دان وە هلال شــیعە و پشتیوانی لە هێزەگانی لە ڕۆژئاوای ئاســیا یێجار گرنگی وەو مەسیرە دێد و ناوەند فەرماندەیی ســپای قودس لە ڕۆژئــاوای ئاســیا ها لە کرماشــان. هەر وە خاتر ئەی ئەهمیەتەیلیشــە بووە وە ســەد ســاڵ وەرین عێراق لە دیو باشوور و ئێران لە دیو ڕۆژهەڵات، بەردەوام هەوڵ تەعریب و تەفریس کردنی دانە.


*لە بیســت ســاڵی ڕابــردووە ڕەوتی کوردی نووســین لە کرماشــان وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە. ئێوە ئەو ڕەوتە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟!*



پەرەســەنن فکــر کارلێکەری و گەشەسەنن هەست کوردبوون لە لای ڕوشــنهوورەیل کرماشــان، جوورێگ دەرووچ ئەرا ئیمە کردێیەســەو تا جددیتر ڕەفتارەیل کۆمەڵایەتی شاروەندەیل و چالاکەیل شوناســخواز کرماشــان شیەو بکەیم.

کامڵبوون هەست نەتەوەخوازی لە کرماشان وەبــەراوەرد وەل ناوچەیــل ســەرەوەی کوردســتان کەفتێیەســە دوویا، بەڵام ئمرو وە هــووکار ئامرازەیــل ڕاگەیاندن و تۆڕەیل کۆمەڵایەتی و ڕووداوەیل ناوچەکە لە ســەر کورد مەکینەگەی خاس داگیرسیاس. جاران ئی جوولیانە لە ژێر کارگەری هزر حزبی بوو، بەڵام ئیسە فرە ڕەهەندە. لەواقع «ڕاگەیاندن و تورەیل کۆمەڵایەتی » توویەنسن لە غیاب حکومەت کوردی و سیســتەم پەروەردەی کوردی ئی خەســپەنە وە مــل بگرن ک تا ڕادەیگ جای پرەو کرردنر، بەڵام تەمامکەرەوە نییە و هەوەجە وە سەرمایە و ڕاگەیاندن ۲۴ ســاعەتە دێرێ تا هەم وەشێوەزار کرماشان بەرنامە بڵاو بکریەید و هەمیش ئاراســتەی هووری ئەرا یەکانگیری وەل بەشەیل ترەک کوردستانا بەیدە پێان. ئەگەر بتوام واقعگرانە بنوڕمە ئی بابەتە، دووخمان فرە خاس نییە و نیەتوویەنیم وەل سیستەم سیاسی ناوخۆ و سیستەم جهانی وەجەر بایم. چوونکە بیس‌و چوار ســاعەتە هایمنە ژێر ڕکیف و هژمۆن ئەوان و تاککارەیلیش نیەتوویەنن لەی ڕێیە دەربازمان بکەن. سەرمایە و میدیای دەنگ و ڕەنگ بیس‌وچوار ساعەتە توایم.

*لێــرەدا ئاماژەتان بــە گرنگیی هەبوونی میدیایەکی تایبەت واتا دەنگ و ڕەنگ بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان کرد، لــەم ســاڵانی دواییــدا، زۆرجار*



*بینیومانە و بیستومانە کە داخوازییەکی زۆر بـــۆ بایەخدانی حـــزب و ڕێکخراو و میدیا کوردییەکان بە بەشـــی خوارووی کوردستان و شـــێوەزاری ئاخافتنی ئەم ناوچانە کراوە، ڕای ئێوە ســـەبارەت بەم بابەتە چییە؟*



ڕاسە! بەڵام تا ئێرنگە وە داخەوە نـــە وە جدیـــی پێشـــوازی لەو داخوازیەیلـــە کریـــاس و نەیش مـــدوو داخوازییەگان وە چڕ و پڕی شـــیەو کریاس. ئەگەرچوەیش وە رووکەش برێگجار زووم کامێراگان و نوک قەڵەمەگان و ختابە سیاسـییەگان رووەو ئەو ناوچەیلەسە، بەڵام فـــرە کـــەم دوونیم کـــە ئـــەو هەنگاوەیلە ســـتراتێژیەت و تێگەیشـــتنێگ لـــە تایبەتمەندیەیـــل فەرهەنگـــی، سیاســـی، کۆمەڵایەتی ئەو ناوچەیلە لە پشتی بوود.

لە لای تریشەو یەکێگ لە گەوراترین کێشە و گرفتەیـــل کوردەیل خوار بێسەروشـــوون بوونێـــان لەناو ختاب سیاســـیی کوردە، ئرا نمونە ئمڕوو کەسێگ باس هەمەدان نیەکێد و وە شەرمیشەو باس لوڕستان کرییێد.

وە گشـــتیی تووەنم بووشم ئەو داخوازیەلە کە ئاراســـتە کریەن جورێـــگ درککردنە وە چوڵیی لە ســـتراتێژیەت سیاسیی کورد لەو ناوچەیلـــە ک داخوازای و چەوەڕێ بوونێگ حەق و ڕەواس.

**پیشک** *لێـــرەدا ڕۆڵـــی میدیـــا چـــی دەتوانێـــت بێ و بۆ ئەوەنـــدە بە گرنگی دەزانن کە تەلەڤیزیۆنێکی ٢٤ کاتژمێری بە شێوەزاری کرماشان هەبێت؟*



یەکەم وە هەوجە زانم بووشم ک باس بوون و نەبـــوون تەلویزیون کەیمن وە مانـــای ئەوە نییە ک رووشـــنهوورەیل ئەو ناوچە چەوەڕێ وسانەو دەس لـــە بان دەس نیشـــتنە، نەخەیر هەر ئەوجوورە پێشـــتریش ئاماژە کردم چالاکی خاس دەســـوەپەی کریـــاس ئەمـــڕوو ئەو ناوچەیلە وە گشتی خاوەن نووسەر و گرووپ هونەریـــی و رۆژنامەنـــووس و چـــالاک فەرهەنگیی و مەدەنین. بەڵام چیرۆک ئەیانە جوور ئەوەسە کە لە ناو شەڕ قوورسێگ بوود «گوللـە داشتوود و چەک وە پید نەود». واتە جم جوول کارەگان کیســـەلیەو ئەڕا تاو دان جمشتەگەیان هەوجە وە میدیا دێرن.



چۆن هەر ئەوجوورە زانین لە دنیای ئەمڕوو ئــەوە راگەیانــدن و میدیــاس کــە جوور چەکێگ گەورا و خاڵ سەرەکی پێشکەفتن هەر نەتەویەگ تیێدە حساو، کە وە داخەوە مــەردم ئەو ناوچەیلــە و چالاکوانەگانی لێ بێبەشن.

ئەڕا گرنگیەکەیشــی ئێمە بایەد ئەی بابەتە لە ڕوو هەڵکەفتەی جوگرافیایی و شێوەزاریەو ئەیە شــیەو بکەین، لە ڕوو جۆگرافیەو یەکم بایس بووشیم لێرە تەنیا باس شار کرماشان نییە، بەڵکوو کرماشــان بووسە ناوندێگ ک هەر گۆڕانکارییێگ لە تێ ڕوو بێید کاریگەری راســتەوخۆ لە سەر دەوروەر خوەی دێرییێد، واتە هێڵ نواس!

ئــەو کوردەیلــە کە بــە شــێوەزار کوردی خوارێن قســە کــەن لــەڕوو جیۆگرافییەو شوون نیشــتەجیبوونیان لەسەر نەخشەی کوردســتان گــەورا کەفێدە بەش باشــوور رووژهەڵات کوردستا، واتە:

لە ڕۆژهەڵات کوردستان: (لوڕستان، بەشێک لــە هەمــەدان و ســنە، هەردوو پارێزگای کرماشان و ئیلام) و لە باشووور کوردستانیش (بەشــێک لە کەرکوک، خانەقین، جەلەولا، شارەبان، مەندەلی، بەدرە، جەسان، زوڕباتیە، عەلی غەربی، عەلی شەرقی و قەزای حەی) لەپارێزگای کووت.

کە ڕێژەیەگ ٧-٨ملیۆن کەسی لە چەندین ئایین و مــەزهەب لەخــۆی گرێد. ک فکر نیەکەم هیچ مەنتقێگ قەبوول یە بکێد ئەی جۆگرافیای گەورا و ســتراتیژی و پڕ لە خێر بەرکەتە لە دەسمان بچوود!

هاوکات لە دەیشت جۆگرافیای کوردستانیش وە تایبەتــی لــە دوو پایتەخــت گــەورای ناوچەگە جوور بەغدا و تاران و بەشــێگ لە گەورا شــارەیل ئێران جوور شیراز، قەزوین و... ژمارێگ فرە «ئەڕا زووان » نیشــتەجین. ک یەیش تایبەتمەندی خوەی دێرێد، چۆن کە دروستکردن گوفتمانێگ نەتەوەیی لە ناو ئەو کوردەیلە، واتەی کاریگەرییکردنە لە سەر شــەقام عەرەبیی و ئێرانیی و شیعە، وە ئەی هۆکارە ک هەم خەت تەماســن هەم ئەوەی کە بەشــێگ فرەیان لەبەغداو ناوچەیل تری ناوەڕاست و باشور عێراق و لە شارەیل ئێران نیشتەجیین و بەشــێگیان پەیرەو مەزهەب شــیعەن و لەناو کۆمەڵەی عێراقی و ئێرانی حزوور دێرن، واتە لە دوو لاوە خاڵ تەماسن.

گرینگی تریش ئەیەســە کە کوردەیل «ئەڕا زووان » خاوەن کەیس مێژویی جینوســاید کوردەیــل فەیلــی و هــاوکات کەیــس یارسانەگانن کە لە ژێر گوشار و سڕین ئایینی ئێرانن، ئەیەیش تووەنی لە وەدەستهاوردن پشــتوانی نێودەوڵەتی و راکیشــان سەرنج

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕۆڵ فرە کاریگەری داشتوود.
وە گشتی تووەنیم بووشیم هەرچێ فرەتر ئەو ناوچەیلە پەیوەست بوون وە بزووتنەوەی کوردی و هزر و هوورمان نەتەوەیی لەو ناوچەیلە گەرم و گورترەو بود، لە چوار رووەو وە قازانجمانە، واتە، ناوخۆیی و پرس جوگرافیای ستراتژی سەربازی و ئابووری، کاریگەری درس کردن لە سەر شەقام ئێرانی و عێراقی و شیعە مەزهەبەیل و وەدەس هاوردن پشتیوانی نێودەوڵەتی و لە دەس داشتن کار فشار لە روو بەغدا و تاران! وەی خاترە گرنگە ک دەسەڵات سیاسیی و میدیایی کوردیی و تایبەتی لەی قۆناغە میدیا کوردییەگان ستراتێژیەت دوو زاراوەیی خۆیان بگۆڕن و هەوڵبەن پەیامە نیشتمانیەگانێیان وە شێوەزار کرماشانیش بڵاو بکەن تا بەڵکو لەسەر گەشەی هزر نیشتمانیی و نەتەوەیی کوردەیل □ئەرا زوان « کاریگەری داشتوون.

*ئاماژەتان بە دوو بابەت کرد، یەک ئەوەی لە قسەکانتان دەرکەوت ئەوەیە کە ئێران لە چەسپاندنی سیاسەتەکانی خۆی لە کرماشان و ئەو ناوچانە بەگشتی سەرکەوتوو بووە، هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ چی؟*




بەڵام ئەرا ئەیەگە حاکمیەت چەنێگ لەی هەول داگیرکاریە تووەنسیە سەرکەفتی بوود، ئەرا وەڵامدان وەی پرسیارە درسترە لە دیالکتیکێگ هگلی-مارکس-ەو بنوریمنە باتەتەگە. لە ڕاس، شێواز هەڵسوکەوت حکومەتەیل و شاروەندەیل کورد، تایبەتی لە دەوران مودرنیتەی سیاسیی لە ئێران بەسریاسە چەندین فاکتەر فرە کارگەر مێژوویی واتە، فاکتەرەیلێگ جوور هژمۆنی ئاییینی، نەبوون یەی حکومەت خۆجەیی کوردی، لە ناوبردن ناوەندداری یارسان و وەناوەندبوون کرماشان جوور ناوەند کوردستان شیعە، دابڕان سیاسیی لە کوردستان سونی و هەر ئەیجوورە تاویان کورد شۆڕشگەر هەڵگر هوورمان کوردایەتی لە مودرنیتەی ناوینی لەی ناوچانە، جوورێگ فەرهەنگ ئەرا زاڵ بوون فەرهەنگ باڵا دەست ئەوەیتر ساز کرد. لێرە من نیەتوام تەنیا «پێکهاتەیل « وەرپرس بزانم، بەڵکوو کارلێکەرەل کوردیش بێ‌تاوان نین و پێویستە جوور یەی گەردیان دیالکتیکی تماشای ئەی بابەتە بکەیم.
لە لای تریش عەقڵانییەت مێژوویی و فام نەتەوەیی مرۆڤ کورد وەگەرد نەتەوەیل سەردەست هاوسای فرە جیاوازە. تورک و عەرەب و فارس جوور سێ نەتەوەی خاوەن دەسەڵات سیاسی، بەشێگ لە ئیمپراتۆریەت زەینی خوەیان لە ناخ مرۆڤ کورد چەسپاننە. لەواقع کۆمەڵگەی کوردی لە دریژایی مێژو هەمیشە تابلۆی «نە وە شەر یان نە وە داگیرکاری « بەرزاو کردێیە و قەناعەت وە هێمنی هاوردێیە. نیەووشم ئی خسڵەتە هەڵەس، بەڵکوو توام بووشم ئی خسڵەت کارگەری نەرینی لە بان زەین کورد نایە و بێدەسەڵاتێ کردێیە. ئێسە پرسیار برێگ کەس یەسە: ئەرا کۆمەڵگای کوردی بەردەوام خوەی لە وەرگری و بەرپەرچدانەوە دوونێ و هێرشبەر نەوویە؟! لای من وەڵام ئی پرسیارە ئەڵگەردیەیدەو وە فام مێژویی و مەعرفەی ئاشتیخوازی مرۆڤ کورد لە بازنەی زەمان. برێگ ئووشن، دیارە ئاخ کوردستان پڕە لە نێمەت خوداوەندی و ئەیە بیەسە هووکار تا مرۆڤ کورد بوودنە خاوەن رۆح ئارام و ئاشتیخوازێگ؛ وڵام وەپێچوانەی ئی شرۆڤە بایس بووشم جیا لە ئەو خاڵەیلە، هووکار سەرەکی ئاشتیخوازی نەتەوەی کورد و بەردەوام لە سەنگەر پاوەگەزدان بوونێ،

ئەڵگەردیەیدەو شکست مێژویی مرۆڤ کورد لــە ناو خوەی و کۆمەڵگاگەیا تا ئەو ڕادە ک نەتوویەنسیە لە دریژایی مێژوی نەتەوایەتییا مەعرفەی هێرشبردن درس بکەی و لانکەم لە وەڵام دەســوەردان ئەوانەیتــر، ئانتی تز هێرشــبردن و داگیرکردن کاتی یا هەتایی ساز بکەید!

هــەر وەی خاتــرە ئەگــەر ئیمــە تەنیــا دەسەڵاتەیل سەردەست قاجار و پاڵەویی یا کۆمار ئسلامی وە هووکار یە بزانیم ک ڕێگر بینە لە وەراوەر شــوناس و زوانمان، ڕێیەگە وەهەڵە چیمنــە. کارکرد حکومەتەیل دیارە و گشــتی داگیرکەرن و سەرمایەی وڵاتمان چەپاو کەن و هانە شــوون ڕپلیەی خوەیان، ئەی ئیمە چە کردیمنە!

*چەند جارێک باستان لە پەراوێز خســتنی ئەو ناوچانە لە خیتابی سیاسیی کورددا کرد، بە روونی مەبەستتان چی بوو؟*



بەڵێ بەداخەوە، وەختێگ ئەمروو لە ناو ختاب سیاسیمان هەمەدان و لوڕســتان و بەختیــاری سرپمنەســە، واتەی ئەوەسە کە شەرعیەت دەیمنە سیاسەت داگیرکاری وە زوان خۆمان بەش فرێگ لە نیشــتمانمان خەیمنە باوش ئــەوان. لە دیو باشــووریش هەر ئی هەڵەی کوشــندە کریا کاتێگ ئاماژە وە سنور باشور کوردســتان کریێد ئووشــن (لــە زاخۆ تا خانەقیــن). یەیش لە حالێگــە ک لەنێوان خانەقین تا دوواســنور کوردســتان سەدان گونــد و چەندیــن بەخشــو دوو شــار تر کوردســتان هەن واتــە (١٠٢٣۶ کم٢) ی خاکی کوردســتان لە پشــت خانەقینە. ک رووبەر ئەو ناوچە وە قەد پارێزگای کەرکوکە.
وە گشــتی لــە لای رۆژهەڵاتیش لەلایەن دەســەڵات سیاســیی و میدیایی کوردەوە ناوچەیــل بەختیاری، لوڕســتان، هەمەدان خریانەســە پشــت گــووش و یە نورسـن کوشەندێگە و پاساویش کەیمنە ئەیە کە ئەو ناوچەیلە، خوەیان وە کــورد نیەزانن، بەڵام دی ئەوە لەوەر چــەو نیەگریمن، یەکم ئەو خــاک و میلکانمانە، دووهەم ئەو مەردمە لە ماوەی سەد ساڵ وەرین وە شێوەی جیاواز، چ سیاســی، پەروەردە، کوشــتن و برین و زندان، هەوڵ دانە کوردبــوون لە وجودیان بکوشــن. هاوکاتیش ئیمە تیەیمن قســەی یەی چالاک فەیک تۆرە کۆمەڵایەتیەگان یا کەسێگ ک نەوکەری بێگانە قەبوول کردێە کەیمنە فاکت، بەڵام نووســین کەســایەت گەورایگ جور سەردار ئەسعەد بەختیاری لە وەرچەو نیەگریمن ک ســەد ساڵ لەیەوەر بەختیاری وە پێکهاتێگ لە کورد ناو بردێە.
وە گشــتی بایس بووشــم ئەرک سەر شان بزووتنەوەی کوردیــە بێ هیچ منەتێگ کار لە ســەر هوشیارەو کردن ئەو کۆمەڵە بکێد، لە هووریشــەو نەوەیمن ک هەر ئەوان بوون وەرجــە هەر کەســێگ لە روو سیاســەت پانئێرانیزم و داگیرکاری رزا شــاهـ وســان، لەعەلی مەردان خان بەختیاری تا قێەم خێر و شــامگە رزا خان و ئەمیر مەخســوس و... وەلێ ئەمرو چ وە ســەر نەسل دووای ئەوان هاتیە؟!

واتە وە پرۆژە و بەرنامە کاریگەری لەسەریان درووســت بووە و بایس وە پرۆژە و بەرنامە ئەو کاریگەریە بســڕییدەو. جی ئاماژەیشــە نیەود هەر ئەو نووڕســنە سەبارەت وە پرس کورد لە مەریوان و بۆکان و مەهاباد دیریمن، ئەو نسخەیشە ئەڕا کرماشان بپێچیمن، ئەڕا ئی کارە بایس نوڕســنمان وەپەی ناسیایی لە تایبەت مەندیــەل فەرهەنگی کۆمەڵگا و دەروناسی تاکەگانی بود.

*دیارەدەی نووســین بە زمانی فارســی لەنێو نووسەرانی کرماشان هەتا ئێســتا دیاردەیەکی باوە هــۆکاری ئەو*

*دیاردەیە چییە؟*



گرامشـــی لـــە بەیـــان چەمک هووری خوەی وەناو «هژمونی »، وەرچەرخانێـــگ لـــە ئەدەبیات سیاســـی «مارکســـیزم ناجەبرگەر » وەدی تیەرێـــد، ئیمەیـــش توونیم ئەڕا ســـازین وەرساختێگ لە تیۆریەیل ئەوپەڕ جهانگیری سبارەت وە «شـــوناس کورد »، کەڵک وەڵیٚ بگریم. گرامشـــی لـــە پێناســـەی «ڕپڵیە » ئووشێد: ڕپڵیە تەنیا سەرکوت و وەکار بردن زوور لەلایەن دەســـەڵات سەردەست نییە، بەڵکوو ڕپڵیە وەناو ڕوو پووچ کردن داشتمەیل خـــوەی ئاگابوونیـــش گرێدەوەر کـــە لەوانە فەرهەنگ، ئەدەبیات و زوان و ... بەشـــێگ لەی مکانیزمەنە. بەشـــێگ لـــەی ڕووانگەی گرامشیە لە ناو «دەبســـتان فرانکفۆرتیش » دوونیەیـــد، وەجوورێـــگ ک ئامانج لە ڕپڵیە وەخـــوەی نوقم بوون کییەتـــی بکەرەیڵ لە ناوەین سیستەم باڵادەست و فەرهەنگ زاڵ، واتا کریەید. ئەوو لە چفت و بەســـت کردن ئـــی تیۆرییـــە، باوەڕیٚ یەســـە: دەســـتەی حکومڕان، ســـەرتر و فراوانتـــر لە فەرهەنگ نەتەوەی سەردەســـت، هوورمان و ڕەوشت سیاســـی خوەیان زاڵ کـــەن وەجورێگ ک تەنیا ئیدئولوژییـــەگ هن گرووهێگ دیاری بووده خاون دەســـەڵات. ئێســـە ئیمە ڕێک تـــووش ئـــی بابەتەیمنـــە ک ئـــی زاناڵیلە مەچەکبەندییٚ کردنە! ئیمە جوور کارلێکەر کەفتیمنەســـە ناو تەنـــگاو هژمۆنیکێگ ک دەســـەڵات سەردەســـت لـــە نـــاو ناخمان چەسپانێیەســـەی. واجبە ئیمە خوەمان لەی تەنگاوە ڕزگار بکەیم و بوومنە خاون «خوەد سیاســـی ». لە ئێســـەوا خوەد سیاسی ئیمە دزریاس و فەرهەنگ سیاســـیمان لە غیاب خوو نەتەوەیی ون کریاس. دیاردەی فارسی نووســـان تەنیا لە ناو ئەوانە باو نییە ک فرە خوەیـــان وەقەرەی کوردبوون نییەن، بەڵکوو لە نـــاو ئەوانەیـــش ک پێداگری لە ســـەر کوردبوون کـــەن و هەڵســـوڕاو کوردنیش، دوونییەید. هەر وەیخاترە ئیمە وەگەرد یەی دیاردەی قوول ســـەروکار دیریـــم ک ئەڕا چارســـەریی هەوەجە وە چەندیـــن فاکتەر کارگەر جوور هێز، دەســـەڵات و ســـەرمایە دیریم.

*ڕەوت ناسیۆنالیزمی کوردی لە کرماشان چۆن دەبینن؟*



فەرهەنـــگ سیاســـیی کورد لە ڕوژهەڵات وە دو ڕەوت و جیاوازا ڕەد بوویـــە. بایـــس ئاگامان لەو گۆڕدراوەیلە ک ئەڕا شیکردن و لێکدانەوەی دووخ کورد ڕوژهەڵات وەکار بەیم، بوودن و واقع مەیدانی و کۆمەڵێگ فاکتەر سیاســـی وجۆگرافی و فەرهەنگی سەبارەت وەی بابەتە لە وەر چەو بگریم. هەر وەیخاترە پێویســـتە بزانیـــم ک تێکچنراویـــی و هاوڕێژەیـــی چەمکەیلێگ جوور کوردایەتی و کورد بوون لە هەر ناوچەیگ چوون وەدەس تیەید و لە چ ئاستێگە تا ئەو کاتە شیمانەیەچ ئەڕا هەر گۆڕدراوێگ پێناسە بکەیم.
وەشـــێواز نەریتی و لە نوێگەرایی هاوچەرخ، وەگشتی پارێزگای ســـنە و ورمیٚ سبارەت وە کێشـــەی کورد تا ڕادەیـــەک نزیکایەتی فکری دیٚرن. ئەگەریش بتوایمن وە گشتیان یەی نورســـن داشتوومن، بێگۆمان کرماشان لە ڕەوت ناســـیۆنالیزم مەنێســـە جی، بەڵام ئەگەر تایبەتمەندیەگانی لە ڕوو سیاســـی و کۆمەڵایەتی لە وەرچەو بگریمن ئەوە توونیم بووشیم مەکینەی ناســـیۆنالیزم کوردی لە کرماشـــان تایبەت لەناو ڕووشـــنهوورەیلی خاس داگیرســـیاس بەڵام ئەڕا کارکردنیٚ لە ســـەر کوومەی مەردم وە گشتی، جوولەی کەم هازێگەو پێویستی وە کۆمەڵێگ ئامرازە کە لە سەرەو باسیان کردیمن.

# «وەرگێڕان»

# وێناکردنی کورد لە مێژوونووسیی فارسیدا*

## «نموونەی سمکۆ»

کەماڵ سلێمانی

و: بێهرووز شوجاعی

*لەو بڕوایەدام ... وەکو مێژوو، ئۆتۆبیۆگرافیای ناسیۆنالیزم لە بنەڕەتدا سەقەتە.*

*Partha Chatterjee*[1]

*بەهەڵەتێگەیشتن لە مێژوو، پێشمەرجی مێژوونووسیی ناسیۆنالیزمە.*

*David McCrone*[2]

ئامانجی ئەم وتارە شیکردنەوەی مامەڵەی مێژوونووسیی ناسیۆنالیستیی فارس لەگەڵ سیاسەتە نەخوازراوەکانی ئێتنۆ-ناسیۆنالیستییە. بۆ ئەم مەبەستە نموونەی شۆڕشی سمایل ئاغای شکاک، ناسراو بە سمکۆ و هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆم لە ڕۆژهەڵات هەڵبژێردراوە. لێرەدا دەبێ دەستنیشان بکرێ کە گێڕانەوەی فەرمی و مێژوونووسیی ئێتاتیست (دەوڵەتگەرا) وەکو یەک لەقەڵەم دراون. هەروەها لە هەندێک پارچەهێڵی وتارەکەدا بۆچوونی خۆم لەمەڕ پێناسەی ناسیۆنالیزم ڕادەگەیەنم. ئەم گوتارە هەروەها هەوڵ دەدات ڕووناکی بخاتە سەر هاوتەونی (کۆنتێکست)ی مێژوویی خەباتی سیاسیی کورد لەژێر ڕێبەرایەتیی سمکۆ و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگە غەیری-کوردەکان لە هەرێمی دەریاچەی ورمێ. جگە لەوە، هەوڵێکیش دەدەم بۆ شیکردنەوەی دەوری مەزهەبی شیعە و سوننی لە وێژمانی ئێتنۆ-ناسیۆنالیستیی کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناوچەکەدا. لە کۆتاییدا، بە ڕێگای ئانالیزکردنی گێڕانەوەی سەردەست، هەوڵ دەدەم پێگەی سمکۆ و سیاسەتی کورد لە مێژوونووسیی فارسیدا ڕوون بکەمەوە. دەبێ تێبینیی ئەوە بکرێت کە وێناکردنی هەر گرووپێک وەکو ناسیۆنالیست لەلایەن منەوە، هیچ بارێکی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی بە خۆیەوە ناگرێت. بەڵکو مەبەستم بەرجەستەکردنی بۆچوونی نکۆڵیکارانەی باڵادەستە لەمەڕ مەیلە ئێتنۆ-ناسیۆنالیستییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئێراندا. ئەو کەیسەی کە لە سەرنجی ئێمەدایە ڕاپەڕینەکەی سمکۆیە و لێرەدا لێی ورد دەبینەوە.

سەرەڕای مەیلی گشتی بۆ ڕەدکردنەوەی کاریگەریی سمکۆ لەسەر مێژووی کوردی ڕۆژهەڵات، ئەو ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی کرد کە یەکەمین خوێندنگای لە ڕۆژهەڵات کردەوە، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی-فارسیی بڵاو کردەوە و کوردیی کردە زمانی فەرمیی قەڵەمڕەوی حوکمڕانییەکەی، ئەوە لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی سمکۆ بوو کە بوو بە بناغەی دژایەتیی نێوان گێڕانەوەی فەرمی و نیوە-فەرمیی دەوڵەت و گێڕانەوەی ناسیۆنالیستیی کورد لە ئێران. سەردەمی دووەم دەوڵەتانی دەوروبەرە کە هەوڵیان دا سنووری سیاسی و ئەرزییان ڕێک بخەن و کورد لە دژی ئەم پرۆسەیە وەستانەوە، هەرچەندە بەبێ ئەوەی ئایدیۆلۆژی، یان پرۆژەیەکی یەکدەستیان هەبێت. لە کاتێکدا دەوڵەتی ئێران هێزی سەربازی، ئابووری، دەزگایی، کولتووری/پەروەردەییی خۆی ڕێک دەخست، لایەنی کورد تەنیا هەندێک کاردانەوەی پچڕپچڕی لە بەرانبەردا نیشان دەدا. سیاسەتی کورد توانای وەگەڕخستنی ماتەوزە (پۆتانسیەل)ی نێوخۆیی و یارمەتیی دەرەکیی نەبوو.

لەوانەیە نەبوونی ئینتیلیجەنسیایەکی (چینی ڕۆشنبیر) بەهێزی خۆماڵیی کورد، وەکو یەکێک لە گەورەکەماسییەکان لە کاردانەوەی کورد لە بەرانبەر پرۆژەی نەتەوەسازیی دەوڵەتی فارسدا لەقەڵەم بدرێت. پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئێراندا زۆر بە جددی بە دانیشتنی خانەدانی پەهلەوی لەسەر تەختی حوکمڕانی لە ساڵی ١٩٢٥دا دەستی پێ کرد. بەدوای ئەوەدا دەوڵەتی ئێران بە ئاواتی لەناوبردنی

هەموو جۆرە جیاوازییەکی کولتووری و ئێتنیکی کە لەوانەیە ببوونایە بە بنەمای داواکاریی سیاسی لەلایەن گرووپە ئێتنیکییەکانەوە، بە بەرتەسککردن و بەدەرکردنی بەستێنی سیاسی، دەستی بە پرۆژەی یەکینەسازیی کیانی سیاسیی خۆی کرد. واتە نەتەوە-دەوڵەتی فارس دەستی کرد بە هەڵمەتی تاکسانی (singularizing) هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە جوغرافیای ئێستای ئێراندا هەن و ئەم پراکتیکە بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی «دیترانی» نەخوازراوی سووککراو لەناو قەڵەمڕەوی ئەرزیی ئێراندا. لە هاوتەونی ئێرانیدا بەپێی ڕێوشوێنە ئەمنییەکانی دەوڵەت، ڕاگواستنەوەی بەردەوامی گەلانی پەراوێز و تەنانەت لەناوبردنی فیزیکییان کە وەکو سیاسەتی دەرگای دارین (تختە قاپو) ئاماژەی پێ دەکرا، بووە دەرەنجامی ئەم سیاستە.[۳]بەم شێوەیە، وێژمانی دەوڵەت بە نیەتی لێڵکردن و شاردنەوەی مەیلە سیاسییەکانی دژە-ناوەند، نارەزاییی ئێتنۆ-ناسیۆنالیستیی غەیرەفارسی وەکو تریبالیزم (خێڵگەرایی)[۴]پێناسە دەکرد. ڕێبازی مامەڵەکردنی مێژوونووسیی فارسی لەگەڵ بەرخۆدانی سمکۆ یەکێک لەو نموونانەیە.

## سمکۆ و ناسیۆنالیزم

ڕێککەوتنێکی جیهانیی ئاکادێمیک لەسەر کێشە و چەمکە گرنگەکانی ناسیۆنالیزم نییە. جان هاچینسن (John Hutchinson) و ئەنتونی سمیت (Anthony Smith) ڕادەگەیەنن کە لەوانەیە «گرفتی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا کێشەی پەیدانەکردنی پێناسەگەلی گونجاو و ڕێکنەکەوتن لەسەر چەمکەکلیلییەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بێت.»[۵] بەکارهێنانی گشتیی چوارچێوە بەرینەکان زۆرجار هەندێک کێشەی دیکە دەخولقێنێت کە دەگەڕێتەوە سەر نامێژووییبوونی ئەو چوارچێوانە و بە ناچاری چاوپۆشی لە تایبەتمەندییەکانی هەندێک بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و داخوازەکانیان دەکات. بێنێدیکت ئاندرسن (Benedict Anderson) ئاماژە بە ئالۆزیی ناسیۆنالیزم وەکو شتێک کە لە هەرشوێنێک هەیە و لە هەرشوێنێکیش ڕوخساری تایبەتیی خۆی ڕادەگرێت[۶]دەکات. سمیت پێداگری لەوە دەکات کە لەبەر ڕێککنەکەوتنی گەورە لە کات و شوێندا، دانانی چوارچێوەی تیۆرییەکی گشتی لەسەر ناسیۆنالیزم ئەستەمە.[۷] هەروەها «ناسیۆنالیزمە غەیری-ڕۆژئاواییەکانیش پاشان شیکردنەوەی لۆکالیی خۆیان لەسەر هەمان گێڕانەوە بەرهەم دێنن و لەجیاتی «ئەوروپا» ناوەندێکی خۆماڵیی خۆیان بنیاد دەنێن.»[۸] کاتێک دێینە سەر تاوتوێکردنی سەرەتای پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی کوردی، یان دەستنیشانکردنی ئەوەی کە کامە هەڵمەتی سیاسی، یان ڕاپەڕینی مۆدێرنی کورد دەبێ وەکو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دەستنیشان بکرێت، مژارەکە ئالۆزتریش دەبێت.[۹] بەڵام لێرەدا هەروەکو زۆر شوێنێکی دیکە، ئێمە ناسیۆنالیزم وەکو قەراردادێک پێناسە دەکەین کە لەپێناویدا «کۆمەڵگایەکی خەیاڵی» داوای مافی «ڕێکخستنی نەتەوەیی و سیاسی» دەکات (وکوو گوتە بەناوبانگەکەی گێلنر).[۱۰] «بەپێی قەراردادێکی وا خۆ-ئیرجاعیی کۆمونال (جەمعی)، لە کردەوەدا بناغەی ڕەوا بۆ داواکاریی سیاسی و داخوازە خۆ-بەڕێوەبەرییەکانی کۆمونال پێک دێنێت.»[۱۱] بۆیە هەر ڕاگەیاندن، یان «درکاندنێک، چ دینی و چ غەیری دینی کە مافە کۆلێکتیڤەکان (بەکۆمەڵ) بە خۆ-ئیرجاعیی کۆمونالەوە ببەستێتەوە، مۆدێرن و ناسیۆنالیستییە و دەکەوێتە ناو پارادایمی سیاسەتی ناسیۆنالیستییەوە.»[۱۲] لەسەر

هەمـــان ڕێباز، ئەم گوتارە ســـمکۆ دەخاتە نـــاو ســـنوورەکانی خانەی ناســـیۆنالیزمی کوردییـــەوە. وەکـــو پێشـــتر ئامـــاژە کرا، نیســـبەتدانی ناســـیۆنالیزم بە گرووپ، یان بە کەســـێک، نابێ وەکو هەڵسەنگاندنێکی ئەخلاقی لەقەڵەم بدرێت. مەبەســـت لێرەدا زیاتـــر تیشکخستنەســـەر ســـەردەمێکی دیاریکراوی مێـــژووی کوردی ڕۆژهەڵاتە بە نیەتی شیکردنەوەی هاوتەونی کۆمەڵایەتی-سیاســـی کە بوو بە هۆکاری ناکۆکیی نێوان کورد و دەوڵەتی فارس. ئەم گوتارە پێداگری لەوە دەکات کە ســـمکۆ هەم سیاسەتێکی ئاگایانـــەی لەســـەر بنەمـــای جیاوازیـــی کۆمونـــاڵ هەبوو، هەمیش لەســـەر هەمان بناغە، ئەو سیاســـەتەی لەپێناوی ڕەوایەتیی ویژمانـــی بەدەســـتهێنانی خۆبەڕێوەبـــەری بنیـــات نابوو. لە ماوەی ١٦ ســـاڵ خەباتی سیاســـیی ســـمکۆدا کۆمەڵێک گـــۆڕان لە سیاسەتەکەیدا دەبینرێن. هەرچەندە سمکۆ دەستپێشـــخەری چەندین «یەکەم» بوو لە مێژووی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام داهێنانەکانی بە گشـــتی چاوپۆشـــییان لێ کراوە. سمکۆ لە ناوچەیەکی پڕ لە ناکۆکیی ئێتنیکی و دینیدا لەدایک ببوو. بەڵگەکانی بەردەست دەیســـەلمێنن کە سمکۆ ئاگادار بوو لە سیاســـەتی هاوکاتی خۆی و ئاراستە دیارکەرە سیاسییەکانی ئەوکاتە. وێناکردنی ســـمکۆ وەکو سەرۆکخێڵێکی یاغی کە هیچ ئاواتێکی ناسیۆنالیســـتیی نەبـــێ ـ کە زۆر جاریش وا وێنا کراوە ـ زۆر پرســـیار لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەبێ وەڵام دەهێڵێتەوە.[١٣] بۆ نموونە، بۆچی ســـمکۆ یەکـــەم خوێندنگای لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان کردەوە؟ بۆچی خوێندنگاکەی نە بە فارسی بەڵکو بە کوردی کردەوە؟ بۆچی ســـەرۆکخێڵێکی ئاســـایی زەحمەتـــی بڵاوکردنـــەوەی ڕۆژنامەیەکـــی کـــوردی بە خۆی دەدات؟ بە تایبەت ئەگەر ئەو ڕاســـتییە لە بەرچـــاو بگرین کە زمانی کـــوردی ســـتانداردیزە نەکرابوو و ئاســـتی خوێندەواریی کـــوردی لەنـــاو کورداندا لە ئاســـتی خوێندەوارییان لە فارسیشدا کەمتر بوو، بۆچی ســـمکۆ ڕیسکی ئەوەی کرد کە ڕۆژنامەکـــە بـــە زمانی دایکـــی بێت، نەک بـــە فارســـی؟ چ هۆکارێک بوو بـــە پاڵنەر بـــۆ ئەوەی کـــوردی وەکو زمانـــی فەرمیی هەرێمی ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بە کار بێنێ؟ بۆ شـــیکردنەوەی هەندێک لـــەم مژارانە، با ســـرنجێک بدەینە چیرۆکی ژیان و ڕوانینی سیاسیی سمکۆ.

## مێژووی ژیان و سیاسەتی سمکۆ

پـــاش تێـــرۆری براگەورەکـــەی جەوەرئاغا بـــە فەرمانـــی وەلیعەهـــدی قاجـــار و بە جێبەجێکردنی لەلایەن ‹نظام السلطنە›وە، حاکمـــی تەورێـــز لـــە ســـاڵی ١٩٠٥، ســـمکۆ وەکـــو ســـەرۆکی هۆزی شـــکاک هەڵبژێـــردرا.[١٤] جـــەوەر ئاغـــا بـــەردەوام پەیوەندیـــی لەگەڵ ئەفســـەرە کوردەکانی ســـوارەی حەمیدییـــەی عوســـــــمانی هەبـــوو.[١٥] بـــە ڕەچاوگرتنی بەشـــداریی ئەفسەرانی ســـوارەی حەمیدییە لە خەباتی سیاسیی کورد لە ساڵانی دواتردا، پەیوەندیی لەو چەشنە دەشـــێ گرنگییەکی مێژوویی لەمـــەڕ هۆشـــیاریی ئێتنۆ-نەتەوەیی کورد هەبووبێت.[١٦] لە کاتـــی کوژرانی براکەیدا، ســـمکۆ کە دەبێ لە تەمەنی بیســـتەکانیدا بووبێت، وەکو سەرۆکی دووەم گەورەهۆزی کورد لـــە ڕۆژهەڵاتدا هەڵبژێردرا.[١٧] حەوت ســـاڵ پاش هەڵبژاردنی وەکو ســـەرۆکهۆز، سمکۆ بۆ ڕووســـیا بانگهێشـــت کرا. لەوێ لەلایـــەن فەرمانداری تفلیســـەوە بە ڕێژەی ســـەربازیی سوارەوە پێشـــوازیی لێ کرا.[١٨] ســـاڵێکی دواتر، بە یارمەتـــی و ڕێنوێنیی عەبدولـــڕەزاق بەدرخان، کە سیاســـییەکی بەناوبانگـــی ئەوکاتـــەی کوردســـتان بوو، ســـمکۆ یەکەمیـــن خوێندنگای لە شـــاری

خۆی کردەوە. پاشانیش، بەدرخان و سمکۆ هەوڵیان دا خوێندگایەکی دیکە لە شاری ماکۆ بکەنەوە، بەڵام تووشی دژایەتیی بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران بوون.[١٩]

ئەم ساڵانە بۆ بیچمگرتنی هۆشیاریی ئێتنیکی و هزری سیاسیی سمکۆ فرەگرنگ بوون، هەرچەندە ئاواتی تۆڵەسەندنەوەی براکەی هێشتا بەسەریدا زاڵ بوو. لە هەمان کاتدا لەگەڵ دیارترین کەسایەتیی خوێندەواری کورد، واتە عەبدولڕەزاق بەدرخان کاری دەکرد کە لە سەردەمی خۆیدا بەئەزموونترین ڕێبەری ناسیۆنالیستیی کورد بوو. لە ساڵی ١٩١٢-١٩١٣، بەدرخان لەگەڵ سمکۆ بۆ کردنەوەی خوێندگای کوردی لە شاری خۆی داوای پشتگیریی لە چیرکۆف، جێگری کونسوولی ڕووسیا لە ورمێ کرد. سمکۆ ٢٩ منداڵی کوردی تەمەن ٨-١٠ ساڵانی کۆ کردەوە و ٤٠ کەس لە پیاوەکانی بۆ پاسەوانیی خوێندگاکە دەستنیشان کرد.[٢٠] سمکۆ تەنانەت نامەیەکی تایبەتی بۆ دەربرینی سپاس و پیزانین بۆ تزاری ڕووسیا نارد.[٢١] وەکو دیارە، بەدرخان هاوشێوەی زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی هاوچەرخ لە هاوتەونی عوسمانی و قاجاردا، مەیلی بۆ کولتووری ڕووسی پەیدا کردبوو، تەنانەت ببووە لایەنگەری ئیدەی نووسینی کوردی بە ئەلفبێی کیریلیک (ڕووسی). ئەمە ئاگامەندیی بەدرخان لە ڕەوتی ناسیۆنالیستی و ڕۆشنبیری لەناو فارس و تورکدا نیشان دەدات. ئەم ڕووناکبیرانە لایەنگرییان لە بیری ڕیفۆرمی زمانەوانی و ئەلفبێ دەکرد کە ببێتە ئامرازێک لەپێناو گەشەپێدانی خوێندەواری و لەناوبردنی کارتێکەریی «ئەوانی دیکە» لەسەر زمان و کولتووری نەتەوەیی. بە بۆچوونی بەدرخان خۆگونجاندن لەگەڵ کولتووری ڕووسی باشتر بوو لە بەرانبەر برشت (نفووز)ی عەرەبی، فارسی و تورکی. بۆیە داوای یارمەتیی لە زانا ڕووسەکان کرد بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی کوردی-ڕووسی و کریلیزەکردنی ئەلفبێی کوردی.[٢٢] هاوتەریب لەگەڵ هەمان بۆچوون، داوای کرد کە ڕۆژنامەیەکی کوردی بڵاو بکرێتەوە و بەشێکی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە سەنت پێتێرزبورگ بکرێتەوە.[٢٣] ئەدەن نەبی، لە گوتارەکەی بە ناوی «یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ئێران»دا بەبێ ئاماژە بە دەوری سمکۆ، ڕادەگەیەنێت کە بەدرخان ڕۆژنامەیەکی لە ساڵی ١٩١٢دا بڵاو کردەوە.[٢٤] هیچ ئاسەوارێکی ڕۆژنامە کوردییەکەی ساڵی ١٩١٢ نەدۆزراوەتەوە. تەنانەت نەبی کە باسی تورجانیزادەش دەکات، ناوی سمکۆ ناهێنێت، لە حاڵێکدا تورجانیزادە کاری بۆ سمکۆ دەکرد و دوو لە گوتارە ئەستوونییەکانی بە ناوی قازیی دەسنیشانکراو لەلایەن سمکۆڕا بڵاو کردووەتەوە. ‹محەمەد تەمەدون›، ڕۆژنامەوانێکی ورمێیی، هاوچەرخی سمکۆ، وردەکاریی باشی لەسەر ڕۆژنامەکە خستووەتە بەردەست. ئەم ڕۆژنامەوانە ڕادەگەیەنێت کە سمکۆ دەستی بەسەر چاپخانەی «تەمەدون»دا گرتبوو بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکەی خۆی بە ناوی «کورد» لەوێ چاپ بکات.[٢٥]

دەبێ ئاماژە بکرێت کە بەدرخان بە ئاشکرا سیاسەتێکی یەکپارچەخوازیی هەبوو. هیچ یەک لە هاوچەرخەکانی، بە ئەندازەی بەدرخان لە ڕۆژەڤەکەیدا جەختیان لەسەر یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان نەدەکرد. یەکێک لە ئەستوونەکانی ستراتێژیی سیاسیی بەدرخان «ئازادکردن و گەڕاندنەوەی هەموو خاکی کوردستان بەبێ دەستدرێژی بۆ سەر خاکی ئێران و تورکیە بوو.»[٢٦] بێگومان، هیچ زانیارییەک دەربارەی «سنووری بەمسۆگەری دیاریکراوی» نیشتمانەکەی لە زەینی بەدرخاندا،

لەبەردەست نییە. سمکۆ مەیلی لەسەر پلانە دوورمەوداکەی بەدرخان بۆ سەربەخۆییی کورد هەبوو. تەنانەت، تا ئەوکاتەی ناکۆکییان لەسەر سیاسەتی رووسیا کەوتە ناو، سمکۆ لایەنگرێکی بەپەرۆشی خەباتی بەدرخان بوو. یەکگرتنە کورت-ماوەکەیان کاتێ گەیشتە کۆتایی کە بەدرخان هەوڵی دا کۆمەڵەی تازەدامەزراوی کولتووریی «گەهاندن» بکاتە حزبێکی دژە-عوسمانی و لایەنگری تزاری رووس.[٢٧] محەمەد رەسوول هاوار لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەنووسێ کاتێک سمکۆ خەریکی کۆکردنەوەی زەکات بۆ خوێندنگاکە بوو، بەدرخان دەیەویست کوردەکان دژی عوسمانی چەکدار بکات. لەم قۆناغەدا سمکۆ لە دژی بەدرخان راوەستا، ئستیدلالەکەی ئەوە بوو کە پارەکە دەبێ لەجیاتی کوشتنی چەند سەربازێکی عوسمانی، تەرخان بکرێت بۆ خوێندنگا و هەڵمەتی پەروەردەیی. بە باوەڕی سمکۆ هەڵمەتێکی چەکداری لەو چەشنە خزمەتی بەرژەوەندیی کوردی نەدەکرد.[٢٨] ئەم رووداوە نە تەنیا دوورهزریی سمکۆ دەسەلمێنێت، هەروەها پیشان دەدات کە سمکۆ چەندە پەرۆشی خەباتی پەروەردەیی و کولتووری بووە. بەڵام، گەورەترین ئالینگار لە بەرانبەر ئەم چالاکییە کولتوورییانەدا «پاراستنیان بوو لە گەلەکۆمەی کاربەدەستانی عەجەم، کە کوردیان پێ کەمێک لە رووسەکان چاکتر بوو. رێبەرە ئایینییەکان و لایەنگرانی ئێران و عوسمانی دەستیان بە پرۆپاگاندەی دژی خوێندنگاکە کردبوو، دەنگۆیان بڵاو دەکردەوە کە گۆیا سمکۆ خوێندنگای کردووەتەوە بۆ ئەوەی خوێندکارەکان بکاتە مەسیحی.»[٢٩]

سمکۆ هەم لەلایەن دۆست و هەمیش لەلایەن دوژمنەکانییەوە بە کەسایەتییەکی بلیمەت و زیرەک ناسرابوو.[٣٠] ‹محەمەد تەمەدون›، کە تورکێکی ئازەریی ئەندامی کۆمیسیۆنی جەنگی ورمێ بوو و بۆ ئەوەی سمکۆ بەچۆکدا بێنێت زۆر خەباتی کردبوو، دەنووسێت، ئەم سەرۆکە سەربەخۆییخوازە «هەرەرۆشنبیرترین کەس» لەناو کورد و ئاسووریی ناوچەکەدا بوو.[٣١] دەوترێ کە جگە لە شێوەزارە کوردییەکان، سمکۆ تورکیی ئازەری، فارسی و رووسیشی دەزانی.[٣٢] بێگومان سرنجی تایبەتی لەسەر کوردی هەبوو و تەنانەت کوردیی کردە زمانی فەرمیی قەڵەمرەوی حوکمڕانییەکەی.[٣٣] چالاکییەکانی سمکۆ کاربەدەستانی قاجاری زۆر تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو. بۆیە، بەرێوەبەری گومرکاتی تەورێز رایگەیاندبوو کە هەرچەشنە بەڵگەی ئیداری بە کوردی قەدەغەیە و هەرکەسێک کاری پێ بکات تووشی سزای قورس دەبێت.[٣٤] سمکۆ خولیای مۆسیقاشی هەبوو. بۆ نموونە لە ماڵیدا پیانۆ هەبوو[٣٥]؛ وا دیارە، سمکۆ لە ماوەی تەبعیدی لە رووسیا خۆی فێری ژەنینی پیانۆ کردبوو.[٣٦] ‹تەمەدون› دەگێڕێتەوە کە سمکۆ لە وڵاتی بێگانە بە خۆشیی رابواردبوو و حەزی بۆ شانۆ و سینەما پەیدا کردبوو.[٣٧] بەڵام ‹ئەحمەد کەسرەوی›، مێژوونووسێکی لایەنگری رەزاشا، گاڵتە بە سمکۆ دەکات کە گۆیا «نەخوێندەوارە» کەچی داوای سەربەخۆییی کوردیش دەکات.[٣٨] ئەمە لە کاتێکدا کە نە ‹کەسرەوی› و نە دژمنەکانی، ناسیۆنالیزمی رەزاشایان نەدەبردە ژێر پرسیار، سەرەڕای ئەو راستییەی ـ بەپێی نووسینی ‹ئەمین بەنانی›ی مێژوونووسی فارس، رەزاشاش «خوێندەوارییەکی وای نەبوو و نووسین و ئیملاکەیشی سووژەی زۆر نوکتەی پێکەنیناوی نێو کۆڕ و مەجلیسان بوو.»[٣٩]

## سمکۆ و ناکۆکیی کۆمونال

لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، سمکۆ و یاوەرانی وریا بوون و خۆیان لە تێکەڵاوبوون

له هەرجۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک دەپاراست. بەڵام دژایەتیی ئێتنیکی-دینی هەر دەچوو زیاتر دەوبوو بەپێی نووسراوەکانی مێژوونوس مایــکل زیرینســکی (Michael Zirinsky) گەیشــتە ئەو ئاســتە کە «لەژێر گوشــاری هیستریای شــەردا، هەموو مەسیحییکانی ورمێ شــەڕەکەیان وەکو شــەڕێ ئیسلام بە ڕابەرایەتیی عوســمانی و مەســحییەت بە ڕابەرایەتیی ڕووســیا پێناسە دەکرد.»[۴۰] پێشــڤەچوونە تازەکان هێشــتا شەڕەکەی بەگورتر دەکرد. زیرینســکی ڕادەگەیەنێت کــە «لــە مــاوەی شــەڕدا ... ڕووســیا لە ڕۆژهەڵاتــی ئاناتۆلیا شــەڕێکی گەلکوژی دەکرد و نزیکەی هەشتا لەسەدی[۴۱] گەلی کوردی ئەو ناوچەیــەی قەتڵوعام کرد.»[۴۲] جا گەلانــی ناوچە، لە شــەڕەکەدا لایەنگر بووایەن، یان بێلایەن، باجێکی گەورەیان لە دژایەتییەکانی نێوان دەوڵەت و زلهێزەکاندا دا. لە نێو شەڕەکە و پاش شەڕەکەش، گەلی مەسیحی لە وار و شــوێنیان ئاوارە کران و پەنایان بۆ شــوێنی دیکە بــرد کە خەڵکی ئەو دەڤەرانە نە ویستیان هەبوو، نە توانایی یارمەتی بۆ دابینکردنی سەرپەنا بۆ کۆچبەرە مەســیحییەکان. نزیکــەی «۵۰ هــەزار ئاســووریی هەکاری (جیلۆ، بە ڕابەرایەتیی مارشــەمعوون [مارشــیمۆن]) و ئەرمەنی [شــاری] وان پەنایان بردە دەشتی ورمێ. لەبەر ئەزموونی تاڵی شــەڕ هەم زۆر هەژار بوون، هەمیش زۆر دژەموسڵمان.»[۴۳] لەبەر نەبوونی دەســەڵاتی دەوڵــەت، هەرێمەکە کەوتــە بەر ڕوحمــی بەربەرەکانێی تایەفی و هاوپەیمانیگەلــی نوێ بەپێی هێڵی دینی دامەزران.[۴۴] هەم سمکۆ و هەمیش دەوڵەتی قاجار ئەرمەنییان وەکو هەڕەشە دەدیت؛ لە هەمان کاتدا، لە نێوان کورد و ئاسوورییشدا لەســەر کۆنترۆڵی ورمێ کێبڕکێ هەبوو.[۴۵] بەپێــی ڕاپۆرتەکانی بەڵگــە بریتانیاییەکان «ورمێ و دەشتە بەپیت و بەرەکەتەکەی هەم

ئاوری چاوی برسیی سمکۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، هەمیش گیانی بزوێنی دەوڵەتی کۆرپەلــەی ئەرمەنــی.»[۴۶] دەوڵەتی قاجار تەنیا بەناو حــوزووری لە ناوچەکەدا هەبوو، لەوانەیە دەوڵەت قەولی جۆرێک ئۆتۆنۆمیی دابێتە ســمکۆ و بەم شــێوەیە هانی دابێت بۆ ئەوەی لەدژی مەســیحییەکان چالاکی بکات.[۴۷] جۆر و ناوەڕۆکــی ڕێککەوتنێکی وا لە بەردەســت نییە، بــەڵام بە ئەندازەی پێویست بەڵگە لە بەردەستە کە بسەڵمێنێت دەوڵەتی قاجار، ســمکۆی بۆ هێرشــبردنە ســەر مەســیحییەکان هان دابێت. کاتێک «قەڵای ســمکۆ ... داگیر کــرا، بەڵگەیەکی زۆری تاوانبارکەر دۆزرانەتەوە. نامە، لەلایەن کاربەدەســتی باڵای ئێرانیرا ... نێردرابوون و لــە [هەموویان]دا ســمکۆ بــۆ ڕاپەڕین دژی مەســیحییەکان هان درابــوو.»[۴۸] بە هاندانێکی وا، ســمکۆ بە گەلەکۆمە ڕێبەری ئاســوورییەکان مارشــیمۆن دەخاتــە تەڵە و دەیکــوژێ. لــە یەکێک لــە هەڤپەیڤینە دەگمەنەکانی کە ســمکۆ لەگەڵ موستەفا یامولکیدا کردووە پێداگری لەوە دەکات کە مەسیحییەکان بە یارمەتیی ئەوروپاییەکان بەنیاز بوون دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنن و کوردەکان لەو ناوچەیە پاکتاو بکەن.[۴۹]

وا دیارە مارشــیمۆن هیوایەکی زۆری بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانیی نێوان ئاسووری و کــوردەکان هەبــووە. بەپێی نووســینی ‹کەســرەوی› لە ســاڵی ۱۹۱۸دا، کاتێک مارشیمۆن چاوی بە سمکۆ دەکەوێت، بەبێ ئەوەی لە گەلەکۆمەکــەی ئاگادار بێت، بە سمکۆ دەڵێت:

ئەم خاکە کە بە کوردستان ناو دەبرێ، نیشــتمانی هەموومان بووە، بەڵام جیاوازیی دین ئێمەی لە یەک جیا کردەوە و ئێمەی خســتووەتەوە ئەم دۆخەوە.[۵۰] ئێستا دەبێ دەست بە دەســتی یەک بدەین و جارێکی دیکــە وڵاتەکەمان بســتێنینەوە و پێکەوە

بژین.[٥١]

ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە ڕاست بێت، باوەڕی ڕاستەقینەی مارشیمۆن بە یەکبوونی ڕەگ و ڕیشەی ئێتنیکیی کورد و ئاسووری ئاشکرا دەکات و هەستە ئێتنۆ-ناسیۆنالیستەکەی دەبێ فاکتۆری بەرجەستەی هەوڵ و تەقەلاکەی بۆ گەڕان بە دوای بۆ هاوپەیماندا بێت. مارشیمۆن دەبێ ئاگاداری ئاواتی سمکۆ بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ بووبێت، دەنا نە باسی ئایدیاکەی دەکرد نە ئەو ئایدیایەشی دەکردە بنەمای یەکگرتنەوە لەگەڵ کورد. بەڵام کردەوە بێڕەحمانەکەی سمکۆ و کوشتن و برینەکانی دواییش ئاستی ناکۆکییە کۆمونالەکانی بەرزتر کردەوە و ڕێگەی لە «هاوپەیمانییەکی ئێتنیکی» گرت. پاش هەڵاتنی دڵتەزێنی ئاسوورییەکان کە لە دەوای پاشەکشەی ڕووسەکان لە ورمێ ڕووی دا، سمکۆ بوو بە بەهێزترین پیاوی ناوچەکە. لەساڵی ١٩١٨دا، موکەڕەمولملک، «نایب الایالە»ی ورمێ پیلانی کوشتنی سمکۆ دادەڕێژێ و قۆتییەکی شیرینیی ژەهراوی بۆ دەنێرێت. هەوڵەکە لەجیاتی سمکۆ گیانی براکەی دەستێنێ[٥٢] و زیاتریش سمکۆ لە دەوڵەت نامۆ دەکات و هانی دەدات بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانی ناوچەیی لە دژی دەوڵەت. بە باوەڕی سمکۆ «بۆ کورد ورمێ گرنگییەکی ڕەهای هەبوو.»[٥٣] لە کۆتاییی ١٩١٨دا، بە ئامانجی دەرکردنی والیە نوێیەکەی ورمێ لە شار دەست بە هەڵمەتی پڕۆپاگەندەیەکی هەرێمخوازی دەکات. بەپێی نووسینی ‹تەمەدون› ئەو ڕێبازانەی سمکۆ بۆ پڕۆپاگەندەکەی بەکاری دەهێنا و خودی سرووشتی پڕۆپاگەندەکە ئەوەندە بلیمەتانە بوو کە تەنانەت خەڵکی ورمێی تووشی سەرسوورمان کردبوو. سمکۆ و یاوەرانی، بە تایبەت خەڵکی ورمێیان بەقەناعەت هێنابوو کە دەبێ خەڵکی ناوچەکە خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن.[٥٤] هۆکاری سەرەکیی «ئەو بلیمەتییە» بۆ توانایی ڕێکخراوی سمکۆدا دەگەڕێتەوە و بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرانی کورد لەناو هێزەکانی سمکۆدا کە پێشتر لەناو ئۆردووی عوسمانیدا ببوون. ‹تەمدون› ژمارەیەکی سەد[٥٥] کەسی ـ بەپێی تۆمارەکانی بریتانیا ٢٠٠ کەس ـ ئەفسەرانی هەڵاتووی عوسمانی لەناو هێزەکانی سمکۆدا تۆمار دەکات.[٥٦] مێژوونووسی کورد عوسمان عەلی لەو باوەڕەدایە کە ژمارەیان دەگەیشتە ٣٠٠٠ کەس.[٥٧] لە شایەتحاڵی بە چاوی خۆی، نیشتەجێیەکی بەڕەچەڵەک ئازەریی ورمێ بە ناوی ‹رحمت‌الله خان معتمدالوزراء›، وێنەیەکی بلیمەتانە و ناوازە لە پەیوەندییەکانی سمکۆ لەگەڵ گەلی غەیری کوردی ورمێ دەگێڕێتەوە.[٥٨] بە خوێندنەوەیەکی وردبینانە لە بیرەوەرییەکانی موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) ئاشکرا دەبێ کە کتێبەکەی لە چەندین قۆناغی دوورودرێژدا نووسیوە. (مرۆڤ دەتوانێ هاتنەدیی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان لە تۆنی قسەکانی موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) لە کۆتاییی کتێبەکەدا هەست بکات، بەتایبەت ئەوکاتەی شایەتحاڵی شکستە یەک لەدوای یەکەکانی هێزەکانی دەوڵەت بە دەستی سمکۆ بووە، وەلێ لایەنگریی موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) لە دەوڵەت ڕێگەی لە گێڕانەوەی پەیوەندیی پێچەڵپێچی نێوان سمکۆ و گەلە غەیری کوردەکان لەناو شارەکەدا نەگرتووە.)

تابلۆی گشتی کە موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) وێنای دەکات نیشان دەدات کە خەڵکی ورمێ هەموویان سمکۆیان وەکو دژمنی خوێنی نەدەدیت، ئەم ڕاستییە لەلایەن سەرلەشکەر درەخشانی، فەرماندەی هێزکانی دەوڵەت لە ناوچەکە، پشتراست کراوە. ئەم ژنراڵە دووپات دەکاتەوە

کە زۆرینەی ئێلیتی (نوخبە) شارەکە، بەتایبەت ئەوانەی کە پاشخانێکی سەربازیی قاجارییان هەبوو، حوکمڕانیی سمکۆیان پێ باشتر بوو تا ڕێبەرایەتیی شیعەی ئازەریی هاومەزهەبی خۆیان. درەخشانی هەروەها ڕادەگەیەنێ کە «خەڵکی سەرشناسی ورمێ، بەتایبەت ئەفسەرە قاجارییەکان، موتیعی سمکۆ بوون.[٥٩] دیارە سمکۆ پەیوەندیی باشی لەگەڵ زۆرێک لە کاربەدەست و ئەفسەرانی کۆمەڵگاکەدا هەبووە. سمکۆ، یەکێک لە لایەنگرانی خیابانی، ڕێبەری مەشرووتەخوازی ئازەری، وەکو والیی ورمێ دەستنیشان دەکات.[٦٠] سمکۆ ئاگاداری گرنگیی پشتگیریی محەلی بوو، بۆیە هەوڵی دەدا دڵ و ویستی خەڵکی غەیری کوردی ورمێ وەدەست بێنێت. تەنانەت کاتێک کە خەڵک تووشی نەهامەتی و قاتی و برسێتی ببوون، پێداویستیی بنەڕەتییان بۆ دابین دەکات. بۆ نموونە، موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) باسی ناردنی باری کەشتییەک گەنم بۆ خەڵکی ورمێ دەکات.[٦١] بەپێچەوانەوە، دەوڵەتی تاران لە دوورەوە ڕاوەستابوو و توانای یارمەتیدانی خەڵکی نەبوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خەڵک لەبەر شەڕەکە تووشی نەهامەتیی گەورە ببووبوون و «لەوانەیە چارەکێک خەڵک لەبەر برسێتی و [نەخۆشی] مردبوون.»[٦٢] خەڵک ئەوەندە دەستەویەخەی برسێتی ببووبوون کە دەگێڕنەوە هەندێک جار گۆشتی مرۆڤی مردوویان خواردووە.[٦٣]

لەم هەلومەرجە ناجێگیرەدا، فاکتۆری جیاجیا کارتێکەرییان لەسەر پەیوەندییە کۆمونالەکاندا هەبوو و هەرجارە بەرەو ئاقارێکی نادیار پاڵی پێوە دەنا. هەرچەندە موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) خۆی لە سەنگەرێکی دژبەردا بوو، ددان بەوەدا دەنێت کە بەشێک لە خەڵکی ورمێ لایەنگری هاوپەیمانەتی لەگەڵ کورد بوون.[٦٤] هەروەها، وەکو خۆی ڕادەگەیەنێت، ئەوانەی لایەنگری یەکگرتن لەگەڵ کورد بوون، تەنیا خەڵکی ئاسایی نەبوون، تەنانەت هەندێک ئەندامی فیرقەی دێمۆکراتیش بیرۆکەی یەکگرتن لەگەڵ کورد دژی دەوڵەتی تارانیان پێ دروست بوو. هەرچەندە، بە باوەڕی موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) ئەم بیرۆکەیە «لە بەرژەوەندیی ئوستانەکەدا نەبوو.»[٦٥] سەرەڕای ڕادەیەکی بەرچاوی سەرکەوتوون، سمکۆ نەیتوانی پشتگیریی کۆمەڵگەی غەیری کورد فراوان بکات، یان تەنانەت ڕایگرێت. پێکەوە پەیوەستبوونی ئێتنیسیتە لەگەڵ زاناوی (شوناس)ی دینی، وەکو لە سیستمی دووبەرەکیی کورد و عەجەمدا دەردەبڕا، لە بیچمگرتنی قەوارەی گرووپەکاندا هێمانێکی بنەڕەتی بوو. ئەم دووبەرەکییە کە بەگشتی هەندێک پاشگوێ خراوە، بناغەیەکی گرنگ بوو بۆ خۆ جیاوازپێناسەکردنی کورد، بەتایبەت لە ناوچەی دەریاچەی ورمێ.

## شیعە و سوننی

خەباتی سمکۆ دابرانی ئێتنیکی و دینیی زۆر قووڵتر کرد. بە بەهای ئازارێکی گەورەی مرۆڤیش بێت، شۆڕشەکەی هانی سەرهەڵدانی هەستە ناسیۆنالیستییەکانی کوردی دا و دەیەیەکی دوواتر ئەنجامەکەی بوو بە دامەزراندنی حیزبێکی سیاسیی کورد لە نیوەی دووەمی ١٩٤٠ی زایینی و هەروەها دامەزراندنی کۆمارێکی کوردستانی لە شاری مەهاباد. لە نووسینەیلی پەیوەندیدار بەم مژارەوە، پەیوەستبوونی زاناوی کوردی لەگەڵ مەزهەبی سوننیدا سرنجێکی ئەوتۆی بۆ لای خۆ ڕانەکێشاوە. کەمبوونی بەڵگە لە ئاکامی ئەم کەمتەرخەمییەدا تەفسیرکردنی ئەوەی کە چۆن کوردبوون و سوننیبوون لەگەڵ یەک تواونەتەوە، سەختتر دەکات. سەرباری ئەوەش، کاریگەریی ڕەوتی

مارکسیستی لەسەر مێژوونووسیی کوردی، زۆرجار خزمەتی چاوپۆشی لەم بابەتەی کردووە.[٦٦] هەروەها، هەندێک بەڵگەی پچڕپچڕ لە بیرەوەریی شەخسی و گێڕانەوەکاندا هەن، کە پێکەوە، دەتوانن ڕووناکییەک بخەنە سەر پێوەستبوونی ڕەوتە مەزهەبی و ئێتنۆناسیۆنالییەکان لەو سەردەمەدا. لە سەردەمی سمکۆ ئەوانەی لەو هەرێمەدا وەکو عەجەم ناو دەبران، وەکو شیعەش پێناسە دەکران. زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کورد لەو هەرێمە سوننی بوون. سوننیبوون و کوردبوون تا ڕادەیەک هاوواتا بوون. شایانی سەرنجە کە یەکینە بە یەکڕەنگەکەی سمکۆ ئاڵایەکیان هەڵکردبوو کە ئایەتی قورئانی «نصر من اللە و فتح القریب»ی (٦١:١٣) لەسەر بوو.[٦٧] ئەو یەکینە چەکدارانە کە ئەو ئاڵایەیان هەڵکردبوو دەچوونە شەڕی هێزەکانی دەوڵەت.[٦٨] هەروەها، ناوی ڕۆژنامەکەی سمکۆ ‹کورد› بوو، لە سەرووی لای ڕاستی بەرگی ڕۆژنامەکە نووسرابوو «مەقالانێک مەنفەعەتی کوردانی تێدابێ وەردەگیرێ.»[٦٩] سەرنووسەری ڕۆژنامەکە مەلایەک بە ناوی محەمەد تورجانی[٧٠]بوو. لۆگۆی ڕۆژنامەکە ئایەتێکی قورئانی (٣:١٠٣) بوو کە ئەمری دەکرد موسڵمانان یەک بگرن و خۆیان دوور بگرن لە تەفرەقە.[٧١] لە یەکێک لە ستوونەکانی ڕۆژنامەکەدا نووسراوە کە «ڕۆژنامە عەجەمەکان ڕووداوەکانی [کوردستان] لەم چوار ساڵەدا بەدرۆ وەکو شەقاوە[٧٢]دەناسێنن.»[٧٣] هەرچەندە جاروبار لە نێوان کورد و عەجەمدا، بەتایبەت لەدژی ئاسوورییەکان[٧٤]، یەکگرتن دروست بووبوو، بەڵام ئاماژەی زۆر هەن کە نیشان دەدەن کورد و عەجەم یەکتریان تەنانەت وکو موسڵمانی ڕاستەقینەش پێناسە نەکردووە.

دووبەرەکیی کوردی سوننی لە بەرانبەر ئێرانی و غەیری کوردی شیعە، دایکۆتۆمیەکی کاریگەر بوو کە هەم کورد و هەم غەیری کورد بەکاریان دەهێنا. بۆیە، هەندێک جار، لەلایەن هەردوو لا، کوردبوون یەکسان بوو لەگەڵ غەیری-ئێرانیبوون، کە جیاوازییە سەرەکییەکەی دابرانی سوننی-شیعە بوو. ‹تەمەدون› ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە کەسایەتییەکی ناسراوی ورمێ بە والیی ورمێ، زەفەرولسەڵتەنە (ظفر السلطنە) دەڵێ کە خۆی لە هێرشبردن بۆ سەر کورد بەدوور بگرێت، چونکە بە باوەڕی وی «کوردەکان چەک و چۆڵی چاکیان هەیە و شوێنی ستراتیژیکیان لە ورمێ داگیر کردووە، لە حاڵێکدا موسوڵمانەکان (شیعەی غەیری کورد) بێدیفاعن، بۆیە، باشتر وایە بۆ پێشگیری لە خوێنڕێژی، تەحەمولی ئەم ئەشرارانە بکرێت.»[٧٥] ئەمە ئاشکرا دەکات، کە بەکارهێنانی ئیسلام لە دژی کورد باو بووە، چونکە کەسانێک کە لە ڕووی سیاسییەوە لە خەڵکی ئاسایی تێگەیشتووتر بوون ئەم دەربڕینەیان بەکار هێناوە. ‹کەسرەوی› ئاماژە بە تێلێگرامێک لە ئەنجومەنی ورمێ (ئەنجومەنی دیمۆکراتەکان کە بەشێک لە بزووتنەوەی مەشرووتە بوو) دەکات کە تێیدا ڕێبازی دژمنایەتیی دینی و ئەوەی کە لایەنەکان چۆن یەکتر وێنا دەکەن، ڕاشکاوانە شی دەکاتەوە. لە تێلێگرامەکەدا هاتووە کە «هەموو دێهاتی دەوروبەری شار[ی ماکۆ] و کۆگا سەربازییەکان [لەلایەن کوردەکانەوە] تالان کراون، ٣٥٠ موسڵمان [شیعە] کوژراون و موسوڵمانەکان [شیعەکان] هەموویان چاوەڕێی مردنیانن.»[٧٦] ئاشکرایە کە ئەنجومەنەکە هێرشکارەکان، واتە کورد و عوسمانییەکانی، وەکو موسوڵمان پێناسە نەدەکرد.

لە شوێنێکی دیکەدا، موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) ئاماژە بە مەلا عەلییەک دەکات و کاراکتەرەکەی بەپێی لایەنگریی

بۆ کوردان وەکو کەسێک کە هیچ ئینتیمای بۆ ‹نەوعییەتی› خۆی ـ مەبەست ئێرانیبوون بەپێی مەزهەبی شیعە ـ نەبێ، پێناسە دەکات.[۷۷] ئەم نموونەیە نیشان دەدات کە کورد وەکو نەوع، یان ڕەگەزی ئێرانی نەدەدیترا. هەروەها، هاودڵیی شیعە لەدژی کوردی سوننی هەندێک جار بە بەرجەستەکردنی هێماگەلێکی تێکەڵاوی شیعێتی و ئێرانێتی بەیان دەکرا. بۆ نموونە کاتێک زیائولدەولەو (ضیاءالدوله) هێرشی بردە سەر کورد، موسوڵمانە شیعەکانی غەیری کورد چوونە گەڵی و ئەم دروشمەیان بە تورکی ئازەری دەدا: «ئەوانەی لەگەڵمان نەهاتن با شەرم بکەن لە خودا... گیانمان فیدای شای ئێران، خوێنمان حەڵاڵی دینی ئیسلام.»[۷۸] هەروەها، موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) کە بۆخۆی کاربەدەستێکی دەوڵەت بوو، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ شیعێتی وەکو چەمکێکی دوژمنکارانە لەدژی کوردبوون و سەربەخۆیی کوردانی نەدەدیت کە دەڵێ «بەبێ لەناوبردنی هەموو شیعەکان لە ئوستاندا، کورد ناتوانن سەربەخۆییەکەیان بەدی بێنن.»[۷۹] ڕاگەیاندنی سمکۆش، کە پاش شکستهێنان بە والیی ورمێ، بڵاو کرایەوە کورد و ئێرانی لە بەرانبەر یەکتر وێنا دەکات کە دەڵێت «هێزی ناوەندی کوردستان هێرشێکان کردە ... سەر سپای دەوڵەتی ئێران، کە دوای سێ سەعات شەڕی چڕ، [هێزی کوردستان] شکستیان پێ هێنا ... و هێزە ئێرانییەکانیان تەفروتوونا بوون.»[۸۰] ڕۆژنامەکەی سمکۆ، ‹کورد›یش بە ئاماژە لە دیکۆتۆمییەکەی کورد و ئێرانی کۆمەڵێک زانیاریمان پێ دەدات.

ڕۆژنامەکە بەردەوام باسی کورد وەکو میللەتێک دەکات و لە مابەقیی ئێرانیانی جیا دەکاتەوە. بۆ نموونە، باس لەوە دەکات «کە تا چوار ساڵ پێش کورد لەگەڵ دراوسێی ئەرمەنی و ئاسوورییەکانیان وەکو برا بوون، کەچی ئێرانییەکان لە هیچ فێڵێک بۆ فریودانی هەردوو میللەت دریغیان نەکرد و وایان کرد کە [دراوسێکانیان] هەوڵی لە ناوبردنی میللەتی کورد بدەن.»[۸۱] هەروەها، ئێرانی بەوە تاوانبار دەکات کە بۆ ئەوەی «کورد لە دژی مەسیحییەکان بوەستێنن، پیلانگێڕییان کرد، کەچی ئێستا لایەنگرییان [لە ئەرمەنی و ئاسووری] دەکەن. کە میللەتی کورد هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لە چەک هەڵگرتن لەپێناو پارێزگاری لە نامووس و شەڕ لەدژی ئێرانییەکان و دەرکردنیان لە ژمارەیەک ولایەتی کوردی. بەڵام، ئێرانییەکان ڕیاکارانە [ناوی] شەقاوەتی لێ دەنێن.»[۸۲] ئەم نموونانە بە ئاشکرا نیشان دەدەن کە بە لای کەمەوە ئەو کوردانەی کە چالاکی سیاسی بوون، خۆیان وەکو غەیری-ئێرانی پێناسە دەکرد. ئایا ئەم ئاماژانەی سەروە لەلایەن هەر گرووپێک بۆ پێناسەی ‹ئێمە› و ‹ئەوانی تر› پەیڕەوێکی گەردوونیی هەبوو، یان تەنانەت بەپێی سەردەم و هەلومەرجەکان دەگۆڕدران، پرسیارێکی لاوەکییە. گرنگ ئەمەیە کە ئەنجامەکەی ئەو کەتوارەیە کە هەر گرووپێک لەسەر بنەمای دابڕانی دینی-ئێتنیکیی خۆی بە جیاواز پێناسە دەکرد. ئەم کەتوارە هەروەها پێشانمان دەدات کە خەڵکی ئەو سەردەمە بۆ سەفبەندیی کۆمەڵگا خەیاڵییەکانیان بەپێی سنوورە دینی-ئێتنیکییەکان، چەمکی دین و ئێتنیسیتەیان وەکو هاوواتا بەکار دەهێنا.

## بەرەو سەربەخۆیی

ئەو نموونانەی سەرەوە هەوڵەکانی سمکۆ بۆ گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ غەیری کورد وێنا دەکەن، ئەو هەوڵانەی کە هیچ ئەنجامێکی بەرچاویان بەرهەم نەهێنا. زاڵبوون بەسەر دابڕانی نێوان-کۆمەڵگاکاندا هیچ کاتێک

بەدی نەهات. ساڵی ١٩١٩، سمکۆ باش هەستی بە لاوازیی سەربازیی دەوڵەتی ئێران کردبوو، بۆیە هەنگاوێکی بوێرانەتری لە پلانەکانیدا نا. لە فێڤریەی ١٩١٩دا سمکۆ، ڕێبەرانی کۆمەڵگەی کوردی بە نیەتی تاوتوێکردنی ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی کورد بانگهێشت کرد. بەڵام سەید تەها نەهری، ڕاوێژکارە هەڵکەوتووەکەی، هوشداریی لەسەر هەڵمەتێکی وا دا، کە لەوانەیە هێزە ڕۆژاواییەکان کاردانەوەیان لە دژی هەبێت. نەهری هەروەها لەو باوەڕەدا بوو کە هەڵمەتێکی وا دەیتوانی دەوڵەتی تورک و قاجار بەرەو یەکگرتن دژی جەستە سیاسییە ساواکەی کورد هان بدات.[٨٣]

بۆیە نەهری ئەرکدار کرا بە گەڕان بە دوای پشتگیریی بریتانیا بۆ دەوڵەتێکی موحتەمەل لە ویلایەتە کوردەکانی تورکیە و ئێران و هەروەها وەرگرتنی یارمەتیی ماڵی و ڕاهێنانی سەربازی لەلایەن بریتانیاوە.[٨٤] ئەوان ئارەزوویان دەکرد کە هیچ نەبێ بریتانیا لەمپەرێک لەسەر ڕێگای سەربەخۆیی دەوڵەتێکی وێناکراوی کورد دروست نەکات.[٨٥] چاوپێکەوتنی نەهری لەگەڵ کاربەدەستانی بریتانی نائومێدییەکی تەواوی لێ کەوتەوە. سمکۆ هەوڵی دا خۆی بگەیەنێتە کاربەدەستانی بریتانیا، بەڵام سوودی نەبوو. چونکە بریتانیاییەکان پێیان وا بوو تاکو سمکۆ سزا نەدرێت «ئەستەمە مەسیحییەکان جارێکی تر بگەڕێنەوە ئەو ناوچانە.»[٨٦] هەڵبەت، کاتێک بینییان دەسەڵاتی سمکۆ فراوانتر بووە، بریتانیاییەکان دەرگای وتووێژیان لەگەڵ سمکۆ کردەوە. سەرەڕای ئەمەش، شکستی سمکۆ بە دەستی «فارسەکان گوشارەکەی [لەناو برد]، و [بوو بە هۆکار کە دەوڵەتی عولیاحەزرەت: بریتانیا] دەستبەجێ چاوپێکەوتنی نێوان سەید تەها و جێگری ئەفسەری سیاسی [لە کوردستانی عێراق] بەدوا بخات.»[٨٧]

کاتێک نەیتوانی هیچ پشتگیرییەکی بریتانیا وەرگرێت، سمکۆ هێرشی بردە سەر زۆربەی شارەکان کە ئەمەش بوو بە هۆی پشتگیریی دەوڵەتی رووس و بریتانیا بۆ دەوڵەتی ئێران. هێزی سەربازیی سمکۆ چەندین سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کردبوو و کۆنترۆڵی بەسەر چەندین شاری گەورەی ڕۆژهەڵات لە ورمێرا تا بانە مسۆگەر کردبوو. حوکمڕانیی سمکۆ تا ساڵی ١٩٢٢ی خایاند، تا بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕەزاشا، ژێنراڵ جەهانبانی بە سپایەکی ٨٠٠٠ کەسییەوە هێرشی بردە سەر سمکۆ.[٨٨] لەو شەڕانەدا کورد ئازایەتییەکی بێوێنەی نیشان دا. بەپێی گێڕانەوەی حەسەن ئەرفەع، سەرۆکی پێشووی هەواڵگریی سەربازی «سمکۆ ئاغا دە هەزار چەکداری هەبوو.» ئەرفەع شایەدیی لەسەر پابەندی و گیانفیداییی بێسنووری هێزەکانی سمکۆ دەدات کە شەڕەکەیان وەکو هیچ شەڕێکی خێڵەکی نەدەچوو.[٨٩] بۆ نموونە، دەربارەی دوایین شەڕیان بەم شێوەیە دەدوێت:

هێزەکانی کورد بەیانی چوار جار هێرشیان هێنایە سەر ئێمە. ئێمە شۆک بووین کاتێک بینیمان ئیتر لەجیاتی تفەنگ شمشێر و خەنجەر بەکار دێنن. ئەم جۆرە شەڕە بۆ هۆز و خێڵەکان دیاردەیەکی ئاسایی نەبوو ... شەڕەکەی بەرانبەر هێزەکانی سمکۆ لە هیچ شەڕێکی پێشتری دەوڵەت لە بەرانبەر کورد نەدەچوو.[٩٠]

هۆکارەکەی ئەوە بوو، وەکو «ئەرفەع» دادانی پێدا دەنێت، هێزەکانی سمکۆ «بۆ سەربەخۆیی شەڕیان دەکرد.»[٩١] لەم شەڕەدا هێزەکانی سمکۆ تووشی شکستێکی قەرەبوونەکراو هاتن. دوای ئەم شەڕە، سمکۆ ئیتر قەت نەیتوانی جارێکی دیکە هێز و پریستیژی جارانی مسۆگەر بکاتەوە. «شکستی سمکۆ لە هاوینی ١٩٢٢،

ســەرکەوتنی ئەرتەش لە لوڕستان ساڵێک بە دواتر و سەرکوتکردنی شێخ ‹خەزعەل› [لە ئەلئەحواز] لە ساڵی ١٩٢٤دا هەموویان لە شــارە گەورەکانی ئێــران ئاهەنگیان بۆ گێڕان.[٩٢] پاش ســاڵانێک دەربەدەری لە تاراوگە و سەرگەردانی لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا و عێراق و پێکدادانی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی ئێران، سەرەنجام سمکۆ بە فریــو کەوتە داو و لە ســاڵی ١٩٣٠ بە شێوەیەکی ناجوامێرانە کوژرا.

## گێڕانــەوەی ئێتاتیســت؛ نکۆڵــی و بەرخۆدان

عەباس وەلی گوتەنــی، دەکرێ پەیوەندیی کــورد و دەوڵەت لە بازنــەی «دیالێکتیکی نکۆڵی و بەرخۆدانــدا» کاراکتەریزە بکرێت. بۆچوونی ئێتاتیستیی مێژوونووسی دەربارەی ســمکۆ دەبێ لەناو ئەم دیالێکتیکەدا شــی بکرێتەوە.[٩٣] بــە وێناکردنی «دەوڵەت وەکو تەنیا دەستپێشخەر و بکەری گۆڕانکاری»،[٩٤] وێژمانی مێژوونووســیی سەردەست، هەموو خواستە سیاسییەکانی ئێتاتیستی ژێردەست لەژێــر نــاوی نارەزاییــی خێڵەکیــدا ڕەد دەکاتەوە.[٩٥] لە ئاکامدا، ئەم مێژوونووسییە بووە بە درەوشــانەوەی دیالێکتیکی نکۆڵی و بەرخودان و، بەم شــێوەیە، سرووشــتی زاناوخوازی (شوناسخوازی / هەویەتیخوازی) ی ڕاپەڕینەکانی کورد تەنیا بۆ پاشــماوەی تریباڵیزم و عەشــیرەگەری دادەبەزێنێت و هەڵمەتــە ســەربازییەکانی دەوڵەت وەکو ئەرکی چەســپاندنی نەزم و قانوون بەڕەوا دەقەبڵێنێت. شــیکردنەوەی مێژوونووسیی سەردەســت دەربارەی بەرخودانی کورد بە گشتی و خەباتی سمکۆ بە تایبەتی دەکرێ لە ڕوانگــەی نکۆڵی، زاڵیەتــی و بەرگریدا کورت بکرێتەوە.

یەکــەم، لەبەر ئەوەی کــە نکۆڵی لەوە دەکات لــەوەی کە کورد بــەر لە کۆتاییی ســەردەمی ڕەزاخــان داوای دیاریکردنــی مافــی چارەنووســی خۆی کردبێــت. ئەم مێژوونووســییە بــەم شــێوەیە پێداگــری لــە بەرهەمهێنانــەوە و دووپاتکردنــەوەی هۆمۆژێنیتــی (یەکســانی)ی کولتــووری، ڕەگــەزی و تەنانەت زمانیــی کیانی ئێرانی دەکات. لە دەقەکانی دواتریشدا، حوکمڕانیی ســەرەڕۆیانەی ڕەزاخــان وەکــو هۆکاری ســەرەکیی ســەرهەڵدانی ناســیۆنالیزمی غەیری-فارس پێناسە کراوە.[٩٦]

دووەم، بەرخودانــی پەراوێــزەکان بــە گومانــاوی و وەکو ئەنجامی دەســتوەردان و ئاژاوەگێڕیــی دەرەکــی دانــراوە، بۆیە بە نارەوا پێناســە کــراوە. لە کۆتاییــدا، ئەم مێژوونووســییە، مەشــرووعیەتی ناوەند لە بەرانبەر هەرجۆرە ئالینگارییەکی ئێتنیکیی پەراوێــزدا دەپارێزێت کە ڕاشــکاوانە، یان وێڕای ئــەوی دیکەی پەراوێزخــراو، وەکو ئاژاوەگێران، تریبالیســتەکان، تاڵانکەران و ئەو بابەتانە پێناسەی دەکات.[٩٧]

وەکو پێشــتر ئاماژە کرا، مێژوونووسیی ئێتاتیســت، دژایەتیی کورد لەگەڵ دەوڵەت وەکــو پێداگری لەســەر عەشــیرەگەری پێناســە دەکات. ئەمە نــە لەبەر ئەوەی کە مێژوونووســیی ناسیۆنالیزمی سەردەست بە جەوهــەر وەکو خێڵگەرایی پێناســە بکات، بەڵکو مەبەستی ئەوە یە ئێتنۆ-ناسیۆنالیزمی کــوردی وەکو دیاردەیەک وێنــا بکات کە ناکرێ هیچ داخوازییەکی ڕاستەقینە و ڕەوای سیاســیی هەبێت. لە ڕوانگەی ئێتاتیستدا، ددانپێدانان بە هەبوونی بەرخودانی کورد بە سیفەتی بەرخودانێکی کوردی (بەو شێوەیە کە ڕەنگ بێت نەتەوەیی بێت) دێتەوە واتای قبووڵکردنــی ناتاکبوونی «نەتەوەی» ئێرانی. لە ســەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زاراوەی ‹تریبالیســت (خێڵگەرا)› بۆ پێناسەکردنی بزووتنەوەگەلــی دژە-ناوەنــد و ئێتنــۆ-نەتەوەیی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت

کـــە ژمارەیەکـــی بەرچاوی دانیشـــتووانی کوردیان هەیە، بەکار هێنراوە.

لە وێژمانـــی دەوڵەتدا «خێڵــەکان» بە ئانقەست بەبێ سرنجدان بە شوێن، یان بەو ســەردەمەی تێیدا دەژین، بە گشتی وەک خاوەنی تایبەتمەندیی ناســراو، کاراکتەری هاوبــەش و ڕێبازی هاوشــێوەی ڕەفتاری پێناســە دەکرێن.[٩٨] ئــەم فەرافکەنییەی تریبالیــزم و عەشــیرەگەری بــۆ ڕابردوو، ئیعتبارێکی زۆری وەدەســت هێناوە و وەکو پاواســێک بۆ هێزی کۆلۆنیــال لە بەرانبەر ئالینگارییــە خۆجێییــەکان پرۆپاگەندەی بۆ کــراوە.[٩٩] وێناکردنی ئــەم بزووتنەوانە وەکو خێڵگــەرا، لە پراکتیکدا شــەرعیەتی بەخشــیوە بە توندوتیژیــی دەوڵەتی. وەکو لێکۆڵــەری ئێرانی، کاوە بەیات، ئاماژەی پێ دەکات، سیاســەتی «یەکجێنشینکردن، کە لە لورستان، فارس، ئازەربایجان و خۆراسان لە ســاڵی ١٩٣٣ تــا ١٩٣٧ پەیــڕەو کرا، فۆرمێکی زۆر درندانە و لە هەندێک حاڵەتدا ژێنوسیدی (گەڵکوژی) هەبوو.»[١٠٠]

مێژوونووسی ناسیۆنالیســتی فارس بە بێرەخنــە وێژمانی تریبالیزمــی دەوڵەتیی بەکار هێناوە. ئەم مێژوونووســییە بەرهەمی ئێلیتێــک (نوخبەیەک)ــە کــە بــۆ ئەو «بنیاتنانەوەی ئۆتۆریتەی دەوڵەتی مەرکەزی بەســەر وڵاتدا» لە هەموو شــتێک گرنگتر بووە، ئەولەویەتــی یەکەمی کۆتاییهێنان بە کەتواری نیمچە-سەربەخۆ و ئۆتۆنمیی هۆز و دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان بووە.»[١٠١] ڕێگەدان بە ددانپێدانانی زاناوی جۆراوجۆر لە میانەی نووســینی مێژوودا وەکو مەترســی بەسەر هۆمۆژەنیتە و تەکرەنگیی کیانەکە پێناســە دەکــرێ. لــە وێناکردنی ناسیۆنالیســتیدا، تریبالیزم وەکو بەرچەسپێکی سووکخستنەوە، بەبێ جیاوازی بۆ هەموو ڕەفتار و بۆچوونێک کــە زاناوێکی نەخــوازراو دەردەبڕێ، بەکار هێنراوە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە ســەرچاوەی جیاواز و فرەچەشنی زاناوییان دەردەبڕی، لە گێڕانی ڕۆڵێکی بنیاتنەر لە نەتەوە-دەوڵەتدا ڕێگرییان لێ دەکــرێ. وەک کاوەی بەیات دەڵێت:

«لە ســەردەمێکدا کە شــەڕ بۆ دەوڵەت هەلی ڕەخساند کە هەم بە مۆنۆپۆلیزەکردنی زۆرەملێ و هەم بــە پێداگری لە ڕەوایەتی وەکــو تەنیــا بکــەری توانا بۆ پاراســتنی یەکێتیی وڵاتەکە، هەڵمەتە دژە-هۆزەکانی ڕەزاشــا وەکو پێداگری لە زاڵبوونی دەوڵەت بە ســەر کۆمەڵــگادا، دەورێکی جەوهەری و چاوپۆشــیلێنەکراوی لــە هەڵمەتــی دەوڵەتسازیدا دەبینی.»[١٠٢]

وەکو لە ســەرەتادا ئامــاژەی پێ کرا، ئامانجی من لێــرەدا ڕێزبەندیی ئەخلاقیی فۆرمــە جیاوازەکانی ناســیۆنالیزم نییە کە وەکو چــاک، یان خــراپ، پۆلێنیان بکەم. هەوڵــی من تەنیا ئەوەیە کــە ڕاڤەی بکەم مێژوونووســی چــۆن بیچم بــە هاوتەونە کۆمەڵایەتی-سیاســییەکانی ناسیۆنالیستە ڕکابــەرەکان لــە ئێــران دەبەخشــێت. هەروەهــا من هــۆکار دێنمــەوە بۆ ئەوەی کە ســەرهەڵدانی ســمکۆ نە دەکرێ وکو کێشــەیەکی ئەمنــی، نە دەشــکرێ تەنیا وەکــو خۆڕاگرییەکی تریبالیســت لە دژی سیاســەتی مۆێرنیزەکردنی دەوڵەت شرۆڤە بکرێت. درککردنــی ناکۆکی لە نێوان کورد و دەوڵەت وەکو ناکۆکی لە نێوان مۆدێرنێتە و پێش-مۆدێرنیتە، مۆدێرنیتەی ئێتاتیست دەخاتە خانەی دەرەوەی وێژمانی دەسەڵات و هێــز. هەروەها گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت کە «وێژمانــی لەهۆزکردنەوە» پاتکردنەوەی هەمان مێکانیزمە کە لایەنگرانی کۆلۆنیالیزم بــۆ ئاماژەیــان بــە وێژمانی ڕۆشــنگەریی ئەورووپایــی و بــۆ بەرەوادانانی میســیۆنی شارستانیکردنیان بەکار دەهات.»

دەبێ ئــەوەش دووپــات بکرێتەوە کە مێژوونووســیی ئێتاتیســت بۆچوونێکــی

تەکفۆرم دەربـــارەی بەربەرەکانیی ئەتنیکی لــە دژی دەوڵەت نیشـــان دەدات و ئەوان وەکو یاخیبوون (ی عەشایری) کاراکتەریزە دەکات. بــۆ نموونە، مێژوونووســی ئێرانی، موجتەبا بۆرزوویی، دەڵێت: «هەموو سەرچاوە فارســییەکان بەبێ کەموکووڕی، سمکۆیان نەک وەکو ڕابەرێکی ناسیۆنالیستی کوردی ئێران، بەڵکــو وەکو سەرۆکعەشــیرەتێکی تالانچی و ڕێگر ناساندووە.» کاراکتەریزەکردنی بۆرزوویی، تەنانەت بە سمکۆ سنووردار نابێت. بۆرزوویــی کۆمەڵگای شــکاک بە تەواوەتی وەکــو «ڕێگر و تالانچی» وێنــا دەکات.[١٠٣] لــە بەردەوامیــی بۆچوونەکانیــدا دەڵێت: «شــیکردنەوەی وردەکارییەکانی [سمکۆ] و کەســانی ژێر ئەمری، ئەم ئیدیعایە دووپات دەکاتــەوە.»[١٠٤] هەڵبەتە ‹بۆرزوویی› یەک لێکۆڵینەوەی کوردییش لەســەر ئەم مژارە بەکار ناهێنێتــەوە. ئەم بۆچوونــە بەرانبەر بەرخودانی پەراوێــزەکان لە دژی دەوڵەت لــە لێکۆڵینەوەکانــی زۆربەی ڕۆشــنبیر و مێژوونووسی بەرجەستەی فارسدا دیارە، کە وەکو میهرداد برووجێردی شــیی دەکاتەوە، لە ڕاســتیدا «دەوڵەتمەداری ڕۆشنبیر»[١٠٥] بــوون. ئینتەلیجەنســیای فــارس زۆربەی جارەکان نزیک دەســەڵاتی دەوڵەت بوون و پشتگرییان لە دەوڵەت لە بەرانبەر بزووتنەوە سیاســییەکانی دژە-ناڤەنــد دەکــرد، بۆیە زۆرجار پلاتفۆرمی ناسیۆنالیســتی [فارسی] سەید زیاء و ڕەزاخان، زەروورەتی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێزیان پەسەند دەکرد.»[١٠٦]

ئینتەلیجەنســیای فــارس یــان چالاکانە بەشــدارییان لە میســیۆنی خۆ-شارستانیکردنی دەوڵەتدا دەکرد، بە تایبەت لــە نێوان ســالانی ١٩٢٠ تــا ١٩٤١، یان لایەنگری سەرسەختی ئەم میسیۆنە بوون. ئەوەی مێژوونووسی بواری ئێران، ستێفەنی کرۆنیــن، وەکو «ئەنجامــی جەختێکی زۆر لەســەر سیاســەتی بالای ئێلیتی شــاری [ناوەنــد][١٠٧] بەهــۆی ناهاوســەنگی لــە لێکۆڵینەوە کۆنــەکان»دا شــیی دەکاتەوە نیشــاندەری مەیلــی لاینگریــی دەوڵەت لەلایەن ئێلیتی فارسەوە بووە. ئێتنیسیتەی بالادەســت کە دەوڵەت وەکو بکەری هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک دەبینێت و، ئێتاتیســم (دەوڵەوتگەرایــی) لەگــەڵ پێشــکەوتن هاوپێناسە دەکات، بە شێوەی سیستماتیک ئەخلاقێک دەخوڵقێنێت کە وێنەی ئایدیالی و دزێوی خۆی پێک دەهێنێت.[١٠٨] لەسەر ئــەم ڕێبازە بــەلای یەکینەکانی لایەنگری دەوڵەتەوە، ناســیۆنالیزمی بالادەست وەکو «چــاک»، یان لە خۆیدا ئایدیــال و، ئەوانی دیکە بە نەخوازراو و پاشــماوەی ڕابردوو و کۆســپ لە بەرانبەر پێشکەوتنی وڵاتدا وێنا کــراون. کریســتۆفر هیوســتن، لێکۆڵەری بواری کوردناسی، ڕاست دەکات کە دەڵێت: ناسیۆنالیزم (چ ناسیۆنالیزمی بالادەست بێت و چ ناســیۆنالیزمی ژێردەســت) فەزیلەت (سەریەتی)ی نوێ دادەهێنێت. وێژمانەکانی لەســەر زاناوی کوردیش لەگــەڵ خۆیاندا ڕەهەندێکی ئێتیکیان هەیە کە بەشــێکیان لەسەر بنەمای ســووکایەتی و هاوچەشنی بنیــات نــراون.[١٠٩] بــەڵام، لــە نێوانیاندا جیاوازییەک هەیە؛ ناسیۆنالیزمی بالادەست «دەتوانێ فەزیلەتەکان بەیاسایی بکات.»[١١٠] لــە کاتێکدا ناســیۆنالیزمی ژێردەســت لە ناخــی خۆیدا وەکــو قرێژ وێنــا دەکرێت، ناســیۆنالیزمی بالادەســت ـ لە ڕێی یاسا و دەزگا حکومییەکانــەوە ـ لــە چوارچێوەی کولتوور و زمانی حاکمدا سووژەی نەتەوەییی خۆی دەخوڵقێنێت.

لە زۆرێک لــە بەرهەمــە گرینگەکانی مێژووی فارس وەکو بەرهەمەکانی مێژووناسی بەناوبانگ «ئەحمەد کەســرەوی»دا، وشەی «کورد» بە دەســتەواژەگەلی وەکو تالانکەر، ئاژاوەگێر (آتش‌افروز) و ئەشرار (اشرار،[١١١] کە واتایەکی بەهێزی دینیی هەیە) وەسف

کراوە. هەموو ئالینگارییەکی بەرانبەر دەوڵەت بە گشتی وەکو «ئەشرار» پێناسە کراوە. لە چاوی ڕەزاخان و ئێلیتی فارسدا، ڕابەرە "ناوچەییەکان" و «هێمانە نەریتتییەکان» وەکو خانەکانی بەختیاری و شێخ خەزعەلی موعەممەرە، نە تەنیا لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ناوەندیدا بوون، بگرە بە «کۆسپ و ئاستەنگ لە بەرانبەر دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتە و یەکێتیی نەتەوەییدا هەژمار کراون ... ئەوان بەردەوام وەکو ستوونی پێنجەم (تابووری پێنجەم) دەوریان گێڕاوە و مەترسییەکی هەمیشەیی بوونە لەسەر یەکپارچەیی و سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەتی ئێران.»[١١٢] ئینتەلیجەنسیای لایەنگری دەوڵەت بە بەردەوامی دژبەرانی سیاسیی «ناوچەیی» وەکو مەترسیی ئەمنی لەسەر یەکێتیی نەتەوەیی دیتووە.[١١٣] چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر چاپەمەنیی ئەوکاتەدا ئاشکرا دەکات کە ئێلیتی فارس تەنانەت داکۆکییان لە حاشاکردنی دادگا نمایشییەکانی ئەو کەسانە دەکرد کە بەرەنگاری دەوڵەت دەبوونەوەر و سەرەڕای هەندێک تێبینی، ئەوان، بە گشتی ڕەزاخانیان وەکو «دواشانس بۆ پاراستنی یەکێتی و سەربەخۆیی ئێران»[١١٤] وێنا دەکرد.

خەباتی سمکۆ و ئاکتۆرەکانی هاوشێوەی لە بەستێنی ئەمنیەتی نەتەوەییدا هەمیشە بە شێوەیەکی نێگاتیف تاوتوێ کراون. ئەم دژبەریەی پەراوێز وەکو یاغی و مەترسیدار وێنا کراون کە ئامادەن بۆ ئەوەی بێگانە بۆ مەرامی خۆی بەکاریان بێنێت و دژی یەکپارچەیی وڵات پیلانگێڕی دەکەن. ئەم دەربرینەی محەمەد تەقی بەهار، مێژووزان، شاعیر و فەرهەنگنووسی بەناوبانگی ئێران، نموونەیەکی بەرجەستەیە کە ئەوان چۆن ئەو کەسانەیان وێنا کردووە. بەهار دەڵێت:

«لە زەمانی کۆنەوە، «ئەشرار»ی کورد وەکو شێخ عوبەیدوللا، هەمزاغای شکاک و هەمووو ئەندامانی دیکەی ئەو هۆزەی ناوبرا وەکو سمایل ئاغا یاغی بوونە، بەڵام بەردەوامیی هێزی دەوڵەت خۆی لە خۆدا، ئەوانی سەرکوت کردووە و تێکی شکاندوون. دیارە لە هەر وڵاتێک سرووشتییە کە دەوڵەت بەسەر دەستەی یاغیبووی هۆز، یان گەلانی ناوچەییدا زاڵ بێت، چونکە هێزی دەوڵەت بەردەوامیی هەیە، سەرمایەکەی زۆرترە؛ بە پێچەوانەی هێزی یاغیبوو کە هەم خۆی سنووردارە، هەمیش سەرمایەکەی کەمە.»[١١٥]

پاش بەدناوکردنی کەسانی ناوبراوی سەرەوە، «بەهار» بەبێ ئەوە سرنج بداتە جیاوازییە زەمەنییەکان و هاوتەونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان، هۆکارێکی دیکە بۆ سەرهەڵدانەکانیان دەبینێتەوە: گەلەکۆمە و ئاژاوەگێڕیی بێگانە. مەنتقی تەلویحی دەقی مێژوونووسیی باڵادەستە ئەمەیە: ئەگەر لەبەر سرووشتی یاغییان، یان لەبەر فیتنەی بێگانە نەبێ، بۆ دەبێ خەڵکی پەراوێزەکان لە دژی «دەوڵەتی خۆیان» یاغی ببنەوە؟ ناتوانێ دان بە بوونی مۆتیڤاسیۆن و ئەنگێزەی خۆ-ناسێنی نەتەوەییی کورددا بنێت، چونکە خۆ-ناسێنی نەتەوەیی لەگەڵ "سرووشتی لادەری تریبالیست" یەک ناگرێتەوە. ‹محەمەد تەقی بەهار› هەبوونی هەرجۆرە مۆتیڤاسیۆنێکی سیاسی لە پشت بزووتنەوە و داخوازییەکانی سمکۆ ڕەد دەکاتەوە. بەهار ئیدیعا دەکا کە:

ئیسماعیل ئاغا یەکێک لەو یاغییانە بوو کە لەوانەیە لەلایەن بێگانەکانەوە هان درابوو. لەوانەیە موبالیغە نەبێ ئەگەر بڵێین هەندێک لە ئەفسەری ئەرتەش کوشتنی [سمکۆیان] دوا خست، چونکە یان سەر بە بێگانە بوون، یانیش ئەویان وەکو کاڵای بازارکردن بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیان بەکار دەهێنا.[١١٦]

ناسیۆنالیستە فارسەکان، کە زۆرجار

لە کاری سەربازییەوە بۆ ئینتەلیجەنسیا هەڵکشابوونەوە، بە گشتی شۆڕشی سمکۆیان وا وێنا کردووە کە هیچ ڕەهەندێکی جیددیی سیاسیی نەبێت. بە پێچەوانەوە، کرداری سمکۆیان بە "سرووشتی یاغیگەرانەی" خەڵکی ئەو ناوچانەوە بەستووەتەوە. سرنجڕاکێشە کە ئەم بۆچوونە لەمەڕ بەرخودانی پەراوێزەکان ئەوەندە پێداگرە کە ئێستاش لە ئێران بووە بە بنچینەی مێژوونووسی. مێژوونووسی ئێرانی، ئێروەند ئابراهامیان، گاڵتە بە سەید جەعفەر پیشەوەری دەکات کە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانی دامەزراند و ڕابەرایەتیی کرد. ئابراهامیان لەو بۆچوونەدایە کە «پیشەوەری لەپڕدا «ڕەگە»[١١٧] ئازەرییەکەی خۆی دیتەوە و تازە بۆی دەرکەوت کە زێدەکەی، ئازەربایجان، لە مێژەوە لە ‹مافە نەتەوەییەکانی› بێبەش کراوە. «سەرهەڵدانێکی» هاوتەریب لە کوردستانەکەی دراوسێی ڕووی دا.»[١١٨] ئەم وەسفەی ئابراهامیان گوێ ناداتە هەستی غەدرلێکراوی کە لەلای ئازەرییەکان پەیدا ببوو. ئازەرییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە سەرکەوتنی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران لە ساڵانی ١٩٠٥ ـ ١٩٠٧دا گێڕا. بەڵام پاش ئەوەی ڕەزاشا دەسەڵاتەکەی مسۆگەر کرد، ئەوان بوون بە یەکەم قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردن و قەدەغەی زمان. ئابراهامیان بەبێ ئەوەی سرنج بداتە هەبوونی پشتگیرییەکی جەماوەری بۆ قەزیەی ئازەری، بە نادیدەگرتنی مێژوویان، پلار دەهاوێژێتەوە پیشەوەری کە گویا ئازەریبوونی خوی بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی بەکار هێناوە، یان بە هاندانی هێزێکی دەرەکی، واتە ڕووسەکان، دەستی بەم هەڵمەتە کردووە. بە هەمان شێوە، پێکهاتەی خێڵەکی، کە گویا موستەعیدی دروستکردنی ڕێگری بوو لە کۆمەڵگادا، تا ئێستاش وەکو هاندەری سەرهەڵدانی سمکۆ دەبینردرێت. بۆ نموونە لە گێڕانەوەی زاڵدا تەنانەت ئێستاش «بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی کورد... ڕەگ و ڕیشەی لە شێوەی ڕەفتاری نامۆدایە. [هەرچەندە] بە گشتی وازیان لە کولتووری سیاسی و نەریتی بیگرەوە و تاڵانی بکە هێناوە، بەڵام [ئەو کولتوورە] هێشتا دەورێکی بنەڕەتیی لە سیاسەتی دووبەرەکیەتی و نامۆی ئەواندا هەیە.»[١١٩]

## ئەنجام

لە کۆبەندییەکی گشتیدا، مۆتیڤە ئێتاتیستەکان ڕەوتی مێژوونووسیی ئێرانییان دیار کردووە. بە بۆچوونی «بنانی»، هەڵمەتی ڕەزاشا لە دژی هۆزەکان و ئەجێندا ناسیۆنالیستییەکەی «زۆربەی ئیلهامی لە ئینتەلیجەنسیا وەردەگرت [کە هەڵمەتی ئەویان] هان دەدا و پشتگیرییان لێ دەکرد و کردەوەکانی لەلایەن زۆرینەی چینی ناوەڕاستی شاری، کاربەدەستانی حکومی، ئەفسەرانی ئەرتەش، کەسانی پرۆفیسیۆنەل و خوێندکارانەوە پەسەند دەکرا و چەپڵەی بۆ لێ دەدرا.»[١٢٠] وەکو زۆربەی مێژوونووسیی ئێتاتیستی، مێژوونووسیی فارسییش بە شێوەیەک نووسراوە کە خزمەت بە پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستیی فارس و بەرژەوەندیی کۆمەڵگای باڵادەست بکات. ئەو چەشنە مێژوونووسییە، ناسیۆنالیستە ڕکابەرەکان وەکو گرووپی ڕێبڕ و بەکرێگیراوی بێگانە کە هیچ داخوازییەکی ڕەوای سیاسییان نییە و شیاوی حوکمی لەناوبردنن، پێناسە دەکات و بەم شێوەیەی نکۆڵی لە ڕەوایەتیی سیاسییان دەکات. سرینەوەی هەستی ناسیۆنالیستیی کورد لەو هاوتەونەدا تەنیا لەپێناو گرنگیی ناسیۆنالیزمی گرووپی باڵادەست نییە، ئەمە هەروەها شیاوی سرنجی ئاکادێمیکیشە، چونکە ئەم سرینەوەیە خزمەتی بە بێدەنگکردنی

هەندێک لایەنی ڕابــردوو لەلایەن دەوڵەت و بەردەوامیــی پراکتیکی ســەرکوتکردنی گرووپەکانــی ژێردەســتەکان دەکات.[١٢١]

بۆیە، مێژوونووسیی ئێتاتیست لە وێناکردنی سمکۆدا، لە باشــترین حاڵەتیدا، شێواندنە. سمکۆمان، وەکو کەسێکی کە هیچ ئاواتێکی سیاســیی نەبێ پــێ دەناســێت. چیرۆکی ژیان و خۆســپاردەییی ســمکۆ بۆ کولتوور و هەڵمەتی پــەروەردەی کوردی، بەتایبەت پەرەپێدان بــۆ خوێندەواریی کوردی، ئەمە دەخاتــە ڕوو کە شۆڕشــەکەی بەرگری لە بەرانبەر مۆدێرنیتە، یاسا و ڕێسا نەبوو. بەڵکو ددانپێداهێنان بەو ڕاســتییەیە کە ئامانجە سیاسییەکانی ســمکۆ، وێژمانی دەوڵەت بۆ هاوچەشنکردنی «نەتەوە»ی لە بواری زمان و کولتــووردا دەبردە ژێر پرســیار. بۆیە لە گێڕانــەوەی فەرمیدا، ســمکۆ و کوردەکان وەکو «تاڵانکەری خوێنخۆر،»[١٢٢] کە جگە لە تاڵان و ماشینەوە هیچ ئامانجێکیان نەبووە، وێنا کراون. لە ئەم ڕێبازەی مێژوونووسیدا، پەیوەندیی ئاڵــۆزی ئەتنیکی و دینی وەکو هۆکاری لواو بۆ بەرهەڵستبوونەوەی پەڕاوێز بە تەواوی سڕاونەتەوە.

*.https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/00263206.2017.1341409

## پەراوێز

1. Partha Chatterjee, The Nation and Its Fragments: Colonial and Postcolonial Histories, (Princeton, NJ: Princeton University Press, 1993), 6.

2.. David McCrone, The Sociology of Nationalism: Tomorrow›s Ancestors, International Library of Sociology (London; New York: Routledge, 1998), 44.

3.. Cf. Kaveh Bayat, "Riza Shah and the Tribes: An Overview" in Cronin, Stephanie. (ed.) The making of modern Iran: state and society under Riza Shah 1921–1941. London: Routledge Curzon, 2003.

4.. M. Yegen, 'The Turkish State Discourse and the Exclusion of Kurdish Identity', Middle Eastern Studies Vol.32, no.2 (April 1996), pp.216–29

5. Quoted in N. Wayne, Nation-building, Federalism, and Secession in the Multinational State (New York: Oxford University Press Inc. 2006), 26.

6. Cf. Benedict Anderson, Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism, Rev. and extended ed. (London, New York: Verso, 1991).

7. Cf. David McCrone, The Sociology of Nationalism: Tomorrow's Ancestors, International Library of Sociology (London and New York: Routledge, 1998), 11–17.

8. Dipesh Chakrabarty, Provincializing Europe: Postcolonial Thought and Historical Difference (Princeton: Princeton University Press, 2000), 7.

9. Cf. Abbas Vali, Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, Kurdish Studies Series (Costa Mesa, Calif.: Mazda Publishers, 2003).

10. For more on this see Kamal Soleimani, Islam and Competing Nationalisms in Middle East (Forthcoming, Palgrave).

١١ . هەمان سەرچاوە.

١٢ . هەمان سەرچاوە.

١٣ . بەراوردبکە لە بۆرزوویی، بررســی اوضاع سیاسی کردستان از سال ١٢٥٨ – ١٣٢٥، تهران، فکر نو، ١٩٩٩؛ محمد تقی بهار، تاریخ مختصر احزاب سیاســی ایران، تهران: شرکت سهامی کتاب جیبی، ١٩٧٩؛ ا. کسروی، تاریخ هجده ســالهء آذربایجان، ج ١-٢، تهران: مطبعه طلوع، ١٩٣٤.

١٤ . بۆ وردەکارییەکانی کێشــەکە بڕوانــە: م. تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه، رضائیه، موسســه متبوعاتی، ١٩٧١، ص ٣٣٤-٣٣٥

١٥ . بەڵگەکانی وەزارەتی دەرەوە، وەرگێڕاو لە بۆرزوویی، لا ١٥٠.

16 . Cf. R. Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925
(Austin: University of Texas Press, 1989).

١٧ . م. ر. هاوار، ســمکۆ؛ ئیســماعیل ئاغای شکاک و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ستۆکهۆلم: چاپخانەی ئاپێک، ١٩٩٥، لاپ ٢٥٩-٦٤

١٨ . هەمان سەرچاوە، لاپ ١٥٠.

١٩ . هەمان

٢٠ . بــۆ وردەکاریی زیاتــر بڕوانە: جەلیلێ جەلیــل، نهضة الكراد الثقافية و قومية فی نهاية القرن التاسعة و بداية العشيرين، نازی فرد (وەرگێڕ)، بەیرووت: دارالکتاب، ١٩٨٦، لاپ ١٧٨ – ٨١.

٢١ . هەمان سەرچاوە.

22 . See M.A. Reynolds, The Ottoman-Russian Struggle of Anatolia and the Caucasus, 1908–1918 (Unpublished PhD dissertation, Princeton University, 2003), pp.118–23.

٢٣ . بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: هاوار، لا ١٦٣ – ٦٨، و ح مەدەنی، کورد و ســتراتیژی دەوڵەتان، ب ٢، ستۆکهۆلم: سپارتریک، ٢٠٠١، لاپ ٥٥-٦.

24 . E. Naby, 'The First Kurdish Periodical in Iran', Journal of Kurdish Studies Vol.20, nos.1&2 (2006),

pp.215–33. http://www.aina.org/reports/fkpir.htm. Last accessed: 10 November 2016.

۲۵ . تمدن، ۳۷۰ -۳۷۱.

۲۶ . مەدەنی، لا. ۵۲.

۲۷ ا. علی، دراسة فی الحرکة الکردیة المعاصرة، (۱۸۳۳ – ۱۹۴۶)، (اربیل:مکتب التفسیر، ۲۰۰۳)، لاپ ۳۴۳.

۲۸ . هاوار، لا. ۱۶۸.

29 . Reynolds, pp.120–22

30 . Cf. M.T. Sorgun (ed.), Ittihat ve Terakki’den Cumhuriyet’e: Bitmeyen Savaş, Kutulamare Kahramanı

[لــە ئیتیحــاد و تەرەقییەوە تا کۆمار: Halil Paşa’nın Anıları

Istanbul: 7 Gün Yayınları, 1972),) شــەری بێکۆتایــی],

.p.60

۳۱ . تمدن، لا. ۳۲۲.

32 . F. Hasangoli, ‘Simko’ (Unpublished MA thesis, 2011), p.14.

۳۳ . تمدن، لا. ۳۷۱. .

۳۴ . بەراوردبکە لەگەڵ بەڵگەکانی ئارشیڤی نەتەوەیی ئێران، فایلی ۲۴۰۰۰۳۹۰۵، ژمارە ۲۸۶۴. ۱۹۶۰.

۳۵ . کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێری ابراهیم یونسی، (تهران: چاپ نگاه، ۱۹۹۴). لاپ ۶۴.

36 . Hasangoli, Simko, p.37.

۳۷ . تمدن، لا. ۳۲۲.

۳۸ . کسروی، بەرگ ۲، لاپ ۸۳۰.

39 . Banani. A, The modernization of Iran, Stanford University Press, p.39.

40 . Zirinsky, p.5.

۴۱. . زۆر ڕاپۆرتی دیکە ژمارەی هاوشــێوە پێشــان دەدەن، بڕوانە:

W. Jwaideh, The Kurdish National Movement: Its Origins and Development (Syracuse: Syracuse University Press, 2006); K.M. Ahmad, Kurdistan During the First World War (London: Saqi Books, 1994); M.T. O’Shea, Trapped Between the Map and Reality: Geography and Perceptions of Kurdistan (New York: Routledge, 2004), p.100.

42 . Zirinsky, p.8.

۴۳ . هەمان سەرچاوە.

۴۴ . برزویی، لا. ۱۶۳ – ۶۳.

۴۵ . Zirinsky, p.۱۰.

46 . The National Archives. Eastern Reports. Catalogue Reference: CAB/24/145. No. CXXVIII. July 10,
1919, p.4.

47 . See a letter by T.E. Allen to the Secretary of State. Project. Tehran Persia. No. 402. Jun 12, 1918.

Gomidas Institute Armenian Genocide Documentation.

۴۸ . هەمان سەرچاوە.

۴۹ . بڕوانە علی، لاپ ۳۶۲ – ۷۱.

۵۰ . مارا به این حال انداخته

۵۱ . کسروی، بەرگ ۲،. لا. ۲۷۲.

52 . The National Archives. Eastern Reports. Catalogue Reference: CAB/24/145. No. CXXY. June 19,
1919, p.245.

۵۳ . هەمان No. CXXVIII. July ۱۰, ۱۹۱۹, p.۴.

۵۴ . تمدن، لا. ۳۲۲.

۵۵ . هەمان سەرچاوە.

56 . The national archives, Eastern Reports. Catalogue Reference: CAB/24/129. Not 4 5. November 2, 1921, p.574.

۵۷ . علی، لاپ. ۳۴۴. .

۵۸ . بڕوانە: ر.ک. معتمدالوزراء، ارومیه در جنگ عالمسوز: از مقدمه نصرا تا بلوای اســماعیل آقا (۱۲۹۰ – ۱۳۰۰) (تهران: نشر شیرازه، ۱۹۹۰). بیرەوەرییەکانی موعتەمیدولوزەراء (معتمدالوزراء) بەشــێکی سەرەکیی ســەرچاوەکانی کەسرەوی بوو بۆ نووسینی کتێبی "تاریخ هجده ساله آذربایجان".

۵۹ . علی اکبر درخشــانی، از جنگ‌های گیلان و لرستان تا واقعه آذربایجان، (مریلند: ایرانبوکس، ۱۹۹۴)، لاپ. ۱۵۳

۶۰ . معتمدالوزراء، لاپ. ۳۳۹.

۶۱ . هەمان سەرچاوە.

62. Zirinsky, p.2.

۶۳ . معتمدالوزراء، لا. ۳۴۰ – ۴۱.

۶۴ . هەمان سەرچاوە، لاپ. ۳۳۴.

۶۵ . هەمان سەرچاوە، لاپ. ۲۴۴.

۶۶ . بەپێی زانیاریی من، قاســملوو تەنیا کەســێک بوو کە ئاماژە بەم کێشــەیە کردووە، هەرچەند کورت بێت. بــۆ وردەکاری بڕوانە: کوردســتان و کــورد: لێکۆڵینەوەی سیاســی و ئابووری. (ســوێد: چاپخانەی ئەرزان، ۲۰۰۰). .

۶۷ . معتمدالوزراء، لا. ۵۰۲.

۶۸ . هەمان سەرچاوە.

۶۹ . بەراوردبکــە لەگــەڵ ڕۆژنامەی ‹کــورد›. ژ ۳. (۲۳ ژوئیەی ۱۹۲۲).

۷۰ . تمدن، لاپ. ۳۷۱.

۷۱ . هەمان سەرچاوە.

۷۲ . شــقاوة (لەهەڵەدابوون) زاراوەیەکی دینییە، کە هەم دەوڵەتی تورک و هەم فارس بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەکاریان هێناوە. بۆ نموونە لە ئایەتی قورئانی () دەنووســرێت: مَن اَضَلُّ مِمَّن هُوَ فِی شِقَاقٍ بَعِیدٍ : "کێ دەتوانێ لەو کەســەی کەوتبێتە هەڵەیەکــی قووڵ، زیاتر لە ڕێگای [ڕاست] دەرکەوتبێ؟"

۷۳ . ڕۆژنامەی ‹کورد›، ژ ۳، ۲۳ ژوئیەی ۱۹۲۲.

۷۴ . تمدن، بەرگ.

۷۵ . هەمان سەرچاوە. لاپ ۳۲۴.

۷۶ . کسروی، بەرگ ۱، لاپ. ۴۲۵.

۷۷ . معتمد الوزراء، لاپ. ۴۹۵.

۷۸ . کاویانپوور، ل ۱۶۱، «الله دن اوتانســین قالانلار گری، جانمیز فدا شاه ایرانا، قانمیز حلال دین اسلاما».

۷۹ . معتمد الوزراء، لاپ. ۵۱۲.

۸۰ . هەمان سەرچاوە.

۸۱ . ڕۆژنامەی کورد، ژ. ۳. (۲۳ ژووئیەی ۱۹۲۲).

۸۲ . هەمان سەرچاوە.

۸۳ . علی، لاپ. ۳۴۶.

۸۴ . هەمان سەرچاوە.

٨٥ . هەمان سەرچاوە، لاپ. ٣٤٧. .

86 . The National Archives. Eastern Reports. Catalogue Reference: CAB /24/145. No. CV. January 30,
1919, p.182.

٨٧ . هەمان سەرچاوە., CAB/24/157. No. 78. September .13, 1922, p.164

88 . Arfa□, p.81.

٨٩ . هەمان سەرچاوە، لا. ٨١ – ٩.

٩٠ . هەمان سەرچاوە.

٩١ . هەمان سەرچاوە.

92. K. Bayat, ‘Riza Shah and the Tribes: An Overview’ in Stephanie Cronin (ed.), The Making of Modern
Iran: State and Society under Riza Shah, 1921–1941 (London: Routledge Curzon, 2003), p.228.

93 . A. Vali, ‘The Kurds and Their “Others”: Fragmented Identity and Fragmented Politics,’ Comparative
Studies of South Asia, Africa and the Middle East, Fall Vol.18, no.2 (1998), pp.82–95.

94 . Cronin, p.3.

٩٥ . بەراورد بکە لەگەڵ ”برزوئی، بهار، کسروی“.

٩٦ . بەراورد بکە لەگەڵ برزوئی، لا. ٢١٦. کەسرەوی سەرڕای ئەوەی کە سمکۆ وەکو دڕندە و سەرەتایی دەبینێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بە جوداخوازی تاوانباری دەکات. تاریخ هجدە سالە آذربایجان. بەرگ ٢. لا. ٨٣٠.

٩٧ . ”اشرار“ (کۆی وشەی شر، لە قورئاندا دژواتەی «خێر» واتە چاک). ئەم وشەیە تەنانەت پاش شۆڕشی ئیسلامیش لە وێژمانی فەرمیدا بۆپێناسەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بەکار دێت. شایانی بەبیرهێنانەوەیە کە ڕاگەیاندنی یەکەمی جیهادی ئایەتوللا خومەینی لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەرمانی ”پاککردنەوەی هەرێمی کوردستان لەو ئەشرارانە“ بوو. صحیفە نور: مجموعە رهنموندهای امام خمینی / تهیە و جمع‌آوری مرکز مدارک فرهنگی انقلاب اسلامی، جلد ١٢ (تهران: وزارت ارشاد اسلامی، ١٣٦٤)، لاپ. ٢٩٢.

٩٨ . هەڵبەت تا ئێستا دەولەت تەحەمولی هەبوونی هەندێک هێمانی ”خێلەکی“ دەکات و تەنانەت لە دژی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان بەکاریان دەهێنێت. هەمان سیاسەت لە عێراق و ئێران تا کۆتایی حوکمڕانیی سەدام حسێنیش پەیڕەو کرا. لێرەدا لێکۆڵینەوەکانی تەلال ئەسەد دەربارەی خێلەکان زانیارییەخشن. ئەسەد پێشان دەدات کە ئانترۆپۆلۆگەکان بەلای کەم سێ پێناسەیان بۆ خێل هەیە. ئەسەد دەستنیشان دەکات کە بۆ نموونە هۆزی کەبابیش لە سوودان لە ماوەیەکی کەمدا تووشی گۆڕانکاری گەورە دەبێت؛ واتە پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەم هۆزە لە یەکینەیەکی سەربەخۆیەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕۆلی هاودەستی هێزی کۆلۆنیال و دواتریش لەگەڵ دەولەت دەبێتە درێژەی جەستەی کارگێڕیی دەولەت. بەراورد بکە لەگەل
T. Asad, Political Inequality in the Kababish Tribe in Evans-Pritchard et al. (eds.), Essays in Sudan Ethnography (London: C. Hurst, 1972).

٩٩ . شایانی باسە کە لێکۆڵینەوەی هەرە فراوانی هاوچەرخ لەسەر هۆزەکانی کورد و تورکمان لە ناوچەدا لە لایەن سایکس، واتە یەکێک لە نووسەرانی پەیمانی سایک-پیکۆوە کراوە.

100. Bayat in Cronin, p.229.

١٠١ . هەمان سەرچاوە.

١٠٢ . هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٢٨

١٠٣ . برزویی، لاپ. ٢١٦..

١٠٤ . هەمان سەرچاوە

105 . M. Boroujerdi, ‘Triumphs and Travails of Authoritarian Modernisation in Iran’ in Stephanie Cronin (ed.), The Making of Modern Iran: State and Society under Riza Shah 1921–1941 (London: Routledge Curzon, 2003), p.150.

106 S. Cronin (ed.), The Making of Modern Iran: State and Society under Riza Shah, 1921–1941 (London: Routledge Curzon, 2003), p.3.

١٠٧ . هەمان سەرچاوە.

108 The expressions ‘idealized image’ and ‘despised image’ are taken from the theory of K. Horney,
Our Inner Conflicts (New York: W.W. Norton & Company, INC, 1945).

109 C. Houston, Kurdistan: Crafting of National Selves (Bloomington; Indianapolis: Indiana University
Press, 2008), p.31

١١٠ . هەمان سەرچاوە.

١١١ . بە پێی دەقە ئایینییەکانی ئیسلام، شەیتان لە بەرانبەر چاکە و چاکیدا، لەبەر سرووشتی ناپاک و گێرەشێوێنی وەکو سەرچاوە یان درەوشانەوی ڕەهایی ‹شەڕ› پێناسە کراوە.

112 Cronin, p.260.

113 Vali, ‘The Kurds and Their “Others”’ (1998), pp.82–95

114 Bayat in Cronin, p.228.

١١٥ . محمد تقی بهار، تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران، تهران: شرکت سهامی کتابهای جیبی، ١٣٥٨، ص. ٢٦٦.

١١٦ . محمد تقی بهار، تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران، تهران: شرکت سهامی کتابهای جیبی، ١٣٥٨، ص. ٢٢٦

١١٧ . جەختی نووسەر

118 E. Abrahamian, Modern History of Iran (Cambridge: Cambridge University Press, 2008), p.111.

119 A. Manafi, The Kurdish Political Struggles in Iran, Iraq, and Turkey: A Critical Analysis (Lanham, MD: University Press of America, 2005), p.44.

120 Banani, p. 47.

121 M.-R. Trouillot, Silencing the Past: Power and the Production of History (Boston, MA: Beacon Press, 1995).

١٢٢ . کسروی، تاریخ هجدە سالەء آذربایجان، ب ١-٢.

# ئاڵنگاری خەباتی کوردان لە تورکیە*

سیڤان سەعید
و: ڕێبوار ڕۆژهەڵات

## پوختە

لە ساڵی ٢٠١٣، پاش دوو ساڵ تەریک خستنەوەی ئۆجەلان و، ئاشکراکردنی دانیشتنە نهێنییەکانی ئۆسلۆ لەنێوان دەوڵەتی تورکیە و پەکەکەدا، دەوڵەتی تورکیە ڕەزامەندی دەربڕی، خولێکی نوێی دانیشتنەکان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد دەست پێ بکاتەوە. بە هۆکاری کرانەوەی ئاشتییەکی سنووردار بە ڕوویاندا، بزووتنەوەی کورد چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی نەتەوەخوازیی فەرهەنگی ونەتەوەسازیی دەست پێکردەوە. بەڵام بەم حاڵەوە بەهاری کوردی زۆری نەخایاند. لەنەکاو دەوڵەت دانیشتنەکانی لەگەڵ ئۆجەلان کۆتایی پێ هێنا. گۆیا هەزاران ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان HDP لە ئۆپەراسیۆنێکی KCKدا دەستبەسەر کران. شەڕی چەکداریی دیسان لە شارەکاندا دەست پێکرایەوە. بەشێک لە شارەکان وێران بوون و، نزیکەی یەک میلیۆن خەڵکی مەدەنی ئاوارە بوون. ئەم وتارە دەیهەوێ تاوتوێی ئەم سیاسەتە نوێیە بکات: بۆچی پاش قەبوڵ کردنی ئەوەی کە شەڕی چەکداری کێشەی کورد قەت چارەسەر ناکا و، لەجیاتی ئەوەی کە پێوەندییەکان بەرەو چارەسەریی ئاشتییانە بچن، دەوڵەتی تورکیە گەڕایەوە مۆدێلی سیاسەتە شکستخواردووەکانی پێشووی؟ هەوڵ دەدەم زیاتری ڕوون بکەمەوە کە بۆچی بەرەنگاریی بزووتنەوەی کورد لەبەرانبەر پێداگریی دەوڵەتی تورکیە بۆ پەیوەست بوون بە پرۆسەی بەناو ئاشتی، سەخت و دژوارە. بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ئەم وتارە پێوەندیی زۆر ئاڵۆز و هاوچەرخی نێوان دەوڵەتی تورکیە و بزووتنەوەی کورد شی دەکاتەوە.

## پێشەکی

لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەو بەڵێنییە بە کوردان درا کە شانبەشانی نەتەوەکانی دیکەی ناوچە، نەتەوەی کوردیش وڵاتی خۆی هەبێت.[١] بەڵام لەبەر چەند هۆکار ئەم ئارەزوویە بوو بە بڵقی سەر ئاو و سەری نەگرت. بێ ئەوەی گوێ لە خەڵکی ئەو ناوچەیە بگیرێ کە لەوێ دەژیان و بەبێ ڕەزامەندی خۆیان، نیشتمانی کوردان بەسەر وڵایەتی تازە دامەزراودا دابەش کرا.[٢] لەو کاتەوە نەتەوەی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی خەباتی دەست پێکردووە و بەرەنگاریی ئەم دەسەڵاتە بووەتەوە. بەم حاڵەشەوە، زۆربەی شۆڕشەکان سەرکوت کراون و چالاکان، زیندانی کراون یان لەسێدارە دراون یان کوژراون، یان ئەوەی کە زۆربەی تەمەنیان لە تەبعیدا بوون و دوور خراونەوە.[٣] جێی سەرنجە لە کاتی دامەزرانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ئاخروئۆخری دەیەی ١٩٧٠دا، خەباتی کوردان لە تورکیە چووە قۆناغێکی دیکەوە و شاهیدی شێوازێکی تارادەیەک سەرکەوتوو بووین.

سەرەڕای چەندین کۆسپ و لەمپەر لە سیستەمی سیاسیی تورکیە، لە دوو دەیە و نیوی ڕابردوودا لە تورکیە، بزووتنەوەی کورد بە ئاراستەی سیاسەتێکدا ڕۆیشتووە کە سیاسەتە سەرەکییەکانی تورکیەی بە سەرکەوتوویی دەهەڵمەتان گرتووە[٤] (سەرئێشەی بۆ ساز کردووە). ئەمە مانای ئەوەیە کە نەتەوەی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، دەستی بە فێربوونی چۆنییەتی ئەم یارییە کردووە. هەروەک «واتس» ئاماژەی پێدەکات، ماڵی سیاسەتی کوردی لە ساڵی ١٩٩٠ لە سیستەمی تورکیەدا چێکرا. بۆ یەکەم جار لایەنێکی سیاسیی لایەنگری کوردان (پارتی کرێکاری گەل، HEP) توانی بەشێک لە نوێنەرانی خۆی بنێرێتە ئەنجومەنی باڵای نیشتمانیی تورکیە (TBMM) و وەکو نوێنەرایەتیی ئایدیۆلۆژییەک بە قازانجی کورد کاری کرد. لەو کاتەوە تەڤگەری کوردی بەرەبەرە گەشەی کرد و تا ڕادەیەک فێر بوون چۆن لەگەڵ سیستەمێکی فێڵاوی بێنە ڕەدایە و یاریی خۆیان بکەن.[٥]

له هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی ٢٠١١دا، سیاسەتمەدارانی کورد توانییان ٣٦ نوێنەری چالاک بنێرنە TBMM. سەرەرای ئەمە پرۆژەی «ئۆتۆنۆمیی دیمۆکراتیک» پێشنیار کرا و تەڤگەری کوردیی چالاکتر و ڕێکخراوتر کرد. هەربۆیە بزووتنەوەی کورد گەیشتە قۆناغێک کە توانی کاریگەریی بەسەر بەستێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە هەبێت. کاراکتەری سەرەکیی و تەیاربووی تەڤگەری کوردان، ناوەندێکی تازە دامەزراوە کە ناوی «کۆما جڤاکێن کوردستان KCK»یە. له ساڵی ٢٠١٥، HDP لە هەڵبژاردنی گشتیدا وەکو حیزبێکی نوێی لایەنگری کوردان بەشدار بوو و، توانی بەرژەوەندیی چەندین گرووپ و دەستەی جۆراوجۆر له بەرنامەی کاریی خۆیدا بگونجێنێ.

له مانگی جوندا، HDP، ٨٠ ئەندامی خۆی نارده ئەنجومەنەکە و، وەکو سێیەمین حیزبی گەورە لە TBMMدا ناوبانگی دەرکرد و بۆ یەکەم جار بەربەستی ڕێژەی ١٠٪ دەنگی نیشتمانی شکاند. ئەم دەستکەوتە، کوردان و هێزە دیموکراتیکەکانی دیکەی هیوادار کردەوە. لەناکاو هەموو شتێک وەرسوورا و دەوڵەتی داد و گەشەپێدان پشتی له بڕیارنامەی ئاشتییانە کرد و سەرلەنوێ وەکو بابەتێکی ئەمنی و تیرۆریستی مامەڵەی لەگەڵ دۆزی کورد کردەوە. له کاتی هەوڵی بێ‌ئاکامی کودەتا لە مانگی جولای ساڵی ٢٠١٦دا، دەوڵەت هەزاران چالاکی سیاسی و سەدان شارەدار و نوێنەرانی پەرلەمانی دەستبەسەر کرد کە لەو نێوەدا هەر دوو هاوسەرۆکی پێشووی HDP، «دەمیرتاش و یۆکسیکداغ»یش دەستبەسەر کران. هێزەکانی تورکیە لە چەندین شاری کوردنشین هەڵیانکوتایە سەر خەڵک و یەکینەکانی پاراستنی سڤیل. زۆربەی شارەکان وێران و، نزیکەی یەک میلیۆن خەڵکی مەدەنی ئاوارە بوون. لە حاڵەتی نائاساییدا، دەوڵەت بۆ گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی، کە زیاتر مەبەستی گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی بوو، ڕاپرسییەکی بەڕێوە برد. هەموو ئەم ڕووداوانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕوویان دا و دیموکراسی تورکیە و تەڤگەری کوردی بردە ژێر پرسیار.

بە تاوتوێکردنی ئەم ڕووداوانە، هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ئەم پرسیارەوە بۆم ڕوون بێتەوە، بۆچی نە دەوڵەت و نە تەڤگەری کوردی نەیانتوانی دەرەقەتی ئەم کێشانە بێن و دەروو و ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی درێژخایەنی دۆزی کورد لە تورکیە بدۆزنەوە. من گۆڕینی شێوازی خەباتی کوردان لە تورکیە لە ڕێگەی گۆڕینی شێوازی پەکەکە و دامەزرانی کەجەکە KCK دێنمە بەرباس. تیشک دەخەمە سەر لایەنی سەرەکیی گۆڕانکاریی و، لە ڕێگەی چەمکی «ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک» و بەرەوپێش‌بردنی نەتەوەسازیی لەجیاتی ڕۆنانی «دەوڵەت- نەتەوە» لە ڕێگەی دامەزرانی HDP ەوە، مۆدێلی جێگرەوە بۆ خەباتی کوردان پێشکەش دەکەم. بەشی یەکەمی ئەم وتارە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی تیۆریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، شەنوکەوی تەڤگەری کوردان بکات. بەشی دووهەم گۆڕانکاریی ئایدیۆلۆژیکیی بزووتنەوە لێک دەداتەوە کە لە ڕێگەی چەمکی نەتەوەسازیی و نەتەوەخوازیی فەرهەنگییەوە ئاشکرا بوو.[۶] لەمبارەوە کەجەکە و، داواکای بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی جێگرەوە تاوتوێ دەکرێ، وێڕای تیشک خستنە سەر پرۆژەی بزووتنەوەی کورد لە ڕێگەی چەمکی «ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک»ەوە کە وەکو جێگرەوەی سیستەمی ئێستای تورکیە خۆی دەرخست. لە بەشی کۆتاییی ئەم وتارەدا هەوڵ دراوە وڵامی پرسیاری سەرەکیی وتارەکە بدرێتەوە و لێکدانەوە و شەنوکەوی ڕووداوەکان و تاوتوێی هۆکارەکانی هەڵە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بکات کە پرۆسەی ئاشتی لەنێوان دەوڵەتی تورکیە و دۆزی کوردی پەک خست و کۆتایی پێهات.

## له چالاکیی سیاسییەوە تا چالاکیی کۆمەڵایەتی

دەتوانم بڵێم بزووتنەوەی کوردان لە تورکیە بەتەواوی سیاسی نییە و تارادەیەک چەند ڕەهەندییە. ئەو دەورگێڕ یان لایەنگرە کوردانەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەدان، وەکو HDP، کۆنگرەی دێمۆکراتیکی گەلان، HDK، حیزبی دێموکراتیکی هەرێمەکان، DTK، کۆنگرەی کۆمەڵگای دێموکراتیک بەرهەمی ئەم بزووتنەوە چەند ڕەهەندییەن.[٧] هەروەها - بە پێی ئاگاداریی نزیک و چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ دەورگێڕانی سەرەکیی ـ باسم لەوە کردووە کە ئەم ئۆرگانانە و، هەروەها چەندین ناوەندی دیکە، هەموویان بەشێکی کەجەکەن. هەربۆیە بەڵگاندنی من ئەوەیە کە خەباتی کوردان لە ڕێگەی بزووتنەوەیەکی گەورەترەوە ئاشکرا دەبێت و دەتوانین وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری بکەین. بۆ ئەوەی باشتر لەو بابەتە تێبگەین، بەشێک لە باس‌وخواسە تیۆرییەکان لە مەڕ جیاوازیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکرێ بەسوود بن.

«کاستێلز» پێی وایە لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازییەکی تبنەڕەتیی لەنێوان بزووتنەوەیەکی سیاسی و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا هەیە. لە کردەوەدا هەموو جارێ تێکەڵاوی یەکتری دەبن، بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازییە بنەڕەتییەکەیان سەبارەت بە بەهاکانی کۆمەڵگا و گۆڕانکاریی شێوازەکەیان، بەها و نۆرمەکانن. بزووتنەوە سیاسییەکان دەوڵەت دەکەنە ئامانج و، مەبەستیان دەستێوەردان و گۆڕینی دەسەڵاتی دەوڵەتە. لەم حاڵەتەدا کاریگەریی لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات و دامەزراوەکانی نێو دەوڵەت دەکرێ ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەیەکی سیاسی بێت. هەربۆیە تەنیا دەسەڵاتی سیاسی و بەشێک لە پێکهاتە و قەوارەی سیاسی دەگۆڕێت. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە هەڵبژاردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و گۆڕینی لە کۆماریخوازانەوە بۆ دێموکراتەکان یان بە پێچەوانە بکەین. «واڵ ستریت» و سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری هەروا لە گۆڕێیە[٨].

بەم حاڵەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە مەبەستی گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگا، ڕێوشوێن و کردەوەی بەکۆمەڵن. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوە، ڕەوشت و قسەکردنی کەسەکان دادەنێن. ئەمە لەربارەی چۆنییەتی بەرهەمهێنان یان سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی چەمک و دەستەواژە نوێیەکان لە لایەن خەڵکەوە یان لانیکەم سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکەکان و پەرەپێدانی بەها جیاوازەکانە. لەئاکامدا خاڵی سەرەکیی، گۆڕانکاریی بەها کۆمەڵایەتی و ڕوانگەکانی کۆمەڵگایە. کەوایە پێوەندیی دیالێکتیکی لەنێوان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و وەرچەرخان و گۆڕانکارییدا هەیە. ئەگەر پرۆسەی وەرچەرخان، گۆڕانکاریی و پاشان گۆڕینی شێوازەکانی بەها سەری نەگرتبێ، هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیمان نییە. هەروەها گۆڕانکاریی کۆمەڵگا بەبێ چالاکیی بەربڵاو و بەکۆمەڵ ڕوو نادات کە بەشێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن.[٩] لە لایەکی دیکەوە ئەو تیۆرییە کۆمەڵایەتییانە هەن کە بزووتنەوەکان لە دەلاقەی دەرفەتی سیاسی، تێگەیشتنی فەرهەنگی[١٠]، هەڵبژاردنی ئەقڵانیی و تەیارکردنی بەرژەوەندییەکانەوە تاوتوێ دەکەن[١١]. شێوازێکی دیکەی وەسفی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەمەیە کە ئەوان کاروباری یەکپارچەی سەخت و دژواریان هەیە، چونکە لە ڕێکخراوی جۆراوجۆر پێکهاتوون و ئامانجی جۆراوجۆریان هەیە و ڕەچاوی تاکتیکی جۆراوجۆر دەکەن. ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن «جارجارە لە شەڕی هەمە لایەنە لە دژی یەکترەوە بگلێن»، چونکە بۆ سەرچاوەی سنووردار و پشتیوانی ڕکابەرییان هەیە[١٢].

به گوێرەی کورتەی ئەم سێ بەڵگاندنە تیۆرییە، ئەگەرچی ئەرکی سەرەکیی

بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگایــە، شــوێنی گۆڕینــی بەهاکانــی کۆمەڵــگای کوردســتان کوێیە؟ بــە پێی ئەم بەڵگاندنە ئەگەر پێمان وایــە ئەم بزووتنەوەیە لەبری بزووتنەوەیەکی سیاسی، تایبەتییەکانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، کەوابوو دەبێ پرۆســەی گۆڕانکاریی بەهاکان و بەرهەمهێنان و ســەرلەنوێ بەرهەمهێنانــەوەی بەهاکان لە کۆمەڵگاکانی کوردســتانیدا ببینین. ئاخۆ ئەم گۆڕانکارییانە ڕوویان داوە؟ ئەگەر ڕوویان داوە، هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکارییانە چین؟ ئەگەر لە دەرەوە ڕا لــە کەجەکــە بڕوانین، وەڵامدانەوەی پرســیاری گۆڕانکاریی ڕەنگــە ئەوەندە قووڵ نەبێت. ئەوەی ڕاســتی بێ، وێــڕای ئاوڕدانەوە لە پێکهاتــەی کۆمەڵگای کوردی لە لایەک و، ئاوڕدانەوەیەکی قووڵ لە پەکەکە و کەجەکەی ئێستا، دەکرێ باس لەوە بکەین کە گۆڕانکاری تەنیا لــە ئاکامــی دەرفەتــە دەرەکییەکانەوە نایەتە گــۆڕێ. خاڵی ســەرنجڕاکێش ئەمەیە، کەجەکــە قەت ڕکابەریی تیۆرییە ســەرەکییە کۆمەڵایەتییەکانــی نەکــردووە. چەمکەکانــی تێگەیشــتنی فەرهەنگی، هەڵبژاردنی ئەقڵانی و دەرفەتە سیاســییەکان لەبــارەی کەجەکە ئاوڕیان وێ نەدرایەوە. لەبەرانبەردا بزووتنەوەی کوردی لە سەرەتا و، لە ماوەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا هەنــگاوی بژاردەی دژە ئەقڵانیی هەڵێنابووەوە. هاوســەرۆکی کەجەکە لەســەر ئەو باوەڕەیە کە ناتوانین بە شــێوەی زەینــی و مەنتقی ســەرەکیی، لــە کەجەکە بگەیــن. لەبەر ئــەوەی کەجەکــە بۆخۆی بە پێی بنەمــای مەنتقــی و مێنتالیتەی ڕەوتی ســەرەکیی دانەمــەزراوە[۱۳]. هەربۆیــە ئەگەر بمانهەوێ لە دەروەی تیۆرییە ســەرەکییەکانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵیسەنگێنین، تێگەیشتن لە کەجەکە زۆر سەخت و دژوار دەبێ.

بە گشتی پەکەکە بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی کێشــەی کوردان، خەباتی کــردووە. پەکەکە باســی لەوە کردووە کە هاوکاریی دوژمن لەنێو کورداندا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. هەربۆیە ســەرەتا لە ڕێگەی هێرش کردنە ســەر ئاغا، دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان لە کوردســتان، هێرشــی بۆ ســەر شــێوازی بیــر کردنەوەی کوردان دەســتپێکرد. پاشــان هەڵمەتی بردە سەر دەوڵەت و سیســتەمی تورکیە. سەرەڕای ئایدئۆلۆژیی مارکسیســتی و سۆسیالیســتیی پەکەکــە، چەمکــی کــوردی و خەبــات بۆ کورد و کوردســتان لــە ئەولەییەتی بەرنامەی پەکەکەدا بوو. هەربۆیە لە ڕووی ئایدئۆلۆژییەوە، تێگەیشتنی کوردانەی لە سۆسیالیزم هەبوو و، ئامانجە سەرەکییەکەشی دامەزراندنی وڵاتێکی سۆسیالیستیی سەربەخۆی کوردی بوو[۱۴]. ئەم هەنگاوە بچووکانە لە لایەن پەکەکەوە سەبارەت بــە بــازدان بەســەر ســنوورەکانی بەهاداری درێژخایەن لــە کۆمەڵــگادا و، بەرهەمهێنانی کۆمەڵێــک بەهــای کۆمەڵایەتی و سیاســی نوێ لەنێو کورداندا بــوو. هەنگاوێکی گرینگ، گۆڕینی ئامانجی دامەزرانی وڵاتێکی کوردی بۆ بنیاتنانــی نەتەوەیەکی دێموکراتیکی کوردییە. بۆچی پەکەکە ئایدئۆلۆژی و ئامانجی سەرەکیی خۆی گۆڕیوە؟ وەکو بەشــێک لــە گۆڕانکاریی پارادایمــدا، پەکەکــە بیــری کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیکــی بۆ کوردانی ئەو بەشــە وێڕای گەلی کــورد و وڵاتی کوردان لــە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت پێشــنیار کرد. بە پێی ئەم بەڵگانە گۆڕانــکاری ڕووی داوە. هەروەکــو "ئاق قایا» پێشنیاری کرد، «لە ماوەی ۳۰ ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەتی تورکیە بەرەورووی شۆڕشێکی هاندراو لە لایەن پەکەکەوە بووەتــەوە، کە یەکێک لە گرینگتریــن تەڤگەرە سیاســییەکانی خەباتی سیکۆلار لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و، «ئەمەش بە هیچ شــێوەیەک ناکرێ بەهەند نەگیرێت و پشتگوێ بخرێت.»[۱۵]

بە پێــی بۆچوونەکانی ئۆجــەلان، بەهۆی دەســتپێکردنی خەباتی پەکەکەوە، سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە بۆ ئاسیمیلاســیۆن و بەتورک کردن تاڕادەیەک پێشــی پێگیرا. بــەو مانایە

که «کوردان لەبەر کۆمەڵکوژیی فەرهەنگی و کوشتنی بەکۆمەڵ وەجاخیان کوێر نەبووەتەوە.»[١٦] ئەوەی راستی بێ، خەباتی پەکەکە دژی دەوڵەتی تورکیە «گەورەترین کێشە و سەرهێشەی دەوڵەتی تورکیە لە سەدەی بیستەمدا بووە»[١٧] و هەڵبەت تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە. هەربۆیە گۆڕینی سیاسەت لەبارەی خەبات، بووەتە هۆی دروست بوونی سیستەمێکی نوێ: «سیستەمی کەجەکە گۆڕانکاریی لە بەهاکانی کۆمەڵگای کوردی و کوردستاندا پێکهێناوە.»

## سیستەمی کەجەکە: دیاردەیەکی نوێ لە خەباتی کوردادا

هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەتوانم بڵێم HDP و DTK دوو کاراکتەری سەرەکیی سیستەمی کەجەکە لە گۆڕەپانی ئێستای تورکیەدان. بۆ ئەوەی بەتەواوی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردی و پرسی کێشەکان بگەین، دەبێ بزووتنەوە و چوارچێوەی کار و کردەوەکانی سەنگ وسوژن بدەین. شک و گومانی زۆر لەبارەی کەجەکە هەیە. ئەم شک و گومانە نە تەنیا لە لایەن دەوڵەتی تورکیە و سیاسەتمەدارانی ئەم وڵاتەوە، یان لە لایەن ئاکادێمیسیەن یان لێکۆڵەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەستی پێدەکرێت، بەڵکو خودی چالاکانی سیاسیی کەجەکەش هەستیان پێکردووە. ئەمەش هۆکارەکەی، یەکلایینەبوونەوە و دژواریی ڕەوشی ڕێبەرایەتیی کەجەکە و عەبدوڵا ئۆجەلانە. بە شێوەیەکی بنەڕەتیی ئۆجەلان دەبێ بیر لە پێکهێنانی باسێکی ڕەخنەگرانە لەبارەی پرسی ڕەخنە لە چەمکی «دەوڵەتی نەتەوەیی» و خەبات بۆ وەدەستهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ کوردان بکاتەوە.[١٨] کەوابوو بیری دامەزرانی کەجەکە، سیستماتیک یان پشتئەستوور بە پێشکەوتنی تیۆرییەکی ڕوون و ئاشکرا نەبوو. ئۆجەلان وەکو سیستەمێکی بەربڵاو و جۆراوجۆر وەسفی کەجەکە دەکات کە دەتوانێ جێگرەوەی دەوڵەت بێت.[١٩] پرۆژەی کەجەکە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و چارەسەریی دۆزی کورد هاوشێوەی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە، کە پرۆژەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و ناوەندگەرایانە بێت. ئەمە لەسەر بنەمای کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیکە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە، ناوچەیی و ناوەندگەرا نییە. هەربۆیە کەجەکە مۆدێلێکی دیکەی لەژێر ناونیشانی کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیک پێشنیار کرد کە ئامانجەکەی ئۆتۆنۆمیی دێموکراتیکە.

لە ڕوانگەی کەجەکەوە «دەوڵەتی نەتەوەیی» بە شێوەیەکی سروشتی دیکتاتۆرییە.[٢٠] هەربۆیە چەمکی «ئۆتۆنۆمیی دێموکراتیک» لە لایەن ئۆجەلانەوە وەکو جێگرەوەی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی پەرەی ئەستاندووە. سەرەڕای ئەمە دژوارییەک لەم پێشنیارەدا هەیە. لە لایەک، ئۆجەلان دەوڵەتی نەتەوەیی وەپشت گوێ داوە و، تیشک دەخاتە سەر کۆنفێدراسیۆنەکانی دێموکراتیک؛ لەلایەکی دیکەشەوە وێدەچێ چەمکی کوردی و خەبات بۆ کوردستانی ئازاد ڕوانگەیەکی وەها ڕوون لەبارەی زاڵبوون بەسەر چەمکی «دەوڵەتی نەتەوەیی» نەدات بەدەستەوە. ئامادەنەبوونی ئۆجەلان لە مەیدانی سیاسەتدا، لەبەر ١٨ ساڵ زیندانی بوون لە «دوورگەی ئیمراڵی»دا، کاریگەریی لەسەر ڕێکخراوەکەی داناوە. بەم حاڵەشەوە کەسایەتی ناوبراو وەکو ڕێبەرێکی مەزنتر لە پارتێکی سیاسی ناوبانگی دەرکردووە و، بووتەوە ڕێبەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، نەک هەر ڕێبەری حیزبی سیاسیی پێشووی خۆی، واتا پەکەکە.

کەجەکە لە ساڵی ٢٠٠٥ پاش دژواریی و پاشەکشەی ئیدئۆلۆژیکی لە خەباتی پەکەکەدا و، پاش شەش ساڵ زیندانی بوونی ئۆجەلان دامەزرا. لە ساڵی ١٩٩٩ کاتێک ئۆجەلان دەستبەسەر کرا، ناوبراو لە بریارێکدا داوای لە گەریلا کرد کە لە خاکی تورکیە پاشەکشە بکەن و ئاگربەستی یەکلایەنە ڕابگەیەنن. هەربۆیە

هەربەو جۆرە کە خەشخاش بە ماددەی سەرەتایی بۆ ئالودە بوون بە هێرۆئین دادەنرێ، مێژووش بە کەرەسەی خاوی ئیدئۆلۆژییە ناسیۆنالیستی، میللی، قەومی و ڕادیکاڵەکان لەقەڵەم دەدرێ. (Hobsbawm 1997: 5). ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لەسەر بناخەی بۆچوونی مۆدێرنیستی سەبارەت بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم و تێگەیشتنی هاوچەرخ لە حافیزەی دەستە جەمعی و بە کۆمەڵ دامەزراوە، بەر لە هەرشتێکی دیکە پەیوەندیی بە سامان و ڕیوایەتی پەهلەوی لە ناسێۆنالیزمی ئێرانی پێش لە شۆڕش، لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. لێکۆڵینەوەکە لە ڕێگای بەراورد کردن و هەڵسەنگاندنی کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانەکان لە دەورانی پێش و دوای شۆڕشدا لەگەڵ یەکتر، ئەوە نیشان دەدا کە ئێرانی دوای شۆڕش، سەرەڕای ئەوهەموو ئیدیعایە کە سەبارەت بە شۆڕشگێربوون، جیهانی بوون و ئیسلامی بوون دەیکا، بەو خوێندنەوەیەوە کە بنەماڵەی پەهلەوی سەبارەت بە «نەتەوەی لەمێژینەی ئێران» هەیانبوو، وەفادار ماوەتەوە. ئەوە بە جۆرێک هەست پێ دەکرێ کە ئەو ڕیوایەتە لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی، هەر بەو جۆرە کە لە دەورانی هاوچەرخدا لە گۆڕێدایە، یا هەر بەو جۆرە کە لە ئاخروئۆخری ساڵەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی چەرخی بیستەمدا، لە لایەن لێکۆڵەرە ئورووپاییەکانەوە بەیان کراوە، هەمیشە «لەگۆڕێدا بووە». کۆماری ئیسلامیی ئێران خەتە بنەڕەتییەکانی خوێندنەوەی پەهلەوی- ئورووپی لە مێژووی ئێرانی، کە وەک بنەمای ئەو داستانە بە حیساب دێن، قەبووڵ کرد. هەربۆیەش وەک لێکۆڵەری بەناوبانگی فەرانسەوی Pierre Nora (1989: 8)) دەڵێ لە ڕەوتی چوونەپێشی خۆیدا، دەگەڵ هەمان دیالێکتیکی بەیاد سپاردن و لەبیرچوونەوە، هەمان شکڵ و شێوەی خۆگۆڕین و هەمان لاوازی و کەموکوڕیی لەبەرانبەر

واقعیەتەکاندا، بەرەورووو بوو.

بۆیــە لێکۆڵینەوەکــە تێدەکۆشــێ ئــەوە بســەلمێنێ کە ئەو گۆڕانە رووکەشییەی کە بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە «سەردەمی ئێران» بۆ « ســەردەمی ئیســلام»دا رووی داوە، ســەرەرای ئەوەی کە گەیشــتووەتە دەرەوەی ســنوورەکانی ئێرانیــش، هەر لــە چوارچێوەی ســوننەت و نەریتــە زاڵ و بــاوە ئوروپاییــ- سیکۆلارەکەی ســەردەمی پەهلەویدا ماوەتەوە وچەقــی بەســتووە. (١٩٢٥,٧٩). روونــە کــە شۆڕشەکان لە هەلومەرجە تایبەتییە فەرهەنگی و کولتورییەکاندا روودەدەن و هەندێک لە داب و نەریتــە باوە کولتورییەکانــش لەگەڵ خۆیان لــە رژێمەکۆنەکەوە بۆ دەورانی پاش شــۆرش دەگوێزنەوە.

ئاخر لە ئێرانیشــدا هەروەک کۆمەڵگاکانی دیکە، «قەیرانە شۆڕشــگێرییەکان نوختەگۆڕانی مێژوویــی نین کــە ببنە هــۆکاری پێکهێنانی هەرچەشنە ئاڵوگۆرێک ئەگەر شۆڕشگێرە خاوەن ئیرادەکان بیانهەوێ» (Skocpol 1979: 171).

لێکۆڵینەوە تازەکان مۆدێرنیتێتیی دیاردەی شۆڕشــی ئیســلامیيان لە ئێراندا دەرخستووە. ئەمــەش بناخەی ئەو بۆچوونە باوە لاواز دەکات کــە ئــەو دیاردەیە بە پاشەکشــەی تــەواو لە مۆدێرنیتە دەزانێ.٢ لــە رێگای بەڵگە هێنانەوە بۆئەوە کە ناسیۆنالیسم، بەرهەمی مۆدێرنیتەیە، هەروەها بە نیشــاندانی ئەوە کە ناسیۆنالیســم لە رژێمی کۆماری ئیســلامیی ئێراندا گەشەی کــردووە، ئــەو لێکۆڵینەوەیــە دەری دەخا کە بزووتنەوە ئیســلامییە ئوســوولییەکان لە ئێران و لە شــوێنەکانی دیکــەدا، لەجیاتــی ئەوەی کــە وەک درێژەی رابــردوو لەقەڵــەم بدرێن، بەشــێکن لە مۆدێرنیتە. ئەوەی کە سەرچاوەی تێگەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نەتەوە، دەگەرێتــەوە بۆ ئەو ریوایەتە باوەی لەو بارەیەوە لەگۆڕێدایــە، ئــەو بۆچوونە بەهێــزدەکات کە بزووتنەوە ئیســلامییە هاوچەرخەکان، تەنانەت ئەگەر «بە شــێوەیەکی ئاشــکرا و بە تەواوییش مۆدێلە سیاسییە هاوچەرخەکان، وەک بەرهەمی هاوردەی رۆژئاوای دوژمــن رەدبکەنەوە، بیرورا سیاســییە جۆراوجۆرەکانیان، رێکخراوەکانیان، ئــاوات و ئامانجەکانیــان، لە ژێــر کاریگەریی سیاســەتەکانی دەوڵەت-نەتــەوەدان و ئیلهــام لەوان وەردەگرن» (Zubaida 1989: ix).

پــەروەردەو فێرکردن لە ئێرانــی مۆدێرندا هەمیشــە جێگای باس و لێکۆڵینەوە بووە و زۆر وتار و بابەتی تایبەت بە خۆی لەســەر نوسراون. ئەو لێکۆڵینەوانە یارمەتیی ئێمەیان داوە تا باشتر لەو رۆڵە گرنگە بگەین کە پەروەردە و فێرکردن لە پرۆســەی بەکۆمەڵایەتی بوون و شکڵگرتنی روانگــە و بۆچوونــی لاوانی ئێرانــی لە پێش و پاش شۆڕشدا گێراویەتی.٣ کەچی بەو حاڵەش زۆربــەی ئەو وتارانــە نەیانتوانیــوە لێکۆڵینەوە و هەڵســەنگاندنێکی ورد و هەموولایەنــە و بەراوردکارانە سەبارەت بە پەروەردە و فێرکردن لە پێش و پاش شۆڕشدا بە دەستەوە بدەن٤ . لە ئاکامی ئەو کەموکوڕیانەدا ئەوان نەیانتوانیوە پێچ و پەناکان، دەرفەتە سەرکوتکراوەکان و ناتەباییە جۆراوجۆرە چارەســەرنەکراوەکان لە پرۆســەی تێپەڕین لە سیســتەمی پاشایەتییەوە بۆ نیزامی کۆماری ئیســلامی و دوای ئەودا ببینن و بخەنە بەرباس. هەر بۆیە بەشێکی زۆر لەو لێکۆڵینەوانە بە بەرهەمهێنانەوە و پشتراســتکردنەوەی ئەو ( essentialism)ە کۆتاییيان دێ کە بەشــێکە لە رۆژهەڵاتگەریی سوننەتی (traditional Orien-talism). یانی دووبارە کردنەوەی ئەو حیکمەت و عەقڵیەتــە دەســتەجەمعییە (conventional wisdom) ئێرانییە یەکپارچەیە کە لە «گەرانەوە بۆ ئیسلامدا» خۆی نیشان دەدا. ئەوە شتێکە کە Higgins & Shoar- Ghaffari (١٩٩٤: ٢٠) لە لێکۆڵینەکەیاندا باسی دەکەن و دەڵێن: «هەموو ئەوانەی ســەبارەت بــە خوێندن لــە کۆماری ئیســلامیی ئێراندا وتار و توێژینەوەیان نوسیووە لەسەر ئەوە هاوران کە ئامانجی ئەسڵیی کۆماری ئیســلامی، بریتییە لە دروســتکردنی ئینسانی ئیســلامی وهەروەهــا لــە پەیوەنــدی دەگەڵ

کەمایەتییە ئایینیە بەرەسمی ناسراوەکانیشدا، ئەو ئامانجە بریتییە لە پەرەپێدانی تەعەهود بە یەکتاپەرستی و ئیتاعەت لە یەک خوا»٥. بەوحاڵەش، بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی کتێبە دەرسییەکانی پێش وپاش شۆڕش لەگەڵ یەکتر، کە لەو توێژینەوەیەدا ئەنجام دراوە، ڕەنگە فەزایەکی کولتووری و فەرهەنگیی ناهاوئاهەنگ لە کۆماری ئیسلامیدا بخاتە پێش چاو. لەو ڕوانگەیەوە «ئێرانی بوون» و «ئیسلامی بوون» نەک هەر بە دوو هەویەت و ناسنامەی دژبەیەک دانانرێن، بەڵکوو سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان، دەتوانن پێکەوە بژین (coexist). ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە دەریدەخا کە هەرچەند «دروستکردنی ئینسانی ئیسلامی» لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی بووە، بەڵام ئامانجێکی دیکەی بە هەمان ئەندازە گرنگ و گرێدراو بەو ئامانجە سەرەکییەوە، بریتی بووە لە دروستکردن و پەروەردەکردنی کەسێکی ئێرانییش. کەسێک کە ئارادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو پێناسەیە بێتەوە کە سەڵتەنەتی پەهلەوی بۆ فەردێکی ئێرانی دەزەینی دەخست وەبەرچاوی دەگرت. لە ئێرانی پاش شۆڕشیشدا، هەر بەوجۆرە، «چەمکی نەتەوە بە کێڵگە و مەیدان و مۆدێلێک دادەنرێ، کە هەموو جۆرە وەفاداری و تەعەهودەکان، لەوێوە سەرچاوەدەگرن» (Zubai-da 1989: 147-8). لە ئاکامدا مێژوو لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا تەنیا هەر بە دەستێوەردانی یەزدان دیاری ناکرێ، بەڵکوو وەک دەورانی پەهلەوی، بە شێوەی خەتێکی ڕاست دەڕواتە پێش و مێژووی سازکراوی نەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کەونارا و ڕەچەڵەکی باب و باپیران. ئەگەر باس لە سەرچاوەیەکی دیکە نەکرابێ، هەموو ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەو توێژینەوەیە بەکارهاتوون، بریتین لەو کتێبە دەرسییانەی کە لەسەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، لە قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەییدا، بۆ خوێندن و فێربوونی مێژوو، زانستە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان و زمان و ئەدەبیاتی فارسی کەڵکیان لێ وەرگیراوە. بایەخی کتێبە دەرسییەکان، وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی نرخ و بەها و ڕوانگە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕەسمییەکان و ئیدئۆلۆژی و ئارەزووەکانی ئەو کاربەدەستانەی کە ئەو کتێبانەیان ئامادە و چاپ کردووە، جێگای هیچ موبالەغەیەک نییە. سەرەڕای ئەوەش، لە ئێرانی پاشایەتی و کۆماریدا، بایەخی کتیبە دەرسییەکان لەوەش زیاترە، چونکە، «لە ڕاستیدا، نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان، بریتییە لە پرۆگرامێکی خوێندنی ئەوتۆ کە بە ئاگاییەوە زانست و زانیاری بۆ قوتابخانەکان دە گوێزێتەوە» (Higgins and Shoar-Ghaffari 1995: 39). هەروەک وتمان، زۆربەی ئەو کتێبە دەرسییانەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، بریتین لە کتێبە دەرسییەکانی خوێندن و فێربوونی زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەوەش ئەو بوارە سەرەکییە کە فەرهەنگی ڕۆژئاوا لەوێدا کاریگەرترین شوێنەواری «ژەهراوی»ی خۆی لەسەر قوتابی و خوێندکاران هەبووە؛ بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، زۆرترین دەسکاری و چاوپێداخشاندنەوەی لەو کتێبە دەرسیانەدا ئەنجام داوە. (Sobhe 1982: 275). هەر بۆیە وەک میهرەدادی حەقایقی (١٩٩٣: ٤٢) (Meh-rad Haghayeghi) دەڵێ: «لێکۆڵینەوەی کتێبە دەرسییەکانی زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناخەکانی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەییدا ، تایبەتمەندیی هەموولایەنە و ڕێکوپێکی شۆڕش، لەبواری خوێندندا نیشان دەدا». هەر بۆیە ناوبراو بەو ئاکامە دەگات کە کتێبە دەرسییەکانی خوێندنی زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان، لە قۆناخەکانی سەرەتایی، ناوەندی وئامادەییدا، لە دەورانی پێش و پاش شۆڕشدا، بە باشترین پێوانە و پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی ئەو ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییانە دادەنرێن کە ڕێژیمی ئاخوندی بۆ وەدیهێنانیان لە ئێراندا هەوڵ دەدا. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین زۆربەی

ئەو کتێبە دەرسییانەی دەورانی پەهلەوی کە لەو توێژینەوەیەدا بەکار هاتوون، لە ساڵەکانی ١٩٧٠ی زایینیدا چاپ کراون. ئەو دەورەیە بە قۆناخی زێڕینی دەستەڵاتی محمەد ڕەزا پەهلەوی و (١٩٤١-٧٩)، سەردەمی گەشەی بەرنامەی ڕیفۆرمەکانی «شۆڕشی سپی»ی ناوبراو بە حیساب دێت. دەزانین لەو سەردەمەدا بوو کە بایەخ و ئەسڵە ئەخلاقییە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگی ڕۆژئاوا، سیکۆلاریزم و ناسیۆنالیزم، لە ڕێگای سیستەمی قوتابخانە و خوێندن و فێربوونەوە پەرەیان پێ دەدرا. ئەو کتێبە دەرسییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، لە کۆتاییی ساڵەکانی ١٩٨١- ١٩٨٢دا ئامادە و چاپ کراون. تا ئەودەم ئاڵوگۆڕ و پێداچوونەوە بە کتێبە دەرسییەکاندا تەواو ببوو. (Mehran 1989: 36). لێکۆڵینەوەکە بەو جۆرەی خوارەوە دەڕواتەپێش. لە بەشی یەکەمدا ڕیوایەتی میللیگەرایی و ناسیۆنالیستیی پەهلەوی دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و تێدەکۆشین ئەوە نیشان دەین کە چۆن ئەو ڕیوایەتە لە کتێبە دەرسییەکانی پێش شۆڕشدا ڕەنگی داوەتەوە. بەشی دووهەم کتێبە دەرسییەکانی پاش شۆڕش دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و بەشی سێهەمیش هەردووکی ئەو دوو کۆمەڵە کتێبانە بۆ گەڕان بە دوای چارەنوسی هەمان ڕیوایەتی ناسیۆنالیستیدا، دەگەڵ یەک بەراورد دەکا وهەڵدەسەنگێنی.

## لە سەردەمە دێرینەکانەوە تا دەورانی پەهلەوی: ڕەچەڵەک یا شەجەرەنامەی نەتەوەی ئێران!

دەتوانین ڕیشەکانی ڕیوایەتی پەهلەوی لە ناسیۆنالیسمی ئێرانی، بۆ کۆتاییەکانی چەرخی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی دەورانی شۆڕشی مەشرووتە (١٩٠٥- ١١) بگێڕینەوە. لەو قۆناخەدا، بە ئیلهام وەرگرتن لە سەرچاوە مێژووییە ئورووپاییەکان، بەتایبەتی فەرزییە یا هیپۆتێزی ئاریا، (سەرنج بدە خوارەوە) ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانی ئێرانی، تێگەیشتنی مۆدێرن و هاوچەرخیان لە ناسنامەی نەتەوەییی ئێرانی وەرگرت و ئەو شێوە بیرکردنەوەیەیان لە خۆیاندا هەزم و جێ کردەوە. لە ئاکامدا ئەوان نەک هەر لەو ڕیوایەتە لە مێژوو جیابوونەوە کە سەرهەڵدانی محەممەدی بە سەرەتای سەردەمێکی تازە و دەستپێکردنی شارستانییەتی نوێ لەقەڵەم دەدا و سەردەمی پێش ئیسلامی بە دەورانی تاریکی و نەزانی دەزانی، بەڵکوو لەبەرانبەردا، دەورانی بەر لە ئیسلامیان بە «سەردەمی ڕەوشەنگەری» دادەنا و لە ئاکامی فەتح کرانیان لە لایەن ئیسلامەوە، بە نائومێدییەوە، دەیانڕوانییە هەلومەرجی ژیانی ڕۆژانەیان (Tavakoli-Targhi 1988: 66). ئەم ڕیوایەتە بانگەشە بۆ کۆنسێپتی «نەتەوەی دێرینی ئێران» دەکا کە خاوەنی ڕیشەی قووڵی مێژووییە و ئەندامەکانی وەک گرووپێکی یەکگرتوو، لە مێژوودا، بە وتە بەناوبانگەکەی Benedict Anderson، بە هەمان یەکپارچەییەوە، لە زەمان و فەزایەکی دیاریکراوی نەگۆڕدا دەچنە پێش. (١٩٩١). بە گوێرەی ئەو ڕیوایەتە ناسیۆنالیستییە، مێژووی ئێران، بە سەردوو دەورەی سەرەکیدا دابەش دەکرێ. دەورانی دێرینی پێش ئیسلام و دەورانی ئیسلامی. دەورانی دێرین بە زاڵبوونی دەستەڵاتداریەتیی هیندوئورووپایی «ئاریایی» لە نزیکەی ٨٠٠٠ ساڵ پێش میلادەوە دەست پێ دەکا و تا سەردەمی پڕشکۆی ئیمپڕاتۆرییە قەدیمییەکانی فارس درێژە دەکێشێ و بە فەتحی ئێران لە لەیەن عەرەب یا موسوڵمانەکانەوە، لە قەڕنی حەوتەمی زایینیدا کۆتاییی پێ دێ. سەردەمی دێرین بە جۆرێک تەماشا دەکرێ کە لەوێدا نەتەوەی ئێران دەست بە گەشە و هەڵدان دەکا و لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە بە ژیانێکی سەبەخۆ و خودموختار دەگات. لەو دەورەیەدا، ئیمپڕاتۆرییەکانی پێش ئیسلام

واته هەخامەنشـــی و ساسانی، بە مایەی شانازی دادەنرێن. ئەو ئیمپراتۆرییانە بە دەورانی پرشکۆ و ســـەردەمی زێڕینی نەتەوە لەقەڵەم دەدرێن. ئەوان بە نوێنگە و تەجەســـومی گەشەی ڕۆحی میللی، زمان و ئەدەبیاتی فارســـی، نیشتیمانی ئێـــران و چوارچێوە سیاســـی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانـــی نەتەوەتەی ســـەربەخۆی ئێران دادەنرێن. ئەو ســـەردەمە دێرینە بە تێکشکانی مێژوویـــی پـــارس لەبەرانبەر«بیابان نشـــینان» و «بادیەنشـــینانی درندەخـــوو» واتـــە عەرەبـــە موسوڵمانەکان کۆتایی دێ. دەورەی دوای ئەوە کە بریتییە لە چەند قەڕن دەســـتەڵاتداریەتیی حکوومەتـــی موســـوڵمانەکان، بە ســـەردەمی «کەموکورتـــی» واتە ‘lack’ دادەنـــرێ. بەمانای ئەوەی کە ئێرانییەکان لەو دەورەیەدا ئەزموونی بەکۆمـــەڵ و دەســـتەجەمعیی خۆیـــان وەک نەتەوەیەکـــی یەکگرتوو و یەکپارچە لەدەســـت دا. ســـەکوت کرانی هەســـتی نەتەوایەتی و بێ توانایی بۆ نیشاندانی ڕۆحی ڕاستەقینەی میللی، بـــە گرنگترین تایبەتمەندییەکانـــی ئەو دەورانە دەزانرێن. لەو دەورەیەدا ئیحساســـات و هەستی دژایەتیکـــردن دەگەڵ عەرەب بـــە ئەندازەیەک پەرەی ئەســـتاند، کە نەک هەرئیسلام، بەڵکوو فەرهەنگی ئێرانی-ئیسلامییشی نادیدە دەگرت. ئاخر پێی وابوو ئەوە شایســـتەی شکۆی بەرزی فەرهەنگـــی زەردەشـــتی نییـــە کە لـــە پێش ئیســـلامدا لەو مەڵبەندەدا هەبـــووە. (Katouz-ian 1979: 542.6). بـــەم جـــۆرە ســـەڵتەنەتی ڕوو لە گەشـــەی پەهلـــەوی، ، لەبەر ئەوەی کە نوێسازی و بەڕۆژئاوایی کردن(modernisation and Westernisation) ئامانجـــی ســـەرەکیی ئەو ســـەڵتەنەتە بوو، ڕیوایەتی ناسیۆنالیســـتی ومیللیگەرایانـــەی مەشـــرووتەی وەرگـــرت و گەیاندییە ئاستی ئیدئۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەت. (Arjomand 1988: 68). لەلایەکی دیکەشـــەوە ئەوان ڕیوایەتی ناسیۆنالیستی و میللیگەرایانەی نەوەکانی پێشـــووی خۆیان، بە پێداگرتن لەسەر فەرزیەی «ئاریایی» کە پشتیوانیی لە پەیوەندیی

نێوان شارستانییەتی ئوروپایی و ئێرانی دەکرد، هەر بەو جۆرە کە هووشـــەنگی شەهابی ڕوونی دەکاتەوە، لەگـــەڵ ئـــارەزوو و بەرزەفڕییەکانی خۆیـــان هاوئاهەنگ دەدی (Hou-،1993 2231: chang E. Chehabi). ئەوان لەســـەر ئەو بڕوایە بوون کـــە جیاوازیی نێوان مۆدێلـــی ئورووپایی و واقعییەتی ئیســـلامی، بە وەدەســـتهێنانەوەی میرات و ناســـنامەی پێش ئیسلام، وەک ئەوەی کە توێژەرە ئورووپاییەکان نیشـــانیان دابوو، کە ڕەچەڵەک و شـــەجەرەنامەی هاوبەشیان لەگەڵ فەرهەنگـــی ئورووپاییدا هەیە، دەکـــرا قەرەبوو بکرێتەوە. هەر بۆیە بە ئورووپایی بوون، لە بیر و زەینی پەهلەوییەکاندا، نەک بە لەخۆبێگانەبوون، بەڵکوو بە گەڕانەوە بۆ ســـەر ئەسڵ و نەسەب و ڕیشەی ڕاستەقینەی باب و باپیران بە حیساب دەهات. هەربۆیە لەســـەر ئـــەو بڕوایە بوون کە دەکـــرێ لاســـایی کردنـــەوەی ئورووپاییەکان و پێداگرتـــن لەســـەر تایبەتمەندییـــە میللی و نەتەوەییەکان، شان بەشانی یەکتر بچنە پێش. بەوحاڵـــەش ڕیوایەتی مەشـــرووتەخوازەکان لە سەردەمی سەڵتەنەتی پەهلەویدا، کە تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی کەمتر نەرێنییان سەبارەت بە دەورانی پێش ئیسلام هەبوو، لە لایەن بنەماڵەی پەهلەوییەوە کەوتە بەر چاوپێداخشاندنەوەیەکی بنەڕەتـــی. مەبەســـتی پەهلەوییـــەکان لـــەو ئاڵووگـــۆڕە بنەڕەتییانە ئەوە بـــوو کە لە لایەک مەشـــرووعییەتی سیاســـی بۆ خۆیان وەدەست بێنن و لە لایەکی دیکەشـــەوە ئـــەو بیرۆکەیە پەرە پێ بدەن کە ســـەڵتەنەت بەشێکی پیرۆز و جیانەکراوەی شێوەژیانی ئێرانییە. لەوەش زیاتر ئەوان لەو ڕێگایەوە دەیانهەویســـت ئەوە نیشان بدەن کە ســـەڵتەنەتی پەهلەوی، ئاخرین جیلوە و خۆنیشـــاندانی ئـــەو ســـوننەتە دوورودرێژەی ســـەڵتەنەتە کـــە هەمیشـــە درێـــژەی هەبووە. پەهلەوییەکان بۆئەوەی خۆیان وەک درێژەدەر و پەرەپێدەری سوننەت و نەریتەکانی سەڵتەنەت لە ئێراندا نیشـــان بدەن، ناچاربـــوون بیرۆکەی بەردەوامیی خەڵک وفەرهەنگ لە فەلاتی ئێراندا،

بخەنە ژێر کاریگەری و شوێنەواری خۆیان. لەسەر ئەو بنەمایە دەگوترێ کە هەرچەند فەتحی ئێران لە لایەن عەرەبەکانەوە کارەساتی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام دەورەی ئیسلامیی دوای ئەوە، توانیویەتی ئاڵوگۆڕێکی زۆر کەم لە کاراکتەر و چۆنیەتیی کۆمەڵگای ئێراندا، پێک بێنێ. چونکە هەمیشە تێکۆشاوە ناسنامەی خۆی لە بەرانبەر دەستەڵاتداریەتی و هێژمۆنی عەرەب و تورکدا بپارێزێ. (Vaziri 1989: 102).٧.

ئێستا وەختی ئەوەیە ڕەنگدانەوەی یادەوەریی دەستەجەمعیی ئێرانی لە کتێبە دەرسییەکاندا، لە دەورانی لووتکەی گەشەکردنی سەڵتەنەتی محەمەد ڕەزا شای پەهلەویدا، وەک ئاخرین شای ئەو سیلسیلەیە، بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەروەک دەبینین، لە کردەوەدا هەموو کتێبە دەرسییەکان بە مەبەستی پەروەردەکردن و چاندنی هەستێکی پڕ لە غروور و هەویەت و ناسنامەی مێژوویی لە قوتابیدا ئامادە کراون.

ئەندرسۆن دەڵێ ئەو میتۆدە بریتییە لە ئاشنا کردن و دەرگیر کردن دەگەڵ «پرۆسەی خوێندنەوەی ناسیۆنالیسم، وەک نیشاندانی ئیدامەی سوننەتی سیلسیلەی پاشایەتی، لە ڕێگای شەجەرەنامەوە» (Anderson 1991: 195). لە پەیوەندی دەگەڵ ئێراندا ئەمە بریتییە لە دروستکردنی شەجەرەنامەیەک کە هەر لە دەورانی دێرینی پێش ئیسلامەوە دەست پێ دەکا، بە دەورانی ئیسلامیدا تێدەپەڕێ و وەک خەتێکی ڕاست تا سەردەمی ئێستا درێژ دەبێتەوە. پەهلەوییەکان پەیوەندیی سیلسیلەمیحوەری خۆیانیان دەگەڵ نەتەوەی خۆدخاندەی ئێران( self-proclaimed) کەمو زۆر بە درێژاییی ڕیوایەتەکە پاراست. واتە خۆیان بە درێژەدەری ئەو سیلسیلە دوور و درێژە لە قەڵەم دەدا.

بە مەبەستی دیاریکردنی ڕیشەی قووڵ و مێژووییی نەتەوەی ئێران وهەروەها بۆ دەستنیشانکردنی ئەوە کە ئەو میللەتە هەمیشە هەستی نەتەوایەتی و ناسنامەی میللیی خۆی هەبووە، کتێبە دەرسییەکانی ئاخر و ئۆخری دەستەڵاتداریەتیی پەهلەوی لە هەوڵی ئەوەدان سەرەتاکانی دەستپێکردنی ئەو میللەتە دیاری بکەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینین فەرزیە واتە هیپۆتیزی «ئاریایی» بوونی نەتەوەی ئێران بە چەشنێکی بەرین لەو کتێبە دەرسییانەدا خۆی نیشان دەدات. بەمجۆرە قوتابییان فێر دەکرێن کە ڕەچەڵەکی ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو «تیرە ئاریایی»یانەی کە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر، لە «دەشتە کانی ڕۆژاوا و باشووری سیبری»یەوە دەستیان داوەتە کۆچ کردن. بەشێک لەوان چارەنووسی خۆیان لە ئورووپای ناوەندیدا دۆزییەوە، بەشێکی دیکەیان لە ئەفغانستان و هیند جێگیربوون و بەشێکیشیان لە سەرزەمینێکدا نیشتەجێ بوون کە دواتر بە «ئێران» ناسرا. واتە (سەرزەمینی قەومی ئاریایی) (Ta‘rikh Yek 2537 [1978]: 21-2). لە ڕاستیدا «هەر ئەو ئارياييانەش بوون... کە ناوی خۆیان لەسەر ئێران دانا و ناویان لەو سەرزەمینە نا ئێران» (Ta‘rikh-e Honar-e Iran 1359 [1980]: ٧).٨.

لە هەزارەکانی دواییدا، لاوانی ئێرانی دەبوایە ئەوە بخوێننەوە کە ئێرانیانی «ئاریایی» توانییان دەستکەوتی زۆر پرشکۆ و گەورە وەدەست بێنن و بەهۆی بەرهەمەکانی هۆش و ژیری و پێگەیشتوویی خۆیان، لە ئاستێکی بەریندا خزمەت بە شارستانییەتی مرۆڤایەتی بکەن. پرشکۆترین دەسکەوتی ئەوان لە قۆناخە سەرەتاییەکانی سەردەمی کۆندا، بریتی بوو لە دروستکردنی «یەکەمین سەڵتەنەتی ئێران» واتە «کۆنفیدراسیۆنی ماد» لە قەرنی هەشتەمی پێش میلاد دا. ئەو «نیزامە سەڵتەنەتی»یە کە خاوەنی «فەرهەنگی ئێرانی» و «جیهان بینی» و «تایبەتمەندیی بێ وێنە» و جیاوازی خۆی بوو، «ڕووخسارێکی تازەی بەو وڵاتە وهەروەها نموونەی شێوە ڕەفتارێکی نوێ و ... جلوبەرگ و ئامراز و کەرەسەی تازەی شەڕی، بە دونیا

بەخشی» (Ta’rikh-e Lebus 1353 [1974]: 48).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە سەردەمی ماد، وەک خاڵێکی جیاواز لە «سەرتاسەری چیرۆک»ەکەدا خۆی نیشان دەدا. لەوێوە نەریتی درێژەکێشان و ئیدامەکاریی سەڵتەنەت دەست پێ دەکا و بۆ یەکەم جار سەڵتەنەت وەک پێداویستییەکی مێژوویی (sine qua non) و «ئێرانی» سەرهەڵدەدا.

(Zraniyyat). بەو حاڵەش دەبێ بڵێین کە یەکیەتیی نێوان «سەڵتەنەت» و «ئێرانییەت»، هەوەڵین شانازییەکانی خۆی لە سەردەمی «دووهەمین سەڵتەنەتی ئێرانی»دا، واتە لە سەردەمی ئیمپراتۆریی هەخامەنشی، بە تایبەت لە دەورانی دەستەڵاتداریەتیی بنیاتنەری ئەو ئیمپراتۆرییە، واتە کووروشی گەورە لە ساڵەکانی ۵۳۰ تا ۵۵۰ی پێش زاییندا، تۆماردەکا. (c. 550-530 BC). Cyrus the Great لە ژێر ڕێبەورایەتیی ئەو پاشا «بەوەج»ەدا کە لە کتێبە دەرسییەکاندا وەک قارەمان وسەرمەشقی «سیفات و تایبەتمەندیی ئێرانی» باسی لێ دەکرێ (Ta’rikh Yek 2537 [1978]: 32)، ئێران «هەنگاوی گەورەی بەرەو فەرهەنگ و شارستانییەت هەڵگرت» و توانی بگاتە ئاستە هەرەبەرزەکانی «پێشکەوتن و ناوبانگ و ئیعتباری جیهانی» ( Ta‘rikh-e Lebas 1353 [1974]: 54]). هەر بۆیە سەیر نییە کە دەبینین، تاجگوزاریی کووروش بە سەرەتای دەسپێکردنی «ڕاستەقینە»ی میللەتی ئێران دەزانرێ و لەیادی ئەو ڕووداوەدا لە ساڵی ۱۹۷۶ی زاییینیدا، ئەو نەتەوەیە «جەژنی دووهەزار وپێنجسەدساڵەی شاهەنشاهی ئێرانی بەرێوەدەبات» (Tn’rikh-e Yek 2537 [1978]: 28-9).

کتێبە دەرسییەکانی مێژوو لە دەورانی پەهلەویدا، زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە سەڵتەنەتی هەخامەنشی، پێش هێرشی لەشکری ئەسکەندەری مەقدۆنی لە ساڵی ۳۳۰ی پێش میلاددا، ڕووخاوە و دوای مەرگی ئەو لەساڵی ۳۳۲ی پێش میلاددا، سەڵتەنەتی «بیگانە»ی سلووکی لە بەشێکی زۆری قەڵەمڕەوی ئەودا دامەزراوە. ڕەنگە ئەوە بە پچڕانێک لە ئیدامەی سەڵتەنەت لە ئێران و بە لەدەستدانی ئەزموون و یادەوەریی دەستەجەمعیی ئێرانییەکان وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو و یەکپارچە دابنرێ. کەچی سەرەڕای هەموو ئەوانە، کتێبە دەرسییەکان، بە مەبەستی نیشاندانی ئێرانییەکان وەک گرووپێکی یەکپارچە، کە بەردەوام لە مێژوودا دەڕۆنە پێش، لەبەرانبەر ئەو پچڕانە و (وەک دواتریش دەبینین) هەر چەشنە شتێکی دیکە کە ئەو پەیامە ئیدئۆلۆژیکییە خەوشدار بکات، لەبەرگی ڕیوایەتێکی مەوزووعی واتە عەینیدا( narrative objectivity) بەرهەڵستی لە خۆیان نیشان دەدەن. بۆیە ئیدیعای ئەوە کە ئەسکەندەر و سلووکییەکان، هەوڵیان داوە بە مەبەستی دامەزراندنی «دەوڵەتی یۆنان» لە فەلاتی ئێراندا، ئێران بکەنە پاشکۆی فەرهەنگی یۆنان، وەک «خەیاڵێکی پووچ» ماوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو ئێرانییانەی ئەوانیان بە بێگانە دادەنا و نەیاندەتوانی دەستەڵاتداریەتیی حاکمانی بێگانە بەسەر خۆیاندا قەبووڵ بکەن، لە هەموو لایەکەوە کەوتنە دژایەتی و بەربەرکانێ دەگەڵیان. لە ئاکامدا، نەک هەر ئێرانییەکان «نەبوون بە یۆنانی»، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، یۆنانییەکان «تەسلیمی هێزی ڕاکێشانی فەرهەنگ و شارستانییەتی ئێران» بوون و لە باری فەرهەنگی و جیهانبینییەوە، بوون بە ئێرانی. (Ta’rikh-e Honar 1359 [1980]: 26; Ta’rikh Yek 2537 [1978]: 44-5).

لە ئاکامدا ناسنامەی ئێرانی هەر مایەوە و لەنێو نەچوو، ئەو پچڕانەی لە درێژەکێشانی سەڵتەنەتدا ڕووی دابوو، بە زوویی بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی زیندوو بووە وە و هاتەوە سەر ڕێی خۆی. لە درێژەی ئەو باسەدا دەگوترێ کە لە قەرنی یەکەمی پێش زاییندا، سەڵتەنەتێکی دیکەی «ڕەسەنی ئێرانی» لە لایەن ئەشکانییەکانەوە، لە فەلاتی ئێران

دادەمەزرێ و «سەربەخۆیی و فەرهەنگ و کولتووری وڵاتی ئێران لە بەرانبەر بێگانەدا» دابین و دەستەبەر دەکات. (Ta‘rikh-e Leb-as 1353 [1974]: 64). نزیکەی پێنجسەد ساڵ دواتر، ساسانییەکان، وەک «میراتگری ڕاستەقینەی هەخامەنشیان»، «داب و نەریت و ئادابی ئێرانییەکانی سەردەمی دێرین»یان زیندووکردەوە و «ئێرانێکی باستانی»ی دیکەیان سازکردەوە. بۆ نموونە هونەری ئەوان هونەرێکی «میللیی ئێرانی» بوو چونکە بە چەشنێکی بەرین وەک سەرمەشق ئیلهامی لە میراتی ڕابردوو وەردەگرت» (Ta‘rikh-e Yek 2537 [1978]: 6-9). The 61

سەردەمی دووورودرێژی کۆن کە لەودا «ڕۆحی ئێرانی» هەر وا بە گەورەیی و»لە شکان نەهاتوویی» (insurmountable) مایەوە، بە تێکشکانی سپای ساسانی لە بەرانبەر، لەشکری بەهێزی عەرەبە پەلاماردەرەکان لە قادسییەدا، لە ساڵی ٦٣٧، و لە نەهاوەند لە ساڵی ٦٤١دا کۆتایی هات. لە ئاکامدا «فەسڵێکی تازە لە مێژووی وڵاتەکەماندا دەستی پێکرد» (Ta‘rikh-e Iran az-Payan-e Shah-in-Shahi-ye Sassani-yan ta-Payan-e Salsaleh-ye Zandiyan 2537 [1978]: 3). کتێبە دەرسییەکان، ئەوماوەیە بە سەرەتای دەست پێ کردنی دەورانێکی پڕ لە «تەحقیر» لە ئاکامی شکانی ئیمپراتۆریی «ئێرانی» ساسانی لە سەردەستی «ڕەگەزێکی پەست»ی بێگانە دەزانن. لەوەش زیاتر ئەو سەردەمە بە قۆناخی لەدەستدانی «سەربەخۆییی نەتەوایەتی و پچڕانی درێژەی سەڵتەنەت» بە حیساب دێنن. بەوجۆرە ئەو کتێبە دەرسییانەی بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە کەڵکمان لێ وەرگرتوون وێنەی دەورانی تێپەڕین بۆ سەردەمی ئیسلامی، بە ڕەنگی ڕەش و شووم دەکێشنەوە.

لە ڕاستیدا، زۆربەی کتێبە دەرسییەکان لە پەیوەندی دەگەڵ فەتحی ئێران لە لایەن عەرەبەکانەوە، بە داخ بوونی خۆیان لەو شکستەی سەدەی حەوتەم دەردەبڕن. دەورەیەک کە بریتیە لە تێپەڕین لە شکۆی پێش ئیسلام بۆ سەردەمی ئیسلامی. شەڕی قادسییە، کە بوو بە سەرەتای نوقم بوونی شارستانییەتی پڕ شکۆی ئێرانی لە دونیای عەرەبی-ئیسلامیدا و لەدەستدانی حاکمییەت وسەربەخۆییی لەمێژینە، لە مێژووی ئێراندا بە ڕووداوێکی دراماتێک دادەنرێ. لە درێژەی ئەو شەڕەدا، وەک ئێمە دەیخوێنینەوە، فەرماندەی سوپای ئێران دەکوژرێ. لەئاکامدا ئاڵای کاوە واتە درەفشی کاویانی، (Derfash-e Kavehyani)١٠ کە ئاڵای نەتەوەیی و میللیی ئێران بوو و لە سەردەمی دێرینەوە مابووەوە، دەکەوێتە دەستی عەرەبەکان. تیسفۆن، پایتەختی ساسانییەکان دەکەوێتە دەستی عەرەبەکان و تەسلیم دەبێ. (ibid.: 14-16). بەوجۆرە پەلاماردەرانی عەرەب، کە دەستەڵات و حاکمییەتی ئێرانیان بە دەستەوە گرتبوو، لەگەڵ شارستانییەتی ئاریایی-ئێرانی و هیندوئورووپایی ناسازگاربوون. ئەوان نوقمی «پوچی» و «دەمارگرژی» و «خورافات» و «نەزانی» بوون و هیچ مەیلێکیان بۆ «زانست و زانیاری» تێدا بەدی نەدەکرا و «هیچ شتێکیان سەبارەت بە پیشەسازییە دەستییەکان و هونەری بەرێوەبەری نەدەزانی». (Khanlari 1340 [1961]: 6-7; Anvari et ul. 2536 [1977]: 143-53).

نیشاندانی وێنەیەکی نەرێنی لە دەورانی ئیسلامی، کە لەوێدا سەربەخۆیی نەتەوەیی لەدەست دەچی، بە ئاشکرا ناتەبایی لەگەڵ پڕۆژەی پەهلەوییەکان هەیە کە لە ڕێگای شەجەرەنامەوە مێژووی ٢٥٠٠ ساڵە بۆ بەردەوامی و درێژە کێشانی سەڵتەنەت لەسەر خاکی ئێران ساز دەکەن. وەک پێشتریش باسمان کرد، پەهلەوییەکان بۆ خوڵقاندنی ئاگاهی و وشیارییەکی لەو چەشنە، ناچاربوون بەڵگە بۆ ئەوە بێننەوە کە هەمیشە لە فەلاتی ئێراندا، خەڵک و کولتوور و فەرهەنگ، درێژەیان هەبووە. تێکشکانی ساسانییەکان لە قادسییەدا و زاڵبوونی عەرەبەکان بەسەر ئێراندا، بە پێچەوانەی ئەوەی کە وەک درێژەی چوونەپێشی نەتەوە بە

حیســـاب بێ، دەتوانرێ وەک پچڕانێکی توندتر و ســـەختتر لەو پچڕانەش دابنرێ کە لە ئاکامی هێرشی ئەسکەندەر، هەزار ساڵ پێشتر، بۆئێران هاتە پێش. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەموکوورپە، پەهلەوییەکان دەســـتیان کرد بـــە بەکارهێنانی هەمان میتۆد و ڕەوش کە سەبارەت بە زاڵبوونی ئەســـکەندەر و ســـەلجووقییەکان بەسەر ئێراندا لە ســـەردەمی دێریندا، بەکاریـــان هێنابوو. ئەو پچڕانەیـــان لە درێژەی ژیانـــی میللەتدا نادیدە دەگرت و دەیانگوت، خەڵک هەمیشە لە فەلاتی ئێراندا هەست و ناســـنامەی نەتەوەیی خۆیان لەژێردەســـتەڵات واتە «نیـــری» 'yoke' عەرەبی «بێگانە»دا پاراستووە.

کتێبە دەرسییەکانی ئاخروئۆخری دەورانی پەهلـــەوی لە ســـێ ڕێـــگای لێکگرێـــدراوەوە، تێکۆشـــاون پەرە بە بیرۆکەی درێژەکێشـــان و بەردەوامیی ســـەڵتەنەت بـــدەن. یەکەم: ئەوان بە درێژی باســـی بەشداری و کاریگەریی ئێرانی لە پەرەپێدان و بردنە پێشـــی شارســـتانییەتی عەرەبی-ئیســـلامیدا دەکـــەن و لەئاکامدا ئەمە بـــە بەرهەمی تایبەتـــی نبوغـــی (ingenuity) «ئێرانی» لەقەڵەم دەدەن. بەوجۆرە لەم ڕێگایەوە مێژووی ئیسلام ئەگەر تەواو ئارياييزەش نەکرێ، ئێرانیزە دەبێ. دووهەم: ئەو کتێبانە، دانیشتوانی فەلاتی ئێران وەک خەڵکێکی نیشتیمانپەروەر پێناسە دەکەن کە هەمیشـــە بە حەماسەتێکی نەتەوەییەوە دژی «ئیســـتبداد و سەرەڕۆیی»ی عەرەب (عەباسییەکان و ئومەوییەکان) ڕاپەڕیون و سەربەخۆیی نیشتیمانیی خۆیانیان وەدەست هێناوەتەوە. ســـەرەنجام کتێبە دەرســـییەکانی دەورانـــی پەهلـــەوی، ئەو بنەماڵە و سیلســـیلە جۆراوجۆرانـــەی کە پاش ئیســـلام لـــە ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا، لە ســـەردەمە جیاوازەکاندا، دەســـتەلاتداریەتیان کـــردووە، بۆنموونە وەک سیلســـیلەکانی تاهیرییـــان لە قەرنـــی نۆهەم، ســـەلجوقییەکان لـــە قەرنـــی یازدەهـــەم و سەفەوییەکانی قەرنی شـــازدە، وەک «نوێنگەی زیندووکردنـــەوە و هەســـتانەوەی نەتەوەیی لە

چوارچێوەی ئێراندا» دەناسێنن. (Vaziri 1989: 1 -100). بـــەو جۆرە لەو ڕێگایـــەوە پەیوەندیی نێوان سیلســـیلە جیاجیاکانی سەڵتەنەت کە بۆ ڕیوایەتی ناسیۆنالیســـتیی پەهلەوی بە پێویست دەزانرێ، دەستەبەردەکرێت.

بـــا هەرســـێکی ئـــەو بابەتانـــە بـــە وردی بخەینـــە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە پێشـــدا بە ئیدیعای بەشـــداریی ئێرانییەکان لە پەرەپێدانی شارســـتانیەتی ئیســـلامی-عەرەبیدا دەست پێ دەکەیـــن. باســـێکی بنەڕەتی کە لـــەو بارەیەوە لـــە کتێبە دەرســـییەکاندا لەگۆڕێدایـــە ئەوەیە کـــە «ئێرانییـــەکان حەکیم و زانـــاو بلیمەت و ڕێبەرانی شارســـتانییەتی ئیسلامی بوون» (Far-shidvared and Givi 2536 [ 19771: 179). بەو پێیە لە ڕاســـتیدا خەلافەتە گەورەکانی عەرەب، بـــە «ئێرانـــی» دەزانرێن. بـــە درێژاییی تەمەنی خۆیان «ئێرانییەکان نفوز و کاریگەرییان بەسەر دادگاکاندا هەبووە و دەســـتەڵاتی ســـەرزەمینە ئیســـلامییەکانیان لەدەســـتدا بووە» (Ta'rikh-e Iran az-Payan 2537 [1978]: 26). بۆیـــە دەتوانیـــن بڵێیـــن کـــە «دادگا و مەحکەمەکان لەسەردەمی عەباســـیدا، بریتی بوون لە لاسایی کردنەوەی داداگا و مەحکەمەکانی ساسانییەکان» (Khanlari 1340 [1961]: 15). لـــەوەش زیاتر وەختێک کەسێک دەیەوێ سەبارەت بە هونەری ئیســـلامی قســـەبکات «هیچ زیادمان نەگوتووە ئەگـــەر بڵێین... هونـــەری ئێرانـــی گەورەترین بەشـــداریی لە دامەزرانـــدن وپەرەپێدانی ئەودا هەبووە» (Ta'rikh-e Honar 1359 [1980]: 47).

ســـەرەنجام هەر بـــە گوێرەی ئـــەو کتێبە دەرسییانە هەموو ڕیازیزانەکان، جوغرافیزانەکان ئەستێرەناســـەکان، فەقێـــکان، پزیشـــکەکان، مێژووزان و فەیلەسووفە گەورەکانی چاخەکانی نێوەڕاســـت، بۆ نموونە ئەگـــەر ناوی ژمارەیەکی کـــەم لـــەوان بەریـــن وەک بیرونـــی، بەلخی، ئەبوحەنیفـــە، ئیبنولمەقفـــەع، ڕازی، غەزالـــی و ئیبـــن ســـینا، هەموویـــان ئێرانـــی بوونە. ( Ta'rikh-e Iran az-Payan 2537 [1978]:)

۹-58. هەر بۆیە لە سایەی هەستی هەمیشەیی و مەزنیخوازیی ئێرانی، خەلافەتە عەرەبی-ئیسلامییە گەورەکان (converted to 'Iranianism) بوون بە «ئێرانی». هەر ئەو کارەی کە چەند قەرن پێشتر ئەسکەندەری مەقدۆنی و سەلجوقییەکان کردبوویان. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێرانییەکان تەنیا هەر بەوە رازی بووبن کە خەڵکانی دیکە بۆ هاتنە سەر میللیەتی خۆیان قبووڵ بکەن. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوان شانبەشانی بردنە پێشی سەرکەوتووانەی پرۆژەی بەئێرانی کردنی شارستانییەتی ئیسلامی، گەلێک هەنگاوی روون و ئاشکراشیان بۆ وەدەرنانی عەرەبی بێگانە لە نیشتیمانی خۆیان هەڵگرت. لێرە دەگەینە باسی بابەتی دووهەم. یانی ئەوەی کە ریوایەتی پەهلەوی لە ناسیۆنالیسمی ئێرانی هەوڵ دەدا ئەو پچڕانەی کە لە ئەزموونی یادەوەریی دەستەجەمعیی ئێرانیدا وەک وڵاتێکی یەکگرتوو رووی داوە، لە رێگای سازکردنی داستان وخەتێکی دیاریکراوی بەردەوامیی نەتەوەی ئێران لە کۆنەوە بۆ ئەم سەردەمە، قەرەبووبکاتەوە.

قوتابی و خوێنکارانی ئێرانی فێردەکرێن کە هەوڵی یەکپارچەی ئێرانییەکان، بۆ وەدەرنانی عەرەب لەسەر خاکی وەتەن ، هەر لە رۆژەکانی سەرەتای داگیرکاریی ( Arab conquest) ئەوانەوە، دەست پێ دەکات. ئاخر بە پێچەوانەی رێنوێنییەکانی پێغەمبەر، عەرەبە «شەڕخواز» و «فریوکار»ەکان دەستیان لە «هیچ چەشنە خوێنرێژی و تاڵان و بێعەداڵەتییەک» نەگێڕابووەوە. هەر بۆ یە «ئێرانییانی ئازاد و رەسەن و نەجیب» بۆ «وەدرەنانی عەرەبەکان و وەدەستهێنانەوەی ئازادی و سەربەخۆیی»، خۆیان دەستیان دایە هەوڵ و تێکۆشان. ئەو دەرفەتە زێرینە لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئومەویدا هاتە کایەوە. باری قورسی ماڵیات و ئەو زوڵم و ستەمە زۆرەی کە عەرەبەکان خستبوویانە سەر ئێرانییە «چەوساوە»کان ئەوانیان هان دا تا پشتیوانی لە لایەنگرانی عەلی بکەن کە لە رێگای کردەوەی شۆڕشگێڕانەوە داوای خەلافەتیان دەکرد. بەو جۆرە شۆڕشی عەباسییەکان، بە رێبەرایەتیی ئەبوو موسلیمی خۆراسانی، کە «دلاوەرێکی ئێرانی»ی «خەڵکی خۆراسان بوو»، «حکومەتی پیس و بێشەرمی ئومەوی»ی رووخاند و سەرەنجام ‹ئێرانییەکان دەستیان بەسەر دیمەشقی پایەتختی ئومەویدا گرت». بەو حاڵەش ئەوان زوو تێگەیشتن کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی عەباسییەکانیشدا، وەزعێکی لەوە باشتریان نابێ. هەر بۆیە «ئێرانیە نیشتیمانپەرور»ەکان و «بزووتنەوەی میللیی ئێرانییەکان» بە مەبەستی «وەدەستهێنانەوەی سەبەخۆیی سیاسیی ئێران» درێژەیان بە کار و تێکۆشانی خۆیان دا.

ئێرانییە ئازا و دلاوەرەکان، کە ئاگری عیشقی وەتەن لە دڵەکانیاندا بڵێسەی دەدا ... هەر لەو شوێنانەی کە «خەلیفەکانی عەبباسی، خوێنی نیشتیمانپەروەرانی ئێرانیان لێ رشتبوو، ئاڵای شۆڕش و بەربەرکانییان بەرزکردەوە و سەرەنجام توانیان بەسەر دوژمنی قین لە دڵ و بەدنیەتدا (malevolent) سەر کەون و لە رێگای گیانبازی و فیداکارییەوە، سەربەخۆیی ئێران وەدەستبێیننەوە....» (ibid.: 23 5, 32 5).

بەوجۆرە ئێرانییەکن نیشتیمانی خۆشەویستی خۆیانیان لە دەستی عەرەبەکان دەرهێنا و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆیانیان بە شێوەیەکی خودموختار، دەست پێ کردەوە. بۆیە سەرەرای «درێژە کێشانی دەسەڵاتداریەتیی عەباسی بەسەر ناوچەیەکی بەریندا، پەیوەندیی نێوان مێژووی ئێران و مێژووی عەرەب پچڕا و هەڵوەشاوە» (ibid.: 26).

درێژە کێشان و بەردەوامیی هەمان خەڵک و فەرهەنگ لە فەلاتی ئێراندا، تەنانەت پاش تێپەرین بۆ سەردەمی ئیسلامییش، ئەو دەرفەتە دەرەخسێنی، کە پەیوەندیی سیلسیلەمیحوەور( dynastic link) لە نێوان سیلسیلە جیاجیاکانی ئێرانی، کە پەهلەوییەکان بە نیشانەی

بەردەوامیی نەتەوەی ئێرانی دەزانن، سەرلەنوێ دابمەزرێتەوە. سەھەڵدانی گەلێک سیلسیلەی پاشایەتی لە فەلاتی ئێراندا، لە قەرنی نۆھەم تا قەرنی شازدەھەم، واتە لە دەستپێکردن تا ساڵەکانی دوای ڕووخانی خەلافەتی عەبباسی، دەرفەت و ئیمکانی کافییان بۆ پەھلەوییەکان پێکھێنابوو تا ئیدیعای بەردەوامی و درێژەکێشانی سیلسیلە پاشایەتییەکانی ئێران بکەن. دیارە ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەبووە مایەی ژیانەوە و زیندووبونەوەی ھەرچی پتری ھەستی نەتەوایەتیی ئێرانییەکان. لێرەدا کارێکی ئاسان نیە کە باس لەو ھەموو سیلسیلە پاشایەتییانە بکەین کە لەو ماوە دوور و درێژەدا سەریان ھەڵداوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە و ھەروەھا لەبەر ئەوەش کە ھەموو ئەو سیلسیلانە، وەک یەک، بە پەرەپێدەری فەرھەنگ و زیندووکەرەوەی شکۆ و شانازییەکانی نەتەوەی ئێران، دادەنرێن، لێرە تەنیا باسی چەند نموونەیەکیان دەکەین.

بە گوێرەی کتێبە دەرسییەکانی سەردەمی پەھلەوی «یەکەمین سیلسیلەی سەربەخۆی ئێرانیی پاش ئیسلام» دوو سەدە پاش دەسەڵاتی «بێگانە»ی عەرەب، بریتییە لە حکوومەتی «تاھیرییان» (٨٢٠-٨٧٢) (Khanlari 1340 [1961]: 16). دەگوترێ سەفارییەکان (٨٦٧-٩٠٨)، کە خانەدانێکی سەرکەوتووی ئێرانی بوون، ئاخرین شوێنەواری دەسەڵاتداریەتیی عەرەبیان سڕیوەتەوە. یەعقوب بن لەیس، کە بە دامەزرێنەری ئەو سیلسیلەیە دادەنرێ «یەکەمین کەس بوو کە پاش ڕووخانی ساسانییەکان، ئاڵای سەربەخۆیی ئێرانی بەرزکردەوە». «ئەو ئێرانی بە ئامانجی زیندوو کردنەوەی سەڵتەنەتی ئێرانی لە ژێر دەسەڵاتی خەلیفەکانی عەرەب ڕزگار کرد» (ibid.: 21). دەبێ بگوترێ ناوبراو بە ھۆی زیندوو کردنەوەی زمانی فارسی، کە لە دەورانی دەسەڵاتی عەرەبدا خرابووە فەرامۆشی و زمانی عەرەبی جێگای گرتبووەوە، ئیعتیبارێکی زۆری پەیدا کرد. ئەمەش بوو بە ھۆی «گەشەی شیعری فارسی کە لە قۆناخەکانی دواتردا گەیشتە چڵەپۆپەی پەرەسەندنی خۆی» (ibid.: 21). خانەدانەکانی دیکەی قەرنی دەھەم و یازدەھەم، کە دوای سەفارییەکان ھاتن، وەک سامانییان، غەزنەوییان و ئال بوویە، بە ھۆی ھەمان «پیاوەتی» و«وەتەنپەرستی» و ھەروەھا بەھۆی ھاندان و تەشویقی زۆری زمانی فارسی، بوونە جێگای ڕێز و ستایش. (Tu'rikh-e Iran uz-Puyun 2537 [1978]: 36-51).

لە کاتێکدا بەشی زۆری ئەو خانەدانانەی لەسەرەوە باسیان کرا، وەک «ئێرانیی ڕەسەن کە خوێنی ئێرانی لە دەمارەکانیاندا بوو»، پێناسە دەکران، پشتڕاست کردنەوەی «ئێرانی بوون»ی سیلسیلەکانی دواتر وەک سەلجوقییەکان، ئەتابەگییەکان، ئێلخانییەکان و تەیموورییەکان بۆ پەھلەوییەکان، کارێکی سەخت و دژوار بوو. ئەوە کە ئەو خانەدانانە بە ئاشکرا ڕیشەی خاریجییان ھەبوو، بە شێوەیەکی گشتی بە ھەڕەشە لەسەر دەستووری سەڵتەنەتی پەھلەوی بۆ دروست کردنی خەتێکی ڕاستەوخۆ لە دێرینەوە تا سەردەمی تازە کە ئیدامەی شاھەنشاھیی ئێرانی و نەتەوەی ئێران نیشان بدات، ژمێردرا. ئەوان بۆ چارەسەریی ئەو کەموکوورییە، پەنایان بۆ ئەو فۆرمۆلە ئاشنایە برد کە دەڵێ بێگانە دەبێتە خۆیی. (foreigner-becomes-Zruniun). بۆ نموونە «سەلجوقییەکان بەرەبەرە دەگەڵ فەرھەنگ و شارستانییەتی ئێرانی ئاشنابوون و لەو ڕێگایەوە بوونە تورکی ئێرانی» (Khanlari 1340 [ 19611: 30-3). ھەر بەو چەشنە سیلسیلە «بیانی»یەکانی دیکەش، بوون بە «ئێرانی»یەکی پڕ شوور و شەوق. (Anvari 1350 [1971]: 221 -5). جێی سەرسوڕمانە سەفەوییەکان (١٥٠١ - ١٧٢٢)، کە ئاخرین سیلسیلەی پێش دەورانی مۆدێرن بە حیساب دێن، لە باری زمان و تەعبیراتی دروستەوە دەستەبەتاڵ بوون، شتێک کە خانەدان و سیلسیلەکانی دیکەی بەر لەوانیان پێ ھەڵدەسەنگێنرا، ھەرچەند مێژووی ئێران

وەک دەوڵەتێکی شیعەی یەکگرتوو و سەربەخۆ، لەوانەوە دەست پێ دەکات. ئەو وەزعە ڕەنگە بە ئاکامی پرۆژەی سکۆلاریزاسیۆنی پەهلەوییەکان و هەوڵــی هاوکاتی ئەوان بۆ وەلانانی ئیســلام، لــە پێناســەکردنی دەوڵەتی ئێرانــدا، لەقەڵەم بدرێ. بۆیە دەبینیــن کە نەدانی ئیعتیبارنامەی میللی بە پاشــاکانی ســەفەوی، هەروا لە جێی خۆی دەمێنێتەوە. لە ڕاســتیدا هیچ شــتێکی دیکــە گرنگ نەبوو.هەر بۆیە هاتنە ســەرکاری ئیسماعیلی یەکەم لە ساڵی ١٥٠١دا، بە کەڵک وەرگرتن لە قزڵباشەکان، وەک «بزووتنەوەیەک بۆ ڕزگارکردنی ئێران لە ئاژاوە و نائارامی» پێناسە دەکرێ. هەر بەو جۆرە سەرجەم دەسکەوتەکانی شــا ئیســماعیل بــە هــەوڵ و تێکۆشــان لە پێناو دابینکردنــی «عەزمــەت و بەردەوامیی ســەربەخۆیی ئێران» دادەنرێن. مەبەســت لە ســەپاندنی مێژوویی شیعەی دوازدە ئیمامییش وەک مەزهەبی دەوڵەتی سەفەوی، بریتی بوو لە «مۆبیلیزەکردنــی هەموو هێز و توانا میللییەکان ... بــە تایبەت بــە دژی دەوڵەتی عوســمانی» Tu‘rikh-e Iran uz-Puyun 2537 [ 19781:) 100-4). ڕیوایەتی ناسیۆنالیســتیی پەهلەوی لە ئێران بۆ نیشــاندانی بەردەوامیی سەڵتەنەت، بە هێنانە بەرباسی ئەو بەشە لەو چیرۆکە کە باس لە مێژووی قاجارەکان (١٧٩٦- ١٩٢٥) دەکات، کــە دوا سیلســیلەی پێــش پەهلەوییەکانن، دەگاتە کۆتایی خۆی. مــن دواتر دەگەڕێمەوە ســەر ئەوباســە و هــەوڵ دەدەم خوێندنەوەی پەهلەوییەکان سەبارەت بە ئێرانی دەورانی قاجار بخەمە بەر لێکۆڵینــەوە تا جیاوازییەکانی نێوان خوێندنەوەی پەهلەوی و کۆماری ئیســلامی بۆ یادە مێژووییەکان نیشان بدەم.

ئەگەر بمانهەوێ ئەو باسە پوختە بکەینەوە، دەبێ بڵێین کە بەگوێرەی کتێبە دەرسییەکانی دەورانی پەهلــەوی، ئێران لە ڕێگای بەردەوامی و درێژەی ســەڵتەنەت و شاهەنشاهییەوە، هەر لەســەردەمی دێرینەوە «یەک نەتــەوە» بووە و لەوەش زیاتر لە سەرتاســەری ئەو ماوە دوور و درێژەدا، چ پێش ئیســلام و چ دوای ئیســلام، «ئیحساســی میللی»ی خۆی وەک نەتەوەیەک پاراستووە.

هەموو ئــەو زەبــرە قورســانەی وە ئێران کەوتوون نەیانتوانیــوە ئێران لە ڕابردووی خۆی دابــڕن. هێرشــی عەرەبــەکان ئیمپراتۆریــی ساســانیی ڕووخانــد، کۆشــک و باڵەخانــە و قەسرەکانی ئەو ئیمپراتۆرییەی تێک و پێکدان و گەنجینەکانــی دانە بەر با. بەڵام ڕۆحی میللی و نەتەوەییی ئێران لەجێی خۆی مایەوە و لەبەین نەچوو. (remained insurmountable). ڕاســتە ئێران بە درێژاییی سەدە یەک لەدوای یەکەکاندا لە ژێر دەسەڵاتی حاکمانی غەیرە ئێرانیدا بووە، بەڵام ئەمە هیــچ وەختێــک نەبووەتە جێگای نیگەرانی. عەرەب، تورک، تاتار، ئوغوز ومەغۆل، ئەو میوانانەن کە بۆ چەند بەرەبەیانییەک لەسەر سفرەو خوانی ئێران بۆ نان خواردن مانەوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی ئێران لەگەڵ خۆیان بەرن یا دوای خۆیان لەنێوی ببەن.

ئەودەم کــە ســەرزەمینی ئێران بەســەر چەندین بەشدا دابەش کرابوو و هەر بەشەی لە لایــەن حاکمێکی خۆوڵاتی یان بێگانەوە بەڕێوە دەچوو، ڕۆحی بەهێز و بەرینی ئێران هەر بە لە شکان نەهاتوویی مایەوە... ئێران هەمیشە ئەوەندە بەهێز و ڕیشــەدار بووە کە بتوانــێ لە بەرانبەر نژادێکی تایبەت، یان سیاسەتێکی تایبەتی ئەم ئەمیر یا ئەو خان یان فڵانە داگیرکەر و فیسارە فاتحدا، بەربەرەکانی بکات. ســەرزەمینی ئێران هەمیشە قەڵەمڕەوی فەرهەنگ و شارستانیەت و زمان بووە و سنوورەکانیشی ڕوون و دیار بوونە. ١١:[Anvari and Javadi 2537b [l978b)

## دەوڵەتی دوای شــۆڕش: لە «سەردەمی ئێران»ەوە بۆ «سەردەمی ئیسلام»

لــە ســاڵی ١٩٩٣دا، حەمید ئەلــگار، (١٩٩٤: ٢٥٩)، لە مەیدانیکی ئەســڵیی تاراندا، چاوی بە پێشانگایەک کەوت کە لە ژێرناوی «کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئێران»، پەیکەری سەری بەشێک

له زانا ئیسلامییەکانی قەرنی دەهەم و یازدەهەمی تێدا پێشان دەدرا. ئەلگار دەڵێ: «ئەو پێشانگایە، نەک هەر لەبەر نادیدەگرتنی قەدەغەبوونی هونەری پەیکەرسازی لە ئیسلامدا، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە چواردە ساڵ پاش سەرکەوتنی شۆڕش، کە ئاگاهانە ئیسلامی بەسەر ناسنامەی میللیدا سەپاندووە، ئیدامەی ئیدئۆلۆژیی میللی پێشان دەدا، جێگای سەرنجە» (ibid). تویژینەوەکانی منیش لە کتێبە دەرسییەکانی دەورانی کۆماری ئیسلامی، ئەو قسەیەی ئەلگار پشتراست دەکەنەوە: نەک هەر کەسایەتییە مێژوویی و «میللییەکان»ی ئێران، لە بەرانبەر ڕەنگی ئیدئۆلۆژیی شۆڕشگێرانەدا، بەربەرەکانی لە خۆیان نیشان دەدەن، بەڵکوو لەوەش زیاتر ڕیوایەتی ناسیۆنالیستیی پەهلەوییەکان، سەرلەنوێ کاری پێ دەکرێ تا ئەو ناسنامە فەرهەنگییە جیاوازە بپارێزێ کە هەیە. ( یا لەباری مێژووییەوە ڕزگاری بکا).

لە پەیوەندی دەگەڵ باسی شەجەرەنامەی نەتەوەی ئێران لە کتێبە دەرسییەکانی سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، ڕەنگە کەسانێک بە هەڵە وا تێبگەن کە لەو کتێبانەدا ڕیوایەتی پەهلەوی لە میللەتی ئێران وەلانراوە. ڕاستە لەو کتێبانەدا دەبینین کە زۆر کەم ئاماژە بە پێش ئیسلام دەکرێ. لەو کتێبانەدا مێژوو بە ڕەسمی بە لەدایک بوون و سەرهەڵدان حەزرەتی محەممەد دەست پێ دەکات. تەنیا ئەوەندە باس لە پێش ئیسلام دەکرێ کە ئیدیعا دەکرێ ئەودەم لە بەرەبەری هاتنی ئیسلامدا، لە عەرەبستاندا «جەهل» و «چەوسانەوە» و «فەساد» و «سەرەڕۆیی» حاکم بووە. (see e.g. Ta‘limat-e Ejtema‘i 1365 [1986]: 11-30; Iman 1360a [1981a]: 140-2). هەر بۆیە وەلانانی دەورانی پێش ئیسلام ڕەنگە وەک گەڕانەوە بۆ ڕیوایەتی ئیسلامی لە مێژوو تەفسیربکرێ. ڕیوایەتێک کە نەک زاڵبوونی هیندوئورووپایی بەسەر فەلاتی ئێراندا، بەڵکوو سەرهەڵدانی محەممەد بە سەرەتای سەردەم وشارستانییەتێکی تازە دادەنێ.

وەلانانی ڕەسمیی دەورانی پێش ئیسلام لە کتێبە دەرسییەکانی سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، ئیدی ئێستا بۆتە زانیارییەکی گشتی. یەکێک لە هەوەڵین هەنگاوەکانی حکوومەتی شۆڕش، بریتی بوو لە لەناوبردن و سڕینەوەی ستایشی ئیمپراتۆرییەکانی پێش ئیسلام. ئاخر هەموو کۆمەڵگاکانی پێش ئیسلام، لە جەهل و تاریکیدا دەژیان. ئیمپراتۆرییە ئێرانییەکانیش هەر بەو شێوەیە نوقمی جەهالەت بوون. (Beeman 1983: 211; Hunter 1992: 94). بەڵام ئایا ئەو وەلانان و ڕەدکرنەوە ڕەسمییەی شانازییەکانی پێش ئیسلام، دەبێتە هۆی ڕەدکردنەوە و وەلانانی ئیدە و بیرۆکەی میللەتی ئێران، وەک مەوجوودێکی دیاریکراو و خاوەن ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی؟ ئەو کتێبانە لەجیاتی ئەوەی دژکردەوە بەرانبەر بەو بیرۆکە باوە نیشان بدەن کە پێش ئیسلام سەبارەت بە ئێران لەگۆڕێدا بوو، بیرۆکەیەک کە ئێران وەک نەتەوەیەکی لەمێژینە لە ناوچەکەدا دەناسێ، هەستێکی توند و بەهێزی میللی لە بەرگی تێرم و زاراوە ئیسلامییەکاندا بەیان دەکەن. وەک لە کتێبە دەرسییەکان دا دەبینین، کاتێک ئەو دەورەیە بە شوورە و قەڵغانی «ئیسلام» دەپارێزرێ، ئێرانی پێش ئیسلامیش بە سەردەمێکی پڕ لە شکۆ و شانازی بە حیساب دێ.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە هەرچەند لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مێژوو بە سەرهەڵدانی پێغەمبەری ئیسلام دەست پێ دەکا، بەڵام میللەتی ئێران، بە گوێرەی کتێبە دەرسییەکان، وەک کۆمەڵگایەکی جیاواز، کە چارەنووسی دەگەڵ مێژووی ئیسلام و دەورانی پێشتریش لێک گرێ دراوە، نیشان دەدرێ و تەنانەت بە دیاردەیەکی جیا لەویش دادەنرێ. بەو شێوەیە «ئێرانییەت» وەک دیاردەیەکی لەمێژینە، عەینی و پیرۆز، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەخرێتە بەرچاوان. بۆیە ڕەنگە لە کتێبە دەرسییەکاندا، بە دووروردرێژی، باس لە شکۆ و شانازییەکانی

نەتەوەی ئێران لە دەورانی پێش ئیسلام و پاش هێرشی عەرەب بکرێ. بۆ نموونە لەو کتێبە دەرسییانەدا لە پەیوەندی دەگەڵ دەورانی پێش ئیسلامدا دەخوێنینەوە کە «خەڵکی وڵاتەکەمان... هەر لەسەردەمی دێرینەوە وەرزشیان کردووە. ئەودەم کە یۆنانییەکان یارییەکانی ئۆلەمپیکیان داهێنا، ئێرانییە قەدیمییەکان منداڵانی خۆیانیان فێری هونەرەکانی ئەسپ سواری و تیرهاویشتن بە تیروکەوان دەکرد» (Fursi 1368 [1989]: 173). هەر بەو جۆرە دەتوانین لەو کتێبانەدا بخوێنینەوە کە «هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلام، کاتێک خەڵکی ئێران دەگەڵ مەفهومی عەداڵەت و میتۆدەکانی عەداڵەت لە حکوومەتیکی ئیسلامیدا ئاشنابوون، بە بێ بەربەرەکانی بەرانبەر لەشکری ئیسلام، تەسلیمی نرخ و بایەخە ئیسلامییەکان بوون» (Tu‘rikh-e Mo‘user-e Iran 1365 [1986]: 52). بۆیە وێدەچێ فەتحی عەرەبەکان «بە رزگاریی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان، بۆ نموونە ئێران، لە سوڵتەی کەسانی زاڵم و حکوومەتە سەڵتەنەتییە زۆردارەکان دابنرێ» (Tu‘limut-e Ejtemu‘i 1365 [1986]: 136). بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەودەم ئێران بۆخۆی هەبووە بۆیە لەو سەردەمە دوور و لەمێژینەیەدا، لە لایەن لەشکری عەرەبی-ئیسلامییەوە «ئازاد» کراوە. لە ئێرانی کۆماری ئیسلامییشدا، میللەتی ئێران، وەک دیاردەیەکی لەمێژینە، تەنانەت، لە ئیسلامیش لەمێژینەتر، پێشان دەدرێ.

لەوەش زیاتر ئەگەر ئێران وەک میللەتێک، زۆر پێش ئیسلام وجودی هەبووە، بەشێک لە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی ئەو میللەتە، تەنانەت هی بەر لە ئیسلامیش، دەبێ لەو کتێبە دەرسییانەدا باسیان لێوە کرابێ کە ئێمە لەو لێکۆڵینەوەیەدا کەڵکیان لێ وەردەگرین. لەواندا ڕێز و ستایشێکی زۆر بەرانبەر بە نەورۆز، واتە ساڵی نوێی ئێرانییان، بەرچاو دەکەوێ. لەبەرئەوەی ڕیشەی نەورۆز بە ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ زەردەشت لە پێش ئیسلام، کۆماری ئیسلامی یادکردنەوەی ئەو جەژنەی دەگەڵ دیسکۆرسی ئیسلامیی خۆی سازگار کردووە.( appropri-ating). سەرنج بدە ئەو کیژە خەیاڵییە کە سەبارەت بە چۆنیەتیی یادکردنەوەی نەورۆز لە بنەماڵەکەیاندا قسەدەکات: «ئێمە هەموومان لە کاتێکدا کە جوانترین جلەکانی خۆمانمان لەبەر کردبوو، لەدەوری مێزی نان خواردن دانیشتین و باوکم پیرۆزباییی جەژنی نەورۆزی لێ کردین. کاتێک گوێمان لە دەنگی تەقینی ئەو تۆپە بوو کە مژدەی دەستپێکردنی ساڵی نوێی دەدا، باوکم دەستی دایە قورئان... ماچی کرد و چەند ئایەتێکی لێ خوێندنەوە. دواتر دوعای خێری بۆ هەموو ئێرانییەکان کرد و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواستن. (Iman 1360b[1981b]: 111)

لە نێو سیمبول و نیشانەکانی دیکەی فەرهەنگی ئێرانیدا، بۆ نموونە لە سوننەت و ڕێورەسمە تایبەتییە ئێرانییەکاندا، نەورۆز وەک دەرفەتێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام و بایەخە ئیسلامییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەرچەند پەیوەندیی نێوان ئەوان و «شکۆی ئێران»ی پێش ئیسلام، هەر لە جێی خۆیەتی. لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢دا قوتابییان ئاگادارکرانەوە کە دەبێ لێرە بەدواوە نەورۆز لە هەمان «ڕۆژی کۆماری ئیسلامی»دا یاد بکەنەوە. ئەوە دەرفەتی ئەوە پێکدێنی کە هاوکات «بەهار» و «ئازادی» پێکەوە جێژن بگرین. (Anvari 1360 [1981]: 129-31; Iman 1360a [1981a]: 136-8). بەو جۆرە پەیوەندیی خەیاڵی و درێژخایەنی نێوان ئێرانی ئەمرۆ و ئێرانی پێش ئیسلام هەر وا دەبینرێ. گونجاندنی ئەو داب و نەریتە ڕەسەنە ئێرانییانە لە ڕۆژئەژمێری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە نیشانەیەکی دیکەی ئەو ڕاستییە دەزانرێ کە فەرهەنگی ئێرانی پێش ئیسلام پەیوەندیی توند و بەهێزی خۆی دەگەڵ خودناسی( self- identity ) و ڕۆحی میللیی ئێرانییان، تەنانەت دەگەڵ ئەو ئێرانییە توندڕۆیانەش کە ئەرکانەکانی حکوومەتیان بە دەستەوەیە، پاراستووە. بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە

«فەرزییـــەی ئارییایی» ئەگەر بە قســـەش نەبێ، لانیکەم بە کـــردەوە، لە بەرگـــی بڵاوکردنەوەی ئیسلام و ئیسلامیزاسیۆندا، دەڕواتە پێش. ١٥

پەیوەندیـــی نێوان پێش و پاش شـــۆڕش، ئەودەمە باشـــتر دەردەکەوێ کە سەرنج بدەینە کتێبە دەرسییەکانی ســـەرەتای دەستپێکردنی دەورەی ئیســـلامی. وەک لـــە ســـەرەوە وتمان پەهلەوییەکان دەیانهەویست لە ڕێگای نیشاندانی بەردەوامـــی و پایـــەدار بوونـــی «ئێرانییەت»ەوە بە درێژایی ســـەدە یەک لـــەدوای یەکەکان لە فەلاتی ئێراندا، بەسەر ئەو پچڕانە ئیحتیمالییەدا زاڵ بـــن، کە لە ئاکامی زاڵ بوونی دەســـەڵاتی «بێگانە»دا بۆ میللەتی ئێران هاتبووە پێش. بۆیە ســـەڵتەنەتی پەهلەوی وەک قۆناخی ژیانەوەی هەســـتی نەتەوایەتی لە چوارچێـــوەی ئێراندا، تەماشـــای شۆڕشی عەبباسییەکان و ئاکامەکانی ئەو ڕاپەڕینەی دەکرد.

کتێبـــە دەرســـییەکانی ســـاڵەکانی پـــاش شۆڕشیش، هەربەو جۆرە دەیانهەوێ بە شێوەیەک ئەو ناســـازگارییەی کە لە نێـــوان حاکمییەتی عەرەبە بێگانەکان لەســـەر خاکی فەلاتی ئێران و مەســـەلەی درێژەکێشـــان و بەردەوامبوونـــی نەتەوەی ئێرانـــدا هەیە، چارەســـەر کەن. بۆیە ئەو کتێبە دەرســـییانە کە لـــەو لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتـــوون ، نـــەک هـــەر ئیعتیبارنامـــەی میللـــی، بەڵکـــوو ئیعتیبارنامەی «ڕەســـەن» و «شۆڕشگێرانە»ی شیعە/ئیسلامیش، بۆ خەڵکانی دانیشتووی فەلاتی ئێران قایل دەبن. هەرچەند ئەو پێوەزیاد کردنە، بۆ تێگەیشتن لە خۆناسین و دەرکی ناسنامەی هاوچەرخی ئێرانی زۆر گرنگە، (ســـەیری خوارەوە بکە) بەڵام ئەو ڕاستییە هەر لە جێی خۆیەتی کە ڕیوایەتی پاش شۆڕشیش، هـــەروەک ڕیوایەتی پەهلەویی بـــەر لە خۆی، وجوودی ئێرانییـــان وەک گرووپێکی یەکگرتوو کـــە بە درێژاییی مێژوو هەبووە و چووەتە پێش، دەناســـێنێ. ئایـــا ئێرانییان لە ڕێگای «شـــێوە ژیانـــی ئێرانی»یەوە زینـــدوو ماونەوە و چوونەتە پێش یا لە ڕێگای «ئیســـلامی ڕاســـتەقینە»وە؟ ئایا بۆ وەدەســـتهێنانەوەی سەربەخۆییی میللی تێکۆشـــاون یان بۆ ئایینەکەیان؟ پرسیاری زۆر گرنگن. بەڵام ڕاســـتییەکەی ئەوەیە لەو کتێبە دەرسییانەدا هەردووکی ئەوانە وەک سەرچاوەی ئیلهام تەماشـــا دەکرێن. لە ئاکامی ئەوەدا، لاوان ئەرکیان دەخرایە ســـەر شـــان کە سەبارەت بە شۆڕشـــی باب و باپیـــرە ئێرانییەکانـــی خۆیان، کە بەمەبەستی وەدەســـتهێنانەوەی دەسەڵاتی حکوومەتـــی، بە دژی «بەنـــی ئومەییەی زاڵم و زۆردار» دەســـتیان دابووە شـــۆڕش، بخوێننەوە. شۆڕشـــێک کـــە لەوێـــدا ژمارەیەکـــی زۆر لە شۆڕشـــگێران کـــە هەموویان ئێرانـــی بوون، بە ســـەرۆکایەتیی ئەبوومو‌ســـلیم کە بە ڕەچەڵەک ئێرانی بوو، ڕێگایان بۆ ســـەرکەوتنی شۆڕشـــی «عەباسییەکان»(ئێرانی) تەخت کرد.

کەچی بەو حاڵـــەش کار و کردەوەی دژی ئیســـلامی عەباســـییەکان لە لایەک و ڕەفتاری نابەجێی ئـــەوان بە دژی موســـوڵمانانی غەیرە عـــەرەب، بەتایبەتی شـــیعەکان کـــە زۆربەیان ئێرانـــی بوون، لە لایەکی دیکەوە، بوون بە هۆی ئەوەی کە گەلێک دەســـتە و تاقـــم و گرووپی ئێرانی، بە دژی عەباســـییەکان شۆڕش بکەن ... ئامانجی بەشـــێک لەو ڕاپەڕینانـــە بریتی بوو لە گێڕانەوەی ئێران بۆ دەورانی ساسانی، بەشێکی دیکەشیان دەیانهەویست دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنن ... چونکە ئێرانییە موسوڵمانەکان لە دەســـت خەلیفەکانی عەبباسی وەزاڵە هاتبوون. هەربۆیـــە بۆ نەجاتدانی ئێران لە چنگی ئەوان و دامەزرانی حکوومەتێکی سەربەخۆ لە هیچ هەوڵ و تێکۆشـــانێک درێخییان نەکرد. (Tu‘limat-e Ejtemu‘i 1365 [1986]: 150-3).

شایانی باسە ڕیوایەتی پەهلەوی و ڕیوایەتی پاش شۆڕش، کە باس لەو سیلسیلە و خانەدانە خودموختارانە دەکەن، کـــە لە قەرنی نۆهەم تا شازدەهەم لە گۆشە و کەنارە جیاجیاکانی فەلاتی ئێراندا دروســـت بوون، لەوەش زیاتر وێکدەچن. لە ڕوانگەی پەهلەوییەکانەوە، ســـەرهەڵدانی ئەو سیلســـیلە خودموختارانە پاش فەتحی عەرەب،

بە یەکەمین مەزهەر و نوێنگەی بنەڕەتی بۆ بەردەوامی و درێژەکێشانی سەڵتەنەت لە ئێراندا بە حیساب دێن و وەک نیشانەیەک بۆ هەست و ئیحساسی هەمیشەییی ئێرانیان بۆ «نەتەوەبوون» دەژمێردرێن. بە شێوەیەکی گشتی کتێبە دەرسییەکانی دەورانی پاش شۆڕشیش، هەربەو جۆرە باس لە و سیلسیلە خودموختارانە دەکەن.I6 لێرەدا خوێنەر دەرفەتی بۆ دەرەخسێ تا سەبارەت بە حکوومەتە ناوچەییەکان وەک تاهیرییان، سەفارییان، سامانی و هتد بخوێنێتەوە، کە ڕۆڵیکی سەرەکییان لە وەدەرنانی «عەباسییانی ستەمکار و زاڵم لە وڵاتەکەماندا» گێڕاوە. (ibid.: 153-5, my emphasis). کاتێک بەشێک لەو سیلسیلە و خانەدانانە یا کەسانێک کە دواتر شوێنی ئەوانیان گرتەوە، نەیاندەتوانی دەگەڵ میعیار و پێوانەکانی «ئێرانی ڕەسەن و پڕ لە خوێنی ئێرانی» بێنەوە، کۆماری ئیسلامییش تیپیک وەک پەهلەو ییەکان، پەنای بۆ ئەو تکنیکە برد کە دەڵێ «بێگانە دەبێتە خۆیی». (Turnimg a foreigner into a native).

بۆنموونە لەو کتێبانەدا دەخوێنینەوە کە ئەگەرچی تەیموورییان «تورک زمان» بوون، بەڵام «فەرهەنگ و شارستانییەتی ئیسلام و ئێران، ئەوانی خستە ژێر کاریگەریی لەرادەبەدەر»ی خۆی، بە جۆرێک کە سەرەنجام پێشکەوتنی زۆریان بە تایبەتی لە ڕێگای کار و خزمەت لە وەزارەتخانەکانی ئێراندا وەدەست هێنا. ('Iranian viziers'. ibid.: 156-9).

بەوجۆرە دەبینین کە هەرکات حاکمانی بێگانە دەگەڵ ئێرانی بوون ناسازگار بوونە، دانیشتووانی فەلاتی ئێران، لە ڕێگای نیشاندانی هەستی نیشتیمانپەروەرانە و نەتەوایەتیی بەهێزی خۆیانەوە، مانەوە و بەردەوامبوونی ئەو نەتەوەیەیان دەستەبەرکردووە. بۆ نموونە بەو شێوەیەی خوارەوە باس لە هێرش و پەلاماری مەغوڵ دەکرێ: «خەڵکی قارەمانی ئێران بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرش و پەلامارە دڕندانەیە، لە هیچ ئازایەتی و فیداکارییەک درێخییان نەکرد. ژن و پیاو، پیر و لاو بۆ بەرگری لە نیشتیمان هاتنە مەیدان. ئاخر ئەوان دەسەڵاتی نگریسی بێگانەیان لەسەر خۆیان پێ قەبووڵ نەدەکرا» (ibid.: 161). ئەو جۆرە قسانە دەگەڵ ڕیوایەتی پەهلەوی سازگارترن تا دەگەڵ ڕیوایەتی ئیسلامی و جیهانیی ڕێژیمی ئێران لە دەورانی پاش شۆڕشدا.

ڕیوایەتەکانی پێش و پاش شۆڕش لەسەر زۆر باس و بابەتی گرنگ لەگەڵ یەک موافقن، بۆ نموونە لە پەیوەندی دەگەڵ ئەو ڕیوایەتانەی سەبارەت بە دەورانی سەفەوی لە گۆڕێدان، تێڕوانینێکی هاوبەش و وەک یەکیان هەیە. ڕیوایەتی کۆماری ئیسلامی، هەروەک ڕیوایەتی پەهلەوی، پێی وایە ئەوە هەستی نیشتیمانپەروەری و ناسیۆنالیستی بووە کە شائیسماعیلی سەفەویی بۆ ئەنجامدانی زۆربەی ئەو کارانە هان داوە کە لە کارنامەی ناوبراودا تۆمار کراون. بۆنموونە داسەپاندن و نەهادینە کردنی تەشەیوع وەک دینی دەوڵەت(state religion) لەلایەن ناوبراوەوە، بۆ ئەوە دە گەڕێتەوە کە ئەو «دینی وەک یەکێک لەو ڕێکارانە کە دەتوانێ یەکیەتی و یەکپارچەیی لە نێوان خەڵکی زۆربەی ناوچە جیاجیاکاندا پێک بێنێ تەماشا دەکرد» (ibid.: 166). بە گوێرەی ئەو کتێبە دەرسییانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە کەڵکیان لێ وەرگیراوە، تەشەیوع وەک ئامراز و میتۆدێکی بەنرخ، بۆ دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان «ئێمە-ئەوان» دادەنرێ. شتێک کە لە ناسیۆنالیزمدا بە مەسەلەیەکی بنەڕەتی دەژمێردرێ. لەو کتێبانەدا دەگوترێ کە ئامانجی ئەسڵیی سەفەوییەکان لە داسەپاندنی تەشەیوع وەک دینی دەوڵەتی، بریتی بووە لەوەی کە ئێران بە شێوەیەکی جیاواز لە زۆرایەتیی موسوڵمانانی سوونی بەتایبەتی عوسمانی و ئۆزبەک، نیشان بدرێ. (ibid.: 166-8). هەروەها هەر لەو کتێبانەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگوترێ کە تەشەیوع یارمەتیی بەوە کردووە تا ئێران لە دونیای گەورەتری ئیسلامدا بە تەواوی

نەتوێتەوە (assimilation).

لێرەدا دەکرێ ڕاوەستین و پرسیارێک بێنینە گــۆڕێ کە لەمێژە چاوەڕوانی دەکەین: لە کوێی ئەو باسانەدا، شۆڕشی ئیســـلامی ئەڵتەرناتیوێک بۆ «دوێنێ و ڕابردووی هەمیشــەیی» و «داب و نەریتە پیرۆزەکان» بــە تەعبیری ماکس ویبەر، کە ڕێژیمــی پەهلەویی قەدیم بانگەشــەی بۆ دەکردن، بە دەستەوە دەدا؟

لە ڕاســتیدا ئەگەر قەراربێ ئەو ڕاپەڕینەی لە ئێراندا ڕوویدا بەحەق ناوی شۆڕشــی لەسەر دابنرێ، تاڕادەیەکی زۆر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توانــی دژە یادەوەرییــەک (counter memory ) لــە بەرانبەر یادەوەریــی زاڵ وهێژمۆنیخوازی دەوڵەتــی پەهلــەوی بێنێتە کایــەوە. کەواتە ڕوانگەی دژبەرانەی شۆڕش سەبارەت بە ڕابردوو، هەڵوێستی موخالیفانە، دوژمنانە و ڕووخێنەرانەی ئینقلاب بەرانبەر یادەوەریی پەهلەوی (memory of the Pahlavis) لە کوێدایە؟ لێرەدا تێدەکۆشم بــە لێکدانــەوەی خوێندنــەوەی پەهلــەوی و ڕیوایەتی کۆماری ئیســلامی لە دەورانی قاجار، ئەو بابەتە بخەمە بەر باس و شیکردنەوە.

## نوێنگەکانی ناســنامە و هەویەتی ئێرانی-ئیسلامی

هەروەک نیشــانمان دا هــەردوو دەوڵەتەکانی پەهلەوی و ئیســلامی تێکۆشــاون لــە ڕێگای نیشــاندانی وێنەیەکی تەواو لــە «بیۆگرافی»ی میللەتــی ئێــران لەدەورانــی دێرینــەوە تــا ئەوسەردەمە «هەســتی ئێرانیزم» بە هێز بکەن. بــەڵام ئەوە بەو مانایە نییــە کە هەردووکی ئەو ڕیوایەتە مێژووییانە لە هەموو بارێکەوە یەکسان و وەک یەکن. لە ڕاستیدا وەک پێشتر ئیشارەم پــێ کرد و هەر بەو جۆرەش کە (Higgins and Shoar-Ghaffari) باسیان لێوەکردووە، (١٩٩٥: ٣٤٢)، «زەقتریــن و بەرچاوتریــن جیاوازی لە پەیوەندی دەگەڵ پێناســە و خوێندنەوەی ئەو دوو دەوڵەتانــە بۆ ناســنامەی ئێرانی ئەوەیە کە کۆماری ئیســلامی پێداگرییەکی زۆرتر لەسەر ئیســلام دەکات» بێگومان کەس ناتونێ حاشــا لە ڕۆڵی هاندەرانەی ئیســلام وەک ئیدئۆلۆژیی شــۆڕش و شــوێنەواری ئەو لەســەر شۆڕش و ئاکامەکانی بکات. ئەو بەرجەســتە کردنەوەیەی ئیســلام، تا ڕادەیەک بە دژکردەوەیەک بەرانبەر هەوڵی بنەماڵەی پەهلەوی، بۆ وەلانانی ئیســلام لە پێناسەکردنی دەوڵەتی ئێراندا بەحیساب دێ. (Dabashi 1993: 10). لە لایەکی دیکەشــەوە، بــەڵام هەر بــەو ئەندازەیە گرنــگ، ئەوە وەک هەوڵێک بۆ نیشاندان و سەلماندنی جیاوازبوونی ئێران لەباری فەرهەنگی و کولتورییەوە، لەبەرانبەر فەرهەنگــی ڕۆژئاوا و هێژمۆنــی ئابووری ئەودا لەقەڵــەم دەدرێ (Beeman 1983: 19 1 -2 1 I7 .7)

وەک بینیمــان، دەوڵەتــی پاش شــۆڕش، بەشە هەرە سەرکییەکانی یادەوەریی مێژوویی پەهلەویی بەجۆرێک وەرگرتوون و لەو ڕێگایەوە «ئێرانیــزم»ی گایاندۆتە ئاســتی ئیدئۆلۆژییەکی ڕێبەر و پێشڕەو. بۆیە لە ڕاستیدا ناسیۆنالیسمی ئێرانی لە ژێر «دەستەڵاتدارێتیی ئایەتوڵڵاکان»دا پەرەی ســەندووە. بۆیــە دەتوانیــن بڵێین کە ئەڵتەرناتیڤی کەیفیی شۆڕش بۆ«دوێنێ و ڕابردووی ئەبەدی و هەمیشەیی»ی پەهلەوییەکان، بریتییە لە ناسنامەی ‹ئێرانی-ئیسلامی» (Farsoun and Mashayekhi 1994: 9)، ناســنامەیەک کــە لە دوو ســەرچاوەی وەک یەک گرنگ و پڕبایەخ، واتــە نەتــەوەی ئێران و ئیســلامی شــیعەوە ســەرچاوە دەگرێ. دژە یادەوەریی شۆڕش، کە لە دوای شۆڕشەوە ڕەسمیەتی پەیدا کردووە، بە هەوڵێکی ئاگاهانە بۆ پێکهێنانی بالانس لە نێوان توخمــە پێکهێنەرەکانی هەویەت و ناســنامەی ئێرانی، واتە نەتەوەی ئێران و ئیسلام، دەزانرێ. بە تایبەت کاتێــک دەبینین کە پەهلەوییەکان بە هەوڵدان بۆ زیندوکردنەوەی شــانازییەکانی پێش ئیســلام و زەقکردنەوەی ئــەوان، لایەنی ئیســلامیی ناسیۆنالیســمی ئێرانییان پشتگوێ خستبوو. (Kazemi 1995: 558). وەک ئەحمەد ئەشرەف (١٩٩٣: ١٦٢)، دەڵێ: «ئەو خوێندنەوە

«ئیســـلامی- ئێرانی»یە بۆ هەویەت و ناسنامەی ئێرانـــی، بریتییە لە هەوڵدان بـــۆ لێک گرێدان و پرد دروســـت کـــردن لە نێـــوان تەقەدوس، سیکۆلاریزم، ســـوننەت و مۆدێرنیتە کە تا دێ پتر لە لایەن ڕێبەری و ڕیزەکانی لای خوارەوەی ڕێژیمی ئیسلامییەوە قەبوول دەکرێ «ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ دەورانی قاجار، خوێندنەوەی کۆماری ئیســـلامی لەمـــەڕ هەویەتـــی ئێرانی تەئید و پشتڕاســـت دەکاتەوە. خوێندنەوەیەک کە دەڵێ ناســـنامەی ئێرانی لەســـەر دوو پایەی «موقـــەددەس» و «غەیرە دینـــی» (sacred' and profane') دامەزراوە. دیارە ئەو خوێندنەوەیەش ناتەبایی دەگەڵ خوێندنـــەوەی پەهلەوییەکان هەیە کە لایەنـــی دووهەمی ئەو هەویەتە زەق دەکاتەوە. ئەگەر بە کتێبە دەرسییەکانی دەورانی پەهلەوی ســـەبارەت بە سەردەمی قاجار دەست پێ بکەیـــن، خاڵێکی گرنگ لـــە خوێندنەوەی ئـــەوان لەدەورانی قاجار بەرچـــاو دەکەوێ. (١٧٩٦- ١٩٢٥). لەو کتێبە دەرسیانەدا پاشاکانی ئێـــران، چ پێـــش و چ پاش فەتـــح و پەلاماری عەرەبەکان، بە گشتی وەک قارەمان و نوێنگەی ڕووحی میللی دادەنرێن. کەچی پاشاکانی قاجار مەحکووم بەوە دەکرێن کە کۆســـپیان لەســـەر ڕێـــگای وەدیهاتنـــی ئامانجـــە نەتەوەییەکانی ئێرانییـــەکان دروســـت کـــردووە. (Khanlari 1340 [1961]: 70-81). هۆیەکانـــی ئەو ڕوانگە نەرێنی و مەنفییەی پەهلەوییەکان سەبارەت بە قاجارەکان ڕوونە. ئێران لە کۆتاییەکانی قەرنی نۆزدەهـــەم و ســـەرەتاکانی قەرنی بیســـتەمدا، وڵاتێکـــی زۆر لاواز و دولەوتوو بوو. هەر بۆیەش نەیدەتوانی بەرانبەر پەلامار و دەسدرێژییەکانی وڵاتانـــی بێگانـــە بەربەرەکانێ بـــکات. کەچی سەرەڕای ئەوەش شایەکانی قاجار لە ڕادەیەکی زۆر گـــەورەدا دژایەتییـــان لەگـــەڵ هەموو ئەو هەوڵانە دەکـــرد کە دەیانهەویســـت لە ڕێگای ڕێفۆرمـــەوە، بەپێی پێوانەکانی شارســـتانییەتی ڕۆژئاوایی (Western civilisation) چاکســـازی لـــە کاروبـــاری دەوڵەتدا بکەن. قاجـــارەکان بە ڕێگاگرتن لـــەو ڕێفۆرمانەی کـــە ئیلهامیان لە ڕۆژئاوای «پێشکەوتوو» وەردەگرت، بوونە کۆسپی سەر ڕێگای دروست بوونی پەیوەندییەکی گەرم لە نێوان ئێران و فەرهەنگی ئورووپادا. بەو جۆرە قاجارەکان، ئەو ئەســـڵە بنەڕەتییەی «فەرزییەی ئاریایی»یان نادیدە دەگرت کە دەڵێ ئێرانییەکان لەگەڵ شارســـتانییەت و فەرهەنگی ئورووپایی، خاوەن ڕەچەڵەک و نەژادی هاوبەشـــن. ڕاست لەبەر ئەو «کفر»ە بـــوو کە پەهلەوییەکان هیچ نرخێکیان بۆ شـــایەکانی قاجار دانەدەنا. کەچی بـــە پێچەوانـــەوە ڕۆڵ و نەخشـــی ڕووناکبیر و ڕێفۆرمخوارە ســـیکۆلارەکانیان لە ڕووداوەکانی شۆڕشی مەشـــرووتەدا (Constitutional Rev-olution of 1905- 1 1٠) بـــەرز دەنرخانـــد. واتە کەسانێک کە ڕۆژئاوایان وەک سەرمەشق تەماشا دەکرد. لـــەو ڕیوایەتەدا، بۆنموونـــە، بەدەگمەن باسێک لە ڕۆڵی ئەرێنی یا نەرێنیی ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی یا ئاخوندەکان، لە شۆڕشی مەشروتە یا خەبات و تێکۆشانی دەیەکانی پێش مەشروتەدا دەکرێ. تەنانەت بە کەمیش باسێک لە حوکم و فەرمانی ئایەتوڵلاشـــیرازی بە دژی ئیمتیازی تەنباکو ناکرێت. (١٨٩١ -٢). ئەگەر یادەوەریی مێژوویی بە نیشـــانەیەک لەو ئیـــدە و بیرۆکانە دابنرێ کە ســـەبارەت بە سیاســـەت و کۆمەڵگا لە گۆڕێدان، شوێنەواری مێژووی ئیسلام لەسەر پەهلەوییـــەکان و پێچەوانەکەشـــی، هەروەهـــا هەوڵدانی ئەوان بۆ پەرەپێدانی ســـیکۆلاریزم و دروست کردنی ناسنامەیەکی سیکۆلار بۆ ئێرانی دەورانی قاجار، ئەو ئیدیعایە پشتڕاست دەکەنەوە کە دەڵێ پەهلەوییەکان هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کـــە بناخەیەکی تەواو ســـیکۆلار و نەتەوەیی بۆ دەستەلاتداریەتیی خۆیان ساز بکەن.

کەچی لـــە بەرانبەر ئەوەدا کە لەســـەرەوە باســـمان کرد، لە کتێبە دەرسییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، ڕووناکبیرانی سیکۆلار، هیچ چەشنە ڕۆڵێکـــی ســـەرەکییان لـــە ڕێبەرایەرتیکردنی شۆڕشـــی مەشـــرووتەدا بۆ وەبەر چاو ناگیرێ. ئێرانی سەردەمی قاجار بە جۆرێک لەو کتێبانەدا

نیشـــان دەدرێ کە لە خەبـات و بەربەرەکانێی بەردەوامی خۆی بە دژی «ئیستبداد»ی نێوخۆیی و هێــرش و پەلاماری هێزە «ئیمپریالیســتییە بیگانەکان»دا، دەبێتە ســەرزەمینی ڕۆحانییەت. لەوێدا ڕۆحانییەکان، دەبنە ڕێبەرانی ڕاستەقینە و «دووربیــن و خەباتگێــر»ی خەڵک و ڕۆڵێکی بەرچــاو لە خەباتدا دەگێــڕن. خەباتێک کە لە شۆڕشــی مەشــرووتەدا دەگاتە لووتکەی هەرە بەرزی خــۆی. (see e.g. Ta'rikh-e Mo'aser-e Iran 1365 [1986]: 3ff). لــەوەش زیاتر لەو ڕیوایەتەدا، جووڵانەوەی مەشــرووتەخوازی، نەک وەک بەرهەمــی ڕۆشــنگەریی ڕۆژئاوا، بەوجۆرە کــە پەهلەوییەکان باســی دەکــەن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، وەک بزووتنەوەیەکی دژە ڕۆژئاوایی و دژی ئیمپریالیســتی و ڕزگاریخوازانە پێناسە دەکرێ. هەروەها لــەو ڕیوایەتەدا دەگوترێ کە ئامانجــە ســەرەکییەکانی مەشــروتە، ئامانجی «ماتریالیســتی» و «پووچ»ی وەک دیموکراسی ومەشــرووتەی ڕۆژئاوایی نەبوون. بەڵکوو ئامانج بریتــی بووە لــە پیادەکردنــی «قورئانی پیرۆز و ڕێوشــوێنە ئیســلامییەکان» وەک تەنهــا چەکــی کاریگەر بە دژی ئیســتبدادی قاجار و دەســتەڵاتداریەتیی ئیمپریالیســتی و بێگانــە.
(Ta'limat-e Ejtema'i 1365 [1986]: 18)

بردنەســەری ڕۆحانییەت و ئیسلامی شیعە تا ئاســتی هێزی ڕێبەر و پێشــڕەو لــە ئێرانی دەورانی قاجــاردا، دەگــەڵ ڕیوایەتی دەوڵەتی پاش شــۆڕش کە هەوڵ دەدا سوننەت و نەریتە ئیســلامییەکان دەگــەڵ ناســنامە و هەویەتی ئێرانــی ئاوێتە بــکا، یەک دەگرێتــەوە. کەچی بــەو حاڵەش، ئەو «بەســتە بێدەنگی» یە (bun-dle of silences) (Trouillot 1995: 27“ کــە مەشرووتەی سیکۆلاریش دەگرێتەوە، نابێ وەک نیشــانەیەک بۆ تێپەڕێنی تەواو لە «ئێرانیزم» بۆ «ئیسلامیزم»ی تەواو لەقەڵەم بدرێ. لە ڕاستیدا وێناکردنــی ڕیوایەتێکی بەهێز لە ئیحساســاتی دژی ئیمپریالیســتی لە ئێرانی قاجاردا لە لایەن کۆمــاری ئیســلامییەوە، تەنیا ئــەو نیگەرانییە پشتراســت دەکاتەوە کە لــە پەیوەندی دەگەڵ ڕاگرتنی هاوســەنگی لە نێــوان لائیک بوون و سیکۆلار بوون لە ناســنامە و خۆ پێناسەکردنی کەسایەتیی ئێرانیدا هەمیشــە لەگۆڕێدایە. ئەو تێکســتەی خوارەوە کە لە یەکێــک لە کتێبە دەرســییەکانی مێژوودا هاتووە، بەو جۆرە باس لــە بارودۆخی ئێران لــە دەورانــی قاجار واتە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا دەکات:

«بایەخە مەزهەبی و داب و نەریتە میللییەکان کۆسپێکی گەورە و بەهێز بوون بەرانبەر نفوزی ئیقتسادیی ڕۆژئاوا و نەیاندەهێشت خەڵک بینە بەکارهێنــەری کالا و کەرەســە و ئامرازەکانی ڕۆژئــاوا» (Ta'rikh-e Mo%ser-e Iran 1365 [1986]: 9). شــایانی باسە کتێبە دەرسییەکانی دەورانی پاش شــۆڕش تێکۆشاون لە پەیوەندی دەگەڵ باســکردن لــە ڕووداوەکانــی مێژووی هاوچەرخی ئێرانــدا ، کە بوونە هۆی دامەزرانی کۆمــاری ئیســلامی ، ئەو باڵانســە بپارێزن. بۆ نموونە سەرنج بدە ئەو دەقەی خوارەوە کە باس لە هاوکاریی نێوان دوکتور موسەدیق و ئایەتوڵڵا کاشانی لە سەردەمی قەیرانی میللیکردنی نەوت لەسەرەتای ساڵەکانی ١٩٥٠دا دەکا:

«پاش هەوراز و نشــێویکی زۆر، سەرەنجام هاوپەیمانــی و یەکیەتی لە نێوان هێزە میللی و هێزە مەزهەبییەکاندا، کە هەردووکیان بە ئێرانەوە گرێ درابوون و دژی دەســتوەردانی بێگانەبوون پێکهات...هێزە میللی و مەزهەبییەکان لێبڕابوون کە ئەوەڵین زەبری گورچووبڕی خۆیان لە ئاستی جیهانیدا لە ئیمپریالیزمی ئینگلیس بوەشــێنن و لــەو ڕێگایــەوە قازانــج و بەرژەوەندییەکانی میللیەتی ئێران دەستەبەرکەن. (ibid.: 194).

بــە گوێــرەی یەکێــک لــە کتێبــە دەرســییەکانی پــاش شــۆڕش، واتــە کتێبی «زانســتە کۆمەڵایەتییــەکان» کە بۆ کلاســی دوازدە ئامادەکراوە، ناسیۆنالیســم، داهێنانێکی ڕۆژئاواییە، (Danesh Ejtema'i 1365/1986])، کــە بە بــە ئەنقەســت لەلایــەن بانگخوازانی مەســیحییەت، ڕۆژهەڵاتناسە ئورووپاییەکان و

ئەو ڕووناکبیرانەی دونیای سێهەم کە مەیلیان بە لای ڕۆژئاوادا هەیە، ئامانجی لەبەریەک هەڵتەکاندنی یەکیەتیی نێوان میللەتانی ئاسیا و ئەفریقا و لاوازکردنی وەحدەت و یەکیەتیی نێو کۆمەڵگای ئیسلامی داڕێژراوە. هەموو بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان، بە (پان تورکیسم و پان عەرەبیزم)یشەوە، نەک هەر بوون بە مایەی کێشە و ئاژاوە لە نێو موسوڵماناندا، بەڵکوو زەمینەی داگیرکردنی فەلەستینیشیان پێکهێناوە. بۆیە لەوێدا دەگوترێ کە ئیسلام ئیدئۆلۆژیی ناسیۆنالیستی و میللی کە ببێتە هۆی پێکهێنانی دابەشبوونی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری، نژادی و جوگرافیایی، لەنێو خەڵک و بە گشتی لە نێو موسوڵماناندا، بە ڕەسمی ناناسێ. تەنها شتێک کە بە «بناخە و کۆڵەکەی کۆمەڵگای ئیسلامی دەزانرێ، بریتییە لە عەقیدە بە خودایەکی مەزن و ڕێوشوێنە بەرزە ئینسانساز و وەحدەتخوازە ئیسلامییەکان» (ibid.: 126-40). بۆیە تەنیا لە فەزایەکی «ئازاد لە ئیسلام»دا کە هەست وهەویەتی نەتەوایەتیی تیدا نییە، دەکرێ لە سووکایەتییەکی ئاوا توند و بێ وێنە بە ناسیۆنالیسم، حاڵی بین. ئاخر ئەگەر ئیسلام و نەتەوە و نیشتیمانپەروەری بکەونە پەنایەک، پێویستە وەفای یەکەم بۆ نەتەوە و وڵات بێ. ئاخر ناسیۆنالیسم و دین هەروەک لەو نوسراوەیەی خوارەوەدا هاتووە، لە یەکتر جیا ناکرێنەوە:

«ئەی ئێران، ئەی ماڵە پڕشکۆکەی من، خۆشم دەوێی. زەردەخەنەی سەر لێوی منداڵانت، دەنگ و سەروسەدای لاوەکانت، نەعرەتەی خەباتگێڕانەی پیاوەکانت، هەموویانم خۆش دەوێن. نیشتیمانی پڕشکۆ، خاکی پاکت کە شەلاڵی خوێنی شەهیدانە، بۆ من ئازیز و بەنرخە. هەموو بەرەبەیانییەک و هەموو شەوێک گوڵاڵەکانت کە لەسەر گۆڕی شەهیدان ڕوواون ماچ دەکەم. ئەی ئێران ئەی ماڵ و نیشتیمانی پڕشکۆی من، شاخە بەرزەکانت بە ڕەمزی ئازایەتی و فیداکاری و سەربەرزییەکانی ڕۆڵەکانت دەزانم. فەلات و خاکی بەرینی تۆ بە نیشانەی سەربەخۆیی و ئازادیی تۆ دەزانم. هاژەهاژی ڕووبارەکانت بە بانگەوازی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانت دەزانم کە هاوار دەکەن «الله اکبر». ئەی ئێران ئەی نیشتیمان و ماڵی پڕ لە شکۆ و شانازیی من. سەرزەمینی پاکی و ئازایەتی، نیشتیمانی موسوڵمانانی ئازادە، ئەی وڵاتی ئیسلام و عەقیدە و بڕوا. بە هەموو تواناوە بۆ پێشکەوتنت تێدەکۆشم. من بە دڵێکی پڕ ئیمان و لە عیشق و خۆشەویستی ئاگرینەوە ئەو خەڵکەم خۆش دەوێ کە لەسەر خاکی تۆ دەژین. لە یارمەتی بەوان و لە هیچ هەوڵێک بۆ تیکشکاندنی دوژمنانت، بەوپەڕی توورەیی و ڕقەوە، قەت درێخی ناکەم. (Iman 1360b [ 198 18(2- 91 :[b 1.

## ئاکام (Conclusion)

ئەو باسەی سەرەوە نیشانی دەدا کە کۆماری ئیسلامی کەم وزۆر بە خوێندنەوەی سەڵتەنەتی پەهلەوی لە نەتەوەی دێرین و لەمێژینەی ئێران وەفادار ماوەتەوە. واتە ئەوە تەئید دەکا کە میللەتی ئێران لە دەورانی دێرینیشدا هەر وەک سەردەمی مۆدێرن وجوودی هەبووە. هەروەها کۆماری ئیسلامی بە قەبووڵ کردنی ئەو هێڵە بنەڕەتییە داستانییەی پەهلەوییەکان، کە ئێرانییەکان بە گرووپێکی یەکگرتوو دەزانێ کە لەسەردەمی دێرینی پێش ئیسلامەوە تا پاش ئیسلام و دەورانی تازە لە مێژوودا هاتوونەتە پێش، ناڕاستەوخۆ کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی «فەرزیەی ئاریایی»یش پەسند دەکات. ئەو لێکۆڵینەوەیە دەریدەخا کە کتێبە دەرسییەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی سەردەمی پاش شۆڕش، ڕۆڵێکی گرنگ لە چاندن و پەروەردەکردنی «ئاگاهی و وشیاریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی زەمەنێکی سیکۆلاردا بە هەموو ئاکامەکانی بەردەوام بوونیەوە دەگێڕن» (An-derson 1991). ئەوە دەگەڵ ئەو بۆچوونە یەک ناگرێتەوە کە خوێندن و پەروەردە و فێرکردن

لە دەورانی پاش شۆڕشدا تەنیا بە وەسیلەیەک بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئیسلامیزم دادەنێ.

لە ڕاستیدا توێژەرەوە بیانی و ئێرانییەکانی خوێندن لە ئێراندا، بە شەوقێکی زۆرەوە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە بزانن ئامانجەکانی خوێندن و فێربوون لە سەردەمی پەهلەویدا لەکوێ دەگەڵ ئامانجەکانی خوێندن و فێربوون لەدەورانی کۆماری ئیسلامیدا، دەگەڵ یەک ناتەبایی پەیدادەکەن. ئەوان دەڵێن لە حاڵێکدا کە ئامانجی خوێندن و فێربوون لە دەورانی پەهلەویدا بریتی بووە لە پەروەردەکردنی وەفاداری بە وەتەن و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی «عظمت»ی میراتی ئێرانی- ئاریایی، ئامانجی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە بەئیسلامی کردنی (Islamisation) هەموو لایەنەکانی ژیان. (Nafisi 1994: 175). بەو حاڵەش دەردەکەوێ کە ئەو جۆرە دابەشکردنە سادەیە تەواو ڕاست نییە. بە وەبەرچاوگرتنی پێویستیی گەشەی هەموولایەنەی سەرچاوە ئینسانییەکان، کۆماری ئیسلامی ناتوانێ تەنیا لەلایەن «کەسی ئیسلامی» (the Islamic Person)ەوە بڕێ و بڕواتە پێش. هەربۆیە ئامانجەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە خوێندن و فێربوون، زۆر ئاڵۆزتر و پڕ گیروگرفتترن لەوەی کە هەندێک کەس بیری لێ دەکەنەوە. هیچ گومانی تیدا نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرنامەدانانی خۆیدا بۆ خوێندن و فێربوون، زۆر بەرجەستە و لە سەرێیە. ئاخر زۆر داب و نەریت و سوننەتی دیکەش بۆ ئەو ڕێژیمە بە میرات ماونەتەوە. «زاڵ بوونی سوننەتێک لە قۆناخێکی تایبەتی زەمەنیدا، بەمانای لەنێوچوون و نەمانی تەواوی باقیی ئەو هێزانە نییە کە پشتاوپشت لە کۆمەڵگای ئێراندا هەبوون و بە بەشێک لە میراتی فەرهەنگیی (cultural legacy) وڵات دەژمێردرێن» (Kazemi 1988: 1) لەڕاستیدا، وەک لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێ، هەموو هەوڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە بە هێزەوە سوننەتی ئیسلامی دەگەڵ فەرهەنگی سیاسیی ئێران ئاوێتە بکا و هەر بە هەمان ئەندازەش و لەهەمان کاتیشدا بە هەموو تواناوە سوننەت و ڕێوایەتی ناسیۆنالیستی و میللیی ڕێژیمی پێشووش بڵاو کاتەوە و بەرێتەپێش.

لەوەش زیاتر خوێندنەوە و سوننەتی ئیسلامیی دوای شۆڕش دەگەڵ ئەو بۆچوونەش دێتەوە کە (Partha Chatterjee) بە «مەعنەوی» و «قەڵەمڕەوی دەروونی (spiritual’ or ‘inner domain)ی ناسیۆنالیزمی دژی ئیستعماریی دونیای سێهەمی پێناسە دەکات. ناسیۆنالیزمێک کە نیشانە بنەڕەتییەکانی «هەویەت و ناسنامەی فەرهەنگی و کولتووری»ی پێوە دیارن. (cultural identity) (Chatterjee 1993: 6) ئەگەر لەم کۆنتێکستەدا تەماشا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە «ئیسلام»ی ئەو دەوڵەتەی کە پاش شۆڕش هاتووەتە سەر کار نەک هەر دژی ڕێوایەت و سوننەتی ناسیۆنالستی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، وەک بەشێکی پێویستی میللیگەرایی و ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی دەبینێ. بە واتایەکی دیکە تا ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەمریکا پتر تەماعی لە ئیستعمار و چەوساندنەوەی فەرهەنگی و ئابووریی ئێران کردووە، بە کەڵک وەرگرتن لە وتەکانی (Partha Chatterjee) ناسیۆنالیسمی ئێرانی پتر «پێی لەسەر نیشاندانی جیاوازییە فەرهەنگییە جەوهەرییەکان داگرتووە تا ئیستعمار لە قەڵەمڕەوی دەروونیی ژیانی میللی و نەتەوەییی ئێران وەدەر بنێ و حاکمییەتی خۆی بەسەریدا ڕاگەیەنێ» (ibid.: 26). بۆیە دەتوانین بڵێین کە پارێزەرانی کۆماری ئیسلامی ناسیۆنالیستێکی زۆر توند و سەختگیرن (stern nationalists). «ئیسلام»ی ئەوان وەک «نیشانە و سەمبولی خەڵکی ئاسایی لە بەرانبەر فەزا و حەوزەی کۆمەڵایەتیی «بیگانە»دا خۆی نیشان دەدا کە لە وڵاتی خۆیاندا ئەوانی وەلاناوە و خستوونیەتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە» (Zubaida 1989: 33).

بەوجۆرە دەتوانین بڵێین کە وشیاری و ئاگاهیی ئیسلامی لە ئێراندا نەبووەتە هۆی

دروست بوونی ئوستوورەیەکی ئەڵترناتیڤ بۆ ئوستووره و ڕیوایەتی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی. بەڵکوو تێرمینۆلۆژیی ئیسلامییشی خستووەتە خزمەت ئەو خوێندنەوە ناسیۆلیستییە لەمێژینە ئێرانییەوە. لە ئاکامدا ئیسلامی سیاسی لە چوارچێوە و سنوورەکانی میللیگەرایی و ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا ماوەتەوە. ئەو ئیسلامی سیاسییە، تەنها لە شکڵ و شێوەی ئەو سیمبۆلە میللی و نەتەوەییيانەدا مانا پەیدا دەکا و خۆی نیشان دەدا کە تەنیا بە ڕواڵەت مەزهەبین. بۆیە دەتوانین بڵێین مۆدێرنیتەیەک کە بەسەنگەری سیکۆلاریزم دادەنرێ، بووەتە لایەنی هەرە سەرەکیی ئەزموونێک کە خۆی بە دەوڵەتێکی ئایینی دەزانێ.

قسەی دوایی کە ڕەنگە ناتەباش بێتە بەرچاو: ژمارەیەکی زۆر لەو زانایانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ناسیۆنالیزم کردووە دەڵێن ڕەگ و ڕیشەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی ناسیۆنالیستی و عورف وەک ئەنتۆنی سمیس دەڵێ ( نەمانی عەقیدە لە بەهەشت و دۆزەخ) دا دەگەڕێتەوە بۆ لەنێوچوون و توانەوەی مەزهەب و سوننەت». (Smith 1986: 176).
بەو پێیە ناسیۆنالیزم و دین دەبنە دوو هێزی فەرهەنگیی ناتەبا، ڕەقیب و دژ بە یەک. هەرچۆنێک بێت وەک ئەو لێکۆڵینەوەیەی من نیشانی دەدا، لێرەدا ناسیۆنالیسم کە بە بەرهەمی مۆدێرنیتە دادەنرێ، بە شێوەیەکی زۆر توند دەگەڵ ئایین و سوننەت تیکەڵ و ئاوێتە دەبێت واتا دەگەڵ ئەو شتەی کە بە هەڵە وەک بایەخ و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی پێش مۆدێرنیتە پێناسەدەکرێ. کەیسی ئێران ئەو هیپۆتێزە پشتراست دەکاتەوە کە مۆدێرنیتە کۆمەڵێک دیاردەی مێژوویی چەند لایەنە دەگرێتەخۆ، کە ناکرێ هەموو ئەوان بە زوویی لە یەک چوارچێوەدا بتوێنینەوە. واتە لە قاڵبی «ڕووحی سەردەم»یان (Zeitgeist) بدەین. (Felski 1995:11-16).

*. https://onlinelibrary.wiley.com/doi/10.1111/
j.1354-5078.2000.00067.x

## Notes

I For a modernist interpretation of Iranian national identity, see Vaziri (1989). For an opposing, 'primordialist' or 'perennial' approach to Iranian national identity, see Gnoli (1989).

2 On the modernity of political Islam in Iran and in other countries in the region, see e.g. Zubaida (1989, 1997); Abrdhamian (1994); Riesebrodt (1993); Halliday (1996: 42-75). See also Ram (1 996).

3 On education in the Pdhlavi era see e.g. Arasteh (1969); Banani (1961); Eilers (1978). The most recent and most comprehensive study of education under the Pahlavi regime is Menashri (1992). On education in the IRI, see note 5 below.

4 A rare and notable exception is Higgins and Shoar-Ghaffari (1995). The study compares pre- and post-revolutionary elementary school textbooks with the view to evaluating Severdl aspects of their portrayal of Iranian identity.

5 For further reading on education in the IRI and the role of education in the regime's (1989); Haghayeghi (1993); Menashri (1992, e~pecially the Epilogue); Higgins and Shoar-Ghaffari (1 994, 1995); Ferdows ( 1992); Nafisi (1 994).

6 On the nineteenth- and early twentieth-century forerunners of the Iranian nationalist narrative, see Tavakoli-Targhi (1990); Kia (1995); Bayat-Philipp (1974); Bayat (1982).

7 Part and parcel of the project of hammering in the impression of a continuity of both nationhood and monarchy was the Pahlavis' construction of a symbolic framework by means of which to make meaningful the essential link between the pre- and post-Islamic periods. Some prominent examples of this included Reza Shah's announcement in 1935 that, since Iran was the 'cradle of the Aryans', the name 'Iran' would henceforth replace 'Persia'; and Muhammad Reza Shah's self-coronation and the elaborate 2,500-anniversary celebration of the Iranian monarchy in 1969 and 1972, respectively. A more blatant example was the shah's announce- ment in 1976 of a change in the official Iranian calendar: the year would henceforth begin not with the migration of the Prophet, but, instead, with the presumed date

into 'peoples' and 'petty states' placing in each of them an 'agent of their own' to safeguard the powers' economic and political interests. He called upon all Muslims to unite in order to withstand successfully this imperialist onslaught; only through unity, he argued, will the Muslims be able 'to crush the human and tyrannical gods and idols that plunder the world'. See Khumayni (1979: 34-5).

13 Hence, Shorish (1988: 74), following an investigation of post-revolutionary textbooks, concluded, 'there is never mention of pre-Islamic Iran, which was admired very much in the prerevolutionary books. One cannot, of course, deny pre-Islamic Iran . . . but for the present what matters to the Iranian revolutionaries . . . is that their history is indistinguishable from the history of Islam.'

14 As Mostafa Vaziri has contended (1989: 198), the 'popularization of Iranian identity did not come to an end with the downfall of the Pahlavi regime, but it began to take a different direction with the surfacing of fundamentalist Islamic principles'.

15 On the Islamisation of secular Iranian holidays, including Nowruz, in the Islamic Republican state, see Higgins and Shoar-Ghaffari (1995: 349); Richard (1989: 33-

16 The tradition of monarchical continuity, however, is manifestly absent in the post- revolutionary narrative, owing, of course, to the Islamic revolution's rejection of monarchy as alien to Islam. On Khomeini's views on monarchy and legitimate political rule in Islam see, e.g. Akhavi (1980: 163-71); Enayat (1983); Rajaee (1983). 17 I will return to this point in the Conclusion.

17 For similar expressions, see Fursi (1 368 (1989): 44-5.

## References

Abrahamian, Ervand. 1994. Khomeinistn: Essays on the Islumic Republic of Iran. Los Angeles:
Akhavi, Shahrough 1980. Religion und Politics in Contemporary Irun: Clergy-State Relations in
Algar, Hamid. 1994. 'Review of Mostafa Vaziri, Irun us Imugined Nution', Confemporury
Anderson, Benedict. 1991. Imagined Communities: Refections of the Origin und Spread of
Anvari, Hasan. 1350 (1971). Fursi. Fifth grade of primary school. Tehran: Vezarat-e Amuzesh
Anvari, Hasan. 1360 (1981). Fursi. Fourth grade

of the establishment of the Achaemenid dynasty. Muhammad Reza Shah's adoption of the honorific title Aryumehr, 'the Light of the Aryan Race,' was also intended to illuminate the continuity of Iranian nationhood with monarchy as its axis. For these and other symbolic formulations during the Pahlavi era see Ghods (1991: 34-5); Lewis (1975: 101); Chehabi (1993: 223-6); Tavakoli-Targhi (1988: 112); Wilber (1981: 127); Matthee (1993: 326); Cottam (1978: 328).

8 Published in 1980, Tu'rikh-e Honur-e Iran, which is referred to here, ostensibly belongs to the Islamic republican era. Yet this textbook was originally written and published in the Pahlavi era, and was included in the Pahlavi school curriculum. It is therefore representative of the Pahlavi historical memory and not that of the Islamic Republic. Indeed, though it was briefly used by the emerging Islamic Republic in 1980, it was soon abolished or simply removed from the shelves once the revision of textbooks had been completed and original, revolutionary textbooks supplanted pre-revolutionary ones.

9 For similar representations of Iranian history in Pahlavi textbooks see, Tu'rikh-e Lebus (I 353 (1974): 69); Anvari and Javadi (2537a (1978a): 131 -4); Ketub-e Sevvom-e Dabesfun (1 342 (1963): 11 I).

10 The 'Banner of Kaveh' refers to a legendary smith (Kaveh), who, having made a banner of his old apron, led the Iranians against the tyrant king Zahhak, defeated him, and seated Fereydun on his throne. The story is narrated in the Shuhnumeh of Ferdowsi.

11 For similar themes, see Farshidvared and Givi (2536 (1977): 101-2).

12 Indeed, Ayatollah Khomeini's writings and declarations since the late 1960s were marked by pan-Islamic motifs calling for the realisation of Islamic unity - both political and moral - that would obliterate prior national, 'artificial' divisions among contemporary Muslim societies. In his programmatic book veluyuf-ef uqih ('The Governance of the Jurist'), which is considered one of the major ideological pillars of the Islamic Revolution, Khomeini defined nationalism as an imperialist plot designed to sow discord among Muslims thereby advancing Western exploitation of 'the abode of Islam'. He claimed that in the wake of World War I 'imperialist powers' divided the 'Islamic homeland' (i.e. the Ottoman Empire)

va-Parvaresh.
Amuzesh va-Parvaresh.
guidance cycle. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh.
guidance cycle. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh.
high school. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh.
George Lenczowski (ed.), Irun Under the Puhluvis. Stanford, CA: Hoover In Endyat, Hamid. 1983. 'Iran: Khumayni's concept of the "Guardianship of the Jurisconsult"', in
Farshidvared, Khosrow and Hasan Ahmadi Givi. 2536 (1977). Farsi. Third grade of high
Farsi. 1368 (1989). Fifth grade of primary school. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh.
Farsoun, Samih K. and Mehrdad Mashayekhi. 1994. 'Introduction: Iran's political culture', in Samih K. Farsoun and Mehrdad Mashayekhi (eds.), Iran: Politicul Culture in the Islamic Republic. London and New York: Routledge.
Felski, Rita. 1995. The Gender of Modernity. Cambridge, MA, and London: Harvard University Press. Ferdows, Adele. 1994. 'Gender roles in Iranian school textbooks', in Samih. K. Farsoun and Mehrdad Mashayekh (eds.), Iran: Political Culture in the Islamic Republic. London and New York: Routledge. Ghods, M. Reza. 199I.'Iranian nationalism and Reza Shah', Middle Eustern Studies 27, I : 35-45. Gnoli, Gherardo. 1989. The Ideu ofIran: An Essay on its Origin. Rome: Instituto Italian0 per il Medino ed Estremo Oriente. Haghayeghi, Mehrad. 1993. 'Politics and ideology in the Islamic Republic of Iran', Middle Eustern Stuclies 29: 36-52. Halliday, Fred. 1996. Islum and the Myth of Confrontation: Religion and Politics in the Middle East. London and New York: I. B. Tauris. Higgins, Patricia J. and Pirouz Shoar-Ghaffari. 1994. 'Women's education in the Islamic Republic of Iran', in Mahnaz Afkhami and Erika Fried1 (eds.), In the Eye of the Storm: Women in Post-revoutionury Iran. London and New York: I. B. Tauris. Higgins, Patricia J. and Pirouz Shoar-Ghaffari. 1995. 'Changing perceptions of Iranian identity in elementary textoooks', in Elizabeth Warnock Fernea (ed.), Children in the Muslim Middle East. Austin, TX: University of Texas Press.
J. Piscatori (ed.), Islam in the Political Process. New York: Cambridge University Press.
school. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh.
Hobsbawm, Eric. 1997. On History. New York:
of primary school. Tehran: Vezarat-e
Anvari, Hasan and Hasan Sadr Hajj Seyyed Javadi. 2537a (1978a). Fursi. First grade of
Anvari, Hasan and Hasan Sadr Hajj Seyyed Javadi. 2537b (1978b). Fursi. Second grade of the
Anvari, Hasan, Rasul Shayasteh and Hasan Ahmadi Kivi. 2536 (1977). Fursi. Fourth grade of
Arasteh, Reza. 1969. Eclucution und Sod Awukening in Irun, 1850-1968. Leiden: E. J. Brill.
Arjomand, Said Amir. 1988. The Turbun for the Crown: The Islumic Revolution in Irun. New York and Oxford: Oxford University Press. Ashraf, Ahmad. 1993. 'The crisis of national and ethnic identities in contemporary Iran', Iruniun Studies 24, 1-2 (Winter-Spring). Banani, Amin. 1961 .The Modernization of' Irun, 1921-1941. Stanford, CA: Stanford University Press. Bayat, Mangol. 1982. Mysticism und Dissent: Socioreligious Thought in Qujur Irun. Syracuse, NY: Syracuse University Press. Bayat-Philipp, Mangol. 1974. 'The concepts of religion and government in the thought of Mirza Aqa Khan Kirmani, a nineteenth-century Persian revolutionary', Internutionul Journal of Middle East Studies 5: 38 1-400. Beeman, William 0. 1983. 'Images of the Great Satan: representations of the United States in the Iranian Revolution', in Nikki R. Keddie (ed.), Religion and Politics in Irun: Shi'ism from Quietism to Revolution. New Haven, CT and London: Yale University Press. Chatterjee, Partha. 1993. The Nution unrl its Frugments: Coloniul and Postcolonid Histories. Princeton, NJ: Princeton University Press. Chehabi, Houchang E. 1993. 'Staging the emperor's new clothes: dress and nation-building under Reza Shah', Iranian Studies 26, 3--4: 209-29. Cottam, Richard W. 1979. Nutionulism in Iran. (Updated through 1978). Pittsburgh, PA: Pittsburgh University Press. Dabashi, Hamid. 1993. Theology of Discontent: The Ideologicul Founciution of the Islumic Revolution in Iran. New York and London: New York University Press. Dunesh Ejtemu'i. 1365 (1986). Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh. Eilers, Wilhelm. 1978. 'Education and cultural development in Iran during the Pahlavi era', in
University of California Press.
the Puhluvi Era Albany: State University of New York Press.
Sociology 23, 1 : 259.
Nutionulism, revised edn. London and New York: Verso.

and the “other” in revolutionary Iran’, History and Memory 8, I: 67-87. Richard, Yann. 1989. ‘The relevance of “Nationalism” in contemporary Iran’, Middle Eust Review 21, 4: 27-36. Riesebrodt, Martin. 1993. Pious Pussion: The Emergence of hloriern Fundumentulism in the United Stutes rind Irun. Translated from the German by Don Reneau. Los Angeles: University of California Press. Shorish, Mobin. 1988. ‘The Islamic Revolution and education in Iran’, Cotnpurutiie Erhrcation Review 32, 1: 58-75. Skocpol, Theda. 1979. Stutes and Sociul Revoutions. Cambridge: Cambridge University Press. Smith, Anthony. 1986. The Ethnic Origins of Nutions. London: Blackwell. Sobhe, Khosrow. 1982. ‘Education in revolution: is Iran duplicating the Chinese Cultural

Tu‘limut-e Ejtemu‘i. 1365 (1986). Fifth grade of primary school. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-

Tu’rikh-e Honur Irun. 1359 (1980). First grade of high school. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-

Tu‘rikh-e Irun uz-Puyun-e Shah-in-Shahi-ye Sussuniyan tu-Puyun-e Sulsuleh-ye Zundiyun. 2537

Tu‘rikh-e Lebus. 1353 (1974). Tehran: Vczarat-e Amuzesh va-Parvaresh. Tu’rikh-e Mo‘user-e Irun. 1365 (1986). Third grade of high school. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh. Tu’rikh Yek. 2537 (1978). Second grade of general education. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va- Parvaresh. Tavakoli-Targhi, Mohamad. 1988. ‘The formation of two revolutionary discourses in modern Iran: the Constitutional Revolution of 1905- 1909 and the Islamic Revolution of 1978- 1979’. Ph.D. Dissertation, the University of Chicago. Tavakoli-Targhi, Mohamad. 1990. ‘Refashioning Iran: language and culture during the Constitutional Revolution’, Iruniun Studies 23, I --4: 77- 101. Trouillot, Michel-Rolph. 1995. Silencing the Pust: Power und the Production of History. Boston: Beacon Press. Vaziri, Mostafa. 1989. Irun us Imuginetl Nution: The Construction of Nutionul Identity. New York: Paragon House. Wilber, Donald. 1981. Irun Pust und Present. Princeton, NJ: Princeton University Press. Zubaida, Sami. 1989. Islum, the People, und the State. London: Routledge. Zubaida, Sami 1997. ‘Is Iran an Islamic state?’, in Joel Beinin and Joe Stork (eds.), Political Islurn: Essuys from Middle Eust Report. Berkeley and Los Angeles: University of California

The New Press. Hunter, Shireen. 1992. Iran After Khomeini. New York: Praeger. Iman, Lyla. 1360a (1981a). Farsi. Third grade of primary school. Tehran: Vezarat-e Amuzesh

Iman, Lyla. 1360b (1981b). Farsi. Second grade of primary school. Tehran: Vezarat-e Amuzesh

Katouzian, Hamayoun. 1979. ‘Nationalist trends in Iran, 1921 - 1926‘, International Journal of

Kazemi, Farhad. 1988. Politics and Culture in Iran. Ann Arbor, MI: Center for Political

Kazemi, Farhad. 1995. ‘Models of Iranian politics, the road to the Islamic Revolution, and the

Ketab-e Sevvom-e Dabestan. 1342 (1963). Tehran: Vezarat-e Farhang, Sazman-e Ketab.

Khanlari, Parviz Natel. (1340) 1961. Tu’rikh-e Iran: Dowreh-ye Islami. Sixth grade of primary

Khumayni, Ruhallah Musavi. 1979. AI-Hukumuh al-Islumiyyuh. Beirut: Dar al-Tali‘ah. Kia, Mehrdad. 1995. ‘Mirza Fath Ali Akhundzade and the call for modernization of the Islamic world’, Middle Eastern Studies 31, 3: 423-48. Lewis, Bernard. 1975. History Remembered, Recovered? Invented Princeton, NJ: Princeton University Press. Matini, Jalal. 1989. ‘The impact of the Islamic Revolution on education in Iran’, in Adnan Badran (ed.), At the Crossroads: Erlucation in the Middle East. New York: Paragon House. Matthee, Rudi. 1993. ‘Transforming dangerous nomads into useful artisans, technicians, agriculturists: education in the Reza Shah Period’. Iranian Studies 26, 3-4: 31 3-36. Mehran, Golnar. 1989. ‘Socialization of schoolchildren in the Islamic Republic of Iran’, Iranian Studies 22, 1: 35-50. Mehran, Golnar. 1990. ‘Ideology and education in the Islamic Republic of Iran’, Compure 20, stitution.

Mehran, Golnar. 1991. ‘The creation of the new Muslim woman: female education in the Islamic Republic of Iran’, Convergence 24, 4: 42-51. Menashri, David. 1992. Educution und the Muking of Mudern Irun. Ithaca, NY and London: Cornell University Press. Nafisi. Rasool. 1994. ‘Education and the culture of politics in the Islamic Republic of Iran’, in Samih. K. Farsoun and Mehrdad Mashayekh (eds.), Irun: Politico1 Culture in the Islamic Republic. London and New York: Routledge. Nora, Pierre. 1989. ‘Between memory and history: les lieux de memoire’, Representutiuns 26 (Spring): 7-25. Rajaee, Farhang 1983. Islutnic Vulites und World View: Kliomeyni on Mun, the Stute, untl Internotional Politics. New York: University Press of America. Ram, Haggay. 1996. ‘Mythology of rage: representations of the “self”

# ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ:*

## تێگەیشتن لە دەوری مێدیای دیجیتاڵ لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی «نوێ»

سابینا میخایلی، سێزار خیمێنێز ــ مارتینێز

و: کەمال حەسەنپوور

## کورتە

لە کاتێکدا کە تەکنەلۆجیا دیجیتاڵەکان لە سەرەتادا وەک ڕێخۆشکەری بە جیهانییبوون و دنیانیشتمانی سەیر دەکران، زانایان بە شێوەیەکی پەرەئەستێن دان بە دەوری ئەوان لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزمی کۆنەپارێزدا دەنێن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرز بوونەوەی ئاستی خوازیاری، لانیکەم دوو پرسیار بێ وڵام دەهێڵێتەوە. پێش سەرهەڵدانی دووبارەی، ناسیۆنالیزم لە کوێ بوو؟ ئاخۆ شێوازەکانی هەنووکەی ناسیۆنالیزم لە ئەوانی پێشووتر جیاوازن و دەکرێ ئەو جیاوازییانە بە تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵەکانەوە گرێ بدرێن؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، ئێمە باسی گرینگیی تێگەیشتن لەو بوارە کەمتر دیارانە دەکەین کە بە هۆی ئەوانەوە تەکنەلۆجیا دیجیتاڵەکان، هەستی گرێدراویی ئێمە بە دنیای نەتەوەکانەوە بەرهەم دەهێننەوە. ئێمە باسی سێ مێکانیزیمی ئەوتۆ دەکەین: شێوازی دروست بوونی سیستەمی نێوی دۆمێنەکانی ئینتەرنێت، لاسەنگیی ئەلگۆریتمەکانی کەڵک لێ وەرگیراو لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و دروست بوونی ئێکۆسیستەمە دیجیتاڵییە نەتەوەییەکان. دواتر، ئێمە لە سێ تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمی سەردەم دەکۆڵینەوە کە بەشێکی دەکرێ بە ئاڵوگۆڕی ئەو دواییانەی ئێکۆلۆژیی پەیوەندیگرتنی جیهانییەوە گرێ بدرێ: فرەچەشنی، کەرت کەرت بوون و بەکاڵاکردن. ئێمە بە لەبەرچاو گرتنی ئاسەوارەکانی شێکاریی خۆمان لە سەر داهاتووی توێژینەوە لەو بوارەدا، کۆتایی بە وتارەکەمان دێنین.



## وشە سەرەکییەکان

پەیوەندیی، میدیای دیجیتاڵ، ئینتەرنێت، نەتەوە، ناسیۆنالیزم، میدیای کۆمەڵایەتی


## پێشەکی

ڕووداوی وەک بریگزیت [چوونە دەری بریتانیا لە یەکیەتیی ئەورووپا] لە بریتانیا و هەڵبژێرانی دۆنالد ترامپ لە وڵاتە یەکگرەتووەکان، هەروەها سەرکەوتنی ڕێبەرە ناسیۆنالیستە دەنگ بەرز و دژە کۆچبەرەکان لە شوێنی دیکەی دنیا، بەشێکی زۆر لە شرۆڤەکارانی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایە کە سەردەمێکی نوێی پۆپۆلیزم، ناسیۆنالیزمی «نوێ» و ملهوڕیی نوێ بەڕێوەیە و نیگەرانیی قووڵی خۆیان لەمەڕ داهاتووی لیبراڵ دێموکراسی دەردەبڕن (بۆ وێنە، ئیتوێڵ و گودوین، ٢٠١٨؛ گودهارت، ٢٠١٧؛ نۆریس و ئینگلهارت، ٢٠١٩). میدیای دیجیتاڵ پەیتا پەیتا وەک فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە لەو «گەڕانەوە» ئاشکرایەی ناسیۆنالیزم سەیر دەکرێ، کە شانبەشانی چەند فاکتەری چوارچێوەیی، لە قەیرانی ئابووریی ٢٠٠٨ و هەنگاوەکان بۆ زێدەپاشەکەوتی دارایی کە لەو سۆنگەیەوە ڕەچاو کران ڕا بگرە تا ئاڵوگۆڕە دێموگرافی و کولتوورییەکانی پەیوەندیدار بە کۆچبەرییەوە. بە گوێرەی ئاکامەکانی توێژینەوە، ئینتەرنێت دەورێکی سەرەکیی لە ستراتێژییەکانی پەیوەندیگرتنی ڕێبەرە پۆپۆلیستەکان و حیزبەکان لە سەرانسەری دنیادا هەیە، کە بۆ بڵاو کردنەوەی ئاخاوتنە ناسیۆنالیستییەکانیان و برەو دان بە ڕوانگە دژە کۆچبەر و دژە لیبراڵەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن (بۆ وێنە، ئالقاریز و دالگرێن، ٢٠١٦؛ ئەنگەسەر، ئەرنست، و بوچەل، ٢٠١٧؛ فاچس، ٢٠٢٠؛ پاجنیک و ساور، ٢٠١٨؛ وایسبۆرد و ئامادۆ ٢٠١٧). بە تایبەتی لە ڕووداوە جیهانییە سەرەکییەکاندا، لە گشتپرسیی بریتانیا لەمەڕ یەکیەتیی ئەورووپا تا هەڵبژاردنی دۆنالد ترامپ وەک سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، پلاتفۆرمەکانی سۆسیال میدیا بە بەهێزتر کردنی هەستی نەتەوەپەرستی و وروژاندنی ناسیۆنالیزمی

خێڵەکـــی تاوانبار کراون (کرایـــس، ٢٠١٧)، تا هەڵبژاردنی ئەندۆنیزیا (لیم، ٢٠١٧)، هەڵمەتی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە لایەن خایر بۆلســـۆنارۆ لـــە برازیل (دەڤیس و شـــتراوبهار، ٢٠٢٠). دەوری تەکنەلۆجیـــا دیجیتاییـــەکان لـــە هاندانی ســـەرهەڵدانی ناســـیۆنالیزمی جەمـــاوەری و کرێـــاری، بە تایبەتـــی لـــە چیـــن، ســـەرنجی بەرچاوی لێکۆڵەرانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە (جیانگ، ٢٠١٢؛ شنایدەر، ٢٠١٨؛ ووەو، ٢٠٠٧).

گرنگیدانـــی پەرەئەســـتێن بـــە دەوری تەکنەلۆجیـــای پەیوەندیگرتـــن لەســـەر نەتەوەکان و ناســـیۆنالیزم، بێگومان ئەرێنییە و ئاڵوگۆڕێکی باشـــە لە مشتومڕەکانی پێشوو کە مێدیای دیجیتاڵی پێش هەموو شـــتێک وەک ڕێخۆشکەری پەیوەندییە جیهانییەکان و گرێدراوی بە دنیانیشتمانیی سەیر دەکرد. لەگەڵ ئەوەشـــدا پەرە گرتنی ئەو دواییانەی ســـەرنجدان بـــە ناســـیۆنالیزمی دیجیتـــاڵ وێدەچێ بەر لە هەموو شتێک جەخت بکاتە سەر شێوە ئاشـــکرا، سۆزدارانە و تەنانەت پڕ لە نەفرەتەکانی ناســـیۆنالیزم و نیشـــاندانی ئەوە کە ئەو شێوە ناسیۆنالیزمە بە ڕاستی لە ژینگەی دیجیتاڵدا گەشـــە دەکا و لە لایەن تایبەتمەندییە دیارەکانی مێدیای دیجیتاڵەوە برەوی پـــێ دەدرێ، وەک بەســـتراوەیی بە بەشداریی بەکارهێنەرانی، یان دروستبوونی ئەو بڵق فیلتەرانەن [بڵق فیلتەر = بەو دۆخە دەڵێن کە بەکارهێنەرێکی ئینتەرنێت تووشی دەبـــێ و لەویـــدا تەنیا زانیـــاری و بۆچوونی وەک هی خـــۆی دێتە بەرچـــاو. هۆیەکەی ئەلگۆریتمـــی کامپیوتەرین کـــە ئەزموونی سەرهێڵی تاکەکان بە هۆی گوڵبژێر کردنی بابەتەکان بە شـــێوەیەک کە لەگەڵ سەلیقە و بیـــر و بۆچوونی ئەوان بینەوە، ســـنووردار دەکا. و.]. لـــە کاتێکدا کە ئـــەوە بێ گومان بەنرخە، ئەو جەخت کردنەوەیە لانیکەم دوو پرســـیاری گرینگ بێ جـــواب دەهێڵێتەوە.

یەکەم، پێش «ســـەرهەڵدانەوەی» ئاشکرای ناســـیۆنالیزم، ئـــەو لەکوێ بـــوو؟ دووهەم، ئاخۆ شێوە ســـەردەمییەکانی ناســـیۆنالیزم، لـــە شـــێوە مێژووییەکانـــی پێـــش خۆی جیاوازییەکـــی بەرچاویـــان هەیـــە، و ئەگەر وایـــە، ئەو جیاوازییانە ئاکامـــی ئێکۆلۆجیای پەیوەندیگرتنی دیجیتاڵیی نوێن؟

وڵامی ئـــەو پرســـیارانە دەخـــوازێ کە لێکۆڵینەوەی خۆمان لەســـەر ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ بە دوو شێوە چڕ بکەینەوە. یەکەم، ئێمە پێویستە لە لێکۆڵینەوەی هەرە بەرچاو و سۆزدارانە لەمەڕ ناســـیۆنالیزمی سەرهێڵ تێپەڕیـــن و تێبگەیـــن کـــە چـــۆن ئەوانە پەیوەندییان بەو شـــێوازە ئاســـایی، ساکار و تەقریبەن نادیارانـــەوە هەیە کە تەکنەلۆجیا دیجیتاڵـــەکان هەســـتی گرێدراویـــی ئێمە بە دنیـــای نەتەوەکانەوە بەرهـــەم دێننەوە. هەر وەک لە بەشـــی یەکەمی ئـــەو وتارەدا ئاماژەی پێ دەکەین، ئەو هەڵوێستە پێویستە ئەو گریمانەیـــە کە شـــەپۆلی هەنووکەییی ناســـیۆنالیزم بە تـــەواوی «تازەیە» وەلا بنێ. لە جیاتی ئەوە، ئێمە لە پێشـــدا پێویستیمان بـــە دەستنیشـــان کـــردن و لێکۆڵینەوە لەو میکانیزمانەیە کە بـــە گوێرەی ئەو، مێدیای دیجیتـــاڵ یارمەتـــی بـــە دیســـان بەرهەم هێنانەوەی شـــێوەی ســـاکار، ئاســـایی یان «تەریک خراوەی» ناســـیۆنالیزم دەکا (بیلیگ، ١٩٩٥؛ فاکس و میللەر-ئیدریس، ٢٠٠٨؛ مالێسێویچ، ٢٠١٩؛ ســـکەی و ئانتۆنیش، ٢٠١٧). لەو وتارەدا، ئێمە بە کورتی باسی سێ مێکانیزم، شێوەی دارشـــتنی پلەی هەرە سەرووی دۆمێنەکانی ئینتەرنێت، لاگریی ئالگۆریتمەکان و شێوەی ئێکۆسیستەمی دیجیتاڵیی نەتەوەیی دەکەین و بۆ نیشـــاندانی ئەوانە کەڵـــک لە نموونەی توێژینەوەی بەردەست وەردەگرین.

ئێمـــە لەســـەر ئـــەو بڕوایەین کـــە، بە هـــۆی ئـــەو مێکانیزمانەوە، ناســـیۆنالیزم لە فۆرمی ســـاکار و ئاســـاییی خۆیـــدا هەرگیز

لە مێدیای پەیوەندیگرتنـــی ئێمە هەڵنەبرا، بەڵکـــو تەنیا «بەرۆژ» کرایەوە تا خۆی لەگەڵ ســـوودە تایبەتییەکانی ژینگەی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان بگونجێنێ. ئەو شێوە ساکار و ئاساییە کە بە شێوەی دیجیتاڵیی بەرۆژکراوە، ژینگەیەکـــی بەپیت بۆ «ســـەرهەڵدانەوە»ی ناســـیۆنالیزم یان بە شـــێوەیەکی وردتر، بۆ برەودان و بڵاوکردنەوەی شێوەکانی بەرچاوتر و تایبەتیتری ناسیۆنالیزم، دەستەبەر دەکا.

**یەکـــەم**، لـــە کاتێکدا کە ســـەرهەڵدانی شێوەکانی بەرچاوتر و تایبەتیتری ناسیۆنالیزم بە تەنیا بەرهەمی مێدیای دیجیتاڵ نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا گرینگە کە سەرنج بدەینە ئەو پرســـە کە ئاخۆ ئێکۆلۆجیای پەیوەندیگرتن، یارمەتیـــی گۆڕینـــی ناســـیۆنالیزمیان بـــە شـــێوەیەکی بەرچاو کـــردووە؟ ئێمە بەڵگە دێنینـــەوە کە مێدیای دیجیتاڵ و بەتایبەتی تەشـــەنە کردنی پلاتفۆرمەکانـــی دیجیتاڵ، بە ڕاســـتی لە دروســـت بوونی ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵیـــی نەتەوەکان بـــە چۆنایەتییەکی جیاواز لە هی ئەوانی پێش خۆیانەوە دەوریان هەبووە. ئێمە شـــرۆڤەی ســـێ ئاڵوگۆڕی لەو شێوەیە دەکەین: فرەچەشنی، جەمسەرگری و بەکاڵا کردن.

**دووەم**، ســـوودەکانی بەشـــداریکارانەی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵ ڕێگای بە ڕێژەیەکی زۆرتـــر لە چـــالاکان داوە تـــا یارمەتیدەری پەیوەندیگرتنی جەمـــاوەری بن، بەو هۆیەوە بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی فرەچەشنتر بەڵام لـــە هەمان کاتدا پێشـــبینی نەکراوتر کردووە. دووهەم، ئەو فرەچەشنییە شانبەشانی کەرت کەرت بوونی زۆرتر و جەمســـەرگریی بیری نەتەوەیی چۆتە پێش، بە تاک و تاقمی ئەوتۆ کە لە دەوری شـــێوازی «دانســـقەی» پێناسەی نەتەوەیی کۆ دەبنەوە، و هەر وەها وروژاندنی شێوەی توندئاژۆیانەی ناسیۆنالیزم. ســـێهەم، ئابووریـــی سیاســـی هەنوکەییی پلاتفۆرمە دیجیتاڵـــەکان بەو مانایەیە کە لە بواری ســـەرهێڵ، نەتەوەکان هـــەر دێت و زۆرتر وەک کۆمەڵگـــەی کڕیاران بیریان لێ دەکرێتـــەوە و پەیوەندییـــان پێوە دەگیرێت، ڕەوتێک کە بەڵگەکانی گەشـــەی ئابووری و ناسیۆنالیزمی کڕیاران و نەریتی پۆلێن کردنی نەتەوەن. لە بەشـــی دووهەمـــی وتارەکەدا، باســـی هەرکام لەو ئاڵوگۆڕانە بە هێنانەوەی ژمارەیەک نموونە لە توێژینەوەی بەردەست و لێکۆڵینەوەکانـــی خۆمـــان دەکەین. ئەوە گرینگە کە ڕوونی بکەینەوە کە ئەو ئاڵوگۆڕانە ناتوانن تەنیا بە ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆجیاوە گرێ بدرێـــن. فاکتەرەکانی هەلومەرج لە ئەورووپا، چین، وڵاتە یەکگرتووەکان و شـــوێنی دیکە هەموو دەوری گرینـــگ دەگێڕن و مێدیای دیجیتـــاڵ دەتوانن و دەبێ بە شـــێوەگەلێک کەڵکیـــان لـــێ وەرگیرێت کـــە بەرەنگاریی لۆژیکی ناســـیۆنالیزم بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵگەی پێویست بۆ پشتگیریی لەو ئیددیعایە لە بەر دەستدان کە ئاڵوگۆڕەکانی ئێکۆلۆژیی پەیوەندیگرتـــن بۆخۆیـــان هێنـــدە گرینگن کە ســـەرنجیان پێ بدرێ. ئێمە وتارەکە بە لەبەرچاوگرتنی گرینگیی بەڵگەهێناوەکانمان بـــۆ توێژینەوەی زیاتر لەو بوارەدا کۆتایی پێ دێنین.

## مێدیـــای دیجیتاڵ و ســـەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی «نوێ»

توێژینەوەی بەردەست ژمارەیەک شیکردنەوە بۆ سەرهەڵدانی ناســـیۆنالیزم و پاشکەشەی پەیوەندیـــداری لیبرالیزم پێشـــکەش دەکا، لـــە ناویاندا ئاڵوگـــۆڕی دێموگرافی، نەبوونی ئاسایشـــی ئابـــووری بە هـــۆی تێکەڵاوێک لـــە ئاســـەواری دۆخـــی نزمی ئابـــووری و سیاسەتی زێدەپاشەکەوتی ئابووری، کەلێنی ئایدیۆلۆجیایی نێوان براوەکان و دۆڕاوەکانی کرانـــەوەی ئابووری و کولتـــووری و ئاکامی «شکشـــتی کولتووری» لە نـــاو کەرتە پەرە ئەســـتێنەکانی جەماوەر بە گشـــتی (بۆ وێنە،

ئیتویێڵ و گودوین، ٢٠١٨؛ هاکەر، ٢٠٠٦؛ کاوفمەن، ٢٠١٨؛ نۆریس و ئینگلهارت، ٢٠١٩؛ پیکەتی، ٢٠١٤). ئەو ئاڵوگۆڕانە بێگومان بە شێوەی جیاواز کاریگەرییان لەسەر دروست بوونی دۆخی لەبار بۆ تەشەنە کردنی پەشێوی لەمەڕ ئاسایشی نەتەوەیی، بۆ بڵاو کردنەوەی دوژمنایەتی دژی خەڵکی بیانی و بۆ پێشوازیی جەماوەر لە بۆچوونی «لەپێشدا نەتەوەی ئێمە» وەک زامنی سەقامگیری، هەبووە. ئەوەی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە تێک هاڵاوە، دەوری مێدیا و ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن لە بڵاو بوونەوە و خوازیاریی پۆپۆلیزمی کۆنەپارێز و شێوەی ئاخاوتنی ناسیۆنالیستی، سەرنجی بەشێکی زۆر لە زانایانیش بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. هەر وەک ژمارەیەک نووسەر سەرنجیان داوەتێ، دەڵێن مێدیای دیجیتاڵ و بە تایبەتی پلاتفۆرمەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، پاڵنەری پەرتەوازەییی وتووێژی جەماوەریی بە هۆی دروست کردنی «بڵق فیلتەر»ی پشت ئەستوور بە ئەلگۆریتمن (کاردێنال، ئاگیلار-پارێدێس، گالای، و پێرێز-مۆنتۆرۆ، ٢٠١٩؛ پاریسەر، ٢٠١١) و «ژوورەکانی زایەڵە» [ژووری زایەڵە بەو دۆخە دەڵێن کە بۆچوونەکان لە نێو بازنەیەکی داخراو لە بەشداراندا بە هۆی دووپات بوونەوە بەهێزتر دەبن و پێداگرییان لەسەر دەکرێ. و.] (دوبوا و بلانک، ٢٠١٨؛ داتۆن، رایسدۆرف، دوبوا، و بلانک، ٢٠١٧) بەڵام بە هەمان شێوە بوونە هۆی پەرە ئەستاندنی بێرێزی بە بۆچوونی جیاواز، سینگفراوانی بەرانبەر بە شێوە ئاخاوتنی ناسیۆنالیزمی تایبەتی و بە شێوەی گشتیتر وتاری نەفرەتاوی و هەر وەها مەیلی توندئاژۆیی (سانشتاین، ٢٠١٧). لە هەمان کاتدا سروشتی بەشدارانەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال مێدیا، کاری تاک و تاقمەکانی بۆ گەیاندنی ڕوانگەی توندئاژۆیانە و زانیاریی هەڵە کە ‹پشتگیری لە بڵاو کردنەوەی ئایدیۆلۆجیای [ناسیۆنالیستیی] ڕاستی توندڕەوی هاسان کردووە (فاچس، ٢٠٢٠، لاپەڕەی ٢٤٨؛ هەروەها بڕوانە نیکۆلس، ٢٠١٧؛ راجێکی و مەراز، ٢٠١٦).

بۆ زانایانی بواری ناسیۆنالیزم، هەر وەها بۆ زانایانی مێدیا و پەیوەندیگرتن کە حەزێکی درێژماوەیان لە ناسیۆنالیزمە، ئەو بەڵگە هێنانەوانە جێگای سەرسوڕمان نین. نزیکەی دوو دەیە لەمەوبەر، هالاوایس (٢٠٠٠) نیشانی دا کە سنوورە نەتەوەییەکان لە تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێتدا بەردەوامن، و ئاشکرای کرد کە بەشی هەرە زۆری ماڵپەڕەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە جیاتی بەستەری ماڵپەڕی ئەودیوی سنوور، بەستەری ئەو ماڵپەڕانەیان تێدان کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانن. لەو گۆڤارەدا، ئێریکسێن (٢٠٠٧) بە هەمان شێوە لە وتارێکدا دژی ئەو بیرۆکەیە دوا کە خەسڵەتی نەبەستراوەییی دنیای ئینتەرنێت بە خاکەوە دەبێتە هۆی هەستێکی هاوبەش لە شوناسی نەتەوەیی و سەرەنجی خوێنەری بەرەو بەڵگە لە ژمارەیەکی زۆر نەتەوە، لە تامیلی سریلانکا تا ئەو نەتەوانەی کە ڕێژەیەکی زۆری هاووڵاتییانی لە تاراوگەن، ڕاکێشا کە دەریدەخست «ئینتەرنێت تەنیا لە چەند ساڵدا بووەتە تەکنەلۆجیای سەرەکی بۆ هێشتنەوەی نەتەوان (و کۆمەڵگەی نادیاری دیکە) بە یەکەوە». کانڤەرسی (٢٠١٢) ئەو بەڵگەهێنانەوەی هیندەی دیکە گەشە پێدا و ئاماژەی بە شێوازی فرەلایەنەی کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت کرد، لە پەروەردە کردنی هەرگیز نەدیتراوی ئاستی پەیوەندیگرتوویی جیهانی تا سەپاندنی تەریک خستنەوە، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بەربەستی نوێ لە نێوان کۆمەڵگاکان و بڕەودان بە نەتەوەپەرستیی هێرشبەر و ترس لە بێگانە. بەهەمان شێوە کار لەسەر مێدیا وناسیۆنالیزم تیشکی خستۆتە سەر نەخشەی نەتەوەییی نەگۆڕی دنیای دیجیتاڵ و شێوە فرەلایەنەکانی

کەڵــک وەرگرتن لــە پلاتفۆرمەکانی مێدیا کۆمەڵایەتییەکانــی، لە دۆخــی نموونەییی دنیانیشتمانی، تێکەڵاویی نێوان کولتووران و ژیاندنەوەی زمانی کەمینەکان تا دەستێوەردانە ناسیۆنالیســتییە، تایبەتی، هێرشــبەرانە و ژاراوییەکانــی هێناوەتە بــەر ڕووناکایی (بۆ وێنە، میخایلــی، ٢٠١١، لاپەڕەکانی ٣٨-٣٧، ١٨٤-١٨٣). بەستەری نێوان ناسیۆنالیزم و مێدیای دیجیتاڵ لــەولای خۆرئاوا، بــە تایبەتی لە چین، بە هەمان شێوە ســەرنجی بەرچاوی زۆر پێشــتر لە ســەرهەڵدانی ئەو دواییانەی حەز لە ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و ئێســتا بووەتە هۆی توێژینەوەی گەلێــک بەرچاو (بۆ وێنە، جیانــگ، ٢٠١٢؛ لیو، ٢٠١٩؛ شنایدێر، ٢٠١٨؛ ووو، ٢٠٠٧).

لەگــەڵ ئەوەشــدا بێگومان سروشــتی گفتوگــۆکان گۆڕاوە: لە کاتێکــدا کە بوونی ناســیۆنالیزمی دیجیتاڵ ســەردەمێک تەنیا لەناو ئاڵقەیەکی بچووکی پســپۆڕی مێدیا و ناسیۆنالیزمدا دەهاتە بەر باس، یان بە ئاماژە بە واوەتر لە خۆرئاوا، ئێستا بووەتە دیاردەیەکی گفتوگۆی بەربڵاو، کە مێدیای باو، دانی پێدا دەنێ و زانایانی پەیوەندیگرتن و دەســەڵاتە پەیوەندیدارە مەزنەکانی خۆرئاواش بە هەمان شــێوەن. هۆی ئەو ئاڵوگۆڕە لەناکاوە چییە؟ جوابی دەســتبەجێی ئەو پرسیارە ئاشکرایە. ســەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ لــە هەڵبژاردنی ســەرکۆماریی ولاتــە یەکگرتــووەکان و ســەرکەوتنی لایەنی خوازیاری جیا بوونەوە لە یەکیەتیی ئەورووپا لــە بریتانیا، هەروەها دەسەڵاتی پەرەئەستێن و خۆشەویست بوونی شێوەی ئاخاوتنی ناسیۆنالیستی و پۆپۆلیزمی کۆنەپارێز لە سەرانسەری دنیا، ناسیۆنالیزمی کردووەتــە هێزێکی ئاشــکرا کە چیدیکە لە پەراوێزی شەبەنگی سیاسیدا قەتیس نەماوە، یــان تەنیا شــتێکی تایبەتی گۆشــەیەکی دووری جیهــان نییــە، بەڵکــوو جێگایەکی بەرچــاوی لــە نــاو جەرگەی سیاســەت، کۆمەڵگا و کولتووری ئێمەدا گرتووەتەوە. ئەو دیسان سەرهەڵدانە ئاشکرایەی ناسیۆنالیزم، پێویستی بە شــیکارییە و شێوەیەکی باوی شــیکاریی ئەو دیاردەیە ئەوە بووە کە وەک شــتێکی «نوێ» و تا ڕادەیــەک لە بنەڕەتدا جیاواز لە شێوە پێشــووترەکانی ناسیۆنالیزم باســی لێوە کراوە. بۆ وێنە لەبــەر ئەوە کە پێداگرە لەســەر نیشــانە کولتوورییەکان لە دژی نیشــانە بایۆلۆجیکییەکانــی نەتــەوە بــوون یان بە هۆی جەختــی لە ڕادە بەدەر لەســەر شــێوە ئاخاوتنی دژی کۆچبەر و بە جیهانیبوون (فاچس، ٢٠٢٠؛ گودهارت، ٢٠١٧؛ کاوفمەن، ٢٠١٨). لەگەڵ ئەوەشــدا، هەر وەک ماڵێشــێویچ (٢٠١٩، لاپەڕەکانــی ٩-٦) شــیی دەکاتەوە، ئەو بەڵگــە هێنانەوانەی پێداگرن لەســەر توخمە «نوێ»یەکانی ناســیۆنالیزم، وێدەچــێ کەمایەســیی تێــوەگلان لەگەڵ گەشە کردنە مێژووییەکانی بەرهەمهێنەری ناســیۆنالیزمیان هەبــێ و بەســتراوەتەوە بە ڕوانگەیەکــی هەڵــە لە بارەی ناســیۆنالیزم وەک دیاردەیەکی کاتی کە لە کۆتاییدا لەناو دەچــێ. جێگای ئاماژەیە کــە ئەو ڕوانگەیە لەســەر ناسیۆنالیزم وەک شــتێکی کاتی بە هێچ شــێوەیەک نوێ نییــە. وەک چەنیلۆ (٢٠٠٧) نیشــانی دا، کارل ماکــس بۆخۆی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەوڵەت نەتەوەکان دیاردەیەکــی کاتیــن کــە پەیوەندییان بە کاپیتالیزمــەوە هەیــە. بۆیە مــۆرک لێدانی «نوێ» لە ناسیۆنالیزم «دیاردەیەکی نوێ نییە بەڵام بۆ لێکۆڵەرەوان جێگای سەرسوڕمانە کە ناســیۆنالیزم لەناو نەچووە» (ماڵێشێویچ، ٢٠١٩، لاپــەڕەی ٦). بێگومان، پەرەگرتنی سەرنجدان بە ناســیۆنالیزم لە ناو زانایانی پەیوەندیگرتن و مێدیــا، ســەرچاوەکەی دەگەڕێتــەوە بۆ هەمــان ڕوانگەی هەڵە و سەروســوڕمان لە سەرهەڵدانەوەی لە ناکاوی ناسیۆنالیزم. ئەوە بەو مانایە نییە کە بڵێین هەر هیچ شــتێکی تازە لە ناســیۆنالیزمی «نوێ»دا بەدی ناکرێ

بەڵکوو زۆرتر ئەوەیە کە باس لە سەر ئەوەی کە چ شتێک نوێیە، دەبێ زۆر بە وریاییەوە لە پەنا گەشەکردنەکانی درێژخایەن دابنرێت.

بۆ دوور کەوتنەوە لەو ڕوانگە هەڵەیە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی کاتییە، ئێمە پێویستیمان بە ئاوردانەوە لە شێوەی تێگەیشتنمان لە ناسیۆنالیزمە. لێرە هیچ مەجال و پێویستی بە تێوەگلانی ورد لە مشتومڕە درێژخایەنەکەی پێناسەی ناسیۆنالیزم نییە (بڕوانە بۆ وێنە، هیرن، ٢٠٠٦؛ ئۆزکریملی، ٢٠٠٥؛ بۆ پوختەی ئەو باسە)، بەڵام ئەوە گرینگە کە دان بەوەدا بنێین کە ناسیۆنالیزم دەتوانێ لانیکەم بە دوو شێوەی جیاواز پێناسە بکرێ. یەکەم، تێگەیشتنێکی باوتر (بە تایبەتی لە نێو دیسکۆرسی سیاسیدا باوە) جەخت لەسەر بەڵگەی ئاشکرا دەکاتەوە، کە زۆر جار نیشاندانی ناسیۆنالیزمی توندئاژۆیە، وەک جووڵانەوە جیاییخوازەکان، وەخۆنەگریی بە دامەزراوەیی کراو بە گوێرەی نەتەوە، یان ترس لە بێگانە و کۆنەپارێزە توندئاژۆیەکان. ئەو تێگەیشتنە بە هەمان شێوە لە نێو چەند توێژینەوەی کلاسیک لە بارەی ناسیۆنالیزمیشدا باوە (بۆ وێنە، گەلنەر، ١٩٨٣؛ سمیت، ١٩٩١) و لە لایەن زۆرینەی وێژە لە بارەی ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵەوە تا ئێستا وەک بەڵگە ئاماژەی پێ کراوە (بەڵام دەبێ ئەوە زیاد بکەین، کە لەو کارانەی لەم گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە بەو شێوەیە نەبووە). ڕوانگەی دووهەم لە دەلاقەی ژیانی ڕۆژانە، مێتۆد و گریمانەی ئاساییەوە دەڕوانێتە ناسیۆنالیزم و ئەو وەک ئایدیۆلۆجیایەک یان شێوازێکی تایبەتی بۆ ڕوانین لە جیهان و هەڵسوکەوت لەو دنیایەدا دەبینێ، شێوازێک کە پێی وایە مرۆڤایەتیی بەڵگەنەویست بەسەر نەتەوەکاندا دابەش بووە و دنیا بە شێوەیەکی سروشتی لە نیشتمانی نەتەوەی جیاجیا پێکهاتووە (بیلیگ، ١٩٩٥؛ فاک و میلەر-ئیدریس، ٢٠٠٨؛ مالێشێویچ، ٢٠١٩؛ سکەی و ئانتۆنیچ، ٢٠١٧). ئەو پێناسەیەی ناسیۆنالیزم بە تایبەتی تەنیا لە لایەن کەمینەیەکی بچووکی وێژە لەسەر ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ لەبەر چاو دەگیرێت (بۆ وێنە، سافەر، ٢٠٠٣؛ شول، ٢٠١٥) و لە نزیک بە تەواوی لەو لێکۆڵینەوانەدا کە جەخت لەسەر سەرهەڵدانی ئەو دواییانەی ناسیۆنالیزم لە دنیای سەرهێڵدا دەکەن نادیارە. لە ئاکامدا، گفتوگۆی هەنووکەیی لە مەڕ ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ لە ڕوانگەی چەمکەوە دوو لقە، بە لایەنێک (مەزنتر) لە وێژە کە پێناسەیەکی ناسیۆنالیزم لەبەرچاو دەگرێ و لایەنەکەی دیکە (بچووکتر) کە وەدووی ڕوانگەیەکی دیکە کەوتووە. ئەو دوو لق بوونە ڕێگرە لە تێگەیشتنی ئێمە کە چۆن ئەو دوو شێوازە ناسیۆنالیزمانە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و لەبەر ئەو هۆیە پێش بەوە دەگرێ تا ئێمە بتوانین بە تەواوی لە دەوری مێدیای دیجیتاڵ لە شەپۆلی ئەو دواییانەی ناسیۆنالیزم تێبگەین.

بە مەبەستی ڕوونبێژی، ئەوە بەکەڵکە کە بیر لە جیاوازیی نێوان ئەو دوو تێگەیشتنانە لە ناسیۆنالیزم بکەینەوە کە لە سەرەوە لە پەیوەندی لەگەڵ جیاوازیی نێوان شێواز و ناوەرۆک بە کورتی شی کرانەوە. ناسیۆنالیزم بە شێوەی ساکار و ڕۆژانە شتێکی سەقامگیر و توخمێکی بەئاسایی وەرگیراوی ژیانی کۆمەڵایەتییە؛ ئەو «شێوازی» سەرەتاییی بیرکردنەوە لە دنیای دەوروبەری خۆمان پێشکەش دەکا. بە پێچەوانەوە، ناسیۆنالیزم لە ڕوانگەی یەکەم و باودا لە بارەی خودی «ناوەرۆکی» نەتەوەیە، لە بارەی جیاکردنەوەی خەسڵەتەکان یان شوناسی نەتەوەیەکە، لە بارەی ئەوەی کە کێ لەگەڵە و کێ لەگەڵ نییە، لە بارەی کام شت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیین و تاد و لە بارەی کەڵک وەرگرتن لە «شێوە» و «ناوەرۆکی» نەتەوەیی. ئەو ناسیۆنالیزمە هەمیشە دیار نییە، بەڵکوو، هەڵکشان

وداکشان بە خۆیەوە دەبینێ و تەنیا لە هەلە تایبەتییەکانی جەژنی جەماوەری، ناکۆکی و شەڕ، یان لە کاتی ئاڵوگۆڕی مەزن و لێکهەڵتەکانی وەک کاتی گۆڕانی ڕێژیم، هەڵبژاردن، کارەساتی سروشتی یان دۆخی نزمی بازاڕ، دەردەکەوێ. ئەو کاتە تایبەتییانە بە شێوەی کاتی کۆتایی بە شێوەی ئاسایی لە ژیانی نەتەوەییی ئێمە دێنن و دەبنە هۆی کێشە لەسەر «ناوەرۆک»ی نەتەوە بوونی ئێمە، لەسەر شوناسی نەتەوەییی ئێمە و سنوورەکان و لە سەر ڕابردووی نەتەوە، هەر وەها داهاتوویەکەی. سەرهەڵدانی ئەو ناسیۆنالیزمەی ئێمە هەنووکە ئەزموونی دەکەین، یەکێک لەو کاتە تایبەتییانەیە. ئەگەر دەمانهەوێ لێی تێبگەین کە چۆن ژینگەی دیجیتاڵ لەوانەیە کاریگەریی لەسەر ئەو کاتە تایبەتییە هەبێ، و داڕێژەری شێوەی مشتومڕەکان لەسەر «ناوەرۆک»ی نەتەوە بێ، ئێمە لە پێشدا پێویستیمان بە تێگەیشتن لەوەیە کە ئەو چۆن «شێوەی» نەتەوەی داڕشت کە پشتگیریی لەو مشتومڕانە کرد.

## بەرهەمهێنانەوەی نادیاری ناسیۆنالیزم لەسەرهێڵ: ناوی دۆمێنەکانی ئێنتەرنێت، لاگریی ئەلگۆریتمی و ئێکۆسیستەمە نەتەوەیییەکان

ئێمە بەڵگەمان هەیە کە ئێکۆسیستەمی دیجیتاڵ هەنووکە سێ مێکانیزمی سەرەکی پێشکەش دەکا کە یارمەتی بە مانەوەی «فۆڕمی» نەتەوەیی دەکەن و بەو هۆیەوە هاندەری بەرهەمهێنانەوەی شێوەی ساکار و ڕۆژانەی ناسیۆنالیزمن: شێوازی دروست بوونی سیستەمی نێوی دۆمێنەکانی ئێنتەرنێت، لاگریی ئەلگۆریتمەکانی کەڵک لێ وەرگیراو لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و دروست بوونی ئێکۆسیستەمە دیجیتاڵییە نەتەوەیییەکان. بێگومان، لە ویژەی بەردەستدا ئەوەی یەکەم لە هەمووان زۆرتر دانی پێدا نراوە و لە پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەک نموونە لە سوید و ولاتە یەکگرتووەکان تا قەزاقستان و تورکیە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە (بۆ وێنە، کۆل، ٢٠١٧؛ شکلۆڤسکی و ستراددەرز، ٢٠١٠؛ شول، ٢٠١٥؛ واس، ٢٠٠٣). سوری گەشەی سیستەمی نێوی دۆمێنەکانی ئێنتەرنێت، واتە سیستەمی ئادرەسی ماڵپەڕان، نموونەیەکی بەهێز لە بەردەوامیی ناسیۆنالیزمی ساکار لە بواری دیجیتاڵ و «نەتەوەیی بوونی» وردە وردەی پێکهاتەی دیجیتاڵ پێشکەش دەکا. ئەوەی لێرە بەتایبەتی جێگای سەرنجە، مێژووی پلەی هەرە سەرووی دۆمێنەکانە، کە لە کۆتایی ئادرەسی هەرکام لە ماڵپەڕەکاندا دیارە. لە کاتێکدا کە نێوی دۆمێنەکانی پلەی هەرە سەروو، گشتیان لە ولاتە یەکگرتووەکان گەشەیان کرد، کۆی جیاوازی دۆمێنەکان بە گوێرەی کارکردەکەیان لێک جیا دەکرانەوە (بۆ وێنە، .gov بۆ دۆمێنەکانی دەوڵەت، .com بۆ دۆمێنەکانی بازرگانی و .edu بۆ دۆمێنەکانی تایبەتی فێرکردن و پەروەردە)، وەخۆ گرتنی ئێنتەرنێت لە دنیادا، زوو بووە هۆی دروست بوونی دۆمێنی جیاوازی نەتەوەیی یان «ئاستی ولات» بۆ هەر ولاتێک (بۆ وێنە، .uk بۆ بریتانیا، .cn بۆ چین و .cl بۆ شیلی). بوونی ئەو شێوە دۆمێنە نەتەوەییە پلە سەروویانە تا ڕادەیەکی زۆر وەک شتێکی ئاسایی سەیر دەکرێ و بۆیە نموونەیەکی بێخەوش لە ناسیۆنالیزمی ساکارە، تەنانەت هەڵبژاردنی دۆمێنی پلەی سەروو دەتوانێ ببێتە بابەتێک بۆ مشتومڕ و چەخماخەی کێبڕکێ لە سەر سنوورەکانی نەتەویەک لێدا. نموونەیەکی باش لەو پەیوەندییەدا کێشە سیمبۆلیکەکانی پەیوەندیدار بە نێوی دۆمێنی هەرە سەرووی تورکیەیە .tr، بەتایبەتی ئەوانی کۆمەڵگاکانی LGBT [کورتکراوەی Lesbian= هاوڕەگەزخوازی مێینە، Gay=هاوڕەگەزخوازی نێرینە،

Bysexual=دوو ڕەگەزخواز، واتە ئەو کەسانەی خوزیاری سێکس لەگەڵ نێر و مێن، Trangender=دوو ڕەگەزە واتە ئەو کەسانەی کە هەم نێر و هەم مێن (نێرەمووک) و.] و ماڵپەڕەکانیان. هەر وەک شول (٢٠١٥) لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، هیچکام لە ماڵپەڕەکانی LGBT لە تورکیە کەڵک لە دۆمێنی پلەی هەرە سەرووی نەتەوەیی .tr وەر ناگرن و یادداشتێکی ساڵی ٢٠١١ کە لە لایەن کاربەدەستانی گەیاندنی ڕێگای دوور بڵاو بۆوە، چەند وشەی تورکی و ئینگلیزی تێیدا هاتبوون کە ناکرێ لە نێوی دۆمێن و ماڵپەڕاندا کەڵکیان لێ وەرگیرێت، لە ناویاندا 'gay'، 'lesbian'، 'bisexual'، 'homosexu-al' و 'trasnvestite' (شول، ٢٠١٥، لاپەڕەی ١٥٣٦). ئەو سیاسەتانە بە شێوەیەکی کاریگەر بووە هۆی پاک کردنەوەی ناوەڕۆکی LGBT لە گۆڕەپانی نەتەوەییی سەرهێڵی تورکیەدا، ئەوە نموونەیەکی باش لە لایەنە بە ڕواڵەت کەم بایەخەکانی پێکهاتەی ئینتەرنێتە.

شێوازێکی دیکە کە لەوێدا مێدیای دیجیتاڵ یارمەتی بە بەرهەمهێنانەوەی ڕۆژانەی ناسیۆنالیزم بە هۆی کاریگەریی لاگریی ئەلگۆریتمیی کە لە نێتگەڕەکان [لە ئینتەرنێتدا، وەک گوگل سێرچ. و.] لە ئارادایە و پێشنیاری شێوەی ڕێکخستن کە بە یارمەتیی تێکەڵاوێک لە فاکتەرەکان، لە پێکهاتەی خاوەندارێتی و ئابووریی سیاسیی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەڕێوە دەچێ (بۆ وێنە، ڕادەی بەڕێوەبەریيان بە هۆی گرینگیی بازرگانی یان بەرنامەیەکی تایبەتی سیاسی) تا فاکتەرە کۆمەڵایەتی و تاکییەکان وەک پێشمەرجەکانی گەڕان و خولیاکانی تاک، فاکتەرەکانی دێموگرافی و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان کە ئێمە بەشێک لەوانین. بە کورتی، نێتگەڕەکان گەلێک لە «پەنجەرەی» سروشتی بەرەو دنیا دوورن، کە زۆربەی ئامرازەکانی دیکەش بەو شێوەیەن، ئەوان وەک فیلتەر کار دەکەن کە خۆ لەگەڵ زنجیرەیەک فاکتەری بازرگانی، سیاسی و دێموگرافیی کۆمەڵایەتی دەگونجێنن و لەبەر ئەو هۆیە، ڕوانگەیەکی گوڵبژێرکراو لە جیهان پێشکەش دەکەن (جیلەسپی، ٢٠١٤). ئەو ئەلگۆریتمانەی ڕێنوێنیکەری بەشێک لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانن کە بە شێوەی بەربڵاو کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، سەلمێنراوە کە لاسەنگییە ڕیشەدارەکانی جێندەری، ڕەگەزی و ئەتنیکی بەرهەم دەهێننەوە، بۆ وێنە، لێکۆڵینەوەیەک لە ئاگادارییەکانی سەرهێڵ ئاشکرای کرد کە زۆر دەگمەنە کە ژنان ئاگاداری کاری پڕ داهاتیان پێ نیشان بدرێ (داتتا، شانتز، و داتتا، ٢٠١٥)، لە کاتێکدا کە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە ئاشکرای کرد کە گەڕان بە دوای نێوی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەک ئەفریقایی دەبووە هۆی ڕێژەیەکی زۆرتر ئاگاداری لەبارەی دەسبەسەر کراندا (سوینی، ٢٠١٣).

بەڵگەی لاسەنگیی ناسیۆنالیستی، سنووردارترە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریدەرە. دۆخی چین، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە لایەن شنایدەر (٢٠١٨) لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە نموونەیەکی باشە. بۆ وێنە، گەڕانێکی هاوتەریب بەدوای وشەی چینیی «تیانانمەن» و «دەروازەی ئاشتیی بەهەشتی» ئاکامی جیاوازی لێ کەوتنەوە. ئەگەر مرۆڤ کەڵکی لە بایدو یان گووگڵ وەرگرتبا؛ لە کاتێکدا کە گوگڵ بەستەری زانیاریی گشتی لەبارەی گۆڕەپانەکە و هەروەها زانیاری لەبارەی گۆڕەپانی تیانانمەن لە ١٩٨٩ پێشکەش دەکا، گەڕانێک لە بایدو لە هەمان کاتدا هیچ بەستەرێکی بۆ زانیاری لەسەر ڕووداوەکانی ١٩٨٩ پێشکەش نەکرد (شنایدەر، ٢٠١٨، لاپەڕەکانی ٦٩-٦٨). هەڵبژاردنی زمان، شێوەی نووسین و جوگرافیا لەو گەڕانانەدا جێگای سەرنجە. بەهەمان شێوە، نێتگەڕە چینییەکان هەوڵ

دەدەن ڕێژەیەکـــی زۆر شـــێوە نووســـینی ســـاکاری چینی پێشـــکەش بکـــەن کە لە وڵاتی چین کەڵکی لێ وەردەگیرێت نەوەک شـــێوەی نووســـینی نەریتی کـــە لە هۆنگ کۆنـــگ، تایوان و لە نێو تاراوگەنشـــینانی چینـــی لـــە دەرەوەی وڵات کەڵکـــی لـــێ وەردەگیرێـــت (شـــنایدەر، ٢٠١٨، لاپەڕەی ٧٧). بە کورتـــی، نێتگەڕە جیـــاوازەکان، لاگریی جیاوازیان هەن و لە جیات تێرامانی جیاواز بۆ هەمان نەتـــەوە، دەوری دەروازە دەگێڕن. لە حاڵەتی چینییەکەیدا، لاسەنگیی پەنجەرە دیجیتاڵییەکان کە نێتگەڕەکان پێشکەشـــی دەکەن «بە شێوەیەکی هەست پێ نەکراو و زۆر جار ساکار بەرەو ڕوانگەیەکی دیاریکراو لەبارەی چینی بوون نیشان دەدرێ، بۆ وێنە بە لاســـەنگی بەرەو ســـەرچاوە دیکتاتۆرییە ناوخۆییـــەکان، کـــە بەرهەمهێنـــەرەوەی کەرەســـتەی خەسڵەتی ســـاکار کراون، یان وڵاتی چیـــن لە چوارچێوەی خزمەتگوزاریی نەتەوەیی وەک کەشوهەوا و ئاپەکانی سەفەر بەرجەســـتە دەکاتەوە» (شنایدەر، ٢٠١٨، لاپەڕە ٧٩).

بێگومـــان، شـــێوەی دروســـتبوونی نێـــوی دۆمێنەکانـــی پلـــەی هـــەرە ســـەروو و ناســـیۆنالیزمی ئەلگۆریتمـــی بـــە یەکـــەوە ئافرێنەری ئەو شـــتەن کە بە نێوی ڕایەڵەی ئێکۆسیســـتەمی دیجیتاڵیی نەتەوەیی سەیر دەکرێ. ئـــەو ئێکۆسیســـتەمە دیجیتاڵییە نەتەوەییانە بێگومان بەیەکەوە بەســـتراوەن و زۆر جـــار پشـــت بە هەمان شـــێوازەکانی دیجیتاڵ دەبەســـتن بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەزموونـــی جیـــاواز لـــە دنیای ســـەرهێڵ پێشکەشـــی هاووڵاتیان دەکـــەن. ئەگەرچی کۆمپانیـــا و پلاتفۆرمەکانی وەک گوگڵ یان فەیسبوک لەسەر دەسکەوتە جیهانییەکانیان پێداگـــرن، هـــەم بـــە پێشـــکەش کردنـــی پانتاییەکی دەستڕاگەیشـــتن بە زانیاری لە سەرانســـەری دنیا کـــە لەوانەیە بێ وێنە بێ و وێدەچێ گـــوێ نەدەنێ یان لـــە پێکهاتە نەتەوەییەکان تێپەڕن (ڤـــان دایک، و دە وال، ٢٠١٨)، بە کـــردەوە، ئـــەوان خۆیان لەگەڵ پێکهاتەی نەتەوەیی ئینتەرنێت گونجاندووە و شێوازی تایبەت بە نەتەوە و زۆر جار لەگەڵ یەک ناتەبای بەرهەمەکانیان داهێناوە، وەک گوگڵ و ئامازۆن، کە هەردووکیان بە شێوەی ئۆتووماتێک بەرکارهێنەرانیان ڕاســـپاردەی ئەو لاپەڕانـــە دەکەن کە لە ژێر دۆمێنەکانی پلەســـەرووی وڵات داندراون (بۆ وێنە، .www google.ac.uk بـــۆ بریتانیا یان .www.google com.br بۆ برازیل). ئەو چەشنە نەتەوەییانە بە گوێـــرەی کەڵک وەرگرتن لە پلاتفۆرمی هەر نەتەوەیـــەک لە کاتی گـــەڕان ئاکامی جیاواز پێشکەش دەکەن، بۆیە یارمەتی بە دروست بوونی ئێکوسیســـتەمی دیجیتاڵیی نەتەوەیی دەکـــەن. بێجگە لەوە، بە هـــۆی بازرگانی و/ یان یاسایی، بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمـــی دەنگ و ڕەنگـــی، بەکارهێنەران ناتوانن بە هاســـانی لە شێوازێکەوە بۆ یەکی دیکـــە بیگۆڕن، بۆیە بە شـــێویەکی کاریگەر ســـنووری دیجیتاڵیی نەتەوەیی لە نێوانیاندا دروســـت دەکـــەن (ســـتیوارت، ٢٠١٦). ئـــەو ئێکۆسیســـتەمە بەهەمان شـــێوە، لە لایەن تۆڕی هایپەرلینـــک لە نێـــوان ماڵپەڕەکان پشـــتیوانی دەکرێ؛ هـــەر وەک توێژینەوەی بەردەست نیشانی داوە، زۆرینەی ماڵپەڕەکان بەســـتەر بۆ ماڵپەڕی دیکـــە لە هەمان وڵات دادەنێن یان تەنانەت بەکارهێنەران ئاراستەی ئـــەو ناوەرۆکانە دەکەن کە هەمـــان ماڵپەڕ پێشکەشـــی دەکـــەن یان پێشکەشـــکارانی بەستراوە بەوانەوەن (بهارات، چانگ، هەنزینگەر، و رئل، ٢٠٠١؛ دیمیترۆڤا، جۆنۆلین-ئارێن، ویلیامز، کاید، و ڕەید، ٢٠٠٣؛ هالاڤایس، ٢٠٠٠؛ شنایدەر، ٢٠١٨). تەنانەت لەو شـــوێنانەی هایپەرلینکەکان لە ســـنووری نەتەوەیی تێپەڕ دەبن، کاریگەریی بەســـەرهاتە نەتەوەییـــەکان و پەیوەندییـــە دامـــەزراوە جیۆپۆلیتیکییـــەکان ئاشـــکران،

نموونەیەکی باش هایپەرلینکەکانی برازیلین بۆ پۆرتوگال و پۆرتــوگال بۆ برازیل (بهارات، چانگ، هەنزینگەر، و رول، ٢٠٠١، لاپەڕە ٥).

ئێکۆسیســـتەمی دیجیتاڵیی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تێکەڵاویی لەگەڵ ئێکۆسیســـتەمە نەتەوەییەکانــی دیکــە و ئاســتی پشــت بەســتنیان بــە ژێرخانــی دیجیتاڵیــی ناونەتەوەیی، پێشکەشــکراو لە لایەن «پێنج کۆمپانیای زەبــەلاح»، کە هەر هەموویان لە وڵاتە یەکگرتووەکانن، (واتە، گوگڵ، ئامازۆن، فەیســبوک، ئەپڵ و مایکرۆسۆفت) گەلێک لێک جیــاوازن. نموونەی ئێکۆسیســـتەمی دیجیتاڵیــی نەتەوەیــی ســەربەخۆتر و خۆبەخێوکار دەکرێ لەو وڵاتانە وەبینرێن کە پلاتفۆرمی دیجیتاڵییان بۆ بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی «پێنج زبەلاحەکە» بەرهەم هێناون. سەرکەوتووترین لە نێو ئەو ئێکۆسیستەمانەدا ئەوەی چینە، کە هاوشــانی سەرکەوتووی بۆ ســەرجەم پلاتفۆرمــە ڕۆژئاواییەکان هەیە، لە نێتگــەڕی بایدو و پلاتفۆرمــی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتیی وەیبو، ویچات و تێن ســێنت کیوکیــو ڕا بگرە تا ماڵپەڕەکانــی بازرگانیی ئەلێکترۆنیک وەک عەلیبابا، تائۆبائۆ و جەی دی. زۆر جار هەڵســانگاندنی ناسیۆنالیستی و نیگەرانییەکانی ســەربەخۆیی نەتەوەیی، ڕێنیشــاندەری دامەزراندنی ئەو پلاتفۆرمانە بــوون. وەک پلانتین و دێ ســێتا (٢٠١٩، لاپەڕەی ١) نیشــانی دەدەن، گەشــەکردنی پلاتفۆرمــی ویچــات لــە ژێــر ڕووناکاییی «یاســاکانی گەلێک تەکنۆ-ناسیۆنالیستی و ئاجێندایەکی پەرەئەســتێنی سەربەخۆییی ســایبەری»دا دروســت بــوو. لــە کاتێکدا کــە چین لە ئاســتێکی گەلێــک بەرچاودا ئێکۆسیســـتەمێکی دیجیتاڵیــی نەتەوەییی تــەواو خۆبەڕیوەبەر و ســەرکەوتووی هەیە، جێگای ئاماژەیە کــە وڵاتانی دیکە لانیکەم هەوڵیــان داوە پلاتفۆرمــی دیجیتاڵیــی نەتەوەییــی تایبەتــی خۆیــان گەشــە پێ بــدەن. زۆر لەو پلاتفۆرمانە لــە کۆتاییدا لە ژێر زەختی دژبەرەکانیاندا تێک شــکاون؛ بۆ وێنە، ڕایەڵەی کۆمەڵایەتیی لەهســـتانیی ناژا کلاســا (پۆلی ئێمە)، کە لــە ٢٠٠٨ نیوەی بەکارهێنەرانــی ئینتەرنێــت لە لەهســـتان کەڵکیان لێ وەردەگرت (مالاچۆســکی، ٢٠٠٩)، بــەڵام دوایە فەیســبوک جێــگای گرتەوە. لە دۆخی دیکــەدا، جێگــرەوەی نەتەوەیی ســەرەڕای کێبڕکێ مالاواییــان کردووە؛ لە ڕوســـیە، بۆ وێنــە، ماڵپەڕەکانــی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتیی ئۆدنۆکلاســـنیکی و ڤکۆنتاکتێ هێشــتا لایەنگریان لە فەیســبوک و تویتەر زیاترن.

دوو هۆشــداری گرینگــن. یەکــەم، لە کاتێکدا کە ئاشکرایە دەوری پلاتفۆرمەکانی دیجیتــاڵ لە بەرهەمهێنانــەوەی دنیا وەک دنیــای نەتــەوەکان نابێ زێدەڕۆیــی تێدا بکرێ، هێشتنەوەی پێکهاتە نەتەوەیییەکانی ژینگەی دیجیتاڵ، ئاکامی ئەو ڕاستییەیە کە دەوڵەتــان ئەکتەرانی گرینگ لە دیاریکردنی یاســای نەتەوەیــی و چوارچێــوەی زمانیدا دەمێننــەوە کە لە نێو ئەوانــدا ئەو کۆمپانیا و پلاتفۆرمانــە کاری تێــدا دەکــەن (کۆل و فاکس، ٢٠١٧). دووهــەم، ئەگەرچی مێدیای دیجیتــاڵ بێ ئەملاوئەولا ناســیۆنالیزمی لە شێوەی ســاکار و ڕۆژانە بەرهەم دەهێننەوە، پێویســت ناکا بەو مانایە بێ کە ئەوان شێوە ناســیۆنالیزمێکی تایبەتــی و هێژێمۆنیــک پــەروەردە دەکەن. بە ڕاســتی، لە هێندێک دۆخــدا، مێدیــای دیجیتــاڵ دەتوانــێ بە شێوەیەکی چالاک یارمەتی بە بنکۆڵ کردنی دیسکۆرسە کۆمەڵایەتییە زاڵەکان بکەن یان بڕەو بە شێوازی جێگرەوەی بیری نەتەوەیی بــدەن. وەک لــە بەشــی داهاتوودا باســی دەکەین، یەکێک لە خاڵــە جیاکەرەوەکانی ناســیۆنالیزمی دیجیتاڵ، کە لە شێوازە پێش دیجیتاڵییەکەی جیای دەکاتەوە، دەقاودەق کراوە بوون بە ڕووی فرە دەنگییە و لەبەر ئەو

هۆیە زنجیرەیەکی فرەچەشن لە بیر کردنەوە لە نەتەوە و دەستەبەر کردنیەتی. لە ئاکامدا، ئەوە گرینگە کە ئێمە ڕوانگەی خۆمان بە خۆدەرخستنە هەرە تایبەتی، شەڕانشۆ یان پڕ توندوتیژییەکانەوە سنووردار نەکەین و لە جیاتیان ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە چۆن لەگەڵ شێوازە وەخۆگرترەکان، لە ڕوانگەی سیاسییەوە پێشکەوتوو و لیبراڵ هەڵسوکەوت دەکا.

## میدیای دیجیتاڵ ناسیۆنالیزمی گۆڕیوە؟ فرەچەشنی، جەمسەرگری و بەکەرەستەکردن

بە بیرکردنەوە لەو شێوازانەی کە میدیای دیجیتاڵ یارمەتیدەر و بەرهەمهێنەرەوەی ناسیۆنالیزم بە شێوەی ڕۆژانەن، ئێمە ئەوجار سەرنج دەدەینە هێڵی دووهەمی لیکۆڵینەوەکەمان، واتە سروشتی خودی ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ. میدیای دیجیتاڵ ناسیۆنالیزمی گۆڕیوە؟ ئێمە لێکۆڵینەوە لە سێ تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمی سەردەم دەکەین کە دەتوانن، بە شێوەیەک، بە تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵەکان پەیوەند بدرێنەوە: بەشداری و فرەچەشنی، کەرت کەرت کردن و جەمسەرگری و بەکەرەستەکردن و بازرگانی پێوەکردن.

## بەشداری و فرەچەشنی

ئاڵوگۆڕێکی سەرەکی کە تەکنەلۆجیای دیجیتاڵ لەگەڵ خۆی هێنا، دەکرێ بە بەشداریی زیاتر، فرەچەشنی کردن، یان تەنانەت دێموکراتیزە کردن باسیان بکرێ. هەموو ئەوانەش بە بێ پێویستی دروست کردنی ئالنگاری بۆ شێوە یان چوارچێوەی نەتەوەیی کە پێشدا باسیان کرا. کارە کلاسیکەکان لەسەر میدیا و ناسیۆنالیزم (بۆ وێنە، ئاندێرسۆن، ١٩٩١؛ دۆیچ، ١٩٦٦) زۆر جار جەختیان لەسەر دەوری میدیا وەک هێزی پاڵنەر کە شوێنێک دروست دەکا کە لەوێدا بیرە زاڵەکان، گێڕانەوەکان یان ئەفسانەکان لەمەڕ نەتەوە گەشە دەکەن، دەپارێزرێن، نوێ دەکرێنەوە و دێنە ژێر پرسیار. بەڵام ئەو بەڵگەگەلە بە لێکۆڵینەوە لە میدیای «کۆن» یان «نەریتی» وەک ڕۆژنامە، فیلم، ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن، گەشەیان کردووە کە بواریان بۆ دروستبوونی «ڕووداوی هاوبەش» خۆش کردووە، کە پشتگیری لە خوێندنەوەیەکی تایبەتی لە واتای نەتەوە یان ئەوەی کە دەبێ ببێ دەکەن یان هەوڵ دەدەن بیسەپێنن (دایان و کاتز، ١٩٩٢). ئەگەر چی لەوانەیە جەماوەر ناساندنی ئەوتۆ لە نەتەوە ببینن کە جیاواز و پێچەوانەی یەکتر بن (مادیانو، ٢٠٠٥)، دەرفەتەکانی ئەوان بۆ بەرهەم هێنان و بڵاوکردنەوەی بۆچوون لە مەڕ نەتەوە بە میدیای کۆن یان نەریتیی سنووردار کراون.

لەگەڵ ئەوەشدا، لایەنی بەشداریکارانە، هاسانیی کەڵک لێ وەرگرتن و (بە شێوەی ڕێژەیی) تێچووی کەمی تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵەکان بۆتە هۆی وەرسووڕانێکی گرینگ، بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆرتری بەشداربوو کە یارمەتیدەری پەیوەندیگرتنی جەماوەرین؛ بۆیە ڕوانگەکانیان یان تێگەشتنەکانیان لە بارەی خۆیاندا، لانیکەم ئەگەری دیترانی لە لایەن جەماوەرەوە هەیە. ئەو وەرسووڕانە، بەهەمان شێوە بووەتە هۆی کاڵ بوونەوەی سنووری نێوان بەرهەمهێنەرانی میدیا و بەکارهێنەرانی، کە ئێمەی کردووەتە «بەرهەمهێن بەکارهێنەر» یان «بەرهەمهێنەر» (برونس، ٢٠٠٨؛ ژەنکینز، ٢٠٠٨). ئاکامەکەی بووە هۆی فرەچەشنییەکی بەرچاو لە دەنگی دیار لە ناو ئاپۆڕای جەماوەر و شێوەیەک لە دێموکراتیزە بوونی پەیوەندیگرتن. تەکنەلۆجیا دیجیتاڵییەکان لە ڕاستیدا تەواوکەری بەکارهێنانی میدیای «نەریتین»، وەک کاتێک کە جەماوەر بە شێوەی

زیندوو لە بــارەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا تویت دەکــەن، کارێک کــە یارمەتیدەری بەرهەمهێنانەوەی شێوەی نەتەوەیە (ستیوات، ٢٠١٩). لایەنی بەشداریکەر و بەردەستبوونی بە هەمان شێوە بەو مانایەیە کە ئەو دەنگانەی پێشــتر کپ دەکران یان سانســۆر دەکران، ئێستا زۆر هاسانتر دەتوانن بگەنە بەر چاوی جەماوەر و، مێدیای دیجیتاڵ بکەنە ئامرازی بەرهەڵســتکاریی سیاســی و بەرخۆدان لە ڕێژیمە سەرەڕۆکاندا (کامایرتس، ٢٠١٨).

ئاســەوارێکی بەرچاوی ئەو وەرســووڕانە بــە کــردەوە ئەوەیە کە مێدیــای دیجیتاڵ هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ پاراســتنی شێوازێکی زاڵ لــە شوناســی نەتەوەییــان لاواز کرد. ئــەو زانایانەی بە داوی لێکۆڵینەوە لە ســەر ناســیۆنالیزمی دیجیتاڵن، سەرنجیان داوەتە لایەنــی بەشــداریکارانە و ئاســەوارەکانی دێموکراتیزە کردنی تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵەکان، کە بەشــدارێکی زۆرتر پوتانسیەلی دروست کردن و بڵاو کردنەوەی شێوازە جێگرەوەکانی شوناســی نەتەوەییــان هەیە. لە نووســین لەبارەی دۆخی پاکســتاندا، کەلیم و جانجوا دەڵێن کە «کەسێکی ئاسایی» (سیک) ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەوری لە ناسیۆنالیزمدا هەیــە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاســتییە کە مێدیای دیجیتاڵ، دەرفەتی «دروست کردن و بڵاوکردنــەوەی گفتوگۆیەکی دێموکراتیک لــە خــوارەوە بۆ ســەرەوەی» ڕەخســاندووە (٢٠١٩، لاپــەڕەی ٦٩). بــە هەمان شــێوە بەڵگەی هاوشــێوە لــە لێکۆڵینــەوەکان لە بــارەی ڕووســیە و ناوەندی ئاســیا(گلوخۆف، ٢٠٠٧)، ئێران (یالدین٠سێگال، ٢٠١٧) و برازیل (ئیکین، ٢٠١٧) کەوتوونە دەســت. بە تایبەتی هێندێــک دەوڵــەت بۆخۆیان پێشــوازییان لە سروشــتی زۆرتر بەشــداریکارانەی مێدیا کۆمەڵایەتییــەکان کــردووە و هەوڵیان داوە لــەوان وەک ئامــرازی هاندەر بۆ هەســتی فرەچەشــن لە بارەی گرێدارویی نەتەوەیی کەڵک وەرگرن. دەستپێشــخەرییەک کە بە شێوەی بەرین بڵاوکراوەتەوە تویتەر لە سوید (Twitter @Sweden) بــوو، پرۆژەیەک کە دەوڵەتی سوید پشتیوانیی دارایی لێ دەکرد و لە لایەن دامودەزگا دەوڵەتییەکانەوە وەک «دێموکراتیکتریــن ئەژماری تویتەر» باســی لێوە دەکرا، کە هەر حەوتوویەک کەســێکی ســویدی وەک بەرپرســی ئەژمارەکە دیاری دەکــرا. ئامانجی کەمپەینەکــە ئەوە بوو کە پێشــوازی لە فرەچەشــنیی نەتەوەیی بکا و نیشــان بدا کە «تەنیا یەک سوید پێشکەش نەکــرێ، بەڵکو چەنــد دانە» (کریستێنســێن، ٢٠١٤، لاپەڕە ٣٢).

بــەڵام ئێمە دەبێ وریــا بین و پێمان وا نەبێ کە ڕەخســاندنی هەلی بەشــداربوون لە لایــەن مێدیای دیجیتــاڵ، ئێکۆلۆجیای پەیوەندیگرتنــی نوێ دەکاتــە گۆڕەپانێکی هاوسەنگ بۆ سەرجەم ئەکتەرەکانی بەشدار لەویدا، یان ســەردەمی گێڕانەوە نەتەوەییە ئاســاییەکان تێپەڕ بــووە. یەکــەم، ئێمە دەبێ دان بەوەدا بنێیــن کە هەموو تاکێک بە شێوەی یەکســان توانای سوود وەرگرتن لــە تەکنەلۆجیــا دیجیتاڵییەکانــی نییە تا بەو شــێوەیە یارمەتیدەری دروست کردنی دیــاردەی بیــری نەتەوەیی فرەچەشــنتر و لە خوارەوە بۆ ســەرەوەی ناســیۆنالیزمی دیجیتاڵــی بــێ. هەر وەک وێــژە لە بارەی دابڕانی دیجیتاڵی ئاشکرای کردووە، بەشێک لە هاووڵاتیان، و بەشــێکی دنیــا، وێدەچێ کەمتر بە قازانجیان تەواو بێ نە تەنیا بەهۆی دەســت ڕانەگەیشــتن بەڵکو تەنانەت زۆرتر لەبەر نەبوونی لێهاتوویی و زانیاریی پێویست بۆ کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵەکان (دیماجیــۆ و هارگیتــای، ٢٠٠١). دووهــەم، هەروەک پێشــتر باسمان کردووە، پلاتفۆرمە دیجیتاڵەکان دەلالی بێ لایەن نین، تەنانەت بــە هــۆی خاوەنەکانیانەوە هــەوڵ دەدەن پێداگری لەسەر بێ لایەنیی خۆیان بکەن و

بەو شێوەیە هەوڵ دەدەن خۆ لە یاسابەندیی ڕزگار بکەن (جیلەسپی، ٢٠١٠). لە جیاتان، سەرجەم پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان خەریکی پرۆسەی گۆڕینی ناوەرۆک و گوڵبژێر کردنیانن، کە بڕیار دەدەن ئێمە کام بژاردەی سەرهێڵمان پێشکەش بکرێن. وەک پێشتر دیتوومانە، نێتگەڕەکان بۆخۆیان دیاریی دەکەن کام زانیاریی سەرهێڵمان پێشکەش بکەن و پشتگیری لە شێوەیەکی دیاریکراو لە نەتەوە دەکەن. ئەوە لەبارەی پلاتفۆرمەکانی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتیشەوە ڕاستە کە تاکەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بەسەرهاتی خۆیان و دنیا کەڵکیان لێ وەردەگرن. بڕیارەکانی دیزاینی ڕوخسار و کارکردەکان لە دەرووەی دەسەڵاتی بەکارهێنەران دەدرێن و لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی گەلێک بەرچاویان لەسەر شێوەی پێناسەکان، نواندنەکان و گێڕانەوەکان کە تاکەکان دەتوانن لەسەر هێڵ دروستیان بکەن هەیە. لەجیاتی سەیر کردنی مێدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک شانۆی خۆپێشکەشکاریی داهێنەرانە و داڕێژەری پێناسەی سەرهێڵ، ئەوان زۆرتر وەک «شوێنی خەبات لە نێوان بەکارهێنەران، کارمەندان و خاوەنانی پلاتفۆرمەکان بۆ کۆنترۆڵی شوناسەکانی سەرهێڵن» (ڤان دایک، ٢٠١٣، لاپەڕەی ١٩٩).

ئێمە دەبێ بە هەمان شێوە لە بیرمان بێ کە تواناییی گەیاندنی بۆچوونێکی سەرهێڵ بەو مانایە نییە کە سەرجەم بۆچوونەکانیش گوێیان بۆ ڕادەگیرێت، چ بگا بە هەنگاونان بە گوێرەی ئەوان (کۆلدری، ٢٠٠٩). لە کاتێکدا کە تاکی بەکارهێنەر بە ڕاستی ژمارەیەکی جیاواز لە بیرکردنەوە لە هەمان نەتەوە دروست دەکەن، تواناییی ئەوان بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو گێڕانەوانە بە شێوەیەکی کاریگەر و کردنی ئەوان بە لەنگەری پێناسەی هاوبەش، سنووردارە؛ سەرەڕای دیزاینی بەشداریکارانە، کۆمپانیاکان و دەوڵەتانی دەورگێڕ لە پلاتفۆرمی دیجیتاڵ، دەسەڵاتی گەلێک زیاتریان لە تاکی بەکارهێنەر هەیە و بەو هۆیەوە بۆ برەودان بە گێڕانەوەکانی خۆیان لەمەڕ گرێدراویی نەتەوەیی پۆشتەترن. تویتەکان و پۆستەکانی ئەکتەرە سیاسی و ئابوورییە خاوەن دەسەڵاتەکان، یان ئەوانی کە ئامرازی زۆرتریان بۆ وەبەرهێنان لەسەر ڕێکلامی سەرهێڵ هەیە، لە هاووڵاتیی ئاسایی زۆرتر دەبینرێن و وڵامی پۆست و تویتی زۆرتریان پێ دەگاتەوە. بۆیە هەستی خاوەن دەسەڵاتی جەماوەرە نەتەوەیییەکان بە هۆی مێدیای دیجیتاڵەوە تا ڕادەیەکی زۆر خەیاڵییە. خاوەن دەسەڵاتی بە واتایەکی ساکار دەتوانێ بە مانای تواناییی وەڵامدانەوەی پۆست یان تویتی ڕێبەرێکی سیاسیی ناسیۆنالیست بێ (فاکس و میلەر-ئیدریس، ٢٠١٩). تەنانەت لە دۆخی بەشداریی نەتەوەییی دێموکراتیکدا بە ئاشکرا، وەک ئەژماری تویتەری لە سوید (Sweden@)، بە کردەوە سنووردار بوو. بەڕێوەبەرەکان ڕێنوێنیی دیاریکراویان پێ دەدرا کە چ پۆست بکەن و بەشێک لەو کەسانەی کامێنتیان دادەنا «نوێنەرایەتیکاری»ی توێتەکان لە جیات خەڵکی سویدیان دەهێنایە ژێر پرسیار (کریستێنسێن، ٢٠١٣). لەبەر ئەو هۆیە «دەسەڵاتی» ئاشکرای بەکارهێنەری ئاسایی مێدیای دیجیتاڵ، سنووردارە. لە کاتێکدا کە زۆر بەشدار دەتوانن ناوەرۆک لەسەر هێڵ بڵاو بکەنەوە و بەو شێوەیە بانگەشە بۆ بۆچوونی تایبەتی خۆیان لەمەڕ نەتەوە بکەن، ئەوان دەتوانن ئەوە تەنیا لە نێو پارامێترەکانی ژێرخانێکی دیاریکراوی دیجیتاڵ و ئەو دەستپێڕاگەیشتنەی بۆیان دیاریکراوە بکەن بە گارانتییەکی کەم کە گوێی بۆ ڕا بگیرێت.

## کەرت کەرت کردن و جەمسەر گریی

لە کاتێکدا کە باسی سروشتی بەشداریکارانەی ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ

و پوتانسیەلی دێموکراتیزە کردن زۆر جار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەستی گەشبینی و دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕوانگەیە کە تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵەکان هێزی باشن، لێکۆڵینەوەی نوێ هەوڵ دەدا هەڵوێستێکی چاوکراوانەتر و بێ پەردە نەرێنیی هەبێ. وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێ کرا، بەشی زۆری توێژینەوەی ئەو دوایانە لەمەڕ ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ، جەخت لەسەر دەوری مێدیای دیجیتاڵ وەک ڕەخسێنەری هەل بۆ سەرهەڵدانی حیزبی پۆپۆلیستی کۆنەپارێز و ڕێبەران و ئاسانکاری بۆ شێوازی تایبەتیتر و تەنانەت شەڕانشۆی ناسیۆنالیزم دەکەن (فوچس، ٢٠٢٠؛ لیم، ٢٠١٧؛ پاژنیک و ساور، ٢٠١٨؛ رائۆ، ٢٠١٨؛ وایسبۆرد و ئامادۆ،٢٠١٧). لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێ وریا بین ڕوانگەی ساویلکانە کە پێی وایە مێدیای دیجیتاڵ هێزێکی پێشکەوتنخوازی ڕێخۆشکەر بۆ بە جیهانیبوونە، لەگەڵ بۆچوونێکی بەهەمان شێوە یەک لایەنانەی ڕەشبین کە پێی وایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە سروشتدا ناوچەیین و خوازیاری گەورەکردنەوەی ڕوانگەی تایبەتی لەمەڕ گرێدارویی نەتەوەیین وەگۆڕین. لە جیاتیان، ئێمە پێشنیار دەکەین کە ژێرخانەکانی پەیوەندیگرتنی دیجیتاڵ، لەوانەیە ڕێخۆشکەری کەرت کەرت بوونی پەرەئەستێن و جەمسەرگریی ناسیۆنالیزمی بن، کە لە لایەکەوە دەبنە هۆی لێکدابڕان لە نێوان، شێوازەکانی زۆرتر وەخۆگری گرێدراویی نەتەوەیی، کە بۆ فرەچەشنی و کۆچبەری کراوەیە و لە لایەکی دیکەوە، گرێدراویی نەتەوەیی تایبەتیتر، بە شێوازەکانی هۆگریی ناوچەییەوە کە جەخت لەسەر گرینگیی ڕیشەی ئەتنیکی-نەتەوەیی وەک پێوەری سەرەکیی گرێدراویی نەتەوەیی دەکەنەوە. پاڵنەرێکی گرینگی ئەو جەمسەرگیرییە، بێگومان، تێکەڵاوییەکی قووڵتر و هۆگرانەتر لەگەڵ ناسیۆنالیزمە. لە ژینگەیەکی دیجیتاڵ

دا، تاکەکان و تاقمەکان دەتوانن ڕێژەیەکی گەلێک زۆر ناسیۆنالیزمی «دانسقە» یان «بە بەر دووراو» دروست بکەن کە دەتوانن ببنە هۆی خۆ پێوە خەریک کردنی گەلێک بەهێز (فاک و میلەر-ئیدریس، ٢٠١٩). لە کاتێکدا کە ئەو خۆ پێوە خەریک کردنە بەهێزە ئاسەواری ئەرێنیی هەن، وەک لەوانەیە یارمەتیدەر بن بۆ هاندان و بەردەوامیی بەشداری لە گفتوگۆی جەماوەریدا، ئەگەری ئەوەش هەیە کە ڕێخۆشکەری لێک دابڕان بن.

بەستەری نێوان ژینگەی پەیوەندیگرتنی خەریکی گۆڕان و جەمسەرگریی سیاسی یان ئایدیۆلۆجیکی، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن زانایانی پەیوەندیگرتن و مێدیادا هاتۆتە بەر باس. ئەگەر چی کەوتنە ژێر کاریگەریی بەشێکی هەڵبژێردراو، واتە ویستی جەماوەر بۆ کەوتنە دوای ئەو سەرچاوانەی لەگەڵ ڕوانگەی سیاسیی ئەوان گونجاوە، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە (بۆ وێنە، ستراود، ٢٠١١). ژمارەیەک نووسەر باسیان کردووە کە ئەو دیاردەیە لە ژینگەی سەرهێڵدا تەنگاوتر و بەربڵاوتر بووە، و بۆتە هۆی کەرت کەرت بوونێکی بێ هاوتا لە بواری گشتییدا و بۆتە هۆی سەرهەڵدانی «بڵق فیلتەر» یان «ژووری زایەڵە» کە خەڵک لەناویاندا تەنیا شتی وا دەبینن کە کەیفیان پێ دێن و لەگەڵیان هاوڕان، لە جیاتی کەوتنە ژێر کاریگەریی ڕوانگەی فرەچەشن و جیاواز (پاریسەر، ٢٠١١؛ سانشتاین، ٢٠١٧). ئەو «بڵقانە» یان «ژوورانە» وێدەچی بە بڕیاراتی ئابووری و سیاسی بەهێزتر بکرێن، وەک گۆڕانەکانی ئەو دوایانەی ئەلگۆریتمەکانی فەیسبووک کە جەخت لەسەر پۆستەکانی «هەڤاڵان» دەکەنەوە لە جیات هی وەشانخانەکان و ئاژانسەکانی هەواڵدەری (کۆرنیا، سەل، لێڤی، و نیلسن، ٢٠١٨).

لە لێکدانەوە ڕەشبینانەترەکاندا، ئەوە دەبێتە هۆی بەتاڵکردنی گۆڕەپانی هاوبەشی

گشتی؛ شـــوێنێک کە بۆچوونە جیاوازەکان بەرەورووی یەکتر دەبنەوە و دێنە ژێر پرسیار. هەروەهـــا تەشـــەنە کردنی جەمســـەرگریی گفتوگۆی جەماوەری؛ شوێنێک کە بۆچوونە توندڕەوانەترەکان زیاتر دەبینرێن و پشتیوانی دەکرێن کە دەنا لە مێدیا دەرهێڵەکاندا بڵاو دەبوونەوە. نموونەی تازەتر وەک هەڵبژێرانی خایر بۆلسۆنارۆ لە برازیل وێدەچێ بوچوونەکان لە مەڕ کەرت کەرت کردن و جەمسەرگری پشتڕاســـت بکەنەوە. هەڵمەتـــی هەڵبژاردنی بۆلســـۆنارۆ بە شـــێوەی ســـەرەکی لە مێدیا کۆمەڵایەتییەکانـــدا بەڕێوە چوو و پێکهاتەی ئەوان ڕەخســـێنەری هەل بۆ دروست بوونی تاقمی داخراو بوو کە پشـــتیوانییان لە ناوبراو دەکـــرد. بەکارهێنەران زۆر جـــار لە لایەن خزمەکانیان، هەڤاڵانیان یان ئاشـــنایانیانەوە بانگهێشـــت دەکـــران کە بۆ پشـــتگیری لە بۆلسۆنارۆ، بچنە ناو تاقمی واتسئاپەوە و لەو «ژوور»ە دیجیتاڵییـــە داخراوانەدا، ڕوانگە دژە لیبراڵییەکان لە بارەی برازیل و زانیاریی هەڵە لەبـــارەی بەربژێرەکانی دیکە، بڵاو دەکراوە و ڕوانگەی بەرهەڵســـتکار کـــپ دەکرا (داڤید و شتراوبار، ٢٠٢٠، نیمێر، ٢٠١٨). لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە گرینگە کە ئاماژە بەوە بکەین کە بەڵگە ئەزموونییەکان هێشـــتا متمانە پێکراو نین و هێندێـــک لێکۆڵینەوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە کەڵک وەرگرتن لە مێدیای دیجیتاڵ، لە ڕاستیدا دژی جەمســـەرگرین یان نیشانیان داوە کە کاریگەرییە جەمسەرگرانەکانی کەڵک وەرگرتن لە مێدیای دیجیتاڵ، لەوانەیە تەنیا بەشێکی کەم لە دانیشتووان بگرنەوە (بۆ وێنە، دوبوا و بلانک، ٢٠١٨؛ هەر وەها بڕوانە ڤان ئالەست و ئەوانی دیکە، ٢٠١٧، بۆ کورتەیەک لەو بارەوە).

پەیوەندیـــی وردی نێـــوان کەوتنـــە ژێر کاریگەریـــی بەشـــێک لـــە ڕوانگـــەکان و جەمسەرگری لەسەر ناسیۆنالیزم کەمتریش ڕوونـــە؛ تـــا ڕادەیەکـــی زۆر بـــەو هۆیە کە وەک پێشـــتر ئاماژەی پێ کرا، توێژینەوەی بەردەست بە شـــێوەیەک باسی ناسیۆنالیزم دەکا کە ئەوی تا ئاستی تایبەتیتر و شێوازی پڕنەفرەت دادەبەزێنێ. بـــۆ وێنە، توێژینەوە لەسەر ڕاگەیاندنە پۆپۆلیستییەکان، ڕوانگەی دژە کۆچبەر لە ئایدیۆلۆجیای پۆپولیســـتی و ڕاگەیەنەکانیاندا پشتڕاست دەکاتەوە (بۆ وێنە، دی ڤریس، ئەســـەر، ئالبەری، راینمەن، و شـــتانیەر، ٢٠١٨؛ ئەنگەسەر، ئەرنست، ئەسەر، و بوخل، ٢٠١٧) یـــان لێکۆڵینەوە لەســـەر دەوری گفتوگۆی پۆپولیســـتیی کۆنەپارێز لەسەر هەستە دژە کۆچبەرەکان لە وڵاتانی جیـــاوازدا دەکا (بۆ وێنە، ڤـــان کلینگەرێن، بوومگاردێـــن، فلیگنهارت و ڤرەســـە، ٢٠١٥) بەڵام سەرنجی کەمتر دەداتە ئەوە کـــە چـــۆن ژینگـــەی پەیوەندیگرتن لەوانەیە یارمەتیدەری جەمســـەرگری بێ لە نێوان ئەو کەســـانەدا کـــە خوازیار یان دژی کۆچبەریـــن و بەو شـــێوەیەش لە نێوان ئەو هاووڵاتیانەدا کە پێشوازی لە ڕوانگەی جیاواز لەســـەر گرێدراویی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم دەکـــەن. تەنانەت کاتێک کـــە توێژینەوە بە ئاشـــکرا جەخت لەســـەر پەیوەندیی نێوان جەمســـەرگری و شوناســـی نەتەوەیی دەکا، هەوڵێکـــی کەم بۆ جیـــاوازی دانان لە نێوان شـــێوازە جیاوازەکانی شوناسی نەتەوەیی نادا یـــان دان بەوەدا ناهێنێ کـــە هەمان نەتەوە دەتوانێ کەمتاکورتێک بە شـــێوەی تایبەتی بێنە خەیاڵ. بۆ وێنە، لێکۆڵینەوەیەک کە لە وڵاتە یەکگرتـــووەکان بەڕێوە چووە بۆی دەر کەوتووە کە کەوتنە ژێر کاریگەریی ناوەڕۆکی مێدیایی کە شوناسی نەتەوەییی مرۆڤ کزتر دەکا، وێدەچێ جەمسەرگری لە نێوان ئەوانی لە پێشـــداش دژی کۆچبەری بوون زیاد بکا و ئەوان زۆرتر هـــان دەدا کە تایبەتمەندیی نەرێنییان وەپاڵ دەن یان لـــە بەرانبەریاندا کەم هەستتر بن (ڤۆیچێشاک و گارێت، ٢٠١٨). بـــەڵام ، ئـــەو کاریگەرییە لە نێو کەســـانی لایەنگـــری کۆچبەریدا نەبـــوو، ئاکامێک کە لەوانەیـــە بەو مانایە بێ کـــە ڕوانگەی ئەوان

لەمەڕ نەتەوە بوون بەرەو فرەچەشنی کراوەتەرە. بە ڕاستی، لێکۆڵینەوەیەکی دەگمەن کە بە ئاشکرا جەختی لەسەر پەیوەندیی نێوان جەمسەرگری و شێوازە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزم لە نێو شارۆمەندانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەکردەوە، بە شێوازی جیاوازی ناسیۆنالیزم کە بە شێوەی پەرەئەستێن بە ڕوانگەی حیزبە جیاوازەکانەوە گرێ دەدرا، «بەڵگەی بەهێزی لەبارەی باوەڕە نەتەوەییە حیزبییە نەگۆڕەکانی ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو» ئاشکرا کرد (بۆنیکۆڤسکی، هالیکیۆپولو، کاوفمەن، و ڕۆداون، ٢٠١٩، پالەڕەی ٢). به تایبەتی لە کاتێکدا کە لە ١٩٩٦ ڕوانگەی جیاواز لەمەڕ نەتەوەی ئەمریکا بە گوێرەی لایەنگری لە حیزب لێک جیا بوون، لە ٢٠١٦ بە شێوەیەکی بەرچاو تووشی ئاڵوگۆڕ بووە؛ لایەنگرانی حیزبی کۆماری زۆرتر ئەتنۆ ناسیۆنالیست بوون، لە کاتێکدا کە ئەوانی خۆیان وەک لایەنگری حیزبی دێموکرات پێناسە دەکرد، تا ئاستێکی زۆر پێشوازی لەو شتە دەکەن کە نووسەری لێکۆڵینەوەکە وەک ڕوانگەی «جیاکراوە [لە ئەتنیک]»ی ناسیۆناڵیزم باسی دەکا (بۆنیکۆفسکی، هالیکۆپولو، کاوفمەن، و ڕۆداون، ٢٠١٩، لاپەڕەی ٢). لە کاتێکدا کە ئەو توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر ژینگەی جیاوازی مێدیایی لەو چوارچێوەدا نەکردووە، دەکرێ بگوترێ کە بەستراوەییی پەرەئەستێن بە مێدیای دیجیتاڵ وەک سەرچاوەی زانیاری، لەوانەیە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بەو «شێوازە حیزبییانە»ی ڕوانگەی ناسیۆنالیستی بێ.

## بازرگانی پێوەکردن و بەکەرەستەکردن

وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، ئێمە دەبێ وریا بین و پێمان وا نەبێ کە ڕەخساندنی هەلی بەشداربوون لە لایەن مێدیای دیجیتاڵەوە، ئێکۆلۆجیای پەیوەندیگرتنی نوێ دەکاتە گۆڕەپانێکی هاوسەنگ بۆ سەرجەم ئەکتەرەکانی بەشدار لەویدا، یان سەردەمی گێڕانەوە نەتەوەییە ئاساییەکان تێپەڕ بووە. ئێمە لەپێشدا تیشکمان خستووەتە سەر دۆخە بەردەوامەکەی دەسەڵاتی هیرارشی لە ژینگەی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان و بەڵگەمان هێناوەتەوە کە شێوازە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزم کە لەسەرهێڵ دەبیندرێن، بە پارامێترەکانی ژێرخانی دیجیتاڵ و سوودەکانیانەوە بەستراونەوە. لەو بەشەدا، ئێمە هەنگاوێک واوەتر دەچین و بەڵگە دێنینەوە کە ئەو پارامێترانە بە شێوەیەک لە بیری ناسیۆنالیستیی بەرچاوتەنگەوە پشتگیری دەکرێن کە پێش هەموو شتێک نەتەوە وەک کۆمەڵگایەکی ئەکتەرانی ئابووری دەبینێ کە حەزیان لە فرۆشتن و/یان کڕینی لێهاتوویی و بەرهەمی تایبەتییە، نەوەک کۆمەڵگایەکی شارۆمەندان کە خاوەنی حەز و پێداویستیی کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی جیاوازن.

ئێزن بدەن دەستبەجێ ئەوە زیاد بکەین کە هیچ شتێک لە تەکنەلۆجیاکانی پەیوەندیگرتنی دیجیتاڵدا نییە کە خۆی لە خۆیدا ئەوان بکاتە خوازیاری بازرگانی پێوەکردن و بەکاڵاکردن. لە جیاتیان، ئەو تایبەتمەندییانە ئاکامی سیاسەتی ئابووریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانن و بەتایبەتی ئەو ڕاستییە کە ئەوان وەک یەکەی ئابووری کار دەکەن و بە شێوەیەک دروست کراون تا سوودی بازرگانی وەدەست بێنن. بە گوتەی ڤاندایک، پۆیل، و دێ وال (٢٠١٨)، بەکاڵاکردن مێکانیزمێکی سەرەکیی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی هەنووکەیی وەک گوگڵ، ئامازۆن و فەیسبووکە کە دەخرێتە نێو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە. لە لێکۆڵینەوەکەیاندا، بەکاڵاکردن «بەو شێوەیە کە پلاتفۆرمەکان شت، چالاکی، هەست و بیرۆکە سەرهێڵ و دەرهێڵەکان دەکەنە کاڵای قابیلی ئاڵوویر کردن»، کە ‹لانیکەم بە چوار جۆر دراو دەنرخێندرێن: سەرنجدان، زانیاری،

بەکارهێنەر و پارە». ئەوە سەرنجدانێکی گەلێک گرینگە، نەتەنیا لەبەر ئەوە کە زۆر لەو دامەزراوانە کە لە ژێر کاریگەریی گەلێک بەرچاوی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندان، لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن [وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن] و پەرتووکخانەکان تا دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی، زۆر جار یان بە بودجەی گشتی بەڕێوە دەچن یان بە شێوەیەکن کە لە خزمەت بەرژەوەندیی جەماوەردا بن، وەک لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی بەو شێوەیەن (ڤاندایک، پۆئێل، و دە وال، ٢٠٠٨، لاپەڕەی ٣٠) یان لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت یان ئێلیتی سیاسیی فەرمانڕەوادان، وەک لە چین، ڕوسیە، هانگاریا، و وڵاتانی دیکتاتۆری و شێوە دیکتاتۆری. بۆیە بە گوێرەی چوارچێوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی، وێدەچێ بڵاو بوونەوەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، یارمەتیدەری زیاتر بوونی دەستڕۆیشتوویی ناسیۆنالیزمی ئابووری (بازرگانی و کڕیار) بەسەر شێوازەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمەوە بن. بێ گومان، ئابووریی سیاسیی ئەو پلاتفۆرمە دیجیتاڵییانە کە هاندەری بازرگانیان لە پشتە، تەنیا فاکتەری یارمەتیدەر بەو گۆڕانە نییە، لە جیاتیان، ئەو شانبەشانی ژمارەیەک دیاردەی دیکە، لە ناویاندا دروست کردنی ناوبانگی باش بۆ وڵات، جەختکردن لەسەر ئەتنیکی کڕیاران و بەکاڵاکردنی شوناسە نەتەوەییەکانە، کە هەر دێت و دەورێکی سەرەکیتر لە بەرهەمهێنانەوەی ناسیۆنالیزم لە سەدەی ٢١دا دەگێڕن (ئارۆنچیک، ٢٠١٣؛ کاستێللۆ و میخایلی، ٢٠١٨؛ کامارۆف و کامارۆف، ٢٠١٩؛ وانگ، ٢٠٠٥).

بازرگانی پێوەکردن و بەکاڵاکردنی ناسیۆنالیزم لە ژینگەی سەرهێڵدا بە چەند شێوە دیارە. نموونەیەکی هەرە دیار دەکرێ لە ئاڵوویرە بازرگانییەکانی سەرهێڵدا بێتە بەر چاو. بە هۆی نەناسیاو بوون و دەستڕاگەیشتن بە سەرانسەری جیهان، ئینتەرنێت ژینگەیەکی بێخەوش بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی کۆنەپارێزان پێشکەش دەکا، وەک ئەو کاڵایانە کە لە لایەن تور شتاینەر، وایت تراش ڕیبێل، دیرتی تینز و دۆبەرمەن ئاگرێسیوەوە پێشکەش دەکرێن . هەر وەک لە لایەن سینتیا میلەر-ئیدریس (٢٠١٨) سەرنجی دراوەتێ، ئەو مارکە کۆنەپارێزانە زۆر جار کەڵک لە هێما جیهانییەکان و دروشم بە زمانی ئینگلیزی وەردەگرن کە پڕن لە پەیامی ناسیۆنالیستی و کۆنەپارێزی و شاهیدێکە بۆ دەست وێڕاگەیشتنی ئەوان بە گشت کون و کەلێنی ئەو جیهانە، کە مێدیای دیجیتاڵ هەلی بۆ ڕەخساندوون. ژینگەی دیجیتاڵ بە هەمان شێوە دەوری گرینگی لە ڕێخۆشکەری بۆ بڵاو کردنەوەی ناسیۆنالیزمی کڕیاران لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە هەیە، لە ناویاندا بایکۆت کردنەکانی کڕیاران کە ئاراستەی هێندێک مارک بە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە «دوژمن»ەکان تاوانبار دەکرێن یان خاوەنەکانیان ئاکاری ئەوتۆ نیشان دەدەن کە وەک بێڕێزی بە نەتەوە سەیر دەکرێن. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە کەمپەینی تویتەریی # ئاڵمان بایکۆت بکەین کە لە جوابی سیاسەتی زێدەپاشەکەوتی ئابووری کە لە لایەن یەکیەتی ئەورووپاوە کە لە ژێر کاریگەریی ئاڵماندایە بەسەر یۆناندا سەپا (لەکاکیس، ٢٠١٧) تا ژمارەیەک دژکردەوەی کڕیارانی چینی بەرانبەر بە شێوەی باسکردن لە چین لە لایەن مێدیای ڕۆژئاواوە (بۆ وێنە، جیانگ، ٢٠١٢). هەرچۆنێک بێ، نموونەکانی کڕیاران و ناسیۆنالیزمی بازرگانییانە لە سەرهێڵ تەنیا ئەو شێوە هەرەبەرچاو و توندئاژۆیانەی ناسیۆنالیزم نین. لە کاتێکدا کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە پێش هەموو شتێکدا وەک تاکی کڕیار ئاماژەیان پێ دەکرێ، ئەوان وەک ئەندامانی کۆمەڵگای نەتەوەییی خەیاڵیی کڕیاران

هەڵســوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێ و کۆمپانیا زبەلاحە جیهانییــەکان و هەر وەها کۆمپانیا نەتەوەیییــەکان، بە شــێوەی ڕۆتینی هەوڵ دەدەن حەزە نەتەوەییەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن. بۆ وێنە، نێتفلیکس، زانیاری لە ســەر حەزەکانــی بەکارهێنەران کــۆ دەکاتەوە تا پرۆگرامەکانیان بە گوێرەی جەماوەری نەتەوە جیاوازەکان ئامادە بکەن، لە ناویاندا پێشکەش کردنــی زنجیرەی دراما لەبارەی کریکێت لە هیندووستان یان لە ژاپۆن کارتۆنی تایبەتی ئەو وڵاتە بــڵاو دەکاتەوە (لۆباتــۆ، ٢٠١٩). لە کاتێکدا کە لەوانەیە بەکارهێنەرانی نێتفلیکس بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانیان وەک شــتێکی نەتەوەیی سەیر نەکەن، فیلتەری نەتەوەییی بەرهەمەکانــی نێتفلیکس بــەو مانایەیە کە ئەوان بــێ بیر لێ کردنەوە، پشــتگیری لە چوارچێوەی نەتەوەیــی دەکەن، تەنیا وەک بەشێک لە ئاڵوویێری بازرگانی (بروانە ستیوارت، ٢٠١٦؛ کاســتێللۆ و میخایلــی، ٢٠١٨، لاپەڕەکانی ٥٦٣-٥٦٤).

هــەر وەک ئــەو نموونانــە ئاشــکرای دەکەن، ســوودە بەشداریکارانەکانی ژینگەی دیجیتاڵ دەرفەت بــۆ ئەکتەرە جیاوازەکان، لــە کۆمپانیــا بازرگانییەکانــەوە تا خودی شــارۆمەند-کڕیاران، بۆ بەکاڵاکردنی نەتەوە لە ئینتەرنێتدا دەرەخســێنن. لەکاتێکدا کە ئێمە نابێ لەبارەی دەســەڵاتی شــارۆمەند-کڕیاران زێدەڕۆیی بکەین، لەگەڵ ئەوەشــدا ئەوە گرینگە کە دان بــەوەدا بنێین کە ئەو فرەچەشنییە دەتوانێ کەڵک لە ناسیۆنالیزم بۆ ئامانجە بازرگانی و ڕێکلامییەکانی سەرهێڵ وەرگرێ کە ناکرێ پێشبینی بکرێن. نموونەی لێ فێر بوون لەو جۆرە پێشــبینی نەکراوییە دەکرێ لە دروســت کردنی ناوبانگی باش بۆ وڵات کە لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگیریی لێ دەکرێ و هەوڵە سیاســییە فەرمییەکان کە بە مێدیای دیجیتاڵ لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بریتانیا، ئێســتۆنیا، هیندووســتان و چەند وڵاتی دیکە بڵاو دەکرێنەوە (بیۆلا، کاسیســی، و مانــۆر، ٢٠١٩؛ ئێــدواردز و رامامورتــی، ٢٠١٧؛ تامپــو و ماســۆ، ٢٠١٨). لە کاتێکــدا کە یەکە دەوڵەتییەکان یان ئەکتەرەکانی پشتگیریکراو لــە لایــەن دەوڵەتــەوە، ئــەو هەوڵانەیان دەســت پێ کــردووە، ئــەوان بــە هەمان شێوە بۆ ســەرکەوتنیان پشت بە بەشداریی شارۆمەندان دەبەستن. بۆ وێنە لە کۆلۆمبیا، دامــودەزگا دەوڵەتییــەکان ســەرکەوتووانە کەمپەینــی «# ئەوە-لە-کۆلۆمبیاییەوەبــۆ-کۆلۆمبیاییە»یــان بەڕێوە برد بــۆ هاندانی خەڵکی کۆلۆمبیــا کە هەرکات دیتیان ناوی وڵاتەکەیان لە تویتەردا بە هەڵە نووســراوە، کەڵک لەو هاشــتاگە وەرگــرن (گۆمێز کاریلۆ، ٢٠١٨). لە لایەکی دیکەوە، لە هیندووستان، هاووڵاتیان گاڵتەیان بە هەڵمەتی دروســت کردنی ناوبانگی باش بۆ وڵاتەکەیان کردووە تا ڕەخنە لە هەلومەرجی هەنووکەییی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەیان بگرن، بۆ وێنە بە کاریکاتۆری ســاتیری فەیسبووکی «هیندووستانی بێ کەڵک»، کە ئاماژەیەکە بە کەمپەینی «هیندووســتانی خەیاڵی» (ئودوپا، ٢٠١٩).

نموونەکانی باســکراو تا ئێســتا هەموویان بەتایبەتی لە بارەی چالاکییە ئابوورییەکاندان، وەک کڕیــن و فرۆشــتنی کەلوپــەل یــان کەمپەینەکانی دروست کردنی ناوبانگی باش بۆ وڵات . لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە گرینگە کە ئاماژەی پێ بکرێ کە پرەنســیپەکانی ناســیۆنالیزمی بازرگانی پێ کردن و کڕیاری، گەڵێک ئەولاتری چالاکییە تایبەتییە ئابوورییەکان دەگرنەوە. بە هۆی حەزی دیسکۆرســی ڕێکلامی سەرهێڵ، ڕاســتییەکە کــە گشــتمان، وەک تاک، هان دەدرێین کە مۆرکی تایبەتی خۆمان لە ژینگەی مێدیا کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێ، ئەو پرەنسیپانە بێ ڕێزپەڕ لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی، لە کولتــوور و پەروەردە و فێرکردن ڕا بگرە تا سیاسەت و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە لە سەر مێدیا

کۆمەڵایەتییەکان دەگرنەوە. پلاتفۆرمی وەک فەیسبووک لە سەرەتادا وەک ئامرازی بیرورا دەربڕین بوون بەڵام بوونە ئامرازی ڕێکلام بۆ خۆت (ڤان دایک، ٢٠١٣). سەرهەڵدانی وردیلە-بەناوبانگ [مایکرۆ-سێلێبریتی] و کەسانی کە لە ڕێگای مێدیاوە کاریگەرییان لەسەر خەڵک هەیە (خامیس، ئانگ، ووێلینگ، ٢٠١٧) و هەروەها تەشەنە کردنی «دیپلۆماسیی سێلفی» کە ڕێبەران کەڵک لە ئامرازەکانی ڕێکلام بۆ خۆ کردن لە مێدیا کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ دروست کردنی پەیوەندیی سیاسی و یارمەتی بە دروست کردنی ناوبانگی باش بۆ وڵاتەکەیان وەردەگرن(مانۆر، ٢٠١٩) نموونەی دیکە لە بارەی ئەوە کە چۆن لۆژیکی ڕێکلام بۆ خۆکردن و لۆژیکە بازرگانییە ژێربەژێرەکەی دزەی کردووەتە ناو لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بیری نەتەوەییی سەرهێڵ، کە لە کولتووری جەماوەری تا سیاسەت دەگرێتەوە.

## ئاکامگیرییەکان

بەڵگە هێنانەوەکانی ئێمە لەمەڕ ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ چ مانایەکی بۆ توێژینەوەی داهاتوو هەیە؟ لانیکەم چوار پرەنسیپی بەرین دەکرێ لەو گفتوگۆیە پێشکەش بکرێن. یەکەم، توێژینەوەی داهاتوو دەبێ خۆی لە بەرانبەر وەسوەسەی بەستنەوەی ناسیۆنالیزم بە شێوازە هەرە تایبەتی و شەڕانشۆیەکانەوە ببوێرێ و لە جیاتی ئەم، لەوە بکۆڵێتەوە کە چۆن مێدیای دیجیتاڵ یارمەتیدەری بەرهەمهێنانەوە و بڵاو کردنەوەی شێوازی جیاوازی ناسیۆنالیزمن، لە ناویاندا ئەوانی کە بەرانبەر بە فرەچەشنی کراوەترن و لەگەڵ بایەخە لیبراڵ دێموکراتیکەکان گونجاوترن. دووهەم، توێژینەوە لەمەڕ ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ دەبێ بە شێوەیەکی ئایدیال هەوڵ بدا لێکۆڵینەوە لە بەرهەمهێنانەوەی ڕۆژانەی ناسیۆنالیزم و هەروەها هێزی جووڵێنەری دەربڕینە ئاشکراترەکانی ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ، لە بایکۆتی ناسیۆنالیستیی کڕیارانڕا بگرە تا دەربڕینە ناتەبایەکانی گرێدراویی نەتەوەیی لە کاتی ڕووداوە مەزنە سیاسییەکاندا. سێیهەم، توێژینەوە لەو بوارانەدا دەتوانێ بەرهەمدارانە لێکۆڵینەوە دامەزراوەیی و ژێرخانییەکان لەگەڵ هەڵوێستە ئەتنۆگرافییەکان تێکەڵ بکا و لێی بکۆڵێتەوە کە چۆن مێدیای دیجیتاڵ، ڕایەڵەی نەتەوەیی کە ژینگەی پەیوەندیگرتنی ئێمەیە بەکار دێنێ، دەیگونجێنێ و تەنانەت لەوانەیە بەلاڕێیدا ببا. بە هێندێک ڕیزپەڕەوە (ڕیزپەڕ=استثنا)، توێژینەوەی بەردەست لە بارەی ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ زۆر جار پێشترییەتی بە لێکۆڵینەوە دامەزراوەیی و ژێرخانییەکان لە جیات لێکۆڵینەوە لە هەڵسوکەوتی جەماوەر دەدا و بە ڕاستی باسی خودی ئێمە لەو وتارەدا ئەو لاسەنگییەی پێوە دیارە و بێگومان مەودای بەرچاو لەبارەی لایەنی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، ئەتنۆگرافی و توێژینەوەی چۆنایەتیانە لەو بوارەدا هەیە. چوارەم، ئەو بوارە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سوود لەو توێژینەوە مێژووییانە دەبینێ کە بە دوای لێکۆڵینەوە لە ئاڵوگۆڕ لە هەڵسوکەوتی نێوان مێدیا و ناسیۆنالیزم پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەکی زۆر دێنە ئاراوە. بە تایبەتی ئەو بەڵگانەی ئێمە لە بەشی پێشوودا باسمان کردن، لەو شوێنە کە ئێمە هەوڵ دەدەین تایبەتمەندییە سەرەکییەکان کە ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ لە هی «ئانالۆگ»ی پێشووتر جیا دەکەنەوە، هەموو ئەوە دەگەیەنن کە ئاڵوگۆڕ بە گوێرەی تێپەڕینی کات تا ڕادەیەکی زۆر بە گوێرەی بەڵگەکانی وەدەستهاتوو لە تاکە ساتیکی مێژوودان. لەبەرچاو گرتنی شێوەی درێژ خایەن دەتوانێ یارمەتی بە ئێمە بدا بەڵگەی پتەوتر کۆ بکەینەوە و تێگەیشتنێکی ڕوونترمان لە یارمەتیی ڕێژەییی تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵەکان، لە بەرانبەر فاکتەرەکانی دیکەدا، لەو ئاڵوگۆڕانەدا

هەبــن کە ئێمە پێشکەشــمان کردن. جگە لەوە، شێوەی درێژخایەن دەتوانێ یارمەتیدەر بێ  بۆ تێگەیشتن لەوە کە چۆن و لەبەر چی نەریتە ساکار و ناگرینگەکان کە ناسیۆنالیزم بە شــێوەی ڕۆژانە بەرهــەم دێننەوە، دەبنە پردەباز بۆ ورووژاندنی شێوەکانی ئاشکراتر و ژاراویتری ناسیۆنالیزم، وەک ئەوەی ئێستا لە سیاسەتی جیهانیدا بەرچاوە.

ئاماژەیەکــی گشــتیتر: باســی ئێمە بە هەمان شێوە تیشک دەخاتە سەر پێویستیی گفتوگۆیەکــی بەردەوامتر لــە نێوان زانایانی ناسیۆنالیزم و زانایانی مێدیا و پەیوەندیگرتن، بە تایبەتی بــە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی ئەو دوایانە. زۆر جار، باس لەسەر ناسیۆنالیزم، کەمایەسیی تێگەیشــتن و نرخاندنی دەوری تەکنەلۆجیاکانی مێدیــا و پەیوەندیگرتن لە دارشــتنی شــێوازە مێژووییەکە و هەروەها شێوازە هەنووکەییەکەی ناسیۆنالیزمدا هەیە. بەشــێکی بەرچاو باس لەبــارەی کاریگەریی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵ لە سەر ناسیۆنالیزم، لە ناویاندا چەند لێکۆڵینەوەی کە لێرە باسیان دەکرێ، ئاماژە بە بەشێکی کەم لە توێژینەوەی بەردەســت لــە لایــەن زانایانــی مێدیای دیجیتاڵەوە دەکەن. بە پێچەوانەوە، باسەکانی وێــژەی مێدیــا و پەیوەندیگرتــن، زۆر جار زانیارییەکی کەمیان لە بارەی پێشکەوتنەکانی ئەو دوایانەی بواری توێژینەوەی ناســیۆنالیزم هەیە و لــە ئاکامدا حەز دەکەن ڕوانگەیەکی بەرتەسک لە بارەی ناسیۆنالیزم هەڵبژێرن کە زۆر جار ئەوی وەک ئایدیۆلۆجیایەکی لاوەکی یان نەخۆشــییەکی کۆمەڵایەتــی دێننە بەر باس کە دەبێ لەناو بچــێ. وەک بەڵگەکانی ئێرە دەریان خســت، تێگەیشتنی هاوبەشی ئێمە لە سەر ناسیۆنالیزم لە دنیای دیجیتاڵدا، ناتوانێ بە بێ تێکەڵاویی نێوان ئەو دوو بوارە ئاکادێمیاییە بەرەوپێش بچێ.

*. https://onli nelibrary. wiley. com/doi/full/10.1111/nana.12685

# REFERENCES


Alvares, C., & Dahlgren, P. (2016). Populism, extremism and media: Mapping an uncertain terrain. European Journal of Communication,

31(1), 46–57. https://doi.org/10.1177/0267323115614485

Anderson, B. (1991). Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism. London: Verso.

Aronczyk, M. (2013). Branding the nation: The global business of national identity. Oxford: Oxford University Press.

Bennett, L., & Pfetsch, B. (2018). Rethinking political communication in a time of disrupted public spheres. Journal of

Communication, 68(2), 243–253. https://doi.org/10.1093/joc/jqx017

Bharat, K., Chang, B. W., Henzinger, M., & Ruhl, M. (2001). 'Who links to whom: Mining linkage between web sites', Proceedings—

IEEE International Conference on Data Mining, ICDM, pp. 51–58. Available at: http://people.csail.mit.edu/ruhl/

papers/2001-icdm.pdf

Billig, M. (1995). Banal nationalism. London: Sage.

Bjola, C., Cassidy, J., & Manor, I. (2019). Public diplomacy in the digital age. The Hague Journal of Diplomacy, 14(1–2),

83–101. https://doi.org/10.1163/1871191X-14011032

Bonikowski, B., Halikiopoulou, D., Kaufmann, E., & Rooduijn, M. (2019). Populism and nationalism in a comparative perspective:

A scholarly exchange. Nations and Nationalism, 25(1), 58–81. https://doi.org/10.1111/nana.12480

Bruns, A. (2008). Blogs, Wikipedia, second life, and beyond: From production to produsage. New York: Peter Lang.

Cammaerts, B. (2018). The circulation of anti-austerity protest. Basingstoke: Palgrave Macmillan.

Cardenal, A. S., Aguilar-Paredes, C., Galais, C., & Pérez-Montoro, M. (2019). Digital technolo-

Antipetismo: Media activism and the rise of the radical, nationalist right in contemporary

Brazil. International Communication Gazette, 82(1), 82–100. https://doi.org/10.1177/1748048519880731

Dayan, D., & Katz, E. (1992). Media events: The live broadcasting of history. Cambridge, Massachusetts: Harvard University

Press.

de Vreese, C. H., Esser, F., Aalberg, T., Reinemann, C., & Stanyer, J. (2018). Populism as an expression of political communication

content and style: A new perspective. International Journal of Press/Politics, 23(4), 423–438. https://doi.org/10.

1177/1940161218790035

Deutsch, K. W. (1966). Nationalism and social communication: An inquiry into the foundation of nationality (2nd ed.).

Cambridge, Massachusetts: M.I.T. Press.

DiMaggio, P., & Hargittai, E. (2001). 'From the "digital divide" to "digital inequality": Studying Internet use as penetration

increases', Princeton Center for Arts and Cultural Policy Studies, Working Paper, 15. Available at: http://webuse.umd.edu/

webshop/resources/Dimaggio_Digital_Divide.pdf%5Cnhttp://www.maximise-ict.co.uk/WP15_DiMaggioHargittai.pdf

Dimitrova, D. V., Connolly-Ahern, C., Williams, A. P., Kaid, L. L., & Reid, A. (2003). Hyperlinking as gatekeeping: Online newspaper

coverage of the execution of an American terrorist. Journalism Studies, 4(3), 401–414. https://doi.org/10.1080/

14616700306488

Dubois, E., & Blank, G. (2018). The echo chamber is overstated: The moderating effect of political interest and diverse

media. Information, Communication and Society. Taylor & Francis, 21(5), 729–745. https://doi.org/10.1080/1369118X.

2018.1428656

Dutton, W. H., Reisdorf, B. C., Dubois,

gies and selective exposure:

How choice and filter bubbles shape news media exposure. The International Journal of Press/Politics, 24, 465–486.

https://doi.org/10.1177/1940161219862988

Castelló, E., & Mihelj, S. (2018). Selling and consuming the nation: Understanding consumer nationalism. Journal of Consumer

Culture, 18(4), 558–576. https://doi.org/10.1177/1469540517690570

Chernilo, D. (2007). A social theory of the nation-state: The political forms of modernity beyond methodological nationalism.

London and New York: Routledge. https://doi.org/10.4324/9780203932650

Christensen, C. (2013). @Sweden: Curating a nation on Twitter. Popular Communication, 11(1), 30–46. https://doi.org/10.

1080/15405702.2013.751855

Comaroff, J., & Comaroff, J. (2019). Ethnicity, Inc Chicago: The University of Chicago Press.

Conversi, D. (2012). Irresponsible radicalisation: Diasporas, globalisation and long-distance nationalism in the digital age.

Journal of Ethnic and Migration Studies, 38(9), 1357–1379. https://doi.org/10.1080/1369183X.2012.698204

Cornia, A., Sehl, A., Levy, D. A., & Nielsen, R. K. (2018). Private sector news, social media distribution, and algorithm change.

Oxford, UK: Reuters Institute for the Study of Journalism. Available at: https://agency.reuters.com/en/insights/

industryreports/private-sector-news.html

MIHELJ AND JIMÉNEZ-MARTÍNEZ 13

Couldry, N. (2009). Rethinking the politics of voice. Continuum, 23, 579–582. https://doi.org/10.1080/

10304310903026594

Datta, A., Tschantz, M. C., & Datta, A. (2015). Automated experiments on ad privacy settings. Proceedings on Privacy

Enhancing Technologies, 2015(1), 92–112. https://doi.org/10.1515/popets-2015-0007

Davis, S., & Straubhaar, J. (2020). Producing

# ئا.د. ژابا و کوردناسی

ژ.س. مووسائیلییان

و: مەنسور سدقی

## تێبینیی وەرگێڕ

«ژاکلینا سوورێنڤنا مووسائیلییان»، «بەربژێری دوکتۆرای زانستە زمانەوانییەکان»، کارمەندی ئەنیستیتووتی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا، لقی سان پیتەربوورگ، گەلێک لێکۆڵینەوەی لەسەر بنەمای دەستنووسە کۆنەکان، بۆ مێژوو، بیبلیۆگرافی و ڕەوتە ئێتنۆگرافییەکانی کورد ئەنجام داوە؛ تێزی زانستییەکەی بەناوی «هۆنراوەی زەنبیلفرۆش و لایەنە فۆلکلۆرییەکانی»، لەژێر سەرپەرەشتیی زمانناس، ڕۆژهەڵاتناس و پسپۆڕی زمان و کولتوور و مێژووی کورد، «م.ب. ڕودێنکۆ» نووسیوە و بڵاوی کردووەتە؛ ٧ کتێبی مێژوویی و ٤١ وتاری زانستیی هەیە. دەگەڵ کوردناس و لێکۆڵەری بەناوبانگی مێژووی کورد، پرۆفیسۆر «ی.ئی. ڤاسیلیێیەڤا» بەرهەمێکی هاوبەشیان بەناوی «هۆزەکانی کورد- فەرهەنگی زانیاری» تەواو کردووە کە بەداخەوە هێشتا چاپ و بڵاو نەبووەتەوە. ئێستا خانەنشینە.

«ژ.س. موسایلییان» وتاری «ئا.د. ژابا و کوردناسی»ی لە بەشی سێیەمی ٢٤مین کۆبوونەوەی زانستی لقی لێنینگرادی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩، پێشکەش کردووە و لە ساڵی ١٩٩١، لە گۆڤاری «یادگارییە نووسراوەکان و پرسەکانی مێژووی کولتووریی گەلانی ڕۆژهەڵات» چاپ و بڵاو بووەتەوە.

دەقی پی.دی.ئێفی ئەو وتارە لە لاپەڕەی تایبەتی نووسەر، لە ماڵپەڕی «ئەنیستیتووتی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیا، لقی سان پیتەربوورگ» وەرگیراوە.

ژێدەرەکانی وەرگێر بە (- وەرگێڕ) لە ژێدەرەکانی نووسەر جیا کراوەتەوە و تێبینییەکانی وەرگێڕ لە نێو بابەتەکە و لە ژێرنووسەکاندا، لەنێو دوو کەوانی ڕاستدا [...] ئاماژەیان پێ کراوە. سەرچاوەی زۆربەی ژێدەرەکانی وەرگێڕ، ماڵپەڕی ویکیپێدیای ڕۆسییە و بۆ کەمکردنەوەی دردۆنگی لە ڕاست بوونیان، دەگەڵ زمانەکانی ئینگلیسی، ئاڵمانی و تا ڕادەیەکیش، فارسی، عەرەبی و تورکیی هەمان ماڵپەڕ، بەراورد کراوە.

## ئا.د. ژابا و کوردناسی

لە ڕیزی کوردناسانی ڕووسیا لە سەدەی ١٩دا، «ئاڤگوست دیمێنتێڤیچ ژابا»[١] وەک ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگ جێگەیەکی فرە بەرزی بۆ خۆی تەرخان کردووە و شایانێتی بە یەکێک لە درەوشاوەترین کوردناسانی نیشتمانیی [ڕووسیا] هەڵی سەنگێنین. مخابن تاکوو ئێستا چالاکییەکانی لە بەرهەمە زانستییەکاندا ڕەنگدانەوەی ئەوتۆی نەبووە[٢]. لە کاتێکدا پاژی «ئا.د. ژابا» لە کوردناسیدا گەلێک زۆرترە. دیپلۆماتکارێکی لێهاتوو، زانایەکی پایەبەرز و دەگمەن، کۆکەرەوەی ماندوویی نەناسی دەستنووسە کوردییەکان و پێکهێنەری یەکەم فەرهەنگی کوردی لە ڕووسیا؛ ئەوانەن سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی ئەو مرۆڤە سەرسووڕهێنەرە.

«ئا.د. ژابا» لە ١٥ ئووتی ساڵی ١٨٠١ لە شاری «ڤیلنۆ» (ڤیلنۆس)[٣] لە بنەماڵەی شازادەی پۆلۆنی لەدایک بووە[٤]. لە مانگی مای ساڵی ١٨٢٤دا، پاش تەواوکردنی سەرکەوتووانەی خوێندن لە زانکۆ، لە بەشی ڕێگەوبانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە شاری «پیترۆگراد» وەک یاریدەدەری وەرگێڕ، دادەمەزرێ. بەڵام ئەو ئەرکە دەگەڵ هێز و توانای لێنەهاتووی «ئا.د. ژابا»دا یەک ناگرێتەوە، بۆیە لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٨٢٥دا، داوای دەست لە کار کێشانەوە دەکات. لە پەڕاوی کەسایەتییەکەیدا هاتووە: «لە ماوەی خزمەتکردنیدا گەلێک بە ڕێکوپێکی کارەکانی ڕاپەڕاندووە و

ئەرکەکانــی بەوپــەڕی ســەرکەوتووییەوە ئەنجام داوە»[۵]. بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتیی باڵای فەرمانگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، «ئــا.د. ژابا» لــە ڕیزی شــەش خوێندکاردا دەستنیشــان دەکرێ بۆ خوێندن لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی خوێندنگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە کە ماوەیەک پێشــتر و لە ساڵی ۱۸۲۳دا، بۆ پەروەردەکردنی کادیرانی دیپلۆماتــکاری پێویســت بــۆ خزمەتکردن لــە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیــدا، دامەزرابوو. لێرەدا بەهرە و لێهاتوویی «ئا.د. ژابا» دەپشــکوێ و بە خێراییەکی سەرســوڕهێنەر فیری زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبــێ و لە مانگی ئاوریلی ســاڵی ۱۸۲۸دا، دەبێتە ئەندامی دەســتەی وەرگێرانــی دەوڵەتیی وەزارەتــی کاروباری دەرەوە. لە مانگی جەنیوەری ساڵی ۱۸۳۰دا، وەک وەرگێــڕی[۶] جێگــری کۆنســوول لە حەیفا دەستبەکار دەبێ. پاش ۲ ساڵ دەبێتە وەرگێڕی کۆنسوولخانە لە «تێسالۆنیکی». لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۸۳۵دا، «ئا.د. ژابا» ڕەوانەی کۆنســوولخانەی گشــتی لە شاری «ســمیرنا»[۷] دەکرێ. پاش ۳ ســاڵ، پلەی وەرگێڕی یەکەم (دێرین) وەردەگرێ.

دەوڵەتــی ڕووســیا لەبــەر هەلومەرجی پێکهاتــوو لــە ناوچــە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، بە پێویســتی دەزانێ کەسێکی لێهاتوو ڕەوانەی شاری ئەرزەڕۆم بکات. دیارە سەرکەوتنەکانی «ئا.د. ژابــا» لە کاروبارەکانیــدا دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی لە مانگی مایسی ۱۸۴۸دا، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی دژوار و پڕبەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنــی کۆنســوولخانەی ڕووســیا لە ئــەرزەڕۆم، هاوکاتیــش دەبێتــە ئەندامــی ڕاوێژکارانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە. «ئا.د. ژابا» لە ڕیزی ســپای ڕووسیاشــدا چالاکانە لــە شــەڕەکانی ســاڵانی ۱۸۵۳-۱۸۵۶ی کریمەدا بەشــداریی کــردووە و بە فەرمانی وەزارەتــی کاروبــاری دەرەوەی ڕووســیا، بووەتە خزمەتکاری شــازادەی سەرلەشــکر، بێبووتۆڤ[۸]. «ئا.د. ژابا» لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ۱۸۵۳دا، دەبێتە فەرماندەی یەکەکانی ســپا کە لە ســەر ســنوورەکانی کافکاز - تورکیــا[۹] جێگیر کرابوون؛ لە مانگی جوونی ۱۸۵۴دا، کاتێک هێرش دەســت پێ دەکات و ســپای ڕووس بــەرەو گوندی «میشــکۆ» وەڕێ دەکــەوێ، «ئا.د. ژابا» لە ڕیزی یەکەی «ئەلێکساندرەپۆل»ی سپادا خزمەتی کردووە؛ هەروەها لە هێرشــی ســپا بۆ گوندی «قزل چاخچووک»یشــدا بەشــدار بووە و لە کاتی پەڕینەوەی ســپا لــە ڕووبــاری «قەرەخان چــای»دا، دەگــەڵ دەســتەی هەواڵگری و پشــکنینی سپا لە گوندی «جامووشلی» و لە پێکدادان دەگەڵ سوارەکانی تورکدا، بەشدار بووە.

«ئــا.د. ژابــا» لــە هێــرش بــۆ «قــزل چاخچووک»دا (لەژێر فەرماندەیی شــازادەی سەرلەشــکر، ئا.ئی. باریاتینســکی) دەگەڵ ئەو یەکانی ســپا بووە کە ســەرەڕای ئاگری بەهێزی ســپای تورک لە ڕووباری «قارس» پەڕیوەنەوە و لە پێکدادان دەگەڵ سوارەکانی تورکــدا، بەشــدار بووە؛ ئەندامی دەســتەی هەواڵگــری و پشــکنین بــووە لــە گوندی «حاجی وەلی» و لە شــەڕی گوندی «قوروق دەرە»دا، شازادە «دەندووکۆڤ- کۆرساکۆڤ»ی لە کوشــتن ڕزگار کــردووە. «ئــا.د. ژابا» بە درێژاییی مانگی مای ســاڵی ۱۸۵۵ لەڕیزی یەکە ســەربازییەکانی سەرلەشــکر «ن.ن. مۆراڤیــۆڤ»، حاکمی ســەربازیی کافکاز، لە ئۆردووگای «وڵادی قارس» خزمەتی کردووە. «ئــا.د. ژابا» لەژێــر فەرماندەییی شــازادەی ســەرهەنگ، « دەندووکــۆڤ- کۆرســاکڤ» لەشــەڕی ســەر ڕووباری «ئاراس»، گرتنی شــاری «حەســەن قەڵا» و هێرش بۆ ســەر شاری «قارس»دا، بەشدار بووە.

لــە مانگی مای ســاڵی ۱۸۵۶دا و پاش ڕێککەوتنی ئاشــتی، «ئا.د. ژابا» دووبارە وەک کۆنســوول لە ئەرزەڕۆم دەستنیشان دەکرێ

و له ڕیزی ڕاوێژکارانی دەوڵەتیی ڕووسیادا، جێگیر دەبێ. لە هەمان ساڵدا، میداڵیای برۆنز لەسەر ئالآی «سانکت گیۆرگ» وەردەگرێ کە بە بۆنەی شەڕی کریمە دەرکەوتبوو.

هەر لە ساڵی ١٨٥٦دا، ئادێمیک «ب. دۆرن»[١٠]، «ئـا.د. ژابا» ڕادەسپێرێ کەڵک لە مانەوەی لەو ناوچەیە وەربگرێ و خۆی خەریکی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەو بابەتانە بکات کە سەبارەت بە زاری کرمانجی هەن. ئەوکاتی، کوردناسیی ڕووسیا، تازە لەدایک دەبوو و ئەو بوارە، لە کەنار هێندێک نووسراوەی زارەکی و گێڕانەوە، تەنیا بە شێوەی زارەکی و گێڕانەوە ناسرا بوو. هەڵبەت زانیاری سەبارەت کورد و هەوڵێکی زانستیانەش بۆ ڕوونکردنەوەی گەلێک پرسی جیاواز سەبارەت بە زمان، وێژە و مێژووی کوردی لە ئارادا بوو. دەرکەوتنی ئەو کارانە لەسەرەتادا، گەلێک پەرشوبڵاو بوون، بەڵام وردە وردە ژمارەیان زیاتر دەبوون و لێکۆڵینەوەی بابەتیانە پەرەی دەستاند (کارەکانی «پ.ئی. لێرخ»[١١] و «ب. دۆرن» سەریان هەڵدا).

«ئا.د. ژابا» سوودی لە ماوەی مانەوەی لە کوردستان وەرگرت و بە شێوەیەکی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەی لە زمان و دابونەریتی کوردەکان ئەنجام دا و بۆ دۆزینەوە و توێژینەوەی بابەت سەبارەت بە زمان، وێژە و مێژووی گەلی کورد تەواوی هەوڵی خۆی وەگەڕ خست و تا کۆتاییی ژیانی وازی لەو ئەرکەی نەهێنا.

«ئـا.د. ژابا» لە ماوەی ژیانی لە ئەرزەڕۆم، ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا تا دەگەڵ گەلێک کەسایەتیی بەرچەڵەک کورد، پەیوەندی بگرێ. لێرەدایە کە زانای کورد، مەلا مەحموود بایەزیدی، دەوری یارمەرتیدەرێکی فرە مەزن و گرانبەها بۆ «ئا.د. ژابا» دەگێڕێ. مەلا مەحموود بایەزیدی، کەسایەتییەکی فرە زانا بووە و زمان و وێژەی عەرەبی، فارسی و تورکیی زۆر بەباشی زانیوە. سەرەتا لە شارەکەی خۆی، بایەزید خوێندنی دەست پێ کردووە و پاشان چووەتە تەورێز. مەلا مەحموود پاشان دەگەڕێتەوە بۆ بایەزید و دەبێتە بەڕێوەبەری مەدرەسەی شار و لێرەدایە کە لە نێو هاووڵاتییەکانیدا ناوبانگ و ڕێزی تایبەت پەیدا دەکات. پاش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دوایین حاکمی کورد لە بایەزید، دەگەڕێتەوە بۆ ئەرزەڕۆم و بۆ کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان، نووسینی نامەکانی، وەرگێڕانی بابەتەکانی و نووسینی هێندێک بەرهەم، دەبێتە مامۆستای لێهاتوو و یاریدەدەرێکی فرە چالاک و بەئەمەکی «ئـا.د. ژابا». هەڵبەت کۆنسوولی ئەرزەڕۆم چەند یاریدەدەری دیکەشی هەبووە کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین.

لە کۆتاییی ساڵی ١٨٥٦دا، «ئا.د.ژابا» هێندێک پەندی پێشینیانی تورکی و چەند بەشێک لە هەڵبەستەکانی «ئەسکەندەرنامە»ی نیزامیی کە بە کوردی وەرگێڕدرابوون، دەنێرێتە ئاکادێمیای ئیمپراتۆری. «ئا.د. ژابا» لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی ٢٥ی مارچی ١٨٥٧ بۆ «ب.ئا دۆرن» دەڵێ: «من تا ئەو ڕادەیە فێری زمانی کوردی بووم کە سەربەخۆ بتوانم وەرگێڕان بکەم و کارەکانم ڕاپەڕێنم»[١٢]. لە کۆتایی ساڵی ١٨٥٧دا، «ئا.د. ژابا» نیوەڕۆکی هەڵبەستەکانی «مەم و زین»ی ئەحمەد خانی و لە سەرەتای ساڵی ١٨٥٩دا، وشەگەلی هاوتەریبی زاری هەکاری و ڕەوەندی (نزیک بە ١١٠٠ وشە)، دەستنووسی خۆی بۆ فەرهەنگێکی دیالۆگی کوردی- فەرانسی کە ٣٣٠٠ پەیڤی لەخۆ گرتبوو و بەگوێرەی زاری کوردانی ئەرزەڕۆم ڕێکی خستبوون، دەگەڵ زانیاری سەبارەت بە هۆزە کوردەکانی باکووری ڕۆژهەڵات، هێندێک زانیاری سەبارەت بە ٧ هەڵبەستوانی کورد، هەروەها ڕێزمانێکی عەرەبی- فارسی- کوردی کە بەرهەمی سەدەی ١١ی [کۆچی] «عەلی تەرەماخی»یە، بەپێشەکییەکی مەلا

مەحمـــوود بایەزیدییـــان بـــۆ دەنێرێت. ئەو دەستنووسانە گەیشتوونەتە موزەخانەی ئاسیا کـــە یەکێک لە کوانووە هــەرە گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسیایە.

لـــە نامە نێردراوەکانی بـــۆ پیتەربوورگ، بۆمـــان دەردەکەوێ کە «ئـــا.د. ژابا» چەندە تووشـــی زەحمەت بووە و چ هێز و هێندێک جاریش، چ هەڵسوکەوتێکی دیپلۆماتیکی بۆ وەدەستهێنانی ئەو دەستنووسانە بەکار هێناوە. بۆ نموونە کاتێک لە نامەکەی بۆ «ب.ئا. دۆڕن» بە ڕێکەوتی ١٧ی جوونی ١٨٥٨دا، باســـی دەستنووسی ڕێزمانەکەی «عەلی تەرەماخی» دەکات، دەڵـــێ: «ئەزبەنـــی ڕێگـــەم پێ بدە سەرنجی ئێوە بۆ ئەو نامیلکەیە ڕابکێشم کە ئەمجارە لە ســـێیەم بەستەی نێردراوەمدا، بۆ ئێوەم ناردووە؛ پێشەکییەکی تێدایە سەبارەت بـــە ڕێزمانە کوردییەکەی عەلی تەرەماخی و کورتە باســـێکیش دەربارەی نووســـەرەکەی کە من وەرمگێڕاوەتە ســـەر زمانی فەڕانسی و لـــە کۆتاییەکەیدا هێندێـــک تێبینیم بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشەکییە نووسیوە. خاوەنی ڕێزمانەکـــەی عەلی تەرەماخـــی، مەلایەکی پیرە و بە هیچ شـــێوەیەک ئامادە نەبوو ئەو دەستنووسە گرانبەهایم پێ بدات، سەرەنجام پـــاش دیارییـــەک، ڕێی پێـــدام کۆپیی لێ هەڵگرم، ئێســـتاش ئەو کارە دەکەین و هەر پاش تەواوکردنی، دەگەڵ دوو دەستنووســـی دیکە کـــە وەدەســـتم کەوتـــوون، ڕەوانەی ئاکادێمیای دەکەم»[١٣].

هێندی پێناچی، «ئا.د. ژابا» دەستنووسێک لە ڕێزمانەکەی عەلـــی تەرەماخی دەنێرێتە پیتەربـــوورگ و «ب.ئـــا. دۆڕن» لـــە وەڵامدا پێشنیازی پێ دەکات وەریگێڕێ. [«ئا.د. ژابا لە وەڵامدا دەڵێ:] «ئێوە پێشنیازتان کردووە خۆم خەریکی وەرگێڕانی ڕێزمانەکەی عەلی تەرەماخی بکەم. ئێســـتا خۆیشم لەسەر ئەو باوەڕەم، بەڵام پێویســـتە بڵێم کە تەرەماخی بـــە سیســـتەمێکی دژواری ڕۆژهەڵاتـــی ئـــەو ڕێزمانـــەی دارشـــتووە کـــە بـــە هیچ شێوەیەک دەگەڵ ڕێکارە پەسەندکراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسیدا ناگونجێ. پێم وایە ئیتر ئەوە ئەرکێکی زیادەیە. بۆیە ئەو بابەتەم وەرنەگێڕاوە و تەنیـــا وەک بابەتێکی ســـەرنجڕاکێش بۆ ئێـــوەم ناردووە... تەرەماخی پەیڤی بە ســـێ پـــاژ دابەش کـــردوون: نـــاو، کار و ئامراز[١٤] و ســـێ کاتی، ڕابردوو، ئێســـتا و داهاتووی لێک جیا کردووەتەوە. پاشـــان نووسەر هەر یـــەک لەو پاژانە و کاتـــەکان دابەش دەکات و ئیتر سەرلێشـــێواوییەک ساز دەکات. بۆیە لێکۆڵینەوە لـــەو ڕێزمانە گەلێـــک دژوارە و ڕێگەت پـــێ نادات لـــە مانـــاکان تێبگەی. پێویستە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی دوور و درێژی بۆ بکرێ تاکوو لێی تێبگەی. مەلای خاوەنی دەستنووسەکە، ئێستا لە هەکارییە و هیوادارم بگەڕێتـــەوە ئەرزەڕۆم، ئینجا داوای لێ دەکەم ئەو نووسراوەیەم بداتێ و سەرەڕای ئـــەو دژوارییانـــە، وەریگێـــڕم»[١٥]. هەڵبەت ئـــەو بڕیارەی «ئا.د. ژابـــا» جێبەجێ نەکراوە. ڕەنگـــە یەکێک لە هۆیەکانیـــش بگەڕێتەوە بۆ کارەســـاتی ســـامناکی ئەردەهەژێنەکەی ئەرزەڕۆم کە لە ئاکامیدا، «ئا.د. ژابا» هەرچی هەیبـــووە لە دارایی جووڵاو و نەجووڵ، لەنێو چوون. بۆیە لە مانگی ئووتی ساڵی ١٨٥٩دا، وەزارەتـــی کاروباری دەرەوە بـــە بڕی هەزار ڕووبڵ یارمەتیی بۆ ناردووە[١٦].

ســـەرەڕای ئەمانە، «ئا.د. ژابـــا» درێژە بە بەدوواداچوونەکانی بۆ دۆزینەوەی بابەتەکانی کوردناســـی دەدات و کۆکراوەیـــەک لە ٤٠ چیرۆک سەبارەت بە ژیانی کوردەکان، ڕەوانەی ئاکادێمیای زانستەکانی ئیمپڕاتووری دەکات (دەقەکانی بە زمانی کوردین و بێژەنووسی[١٧] پەیڤەکانی بۆ کردووە و وەریگێڕاوەتە ســـەر زمانی فەرانسی). «ئا.د. ژابا» لە مانگی مارچی ســـاڵی ١٨٥٩دا، لە نامەیەکەدا نووسیویێتی: «لێکۆڵینەوەکانم سەبارەت بە زمانی کوردی هەنگاو بـــە هەنگاو بەرەو پێش دەچن، بەبێ

هیچ کێشەیەک گەلێک چیرۆکی زارەکیی کوردانی ناوچەکانی مووش، بدلیس، وان، بایەزید، قارس، ئەرزەڕۆم و ئەرزەنجانم کۆ کردوونەتەوە»[١٨].

بە بڕیاری بەشی مێژوو و زمانەوانیی ئاکادێمیای زانستیی ئیمپراتووری، لێژنەیەک بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانی «ئا.د. ژابا» پێک دێت و تەنیا چاپی دەقی بابەتەکان و وەرگێڕدراوەکەی، بەبێ بێژەنووسییەکان ڕاپەڕاندووە، چونکوو شێوازی بێژەنووسینی پەیڤەکان یەکگرتوو نەبووە[١٩]. دەقە وەرگێڕدراوە فەڕانسییەکان کە زۆر بە باشی مانای دەقە کوردییەکانی گەیاندبوو، پەسەند کران و بڕیار درا چاپ بکرێن و ئەرکی لەچاپدانی خرایە ئەستۆی «پ.ئی. لێرخ» کە وەک یەکێک لە لێهاتووترین پسپۆڕانی زمانی کوردی ناسرابوو. «پ.ئی. لێرخ» نقیسیاریی[٢٠]ئەو بابەتانەی ئەنجام دا کە «ئا.د. ژابا» وەریگێڕابوونە سەر زمانی فەڕانسی و لە ساڵی ١٨٦٠ بڵاوکراونەتەوە[٢١]. هەڵبەت ئەو بەرهەمە چاپکراوەیە، وتارە ئاماژەپێکراوەکانی «ئا.د. ژابا» سەبارەت بە هۆزەکانی کورد و زانیاریی دەربارەی هەڵبەستوانانی [کورد]یشی دەگەڵ خراوە کە تاکوو هەنووکە لێکۆڵەرانی وێژەی کوردی کەڵکی لێ وەردەگرن.

نووسراوەکانی «ئا.د. ژابا»، زۆر زوو سەرنجی ئێراناسانی بوارەکانی زمانەوانی، ئێتنۆگرافی و مێژوویی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بەتایبەت زانایانی ئینگلیسی پێشوازییان لێ کردووە. بۆیە مۆزەخانەی بەریتانیا، تەیلۆر[٢٢]، ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ، و کۆنسوولی بەریتانیا لە کوردستان سەرپشک دەکات تا دەستنووسە کوردییەکان و بەگوێرەی توانا، هەرچی سەبارەت بە کورد هەیە، کۆیان بکاتەوە[٢٣].

«ئا.د. ژابا» لەو قۆناخەدا خەریکی دارشتنی فەرهەنگی زمانی کوردی دەبێ و لە ساڵی ١٨٦٥، بەشی یەکەمی فەرهەنگەکەی، واتە بەشی «فەڕانسی- ڕووسی- کوردی»ییەکەی دەنێرێتە ئاکادێمیای زانستیی ئیمپراتووری کە ٧٢١ لاپەڕەیە (هەر لاپەڕە، ١٨ دێڕە) و ١٥ هەزار وشەی لەخۆ گرتووە. هەڵبەت ئەوە ژمارەی وشە کوردییەکانی فەرهەنگەکە نییە، چونکوو گەلێک لە وشە فەڕانسییەکان لە زمانی کوردیدا تەنیا یەک هاوتایان هەیە، بۆیە وشە کوردییەکان چەندپات بوونەتەوە. «ئا.د. ژابا» لە پێشەکیی ئەو فەرهەنگەدا دەڵێ: «ڕەنگە شێوازی بەکارهاتووی من بۆ بێژەنووسی وشەکان، بە دڵی هێندێک کەس نەبێ، بەڵام چونکوو ئەو فەرهەنگە تایبەتە بۆ ڕۆژهەڵاتناسان، ئەوانیش بە یارمەتیی دەربڕینەکان، گۆکردنی وشە کرمانجییەکان بۆیان دژوار نابێ، بێژەنووسییەکە بۆ ئەو کەسانەی تازە خەریکی فێربوونی ئەو زمانە دەبن، یارمەتیدەرە دەبێ»[٢٤]. «ئا.د. ژابا» لەو نامەیەدا بۆ «ب.ئا. دۆڕن»، هیوادار بووە ئەو بەرهەمەی «ئەوەندە تەواو و جێگەی پەسەند بووبێت کە شایانی چاپکردن بێت»[٢٥]. «ئا. د. ژابا» دڵەڕاوکێی هەبووە لە هەر دەستکارییەک کە لە فەرهەنگەکەدا بکرێت. بۆیە تکا لە بەڕێوەبەرانی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەکات بۆ هەڵەچنی و پێداچوونەوەی فەرهەنگەکە، کەڵک لە کوڕەکەی وەربگرن کە ئەو کاتی لە زانکۆی پیترۆگراد خەریکی خوێندن بووە (نامەی ڕێکەوتی ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٨٦٥)[٢٦].

«ب.ئا. دۆڕن»، «ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ-زێرنۆڤ» و «پ.ئی. لێرخ»، بە ڕاسپاردەی «ن.ئی. ڤیسێلۆڤسکی» سکرتێری هەمیشەیی ئاکادێمیای زانستیی ئیمپراتووری، لەسەر «فەرهەنگە فەڕانسی- ڕووسی- کوردی»یەکەی «ئا. د. ژابا» دەکەن. «پ.ئی. لێرخ» لە نامەیەکدا بەڕێکەوتی دیسەمبەری ١٨٦٦ دەڵێ: « لەو فەرهەنگەی بەردەستماندا، نووسەرێکی کارزان بە لانی کەم دوو قاتی

ئەو وشە کوردییانەی کە پێشتر دەمانزانی، کۆی کردوونەتەوە، ئەگەر زۆرتر نەبێ»[٢٧]. بەگوێرەی «پ.ئی. لێرخ»، زۆرترین نرخی ئەو فەرهەنگە لەو واتایانەدایە کە ئاماژە بە پەیوەندییە بنەماڵەیی و خزمایەتییەکان و ناوی گیانلەبەران دەکات. بەڵام دواتر دەڵێ: «سەبارەت بە بێژەنووسیی فەرهەنگەکە، نووسەر لە بێژەنوسیی وشە کوردییەکاندا، وردەکاریی پێویستی لە بەکارهێنانی نیشانە ناسراوەکانی ئەورووپی، ڕەچاو نەکردووە. هەروەها لە وەرگێرانی هێندێک وشەی فەرانسی بۆ کوردی و تەنانەت بۆ ڕووسیش، نارێکی بەدی دەکرێ»[٢٨]. «پ.ئی. لێرخ» لەو بارەیەدا ئاماژە بە چەند نموونە لەو هەڵانە دەکات. وەک: «aboyer» [بەفەرانسی] و «лаять» [بەڕووسی]- [بەمانای «وەڕین] کە «ڕاهشتین» بەواتای «پەلاماردان، هێرش بردن»ی بۆ کوردییەکەی داناوە و دەڵێ، «دەتوانین ئاماژە بە پتر لە سەد نموونەی هەڵەی هاوشێوە بکەین کە هاوتای وشە فەرانسییەکانیان دەگەڵ واتا کوردی و ڕووسییەکان، یەک ناگرنەوە[٢٩]. «پ.ئی. لێرخ» بە پێداگری بۆ وردبوونەوە لەو هەڵانە، دەڵێ: «ئەو نموونانە دڵنیای کردووم کە بەڕێز ژابا هێشتا تێنەگەیشتووە بۆچی بەتایبەتی پێداگریم کردووە بۆ وردبینیی هەرچی زۆرتری بێژەنووسیی ئەو دەق و واتایانەی کە بەگوێگرتن وەریگرتوون. ژابا پێی وایە زانینی ئەلفبێی عەرەبی و بەکارهێنانی بۆ نووسینی زمانەکانی فارسی و تورکی، بەسە بۆ نووسین و گۆکردنی دروستی وشە کوردییەکان. بەڵام کەسێک کە لەنێو کوردەکاندا نەژیابێ و پیتە دەنگدارە کورت و درێژەکان لێک جیا نەکاتەوە یان پیتە دەنگدار و دوودەنگەکان [دیفتۆنگەکان] بەزیادە نەزانێ، هەمیشە پێویستی بە بێژەنووسییەکی ڕێکوپێکی واتا کوردییەکان دەبێ. لێرەدا زانینی زمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی بۆ ئەو بابەتە ئەوەندە یارمەتیدەر نابێ، چونکوو هەر لە بنەڕەتەوە شێوازی ڕەچاوکراوی کوردەکان بۆ نووسین، جیاوازە لە شێوازی نووسینی ئەو دوو زمانەی دیکە»[٣٠]. «پ.ئی. لێرخ» لە کۆتاییی نامەکەیدا دەڵێ: «سەرەڕای ئەو کەموکورییانە، (فەرهەنگەکە) بۆ لێکۆڵینەوە لە زاری کوردی، گەلێک بابەتی باشی لەخۆ گرتووە».

بەشی مێژوو و زمانەوانیی ئاکادێمیای ئیمپراتووری بڕیاری چاپ نەکردنی بەشی یەکەمی فەرهەنگەکە، واتە فەرانسی- ڕووسی- کوردییەکەی دەدا و چاوەڕوان دەبن وەک «ئا.د. ژابا» بەڵێنی دابوو، بەشی دووەمی، واتە کوردی- ڕووسی- فەرانسییەکە تەواو بکات، ئینجا ئەگەر پەسند بکرێ و بە شایانی بزانن، چاپ و بڵاو بکرێتەوە. «پ.ئی. لێرخ» لە نامەیەکدا دەڵێ: «زۆر باش دەبێ ئەگەر بۆ کۆتاییی فەرهەنگەکە خشتەیەک لە وشە ڕووسی و فەرانسییەکان بۆ وشە هاوتا کوردییەکانیان، بە ئاماژەدان بە لاپەڕەکانی پێک بێنی»[٣١]. بەو جۆرە فەرهەنگەکە لەچاپ نەدرا و دەستنووسەکەی هەتاکوو ئێستاش لە ئەرشیڤی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد پارێزراوە[٣٢].

لە ساڵی ١٨٦٦، «ئا.د. ژابا» لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا، پلەی «ڕاوێژکاری کارای دەوڵەت»[٣٣]ی پێ دەبەخشن. بەڵام کۆنسوولی ئەرزەڕۆم لە کۆتاییی ساڵی ١٨٦٦دا، دەست لە کار دەکێشێتەوە و ڕوو لە شاری «سمیرنا» دەکات. لێرەدا «ئا.د. ژابا» هەموو توانای خۆی بۆ کۆکردنەوەی بابەتی مێژوویی، ئێتنۆگرافی، وێژەیی و زمانیی کوردی تەرخان دەکات. لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی ٣٠ی مارچی ١٨٦٧دا، «ئا.د. ژابا» نووسیوێتی: «ئێستا چیتر بەرپرسیارەتیی پێشووم لە ئەستۆ نییە، بۆیە بێ وچان خەریکی تەواوکردنی کارەکانی پێشووم دەبم»[٣٤]. لێرەدا «ئا.د. ژابا» فەرهەنگی

کوردی- رووسی- فەرانسییەکە تەواو دەکات کە رێک ٦٠٠ لاپەڕەی لەخۆ گرتووە و ٦ ساڵ کاری لەسەر کردبوو. لە هەمان نامەدا دەڵێ: «ئەگەرچی ماوەیەکی دوور و درێژە خەریکی ئەو کارە تاقەت پڕووکێنە بووم، بەڵام توانیومە گۆڕانکاری لە بەرهەمەکەمدا بکەم. ئێستا درێژە بە بەدواداچوونەکانم بۆ زمان و وێژەی کوردی دەدەم و خەریکی وەرگێڕانی کتێبێکی مێژووییم لە زمانی کوردییەوە کە درێژەدەری مێژووەکەی شەرەفخانە. نووسەری ئەو کتێبە، بابەتەکەی لەو قۆناخەوە دەست پێ کردووە کە شەرەفخان کۆتاییی پێ هێناوە، تا دەگاتە سەردەمی ئێمە»[٣٥].

هەر دەگەڵ ئەو نامەیە کە لە «سمیرنا»وە بۆ ئاکادێمیای ئیمپراتووری ناردوویەتی، «ئا.د. ژابا» وەرگێڕدراوی پێشەکیی «مێژووی نوێی کوردستان»ی (لە ٥٠ لاپەڕەدا)[٣٦] بەزمانی فەرانسی بۆ ئاکادێمیا ڕەوانە کردووە. لەو نامەیەدا دەڵێ: «ئەو «مێژوو»یە سەرەنجام لە ساڵی ١٢٧٥/٥٨-١٨٥٧دا، لەتوێی تاقە دەستنووسێکدا تەواو بووە و ئێستا لەبەر دەستمدایە؛ گەرەکمە پاش تەواوکردنی بەشی دووەمی فەرهەنگەکەم، خێرا خەریکی وەرگێڕانی بم»[٣٧]. «ئا.د. ژابا» لەو «پێشەکی»یەدا، ئاماژەی بە ناوی نووسەر و درێژەدەری پەڕتووکەکەی شەرەفخان نەکردووە. بەڵام لە نامەکەیدا ئاماژە بە «مێژووی کوردەکان» دەکات کە بریتییە لە ١٠٠٠ لاپەڕە و پاش دوو جار داواکردن و بەخشینی خەڵاتێکی مەزن، مەلا مەحموود بایەزیدی نووسیویەتی[٣٨]. «ئا. د. ژابا»، دەقە ڕەسەنە کوردییەکەی ئەو «پێشەکی»ییەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرانسی، بەڵام ئەوی نەناردووەتە ئاکادێمیا و نەیگوتووە «مێژووی کوردەکان» بەگوێرەی چ سەرچاوەگەلێکی مێژوویی نووسراوە[٣٩]. مەلا مەحموود بایەزیدی لەسەرەتای «پێشەکی»دا، باسی شەرەفخان و ئەفسانەی سەرهەڵدانی ڕەچەڵەکی کوردی کردووە و پاشان ئاماژە بە تایبەتمەندی و دابونەریت، شێوازی ژیان، زاری کورد و جوگرافیای جێگیربوونی هۆزەکانی کورد دەکات. ئاماژەی بە ژمارەی هۆزە ئێزدییە کوردەکانیش کردووە. پاشان نووسەر دیسان گەڕاوەتە سەر باسی شەرەفنامە و شەرەفخان، لێرەدا باسی وەرگێڕانی شەرەفنامە بە تورکی دەکات کە لە بدلیس کراوە و دەڵێ تەنیا دوو یان سێ دەق لەو وەرگێڕانە هەبووە.

«پێشەکی»، هەروەها خشتەیەکی لە ناوی حاکمانی کوردستان لە ساڵی ٨٦-١٧٨٥وە دەگەڵە، واتە لەو کاتەوە نووسەر بەرهەمەکەی دەست پێ کردبوو، هەتاکوو ساڵی ١٨٥٧. بەگوێرەی ئەو خشتەیە و پێرستی بابەتەکانی بەرهەمەکە کە بریتییە لە ١١ بەش، دەکرێ ئاگاداری نێوەڕۆکی بەرهەمەکەی مەلا مەحموود بایەزید ببینەوە کە «ئا.د. ژابا» دەگەڵ نامەیەک بە ڕێکەوتی ١٣ی جوونی ١٨٦٧بۆ «ب.ئا.دۆرن»ی ناردووە[٤٠]. ڕەنگە دەستنووسی ڕەسەنی ئەو بەرهەمە و وەرگێڕدراوە ناتەواوەکەی، لە ئەرشیڤی «ئا.د. ژابا» لە شاری «سمیرنا» مابووبێتەوە.

«ئا.د. ژابا» لە مانگی جوولای ١٨٦٧، فەرهەنگی کوردی- رووسی- فەرانسی ناردووەتە پیتەربوورگ و وێڕای گرینگ هەڵسەنگاندنێکی زۆر، تکای لە هاوکارانی لە ئاکادێمیای ئیمپراتووری کردووە پێیدا بچنەوە. دەستنووسی ئەو فەرهەنگە بریتییە لە ٦٥٦ لاپەڕە (هەر لاپەڕە ١٨ تا ٢٥ دێڕ) و ٦٠٠٠ واتاگەلی بوارەکانی ژیان و گوزەران، جلوبەرگ و پەیوەندییە بنەماڵەیی و ئابوورییەکانی لەخۆ گرتووە. لە فەرهەنگەکەدا چاوگەکان گەردان کراون، بەڵام ناوی ئەو رووەک و باڵندە و گیانلەبەرە کێویانەی تێیدا نییە کە لە ژینگەی ژیانی کورددا

بەدی ناکرێن. لە زۆر شـوێندا کەموکووڕی لە وەرگێڕانی وشەکان بە رووسی دەبیندرێ. «ئا.د. ژابا» لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا دەڵێ: «هیوادارم رۆژهەڵاتناسـان ئـەو بەرهەمەی من بـە دڵفراوانییەوە وەربگـرن و بە هۆی گەلێک لێکهەڵپچڕان و یەکدەسـت نەبوون کە لەو کارەدا دەبینـدرێ، تاوانبارم نەکەن، دیارە ئەوەش لـە رووی پابەندبوونم بووە بۆ نەسرینەوەی تایبەتمەندیی کەوناراییی زمانی کوردی و پێشاندانی ئەو زمانە، بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە»[٤١].

لێرەدا دیسـان «ب.ئـا. دۆڕن»، «ڤ.ڤ. ڤێلیامینـۆڤ- زێرنـۆف» و «پ.ئـی. لێرخ» لەلایەن ئاکادێمیای زانسـتیی ئیمپراتوری، رادەسـپێردرێن بە فەرهەنگەکـەدا بچنەوە. لـە نامەیەکدا کـە «ب.ئـا. دۆڕن»، «ڤ.ڤ. ڤێلیامینـۆڤ- زێرنـۆف» و «پ.ئـی. لێرخ» بـە رێکەوتـی ٥ی نۆڤەمبـەری ١٨٦٨ بۆ بەشـی مێـژوو و زمانەوانیـی ئاکادێمیای زانستیی ئیمپراتووری نووسـیویانە، هاتووە: «ئێمە پێداچوونەوەیەکـی زۆر تایبەتمان بە بەرهەمەکەی بەرێز ژابادا کرد. ئێمە گەیشتینە ئـەو ئاکامە کە چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە گەلێک سـوودمەندە. تاکوو ئێستا زۆر بە دەگمەنی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی کراوە، هێشـتا ئامراز و شێوازێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینـەوە لەو زمانە، لەبەر دەسـتدا نییە. بەرێز ژابـا، فەرهەنگەکـەی زۆر بە دڵپاکی رێـک خسـتووەتەوە، لـە کەموکووڕییـە گرینگەکان پاک کراوەتەوە. ئەو فەرهەنگە بۆ ئاشـنابوون دەگەڵ زمانی کوردی، هەڵگری بابەتگەلێکی دەوڵەمەنـدە؛ بۆیە دڵنیاین کە دەرکەوتنـی ئەو فەرهەنگەی «ئـا. ژابا»، لە لایـەن زانایانـی رۆژهەڵاتناسـی جیهانەوە بەوپەڕی حەزەوە پێشوازیی لێ دەکرێ»[٤٢]. بەرپرسـانی ئاکادێمیا، بە پێویستیان زانیوە فەرهەنگەکـەی «ئـا.د. ژابـا»، واتە بەشـی کـوردی- رووسـی- فەرانسـییەکەی، بەو شێوەیەی کە نووسەرەکەی ئامادەی کردبوو و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە بێژەنووسـی و شـێوازی دارشـتنی، چاپ و بڵاوبکەنەوە (تەنیا هێندێک هەڵەی زمانەوانیی رووسـی و فەرانسـی چاک کران و ئەو وشانەشی لێ زیاد کراوە کە هاوتا رووسییەکانی دانەنرابوو). دەبێ بڵێین، ئەو فەرهەنگـە لەنێو ژینگەی ژیانی کورد سـەری هەڵدابـوو و بنەمایەکی دەوڵەمەنـدی بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە زمانی کـوردی لەخۆ گرتبوو. بۆیـە «ب.ئا. دۆڕن»، «ڤ.ڤ. ڤێلیامینـۆڤ- زێرنۆف»،ئـەو دوو لایەنەیان بە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگەکـەی هەڵسـەنگاندووە؛ هاوکات ئەوەشـیان دەربڕیوە کە ئەگەر دەسـتکاری کرابـا، رەنگە تایبەتمەندییەکانی لەدەسـت دابـا؛ هەروەها پێیان وابووە ئیتر پێویسـت ناکات بەشـی «فەرانسی- رووسی- کوردی» فەرهەنگەکـە چـاپ بکرێ و پێویسـتیش نییە خشـتەی واتا رووسی و فەرانسییەکان بەئاماژە بە لاپەرەکانی دەگەڵ بێ کە پێشتر پێشنیاریان کردبوو.

«پ.ئی. لێرخ» پێشـوازی لـە فەرهەنگە کوردی- رووسـی- فەرانسـییەکە دەکات و هیوادار بووە پاش چـاپ و بڵاوبوونەوەی، زمانی کـوردی لـە نێـو ئەورووپییەکاندا، دڵسـۆزانی زۆرتـر پەیـدا بـکات، بەڵکوو نەتەنیـا بازنـەی واتاکانـی فەرهەنگەکـە بەربڵاوتر بکەن، تەنانەت لێکۆڵینەوە لەسـەر «شـێوازە جۆراوجۆرەکانی زاراوەگەلی زمانی دەوڵەمەنـدی کوردی بکـەن»[٤٣]. هەروەها دەڵێ، چاپ و بڵاوکردنـەوەی فەرهەنگەکە «بێگومان هێندێک لە گەشتیارانی کوردستان یان کۆنسوولەکانی وڵاتە زلهێزەکانی ئەورووپا کە لە گەلێک شـوێندا هاموشـۆیان دەگەڵ کورداندا هەیە، هـان دەدات لێکۆڵینەوە لەو زمانـە بکەن»[٤٤]. جگە لەمە، ئاسـانکارییش دەکات بـۆ خوێندنـەوەی بەرهەمـە بڵاوکراوەکانی دیکەی ئەو بوارە و «بابەتەکانی

دیکەی زمانی کوردی کە لە ئەرزەڕۆم کۆ کراونەتەوە، دەبنە یارمەتیدەرێک بۆ داڕشتنی ڕێزمانی کوردی لە داهاتوودا»[٤٥].

سەرەڕای ئەمانە، «پ.ئی. لێرخ» پاش خوێندنەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنەی بەرهەمەکەی «ئا.د. ژابا»، ڕەخنەکانی خۆشی لەسەر ئەو بەرهەمە درکاندووە. «هەڵبەت پێکهێنەرە زۆر بەڕێزەکەی فەرهەنگی کوردی، هێشتا لە پێویست بوونی بێژەنووسیی ورد و یەکپارچە تێنەگەیشتووە. دیارە دەبێ بڵێین ئەو بابەتە دەوڵەمەندانەی کە ئەو بەڕێزە بۆ ئاشنابوونی ئێمە دەگەڵ بازنەیەک واتای زمانی کوردی کۆی کردوونەتەوە، بە داخەوە ئەو کەموکووڕییەی هەیە. بەڵام پشتگوێخستنی ئەو بەرهەمە بەهۆی یەکپارچە نەبوونی بێژەنووسی، بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو لەسەر زمانی کوردی، سوودمەند نابێ»[٤٦].
لە درێژەی ئەو بابەتەدا، «پ.ئی. لێرخ» ئاماژە بەو کەموکووڕییانە دەکات:

١ وەرگێڕانی هێندێک لە «ئیدیۆم»ە کوردییەکان تەواو و ڕاست نیین.
٢ لە وەرگێڕانەکاندا هەڵەی ڕێنووس هەیە.
٣ لە زۆر شوێن، هاوتای ڕووسیی واتاکان نەنووسراون.

جگە لەمانە، بابەتێکی دیکەش بووەتە هۆی نیگەرانیی «پ.ئی. لێرخ»: زۆربەی بابەتە کۆکراوەکان لە دەستنووسەکان و یا لە زمانی خەڵکی ئاسایی کوردەوە وەرگیراون (دەستنووسەکان کۆکراوەی ناوچە و زاراوە جیاوازەکانی کوردستانن). واتە، ئەو کەسانەی بابەتەکانیان نووسیوە و یان ئەو زاراوەیەی کە چیرۆک و پەند و گۆرانییەکانیان گێڕاوەتەوە، دانیشتووانی ناوچەی جیاوازی کوردستان بوون. کەواتە، وشەکان و فۆرمی وشەکردارییەکانی فەرهەنگەکە، لە یەک زار وەرنەگیراون. «پ.ئی.لێرخ» دەڵێ بەداخەوە، «ئا.د، ژابا» لە پێشەکییەکەیدا هەم ئاماژەی بە سەرچاوەکانی فەرهەنگەکەی نەکردووە، هەم لە نووسینی وشەکاندا، پیتی هەڵەی بەکار هێناوە، بۆیە گۆکردنی جیاواز بۆ وشەکان سەری هەڵداوە کە ئەوەش گەلێک گرینگە. بۆ نموونە، «اژوتین» و «هژوتین»، «اڤین» و «هڤین»، «ایسیر» و «هیسیر»، «استر» و «هستر»، و هتد. دەربڕینی بڕگەی دەنگدار لەسەرەتای وشەدا بە هەناسەیەکی قووڵ، لە لای کوردان زۆر باوە. «پ.ئی. لێرخ» بەباشی لەو ناڕاستی و هەڵانە تێگەیشتبوو کە «ئا. د. ژابا» بۆخۆی سەبارەت بە فەرهەنگەکەی ئاماژەی پێ کردبوون.
«پ.ئی. لێرخ» دەڵێ: «هەڵەکانی ڕێنووسی زاری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ کەم بوونی خوێندنگە و ڕێژەی فرە کەمی مامۆستایان لە کوردستان و بە گشتی، کەمتەرخەمیی نووسەرانی کود کە بە باشی زمانی زکماکی خۆیان نازانن. هەروەها جێگەی داخە کە کوردەکان بۆ نووسین لە ڕێنووسی فارسی کەڵک وەردەگرن، بۆیە ناچار کراون لە ڕێکوپێک کردنی زمانە جیاوازەکەی خۆیان چاوپۆشی بکەن. ئا. ژابا فەرامۆشی کردووە کە زمانی کوردی هەر لە ئاستی زارەکییدا زیندوو ماوەتەوە. دیارە نووسینیشی هەیە، بەڵام بەو کەموکووڕییانەی کە بە گوێرەی هەڵگەڕاندنەوەی گۆکراوە زارەکییەکان دەنووسرێن. بۆیە بەپێی ئەو ڕاستییانە، دەبێ پێش هەر شتێک سەرنج بدەین بە بیچمی وشەکان بەو شێوەیەی کە لە شێوازی زارەکیی گەلەکەدا ماوەتەوە و دەیبیسین»[٤٧].
«پ.ئی. لێرخ» جەختی لەوە کردووەتەوە کە زمانناسی هاوچەرخ، پێویستیی بە دۆزینەوەی کەرەسەگەلێک هەیە کە تا دەکرێ هەڵقولاوی دونیای ڕاستییەکانی دەوروبەرمان بێت. «وەک چۆن لێکۆڵەرێکی زانستە سروشتییەکان، ئەگەر کەرەسەکانی لێکۆڵینەوەی لەبەر دەستدا نەبێ، تەنیا لەو بەڵگانە کەڵک وەردەگرێ کە بەتەواوی لە ڕاست بوونیان دڵنیایە، لێکۆڵەرێکی زمانیش،

دەبێ مافی ئەوەی هەبێ داوای ئەو دەق و وشە کۆکراوانە بکات کە ئاستی هەرە بەرزی روونی پێوە دیار بێ»[٤٨]. جێگیرکردنی پیتی «ە»، لە نێوەڕاستی وشەکاندا، گۆکردنی هەڵەی وشەکانی لێ دەکەوێتەوە، لە کاتێکدا «ئا.د. ژابا» پێی وایە بەکارهێنانی پیتی «ە» هەڵەیە. نووسینی «جەرەباندین»، بە «cerebandin» دەخوێندرێتەوە نەک «cerbandin». ئەی «جرباندین» چۆن دەبێ (هەروەها بڕوانە ئەوانەش: «ڤەجنکین» بەمانای «ترساندن»، «ورەمین» بەمانای «هەڵمسان» و هتد).[٤٩]

تایبەتمەندییەکانی زمانی ئاخافتن لە جێگۆڕکێ کردنی «ە» و «ی» خۆی دەنوێنێ، وەک: «ڤەخستن» و «ڤێ خستن» بەمانای «دووبارە هەڵکردن»؛ «چە کرن» و «چێ کرن» بەمانای دروستکردن؛ «اڤاهی» و «اڤایی» بە مانای «شوێنی مانەوە» و «ئاوایی»؛ «ڕووناهی» و «ڕوونایی» بە مانای «ڕووناکی»؛ «نەرین» و «نێرین» بەمانای «بۆچوون» و هتد.

«پ.ئی.لێرخ» پێی وابووە دەبێ فەرهەنگەکە بە بێژەنووسیی چاککراوی نڤیسیارەکان چاپ و بڵاو بکرێتەوە. مەبەستیشی لە بێژەنووسی ئەوە نەبووە ڕێنووسی کوردی وێنا بکات، بەڵکوو جەختی لەوە کردووەتەوە کە دەبێ گۆکردنی کوردی پێشان بدات، وەک ئەو جیاوازییانە: «ستون» و «اوستون» بە مانای «ستوون»؛ «سترک» و «استرک» بە مانای «ئەستێرە»؛ «ستور» و «اوستور» بەمانای «ناقۆڵا، زبر»؛ و هتد. «ئا.د. ژابا» لە فەرهەنگەکەیدا، شێوەنووسینی «ستون»، «ستور» و «سترک»ی بۆ ئەو وشانەی سەرەوەی نەنووسیوە، ڕەنگە پێی وا بووبێ ئەو شێوەیە لە نووسینی کوردی، هەڵەیە، چونکوو زمانی کوردی دوو پیتی بێدەنگ دەگەڵ یەک بەکار ناهێنێ[٥٠].

«پ.ئی.لێرخ» سەبارەت بەو نموونانە و ڕەچاو نەکردنی یەکپارچەییی ڕێنووس، لەلایەن نووسەرانی کوردەوە، دەڵێ: «ئەوە شەڕێکی خوێندەوارانی کوردە دەگەڵ کەموکووڕییەکانی ئەلفبێی عەرەبی، هێندێک لە نووسەران و خۆشنووسانی کورد هەوڵ دەدەن لەو ڕێنووسەدا گۆڕانکاری بۆ نووسینی زاری خۆیان پێک بێنن»[٥١]. هێندێک خۆشنووس پیتی «ا» بەکار دێنن، ڕەنگە بە مەبەستی تێگەیاندنی خوێنەر کە دەبێ وەک «a»، نەک وەک دەنگێکی دیکە گۆ بکرێ وەک: «طاولە» و «طولە» بە مانای «تەویلە»؛ «خاپاندن» و «خپاندن» بە مانای «فێڵ کردن»؛ «طامژین» و «طمژین» بەمانای «ئالوودەبوون». یان پیتی «و» بەکار دێنن وەک: «بوهورین» لەجیاتی «بهورین» بەمانای «تێپەڕبوون»؛ «گول» لەجیاتی «گل» بەمانای «گوڵ». هێندێک خۆشنووس، «ی» بەکار دێنن و هێندێکیش ناینووسن، وەک: «ژر» و «ژیر» بە مانای «زیرەک»؛ «بر» و «بیر» بە مانای «بیر»؛ «مش» و «میش» بە مانای «مێش»؛ «رپال» و «ریپال» بە مانای «شڕودڕ» و هتد. «ئا.د. ژابا» زۆر بە دەگمەنی «پیتی دەنگداری درێژ و کورت»[٥٢]ی لە فەرهەنگەکەیدا بەکار هێناوە[٥٣]. هەروەها دەڵێ: «لەو شوێنانەی کە بە هۆی کەم بوونی ڕێژەی شوێنەوارە مێژووییەکان، ڕێبازێک بۆ ڕاستنووسین پەیدا نەبووە، ناکرێ باسی ڕەچاونەکردنی ڕێکارەکانی دروست نووسین بکەین. تاوانبارکردنی خۆشنووسانی کورد بە نەخوێندەواری لە لایەن «ئا.ژابا»وە، بە هۆی نەزانین و یان ڕەچاونەکردنی ڕێنووسی فارسی و عەرەبی بووە (وەک: نووسینی واتای عەرەبیی «مهلة»، بەشێوەی «موهلت») و ئەمە بە واتای خراپ زانینی زمانی زگماکی نییە، بەڵکوو بە هۆی نەزانینی ڕێنووسی فارسی و عەرەبییە. کورد کاری بەوەی نییە وشە گۆکراوەکانی زمانەکەی دەبێ چۆن بە عەرەبی یان فارسی بنووسرێن، بەڵکوو هەوڵ دەدات پەیڤەکان بە گوێرەی پێویست و بەو جۆرەی خۆی و هاونیشتمانیانی گۆی

دەکەن، بدرکێنێ. لە واتای «موهلەت»دا، پیتی «و»ی لێ زیاد کراوە، تاکوو پێشان بدرێ کە لە برگەی یەکەمی وشەکەدا پیتی دەنگداری «و» هەیە، چونکوو لە نووسینی زمانی کوردیدا باو نییە بۆ دەنگدار کردنی پیتەکان، «فتحه» و «کسره» و «ضمه» لە سەریان دانێن، بەڵکوو لە «i»، «e» ، «a» و «u» کەڵک وەردەگرن[٥٤].

«پ. ئی. لێرخ» بە گوێرەی ئەو ڕەخنە و تێبینییانەی کە پاش پێداچوونەوە بە فەرهەنگەکەی «ئا.د. ژابا» هەیبووە، گۆڕانکاریی لە بێژەنووسیی فەرهەنگەکەدا کردووە و کاری لەسەر ئەو وشانەش کردووە کە بە «د» و «ش» دەست پێ دەکەن؛ دەگەڵ گشت ئەو وشانەی پیتی «ق»یان لەخۆ گرتووە. «پ. ئی. لێرخ» نیشانەی بێژەنووسی تەنیا بۆ ئەو پیتە دەنگدارە کورت و درێژانە داڕشتووە کە یان بۆخۆی بە گوێرە ئەزموونەکانی، پێی گەیشتبوو و یان خۆشنووسانی کورد ڕەچاویان کردبوو. لە هەر شوێنێکیش دوودڵ بووە، نیشانەی بۆ دانەناوە. «پ.ئی. لێرخ» پێی وابووە پاش ئەو گۆڕانکارییانە، ئیتر دەکرێ فەرهەنگەکە چاپ بکرێ.

«ئا.د. ژابا» بە درێژاییی سالانی ١٨٦٩-١٨٧٢، لە کارکردن لەسەر فەرهەنگی کوردی- ڕووسی- فەڕانسی بەردەوام بووە. کۆنسوولی پێشوو، لە ڕێگەی پرۆفیسۆری زانکۆ لە سان پیتەربوورگ، «ئا.ئۆ. مووخلینسکی»ەوە، کۆپییەکی تازەی کۆی دەفتەرە ونبووەکانی فەرهەنگەکە دەنێرێتە ئاکادێمیای زانستیی ئیمپراتووری و ناوبراویش پێشنیار بە پرۆفیسۆر «ل.م.برۆسێ» دەکا تا کاری نقیسیاری بۆ فەرهەنگەکە بکات. بەڵام «ل.م.برۆسێ» تەنیا توانیی کار لەسەر چوار دەفتەری دەستنووسەکانی فەرهەنگەکە بکات و پاشان کارەکە کۆتاییی پێ دێت. «ن.ئی. ڤیسیلۆڤسکی»، بە گوێرەی بڕیاری بەشی مێژوو و زمانەوانیی ئاکادێمیای زانستیی ئیمپراتووری، داوا لە «ب.ئا، دۆڕن» دەکا، دەستنووسی فەرهەنگە کوردی- ڕووسی- فەڕانسییەکەی «ئا.د. ژابا»، بۆ ماوەیەکی کاتی لە مۆزەخانەی ئاسیادا بپارێزن. لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٨٧٣، «ن.ئی. ڤیسیلۆڤسکی» داوا لە فەرمانگەی نێوخۆییی وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەکا، فەرهەنگەکانی کوردی- ڕووسی- فەڕانسی و فەڕانسی- ڕووسی- کوردی کە بریتین لە ٣٦ دەفتەری دەستنووسی «ئا.د. ژابا» و لە مۆزەخانەی ئاسیاییی ئاکادێمیای زانستیی ئیمپراتووری پارێزراو بوون، ڕەوانەی شاری «ماڕبوورگ» و ڕادەستی پرۆفیسۆری زانکو، «ف. یووستی»[٥٥]ی بکەن کە تکای لێ کراوە ئەو دەستنووسانە بۆ چاپ ئامادە بکات. بەو شێوەیە دەستنووسەکان لە ڕێگەی باڵوێزەوە نێردراونەتە بەرلین.

«ئا. د. ژابا» لە چاوەڕوانیی چاپ و دەرکەوتنی فەرهەنگەکەیدا، لە مانگی مارچی ١٨٧٦دا، دەستنووسی دیالۆگی فەڕانسی- کوردی بۆ «ب.ئا. دۆڕن» دەنێرێ کە پێشتر «ف. یووستی» دیتبووی و گەلێک بەنرخی هەڵسەنگاندبوو. هاوکات «ف. یووستی» خەریکی ئامادەکردنی بەرهەمەکانی :ئا.د. ژابا» بۆ چاپ دەبێ کە سالانی دوور و درێژ خۆی پێوە ماندوو کردبوو. «ف. یووستی» بێژەنوسی و بەشی ڕووسیی فەرهەنگەکە وەلا دەنێ و وتارێکی خۆی لە فەرهەنگی فەڕانسی- کوردیدا، لێ زیاد دەکات. لەسەرەتای ساڵی ١٨٧٩، فەرهەنگی کوردی- فەڕانسی «ئا.د. ژابا» بە نقیسیاریی «ف. یووستی» لەلایەن ئاکادێمیای ئیمپراتووری لە چاپ دەدرێ[٥٦]. ٣ بەرگی فەرهەنگەکە دەنێردرێتە «سمیرنا». کۆنسوولی پێشوو لە مانگی مارچی ١٨٨٠ لە نامەیەکدا بۆ «ن.ئی. ڤیسیلۆڤسکی» سپاسی دەکا بۆ ئەو کتێبانەی بۆی ناردووە و تکای لێ دەکا بەسەرنجەوە بڕوانێتە ئەو دەستنووسە تەواوکراوە تازەیەی کە

بــۆ کۆتاییــی فەرهەنگەکەی نووســیوێتی. بەرهەمەکانــی «ئــا.د. ژابــا» شایســتەییی وەرگرتنی خەڵاتی «دێمیدۆڤ»ی ئاکادێمیای زانستیی ئیمپراتووری وەدەست دێنن.

بێگۆمان کۆکردنەوەی دەستنووســەکانی زمانــی کــوردی مەزنتریــن خزمەتێکە کە «ئا.د. ژابــا» کردوویە. «ئا.د. ژابــا» لە ماوەی کارکردنیــدا وەک کۆنســوول، پتــر لە ۵۰ دەستنووســی ویژەیی، فۆلکلۆری، مێژوویی، ئێتنۆگرافــی و زمانەوانیی کوردی ناردووەتە ئاکادێمیای زانســتیی ئیمپراتــووری (جگە لــە فەرهەنگەکانــی خــۆی). «ئــا. د. ژابا» پاش دەســت لــە کار کێشــانەوەی وەک کۆنســوول، ڕەنگــە بەهۆی دەســتەنگی و نەدارییــەوە، لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی ١٢ی ســێپتەمبەری ١٨٦٨ بۆ «ک.ئا. کاســۆڤیچ» بەرپرسی نقیسیاریی بەرهەمە زانستییەکانی کتێبخانــەی گشــتیی ئیمپراتــووری، داوا دەکات: «هیــوادارم بەرهەمەکانم کە بریتین لە کۆکراوەیەکی دەستنووســە کوردییەکان و زۆر بــە زەحمەت لە مــاوەی بەڕێوەبردنی کۆنســوولخانەی ئیمپراتووریای ڕووســیا لە ئەرزەڕۆمــدا، کۆم کردوونەتەوە، ڕادەســتی کتێبخانەی گشــتیی ئیمپراتــووری بکرێن. بە شــانازییەوە بــۆ ئاگاداریی ئێــوەی فرە بەڕێــز، خشــتەی ئــەو دەستنووســانەتان پێشکەش دەکەم ... پێشنیار بە بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشــتیی ئیمپراتــووری بکەن ئــەو کۆبەرهەمانە کە ئێســتا لە مۆزەخانەی ئاسیاییی ئاکادێمیای زانستییدا پارێزراون، بە بڕی ٣ هەزار ڕووبڵ، کتێبخانە خاوەندارێتیی بــکات[٥٧]. بەڕێوەبەرایەتیــی کتێبخانــەی گشــتیی ئیمپراتووری ئەرکی بەدواداچونی ئەو پرسە دەخاتە سەر شانی «پ.ئی. لێرخ»، «ب.یا. دۆرن» و «ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ- زێرنۆڤ» و داوایــان لێ دەکات بۆچوونی خۆیانیان پێ ڕابگەیەنن، هەروەهــا نرخی بەرهەمەکانیش دەستنیشان بکەن. لە کۆتاییی ساڵی ١٨٦٨، کۆی دەستنووســەکان بەبڕی ١٣٠٠ ڕووبڵ کڕدراوە[٥٨]. «بە درێژاییی ٩٠ ســاڵ لە هیچ بەرهەمێکی چاپکــراودا، ئاماژە بە کۆکراوەی بەرهەمەکانی «ئا.د. ژابا نەکراوە (تەنیا لە ساڵی ١٨٦٨دا نەبــێ، لە ڕاپۆرتێکدا بۆ کتێبخانەی گشتیی ئیمپراتووری، «پ.ئی. لێرخ» ئاماژەی پێ کردووە[٥٩]). «م.ب. ڕوودێنکۆ» لە ســاڵی ١٩٥٧، لە خشــتەیەکدا کە کۆی وتارەکانی کتێبخانەی گشــتیی دەوڵەتــی بەناوی «م. ی. ساڵتیکۆڤ- شــێدرینا»ی لەخۆ گرتبوو، ئاماژەی بە کۆدەستنووسەکانی «ئا.د. ژابا»ش کردووە و لە ساڵی ١٩٦١یشدا، لە کتێبێکی بەنــاوی «کۆزانیاریی دەستنووســە کوردییە کۆکراوەکانی لێنینگراد، باسی کردووە»[٦٠].

«ئــا.د. ژابــا» دەگەڵ مــەلا مەحموودی بایەزیــدی، کۆمەڵــە دەستنووســێکی فرە گرینــگ و دەگمەنیــان لــە بــواری بابەتە فۆلکلۆرییــەکان کۆکردووەتەوە (کە بریتیین لە ٥٧ ناونیشــان) وەک گەلێک ســتران بۆ ئەقینداری و باسی پاڵەوانێتی و بۆ هەڵپەڕکێی بەکۆمەڵ، دەستنووسگەلێکی زمانی کوردی (وەک ڕێزمــان و شــێوازی ئاخافتن) کە بە بڕیاری «ئا.د. ژابا» نووســراونەتەوە. مەزنترین بەشی ئەو کۆمەڵە دەستنووسانە بریتیین لە هۆنراوەی کوردی، بەرهەمی هەڵبەستوانانی کوردی ســەدەکانی نێوەڕاست، وەک: «فەقێ تەیــران»، «مەلا باتــە»، «مــەلای جزیری» دەگەڵ دەستنووسێکی شــاکاری هۆنراوەی کوردیی، «مەم و زین»، بەرهەمی «ئەحمەدی خانی»، هەڵبەســتوانی مــەزن و بەناوبانگی کورد لە سەدەی ١٧ و هتد. مەلا مەحموود بایەزیدی بابەتێکی سەرنجڕاکێشــی بەناوی «عادات و تقالید اکراد» نووســیوە کە باسی بیــر و باوەڕەکانی کورد، هــەر لە چۆنێتیی ســازکردنی خانوو، یارییە نەتەوەییەکان و موزیکەوە بگرە تا شێوازی کارە دەستییەکان و پیشــە ســەرەکییەکانی کــورد، دەکات. مــەلا مەحموود بایەزیدی هەروەها لەســەر

داوای «ئا.د. ژابا»، شــەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیســیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ڕێزمانــە کوردییەکەی «عەلــی تەرەماخی» نووســیوەتەوە، هێندێــک نوکتــە و گاڵتە و چیرۆکــی کورتــی فۆلکلۆریی لــە زمانی فارســییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دەگەڵ گەلێک بەرهەمی دیکە. جگە لەوانە، مەلا مەحموود بایەزیدی هێندێک هەڵبەستی خۆی، یــان کۆپییەکانــی و وەرگێرانەکانی، نــە بەناوی خۆی، بەڵکــوو بەنازناوی «فەقیر مەحموود ئەفەندی»، یان «حاجی مەحموود ئەفەندی»یەوە نووسیوەتەوە. بەگوێرەی «ئا.د. ژابــا»، ئــەو کارەی لەبەر ئەوە کــردووە کە «نەکەوێتە بەر تانە و تەشەری پیاوانی ئایینیی موســڵمان کە بێگومان بــەوە تاوانبار دەکرا کە موســڵمانێک بە فەرمانی ناموسڵمانێک، هەڵبەست و نووسراوەی بۆ وەرگێڕاوە و یان بۆی نووسیوە»[٦١].

لەنێو ئەوانەی یارمەتیی «ئــا.د. ژابا»یان داوە، کەســانی دیکــەش هەبــوون، وەک: «شێخ نەزەر» کە گۆرانی و دەستنووسەکانی دیکەی نووســیوەتەوە، «مەلا مســـتەفا» کە دەستنووســەکەی «شــێخی ســەنعان» و «هەڵبەســتی هەی ئاف و ئــاف» و «زەنبیل فــرۆش»ی نووســیوەتەوە، «مــەلا مووســا هــەکاری» کە بە داوای «ئا.د. ژابا»، بابەتی لە فارسییەوە وەرگێڕاوە، «محەمەد غەریب ئیبنی ســەلمان» کە «مەم و زین»ی نووسیوەتەوە، «فەقیــر مەحموود ئەفەنــدی» کە بە بۆنەی ســەفەری «ئا.د. ژابا» و جێهێشتنیی تورکیا، هەڵبەســتی «نۆبەرا بچــووک»ی ئەحمەدی خانیــی نووســیوەتەوە، هەروەهــا «فیرووز ئەفەندی»، «محەمەد مۆکسی»، «تەها حاجی عەبدولعەزیز»، «حەســەن حەکیم باشــی»، «تاهیر ئیبنــی عەباس ئەفەندی»، «فەیزوڵڵا» و کەســانی دیکەش یارمەتییان داوە، بەڵام هیــچ لەبارەیانەوە نازانیــن و بێگومان بەبێ بەشدارییان، کۆکردنەوەی ئەو کۆ بەرهەمانە پێک نەدەهات.

لەنێــو کۆکراوەکانی «ئا.د. ژابا»دا، گەلێک دەستنووســی گرانبەهــا لــە بەرهەمەکانی هەڵبەســتوانانی وەک «هەریس بدلیســـی»، «ســەلیم ئیبنی ســلێمان»، دوورفیشــانی»، «ڕەمەزان»، «موڕادخانی بایەزیدی» دەبینرێن کە بۆشاییی وێژەی کلاسیکی کوردییان پڕ کردووەتەوە. بە هۆی ئەو کۆدەستنووسانەوە دەرکەوتووە کە ڕەوتێکی وێژەییی بەربڵاوی کوردی هەبووە کە بە ئافراندنی بەرهەمگەلی وەک «لەیلــی و مەجنــوون»، «یۆســف و زوڵەیخــا» و «زەنبیلفــرۆش» خۆی پێشــان داوە. «بەدرخــان»، زانــای بەناوبانگی کورد، پاش دیتنی کاتالۆگی ئەو دەستنووســانە، لە نامەیەکدا بۆ «م.ب. ڕودێنکۆ»، جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئــاگای لە زۆربەی ئەو وێژە کۆن و نەناسراوانە نەبووە.

بە داخەوە «ئا.د. ژابا» مەودای ئەوەی پەیدا نەکرد تەواوی هێزی خۆی بۆ زانست تەرخان بکات. پاش دەست لە کار کێشانەوەی تەنیا چەند جارێک ســەردانی ڕووسیای کردووە و پاشان گەڕاوەتەوە گوندی خۆیان لە ناوچەی «ترۆیتســکی»، لە نزیک «ڤیلنــۆ» کە تەنیا ١٢٠ دانیشــتووی وەرزێری هەبووە و چەند مانگێک لــەوێ ماوەتەوە (لەنێوان ســاڵانی ١٨٧٢-٧٤دا، نزیــک بــە ٢٠ مانگ لەوێ ژیاوە) و دواتریش لە «ســمیرنا» نیشــتەجێ بــووە، وەک لە نامەکانیــدا دەردەکەوێ، لە ماوە مانەوەی لە گوندەکەیدا، تەنیا خەریکی کاروباری پێویستی ڕۆژانەی نێو ماڵێ بووە و کاتی بۆ بەدواداچوونی زانســتی نەماوەتەوە. واتــە چیتر درێــژەی بە کاری کوردناســی نەداوە. لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی ٦ی مارچی ١٨٦٩، داخ لــە دڵــە بەو کاتــە بەنرخانەی لە گوندەکەیدا لە دەســتی داوە و خەریکی وەرگێرانی «مێژووی نوێی کوردەکان» نەبووە کە لە «ســیمرنا» جێی هێشــتبوو و پێشتر پێشەکییشــی بۆ نووســیبوو. «ئا.د. ژابا» لە

نامەکانیدا، گەلێک جار تانەی لە خۆی داوە و دەڵێ بێهوودە ئەو هەموو کاتەی ژیانی بۆ پێداچوونەوە بەسەر فەرهەنگەکەیدا، بەفیڕۆ داوە. «سەرەڕای ئەو بێهیواییەی کە لە سان پیتەربوورگ تووشیان کردم، بەڵام من کۆڵم نەدا و درێژەم بە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانم دا»[۶۲]. «ئا.د. ژابا» لەماوەی سەردانەکانی بۆ ڕووسیا ئەوەندە سەرقاڵی کاروباری لێنەهاتووی ماڵێ بووە (خێزانێکی مەزنی هەبووە، بە ۷ منداڵەوە)، دەرفەتی بۆ دیدار دەگەڵ دۆستانی نزیک و هاوکاران و هاوپیشە کوردناسەکانی نەبووە. «ئا.د. ژابا» لە نامەیەکدا بۆ «ب.ئا. دۆرن» کە بۆ دیدارێک بانگهێشتی کردبوو، سپاسی دەکات و دەڵێ: «من ناتوانم هیچ کاتێک دیاری بکەم، مادام کارەکانی گوندێم تەواو نەکردبێ»[۶۳].

«ئا.د. ژابا» پەیوەندیی بەردەوامی دەگەڵ زانا ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووسیا، «ڤ.ڤ. ڤێلیامینۆڤ- زێرنۆف»، «ن.ئی. ڤیسیلۆڤسکی»، «ب.ئا. ذۆرن» و «پ.ئی. لێرخ» هەبووە. «پ.ئا. چیخاچێڤ» لە ساڵی ۱۸۵۸دا، سەردانی «ئا.د. ژابا» لە ئەرزەرۆم دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێ: «لێکۆڵینەوەکانی ئەو ڕۆژهەڵاتناسە زیرەکە لەو ڕەهەندەوە زۆر سەرنجڕاکێشن کە تاقە کەسێکە لەو سەردەمەدا سەرکەوتووانە خۆی خەریکی لێکۆڵینەوە لە زاری فرە کۆن و کەم ناسراوی کورد کردووە و توانیوێتی فەرهەنگ و ڕێزمانی ئەو زمانە پێک بێنێت؛ من قەبارەی دەستنووسەکانی ئەو کارانەیم بەچاوی خۆم دیت کە بڕیارە بەم زووانە چاپ بکرێن»[۶۴]. «پ.ئا. چیخاچێڤ» زۆری پێ سەیر بووە کاتێک لە زاری «ئا. ژابا»ی بیستوویەتی کە کورد وێژەی ڕەسەنی خۆی هەیە. «لە کتێبخانەکەی کۆنسوولی زانای ڕووسیایدا، یەک ڕەفی پڕ لە دەستنووسم بەرچاو کەوت و لە نێویاندا هۆنراوەی ئەڤینداریی «سیاکمەد و شەمسی»[۶۵] سەرنجی ڕاکێشام. بەڕێز ژابا بەدڵفرەوانییەوە نەک کۆپییەک لە وەرگێردراوە کوردییەکەی ئەو هۆنراوەیەی دامێ کە بۆخۆی پێداچوونەوەی وێژەییشی بۆ کردبوو، بەڵکوو کۆپییەکی ڕازاوەی دەقە ڕەسەنەکەشی پێشکەش کردم و ڕێگەشی پێ دام تاکوو ڕادەستی کۆمەڵەی ئاسیایی فەرانسای بکەم کە بێگومان دەبێتە مایەی دڵخۆشیییان و کۆکراوە دەگمەن و بێهاوتاکانی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەو کۆمەڵەیە دەوڵەمەندتر دەکات»[۶۶]. «پ.ئا. چیخاچێڤ، دەستنووسی بە بێژەنووسییەوە دەگەڵ وەرگێردراوە فەرانسییەکەی، چاپ و بڵاو کردەووەتەوە[۶۷].

«ئا.ئۆ. مووخلینسکی»، پرۆفیسۆری زانکۆی سان پیتەربوورگ هەر لە کۆنەوە پەیوەندیی دەگەڵ «ئا.د. ژابا» هەبووە و زۆر بە باشی ئاگاداری کارەکانی لە تورکیا بووە. «ئا.د. ژابا» لەبەر مەترسیی ون بوون و لەنێوچوونی دەستنووسەکان لە کاتی ناردنیان بۆ پیتەربووگ، لە ساڵی ۱۸۵۹دا، لە ڕێگەی «ئا.ئۆ. مووخلینسکی»یەوە دەستنووسی ڕێزمانەکەی «عەلی تەرەماخی» ڕەوانەی پیتەربوورگ دەکات. پاشان «ئا.ئۆ. مووخلینسکی» چەندین جار دەستنووسە کوردییەکانی دەگەڵ خۆی لە تورکیاوە هێناوەتەوە ڕووسیا. کوڕی «ئا.د. ژابا»، «ئالفۆنس» کە لەلای «ئا.ئۆ. مووخلینسکی» لە زانکۆی سان پیتەربوورگ دەیخوێند، زۆر بەڕێکوپێکی وانەکانی مامۆستاکەی سەبارەت بە وێژەی عوسمانی نووسیوەتەوە کە ئێستاش لە ئەرشیڤی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادیمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد پارێزراون. «ئا.د. ژابا» لە ساڵی ۱۸۶۹دا کاتێک لە «سمیرنا» «ئا. ئۆ. مووخلینسکی» سەردانی کردووە، زۆر بە تێرادیوییەوە داوای لە مامۆستای کوڕەکەی کردووە ئەو بڕە پارەیەی کە کتێبخانەی گشتیی ئیمپراتووری بۆ کۆی دەستنووسەکانی بۆی تەرخان کردووە،

بۆی وەربگرێ و بریکارنامەیەکی فەرمیی پێ داوە. «ئا.ئۆ. مووخلیسکی» ڕێنموونی «ئا،د، ژابا»ی کردبوو کە دەستنووسە کوردییەکانی کۆبکاتەوە و ساڵانە بۆ «ئا.ف. بچکۆڤ»، یاریدەدەری بەڕێوەبەری کتێبخانە و ڕاگری بەشی دەستنووس و کتێبە کۆنەکانی ڕەوانە بکات. «ئا.د. ژابا» هیوادار بوو، کۆکراوە دەستنووسە کوردییەکانی کتێبخانەی گشتیی ئیمپراتووری پڕ بکات لەو دەستنووسانە، بەڵام بەداخەوە ڕێژەیەکی زۆری ئەو دەستنووسانە ڕەنگە لە ئەرشیڤەکەی لە «سمیرنا» بەجێ مابن.

سەبارەت بە دواین ساڵەکانی ژیانی «ئا.د. ژابا» هیچ زانیارییەکمان نییە؛ نامەکانی بۆ ئاکادیمیای زانستیی ئیمپراتووری لە ساڵی ١٨٨٠دا کۆتاییيان پێ هاتووە (پاش چاپ و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی- فەرەنسی). وێدەچێ «ئا.د. ژابا» بەهۆی تەمەنییەوە وازی لە کاری زانستی هێنابێت. بەتایبەت، پاش کۆچی دواییی «ب.ئا. دۆرن» و «پ.ئی. لێرخ»، چیتر پەیوەندیی بە ئاکادیمیای زانستیی ئیمپراتوورییەوە نەگرتووە و ڕەنگە وەرگێڕانی «مێژووی نوێی کوردەکان»یشی هەر تەواو نەکردبێ.

«ئا.د. ژابا» لە ٣ی جەنیوەری ساڵی ١٨٩٤ لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا لە شاری «سمیرنا» لە کۆڕی دۆستانی نزیکیدا، کۆچی دوایی دەکات. پێش مردنی تکا لە خزمەکانی دەکات چاویان بە هاوسەر و منداڵەکانییەوە بێت، هەروەها ڕوو لەو خوشکە ڕەبەنەی دەکات کە پێی ڕاگەیشتووە و دەڵێ: «چاوت لێیە هاونیشتمانییەکەت چۆن لە وڵاتێکی بیانی کۆچی دوایی دەکات.»[٦٨]؛ دوایین داواشی لە منداڵەکانی ئەوە بووە کە لە ئاست ڕووسیادا بەئەمەک بن. هەواڵی کۆچی دوایی «ئا.د. ژابا» بەوپەڕی کەسەرەوە لە شاری «سمیرنا» دەنگی داوەتەوە. لە ڕۆژنامەکاندا، سەبارەت بە چالاکی و خزمەتەکانی کۆنسوولی پێشووی ڕووسیا گەلێک بابەت بڵاو بووەتەوە. بۆ نموونە نووسراوە: «ژابا یەکێک لە مرۆڤە هەرە درەوشاوەکانی سمیرنا بووە». ڕۆژێک دواتر، بە بەشداریی کۆنسوولی گشتیی ڕووسیا، ئەفسەرانی کۆنسوولخانەی گشتی و کەسایەتییەکانی شار، ڕێوڕەسمێکی شایستە بۆ بە خاک سپاردنی بەڕێوە چووە. بە فەرمانی فەرمانداری ناوچەکە، بە ڕێوڕەسمی سەربازی، پێشوازی لە تەرمی کۆنسوولی پێشووی ڕووسیا لە تورکیا کراوە و بەماڵاواییی سەربازی بە خاک سپێردراوە.

«ئا.د. ژابا» بیرمەندێکی فرە زانا بووە، بە ئاخافتن و نووسین، دەسەڵاتی بەسەر گەلێک زمانی ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتییەوە هەبووە، لەوانەش: زۆر بە باشی عەرەبی، فارسی و کوردیی زانیوە. مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ لەو توانا بەرفرەوانەی کە «ئا.د. ژابا» لە زماندا هەیبووە. جگە لەمە، «ئا.د. ژابا» بە کۆکراوەی سککەکانیشی بەناوبانگ بووە؛ هەروەها کۆمەڵێک میداڵیای زۆر بەنرخی کۆکردبوونەوە کە چەند ساڵێک پێش کۆچی دوایی، بە مۆزەخانەی پیتەربوورگی بەخشیوە.

چالاکییەکانی «ئا.د. ژابا»، وەک کۆنسوول، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات، زۆر بەڕێز و پێزانینەوە هەڵسەنگێندراوە. بۆیە لە مانگی ئووتی ساڵی ١٨٤٦دا، بەبۆنەی ١٥ ساڵ خزمەتی بێ وچان و ئەمەکدارانەی، خەڵات کراوە. (دواتریش ٥ ساڵ بە ٥ ساڵ و بەبۆنەی ٢٠ و ٢٥ ساڵەی خزمەتەکانی، میداڵیای وەرگرتووە). لە مانگی جوونی ١٨٥٢یشدا، شایستەی وەرگرتنی میداڵیای پلە دووی «سەنت ئاننا»ی ئیمپراتووری بووە. لە مانگی جەنیوەری ساڵی ١٨٥٨، سوڵتانی تورک بە بۆنەی خزمەتی پاک و بێگەردی وەک کۆنسوولی ڕووسیا، مێداڵیای «مەجیدی»ی پلەی سێی پێ بەخشیوە؛ لە مانگی جەنیوەری ساڵی ١٨٦٥یشدا، بە بۆنەی خزمەت و ئەمەکداریی بۆ فەرانسا، میداڵیای

«لێژیۆن دوێنێر»، بەرزترین نیشانی فەڕانسای وەرگرتووە. «ئا.د. ژابا» پاش خانەنشین بوونی، ڕێگەی پێ درابوو بە جلوبەرگی فەرمیی دوایین پۆستی، دەرکەوێ.

ناوی «ئا.د. ژابا» وەک کۆکەرەوەی ماندوویی نەناسی دەق و بەڵگە کولتوورییەکانی کورد، بۆ هەمیشە چووەتە نێو مێژووی کوردناسانی ڕووسیاوە. ئەو بابەتانەی کە «ئا.د. ژابا» نووسیونی، هەنووکە بوونەتە کەرەسەی بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و ئێتنۆگرافیی کورد. فەرهەنگە کوردی- فەرانسییەکەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ (تاکوو ساڵی ١٩٦٠ و دەرکەوتنی فەرهەنگەکەی «ک.ک. کوردۆیڤ»)، تەنیا سەرچاوەی بەردەستی ئێمە بووە بۆ زمانی کوردی. بە بێ کۆمەڵە کۆکراوە گرانبەهاکانی «ئا.د. ژابا»، ئێمە هیچ دەستنووسێکی کوردیمان لەبەر دەستدا نەدەبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە وێژە، فۆلکلۆر، زمان، ئێتنۆگرافی و مێژووی کورد. کوردناسیی نیشتمانیی ئێمە هەمیشە دەینداری «ئا.د. ژابا»یە بۆ ئەو بابەتە دەوڵەمەندانەی کە بۆمانی بەجێهێشتووە.

## پەراوێز

١. لە زۆربەی نووسراوە کوردییەکاندا بە «ئەلێکساندر ژابا» ناو براوە- وەرگێڕ.

٢. [بێجگە لە] کورتە زانیارییەک سەبارەت بە ئا.د. ژابا، لەو بەرهەمانەدا: م.ب. ڕودێنکۆ، کۆزانیاری سەبارەت بە دەستنووسە کوردییەکانی «کۆکراوەکانی لێنینگراددا»، مۆسکۆ، ١٩٦١، ل. ٣؛ ئەحمەد خانی. مەم و زین. دەقی ڕەخنەیی، وەرگێڕان، پێشەکی و خشتەی ناوەکان، م.ب. ڕودێنکۆ. مۆسکۆ، ١٩٦٢، ل. ٦؛ لە وتاری: ک.ک. کوردۆیڤ «ئا.د. ژابا و دەوری لە گەشەسەندنی کوردناسیدا. ـ [گۆڤاری] ڕێیا تازە. یەرەڤان، ١٩٧٣/٠٢/١٠ (بەزمانی کوردی)،

٣. پێش ساڵی ١٩١٨، «ڤیلنا»؛ لە ١٩١٩- ١٩٣٩، «ڤیلنا»؛ دواتر بووەتە «ڤیکنۆس»، ئێستا پایتەختی وڵاتی سەربەخۆی «کۆماری لیتوانیا»یە- وەرگێڕ.

٤. ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، فۆندی □□ ،□□□، لیستەی ٤٦٤، تاقە دەق ١٣٣٠، ل. ٢. لە درێژەی ئەو وتارەدا بۆ زانیارییەکانی ژیانی ئا.د. ژابا، کەڵک لە ڕۆژنامەی «Courrler da Smyrne». ١٨٩٤/٠١/١٠، ل.١، وەرگێراوە کە لە ئەرشیڤی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد ، ڕەفی ٣، لیستەی ١، تاقە دەق ١١، پارێزراوە.

٥. ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، فۆندی □□ ،□□□، لیستەی ٤٦٤، تاقە دەق ١٣٣٠، ل. ٢.

٦. لە دەقەکەدا dragoman (□□□□□□□□) هاتووە کە هەمان «ترجمان»ی عەرەبی‌یە و لە سەردەمی عوسمانیدا، لە زمانە ڕۆژاواییەکاندا، بۆ وەرگێڕی نوێنەرانی وڵاتانی ڕۆژاوایی بەکار هاتووە و باو بووە- وەرگێڕ.

٧. بە یونانی «سمیرنی»، ناوی پێشووی شاری «ئیزمیر»ی تورکیا و شارێکی کەوناری یۆنانی بووە کە شوێنەوارە وێرانکراوەکەی کەوتووتە نزیک شاری «ئیزمیر»ی تورکیا، ناوی «ئیزمیر»یش هەر بەگوێرەی ئەو ناوەوە هاتووە- وەرگێڕ.

٨. ١٨٥٨-١٩٧٩ Wassili Ossipowitsch Bebutow.- وەرگێڕ.

٩. هەر لە کۆنەوە و لە سەردەمی عوسمانیدا، لە ڕووسیا ئەو وڵاتە بە «□□□□□□ تورتسیا»، واتە تورکیا، ئاماژەی پێ کراوە، ئەوەش لە واتای پۆلەنیی « Turcjaتورتسیا»وە وەرگێراوە کە ئەوەش بە زمانی لاتینیی نوێ، بە دەوڵەتی عوسمانی گوتراوە (سەرچاوە: واتا جوگرافییەکانی جیهان. فەرهەنگی تۆپۆنۆمی، مۆسکۆ، ٢٠٠٢، ل. ٥١٢) .- وەرگێڕ.

١٠. ١٨٠٥-١٨٨١ Johannes Albrecht Bernhard Dorn ئاڵمانی، ڕۆژهەڵاتناس، مێژوونووس، ئێرانناس، زمانناسی زمانە سامییەکان، ئەندامی ئاکادێمیای زانستیی ئیمپڕاتوریای ڕووسیا- وەرگێڕ.

١١. ١٨٢٨-١٨٨٤ Peter Ivanovich Lerch ڕۆژهەڵاتناس، شوێنەوارناس. پەڕتووکناس و سکەناسی ڕووس کە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە زمانی کوردی بەناوبانگن- وەرگێڕ.

١٢. ئەرشیڤی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد، ف. ٧٧٦، لیس. ٢. ژمارە ٩٠، ل. ٤. هەروەها: نامە وەرگێڕدراوەکانی ئا.د. ژابا لە زمانی فڕانسییەوە، مووسایلییان.

١٣. ئەرشیڤی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد، ف. ٧٧٦، لیس. ٢. ژمارە ٩٠، ل. ٧- ٨.

١٤. ئەو دابەشکردنە یەکەم جار لە لایەن سیبوەیە بۆ زمانی عەرەبی دانراوە کە هەمان «نەحو»ە و ڕستەی بە «اسم»، «فعل» و «حرف» دابەشکردووە- وەرگێڕ.

١٥. ئەرشیڤی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد ، ف. ٧٧٦، لیس. ٢. ژمارە ٩٠، ل. ٩.

١٦. ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، فۆندی □□ ،□□□، لیستەی ٤٦٤، تاقە دەق ١٣٣٠، ل. ٥٢.

١٧. Transcription.- وەرگێڕ.

١٨. ئەرشیڤی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد، ڕەفی ١، لیستەی ٦، تاقە دەق ٧٨(a)، ل. ٢.

١٩. ئەرشیڤی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد ، ف. ٢، لیس. ١٨٦٥-١، ژ. ٢٠، ل. ٢٢.

٢٠. نڤیسیار= ڕێداکتۆر .- وەرگێڕ.

٢١. A.Jaba. Bacuail›de noticaa et recita kourdes. S.-Pbg., I٨٦٠, ١٦٨ p.

٢٢. ١٨٥١ -١٨٥٨ John George Taylor، کارمەندی

«کۆمپانیای هیندی شـــەرقی» و کۆنسوولی بەریتانیا بووە لە بەسرە، هەروەها کونسوولی گشتیی بووە لە کوردستان. لە ساڵی ١٨٥٩ لە دیاربەکر و ئەرزەرۆم ژیاوە. لە ســاڵی ١٨٦٦، یەکەم بیانی بووە کە ڕێگەی پێ دراوە ســەردانی درسیم بکات. دەیان بابەتی سەبارەت بە گەشـــتەکانی لە کوردســـتان، لە گۆڤاری Journal of the Royal Asiatic Societyدا، بڵاو کردووەتەوە- وەرگێڕ.

٢٣. ئەرشـــیفی کتێبخانـــەی گشـــتیی دەوڵەتـــی بەنـــاوی م.ی. ســـاڵتیکۆڤ- شـــێدرینا، ف. ١- ســاڵی ١٨٦٨، دۆســـیەی ژ. ١٦، ســەبارەت بە دەوڵەتیکردن و ڕادەستکردنی کۆکراوەی دەستنووسە کوردییەکانـــی ژابـــا، ڕاوێـــژکاری کارای دەوڵەت، بـــە کتێبخانەی گشتیی، ل.١.

٢٤. ئەرشیفی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد، ف. ٢، لیس. ١٨٦٥، ژ. ٢٠، ل. ٦.

٢٥. هەمان. ف. ٢، لیس. ٢، ژ. ٩٠، ل. ١١.

٢٦. هەمان.

٢٧. هەمان. ف. ٢، لیس. ١٨٦٥-١. ژ. ٢٠، ل. ٥.

٢٨. هەمان.

٢٩. هەمان. ل. ٨.

٣٠. هەمان. ل. ٦.

٣١. هەمان. ل. ٨.

٣٢. هەمان. ف. ٧٧٦، لیس. ٤. ژ. ٧.

٣٣. لە ســـەردەمی دەســـەڵاتی ئیمپراتوریای تیزاری ڕووســـیادا، بەرپرســـان و فەرمانبەرانی باڵای دەسەڵات بە ١٤ پلە پۆلێنبەندی کرابـــوون کە باڵاترینیان پلـــەی یەکەم بووە. «ڕاوێـــژکاری کارای دەوڵەت» پلەی چوارەمی هەبووە- وەرگێڕ.

٣٤. ئەرشیفی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد، ف. ٧٧٦، لیس. ٢، ژ. ٩٠، ل.١٢.

٣٥. هەمان.

٣٦. هەمان. ف. ٢. لیس. ١٨٦٥-١، ژ. ٢٠، ل. ٥٢- ١٠١.

٣٧. هەمان. ف. ٧٧٦، لیس. ٤. ژ. ١٠، ل. ٢.

٣٨. هەمان.

٣٩. ســـەبارەت بەو هەڵبەســـتەی مەلا مەحموود بایەزیدی، بڕوانە: وتاری ی.ئی. ڤاســـیلیێڤا «بەرهەمێکی ونبوو سەبارەت بە مێژووی کوردســـتان». ـ [گۆڤاری] یادگارییە نووســـراوەکان و پرســـەکانی مێژووی کولتووریی گەلانی ڕۆژهەڵات بەشی ٣، ١٩٦٧، ل. ٨- ١٠.

٤٠. ئەرشیفی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد، ف. ٧٧٦، لیس. ٤. ژ. ١٠، ل.٢.

٤١. هەمان. ف. ٢، لیس. ١٨٦٥، ژ. ٢٠، ل. ١٨.

٤٢. هەمان. ل. ١٠٧.

٤٣. هەمان. ل. ٢٣.

٤٤. هەمان.

٤٥. هەمان.

٤٦. هەمان.

٤٧. هەمان. ل.١٨.

٤٨. هەمان. ل. ٢٦.

٤٩. هەمان. ل. ٢٥.

٥٠. هەمان. ل. ٢٠.

٥١. هەمان. ل. ١٨.

٥٢. vowel length- وەرگێڕ.

٥٣. ئەرشیفی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد، ف. ٧٧٦، لیس. ٤، ژ. ١٠، ل. ٢١.

٥٤. هەمان. ل. ١٩.

٥٥. Ferdinand Justi ١٨٣٧- ١٩٠٧ زمانـــەوان، زمانناســ، ڕۆژهەڵاتنـــاس، هونەرمەنـــدی ئاڵمانـــی و مامۆســـتای زانکـــۆی ماربوورگ- وەرگێڕ.

٥٦. -A.Jaba. Bictionnalre kuirde- français. . S Pbg., ١٨٧٩, ٤٦٣ p.

٥٧. ئەرشـــیفی کتێبخانـــەی گشـــتیی دەوڵەتـــی بەنـــاوی م.ی. ســـاڵتیکۆڤ- شێدرینا، ف. ١، ســـاڵی ١٨٦٨- ١، دۆسیەی. ژ. ١٦ ســـەبارەت بە دەوڵەتیکردن و ڕادەستکردنی کۆکراوەی دەستنووسە کوردییەکانـــی ژابـــا، ڕاوێـــژکاری کارای دەوڵەت، بـــە کتێبخانەی گشتیی، ل.١.

٥٨. بـــۆ زانیاری زۆرتر ســـەبارەت بـــە ڕادەســـتکردنی کۆکراوەی دەستنووســـە کوردییـــەکان، بڕوانە وتـــاری ژ.س. مووســـائیلییان «مێژووی کۆکراوەی دەستنووسە کوردییەکانی کتێبخانەی گشتیی دەوڵەتی». گۆڤاری «یادگارییە نووســـراوەکان و پرسەکانی مێژووی کولتووریی گەلانی ڕۆژهەڵات» ١٩٩٠، بەشی ٢٣، ل. ٦٣- ٧٠.

٥٩. ڕاپۆرتی کتێبخانەی گشـــتیی دەوڵەتی بۆ ساڵی ١٨٦٨، سان پیتەربوورگ، ١٨٦٩، ل. ١٥٩- ١٦٧.

٦٠. م.ب. ڕودێنکۆ کۆکراوەکەی ئا.د. ژابا (دەستنووسە کوردییەکان) بەرهەمەکانی کتێبخانەی گشـــتیی دەوڵەتیـــی بەناوی م.ی. م.ی. ســـاڵتیکۆڤ- شـــێدرینا. لێنینگراد، ١٩٥٧، بەرگـــی ٢، ل. ١٦٥- ١٨٤؛ زانیاری سەبارەت بە دەستنووسە کوردییەکانی کۆکراوەکانی لێنینگراد. مۆسکۆ، ١٩٦١، ل. ١٢٤.

٦١. م.ب. ڕودێنکۆ. زانیاری سەبارەت بە دەستنووسە کوردییەکانی ... ل. ١١٤.

٦٢. ئەرشیفی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد، ف. ٧٧٦، لیس. ٢، ژ. ٩٠، ل.١٤- ١٥.

٦٣. هەمان. ل. ١٦.

٦٤. پ.ئا. چیخاچێڤ. نامەگەلێک ســـەبارەت بە تورکیا. مۆســـکۆ، ١٩٦٠، ل. ٣٧.

٦٤. «ســـیاکمەد» هەڵەی دەقە ڕووسییەکەیە. «سیامەند» ڕاستە و «شەمســـێ»، «شەمســـێ»یە. مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کتێبی «چـــل حیکایەت» و لە «حیکایەتا ســـێزدێ»دا، باســـی تراژێدیای ئەڤینداری «ســـیامەند و شەمســـێ» دەکات و لـــە کۆتاییدا دەڵێ «ئەســـتران ل وان گرێدایە و ئەلئان ئەو ئەســـتران و قسســـەیا وان دنێڤا ئەکرادان دا مەشـــهوورە و حیکایەت خوانێد د مەجلســـاندا نەقل دەکەن. لاکین ئسترانێد وان ژی دەگەل دەبێژن قەوی زێدە حەزینە و گرییێ مرۆڤان تێنن» (حیکایەتا سێزدێ - چل حیکایەت vejin.net)- وەرگێڕ.

٦٦. پ.ئا. چیخاچێڤ. نامەگەلێک ســـەبارەت بە تورکیا. مۆســـکۆ، ١٩٦٠، ل. ٣٧.

٦٧. A. Jaba) Ballade kurde recueillie et) traduite par A.Jaba et communiqu□e par de s□r, ٥ ,١٨٥٩ .Tchihatchaff. - Journal Asiatique .t. XIV , p ١٥٣-١٦٦.

٦٨. ئەرشیفی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئاکادێمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە لێنینگراد، بەشی ٣، لیس. ١، تاقە دەق ١١، ل. ١.

# سەد ساڵی سیڤەر:*

## مافی دیاریکردنی چارەنووس و کوردەکان[١]

لوقمان ڕادپێی[٢]

و: شاهۆ بادینی

لە ڕۆژی ١٠ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٢٠دا ڕێک لە سەدەیەک لەمەوبەر چارەنووسی سیاسیی نەتەوەی کورد و وڵاتەکەی واتە کوردستان، کەوتە ناوەندی سەرنجەکانەوە بەتایبەتی پاش ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمان، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی پشتیوانییان لە مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس کرد. سەرۆک کۆمار ویلسۆن ١٤ خاڵی لە ژانڤییەی ١٩١٨ سەبارەت بە ئاشتیی جیهانی نووسی: «ئەو بەشە تورکانەی ئیمپراتووریی عوسمانیی ئێستا دەبێت مافی دەسەڵاتداریتییان بۆ دابین بکرێت و بەڵام بۆ نەتەوەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ئێستای تورکەکان گەرەنتیی ئەمنییەتی گیانی و دەرفەتی جیا لە دەستێوەردان بۆ گەشەسەندنی سەربەخۆ بدرێت. لە ڕۆژی ٩ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨دا، فەڕەنسا و بریتانیا لە ڕاگەیێنراوێکی هاوبەشدا بەڵێنی ڕزگاریی تەواو و کۆتاییيان بەو خەڵکە دا کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن تورکەکانەوە سەرکوت دەکران و ئەوەش لە ڕێگەی حکوومەت و ئیدارەی تایبەت بە خۆیانەوە دەستەبەر دەکرا. ئەم ڕێوشوێنگەلە کاتێک دامەزرا کە بڕیار بوو نەتەوەکان بە ویست و خواستی ئازادانەی خۆیان سەبارەت بە پرەنسیپەکانی دیاریکردنی مافی چارەنووس، کردەوەیان هەبێت.[٣]

لەگەڵ ئەوەی بەپێی گرێبەستگەلی ئاشتی، چەندین وڵات سنوورەکانیان دابین کران بێ ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ خەڵکەکانیان بکرێت، لەبەرانبەردا لە وڵاتانی ئەورووپی سنوورەکان بەپێی هێڵە نەتەوەییەکانیان دامەزران. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ دەستەبەر بوونی دەسەڵاتداریتی لە کردەوەدا چەمکێکی ئەورووپی تەوەر بوو، لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مانای خۆبەڕێوەبەری بوو نە ئەو شێوازە لە دەوڵەتداریتییەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە فەرمی ناسراوە. ئاکامی ئەوەش بوو بە جیاوازییەکی حاشاهەڵنەگرە لە نێوان جۆرەکانی دیاریکردنی چارەنووس لەو ناوچانەی کە لە ژێر کاریگەریی شەڕدا بوون و تا ئەوڕۆش هەر بەردەوامە و ئەم خاڵە دەخاتە ڕوو کە نەتەوە بوونی هەندێک لە گەلان لە بەرانبەر ئەوانی دیکە ڕەواییەکی کەمتری هەیە. تا ساڵی ١٩٢٠ تێگەیشتن لە دیاریکردنی چارەنووس تەنیا وەکوو دیاردەیەکی ناوخۆیی لە ناو دەوڵەتەکاندا دەبینرا و کەمینەکان مافی ئەوەیان پێ دەدرا تاکوو شوناسی جیاوازی خۆیان لە ڕێگەی گەرەنتی کردنی مافە زمانی، کەلتووری و ئایینییەکانەوە هەبێت. بەڵام دەسەڵاتداریتیی تەواویان پێ نەدەدرا. مافی کەمینەکان لە پەیمانی کۆمەڵگای نەتەوەکان جێگیر بوو و ئەوەش ئاکامی ئەو پاشەکشەیە لە دەسەڵاتی دیاریکردنی چارەنووس بوو. لەبەرانبەردا، پرەنسیپی دیاریکردنی چارەنووس لە ناو پەیمانی کۆمەڵگای نەتەوەکان جێگیر نەبوو. لەجیاتی ئەوە، سیستەمی سەرپەرشتی جێگیر بوو و دامەزرا و بەپێی ماددەی ٢٢ بەرپرسیارێتیی «ئەو گەلانەی ئێستا توانایی بەڕێوەبەریی خۆیان نییە»، بە «نەتەوە پێشکەوتووەکان» دەدرێت. دیاریکردنی چارەنووس، بوو بە پرەنسیپێک کە تەنیا بۆ هەندێک نەتەوە بەپێی پێوەرە ڕەگەزی، ئایینی و کەلتوورییەکان جێبەجێ کرا.

## گرێبەستی سیڤەر (١٩٢٠): بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس

کوردەکان بە شێوەیەکی چالاک لە کاتی گرێبەستی زەهاو (قەسری شیرین) لە ساڵی ١٦٣٩دا کە ناوچەی کوردستان بە ئیمپراتۆرییەکانی پارس و عوسمانییەوە لکا، بەدوای ساز کردنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی سەربەخۆی کوردستانەوە بوون. گرێبەستی شاراوەی سایکس-پیکۆ (١٥، ١٦ مەی ١٩١٦)[٤] لە نێوان بریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیای

تێزاری، سنوورگەلێکی نوێی بۆ خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهێنا؛ گەرچی ئەم سنوورگەلە نە لەلایەن ئەمریکا و نە لە لایەن بۆلشویکەکانەوە بە فەرمی نەناسرا. بەپێی ئەو گرێبەستە، کوردستان لە نێوان ناوچە ئیدارییەکانی بریتانیا، فەڕەنسا و ڕووسیا و هەروەها ناوچەی پارس دابەش کرا[۵]. لەگەڵ پاشەکشەی ڕووسیا لە خواستەکانی خۆی و بە دوای ڕێکەوتنی ۲۳ی دێسەمبری ۱۹۱۷ لەنێوان فەڕەنسا و بریتانیا، کوردستان وەکوو ناوچەی «ژێر دەسەڵاتی بریتانیا» بە بریتانیا درا[۶].

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، لە کۆنفرانسی نێوان دێپارتمانی ۲۳ی فێڤرییەی ۱۹۲۰، فەڕەنسا پێشنیاری «دابەش کردنی کوردستان لەنێوان بریتانیا و فەڕەنسا ... و پێکهێنانی سازمانێکی فیدێراڵ»ی کرد[۷]. بەڵام بە هۆی نەبوونی کۆدەنگی لەلایەن دەوڵەتی بریتانیا، لۆرد کۆرزن، سەرۆکی کۆنفرانس هاتنە دەرێی بریتانیای لە کوردستان ڕاگەیاند، و لەگەڵ هاتنەدەرێی تورکەکان لە گشت «ناوچە کوردییەکان» ڕێگا بۆ «پێکهێنانی کوردستان وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ» خۆش بوو. لەم کۆنفرانسە ڕاگەیێندرا «بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە داهاتووی کوردستان، پێوەندیی بە ئاکامی کۆنفرانسی ئاشتی [پاریس]ەوە هەیە»[۸]. ئاکامی ئەو کۆنفرانسە واژۆ کردنی گرێبەستی سێڤەر لە ۱۰ی ئاگۆستی ۱۹۲۰ لەلایەن ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە بوو[۹]. خاڵی ژمارە ۶۲ی گرێبەستەکە (بەشی ۳، کوردستان) دەسەڵاتی هەرچەشنە گۆڕانێک لە سنوورەکانی عوسمانیی بە کۆمیتەی نوێنەرانی بریتانیا، فەڕەنسا، ئیتالیا، پارس و کورد دەدا. هەروەها ئەو خاڵە دەسەڵاتی ئەوەی دابوو بە کومیتەیەکی تر تاکوو لە ماوەی ۶ مانگدا «پلانی خودموختارییەکی ناوچەیی بۆ ناوچە زۆرینە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات، سنوورە باشوورییەکانی باشووری ئەرمەنیا،...، و باکووری سنووری تورکیا لەگەڵ سوریا و میزیوپۆتامیا ئامادە بکەن...»[۱۰] لە خاڵی ژمارە ۶۳دا تورکیا قەبووڵی کرد «لە ماوەی ۳ مانگدا بڕیارەکانی هەر دوو کۆمیتەکە قەبووڵ بکات و ئەنجامی بدات»[۱۱].

بەپێی خاڵی ۶۴، لە ماوەی ساڵێکدا پاش جێبەجێ بوونی بێئەملاوئەولای گرێبەستەکە، کوردەکان لە ئەگەری خواستی خۆیان و وەرگرتنی ڕەزامەندیی شۆڕای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، «لە تورکیا سەربەخۆ» دەبوون[۱۲]. لەگەڵ چاوپۆشیی تورکیا لە «ماف و ئیدیعاکانی سەبارەت بەو ناوچەگەلە» کوردەکان دەیانتوانی، ویلاتی موسڵ (کوردستانی باشوور) «بە دەوڵەتێکی کوردییەوە بلکێن»[۱۳]. ئەو گرێبەستە هەروەها تورکیا ناچار دەکات کە دەستبەرداری» سەرجەم یاساکانی دەسەڵاتدارێتی و یاساییی خۆی لەمەڕ ئەو موسوڵمانانەی ژێر دەسەڵات یا سەرپەرشتیی دەوڵەتانی دیکەیە» بێت[۱۴]. لەگەڵ ئەوە و بوونی بزووتنەوەگەلی نەتەوەخوازانە، کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات (لە پارسدا) لە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەبەرچاو نەگیران و هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بریتانیا بەپێی گرێبەستی ئانگلۆ-پێرشین لە ئاگۆستی ۱۹۱۹دا بەڵێنی بە ڕاگرتنی یەکەی نیشتمانیی وڵاتی پارس دابوو (کە پاشان وەکوو ئێران دەناسرێت) و ئەمەش دەرفەتی پێکهێنانی «کوردستانی یەکگرتوو»ی پووچەڵ کردەوە و هاوکات هێز و دەسەڵاتی بریتانیا بەسەر خاک و گومرک و سەرچاوە نەوتییەکانی ئێرانی پاراست. ناوچە دیاریکراوەکانی ناو ئەم گرێبەستە هەموو وڵاتی کوردستانی لەخۆ نەدەگرت و ناوچە کوردییەکانی سووریا و ئەرمەنیای تێدا نەبوو[۱۵]. هەروەها حکوومەتی لاوازی ئەستەمول، توانایی بەکردەویی کردن و ئەنجامدانی ناوەڕۆکی گرێبەستی سێڤەر نەبوو. نەتەوەخوازە تورکەکان قەبووڵیان کرد کە سێ

سنجاقی کوردی کە کوردستانی باکوور، «لە ئەگەری پێویست بوونی»، بە دەنگی خەڵک سەبارەت بە دۆخی خۆیان بڕیار بدەن[16]. لە نامەیەکدا لە ١٢ی مارچی ١٩٢١ بۆ تورکەکان، بریتانیا لە بانگەوازی پێشتری خۆی بۆ «دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی» پاشەکشەی کرد[17] و ڕایگەیاند «سەبارەت بە کوردستان و بە پێی دۆخی هەنووکەیی، بە مەرجی ئاسانکاری بۆ خودموختاریی ناوچەیی و پشتیوانیی تەواو لە بەرژەوەندیی کوردەکان، هاوپەیمانان ئامادەن پێداچوونەوە بە گرێبەستەکەدا بکەن»[18].

لە ئۆکتۆبری ١٩٢١، بریتانیا دامەزرانی حکومەتێکی عەرەبی لە عێراقی ڕاگەیاند. مانگێک دواتر، حکومەتی نەتەوەیی کاتیی عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی بریتانیا و لەگەڵ سەرۆکە خۆجێییەکانی کورد لە کەرکووک و هەولێر دامەزرا[19]. لە کۆنفرانسی قاهیرە (مانگی مارسی ١٩٢١) سەرپەرشتیی «ئانگلۆ-کوردی» ساز کرا و بەوپێیە کوردەکان کەمینەیەک لە ناو عێراق بە ئەژمار دەهاتن[20] تا کاتێک ئەوان لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێ هاوڕا دەبوون[21]. لە هەمان کاتدا، چرچیل و ئێدوارد نۆئێل بە توندی پشتیوانییان لە پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکرد.[22] نوئێل بەشێوەیەکی تاکتیکی کوتی «ئامانجی کوردستانی سەربەخۆ ئێستا بە سانایی دەتواندرێ بەدەست بێت» و هەروەها کوردەکانیش «فێدراسیونێک لەژێر چەتری پشتیوانیی بریتانیا»یان لە زەیندابوو کە نوێنەرە کوردەکان دەنگ بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێ بدەن[23]. نەتەوەخوازە تورکەکان لە چەند بەرەدا بەسەر هاوپەیماناندا سەرکەوتن[24]. فەرەنسا بەپێی گرێبەستی ئانکارا، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕادەستی تورکیا کرد[25]. ئاتاتورک و فەرەنسا لە ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٢١ سنووورە نوێیەکانیان دیاری کرد[26] و کوردستانی ڕۆژئاوا (ڕۆژئاوا) بوو بە بەشێک لە ژێر سەرپەرشتیی فەرەنسا لە سوریا. لە ١٠ی فێڤریەی ١٩٢٢، شۆڕای بڵیندی نەتەوەییی تورکیا «خودموختاریی بەپێی هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ نەریتە نەتەوەییەکانیان بە کورد دا»[27] بەڵام ئەم ئیدارە خودموختارە لە کردەوەدا هیچکات وەدی نەهات[28]. دەوڵەتی سووریا و لوبنان کەوتنە ژێر سیستەمی سەرپەرشتیی فەرەنسا[29]، عێراقیش کەوتە ژێر سیستەمی سەرپەرشتیی بریتانیا. لە ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٢٢، بریتانیا لە گرێبەستی هاوپەیماندا، ئەمیر فەیسەڵی وەکوو شای عێراق ناساند و عێراق لە ساڵی ١٩٣١دا سەربەخۆیی دەستەبەر کرد.

لە تورکیا کەماڵیستەکان پێملی گرێبەستی سیڤەر نەبوون و هاوپەیمانانیش بۆ بەڕێوەبردنی گرێبەستەکە هەوڵیان نەدا. بەپێی پەیمانی ئاشتیی مودانیا لە ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٢٢ لەنێوان بریتانیا و تورکەکاندا، بڕیار درا گرێبەستی سیڤەر دیسان لە لۆزاندا وتوویژی لەسەر بکرێت. کوردستان لە نارِوونی و دەستەوەستانیدا بوو. لە کاتی وتوویژەکانی لۆزان، تورکەکان هەر وەکوو پێشوو کوردیان وەکوو ئێتنیکێکی جیاواز پێناسە دەکرد بەڵام پاش ماوەیەک ئەم سیاسەتەیان وەلانا[30]. گرێبەستی لۆزان لە ٢٤ی جولای ١٩٢٣، تورکیای وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ بە فەرمی ناساند[31] و بە دوای گرێبەستی ئانگۆرا لە ٥ی ژوئەنی ١٩٢٦ لە نێوان بریتانیا، تورکیا و عێراق[32] سنووری نێوان عێراق و تورکیا دیاری کرا و موسڵ (کوردستانی باشوور) بوو بە بەشێک لە عێراق و دە لە سەدی سەرچاوە نەوتییەکانی بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ ڕادەستی تورکیا کرا[33]. لە ئاکامدا کوردستان بوو بە بەشێک لە وڵاتانی سەربەخۆی ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا و بەرژەوەندیی کورد و ئارمانجە گشتییە نەتەوەییەکانیان لەبەر چاو نەگیرا[34]. لەگەڵ پەیمان و بەڵێنەکان و گەرەنتییەکانی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە کە

لەلایەن شۆڕای کۆمەڵگای نەتەوەکانەوە دامەزرابوو، هێچ جۆرە مافێکی سیاسی یا کەلتووری لەم وڵاتانەدا بە کوردەکان نەدرا. سەرپەرشتیی فەرەنسا لە شام کۆتایی پێ هات و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە مافی کوردەکان، سووریا لە دەیەی ۱۹۴۰ سەربەخۆ بوو و لە ئاکامدا دیاریکردنی چارەنووس یا تەنانەتی حکوومەتێکی دێموکراتیک وەکوو خەیاڵێک مایەوە.

## دیاریکردنی چارەنووسی گەلان

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، هاوپەیمانان بە هۆکاری گرینگیی ئابووری و ستراتێژیکیی کۆلۆنییەکانیان، بایەخیان بە خواستەکان لەمەڕ دیاریکردنی چارەنووس نەدا. دیاریکردنی چارەنووس وەکوو دروشمێکی پووچەڵ بەلاڕێدا کێشرا و لە ڕێگەی سیستەمی سەرپەرشتییەوە، وەکوو ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی زێدەخوازی کەڵکی لێ وەردەگیرا. لە ڕاستیدا ئەوە هێز بوو چارەنووسی نەتەوەکانی تر و وڵاتەکانی دیاری دەکرد. بۆ هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە سنوورەکان، ڕەزامەندیی زلهێزەکان دیاردەیەکی گرینگ بوو. هاوکات کۆمیتەی یاسازانان و کۆمیسیۆنی ڕیپۆرتەرەکانی دورگەکانی ئەلەند، دیاریکردنی چارەنووسیان وەکوو نۆرمێکی یاسایی جیهانی بەفەرمی نەناسی و هۆکارەکەشی ئەوە بوو لە پەیمانی کۆمەڵگای نەتەوەکان ئاماژەی پێ نەکرابوو و ئەم چەمکە نەبوو بە «ڕێسایەکی یاسای نێودەوڵەتی»[۳۵]. لە بەرانبەردا، دیاریکردنی چارەنووس وەکوو «فۆرمولێکی ناڕوون و گشتی» و وەکوو چەمکێکی سیاسی بۆ جێبەجێ کردنی دادپەروەری و پاراستنی ئازادی پێناسە دەکرا[۳۶]. کۆمیتەی یاسازانان ئاماژەیان بەوە کرد کە یاسای نێودەوڵەتی، ئیزن بە گرووپە نەتەوەییەکان بۆ جیایی و سەربەخۆیی لە دەوڵەتەکان نادات[۳۷].

لەبەرانبەردا ئەو گرووپانە مافی دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆیی لە چوارچێوەی خودموختاری و خۆبەڕێوەبەرییان بۆ پاراستنی شوناسی جیاوازی ئێتنیکیی خۆیان هەیە و یا لە ڕێگەی گەرەنتیگەلی کاریگەرەوە شیاوی مافە دیارەکانی زمانی، کەلتووری و ئایینی هەن.[۳۸] ڕووداوەکانی کوردستان ئەوە بەڕوونی نیشان دەدات.

ئاکامەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی و دامەزرانی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بوو بە هۆکارێک بۆ گۆڕان دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی بەرەو دیاریکردنی چارەنووسی گەلان. ئەوە بەو مانایەیە کە چەمکی دیاریکردنی چارەنووس، دەبێت لە لایەن هەموو خەڵکی وڵاتێکەوە داوا بکرێت و تەنیا کەمینەیەکی یەکدەستی ئێتنیکی و کەلتووری ناتوانێ وەها خواستێکی هەبێت[۳۹]. لە ئاکامدا دیاریکردنی چارەنووس، ڕەهەندێکی تەواو خۆبەڕێوەبەرانەی بە خۆیەوە گرت. دەستپێکی دەیەی دووهەم لە ناوەڕاستی دەیەی ۱۹۵۰دا، چالاکییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆلۆنیالیزم هاوکات بوو. هاوکات خاڵی ژمارە ۱ی پەیمانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ۱۹۶۶ دیاریکردنی چارەنووسی لە پەرەنسیپێکی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بۆ پۆست کۆلۆنیالیزم گۆڕی کە تەنیا بەو وڵاتە داگیرکراوەکان دەدرا. بەڵام کوردەکان لەوەپێش لەنێوان وڵاتانێک کە داگیرکارییان تێیدا نەمابوو دابەش کرا و ئەوان پێگەیەکیان لە چوارچێوەی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم نەبوو و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕاوە کە ئەوان وەکوو وڵاتێکی جیا، واتە زێدێکی یەکگرتووی داگیرکراو، داگیر نەکرابوون. لەبەرانبەردا ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە، لەجیاتی ئەوان سەربەخۆ بوون و دەوڵەتیان پێکهێنا.

## ئەنجام

کوردەکان لە کۆتاییی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کاتێک کە دیاریکردنی چارەنووس وەکوو مافێکی یاسایی دانەڕێژرابوو، وەکوو نەتەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بە فەرمی ناسرابوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە سەربەخۆییی کوردستان بە شێوەیەکی نەرێنی، کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی هاوپەیمانان بوو و بەو هۆکارەش کۆمەڵگای نەتەوەکان چاوپۆشی لە پشتیوانی لە سەربەخۆییی کوردەکان کرد.

لە بەرانبەردا کوردەکان وەکوو کەمینە لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، عێراق، سووریا و تورکیادا دابەش کران و ئێستا وەکوو گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهان دەناسرێن. لە کردەوەدا کوردستان پارچەپارچە کرا و دەوڵەت-نەتەوە نوێیەکان بەبێ ڕەزامەندیی کوردەکان بەسەریاندا داسەپا. بەڵگە مێژوویی-یاساییەکان[۴۰] نیشان دەدەن کە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی سیڤەر لەلایەن بریتانیاوە، ڕۆڵێکی گرینگی لە دابەشبوونی کوردستاندا هەبوو و لە ئاکامدا سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت بۆ کورد قوربانی کرا و ئەوەش لە حاڵێکدایە کە مافی دەسەڵاتدارێتی بۆ وڵاتە ئورووپاییەکان بە تەواوی بە ڕەوا دەناسرێت و هاوپەیمانان چارەنووسی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دیاری کرد (بە واتەیەکی تر دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن بیانییەکانەوە دیاری کرا نە لەلایەن خودی نەتەوەکان). کوردەکان تەنانەت وەکوو کەمینەیەک کە مافی تایبەت بە خۆی هەیە بە فەرمی نەناسراوە و زۆربەی کات لە ناو حکومەتەکاندا بوونی نییە.

لەساڵی ۲۰۰۵دا و پاش هەشت دەیە سەرکوت لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە، یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە مافی ناوچەیەکی خودموختاری بە کورد دا کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبردرێت[۴۱]. لەو سێ وڵاتەی دیکە، کوردەکان لەگەڵ ئەوەی جیاوازیی ئێتنیکییان هەیە و بە ڕواڵەت وڵاتێکی یەکدەست نیشان دەدرێت، بە فەرمی نەناسراون. لە ئاکامدا کورد مافی بەشداریی کاریگەر لە کاروباری گشتی و بڕیاردان سەبارەت بە بابەتگەلێک کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەریان هەیە بێبەش کراوە.

دەکارکردنی یاسای دیاریکردنی چارەنووس، سەبارەت بە کورد دەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کورد میناکی گەلێکە کە بە هۆی وێکچوونە سەلمێنراوەکانی خۆی (واتە گەل بوون)، بەدڵنیاییەوە دەبێت لە مافی دیاریکردنی چارەنووس سوود وەرگرێت. دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆیی بۆ کورد وەکوو کەمینەیەک لە ناو چەند دەوڵەتدا، دەبێتە هۆکارێک بۆ سنووردار بوونەی خودموختاریی سیاسی و تەنانەت یەکگرتووییەکەشیان سنووردار بکرێتەوە. پشتیوانی نەکردن لە دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکان لە دەیەی ۱۹۲۰دا، جارێکی دیکە بە پشت تێ کردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆنفێدرالیزمی دیموکراتیکی ڕۆژئاوا[۴۲] لەبەرانبەر هێرشی تورکیا لە سەد ساڵی گرێبەستی سیڤەر دووپات بووەوە. ئەو شتەی ڕوونە ئەوەیە کە نەتەنیا زلهێزەکان، بەڵکوو ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە بە شێوازێکی شیاو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کورد نەکردووە. تاکوو ئەمڕۆ دۆخی یاساییی کورد بە فەرمی نەناسراوە و نکۆڵی لە مافی هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیان کراوە. ئەم پرسە هێزی ڕاستەقینەی پرەنسیپی یاسایی دیاریکردنی چارەنووس، دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

*. https://www.asil.org/insights/volume/24/issue/20/sevres-centennial-self-determination-and-kurds

## پەراوێز

١. بڵاڤۆکی کۆمەڵی ئەمریکی یاسای نێودەوڵەتی
٢. لوقمان ڕادپێی لێکۆڵەری ئاستی دۆکتۆرایە لە کۆلێژی یاسا لە

زانکۆی ئێدنیبرۆ و ئەندامی لێکۆڵەری ناوەندی یاسای نێودەوڵەتی و جیهانی ئێدینبرۆ لە شاری ئێدینبرۆ لە وڵاتی سکۆتڵەندایە. لێکۆڵینەوە سەرەکییەکەی سەبارەت بە یاسای نێودەوڵەتییە و لە ئێستادا جەختی لەسەر گەل بوون و کەمینەکان، دیاریکردنی چارەنووس، فێدرالیزم، کۆنفیدرالیزم و دەوڵەت بوون کردووە. لە ساڵی ٢٠١٣ەوە نووسراوەکانی سەبارەت بە دۆخی یاسایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی ڕۆژئاوا لە یاسای نێودەوڵەتیدایە. گرێبەستی کۆمەڵایەتی (کە وەکوو یاسای بنەڕەتیی ڕۆژئاوا دەناسرێت) یەکێکی تر لە بوارە گرینگەکانی لێکۆڵینەوەی لوقمان ڕادپێیە.


3. Mesopotamia, Memorandum by Sir Erle Richards to Lord Curzon (Jan. 1919), in Anita Burdett, Records of the Kurds: Territory, Revolt and National31-1979: British Documentary Sources 672 (vol 5. 2015). ism, 18
4. Though commonly referred to as an ‹agreement,› it was the outcome of several secret letters exchanged among the British, French and Russian Ministers of Foreign Affairs,
https://blog.nationalarchives.gov.uk/dividing-bears-skin-bear-still-alive-1916-sykes-picotagreement/.
5. Alan Palmer, The Decline and Fall of the Ottoman Empire 239-40 (1994).
6. Convention between France and England on the subject of activity in southern Russia, in Documents on British Foreign Policy, series I, vol III, at 369-70.
7. Minutes of an Inter-Departmental Conference on Middle Eastern affairs, Foreign Office (February, 23 1920), [L/PS/10/807], in Burdett, supra note 1, at 687-92.
8. Id.
9. Treaty of Peace with Turkey 1920, https://treaties.fco.gov.uk/awweb/pdfopener? md=1&did=63986
10. Id. art. 62.
11. Id. art. 63.
12. Id. art. 64.
13. Id.
14. Id. art. 139.
15. Maria O›Shea, Trapped between the Map and Reality: Geography and Perceptions of Kurdistan 10 (2004).
16. Lord Avebury, Self-Determination and International Law: The Kurdish Case, 7 Int›l J. Kur. St. 7, 9 (1994).
17. Robert Olson, Battle for Kurdistan: The Churchill-Cox Correspondence Regarding the Creation of the State of Iraq, 1921-1923, 5(1) Kur. St. 29, 40 (1992).
18. United Kingdom Foreign & Commonwealth Office Doc. No. FO 371/6467 E 3357.
19. Cecil J. Edmonds, The Kurds of Iraq, 11(1) Mid. Eas. J. 52 (1957).
20. United Kingdom Foreign & Commonwealth Office Doc. No. FO 371/6346, High Commissioner Mesopotamia to Secretary of State for the Colonies (June 12, 1921).
21. Avebury, supra note 15, at 10.
22. Saad Eskander, Southern Kurdistan under Britain›s Mesopotamian Mandate: From Separation to Incorporation, 1920-23, 37 Mid. Eas. St. 153, 155-6 (2001).
23. Note by the Political Department, India Office, ‹Kurdistan› (December 14, 1918) by Sir J.E. Shuckburgh, in Burdett, supra note 1, at 220, 524.
24. Peter J. Beck, ‹A Tedious and Perilous Controversy›: Britain and the Settlement of the Mosul Dispute, 191817 ,1926- Mid. Eas. St. 256 (1981).
25. David Fromkin, A Peace to End All Peace: The Fall of the Ottoman Empire and the Creation of the Modern Middle East 536-7 (2001).
26. Franco-Turkish 1921 Agreement, http://www.hri.org/docs/FT1921/.
27. Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880 1925 40 (1989).
28. David McDowall, Modern History of the Kurds 188 (2003).
29. Mandate for Syria and Lebanon, 1922, https://biblioarchive.unog.ch/detail.aspx?ID=128234.
30. McDowall, supra note 27, at 188.
31. Treaty of Peace with Turkey 1923, http://foto.archivalware.co.uk/data/Library2/pdf/TS0016.1923.pdf.
32. Treaty of Peace with Turkey 1923,
http://foto.archivalware.co.uk/data/Library2/pdf/TS0016.1923.pdf.
33. McDowall, supra note 27, at 146.
34. For Kurds in the Middle East and vicinity, see Professor Michael Izady›s Infographs, Maps, and Statistics Collection, https://gulf2000.columbia.edu/maps.shtml.
35. Report presented to the Council of the League of Nations by the Commission of Rapporteurs, LN Council Document b7/21/68/106 (April16, 1921).
36. Id.
37. Id.
38. Id.
39. Antonio Cassese, Self-Determination of Peoples: A Legal Reappraisal (1995).
40. Records of the Kurds: Territory, Revolt and Nationalism, 18311979- British Documentary Sources (2015), https://www.cambridge.org/gb/academic/archive-editions/history/middle-easthistory/
records-kurds-territory-revolt-and-nationalism-18311979-british-documentary-sources?format=HB.
41. See, e.g., Constitution of Islamic Republic of Iran (as amend. 1989),
https://en.parliran.ir/eng/en/Constitution; The Syrian Arab Republic Constitution of 2012,
https://www.ilo.org/dyn/natlex/natlex4.detail?p_isn=91436&p_lang=en; Constitution of the Republic of Turkey (as amend. 1995), https://www.anayasa.gov.tr/en/legislation/turkishconstiution/.
42. In 2018, Rojava changed its name to the Autonomous Administration of North and East Syria (AANES). See https://rojavainformationcenter.com/.

# ”هەڵسەنگاندن“

# ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد،

## بنیاتنانی نەتەوە و جینۆساید وەکوو بە شارستانی کردن و لە شارستانیەت خستن!

**ئیبراهیم سادق مەلازادە**



ئەم کتێبە، لە دوو توێــی ٢٥٠ لاپەڕەدا بەزمانی ئینگلیــزی، لەلایــەن چاپخانــەی لێکزینگتــن (Lexington)ی ئەمریکاییــەوە دەردەچێــت و لەبنەڕەتــدا تێــزی دکتۆرای نووســەرە. بەڵام بەدەســتکاری کردنەوە لەمانگــی پێنجی ٢٠٢١ دەکەوێتە بازاڕەوە.

چۆن بتوانین لە شاڵاوەکانی ئەنفال تێبگەین؟ ئایا کێشــەکە بەتەنیا لە شــاڵاوەکانی ئەنفالدایە، یان دۆســیەی جینۆســایدی کورد لە باشووری کوردســتان ئاڵۆزە و ڕەگوڕیشــەی قووڵی هەن؟ لێرەوە، دەســتپێک بۆ من ئاســان نەبوو. چەندە گەڕامە دواوە، ڕووداو لەدوای ڕووداو پرســی کورد و هەڵســوکەوتی حکوومەتی عێراقییــان ئاڵۆزتر دەکرد. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە هۆکارە بابەتییەکانی شــاڵاوەکانی ئەنفال هەوڵەکانم چڕ کردنەوە، ئاخۆ ئەو شاڵاوانە ئەنجامی ململانێی کورد بوون لەگەڵ حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، یاخود هــۆکارەکان زۆر لەوە گەورەتر و ڕیشــەدارترن و پەیوەندییــان بــە پێکهاتەی دەوڵەتــی عێراقەوە هەیە؟ لێرەوە دەبوایە دوو خاڵی سەرەکی شرۆڤە بکەم بۆ تێگەیشتن لەو ڕووداوانەی کە عێراق هەر لە ١٩٢٠ وەوە پێیدا تێپەڕیوە، لەپێناو گەیشــتن بە خاڵی بنەڕەتی، ئەویش پرۆســەی جینۆسایدی کوردە لە عێراق.

**یەکەم:** پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە عێراق و هەژموونی عەرەب بەســەر دەوڵەتــی عێراقدا. لە ئەنجامیشــدا پەراوێزخســتنی هەموو ئەوانەی عەرەب نین.

**دووەم:** پەرەســەندنی پــان ئەتنــۆ عەرەب ســەنتریزم. لە ئاکامیشــدا بووە هۆی دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم وەکوو نەخشەڕێگایەک بۆ پرۆسەی جینۆساید.

کە واتە ئێمــە لەبەردەم چەنــد چەمکێکی بنەڕەتــی داین کە پێویســتییان بە تێگەیشــتن هەیــە، لەوانەش: بیناکردنی دەوڵــەت نەتەوە لە عێــراق، هەژمۆنــی زۆرینە بەســەر کەمینەدا لە چوارچێوەی دروستبوونی «ئێمە و ئەوان»، پرسی سیســتمی سیاســی. هەروەها، ئاراستەی فیکری هەڵکەوتەی سیاسیی عەرەب، لە شافەیسەڵەوە بە هەردوو دیوی عەرەبیزم و سوننیزمەوە دەست پێ دەکات، تا بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی پان عەرەبیزم و لــە ئاکامیشــدا ئایدیۆلۆژیای بەعســیزم. کەی توانیمان لەو چەمکانە تێبگەین، ئەوســا بەئاسانی دەتوانیــن لەو پەیوەندییــە تێبگەین کە کورد بە عەرەبی عێراقەوە دەبەستێتەوە. ئەوسا بە تەواوەتی لە چەمکی جینۆسایدیش تێدەگەین. ئەوسا لەوە تێدەگەین کــە بنەڕەتی پەیوەندیی نێوان کورد و عــەرەب، وەک پەیوەندیی نێــوان کورد و فارس، کورد و تورک، پەیوەندییەکە کە لەســەر بنەمای جینۆساید دامەزراوە. بۆیە، لە حاڵەتی نایەکسانی و بــە پاشــکۆ کــردن و هەژمۆنی ئــەو نەتەوانە بەســەر کورددا، نەک هیچ مانایەک بۆ برایەتی لە ئارادا نییە، بەڵکوو ئەگەری جینۆســاید هەمیشە لەبەردەستە و مەترسیی ڕوودانی هەیە.

## چوارچێوەی تیۆری

لە ژینگــەی دوای جەنگی یەکەمــی جیهانیدا، پرۆســەی بە شارســتانی کــردن (Civilising Process) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتیش لە عێــراق، بەژمارەیەک گۆڕانکاریدا تێپەڕی. بۆیە لە چوارچێوە تیۆرییەکەیدا، جەخت لەســەر سێ ئاست کراوەتەوە:

**یەکەم:** پرۆسەی بە شارستانی کردن لە پەیوەندیی لەگەڵ نەتەوەسازی لە عێراقدا.

**دووەم:** بنەمــای ئەتنۆســەنتریزم لە چوارچێوەی عــەرەب ســەنتریزمدا گەشــەی کــردووە، کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەشێکە لێی.

**ســێیەم:** چوارچێوەی پرۆســەی لە شارســتانی خستن و پرۆسەی جینۆساید لە عێراقدا.

دیــارە کــە تــەواوی شــرۆڤەی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی تیۆریی «پرۆســەی بەشارستانیبوون» دا کراوە، کە لەلایەن کۆمەڵناسی گەورەی ئەڵمان، نۆربێرت ئەلیــاس، داهێنراوە. نۆربێرت ئەلیاس لە دووتوێــی کتێبێکــی نزیک بــە ٦٠٠ لاپەڕەییدا هــەر بەناوی «پرۆســەی بــە شارســتانیکردن»، لێکۆڵینەوەی لەســەر میکانیزمەکانی گۆڕانکاریی

مێـــژووی ئەوروپییەکان کردووە، لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتەوە تا دەگاتە جەنگی جیهانیی دووەم. ئەوەی لێکۆڵینەوەکـــەی نۆربێرت ئەلیاس دەکاتە لێکۆڵینەوەیەکی جیاواز، بەیەکەوە بەســـتنەوەی ڕەفتار و ئاکاری خەڵکە بە پرۆســـەی سیاســـی و سیستمی سیاسیی دەوڵەت و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەڕێـــی توندتیژییەوە هاتـــوون، تا دەگات بە بیناکردنی دەوڵەت نەتەوە، لە فۆرمە مۆدێرنەکەی دەوڵەتدا. دوای ئەوەش کتێبێکی دیکەی نووسیوە بەنـــاوی (ئەڵمانـــەکان)، لەوێـــدا بـــەوردی باس لـــە پرۆســـەی توندوتیـــژی دەکات دژ بە جوو و دەستپێکی لە شارستانیەت خستن.

لـــە کتێبەکـــەدا، مـــن نەچوومەتـــە نـــاو جەدەلـــی تێگەیشـــتنە جیـــاوازەکان لە چەمکی «شارستانیبوون»، کە خودی ئەلیاسیش خۆی لەو جەدەلە پاراســـتووە. ئەلیاس بەتەواوەتی خۆی لە جەدەلی یۆرۆسەنتریزم پاراســـتووە، داخۆ ئەوەی ئەوروپییەکان پێی گەیشتوون، شارستانییەتە یان نا، بەڵکوو وەسفی گۆڕانکارییەکان دەکات بەو پێیەی کە مرۆڤەکان خۆیان بە شارســـتانیەتی دادەنێن. تەنانـــەت ئەو زۆر بەوردی بـــاس لەو جیاوازییەی تێگەیشـــتن لـــە چەمکـــی «بەشارســـتانیبوون» دەکات لەنێوان ئەڵمانـــەکان لەلایەک و بەریتانی و فەڕەنســـییەکانیش لەلایەکـــی دیکـــەوە. بۆیە لـــەو ڕوانگەیـــەوە، ئەڵمانەکان چەمکـــی کولتوور بەهەمـــان مانای «شارســـتانیەت»، بـــەکار دێنن، چونکە لەجەنگی یەکەمـــی جیهانیدا، بەریتانی و فەڕەنسییەکان چەمکی بەشارستانیکردنیان وەکوو چەکێک لەدژی ئەڵمانەکان بەکار هێناوە.

ئـــەوەی لێـــرەدا زۆر گرنگـــە، میکانیزمـــی گۆڕانکارییەکانـــە، داخۆ ئەوروپـــا چۆن بەو ڕۆژەی ئەمڕۆیان گەیشتن، بەتایبەتیش پرۆسەی سیستمی سیاسی و چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوە. دوای لێک هەڵوەشـــانەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لە ســـەدەی پێنجەمـــدا، ئەورووپا وەکوو ئـــاردی ناو دروو بوو بە سەدان پارچە و گەڕایەوە قۆناغی فیوداڵیزم. کەوتنە ناو ململانێیەکی خوێناوی دژ بە یەک. لەوێدا ئەلیاس بە وردی باس لە لە شارســـتانیەت خســـتن (De-civilising Process) دەکات، بەو مانایەی قۆناغی فیوداڵیزم شکستی بەشارســـتانیبوونە، کە ئەوکاتە باڵی خۆی بەســـەر ئەوروپای ڕۆژئاوادا کێشـــابوو. بۆیە ئاراستەکانی هەڵوەشـــانەوە، یاخود هاوێشتنە دەرەوەی ناوەندیبوون بەمانای نەمانی ســـەنتراڵیزم کە ئەو ناوی دەنێت (centrifugal)، تا ســـەدەی یازدەهەم بەردەوام دەبێت. لەو کاتەوە ئاراســـتەی گەڕانەوە بەرەو ناوەندیبوون (centripetal)، دەست پێدەکاتـــەوە. ئـــەو دەســـت پێکردنەوەیە و چوون بەرەو ناوەندیبوون (ســـەنتراڵیزم)، بە پرۆسەیەکی خوێناوی و ژمارەیەک مۆدێلی دەستەڵاتدا تێپەڕیوە، تا گەیشتووە بە دەوڵەت نەتەوە. یەکگرتنەوەکان بە پەلاماردان و دەستبەسەرداگرتنی هەرێمەکان، بە شەڕ و کوشتاردا ڕۆیشتوون. گۆڕانکارییەکە لەسەر هەموو ئاستەکانی هەڵســـوکەوت و ئاکاری خەڵک لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتـــی، ئابووری، کولتوری، سیاسی و ئاینیدا تێپەڕیوە، تا گەیشتووە بە فۆرمە جیاوازەکانی دەســـتەڵات، لە دەســـتەڵاتی نۆبل و شانشینەکانەوە، بە تێپەڕبوون بە دەستەڵاتی ڕەهادا تـــا دەگاتە دوا مۆدێلەکانی دەســـتەڵات و دەوڵەت نەتەوە.

ئەو پرۆســـەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، بەو جۆرە بەڕێوە ناچێت، بەهـــۆی هاتنی کۆلۆنیالیزم و دەســـت گرتـــن بەســـەر ناوچەکەدا و پاشـــان دابەشـــکردنی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت بەپێـــی بەرژەوەندیـــی خۆیان، بەبێ ئەوەی بەشـــێک لەو نەتـــەوە و پێکهاتەیانـــەی ناوچەکـــە ڕۆڵیان لەو دابەشـــکارییەدا هەبووبێـــت. جەختکردنـــەوەی ئێمە لـــە کتێبەکـــەدا زیاتر لەســـەر عێراقە، کە دوای جەنگـــی یەکەمـــی جیهانـــی و دارمانـــی ئیمپراتۆریەتـــی عوســـمانی، کۆلۆنیالیزم دێت و وڵاتێک بەناوی عێراق دروست دەکات لەپاڵ وڵاتە دەسکردەکانی دیکەدا، بەبێ ئەوەی ڕەنگدانەوەی واقیعی دیمۆگرافیی ناوچەکـــە بن. بەبێ ئەوەش بەو پرۆســـەیەدا بڕوات کە ئەلیـــاس ناوی دەنێت پرۆسەی بەشارســـتانیبوون، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بە پرۆسەی لە شارستانییەت خستندا تێپەڕ دەبێت. لە ڕەوتی لە شارستانییەت خستنیشدا، جینۆساید

هەمیشە ئەگەرێکی کراوەیە.

## پرۆسەی بیناکردنی دەوڵەت نەتەوە لە عێراق

بیناکردنـــی دەوڵـــەت نەتـــەوە لەعێـــراق لەژێر هەژمۆن و سەرپەرشـــتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی، بەلینگاوقووچی بەرێوە دەچێت. سەرەتا بە هێنانی گرووپێکی عەرەبی دەرەوەی عێراق، لە ســـەرەوەی هەمووشـــیانەوە شافەیســـەڵ. بـــەو مانایەی هەر لەسەرەتاوە دەســـتەڵات دەدرێتە دەست گرووپی ســـوننەی عەرەب. (سوننە و عەرەب) بەمانای دوو ناسنامەی دیاریکراو، سوننیزم و عەرەبیزم، وەکوو دوو دیـــوی یەک دراو، دەکرێنە دەســـتەڵاتداری ئەو دەوڵەتە نوێیە. بێگومان، ئەو جۆرە هەژمۆنەی عەرەبـــی ســـوننە، لە خۆیـــەوە نایـــەت، بەڵکوو ڕەگوڕیشـــەی مێژوویی هەن. بە حوکمی ئەوەی عەرەبی ســـوننە لە عێـــراق گرووپێکی نازهەڵگیراو و دەستلەپشـــتدراوی دەستەڵاتی عوسمانی دەبن. بە هەزاران عەرەبی ســـوننە دەچنە ڕیزی سوپای عوســـمانی و پێگەیەکی گرنگیان لەو ســـوپایەدا دەبێت، جیا لەوەش ڕێژەیەکی زۆریان لە پێگەی جیاجیاوە بەشـــدار دەبن لە ئیدارە و بەڕێوەبردن، بەتایبەتیـــش لـــە هـــەردوو ویلایەتـــی بەغدا و بەســـرەدا. بۆیە کـــە بەریتانیا هـــەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە بەیەکەوە دەلکێنێت و عێراقی لێ دروست دەکات، دەستەڵاتدار هەر عەرەبی سوننە دەبن، جگە لەوەش ڕێژەیەکی زۆر لە ئەفســـەری عەرەبی سوننە کە پێشتر بەشێک بوون لە سوپای عوسمانی، دەگەڕێنەوە عێراق و سوپای عێراقییان لێ دروســـت دەکرێت. خەملاندنـــی ژمارەی ئەو ئەفســـەرانە، لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکە دەگۆڕرێـــت، هەیانـــە باس لە ۱٦۰۰ ئەفســـەری پلەداری عەرەبی سوننە دەکەن، بەڵام لەهەموویان متمانەدارتر، حەننا بەتاتۆیە، لە کتێبە گرنگەکەیدا لەســـەر عێراق، بـــاس لـــە گەڕانـــەوەی(۷۰۰) ئەفسەری پلەدار دەکات بۆ عێراق و بەشدار دەبن لە پێکهێنانی سوپای عێراقدا.

بۆیە، لـــەڕووی ئیداری و ســـەربازییەوە، ئەو وڵاتە نوێیە ڕاســـتەوخۆ دەکەوێتـــە ژێر هەژمۆنی عەرەبی ســـوننەوە، کـــە خودی شافەیســـەڵیش هەڵگری هەردوو ناســـنامەی ســـوننیزم و عرووبە بووە و شانازیشی بەهەردوو ناسنامەکەوە کردووە. لەپاڵ ئەو هەژمۆنەی عەرەبی ســـوننەدا، عەرەبی شـــیعە و کـــورد دەکەونە پەراوێز یا باشـــتر بڵێم دەکرێنە پەراوێز. شـــیعەکان، خوو و قورســـاییان هەر لەســـەردەمی عوسمانییەکانەوە دەخەنە سەر بـــواری بازرگانی و ئابـــووری، بەتایبەتی لە بەغدا، چونکە لە بواری ئیداریدا ڕێگایان پێ نەدراوە و لە بواری سەربازیشـــدا هەستیان بەهیچ جۆرە وەلاء و پابەندبوونێک بەو دەســـتەڵاتە سوننی مەزهەبە نەکـــردووە، بۆیـــە بۆ ئەوەی خۆیـــان لە خزمەتی سەربازی بدزنەوە، ڕەگەزنامەی عوسمانیزمیشیان ڕەت کردۆتـــەوە. بـــەڵام کورد، هەر لەســـەرەتاوە لەدوورپانێکـــی دیکـــەدا بوون، نەچانســـی بواری ئیـــداری، نـــە سیاســـی و نـــە ســـەربازی و نە بازرگانیشییان نابێت. پێدەچێت کۆمەڵێک هۆکار بۆ ئەو پەراوێزبوونە هەبووبن. لەوانەش:

**یەکـــەم:** کـــورد دوور بوون لە ناوەند، پرۆســـەی ئاوێتەبـــوون و تێکەڵبوون لەگەڵ ناوەند ئاســـان نەبووە، هۆکارەکانیش جیاواز بوون، لەوانەش:

**١** لەو سەردەمەشـــدا ئامرازەکانـــی هاتووچۆ زۆر لاواز بوون و هەموو کەســـێک نەیتوانیوە بەئاسانی بگاتە بەغدا.

**٢** ئاشـــنا نەبوون بە عـــەرەب و دونیای عەرەبی بەقـــەد ئاشـــنا بوونیان بە ئیســـتەنبۆڵ و دونیای عوســـمانی بە ئاڕاستەی ئیســـتەنبۆڵ. بە جۆرێک حەنا بەتاتۆ پێی وایە پەیوەندیی نێوان ویلایەتەکان لەوپەڕی لاوازیدا بـــووە. ویلایەتەکان بە (دەوڵەتە شار) وەسف دەکات، بەو مانایەی کە پەیوەندییان بەیەکەوە نەبووە.

**دووەم:** هـــەر لەســـەرەتاوە ئاڕاســـتەی (عەرەب ســـەنتریزم) لە عێراق زاڵ بـــووە. بەر لە جەنگی جیهانـــی یەکـــەم، شـــەریفی مەککـــە لەگـــەڵ بەریتانییـــەکان ڕێک دەکەوێت بۆ ئەوەی جڵەوی عەرەب بگەڕێننەوە دەست خۆیان و چیتر باوەڕییان بـــەوە نەمابوو کـــە لەژێر چەپۆکی دەســـتەڵاتی عوســـمانیدا بمێننەوە. ئەم وەرچەرخانە جۆرێکە

لــە خۆجیاکردنـــەوە و خۆدۆزینـــەوە، لە دەوری چەمکـــی عەرەبیزمدا. ئـــەم خۆجیاکردنەوەیەش لەگەڵ ســـەرهەڵدانی بزووتنەوەی تورکە لاوەکان و پاشـــانیش کۆمەڵەی ئیتتیحاد و تەرەققی، کە ژمارەیەک ڕۆشـــنبیری عەرەبیـــش ئەندام بوون تیایدا. ئەو کاتانە خودی شافەیسەڵ، لە ئیستەمبوڵ ژیاوە و لە مەکتەبی عەشیرەتلەری لە ئیستەمبوڵ، خوێندوویەتی. هەموو ڕووداوە سیاسی و سەربازی و کولتورییەکانی بەچاوی خۆی دیتوون. ئاگاداری ئـــەو ڕوانگە سیاســـییە بووە کـــە تورکە لاوەکان هێناویانە پێشـــەوە لە بزووتنەوەی دەستورییەوە بگرە تـــا گفتوگـــۆی هەژمۆنی تورکیزم بەســـەر عوسمانیزم و ئیسلامیزم دا.

**ســـێیەم:** دوای ســـەرکەوتنی بزووتنـــەوەی جوداخوازیی عەرەبی بە هـــاوکاری کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنســـی و بڕیاردان لە دابەشکردنی ناوچەکە لەچوارچێوەی ڕێککەوتنامەی ســـایکس پیکـــۆت، بەریتانیا بڕیاری دروســـتکردنی عێراق دەدات لەپاڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە. لێرەشەوە، عـــەرەب ســـەنتریزم لـــە دونیابینـــی عەرەبـــدا بەتەواوەتی جێـــگای خۆی کردۆتـــەوە. تەنانەت خولیا و خواســـتی شەریفی مەککە، دامەزراندنی یەک دەوڵەتی عەرەبی بووە، بەڵام دوایی ئەوەیان بۆ ناچێتە ســـەر و بەریتانیـــا دەوڵەتی ئەردەن و عێراقییان بۆ دروست دەکات و لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەشی ئەو بنەماڵەیە دەکات، لەتۆڵەی هاوکارییان لەگەڵ ئینگلیزدا. بۆیە کە شافەیسەڵ لەلایـــەن بەریتانییەکانەوە، دەهێندرێت بۆ عێراق، شافەیسەڵیش (ساطع حوسری) بەئەسڵ یەمەنی دێنێـــت کە ئەوکاتە عەرەبیشـــی بـــاش نەزانیوە و یەکێـــک بووە لـــە تورکە لاوەکان. ئـــەو پیاوە مونەززیر و بانگخوازی ســـەنتراڵیزمی عەرەبایەتی بووە. کەدەهێندرێت بۆ عێراق، بۆ چەند ســـاڵێک یەکسەر دەکرێت بە بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی پـــەروەردە و بۆ ماوەیەکیش وەزیری پەروەردە. بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیـــە، لەو وەزارەتەدا ئەرکە سەرەکییەکەی ئەو پیاوە، بەعەرەبیکردنی پەروەردە لـــەڕووی زمان و بـــە عرووبەکردنی ئاڕاســـتەکان لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بووە.

ئەم پەراوێزخستنەی کورد، هێندە مەبەستدار بووە، لەگەڵ ئەوەی کە پێگەیەکی ئۆتۆنۆمی دیار لە ڕێککەوتننامـــەی کۆتاییهێنان بـــە ئینتیدابی بەریتانیـــش لە ١٩٣٢ دەدرێت بـــە کورد، بەڵام یەک ڕستەشی تیا جێبەجێ ناکرێت.

چـــوارەم: دەبێ ڕۆڵی نێگەتیڤ و نارەســـەنی بەریتانییەکانیشمان بیر نەچێت کە بەریتانییەکان خۆیان بەشێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ بەشداربوون لە تێکشکاندنی هەیبەتی کورد و هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە کورد خۆیان داویانە بۆ سەربەخۆیی، تا ئەو ئاســـتەی چەکی کیمیاوییان لە سلێمانی و ڕەوانـــدوز بەکار هێناوە. بۆیـــە، مەحاڵ بوو بۆ ئەو دەستەڵاتە ساوایەی عێراق بتوانێت بەسەر خواست و ئیـــرادەی کورددا زاڵ بێت، ئەگەر پشـــتیوانیی دەوڵەتی کۆلۆنیالســـت نەبوایە. بەو پێوادانگەشەوە دەتوانین بڵێین، دوای کشانەوەی بەریتانییەکان، دەستەڵاتی بەغدا ڕۆڵی کۆلۆنیالیزمی جێگرەوەی بینیوە و دەبینێت.

لێرەدایـــە، نەگبەتیـــی دەوڵەت نەتـــەوە لە عێـــراق، کـــە بەریتانییەکان بەخەیاڵـــی مۆدێلی دەوڵـــەت نەتـــەوەی ئەوروپـــی ویســـتوویانە دەوڵـــەت نەتەوەی عێراق گەشـــە پێ بدەن و بە زەبروزەنگ ناسیۆنالیزمی عێراقی بسەپێنن بەسەر ســـەنتراڵیزمی عەرەبی و ســـوننیزم و شـــیعیزم و کوردبوونیشـــدا. بـــەڵام ســـەنتراڵیزمی عەرەبی هێندە بە هێزەوە هەر لە سەرەتاوە بناغەی خۆی دادەڕێژێـــت، ئیدی بوارێک بۆ غەیرە عەرەب لەناو دام و دەزگاکانـــی ئەو دەوڵەتە نوێیەدا نامێنێتەوە. لەوێشدا کێشـــە سەرەکییەکە دەست پێ دەکات. کێشەکە لە پرســـی کوردەوە دەست پێ دەکات. کورد، لـــە هیچ هەلومەرجێکدا ئامـــادەی توانەوە لەنـــاو بۆتەی ســـەنتراڵیزمی عەرەبیـــدا نەبوون، کە میشـــێل عەفلـــەق لەچەند ســـەرچاوەیەکی نووســـینەکانی خۆیدا جەختی لەســـەر دەکاتەوە و پێـــی وایە کـــورد بەدرێژایی مێـــژووی عەرەب خزمەتی بەرژەوەندییەکانـــی عەرەبییان کردووە، بـــەڵام ئەوە ئیمپریالیزمە وای کـــردووە کورد لەو

هاوکێشـــەیە بێنە دەرەوە. عێراقیش بەو ناسنامە خۆسەپێنەرەوە، هەرگیز ئامادە نەبووە بەئاراستەی دامەزراندنـــی دەوڵەتێکی فرە نەتەوە «لەدەرەوەی ســـەنترالّیزمی عەرەبیـــدا» کار بکات. ئـــا لێرەوە ململانێی ســـەنترالّیزمی عەرەبی و سەنترالّیزمی کوردی دەســـت پـــێ دەکات. بـــەڵام ململانێکە هەمیشـــە لە بەرژەوەندیی ســـەنترالّیزمی عرووبە یەکلایی بۆتەوە، هەروەکوو لە ئێرانیش ململانێکە لـــە بەرژەوەندیی پان ئێرانیزمـــدا یەکلا بۆتەوە و لە تورکیاش لـــە بەرژەوەندی پانتورکیزمدا یەکلا بۆتـــەوە. بۆ ئەمـــەش کۆمەڵێک هـــۆکار هەن و پێویستی بە لەسەر وەستان و توێژینەوەیە.

ئەم یەکلابوونەوەیەی ســـەنترالّیزمی عەرەبی، لە بۆتەی عێراقدا، لەشەڕی دژ بە کورد، کۆمەڵێک ڕەهەنـــدی جیـــاواز وەردەگرێت. لە ســـەردەمی پاشـــایەتیدا، زیاتر ئاراســـتەی پەراوێزخستن بە خۆیەوە دەبینێت. ئەو کوردانەش کە بەشداربوون لـــە دەســـتەڵات یـــا لە ســـوپای عێراقیـــش، لە ســـەردەمی پاشـــایەتیدا، کە ناویـــان دەهێنرێت، هەوڵی تاکەکەســـی بوون نەک نموونەگەلێک لە چوارچێوەی ســـتراتیژیەتێکی نەتەوەیی کوردیدا، کە زۆربەشـــیان لـــە ڕوانگەی حەنـــا بەتاتۆتەوە، موســـتەعرەب بـــوون. هەروەها شانبەشـــانی ئەو پەراوێزخستنەی کوردیش، سەنترالّیزمی عەرەبی بەردەوام لە بەهێزبووندا بووە. لەناو ئەو سەنترالّیزمەی عرووبەشـــەوە، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە ڕەهەندە فاشـــیزمییەکەیەوە، بەهێزەوە ســـەر دەردێنێت. دواتریش بەعســـیزم وەکوو مۆدێلێکی هەرە توندڕەو و فاشـــییانەی عروبە، دەبێتە واقیع و دەست بەســـەر دامودەزگاکاندا دەگرێت. هەمووجارێکیـــش کورد لە دیـــدگای عرووبەدا بەهەموو فۆرمەکانییـــەوە، نـــەک هـــەر بەشـــێک نییە لە دەستەڵات، بەڵکوو کۆسپێکە لە بەردەم یەکێتیی نەتەوەییـــی عـــەرەب و ســـەنترالّیزمی عرووبی و سەقامگیریی قوتری[1] عێراق؛ بۆیە، بیرکردنەوەی عەرەبـــە سەنترالّیســـتخوازەکان هەرگیز لە پێناو بەشـــدارپێکردندا نەبووە، بەڵکوو هەمیشە لەوەدا بووە، چۆن ئەو کۆســـپە لە بەرپێی خۆیان لابەرن.

کێشـــەیەک کە گرنگە لێـــرەدا ئاماژەی پێ بدەم، عێراق و وڵاتانـــی دیکەی داگیرکەری پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەمیشە بە عەقڵی دەوڵەت بیریـــان کردۆتـــەوە و بیریش دەکەنـــەوە، بەڵام کـــورد نەیتوانیوە بە عەقڵی دەوڵـــەت بیربکاتەوە، تـــا ئەمرۆش بەعەقڵییەتێکـــی دژە دەوڵەت بیری کردۆتەوە. لێـــرەدا ئەوە دەوڵەتە کە ڕاســـتەوخۆ بەرپرســـیارێتی لەناوبردن و جینۆســـاید دەگرێتە ئەســـتۆ. پێکهاتەی هەژمۆندار بەسەر دەستەڵات و دامەزراوەکانـــی دەوڵەتدا، خۆی لەپەنا دەوڵەتدا حەشـــار داوە. لێرەدا عەرەبی ســـوننە، نەک هەر بۆخۆیان بەڵکوو کوردیـــش پەنجەی ئەنجامدانی پرۆسەی جینۆساید بۆ ئەو پێکهاتەیە درێژ ناکەن، بەڵکوو هەمـــوو ئاماژەکان بـــۆ دەوڵەتن، بە غافڵ بوون لەوەی کە ماشـــێنی دەوڵـــەت لەلایەن ئەو گرووپەوە بەڕێـــوە دەچێت، وەکوو ئەوەی لە ئێران فارس و لەتورکیاش تورک بەرپرسیاری سەرەکین لە هەموو باش و خراپەکانی دەوڵەت.

ئەو تێگەیشتنە دوو ڕەهەندی هەن:

**یەکەم:** پەیوەندیی بە ڕەهەندی دروســـت کردنی دەوڵەت نەتەوەوە هەیە، دەوڵەتێک بە ناسنامەیەکی تایبەتـــەوە، پێکهاتەکانی دەبێت لەناو یەک بۆتەدا بتاوێنرێنەوە و بکرێن بە عێراقی. ئەو تاواندنەوەیە ئەگەر بە خۆشیش نەبێت دەبێت بە هێز بێت. هەر لەسەرەتاشەوە، ئاراستەکان وەها بوون.

**دووەم،** ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیی عەرەبســـەنتریزمە، کـــە دەکرێت بە ناســـنامەی ســـەرەکیی عێراق. ناســـنامەیەک کە نەک هەر بـــاوەڕی بە فرەیی و بەشـــداری پێکردن نەبـــووە، بەڵکوو بـــاوەڕی بە سڕینەوەی هەموو ئەو کۆســـپانە بووە کە ڕێگرن لە بەردەم ســـەقامگیریی دەوڵەت و سەرکەوتنی پان عەرەبیزمدا. بۆیە، لەو حاڵەتەدا جینۆســـاید بۆ گرووپی هەژمۆندار، دەبێت بە ئامرازێکی ڕەوا.

## پرۆسەی جینۆساید

لە یادەوەریی زۆرینەی کورددا، تەنها شاڵاوەکانی ئەنفـــال دەســـتپێک و کۆتاییـــی پرۆســـەی جینۆسایدن. بەڵام لە ڕاستیدا شاڵاوەکانی ئەنفال،

دوا قۆناغی پرۆسەی جینۆسـایدە، کە بەعس بە پرۆسـەی «چارەسـەری ئەمنی» ناوی ناوە، بەڵام لەخودی خۆیدا «دواهەمین چارەسـەرە»، لەسەر هەمان ڕیتمی «دواهەمین چارەسەر»ی نازییەکانی ئەڵمانیا لەدژی جووەکانی ئەورووپا.

بۆیە، لەو کتێبەدا زۆر بەوردی باس لە مێژووی هەڵسوکەوتی دەسـتەڵاتی دەوڵەت لە بەغدا کراوە لەگەڵ کورد. بەڵام، کە بەعسییەکان لە ١٩٦٣ دێنە سەر دەستەڵات، لەچوارچێوەی قانونێکدا (حەرەسی قەومی) وەکوو میلیشـیایەک لەپاڵ سوپای عێراقدا دروسـت دەکەن. مێژووی ئەم حەرەس قەومییە، مێژوویەکی پڕ لەتاوان و کورد کوشتنە. زۆربەی ئەو خەڵکانەی لەو سـەردەمەدا لەناوچەکانی دەشـتی هەولێر و کەرکـوک و ناوچە کوردییەکانی دیکەدا ژیاون، دروشـمەکانی ئەو میلیشـیا حکوومییەیان دێتە بیر، کە هاتوونەتە سـەر خەڵکی گوندنشین، گوتویانە ئێمە بەدووین، کوانێ دوژمن[٢].

لەوێوە، پرۆسەی جینۆسـاید، بە شێوەیەکی مەنهەجی و ڕێکخراو دەست پێدەکات.

دوایی کە بەعس لە سـاڵی ١٩٦٨ دێتە سەر دەسـتەڵات، لە کـوردە فەیلییەکانەوە دەسـت پێ دەکات. کـوردە فەیلییەکان بەهۆی شـیعە بوونییانـەوە، وەکـوو عەرەبی شـیعە، بۆ ئەوەی سـەربازی نەکـەن، ڕەگەزنامەی عوسـمانییان وەرنەگـرت. کـە عێـراق دادەمەزرێـت، ئـەو ڕەگەزنامەیە بە عەرەبە شـیعەکان دەدرێت بەڵام کوردە فەیلییەکان لێی بێبەش دەکرێن. بەو جۆرە کوردە فەیلییەکانیش، زیاتر پەنایان بۆ بازرگانی برد و ئـەوان لە بەغدا پێگەیەکی بازرگانی و ئابووریی بەهێزیان هەبـوو. بەعس، بەو پێگـە ئابوورییەی کـوردی فەیلی قەڵس بـوو، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە پشـتیوانی کردنی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردیدا. ئەوان پێشـتر لـە ڕەگەزنامەی عێراقی بێبـەش کرابوون، کە لە خـودی خۆیدا تاوانێکە و لە ئەنسـکلۆپیدیای جینۆسـایددا، بێبەشکردن لە ڕەگەزنامە، بەشـێکە لە تاوانـی جەنگ، یا بە جینۆسـاید هەژمار کـراوە. لە ئاکامـدا، وەکوو لاوازتریـن ئاڵقـەی پێکهاتەی کـوردی، بڕیاری لەبەریـەک هەڵوەشـاندن و جینۆسـایدکردنیان درا. چوار هەڵمەتییان کراوەتە سـەر، لە ١٩٦٣، لـە ١٩٦٩ و ١٩٧٠، هەروەهـا جارێکی دیکەش لە ١٩٨٠ بۆ دواجـار کۆتاییان بەهەموو بوونێکی کوردە فەیلییەکان هێنا.

دوابەدوای هەرەسـی بزووتنەوەی چەکداریی کـورد لـە ١٩٧٤، حکوومەتی ئەوسـای عێراق، بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی کۆمەڵگـەی کوردی دا، لەڕێـی هەڵوەشـاندنەوەی بونیادی ڕەهەندی گوندنشـینیی کـوردی و پانتایی کشـتوکاڵ و ژینگەی کوردسـتان. لەبەریەک هەڵوەشـاندنی ژینگەی کوردستان ستراتیژییەتێکی درێژخایەنی حکوومەتی عێراق بوو بەمەبەسـتی پێکانی چەند ئامانجێک. لەوانەش:

**١** لەناوبردنـی گونـدەواری و ژینگەی کوردی و تەنانەت مۆدێلی بیناسـازیی کوردی. هەندێک لە گوندەکان مێژوویان دەگەڕایەوە بۆ سـەدان ساڵ. بونیادێکـی کوردەوارییانـەی ڕەسـەنیان هەبوو. جارێکـی دیکە ئەم مۆدێلە دەسـت ناکەوێتەوە. لە هەندێک گوند خانـوو هەبوو چوار قات، تەنها بە قوڕ و خشـتی قـوڕ بینا کرابـوون. تەنانەت سەرچاوەی ئاوەکانیشییان تەقاندنەوە. سەرچاوەی کشتوکاڵییان نەهێشـت. تەنانەت سەرچاوەکانی گەشـتیارییان وێـران کـرد. ئەوان هـەر دژی مرۆڤـەکان نەبوون. بەڵکوو سـەرچاوەکانی ئاو و کشتوکاڵ و تەواوی ژیانیش وێران کران.

**٢** کۆکردنـەوەی ئـەو خەڵکانـە لە ئـۆردوگا زۆرەملێیـەکان. کە چەند سـیفەتێکیان هەبوو. لەوانـەش، ئـەو خەڵکەی دوێنێ لـە گوندەکان بەرهەمهێـن بـوو و خـۆی دەژیانـد، ئەمـڕۆ لـەو ئـۆردووگا زۆرەملێیانـەدا، لەبەرهەمهێنان وەستێنران و کران بە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگەوە. کۆمەڵگەکان لەسـەر شەقامە سـەرەکییەکان و شوێنە ستراتیژییەکان دروسـتکران و بە سوپا و هێزە ئەمنییەکان دەورەدران، بە مەبەستی دابڕان و لێکترازانی کۆمەڵگەی کوردی. بە شـێوەیەکی مەبەسـتدار، خەڵکی گونـدەکان دابەش دەکران

بەسەر چەند ئۆردووگایەکدا، بۆ ئەوەی خەڵکی بەیەکتر ئاشنابوو لە شوێنێک کۆ نەبنەوە. لە هەموویش گرنگتر، ئەو خەڵکەی کە بێکار و کەسابەت کران، خرانە ژێر فشارێکی دەروونیی زۆرەوە، تاکە ڕێگا بۆ دەرچوون لەو فشارە، ڕۆشتن بوو بەرەو ئەو مەفرەزە و هێزانەی کە بەعس بە ناوی فەوجە خەفیفەکان دایدەمەزراندن. بەو جۆرە، دانیشتووانی ئەو ئۆردووگایانە زۆربەیان چەکدار کران و بەپێچەوانەی خواست و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەکار هێنرانەوە، یا هەرهیچ نەبێت بێدەنگ و بێڕەنگ کران.

**٣** بەعس ئامانجێکی ئایدیۆلۆژیشی پێکا، کە پێشتر نەیدەتوانی بیکات. لە زۆربەی هەرە زۆری گوندەکاندا ڕێکخراوێکی حیزبی بەعسی تێدا نەبوو. تاکە لایەن کە لەو گوندانە هەبوون، پۆلیس بوون، کە زۆربەیان پۆلیسی عەرەب بوون لە باشوورەوە دەهێنران، بەڵام ئەوانیش بە ئاشتی لەگەڵ خەڵک دەژیان و ڕێزیان لێ دەگیرا. کەم وا بووە بنکەیەکی پۆلیس لەلایەن پێشمەرگەوە پەلامار بدرێت. بەڵام لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا، بەعس توانی نووسینگەی حیزبی بەعس لەبەرامبەر ماڵەکان بکاتەوە. تەلەڤیزیۆن بەسەر هەموو ماڵەکان دابەش بکات و دەنگی بەعس و سەرانی دەسەڵات بگەیەنێتە هەموو ماڵێک کە لە گوندەکان بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی کارەبا و نامۆبوونی خەڵک بە بەعس لەناو گوندەکاندا، ئەو کارانە نەدەکران. لەوە بەدوا خەڵک لەهەموو ئاستێکدا کۆنترۆڵ کرا و بوارێک نەما هەناسەیەکی ئازادی تێدا هەڵمژن. ئەو خەڵکەی کە تا دوێنێ ئازادانە لەو کەژ و کێوانە دەسووڕانەوە، دوای ڕاگوێزران کران بە کۆیلە و خرانە زیندانێکی گەورەوە، تەنانەت لەهەوای پاکیش بێبەش کران.

بەعس بە پشتیوانی و هەژمۆنی پێکهاتەی سوننە، لە چوارچێوەی سوود وەرگرتن لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و پاشان بە سوود وەرگرتن لە کەشوهەوای جەنگ، دوای شەڕی عێراق و ئێران، کۆمەڵگەی کوردی دەکاتە مۆڵگەیەکی سەربازیی داخراو. دوای جینۆسایدکردنی بارزانییەکان، زەمینەیەکی پتەو دادەڕێژێت بۆ پرۆسە سەربازییەکان و کۆتایی هێنانی تەواو بە هەموو ئەو هاوڵاتییانەی کە لەناو شارەکان ناژین، بەڵام ئەو جارەیان نەک بە کۆکردنەوەیان لەناو ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا، بەڵکوو بە زیندانی کردنیان لە کۆمەڵگا داخراوەکان و پاشانیش لەیەکتر جیاکردنەوە و ئینجا بردنیان بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان و کوشتنیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو.

ئەو زەمینەسازییە، بە دەرکردنی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەست پێ دەکات. تیایدا عەلی حەسەن مەجید بە بەرپرسی سەرەکیی هەموو ناوچەی «باکوور» دەستنیشان دەکرێت و لەو هەرێمەدا دەسەڵاتەکانی سەددام حوسێنی پێ دەدرێن. ئەو عەلی حەسەن مەجیدەی کە لە وتارێکیدا دەڵێت (دەچمە شیمال، یان شەلوار دەکەمە پێم، یان عەگالیان لەسەر دەنێم). لە شوێنێکی دیکە، کورد لە مرۆڤ بوونیش دادەماڵێت و دەڵێت (ئەو سەگانە چین، بە کیمیاوی لێیان دەدەم، کێ قسە دەکات، نەتەوە یەکگرتووەکان؟....تاد).. ئینجا پلانی لەناوبردن و جێبەجێکردن لەچوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفال بەوردی دادەڕێژن. لەکتێبەکەشدا بەوردی باس لە شاڵاوەکانی ئەنفال کراوە.

## پوختە

بەو جۆرە، لە کتێبەکەدا هەوڵ دراوە پرۆسەی جینۆساید وەکوو یەک پاکێج پیشان بدرێت. ئاماژە بە هەموو ڕەهەندەکانی ئەو پرۆسەیە کراوە. هۆکارەکانی لە چوارچێوەیەکی ورد و لە شرۆڤەکردنی دەوڵەتی عێراقدا لەڕۆژی دامەزراندنییەوە تا دەگاتە دواین هەڵمەتی جینۆساید، خراونەتە ڕوو.

## ژێدەر

١. قوتر یان (قطر) کە بەمانای بەش یا پارچە دێت، لە ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، ناوێکە بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکان، بەمانای ئەوەی نیشتمانی عەرەبی دابەشکراوە. ئەو وڵاتانەی هەن، بەشێکن لە نیشتمانی عەرەبی و وەکو بەشیش تەماشاین دەکرێت.

٢. (أحنا البدو، وين العدو؟)

# هەڵوەشاندنەوەی گابۆڕ

شەهلا دەباغی

”

دیسکۆرس چەمکێکە کە میشێل فۆکۆ بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵات لە ڕادەی و شوێنی جیاوازدا هێنایە نێو باسەکانی فکر و هزر دونیای ئاکادێمی. کاری سەرەکی شیکاری دیسکۆرسی لێکۆڵینەوە لەسەر پێوەندی زمانە لە حەوزەی جۆراوجۆردا. بەپێی شیکاری دیسکۆرسی، شتەکان هەرگیز تەنیا بۆ خۆیان بوونیان نییە، بەڵکوو هەر کە زمان بەکار هات جیهانی دەرەوەی خۆمان شرۆڤە دەکەین. لە شیکاری دیسکۆرسیدا ئێمە پێوەندی نێوان گوتار و گوفتمانەکان هەڵ دەسەنگێنین.

“

*یەکەمجار وشە بوو و وشە لە لای خودا بوو، و وشە خودا بوو.*

*ئینجیل، یوهانیس ۱:۱. ۱۹۱۷*

*The Beginning (Genesis 1:1-2)*

*In the beginning was the Word, and the Word was with God, and the Word was God.*

## Plot summary/ کورتەی تەون

تەونــی گابۆڕ لــە دوو گێڕانــەوە و چیرۆکی هاوتەریب پێک هاتووە:

چیرۆکی یەکەم بەسەرهاتی چەند منداڵێکە، لەوانە کەریــم و هەژیر(عەبدولموتەلیب)، کە لە شــارێکدا دەژین کە پاسگاکان کۆنترۆڵیان بەسەردا هەیە. ئەو منداڵانە لە ڕەوتێکدا گەورە دەبن و بە هۆی هەڵکەوتێک لەگەڵ گۆڤاری سروە ئاشــنا دەبن و لە ڕێگای خوێندنەوەی سروە و شێعر و کتێب، زمانی دایکیی خۆیان دەناسن، فێری نووسینی زمانی کوردی دەبن و وردە وردە لــە ڕەوتی ژیانیانــدا هێندێک ڕووداو وا دەکەن کە هەژیر بەرەو سنوور کۆچ دەکات و کەریم لە شار دەمێنێتەوە.

چیرۆکی دووهەم بەسەرهاتی کوشتارگای دەرەوەی شــارە کــە لــە خەیــاڵ و زەینی کەریمــدا بە گرافیکی ئیتالیکــی بۆ خوێنەر دەگێڕدرێتــەوە. هەموو ڕۆژێک کەریم و بابی کە قەســاب بــوو، مانگا، جوانــەگا و گوێلک دەبنە کوشتارگا کە ســەریان ببڕن. بە هۆی بوونی پاســگا و خەتەری مەرگ بابی، کەریم لە قەســابەوە دەبێتە مریشــکفرۆش. کەریم بەســەرهاتی ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانە وەها بە وردی دەگێڕێتەوە کە خوێنەر هەست دەکات لەگەڵ کەریم بەیانیان بەرەو کوشتارگا چووە و کوشــتاری ئاژەڵەکانی بە چاوی خۆی دیوە. بەرەبەیانییەک، ســەیدە سوورەی زمانشڕ کە ماڵاتەکان ســەر دەبڕێت لەگەڵ جوانەگایەک لەبەریەک ڕادەچن و ســەیدە ســوورە، مانگا بریندار دەکا، بەڵام جوانەگاش شاخ لە ورگی سەید دەدا و لە کوشتارگا دێتە دەر.

## مانگا لە ئەفسانەکاندا

لە زۆربەی ئەفســانەکانی هیندی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، یوونانی و ســکاندیناویدا مانگا یا پیرۆزە و یان ڕۆڵێکی گرینگی لەســەر ژیانی مرۆڤەکان، سووڕی سروشــت و گێڕانەوەکان هەیە. بەپێی هیندووئیزم مانگا یەک لە حەوت دایکانــی پیرۆزی زەوییە: دایکی زەوی، دایکی تاک، مامۆســتا، پەرەستار، مەلەکە، هاوسەری برەهمــان و مانــگا. مانگا لــە چەرخی ژیانی سروشــت و مرۆڤدا یەکجــار بەبەرەکەتە. کە دایک شیری نەبێ، شیری مانگا دەدەنە منداڵ. تەنانەت پەینەکەشــی وەک سووتەمەنی بەکار دێت. وەک تایبەتمەندییەک بۆ مانگا دەتوانین بڵێیــن کە مانــگا ئاژەڵێکی ســەخییە، بەبێ ئەوە پێویســتی بە ئاگادارییەکی سەیر هەبێ. بوونەوەرێکی مێهرەبانی بێئیدعایە. نوێنگوون و جوانەگا لە مانگا دەبن؛ نوێنگوون بۆ دووبارە بەرهەمهێنانــی ڕەگەز و شــیر، و جوانەگا بۆ کێڵانی زەوی. مانگا و گوێلکەکانی نزیکترین و بەبەرەکەتترین ئاژەڵ و دۆستی مرۆڤن.

ئەفســانەکانی ســەبارەت بە مانگا وەک یەکەمیــن دایکی جیهــان و هێمای زاوزێ لە نەریــت و کولتــووری زۆر ناوچە و گەلدا دەبینرێن. یەکەمین وێنەکانی هەزاران ســاڵ پێشی ســەر دیواری ئەشکەوتەکان کە بۆمان ماونەتــەوە مانگا و جوانــەگان. لە گورگان و مازندەرانی ئێــران پەیکەرەیەکی چوار هەزار ســاڵەی مانگایەک دۆزراوەتــەوە کە خەریکە شەراب دەخواتەوە. مانگا هێمای شەڕی نێوان ڕووناکایی و تاریکییە.

لە میتۆلۆگی سکاندیناویدا یەکەمین مانگا/ دایک، هێندە زمان لە ســەهۆڵ دەخشێنێ تا پیاوێک لــە نێودڵی ســەهۆڵەکان دێتە دەر و Audhumbla/Ödhumla وەک باوکــی خوایان دەناســرێت. لە میسر و میزۆپۆتامیا، ســیمبۆلی خواوەندەکانی ئاسمان و ئەوین و ژن ئیســیسISIS/ و Hathor، سەری مانگا یا ژنێک بە شــاخی مانگاوە بوو. هەرا Hera/ ی

یونانی خواوەندی ماڵ، ژن و هاوسەرگیری و پاراستنی ژیان، مانگا و شیرەکەی بوو. لە دینەکانی ئاسمانیدا مانگا خاوێنە. یەک لە وێنەکانی ئاسمانیی ئەستێرەکان Zodiac/ «ثور» جوانەگایە.

هاوکات گەلێک ئەفسانە هەن کە تێمی گرینگی ئەوان ئەوەیە چۆن گا/مانگایەکی بەهێز لە داو بخەیت. بۆ وێنە یەک لە دوازدە خانی هەرکولێس بۆ پاکبوونە لە تاوانێک کە ئەنجامی دابوو، ئەوە بوو کە «مانگای کرێت» کە مانگایەکی زۆر جوان و بەهێز بوو، لە داو بخا و بیگرێ. یەک لەو ئاژەڵانەش کە بە مەبەستی قوربانیکردنی ئایینی بەکاری دێنن هەر مانگا، جوانەگا و گوێلکن.

## چوونە نێوباس

ئادۆرنۆ و هۆرکایمێر سەر بە مەکتەبی فرانکفۆرتییەکان یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٤دا لە کتێبی دیالێکتیکی رۆشەنگەریدا هێندێک باس لەوانە: بێزمانیی ئاژەڵان و رەنجی مرۆڤ و ئاژەڵ دێننە کایەوە. دیالێکتیکی رۆشەنگەری کتێبێکی رەخنەگرانەیە لە روانگە و هزری پێشتری ئورووپایی. رۆشەنگەری لە روانگەی ئەوانەوە بریتییە لە گەیشتن بە خودئاگاییەک کە مۆدێرنیتە دێنێتە ژێر رەخنەوە؛ چۆن مرۆڤ دەستی داوەتە وێرانکردنی خۆی و بەرپاکردنی کەمپی سووتانی مرۆڤ. کۆمەڵگای تێکنیکی و مەسرەفگەرا، رێکلام، سەنعەتی کولتووری، هەموو تێکرا لەژێر ناوی ئێفێکتیڤبوون/ کارابوون مێشکی مرۆڤ دەشۆنەوە. مرۆڤ وشەکان لە هەموو شوێنێک، لە رادیۆ و دەربڕینەکانی بەکار دێنێ، ئەو وشانەی کە لە ماناکانیان حاڵی نین و دەبنە تۆتالیتێر. مرۆڤ خۆی پێ خاوەن هەست و بیرە، و ئاژەڵ بێهەست دەبینێ. ئەوەی کە بێهەستە، خاوەنی وشە نییە. بەڵام ئاژەڵ رۆحی خۆی هەیە و تەنانەت ئەرەستوو باسی جەستەی ئاژەڵی نەکردووە، بەڵکوو باسی وجوودی تایبەتی ئاژەڵی کردووە کە نزمترە لە مرۆڤە. جیهانی ئاژەڵ بێچەمک و بێوشەیە و ئاژەڵ خودی نییە. دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر ئاژەڵ و سروشتدا و نەتوانینی ئەوان بۆ دەربڕینی رەنجی خۆیان باسێکی دیکەی دیالێکتیکی رۆشەنگەرییە.

لە دەلاقەی ئەم پێشەکییەوە، دەمانەوێت بزانین کە بۆ لە رۆمانی گابۆڕدا ئەو هەموو ماڵاتە بریندار و سەربڕاوە رووبەرێکی زۆری دەقیان داگیر کردووە؟ چیرۆکی دووهەم بۆ بە خەیاڵ و زەینی کەریمدا تێپەڕ دەبێ؟ لەم وتارەدا هەوڵی ئەوە دەردێ کە خوێندنەوەیەکمان هەبێ لە بۆ مانگا، جوانەگا و گوێلکەکانی ناو رۆمانی گابۆڕ و لەگابۆڕدانی ئەوان.

## پرسیار و گریمانە

بە خوێندنەوەی گابۆڕ ئەو پرسیارە لە لای منی خوێنەر دروست دەبێت، کە بۆ نووسەر ئەو هەموو مانگا و جوانەگا و گوێلکەی بەناو تەونی دەق و خەیاڵی کەریمدا بڵاو کردۆتەوە و گابۆری ئەو ئاژەڵانە لە بۆ چییە؟

دەقێکی دەوڵەمەند و نووسەرانە بەپێی روانگەی «بارت» ئەو دەقەیە کە بتوانێت ئەمڕۆ دووبارە لە لایەن خوێنەرەوە بنووسرێتەوە و مانای تازە و جیاواز لە خۆی بداتە دەست. بەڵام ئایا خوێندنەوەکان مانا و مەبەستی نووسەر دەپێکن؟ «بارت» گوتەنی رەنگە هەر هەوڵێک بۆ پێکانی مانای نێو خەیاڵی نووسەر بێهودە بێ، بەڵام تەنیا لە رێگای ئەم خوێندنەوانەوە رەنگە بە هێندێک مانا بگەین.

déconstruction مێتۆد

de-struere هەڵوەشاندن

construere دروستکردن

وشەی دێکانستراکشن لەم دوو وشەیە پێک هاتووە. هەر خودی وشەکە هەڵچنین/ دروستکردن و هەڵوەشاندن/لەبەریەک هەڵوەشاندن هەڵگری دژایەتییە، بەڵام هاوکات

مانـــا دەدەنـــە یەکتر. مەبەســـتێکی چەمکی دێکانستراکشـــن ئەوەیە کە بە هەڵوەشـــاندن و دووبـــارە لێـــک گرێدانـــەوەی تەونی دەق، دژایەتـــی و چەندوێنەیـــی پشـــتەوەی دەق نیشـــان بدرێت و دەق لە کۆنتێکستی تازەدا مانـــا بکرێتەوە. خوێندنەوەی دەق هەمیشـــە بـــە دۆخەکان بەســـتراوەتەوە و لـــە زەمەندا دەگۆردرێت و مانای جیاوازی لێ هەڵدێنجێن. مێتۆد/فەلســـەفەی هەڵوەشاندنەوەی «دێریدا» هەوڵ دەدا نیشـــان بدات چۆن دەق هەڵگری دژایەتییـــە کە ڕەنگـــە لە نیـــگای یەکەمدا نەبیندرێ. چ ئامانجێکمان لە هەڵوەشاندنەوەی دەق هەیـــە؟ بە ڕای «دێریـــدا» ئێمە ناتوانین واقع بە شـــێوەی ئابژێکتیڤ پێناســـە بکەین، بەڵکوو تەنیـــا دەتوانین خوێندنەوەیەکمان لە ڕێـــگای زمانەوە لێی هەبـــێ. تەنیا لە ڕێگای وشـــە و زمانە کە واقع دەنووسینەوە و وێنای دەکەین، ئێمە دەتوانین بە بەشـــێک لە واقع بگەین. زمان واقع دروست دەکا.

بۆ خوێندنەوەی دووهەمم لە ڕۆمانی گابۆڕ (خوێندنەوەی یەکەمم لە حەفتەنامەی سیروان، ژمارە ١٠٢٣دا چاپ کراوە) دیسان ڕۆمانەکە دەخوێنمەوە. ئینجا ڕۆمانەکە وەک قوماشێک لـــەت دەکـــەم و دوو چیرۆکـــە هاوتەریب و تێکەڵاوە کە لێک جیا دەکەمەوە. ئایا بە تەنیا وەک دوو چیرۆکـــی ســـەربەخۆ دەمێننەوە؟ بەتایبەت ئەو چیرۆکەی بە مێشکی کەریمدا دەڕوات و دەگاتە خوێنەر؟ بەڵێ؛ ئەگەر ئێمە ئەو دوو چیرۆکە لێک جیا بکەینەوە، هەرکام لـــەوان ژیانی خۆیان هەیـــە. چیرۆکی یەکەم بەســـەرهاتی چەند منداڵە کە وەدوای تۆپێک کەوتوون و دواتر لەگەڵ گۆڤاری سروە ئاشنا دەبن. کەریم برایەکی لە شـــەڕێکدا شـــەهید بووە. وێنەی براکەی جاران لەسەر دیوار بوو، بەڵام ئێستا تەنیا جێگای وێنەکە لەسەر دیوار ماوەتـــەوە. هەژیر کە نـــاوی عەبدولموتەلیبە، ناوی خۆی دەگۆڕێت و دەیکاتە هەژیر. هەژیر بابێکی زۆر چڵێس و سێکسیســـتی هەیە کە هاوکات ژنەکـــەی زۆر خۆش دەوێ. ئەو دوو منداڵە وردە وردە گەورە دەبن و تاد.

چیرۆکـــی دووهەم کە لە داخڵەی خەیاڵ و زەینـــی کەریمـــدا دەگاتە خوێنەر، باســـی کوشـــتارگایەک و شەڕی ئاژەڵە بێزمانەکان و سەیدەسوورەی قەســـابە. هەموو بەیانیان کە سەیدەسوورە دەیەوێت مالاتەکان سەر ببڕێ، ئەوان بـــە دیتنی خوێنی هاوڕەگەزەکانیان لە گابۆڕ دەدەن. لە بەرەبەیانێکدا سەیدەسوورە و جوانەگایەک یەکتر بریندار دەکەن و جوانەگا بە برینداری لە کۆشتارگا هەڵ دێت.

کەوایـــە ئەم دوو ڕەوایەتـــە هەم بگێڕەوە (ڕاوی) خۆیـــان هەیـــە، هـــەم چیرۆکـــی ســـەربەخۆی خۆیان و هەم فۆڕم و تێکنیکی خۆیان.

ئینجـــا کـــە چیرۆکەکانمـــان لێک جیا کـــردەوە، بۆ وێنە چـــاو لە پاژ و کۆ، وشـــە، ئیدیۆم دەکەین تا مانا شـــاراوەکانی نێو دەق بدۆزینەوە. ئەم شـــێوە لە خوێندنەوەیە بەپێی دێکانستراکشـــنی «دێریدا»ـــی، واتە لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی دەق ئەنجام دەدەین.

### هەڵوەشاندنەوەی دەق

«دێریـــدا» (١٩٣٠-٢٠٠٤) هەوڵی ئەوەی بوو کە نیشـــان بدا، سیســـتمە مێتافیزیکییەکان پڕن لە درز و دژایەتی. بەڵام ســـەرەڕای ئەوە دێریـــدا ئیدەی سیســـتمی مێتافیزیکی فڕێ نـــەدا، بەڵکوو تەنیا وەک پرۆژەیەکی بەردەوام ناتەواو چـــاوی لێ دەکرد. دێکانستراکشـــن چەمکێکی فەلســـەفی و زانستی ئەدەبیاتە کە ڕیشەی لە پۆستستراکچرەکاندایە. ئەم چەمکە بەربڵاو و چەندمانایە، و دێریدا قەت تاریفێکی کۆتایی لێ نەکردووە. بە بۆچوونی دێریدا هیچ شـــتێک لە دەرەوەی دەق بوونی نییە. هەموو شـــتێک دەتوانێت دەق بێت و ئەو شـــتانەی دەیانبینین، هەستیان پێ دەکەین، بیریان لێ دەکەینەوە، دەیانخوێنینەوە، جۆرێک لە دەقی پڕ لە چەمکی دژبەیەکن کە ئێمە شرۆڤەیان

دەکەین. زمـــان لە دووانە دژبەیەکەکان پێک هاتـــووە. لە ڕێگای ئەو دژانـــەوە ئێمە هەوڵی فامکردنی واقـــع دەدەین. بۆ ئەوە دیاردەیەک بناســـین دەبێ دژەکەی بناســـین. وەک نوور و تاریکی، وەک واقـــع و خەیاڵ و خەون. لە ڕێگای هەڵوەشـــاندنەوەی دەق دەتوانین بەوە بگەین دەق چۆن دروســـت کراوە. ڕێگایە بۆ دۆزینەوەی شـــاراوەکان، ڕەنگە ئەوە بێت کە بـــۆ وێنە جنس یا ئێتنیکی تـــاک، یا کات و شـــوێنی دەق بگۆڕێ. هەمـــوو چالاکییەکی مرۆڤ وەک خوێندنـــەوەی دەقە کە دەکرێ هەڵوەشێندرێنەوە.

## دیسکۆرس

دیســـکۆرس چەمکێکە کە میشـــێل فۆکۆ بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵات لـــە ڕادەی و شـــوێنی جیـــاوازدا هێنایە نێو باسەکانی فکر و هزر دونیای ئاکادێمی. کاری سەرەکی شیکاری دیسکۆرســـی لێکۆڵینەوە لەسەر پێوەندی زمانە لە حەوزەی جۆراوجۆردا. بەپێی شیکاری دیسکۆرسی، شتەکان هەرگیز تەنیـــا بۆ خۆیان بوونیان نییە، بەڵکوو هەر کە زمان بەکار هات جیهانـــی دەرەوەی خۆمان شـــرۆڤە دەکەین. لە شـــیکاری دیسکۆرسیدا ئێمـــە پێوەندی نێوان گوتـــار و گوفتمانەکان هەڵ دەسەنگێنین و لە دیاردەکان دەکۆڵینەوە کە چۆن دیسکۆرسەکان، کاریگەرییان لەسەر یەکتـــرە و بـــۆ وێنـــە پێوەندیی دەســـەڵات و نایەکســـانی چۆنـــە. بەپێـــی دیســـکۆرس (Discourse) ئێمە لە ڕێگای زمانەوە جیهان نـــاس دەکەین و بەبـــێ زمان ناکـــرێ واقع بنووســـینەوە و باســـی بکەین. زمانە کە واقع فۆرم دەدا و واقعێک کە ئێمە دەربارەیدا قسە دەکەین هەمیشە ســـۆبژێکتیڤە. بەکارهێنانی زمان دیســـکۆرس بەرهەم و دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. دیسکۆرس کاریگەرییان بە چاک و خراپ هەیە؛ دەتوانین چ بڵێین و بنووســـین و یا ناکرێ بگوترێن و بنووسرێن.

## شیکردنەوە

ئەگەرچی بگێڕەکانی گابۆڕ ئێســـتا خەریکن بەســـەرهات و ڕووداوەکانـــی ڕابردوومـــان بۆ دەگێڕنـــەوە، بـــەڵام بەشـــێکی ڕووداوەکان لە ڕابـــردوو لـــە ڕابـــردوودا ڕوو دەدەن. ئەم زنجیرە پەیوەستە لە کاتە دەمانباتەوە هەمان بۆچوونە دروستەکەی دێریدا و ڕەخنەکەی لە فیلســـووفانی پێشتر کە بە جۆرێک باوەڕییان بە هەبوونی ڕەهایە. لە سیستمی بیری ئەواندا تەنیا ئێســـتا هەیە و ڕابردوو لە دەست چووە و داهاتووش هێشـــتا نەهاتووە، بەڵام شتێک کە لە خۆیدا ناگـــۆڕێ و ناجووڵێت، ناتوانێت بوونـــی هەبێ. بۆ دێریـــدا جووڵە و گۆڕانە کە بوون مانا دەکەن و ئێستا هەمیشە بەشێک لە ڕابردوو لەگـــەڵ خۆی دێنێت. بە ڕای دێریدا ســـتراکچر (پێکهاتە)ی زمان کە ڕابردووشی لەگەڵـــە، ئیمکانی ئەوەمان دەداتێ کە گۆڕان لە زەمەندا ببینین. ڕابردوو بەشێکی چالاکە لە ژیان و ئێستامان.

«تەنیا شـــتێکمان کەم بوو؛ ئەویش تۆپ بوو». (ل. ٧ و هەوەڵ ڕستەی گابۆڕ)

یەکەم ڕســـتەی گابۆڕ بە گێڕاونەوەی یەکـــەم بگێڕ، لە نێو دەیان بگێڕی دیکەدا دەست پێ دەکات، گابۆڕ باسی ڕووداوەکان لـــە ڕابردوویەکدا دەکات، بەڵام ئەم ڕووداو و ڕابردوویـــە خۆی تەژییە لە ڕابردووەکانی دیکـــە، لە ســـەرەتای چیرۆکەکـــە چەند بگێـــڕی لاو باســـی ئەوەمان بـــۆ دەکەن کە دەیانەویســـت تۆپێکـــی فوتباڵ بکرن و تیمێـــک پێک بێنن، بـــەڵام هەر لێرەوە ڕابردوو لە ڕابردوو دەبنە بەشێکی گرینگ لـــە چۆنیەتیـــی مامەڵەکردنی نووســـەر و بگێڕەکان لەگەڵ کات و دۆخدا:

[...] «ئەو خاکە چکۆلە ڕاست بەرامبەری پازگا بوو. پازگا پێشـــترماڵی حەمەدەمینائاغا بوو. [...] چەند ســـاڵ دوای گرتنەوەی شـــار دەوڵـــەت ئەو ماڵەی داگیر کرد و کرا بە پازگا [...]».

میرزا هادی باوکی عەبدولمتەللیب هەموو جارێک چاوی پڕ دەبوو لە ئاو. ئای لەو ڕۆژە ڕەشەی تێی کەوتین!» (ل. ١٦-١٧)

ڕابردوو لە ڕابردووەکانی نێو گابۆڕ دەیانەوێ پێمان بڵێن کە زەمەن تەنیا ئەو ئێستایە نییە کە بگێڕەکان خەریکن ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕنەوە، بەڵکوو ئەو ئێستایەمان پڕە لە ڕابردوو. ڕابردوویەک کە داهاتووەکان ساز دەکەن، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەو ڕابردوو-ئێستا و ڕەنگە داهاتووش، نەک بەرەو باشی و گەشەکردن، کە بەرەو پاش گەڕاوەنەتەوە. بەپێی گوتەکەی میرزا هادی پێشتر، پێش ئەم ڕابردوویە، ژیان هێندە ڕەش نەبوو. تەنانەت مێرمنداڵێکی وەک عەبدولمتەللیب دەزانێت کە زەمان چین و قورسی سەدان ساڵەی خۆی لەسەر ناوی ئەو بار کردووە و ناوی باوکی، هادی، دیسان خۆشترە لە ناوی عەبدولمتەللیب. ئەگەر بەپێی کات و پێشچوونی زەمەن با، دەبا ناوێکی خۆشتر لەسەر عەبدولمتەللیب دانرابا:

«کوتت کوڕە وەڵڵا هێشتا نێوی باوکم خۆشترە؛ هادی. خۆزگە بە خۆی. هی من لە هی باوکیشم پیرانەترە، لانیکەم بریا من نێوم هادی بوایە و باوکم نێوی عەبدولمتەللیب. چا ئەو بەدبەختییەی من»! (ل. ٦٨)

یا هەمان گەڕانەوە بۆ دوایە، ترس و ناچاری کاریگەری لەسەر ناوی کەریمیش بووە و لە ڕاستیدا ناوی کەریم نییە و لە ناچاری ناوی کراوەتە کەریم:

«کوتت من برایەکم بوو لە خۆم گەورەتر بوو، نێوی کاک جەماڵ بوو، ئەودەم کە لەدایک بووم، ئەو نێوی نابووم خەبات.

کوتت دوای ئەوەی وڵات گیراوە، باوکم و ئەوان لە ترسان نێویان گۆڕیوم و کردوویانەتە کەریم». (ل. ٦٤ )

کەریم، باب و دایکی کەریم واتە بایز و گەوهەر، هەرکام لە ڕوانگەی خۆیانەوە باسی کار و کاسبی بایز دەگێڕنەوە. سەردەمانێک بایز قەساب بووە، ئەوان ژێرخانێکیان بووە و ماڵاتیان تێدا ڕادەگرت. هێندێک جار بەیانیان زوو بایز کوڕەکەی لەگەڵ خۆی دەبردە قەسابخانە. نووسەر یەکەم باسی ژیانی ئەوان وەک بەشێک لە دەقی چیرۆکی یەکەم دەنووسێت. کەریم باسی کوشتنەوەی مانگاکان و شەڕ و مانگرتنی مانگاکان لە قەساب دەگێڕێتەوە:

«دیتنی سەربڕینی مانگا و گوێلک زۆر ناخۆشە، لەوە ناخۆشەتر دیتنی دیمەنی ئەو مانگا و گوێلکانە بوو وا هێشتا نۆرەی سەربڕینیان نەهاتبوو، ئەو مانگا و گوێلکانەی وا بۆنی خوێنی هاونەوعەکانی خۆیان بە سەردا دەچوو. دوو شتیان زۆر سەیر بوو؛ دەنگیان و چاویان. وەختایەک بۆنی خوێنی مانگاکانی دیکە بە سەریانەدا دەچوو بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە دەیانبۆڕاند کە بە هیچ جۆرێک وەک بۆڕەی جارانیان نەدەچوو [...].

من زۆربەی ئەو بەیانییانەی گوێلکمان دەبرد بۆ کوشتارگا، ئاخرزەمانم هەست دەکرد و دونیام لێ ئاخر دەبوو». (ل. ١٩)

بیرەوەرییەکانی کەریم سەبارەت بە کوشتارگای دەرەوەی شار کە بەیانییان بۆڕاندنی مانگا و چەقولووری سەگەبەڕەڵڵاکان پێکەوە ناخۆشترین دیمەن بوون بۆ کەریم، لە لاپەڕە ٢٠دا دەست پێ دەکەن. هەر لەم لاپەڕەیشدا چەندین جار ئیدیۆمی ئاخرزەمان بەدوای یەکدا بەکار دێن:

«من زۆربەی بەیانییەکان دەمبیست و چەند جارێکیش دیتم. هەر وەخت ئاوا بۆڕاندنی مانگاکان و چەقولووری سەگەکان پێکەوە تێکەڵ دەبوون، هەستم دەکرد ئاخرزەمان و دونیا ئاخربوونە. من زۆربەی ئەو بەیانییانەی گوێلکمان دەبرد بۆ کوشتارگا، ئاخرزەمانم هەست دەکرد و دونیام لێ ئاخر دەبوو.

وەختایەک گوێلکێکیان دەبردە بەردەرگا

و ســـەیدە ســـوورە دەرگای لـــێ دەکردنەوە، کەریم بۆ دواجار دەســـتێکی بەسەر پشتیاندا دەهێنا و هەناسەیەکی هەڵ دەکێشا.
برۆ بەرەو ئاخرزەمان». ( ل. ٢٠)

لەمەوبەدوا هـــەر جارناجارێک لە دۆخی جۆراوجۆردا بیرەوەری قەسابخانەی دەرەوەی شـــار و ئەو مانگا و گوێلکانەی کە ســـەریان دەبڕدرا، لە زەین و خەیاڵی کەریم (خەباتـ)ـدا شـــەپۆل دەدەن و ئەم بیرەوەرییانە بە فۆرمی ئیتالیک دێنە نێو دەق. ئێســـتا پرسیار ئەوەیە کە بۆ ئـــەم بیرەوەرییانە/ڕابـــردووی دوور، لە زەمەنێکی دیکەدا، زەمەنی دوای داگیرکردنی ماڵـــە حەمەدەمینائاغـــا و هاتنی پـــازگا، ئەو کات کە پازگا پێشـــتر ماڵی حەمەدەمینائاغا بوو، وەبیر کەریم دێنەوە و ئێســـتا بۆ ئێمەی خوێنەر دەگێڕدرێتەوە؟ ئەو پێشـــترە بە کام زەمان و دۆخ ئیرجاعمان دەدا؟ زەمەنێک کە خەڵک ئاســـوودەتر بوون یا زەمەنێک کە ئەو کاتیش قەسابخانەیەک هەبوو؟ یا ئەو زەمەنە کە هێشـــتا بایـــز نەببوو بە مریشـــکفرۆش؟ بەڕاست هەر ترس لە تیری پازگا بایز دەکاتە مریشـــکفرۆش یا زەروورەتێک لە دەقدا هەیە کە مانگا ببێتە مریشک؟

«وەختێک ماڵی حاجـــی حەمەدەمینائاغا بـــوو بە پـــازگا، بایزیـــش لە ترســـی ئەوەی بەیانییـــەک زوو بە دوای گوێلـــک و مانگاوە وەبەر گولـــلەیان نەدەن و خۆی و کوڕەکەی نەکوژرێن، قەسابی وەلا نا.
خولا وەتحەســـێنێ لەو دەمـــەوە، بوو بە بایزی مریشکفرۆش.» (ل. ٢١)

ئەگەرچـــی مانگا کراوەتە/بۆتە مریشـــک، بەڵام ئێمـــە لەگەڵ یەک دیاردە ڕووبەڕووین: ئاژەڵ و باڵندەی بێزمان. ئێســـتا پرســـیاری دووهەم دێتە ئـــاراوە کە بۆ ئەو هەموو ئاژەڵە بێزمـــان و بەســـتەزمانە بە نێو ئـــەم دەقەدا بـــڵاو کراوەتەوە/بوونەتەوە؟ ئـــەو ئاخرزەمانە/بەرەبەیانییـــان کـــە دەنگی بـــۆڕەی مانگا و چەقولووری سەگی بەرەڵڵای تێیدا دەبیسترێ چمان پێ دەڵێت و ئەو دەنگانە نیشانەی چن؟

بـــا بگەڕێنـــەوە لای دیالێکتیکـــی ڕۆشنگەری کە لەودا لە چەند جێیەک باسی بێزمانی ئـــاژەڵان و ڕەنج دەکرێ. لە ڕوانگەی دیالێکتیکی ڕۆشـــنگەرییەوە، ڕۆشـــنگەری بریتییە لە گەیشـــتن بـــە خودئاگاییەک کە کارەســـاتەکانی مۆدێرنیتـــە وەک وێرانکردنی خـــودی مرۆڤ و بەرپاکردنـــی کەمپ بێنێتە ژێر ڕەخنـــەوە. مرۆڤی خاوەن زمان و خاوەن ئاپاراتی دەوڵەت، بێزمانـــەکان وەک ئاژەڵ و بێهەســـت و بیر دەبینێ. لـــە ڕوانگەی بیر و جیهانـــی تۆتالیتەرەوە ئەوەی کە بێهەســـتە خاوەنی وشـــە نییە، یا دروستترە کە بگوترێ ئەوەی وشـــە و زمانی نییە بیر و هەست نییە و لە کاتی کارەسات و خەمدا تەنیا دەنگێکی لێ دێتە دەر (دەبۆڕێنێ).

هەموو مانگا و گوێلکـــی بێزمانی گابۆڕ و دەرەوەی گابۆڕ وشـــەیان نییـــە. پێش هاتنی پازگاکەش هەر وشـــەیان نەبووە. جار لەگەڵ جاریـــش دۆخ بەرەو خراپتر ڕۆیشـــتووە. ئەو ماڵاتە تەنیا خاوەنی هاوار (گابۆڕ)ن. ئەوان لە کاتی خەم، خەتەر و کارەساتدا تەنیا دەتوانن لە گابۆڕ بدەن. ئەگـــەر وەبیرمان بێ، کەریم باســـی ئەوەی بۆ کردین کە ئەو دوو شـــتی مانگاکانی پێ سەیر بوو، دەنگ و چاویان:

[...] «دوو شتیان زۆر سەیر بوو؛ دەنگیان و چاویان. وەختایەک بۆنی خوێنی مانگاکانی دیکە بە سەریانەدا دەچوو بە شێوەیەکی سەیر و ســـەمەرە دەیانبۆڕاند کـــە بە هیچ جۆرێک وەک بۆڕەی جارانیان نەدەچوو». (ل. ١٩)

ئەگەر لـــە ڕوانگەیەکی دەروونناســـییەوە چاو لەم ڕســـتانە بکەین هەمیشـــە مرۆڤ لە کاتی ترس و خۆفدا چاوی زەق دەکاتەوە و بە شێوەیەکی ناخودئاگا دەقیژێنێ. لەو ساتانەدا مرۆڤ زۆر جار کوردوتەنی لاڵ دەبێ و وشـــە نادۆزێتـــەوە و تەنیا وەک ئـــاژەڵ هاوارێک لە گەرووی دێتـــە دەر. تۆ بڵێی چاوی زەقبووی مانگای چاوەڕوانی مـــەرگ، گابۆڕی گوێلکی

ترســـاو، و لەبەریـــەک ڕاچوونـــی جوانەگا و سەیدەســـوورەی قەســـاب هەمووی داڵی بەر ژیانـــی مرۆڤی کـــوردی و بێزمانی ئەو نەبن؟ ئەگەر بە گوێرەی دێریـــدا زمان داڵی بوونی مرۆڤە و هەموو شـــت لە دەق و وشەدا مانای هەبێ، ئاخۆ مرۆڤی بێزمان و زمانبەســـتراوی مرۆڤی کورد هەر هەمـــان ژیانی ئەو مانگا و مریشکانە نییە کە بەیانییان سەریان دەبڕن؟

ئینجا بۆ خاوەن مانگا لە ڕەوتێکدا دەبێتە مریشـــکفرۆش؟ ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتای شـــیکردنەوەکە کە باســـی ئەوەمان کرد کە ڕابردوو و ئێســـتا نـــەک بەرەوپێش نەچوون، بەڵکوو بەرەو پشتەوە گەڕاونەتەوە، ئایا ناتوانین بڵێین کە تەنانەت ئەو بـــڕە دەنگە کە ڕەنگە سەردەمانێک بووبێت، ئێستا لە پاشگەزبوونی داوە و لـــە بـــۆڕەی مانگادا هێنـــدە بچووک کراوەتەوە کە بووەتە جیکەی مریشـــک؟ خۆ تەنانـــەت ئەگەر قســـەکەی لاکانمان قەبووڵ بێـــت (و ئەمە لـــە ڕوانگـــەی جێندێرییەوە جێگای ڕەخنەیە و بەپێی دونیای فەلســـەفی و لینگویســـتیکی کریستێڤا، زمان هێتروژێنە و هـــەم دایکانەیە و هـــەم باوکانە) کە زمان سیستەمە و سابژێکت کە فێرە گۆ و زمان دەبێ دێتە نێو سیســـتەم، ئەوە دیسان ئەو سیستەمە زمانییەی گابۆڕ، چیرۆکی ئەو سەردەمەیە کە شەپکە هێندە توند بوو کە هەموو شت بەرەو پاش دەگەڕاوە و دەنگی بۆڕاندنیش لە بڵیندی خۆی دەکەوێت و دەبێتە جیکەی مریشکان. لێرەدایە دەق بەو قەناعەتەمان دەگەیێنێت کە دۆخ و دیسکۆرسی دەسەڵات و پێوەندییەکان لـــە ڕابردوو، ڕابردووی دوور، ئێســـتا و ڕەنگە داهاتووش نەک بەرەو گەشە نەڕۆیشتوون، کە بگرە زمان و وشە هەموو ڕۆژێ لە قەسابخانە ســـەریان دەبڕدرێت و زمان لـــە زاری مانگا دێننە دەر و لە دەرەوە چەقوولووری ســـەگان دەبیستری/دەبیســـرا. ئەوان ساڵان، گەرچی زۆربـــەی وڵاتان چوونە نێو فازی مۆدێرنیتەوە و بگرە دوای مۆدێرنیتە، بەڵام هێمن گوتەنی لـــە لای ئێمـــە «دەبـــا خوێن بێ و ســـەران بەرێ، چەرخی کارگەیـــان بگەڕێ» بوو. بۆیە هورووژمی شـــەپۆلی بیرەوەرییەکانی کەریم بەردەوام کوشتاری نێو قەســـابخانە دێننەوە یادی خوێنەر:

«ڕیزێک کەلاک بە قولاپەکانەوە لەمسەر بۆ ئەوسەر هەڵواسرابوون. هەموویان سەرەوخوار بوون. کلکە درێژەکانیان یەکی تۆزێکیان پێوە مابوو. کلکیان لە حەوا و گەردەملەکانیان ڕوو بـــە خواری بوون. خوێنیـــان لەبەر دەچۆڕاوە. ڕەگی لاڕانی زۆربەیان جارنەجارێک دەخولاوە و لێی دەدا. کابرایەکی بەرگ سپی لە سەری ئەوســـەرەوە مۆر و ســـتامپێکی پێ بوو، دانە دانە چاوی لێ دەکردن و مۆرێکی شـــینی لە لاڕانیان دەکوتا». (ل. ٩٥)

ئـــەوان ســـەردەمان گەلێـــک زۆر بوون ئەوانـــەی لاڕانیان مۆر و شـــین دەکراوە. هەر ئەوەش نـــا، زۆرن ئەوانەی بەســـەرهاتی ئەو گوێلکانەیان پێیە کە بە هەڵکەوت لە چەقۆی قەســـاب نەجاتیان بووە و شانسی ژیانیان بۆ ڕەخسا (ئەویش چ ژیانێک، خۆی جێی باسە)، یا لە زگی مانگایەکی ئاوســـدا لەبار چوون و مردن:

«بابـــم کوتی بۆ چوویە دەرێ؟ ترســـای؟ کوتـــم پێم خـــۆش نەبـــوو. کوتی هـــەر تۆ ڕۆیشتییە دەرێ، هێنایانە دەرێ. کوتم چی؟ کوتی مانگاکـــەی کەوڵیان دەکرد، گوێلکێکی لە زگدا بوو؛ ئاوس بوو». (ل. ١١٢)

نەزۆکی و کوشـــتوبڕی زمانـــی ناو گابۆڕ وەهای کردووە کە کوشتاری مانگا و گوێلکەکان و ڕووداوەکانی شـــار و دەســـترێژکردنی پازگا بەردەوام وێنـــای ئاخرزەمانن، چ بۆ کەریم و چ بۆ خوێنەر. زمـــان دەورێکی وەها گرینگی لە ژیانـــی مرۆڤدا هەیە کـــە تەنانەت ئەگەر تـــۆ زمانی دایکی خۆت بزانـــی، بەڵام بڕۆیتە وڵاتێکـــی دیکە و زمانەکەی ئەوان بە تەواوی فێـــر نەبی، ئـــەوە جیهانی بیری تۆ قســـر و نەزۆکـــە، جا چ بگا بەوە کـــە ئەو وڵاتەی کە

لێیـــدا هاتووی لەوێش زمانی دایکی تۆ زمانی خوێندن و نووسین نەبێ:

[...] کوردی قســەکردنەکەی زۆر خۆش بوو؛ خەڵک بە ئەنقەست دەیاندواند. مانگایەکی قســری ڕاگرتبوو و بــە ڕۆژدا دەری دەکردە دەرێ و ئەوەندەی تاقەتی بوایە دەیبردە خوار ماڵان و لە قۆپی و گوێچۆمی دەیلەوەڕاند. (ل. ۴۶)

پێوەندی چیرۆکی یەکەم و بیرەوەرییەکانی کەریــم بــە فۆرمــی ئیتالیک لە نێــو دەقدا پێوەندییەکی دیالێکتیکــی و دیالۆگییە، واتە زۆربــەی جار لە درێــژەی مەنتقیی چیرۆکی یەکەمــدا بیرەوەرییەکانــی کوشــتارگاکە دەنووسرێنەوە و جۆرە ولاٚمێکن بە ڕستەکانی پێشــتری نێو دەق و تێمی ســەرەکی گابۆڕ، واتــە نەبوونی تۆپ، نەبوونــی زمان، بێزمانی، بەســتەزمانی مرۆڤەکانی ئەو شارە کە ئێستا پاژگا داگیری کــردووە. دیارە ئەگەر پاژگاکان لە نیوەڕاستی ڕۆژدا مانگای قسری نەنەعەجەم بکــوژن، مانگاکانــی دیکە وەهــا تەفروتوونا دەکەن کە هەر زمانیان لە شەویلکەدا نەمێنێ. وێنەیەکی بەرچاوی ڕاســتی ئەم بۆچوونە لە دەقــدا ئەو کاتەیــە کــە عەبدولمتەللیب بۆ کەریمــی دەگێڕێتەوە کە شــەوی پێشــتر شتێکی خۆشــی بە زمانی کوردی دیوەتەوە، بەلاٚم دایکی لێی دەدڕێنێ:

«کوتم کەریم دوێنێ شــتێکی زۆر خۆشم دیبەوە بەلاٚم دایکم لێی دڕاندم. سەد بریا ملم بشکایە و نیشانی دایکمم نەدایە.

کوتم چی؟

کوتــم داســتانیکی بێ حــەدد و ئەندازە خۆش بوو. بە زمانی کوردی بوو. ل. ۸۵

وە ڕاست دوابەدوای ئەم دیالۆگەی نێوان کەریــم و عەبدولمتەللیــب، بیرەوەرییەکــی کوشــتارگا دێتە نێو دەق کە چۆن مانگایەکی کــە زمانــی دەرکێشــابووە دەرێ و کــەف و لینجــاوی زۆری بــووە (تــۆ بلێی وشــە و بەسەرهاتی زۆری پێ بووە) قەساب زمانی لە شەویلکەی دەردێنێ:

سەرەگایەکی بڕاو لەو لاوە دانرابوو. چاوی زەق ببــووەوە و زمانی دەرکێشــابووە دەرێ و کــەف و لینجاوێکی زۆر لــە ژێر زمانییەوە دەتکا خوارێ.[...] دوایی لاقێکی خســتە سەر شــەویلکەی خوارێــی و بە هەردوو دەســت توند شەویلکەی ســەرێی کێشا تاکوو لە بەر یەکی هەڵپچڕی. بە دەســتێکی زمانی هەڵێنا و بە چەقۆکەی کە بە دەســتەکەی دیکەوەی بــوو زمانەکەی لە بندا بــڕی و فڕێی دا پەنا کەوڵەسەرەکە.

جووتێــک چاوی قەلپووچ و زمانێکی بڕاو! (ل.۸۳-۸۴)

ئەگەر بە مێتۆدی شیکردنەوەی چۆنیەتی، موحتــەوا و نێوئاخن چاو لــە گابۆڕ بکەین و بمانەوێت بزانین هێندێک لە وشــەکان چەند جــار و چۆن دووپــات بوونەتــەوە، دەبینین کە وشــەی زمان ۴۴ جار لە نێــو ڕۆمانەکدا دووپــات دەبێتەوە. ئەگەر ئــەم ۴۴ جارە بە دووپاتبوونەوەکانــی ۸۰ جــاری مانــگا، ۲۵ جاری جوانەگا، ۲۹ جاری گوێلک، ۲۶ جاری کــوردی، ۷ جاری ئاخرزەمــان، و زمانی بڕاو و بەســتەزمان زیاد بکەین، ئەو کات دەزانین کــە ڕۆڵی زمان چەند بناغەیی و بنیاتی بیری گابۆڕە و نەبوونی زمان و ڕەنجی بێزمانییە کە وا دەکا ئەو هەموو مانــگا، جوانەگا و گوێلکە ببنە قوربانی. ڕەنج لــە ڕوانگەی دیالێکتیکی ڕۆشەنگەرییەوە پێوەندی بە دەربڕینەوە هەیە، ڕەنجێک کە پێشی دیمەن و نیشاندانی گیراوە.

دوای ئەوە کە کەریــم و عەبدولمتەللیب لاپەڕەیەکی ســروە کە شۆرمەزەی تێ کراوە، دەدۆزنەوە و دوای ئەوە کە منداڵەکان دەزانن زمانی کــوردی چەنــد شــیرینە و دەتوانن بیخوێننەوە، تەنیا لە دوو لاپەڕە و سێ خەتدا ۱۷ جار وشەی زمان لە مانای جیاوازدا بەکار دێت؛ هێندێک بە شــیرینیی زمان و هەستی خۆش ئامــاژە دەکــەن و هێندێکیان پێمان دەڵێن کە ئەگەر زمان لێگەڕێ سەر سلاٚمەتە،

ئەوە زمانە کە درۆ ناکا، و زمان بێئامانە:
«بە زمانی فارســی نەبوو. بەڵام ئەو دەیتوانی بیخوێنێتەوە. (١)
[...]
کوتــم زۆر دواتر زانیم کە ئەوە شــیرنایی و ڕووناکایــی زمانی خــۆم بوو لــە دەروونمدا ئاوێتەی یەک دەبوون. (٢)
ئــەوە یەکەم جــار بوو بە چــاو زمانی خۆی دەدی. ئــەو تا ئەودەم تەنیــا بە گوێی زمانی خۆی بیستبوو. (٣)
کوتــم ئەوە یەکەم جار بوو زمانی خۆم دەدی. (٤)
زمانی خۆی چەندە ئاســان بوو، زمانی خۆی چەندە خۆش بوو! (٥)
کوتم من دەزانم.
کوتم من کوردی دەزانم. (٦)
بە هەڵهاتن ڕۆیشــتەوە ژووریَ. لە خۆشــیان زمانی نەدەهاتە گۆ. (٧)
کوتم دایە وەرە شتێکی سەیر!
کوتم چییە ڕۆڵە!
کوتم وەرە بە خودا من... دەزانم بخوێنمەوە!
کوتم چی دەزانی بخوێنیتەوە.
کوتم زمانی کوردی. (٨)
کوتم دادەی.
کوتــم هەبوو... نەبوو... کابرایــەک... بوو... دوو ژنی ... هەبوو...
دایکی گورجێک زمانی خۆی گەست. (٩)
کوتم نانا. درۆم کرد. هەو نییە.
کوتم دا بێنە، زمان درۆ ناکا.(١٠)
لاپەڕەکــەی لیَ وەرگرت و لەبەر چاوی خۆی دڕاندی.
کوتــم لای کــەس دەنــگ نەکــەی! زمانت نەگەڕیَ ها! بەدبەخت دەبین! نەڵیی شــتێکی وام دیوە. (١١)
کوتم بێتو زمان لێگەڕیَ سەر سڵامەتە. (١٢)
کوتم خاڵە جەحفەرت زمانی نەســڕەوت و بە چوار پێنج لەتە کاغەزی ئــاوا بەدبەخت بوو. (١٣)
کوتم ســەدان کەس لەســەر زمانیــان تێدا چوون. (١٤)
کوتم باوکت بزانیَ، خەریکی شتی وای، زمانی هەردووکمان لە بنــدا دەردێنیَ. زمان ئامانە! (١٥)
ئەوە قسەی هەمیشەیی دایکی بوو کە دەیکوت بێتاوان بوو.
کوتــم تەنیــا گوناحی جەحفەر چــوار کوتە کاغــەزی زمانی کوردی بوو.» (١٦) (ل. ٨٠-٨٢)

مرۆڤ ڕووناکی، شــیرینی، خــەم، ڕەنج، بەســەرهات و ڕووداو و گێڕانــەوەکان لــە ڕێگای زمان و وشــەوە بــاس دەکا. هەر بۆیە لــە ســەردەمێکی پڕ لە تەم و مــژدا، هاتنی گۆڤاری ســروە ڕاست سروەیەکە بۆ ئاوپرژێنی ڕۆحــی مرۆڤی کورد. شــیرینی و ڕووناکییە. ئەو کات کە مرۆڤ ئەو وشــانەی کە پێشــتر بە گویَ بیســتبوونی، لەمــەودوا دەیتوانی بە چاو بیانبینیَ. مرۆڤ لــە دایک فێری یەکەم وشــەکانی ژیان دەبیَ بۆیە لە دەقدا دەبینین کە دایک یەکەم کەسە کە کوڕ ڕووی تیَ دەکا و دەڵێت:
ڕۆڵە!
کوتم وەرە بە خودا من... دەزانم بخوێنمەوە!
کوتم چی دەزانی بخوێنیتەوە. کوتم دایە وەرە شتێکی سەیر!
کوتم چییە؟
کوتم زمانی کوردی. (ل. ٨١)
زمــان نەک هــەر ئامرازی پێوەنــدی بەڵکوو خودی بیر و بوونــە. بوونێک کە ڕەنگە وەک خاڵە جەحفەر و کاکە جەماڵ ژیانت لەسەری بــە فەتەرات بچیَ. مانــگا و گوێلکە بێزمان و بەســتەزمانەکان پێمــان دەڵێــن کە کاتێک مرۆڤ زمانی نییــە و ناتوانی جیهانی دەرەوە و واقعی پیَ بنووسێتەوە هەروەک ئەو مانگا و گوێلکانەیــە کە هەموو ڕۆژیَ زبح دەکرێن. تۆ کە زمانت ئازاد نەگەڕا و تۆ کە زمانت قەدەغە بــوو، هەموو ڕۆژێک ســەرت دەبڕن. نەبوونی

زمان بۆ دەربڕینی ژیان و بەسەرهاتەکانی واتە ڕەنج. ڕەنجی ئاژەڵ لە بێزمانی ئەواندایە کە ناتوانن باسی خۆیان بکەن و تەنیا لە خۆشی و شادیدا دەنگێک لە خۆیان دەر دەدەن؛ یا حیلەیان دێت و یان لە گابۆڕ دەدەن.

بیرەوەرییەکانی بڵاوی کەریم بە فۆرمی ئیتالیک وەک خەون دێنە نێو دەق. خەون بۆ فرۆید بە مانای ئەوەیە کە مرۆڤ بە وێنە بیر دەکاتەوە. ڕەوانی مرۆڤ بە گوێرەی فرۆید وەک دەقێکە بڵاو و پڕ لە دژایەتی و ناتەبایی. هەروەها بە ڕای لاکان خود کاتێک دروست دەبێ کە دێتە ناو نەزم و سیستەمی زمان و کولتوور. بەڵام کریستێڤا هەنگاوێک زیاتر داوێ و باس لەوە دەکا کە دروستبوونی سابژێکت زۆر زووتر، پێش هاتنی منداڵ بۆ نێو سیستەمی زمان دروست دەبێ. واتە پێش قۆناغی ئاوێنەیی، کاتێک منداڵ و دایک پێوەندییەکی سێمیۆتیکیان هەیە. کاتێک گەرمای دایک، خاڵی گرێبەستە و دایک و منداڵ یەکن و هێشتا منداڵ خۆی لە دایک جیا نابینێ. کریستێڤا لەسەر ئەم باوەڕەیە کە دەق (تێکست) لە دیالۆگ لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا دەخولقێت و ئەمەش بەو مانایەیە کە هەموو دەقێک کارتێکردنی تێکستەکانی تری لەسەرە: ڕۆحی ـ ڕەوانی و کولتووری، واتە لە نێواندەقدا تێکستێکی تر شکڵ دەگرێ و بەم جۆرە هەر تێکستێک دەبێتە تێکستێکی تازە. کریستێڤا، تئۆرییەکانی فرۆید دەربارەی ناسنامە کە لەگەڵ هەم دایک و هەم باب پێناسە دەکرێت، تایبەتمەندیی زمان کە هێترۆژێنە و هەروەها پێوەندیی نێوان خودئاگا و ناخودئاگا (نەست) و پێوەندی نێوان خەون و نێوەڕۆکی خەون و هەروەها تئۆرییەکانی ژاک لاکان، لە کاری خۆیدا پەرە پێ دەدا بۆ ئەوە کە تێکستی ئەدەبی و سابژێکت بێنێتە بەرباس.

با کەمێک لەسەر ئیدیۆمی ئاخرزەمانە بدوێن کە پێشتر ئاماژەیەکی بچووکمان پێ دا. ئاخرزەمان لە ڕاستیدا بە هاتنی قیامەت و کۆتاییی مێژوو کە ئیدی مرۆڤ نامێنێ دەگوترێ. ئەو ڕۆژەی کە مێژوو نییە و کۆتایی دێت، و مرۆڤ چاوەڕێی حوکم و مەرگە و لە بەرزەخێکدا ڕاوەستاوە تا تەکلیفی مەعلووم بکرێت. ئەوە ئاخرزەمانە.

ئەگەر بیرە مێتافیزیکییەکەی هیگڵ بە قەرز وەربگرین کە مێژوو گەشەی ئاگایی ڕۆحە لە ئازادیی خۆی ئەوە دەتوانین بە بەهای زمان لە گەشەکردنی ئاگایی و ئازادی مرۆڤ بگەین. زمان لە پرۆسەی مێژوویدا ئاگایی پەرە پێ دەدا و ئەو نەتەوانە کە ئیرادە، ئاگایی و ڕۆحی خۆیان فەرامۆش دەکەن، نابنە نەتەوەیەکی مێژوویی. ئیرادە، ئازادی و گەشەکردنی ئاگایی مانا دەبەخشنە تاک و نەتەوە. شارێک کە پازگا بە کەیفی خۆی بڕیار لەسەر دانیشتوانی دەدا کەی لە ماڵ بێنە دەر، پەنجەرەکانیان دیوارچن بکەن، ژنەکان بە جلی تایبەت بێنە تەنانەت حەوشی خۆیان، لە ئاخرزەماندا دەژی و بە جۆرێک مێژوو کۆتایی هاتووە. یا هەر نەبێ وەک کەریم کە لەگەڵ سەربڕینی هەر مانگایەک هەستی دەکرد ئاخرزەمانە، ئەو شارە لە قیامەت نزیک بووەتەوە.

بەڵام کەریم ئیدیۆمی ئاخرزەمان تەنیا لە کاتی مەرگی مانگاکاندا بەکار ناهێنێ. ئەو ئیدیۆمە چەند جار، بۆ وێنە لە ئاخرەکانی ڕۆمانەکەدا بەکار دێت، کاتێک کەریم و نازدار ماڵاوایی لە یەک دەکەن و دەگرین و لە نێوەڕاستی کۆڵاندا یەکتر لە باوەش دەکەن:

کوتی متەللیب ئێستاش تامی زارم سوێرە.
کوتی ئێستاش سوێرایی فرمێسکەکانی نازدار لە زارمدایە. باوەڕ دەکەی؟
عاسمان ڕووخاوە.
دەست لێکبەردانە.
ئاخر زەمانە. (ل. ١٨٥)

بە ڕای کریستێڤا دەقی شاعێرانە کە بە ساتێکی تایبەتی قەیران بەستراوەتەوە، لە زاتی خۆیدا هەڵگری جەستەیەکی دایکانە

(سێمیۆتیک/ڕەمزی)یە، کە بەرانبەرە لەگەڵ زمان/سیستەمی نیشانەیی. هەست، ڕیتم و زایەڵە لە توخمێکی دایکانەیە. کریستێڤا ئەو ئیمکانی دەربڕینە، بە کۆرا» ناو دەبات کە تایبەتمەندیی ژنانەی هەیە و بە تەواوەتی ڕەمز و ئەو نەگوتراوانەی نێوان خەتەکانی دەق (نێواندەقی) دەگوترێ. کۆرا تئۆرییەکی سەرەتاییە کە لەو جێگایەی کە مانا لە دەقدا بێدەنگ دەکرێ و یان قەت نەبووە، مانا دەبەخشێ. کاری شاعێرانە/هونەرمەندانە دەبێتە هەنگاو هەڵگرتن و بزاڤێک لە کاتی مەیل و دڵتەنگیی شاعێرانە بۆ گەیشتن بە قارەی دایک کە سیستەمی زمان لە کەناریدا تێپەڕ دەبێ. شاعێر لە ساتی قەیراندا، لە سنوورەکانی نێوان ڕەمز/سروشت و سیستەم/کولتووردا، خۆ دەبینێتەوە و بەم جۆرە دیسکۆرسی مێژوویی دەق لەقاو دەدا. هەموو تێکستێک وەرگێڕانی ئەزموونەکانی سابژێکتە، ئەو ئەزموونانە کە لەسەر شانۆ دادەندرێن و پێکهاتەی هەر دوو زمان و ڕەوان دەگۆڕن.

## ئاکام

چەمکی زمان و گرینگیی زمان وەها بە نێو دەقی گابۆڕدا بڵاو بووەتەوە و ڕۆحی ڕۆمانەکەی داگیر کردووە کە هەر دەڵێی تئۆرییەکەی دێریدا کە هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان بوونی نییە، و بۆچوونەکانی دیالێکتیکی ڕۆشنگەری بۆ گابۆڕ دارێژراون. بە گوێرەی دیالێکتیکی ڕۆشنگەری ڕەنج و دەربڕینی ڕەنج دووانەن. کاتێک باسی ڕەنجی ئاژەڵی بێزمان و زمانبەستراو دەکەین لە ڕاستیدا باسی ئەوە دەکەین کە زمانبەستراوەیی و بێزمانی خۆی ڕەنجە. ئاژەڵ ڕەنج دەبا، چونکە ناتەوانە و ناتوانێ ڕەنجی خۆی دەربڕێ. جیاوازیی مرۆڤ و ئاژەڵ لە چۆنیەتی و جۆری دەربڕینی ڕەنجدایە. مرۆڤ خاوەن زمانە و ئەگەر زمانی ببڕن وەک ئاژەڵی لێ دێت. ئاژەڵێک/مرۆڤێک کە زمانی نییە لە ڕاستیدا بوونی تەم و مژاوییە.

ئەگەر گوتنەکەی دێریدا بە قەرز وەربگرین کە هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان بوونی نییە و وجودی زمانییە کە وجودی ڕۆحی مرۆڤ لە گەردوونەی هەستیناسانەدا مانا دەکات، ئاخۆ مرۆڤ/نەتەوەی بێزمان چۆن بتوانێت باسی ڕەنج و بوونی خۆی بکا؟ ڕەنجێک کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و ویستێک کە بەردەوام سەرکوت دەکرێت.

نزیکترین ئاژەڵ لە مرۆڤی کورد و مرۆڤەکانی دیکەی جیهان مانگایە. مانگا لە چەرخەی ژیاندا گرینگی تایبەتی هەیە. مانگا وەک زۆر ئاژەڵی دیکە بۆ مەرگی هاوڕەگەزی خۆی دەگری و شیوەن دەکا. هەر بۆیە گابۆڕ مانگا وەک سێمبۆلی بێزمانی خۆمان هەڵدەبژێرێ. مانگا و گوێلک و جوانەگاکانی گابۆڕ بە هۆی نەبوونی زمانە کە لە گابۆڕ دەدەن.

لەدوای لێک جیاکردن و دووبارە پێکەوە لکاندنی دەق دەبینین کە دەقی ئیتالیکی واتە بیرەوەرییەکانی کەریم مانایەک دەدەنە چیرۆکی یەکەم و ئەم دوو چیرۆکە پێکەوە کۆیەک دروست دەکەن. ئەم دوو چیرۆکە هاوتەریبە پێمان دەڵێن کە مرۆڤ و نەتەوەی بێزمان و زمان بەستراو تەنیا ئاژەڵێکە کە لە کاتی ڕەنجی بەردەوامی خۆیدا لە گابۆڕ دەدا. هەڵوەشاندنەوەی دەق بە فەلسەفە و مێتۆدی دیکانستراکشنی دێریدا پێمان دەڵێت دەق چ دەڵێت، چۆنی دەڵێت، و چۆن دەق و خوێندنەوەی دەق واقیع فۆرم دەدەن. بوونی واتایی مرۆڤ پێوەندی بە بوونی زمانییەوە هەیە و لە دەرەوەی زمان مرۆڤ بوونی نییە. بەڵام بوونی زمانی بە دیسکۆرسی دەسەڵات و دۆخەوە گرێ دراوە. مرۆڤ بەبێ ئازادی و سەروەریی خۆی ئاژەڵێکی بێزمانە و بێزمانی دووپاتەی ڕەنج و بێدەسەڵاتییە و بەم جۆرە جوانەگایەکی وەڕەز بوو لە بێدەسەڵاتی و بێزمانیی خۆی لە بەرەبەیانییەکدا زگی قەسابی زمانشڕ هەڵ دەدڕێت.

# ڕێنووسی کوردی

ئامادەکردن:
بەشی زمانەوانی

بە سەرنجدان بەوەی نووسەرانی تیشک و خوێندەوارانی
کورد، بنەما گشتییەکانی ڕێنووسی کوردی دەزانن، بە
پێویستیمان نەزانی هەموو بەشەکانی ڕێنووسی کوردی لێرە
بنووسینەوە و تەنیا لەم نووسراوە کورتەدا ئاماژە بەو خاڵانە
کراوە کە بەشێکی زۆر لە نووسەران لەبەرچاویان ناگرن و بە
هەڵە دەیاننووسن...

### کێشەی (ڕ)ی سەرتا
تەنیا لە شـــێوەزاری کرمانجیی سەروودا پیتی «ر» لە ســـەرەتای وشە دەتوانێ بچووکیش بێت. لەباقیی شـــێوەزارەکان واتا شێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی گۆرانی و خوارەوەدا، ڕێی سەرەتا هەمیشە قەڵەوە و بە قەڵەویش دەنووسرێت. ڕزگار، ڕێگا، ڕێباز، ڕێنوێنی.

### کێشەی (و)ی پەیوەندی
پیتی (و) کاتێک بۆ پێکەوە بەســـتنەوەی دوو وشـــە پێکەوە دێتە ناو ڕســـتەوە، ڕۆڵی وشەیەکی سەربەخۆ دەگێڕێ و نابێ بلکێندرێ بە وشەی پێش یا پاش خۆیەوە.

ژن و پیاو
حیزب و لایەنەکان
کۆمەڵگا و حکوومەت
حەز و خولیا

لەو وشـــە لێکدراوانەی کە لە لێکدرانی دوو وشـــە بە (و) دروست بوون دەبێ بە یەک دانە (و) بنووسرێ نەک دوو دانە:

گفتوگۆ
هاتوچۆ
توندوتیژی
کەشوهەوا
کشتوکاڵ
هەڵسوکەوت

### کێشەی (ی) ی خستنەسەر و ئاوەڵناو
هەموومان دەزانین بۆ لکاندنی ناو بە ئاوەڵناو یان موزاف بە موزاف ئیلەیهەوە، کەڵک لە نیشانەی (ی) وەردەگیررێت و (ی) دەلکێت بە ناوەکەوە.

پێشمەرگە + ی + ئازا = پێشمەرگەی ئازا
کتێب + ی + بەسوود = کتێبی بەسوود
خولیا + ی + ڕزگاری = خولیای ڕزگاری
خەڵک + ی + کوردستان = خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەگەر ناوێک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی)ی بچێتە سەر.

دیاری + ی + کوردستان = دیاریی کوردستان
یەکێتی + ی + نیشتمانی + ی + کوردستان = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەگەر وشەکە بە دوو (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی) وەربگرێت و بە سێ (ی) بنووسرێ.

ئاوارەیی + ی + کورد = ئاوارەییی کورد
شارەزایی + ی + کاربەدەستان = شارەزاییی کاربەدەستان
قەیرانی + ژینگەیی + ی + کوردستان = قەیرانی ژینگەییی کوردستان

## (ی)ی جێناوی سێههم کهسی تاک

پیتی (ی) جێناوی سێههم کهسی تاکه. وهک ئهو سێ حاڵهتهی له سهرهوه بۆ (ی)ی خستنهسهر باســـمان کرد، ئهگهر له شـــوێنێک پێویست به (ی)ی جێناوی ســـێههم کهسی تاک بێ دهبێ بنووسرێ. زۆربهی نووسهران بۆ حاڵهتی یهکهمدا که حاڵهتی سادهیه دهینووسن بهڵام له حاڵهتی دووههم و سێههمدا نایننووسن بهڵام نووسینی پێویسته.

١.

پرسیاری کرد

وتاری نووسی

کتێبی خوێندهوه

٢ و ٣.

کورد ئازادیی دهوێ

شهریف چالاکیی ژینگهییی دهکرد

(له یهکهمیاندا «ی» بۆ خستنهسهره و له دووههمدا جێناوه)

خۆپێشاندانی نارهزاییی بهڕێوه برد

(له یهکهمیاندا «ی» بۆ خستنهسهره و له دووههمدا جێناوه)

نهتهوهی کورد سهربهخۆییی دهوێ

(له یهکهمیاندا «ی» بۆ خستنهسهره و له دووههمدا جێناوه)

جێناوی لکاوی (ی) بۆ سێههم کهسی تاک و (یان) بۆ سێههم کهسی کۆ، کاتێک لهگهڵ «کاری تێپهڕ / فعل متعدی» دا بێن دهبێ وهک خۆیان بنووسرێن.

نموونهی گهردانکردن

گرتم، گرتت، گرتی / گرتمان، گرتتان، گرتیان

ئهگـــهر قهدی کردارهکه خۆی به پیتی ...ـــــی کۆتاییی هاتبێـــت، کاتێک که جێناوی لکاویان دهخرێته سهر نابێت ...ـــی بقرتێنرێت:

نووسین: نووســـی:

نووسیم ، نووسیت، نووسیی (نووسی ههڵهیه لهبهر ئهوهی قهدی کاری کردووهته نووس)

نووســـیمان، نووسیتان، نووسییان (نووسیان ههڵهیه لهبهر ئهوهی قهدی کاری کردووهته نووس)

پرســـــیـــــن:

پرســـی + م = پرســـیـــم

پرســـی + ت = پرســـیـــت

پرســـی + ی = پرســـیـــی

دهبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئهو پرسیی. (نهک ئهو پرسی).

پرسی + مان = پرسیمان

پرسی + تان = پرسیتان

پرسی + یان = پرسییان

دهبێت بنووسرێن: ئێمه پرسیمان، ئێوه پرسیتان، ئهوان پرسییان (نهک ئهوان پرسیان)

نموونهی تر:

کاری تێپهڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووســـین)، که له ســـێیهم کهســـی تاکدا دهبنه (ئهو

دزیـــی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

## جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەرین، پژمین) ئـــەو کاتە لە دۆخی ڕابردوودا کەڵک لـــەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی / یت، ... ـــ / ...ین، ...ن، ...ن) وەردەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ...ـــیـــ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...ـــیـــ لەبیر بکرێت و پێویستە بنووسرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـــ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـــ ی = فڕیی = تۆ فڕیـــیـــت، فڕیـــ ـ = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی / فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروەها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرســـیـــان (نەک پرسیان)
گۆڕییان (نەک گۆڕیان)
دزییان (نەک دزیان)

## کێشەی (ە) وەک فرمانی پەیوەندی و (ی)ی یاریدەدەر

بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا ١٢ کارکردنی هەیە کە نووسەران زۆربەی کات بە شێوەی ئاسایی و بێ هەڵە بەکاریان دینن بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا کە لێرە ئاماژەیان پێ دەکەین تووشی هەڵە دەبن.

یەکێک لە کارکردەکانی (ە) لە کوردیدا بۆ کاری دانە پاڵە یا کاری نەتاوە

کچەکە جوانە
گوارەکەی زێڕە
کتێب بەسوودە.
کوردستان خۆشە.

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەو شارەزایە.
کارێکی بەجێیە.
برینم کارییە.
کراسەکەی کرێشەیە.

یەکێکی دیکە لە کارکردەکانی (ە) ئەوەیە کە دەبێتە بەشێک لە هاوەڵناوی نیشانە.

ئەم گۆڤارە
ئەم کتێبە
ئەم حیزبە
ئەم کوردستانە

لەم حاڵەتەشـــدا وەک حاڵەتی پێشـــوو ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەم کۆبوونەوەیە

(زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە» نانووسن کە هەڵەیە)

ئەم چیایە

ئەم ڕادیۆیە

ئەم ئەم ئاسانکارییە

ئەم جێیە

ئەم پێکهاتەیە

هێندێک جار ئەو دوو (ە)یە کە لە دوو حاڵەتی پێشوودا باسمان کرد بە دوای یەکدا دێن. لەم

هیوام بەم گۆڤارەیە

هیوام بەم کۆبوونەوەیەیە (وەک حاڵەتی پێشوو زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە»ی دووهەم نانووسن کە هەڵەیە)

چاوم لەم حیزبەیە

چاوم لەو چیایەیە

کورد نشتەجێی ئەم کوردستانەیە

کورد نشتەجێی ئەم جێیەیە

بە قازانجی ئەم پێکهاتەیەیە

## کێشەی (بە، بێ)

(بە) بەمانای دارا و خاوەن و (بێ) بە مانای بێبەری بوون، هەم لە ئاستی وشەی سەربەخۆدا لە ڕستەدا دەور بگێڕن و هەم لە ئاستی وشەسازیدا کارا بن.

هـــەر کاتێـــک (بە) بەو مانایەی سـەرەوە ئاوەڵناوێکی تازە دروســـت بکات، بەســـەر ناوەکەوە دەنووسرێت: بەسوود، بەتام = بەچێژ، بەبڕوا = بڕوادار

هەر وەها ئەگەر بێ بە مانای (بەبێ) نەبێت و دەستەی ئاوەڵکار دروست نەکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت و ئاوەڵناوێکی تازە دروست دەکات.

ئەو هیچ کاتێک مرۆڤێکی بێهیوا نەبووە. بێهیوا = ئاوەڵناو

بەڵام

بەبێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت.

یان بێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت. بێ هیوا = دەستەی ئاوەڵکار

## کێشەی پێشبەندی لە

ئەگەرچی (لە) خۆی وەکوو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە بنەڕەتدا خۆی کار دەکاتە سەر وشەگەلی وەکوو (سەر، پشت، ژێر، ناو و ...) بەڵام ئێستا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیلە بە یەک وشە و بە پێشبەندی حەساب دەکرێن: لەسەر، لەپشت، لەدوا، لەناو، لەنێوان، لەتەنیشت،

لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم..

لەنێو ئەم دارستانەدا،

کێوێکی بەرز لەنێوان ئەم دوو شارەدایە.

لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.
تێبینی ۱: سەر ئەگەر بەمانای خودی سەر بێت، ئیتر بە جیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە سەری دا.
سەرتاپای لەشی تەڕ بووە. (سەرتاپا یەک وشەیە، بەواتای هەمووی جەستەی)
....، هەر لە سەر تا پاتەوە.
تێبینی۲: لە ئەم لا --- لەم لا
لە ئەو کا--- لەو لا

### کێشەی (دا)

(دا) لە کوردیدا بە سێ شێوە دەردەکەوێت.
(دا) وەکوو بەشێک لە دووانەی (لە...دا) و (بە...دا) و (دە...دا) کە هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
لە کوردستاندا، بەو ڕێگایەدا هاتم.
(دا) وەکوو پێشگری دروستکەری کاری دارێژراو: بە حوکمی پێشگر بوون و سەربەخۆ نەبوونی، لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەنووسرێت کە دەچێتە سەری:
دانیشتن
داگرتن
چۆکی دادا.
تێبینی: ئەو حوکمە بۆ دوولاگرەکانی تری وەکوو (لە...وە) و (لە...ڕا) و... دروستە.
(دا) وەکوو کاری سەربەخۆ کە هەمیشە بەجیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە پەنجەرەکە دا.
خەنجەرێکی لەسەر دڵی دا.

### کێشەی (ڕا)

ڕا دۆخێکی سادەتری لە دا هەیە. ڕا وەکوو بەشێک لە دوولاگری (لە...ڕا) و (بە...ڕا) هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
ڕا دەوری پێشگر دەبینێت و کاری دارێژراو دروست دەکات: ڕاهاتن، ڕاخستن
بە شتێک ڕاهاتن بە واتای فێر بوون و خوو پێوە گرتنە.
لەم موبایلە نوێیەت ڕازیت؟ ـ بەڵێ، پێی ڕاهاتووم.
تا ئێستە بۆ سندووس چوویت؟ ـ جارێک پێیڕا هاتووم.

### ئەم/ئەو

ئەم و ئەو چ وەکوو جێناوی ئاماژە و چ وەکوو ئاوەڵناوی ئاماژە، وشـــەی سەر بەخۆن و نابێت بە وشەی پاش خۆیانەوە بلکێنرێن.
بەڵام وشـــەگەلی وەکوو ئەمشـــەو، ئەمڕۆ، ئەمســـاڵ بوون بە وشـــەی ســـەربەخۆ و ئەو ڕێسایە نایانگرێتەوە.
ئەمشەو بێ شێو سەر دەنێیتەوە.
ئەم شەوە چەند تاریک و بێدەنگە.

تێبینی:

له ئەو --- لەو
له ئەم --- لەم
له ئەوێ --- لەوێ
له ئەمێ --- لەمێ
له ئێره --- لێره

## کاری پێشبەندی

پێ/ لێ/ تێ، جۆرێکی تر له دەربڕینی دۆخی به/ له/ ده ـ ن و بەشێوەی ئاسایی دەبێت سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

پشتم پێ بەست
کتێبم پێ دا
گوشاری دوژمن چۆکمان پێ دانادا
دەستم لێ هەڵگرت
تێی هەڵده
دەستی پێ بکه

هەندێک کار به پێشبەندەکانیانەوە مانای تازه دروست دەکەن بۆیه دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن.

پێگەیشتن
تێگەیشتن
پێکەنین

## ئیدیۆم

دەبێت مانای ئیدیۆمیی چەند وشه لەگەڵ کاری لێکدراو جیا بکەینەوە. ئیدیۆمێک که له چەند وشه پێکهاتووه، به پیچەوانەی کاری لێکدراو وشەکانی به جیا دەنووسرێن.

دەست لێ هەڵگرتن
= وازهێنان
دەست لێ بەردان
= واز لێ هێنان
ئاسنی سارد کوتان
= کاری بێهووده کردن
چاو لێ داخستن
= گرنگی پێ نەدان

## ڕێنماییی نووسین
## مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

۱ تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.
۲ لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشـــدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرســـی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.
۳ گۆڤاری تیشـــک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:
- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ۸۰۰ تا ۱۵۰۰ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ۱۵۰۰ تا ۲۵۰۰ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەســـەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شـــی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ۲۵۰۰ تا ۴۰۰۰ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێران:** لەم بەشـــەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەســـەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.
۴ ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.
۵ دەســـتەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵســـەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.
۶ پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ۵۰ تا ۷۰ وشە ئامادە بکرێ.

## شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشـــک کەڵک لە سیستەمی ســـەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووســـەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویســـتیان بە ئاماژە بە ســـەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووســـەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات بێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

### ۱. کتێب

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێرانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ۲۰۱۴)، ۳۲۰.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانید، ۱۳۸۳) ۵-۶.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

### ۲. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, "Nationalism and the Question of Origins," in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

### ۳. گۆڤار و ژورناڵ

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ۴۸ (۲۰۱۸): ۱۳-۱۷.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, "Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East," The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

تەوەری ژمارەی داهاتوو:

## ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی ئێرانی فرەنەتەوە

9789198641714

٥٨

لە بلاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پێوەندیکردن:
https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk
https://govartishk.com/podcast/